**هەرێمی کوردستانی عێراق**
ئەنجوومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

## ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ١٧

**١٩٩٨ ـ بەرگی حەڤدەیەم**

---

چاپی یەکەم ١٩٩٨

له بڵاوکراوەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

ناوی کتێب: ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
پرۆتۆکۆلەکان ـ ١٩٩٨/ بەرگی حەڤدەیەم

چاپی یەکەم: ١٩٩٨

تیراژ: ١٠٠٠

ژمارەی سپاردنی بە کتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان: ٢٠٧

# پێڕست:


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەسپێک دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٣/٩ ——— ل٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١) دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٣/١٦ ——— ل١٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢) چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٣/١٨ ——— ل٦٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣) دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٣/٣٠ ——— ل٩٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٣/٣١ ——— ل١٢٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥) شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٤/٤ ——— ل١٦٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦) یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٤/٥ ——— ل١٩٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٧) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٤/١٤ ——— ل٢٠٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٨) چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٤/١٥ ——— ل٢٧٩


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٩) یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٤/١٩ ——— ل٢٩٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٠) دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٤/٢٠ ——— ل٣٤٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١١) یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٤/٢٦ ——— ل٤١٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٢) دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٤/٢٧ ——— ل٤٩١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٣) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٤/٢٨ ——— ل٥٤٩



# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی دەسپێک

## دووشەممە ڕێکەوتی ۹/۳/۱۹۹۸

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەسپێک

## دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٣/٩

*کاتژمێر (١١) ی سەرلەبەیانی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٣/٩ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا، دانیشتنی (دەسپێک)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (١٩٩٨)ی خۆی بەست.*

*سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.*

***بەرنامەی کار:***

*١. وتاری بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە بۆنەی کردنەوەی خولی یەکەمی ساڵی ١٩٩٨ی دەست بەکاربوونی ئەنجوومەنەوە.*

*٢. وتاری بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بە بۆنەی کردنەوەی خولی یەکەمی ساڵی ١٩٩٨ی دەست بەکاربوونی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق.*

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

بەناوی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانەوە، بە خێرهاتنێکی گەرمی جەنابی سەرۆک بارزانی و گشت میوانە بەڕێزەکانمان دەکەین، سوپاستان دەکەین بۆ ئەو ئەزیەتە کە تەشریفتان هێناوە بۆ بەشداری کردنمان لە کردنەوەی خولی یەکەمی ساڵی ١٩٩٨ی پەرلەمانی کوردستان.

**بەڕێزان..**

بە دەست پێکردنەوەی ئەم خولە، پەرلەمانی کوردستان و ئەزموونەکەمان پێ دەنێتە ساڵی حەوتەمییەوە، لەماوەی ئەم شەش ساڵە بۆ یەکەم جارە لە مێژووی نوێی گەلەکەمان، کورد دامەزرێنەرو خاوەن دەزگایەکی یاسادانان و هەڵبژێردراوی دوور لە سەپاندنی دەسەڵاتێکی داپڵۆسێنەر بێ و، کورد خۆی، خۆی بەڕێوەبەرێت.

هەڵبژاردنی ١٩٩٢/٥/١٩ و لەدایک بوونی پەرلەمانی کوردستان و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ریفراندۆمێکی نەتەوایەتی بوو، خەڵکی کوردستانی عێراق تیایدا ئازادانە

هەڵوێستی خۆی سەبارەت بە چارەنووسی خۆی لەم قۆناغە دیاری کرد، کە بریتیە لە:
- جۆری سیستەمی سیاسی.
- دام و دەزگا یاساییەکانی.
- چۆنیەتی پەیوەندی نێوان هەرێم و دەسەڵاتی ناوەندی.

لەمیانی ئەم شەش ساڵە و، بۆ جاری یەکەم لەمێژووی کورد دا بنەمایەکی یاسایی خۆماڵی، وەکو سەرەتایەک و پێداویستیەکی حەیاتی بۆ ئەمرۆ و ئایندەی کوردستان دارێژرا، دیارە ئەمەش وەکو هەر سەرەتایەک بێ ئێش و ئازار لە دایک نەبووە، سەرەڕای ئەوەیش تاکو ئێستا لە رووی تەکاملی (دەستووریی) و (یاسایی)و (ئیداری) زۆری ماوە. و لەبەر ململانێ و بەربەرەکانێی ناڕەواو دوور لە گیانی هەست کردن بە گرنگی و هەڵکەوتی مێژوویی ئەم ئەزموونە، مەترسی لە دەست دانی لە ئارادایە ئەگەر درێژەش بکێشێت ئەوا نەک تەنها ئەم دەستکەوتە لەدەست دەدرێت، بەڵکو ناو و ناوبانگی کوردو کێشە رەواکەیشی لەکەدار دەبێت. ئەمەیش تەنها لە بەرژەوەندی دوژمنانی گەلی کوردستانە، ئەو دوژمنانەی کە هەمیشە نەخشەو پیلانی لە ناوبردنی ئەم ئەزموونەیان کردۆتە پیشەی خۆیان.

زۆریش رەوایە، پاش شەش ساڵ لە تەمەنی ئەم ئازادییە کە بۆمان هەڵکەوتووە لە خۆمان بپرسین، ئەگەر لە دەستمان دا چی چاوەڕوانمان دەکات؟!.

هەرچۆنێک بێت شێوازی ململانێ لەنێو خۆماندا لەسەر دەسەڵاتە. هەموو لایەک چی بە ڕاستی و چی بە رواڵەتیش بێت، لەسەر مانەوەی ئەم ئەزموونە و چەسپاندنی و گەشە پێدانی کۆکن. بۆیە بە ئەرکی مێژوویی و یاسایی خۆمانی دەزانین جارێکی تریش ئەوە دووپات بکەینەوە کە رێز گرتن لەم تاقیکردنەوەیەو دەزگاکانی و داکۆکی کردن لەسەر پاراستنی و مانەوەیان و هەوڵ دان بۆ پێشەوە چوونیان ئەرکێکی نیشتمانیی پیرۆزەو، نابێت بە هیچ شێوەیەک گومان بکەوێتە هەست و بۆچوونمان.

ئەمە خەونێکی دێرینی سەدەها ساڵەی خەڵکی کوردستانە، نابێت لە ژێر فشاری ئەم قەیرانە و کاریگەری دوژمنانی کورد بڕوامان لا کزبکات و لەبەر هەندێ تاکتیکی حزبایەتی تەسک خەتێکی بەسەردا بێنین و بیسڕینەوە.

جارێکی تریش روو لە جەنابی سەرۆک بارزانی ئەنێین کە هەرچۆن دەستپێشخەری دامەزراندنی ئەم ئەزموونەی کردووەو هەمیشە زامنی مانەوەی بووە، ئێستاش هەر هەمان هەست و پشتیوانی لێ چاوەڕوان دەکەین.

**بەڕێزان:**

پەرلەمانی کوردستان ناسنامەی شەرعییەتی ئەم ئەزموونەیەو بە پێچەوانەی هەموو ئەو کۆسپ و

تەگەرانەی کە خرانە ڕێگای **کەچی هێشتا بەگەرمی** لە سەر کاروباری یاسایی خۆی بەردەوامە، چاوەڕوان دەکرێت لەم خولەدا « خولی یەکەمی ساڵی ١٩٩٨ » چەند ئەرکێک ئەنجام بدات، لەوانە:

١ـ بە پێی یاساو ئەو کاتەی کە بۆمان دیاری کراوە، وەکو پەرلەمانی کوردستان ئەم خولە دوا خولی یاساییمانە. ئەگەر تاکو ١٩٩٨/٦/٤ هەڵبژاردنێکی تر نەکرێت کە ئەویش لە بارودۆخی ئەمڕۆدا لە سنووری مەحاڵ دایە، یا ئەگەر وەکو سێ جارەکەی پێشوویش تەمەنی درێژ نەکرێتەوە، ئەوا ماوەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان تەواو دەبێت، بۆیە یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکەی ئەم خولە بڕیار دانە لەسەر ئەم کێشەیە..

٢ـ ئاشتی داخوازییەکی جەماوەریی و پێداویستییەکی مرۆڤایەتی و شارستانییە، مانەوەو بۆ پێشەوە چوون و چەسپاندنی ئەزموونەکەمان بەندە بە چەسپاندنی ئاشتی و زاڵ بوونە بەسەر ناکۆکییەکانداو خۆ ئامادە کردنە بۆ هەڵبژاردنێکی گشتیی نوێ، بۆیە پەرلەمان هەرچۆن وەکو دەزگایەکی یاسادانان لە هەموو قۆناغەکانی ئەم قەیرانەدا ڕۆڵی بەرچاو و بەرجەستەی دیاری هەبووە، پێویستە لەم مەیدانەشدا ئەوەی لە تواناو دەسەڵاتیدا هەیە بۆ بەردەوام بوونی پرۆسەی ئاشتی و چەسپاندنی بە شێوەیەکی عادیلانە درێغی نەکات.

بەم بۆنەیەوە بەپێویستی ئەزانین ئاماژە بە دەستپێشخەریەکانی جەنابی سەرۆک بارزانی بکەین، کە لە سەرەتای ئەم قۆناغە لەم هۆڵە پیرۆزەدا بۆ یەکەم جار لە ١٩٩٧/٦/٤بە بۆنەی ساڵرۆژی دامەزراندنی پەرلەمان ڕایگەیاند، دوای ئەوەیش لە ١٩٩٧/٦/٤و ١٦/ئاب/١٩٩٧و ٣١/ئاب/١٩٩٧و ١١/ئەیلوول/١٩٩٧ دووپاتی کردەوە، هەروەها وەڵامی جەنابی لە سەر نامەکەی جەنابی مام جەلال لە ١٩٩٧/١٢/٣١، دواتریش پرۆسەی ئاشتی جەنابی لە ١٩٩٨/١/١٤ و داواکردن لە سەرکردایەتیی پارتی و ینک بۆ دانیشتن و پێکهێنانی لیژنەی هەماهەنگی باڵاو داواکردن لە ڕێزدار «عەزیز محەمەد» بۆ سەرپەرشتی کردنی پرۆسەی ئاشتی.

لێرەدا جارێکی تریش بەناوی پەرلەمانی کوردستانەوە سوپاسی هەڵوێست و خەم خۆری جەنابی سەرۆک بارزانی دەکەین و، داخوازیمان لە بەڕێزان سەرۆک بارزانی و مام جەلال و هەردوو سەرکردایەتیی پارتی و یەکێتی ئەوەیە هەردوو لا هەنگاوی عەمەلی و تۆکمە بنێن بۆ چەسپاندنی ڕێبازی ئاشتی و ئاشتبوونەوەی گشتی، و ئومێدو هیوای گەلەکەمان بە ئاشتی بە هێزتر بکەن و، تین و گوڕێکی لەبار بدەنە پرۆسەکە کە هەموو خەڵکی بە شەرەفی کوردستان و دۆستانی گەلەکەشمان پشتیوانی لێدەکەن.

٣ـ لە خولی ڕابردوودا باسی یاساو بڕیارەکانی پەرلەمان کرا، ئەوانەی کە تاکو ئێستا هەندێکیان

جێبەجێ نەکراون و، لە ڕێگای لیژنە پەیوەندارەکانەوە گەڵاڵە کران و، لیژنەیەکی هاوبەشیش تایبەت بۆ بیرو بۆچوونەکانی یەکخست، و بەسەر لیژنەکاندا بڵاوکرایەوەو ناوەڕۆکەکەیشی ناردرا بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، بە ئومێدی ئەوەی بە پێی پسپۆڕێتی، وەزارەتەکانی لێ ئاگادار بکرێنەوەو لەم خولەیشدا پێکەوە باسی لێ بکەین و بڕیاری گونجاو و پێویستیان لەسەر بدەین.

٤- یاسای پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان و یاسای ژمارە «١» بە تایبەتی بە پێی ئەزموونی ئەم شەش ساڵە لە تەمەنی ژیانی پەرلەمانی خۆماندا، پێویستی بە هەندێ هەموارکردن و بە هێزکردنی هەندێ مادەو بڕگە هەیە. پێویستە لەم خولەدا ئەم کێشەیەش باس بکرێت و بڕیاری پێویستی لەسەر بدرێت. بۆ ئەم مەبەستەش پڕۆژەیەک لەلایەن پسپۆڕانی پەرلەمانەوە بۆ پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ئامادەکراوە، ئەمە وێڕای پڕۆژەکانی تر کە ئێستا لە بەر دەستی لیژنەکاندان و ئامادە کراون بۆ دەربڕینی ڕاو بڕیاردان لەسەریان.

٥- پیادە کردن و دووپات کردنەوەی گیانی هەماهەنگی و هاوکاری لە نێوان پەرلەمان و حکومەتی هەرێمدا، هەمیشە ڕووی شارستانیمان و ڕاستگۆیمان بۆ بنەماکانی دیموکراسیەت دەردەخات و خەڵکی کوردستان و دۆستانی کورد بە بایەخەوە تەماشاو چاوەڕوانی دەکەن.

بەش بە حاڵی خۆمان لە پەرلەمان بە پراکتیک لە هەموو بوارە جوداکاندا ئەم ڕاستییەمان سەلماندووە، بەڵگەو دیکۆمینتەکانی پەرلەمان کە تاکو ئێستا لە دوو توێی «٢» بەرگ لە یاساو بڕیارەکان و «١٥»بەرگ لە پڕۆتۆکۆڵەکانی گەواهی ئەو ڕاستییەمان بۆ ئەدەن و خۆیان باسی خۆیان دەکەن. ئێمە دڵنیاین لەوەی کە هەر هەست و بۆچوون و کارێک کە ببێتە مایەی بێ بایەخ کردن و لاواز کردنی ڕۆڵی ئەم دوو دەزگایە، زیانێکی گەورەمان پێ دەگەیەنێ، ئەگەر خوانەخواستە ڕێز لە پرنسیپەکان و پڕۆگرام و بۆچوونی خۆمان نەگرین و بەرگری لێ نەکەین وەک دەستکەوتێکی مێژوویی کە بە بەرخودان و فیداکاری و ئازاری ملیۆنەها خەڵکی کوردستان و خوێنی هەزارەها شەهیدمان، لە دایک بووەو ماوەتەوە، ڕەوا نییە کە داوا لە خەڵکی تر بکەین غەممان بخوات ومافمان مسۆگەر بکرێت. بۆیە ئەو جۆرە هەست و کارو بۆچوونە نادروستانە تەنها دژ بە بەرژەوەندی میللەتەکەمان و کێشە ڕەواکەی تەواو دەبێت.

بۆ مێژوو، ئەوە «٧» ساڵە، ئەم ئەزموونە بەردەوامە. هەرچەندە حەوت ساڵیش بۆ کورد وەکو مێژوو کەمە. بەڵام بۆ بارودۆخی ئەمڕۆمان هەلێکی زێڕین و زۆرە، ئەمە وێڕای کەم و کووڕی و گرانی ئەم قەیرانەش کە هێشتا زۆر ماوە کە جێی ئومێدن:

- هێشتا کێشەی کوردو ئەزموونەکەی ڕووبەرێکی باشی هەرێمایەتی نێودەوڵەتی بە خۆیەوە گرتووە، ئاسمانی کوردستان هێشتا پارێزراوە.

- هێشتا وڵاتانی هاوپەیمان لە هەوڵ و کۆششیان بێ ئومێد نەبوونەو، دەستیان لە هاوکاریمان هەڵنەگرتووە بۆ دەرچوون لەم قەیرانە.
- هێشتا دەیان ڕێکخراوی مرۆڤایەتی لە هاوکاری و کۆمەک بە خەڵکی کوردستان و لە پێناوی ئاوەدان کردنەوەو چاک کردنەوەی باری ژیانمان بەردەوامن.
- هێشتا پەیوەندی دام و دەزگا نێودەوڵەتیەکان لەگەڵ ئەم ئەزموونە لە چەند ئاستێکی جۆراوجۆردا بەردەوامە.
- بڕیاری ٩٨٦ کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ دام و دەزگاکانی ئێمەدا مامەڵە دەکەن، دەستکەوتێکی گەورەیە.
- هێشتا هەوڵی ئاشتی لەنێو گشت باڵەکانی بزاڤی ڕزگاری خوازی کورد دا کەم یان زۆر بایەخی تایبەتی هەیە.

ئەمانەو گەلێک خاڵی تر کە دیاردەی نوێی ئەم سەردەمەی گەلی کوردن و هەڵێکی زێڕینەو پێویستە لەسەر هەموو لایەکمان بە ڕاستی بیپارێزین.

بۆیە بەناوی پەرلەمانی کوردستانەوە سوپاس و پێزانینی خۆمان پێشکەش بە هەموو ئەوانە دەکەین کە بەردەوام و بە بەپەرۆشەوە پشتگیری لە کێشەی ڕەوای میللەتەکەمان دەکەن و هەمیشە هەوڵی هاریکاری و پاراستن و ئاشتیمان لەگەڵدا ئەدەن.

سڵاو لە گیانی پاکی «**بارزانیی نەمر**»و کاکە ئیدریسی هەمیشە زیندوو و سەرجەم شەهیدانی کوردو کوردستان.

جارێکی تریش سوپاستان دەکەین ، خوای گەورە هاوکارو پشتیوانی هەموو لایەکمان بێت.سوپاستان دەکەین.

ئێستاش داوا لە جەنابی سەرۆک بارزانی دەکەین بەم بۆنەیەوە وتەیەکمان پێشکەش بکات. با تەشریف بێنێتە سەرەوە.

**بەڕێز سەرۆک مسعود بارزانی:**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**خوشک و برایانی بەڕێز:**

خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە لەگەڵتان کۆدەبمەوە بە بۆنەی کردنەوەی خولی یەکەمی ساڵی ١٩٩٨، لەم شوێنە پیرۆزەدا. هەروەها زۆر خۆش حاڵم بەو هەموو پێشکەوتنانەی کە بە دەستمان هێناون لە ماوەی ساڵی ڕابردوو، چ لە ڕووی چاککردنی ژیانی خەڵکەکە، چ لە ڕووی دابین کردنی هێمنی وئاسایش لە وڵاتەکەماندا. کە ئەمەش ئەنجامی ئەو هاوکارییەیە کە لە نێوان حزبە هاوپەیمانەکان وپەرلەمان وکابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە هەیە و، هەروەها پشتیوانی گەلی

کوردستانە لە دەزگا شەرعییەکان، بێگومان چەند باسی گرنگی پەرلەمان بکەین هەر کەمە، چونکە مەڵبەندی شەرعییەت ئەمڕۆ لە کوردستان، بمانەوێ و، نەمانەوێ ئەم پەرلەمانەیە، خەڵکی تر رازی بن، یان رازی نەبن ئەم پەرلەمانە مەڵبەندی شەرعییەتە لە کوردستان، ئومێدەوارم کە رۆژ بە رۆژ هاوکاری وهەماهەنگی لە نێوان پەرلەمان وحکومەتی هەرێمی کوردستان و حزبەکان زیاتر بێت، چونکە تەنها هیوا و ئاواتی میللەتی کورد ئەمەیە، ئەوەی کە ئەمڕۆ بەدەست هاتووە. لەبەر ئەوە پاراستنی ئەم هیوایە و، پاراستنی ئەم دەسکەوتە بەوە دەبێت کە هاوکاریەکی تەواو لە نێوان هەموو دەزگاکاندا هەبێت. من پێموایە کە پێویستە حزبەهاوپەیمانەکان لە دەزگاکانی حکومەت دا زیاتر بەشداری بکەن و بەرپرسیێتی خۆیان زیاتر هەڵگرن، چونکە بمانەوێت و، نەمانەوێت چارەنووسی هەموومان یەکە. ئێمە سوپاسی هەموو ئەوحزبانە دەکەین کە پشتیوانییان لە پەرلەمان وحکومەتی هەرێم کردووە و، بێگومان ئەو ئازادییە و فرە حزبییەی کە لە کوردستاندا هەیە، ئەگەر کەموکووریشی هەبێت، بەڵام زۆر وڵاتانی تر حەسادەتی پێ دەبەن، حزب وسیاسییەکانی زۆر وڵاتانی تر و لە زۆر شوێنی تر حەسادەت بەو ئازادی وفرە حزبییە دەبەن کە لە کوردستاندا هەیە. ئێمە دەبێت ئەوە پێشخەین، بێگومان ئەمڕۆ بابەتی هەرە گرنگ لە کوردستاندا کە جێگای بایەخدانی هەموو خەڵکی کوردستانە، بابەتی ئاشتییە. من نامەوێت بگەڕێمەوە بۆ ئەو هەموو قوناخانەی کە پرۆسەی ئاشتی پێیدا تێپەڕیوە، بەڵام باسی قۆناخی دوایی ئاشتی دەکەم، ئومێدەوار بووم کە پار ساڵ چەندین جار بانگەوازمان ئاراستەی یەکێتی نیشتمانی کرد کە وەڵامێکی ئیجابیمان بدەنەوە، بەڵام بەداخەوە وەڵامەکەیان ئیجابی نەبوو، بەڵکو هەڵگیرسانەوەی جەولەی چوارەمی شەڕ بوو، دوای ئەوەی کە شەڕەکە تەواو بوو، برای بەڕێزمان کاک (عەزیز مەحمەد) جارێکی تر بەو کارە هەڵسا، کە لە ١٦ی ئابی ساڵی رابردوو داوامان لێ کردبوو و، نامەیەکی بەڕێز جەلال تالەبانی هێنا، ئێمەش لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی بە رێک وپێکی و بە تێروتەسەلی لێتوێژینەوەمان لەسەر کرد و، وەڵامێکی ئیجابیمان دایەوە و، پرۆسەیەکی ئاشتیشمان پێشکەش کرد. بە راستی ئێمە نامانەوێت نە زێدەڕەوی بەسەر کەسەوە بکەین و، نە گوێش لە زێدەڕەوی خەڵکی تر بگرین، وابزانم میللەتی کوردیش توانای گوێگرتنی نەماوە لە قسەی زۆر و قسەی بێ سوود، ئەمڕۆ رۆژی کردەوەیە، ئاشتی نە بە ئارەزوو دەبێت و، نە بە ئومێد دەبێت، ئاشتی دەبێت ئیشی بۆ بکرێت، دەبێت ئاشتییەکیش بێت کە بمێنێت، ئێمە نامانەوێت ئاشتییەک لە سەر پەڕە راگەیەنین و، دوای ٢٤ کاتژمێر شەڕێکی تر هەڵبگیرسێنینەوە، ئێمە دەمانەوێت ئاشتییەک بێت کە میللەتی کورد پێی خۆش بێت و، لە بەرژەوەندیی میللەتی کورددا بێت، نەک ئاشتییەک چۆن پارتی، یان یەکێتی، یان هەر حزبێکی تر بییەوێت وابێت، ئەو پرۆسەیەی کە ئێمە پێشکەشمان کرد، پێمانوایە کە زۆر (عەمەلییە)، ئەو پرۆسەیە دەکرێ ببێت بە

بنەمایەکی ڕێکوپێک بۆ ئەوەی ئاشتییەکی بەردەوام لە کوردستان بەرقەرار بێت. ئێمە داوای ئەوە ناکەین کە پارتی حزبی دەسەڵاتدار بێت لەکوردستاندا و، ڕێگاش نادەین بە کە... ی تر خۆ بسەپێنێت وببێت بە حزبی دەسەڵاتدار، میللەت بڕیاری ئەوە دەدات، ئایا تاکە حزب حوکمی وڵاتەکە بکات؟، یا چەندین حزب حوکمی وڵاتەکە بکەن؟، ئەمەش لە سەندووقی دەنگدان دەردەکەوێت. لەبەر ئەوە چارەنووسی دوایی لە هەڵبژاردندا دێتەدی و، تەنها هەڵبژاردنێکی تر ئەو کێشەیەمان بۆ چارەسەر دەکات، ئێمە لە پرۆسەکەی خۆماندا بۆ ئاشتی ڕەچاوی هەموو لایەکەمان کردووە، کە تا هەڵبژاردنیش چۆن ئێمەووڵاتەکەمان بەڕێوەبەرین، پێموایە ئەگەر هەموو لایەک بە ڕاستی مەبەستیان ئاشتی بێت، ئەکرێت لەسەر ئەو پرۆسەیە کار بکرێت و، ئاشتییەکی ڕێکوپێک بەرقەرار بێت و، میللەتی کوردیش ئاسوودە بێت و لەو تەنگوچەڵەمەیە ڕزگاری بێت.

**بەڕێزان:**

من دڵنیاتان دەکەم، ئێمە بە قەناعەتەوە پرۆسەی ئاشتیمان پێشکەش کردووە، پێشمان خۆشە کە جێبەجێ ببێت و، هەموو هەوڵێکیش ئەدەین کە ئاشتی بەرقەرار ببێت لە کوردستاندا، چونکە ئێمە دەزانین گرنگی ئاشتی چەندە و، تا ئاشتی بەرقەرار نەبێت لەکوردستاندا، پیلان وپیلانگێڕان بەردەوام دەبێت لەسەر میللەتەکەمان و، ئەزموونەکەمان هەمیشە لە مەترسییەکی گەورەدا دەبێت، لەبەر ئەوە من لێرە ولەم شوێنە پیرۆزەدا کە پێموایە لە هەموو شوێنێکی تر گونجاو ترە، لە ناوەوە ولە دەرەوەی وەڵاتەکەمان، من بانگێشتی بەڕێز جەلال تاڵەبانی دەکەم با بفەرموێت بێت لێرە دانیشێت، بە ئامادە بوونی هەموو حزب وکەسایەتییە نیشتمان پەروەرەکانی میللەتەکەمان. با دانیشین باسی هەموو گیروگرفتەکانی خۆمان بکەین و، باسی هەموو ئەو دەردانەی کە تووشی بووین بکەین و، چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە، با میللەتی کورد شاهێد بێت، میللەتی کورد ئاگای لە هەموو شتێک بێت، من پێم وایە ئەمە باشترین چارەسەرییە، ئەگەر پێشیان خۆشەشاندەکان بێن و بچن تا ئەو ڕادەی کە پێویست بێت شاندی مەکتەبی سیاسی ئێمەو ئەوان یەکتر ببینن لە(کۆیە) بێت لە (شەقڵاوە) بێت هەتا کاتێ کە کاک عەزیز محەمەد نامەکەی برد گوتی: بۆ جێگا؟، گوتم: بۆ جێگا تۆ سەرپشکی، هیچ مەیکەن بە گرفت حەزدەکەن دەجار شاندی ئێمە بچێت. من لەگەڵ ئەوەدا نیم جارێک لە (شەقڵاوە) بێت و، جارێک لە (کۆیە) بێت، با هەموو جارێ لە (کۆیە) بێت هیچ گرفت نییە، ئەوان هەتاوەکو ئەم ساتەش هەتا لە دانیشتنیش ئەو (فیفتی فیفتییە) وا لە مێشکیان چەسپیوە کە تائەمەش لە مێشکیاندا بێت من باوەڕ ناکەم کە ئاشتی بەرقەرار بێت. جا من جارێکی تر پێموایە باشترین چارەسەری ئەوەیە کە ئێمە لێرە کۆببینەوەو، ئەو جارەش دووبارە بانگێشتی بەڕێز جەلال تاڵەبانی دەکەم با بفەرمووێت بێت لێرە دانیشین و چارەسەری کێشەکانمان بکەین.

خالێکی تر ئەو قەیرانەی کە لە نێوان عێراق و نەتەوەیەکگرتووەکاندا روویدا، (الحمد لله) کە تا رادەیەک قەیرانەکە چارەسەر کرا، بەڵام دیسان ئەگەری زیندوو بوونەوەی ئەو قەیرانە هەر هەیە. لەکاتی دەستپێکردنی قەیرانەکە هەڵوێستی ئێمە روون و ئاشکرا بوو و، داوامان کرد کە ئەم کێشەیە بەشێوەیەکی ئاشتییانە چارەسەر بکرێت. چونکە بێگومان زۆرمان پێ ناخۆشە کە میللەتی عێراق تووشی ئێشوئازارێکی تر ببێت و، ئێمە نەمان شاردووەتەوە و، نایشی شارینەوە کە دژی هەموو کردوەوەیەکی دوژمنکارانەین دژ بە گەلی عێراق و، بە راشکاوی ئەرکی سەرەکی ئێمە ئەوەیە میللەتی کورد و، کوردستان بپارێزین لە کاتی روودانی قەیرانی وا، ئەمە ئەرکێکی پیرۆزە و، ئێمە بۆ ئەو ئەرکە هەوڵ دەدەین کە جێبەجێ ببی و، میللەتی کورد لەکاتی وا تووشی هیچ کارەساتێک نەبێت و، ئەگەر پێمان بکرێ نەهێڵین میللەتی عێراقیش تووشی هیچ کارەساتێک ببی.

بێگومان زۆر باسی یاسا کراوە، باسی ئازادی دەکرێ، باسی فرە حزبی دەکرێ، ئێمە چەند رێز لە یاسا بگرین مانای وایە رێز لە خۆمان و لە رابردووی خۆمان دەگرین و، ئایندەی خۆمان مسۆگەر دەکەین، چونکە بەراستی ژیان بێ یاسا بایەخی نییە، راستە سەبارەت بە ئێمە ئەزموونێکی تازەیە، بەڵام دیسان بەشی ئەوەندە، خەڵکی لێزان و شارەزامان هەیە کە فێرمان بکەن، میللەتەکەمان فێر بکەن کە یاسا یانی چی و، چۆن رێز لەیاسا بگیرێ. بیروباوەڕی سیاسی دەبێت ئازاد بێت، مەسەلەی فرە حزبایەتی بە قەناعەتەوە دەیڵێم دەبێ ئێمە بیسەلمێنین بۆ هەموو جیهان کە ئەوەی لە کوردستاندا هەیە سەبارەت بە وڵاتێکی جیهانی سێیەم لە زۆر وڵاتانی تر کە ساڵەهای ساڵە دەوڵەتی سەربەخۆنەو، قەوارەیان هەیە زۆر ئێمە لەوان لە پێشترین، بەڵام لە راستیدا نابێت کەس خۆی لە یاسا بە گەورەتر بزانێ. کە ئەڵێم ئازادی مانای ئەوە نییە کە هەر کەسێک بیەوێ ئیتر هیچ سنوورێک بۆ یاسا نەزانێ، یان هیچ چوارچێوەیەک بۆ خۆی دانەنێت، بێگومان ئازادی ئەوەندە ئازادییە کە تۆ ئازادی خەڵکی تر تێک نەدەی.

مەسەلەی فرە حزبی من پێمخۆشە بزانم ئەوەی کە ئێستا لە کوردستان بەتایبەتی لە هەولێردا هەیە، ئایا لە هیچ وڵاتێکی تر لە دەوروبەری ئێمەدا ئەو ئازادییە هەیە بۆ فرەحزبایەتی؟... من پێموایە نییە.

زۆر جار هەوڵی ئەوە دەدەرێ کە هەندێ شتی دەستکرد دروست بکرێت لە کوردستان، وەکو کێشە لە نێوان کوردو تورکمان، کوردو ئاشوری، ئێمە میللەتێکین لە کوردستان دەژین برای یەکین. ئێمە بڕوامان بەمافی براکانمان هەیە، چ تورکمان چ ئاشوری، ئێمە نە لە ژێر فشاری هیچ کەسێک دان بەو مافە دەنێین و، نەلە ژێر فشاری هیچ لایەنێکیش ئێمە ئەو مافە دەدەین و، نە منەتیشی تێدایە و، نە ئێمە دەیدەین و، مافی خۆیانەو، نەمنەتی کەسی تێدایەو، نەکەس دەتوانێ ئەو

مافەیان لێ زەفتکا، بەڵام ئێمە بە شتی دەستکردیش رازی نابین. دیسان من دەڵێم یاسایەک لە کوردستاندا هەیە ئێمە دەبێ هەموو ملکەچی ئەو یاسایە بین، نە کورد، نە تورکمان، نە ئاشوری، نە عەرەب، هەرچی لەم وڵاتە بژی لە خوارەوەی ئەم یاسایەیە، یاسا لەسەرەوەی ئێمە، کەسمان لەسەرەوەی ئەو یاسایە نین.

بێگومان ئەمساڵ یۆبیلی زێرینی جاڕدانی گەردوونی مافی مرۆڤە، بەداخەوە مافی مرۆڤ لە کوردستاندا پێشێل کراوە، کە تەنها دەرگا بوو بۆ ئێمە، لەو دەرگایەوە چووینە ناو نەتەوەکانی ترەوە، توانیمان دەنگی خۆمان بگەیەنینە جیهان کە ئێمە میللەتێکین مافمان پێشێل کراوە، بە ماوەیەکی کورت کە دەسەڵاتمان کەوتە دەست بەداخەوە ئەوەمان لەبیر چوو، ئێستاش من داوا لە حکومەتی هەرێم و، دەزگا حزبییەکان دەکەم کە دەبێ لەکوردستان رێز لە مافی مرۆڤ بگیرێ.

خەڵکێک ئەگەر یاسا رێگە نەدات بگیرێ نابێ بگیرێت، بێگومان خەڵک هەیە سەرپێچی دەکات، هەر کەسێک کە کارێک بکات و، یاسا بڕیار بدات کە بگیرێت، دەبێت بگیرێت، بەڵام نابێت مافی ئەو مرۆڤە پێشێل بکرێت نە لە زیندان و، نە لەدەرەوەی زیندان، زیندانەکان دەبێت بەپێی ئەو مەرجە نێودەوڵەتییە بێت کە بۆ هەر زیندانێک دانراوە،ئەوانەی کە زیندانین دەبێ لە بارودۆخێکی وەهادا بژین کە بزانن مرۆڤن و، مافیان پارێزراوە، بێگومان ئەوەی تاوانی کوشتن، یان دزی، یان خراپە بکات، دەبێ بگیرێت و سزا بدرێت، بەڵام ئەشکەنجەدانی خەڵک ئەمە درندایەتییە، نابێ ئەوەی کە ئێمە کاتی خۆی گلەییمان لەو دەوڵەتانە دەکرد کە ئێمەیان ئەشکەنجە داوە خەڵکی ئێمەیان ئەشکەنجە دەدا و شەهیدیان دەکرد، لە نێوان خۆمان ئێمە ئەو کارە بکەین ئەمە عەیبێکی گەورەیە، من داوا لە برایان دەکەم کە ئەمە کۆتایی پێ بێت، هەرچەندە رەنگە زۆر نەبوبێت، یەک حاڵەتیش بوبێت زۆرە، هەیە، من ناڵێم نییە، چونکە زانیاریم بۆ هاتووە، پرسیارم کردووە، هەرچەندە روو لە کەمیشە من ئەوەش دەزانم، بەڵام نابێ یەک دیاردەش ببینێت کە مافی مرۆڤ پێشێل بکرێت لە کوردستاندا و، ئومێدەوارم لەم رووەوە ئێمە بە سەربەرزی لێی دەرچین و، بتوانین رووبەرووی هەموو کەسێک ببینەوە کە بڵێ مافی مرۆڤ لە کوردستاندا پارێزراوە، بەراستی بەختەورەیش ئەو کاتەیە کە هەموو مرۆڤێک لە کوردستاندا هەست بکات بەختەوەرە ئەو کاتە دەبێت ئێمە هەست بکەین کە ئێمە بەختەوەرین، من لە کۆتاییدا جارێکی تریش داوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم و، ئومێدەوارم کە هەر بەرەو پێشەوە بچین و، هەر بەرەو سەرکەوتن بچین و، لە هەنگاوەکانی ئاییندەماندا سەرکەوتووتر بین، بەرەو ئاشتی و بەرەو چەسپاندنی یاساو هێمنی و ئاسایش بۆ وڵاتەکەمان و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێستاش داوا لەجەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین ئەگەر تەشریف بێنێ بەم بۆنەیەوە وتەیەکمان پێشکەش بکات، سوپاسی دەکەین.

**بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

سەرۆکی هێژا کاکە مەسعود بارزانی

میوانە بەڕێزەکان

بەڕێزان سەرۆک و ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان.

سەرەتا پیرۆزبایی گەرم لەهەموو لایەکمان ئەکەم، بەبۆنەی کردنەوەی خولی یەکەمی ساڵی ١٩٩٨ی پەرلەمانی کوردستان، کە پێی خستە حەوتەمین ساڵیەوە ئەمە، خۆی لەخۆیدا سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ گەلی کوردستان و ئەزموونەکەی.

**بەڕێزان:**

ئەم خولە نوێیەی پەرلەمانی کوردستان، کە کەوتۆتە نێو جەرگەی ڕووداوە مێژوویی و یادە مەزنەکانی گەلەکەمان ئومێدمان بەهێزە، کە بەهەمان حەماسەتی ئەو یادو بیرەوەریە مەزنانە هەنگاوی پتەو بهاوێین بۆ بەدیهێنانی دەسکەوتی زیاتر بۆ گەلەکەمان.

**بەڕێزان:**

جێی خۆیەتی لەم بۆنەیەدا کورتەیەک لەدەسکەوت وپرۆژەو کارو چالاکییەکانی کابینەی سێیەمی خزمەتگوزاری لە ماوەی ساڵێک و چەند مانگی تەمەنی دا بخەینە ڕوو. ئەو دەسکەوتانەی کە لەسەر ڕێنمایی وئامۆژگاری سەرۆکی خۆشەویست کاک مەسعود بارزانی وەدیهاتوون.

لەم ماوەیەدا کابینەی سێیەم توانی قۆناغێکی نوێ بێنێتە کایەوە، قۆناغی ئاوەدانکردنەوەو بوژاندنەوە و بەگوڕخستنی بازاڕ و چاککردنی گوزەرانی هاوولاتییان کە بەجۆرێک بووە جێگەی سەرسوڕمانی دۆستان و دوژمنانمان، کابینەی سێیەم لەم ماوەیەدا بەپێی پلان و پرۆگرامێکی تێروتەسەل هەڵقولاو لەبەرنامەی کاری حکومەت کە لەلایەن پەرلەمانەوە لەکۆتایی ساڵی ١٩٩٦دا پەسەند کرا، دەیان پرۆژەی خزمەتگوزاری وچالاکی لەشارو شارۆچکەکان و ئەو شوێنانەی کە دەستی ئاوەدانکردنەوەیان نەگەیشتبوێ، لەبوارەکانی بەرقەرار کردنی هێمنی و ئاسایشی هاوولاتییان و سەقامگیرکردنی یاساو چارەسەرکردنی گیروگرفتە ئابوورییەکان و بوارەکانی پەروەردەوخوێندنی باڵاو ڕۆشنبیریی وتەندروستی و ڕێگەوبان و شوێنەوارە ئاینییەکان و... هتد ئەنجام دا.

کابینەی سێیەم سەرەڕای گیروگرفت وپیلان نانەوە، لەلایەن دوژمنان و ناحەزانی گەلەکەمان بۆ ئەزموونەکەمان، بەردەوام بووە لەدانی مووچەی فەرمانبەران بەرێکوپێکی، هەروەها دانی مووچەی

کارمەندانی ئەنفالکراو وخانەنشین ومووچەی شەهیدانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان لەرێگەی دەزگای شەهید و دانەوەی پارەی هاوولاتییان لە بانقەکان، ئەمانەش هەر هەمووی بەئامانجی بەرز کردنەوەی ئاستی بژێوی هاوولاتییان وگەڕاندنەوەی متمانەی هاوولاتییان بە حکومەت.

هەروەها کابینەی سێیەم لەم ماوەیەدا هاتە سەر قۆناغی ژیاندنەوەو بوژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری، بەهاندانی کارگەو کۆمپانیا خۆماڵییەکان و دابین کردنی پێداویستیەکانیان وهاندانی بازرگانی وکڕینی گەنم وتووتن بۆ پاڵپشت کردنی جووتیاران، بەئامانجی کەم کردنەوەی بێ کاریی وزیادکردنی بواری کارو گوڕپێدان بە بازاڕ.

بۆیە راستە هەروەک نووسەرێکی رۆژنامەی (الحیاة) چاپی لەندەنی، کە ناوچەی ئێمەی بە(سویسرا) لە چاو ناوچەکانی دیکەی عێراق لەقەڵەم بدات.

حکومەتی کوردستان زۆر بە گەرمی و بایەخەوە گرنگی بە بڕیاری (٩٨٦)دا. لەم رووەوە هەموو هاوکاری وئاسانکارییەکی بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکە لەهەموو بوارە جیاجیاکاندا بۆ چاککردنی بژێوی هاوولاتییان و بوژاندنەوەی ئابووری کوردستان نواند، بۆ ئەم مەبەستە چەندین کۆبوونەوەی لەگەڵ بەرپرسانی (UN) ساز کردو پلان و پێشنیاری خۆی بۆ جێبەجێ کردنی عادیلانەی بڕیارەکە و کەم و کوورییەکانی بڕیارەکە لە کوردستان کە بە جۆرێک لە بەرژەوەندی هاوولاتییان دابێ، خستەڕوو. لیژنەی بالای بڕیاری (٩٨٦) لەسەر ئاستی ئەنجوومەنی وەزیران دامەزرا بۆ دانانی میکانیزمی کارو بەرنامەی گونجاو بۆ چۆنیەتی بەرێوەچوونی سەرجەم کەرتە پەیوەندیدارەکانی بڕیاری (٩٨٦) لە هەرێمی کوردستان. بەتایبەتی کە لە بەرنامەکانی ئایندەدا چاوەڕوانی زیاد کردنی بەشی کوردستان بەرادەی دووقات کە دەکاتە( ٥٢٠ ) ملیۆن دۆلار بۆ هەر شەش مانگ، هەروەها حکومەتی کوردستان بەپێی رێنمایی ودەستپێشخەرییەکانی سەرۆکی خۆشەویستمان، هەمیشە هەڵوێستی ئاشتیخوازانەی خۆی نیشانداوە، بۆ هەموو ئەو شەڕو پیلانانەی کە دژ بە حکومەت و شەرعییەت کراون پێشوازی لە هەر هەوڵێکی خێرخوازانە کردووە، کە کراوە و چەندین هەنگاوی عەمەلی و ئیجابی بۆ پرۆسەی ئاشتی نیشانداوە، رەزامەندنی پێکهێنانی لیژنەی فەرعی پرۆسەی ئاشتی سەبارەت بە بڕیاری(٩٨٦) لەنێوان کابینەی سێیەم ویەکێتی نیشتمانیی کردووە و، ئێستاش بەردەوامە لە پشتگیری کردنی هەر هەنگاوێکی ئاشتی و رێگە چارەی ئاشتییانە، کە ئومێدی میللەتەکەمانە، بۆیە لە هەموو ئەو پرۆژەو کارو چالاکی و هەنگاوانەماندا رووسوورین بەرانبەر جەماوەرە تێکۆشەرەکەی کوردستان کە هەرچیەکی لەتوانامان بێ دەیخەینە گەڕ بۆ خزمەتکردنی ئەوان وهێنانەدی ئامانجەکان، باوەڕمان بە جەماوەرو وزەو توانای خۆمان زیاتر بووە، کە توانیمان بە پشتگیریی سەرۆکی خۆشەویست کاک مەسعود بارزانی وبەهاوکاری هەموو دڵسۆزان و بەگیانێکی کوردانە لەگەڵ هەموو برا وەزیرەکان ئەرکی سەرشانمان راپەڕێنین و هەندێ لە ئێش و ئازارو گیروگرفتی گەلەکەمان کەم بکەینەوە.

چاکە لەگەرمەی بیرەوەریەکانی ئاداری مەزن فەرمووده وئامۆژگاریەکانی باوکی کورد بارزانیی

نەمرمان لە یادو بەرچاو بێ، بەری خەباتی پەنجا ساڵەی ئەو نەمرە بەرزە و بەرهەمی خوێنی هەزاران شەهیدی نەمری ئەم گەل ونیشتمانە بەدڵ وگیان وچاوان بپارێزین، لێرەدا بەچاکی دەزانم کە وتارە بەنرخەکەی سەرۆکی بەڕێز کاکە مسعود بارزانی بکرێت بەرێڕەوی هەموو دەستگاکانی حکومەتی هەرێم و بەتایبەتی لەرووی مافی مرۆڤ و سەقامگیریی یاسا، لەم دەقەیەوە هەموو دەزگاکانی حکومەتە کاری پێ بکەن.

لەکۆتایی دا جارێکی تر پیرۆزبایی خولی یەکەمی حەوتەمین ساڵ لە پەرلەمانی کوردستان دەکەم و بەهیوای هاوکاری زیاترو پتەوتری نێوان پەرلەمان وحکومەت بۆ پاراستنی ئەزموونە دیموکراتییەکەی کوردستان وهەر بژین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لێرەدا بەڕێزان، ڕێ ورەسمی کردنەوەی خولی یەکەمی ساڵی ١٩٩٨ی پەرلەمانی کوردستان کۆتایی پێ دێت. جارێکی تریش بەناوی گشت ئەندامانی پەرلەمانەوە سوپاسی بێ پایان بۆ سەرۆک بارزانی، بۆ سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان، جەنابی کاک سامی و کاک ئازاد بەرواری وگشت برادەرانی تر. جارێکی تر سوپاسی جەنابی سەرۆک بارزانی دەکەین بۆ ئەو وتە بەنرخەو ئەو ئامۆژگارییەی کە لێرەدا پێشکەشی بەڕێزانی کرد. سوپاسی جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران وگشت برا وەزیرەکان دەکەین کە بەشداریان کردین لەم بۆنەیەدا و هەروەها پشتگیریی پێشنیارەکەی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین، جارێکی تریش سوپاستان دەکەین.

**شێروان ناسح عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١)

## دووشەممە ڕێکەوتی ١٦/٣/١٩٩٨

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١)

## کۆبوونەوەی یەکەم/ دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٣/١٦

***کاتژمێری(١٠) ی سەرلەبەیانی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٣/١٦ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە (١)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (١٩٩٨)ی خۆی بەست.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١- گفتوگۆکردن لەسەر یادی کارەساتی هەڵەبجەی شەهید.***

***٢- گفتوگۆکردن لەبارەی گرتن و کوشتنی پەنابەرانی کورد لە ئێران بەتایبەتی شەهید کردنی هەڤاڵی تێکۆشەر تەحسین ئەرگوشی.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان. دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکەین. خاڵی یەکەمی بەرنامەی کار، بریتییە لە یادکردنەوەی ساڵڕۆژی هەڵەبجەی شەهید، ئێستاش دەقیقەیەک رادەوستین بۆ یادی شەهیدانی ئەو کارەساتە. (پاش وەستانی دەقیقەیەک) فەرموون. بەڕێزان هەموو ئاگادارن لەرۆژێکی ئاوهادا لەساڵی ١٩٨٨، شاری «هەڵەبجەی شەهید» کەوتە بەر هێرشێکی نارەواو دڕندانەو، بەچەکی کیمیاوی وبایۆلۆجی ئەم شارەیان وێران کرد. ئاکامی ئەم هێرشە دڕندانەیە بووە هۆی شەهید بوونی زیاتر لە(٥) هەزارکەس لە ژن و منداڵ و پیرەمێرد و برینداربوونی دەیان هەزارکەس کە برینی زۆربەی زۆریان برینێکی کاریگەر بوو. هەروەها بووە مایەی ئاوارەبوونی زیاتر لە (٦٠) هەزار کەس لە خەڵکی هەژارو ستەمدیدە بۆ ئێران.

هەروەکو بەڕێزتانیش ئاگادارن کارەساتی هەڵەبجەی شەهید هەر ئەوەندە نەبوو، بەڵکو ئاسەواری ئەو تاوانە ئێستاکەش بەردەوامە. بەپێی دوا زانیاری زانستی، چەند پسپۆڕێک لەسەر ئەم بابەتە کە چوونە هەڵەبجەی شەهیدیش، پاش لێکۆڵینەوەدا بۆیان دەرکەوت، کە ئاسەواری ئەو تاوانە زۆر کاریگەرە، ئەو شارەزایانە لەئەنجامی لێکۆڵینەوە دا گەیشتنە ئەو بڕوایەی، کە ژیان لەو شارەدا نەماوە، هەروەها نەخۆشییەکی زۆریش بڵاوبۆتەوەو، ئاو و دارو بەردو خەڵکی ئەو شارە دەردەدارن وەکو شارێکی دەرداوی (موبوء)ی لێهاتووە. بەداخەوە بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان

بەشێوەیەکە، کە تا ئێستاکە نەمانتوانیوە ئەو کارەساتە وەکو خۆی بخەینە بەرچاو، هەروەها نەمان توانیوە هەموو تواناو وزەیەکی حکومەتی کوردستان بخەینە گەڕ بۆ ئەوەی بتوانین کەمێک لە ئێش و ئازاری ئەو خەڵکە کەم بکەینەوە، یاخود چارەیەک بۆ بارودۆخیان بدۆزینەوە. ئومێدمان وایە ڕەوتی ئاشتی بەرەو پێشەوە بڕوات و حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەستی بگاتە ئەو ناوچەیەو بەگوێرەی توانا بتوانێ هاوکاری ئەو خەڵکە بکات. بەم بۆنەیەشەوە بەش بەحاڵی خۆمان لە دەستەی سەرۆکایەتی و بەناوی ئێوەشەوە سەری ڕێزو نەوازش بۆ گشت شەهیدانی هەڵەبجەو هەموو شەهیدانی کوردستان دائەنەوێنین. هیوادارین بتوانین لەداهاتوویەکی نزیکدا ئەو کارەساتەو ڕاستییەکانی ئەو کارەساتە بخەینە پێش چاوی هەموو خەڵکی کوردستان. هەر بەم بۆنەیەشەوە داوا لە بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین کە وتەیەکمان پێشکەش بکات، با بفەرمووێ.

**بەڕێز د. ڕۆژ نووری شاوەیس/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە ڕاستیدا ئەمڕۆ ڕۆژێکی مێژووییە لە مێژووی کوردو کوردستاندا، بەتایبەتی لەخەباتی گەلی کوردستان، کە پێش ١٠ساڵ لەمەوبەر، دووچاری تاوانێکی گەورە بوو. لێرەدا پێویست بەوە ناکات من باسی کارەساتی هەڵەبجە بکەم، کە چۆن بووە و چۆن نەبووە. کارەساتی هەڵەبجە بەپلەی یەکەم ئەوە نیشان دەدات، کە دوژمنانی کوردو کوردستان چەند دڕندەن و چۆن لە هیچ شتێک سڵ ناکەنەوە، کە بەکاری بێنن دژ بە گەلی کوردستان بۆ ئەوەی نەگاتە ئامانجەکانی، کارەساتی هەڵەبجە بۆ یەکەمین جارە لە مێژووی جیهانیشدا نەک لەعێراق یا لەکوردستان کە حکومەتێکی مەرکەزی چەکی کیمیاوی بەرامبەر بەگەلی خۆی بەکار دێنێ. هەروەها یەکەم جاریشە لەدوای قەدەغەکردنی چەکی کیمیاوی لەسەر ئاستی جیهانی بەکار بێت، وەکو چەکێکی کۆمەڵ کوژو خەڵکێکی زۆری بێ تاوان لە ژن ومنداڵ و پیرو لاویی پێ بکوژرێ. ئێمە وەکو گەلی کوردستان ئەبێ ئەم ڕۆژە هاندەرمان بێ و زیاتر سوورمان بکات لەسەر خەباتمان، لەسەر بەرزکردنەوەی ئاڵای زوڵم لێکراوی گەلەکەمان، بەتایبەتی ئەگەر سەیری دەوروپشتمان بکەین، ئێمە وەکو گەلی کوردستان لە بارودۆخێکی وادایین، کە لەوانەیە حەسودیمان پێ نەبرێ، بەڵکو ڕاستییەکی مێژووییە کە لەبارودۆخێکی ئابڵوقەدا دەژین، هەروەکو گەلی کورد لەوەتەی هەیە لەناو جەرگەی دوژمناندا لەناوجەرگەی ناحەزاندا بەسەدەها ساڵ خەباتی کردووە، خەباتەکەشی بۆ مان و پاراستنی مافی خۆی بووە. هەڵەبجە هەرچۆنێک بێ بیرەوەرییەکی سامناکە، کە لەمێژووی میللەتەکەماندا ئەمێنێ، لە ویژدانی هەموو خەباتکارێکی کورددا دەمێنێ و نیشانەی دڕندایەتییەکی گەورەیە بەنێو چاوانی دوژمنانی کوردەوە.

جێگای داخە کە ئەمڕۆ شاری هەڵەبجەی شەهید، دوورە لەدەسەڵاتی شەرعییەتی هەرێمی کوردستان، بۆیە بەداخەوە دەڵێم لەم ماوەیەی کە ناسراوە بە ماوەی ئاوەدان کردنەوەو ماوەی

خزمەتگوزاری، شاری خۆشەویستی هەڵەبجەو چەندین شاری تریش لەم خزمەتگوزاریانە بەدوورن، ئێمە یەکێک لەو مەسەلانەی کە هانمان دەدات و بۆ ئاشتی پاڵمان پێوە ئەنێ و رێگەی ئاشتیمان بۆ خۆش دەکات ئەوەیە، کە بتوانین خزمەتی هەموو شوێنێکی کوردستان بکەین و بەیەک چاو و بەیەکسانی تەماشایان بکەین. بەڵام تا ئەو رۆژەی ئەو رێگایە دەکرێتەوە، وەک حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام ئەبین لەپێشکەش کردنی خزمەتگوزاری و هەڵمەتی ئاوەدانکردنەوەو بەو هیوایەین کە ئەو رۆژەش بەم نزیکانە بەپشتیوانی خوا بێتە پێشەوە، کە بتوانین ئەو خزمەتگوزاری و ئاوەدان کردنەوەیە بگەیننە سەرجەم هەرێمی کوردستان و هەڵەبجەش بەشێوەیەکی تایبەتی، کە لەوانەیە ئەمڕۆ لەشارەکانی کوردستان دا لەهەموو شارێک زیاتر پێویستی بەهاوکاری و خزمەتگوزاری و هەڵمەتی ئاوەدان کردنەوە هەبێت.

وەکو ئەزانن ئەمڕۆش لەسەر ئاستی هەموو هەرێمی کوردستان دا بایەخێکی تایبەتی بە (١٦)ی ئادار دراوە، رۆژی کارەساتی هەڵەبجە، گەلی کورد بەشێوەیەکی گشتی، ئەتوانم بڵێم هەموو دەزگاکانی چ لەناوەوە چ لەدەرەوە هەوڵێکی تایبەتی دەدەن، کە ئەم رۆژە ببێتە رۆژێکی جیهانی دژی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی. ئێمە پێویستە لەسەر ئەو خەباتە بەردەوام بین و لەم رێگایەشەوە هەوڵ وکۆششمان بەردەوام بێ بۆ ئەوەی ئەو رۆژە لەسەر ئاستێکی جیهانی بچەسپێ، کەرۆژێکی جیهانی بێ دژی چەکی کیمیاوی.

هەروەها لەم رۆژانەدا خەبەری ئەوەمان پێگەیشت کە لە کۆماری ئیسلامی ئێران شالاوێکی گرتن بەرامبەر بەئاوارەکانی کوردی عێراق دەستی پێکردووە، لەوێ چەندین کوردی عێراقی، کە لەسالانی ١٩٧٥ـەوە ئاوارە بوون، لەئێران بەناحەق دەستگیرکراون، وتارادەیەکیش لەژێر ئەشکەنجەدان. بەداخەوە خەبەری شەهید بوونی هەڤاڵی نەمر کاک (تەحسین ئەرگوشی)مان پێگەیشت، کە لەبەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا شەهید کراوە. ئەم کارەساتە خۆی لەخۆیدا کارێکی نایاساییە، کارێکە دوورە لەمافی مرۆڤ، دوورە لە جاڕی گەردونی مافی مرۆڤ و دوورە لەنەریتی مامەڵەکردنی «ئاوارە» لە جیهاندا. ئێمە لێرەدا لەو مینبەرەوە داوای ئەوە لە کۆماری ئیسلامی ئێران دەکەین کە گیراوەکان ئازاد بکات، بەشێوەیەکی مرۆڤانە مامەڵە لەگەڵ ئاوارەکانی کورد بکات، کە لەئێرانن و ژمارەیان زۆرە، لەهەمان کاتیشدا چۆنێتی و شێوازی شەهیدبوونی کاک «تەحسین»شمان بۆ روون بکاتەوە.

ئێمە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەکو گەلی کوردستان بایەخ بەوە ئەدەین، کە پەیوەندییەکی دۆستانەی پتەومان لەگەڵ هەموو دۆستەکانماندا و لەوانەش کۆماری ئیسلامی ئێران هەبێت. ئەگەر ئەوە بخەینەوە بیر، کە کۆماری ئیسلامی ئێران رۆڵێکی تایبەتی هەبووە لە پشتگیری خەباتی گەلی عێراق بەکوردو عەرەبەوە بەدرێژای سالانی خەبات بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ، کە گەلی کوردو گەلی عێراق بێ دۆست و بەتەنیا بەرامبەر بەدڕندایەتی فاشیزم مابۆوە لە گۆڕەپانی خەباتدا، کۆماری ئیسلامی ئەو کاتە دەورێکی بالای هەبوو لەپشتگیری خەباتگێڕانی

کوردو عەرەب. ئێمە بەو چاوەوە سەیری کۆماری ئیسلامی دەکەین و چاوەڕوانی ئەوەیان لێ دەکەین، کە بەشێوەیەکی تایبەتی بەپێی یاساکانی ئیسلامی و بەپێی داب و نەریتی دراوسێیتی مامەڵەی ئاوارەکانمان بکات و، چارەنووسیان بپارێزێ، بەتایبەتیش ئەگەر سەیری ئەوەبکەین ئەمساڵ ( ٥٠ ) ساڵ بەسەر جاڕی گەردونی مافی مرۆڤ تێدەپەڕێ. یوبێلێکی زێرینەلەمەڕ مافەکانی مرۆڤ لەم ساڵەدا .

پێویستە بەهەموو لایەک تەنانەت دەوڵەتانی دراوسێ پابەندی ئەو جاڕانە بن، بۆیە من پێم خۆشە جەخت لەسەرئەوە بکەمەوە و قسەکانی سەرۆکی خۆشەویست کاکە مەسعود بخەمەوە بیر، کە پێویستە لەکوردستاندا بەتایبەتی، کە دووچاری زوڵم وزۆرێکی زۆرە و مافی خوراوە، مافی مرۆڤی تێدا پێشێل کراوە لەلایەن دوژمنانی کوردو کوردستانەوە، ئێمە هەڵگری ئاڵای مافی مرۆڤ بین، لێرەدا بەشایستەی دەزانم قسەکانی بخەمەوە یادو جەخت لەوە بکەمەوە، کە ئێمە وەک ئەندامانی پەرلەمان وەک حکومەتی هەرێمی کوردستان سوور بین لەسەر جێبەجێ کردنی ئەو ئامۆژگاریانە بۆ ئەوەی وڵاتەکەمان دورگەیەکی پارێزراوی مافی مرۆڤ بێ و زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاسی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەکەین بۆ ئەو وتە بەنرخەی کە پێشکەشی کرد. ئێستاش دەرگای گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە ئەکەینەوە، با برادەران ناونووس بکەین، ئەوانەی کە ویستیان لەبارەی بیرەوەری هەڵەبجەی شەهیدەوە قسە بکەن ئەم بەڕێزانەن کە ناونووس کراون: شێخ موحسین، د.رزگار، فەوزیە خان، ئازاد قەرەداغی، رەجەب شەعبان، مامۆستا مەلاتاهیر، شێخ عەفان، شێخ یەحیا بەرزنجی، کاک سەفەر، کاک ئیبراهیم، مامۆستا مەلامەحمود دێرەشەوی، عەبدولخالق زەنگەنە، کاک شمائیل و د.ئیدریس. مامۆستا مەلا موحسین با بفەرمووێ.

**بەڕێز مەلا موحسین خالید مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بابەتی هەڵەبجەی شەهیدو هەموو ئەو جێگایانەی، کەکەوتنە بەر زوڵمی زۆرداران لەسەر هەڵوێست بوو، لەسەر نیشتمانپەروەری بوو، لەسەر پابەندی بوو بە ئادابی نیشتمانپەروەری، کە لەکوردستانی ئێمە دا ساڵەهای ساڵە ئەو خەڵکە بەوە ناسراوە. خوا لە قورئانی پیرۆزدا ئەفەرمووێ (وهم علی مایفعلون بالمؤمنین شهود ومانقموا منهم الا ان یؤمنوا بالله العزیز الحمید) خەڵکێکی ڕەوشت بەرزو خاوەن ئەخلاق و نەریتێکی ئاینی و دیندار لەبەر ئەوەی نەیاندەویست لە هەڵوێستی خۆیان پەشیمان ببنەوە ولەناو شەقام و جادەکانی هەڵەبجە خۆپیشاندانیان کرد بۆ بەرپەرچ دانەوەی ئەو زوڵم وزۆرەی کە لەگەڵیاندا دەکرا. لێپرسراوانی رژێم دەیان گووت چونکە ئەوان ئەو دروشمەیان هەڵگرتووە، لەبەر ئەوە ئەبێ دووچاری گەورەترین سزاو نارەحەتی بین. لەدوای کارەساتی هەڵەبجە هەبوودانی بەوە دا نەدەناو دەی وت بەو شێوەیە

نەبووە، بەڵام یەکێک لە بەرپرسەکانی ڕژێم کەبەداخەوە کوردیش بوو زۆر بەجورئەت بوو کە ئێستاش ماوە، ئەیوت ئەگەر بۆمبای ئەتۆمیشمان هەبوایە، بەرامبەر بە هەڵەبجە ئێمە دەمان وەشاند، چونکە ئەوە کارێکی سروشتی بوو ،نەی ئەوت کارێکی نامرۆڤانەو نایاساییە، بەڵکو ئەوەی بەکارێکی ئاسایی ئەزانی، چونکە بەرگری لەکەسێک دەکرد کە ئەو زوڵمەی لە میللەت دەکرد. بەراستی ناخۆشییەکانی ئەو بیرەوەریانە، خەڵکی هەڵەبجە خۆیان زۆر بەچاکی هەستی پێ دەکەن. زۆر دیمەن هەیە کە دێتەوە یادمان بەتەواوی مرۆڤ وا لێ دەکات، کە رەحم و بەزەیی زیاتر بکەوێتە دڵییەوە. دەربڕینی هەڵوێست بەقسەو گوفتار ناکرێ، هەوڵ بدرێ ئەم رەحم و سۆزە بەرامبەر بە تێکرای میللەتی کورد بێت، وەکو برا هاوکارو هاو راز بین، چونکە دوژمنانی ئێمە لەهەموو لایەکەوە زۆرن و دەسەلاتیان زۆرە.

زۆر هەبوون لەوانەی کە دەیانویست خۆیان دەرباز بکەن لە ناو شاری هەڵەبجەو رابکەن، بۆ ئەوەی خۆیان لەو کارەساتە رزگار بکەن. بەداخەوە رۆژی پێشوو خەڵکی هەڵەبجە ئەیانزانی چیان بەسەر دێت ویستیان برۆنە دەرەوە، بەڵام نەیان هێشت، گێڕانیانەوە بۆ ئەوەی دووچاری ئەو کارەسات و نارەحەتییە بین، تەنانەت ئەگەر نیەتەکەش وانەبوو بێ باش بوو بێت، بەڵام ئەبوایە پیاوی بەرپرس وسیاسی کارێک نەکات کە میللەتەکەی تووشی مەینەتی بکات، چونکە ئێمە کۆمەڵێکی کەمی بێ دەسەلاتین و نەماندەتوانی لەنێوان ئەو دوو هێزە گەورە بڕیاری خۆمان بدەین بۆ ئەوەی نەهێڵین یاریی بەچارەنووسی ئێمە بکرێ. زۆر لەو کەسانەی کە بەلاندگرۆزەرو ئۆتۆمبیلی شەخسی خۆیان بەپەلە هەولی ئەوەیان دەدا خۆیان و کەس وکاریان، یان ئەو کەسانەی کە خۆیان ئەیانویست و هاتبوونە ناوەوە دەربازیان بکەن، بەسەر لاشەی کەوتووی شەهیدانی سەر رێگاو بانەکان تایەی ئۆتۆمبیلەکانیان بەسەریاندا تێ پەڕ ئەبوون ئەرۆیشتن.

زۆر لەوانەی کە تایەی ئۆتۆمبیلە گەورەکانیان بەسەردا ئەرۆیشتن هێشتا شەهید نەبوو بوون، هێشتا گیانیان نەسپاردبوو، بەڵام کارەساتەکە وابوو، خەڵک کوێر بوو بوو چاوی نەمابوو، ئاگای لەخۆی نەمابوو و فیکری بەلای خۆیەوە نەمابوو، دیمەنێکی دڵتەزێن بوو.

دوژمنیش وەکو قەلەڕەشە بەسەریانەوە بوو، لەهەر جێگایەک کۆبوونەوەی بدیتبایە، ئەو شوێنەی کیمیاباران دەکرد. بۆ نموونە لەو لای هەڵەبجەوە جێگایەک هەیە، لەپشتی عەنەبەوە، جێگایەکی تایبەتی هەیە، کە حەوزێکی گەورەی لەسەر بوو ئەو خەڵکە بەداماوی، بەکولەمەرگی بەهەر نارەحەتییەک بێ، ویستیان بگەنە سەر حەوزەکەو ئاوێکی لێ بخۆنەوە پشوویەکی لە پالا بدەن، کیمیاوی خستە ناو ئەو حەوزەوە هەرچی دەمی بۆ برد هەموویان شەهید بوون و گیانیان سپارد.

هەڵەبجەی شەهید پەشیمان نییە. ئەوەی لەسەر رێبازی ئیسلامەتی، لەسەر بەرگریی کردن لەگەڵ و نەتەوەکەی شەهید بکرێ بە مەزلومییەت، بەدەستی زوڵم و ستەمکار، لای خوا شەهیدە، چونکە ئەوانە زیندوون و بەراستی زیندوون. یەکێک لەوانە دوای چەند هەفتەیەک لەئێران، هۆشی بەخۆیا هاتەوە، ئەو کارەساتەی گێڕایەوە بۆ ئەو کەسانەی کە گوێیان لێ گرت، گوتی: من لەپشت

چیاکانەوە بەتەواوی بێ هۆش کەوتم و ئاگام لەخۆم نەما، دوای ماوەیەک نیوە شەو بوو، بەئاگا هاتمەوە سەیرم کرد چوار دەورم هەمووی وەکو تیشکێکی تایبەتی بەرزئەبووەوە هەمووی (لاالـە الا اللـە)ی ئەکرد، وەزعێکی زۆر نارەحەت و سەرسوڕێنەر بوو لەو کاتە ناخۆش و نالەبارە ناچار بووم سەری خۆمم دانایەوە، ئەوە بوو ئەو ئێش وئازارو نارەحەتی و مەینەتیەی کە هەم بوو، دیسان بێ هۆشی کردمەوە، تا کاتی بەرەبەیان، دوای ئەوەی کە بەخۆما هاتمەوە، پاش ئەوەی سەیرم کرد ئەوانەی کە لەچوار دەورم دا بوون، تا چاو بڕ بکا خەڵکێکی زۆرو هەمووشی شەهید بووە.

دەیان وسەدان بەسەرهاتی ئاوها دڵتەزێن و ناخۆش هەیە، کە ئەگەر بیگێڕینەوە، بەدەیان کتێب تەواو نابێ. تەنها من تکام ئەوەندەیە، ئەم کارەساتە دڵتەزێنانە تەنها بۆ گێڕانەوە نەبێ، بەڵکو بۆ ڕێزلێنان و بایەخ پێدان بێت، هەروەها دەبێ هەروەکو جەنابی سەرۆک وەزیران باسی کرد، هەوڵێکی بەرچاو بدرێ کە کارەساتی ئەو میللەتە، کە بەداخەوە ئێستاش بەردەوامە لەبیر نەکرێت و بە هەموو لایەکمان هەوڵی ئەوە بدەین بەهەموو جیهانیانِ ڕابگەیەنین و بیخەینە پێش چاوی هەموو دونیا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ مامۆستا مەلا موحسین. کاک شێخ عەفان فەرموو.

**بەڕێز عەفان عوسمان نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە خۆم، کە خەڵکی ئەو ناوچەیەم و (١٦) کەس لەنزیکترین کەسم لەم کارەساتەدا گیانیان سپارد. هەرچەندە هەموو میللەتی کورد زەرەرمەند بووە لەو ماوە زەمەنییە لەکوردستاندا. ئەوەی پێم باشە لێرە زیاتر بیرەوەری بکەین، خوای گەورە لەقورئاندا دەفەرمووێ (ولاتحسبن الذين قتلوا في سبيل اللـه امواتا بل احياء عند ربهم يرزقون) کۆمەڵێکی زۆر لە پیاوانی پەروەردە، کە قوتابی بوون، لەباغچەی ساوایانەوە هەتاکو ئامادەییەکان (١٣١٠)هەزارو سێ سەدو دە قوتابی بوون، ژمارەی ئەو مامۆستایانەی کە بەدەست ئێمە گەیشتووەو کاتی خۆی پەیکەرێکی تایبەتمەندمان لەشاری هەڵەبجەی شەهیددا کە(١٩) مامۆستان لەدەوامدا بوون بۆ کردن، (١٤) مامۆستایان خانەنشین بوون، لەبەر ئەوەی خانەوادەکانیان زۆر بەتەئکید هەموو جارێ داوامان لێ دەکەن کە ناوی ئەو شەهیدانەمان بەرزبکەینەوە، پێم چاکە ئەگەر ڕێگامان بدەن ناوی ئەو شەهیدانەتان بۆ بخوێنمەوە، ئەو شەهیدە تێکۆشەرانەی کە مامۆستا بوون و سووربوون لەسەر ئەوەی کە خوێندن لە هەڵەبجە بەردەوام بێ، لەوانە مامۆستای شەهید هیوا حلمی بوو کە باوکی یەکێکە لە شەهیدانی شۆڕشی ئەیلوول، مامۆستای شەهید تۆفیق عەبدولکەریم، مامۆستای شەهید گوڵزار عەبدولکەریم، مامۆستای شەهید فاتمە عەبدولکەریم مەحمود بوو، مامۆستای شاعیر و شەهید جەلال شێخ حسێن عازەبانی بوو، مامۆستای شەهید خوشکە ئایشە ڕەشید ، مامۆستای شەهید روقیە ڕەشێد، مامۆستای شەهید چیمەن مستەفا عەزیز، مامۆستای

شەهید حەمیدە مستەفا عەزیز، مامۆستای شەهید کەژاڵ حمە سەعید بوو، مامۆستای شەهید شوکریە حەمە سەعید، مامۆستای شەهید دولبەر لەتیف قادر بوو، مامۆستای شەهید فەتاح حەمە سەعید، مامۆستای شەهید دڵگیر سالح هەژار، مامۆستای شەهید شیرین باقی مەحمود، مامۆستای شەهید رەسول عوسمان، مامۆستای شەهید عەبدولکەریم حامد مەجید، هەروەها خوشکی تێکۆشەر مامۆستای خانەنشین فاتمە مەلا حەسەن، کە گیانی پاکی ئەسپارد لەسەر جادەکەی هەڵەبجە کەوتبوو، کە بە درێژایی (٣٠)ساڵ خزمەتی پەروەردەی کردبوو، ئەمانە هەمووی کۆمەڵێک بوون جگە لە کۆمەڵێکی زۆر لە قوتابیان وەکو باسم کرد، ئەمە لەکاتی خۆیا پەیکەرێکی رێکوپێکیان بۆ دروست کراو، لە دەرگای شاری هەڵەبجە ئەو شوێنەی، کە زیاتر زەرەرمەند بوو، رێی (عەنەب) لە کانی پەلکە دامانا، بەڵام لە پاش ماوەیەک ناحەزان ئەو پەیکەرە پیرۆزەی، کە تەمسیلی هیچ شتێکی نەدەکرد، تەنیا هێمابوو بۆ مامۆستا، ناوی هەر هەموو مامۆستاکان لە ژێریدا نووسرابوو، شکاندیان وفرێیاندا، ئێستا ئێمە دیسانەوە بەناوی ئەو مامۆستایانەوەو بەناوی سەرجەم مامۆستایانی کوردستان و بەناوی برایانم لە لیژنەی پەروەردە لە پەرلەمانی کوردستان، بەڵێن ئەدەین مامۆستایان و پەروەردە هەردەم لە خزمەتی رێرەوی میللەتەکەیان بین وهەردەم قوربانیدەری یەکەم بین، چۆن لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلول یەکەم شەهیدی ئەم شۆڕشە مامۆستا حەسیب بوو، هەتاکو ئەگاتە دوایین شەهیدمان مامۆستا عوسمان گەلاڵی و نزیکەی (٣٩٧)شەهیدمان داوە، ئیتر پێم باش بوو لەم رۆژەدا ئەم شەهیدانەش، کە زیاتر لە(٣٧) مامۆستامان شەهیدی ئەنفالن ناوەکانی ئەوانیشمان لایە، لەم رۆژەدا ناوی ئەو شەهیدە بە کیمیا کوژراوانەی هەڵەبجە، کە مامۆستان لەم مینبەرە پیرۆزەدا رابگەیەنم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک شێخ عەفان، کاک عەبدولخالق با بفەرمووێ.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە راستی شتێکی وا زۆرم لەسەر قسەکانی سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و ئەو برادەرانەی کە قسەیان کرد نییە، ئەم کارەساتە کە لە پێش (١٠)ساڵ روویدا کارەساتێکی زۆر گەورە بوو، قوربانیشی زۆر بوو، ئەوەندە دەڵێم ئەوە یەکەمین جارە لە دنیادا حکومەتێک میللەتی خۆی بداتە بەر چەکی کیمیاوی، لەوانەیە کارەساتی تر بووە لە دنیا، وەکو هیرۆشیماو ناکازاکی، بەڵام وڵاتێکی تر لە دەرەوە هاتووەو لێی داوە، هەروەها لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم چەند جارێک بەکار هێنراوە، بەڵام یەکەمین جارە حکومەتێک خۆی دژی میللەتی خۆی بەکاری بهێنێ و، کە بووە هۆی شەهید بوونی (٥٠٠٠)کەس و بە هەزاران کەسیش بریندارو دەربەدەر بوون، ئاسەواریشی هەتاکو ئێستا ماوە، ئەوەی لەم رۆژانە لە تەلەفزیۆنەکاندا بینیمان بەسە بۆ ئەوەی بڵێین ئاسەواری ئەم تاوانە بۆ چەند وەچەیەکی تر لە منالانمان ئەمێنێتەوە، نەک

تەنها مرۆڤی گرتۆتەوە، بەڵکو ئاژەڵ و تەیریشی گرتەوە و ئاوەکانیشمان لەو شوێنە هەتاکو ئێستا ئاسەواری بە ژاراوی بوونی تیادایە، راستە ئەو کارەساتەش کارەساتێکی گەورە بوو، سەبارەت بە ئێمەوە زیانێکی زۆریش بوو، بەڵام من ئەتوانم بڵێم ئەوەیە کە ئەو میللەتە زۆر قوربانی دا بۆ ئەوەی بگاتە ئامانجی خۆی و، هیچ میللەتێکیش نەگەیشتوتە ئامانجی خۆی بێ قوربانی دانێکی زۆر و، میللەتی ئێمەش کە هەرەشەی لێکراوە بە قڕکردنی رەگەزی، مەسەلەی کیمیاوی یەکێکە لەو رێگایانە وەک چۆن مەسەلەی ئەنفال و راگوێزان و بە عەرەب کردنی شارەکانی کوردستان، لەبەر ئەوە بەڕای من راستە کارەساتێکی گەورە بوو بەرامبەر بە میللەتەکەمان، لە هەمان کاتیشدا کاریگەریەکی هەبوو لەسەر رای گشتی لە ناوەوەو دەرەوەو لەلای گەلانی ناوچەکەو لە دنیادا، کە دۆزی کورد بابەتێکی رەوایە، مەزڵومیەتی زۆرە و ئەو حکوماتە دیکتاتۆریە وشۆڤینیانەی لە ناوچەکەن بە راستی زوڵمێکی گەورە لە میللەتێکی ئاشتیخوازی وەکو میللەتی کورد دەکەن، ئەتوانم بڵێم کاریگەرییەکی باشی هەبوو بۆ ئەوەی کێشەی کورد لە دونیادا بناسرێ، سوپاسی ئەو راگەیاندنانە دەکەین کە دەوریان هەبوو لە گەیاندنی هەواڵەکە، بەراستی ئەوەی کاریگەرێکی دەروونی کردە سەر رای گشتی، مەسەلەی هەڵەبجە بوو، دوای ئەوە مەسەلەی ئەو کۆڕەوە ملیۆنییە بوو، ئەو راپەرینە بوو، ئەو ئەنفالانە بوو لە گەرمیان و ناوچەکانی تری شارەکانی کوردستان کە(١٨٢)هەزار کەس بوو، هەروەها (٨)هەزار بارزانی کە چارەنووسیان هەتاکو ئێستاکە بەمناڵ و خێزان و گەنجەوە نادیارە، لەبەر ئەوە ئەتوانم بڵێم ئێمە بە راستی ئەو بۆنەیە نابێ لەبیر کەین ئەبێ هاندەریش بێ بۆ ئێمە، کورد ئەبێ یەک بێ، کورد دوژمن و داگیرکار بە یەک چاو تەماشای ئەکات، لەبەر ئەوە بەڕاستی ئەو هەوڵی ئاشتییەی کە لە سەری ساڵەوە دەستی پێکردوە ولە گۆڕێدایە، پێم خۆشە مەسەلەی هەڵەبجە ببێتە هاندەرێک لەم بارەوە، کە ئێمە بەرژەوەندی میللەتەکەمان بخەینە سەر بەرژەوەندی حزبایەتی تەسک، بیکەینە هۆکارێک بەنیسبەت خۆمانەوە، یەک ریزی بگەڕێنینەوەو ئاشتییەکی سەرانسەری بڕەخسێنین، لە دوای راگەیاندنی فیدرالیەتەکە هەوڵ بدەین ئەوەش بسەلمێنین لە ناو میللەتانی ناوچەکەو دونیا، بەبۆنەی تێپەڕبوونی (١٠)ساڵ بەسەر کیمیاباران کردنی هەڵەبجە وەو (٥٠) ساڵ بەسەر جاڕادنی مافی مرۆڤ بەو بۆنەیەوە، ئەبێ ئێمە لە پەرلەمانیش دەستی پێ بکەین، ئەمرۆ رۆژی(١٦)ی مانگ، یادداشتێکمان ئاراستەی بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان کردووە، کە رازی بن لیژنەیەکی مافی مرۆڤ لە ناو پەرلەمان پێک بێ، بەو بۆنەیەو بە بە بۆنەی (٥٠)ساڵی جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ وبە بۆنەی وتارە مێژووییەکەی کاک مەسعود لە ٣/٩ لەناو ئەم هۆڵەدا، داوا دەکەم بە راستی حەق بوو ئێمە لەو بۆنەیەدا کە (١٠)ساڵە بەگشتی بۆ دنیا کتابێکمان دەربکردایە، یان کوارسێکمان دەربکردایە، ناوی شەهیدەکان، ئەگەر نەمان توانی گشت ناوەکان، بەڵام بەلایەنی کەمەوە چەند توێژێک لەو ناوانە وەک چۆن مامۆستا عەفان وتی وپێش چەند رۆژێکیش من لەگەڵیا ئەو بابەتەم باس کرد، کە ئەوان لیستێکیان هەیە بەناوی شەهیدانی مامۆستایان و، ئافرەتان و، دکتۆرەکان

و، هەروەها قـوتابی ومناڵ، حـەق بـوو ئێـمـە کـتـابێکمـان دەربکردایە بەو بۆنەیەوە، وەک چۆن پۆسـتـەرێکمـان دەرکردووە، هەروەها وا تەسەور ئەکـەم بە نیـسـبـەت ئێـمـەوە بەراستی ئەبێت ئەو بۆنەیە لە بیـر نەکەین و، ببێـتـە هاندەرمـان وجـارێکی تر دەڵێم کـە ئێـمـەی میللەتی کـورد نە بە کـیـمـیـاوی ونە بە ئەنفـال و نەبە رەوپێکردن و نە بە عـارەب کـردن لەناو ناچین. لەبەر ئەوەی کوردگەلێکە خاوەن مـافی خۆیەتی، هیچ کەسێکیش ناتوانێ ئەو مـافەی لێ زەوت کـاو، دنیـاش لەگەڵمـانە و، سوپاسی گشت ئەو رێکخراوانەش دەکەین کە بە مـاڵ وبە دڵ پشتگیـریان کردین وهاوکاربون لەگەڵمانا و، داواش دەکەم ئەو شارە هەتاکو ئێستا بەداخەوە مافی خۆی نەدراوەتێ لە ئاوەدانکاری وچارەسەری گرفـتـەکانی، داوا دەکەم حکومـەتی هەرێمی کـوردسـتـان کـە سـەرۆکی ئەنجـوومـەنی وەزیران لێـرەیە، بەراسـتـی ئەبێت برێک پارە تەرخـان بکرێت بۆ ئەو شـارە بۆ چاککردنەوەی شەقامەکانی ئاوەکەی کە لە شوێنێکی دوور بۆی دێت وخەڵکی پێ ژاراوی دەبن و، داوا دەکەم حزبەکـان و رای گشتی کوردستانی وجیهـان پشتگیری قەزیەی میللەتەکەمان بکەن، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــوومــــەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز کاک عەبدولخالق، کاک د. رزگار با بفەرموویت.

**بەڕێـز د. قـــاسم مـــحــــمــــەد قـــاسم:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــوومــــەن.**

بەر لەوەی خۆتێکەڵکردنە کەم بخەمە روو، دەمـەوێ ئاماژە بە وتەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجـوومەنی وەزیران بدەم کە شـاری هەڵەبجـەی شـەهیـد تاوەکـو ئەمـڕۆ بێ نازە لە خزمـەتگوزاری حکومـەتی هەرێم، هیـواداربن لە کـابینەی سێـیـەم کـە برێک پارە پێشکەش بە شـاری هەڵەبجـە بـکات بۆ ئاوەدان کردنەوەو دەست بەکاربوونی ئەو پرۆژانەی کە لەکار کەوتوون و خزمەت گوزاری فراوان تری لێ بکرێت.

هەرچەندە جێ پەنجـەی پارتی لەم شـارە هەر مـاوە کـاتێ کـە پارتی لەم شـارە بووە، وەکـو دروست کردنی پرۆژەی ئاوی خواردەنەوە و دروست کردنی شەقام و ئاوەدانکرنەوە، سەرەڕای ئەمـەش داوا لەحکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین کە برێک پارە پێشکەش بەم شارە شەهیدە بکرێت.

بەڕاستی رۆژی ١٦ی ئادار رۆژێکی مێژووییە لە بەر ئەم دوو هۆیە:

أـ زوڵم لێکراویەتی گەلی ئێمە ئاشکرا دەکات کە چ زولم و زۆرداری لە ئێمـە کراوە، بەبێ ئەوەی کە هیچ پاساوێک هەبێت کە ئەو تاوانە گەورە دژ بە میللەتەکەمان بکرێت.

ب ـ درندایەتی و تاوانبـاری ئەو کـەسانە بەدیار دەخـات کە چەند درندەو چ جۆرە تـاوانێک دژی گەلی ئێمە و دژی مرۆڤایەتی ئەنجام دەدەن.

تاوانی هەڵەبجە لەوانەیە تاوانی یەکەم نەبێت، بەر لە تۆپ بارانکردنی شـاری هەڵەبجە بە دیاری

کراوی له ساڵی ١٩٨٧ چەند گوندێکی دەڤەری هەولێر تۆپ باران کران وەکو شێخ وەسانان و مەلەکان و بالیسان و بەدەیەها هاوڵاتی پیر و ئافرەت و منداڵ بونە قوربانی تاوانی رژێم کە بەسەر گەلی ئێمەی دا سەپاند، ساڵی ١٩٨٨ئەو تاوانە دژ بە میللەتی ئێمە کرا، کە نزیکەی پێنج هەزار شەهید لەماوەی (١٠)دەقیقە دا کەوتن زیاتر لە پێنج هەزار کەس زامداربوون و لەو لێکۆڵینەوە زانستیانەی کە کراون وادیارە هێشتا کاریگەری ئەو ماددە کیمیاویانە لەسەر ئەم ناوچەیە هەیە. لەگەڵ تۆپ باران کردنی شاری هەڵەبجە چەند گوندێکی تری دەڤەری بادینان تۆپ باران کران وەک گوندی (پیرەکا)لە دەڤەری سندی و (گەلی بازێ) لە دەڤەری بادینان و گوندی (زێوە شلکان) لەدەڤری نهێلێ ئەم گوندانەش هەموویان هاتنە تۆپ باران کردن و بە هەزاران هاوڵاتی بوونە قوربانی ئەم تاوانە.

ئەم تاوانە تاوانێکی زۆر گەورەیە وەکو گوتمان زوڵم لێکراوی میللەتی ئێمە بەدیار دەخات و بۆ خەڵکی دیاری دەکات کە ئەمرۆ ناوی هەڵەبجە لەگەڵ ناوی هیرۆشیما و ناکازاکی باس ئەگرێت و وەکو ناسنامەیەکی لێهات بۆ گەلی کورد، هەرچەندە تاوانێکەو رۆژێکی رەشە لە مێژووی ئێمەدا کەبووە هۆی شەهید کردنی زیاتر لەپێنج هەزار کەس و بریندار کردنی زیاتر لە پێنج هەزار کەسی تر، کە زۆربەیان و بەرێژەی ٧٥٪ لەمانە پیرو ئافرەت و منداڵ بوون، کە هەر هەموویان لە ماوەی (١٠) دەقیقەدا شەهید بوون.

بەم بۆنەیەوە داوا لەسەرۆکایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەکەم زیاتر بە پیر پرۆژەی ئاشتییەوە بێن، وەکو پارتی بایەخی پێ بدەن بۆ چەسپاندنی ئاشتی لە کوردستاندا،و ئاشتی بەرقەرار بکرێت. چونکە تەنها ئاشتییە ئەتوانێت برینەکانی ئێمەو دڵی منداڵان و خێزانی شەهیدانی بزاڤی ئازادی خوازی گەلی ئێمە خۆش بکات و بتوانێت رێگا لە ناحەزان و دوژمنان بگرێت کە هەوڵ دەدەن ئەم ئەزمونەی ئێمە تێک بدەن و ئەو دەستەکەوتەی کە بە خوێنی شەهیدان بەدەستی ئێمە کەوتوە لەناوی ببەن.

جارێکی تر هیوادارم هەردوو سەرکردایەتی یەکێتی و پارتی خەمخۆر و هاندەری پرۆسەی ئاشتی بن لە کوردستاندا، و تاکو بتوانین رێگا لە دوژمان و ناحەزانی گەلی کورد بگرین لە پیلان و دەست درێژیەکانیان، هەروەها ئەزموونەکەمان کە بەخوێنی هەزاران شەهید و ملیۆنەها لاوی کورد بەدی هاتووە بپارێزین، خودا پشت و پەنای هەموولایەکمان بێت بۆ خزمەت کردنی کورد و کوردستان، سوپاس.

لێرەدا من دوو پێشنیار ئەخەمە بەر دەستی سەرۆکایەتی پەرلەمان و پەرلەمانتارە بەرێزەکان:

١- پێشنیار دەکەم کەوا حکومەتی کابینەی سێهەم برێک لە پارە پێش کەش بە خەڵکی شاری هەڵەبجە بکات، چونکە وەکو سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئاماژەی بۆ کرد کە ئەم شارە تایبەتمەندی خۆی هەیە وپشتگوێ خراوە، بۆ دروست کردنی پرۆژە خزمەتگوزارەیەکان و ئاوەدانکردنەوەی.

٢ـ پێشنیار دەکەم جولانێک لەلایەن ئەو پارتانە بکرێت کە بەشداری شەڕی ناوخۆییان نەکردووە هەوڵی ڕێگەخۆش کردن بدەن بۆ شاندێکی پەرلەمان، یان ئێمە هەموو بەیەکەوە تاوەکو بچینە سەر گۆڕی شەهیدانی کارەساتی هەڵەبجە بۆ خوێندنی فاتیحە لەسەر ڕۆحی ئەم شەهیدانەو لەوانەیە دەنگدانەوەیەکی خۆشی هەبێت و ببێتە هاندەرێک بۆ هەردوو لا تاوەکو ئاشتی زیاتر لە کوردستان بەرقەرار بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک د.ڕزگارو پێشنیارەکانی هیوادارین بتوانین ئەو دوو پێشنیارە به گوێرەی توانا ئەنجام بدەین، کاک شمائیل با بفەرمووێ.

**بەڕێز شمائیل نەنۆ بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

في هذا اليوم نقف اجلالاً و اكراماً لارواح الالاف من الابرياء العزل من الاطفال والشيوخ والنساء، في هذا اليوم نقف اكراماً لحلبجة الشهيدة ضحية القصف الكيمياوي، تلك الجريمة النكراء التي اهتزت لها الضمائر الحية في كافة الارجاء المعمورة، ان كارثة الحلبجة تشكل ذرة في مسلسل المواقف العنصرية والمواقف اللامسؤلة، التي جابه بها التطلعات المشروعة، التطلعات القومية والانسانية المشروعة لشعب الكوردي الشقيق في وطننا، واذا كانت الاسلحة الكيمياوية محرمة، محرمة دولياً في الحروب وفي استخدامها ضد الطرف المقابل، فما بالك اذا استخدم ضد الابرياء، لقد علمتنا دروس الحياة بأن العنف مهما اختلفت اشكاله لم يثني الشعوب عن النضال والمطالبة بحقوقها، فلقد كان الرد على الحلبجة وعمليات الانفال ومثيلاتها من الجرائم التي يندى لها جبين البشرية، الانتفاضة الشعبية المباركة التي فجرتها الشعب الكوردي مع اشقائه في الوطن والتي احتفلنا بذكراها قبل ايام، واما المرحلة التي نعيشه اليوم مهما اختلفت التقيمات حولها تشكل خطوة نحو الامام، في المسيرة النضالية للشعب الكوردي، لقد جاءت تأسيس الدولة العراقية الحديثة على حساب القوميات والمذاهب المختلفة التي تعيش على هذه الارض منذ الاف السنين، وقد كان لنا نحن الاشوريون نصيبٌ وافر من المظالم الذي ترتب على ذلك ايضاً، حيث ابتدأ مسلسل القمع والمذابح بنا في سميل عام ١٩٣٣، وكما يقول الكاتب العراقيين العرب: لقد كانت مذبحة السميل اللبنة الاولى في بناء صرح العسكرتارية والشوفينية المضللة، والقومية العنصرية المقيتة التي اوصلت العراق الى ما نعيشه اليوم، فعلاً انها الحقيقة المرة بعينها، ولنا ان نتصور حال العراق اليوم لو آمن حكامه بالديمقراطية والحقوق المتساوية لكافة ابنائه بدل العنف، فلنا ان نتصور هذا الحال في البلد الخير الذي عاد به حكامه عشرات السنين الى الوراء، وفي هذه المناسبة فإننا نجدد دعوتنا المخلصة والصادقة لقادة الحزبين، الحزب الديمقراطي الكوردستاني و الاتحاد الوطني الكوردستاني، للعمل الجدي من اجل نهاء الاقتتال الداخلي المدمر، وتجاوز كل العثرات التي لا تشكل شيئاً امام

المصلحة العليا للشعب الكوردي، ولبقية الشعوب المتعايشة معه، نعم حان الوقت ليتم التفكير في البناء بدل الهدم، وذلك هو الوفاء والتكريم العظيم لارواح شهداء حلبجة، ولكافة التضحيات الغالية، شكراً.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ كاك شمائیل، فەوزیە خان فەرموو.

**بەڕێز فەوزیە عیزەدین ڕەشید:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەمڕۆ یادی گەورەترین تاوانە كە دژ بە میللەتەكەمان كرابێ، من نامەوێ قسەی بەڕێزان دووبارە بكەمەوە، تەنها یەک دوو پێشنیاری دیاری كراوم هەیە كە بۆ شاری هەڵەبجەی شەهید بكرێ، ئەویش ئەوەیە كە یەكەم ، میلێک (نصب)ێک بكرێ لە شاری هەڵەبجەدا ناوی ئەو شەهیدانەی هەموو تیا تۆمار بكرێ، هەروەكو لە هەموو دنیادا شتی وا دەكرێ و، چونكە ئەمە تاوانێكی مێژووییە و دەبێ هەتا هەتایە بمێنێتەوە، چونكە ئەمە تاوانێكی ڕەشە و ئیشێكی خراپە كە لەمێژوودا دژ بە میللەتی كورد كرابێ. دووەم پێشنیارم ئەوەیە كە پانۆرامایەک لە پایتەختی هەرێمدا بكرێت، داوا لە هونەرمەندان بكرێت، ئەو وێنانەی كە هەن و لە فلیمەكاندا بڵاو بوونەتەوە تیایدا بەرجەستە بكرێت بۆ ئەوەی هەر میوانێک ، یا هەر شاندێک لە دەرەوە دێ، یا هەر كاتێک كە یادی هەڵەبجە ئەكەینەوە، بچینە سەر ئەو پانۆرامەیەو هەردەم لە یادمان دەرنەچێ، شتێكی كەش ئەوەیە، كە قەرەبووی زەرەرو زیانی ئەو شەهیدانە بكرێتەوە بۆ ئەوەی لە شوێن بەجێماوانی شەهیدەكان سوودی لێ ببینن، ئەویش لەلایەن ئەو كۆمپانیانەوە كە چەكی كیمیاویان فرۆشتووەتە ڕژێم و ژمارەیان ئەگاتە (٢٠٧)كۆمپانیا، ئەویش بەوەی كە، بدرێنە دادگا و بەپێی یاساو، داوای قەرەبووی زەرەر و زیانییان لێ بكرێ، لە ساڵی ١٩٩٢ئەندامێكی پەرلەمانی ئەڵمانیا كە نوێنەری هەرێمی «بایرن» بوو كە هاتبووە كوردستان، من ئەم مەسەلەیەم لەگەڵدا باس كرد، باسی مەسەلەی قەرەبووی زەرەر وزیان ، زۆر پێی باش بوو و وتی: ئێوە ئەتوانن داوا لەو حكومەتانە بكەن كە كۆمپانیاكان بە قاچاخ بێ، یا بە ئاشكرا بێ بۆ دروست كردنی چەكی كیمیاوی شتیان فرۆشتوەتە ڕژێم، كە قەرەبووی ئەو خەڵكە بدەن وئێستا هەڵەبجە زەرەر مەندە ، نەک هەر هەڵەبجە، ڕژێم بە هەڵەبجەشەوە نەوەستا ، بەڵكو زۆر شوێنی كەی كیمیا باران كرد، وەكو دۆڵی بالیسان بەتایبەتی شێخ وەسانان و، گۆپ تەپە و، ناوچەی قەرەداخ و، دۆڵی بازێ لە ناوچەی بادینان، شتێكی كەش، كە ئەبێت ئێمە درێخی نەكەین و، داوا لەولایەنە تەندروستیە جیهانیانەش بكەین كە بێن لێكۆڵینەوەی خۆیان لەسەر ئەو شارە تۆمار بكەن، هەر وەكو چۆن پرۆفیسۆر(گۆستن) ئەو فلیمە زانستیەی لەسەر كیمیا بارانەی هەڵەبجە ئامادە كردووە و، زۆر شتی زانستی لەوێدا بەرجەستە كردووە، كە دەنگدانەوەیەكی چاكی دەبێ بۆ چاكردنی دوا ڕۆژی هەڵەبجە و خەڵكی هەڵەبجە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ فەوزیە خان، کاک ئازاد قەرەداغی با بفەرمووێ.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر سەعید قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(١٠)ساڵ لەمەو پێش گەورەترین تاوان کراوە بەرامبەر بە میللەتی کورد، ئەویش حوکمڕانانی بەغدا بەرپرسیارن بەرامبەری، ئەمە گەورەترین تاوانە وپێویستە زۆر بایەخی پێ بدرێ و، ناویشی بزر نەبێ، چونکە بەراستی دید ئەکرێ وئەیبینین کە خەریکە وردەوردە بابەتەکە لاواز ئەبێت، بە پێچەوانەوە، من پێشنیارم ئەوەیە ئەم بابەتە دەربخرێت و بایەخی زیاتری پێ بدرێت، وەکو بەڕێزان باسیان کرد، ناوی ئەم شەهیدانەی چەکی کیمیاوی لە لیژنەیەکدا کۆبکرێتەوە و، بکرێت بە کتێب و نامیلکە بە زبانی بێگانە، بۆ ئەوەی گەورەترین چەک بێت بە دەستمانەوە کە ئەم تاوانە هەمیشە بە نێوچەوانی ئەو کەسانەوە بێت کە ئەم کارەساتەیان ئەنجام داوە، جگە لەمە من پێشنیارێکم هەیە بۆ بابەتی هەڵەبجە، هەڵەبجە گەورەترین غەدری لێ کراوە، گەورەترین قوربانی داوە، بەڵام جگە لە هەڵەبجە شوێنی تریش هەیە، من داوا دەکەم کە ناوی ئەو شوێنانەش بزر نەبن، بۆ نموونە گوندی (سەی سوێنان) لە ناوچەی قەرەداخ (٩٧)شەهیدی بە چەکی کیمیاوی هەیە، گوندی (جافەران) شەهیدی بە چەکی کیمیاوی هەیەو، گۆپتەپەی ئاغجەلەر (١٠٠)هاووڵاتی کوردی بێ تاوان بەچەکی کیمیاوی لەوێ شەهیدبوون، ئەو برایانەی کە ئەم جێگانە شارەزان کاک شێخ یەحیا کاک سیروان کاکەیی وکاک شێخ جەعفەرو کاک ئەکبەر کە ئەمانە پێشمەرگە بوون لەوێ و ئەزانن کە ئەم شوێنانەش لە یاد نەکرێن، جگە لە ناوچەی بادینان، بۆ ئەوەیش ئەمەش پاشکۆیەک بێت بۆ تەواو کردنی ئەو زوڵمەو ئەو چەکەی کە لە هەڵەبجەدا بەکار هێنراوە، پێشنیار دەکەم کە لیژنەیەک پێک بێت، جا پەرلەمان دەیکات، یا حکومەت دیکات، یا ئەو لیژنەی مافی مرۆڤە کە ئەندامان داوایان کردووە کە دروست بێت، بۆ ئەوەی کە ئەمە هەر بمێنێتەوە و، لە هەمان کاتیشدا بایەخێکی زیاتر بە شاری هەڵەبجە بدرێت، راستە ئێستا دوورە لە ژێر دەسەڵاتی شەرعییەت و حکومەتی هەرێمی کوردستان و کابینەی سێیەم، هەرچەند من قەناعەتم هەیە، ئەگەر لە ژێر دەسەڵاتی کابینەی سێیەما بووایە حاڵی باشتر دەبوو، چونکە کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەراستی ئێستا ئەو جێگایانەی کەوا لە ژێر کۆنتروڵی دان خەریکی پرۆژەن، خەریکی ئاوەدان کردنەوەن، خەریکی ڕێگا چاککردنن، هەموو بۆ خۆتان ئەیبینن، بۆ نموونە دوێنێ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان گۆڕەپانێکی لە ناو شاری هەولێر کردەوە، بە قەناعەتی من ئەم پرۆژانەی کە حکومەتی هەرێم دەیانکات جێگای خۆشحاڵیە و، هیوادارم بۆ هەڵەبجەو ئەو شوێنانەش بکرێت، بەتایبەتی من پێم خۆشە لەبارەی ڕاگەیاندنەوە ئەو

دوو سێ شتـه بکرێت، یەکـەم ناویان کـۆ بکرێتـەوە وچاپ بکرێت ولیـژنەیەکی بۆ پێک بێت وەربگێردرێ بە زبانی بێگانە و، لە هەمان کاتیشدا ئەو شوێنانەی وەکو ناوچەکانی بادینان و ئەو شوێنانەی کە ناویانمان بردن ئەوانەش لە راگەیاندنەکاندا ناویان بێت، چونکە (١٠٠)مرۆڤ لە شوێنێکدا بکوژرێت و تەنها هەر بلێین هەڵەبجە کیمیاوی لێی داوە، شوێنەکانی تریش حەقە ناویان بێت و، ببێتە عادەتێکی راگەیاندنی رەسمی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک ئازاد قەرەداغی، بەڕێز د. ئیدریس با بفەرمووێت.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نامەوێ ئەو قسانە دووبارە بکەمەوە کە هەندێ لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کردیان، بەراستی ئەوە لە ناو دڵی منیشدا بوو، بەڵام بێگومان ئەمڕۆ کارەساتێکی زۆر گەورە بەسەر میللەتی کورددا داهات بە کیمیاباران کردنی هەڵەبجەی شەهید، هەرچەندە پێویستە ئێمە وەکو کورد بە حکومەت و جەماوەریشەوە ئەو یادە قەت لە بیر نەکەین، زیاتر بایەخی پێبدەین و، یادکردنەوەی ئەو بۆنەیە بەس نییە بۆ هەڵەبجەی شەهید، بەراستی دەبێت کاریشی بۆ بکەین، ئێستا وەکو پێویست کار بۆ مەسەلەی هەڵەبجە نەکراوە، دەبێ کورد شتێکی وا بکات جارێکی تر کارەساتێکی وەکو هەڵەبجە، کارەساتی وا گەورەو دڵتەزێن روو نەداتەوە، لەساڵی ١٩٨٧ و پێشتریش هەندێ ناوچەی تر وەکو برادەران ئاماژەیان بۆ کرد، ناوچەی شێخ وەسانان و، بالیسان و، مەلەکان و، هەروەها ناوچەکانی ئاغجەلەر و، قەرەداخ و شوێنەکانی تر، ئەو کاتە دەنگی کورد نەدەگەیشتە جیهان، لەبەر ئەوە وای کرد کە کارەساتی هەڵەبجەش روویدات، کە گەورەتر بوو لەو کارەساتانەی پێشوو، بەڵام ئەوانیش بەپێی قەوارەی خۆیان کارەساتی گەورە بوون، سەبارەت بە میللەتی کورد، بەڵام پاش کارەساتی هەڵەبجە ویژدانی هەندێک لە وڵاتە گەورەکان جووڵا وبەگەڕ کەوت و، دەنگەکە بەرز بووەوە، ئەگینا لەوانە بوو کارەساتی گەورەتریش بەسەر میللەتی کوردا بێت، جا بۆیە زۆر لە جێی خۆیەتی کە بایەخێکی زۆر تەواو بە مەسەلەی هەڵەبجە بدرێ، بۆ ئەوەی جارێکی تر کارەساتێکی وا گەورە بەسەر میللەتی کوردا نەیەتەوە، لێرە پرسیارێک ئاراستە دەکرێ، ئایا دەبێت چی بکرێت بۆ سارێژ کردنی زامەکانی هەڵەبجەی شەهید؟ بۆ ئەو خەڵکەی کە تووشی ئەو کیمیا بارانە بووە؟ بۆ ئەو نەوەی کە ماونەتەوە؟، بۆ ئەو منداڵانەی کە ئێستا دەناڵێنن وتووشی شێوانی زگماکی بوون؟.

ئەو رۆژە لەوانەیە زۆربەی زۆری خەڵک لە شاشەی تەلەفزیۆنی کوێتی، فلیمێکیان بینی دەربارەی ئەو کارەساتەو هەندێ تۆژینەوەی پزیشکی کە کرابوو و، تەلەفزیۆنەکانی خۆشمان و تەلەفزیۆنی

هەرێم دووبارەیان کردووە. بەرای من پێویستە لە هەڵەبجەدا مەڵبەندێکی زانستی بەرز دروست بکرێت، و داوا بکرێت لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی جا چ ئەوان دەیکەن چ بە خۆمان بیکەین و دەستمان دەگاتێ، چونکە شوێنەواری ئەو کیمیابارانە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ دەمێنێ، دەبێت لێکۆڵینەوە لەسەر ناوچەکە و مرۆڤ و رووەک بکرێت، شێوانی خەلق بوون(تشویە خلقی) تا چ ماوەیەک دەمێنێ، هەروەها نابێ ئەو کۆمپانیایانەی چەکە کیمیاوییەکانیان داوە بە عێراق کە میللەتی کوردی پێ قڕ بکەن، (جنوساید)ی بکەن، دەبێ ناوی ئەو کۆمپانییایانە ئاشکرا بکرێ. هەروەها ئەو دەوڵەتانەی کە کۆمپانیاکان سەر بەوانن، چونکە لە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ (ئیکیۆسدا) ئەوان تا ئێستا حەزەریان هەیە ئەگەر ئەمرۆ رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە جیهاندا فشاریان بخرێتە سەر کە ناوی ئەو کۆمپانیایانە بدەن، چونکە ئەوە دژی مرۆڤایەتییە، شتێکە وا دەکات کە ئەم جۆرە کارەساتە لە دونیادا روونەدات بەتایبەتی سەبارەت بە میللەتی کورد. من پێموایە دەزگای شەهیدیش بەشێک لەبەرپرسێتی ئەودایە کە بایەخ بە مەسەلەی هەڵەبجەو شەهیدەکانی هەڵەبجە بدات کە ئیمرۆ ئێمە لەوێ بەشداریمان کرد ئەو دەزگایە گرنگە کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێم کە لەم پەرلەمانە پیرۆزە یاسایەکی بۆ دەرکردوو بریاری لەسەر دا و، ئیمرۆ بەکارکەوتووە، هەروەها دەربارەی ئەو برە پارەی کە پێشنیارکرا، من پێموایە ئەگەر بکرێ لەو برە پارەی بریاری (٨٩٦) کە برێکی زۆرە، بەشێکی تایبەت هەیە بۆ ئاوەدانکردنەوە، ئێمە دوێنێ کۆبوونەوەمان هەبوو لەگەڵ لایەنی یەکێتی لە (کۆیە) باسی ئەوە کرا کە بواری ئاوەدانکردنەوە زیاد بکرێ رێژەکەی لەم بوارە دەتوانرێ برێکی تایبەت تەرخان بکرێت بۆ هەڵەبجە کە زەرەرو زیانێکی زۆری لێکەوتووە، هەروەها داواش بکرێ لە نەتەوەیەکگرتووەکان کە لە رێژەی کوردستاندا بەشێک زیاد بکات بەتایبەتی بۆ هەڵەبجە لەم بریارە، کە ئەوان لە (١٣٪)یان داناوە دەتوانرێ بۆ نموونە ئەمە داوا بکرێ بەراستی هی کوردستان لە (١٥٪)یە، یانی لە (٢ و ٣٪) زیاد بکرێ، تەنها بۆ هەڵەبجە چونکە زەرەورو زیانێکی زۆری لێکەوتووە، یەک: بۆ دروستکردنی ئەو مەڵبەندە زانستییەی کە باسم کرد، دوو: بۆ ئەو کەسانەی کە زەرەرمەند بوونە لەکارەساتی کیمیا بارانەکە کە پێویستیان بە چارەسەرکردن و بە پشتگیری کردن و بە چاودێری هەیە، چونکە ئەوە مەسەلەیەکی زۆر ترسناکە بۆ دوا رۆژ، پێموایە ئەو شتانە دەبێ بکرێ بۆ هەڵەبجەو دەبێ ئێمە بەردەوامیش بین لەسەری تەنها یادکردنەوە بەس نییە ئێمە بۆ هەڵەبجە هیچمان نەکردووە، ئومێدەوارین رۆژێک بێت کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستی بگاتە هەڵەبجە و بەشداری لە خزمەتکردنی ئەو شارە بکات، چونکە لە راستیدا وەکو پێویست هیچی بۆ نەکراوە و منیش پشتگیری لەوە دەکەم کە لە پەرلەماندا لیژنەیەک هەبێت بۆ مافی مرۆڤ، چونکە

پێویستە ئەو ڕۆژە سەرۆکی هێژا مەسعود بارزانیش لێرە، لەو مینبەرە پیرۆزە ئاماژەی بۆ کرد کە ئێمە دەبێ بایەخ بە مەسەلەی مافی مرۆڤ بدەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک د. ئیدریس. مامۆستا مەلا تاهیر با بفەرمووێ.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

پێشەکی ئەڵێ « ومن طلب العلا من غیر کدٍ سیدرکها اذا شاب الغراب »، واتە ئەوەی بەرزی ویست بەبێ قوربانی پێی دەگات کاتێک قەلەڕەش سپی بێت، بێگومان ئەوە شتێکی مەحاڵە، مانای وایە گەلێک بیەوێ ئازاد بێت بەبێ ئەوەی کەوا قوربانی وەکو هەڵەبجە بدات ناتوانێ ڕۆژێکی وای دەستکەوێت، هەروەها مەسەلەیەکی تری عەرەبی هەیە دەڵێ: (الظفر بالضعیف هزیمە)، بێگومان سەرنەکەوتنی لایەنی بەرامبەر لە کارەساتی هەڵەبجە بووە، ئەمرۆ ڕۆژێکی مێژوویییە لە مێژووی کوردو کوردستاندا. ئەم پەرلەمانە لەم هۆڵەدا بە بڕیاری (٣٧) لە (١٩٩٢/١٢/٢١) دا ئەم ڕۆژەی بە ڕۆژی شەهید لە کوردستان داناوە، یادو بیرەوەری کارەساتی هەڵەبجەیە، کە بە هەزاران مرۆڤی گەنج و پیرو کچ و کوڕو ئافرەت و پیاو کۆرپەی ساوا بوونە قوربانی ژەهری وەشاندراوو کیمیا باران. هەڵەبجەو شەهیدە زوڵم لێکراوەکانی و دەربەدەرەکانی دەرگای جیهانی دەرەوەی لە کێشەی کورد کردووە، بۆیە ئێمە ئەمرۆ بۆ وەفاداری بۆ ئەو شەهیدانەو هەموو شەهیدانی کوردو کوردستان ئەمڕۆژەمان کردووە و بە ڕۆژی یادی ئەو مەزنانەو ڕەحم و ڕەحمەت و سۆزو فاتیحەیان حەقە بۆ بنێرین.

لەم ڕۆژە ماتەمینە ١٦ی ئادار ڕۆژی شەهید هەزاران هەزار ڕەحمەتی خوا لەسەر قوربانییەکانی شاری هەڵەبجەو سەرانسەری کوردستان لە کیمیاباران کراون وەکو بالیسان قەرەداغ و چەندەها شوێنی تر، ئەمڕۆ ساڵڕۆژی یادی کیمیابارانی شاری هەڵەبجەیە سەرخۆشی موسڵمانانی وڵات و گشت هاووڵاتییان و پەرلەمانی کوردستانیش پێش هەمووانەوە بێت بەکەسوکاری قوربانیان و شەهیدانی هەڵەبجە، کە دەروازەیان لەسەر سیستەمی گەلی کورد پێ لادراو بەجیهانی دەرەوەیان گەیاند و ناساند.

(لە ڕوانگەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە). شەهید واتە کەسێک کە خواو پێغەمبەر و فریشتە شاهیدی بەهەشتیان بۆ داوە و شەهید خوێنەگەشەکەی شاهیدی بۆ ئەدات.

شەهید واتە زیندوو حازرو نەمردوو، خوا ئەفەرمووێ (احیاء عند ربهم یرزقون) شەهید واتە کەسێک کە ڕۆژی دوایی ئەبینێ خۆی چ نازو نیعمەت و ڕێزێکی دراوەتێ و بۆی ئامادە کراوەو

لەناو گەلەکەشیدا ناوی هەتا هەتایە ناکوژێتەوە.
شەهیدو شەهادەت نازناوو لە قەبێکی ئیسلامییە بە ناوو ناوەڕۆکەوە ئیسلام پێشکەشی کردووە بە فیداکارانی ڕێگای حەق و ڕاستی و وڵات پەروەری.
سوپاسی بێ پایانی خوا دەکەین کە گەلی کورد ئەمڕۆ ئەتوانێ بەبێ پێچ و پەنا ئەو یادە بکاتەوەو سەرەخۆشی لەیەکتر بکەین.
ئەمڕۆ ڕۆژی یادی شەهیدەکانی هەڵەبجەیە ڕۆژی یادو بیرەوەری و دەرس و پەندو عیبرەتە ڕۆژی بەخۆهاتن و بیرکردنەوەیە ئەو ڕۆژەیە کە بکرێتە هۆی پشتیوانی لەیەکتری کردن تا گەلی کورد دەگاتە ئەو مەبەستەی، کە ئەو هەموو قوربانییەی لە پێناویدا داوە.
سەلام و سۆزو ڕەحمەت لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای حەق و ڕاستی و ڕێگای کوردایەتی ڕاستەقینە ئەوانەی کە بۆ دیفاع و بەرگری لە کەرامەت و شەرەفی کورد و باوەڕو عەقیدەکەی خۆیانیان بەخت کرد تا قەوارەیەکی شیاو بۆ کورد دروست بکەن، بۆ گیانی هەموو ئیمانداران و شەهیدانی کیمیا بارانەکانی کوردستان بەتایبەتی سڵاو لە گیانی پاکی ئەو سەردکردە قارەمانانەی کورد کە ڕێگای خەباتییان بە گەلەکەیان نیشانداو تا مافی کورد دابین بکرێ و خۆیان بەخت کرد لە پێناوی خاک و وڵات و گەلەکەیاندا تا ڕۆژێکی وەکو ئەمڕۆ بۆ ئەم گەلە دروست بووە ئێمە دەتوانین بە ئازادی ئەو ڕۆژانەی کە میحنەتی گەلی کوردە بەم شێوەیە یادی بکەینەوە دەرسی لێ وەربگرین، ئومێد دەکەم ڕۆژەکە ڕۆژی دەرس و پەند و عیبرەت بێ، پشت بە خوای مەزن سەرکەوتن بۆ گەلی کوردە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس ماموستا مەلا تاهیر. کاک شێخ جەعفەر با بفەرموویێ.

**بەڕێز جەعفەر عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی لەم یادە خەمناک و کارەساتەدا لەم کۆبستە گەورەدا، لەیادی ئەو تراجیدیای مەرگە ساتەدا، کەسێک ناتوانێ بەچەند وشەیەک ناخ و دەروونی خۆی دەربرێ، چونکە بەڕاستی ئەو کارەساتە دڵتەزێنە ئەو تراژیدیای کوشتنە نەک تەنها ویژدانی کوردی هەژاند بەڵکو ویژدانی هەموو مرۆڤ دۆستێکی هەژاند تەنها زەمیر و ویژدانی دوژمنانی کوردو کوردستان نەبێت کە وژدانیان مردووە.
لە دروشمی مەرگەزی پارتیدا لە سروودی ڕێبازی بارزانی نەمردا لە برگەیەکدا زۆر بە جوانی باسی هەڵەبجە دەکات کە دەڵێت: « ڕێی ئاراسەو هەندرێنە مەنزڵمان، پێناسەیە هەڵەبجەی زامی دڵمان» ، بەڕاستی ئەوە وەفایەکە بۆ شەهیدانی هەڵەبجە ئەوە ڕێزێکە بۆ ئەوەی ئەو یادە لەبیر نەچێتەوە.

دەساڵ لەمەوبەر لە وەها رۆژێکدا فڕۆکەکانی رژێمی عێراق شاری هەڵەبجەیان بۆردومان کرد لەچەند چرکەیەکدا زیاتر لە گیانی پێنج هەزار مرۆڤی کورد لە ژن و منداڵ و گەورەو بچوک کەوتە سەر زەوی و شارەکە بووە گۆڕستانێکی مەرگ، نەک هەر تەنیا مرۆڤ، بەڵکو پەلەوەرو ژینگەو دارو درەخت و ئاژەڵەکانیشی تیا نەمان. ژمارەیەکی زیاتر لەوە بریندار بوون بە کارەساتی کیمیا باران تووشی سەدان نەخۆشی کوشندە بوون کە زۆربەیان تا ئێستا بەو نەخۆشیانەوە ئەناڵێن و، لەوانەیە لە دوایشدا ببێتە هۆی دەرکەوتنی نەخۆشی کوشندەتر و کاریگەرییەکی خراپی هەبێ لەسەر ژینگە و تاماوەیەکی زۆریش ئەو کاریگەرییە بەردەوام بێت، ئەوانەی کەمانەوە، ئەوانەی کە لەدەست ئەم کیمیا بارانە رزگاریان بوو بەشێکیان روویان کردە ئێران لەوێ کەوتنە ئۆردوگاکانی ئاوارەیی ئێران ژیانی ئاوارەیی و تاڵی دووره وڵاتیان چێشت هەتا ئێستاش ژمارەیەکی زۆریان لەوێ هەر ئاوارەن، بەشەکەی تریشی کە گەڕانەوە ژێر دەسەڵاتی رژێم، رژێم نەک هەر ئەوان، بەڵکو هەر کەسێک ناسنامەی هەڵەبجەی پێ بووایە هەمووی کۆ کردنەوەو هێنانی بۆ ئۆردوگای بەحرکەو بەر حوشترو شاخوڵان بۆ ئەوەی لەوێ بەبێ ئاو، بەبێ نان، بەبێ توانای بەردەوام بوونی ژیان بمرن، بەڵام عەگیدی، جوامێری و دڵسۆزی و وەفاداری خەڵکی هەولێری بەشەرەف و دەروبەری وای کرد، کە ئەو پیلانە گڵاوەی رژێم سەرنەگرێ و وای کرد، کە رژێم نەتوانێ مەنعی گەیاندنی هاوکاری و یارمەتی خەڵکی بەشەرەفی هەولێرو دەوروبەری بکات و ئەوانی لەمردنێکی حەتمی ئەوەی کە مابۆوە لەو ئۆردوگایانە رزگاریان ببێت، زۆربەی وڵاتانی جیهان لە راگەیاندنەکانیاندا لە تەلەفزیۆن و رادیۆیاندا باسیان کرد و، لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا رێپێوان کرا و تەنها لەیەک شاردا قەدەغەکرا ئەویش کە مۆسکۆ بوو ئەو کاتە نەیهێشت رێپێوانەکە بکرێ و قەدەغەکرا.

هەڵەبجە لەو کاتەوە بۆتە سیمای زوڵم لێکراوی کورد بۆتە پێناسەیەک بۆ کێشە رەواکەی، بۆتە پێناسەیەک بۆ درندەیی دوژمنەکانی، بۆتە دەرگایەک بۆ ئەوەی کەوا مەزڵومیەتی کورد لێوەی بچێتە دەرەوەو جیهان بە کێشە رەواکەی بزانێ، ئەوەی کە جێی داخە تا ئێستا دەستی ئاوەدانی نەگەیشتۆتە ئەو شارە بەتایبەتی لەلایەن رێکخراوەکانەوە، هەروەها ئەوەی کە جێی داخە لەیادەکانی ئاداردا لە یادی لە دایک بوونی باوکی کورد بارزانیی نەمر هەموو بینیمان و بیستمان کە دەیان پرۆژە کرایەوە لە هەولێرو دەوروبەری و شوێنەکانی ژێر دەسەڵاتی کابینەی سێیەم دەیان بەردی بناغە دانرا بۆ پرۆژەکان، بەڵام بەداخەوە هەڵەبجە لەوەش بێ بەشە و، ئەوەی کە کراوە بۆی وا خەریکە ئەوەشی تیادا نامێنێ بۆیە من چەند پێشنیارێک دەکەم بۆ بەڕێزتان و بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و خەڵکی هەڵەبجە، هەڵەبجە مامەڵەی وا لەگەڵ بکرێ وەک و بەشێک لە ژێر دەسەڵاتی کابینەی سێیەم،

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، پرۆژەی ئاوی هەڵەبجە لەگەڵ چاککردنی شەقامەکانی ناو شار ساڵی (١٩٩٥) سەرۆکی هێژا جەنابی کاک مەسعود بارزانی بڕیاری لەسەردا، کە ئاو لە (ئەحمەد ئاوا)وە بگەینرێتە هەڵەبجە، هەروەها شەقامەکانی ناو شاری هەڵەبجە چاک بکرێنەوە و پارەی باشی بۆ تەرخان کرا بە هۆی سەرکردایەتی مەیدانی بەڕێزی کەرکووک سلێمانی و قایمقامی بەڕێزی ئەو کاتەی هەڵەبجەوە دەست کرا بە چاککردنی ئەو دوو پرۆژەیەو، ئەو دوو پرۆژەیە هەنگاوی باشی نا و زیاتر لە نیوەی هەردووکیان جێبەجێ کراوە، ئێستا بەشێکی کەمی ماوە ئەگەر بێت و کابینەی سێیەم، حکومەتی هەرێمی کوردستان مەبلەغێکی بۆ تەرخان نەکات بۆ گەیاندنی ئاوەکەو بۆ چاککردنی جادەکان، ئەوەشی کە کراوە بە فیڕۆ دەڕوات، جا تەرخان کردنی مەبلەغێک هەبێت، کە ئەو مەبلەغە لەوانەیە کەمترە لەو مەبلەغە ئەسڵییەی کە بۆی دانراوە، بۆ ئەوەی ئاوەکە لە ئەحمەد ئاواوە بگاتە هەڵەبجەو، ناو شەقامەکانی چاک بکرێتەوە یا لە پارەی حکومەتی هەرێم یا وەکو د. ئیدریس فەرمووی لە بڕیاری (٩٨٦) کە ئەوە کارێکی زۆر پێویستە، هەروەها پێشنیار دەکەم هەوڵ بدرێت کە ئەم رۆژە بکرێتە رۆژی هاوکاری لەگەڵ کورد و قەدەغەکردنی چەکی کیمیاوی لە جیهاندا و، هەروەها پێشنیار دەکەم بەهۆی دەزگا تایبەتەکانی سەر بە (UN)ەوە هەوڵ بدرێت فشار بخرێتە سەر ئەو کۆمپانیایانە یان ئەو وڵاتانەی کە کۆمپانیاکانیان هاوکاری رژێم بوون بۆ دروستکردنی چەکی کیمیاوی کە زەرەرو زیانی زۆریان بە گەلی کورد گەیاندوە قەرەبووی ئەو زەرەرو زیایانە لەلایەن ئەوانەوە بکرێتەوە یاخود لەلایەن حکومەتەکانیانەوە.

لە کۆتاییدا سەری رێزو نەوازش دائەنەوێنین بەرامبەر بە شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجەو سەرجەم شەهیدانی کوردستان و سەروەریان بارزانی نەمرو کاکە ئیدریسی هەمیشە زیندوو، رێزو ستایشمان بۆ سەبرو بەرگری کەسوکارو پاشماوەی ئەو خانەوادە سەربەرزو جەرگ سووتاوانە، ئیتر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک شێخ جەعفەر، کاک شێخ یەحیا با بفەرمووێ.

**بەڕێز یەحیا عبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەڵەبجە شاری شەهید، شاری مەرگەسات، شاری ژیان تیا تاسێندراو، شاری لە سێدارەدراو، بەر لە دەساڵ لە رۆژێکی وەک ئەمڕۆدا رق و کینەی دوژمنانی مرۆڤ و دوژمنانی بیروهەستی مرۆڤایەتی و دوژمنانی جوانی و خۆشەویستی، دوژمنانی کورد رق و کینەی پەنگ خواردوویان تەقییەوە بەسەر هەڵەبجەی جوانەمەرگدا بۆ یەک جاری کردیان بە مەزارگای شەهید، لە

دواچارەکی سەدەی بیستەمدا ساوای سەر بێشکەو پیری پەککەوتەو کیژۆڵەو کوڕگەل بە هەزاران سەربڕان، دەستی زوڵم و زۆرداری بیناقاقەی گرتن و هەزارانی بێ گوناه ژیان لە گەروویاندا تاسێندرا، ئەمڕۆ (۳/۱٦) ڕۆژی ماتەمی کوردانە یادی کارەساتەکانە، یادی (۲۰۰) هەزار ڕۆڵەی بێ سەرو شوێن کراوو، یادی چەند هەزار گوندی خاپوور کراوە، یادی بالیسان و یادی هەڵەبجەیە، یادی (سەی و سوێنان) و (گۆپ تەپە)یە، یادی زوڵم و ستەم بارینە لە کوردستانا، دەبا لەم ڕۆژەدا لە بیرەوەری دەیەمین ساڵی کۆستی هەڵەبجەی شەهیدا بیری دونیای پخەینەوە یادیان بێنینەوە. لە دوا چارەکی سەدەی بیستەمدا لە (۳/۱٦) میللەتی کورد تاوانێکی ئاوا گەورەی دەرهەق کرا، با دونیا مەزلومیەتی نەتەوەکەمان ببیستێ با بزانن کە ناحەزانی گەلەکەمان ئەگەر دەستیان نەگاتە کورد ئەنفالی کەن لە دووریشەوە بۆیان بکرێ کیمیابارانی دەگەن ئەیتاسێنن. با هەوڵ بدەین (۳/۱٦) ببێ بەو ڕۆژەی یادی هەڵەبجەی شەهیدی تیا بکرێتەوە و، ببێ بە ڕۆژێکی جیهانی بۆ بەرگری کردن لە ستەمدیدەکانی دونیا، ببێ بە ڕۆژی بەرگری کردن لە مافی مرۆڤ، با هەوڵ بدەین (۳/۱٦) ببێ بە ڕۆژی ریسواکردنی دوژمنانی مرۆڤ و ببێ بە ڕۆژی نەعرەتەی کوردایەتی، ببێ بە ڕۆژی مەشخەڵی ئاشتی و ئازادی و دیموکراتی.

ڕێزم هەیە بۆ هەموو پێشنیارەکان ئەوەی کە ویستم لەدوا وشەما بیری هەموو هێژایانی بێنمەوە هەڵەبجە بە گوێرەی دوا ڕاپۆرتی پزیشکی ئەبێ بگوێزرێتەوە، ژیان لەوێ ئیفلیج بووە، ناتوانرێ لە هەڵەبجەدا ژیان بەردەوام بێ، با ئەو ساوایانەی کەماون و ئەوانەی لە دوای ئەوەش ئەبن و ئەژین با ئەوان ڕزگار کەین لە مەرگ و لە نەخۆشی پیس و لە شێرپەنجە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ کاک شێخ یەحیا، کاک سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن،**

لەڕۆژێکی وەکو ئەمڕۆ بەر لە دە ساڵ دوای جەنگی جیهانی دووەم گەورەترین تاوان لەم چەرخەدا ئەنجام دراوە، دەرهەق شاری هەڵەبجەی شەهید و دانیشتوانی ئەم شارە. ئەویش لێدانیان بە چەکی کیمیاوی کە بوە هۆی شەهید بوونی هەزارەها کەس و زامدار بوونی زیاتر لە پانزە هەزار کەس و دەربەدەر بوونی دەیەها هەزار لە پیر وئافرەت ومنداڵی بێ تاوان.

ئەم تاوانە گەورەترین تاوانە دژ بە جاڕدانی گەردونی مافی مرۆڤ و یاساو پرۆتۆکۆلە نێو دەوڵەتیەکان و ئاینە ئاسمانیەکان.

لەم جێگا پیرۆزە دا داوا لە هەموو دەوڵەتە پێشکەوتوو خوازەکان و نەتەوە یەکگرتوەکان و ڕێکخراوە مرۆییەکان و ڕای گشتیی جیهانی دەکەین کە هەوڵ و هاوکاری لەگەڵ گەلە ستەمدیدەکەمانا بکەن و، هەوڵی لادانی دەست درێژی بەهەموو شێوەیەک لەسەری بکەن، تاوەکو

به ئاشتی و هێمنی لەسەر خاکی خۆی بژی و بتوانێ چارەنوسی خۆی وەکو گەلانی تر بەئاشتی و هێمنی دیاری بکات.
لەکۆتاییدا داوا لەخوای گەورە و پەروەردگار دەکەین کە شەهیدانی هەڵەبجە و گشت شەهیدانی کورد و کوردستان بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و، ئیتر ئاشتی و سەربەستی و برایەتی بۆ خەڵکی کوردستان خوازیارم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک سەفەر، کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کیمیابارانی هەڵەبجەی شەهید یان هێرۆشیمای کوردستان لەبەیانی ڕۆژی (١٦/٣/١٩٨٨) لەلایەن فڕۆکەکانی جەنگی عێراقەوە ویژدانی مرۆڤایەتی هەژاند، لەو ڕۆژەوە تا ئەمڕۆ جیهان ساڵانە یادی ئەم تاوانە نامرۆڤانە دەکاتەوە، لەوان چەند (کۆنگرێس مان)ێکی کۆنگریسی ئەمەریکی پرۆژەیەکیان عەرزی کۆنگرێس کرد کە پەیوەندیی هەبوو بە کیمیاباران کردنی هەڵەبجەوە، ئەگەر یادوەریم خیانەتم لەگەڵ نەکاتن، بڕیارەکی بێ پابەندی دەرچوو لە کۆنگرێسی ئەمەریکی بۆ زیندوکردنەوەی ئەم یادە.
پەرلەمانی ئەوروپی لەو ڕۆژانەدا، لەسەر هەمان بابەت گفتوگۆ دەکات. گەلێک کەسایەتی و سیاسەتمەدارو پسپۆری زانستی و ڕاگەیاندنی جیهانی، هاوسۆزیان لەگەڵ مەسەلەی کورد کردو دوای ڕوودانی قەسابخانەی هەڵەبجە زیادی کرد، زۆر هەڵوێستی مرۆڤانەو سیاسیان نیشان دا بۆ پشتگیری مەسەلەی ڕەوای کورد، پێش ماوەیەک پرۆفیسۆرەکی ئیتالیش داوای کرد کە ڕۆژی ١٦/ ئادار ببێتە ڕۆژەکی جیهانی بەناوی(ڕۆژی هەڵەبجە) دژی دروست کردن و بەکارهێنانی چەکی کیماوی و بایلۆجی و، لەناوبردنی هەموو کۆگاکانی ئەو چەکانە، من سێ پێشنیار پێشکەش دەکەم:
١ـ سوپاسنامەیەکی شەخسی بەناوی پەرلەمانی کوردستان کە نوێنەری ڕاستەقینەی میللەتی کوردە بنێرێت بۆ ئەو کەسایەتیانەی کە هەڵوێستێکی مرۆڤانەیان هەبوو دژی ئەم ڕوودانە تراژیدیە، یان ڕۆڵەکی گەورەیان هەبووە بۆ بەدەرخستنی ئەم تاوانە دڕندانەیە، چ پسپۆری زانست بن، یان پەرلەمانتار بن سیاسەتمەدار بن، یان کەسایەتی ڕاگەیاندنەکان بن.
٢ـ لە پەرلەمانی کوردستان داوا دەکەم کەوا سکاڵانامەیەک پێشکەشی دادگای تاوانی جەنگ بکات، ئەو فڕۆکەوانانەی کە ئەو ئەرکە دڕندانەیان جێبەجێ کرد، بدرێنە ئەو دادگایە.

٣ـ داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین فلیمێکی بەڵگەنامەیی رێکوپێک دەربهێنن، بەبۆنەی ئەم رووداوە لە دەزگاکانی راگەیاندنی جیهان بلاوبکرێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک ئیبراهیم، شەفیقە خان فەرموو.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوڵلا حەسەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لێرەوە سەرەخۆشی خۆم ئەگەیەنم بە دانیشتوانی شاری هەڵەبجەی شەهید و، هەموو دانیشتوانی کوردستان و، ئەوانەی کە خاوەن ویژدانن لە جیهاندا، گەرچی بێجگە لە هەڵەبجەی شەهید، ئێمە خاوەنی چەند شوێن و ناوچەیەکین کە ویران کراوەو خەڵکی تیا کوژراوە بەهۆی کیمیاباران، وەک شێخ وەسانان و دۆڵی بالیسان و، دۆڵی جافەتی و، قەرەداغ ، هەروەها دەڤەری بادینان و، چەمی ریزان کە تا ئێستاش شوێنەواری تیا دیارە، بەلام هەڵەبجەی شەهید سومبولی ئەو تاوانکارییەیە لە جیهاندا و، پەنجە نمای بۆ راکێشراوە، من لە روانگەیەکی زۆر تایبەتییەوە باسی هەڵەبجەی شەهید دەکەم، کە وەکو ئافرەتێک بە پێویستی دەزانم ببمە زایەڵەی ئەو ئافرەتە جەرگ سووتاوو هەناو رەش بووانەی کە بالایان شێواوە بە نقوم بوون لە نێوان خەردەل و ژەهراوی کیمیاباراندا، ئەوەش بەبەراوردکارییەک کە کراوە لە ساتە وەختی (١٩٨٨/٣/١٦)ـەوە هەتاوەکو ئێستا کە ئەو ئافرەتانەی زەرەرو زیانیان لێ کەوت لەم کارەساتەدا لە چەند خاڵێکدا، ژمارەیەکی زۆر لە ئافرەتان و، لە کیژانمان ئەوانەی لەو ناوچانەدا ژیان تووشی نەزۆکی بوون و، ژمارەشیان رۆژ بە رۆژ لە زیادبوون دایە ئەوەش لە بەراوردکارییەکی راگەیاندندا کە دوێنێ شەو تەلەفزیۆنی یەکێک لە حزبەکان رایگەیاند لە هەشت هەزارەوە تا ئێستا گەیشتۆتە سیانزە هەزار ئافرەت کە تووشی نەزۆکی بوون ئایا چارەسەری ئەم ئافرەتانە چۆن دەکرێت و گوناهیان چییە لە ژیانی خۆیان بێ بەری بن لە کۆرپەی خۆشەویست؟ هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە ئافرەتان تووشی نەخۆشی لەبارچوون بوون و، کۆرپەکانیان بە ناکامی دێتە دنیاوە کە رۆژ بە رۆژ ئەمانە ژمارەیان زیاد دەکات هەتا ئێستا گەیشتۆتە (٢٢) هەزار ئافرەت و، بەراوردێک کە کراوە لەو روانگەیەوە، ئەوەیە کە هەندێک منداڵ بە شێواوی بڕبڕەی پشتیان دەبن ئامانە ژمارەیان زۆر زیاد دەکات لە (٣٦) حاڵەتەوە کە ساڵی (١٩٩١)دا سەرژمێر کراون بووە بە (١٤٣) حاڵەت، کە ئەمە بە پێنج ئەوەندە زیاتر زیادی کردووە، ئایا چارەسەری ئەم کارەساتەو ئەم حاڵەتە چۆن دەکرێ؟ هەروەها ژمارەی ئەو ئافرەتانەی کە تووشی نەخۆشی دەروونی بوون، کە شێت بوون لە ساڵی (١٩٩١)دا هەشت ئافرەت بووە ئێستاکە بووە بە (٤٣) ئافرەت، واتا ساڵ بەساڵ لە زیادبوون دایە رێژەیەکی زۆر گەورەیە و، بۆ بەربەستی ئەم حاڵەتە چەند خاڵێک پێشنیار دەکەم و، هیوادارم بە هەوڵی پەرلەمانی کوردستان و، بە هەوڵی خاوەن ویژدانەکانی جیهان بەربەستی ئەم حاڵەتە بکرێ، یەکێک لەوانە دەزگایەکی تایبەتی دروست بکرێ بۆ دەستنیشانکردن و ناونووسینی ئەو کەسانەی کە تووشی ئەو نەخۆشیانە بوون و دۆزینەوەی چارەسەر بۆیان.

دووەم: دەزگایەکی تایبەتی دەستنیشان بکرێ بۆ بەخێوکردنی مندالە دابراوەکان و، ئەو کەسانەی کە تووشی کەم ئەندامی بوون.

سێیەم: کۆنگرەیەکی زانستنی رۆشنبیران ببەسترێ بۆ ئەوەی ئەو بابەتە لە هەموو لایەنێکەوە دەرسبکرێ هەتا دەستەی نووسەران بانگهێشت بکرێن، خۆزگە خاوەن ویژدانەکانی جیهانیش لەو کۆنگرەیەدا ئامادەبوونایە.

چوارەم: مۆزەخانەیەک بکرێتەوە لەو شتانەی کە ماون لە شوێنەواری کیمیاوی باران و، ئەو تۆپانەی کە پێوەی نراوە، ئەو جۆرە خەردەلەی کە تیارژاوە با بمێنێ هەتا هەتایەو، ئەوە لە دلی کوردستاندا بمێنێتەوە، چونکە خاوەنی گەورەترین کارەساتە پێنج هەزار مرۆڤ، پێنج هەزار خاوەن ژیان لە کوردستاندا بە چاو تروکاندنێک لەدەست چوون، هەروەها ناوچەی هەڵەبجە ئێستاکە بۆ ژینگەی مرۆیی هەتا پەل و پەلەوەرو ئاژەڵ نەماوە، چونکە سەرچاوەی ئاوەکان هەمووی خەردەلی تیادایە ئەمەش شوێنەوارەکەی لەو ئامارە بەراوردکارییەی دەردەکەوێت کەوا رۆژ بە رۆژ زیاد دەکات. داوکارم ئەوەش چارەسەر بکرێ و، ئەو هەولەی کە ئەدرێ بۆ ئەوەی ئەو شوێنەی کە ئاوەدان دەکرێتەوە ئەوە وەکو مۆزەخانەیەک بکرێتەوە با لەبەر چاوی خاوەن ویژدانان بێ ئەوانەش کە چاوەڕێی کارەساتی رەش بینی دەکەن بۆ گەلان تۆزێک بە خۆیاندا بچنەوە لە روانگەی ئەم کارەساتەوە، لەگەڵ رێزو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ شەفیقە خان، مامۆستا مەلا مەحمود دێرشەوی فەرموو.

**بەڕێز مەلا مەحمود فەندی دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم «ولا تحسبن الذين قتلوا في سبيل الله امواتا بل احياء عند ربهم يرزقون» . صدق الله العظيم.

هێژا سەرۆکی پەرلەمانێ، بەراستی کاتێک مرۆڤ باسی هەڵەبجە دەکات، یان هەڵەبجە دێنێتەوە بیری خۆی، هەر کوردەکی خودان ویژدان و شەرەف، یان هەر مرۆڤەکی خودان ویژدان، هەڵەبجەی لە بیر ناچێت، بەلێ بە چ شکلی باسی هەڵەبجە بکات؟، باسی مرۆڤی هەڵەبجە بکات، بەو رەنگە، یان باسی ئاوایی و خانوو مەنزلی هەڵەبجە بکات، بەو شێوەیە وەکی دێوان کە بەبلدۆزەران هەڵیان وەشاند، دورێکە لە تاجی خەباتی بزاڤی ئازادی خوازی گەلی کورد، ئەستێرەکی گەشە لەئاسمانی خەباتی گەلی کورد، هەڵەبجە چەند گرانی و دڵ تەنگی و دڵ رووشاندنی تێدا بێ بۆ میللەتی کورد لە هەمانکاتدا رێگایەکی خەباتی میللەتی کوردە، چونکە هەروەکو هەموو دەزانین هەموو دارێک بەئاو پێدەگات و بەرهەمی دەبێ تەنها داری ئازادی نەبێ کە بە خوێن پێدەگات و بەردەگرێ. ئێمە هەر چەندە بلێین ناتوانین باسی هەڵەبجە بە تەواوی بکەین، ئەگەر نەوەکی دوای ئێمە بێن قەد بیرناکەنەوە کەدرندایەتی و دژایەتی دوژمنی کورد

لەگەڵ کورد گەیشتبێتە ئەو رادەیە،لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم هەروەک لەساڵی ١٩٩١یش وەکو یەکێتی زانایان پێشکەشی بەرەی کوردستان و سەرکردایەتی پارتی و یەکێتیمان کرد، گوتمان هەڵەبجە وەکو خۆی بمێنێ بەشێوەی مۆزەخانەی جەنگی (متحف حربي)،مۆزەخانەی سەربازی (متحف عسکري)، مۆزەخانەی مێژوویی (متحف تاريخي) بۆ میللەتی کورد، مامەڵە کردنی دوژمنانی میللەتی کورد لەگەڵ گەلی کورد بخاتەروو، چونکە لەوانەیە(١٠)ساڵ(١٠٠)ساڵی تر خەڵکێک بێت باوەر بەم کارەساتە نەکەن کە بەسەر هەڵەبجەدا هاتووە، من دیسان ئەم پێشنیارە پێشکەش پەرلەمانی کوردستان و هەموو کوردێکی دڵسۆزی دەکەم، هەروەکو برادەرانیش ئاماژەیان بۆ کرد، هەڵەبجە جێگای ژیانی تێدا نەماوە لە ئەنجامی ئەو کیمیاو ژەهراوی بوونە، لەبەر ئەوە با شوێنی بگوردرێ، بەڵام خراپ نەکرێ، لەهەمان کاتدا بەرهەمێکی لەو مۆزەخانەیە ببێتە وەستانێک لەسەر رووحی شەهیدانی هەڵەبجە، پەیکەرێکی لەدەروازەی هەڵەبجە دابندرێ ناوی شەهیدانی هەڵەبجەی لەسەر تۆمار بکرێ.

دووبارە دیسان من دەڵێم سەر بڵندی و سەر بەرزی وبەردەوامی بۆ شەهیدانی هەڵەبجە بێ و سەر شۆری ورووڕەشی بۆ دوژمنی کورد بێت. ئێمە پێی دەڵێین هەروەکو شعری سەیدا جگەر خوێنی کە شەهیدی پێشەوا سەرۆکی کۆماری مهاباد لە سێدارە درا گوتی:

ئەی ترومان کوشتنا قازی محەمەد کا چیە؟

ئەی عەداله ئێوە راسپاردەی حوکمی دیموکراتیە، بەکوشتن وزیندانی کورد نامرێ. میللەتی کورد بە کیمیایی و کوشتن وسوتاندن و تالان کردن و راگوستن وبە بەعس و بەعەرەب کردن و بەتورک کردن نامرێت.

جارەکی تر سەر بڵندی بۆ شەهیدی کورد پێشەواو سەرقافلەی شەهیدانی کورد و رێبەری ئازادیخوازی کورد بارزانیی نەمرو هەموو شەهیدانی کورد سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ مامۆستا مەلا مەحمود، ئەو برادەرانەی کە ویستیان لەسەر ئەم بابەتە قسە بکەن، هەموو قسەی خۆیان کرد. لەکۆتایدا دوو خاڵ لەسەر ئەم بابەتە ماوەتەوە یەک پێشنیاری بەڕێزان، بەگشتی کۆمەڵێک پێشنیار کرا هەندێکی هاوبەش بوون،جەنابی سکرتێری پەرلەمان کورتی کردووە، کە ئێستاکە بۆتان ئەخوێنێتەوە بۆ ئەوەی وەکو چەند پێشنیارێک مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین،خاڵی دووەمیش بەباشمان زانی لەبەر رۆشنایی ئەو پێشنیارانە چەند برادەرێک دەست نیشان بکەین بۆ جێبەجێ کردنی هەندێک لەو خاڵانەی کە لەو پێشنیارانەدا هاتوون، چونکە ئیش گەرماوگەرم بێ خۆشە،ئەو پێشنیارانەی کە لێرە هاتوون هەندێکی لەوانەیە پێویست بێت زوو وەڵامیان بۆ ئامادە بکەین،یاخود ئیشی بۆ بکەین، پێشنیار دەکەین ئەو لیژنەیە ئەو ناوانەی تێدا هەبێت، ئەگەر ئەو بەڕێزانە وەختیان هەبێت و هاوکاریمان لەم مەسەلەیە لەگەڵدا بکەن، کاک شێروان ،کاک عبدالخالق،کاک د.ئیدریس،کاک د.رزگار،کاک ئیبراهیم سەعید.

ئەگەر ئەم برادەرانە مامەڵەیەکمان لەگەڵ ئەو پێشنیارانە بۆ بکەن،ئەوەی پێویست بێ بیکەین ئامادەی کەن پاشان دانیشتنێکیان لەگەڵ دا ئەکەین،کە هەر یەک بە قەناعەتی خۆیان بتوانین زوو بەزوو کاری بۆ بکەین، بە تایبەتی ئەو پێشنیارانەی کە پەیوەندیان بە(UN)ەوە هەیە،وەکو ئەزانن لەم ڕۆژانە لەوانەیە باسی ئەو بابەتە بکرێ وبەڕێز وەزیری کاروباری مرۆڤایەتیش کەلەسەر خواست و پێشنیارو فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ئێستا لە دەرەوەیە بەپرۆگرامێکی ڕێک و پێک بۆ ئەوەی بتوانێت لەسەر ئەم بابەتە لەگەڵ کاربەدەستان و بڕیاردەرانی (UN)دا قسە بکات بە گشتی لەسەر ئەو بەشەی کە پەیوەندارە بە کوردستانەوە کاک د.ئیدریسیش ئاماژەیەکی بچووکی بۆ دانیشتنەکەی دوێنێ کرد کەهەردوولا با بڵێین یەکێتی و پارتی دوێنێ کۆبوونەوەکیان کردووە، ئەو کۆبوونەوەیە پەیوەندار بوو بە لیژنەی بڕیاری (٩٨٦)کەهەردوولامان پارتی و یەکێتی دەسنیشانمان کردووە بۆ گفتوگۆ و باس کردنی ئەم بابەتە بۆ ئەوەی بەیەکەوە داخوازیەکانی هەرێمی کوردستان و پێداویستیەکانی بخەینە بەردەمی دەزگا نێو دەوڵەتیەکان و ئەوەی کەمن لە کاک د. ئیدریس سەرەتا گوێم لێ بوو ئەوەیە کە دانیشتنێکی سەرکەوتووانە بووە، جێگای ئومێدێکی گەورەشە کە ئێمە سەرەڕای هەموو ناکۆکییەکمان بتوانین لەم خاڵەدا بەیەکەوە ڕووبەڕووی دونیا ببینەوە، ئەوە بەتەنهاو هەر خۆی لە خۆی دا هەنگاوێکی پیرۆزە.

ئەگەر هیچ تێبینیەک لەسەر ئەو پێنج ناوە نەبێ کە دەست نیشانمان کردووە ئەوا با دەست پێبکەن، عادەتەن لیژنەش کەم بێت باشترە بۆ ئەوەی دوایی ئەمانە هەمووی بخەینە بەردەمی ئێوەی بەڕێز ،کاک عەبدولخالق وابزانم قسەیەکی هەیە فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم بەڕێز کاک ئەکرەم عاشوریش لەو لیژنەیەدا بێ، دووش ئەگەر بکرێت لەو دانیشتنە،هەروەک زۆربەی زۆری برادەرانی پەرلەمان داوایان کرد کەلیژنەیەکی مافی مرۆڤی ڕۆژی (١٦)ی ئاب پێک بهێندرێ بەو بۆنەیەو داوا دەکەم کە ئەمە ڕابگەیەندرێ ،چونکە باشترین بەرپەرچ دانەوەیە بۆ پێشێل کردنی مافی مرۆڤ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک عەبدولخالق،داوایەکەت ئاراستەی سەرۆکایەتی کراوە،ئێمە لێی دەتوژینەوە بەیاری خوا یار بێت لەم دانیشتنەی ئێستاکە بەر دەوام ئەبین، ئێمە ئەو پێشنیارە دەخەینەبەردەم پەرلەمان و لەبەرنامەی کاری دانیشتنی ئایندەماندا دڵنیاین هەموومان پشتگیری پێشنیاری زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی پەرلەمان دەکەین، دوایی من و کاک شێروان ئیمزامان نەکردووە، ئێستاش بەڕێز سکرتێری پەرلەمان ئەو پێشنیارانەی کە کورتی کردۆتەوە دەیخاتەبەردەمی بەڕێزتان، کە تەبەنیمان کرد، پاشان با لیژنەکە مامەڵەی لەگەڵ بکاو ئەوەی پەیوەندی بەدەرەوە بێت زوو موزەکەرەی بۆ ئامادەبکرێ وئەوەی پەیوەندی بەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بێ ئێمە

بەرچاویان دەخەین وئەوەی پەیوەندی بە دەزگای دیکەیشەوە هەبێت دیسان باسی لەسەر ئەکرێ، ئەمە تەنها وەکو رێنمای و پێشنیارێکە بابەرێز سکرتێر بفەرموێ.

**بەرێز شێروان ناسح عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەرێــز ســـــەرۆکی ئــەنجـــــومـــــەن.**

لەراستیدا چەندین پێشنیارو راو بۆچوون و تێبینی لەم دانیشتنە پێشکەش کرا،ئەوەی پێمان دەست نیشان کرا خاڵ بەخاڵ نووسیومانەتەوە ئەوەی پێشمان دەست نیشان نەکرا ئەگەڕێینەوە بۆ مەحزەرەکان لەلایەن ئەو لیژنەیەوە دەست نیشانی دەکەین.

١-پێشنیاری پێشکەش کردنی مینحەیەک لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ شاری هەڵەبجەی شەهید بۆ پرۆژەکان خزمەتگوزاریی و ئاوەدانکردنەوە ئەوە پێشنیارێک بوو لەلایەن د.رزگارەوە پێشکەش کرا.

٢-هەوڵ بدرێ سـەردانی گـۆڕسـتـانی بەکـۆمـەڵی هەڵەبجـە بکرێت لەرێگای حـزبە کوردستانیەکانەوە،ئەوە پێشنیارێک بوو لەلایەن د.رزگار کرابوو.

٣-دروست کـردنی پەیکەرێک ناوی شـەهیـدانی هەڵەبجـەی تێـدا تۆمـار بکرێت، ئەوەش پێشنیارێک بوو لەلایەن فەوزیە خانەوە.

٤- پانۆرامایەک لە پایتەختی هەرێمی کوردستان ئەنجام بدرێت لەرێگای هونەرمەندانەوە، ئەمەش پێشنیارێک بوو لەلایەن فەوزیە خانەوە.

٥- داوای زەرەر بژاردنی شەهیدانی کارەساتی هەڵەبجە بکرێت لەو کۆمپانیانەی کە لەگەڵ رژێم مامەڵەیان کردووەو ئەو جۆرە چەکەیان پێ فرۆشتووە، ئەوەش پێشنیارێک بوو لەلایەن فەوزیە خانەوە.

٦- ناوی شەهیدانی ئەم کارەساتە لە پەرتووکێ یان کوراسێک تۆمار بکرێ، جا هەر لایەنێک بکات، ئەوەش پێشنیارێک بوو لەلایەن بەرێز ئازاد قەرەداغیەوە.

٧- دروست کردنی بنکەیەکی زانستی لە هەڵەبجە، بۆ ئەوەی لێـتـوێژینەوەی زانستی لەو ناوچەیە بەردەوام بێ لەهەمـوو روویێکەوەو ببـێـتـە مـایەی ئەوەی کـە یارمـەتی ئەوانە بدرێت کـە زەرەرمەند بووینە لە رووی تەندروستییەوە، ئەوەش پێشنیارێک بوو لەلایەن د.ئیدریسەوە.

٨- بواری ئاوەدانکردنەوە زیاد بکرێ لە شاری هەڵەبجە لەو رێژەیەی کە بۆیان داندراوە، ئەوەش پێشنیارێک بوو لەلایەن بەرێز د. ئیدریسەوە.

٩- رۆژی هەڵەبجە بکرێت بە رۆژی مافی مرۆڤ ومەشخەڵی ئاشتی و ئازادی ودیموکراتی ئەوەش پێشنیارێک بوو لەلایەن بەرێز کاک شێخ یەحیا.

١٠- سوپاسنامەیەک ئاراستەی ئەو کەسانە بکرێت کە رۆڵیان هەبووە لە دیارخستنی کارەساتی هەڵەبجەی شەهید ئەوەش پێشنیارێک بوو لەلایەن بەرێز کاک ئیبراهیم سەعیدەوە پێشکەش کرا.

١١ـ دادگـایی کـردنی ئەو کـەسـانەی کـە بەشـداریان لە کـارەسـاتی هەڵەبجـەدا کـردووە ئەمـەش پێشنیارێک بوو لەلایەن بەڕێز کاک ئیبراهیم سەعیدەوە پێشکەش کرا.

ئەمە بوو ئەو خاڵانەی کە دەستنیشانمان کردن هەروەکو ئاماژەشم بۆ کرد ئەوانەی کە دەستنیشانمان نەکردوون دوایی ئەوە لە مەحزەرەکان خاڵ بەخاڵ پێدا دەچینەوە لەلایەن ئەو لیژنەیەی کە دروست کرا خاڵێکی تریش هەیە ئەمەوێ ئاراستەی بەڕێزتان بکەم ئەویش پێشنیارێکە لەلایەن بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانەوە هاتووە بۆ دروست کردنی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان، ئێستاش داوایەکەتان بۆ دەخوێنمەوە.

**بۆ/بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**

**سلاوێکی گەرم**

ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان کە لە خوارەوە ئیمزامان کردووە بەبۆنەی تێپەڕبوونی (٥٠) ساڵ بەسەر بانگەشەی مافی مرۆڤ لەجیهان کە لەساڵی ١٩٤٨لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسەند کرا وە لەسەر رۆشنایی ووتە بە نرخەکەی بەڕێز سەرۆک مەسعوود بارزانی لە رۆژی ١٩٩٨/٣/٩ لە یەکەم دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان خولی یەکەمی ساڵی حەوتەمدا کە تەئکیدی کرد لەسەر پێڕەو کردن بە بەڵگەنامەی مافی مرۆڤ، بەو بۆنەیەوە پێشنیار دەکەین لیژنەیەکی مافی مرۆڤ لە پەرلەمان پێک بهێندرێت لەبەر ئەوەی پێویستە گرنگی بەتایبەتی بەبۆنەی یۆبیلی زێڕینی ئەو جارە بدرێ ودەنگی دیاری دەبێ بۆ ناوبانگی پەرلەمان ومیللەتی کورد لەجیهاندا.

لەگەڵ رێزمان.

بەڕێزان ئەو پێشنیارەش هەروەکو پێشنیارێکە کە زیاتر لە(١٠)ئەندام ئیمزایان کردووە، رێچکەی خۆی وەردەگرێ بۆ لیژنەکانی تایبەتمەند دەنێردرێ بۆ ئەوەی لێی بتۆژرێتەوە وە بەم بۆنەیەوەش ئێوە باش دەزانن ئێمە هەموار کردنی پێڕەوی ناوخۆمان بەڕێوەیە وە لیژنەیەکی تایبەتی بۆ ئەم مەبەستە دروست کراوە، لەهەموار کردنی پێڕەوی ناوخۆش ئەتوانین ئەوتۆژینەوانە بکەین لەگەڵ هەموارەکە پێشکەش بە پەرلەمانی بکەین بۆ ئەوەی بڕیاری گونجاوی لەسەر بدا لەگەڵ رێزماندا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی سکرتێر، من یەک تێبینیم هەبوو، ئەو پێشنیارەی لیژنەی مافی مرۆڤ و ئەوەی رۆژی(١٦ئاب)ی کاک عەبدولخالق زیاد بکرێ، چونکە لە راستیدا لەوەوە دەستی پێکرد و هەر لەگەڵدا بوو و ئاگادار بوو، ئەو پێشنیارانەی کە کران بێگومان هەموو برادەران کە ئەوانەی قسەیان کرد ئەوانەش کە قسەیان نەکردووە لەو قەناعەتەین پشتگیری لێ ئەکەن، ئەو پێشنیارانە وەکو گوتمان ئەدەین بە لیژنەکە، ئەگەر چ تێبینی تر لەسەر پێشنیارەکان ماوە، بادوایی بدرێ بە لیژنەکە بۆ ئەوەی لەبەر چاو بگیرێ کاک، سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی هەر بۆ مێژوو لەساڵی دەست پێکردنی پەرلەمان پرۆژەیەکمان پێشکەشی پەرلەمان کرد بوو بۆ پێکهێنانی لیژنەیەکی مافی مرۆڤ، وابزانم ئێستاش لەوانەیە هەر مابێ، ئێمە ئێستاش ئیمزامان کردووە و پشگیری دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، وابزانم ئەوەی پەیوەندی هەبێ بەم بابەتەوە کۆتایی پێهات، دیسان دووپاتی دەکەمەوە هەر پێشنیارێک هەر شتێکی تریش هەبوو دوایی بخرێتە بەردەم برادەرانی ئەولیژنەیە. سوپاسیش بۆ کاک عەبدولخالق کە کاک ئەکرەمی بۆ ئەولیژنەیە پێشنیار کرد، لەڕاستیدا ئێمە وتمان لەگەڵ کاک یۆنادم یان کاک شمائیل و برادەران قسە بکەین، لیژنەکە ئەبێ بە (٦)کەس: کاک شێروان، کاک عەبدولخالق، کاک د. ئیدریس، کاک د. رزگار، کاک ئیبراهیم سەعید و، کاک ئەکرەم عاشوریش، ئەم لیژنەیە بەیاری خوا ئیش وکارو ئەرکی خۆیان ئەبینن و ئێمە دوای ئەم دانیشتنە لەوانەیە بتوانین نیو سەعاتێک لەگەڵیاندا دابنیشین بۆ ئەوەی پێشنیارەکانیان بدەینێ و، بەرنامەی ئیشەکەش دەست نیشان بکرێت، بۆ ئەوەی دەست بەکار بن لە کۆتایی ئەم بڕگەیە ئێمە بەناوی سەرجەم ئەندامانی پەرلەمانەوە پرسەو سەرەخۆشی ئاراستەی بنەماڵەی شەهیدانی هەڵەبجەی شەهید و گشت شەهیدانی کوردو کوردستان دەکەین، سوپاس و پێزانینی پەرلەمانی کوردستانیش بۆ هەموو ئەو خەڵکەی کە لە ناوەوەو لە دەرەوە هاوکاری میللەتی ئێمەیان کرد بۆ ئەوەی هەڵەبجە ببێت بەو هەڵەبجەیەو دەنگ بداتەوەو وەکو کارەساتێک بگاتە هەمووماڵێکی سەر ئەم زەمینە، ناکرێ لێرە ئێمە ئەو راستیە نەڵێین، جونکە بە کۆمەک و هاوکاری خەڵکێکی زۆر توانرا هەڵەبجە زیندوو بکرێتەوە، ئەگینا وەکو یەک دوو برادەر لە ئەندامانی پەرلەمان ئاماژەیان بۆ کرد وەکو هەموو کارەساتەکانی تر بزر ئەبوو ئەچووە توێی مێژووەوە، لێرە مرۆڤ ئەبێ هەق بڵێ مادام باس لەسەر باسی هەڵەبجەیە کۆماری ئیسلامی ئێران دەورێکی باڵایان هەبوو لە رزگارکردنی ئەو بەڵگەنامە مێژووییانەی کە کارەساتی هەڵەبجەی کرد بەو کارەساتە، من لێرە سەرەڕای خاڵی دووهەممان کە تۆزێک گلەیی و گازاندەیە ئێمە نابێت ئەو راستیە لە بیر بکەین، سوپاسی هەموو دەزگا راگەیاندنەکانی دونیا ئەکەین کە هاوکاری میللەتەکمان بوون بۆ وێنەگرتنی ئەو کارەساتەو دیارکردنی، وەکو گووتم ئەو کارەساتەیان بردە هەموو ماڵێکی ئەم دونیایەوە. بەم بۆنەیەوەش هەقە سوپاسی شاری هەولێری خۆشەویست بکەین، شاری هەولێرو، خەڵکی هەولێر دەورێکی باڵایان هەبوو، بۆ ئەو رۆژە ئەوە تەحەدایەک بوو بۆ رووبەرووی کاربەدەستانی رژێمی بەغدا، ئەو رۆژەی کە بە هەزارەها خەڵکی ئێمەی بریندار، خەڵکی ئێمە کە تووشی ئازاربوون لە ئاکامی ئەو کیمیابارانە، یاخود لە ئاکامی ئەنفالەکان بە هەستێکی کوردانەوە وەکو مەرد تەحەدای هەموو شتێکیان کرد، هەریەک بە گوێرەی توانای خۆی و، هەریەک بە شێوازی خۆی خۆشەویستی

و هاوکاری دڵسۆزی لەو ڕۆژە ڕەشەو ناخۆشە گەیاند بەو خەڵکەی ئێمە لەو ئۆردووگایانە، جا (بەحرکە) بێت، (قوشتەپە) بێت، (بەر حوشتر) بێت، یان جێگاکانی تر، هەقە ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان وەکو نوێنەری خەڵکی کوردستان لەسەر ئەو هەڵوێستە سوپاسی خەڵکی شاری هەولێر بکەین، خوا هەمیشە پشتیوان و هاوکاریان بێت و بەردەوام بن لەسەر ئەو هەڵوێستە جوامێرانەیان، ئێمە ئەم خاڵە لێرەدا کۆتایی پێدێنین و پشوویێکی کورت ئەدەین و پاشانیش دەگەڕێینەوە هۆڵی کۆبوونەوە بۆ ئەوەی بێینەوە سەر خاڵی دووەمی بەرنامەی ئەمڕۆمان، من بەش بەحاڵی خۆم سوپاسی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و برا وەزیرەکان و هەموو ئەو بەڕێزانە ئەکەم کە قسەیان لەسەر کردو، پێشنیاریان لەم بابەتە هەبوو، سوپاسی ئێوەی بەڕێزیش ئەکەم بۆ ئەم دانیشتنە، ئەم خاڵە لێرە کۆتایی پێ دێ.

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (١)

## کۆبوونەوەی دووەم / دووشەممە رێکەوتی ١٩٩٨/٣/١٦

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیاری هەندێک لە ئەندامانی پەرلەمان بوو کە ویستیان کەمێک گفتوگۆ لەسەر بارودۆخی پەنابەرانمان بکەن کە لە ئێران دەژین، بەتایبەتی گرتنی کۆمەڵێک لە پەنابەرەکانمان و شەهید کردنی کاک تەحسین ئەرگوشی.

وەکو ئەزانن ڕۆژی ١٩٩٨/٣/٥ تەرمی پیرۆزی شەهیدی نەمرمان کاکە تەحسین حاجی ئەرگوشی لەلایەن کار بەدەستانی پارێزگای ورمێوە، لە ئۆردوگای ئاوارەکانمان لە (زێوە)تەسلیم بە کەس و کاری کرا، کە لەلایەن دەزگای ئیتیلاعاتی بەدناوی کۆماری ئیسلامی ئێران گیرابوو، هەرچەندە گفتیش درابوو کە ئازاد بکرێ، بەڵام لەجیاتی ئازاد کردنی ئەو پەناهەندە بێ گوناهە، دەزگای ئیتیلاعاتی کۆماری ئیسلامی ئێران بە ئەشکەنجە شەهیدی کردو تەرمەکەیان دایەوە کەس و کاری. شەهید تەحسین حاجی ئەرگوشی یەکێک بوو لە نزیکەی نیو ملیۆن هاوولاتی کوردمان، لە پێشمەرگەو ئەندام و لایەنگیرو کادیران و سەرکردەکانی پارتی و شۆڕش کە لەگەڵ بارزانی نەمردا پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول روویان لە ئێران کرد، ئەوەیش بە هۆی پیلانە شومە نێودەوڵەتییەکەی (٦)ی ئاداری ساڵی ١٩٧٥بوو. ئەو پیلانەی کە هەردوو جەمسەر و زلهێزی ئەو سەردەمە، ئەمریکاو سۆڤێتی ئەوسا بە هاوکاری و مبارەک بایی چەندەها وڵاتی ئیقلیمی و عەرەبی، هەردوو وڵاتی ئێران و عێراق لە جەزایر پێک هاتن، ئەو ڕێککەوتنەی، کە بە ڕێککەوتنی جەزایر، یان ڕێککەوتنی (٦)ی ئاداری ١٩٧٥ ناوبانگی دەرکردو سەرانی عێراق سەریان بۆ شای ئێران شۆڕ کردو تەنازولیان لە نیوەی (شط العرب) و بە سەدەها «کم»ی چوار گۆشەی زەوی عێراق کرد، بەرامبەر بەوەش ئێران نەک تەنها دەستی لە هاوکاری و پشتگیریی شۆڕشی ئەیلوول هەڵگرت، بەڵکو ڕێگای لە هەموو جۆرە هاوکارییەکی دەرەکیش گرت و، لەگەڵ عێراق و وڵاتانی تری ئیقلیمیدا پێکهاتن کە گەمارۆی کوردستانی عێراق بدەن و ئاسمان و خاکی وڵاتەکانیان لە خزمەتی سوپای عێراق دا بێت بۆ نەهێشتنی شۆڕش و بەرخودانی کوردی کوردستانی عێراق.

**بەڕێزان...**

لە کاتێکدا ئێرانی شا بەڵێنی حەوانەوەی ئاوارەکان و ڕێزگرتنیانی دابوو بە پێی داب نەریت و بنەماکانی مافی ئاوارە بوون، هەموو جۆرە شێوازێکی بەکارهێنا بۆ دەستەمۆکردنیان و

دوورخستنەوەیان لە دەوروبەری سەرکردایەتیی بارزانیی ئەمرو پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵام بە پێچەوانەی هەموو ئەو بەر بەرەکانێ و کۆسپانەو وێڕای پەرش و بڵاوکردنیان بەسەر سەدەها شارو شارۆچکەو گوندی ئێرانداو، بە پێچەوانەی فشارو تۆقاندن و راونان و گرتن و ئەشکەنجە دانیان و تەسلیم کردنی هەزارەهایان بە رژێمی بەغدا، لەلایەن دەزگای ساواکی بەدناوی رژێمی شای ئێرانی ئەوسا، بە پێچەوانەی ئەو پیلانە خەتەرناکەو فرەلایەنەی (الجزائر)یش، ئەو خەبات کارانە زیاتر سوور بوون لەسەر بەرخودان و کۆبوونەوە لە ژێر ئاڵای پارتی و بارزانی دا.

لە (٢٦)ی گولانی ١٩٧٦دا گڕو ئاگری شۆڕش، دوژمنان و ناحەزانی گێژو هێڕ کرد. پیلانی (الجزائر)ی زیندە بە چاڵ کرد، هەمووتان ئاگادارن چۆن نیکسۆن بەکووکەی وەترگێت ریسوا بوو، یەکەم سەرۆک کۆمار بوو لە مێژووی ئەمریکادا پێش تەواو بوونی حوکمڕانی ناچار بکرێت واز بێنێ، سەرانی سۆڤێت نەک هەر خۆیان تەفروتونا بوون، بەڵکو ئەوەی کە لە ماوەی زیاتر لە حەفتا ساڵیشدا بە زەبرو زۆر بەسەر سەدەها ملیۆن دا سەپاندبوویان و خەڵکیان پێ چەواشە کردبوو، هەمووی دارماو وا ئێستا واموچەی کارمەندانی خۆی پێ نادرێت، هواری بومدین - یش لە ١٩٧٥دا عەڕابی پیلانی(٦)ی ئادار بوو، ئەوە بوو کۆچی کرد (غیر مأسوف علیه)، حەمە رەزا شایش سەرەڕای تەرسانەی قورس و جبەخانەیەکی زۆرو دەستدرێژیی و چاوتیژی دەزگای ساواکی بەدناو و ملیارەها دۆلار وسەدەها کۆشک و تەلار لە ئێران و وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکا، کە لە ئێران هەڵهات لە بەر لافاوی غەزەبی خەڵکی ستەمدیدەی بەشەرف، جێگا نەبوو تێدا بحەوێتەوەو کەس خۆی نەکرد بە خاوەنی و کونە مشکی لێ بووە قەیسەری، لە مێژیشەوەیە کەس ئیرەیی بە سەدام نابات بەوەی کە بەدەستی خۆی بەسەر خۆی هێناوە.

**بەڕێزان...**

پیلانی (الجزائر) کێشەکەی چار نەکرد بە پێچەوانەوە لە نێوان هەردوو وڵاتی ئێران و عێراقدا دوژمنایەتی و کێشەکان زیاتر ئاڵۆزتر بوون و بووە هۆی شەڕی هەشت ساڵەیان و لە دەست دانی زیاتر لە دوو سێ ملیۆن ئینسان و بە فیڕۆ چوونی سەروەت و سامانی هەردوو وڵات کە بە هەزارەها ملیۆن دۆلار دەخەمڵێندرێ، شەڕی کوێت و ئەو کارەساتەشی کە بەسەر هەردوو وڵاتدا هات، هەر لە ئەنجامی ئەو پیلانە شوومەی ٦ی ئاداری ١٩٧٥ - ەوە بوو، کەسیش لە ناوچەکە لێی رزگار نەبوو.
بارزانیی ئەمریش پێش ماڵئاوایی بە چاوی خۆی بینی گەلەکەی و یارو یاوەرانی و، دەرویشانی رێبازە پیرۆزەکەی خەونی دوژمنانیان زیندە بە چاڵ کردو کە ماڵ ئاوایی لێ کردین، لە گەورەترین دەرگای مێژووەوەو چووە ریزی نەمرانەوەو هەتا هەتایە وەکو سەرکردەیەکی ئەفسانەیی و باوکی رۆحی کوردایەتیمان هەمیشە لە دڵ و دەروونی نەتەوەکەیدا دەژێت، وا ئێمەی کوردیش لەم

قۆناغـەداین بە هەمـوو کـەم و کـوورِییـەکـمانەوە ـ شـوکر بۆ خـوا ـ ئازادین و خـاوەنی پەرلەمـان و حکومەتی خۆمانین.

**بەڕێزان...**

ڕاستییەک لێرەدا هەیە ئەویش ئەوەیە:

دوژمنانمان دەتوانن نەخشـەو پیـلان و داومـان بۆ بنێنەوە، زوڵـم و زۆرمـان لێ بکەن، بەڵام هەرگـیز ناتوانن کۆڵـمان پێ بدەن، زوڵـم وزۆریش چەند تـوندو تیژ بێت، چەند زۆرترو خراپتر بێ، ئەوانەی کە پیادەی دەکەن، ئەوەندەی تر بەد ناو دەبن و تیـا دەچن و ئەچنە زبڵـخانەی مێژووەوە. مـێژوو و ڕووداوەکانیش ئەوەیان سـەلماندووە کە هیچ ئەمن و ئاسایش لەم ناوچەیەدا بەرقـەرار نابێت تاکو کێـشـەی کورد چارەسـەر نەکرێت و ئێـمـەش وەکو گەلانی ئەم سەرزەمـینە نەگـەینە مـافـەڕەواکانی خۆمان.

**بەڕێزان...**

کـاکە تەحسـین حاجی ئەرگوشی یەکـێک بـوو لەو هەزارەها ئاوارانەمـان، کە هەر لەسـەرەتای سـاڵی ١٩٧٥وە بوون بە پەناهەندە لە ئێـران، بە درێژایی دەیان ساڵ ئەو تێکۆشەرانە نموونەیەکی بەرچاو و کەم وێنە بوون لە وە فاداریی و پیاوەتی و جوامێری و هەست کردن بە لێپرسراویەتیـەوە بەرامبەر بە خـاک و نیشـتـمـان. چی ئەوانەی کە گـەڕانەوە بە تایبـەتی پاش ڕاپەڕینی ١٩٩١و چ ئەوانەی کـە هێـشـتـا لەوێ مـاون، شـایسـتـەی هەمـوو ڕێزو تەقدیر و پیـاوەتییـەکن، کـەم لە ئێـوەی بەڕێزیش لەم هۆڵە پیرۆزەدا هەیە ئەو شـەرەفـە مـەزنەی بەر نەکـەوتبـێت. ئەو بەڕێزانەی تاکـو ئێـسـتـا لـە ژیانی دەربەدەری و ئاوارەیی دەژین، بەقـەد چیـا بەرزو سـەرکـەشـەکـانی کـوردسـتـان، بەقـەد دارو بەردی کوردسـتان شەرەف و کەرامەت و جوامێریان لێ دەبارێت. ئەوانە ماڵ و حاڵ و گیانی خۆیان بەخت کردووە بۆ کوردو کوردستان و، زیاتر لە (٢٨) ساڵە دوور لە کەس و کار و وڵات. زیاتر لە (٢٨) سـاڵە لە ژان و ئێش و مـوعـانات و غـوربەت دەژین. زیاتر لە (٢٨) سـاڵە لەژێر فـشـارو ڕاونان و هەڕەشـەو تۆقـاندن و گـرتن ژیانی کـولەمـەرگی دەبەنە سـەر. زیاتر لە (٢٨) سـاڵە لـە خـەبات و بەرخـوداندا بەردەوامن، لە کـاتـێکدا ئەوە بۆ (٧) سـاڵ دەچێت ئێـمـە لێـرە بە ئازادی ژیان دەبـەینە سـەر. کـە بەشـێکی زۆری ئەم بەرهەمـە دەرئەنجـامی ئەو خـۆڕاگـرییـە بـوو. جـا چی لەوە پیـرۆزترو مقەدەسترە؟!.

**بەڕێزان...**

ئەو پەنجـا هەزار ئاوارەیەمـان کە لە ئێـران بوونەتە سـومبلی وەفـاو خـەبات و سـەبرو تەحـەمـول و خۆبەخت کردن بۆ کورد و کوردسـتـان، لە ژێر ئەشکەنجەو لەبەر پرنسیب و بیروبۆچوون و هەڵوێستی

کوردایەتی گیانی خۆیان بەخت دەکەن. پێویستییان بە هەموو جۆرە بە سەرکردنەوەو پشتگیرییەک هەیە، پێویستە هەوڵ بدرێت بە زووترین کات بە خاکی باو باپیران شادبنەوە.

**بەڕێزان...**

بە پێویستی دەزانین لەم دانیشتنەدا باسی بارودۆخی ژیانی ئاوارەکانمان بکرێت و، بڕیار بدرێت لەسەر چۆنیەتی بەدواچوونی کێشەی شەهید کردنی تەحسین حاجی ئەرگوشی و بە دواچوونی کێشەی ئاوارە دەسگیر کراوەکانمان کە لەلایەن ئیتیلاعاتی ئێرانییەوە ئەوە ماوەیەکە بێ دادگایی کردن و ئاراستە کردنی تاوانێک دەسگیری کردوون و خستونیەتە ژێر ئازارو ئەشکەنجەوە، نابێ خوێنی شەهید تەحسین بە فیڕۆ بڕوات.

سڵاو لە گیانی پاکی کاکە تەحسین ئەرگوشی.

سڵاو لە گیانی خۆڕاگری گیراوەکانمان لە ئێران.

سوپاسی ئەو بەڕێزانە ئەکەین کە ئەوپێشنیارانەیان کردووە، ئێستا دەرگای گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە ئەکەینەوە یەکەم: ئێمە هیوامان ئەوەیە کە ئەو برادەرانەی قسە ئەکەن ئاگایان لەکات بێ، دووەم: ئەو خاڵانەی کە باس ئەکرێن دووبارە نەکرێنەوە، ئەوانەی کە دەیانەوێ لەسەر ئەم بابەتە قسە بکەن، (کاک د.رزگار، کاک سەعید یەعقووبی، شێخ محسن موفتی، کاک عەبدولخالق زەنگەنە، کاک ئازاد قەرەداغی، کاک رەجەب شەعبان، کاک حسێن عەلی کەمال، کاک سیروان کاکەیی، کاک د.ناسح، کاک دکتۆر ئیدریس، مامۆستا مەلا مەحمود دیرشەوی، مامۆستا مەلا تاهیر، مامۆستا مەلا تەلحە)، فەرموو د.رزگار.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

گەلی ئێمە لە هەرێمی کوردستاندا تێکەڵاویەکی دێرینی لەگەڵ گەلانی ئێراندا هەیە، جگە لەوەی هەردووکیان هاوسێن ولەگروپی گەلانی(هندو ئاوروپایین)، ئەو تێکەڵاوییە پتر بوو کە کۆماری ئیسلامی لە ئێرانێ هاتەکایەوە وگەلی ئێمەش شەرەفی بەشداربوونی لە دامەزراندنیدا هەیە. لەکاتی رێپێوان و سەرهەڵدانەکەی ساڵی ١٩٧٩ لە دژی رژێمی شاحەمە رەزاخاندا. هەروەها کۆماری ئیسلامی لەم قۆناغەدا هاریکاری گەلی ئێمەی کردووە کە جێگای رێزو ستایشە.

بەڵام تاوانی گرتن وکوشتنی ئەو مشەخت وزۆر لێکراوانەی کە لەدەست زوڵم و زۆرداری بەرەو ئێران هەڵاتوون لەلایەن دەزگەی(أطلاعات)دژ بەمافی مرۆڤەو من لەو باوەڕەدام ئەگەر خوالێخۆشبوو ئیمام خومەینی لە ژیاندا ما با هەرگیز بواری نەدەدا کە(أطلاعات)ئەم کارە ئەنجام بدا.

بە بۆچوونی من نە لیژنەی دەست نیشانکردنی بەرژەوەندی ونە رەهبەر ونە سەرۆک کۆمار چاوپۆش

لەو تاوانە ناکەن رۆژێک دێ ئەو لێپرسراوانەی(أطلاعات)بدەنە دادگاو بە سزای پێویستیان بگەیەنن.

جا لێرەوە پێشنیار دەکەم یاداشتێک پێشکەشی هەر سێ دەزگە بکرێت ئەوانەی کە لەسەرەوە ناوم هێنان(رەهبەر)و، لیژنەی دەست نیشانکردنی بەرژەوەندی (تشخیص المصلحة)و، سەرەک کۆمار(خاتمی). بۆ بەردانی گیراوەکان و رێزگرتن لە پەنابەرەکان وگەیاندنی تاوانباران بە سزای پێویست.

هەروەها داوا لە(UNCHR)بکرێ کە ئەو ئاوارانەی ئەوێ بگەیەننەوە وڵات.

لە کۆتاییدا هیوادارین رابەری کۆماری ئیسلامی ئێران و بەرپرسەکانی دیکەش دەست بەکار بن وئەو هەژارانە ئازاد بکەن، چونکە ئەو ئاوارانە قوربانی زۆردارین، کە ئەوانە زوڵمی (شا)یان زۆر چەشتووەو دەزانن تامی چەند تاڵ و ناخۆشە، هەر بژین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ د.رزگار. فەرموو کاک سەعید.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقووبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکان کە ئێرانیش یەکێکە لەوان، هەموویان بەوەرگرتنی پەناهەندە رازین، ئاشکراشە یاسای نێودەوڵەتی چەند مافێکی بۆ ئەو پەناهەندانە دیاری کردووە کە بە لانی کەمەوە دەبێ ئەو وڵاتانەی کە مۆریان کردووە پەیرەوی بکەن، وپەیوەند بن بە ئەنجامدانی، دەبێ بەرامبەر بەڵێن و پەیمانەکان و بەرامبەر بە جیهان راست بن وگوێ رایەڵی بنەماکانی خوورەوشتی نێودەوڵەتی و رای گشتی جیهان بن، ئەو بنەمایانەی کە پەناهەندە کەڵکیان لێ وەردەگرێ یەکێک لەو مافانە ئەوەیە کە ئەو دەوڵەتەی میوانداری قبوڵ کردووە دەبێ ئەو پەناهەندەیە بپارێزێ، ئەویش پارێزگاری سەرو ماڵ وکەل و پەلی ئەو پەناهەندەیە. دووەم مافی پەناهەندە ئەوەیە کە ئازاد بێ، ئەوەش پەیوەندی بە خودی مرۆڤەوە هەیە کە ئازادی کەسایەتیە و دەبێ لە دەست درێژی کردن بپارێزرێ، یان گرتن یان چوونە ناو ماڵی یان لێ نەگەرێن هاتوچۆ بکات، دەبێ لە بیروباوەڕ و پەیرەوکردنی ئایین بە ئاشکرا ئازاد بێ. ومافی هەبێت کۆبوونەوەی خۆی بکات، هەروەها پەناهەندە ئەو مافەی هەیە کەلک لە (اهلیەتی قانونی) خۆی وەرگرێ وە ئەو مافانەی کە پێیەوە دەلکێن وەکو مافی (تملک وتصرف)و ژن هێنان و، وەرگرتنی میرات و عقد و، اتفاق، ودادگایی کردنی لە بەردەم دادگایەکی بێ لایەندا، (قال الله تعالی في محکم کتابه المبین بسم الله الرحمن الرحیم فإن تنازعتم في شئ فردوه الی الله ورسوله ان کنتم تؤمنون بالله والیوم الاخر و ذالکم خیر لکم) صدق الله العظیم. دەپرسم و دەڵێم ئایا کوشتنی دیل و

پەناهەندەی موسڵمان وتاڵان کردنیان کارێکی ئیسلامانەیە؟ ئایا وەشاندنی زەبری نامەردی بە گرتن و ئەشکەنجە دانیان نەریتی ئیسلامەتیە؟ نەخێر سەد جار حاشا، خواوەندی گەورە فەرموویەتی بسم الله الرحمن الرحيم (واذا حكمتم بين الناس أن تحكموا باعدل) صدق الله العظيم. دیارە کوشتن و تاڵان کردنی ماڵی پەناهەندان بە مانای ئیسلامی واتە پەناهەندە بە عورفی کار بەدەستانی تاران دیارە حوکمێکی شەرعی و دادوەریە!، نەخێر ئەو شەریعەتە، شەریعەتی جەنگەڵییە لە ئیسلامەتی دوورە، ئیسلامەتیش کراوە بە پەردەیەک با وا دابنێین ئەگەر پەناهەندەیەک سەر پێچییەکی کرد باشترو رێک تر نەبوو دووری بخاتەوە بۆ سەر سنوور؟ هەروەکو داب و نەریتی دیپلۆماتی وایە ئەگەر نارەزایییەک پیشان درا بەرامبەر بە یەک لەو کەسانەی کە ئیش لە دەزگاکانی دەرەوەدا دەکەن هۆشیار دەکرێتەوە کە لە ماوەی هەفتەیەک یان (١٠) رۆژ دەبێ سەری خۆی هەڵگرێ و بروا، یان کاربەدەستانی توخم پەرستی تاران زمانی ئەم جۆرە رەفتارە بە راست نازانن؟ دەزگەیەکی وەک دەزگەی (اطلاعات) کە لەسەر بناغەی دەزگای (ساڤاک)دارێژراوە یان تەنها بە رووکەشی گۆراوە ئەگینا هەمان ناوەرۆکی هەیەو لەگەڵ (ساڤاک)دا لەیەک سەروچاوەوە هەڵقوڵاون ئەویش سەرچاوەی توخم پەرستی و فاشییەتە. براینە ئێمەی پەرلەمانتارانی کوردستان بەڵێن و پەیمان دەدەین بە هەموو شێوەیەک ئاگاداری گشت ئەو دەستگەیانە بکەینەوە کە گرنگی بە مافی مرۆڤ دەدەن وەک دەزگاکانی(UN) لە ناوچەکەمان وجیهان کە چ کراوەو دەکرێ بەرامبەر بە مرۆڤی کورد، باشە حکومەتێک بانگەشەی ئیسلامەتی دەکاتن، بەڵام رەفتاری دژی جاری گەردوونی مافی مرۆڤە کە لە برگەکانی (٥،٦،٨،٩،١٠،١١،١٢،١٣،١٤،١٥،١٦،١٧،١٨،١٩،٢٠)وە دژی مافەکانی پەنابەری سیاسی و مرۆییەکە هەموو دەوڵەتەکانی جیهان لەسەری رێککەوتوون ومۆریان کردووە کە رەفتاری پێ بکەن هەروەها دژی بنەما پیرۆزەکانی شەریعەتی ئیسلامەتییە، جا ئەمە دەبێ چۆن حکومەتێک بێ؟ بەڵام دەوڵەتێک فێر بێ بەدرێژایی مێژووی رەشی خۆی سەردارانی کورد بکوژێ وەک (سمکۆی شکاک) کە لە شاری شنۆ لەسەر نان خواردن کوشتیان، یان قازی محەمەدی شەهیدو هاورێکانی کە بریاری لێبووردنیان بۆ دەرهێنان و پاشان هەموویانیان لەسێدارەدان، هەروەها شۆرشی(١١)ی ئەیلول تووشی چ نەگبەتیەک بوو لە رێککەوتنی جەزائیر کە لایەنێکی گەورەی ئەو رێککەوتنە حکومەتی ئێران بوو، وهەروەها لە هەندەران چۆن (د.قاسم لۆ) یان شەهید کرد پاشان د.شەرەف کەندی ولە دوای هەموشیانەوە هەڤاڵی تێکۆشەرمان تەحسین ئەرگوشیان تیرۆر کرد. من دەڵێم : (اذا كان خصمي حاكما لمن اشتكي؟) دەبێ لەمە زیاتر چاوەروانی چیان لێ بکرێت؟ بۆیە من داوا دەکەم بەهەموو شێوەیەک تاوانبار بکرێن ونارەزاییان بەرامبەر دەربردرێ بە بروسکە، بەوەفد، بەخۆپیشاندان، بەرێ پێوان، بەهەر شێوەیەک کە پێمان بکرێت. لە کۆتایی دا

دەڵـێـم: (اذا الشعب يوماً اراد الحياة فلا بد أن يستجيب القدر ولا بد لليل أن ينجلي ولا بد للقيد أن ينكسر)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک سەعید. فەرموو کاک موحسن.

**بەڕێز مەلا موحسین خالید مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم ( خلفوا عملاً صالحاً وآخر سيئا) ئەگەر لە روانگەی فەرمایشی پێغەمبەرەوە (ص) بروانینە ئەم بابەتە کە ئەفەرموویت (اکرموا عزيز قوم ذل) ئەبوایە زۆر بەڕێزەوە وەکو چاوەڕوان ئەکرا لەگەڵ پەنابەراندا بجولاٚبانایەوە، لە بنەمای ئیسلامی و لەعورفی هەموو ولاٚتانی جیهاندا دیل ناکوژرێ، دیل یەکێکە لەشەڕدا گیرابێ، ئەی کەسێک کە پەنابەر بێ خۆی پەنای بۆ هێنابێ ئەوە دیارە بابەتێکی زۆر جیددی ترە و ئەبێ گرنگی پێ بدرێ، هەتا لە داب ونەریتی ئیسلامەتیدا ئەگەر کەسێک(مشرک) بێ (ملحد) بێ، تاوانبار بێ، هەتا بیروڕای لەگەڵ ئیسلامدا بە رەهایی نەگونجێ، ئەگەر پەنای هێنا بۆ ناو ولاٚتی ئیسلامەتی، بۆ لای موسڵمانان، ئەبێ پەنای بدرێ (وان استجارك احد من المشركين فأجره حتى يسمع كلام الله) ئەمە (اجره)، واتە پەنای بدە تێی بگەیەنە حاڵی بکە زۆری لێمەکە چونکە ئەفەرمووێ (ثم ابلغوه مأمنه) بیگەڕێنەوە بەشێوەیەکی ڕێک وپێک بۆ ئەو شوێنەی کە لێ هاتووە، هیچ کەسێک بۆی نییە لەژێر ئەو زەبرو زەنگە مەبدەئی خۆی ئەگەر بیروڕای ئیسلامەتیش بێ راستیش بێ بەزۆر بەسەر خەڵکی تریدا بسەپێنێ، دیارە لەم حاڵەتەدا ئێمە میللەتێکی زەبوونین، میللەتێکی ژێر دەستەین، ئەگەر دەسەلاٚتیشمان هەبووایە لەروانگەی بیری ئیسلامەتییەوە بەسەلامەتي وئاشتەوایی ئەمانەوێ قسەیان لەگەڵدا بکەین کە ئەفەرمووێ (لان بسطت الي يدك لتقتلني مانوي بباسط يدي عليك لاقتلك اني اخاف الله رب العالمين) ئەوە مەبدەئێکە حەق وایە کۆماری ئیسلامی لەهەموو کەسێک زیاتر لەئێران شانازی پێوە بکا وبەرگری لێ بکا کە ئەگەر کەسێکی زاڵمیش تاوانی بەرامبەر کرد ئەو بەهێمنی و نەرم ونیانی لەگەڵیدا بجووڵێتەوە، نەک ئەو لەو پەڕی هێزدا بەرامبەر پەنابەران بەم شێوەیە بجووڵێتەوە، ئێستاش وەنەبێت ئەو حاڵەتە کۆتایی پێ هاتبێ ئێمە ئومێدمان وایە کۆماری ئیسلامي ئێران لەهەموو لایەنێک زیاتر بیری بەلای ئەو میللەتە لاوازانەی چوار دەوری خۆی دا بچێت کە میللەتی کوردیش وەکو ساڵەهای ساڵە خۆی بەدۆستی ئەوان زانیوە ئەوانیش ئەو دۆستایەتییە بسەلمێنن کارەکەش لەدەست دەرنەچووە، خەڵکی هەڵەبجە تا ئێستاش لەیادیانە کە لەکیمیا بارانی شارەکەیاندا ئەوان پەنایا دان و هاوکارییان کردن وکێشەی کوردیشیان گەیاندە جیهان، با ئێستاش ئەم حاڵەتە کە روویداوە ئەو گرژی و توند

وتیژییەی کە رووی داوە(العذر عند کرام الناس مقبول) عوزرێک بۆ میللەتی کورد بهێننەوە لە حاڵەتێکی تریشەوە ئەتوانن چارەسەری بکەن ئەوەی ئاوات وداخوازی گەلەکەمانە بەئیش وکارێ چاک جێبەجێ بکەن(ادفع بالتي هی احسن فاذا الذي بينك وبينه عداوة كأنه ولي الحميم) ئەوان ئەتوانن دەسەڵاتیان هەیە وەزعی خۆیان لەگەڵ ئێمە چاکتر بکەن و ئێمەش دیارە هاورازی ئەوەین وهەست بەوە ئەکەین کە ئەم میللەتەمان لەژێر ئەو ئەشکەنجەو نارەحەتییە نەمێنێ بەتایبەتی ئاوارەکان ژیانیان باش و مسۆگەر بێ تووشی هیچ دەردەسەری ونەگبەتی تر نەبن لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک موحسن، فەرموو کاک عەبدولخالق.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی زۆر جێگەی داخە ئێمە بێین لەناو کۆبوونەوەی پەرلەمان کێشەی پەناهەندەکان باس بکەین، لەجیاتی ئەوەی سوپاسی کۆماری ئیسلامی بکەین کە بەڕاستی لەزۆر کاتدا ئەو میللەتە ناچار بووە لەدەست زوڵم و کوشتن وکیمیا باران بچێتە ناو سنووری ئێران یان تورکیا یان سووریا ناتوانین نکوڵی لەچاکەی کۆماری ئیسلامی ئێران بکەین، کە کەسانێکی زۆر نزیکەی نیو ملیۆن کورد پەنایان بردە بەر ئەوێ لە کۆچ کردنە ملیۆنییەکەشدا لەوە زیاتر بوو مەسەلەی پەناهەندەکان لایەنێکی تێدا هەیە کە ئێمە و حکومەت ومیللەتمان و حزبەکان بۆچوونمان وابوو کە بگەڕێنەوە بۆ وڵات، ئەتوانم بڵێم لەماوەی ئەو دوو ساڵەدا بەتایبەتی کۆمەڵێکی زۆر گەڕانەوە، وەگشت کاتێکیش ئێمە سوپاسی کۆماری ئیسلامیمان کردووە، بەڵام بەداخەوە ئەو تاوانە تازەیەی کە رووی دا بەگرتنی (١٩) پەناهەندە کە شەهید تەحسین ئەرگۆشیشیان تێدا بوو، زۆر جێگای داخە .وەحەق نەبوو هەتاکو ئەگەر پێشێلکاریشیان کردبێ لەوڵاتێکی دراوسێشدا بەگوێرەی یاسا ئەیانتوانی موحاکەمەیان بکەن یان بەپێی دابی جاڕدانی مافی مرۆڤ وەیاساکانی گشت دونیا سەبارەت بە پەناهەندەکان پێویستە تەسلیمیان بکەنەوە بەوڵاتەکەی خۆیان، کە ئێستا لەتوانادا هەیە بە ئاسانی بیانهێننە سەر سنوور وەک چۆن لەتورکیا دەکرێ چۆن لەئێران خۆی کراوە کە ئەوانەی خەرقی یاسایان کردووە، بیانهێنێتەوە، گرتنی ئەو (١٩) کەسەو شەهید بوونی کاک تەحسین بەڕاستی شتێکی چاوەڕوان نەکراو بوو لەکۆماری ئیسلامی دا، بەتایبەتی لەدەزگاکانی، جا لەبەر ئەوە من وای بۆ دەچم حەق نییە پەرلەمان هەر تێپەڕ کارییەک بکرێ لەسەر میللەتەکەمان یان هاوڵاتەکانیان یان پەناهەندەکان لەهەر چ شوێنێ بێ، لە ئەوروپا بێ یان لە هەر وڵاتێکی تر بێ لێی بێدەنگ بێ، و لەو روانگەیەوە دەڵێم، حەق بوو ڕێزی ئەو پەناهەندانەیان بگرتایە بەگوێرەی یاساو داب ونەریتەکان کە دەبوایە بەگوێرەی دابی ئیسلامەتی ودراوسێیەتی

تەماشای ئەو پەناهەندانە بکەن، ئێمە بەناچاری رۆیشتووین بۆ ئێران یان بۆ تورکیا یان بۆ ولاتی تر لەژێر زوڵم رامان کردووە، لەبەر ئەوە ئەمانەش کە زانیاری وا هەیە زۆربەی زۆریان ئەوە دەیان ساڵە لەو ولاتەدا ئیش دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوان دەبێ پێش هەموو خەڵکی تر پابەند بن بە ناوەڕۆکی قورئانی پیرۆزەوە ،چونکە ئەوان داوای ئیسلامەتی دەکەن . خەڵکێکی ئاوارەو هەژار لەوێیە ،کەچوون لەوێ ژیان بە سەر ببەن؟، ئەوان دەبێ خزمەتیان بکەن وهاوکاریان بکەن و بیان پارێزن ،نەک تیرۆریان بکەن . بەڵام میللەتی ئێمە زۆر لەوە گەورەتر ومەزن ترە و خاوەنی بیرو باوەڕێکی پتەوە ، ئەوان چۆن وەڵامی ئەم ئایەتە پیرۆزە ئەدەنەوە؟، کە ئەفەرمێ :( بسم الله الرحمن الرحيم، من المؤمنين رجال صدقوا ماعاهدوا الله عليه فمنهم من قضى نحبه ومنهم من ينتظر وما بدلوا تبديلا) .

لێرەدا من پێشنیار دەکەم یادداشتێک بەرز بکرێتەوە بۆ حکومەتی« جمهوری ئیسلامی ئیران»و ئەو تاوانبارانە مەحکوم بکرێن و مافی پەنابەران بپارێزرێت، هەروەها یادداشتێک بدرێتە رێکخراوی مافی مرۆڤ ورێگا خۆش بکرێت بۆ ئەوەی کە پەنابەرانمان بە ئازادی بگەڕێنەوە و جارێکی تر ئەو مامەڵەیە لەگەڵ خەڵکی هەژار و ستەمدیدە نەکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس بۆ کاک رەجەب. کاک د. ناسح فەرموو .

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برایانی پێش من زۆر لەسەر ئەم مەسەلەیە دووان، من بەکورتی ئەمەوێ بڵێم ،راستە لەدوای ساڵی ١٩٧٥، ئەوان ئێمەیان حەواندەوە وئێمە بەناچاری روومان لەئێران کرد، بەڵام ئەبێ بزانین چ جۆرە حەوانەوەیەک،ئەو ژیانەی کە پەناهەندەکانی ئێمە لەوێ ئەیانبردە سەر چ ژیانێکی کۆڵەمەرگی بوو کە تاکو ئەمرۆش ئەو ژیانە پڕ ئێش و ئازارە هەر درێژەی هەیەو بەردەوامە ،لەگەڵ ئەوەشدا وابزانم پەناهەندەکانی کوردستانی عێراق کە ئێستاکە لەوێن یان پێش تریش لەوێ بوون گەڕاونەتەوە، رێزیان لەیاساکانی ئەوان وداب ونەریتی گەلانی ئێران گرتووە .

دەبوایە کۆماری ئیسلامی ئێرانیش بای ئەوەندە رێز لەو پەناهەندانەی ئێمە بگرێ کە پەنایان بۆ ئەوان بردووە ،نەک دیلی بەردەستی ئەوان بن، من نامەوێ قسەکانی کاک سەعید ویاساناسەکان دووبارە بکەمەوە ،هەروەها برادەرانی تر ،بەڵام وادیارە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران چاویان بەرایی نادات ئەم پەرلەمانەی ئێمە ببینن و ئەم حکومەتە بە شکۆداری ببینن، ئەو

پەرلەمـانەی کە ئێـستـا پێی ناوەتە سالّی حەوتەم چاویان بەرایی نادات ببـینن، هەروەها ئەو دیموکراسییەتەی کە ئێستا لەکوردستانی ئێمە لە ئارادایە نایانەوێ ببینن ، ئەم فرەحزبییەو ئاوەدان کردنەوەی کە لەکوردستاندا هەیە، چاویان بەرایی نادات ئەم هەموو دەسکەوتە ببینن .
ئاوەدان کردنەوەو گەشە پێدانی کوردستانی عێراق کەپارچەیەکی بچووکی ئازاد کراوە،زۆر گرنگە لە لای ئەوان ،توانیومانە ئەرکە پیرۆزەکانی سەرشانی خۆمان بۆ گەلی کوردستان بەجێ بگەیەنین، هەڵبەتە ئەوان زۆر باش دەزانن ئەم تروسکاییەی کە ئێستا هەیە لە کوردستانی عێراق ئاوێنەیەکە بۆ ئەوەی ئەگەر رۆژێک لەرۆژان پارچەکانی تریش بگرێتەوە،مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر ئەوان . بۆیە من دەنگم دەخەمەپاڵ دەنگی برایانی ترەوە:
یەکەم: ئەو تاوانە ریسوا بکرێ لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە.
دووەم: داوا بکرێت لەسەرۆکایەتی کۆماری ئیسلامی ئێران، وهەروەها لەرابەری کۆماری ئیسلامی ئێران کە لیژنەیەکی تایبەتی دروست بکرێت بۆ لێ تۆژینەوە لە تاوانی شەهید کردنی شەهید «تەحسین ئەرگوشی » ، هەروەها ئێستا «کۆنگرەی ولاّتانی ئیسلامی» هەیە ،حەقی وایە نامەیەکیش ئاراستەی ئەو کۆنگرەیە بکەین و ئەو بارودۆخەی کە ئێستا برا پەناهەندەکانی ئێمەی تیادان بۆ ئەوانی روون بکەینەوە جگە لەوە ئاراستەی (UN) و لیژنەی مافی مرۆڤ وئەو لایەنانەی کەپەیوەندارن بەئیشی مافی مرۆڤەوە بکەین ،وداوایان لێ بکرێت ئەو برایانەی ئێمە ئازاد بکرێن و رێگایان بدرێ بۆ ئەوەی بگەرێنەوە وچیتر سووکایەتی بەحورمەتی ئێمە نەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز د.ناسح . کاک حسێن فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەموو ئەو برایانە قسەی زۆر چاکیان کرد بەرامبەر بە تاوانی شەهیدکردنی تەحسین ئەرگوشی.
هەموو ئەزانن هەموو دەوڵەتێک و ولاّتێک یاسای خۆی هەیە، و پێویستە لەسەر هاولاّتی ئەو ولاّتە یان لەسەر ئەو خەڵکەی کە بەسیفەتی ئاوارە لەوێن یا بەهەر سیفەتێک سەردانی ئەو ولاّتە دەکەن رێز لەیاسای ئەو ولاّتە بگرن.دەزگای اطلاعاتی ئێران بەشێوەیەکی درندانە کاک تەحسین ئەرگوشی شەهید کرد، بێ ئەوەی لەو مەسەلەیە بکۆڵێتەوە و رەوانەی دادگای تایبەت بکرێت ودادگا بڕیاری خۆی بدات کە ئایا ئەم هاولاّتییە، ئەم ئاوارەیە ،تاوانێکی کردووە بەرامبەر دەسەلاّتی نیشتمانی ئیران یان نا؟ من چەند پێشنیارێکم هەیە داواکارم لەکۆماری ئیسلامی ئێران ،کە لەکارەساتی شەهیدکردنی تەحسین ئەرگوشی بکۆڵێتەوە ودادگایی بکوژەکانی بکات کە

بەوکارە نارەوایە هەستاوون . هەروەها ئەو ئاوارانەی کە ئێستا لەوێ گیراون بەبێ هیچ مەرجێک ئازاد بکرێن و ئەگەر رەوانەی دادگا دەکرێن بەپێی یاسای ئەو وڵاتە با بکرێن وئەنجامی ئەولێکۆڵینەوە با رابگەیندرێ وئاشکرا بکرێ، بۆ ئەوەی هەموو دنیا بزانێ. پاشان داوا لەکۆماری ئیسلامی ئێران دەکەم کە رێز لە دراوسێتی کوردستان بگرێت و دەست لەکارو باری ناوخۆی کوردستان وەرنەدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک د.ناسح، کاک د.ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان هەموو لایەنەکانی ئەم مەسەلەیەی روون کردەوە ، کە ئێمەی کورد دوژمنی کۆماری ئیسلامی نین ، بەڵکو بەچاوێکی رێزلێنان و دراوسێیانە سەیرمان کردوون و هەڵسوکەوتمان لەگەڵیاندا کردووە، راست نییە ئەوان بەو جۆرە دوژمنایەتی میللەتەکەمان بکەن ،چونکە خەڵکی ئێمە ماوەی زیاتر لە (٢٣) ساڵە پەناهەندەیە لەئێران هەر لەکاتی (شا)وە تائێستاشی لەگەڵ دا بێت. کورد بەهەموو توانایەوە لەشۆڕشی گەلانی ئێران لەساڵی ١٩٧٩ بەشداریەکی بەرچاویان هەبوو.ئاوات و هیوایەکی زۆری ئەوەبوو کە کۆماری ئیسلامی دامەزرا بۆ ئەوەی کە کورد لە سایەی بحەسێتەوە، بەڵام بەداخەوە ئێستا دەبینین مافی مرۆڤ لەوێ پێشێل دەکرێ بە پێچەوانەوە کە تاوانی گەورەتریش دەکرێ سەبارەت بە پەناهەندکان کە هەق نییە ئەوە بکرێ، بۆیە ئێمە داواکارین کە چاوێک بخشێننەوە بە هەڵسووکەوتی خۆیان دەربارەی پەناهەندەکانمان، چونکە ماوەیکی زۆرە لەوێن ودەبێ رێگایان بۆ ئاسان بکەن بۆ گەڕانەوەیان بۆ خاکی باو باپیرانیان و، هەروەها ئەوانەی کە گیراویشن ئازادیان بکەن، بۆیە لێرە جێگای خۆیەتی کە یادداشتێک بەناوی پەرلەمان بدرێتە کۆماری ئیسلامی ئێران کەمافی ئەو پەناهەندانە بپارێزرێت و هەروەها ئاسان کاری پێوستیان بۆ بکرێ بۆئەوەی بگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکەی خۆیان، سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن :**

سوپاس بۆ کاک د. ئیدریس .کاک سیروان کاکەیی فەرموو .

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەراستیدا دەمەوێت باسی ئاوارەکان بکەم ، ئاوارە بوونی بەناحەقیان ،بەراستی زوڵمێکی مێژوویی لە گەلی کورد کرا لە ساڵی ١٩٧٥ ،دەوڵەتی شاە ،ئەوکاتە بە پیلانێکی گەورە

خەنجەری لەدواوە لە شۆرشی کورد دا، لە هەمان کاتیشدا هەولی تیمارکردنی دا ،ئەوە بوو ئێرانیش دەرگای پەناهەندەیی بۆ ئەو خەڵکەی ئێمە کردەوە .پەنابەری بۆ ئێران بەهەلبژاردنی ئێمە نەبوو، ئێمە ناچار کراوین، خەڵکی ئێمە ناچار کراوە، شۆرشەکەیان شکستی پێ هێنا، بۆیە روویان لەئێران کرد. دەمەوێ بلێم ئەو خەڵکەی ئێمە بەراستی باوەریان بە کێشەکەی خۆیان بوو، بۆیەش لەگەڵ سەرۆکی نەتەوەیی «بارزانی نەمر» ئەو ریگە سەختەیان هەلبژارد و ئەو هەموو ژیانە کولەمەرگییەیان بەسەربرد، بۆ ئەوەی لەوێ بمێننەوە بۆ بەردوام بوونی ئیرادەی گەلی کورد لەبەرگری کردن ولەخەبات وبەرخۆدان، ئەوەی ئەو خەڵکە لەوێ چێشتوویەتی بەراستی زۆر تاڵ بوو.

من ناتوانم ئێستا باسی ئەو مەسەلەیە بکەم ، خەڵک ئازارێکی ئێجگار زۆری چێشت لە پەنابەری و لەدەربەدەری لەولاتی ئێران. بەرگەی ئەو هەموو وەزعەی گرتووە لەپێناوی کێشەی رەوای گەلەکەمان، هەر بۆیەش ماوەتەوە وەدەیان وسەدان قوربانی داوە، لەوێ پەنابەر بووە، ژیانی بەناخۆشی وکولەمەرگی بەسەر بردووە ،لەهەمان کاتیشدا پێشمەرگە بووە، خەباتی کردووە ،سەدان و هەزاران کیلۆمەتری بریوە، لەپەناهەندەییەوە هاتووە لەسەر گۆرەپانی کوردستانی عێراقدا خەباتی کردووە، وچەکی لەشان بووە ورووبەرووی زولم وغەدر بۆتەوە.

ئەوەی ئەوانە کردوویانە جێگەی رێزو ستایشە، بۆیە من لێرە سەری رێز بۆ خەباتی هەموو ئەو خەڵکەدا ئەنوێنم کە لەگەڵ بارزانی نەمر ئەو ژیانەیان هەلبژارد و تائێستا بەشێکیان ماونەتەوە بەرگری ئەکەن و هەوێنی بەردەوام بوونی ئێمە بوون لەبەرگریدا.

بەراستی ئەو کارەساتەی کە ئێستا روویدا تاوانی شەهید کردنی شەهیدی پەنابەر هەڤاڵ (تەحسین حاجی ئەرگوشی) چەند لایەنێکی هەیە، لایەنێکی مرۆیی کە پەنابەر بەگوێرەی ئەو عورفانەی کە بۆی دانراوە نەئەبووایە بەو شێوەیە مامەڵەیان لە گەڵیاندا بکردایە، حەق وایە وحەقیش وابوو کۆماری ئیسلامی ئێران رێز لەو بنەمایانە بگرێ دەربارەی پەنابەریەتی .لەهەمان کاتیشدا ئەم کارە پێشێل کردنێکی زەقی مافی مرۆڤە، ئەمە لایەنێکی مرۆیی کارساتەکەیە.لایەنێکی یاساییشی هەیە برادەران ئاماژەیان بۆ کرد ،هەروەها ئەو جۆرە شالاوەو گرتنە بێ پاساوە بەبێ ئەوەی کەوا لایەنێکی یاسایی بگرێتە خۆیی و ئاشکرا بکرێ یان لێکۆڵینەوەیەک لەسەر ئەو مەسەلەیە بکرێ و ئەشکەنجەدان وشەهید کردنی ئەو خەڵکە دەبێ روون بکرێتەوە کە یاسایی نییە.

لایەنێکی تری ئەم مەسەلەیە سیاسییە، ومن ئومێدەوارم ئەم هەڵوێستەی اطلاعاتی ئێران بۆچوونێکی سیاسی لەپشتەوە نەبێت ، بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین لەگەڵ دەزگا بەرپرسەکانی حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران قسە بکەین وئەورانیش هەڵوێستی سیاسی خۆیان روون

بکەنەوە بەرامبەر بەئێمە. هیوادارم ئەمە هەڵەیەک بووبێت لەلایەن دەزگای اطلاعاتەوە نەک بە دەستی ئەنقەست بێت .

بەڵام من خۆم هەست بە مەسەلەیەکی سیاسی گەورە دەکەم ، نەک تەنها ئێران بەڵکو لە لایەن خەڵکی ترەوە بەشێوەیەکی گشتی ئێمە گەمارۆ دراوین لەهەموو لایەکەوە ،ئەوەندە ئەڵێم باشتر وایە بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران ڕێز لەئیرادەی میللەتی کورد بگرێ. میللەتی کورد لێرە هەڵبژاردنێکی کردووە ،خاوەن پەرلەمانە ،خاوەن حکومەتە ،ئەمە ئیرادەی میللەتی کوردە کە لێرەدا لەسەر خاکی خۆی دەژی،ئێمە مەترسیمان بۆ کەس دروست نەکردووە، ئێمە لەسەر وڵاتی خۆمان ئەژین وە هەوڵمان داوە لێرە بنەماکانی دیموکراتیەت ومافی مرۆڤ وفرەحزبی وئازادی بیروڕا بچەسپێ ئەمە شتێکە هەموو جیهان حەزی لێ دەکات. من پرسیار دەکەم: ئەمە چ مەترسییەک بۆ خەڵکی تر دروست دەکات؟ نە بۆ ئێران و نەبۆ تورکیا و نەبۆ عێراق و نەبۆ کەسێکی تریش؟.

ئەگەر ئەوانیش بەشێوەیەکی دروست لەمەسەلەکەی ئێمە بیر بکەنەوە، خاڵێکی گرنگ هەیە ئەویش ئەوەیە ، ئێمە پێگە وداردەستی کەس نین لێرەدا، وحەقیش نییە خەڵکی ئێمە کە لەسەر دۆزی ڕەوای گەلەکەی خۆی پەنا بەر بووە ئەومامەڵەیەی لەگەڵدا بکرێ و بخرێتە ژێر فشارو ئەشکەنجەوە لەبەر هۆی سیاسی، ئەوە حەق نییە، ئەوە شتێکی ناڕەوایە بەراستی دەبێ هەموو ئەو دەوڵەتانەی دەوروبەریش بزانن ئاسایشی نەتەوەیی هیچ وڵاتێک پارێزراو نابێ لەسەر حیسابی ئاسایشی نەتەوەیی دەرو دراوسێ و نەتەوەکانی تریش. ئەوەی ئەیەوێ ئاسایشی نەتەوەیی خۆی بپارێزێ ئەبێ ڕێز لەئاسایشی نەتەوەیی دراوسێی خۆیشی بگرێ. شەهید تحسین ئەرگوشی شەهیدی دۆزی ڕەوای گەلەکەیەتی و شەهیدی ئەم پەرلەمانەو ئەم حکومەتەو ئەم دەسکەوتەیە، چونکە لە بنەڕەتەوە کە پەنابەر بووە بۆ ئەوە بووە کە میللەتی کورد بگاتە ئەو ڕۆژە. شەهید بوونی تەحسین ئەرگوشی کۆڵەگەیەکی تری پتەوی خستە سەر هەموو ئەو کۆڵەگانەی کەوا پشتیوانێ بۆ بەردەوام بوونی ئەزموونەکەمان .

من شەخسی خۆم زۆر گەشبینم لەدوا ڕۆژی ئەم ئەزموونە، زۆر گەشبینم لەوەی کەوا میللەتی کورد ئەتوانێ تێپەڕ بێت بەسەر هەموو ئەو کۆسپ وتەگەرانەدا ومێژووش ئەم ڕاستییەی سەلماندووە . میللەتی کورد میللەتێکی ڕەسەنە، ڕەسانەیەتیشی لەوە دەرئەکەوێ کە بەدرێژایی مێژوو دوژمن کاران و داگیر کەران ویستویانە قڕی کەن، بەڵام هەر سوور بووە، هەر بەردەوام بووە و ئەمێنێتەوە، بۆیە ئەڵێم ئەوەی بیر ئەکاتەوە کە ئێمە بکات بەسووتەمەنی ئەبێ باش بزانێ ئەویش لەگەڵ ئێمە ئەسووتێت، وهەموو ئەو وەزعەی کە ئێستا دروست بووە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە ئەتوانم بە ئاشکرا ئاماژەی بۆ بکەم کەوا دوو مەلەفە. مەلەفێکی فەلەستینی ومەلەفێکی کورد

وهەتاوەکو مەلەفی کوردی چارەسەر نەکرێ و میللەتی کورد نەگاتە مافی رەوای خۆی ئەوا کیشەکەی هەر وەکو خۆی ئەمێنێتەوە .ئەو خەڵکانەی کە بیر ئەکەنەوە یاری بە ئاگر بکەن ،ئەو ئاگرە ئەوانیش ئەسوتێنێ. هەزاران سڵاو بۆ گیانی شەهید تەحسین ئەرگوشی و هەموو شەهیدانی کوردو کوردستان بە تایبەتی سەروەری شەهیدان بارزانی نەمر. من لێرەوە داوا دەکەم کە ئەو یاداشتە رووبەرووی کۆماری ئیسلامی ئێران بکرێت، بۆ ئەوەی ئێمە ئاگادار بین لەهەڵوێستی سیاسی کۆماری ئیسلامی ئێران و روون بێتەوە کە ئەمە هەڵوێستێکی سیاسیەو یاخود دەزگایەکی دیاریکراو کردوویەتی وهۆیەکانی ئەوکردنەش دەرببڕێ . هەروەها وێنەی بدرێتە رێکخراوی (UNCHR) و رێکخراوی خاچی سووری نێو دەوڵەتی وهەموو رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بەتایبەتی (Amnesty International)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، مامۆستا مەلامەحمود فەرموو.

**بەڕێز مەلامەحمود فەندی عەبدوڵلا دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(لكل مصيبة انا لله وانا اليه راجعون).

بەراستی ئێمە چاوەڕوانی ئەم هەڵوێستەی کۆماری ئیسلامیمان نەدەکرد ،چۆن دەکرێ پەناهەندەیەک کە لە وڵاتەکەیەتی دەبێ بیکوژێ .لە راستیدا کاتێک ئێمە تەماشای ئایینی ئیسلامی دەکەین ،دەبینین قەدەغەی ئەوە دەکات کە گیراوێکی «مشرک» لە شەڕ دا بکوژرێت ،بەڵام ئەوان پەناهەندە دەکوژن .خوا لە قورئانی پیرۆز دا دەفەرمێ :(وان احد من المشركين استاجارك فاجيره حتى يسمع كلام الله ثم ابلغه مأمنه) .

ئەگەر پەناهەندەیەک داوای کرد کە بگەڕێتەوە، دەبێ دەرفەتی بدات بۆ گەرانەوەی. ئەگەر نایەوێ دەریان بکات بۆ ئەبێ بییان کوژێت ؟ پێغەمبەر درووود و سڵاوی خوای لێ بێت دەفەرمێ (علامه المنافق ثلاثة اذاحدث كذب وادا وعد اخلف واذا أؤتمن خان). بەکورتی دەڵێم من لەگەڵ ئەو یاداشتنامەیەم کە ئاراستەی ئەم سێ کەسە بکرێت : عەلی خامەنەیی، سەرۆک کۆمار خاتەمی و رەفسنجانی هەروەها کۆنگرەی جیهانی ئیسلامی. پێشنیارێکی ترم هەیە ،من حەز دەکەم وەکو یەکێتی زانایان وەفدێک پێک بهێنرێت بۆ ئەوێ تاوتووی ئەم کارەساتە بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک ئازاد قەرەداغی.

**بەڕێز ئازاد عـــــەبدولقـــــادر قـــــەرەداغی:**

**بەڕێـز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بەراستی دوای نسكۆی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی (١٩٧٥)دا من یەكێك بووم لەو ئاوارانەی كورد كە (١٩) ساڵ ماڵەكەم لەئێران بوو، منیش یەكێكم لەوانەی كە (٢٠) ڕۆژ لەدەزگا بەدناوەكانی ئێران زیندانی كرام لەتاران .ڕاستە ،هەندێ لەبرادەران باسی ئەوەیان كرد كە ئێران چاكەیان لەگەڵ ئێمە كردووە، بەڵام یەكەم حزب وتاكە كەس وتاكە كۆمەڵ پارتی دیموكراتی كوردستان بووە، كە هاوكاری گەلانی ئێران بووە. هاوكاریان بووە لەسەر خستنی شۆڕشی گەلانی ئێران لەكاتی سەركردایەتی كاتی (قیادة مؤقتة)، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان لەمەڕ ئەو ڕاستییە زۆر باش ئاگادارە. هەر بۆ ئەم مەبەستە ،لەشاری «ئەرەك» شەهیدمان دا، ئەو برایانەی كە پەناهەندەن وابزانم ناوی قادر باش دەزانن كە خەڵكی ڕانیە بوو لەشۆڕشی ئێران داشەهید بوو . لەهەموو خۆپیشاندانەكاندا پارتی بەشداری ئەكرد ویارمەتی شۆڕشی ئیسلامی ئێرانیان دەدا، چاكەیان لەگەڵ ئێمە كردووە ڕێزیان لەپەناهەندە گرتووە، ڕێزی تەرمی بارزانی نەمریان گرتووە، بۆ ناشتنیان وبۆ هێنانەوەیان. بەڵام لەهەمان كاتیشدا ئەوە ناگەیەنێ كە ئەو چاكەیان كردووە ئیتر هەرچییەك بكەن بۆ ئەوان حەڵاڵە، لەبەر ئەوەی چاكەیان بۆ ئێمە كردووە، بەپێچەوانەوە گەورەترین تاوان كە كردوویانە ئەوەیە كابرایەكی پەناهەندەی كوردی بێ گوناهیان لەوێ بەناهەق شەهید كردووە. ئەگەر ڕاست دەكەن گوناهێكی هەیە كە دژی یاسای كۆماری ئیسلامی ئێران بێ، ڕای بگەیەنن، بەڵام بەڕاستی ئەمە فیتی خەڵكی تریشی تیایە كە ئەم برایانەی ئێمە بگیرێن و شەهید بكرێن وەكو تەحسین حاجی ئەرگوشی، بەراستی (تەحسین)یەكێكە لەشەهیدە قارەمانەكانی پارتی دیموكراتی كوردستان وكادرێكی پارتی دیموكراتی كوردستان بووە.

من چەند پێشنیارێكم هەیە: یەكەم، داوا بكرێت لەكۆماری ئیسلامی ئێران شێوەی ئەو تاوانە ئاشكرا بكات وتاوانباران سزا بدرێن بۆئەوەی دۆستایەتی ئێمە لەگەڵ ئەوان پارێزراو بێت، ئەگینا ئێمە لەگەڵ هەموو شتێكی چاك لەگەڵیانین ، بەڵام هەر كەسێك و هەر حكومەتێك وهەر داگیركەرێك كاری وامان لەگەڵدا بكات بەبێ هەڵوێست ناوەستین، چونكە ئێمە خاوەنی بارزانی نەمرین.

سەركردەی وەك بارزانی ئێمەی پێ گەیاندووە، لەهەمان كاتیشدا خاوەن ئەوەندە شەهیدەی هەڵەبجەو كیمیاوی باران و ئەنفال و شەهیدەكانی ناو سەنگەرین وئێستاش لەزێوە ولەو شوێنانەی كە ئوردوگای پەناهەندەی لێیە بەسەدەها تەرمی قارەمانی پێشمەرگەی ئێمەی لێیە. ئەبێ ئەو چاكەیان لەبەر چاو بێت، ئێمە لەو ئاستە نابێ بێ دەنگ بین، ودووبارەشی دەكەمەوە ئەگەر دۆستایەتی لەگەڵ ئێمە دەپارێزن حەق وایە ئەو تاوانە ڕابگەیەنن كە كێ كردوویەتی وچ گوناهێكی هەبووە ئەو برادەرەی ئێمە كە شەهید بووە؟. دووەم : ئەو پەناهەندانەی كە زیندانی

کراون کۆمەڵێک کادری ئێمەن، داوا بکرێت لە یادداشتەکە دا کەئەوانە ئازاد بکرێن .
سێیەم : رێگا خۆش بکرێت بۆ ئاوارەکان لە ئێران بگەڕێنەوە، چونکە بەراستی ئەوان هەندێکیان وەکـو بارمـتـە وان ناتوانن بگەڕێنەوە، ئەگـینا ولاتێکی ئازاد هەیە ئەتوانن لەهەرشـوێنێکی ئەم کوردستانە ژیان بینە سەر.
چوارەم : داوا لەخـێـرخـوازان بکرێت بۆ دابین کـردنی رێگاو جـێگا بۆیان بۆ گـەڕانەوەیان بۆ کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ســــــــــەرۆکی ئەنجـــــــــــومـــــەن:**

سوپاس بۆ کاک ئازاد، لێرەدا ئەو برادەرانەی کەویستـیان لەسەر ئەم کارەساتە قسەبکەن تەواو. پێش ئەوەی کۆتایی بەم خاڵە بێنین و بەرنامـەی کـاری ئەمرۆ کۆتایی بێ ، پێـمان باش بوو ئەم خاڵە پوختە بکرێت و ئەو پێشنیارانەی کە لە لایەن جەنابی سکرتێرەوە تۆمار کراوە پێشکەشی ئێوەی بەرێزی بکەین.
پاشـان پێشنیـاری لیـژنەش هەیە بۆ ئەوەی ئەو خاڵانەی کە داواکراوە جـێبـەجێ بکرێ، ئێـمـە لەپەرلەمانی کوردستان بەناوی خەڵکی کوردستانەوە سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی کۆماری ئیسلامی دەکەین بۆ ئەو هاوکارییەی کە پێشکەشی خەڵکی ئێمەی کردووە لەکاتی تەنگانەدا، هەروەها سـوپاسی خـەڵکی ئێـران دەکـەیـن کـە هاوکـاری مـیللەتی ئێـمـەی کـردووە لەو کـاتەی کەپێویست بووە.
وەکو بەرێزان ئاماژەیان بۆ کرد، ئێمە سـوپاسی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکەین کە بەپێشـوازیەکی گـەرم وبەرێز وحـورمـەتەوە تەرمی خوالێـخۆشبـوو بارزانیی نەمریان بۆ کـوردسـتـان بەرێ کـرد . هەروەها ئەوەش لەبیر ناکەین کە سنووری دەوڵـەتی ئێران کـراوە بوو بۆ ئاوارەکانمان کـە لەکـاتی کـۆڕەوەکـەدا روویان کـردە ئێـران . لە لایەکی ترەوە کـورد بەناوبانگە بە مـیللەتێکی بەوەفـا، مـیللەتێکی خاوەن بیروباوەڕ وخاوەن عـەقیدە ،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە نابێ لەبیری بکەین کە بەش بەحاڵی خۆمـان وەکو بزاڤی رزگـاریخوازی کـورد بەگشـتی هەمـوو کـات رێزمان لەکـۆمـاری ئیسلامی گـرتووە. وەکو بەرێزان ئاماژەیان بۆکـرد لەزۆر رووداودا، لەو پشـتگیری لەو هاوکـارییە زیانێکی زۆرمـان پێگەیشـتـووە. بەڵام بزاڤی رزگـاری خوازی کـورد، بەگـشـتی لەکـاتی پێـویست ولەکاتی دەربڕینی هەڵوێستی خۆی بەرامبەر ئەو رووداوانە خاوەن هەڵوێستێکی یەکگرتوو بووە.
هەمـووتـان ئاگـادارن لەشـەڕی (٨) سـاڵەی ئێران، لایەنە سـیاسـیەکـان بەگشـتی و پارتی دیموکراتی کـوردسـتـان بـەتایبـەتی چەند رێزی کـۆمـاری ئیـسـلامی ئێـرانیـان گـرتووەو، لە هەمـوو کـاتێکدا کـە پێـویست بووبێت ،کورد کـەم تەرخـمی نەکـردووە ، بەڵام حـەقـە بەچاکـە بڵـێین چاک و بەخـراپەش بڵێین خراپ. ئەوەش فەرمانی خوایە .

کۆماری ئیسلامی خۆی بە ولاتێکی ئیسلامی لە دنیادا لەقەڵەم ئەدات، کە لەسەر ڕێبازی ئیسلام ئەڕوات کە حاڵەتێکی وا دێتە پێشەوە ئەو لەهەموو کەس زیاتر ئەبێت ئەو حەقەمان پێ بدات .
ئەو پەناهەندانەی ئێمە لەوێندەرێن شتێکی (طارئ) نەبوونە.لەسەر زوڵم وزۆر ڕوویان کردۆتە ئەوێ و، ئەو زوڵم وزۆرەش زیانی لە ئێرانیش دابوو. ئەو پەناهەندانەی ئێمە کە لەئێران بوونە، بەرەسمی لەوێ بوونە، بەنایاسایی لەوێ نەبوونە، واتە بەپێی یاساکانی ڕەسمیی ئێرانی هەڵسوکەوتیان کردووە و (ئیقامە)یان پێ دراوە. هەروەها هەر لەسەرەتاوە هەتا ئێستاش هیچ بڕیارێکی کۆماری ئیسلامی نییە چالاکیی سیاسی لە پەناهەندەکانی ئێمە قەدەغە کردبێ وقەدەغەی چالاکیی کۆمەلایەتیانی لێ کردبێت، بەپێچەوانەوە بەرەسمیی لقی هەشتی پارتی دیموکراتی کوردستان لەئێران چالاکیی هەبووە و لەهەموو بۆنەکانی ڕەسمی ئێران دەعوەت کراون و ڕۆڵیان هەبووە. واتە هەر چالاکییەک کرابێ لەوێندەرێ بەرەسمی بووە، وکاربەدەستانی ئێرانی ئاگاداری ئەوبابەتەن.
کوردە ئاوارەکانمان لەوێ بەرەسمی بەشداری هەموو کۆڕێک وکۆبوونەوەیەک بوونە، کە بۆ پشتگیری کۆماری ئیسلامی کراوە، و کاتێک ئەم بارە ڕوویدا شاندێکی بالای پارتی دیموکراتی کوردستان لەئێران بوو، وکاتێک کە تەرمی شەهید تەحسین درایەوە بە کەس وکاری یان پێش ئەوە بەچەند ڕۆژێک یا لەوکاتەدا شاندێکی بالای پارتی دیموکراتی کوردستان و خەڵکی تریش وەکو کورد بەشداریان لەساڵرۆژی دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی دەکرد.
بۆیە باری ئاوارەکانی ئێمە لەئێران بارودۆخێکی نایاسایی نییە، بەڵکو بارێکی یاساییە. هەمووجموجۆڵێکیان لەوێندەرێ بەپێ یاسای ئێران بووە و هەر بەپێی ئەو یاسایە هەڵسوکەوتیان کردووە، وهیچ کاتێک ئەو ئاوارانەی ئێمە کارێکی وایان نەکردووە، دژ بە یاسا وبنەماکانی کۆماری ئیسلامی بێت. هەر کاتێکیش هەندێ شت کراون ئەوە یاسای خۆیان پیادەی کردووە، بەلام ئەم ڕووداوە جیاوازی لەگەڵ شتی تر هەیە، ئەمە پەناهەندانە لە پەناهەندەی کوردی کوردستانی عێراقن وبەدیاریکراوی سەر بەپارتی دیموکراتی کوردستانن و ئەو خەڵکەی کە گیراون هەموو خەڵکێکی دیارو ناسراون وپایەداری ناو ئاوارەکانی ئێمەن و هەموویانیش سیفەتێکی سیاسیان هەیە و جگە لەو کادری پارتی دیموکراتی کوردستانن کە هەمیشە پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێزی لە کۆماری ئیسلامی ئێرانی گرتووە وهەمیشە هەوڵی داوە دۆستایەتی نێوان کۆماری ئیسلامی وپارتی وکورد لەئاستێکی بەرز ڕابگرێ وهەمیشە هەستی بەوە کردووە کە کۆماری ئیسلامی بەپێی ئەو دروشمانەو ئەو بنەمایانەی کە پێشکەشیان کردووە پشتگیری لە(مستضعفین) دەکەن وهیچ کەسیش وەکو کورد مستضعف نییە لەسەر ئەم زەوییە کە شایانی کۆمەک وهاوکاریی بێت لەهەموو ڕوویەکەوە، ئێمە لەپەرلەمانی کوردستان ڕێزمان هەیە بۆ ڕۆڵی

ئێران، ڕێزمان هەیە بۆ شوێنی ئێران وهەست دەکەین ڕۆڵی ئێران چییە وەکو وڵاتێکی ئیقلیمی گەورە لەم ناوچەیە . دراوسێتی ئێمە لەگەڵ ئێراندا شتێکە نەبە ئارەزووی ئێمەیە ونەبەئارەزووی ئەوانە، شتێکە ،ئەوان هەن وەکو ئێران وئێمەی کوردیش هەین و هەموو کاتێکیش هەوڵمان داوە پەیوەندی لەنێوان ئێمەو ئەواندا خۆش بێت، ئارەزووی ئێمە ئەوساو ئێستاش ئەوەبووە کە یەکەم وڵات پشتگیری لەم ئەزموونە بکات ئێران بێت، کە دان بەم ئەزموونەی ئێمەدا بنێت، وئێمە بەرەسمی چەند جار بە کاربەدەستانی ئێرانیمان گوتووە ئێمە پێشبینیمان دەکرد کە ئێوە یەکەم کەس بن پیرۆزباییمان لێ بکەن کە پەرلەمانێکی هەڵبژاردوومان هەیە، حکومەتێکی هەرێم مان هەیە، چونکە ئەمە بەراستی زۆر نزیکە لەو بنەمایەی کە ئێوە ڕاتانگەیاندووە کە پشتگیری لە (مستضعفین) دەکەن، و(حق الجار علی الجار)یش لەبەرچاو دەگرن چ جای ئەوەی دراوسێیەک کوردیش بێت، وموسڵمان بێت و ئەوەندەزۆر لێکراو بێت، بەناوی ئێوەوە جارێکی تریش داوا دەکەین لەکاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ئاوارەکانمان لەسەربنەمای پرنسیپەکانی ئاوارە بوون و بنەماکانی ڕێز گرتن لەخەڵکی پەنابەر بگیرێت ئەو خەڵکەی ئێمە کەگیراوە ئازاد بکرێت. چونکە ئەوانە خەباتکەرن دۆستی ئێرانن ،دوژمنی ئێران نین هەموو ژیانیان لەخزمەتی ئەو وڵاتەدا تەرخان کردووە بۆ دۆستایەتی و بۆ پتەوکردنی دۆستایەتی یەک بەیەکیانیش ناسراون لەلایەن دەزگا ڕەسمییەکانی ئێرانەوە.

(تەحسین ئەرگوشی) یەکێک بوو لەو کادیرانە کەچەند ساڵە لەئوردوگای زێوە نوێنەرایەتی ئەو خەڵکەی دەکرد و خزمەتی ئەوخەڵکەی دەکرد، وهەوڵی دەدا کە پەیوەندی خۆش بکات لەنێوان کوردو لەنێوان کاربەدەستانی ئێراندا.

داوا دەکەین لێکۆڵینەوەیەکی ورد بکرێ لە کێشەی کاکە تەحسین وهۆی گرتنی و هۆی شەهید بوونی دەستنیشان بکرێ. ئێمە سوپاسی ئێوەی بەڕێز دەکەین بۆ قسەکردنتان لەسەر ئەم بابەتانە و سوپاسی پێشنیارەکانتان دەکەین، هەموویشیان لەلایەن جەنابی سکرتێرەوە دەست نیشان کراوە، وپێمان باش بوو لیژنەیەک دەستنیشان بکەین، لیژنەکەش لەم بەڕێزانە پێک بێت بۆ تاوتۆکردنی ئەو پێشنیارانە و گەڵاڵە کردنی، بۆ ئەوەی وەکو پێشنیارتان کرد ڕێگەی خۆی ببینێ، ئەو برادەرانەی کە دەست نیشان کراون بۆئەم لیژنەیە وەکو پێشنیارێک کاک ئەحمەد سالار، کاک عەبدولخالق زەنگەنە، کاک د.ناسح غەفور، کاک شمائیل یان کاک ئەکرەم ئەگەر یەکێکیان لێرە بن، کاک سەعید عەلی خان، کاک سەعید یەعقوبی، ئەمانە کاک شێروان لەگەڵیاندا و بەندەی دڵسۆزتان لەخزمەتتان دەبێ بۆ ئەوەی لەم یەک دوو ڕۆژە لەم ئەم پێشنیارانە بکۆڵنەوە. ئەو پێشنیارانەی کە ئێستاکە لێرە گەڵاڵە کراوە ئەگەر جەنابی سکرتێر قسەیەکی لەسەر بکات لەم

بارەیەوە خراپ نییە، بۆ ئەوەی ئاگادار بن وگەر چیتر هەبوو پاشان لەگەڵ ئەم لیژنەیە بخرێتە روو و دابەش بکرێ بەسەریاندا بۆ ئەوەی ئەوانیش تاوتۆی بکەن و بیخەنە رووی ئێوەی بەڕێز، فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو پێشنیارانەی کە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان پەسەندیان کرد، لەچەند خاڵێک خۆی دەگرێتەوە؛

یەکەم :رێکخستنی یاداشتنامەیەک بۆ بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێران وبۆ رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و بۆ (UN) بۆ ئەوەی ئیدانەو مەحکوم کردنی ئەو کارە بکرێت.

دووەم: رێز گرتن لەپەنابەرەکانی کورد لەئێران .

سێهەم : پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ بەدەرخستنی ئەم راستیانەو موحاسەبە کردنیان و ئەو کەسانەش کە گیراون بەرەڵلا بکرێن و رێزیان لێ بگیرێ و هەروەها بەپێی بنەماکانی ئیسلام هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکرێ، و ئەوەی کە تۆمارم کردبوو بەراستی ئەو پێشنیارانەیە منیش بەدەوری خۆم ئەو پێشنیارانە پێشکەش بەو لیژنەیە دەکەم بۆئەوەی زیاتر تاوتۆی بکەین و یاداشتێک رێک بخرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەمە دانیشتنەکەمان کۆتایی پێ دێت، بەیانی کاتژمێر (١٠) ئەندامانی پەرلەمان لێرە دەبن، ئەگەر چی بەیانی دانیشتنمان نابێ، بەڵام لیژنەکان کۆبوونەوە دەکەن، ئێمە وەکو سەرۆکایەتی لەوانەیە سەردانی لیژنەکان بکەین، بۆ ئەوەی ئەو پرۆژانەی کە هەنە تەواو بکرێن، کۆمەڵێک پرۆژە هەنە وهەمووشی بەپەلەیەو هیواداریین لیژنەکان لەسبەوە بەگەرمی ئیش وکاریان تەواو بکەن بۆ ئەوەی لەم هەفتەی بێتەوە دانیشتن بکەین و ئەوەی لەبەر دەستدایە تەواوی بکەین، سەعات (١٠)ی رۆژی ١٨/٣/١٩٩٨ دانیشتنی دووەم دەست پێ دەکات.

**شێروان ناسح عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢)

## چوارشەممە ڕێکەوتی ١٨/٣/١٩٩٨

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢)

## چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٣/١٨

***کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٣/١٨ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادە بوونی سکرتێری ئەنجومەن بەڕێز شێروان ناسح عەبدوللا، دانیشتنی ژمارە(٢)ی خولی ئاسایی یەکەمی، سالی(١٩٩٨)ی خۆی بەست.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕاددەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو. ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ کرد.***

***بەرنامەی کار:***

***خالی یەکەم :گفتوگۆ لەسەر پرۆژەی دانانی ڕۆژی (٥)ی ئاداری هەموو سالێک بەپشووی ڕەسمی لە هەرێمی کوردستاندا.***

***خالی دووەم :گفتوگۆ لەسەر پرۆژەی دانانی ڕۆژی (١١)ی ئاداری هەموو سالێک بەپشووی ڕەسمی لەهەرێمی کوردستاندا.***

***خالی سێیەم: گفتوگۆ لەسەر پرۆژەی «تەخویل کردنی» ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان بۆ بەخشینی دەرمالە بە هەموو فەرمانبەرانی هەرێم بەپێی پێڕەوی تایبەتی.***

***خالی چوارەم : گفتوگۆ لەسەر پرۆژەی دامەزراندنی دادوەر (عەزیز عەبدوللا ئەحمەد) بەئەندامی ڕەسەن لە دادگەی تەمییزی هەرێمی کوردستان.***

***خالی پێنجەم : گفتوگۆ لەسەر پرۆژەی پێدانی دەسەلات بەوەزیری دارایی بۆ دووبارە دانانی باجی یاسایی لەسەر ئەو توێژانەی کە پێشتر لێی عەفوو کراون.***

***خالی شەشەم: گفتوگۆ لەسەر (مینحە)ی حزبەکانی کوردستان.***

***خالی حەوتەم: گفتوگۆ لەسەر پرۆژەی (هەموارکردنی یاسای وەزارەتی داد لەبارەی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی داد)ەوە.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان. دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێدەکەین.

بەرنامەی کارمان بریتییە لەهەشت خالْ.

**خالی یەکەم :** گفتوگۆ لەسەر پرۆژەی دانانی ڕۆژی (٥)ی ئاداری هەموو سالێک بەپشووی ڕەسمی لە هەرێمی کوردستاندا.

**خـالّی دووەم :**گفتوگۆ لەسەر پرۆژەی دانانی ڕۆژی (١١)ی ئاداری هەموو ساڵێک بەپشووی ڕەسمی لەهەرێمی کوردستاندا.

**خـالّی سـێـیـەم:** گفتوگۆ لەسەر پرۆژەی «تەخویل کردنی» ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستان بۆ بەخشینی دەرماڵە بە هەموو فەرمانبەرانی هەرێم بەپێی پێڕەوی تایبەتی.

**خالّی چوارەم :** گفتوگۆ لەسەر پرۆژەی دامەزراندنی دادوەر (عەزیز عەبدوڵڵا ئەحمەد) بەئەندامی ڕەسەن لە دادگەی تەمییزی هەرێمی کوردستان.

**خالّی پێنجەم :** گفتوگۆ لەسەر پرۆژەی پێدانی دەسەڵات بەوەزیری دارایی بۆ دووبارە دانانی باجی یاسایی لەسەر ئەو توێژانەی کە پێشتر لێی عەفوو کراون.

**خالّی شەشەم:** گفتوگۆ لەسەر (مینحە)ی حزبەکانی کوردستان.

**خالّی حەوتەم:** گفتوگۆ لەسەر پرۆژەی (هەمواركردنی یاسای وەزارەتی داد لەبارەی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی داد)ەوە.

دوو سێ خـالّی تریش هەنە. پێش وەخت لەگـەڵ وەزیری دارایی وئابووری و لیـژنەی دارایی ڕێککەوتین، پاشان گەیشتینە ئەو خالانەی کە باسیان دەکەین.

ئێستـاش دێینەوە سەر خالّی یەکەم، پرۆژەیەک لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هاتووە کە ڕۆژی (٥)ی ئادار بکرێ بە ڕۆژی پشووی ڕەسمی هەموو لایەک، با برادەرانی لیژنەی یاسا کەرەم بکەن، فەرمووخالّی یەکەم.

**بەڕێز حـسـێـن عـەلی کـەمـال:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـوومـەن.**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

بەناوی گەلەوە

ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق.

بڕیار:

بەپێی برگـە (١)ی مـاددە (٥٦)ی یاسـای ژمـارە (١)ی سـالّی ١٩٩٢، ولەسـەر داوای ئەنجوومەنی وەزیران، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لەدانیشتنی ڕۆژی / / ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:

١- دانانی ڕۆژی (٣/٥)ی هەموو ساڵێک ڕۆژی پشووی ڕەسمی بێت لەهەرێمدا.

٢- ئەم بڕیارە لەڕۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێ و لەڕۆژنامەی ڕەسمیدا بڵاودەکرێتەوە.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـوومـەن:**

ئەوە پرۆژەیەکە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە، کە ڕۆژی ٣/٥ بکرێت بە ڕۆژی

پشـــوو دانی رەســـمی رۆژی (٣/٥) وەکــو بەڕێزتان ئاگــادارن رۆژی دەست پێکردنی راپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ کاتی خۆیشی لەپەرلەمان بڕیارێک درا کە هەموو ساڵێک ئەو یادە لە هەموو کوردستاندا بکرێتەوە، ئەگەر چ گفتوگۆیەک لەسەر ئەم بڕگەیە هەیە با ناونووسی برادەران بکەین. (کاک سەعید یەعقوبی، کاک عەبدولخالق، مامۆستا مەلاتاهیر، کاک ئازاد قەرەداغی).
کاک سەعید فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە دیاری کردنی ماوەی خوێندن بۆ هەشت مانگ یان نۆ مانگ. ئەوە لەسەر بنەماێکی زانستی دانراوە لەئەنجامی شارەزایی و تاقیکردنەوەی سەدەها ساڵە ،کە لەهەموو وڵاتانی جیهاندا چەسپاوەو . مانگی شوبات تاقی کردنەوەکانی نیوەی ساڵە، پاشان دوو هەفتە پشوو. دوایی کەوتینە مانگی سێ کە دەبێ ناوی لێ بنێین مانگی پشووان، ئەگەر هەر رۆژێک دەواميش بێ کە دەکەوێتە نێوان دوو پشوو، ئەو رۆژەش هەر دەبێتە پشوو، ئاشکراشە سەرەتای مانگی پێنجیش تاقی کردنەوەکانی کۆتایی ساڵ دەست پێ دەکات.
لای هەموومان ئاشکرایەو واش بووە، ئێستاش لەکاتی تاقی کردنەوەدا ماوەیەک دەرس گوتنەوە کز دەبێت، واتە ساڵی خوێندن ئەگەر ئاوها بێت تەنها دەبێتە چوار مانگ یان پێنج مانگ .دەبێ نیوەی ئەو ماوەیەی کە لەهەموو جیهان دانراوە کە ساڵانە قوتابی پێڕەوی خۆیان تەواو بکەن لەجیاتی هەشت مانگ ونۆ مانگ دەبێتە چوار مانگ وپێنج مانگ، کە لەهەموو جیهان بۆی دانراوە ،باشە چۆن بەو حیسابە ئێمە داوای بەرزبوونی رادەی خوێندن دەکەین؟، چۆن داوا دەکەین لەمناڵانمان پێڕەوی هەشت مانگ ونۆ مانگ، بەچوار مانگ تەواو بکەن؟، بێگومان دەبێ بەزۆر بێت، ویاخود بەپەلە بێت ئەویش کاردانەوەیەکی پێچەوانەی هەیە. جگە لەوەی ئەو هەموو پشووانە دام و دەزگاکان، بەتایبەتی فەرمانگە خزمەتگوزارییەکان ،وەک شارەوانی و نەخۆشخانەکان، چۆن دەتوانن خزمەتگوزاری پێشنکەش بەخەڵک بکەن؟ نەخۆشێک دەیەوێ «ئەشعە» بگرێ لەخەستەخانەکانی حکومەت پارەکەی کەمترە ،یان «تەحلیلێک» پارەکەی کەمترە، باشە ئەگەر ئێمە ئەو هەموو پشووانە بدەینە خۆمان و پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری لەو فەرمانگانە ببڕین،ئەدی نابێ ئێمە حساب بکەین پشوو چۆن دائەنرێت ؟ جگە لەوەش ئایا بەرهەمی کارگەکان بەم شێوەیە راناوەستێ ؟ بەبۆچوونی من واباشە ئەنجوومەنی وەزیران ناڵێم کام پشوو بێت وکام رۆژ پشوو نەبێت، چ رۆژێک گرنگی هەیە و چ رۆژێک گرنگی نییە ،چاوی پیابخشێنێتەوە لەسەرجەمی پشووەکان و لیژنەیەک پێک بێنێت پرۆژەیەک پێشکەش بکات وپاش لێکۆڵینەوەیەکی تەواو لەپەرلەمان پێشکەش بکرێت، ئەوکات پشووەکان کەم بکرێنەوە.
بەڕاستی ئێمە سەرمان لە قوتابییەکان شێواندووە ، ئێستا فەرمانبەرەکان لەماڵەوە تەلەفۆن دەکەن،

ئەڵێن کاکە بەیانی پشووە؟ وهەروەها قوتابی تەلەفۆن دەکات کە ئایا پشووە یان نا؟ تکا دەکەم پشووەکان دیاری بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو د.رزگار.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەمێژووی گەلاندا هەندێ رۆژ هەیە بەرۆژی مێژوویی لەقەڵەم دەدرێ وجێگای شانازیانە، لەو رۆژانەدا گەل یادی رابردووی خۆی دەکاتەوە.

رۆژی پێنجی ئادار رۆژێکی پیرۆزە ،رۆژی دەست پێکردنی راپەرینە، دەبێ رێزی لێ بگیرێ. ئەوە قۆناغێکی نوێیە لەژیانی گەلەکەماندا کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو راپەرینە، و دەبێ ئەو رۆژە لەیاد نەکرێت وهەموو ساڵێک هەمان رۆژ بکرێ بە پشووی رەسمی بۆ ئەوەی بتوانین باشتر ئەو یادە مەزنە بەرێوە ببەین، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لە گەڵ بەشێکی قسەکانی کاک سەعید دام بۆ مەسەلەی پشوو،هەم سەبارەت بە قوتابییەوە هەم بەرهەم هێنان .بەڵام من ئەوە نابەستمەوە بەو رۆژە مەزنە، بەو رۆژەی کەگەلەکەمان بەدونیا ناسرا ، بەو راپەرینەی کە ریفراندۆمێک بوو سەبارەت بە میللەتەکەمانەوە، بۆئەوەی لەیادمان نەچێت ، بۆیە کارێکی باشە کە وا پێنجی مانگ بکرێ بە پشوویەکی رەسمی بۆ گەلەکەمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک عەبدولخالق. مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مانگی ئادار مانگێکی پیرۆزە ، مانگێکی گونجاوە . هەر لەیەکی مانگەوە هەتا حەوت وهەشت و یانزەو دوانزەو و بیست وبیست ویەک و بیست سێ، واتە ئەو مانگە سەرتاسەری میللەتی کورد بەمانگێکی پیرۆزی دادەنێ.

بەلای منەوە مانگی دوو و مانگی سێ ،مانگی خۆرێکخستنی کوردە،ئەو مانگانە بۆ زانستیشە و بۆ خوێندن وبۆ بەرهەمیشە ،بەراستی ئەم پشوانە زۆرن ، وەکو کاک سەعید ئاماژەی بۆ کرد، قوتابی ئەگەر لەمانگی دوودا تاقی کردنەوەی هەبێ و لەمانگی سێ ئەو هەموو پشووەی هەبێ ناتوانێ کەڵک وەربگرێ لە وەی کە خوێندوویەتی ،دام دەزگاکانیش شل دەبنەوە ئەگەر بەم شێوەیە

بروات . با وەکو (١٦)ی مانگ بۆنەیەک بێت ولەبیر نەچێت، بەڵام با بە کارەوە لەبیر نەچێت ،نەک بەبێ کارییەوە. لەراستیدا پێنجی ئادار رۆژێکی پیرۆزە ،چونکە خوای گەورە دەفەرمووێ ( واتوا حقه یوم حصاده) حەقی ئەم میللەتە ئەو رۆژەیە کەوا دروێنەی تێدا دەکا، دروێنەی خەباتی میللەتی کورد ئەو رۆژە بەبەرهەم گەیشتووە، حەقە لەبیر نەچێت بەڵام لەهەمان کاتیشدا بە کارەوە بێ، نەوەک بەبێ کاری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئازاد قەرەداغی فەرموو.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەبۆچوونی من پێنجی ئادار ،کەرۆژی سەرهەڵدان وراپەڕینە ، لەحاجی ئاواوە دەستی پێکرد ،گەورەترین رۆژە چونکە رۆژی دەسپێکی راپەڕین بوو، وهەر ئەوەش بوو بەبۆچوونی من وەکو ئاگر کەوتە گیانی دوژمنان وپەرەی سەند و چووە شاری دەروازەی راپەڕین و شارەکانی تریشی گرتەوە ، بەبڕوای من ئەو رۆژە دەبێ زۆر گرنگی پێ بدرێ، راستە وەکو برادەران فەرموویان وەکو پشووە لەوانەیە هەندێک کاریگەری هەبێ، بەڵام بەبۆچوونی من ئەو رۆژە ببێ بە پشوویێکی رەسمی و زیاد لەپێویستیش گرنگی پێ بدرێ، چونکە رۆژی سەرهەڵدان وراپەڕینە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک ئازاد. مامۆستا مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلاهادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە گرنگی پێدانی راپەڕین، منیش لەگەڵ ئەوەم کە زیاتر گرنگی پێ بدرێ، بەڵام ئەو پشووانە کاردەکەنە سەر ئەوانەی کە کاک سەعید باسی کرد، لەبەر ئەوە نەکرێ بەپشوو باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ باشە سوپاس، ئەو برادەرانەی کە دەیان ویست قسە بکەن لەسەر ئەم بابەتە تەواو بوو، فەرموو کاک فرەنسۆ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم جێگا کە راپەڕین دەستی پێکرد لەکۆمەڵگای خەبات بوو نەک لە حاجی ئاوا ، خەڵکی ئەو ناوچەیەبوو دەستیان پێ کرد، ئەمە تەنیا بۆ راست کردنەوە بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، هەر وەک بەبیرهێنانەوەیەک بەڕێزان ،وابزانم دەزانن ئێمە لە (٢٨)ی ١٩٩٣ بڕیارێکمان هەیە، ژمارە (٥)، کە ٣/٥/ دانراوە بەرۆژی دەستپێکردنی ڕاپەڕین وڕۆژی (٢٠) بە سەرکەوتنی ڕاپەڕین داندرا. وەکو کاک فرەنسۆ وکاک ئازاد ئاماژەیان بۆ کرد لە(خەبات) و لە(ڕانیە) دەستی پێکرد، دواتر (حاجی ئاوا) ئازاد کرا، (٢٠)ی مانگیش ئازاد کردنی شاری کەرکووک بوو. جا بۆ ئەم دوو بۆنەیە بڕیارێکمان هەیە ،وەکو ئاگادارن حکومەتیش دیارە لەسەر ئەو بنەمایەیە وبڕیارێک هەیە وهەر دەبێ لەم ڕۆژە ئاهەنگ بگێڕدرێ، بۆیە بەباشیان زانی بەرەسمی ببێت بەپشووێک بۆئەوەی خەڵکەکە و دام ودەزگا ڕەسمییەکانیشمان بتوانن لەم دوو ڕۆژە ئەو دوو یادە بکەنەوە.

چ تێبینییەکی تر نییە؟ ئەوەی کاک سەعید فەرمووی کەپشووەکان چاوێکی پێدا بخشێندرێتەوە، جا ئەوە حەز دەکەن بیکەین بە بڕیارێک یا وەکو ڕاسپاردەیەک دایبنێین؟ یان دوایی چەند ئەندامێک لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران قسەی لەسەر بکەن، چونکە ئەگەر پێشنیارە با بیخەنە دەنگدانەوە، ئەگەریش ڕاسپاردەیە ئەوە دوایی قسەی لەسەر دەکەین. کاک سەعید فەرمووو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من مەبەستم ئەوە نییە کە بڵێین پێنجی مانگ پشوو نەبێ، ئەوەی من ئەیڵێم ئەوەیە لەئەنجوومەنی وەزیران لیژنەیەک پێک بهێنرێت وەکو لەهەموو وەزارەتەکان هەیە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بەشارەوانی وخزمەتگوزاری وپەروەردە و تەندروستییەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئەو ڕاسپاردەیە بینێرین ،یاخود بیکەین بەبڕیارێک؟.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بیکەن بەبڕیارێک، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە، جارێ با لەمە تەواو بین، ئەم پرۆژەیە کە (٣/٥) بکرێت بە ڕۆژێکی پشوودان لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان، کێ لەگەڵە..؟ سوپاستان دەکەین...کێ لەگەڵ نییە؟... بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم بڕیارە لەڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بڵاودەکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بڕگەی دووهەم، کێ تێبینی لەسەری هەیە؟ نییە؟.. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

وەکو بڕیار کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

با بێینە سەر خاڵی دووهەم لە بەرنامەی کارمان: پرۆژەی دانانی ڕۆژی (١١)ی ئادار بە پشووی ڕەسمی لەهەرێمی کوردستاندا. فەرموو بڕیارەکە بخوێنەوە.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕیار

بەپێی بڕگە یەکی مادەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لەدانیشتنی ڕۆژی / / ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:

١- دانانی ڕۆژی (٣/١١)ی هەموو ساڵێک ڕۆژی ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنامەی ئاشتی (١١)ی ئادار بەپشووی ڕەسمی لەهەرێمدا.

٢- ئەم بڕیارە لەڕۆژی دەرچوونیەوە جێ بەجێ دەکرێ ولەڕۆژنامەی ڕەسمیشدا بڵاودەکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی هەیە لەسەر بڕگە یەک؟ کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ڕێککەوتنامەی (١١)ی ئادار بەدەستکەوتێکی پیرۆزی گەلەکەمان دەزانم، یەکێکە لەبەرهەمەکانی شۆڕشی ئەیلوول بەسەرۆکایەتی بارزانی نەمر،بۆیە ڕۆژێکی مێژووییە لە مێژووی گەلەکەمان و بەڵگەیەکە ،چونکە یەکەمین جارە لەدستووری عێراقی یان لەیاساکانی عێراقی دا مافی کورد بچەسپێت و هاوبەش بێ لەگەڵ عەرەب لەو وڵاتەدا، لەبەر ئەوە من پشتگیری ئەوە دەکەم، کە ئەو ڕۆژەش ببێتە ڕۆژێکی پشوو لەناو گەلەکەمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک عەبدولخالق، کاک ئەحمەد سالار فەرموو.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕۆژی (١١)ی ئادار نەک تەنها هەر وەرچەرخانێ هەڵکشانە بۆ ئاستێکی گەورەو مێژوویەکی

نوێیــە بەڵکو بڕوا بەخـۆبوونە ئاه پێـدا هاتنەوەیە، ئەو ڕۆژە دەتوانین بڵـێین بەلایەنی گـەلی کوردستانەوە نەورۆزی سەردەمەکەیە، ئەو ڕۆژە ڕەوایەو پەسەندە کە نەک پشوو، بەڵکو جەژنێکی نەتەوایەتی گـەورە بێت، چونکە بەرووبوومی ڕەنج وخـەبات وقـوربانی دانی سـاڵەها وبەتایبـەتی شـۆڕشی ئەیلولە، هەروەها ڕێز گـرتنە لەهەمـوو ئەوانەی کـە خـەباتیـان بۆ کـردووە، لەسـەرووی هەمـوویـانەوە بارزانی نەمر. بۆیە بەچاکی ئەزانین کـە ئەو ڕۆژە بایەخی پێ بدرێ وببـێـتـە پشـوو وجەژنێکی نەتەوایەتی ، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

سوپاس، کاک یوسف فەرموو..

**بەڕێز یوسف مـیـران خـورشـیـد:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بەراستی من زۆر بەپێویستی دەزانم کە ئەو ڕۆژی (١١)ی ئادارە بەرۆژێکی پشوو وبەجەژنێکی دابنێین، هەروەکو برادەران باسیـان کرد، ڕۆژێکی زۆر مـێژوویيەو نرخ و بایەخی تایبەتی هەیە لە لایەن میللەتی کوردەوە ، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

سوپاس، کاک مامەند ئاغا فەرموو.

**بەڕێز مـامـەند مـحـەمـەد ئەمین بابەکـر:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ڕۆژی (١١)ی ئادار ، من بەپیـرۆزترین ڕۆژی دەزانم بۆ گـەلی کـورد، بەرهەمی شـۆڕشـێکە کـە بارزانی پاڵەوان سـەرکـردایەتی کـردووە، بەرهەمی ڕۆیشـتنی بـارزانییـە بۆ یەکـێتی سـۆڤـیـەت، بەرهەمی خـەبات وتێکۆشانی کوردە بۆ وەرگرتنی ئەم ڕۆژە ، بەرهەمی هەمـوو تێکۆشـانە بۆ مـاف سـتاندن لە داگیـر کـەران ،لەوانەی کە دژ بەحـەقی مـیللەتی کـوردن، بۆیە من بەپیـرۆزترین ڕۆژی دەزانم، ئێستاکە ئێمە لێرە دانیشتووین بەرهەمی ئەو ڕۆژەیە، ڕاپەڕین کە ئێسـتا باسمـان کرد وکردمـان بە ڕۆژێکی پشـوودان بەرهەمی ئەو ڕۆژەیە، جـا بۆیە بەرۆژێکی زۆر پیـرۆزی دەزانم، پێم باشە نەک هەر پشوودان بێت بەڵکو جەژنێکی سەرتاسەری میللەتی کورد بێت و گرنگی تایبەتی پێ بدرێت، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

سوپاس، فەرموو د.ناسح.

**بەڕێـز د. نـاسح غـەفـور ڕەمـەزان:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

برایانی پێش من ،بە باشی باسی (١١)ی ئاداریان کـرد٠ لەراسـتـیـدا ئەمـە دەسـتکەوتێکی مـێژوویی هەرەمەزنی شۆڕشی ئازایخوازی گەلی کوردستـانە کە بەرهەمی شۆڕشی ئەیلولی مەزنە

بەسەرۆکایەتی بارزانی نەمر، ئەمە بەرهەمی دەیان ساڵ خەباتی ئەو میللەتەی ئێمە بووە کەوا دەردو مەینەتی بۆ چێشت و لەئەنجامدا گەیشت بەو ئامانجە پیرۆزەی کە حکومەتی بەغدای ناچار کرد کە رێککەوتنامەی ئاشتی مۆر بکات، نەک تەنها رێککەوتنامەی ئاشتی، بەڵکو مافەکانی سەرەتایی میللەتی کورد لەو رێککەوتنامەیە دیاری بکرێت.

بۆیە من بەش بەحاڵی خۆم بەپیرۆزی دەزانم یاد بکرێتەوە وبەپشوویەکی رەسمی دابنرێت،هەرچەندە هەندێک لە برادەران باسی رۆژانی پشوو دەکەن کە گوایە کار لەخوێندن ودام دەزگای حکومەت دەکات،مانگی ئادار مانگێکی پر لە کارەسات وبیرەوەرییە لە مێژووی میللەتی کورد دا .بۆیە ئێمەش ناچارین بایەخی پێ بدەین ،بۆ نموونە لە زۆر وڵاتانی ئەوروپا هەیە ،لەناوەراستی مانگی دوانزەوە هەتا ئەگاتە ناوەراستی مانگی یانزە هەمووی پشووە ،لەوڵاتانی ئەوروپی نەک وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست، لە بەر ئەوە ئەم رۆژە پێویستی بە یاد کردنەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلامحسن فەرموو.

**بەڕێز مەلامحسن خالید مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر هەموو پشوویەکی رەسمی لەکوردستاندا پێویستیان بە بریار بێت، بۆ ئەوەی بچەسپێ لەناو خەڵکدا ، من وابزانم (١١)ی ئادار پێویستی بە بریار نەبووە، لەدوای ساڵی ١٩٧٠ەوە هەتا ئێستا هەر پشووە وهەر رەسمیاتی هەیە، ئێمە تەنها باسی رسمیەتی ئەو رۆژە ئەکەین وپەسەندی ئەکەین .

ئەوە بریاری ئەو میللەتەیە کەساڵەهای ساڵە لەدڵی خۆیاندا بەدەستکەوتێکی گەورە ومەزنیان داناوە، ئەگەر لە پشووەکانی تردا هەندێ حساباتی تایبەتی بکرێت بۆ ژیانی قوتابی وخوێندن وقوتابخانەکان وتەرتیباتی ترو خزمەتگوزارییەکان. من وابزانم لە (١١)ی ئازاردا ئەو حساباتە ناکرێ، چونکە کەس ناتوانێ نکۆڵی لەوە بکات کە ئەوە رۆژێکی مێژووییە،هەروەها رۆژی ١٤ی مانگیش رۆژی یادی لە دایک بوونی سەرۆکی گەلی کورد مەلامستەفای بارزانییە لەدوای ئەوە دێتە پێشەوە، حەق وابوو ئەم دوو رۆژە بایەخی تەواویان پێ بدرابایە، هەم رۆژی لەدایک بوونی، هەم رۆژی سەرکەوتنی لە ١١ی ئاداردا، سوپاس.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من (١١/ ئادار) جگە لەوەی کە بکرێ بە پشوودانێکی رەسمی، دەبوایە ئامادەباشی ئەوەی بۆ بکرێ کە ئەو رۆژە زۆر بایەخی پێ بدرێ. وەکو ئاماژەی بۆ کرا، یەکەم جار بوو لە مێژووی

میللەتی کوردا بە ناچاری دان بە مافی میللەتی کورد دابنرێت، واتا ڕاگەیاندنەکەشی بە ناچاری بوو ئەویش خوێنی شەهیدان و، خەباتی بارزانی نەمر بوو و، ئەو سەرکردە مەزنەی گەلی کورد بارزانی کە سەرکردایەتی ئەو شۆڕشەی کرد، بەراستی شۆڕشێکی بێ هاوتا بوو، ئەگەر لەگەڵ شۆڕشی گولانیشدا بەراوردی بکەین، هەندێ جیاوازی هەبێ، لەبەر بارودۆخی تەکنیکی، بەڵام بە بڕوای من ئەو ڕۆژە بکرێتە ڕۆژێکی پشوودان و، خەباتی بارزانی نەمرو گشت میللەتی کورد لەو ڕۆژەدا یاد بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک ئازاد، کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەڵێن ئەگەر خوا غەزەبی لە میللەتێک بگرێ هەموو ڕۆژەکانی دەکاتە جەژن بۆ ئەوەی ئیش نەکا و دابنیشێ و خەریکی چەپڵە لێدان بێ، ئەگەر سەیری مانگی ئادار بکەین وەکو جەنابت فەرمووت (١/ ئادار) ڕۆژی ئاوابوونی پڕشنگدارترین ئەستێرەی ئاسمانی کوردستانە، ڕۆژی کۆچ کردنی بارزانیی نەمرە، ڕۆژی (٥)ی مانگ یادی ڕاپەڕینی مەزنی گەلی کوردستانە، ڕاپەڕینەکەی ئاداری ساڵی (١٩٩١)، (٦)ی مانگ یادی گەورەترین کارەساتە، یادی ڕێککەوتنە خیانەتکارەکەی جەزائیری ساڵی (١٩٧٥)ە، (١١)ی مانگ ڕۆژی سەرکەوتنی شۆڕشی ئەیلوولی مەزنە، (٣/٢٠) ساڵی (١٩٩١)ی یادی ڕزگارکردنی کەرکوکە، چواردەی مانگ یادی لەدایک بوونی بارزانیی نەمرە، (١٦)ی مانگ یادی بۆمبابارانکردنی کیمیاوی هەڵەبجەیە، (٢١)ی مانگ نەورۆزە، (٣١/٣٠) یادی لە سێدارەدانی قازی محەمەدە، (١٩٣٤/٣/٣١) ڕۆژی ئەوەیە کە بارزانی پلەی ژەنەڕالی لە کۆماری مەهابادا وەرگرتووە، واتا لە (١)ی ئادارەوە تا کۆتایی مانگ هەمووی یان جەژن و، یان قورپیوانە، بەڵام من دێمە سەر (١١)ی ئادار، (١١)ی ئادار یەکەم جارە کە شۆڕشێکی کوردستان بتوانی دروشمی خۆی جێبەجێ بکات، شۆڕشی ئەیلوول دروشمی جێبەجێ کردنی حوکمی زاتی بوو بۆ کوردستان کەواتە (١١)ی ئادار بەرهەمی خەباتی پەنجا ساڵەی بارزانییە، بارزانی لە ساڵی (١٩٢٠) کە تەمەنی (١٧) ساڵ بوو سەرکردایەتی (٣٠٠) چەکداری کرد هات بۆ یارمەتی دانی شۆڕشی شێخ مەحمودی نەمر لە (٢٠ـ تا ٧٠) دەکاتە (٥٠) ساڵ، (١١)ی ئادار بەرهەمی خەباتی بێ وچانی پەنجا ساڵەی بارزانییە، بەرهەمی خەباتی نەوەستانی (٢٤) ساڵی پارتییە، پارتی لە ساڵی (٤٦) تا (٧٠)، (٢٤) ساڵ خەباتی کرد، ڕۆژی (١١)ی ئادار گونجاوترین ڕۆژە بۆ ئەوەی پشوو بی، ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان پەرلەمانی کوردستان بڕیاری دا لەگەڵ حکومەت ڕێک بکەوێ، گونجاوترین ڕۆژە کە حکومەتی ناوەندیش

رازی بکەین ببێتە پشووی رەسمی، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەدام کە (١١)ی ئادار ببێتە رۆژێکی پشووی رەسمی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو برادەرانەی کە ویستیان لەسەر ئەم خاڵە قسە بکەن تەواو، کاک رەجەب ماوە، ببورە، فەرموو کاک رەجەب.

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رۆژی (١١)ی ئازار رۆژەکی مێژووییە لە دیرۆکی میللەتێ کوردا و، ئەستێرەکی گەشە لە ئاسمانی گەلەکەمان، چونکە بەرهەمی خەباتی چەندین ساڵەی میللەتە، وبەرهەمی خوێنی شەهیدی کوردو کوردستانە، منیش پشتگیری هەموو برادەران دەکەم، کە ئەو رۆژە ببێتە رۆژی پشوو لە سەرانسەری کوردستان و، بەم بۆنەیەوە من پێشنیارەکم هەیە کە ئەو رۆژانەی پشوو دەکەونە رۆژی هەینی، ئەوانە لەغو بکرێن، چونکە زۆر بۆنەو پشووی تێدایە، ئەگەر بتوانرێ ئەوەش رەچاو بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئاخاوتنەکانی ئێمە بەراورد بکەن هەمووی رێز لێنانە بۆ (١١)ی ئادار و، هەمان دەربرینە، بەڵام بە قەناعەتی من ئەگەر ئەوانەی ئامادەبوونە هەموومان لەسەری بدوێین لەوانەیە حەقی نەدەینێ، چونکە بەراستی رۆژەکی زۆر مێژووییە، رێزلێنان لە (١١) ئادار رێزلێنانی شۆڕشی ئەیلولە، رێزلێنانی سەرکردایەتی پارتییە بەتایبەتی شەخسی بارزانی کە ئەمڕۆ وەکو رەمزێکە لەناو میللەتی ئێمەدا. من زۆر درێژەی نادەمێ هەموو برادەران باسی رۆژی (١١)ی ئاداریان کرد، کە بۆ یەکەمین جار حکومەتی ناوەندی دانی نا بە مافەکانی میللەتی کورد لەسەر کاغەزدا، بەراستی زۆر لە جێی خۆی دایە ببێتە پشووی رەسمی، سوپاس.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوڵلا حەسەن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس. بۆ کاک فرەنسۆ زۆر بە جوانی باسی هەموو ئەو بۆنانەی کرد بە خۆشی و ناخۆشییەوە کە لە کوردستاندا بووە، بەڵام تەنها (٨) ی ئاداری پەڕاند کە یادی جەژنی ئافرەتانی جیهانە، ئەوانیش کۆت و زنجیری خۆیان پساند و داوای مافی خۆیان کرد، کەواتە مانگی ئادار هەم

مانگێکی پڕ لە خۆشیە و، پڕ لە کارەسات و تاڵیشە، ئافرەتانیش هاوبەشی ئەو بۆنەیە دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمەش پشتگیری ئافرەتان دەکەین، کاک فرەنسۆش پشتگیری لە ئافرەتان دەکات، بەڵام کاک فرەنسۆ بە دیاریکراوی باسی ڕووداوەکانی کوردستانی کرد لە ئادارداا.

ئەو برادەرانەی کە ویستیان قسە بکەن لەسەر ئەم خاڵە تەواو، بۆیە دەیخەینە دەنگدانەوە.

خاڵی یەکەم: ڕۆژی (٣/١١)ی هەموو ساڵێک ڕۆژی ڕێککەوتنامەی ئاشتی (١١) ئادار بە پشووی ڕەسمی لە هەرێمدا دابنرێت کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین.

خاڵی دووەم: فەرموو

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێ و، لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بڵاو دەکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک نییە لەسەر خاڵی دوو؟.

کێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

وەکو بڕیار دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا وەکو بڕیار سوپاستان دەکەین..

خاڵی دووش تەواو.

خاڵی سێیەمی بەرنامەکەمان:- گفتوگۆ لەسەر پرۆژەی تخویل کردنی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان بۆ بەخشینی دەرماڵە، ئێمە ڕێککەوتین لەگەڵ بەڕێز وەزیری دارایی وبەڕێز سەرۆکی لیژنەی دارایی وئابووری لەپەرلەمان و سکرتێریش، برادەران ئەم خاڵە دوا دەخەین، ڕەتی ناکەینەوە دوای دەخەین بۆ دانیشتنێکی هاوبەش لەنێوان بەڕێز وەزیری دارایی ولێپرسراوی لیژنەی دارایی وئابووری بۆ ئەوەی بزانین ئەو پرۆژەیە چۆن هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەین، ئەمانیش خۆیان داوایان کردووە وخۆیان ئامادە نین بۆ ئەم بابەتە، بۆیە داوامان کرد کە ئەم بابەتە دوا بخەین، کێ لەگەڵە کە دوای بخەین؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ دواخرا خاڵی سێ، خاڵی پێنجیش دیسان پەیوەندی بە وەزارەتی دارایی وئابووری هەیە، ئەویش داوایان کرد دوای بخەین، بۆیە ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە دوابخرێ؟ .. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ خاڵی پێنج دواخرا، خاڵی شەش بەرای ئێوەیە ئەگەر دوای بخەین.. پرۆژەکە ئەخوێنینەوە ئێستاکە و دوایی گفتوگۆی لەسەر بکەین، باوەکو خاڵێک

گفتوگۆی لەسەر بکەین، وپێشەکی داوایان کرد کە دوای بخەین. پرۆژەکە بخوێنەوە.. فەرموو.

**بەڕێز حسێن علی کمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تاريخ القرار:

قرار

استنادا الى احكام الفقرة (١) من مادة ٥٦ من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢و بناءاً على ماعرضه مجلس الوزراء لاقليم كوردستان العراق، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة تشريع القانون الاتي:

قانون رقم ( ) ١٩٩٧ قانون منح الاحزاب لاقليم كوردستان العراق

اولاً: يشمل المنح الحكومية للاحزاب السياسية الاحزاب الكوردستانية التي شاركت في الانتخابات الاولى على ان لا تقل الاصوات التي حصل عليها عن ٢٪من مجموع الاصوات.

ثانياً: على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

ثالثاً: لايعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

رابعاً: ينفذ هذا القانون اعتبارا من تأريخ صدوره.

ئەمەش رای لیژنەی یاسایە:

السيد الرئيس المجلس الوطني المحترم

رأي اللجنة

يتلخص كتابكم المرقم (ك -٢) في ١٩٩٨/١/٢٥يتلخص رأي لجنتنا بما يلي:

ان المشروع المقترح من قبل مجلس الوزراء حول منح الاحزاب قوة مشروع غير متكامل ويحتاج الى دراسة مستفيضة ومن جميع جوانب ومن قبل الجهات المختصة في پرلمان ، عليه فاننا نرى ضرورة تأجيل مناقشة المشروع في الوقت الحاضر وتشكيل لجنة مشتركة من لجان ذات العلاقة في مجلس الوطني وحكومة الاقليم لدراسة وأعداد مشروع متكامل لكي يتسنى عرضه على البرلمان لاتخاذ قرار مناسب بعد الاخذ بنظر الاعتبار ظروف ومتطلبات الاحزاب في الساحة السياسية في كوردستان.

مع التقدير

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وابزانم لیژنەی ناوخۆ تێبینیان هەبوو لەسەر ئەم بابەتە فەرمووە.

**بەڕێز کانەبی حەسەن دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لیژنەی ناوخۆش هەما رای هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ، واتە ئەوە رای لیژنەی ناوخۆو لیژنەی یاسایە، سوپاس. هەرسێ لیژنەی پەیوەندار رایان وابوو کە بابەتەکە دوابخرێت و رەت بکرێتەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، لەسەر ئەو بنەمایەی کە لیژنەیەکی هاوبەش پێک بهێندرێت بۆ ئەوەی ئەم بارودۆخە بەشێوەیەکی گشتی لێی بکۆڵرێتەوە، جا ئەگەر چ تێبینیەک لەسەر ئەم پێشنیارەی لیژنەکانی پەیوەنداری پەرلەمان نییە، ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ رای لیژنەکانە؟ سوپاستان ئەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا رەت بکرێتەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران راسپێردرێت بۆ ئەوەی کە لیژنەیەکی هاوبەش دەرسی بکات بۆ ئەوەی جارێکی تر بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان، خاڵی شەشەمیش بەو شێوەیە ئەمێنێتەوە خاڵی چوارەم وحەوتەم جەنابی وەزیری داد ئێستاکە کۆبوونەوەیان هەیە سەعات چوارونیو لێرە کۆئەبینەوە ئەو دوو خاڵەش تەواو دەکەین بەیاری خوا دوای ئەوە وابزانم چ بەرنامەیەکی وامان نامێنێتەوە تاوەکو دوای ئەم پشوودانانە، بەڵام یەک شت ئەگەر لیژنەی یاسا ئەوەی کەلای ماوەتەوە لەبەر دەستیانە لەکاتی پشوودان چۆن پێک دێن، سوپاستان ئەکەین.

خاڵی چوارەم و حەوتەم ماوە، جا ئەگەر برادەرانی لیژنەی یاسا کەرەم کەن. خاڵی چوارەم گفتوگۆ لەسەر پرۆژەی دامەزراندنی دادوەر عەزیز عەبدوڵڵا ئەحمەد بە ئەندامی رەسەن لەدادگای تەمییزی هەرێمی کوردستان.

فەرمووو لیژنەی یاسا.

**بەڕێز حەسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

استنادا الى الفقرة (أ) من المادة(٥٦) من القانون رقم(١) لسنة ١٩٩٢ وبناءا على ما عرضه وزير العدل والاقتراح المقدم من قبل رئاسة مجلس الوزراء شرع المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة// ١٩٩ القانون الاتي:

١- تعين الحاكم السيد(عزيز عبدالله احمد) من مواليد ١٩٢٧ عضوا اصليا في محكمة التمييز لاقليم كوردستان استثناءا من احكام القانون السلطة القضائية رقم(١٤) لسنة ١٩٩٢.

٢- على الوزراء المختصين تنفيذ هذا القانون.
٣- يعمل بهذ القانون اعتبارا من تأريخ صدوره.

ئەمە پرۆژەی حکومەت بوو، ئێستا رای لیژنەی یاسا دەخوێنمەوە.

الى/ السيد رئيس المجلس الوطني المحترم
راي اللجنة

كتابكم المرقم(ك/١) في ٢٥/١/١٩٩٨
يتلخص رأي لجنتنا بما يلي:

١- لم يسبق للمجلس الوطني وان اصدر اية قرارات لمعالجة حالات فردية محددة منذ تشكيلها ولحد الان.
٢- عليه واستنادا لما ورد في الفقرة اعلاه وحيث ان الحاكم السيد(عزيز عبدالله احمد) هو متقاعد سابقا لكونه من مواليد ١٩٢٧ ومتعاقدا حاليا مع وزارة العدل لمدة ثلاث سنوات ولايزال العقد نافذ المفعول وانه يتمتع بكافة حقوق وامتيازات عضو محكمة التمييز لذا فاننا لانؤيد استثناء تعيين الحاكم المذكور من قانون السلطة القضائية رقم(١٤) لسنة ١٩٩٢ الصادر من المجلس الوطني لكوردستان العراق.

مع التقدير.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەکورتی ئەو برادەرە بۆ ماوەی سێ ساڵ عەقدی هەیە لەگەڵ حکومەت، هێشتا ماوەی عەقدەکەی زۆری ماوە، هەروەها زۆرینەی مافی وەکو حاکمێکی تەمییزی هەیە، بەتایبەتی ئەو مافەی کە ئێستا ئەدرێ ئەوي من تێگەیشتووم تەنها یەک خاڵ نەبێ، ئەویش ئەگەر سبەی خانەنشین کرا لەوانەیە ئەو ماوەیە کە ئێستا ئیشی تیادا ئەکا تۆزێ گرفتي هەبێ، جا ئەگەر لەسەر ئەوە راوەستا چارەی زۆرە، واتە چارەی هەیە بێ ئەوەی ئێمە دەستکاری ئەو شتە بکەین وەک لە برادەران زانیومە هەموو مافێکی هەیە، ئێستا نۆرەی جەنابی وەزیرە ،ئەگەر دوایی برادەران شتێکیان هەبوو، فەرموو جەنابی وەزیری داد.

**بەڕێز قادر محەمەد عەزیز جەباری/ وەزیری داد:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەراستیدا لەکاتی ئەوەی کە برای بەڕێزم حاکم عەزیز، عەقدي لەگەڵ کراوە ئەو کاتە بوو کە ئێمە لێرە نەبووین، بەڵام لەکاتی خۆی پێش ئەوەی ئەمە بێ ئێمەش داوامان لێ کرد کە بگەڕێتەوە

عەقدی لەگەڵ بکەین، چونکە پێویستمان بە کارەکانی خزمەتگوزاری ئەو هەبوو، دادوەرێکی سەرکەوتووە شارەزاییەکی باشی هەیە بەتایبەتی لە بەشی(مدنی). ئێستا وەزارەت پێویستی پێیەتی بۆیە ئێمەش داوامان کرد، ئەویش مەترسییەکەی هەر ئەوەیە دوای عەقدەکە ئەو ئیمتیازاتەی نامێنێ دەیەوێ وەکو برادەرانی تری بێ، بۆیە داواکەی ئێمە لەسەر ئەو بنەڕەتە بووە ئەگەر بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەو برادەرانەی کە دەیانەوێ قسە لەسەر ئەم بابەتە بکەن با ناونووسیان بکەین، کاک سەعید یەعقوبی، کاک جەمیل، کاک د. رزگار، کاک ئیبراهیم سەعید، مامۆستا مەلا تاهیر، د. ناسح. فەرموو کاک سەعید.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دامەزراندنی بەڕێز عەزیز عەبدوڵلا کە لە دایک بووی ساڵی (١٩٢٧)تە واتە تەمەنی (٧١) ساڵە سەرنجم رادەکێش، بۆیە دەپرسم و دەڵێم لەیاساکانی خزمەتگوزاری دادوەری وخزمەتگوزاری مەدەنی کە لەهەموو کوردستان جێبەجێ دەکرێت، ئایا رەوایە کەسێک بەم تەمەنە دابمەزرێت؟ ئایا میللەتی کورد میللەتێکی نەزۆکە؟، کەسی نییە؟، دادوەری نییە کە شایستەی ئەو پلەو پایە بێ؟ من ئاگادارم برا پارێزەرێک، چونکە تەمەنی(٥١) ساڵ بوو لە ئەنجوومەنی دادوەری داواکەی رەفز کرایەوە کە دابمەزرێت وەکو دادوەرێک، پێیان وت تەمەنت گەورەیە، جگە لەوە بەدەیەها دادوەرمان هەنە کە بیست ساڵیان لە خزمەتی وەزیفەی دادوەریدا تەواو کردووە، دادوەری پلە یەکن، زۆر سروشتی ویاساییە و، زۆریش شەرعییە بێن بە دادوەری دادگای پێداچوونەوە(تمیز)، ئەگەر وەزارەتی داد پێویست یبە خزمەتگوزاری ئەو بەڕێزە هەبێت دەبێت بەڕێگای ئاسایی ویاسایی بێ ئەویش رێگای عەقدە، ئەگەر عەقدەکەشی تەواو بووە دەتوانن بۆی دووبارە بکەنەوە، تازە کردنەوەی عەقدیش رێگایەکی ئسوولییە بۆیە کردنەوەی ئەو دەرگایە و بەدەرکردنی لە یاساکان، پێم وایە پەرلەمان تووشی شەرمەزاری دەکا، یاساکان دەبێ بابەتی (مەوزوعی)بن نەک کەسی(شخصی)، واتە دەبێ بۆ بابەتێک دەربچێ نەک بۆ کەسێک، ئەوە دەرگامان بۆ دەکاتەوە بەسەدەها کەسی تر بە هەمان یاسا داوا پێشکەش بە پەرلەمان بکەن، رێگا گرتنە لە خوێنی تازە کە بێتە ناو دەزگای دەسەڵاتی دادوەری، چونکە هەموو ئەندامانی دادگای تەمییز ئەمرۆکە لە(٧٠) تێپەڕیون، بۆیە پێویستیمان هەیە لەدوا رۆژێکی زۆر نزیک چینێکی تازە لە دادەوران پەروەردە بکەین هەتاوەکو دەسەڵاتی دادوەری بەرپرسیار نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک سەعید.

فەرموو د. رزگار.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیەکم هەیە تەنها بەنسبەت تەمەنەکەیە، خۆی لەدایک بووی ساڵی(١٩٢٧)ە، واتە تەمەنەکەی(٧١) ساڵە، ئەوە تەمەنی خانەنشینی یە، چونکە دوا تەمەنی خانەنشین ئێمە لە پەرلەمان درێژەمان پێدا وپەسەندمان کرد(٦٨) ساڵ تەمەن. تەنها بۆ پەروەردە بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

گەڕانەوەی خانەنشین بۆ سەر ئیش وکاری خۆی زۆر زیانبەخشە بۆ گەنجینەی هەرێم رەزامەندی وەزارەتی دارایی وئابووری پێدەوێ بۆ گەڕانەوەی هەر خانەنشینێک، ئێمە لە لیژنەی دارایی وئابووری نارازین لەسەر ئەو گەڕاندنەوانە بەتایبەتی لەسەر ئەو ناوە وئەم پرۆژەیە، ئێستاش نووسراوی دارایی وئابووریتان بۆ دەخوێنمەوە.

الى/ السيد رئيس البرلمان المحترم

م/ تعيين حاكم

كتاب رئاسة المجلس الوزراء المرقم (١٩) في ١٨/١/١٩٩٨ والمحال الينا من قبلكم بالكتاب المرقم (ك١) في ٢٥/١/١٩٩٨.

اجتمعت لجنتنا وتوصي بعدم الموافقة على مشروع القرار الخاص بتعيين الحاكم السيد (عزيز عبدالله احمد) مواليد ١٩٢٧ عضواً اصلياً في محكمة التمييز لتجاوز عمره (٧٠) سنة وسبق للپرلمان الموقر رفض جعل السن التقاعدي (٦٨) سنة بدلاً من (٦٣) سنة لموظفي الاقليم عدا الهيئات التعليمية حسب القرار المرقم (٢٥) في ٦/١٠/١٩٩٧ ومع هذا فقد تجاوز عمره (٧٠) سنة ويؤثر على خزينة الاقليم. لذا نرفض هذا المشروع.

**مع فائق التقدير.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ لیژنەی ئابووری، ببوورە دەبوایە جەنابیشت لێرە دانیشتبای، فەرموو کاک ئیبراهیم سەعید.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پەرلەمان جێگای دانانی یاسایە، یاساش نرخێکی زۆری هەیە، چەند یاسا لێ بەدەرکردنی تیابێ ئەوەندە ئەو یاسایە لاواز دەبێت، پاشان لەبەر ئەوەی یاسایەکی گشتی هەیە پەیوەندی بەتەمەنەوە هەیە بۆ فەرمانبەران، وابزانم پابەندی پێ بکەین و هیچ لێ بەدەرکردنی تیا نەبێ، زۆر باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو مامۆستا مەلاتاهیر.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر مەبەست کەسی حاکم خۆی بێت بۆ دامەزراندنەکە، دامەزراندنی دادوەر لەلایەن، ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەبێ، بەڵام ئەگەر مەبەستیش ئەوەبێ کە ئەندامێکی کارا (عامل) بێ لەدادگای تەمییز، لەگەڵ عەقدەکە ئەتوانێ وابکەن ئەندامێکی کارا بێ لە دادگای تەمییزو عەقدەکەی بۆ نوێ بکرێتەوەو پێی ناوێ بێتە ناو پەرلەمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا هەردووکیەتی لەدادگای تەمییز ئەندامێکی کارایەو لە دەستەی پێداچوونەوەیەو عەقدیشی هەیە، ئێستا بە عەقد ئیش دەکا، تەنها ئەوەیە بەدەری بکەین ببێ بە ئەندامێکی ڕەسەن وەکو خۆیان داوا ئەکەن، واتە تەنها ئەگەر دوا ڕۆژ خانەنشین بوو، خانەنشینەکەی هینی ئەمرۆبێت هینی کۆن نەبێت حەقیقەت ئەوەیە ئەو دەرگایە بکرێتەوە ئەتوانین بەشێوەیەکی تر چارەسەری بکەین پێش خانەنشین بوونی فەرمانێکی بۆ دەربکەن ئەگەر ئەوە بووەتە کێشە، فەرموو د.ناسح.

**بەڕێز د.ناسح غەفوور ڕەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا برادەران هەموویان بەدوورودرێژی ئەو مەسەلەیان باس کرد خۆ ئەگەر کێشەکە تەنها سوودوەرگرتن بێ لە توانای ئەو برا دادوەرە ئەتوانرێ عەقدەکە ئەگەر تەواو بووە جارێکی تر بۆی نوێ بکرێتەوە وابزانم پێویست بەم تاوتوێکردنە ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵڵا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من بەفرسەتی ئەبینم کە بەڕێز جەنابی وەزیری داد بەشداریمان دەکات لەم کۆبوونەوەیەدا ئەوە روونی بکەمەوە ئێمە ڕەنگە لەدوا رۆژیش تووشی ئەم جۆرە پرۆژەیە بین، بۆیە من لەم منبەرەوە دەڵێم کە پێویستە وەزارەتی داد بەرنامەیەکی تایبەتی هەبێت بۆ پێش خستنی (قضاء) لە کوردستاندا، پاشان لەوانەیە هەندێ لەو بەرنامانە کورت خایەن بن وە هەندێکیشیان درێژ خایەن بن، پێویستە وەزارەتی داد بیر لەوەش بکاتەوە کە پێویستە بەرنامەیەکی تایبەتی خۆی هەبێ بۆ چارەسازی سیستەمی یاسایی لەهەرێمدا، موتوربەکردنی دادوەری بە هەندێک کادیری لێهاتوو لێوەشاوە لەدادوەران، ئەبێ یەکێک بێ لەم خاڵانەی ئەو بەرنامەیە، پێویستیشە بەگوێرەی لێهاتوویی و مەرجێکی دیاری کراوبێت، نەک لەسەر بنەمای حزبایەتی و رێکخستن. چونکە ئێمە بنەمای سەربەخۆی دادوەریمان لە پەرلەمانی کوردستان پەسەند کردووە و پەیرەوی دەکەین، پاشان تواندرا (قضاء) بەم کادیرانە موتوربە بکرێت ئەبێ بیر لەوە بکرێتەوە کە هەندێک دادوەری لێهاتوو ئامادە بکرێ، بە هەمان شێوە بۆ ئەوەی بتوانن لەدادگای پێداچوونەوە شوێنی خۆیان بکەنەوە، من رێزم هەیە بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەی کە لە دادگای پێداچوونەوە کاردەکەن هەر هەموویان جێگای رێزو شایستی ئێمەن، بەڵام ڕەنگە ئێمە غەدر لەهەندێکیان بکەین، چونکە ڕەنگ بێ باری تەندروستی هەندێکیان باش نەبێت. بەڵام لەسەر ئەوەش سوورن کە خزمەتی وڵاتەکەیان بکەن ڕەنگە تەمەنی هەندێکیان زیاتر لە (٧٥)ساڵ بێت کە ئەوە باوەڕ ناکەم هاندەر بێت بۆ ئەوەی بتوانن ئیشوکاری خۆیان ئەنجام بدەن، و لەهەمان کاتیشدا پێویستە مافی ئەو بەڕێزانە پارێزراو بێت، وزیاتر هاوکاری بکرێن. من لێرە تەئکیدی ئەوە دەکەمەوە کە کاک مەسعوود بارزانی هیچ بۆنەیەک نییە جەخت لەسەر سەروەری یاسا نەکات، ورێزگرتن لەیاسا ئالایەکی زیندووە کە هەڵیگرتووە، بۆیە یەکێک لەخاڵە هەرەگرنگەکانی چەسپاندنی یاسا ئەوەیە کە پێویستە سیستەمی دادوەری لە کوردستان پێش بخرێت. چونکە ئەگەر پێشان بارودۆخی کوردستان بواری نەدەدا ئێستا بارودۆخ لە کوردستاندا ئاساییە بۆ جێبەجێ کردنی ئەم خاڵانە، ئومێدەوارین لە وەزارەتی داد لە ئایندەیەکی نزیک بەرنامەی خۆی رابگەینێ بۆ پێشکەوتنی دادوەری و چاکسازی سیستەمی یاسایی لە کوردستان، لەگەڵ ئەوپەڕی رێزماندا،

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی سکرتێری پەرلەمان ئەگەر چ پێشنیارێکی تر نییە لەسەر ئەم بابەتە ئەیخەینە دەنگدانەوە، ببوورە، ئێستا ئەیخوێنینەوە، فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تعيين الحاكم السيد (عزيز عبدالله احمد) من مواليد ١٩٢٧ عضواً اصلياً في محكمة تمييز اقليم كوردستان استثناءاً من احكام قانون السلطة القضائية المرقم (١٤) لسنة ١٩٩٢.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ئەو بڕگەیەیە پاش ئەوەی کە گفتوگۆ کرا ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ ئەو پرۆژەیە ڕەفز کرا. سوپاستان ئەکەین. ئێستاش بڕگەی دووەم.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینیەک هەیە لەسەر ئەمە؟ کێ لەگەڵە؟ ئەویش بەتێکڕای دەنگ ڕەفز کرا چونکە دەرەنجامە (تحصيل حاصل).

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

يعمل بهذا القانون اعتباراً من تأريخ صدوره.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو پرۆژە ئەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ ڕەفز کرا، سوپاس.

خاڵی حەوتەم لە بەرنامەی کارمان گفتوگۆ کردنە لەسەر پرۆژەی هەموار کردنی یاسای وەزارەتی داد، لەبارەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی دادەوە. ئەگەر جەنابی وەزیر چ تێبینیەکی هەیە،یان یەکسەر دەستی پێ بکەین؟، کاک حسێن فەرموو پرۆژەکە وەکو خۆی بخوێنەوە.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار

تأريخ القرار

قرار

استنادا الى احكام الفقرة (١) من المادة(٥٦) من القانون رقم(١) لسنة ١٩٩٢، وبناءا على ما

عرضه رئاسة مجلس الوزراء لاقليم كوردستان العراق.
المادة الاولى:

مديرية العدل العامة:

تعدل الفقرة الثانية من المادة الرابعة من القرار رقم (٢٨) في ١٩٩٧/١٠/٢٠ وتحذف عبارة (حاكما من الصنف الثاني على الاقل) وتقرأ على الوجة الاتي:

(مديرية العدل العامة ويتولى ادارتها مدير عام على ان يكون حاكما وتتكون من المديريات التالية):

المادة الثانية:

على الوزراء المختصين تنفيذ هذا القانون.

المادة الثالثة:

ينشر هذا القانون في الجريدة الرسمية.

ئێستا دێینه سەر رای لیژنەی یاسا

الى/ السيد رئيس المجلس الوطني المحترم

م/ رأي لجنة

هامشكم على اصل كتاب رئاسة مجلس الوزراء المرقم ٣٨٨ في ١٩٩٨/١/٢١ يتلخص رأي لجنتنا بما يلي:

ان هذا المشروع المتعلق بتعديل الفقرة الثانية من المادة الرابعة من قانون وزارة العدل المرقم(١٢) لسنة ١٩٩٢المعدل سبق وان اوصت لجنتنا بعدم اجراء تعديل على الفقرة الثانية من المادة المذكورة اعلاه.

حيث قدمت المشروع الى المجلس الوطني في الدورة الثانية للسنة السادسة وتم رفضه في حينه عليه فأن لجنتنا تحتفظ برايها السابق وهو عدم اجراء التعديل في الفقرة اعلاه (على ان يكون مدير العدل العام حاكما على ان لايقل عن الصنف الثاني)

مع التقدير

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. جەنابی وەزیری داد ئەگەر چ تێبینیەکی هەبێ، فەرموو.

**بەڕێز قادر محەمەد عەزیز جەباری/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەراستیدا ئەم بابەتە لەکاتی خۆیدا پێشنیاری وەزارەتی داد بوو، ئەوە بوو لەگەل کۆمەڵێک برگەی تر گفتوگۆکرا و، من بەرگریم لێ کرد، وتم چونکە ئەوە کارێکی بەڕێوەبردنە، یا ئەو ئیعتیبارە

نەکرێ هەر کەسێک ئەگەر توانای هەبوو با پلەکەشی پلە دوو نەبێ، پلە(٣) بێ، پلە (٤) بێ، بەڵام لە پەرلەمان گفتوگۆکرا ورەفزیش کرا. بەڵام پێشنیاری جاری دووەم کە پێشکەش کراوەتەوە من پێشکەشم نەکردووە، وەزارەتی ئێمە پێشکەشی نەکردووە، ئەنجوومەنی وەزیران پێشکەشی کردووە، با خۆیان بێن لێرە گفتوگۆی لەسەر بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، وابزانم هەموو ئەندامانی پەرلەمان ئاگایان لەو شتە هەیە، پێویست ناکا روونی بکەینەوە، جگە لەوە یەک گرفتی تر هەیە ئەگەر تەنها بابەتی بەڕێوەبردنەکە بوایە لەوانە بوو کێشە نەبوایە. بەڵام ئەندامی ئەنجوومەنی دادگەری (مجلسی القضاء) لەوێش هەر دەرەجەی کەمی حاکمی دووە، بەڕێزانی یاساناس باشتر ئەوە دەزانن. بۆیە کێشەکە لە ئەنجوومەنی دادگەریە، بەڕێزان هەوڵیشیان داوە، وابزانم سوور بوون لەسەر ئەو بابەتە، بەئیعتبار دەبێ لەوێش هەموار بکرێت، واتا کۆمەڵێک گرفتمان بۆ دروست دەکات، بۆیە لەراستیدا وەکو جەنابی وەزیریش ئەڵێ، زۆر برادەران لەگەڵ ئەو پرۆژەیە نین، جا ئێمە دوو ڕێگامان لەبەرەستدایە، یان ئەبێ رەتی کەینەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، یان ئەبێ رەفزی کەین، دەبێ ئەمە بخەینە دەنگدانەوە، جەنابی وەزیر چ رایەکەت هەیە؟

بیخەینە دەنگدانەوە؟ یا دوای بخەین؟ ئەوە بۆ رای جەنابت بەجێ ماوە، چۆن حەز دەکەی ئێمە وا ئەکەین.

**بەڕێز قادر محەمەد عەزیز جەباری/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوە رای خۆتانە بەس وەکو من وتم ئەگەر بکرابایە جاری یەکەم من بەرگریم لێ کرد، ئێستاش ئەگەر توانا بێ بکرێ من هەر لەسەر ئەو رایەم، بەڵام ئەوە جاری یەکەم رەفز کرا جاری دووەم من پێشنیارم پێشکەش نەکردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، ئەگەر چ تێبینیەک هەیە لەسەر ئەو بابەتە؟ ئەگەر نا، برگە بە برگە بیخوێنەوە وئەیخەینە دەنگدانەوە، کاک حسێن فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة الاولى

مديرية العدل العامة:

تعدل الفقرة الثانية من المادة الرابعة من القرار رقم(٢٨) في ٢٠/١٠/١٩٩٧(تحذف عبارة حاكما من الصنف الثاني على الاقل) وتقراء على الوجه الاتي: (مديرية العدل العامة: يتولى ادارتها مدير عام على ان يكون حاكما) وتتكون من المديريات التالية..

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

سوپاس، ئەو ماددەیە ئەخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵە؟.. كەس؟.. كێ لەگەڵ نییە؟. بەزۆرینەی دەنگ رەتكرایەوە. بەداخەوە یەک كێشەی تر هەیە بۆ برادەران كە لەگەڵن، خۆی بنچینەی پرۆژەكە بەناتەواوی هاتووە وەكو جەنابی سكرتێر ئاماژەی پێ كرد، دەبێ لەچوارچێوەی یاسای وەزارەتی داد هەمـوار بكرێ هێشـتاكـە بۆمـان نەهاتووە، ئەوە تۆزێک تێكەڵاو بووە، وادیارە ئەم برگـەیە بەپەلەیە لە بابەتەكە. دێینە سەر ماددە دوو.

**بەڕێز حسێن عەلی كەمال:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

المادة الثانیة: علی الوزراء المختصین تنفیذ هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

چ تێبینیـەک هەیە لەسەر ئەوە؟، خۆی مـادام رەفـز كـرا پێـویست ناكـات ئەو مـاددەیە بدەینە دەنگدانەوە، چونكە وەكو پرۆژە رەفز كرا، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عەلی كەمال:**

ینشر هذا القانون في الجریدة الرسمیة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

وەكـو پرۆژە كێ لەگـەڵە؟.. كـەس؟، كێ لەگـەڵ نیـیـە؟ .. بەزۆرینەی دەنگ وەكـو پرۆژە رەت كرایەوە.

خاڵی حەفتەمیش تەواو، لێرەدا بەرنامەی كاری ئەورۆمان تەواو.

پێش ئەوی بڕۆین، پێنج شەممە ئێمە كۆبوونەوەمـان هەیەو، رۆژی شـەممە ویەک شـەممە و دووشـەممە پشووە، لەراستیدا ئێمە كۆمەڵێک ئیشی یاسای گەورەمان لە پێشە، دوو سێ یاسای گرانمان لە پێشە، ئێوە ئاگادارن یەكێک لەو یاسایانە یاسایی شارەوانیەكانە دێت ودەڕوات ئەو دەست وئەو دەست لەنێوان ئەنجوومەنی وەزیران وشارەوانی و پەرلەمان دەكات، ئێمە خۆمان ئامادە دەكەین، وەزیر داوای دواخسـتنی دەكات، ئەی گەڕێنینەوە، دیسـان دێتەوە ئێرە، ئامادەی دەكـەین، وەزیر ئەڵێ من نەمـبـینیـوە، ئەوە لە(٩٤)وە ئەو پرۆژەیە لەنێـوان ئێـرەو ئەنجـوومـەنی وەزیران و شارەوانیەكان وتایبەتمەندەكان دێت ودەچێ، بۆیە ئەو پرۆژەیەی ئامادەیە ئێمە لە هەفتەی دوای ئەم پشودانە كە دەستمان بە دانیشتنەكانمان كردەوە، ئێمە لەگەڵ برادەرانی ئەنجوومەنی وەزیران قسە ئەكەین، دانیشتنی داهاتوو ئامادە بن، ئامادە نەبن ئێمە ناچارین گفتوگۆی دەكەین، یان بەتەواوی رەفزی ئەكەین، یان وەزیر ئەبێ ئامادە بێ، یان بەڕێزێكی تر بنێرن كە دەست رۆیشـتوو بێت، بێ لێرە گفتوگۆی بكات، بۆ ئەوەی ئەم بابەتە یەک لاكەینەوە.

پرۆژەیەكی گـرنگی تریشـمـان لەپێـشـە ئەویش مـەسـەلەی یاسـای سـەندیكای رۆژنامـەنووسـانی كوردستانە، لەراستیدا ئەوەش لێتوژینەوەیەكی تێروتەسەلی ئەوێ، كۆمەڵێک شتی وامان هەیە،

داواكـارى گـشـتـيش ياسـايەكى گـرنگە وابزانم لەوەزارەتى داد ئەنجـوومـەنى دادگـەرى(مـجلس القـضـاء) پێوەى مـاندو بوون، بەديدى مـن گرفـتـمـان لەم بارەيەوە كەم ئەبێ، هەروەك گـوتم سێ چوار ياساى گرانمان لە پێشە، كاتەكەشمان كەمە، پرۆژەى تريشـمـان بەدەستەوەيە. هەر وەكو لە سەرەتاى ئەم خولەش باسمان كرد، رۆژى سێ شەممە هەتاكو شەممە ليژنەى ياسا لێرە كۆمەڵێك شتيـان لەبەر دەستە گەڵاڵەيەكى بكەن و، ليژنەكان كۆبوونەوەى خۆيان بكەن ولێتۆژينەوەى ئەم بابەتە بكەن، تا ئێمە بتوانين يەك شەم، يان دوو شەم بەيەك دوو دانيشتن لە دواى يەكدا تەواوى كەين، ئێـمـە وئێـوەش ئيـسـراحـەت بكەين و، چەژنيش نزيك بۆتەوە زۆرى نەماوە دانيشتنى ئايندەمان ٣/٢٨ سەعات (١١)يە ئێمەش لەم بارەيەوە انشاء الله هەوڵ ئەدەين لە راگەياندنيش ئاگاداريەك بلاوبكەينەوە، ئەگەر لە دەزگاكانى راگەياندنەوە ئاگادارمان نەكردنەوە ئەوە ئێستە ئاگادار كرانەوە، سوپاس بۆ جەنابى وەزيرى داد بۆ ئەو ئەزيەتەى كێشاى، سوپاس بۆ ئێوەش هەر سەركەوتووبن، سوپاس.

**شێروان ناسح عەبدوڵڵا**
**سكرتێرى ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆكى ئەنجوومەنى نيشتمانيى**
**كوردستانى عێراق**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەل**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ١**
**ڕۆژی بڕیار: ١٩٩٨/٣/١٨**

## «بڕیار»

پشت بەو دەسەڵاتانەی بەپێی برگـەی(٣)ی ماددە(٢) لەیاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوەو لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لەدانیشتنی ڕۆژی ١٨ / ٣ / ١٩٩٨دا یاساکاری کردووە، ئەم بڕیارەمان دەرهێنا :

**یەکەم:** دانانی ڕۆژی (٥ / ٣)ی هەموو ساڵێک کە ڕۆژی دەسپێکردنی ڕاپەڕینی گەلی کوردستانە بە پشووی ڕەسمی لە هەرێمدا.

**دووەم:** لەسەر ئەنجوومەنی وەزیرانە ئەم بڕیارە جێبەجێ بکات.

**سێیەم:** ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بڵاودەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەل**

**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**ژمارەی بڕیار: ٢**

**ڕۆژی بڕیار: ١٨/٣/١٩٩٨**

## «بڕیار»

پشت بەو دەسەڵاتانەی بەپێی برگەی(٣)ی ماددە(٢) لەیاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوەو لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لەدانیشتنی رۆژی ١٨/٣/١٩٩٨دا یاساکاری کردووە، ئەم بڕیارەمان دەرهێنا:

**یەکەم:** دانانی رۆژی (١١/٣)ی هەموو ساڵێک، رۆژی رێککەوتنامەی ئاشتیی (١١)ی ئادار ،بەپشووی رەسمی لە هەرێمدا

**دووەم:** لەسەر ئەنجومەنی وەزیرانە ئەم بڕیارە جێبەجێ بکات.

**سێیەم:** ئەم بڕیارە لەرۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێ و لە رۆژنامەی رەسمیدا بڵاودەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەل**

**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**ژمارەی بڕیار: ٣**

**ڕۆژی بڕیار: ١٨/٣/١٩٩٨**

## «بڕیار»

پشت بەو دەسەلاتانەی بەپێی بڕگە(٣)ی مادده(٢) لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوەو لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ١٨ / ٣ / ٩٩٨ دا یاساکاری کردووە، ئەم بڕیارەمان دەرهێنا:

**یەکەم:** ڕەدکردنەوە(رفض)ی ئەو پرۆژەیەی لە ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمەوە هاتووە دەربارەی دامەزراندنی دادوەر بەڕێز(عەزیز عەبدوڵلا ئەحمەد) لە دایکبووی ١٩٢٧ وەک ئەندامێکی ڕەسەن(ئەصلی) لە دادگەی تەمییزی هەرێمی کوردستاندا، بەدەر لە یاسای دەسەلاتی دادوەریی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩٢.

**دووەم:** ئەم بڕیارە لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بلاودەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەل**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٤**
**ڕۆژی بڕیار: ١٩٩٨/٣/١٨**

## «بڕیار»

پشت بەو دەسەڵاتانەی بەپێی بڕگە(٣)ی مادده (٢) لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوەو لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ١٨ / ٣ / ١٩٩٨ دا یاساکاری کردووە، ئەم بڕیارەمان دەرهێنا:

**یەکەم:** ڕەدکردنەوە(رفض)ی ئەو پرۆژەیەی لە ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمەوە هاتووە دەربارەی هەموارکردنی بڕگەی (٢) لە مادده(٤)ی یاسای وەزارەتی داد ژمارە(١٢)ی ساڵی ١٩٩٢، تایبەت بە پلەی بەڕێوەبەری گشتیی داد.

**دووەم:** ئەم بڕیارە لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بڵاودەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣)

## دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٣/٣٠

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣)

## دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٣/٣٠

**کاتژمێر (١٠) ی سەرلەبەیانی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٣/٣٠ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا، دانیشتنی ژمارە (٣)ی خولی ئاسایی یەکەمی، سالی (١٩٩٨)ی خۆی بەست.**

**سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕاددەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.**

**بەرنامەی کار**

**١. گفتوگۆ کردن لەسەر دەست لەکار کێشانەوەی بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح (وەزیری پیشەسازی و وزە) لە ئەندامەتی پەرلەمان، و دەستنیشان کردنی بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی بۆ جێگای ئەو، وەک ئەندامی پەرلەمان، بەپێی نووسراوی بەڕێز مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان ژمارە(١٧٩) لە ١٩٩٨/٣/٢٦دا.**

**٢. گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی دووەم هەموارکردنی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە(٦)ی سالی ١٩٩٣.**

**٣. گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای نەخشەدانانی ئاوەدانی(التخطيط العمراني).**

**٤. گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی بڕیاری(عدم مسؤولية حكومة الاقليم عن الالتزامات الحكومية السابقة).**

**٥. گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی بڕیاری کوژاندنەوەی مافی بەکار هێنان (اطفاء حق التصرف وافراز الاراضي الزراعية) لە هەرێمدا.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێدەکات. دانیشتنی ژمارە (٣)ی ١٩٩٨/٣/٣٠. بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان بریتییە لە پێنج خاڵ.

خاڵی یەکەم :گفتوگۆ کردن لەسەر دەست کێشانەوەی بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح وەزیری پیشەسازی و وزە لەئەندامیتی پەرلەمان ،ودەست نیشانکردنی بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی لە جێگای ئەو وەکو ئەندامی پەرلەمان بەپێی نووسراوی بەڕێز مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان ژمارە (١٧٩) لە ١٩٩٨/٣/٢٦.

دووەم : گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی دووەم ،هەموارکردنی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣.

خاڵی سێیەم :گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای نەخشەدانانی ئاوەدانی (التخطيط العمراني).

خاڵی چوارەم :گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی بڕیاری بەرپرسیار بوونی حکومەتی هەرێم لە پابەندییەحکومەتییەکانی پێشو (عدم مسؤولية حكومة الاقليم عن الالتزامات الحكومية السابقة).

خاڵی پێنجەم :گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی بڕیاری کوژاندنەوەی مافی تەسەروف کردن وجیاکردنەوەی زەوییە کشتوکاڵییەکان (اطفاء حق التصرف وافراز الاراضي الزراعية) لەهەرێمدا.

بەرنامەی کارمان ئەم پێنج خاڵەیە ،پێش ئەوەی بە خاڵی یەکەم دەست پێبکەین ، بەباشی دەزانم کە بەبۆنەی گەڕانەوەی بەڕێز سکرتێری پەرلەمان بەڕێز کاک فەرسەت بۆ سەر کاروباری خۆی، پاش تەواو بوونی مۆڵەتی نەخۆشی ،سوپاسێکی بێ پایانی بەڕێز کاک شێروان حەیدەری بکەم، کە لەو ماوەیەدا ئەرکی سکرتێری ئەنجوومەنی نیشتمانیی گرتبۆ ئەستۆ ،جارێکی تر بۆ ئەو هاوکاری وئەو ئەزییەتەی کە ئەو ماوەیە لەگەڵماندا کێشای سوپاسی دەکەین و داوای سەرکەوتنی بۆ دەکەین وداوای شفای دواییش بۆ کاک فەرسەت دەکەین ، بەخێر بێتەوە بۆ سەر ئیش وکاری خۆی.

بە خاڵی یەکەم دەست پێ دەکەین ،ئەویش ئەو نووسراوەیە کە لەلایەن مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە وەکو خاوەن لیست هاتووە بۆ ئەو ئاڵوگۆڕییەی کە کرا،کە جەنابی وەزیری پیشەسازی و وزە کاک ئیدریس ببەخشرێت (اعفاء )بکرێت لە ئەندامێتی پەرلەمان ،بۆ ئەوەی دەرفەتی زیاتری هەبێت بۆ راپەڕاندنی ئیش وکاری خۆی لەوەزارەتدا . ئێستاش دەس لەکارکێشانەوەکەی جەنابی وەزیری پیشەسازی و وزە کاک د.ئیدریس هادی ساڵح لە ئەندامیەتی پەرلەمان دەخوێنینەوە ،با جەنابی سکرتێر بفەرمووێ.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سلاوێکی گەرم

«بۆ بەرژەوەندی گشتی راپەڕاندنی کاری رۆژانەی وەزارەت ،داواکارم لە ئەندامیەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی ببەخشرێم (اعفاء )بکرێم وئەم داواکارییەم بخرێتە بەردەم ئەنجوومەنی بەڕێز بۆ رەزامەندی لەسەر کردنی» .

لەگەڵ رێزو سوپاسم.

**د. ئیدریس هادی ساڵح**

**ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانیی و وەزیری پیشەسازی و وزە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو دەس لە کارکیشانەوەی کاک د.ئیدریس هادی خوێندرایەوە، دەیخەینە دەنگدانەوە.. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین .. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا. با جەنابی سکرتێر بفەرمووێ ونووسراوی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان وەکو خاوەن لیست بخوێنێتەوە لەمەڕ دانانی کاک عەدنان نەقشبەندی لە جیاتی د. ئیدریس هادی.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان

سلاوێکی گەرم

بەڕێز عەدنان نەقشبەندی لەجیاتی بەڕێز د.ئیدریس هادی سالح دەپالێوین بۆ ئەندامیەتی پەرلەمانی کوردستان بۆ جێبەجێ کردنی ئەوەی پێویستە تکایە لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو پێشنیارەی خاوەن لیست وەکو مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەخەینە دەنگدانەوە.. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا. ئێستاش بۆ سوێندی یاسایی جەنابی بەڕێزشێخ عەدنان با بفەرمووێت.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

سوێند بەخوای گەورە دەخۆم کە پارێزگاری لەیەکێتی گەل وخاکی کوردستانی عێراق وبەرژەوەندییە بەرزەکانی بکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە پێشەکی حەز دەکەین بەناوی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و بەناوی ئێوەی بەڕێزەوە سوپاسێکی گەرم وبێ پایانی بەڕێز د.ئیدریس بکەین بۆ ئەو ماوەیەی کە وەکو ئەندامی پەرلەمان هاوکارمان بوو. ئەتوانم بڵێم ئەگەر کارێکی زۆرپێویست نەهاتبایە پێشیەوە لە هیچ دانیشتنێکی پەرلەمان دوا نەدەکەوت و ئاگای لە ئیش وکاری خۆی بوو ،سەرەڕای ئەوەی ئەرکی وەزارەتیشی لەئەستۆ بوو . وەکو وەزیرێکیش هەر کات لەپەرلەمان پێویست بووایە ئامادە دەبوو و پرسیاری، ئەندامانی پەرلەمانی وەڵام دەدایەوە و بەچالاکانە و بەخۆشحاڵییەوە ئامادە دەبوو، بەشێوەیەکی وا کە جێگای ڕێزو تەقدیری هەموو لایەک بوو، جارێکی تریش من سوپاسی دەکەم وڕێزێکی

تایبەتیمان هەیە بۆ ئەو ماندووبوونەو بۆئەو هاوکارییەو بەیاری خووا هەر نموونەی زۆر دەبێت. دیسان جارێکی تر بەناوی دەستەی سەرۆکایەتی و بەناوی ئێوەی بەڕێزەوە بەخێرهاتنەوەیەکی گەرمی شێخ عەدنان دەکەین ،پاش ئەو سەفەرەوئەو ماوەیەی کە لەدەرەوەی عێراق بوو بۆ چارەسەری نەخۆشی وجارێکی تر گەڕایەوە سەر ئیش وکاری خۆی لەپەرلەمانی کوردستان بەخێر بێتەوە وبەیاری خووا بەگەڕانەوەتان بۆ سەر ئیش وکاری خۆتان گوڕێکی تر ئەکەوێتە ئیش وکاری ئێمەوە.

خاڵی دووەم ،هەموار کردنی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراقە ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣. با برایانی لیژنەی یاسا و لیژنەی دارایی وخزمەتگوزاری تەشریف بێننە ئێرە چونکە پەیوەندی بەیەکەوە هەیە، بەڵێن بوو جەنابی وەزیری دارایی وئابووریش لێرە ئامادە بێ، بەڵام وادیارە پابەندییەکی بۆ پەیدا بووە. دوو سێ وەزیرمان لێرەن و بریکارن و کاک جمیلیش بریکارە. وابزانم وەکو باوە ئەو پرۆژەی کە بۆمان هاتووە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە ئەو دەخوێنرێتەوە. ئەم پرۆژەیە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بۆمان هاتووە، بەپێی نووسراوی ژمارە (١٢٦٩)یان لە ١٩٩٨/٢/١٢دا، بالیژنەی یاسا بفەرمویێت پرۆژەکە بخوێنێتەوە.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

استنادا الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٧ وبناء علي ماعرضه مجلس الوزراء شرع المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة القانون الاتي:

قانون التعديل الثاني لقانون ادارة بلديات اقليم كوردستان العراق رقم (٦) لسنة ١٩٩٣

المادة الاولي: تلغى المادة (٥٥) من قانون ادارة بلديات اقليم كوردستان العراق رقم (٦) لسنة ١٩٩٣ وتحل محلها مايلي:

أولاً- تسجل باسم البلديه بدون عوض كافة الشوارع الواقعة داخل حدودها والمتروك استعمالها للنفع العام الموجودة عند نفاذ هذا القانون او التي تحدث بعد ذلك وفق القوانين المرعية او التي يدخل ضمن حدودها عند تغيرها والاراضي العائدة لوزارة المالية التي تدخل ضمن حدودها وعلى دوائر تسجيل العقاري تسجيل هذه الاملاك في سجلاتها باسم البلدية مباشرة دون رسوم.

ثانياً- يستثنى من احكام الفقرة اولا اعلاه مايلي:

١- الاراضي التي آلت الى وزارة المالية والاقتصاد عن طريق:
أ- الشراء.
ب- الانتقال المتأتي عن ضريبة الدخل والتركات.
جـ- المصادرة بما فيها الاموال المجمدة.
٢- الاراضي المخصصة اصلا لاغراض الدوائرالمرتبطة بوزارة المالية.
ثالثا: لايجوز افراز الاراضي الواقعة خارج حدود البلديات للاغراض السكنية او الصناعية الا بموافقة الوزارة وكما يلي:
أ- الاراضي الواقعة خارج حدود البلدية من الصنف الخاص بمسافة (١٠) عشرة كيلومترات.
ب- الاراضي الواقعة خارج حدود البلدية من الصنف الممتاز بمسافة (٧) سبعة كيلومترات.
جـ- الاراضي الواقعة خارج حدود البلدية من الصنف الاول بمسافة (٥) خمسة كيلومترات.
د- الاراضي الواقعة خارج حدود البلدية من الصنف الثاني والثالث والرابع بمسافة (٣) ثلاثة كيلومترات.
رابعا: على التخطيط العمراني وضع الضوابط وتخصيصات مالية بالتنسيق مع البلدية توضح كيفية افراز هذه الاراضي.
المادة الثانية: علي مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.
المادة الثالثة: ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ نشرة في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
سوپاس، لەم پرۆژە داواکراوە مادەی (٥٥) ئیلغا بکرێتەوە و لەجێگای ئەو ،ئەو برگانەی کە خوێندرانەوە جێگیر کراوە بۆ ئەوەی بەڕێزان ئاگادار بن لەسەر ئەو ماددەیە، ئێستاش جەنابی سکرتێر با ئەو ماددەی کە داوا کراوە ئیلغا بکرێت، بخوێنێتەوە بۆ ئەوەی ئەو برگەیەتان بۆ روون بێ.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
المادە الخامسە والخمسون:
١- تسجل باسم البلدية بدون عوض كافة الشوارع الواقعة داخل حدودها والمتروك استعمالها للنفع العام الموجودة عند نفاذ هذا القانون او التي تحدث بعد ذلك وفق القوانين المرعية او التي يدخل ضمن حدودها عند تغييرها وجميع اراضي وزارة المالية التي تدخل ضمن حدودها والاراضي التي لا تثبت ملكيتها لاحد وعلى دوائر التسجيل العقاري تسجيل هذه الاملاك في سجلاتها باسم البلدية مباشرة دون رسوم.

٢- لايجوز افراز الاراضي الواقعة خارج حدود البلديات للاغراض السكنية او الصناعية الا بموافقة الوزارة وكما يلي:
أ- الاراضي الواقعة خارج حدود البلدية من الصنف الخاص بمسافة (١٠) عشرة كيلومترات.
ب- الاراضي الواقعة خارج حدود البلدية من الصنف الممتاز بمسافة (٧) سبعة كيلومترات.
ج- الاراضي الواقعة خارج حدود البلدية من الصنف الاول بمسافة (٥) خمسة كيلو مترات.
د- الاراضي الواقعة خارج حدود البلدية من الصنف الثاني والثالث والرابع بمسافة (٣) ثلاثة كيلومترات.
٣- على التخطيط العمراني وضع ضوابط وتخصيصات مالية بالتنسيق مع البلدية توضح كيفية افراز هذه الاراضي.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو ماددەیەی کە داوا کراوە ئیلغا بکرێت ئەوە بوو کە جەنابی سکرتێر خوێندییەوە لەجیاتی ئەوە هەندێ شت داوا کراوە، ئەگەر کاک شێروان هەندێ ڕوونکردنەوەمان پێ بدات و وەزیری شارەوانیش ئەگەرلەم بارەیەوە شتێکمان بۆشی بکاتەوە. جەنابی وەزیری شارەوانی فەرموو.

**بەڕێز حسێن سنجاری/ وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پسپۆڕە هونەرکارەکان لەوەزارەت دانیشتنێکی دوورودرێژیان دەربارەی ئەم مەسەلەیە لەگەڵ بەڕێزان ئەندامانی لیژنەی پسپۆڕ لەپەرلەماندا کرد ،لەدواییدا جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەن تەشریفی هێنا لەگەڵ پسپۆڕانی وەزارەت ولەگەڵ بەڕێزان ئەندامانی لیژنەی پسپۆڕ لەپەرلەمان دانیشت ورێنمایی پێشکەش کرد وچەندین سەعات دانیشتن وگەیشتنە ئەم دارشتنەی ئێستا، پێمان باشە پەسەند بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیری شارەوانی، بەڵام ئەم بەرنامەی کە ئێستاکە لەپێش چاومانە، واتە ئەو بڕگەیەی کە جەنابت ئاماژەت بۆ کرد ئەوە بڕگەیەکی تری بەرنامەی کاری ئەمڕۆیە، ئەمە هەموار کردنی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییە، کاک شێروان ئەگەر ڕوونکردنەوەیەکمان [illegible] لەسەر ئەم جیاوازییە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من حەز دەکەم ڕوونکردنەوەکە بەو شێوەیە بکەم، کە وەزعەکە پێشتر چۆن بووەو، ئێستا سەبارەت

بەو پرۆژەیەی کەهاتووە داوای چ دەکات؟ ئەوەی کە پێشتر هاتووە لە یاسای بەرێوەبردنی شارەوانی ژمارە (٦) لەساڵی ١٩٩٣ بەم شێوەیە بووە : هەر جادەیەک کە لەناو سنووری شارەوانی بێت بەناوی شارەوانییەوە تۆمار دەکرێ وبەبێ (بدل) واتە بەبێ قەرەبۆکردنەوە، ئەوە برگە یەک.

برگەی دووهەم: هەر زەوییەک لەناو سنووری شارەوانی بێت و سەر بە وەزارەتی دارایی بێت، بەناوی شارەوانی تۆمار دەکرێت بەبێ لەباتی (بدل) واتا بێ قەرەبۆ بوو.

سێیەم :هەر زەوییەکی بەلاوەنرابێ (متروک) بێت ولەناو سنووری شارەوانی بێت بەناوی شارەوانی تۆمار دەکرێت بەبێ قەرەبوو واتە بەبێ بەرامبەر ئەوە بەپێی مادە (٥٥) کە پێشتر لەیاسای بەرێوەبردنی شارەوانی هاتووە، ئەو هەموارەی کە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هاتووە بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان سەبارەت بە برگە یەک کە شەقامەکانە هیچ کێشەیان نییە بەناوی شارەوانی تۆمار دەکرێ .

سەبارەت بە برگە (٣)ش کە ئەو زەویانەی تەرک کراون وخاوەنیان نییە بەناوی شارەوانییەوە تۆمار دەکرێن وتەنها ئەو زەوییە نەبێ کە بەناوی وەزارەتی داراییە، ئەوە ئەبێت لەو مادەیە بەدەر بکرێ، پاساودانەکەش چییە؟ وەزارەتی داراییە، وەزارەتی دارایی دەڵێ: بۆ نموونە من زەوییەکم کریوە بەپارە، بە(شراء) من کریومە بەناوی خۆم تۆماری دەکەم ئەم زەوییە بۆ ببێتە هی شارەوانی؟ دووهەم: هەندێک زەوی هەیە لەرێگای انتقالیەوە بۆمان دێت، بۆ نموونە ئەنجامی جیاکردنەوەی باجی بۆ ماوەکان و باجی دەرامەت (ضریبە الترکات و الدخل) لەسەر هەندێک کەس وادەکات هەندێ موڵک ببێتە هی وەزارەتی دارایی، باشە ئەم موڵکە بۆ بەناوی وەزارەتی داراییەوە تۆمار نەکرێ ؟بۆ بەناوی وەزارەتی شارەوانی تۆمار بکرێت؟ خاڵی سێهەم: هەندێک املاک هەیە دەگەرێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی لەئەنجامی دەس بەسەراگرتن وەکو (اموال مجمدە)، باشە ئەوە موڵکی وەزارەتی داراییەو لەرێگای دەس بەسەراگرتنەوە(مصادرە) بۆیان هاتووە بۆ ئەوە بەناوی شارەوانییەکان تۆمار بکرێت؟ هەروەها هەندێ زەوی هەیە هەر تایبەتە بۆ دامودەزگاکانی وەزارەتی دارایی ئەمەش وەزارەتی دارایی دەڵێ مافێکی رەوامان هەیە کە ئەوە بەناوی خۆمان تۆمار بکرێ، نەک بەناوی وەزارەتی شارەوانی، دیارە وەزارەتی دارایی لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی رێککەوتوونە لەسەر ئەو بەدەرکردنانەی کە لە هەموارەکەدا هاتووە و هەردووکیان کۆکن لەسەر ئەوە، ئێمەش وەکو لیژنەی یاسا هیچ تێبینیمان لەسەر ئەوە نییە وپرۆژەکەی ئەنجوومەنی وەزیران بەپەسەند دەزانین، ورای یەکەم ودواییش بۆ ئەندامانی پەرلەمانە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ لیژنەی یاسا، دێینەوە سەر پرۆژەکە کە ئێستاکە دەخوێنرێتەوە، وپاشان ماددەکە دەخەینە گفتوگۆوە، پێش وتوویژ گوێ لە رای لیژنەی پەیوەندار دەگرین، فەرموو کاک حسێن.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الى/ السيد رئيس المجلس الوطني الكردستاني المحترم
م/ رأي لجنة
هامشكم المسطر على كتاب مجلس الوزراء المرقم (١٢٦٩) في ١٩٩٨/٢/١٢ تؤيد لجنتنا مشروع التعديل الثاني لقانون وزارة البلديات والسياحة والمتضمن تعديل المادة الخامسة والخمسين من القانون اعلاه.
ئەوە رای لیژنەی یاسا بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
لیژنەی دارایی تێبینی هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
بەگشتی لەسەر بابەتەکە، ئێمە ئەوە دەڵێین نابێ هیچ ئاوەدانکردنەوەیەک لەسەر زەوی وەزارەتی دارایی، تۆمار بکرێ بەناوی وەزارەتی شارەوانی، ئەو بەدەرکردنە زۆر لەجێگای خۆی دایە، بەڵام باشتر وایە لەبڕگەی یەکەمدا باسی زەوی وەزارەتی شارەوانی نەکرێت، لەبڕگەی دوو بەدەر کراوە، ڕەخنەشمان لەسەر بڕگەی چوار هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
لیژنەی خزمەتگوزاری هیچ تێبینی هەیە؟ نییە؟ سوپاس.
بەڕێز حسێن عەلی کەمال:
المادة الاولى: تلغى المادة (٥٥) من قانون ادارة بلديات اقليم كوردستان العراق رقم (٦) لسنة ١٩٩٣ وتحل محلها مايلي:
أولاً- تسجل باسم البلدية بدون عوض كافة الشوارع الواقعة داخل حدودها والمتروك استعمالها للنفع العام الموجودة عند نفاذ هذا القانون او التي تحدث بعد ذلك وفق القوانين المرعية او التي يدخل ضمن حدودها عند تغييرها والاراضي العائدة لوزارة المالية التي تدخل ضمن حدودها وعلى دوائر تسجيل العقاري تسجيل هذه الاملاك في سجلاتها باسم البلدية مباشرة دون رسوم.
ثانياً- يستثنى من احكام الفقرة اولا اعلاه مايلي:
١- الاراضي التي آلت الى وزارة المالية والاقتصاد عن طريق:

أ- الشراء.
ب- الانتقال المتأتي عن ضريبة الدخل والتركات.
جـ- المصادرة بما فيها الأموال المجمدة.
٢- الاراضي المخصصة اصلا لاغراض الدوائرالمرتبطة بوزارة المالية.
ثالثا: لايجوز افراز الاراضي الواقعة خارج حدود البلديات للاغراض السكنية او الصناعية الا بموافقة الوزارة وكما يلي:
أ- الاراضي الواقعة خارج حدود البلدية من الصنف الخاص بمسافة (١٠) عشرة كيلومترات.
ب- الاراضي الواقعة خارج حدود البلدية من الصنف الممتاز بمسافة (٧) سبعة كيلومترات.
جـ- الاراضي الواقعة خارج حدود البلدية من الصنف الاول بمسافة (٥) خمسة كيلومترات.
د- الاراضي الواقعة خارج حدود البلدية من الصنف الثاني والثالث والرابع بمسافة (٣) ثلاثة كيلومترات.
رابعا: على التخطيط العمراني وضع الضوابط وتخصيصات مالية بالتنسيق مع البلدية توضح كيفية افراز هذه الاراضي.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
لەسەر ماددەی یەک لیژنەی دارایی تێبینییەکی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
له ماددەی یەکەم دا هاتووە: الاراضي العائدة لوزارة المالية التي تدخل ضمن حدودها، لێرە دەبینین ئەمانە پێویست ناکات باشترە هەمووی فت بکرێت، چونکە بنچینەی گۆڕانەکە ئەوەیە، وەکو مافی وەزارەتی دارایی مافی گەنجینە ( حقوق الخزينة) بپارێزرێ واتا لەدوای (عند تغييرها والاراضي العائدة للوازرة المالية التي تدخل ضمن حدودها) ئەوە فت بکرێت.
ثانیا فقرە (٢): الاراضي المخصصة اصلا لاغراض الدوائر، وشەی (المرتبطة بوزارة المالية) نابێت تیایدا بێت دەبێ گشتی بێت، چونکە زۆر فەرمانگەی خۆجێیەتی و پارێزگا هەنە زۆر لایەنی رۆشنبیری هەیە، ئەمە گشتی بێت (الاراضي المخصصة اصلا لاغراض الدوائر) ئایا بڵێین بۆ خۆجێیەتی هەولێر جێگایەک تەرخان کراوە بۆ دروست کردنی کۆمەڵگەیەکی نیشتەجێکردن، زەویەکە هی خۆجێیەتی پارێزگای هەولێرە، بە چ حەقێک دەگوازرێتەوە بۆ وەزارەتی شارەوانیەکان و، وزارەتی ناوخۆ و، پارێزگای هەولێر؟ فەرمانگەی خۆجێیەتی دووبارە لێ بکرێتن، بابەتەکە وا دێ.
دووەم: (الاراضي المخصصة اصلا لاغراض الدوائر الحكومية) لە جێگای (المرتبطة بوزارة المالية) دابنرێت، تەنیا ئەوە بەدەربکرێت، هەموو فەرمانگەکانی حکومەت، هی وەزارەتی ئەشغالە، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەیە و، وەزارەتی رۆشنبیریی یە، دەبێ هەمووی پێکەوە بەدەر بکرێت.

سەبارەت بەخاڵی چوارەم: (رابعا- على التخطيط العمراني وضع الضوابط والتخصيصات المالية).
ئێمە هەموو دەزانین تەرخان کراوە داراییەکان (تخطيط عمراني) داینانێت، بەڵکو تەرخان کراوی دارایی هەر وەزارەتێک وەزارەتەکە خۆی خەملاندنی خۆی دادەنێت، و بەرزدەکرێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی، گفتوگۆی لەسەر دەکرێت و، پاشان لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دێتە پەرلەمانەوە.
لەبەر ئەوە پێویستە تەرخان کراوی دارایی تێدا نەبێت، چونکە شتێکی زۆر ئاساییە هەر وەزارەتێک خەملاندنی خۆی بۆ ئەو تەرخان کراوە لە مانگی شەش دەست پێ دەکات بۆ ساڵی داهاتوو، وەزارەتی دارایی کاتێ رەزامەندی لەسەر دەکات لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دێتە پەرلەمان لێرەش ئێمە دەبێ رامان فت بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. ئەوە رای لیژنەی دارایی و ئابووری بوو، ئەگەر لیژنەی یاسا هیچ تێبینییەکی نییە بۆ ئەوەی دەرگای گفتوگۆ بکەینەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە لەگەڵ بۆچوونی لیژنەی دارایی نین سەبارەت بە (الاراضي المخصصة اصلا لاغراض الدوائر)، چونکە وەزارەتی دارایی ئەو زەوییانەی بۆ تەرخان کراوە خۆی داوای پرۆژەی کردووە، وەزارەتەکانی تر هیچ داوای پرۆژەیان نەکردووە هەتا ئێمە بیخەینە روو و گفتوگۆی لەسەر بکەین. سەبارەت بە وەزاراتەکانی تر، ئەوەی ئێستا پێشکەش کراوە تایبەتە بە ئەنجوومەنی وەزیران، تەنها ئەو زەوییەی داوا کردووە کە لە پرۆژەکە هاتووە (الاراضي المخصصة اصلا لاغراض الدوائر المرتبطة بوزارة المالية) واتە وەزارەتەکانی تر ئەو داوایەیان نییە تا ئێمە لێرە بیخەینە گفتوگۆوە، ئێمە هیچ تێبینی ترمان نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەگەڵ رێزم بۆ برای بەڕێز کاک شێروان، راستە وەزارەتەکانی تر لەوانەیە هەر نەیانزانیوە ئەو پرۆژە هەیە، یان زۆر جار شت لە بیری یاسادانەر دەچێت، کاتێک کە دێت بۆ پەرلەمانی بەڕێز، ئەگەر شتێک لەبیری یاسادانەر چووە دەبێت ئێمە باسی بکەین. ئێستا بەڕێز وەزیری داد لێرەیە، وەزیری هەرێم لە جێگای وەزیری ناوخۆ لێرەیە، وەزیری ئەشغال و نیشتەجێ لێرەیە، رێزم بۆیان هەیە، من لەو بڕوایەدام پشتگیری من دەکەن، چونکە ئەم یاسادانەرە لەوانەیە شتێک لەبیر دەکات، بەڵام لە

میانی گفتوگۆدا له پەرلەمان بیردەکەوێتەوە، پەرلەمان چەند لیژنەیەکی هەیە ئەوەندەی کە له توانایان دابێت نایەلین کەلێنی یاسایی تێدا بمێنێت و، دوا راش رای جەنابت و ئەندامانی پەرلەمانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ ئەو روونکردنەوەیە، ئەگەر برایانی حکومەت شتێکیان لەسەر ئەو تێبینییەی لیژنەی دارایی و ئابووری هەیە بابفەرموون، کاک یونادم فەرموو.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا / وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی مولکی گشتی چ سەر بە دارایی بێت، یان ئەشغال ونیشتەجێکردن بێت، یان شارەوانی بێت، هەر هەمووی مولکی گشتییە، بەڵام ئەگەر گەمەکە ببرێتە ئاشێک ئەکرێ بە هەویر یانی ئەگەر گەیشتە دەستی شارەوانی ئەوکات لە مولکی خەزینە نامینێت وەکو پشتیوانیەک بۆ خەزینە، حکومەت رۆژەک پێویست بێت زەوی ئەفرۆشێ شتێک دەکات پرۆژەیەک دەکات، کاک جەمیل راست دەکات ئێمەش زەویمان هەیە بۆ خزمەتی نیشتەجێکردن، بەڵام هەر هەمووی مولکی داراییە بۆ ئامانجەکانی ئێمە تەرخان کراوە، ئەگەر ئەوە نەگوترێ وەکو کاک جەمیل باسی کرد دوای ئەوەش دبێت تۆمار بکرێ، واتا بەلاوە نانرێت ئەوەش تۆمار دەکرێ بە شارەوانیەکان دیسان کێشەیەکە هەر دەبێ بمێنێ بۆ مەبەستی نیشتەجێکردن هەروەها ئەوەی خۆجێیەتیش، واتە هەر بۆ خۆی بمێنێتەوە بۆ دیسان بگەڕێتەوە؟ بۆ دیسان بکرێتەوە؟، یانی پەشێوییەک دروست دەکات، منیش پشتگیری لە قسەکانی کاک جەمیل دەکەم چونکە ئی هەر هەموو زەویەکانی لەو جۆرەی ئێمە ئێستا بەناوی داراییەوەیە، بەڵام تەرخان کراوە بۆ هەندێ مەبەستی دیاری کراو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری لە بۆچوونەکانی کاک جەمیل سندی دەکەم، من دڵنیام ئەگەر ئێستا وەزیری ئەوقاف لێرەبوایە، یەکەم کەس دەبوو لاری بوونی خۆی نیشان دەدا، چونکە وەزارەتی ئەوقافیش زەوییەکی زۆری هەیە، ئێستا ئێمە بە نووکە خامەیەک(جرە قلم) هەموو ئەو زەوییەی کە هەیانە لێیان وەربگرینەوە و لەسەر ناوی شارەوانی دابنێین؟، لەوانەیە فەرمانگەی خۆجێیەتیش زەوی هەیە، خەڵکی تریش زەوی هەیە وەکو کاک جەمیل گوتی وەزارەتەکانی تر ئاگایان لێ نییە، تەنیا وەزارەتی دارایی ئاگادارە، ئەگەر وەزارەتەکانی تریش ئاگایان لێبوایە ئەوانیش دەهاتن بەرگریان لە بۆچوونی خۆیان دەکرد، لەبەر ئەوە منیش پشتگیری لە کاک جەمیل دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک فرەنسۆ، ئێستا دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە، با ئەم بابەتە لەگەڵ لیژنەکاندا یەکلا بکەینەوە، ئەوە پێشنیاری لیژنەی دارایی و ئابووریە، ئێستا دەرگای گفتوگۆ دەکەینە لەسەر ئەم بابەتە با ناونووسی برادەران بکەین، ئەوانەی کە دەیانەوێ قسە بکەن تکایە دەستتان بەرز بکەنەوە بۆ ئەوەی بتان بینین.

کاک سەعید یەعقوبی، د.رزگار، د. ناسح، کاک ئیبراهیم سەعید، مامۆستا مەلا تەڵحە، شێخ عەدنان، کاک ئازاد قەرەداغی، مامۆستا مەلاتاهیر، کاک ئەمین مەولود، کاک حەمید میران، مەلا موحسین.

کاک سەعید فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لێرە بڕگەیەک هاتووە دەڵێ (الاراضی العائده لوزاره المالیه)، لای جەنابتان زانراوە زەوی ئەمیری جۆری زۆرە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا ئێستا با پێشنیارەکەی لیژنە یەکلا بکەینەوە، ئەگەر چ تێبینیەکتان لەسەر پێشنیاری لیژنەکە نییە بۆ ئەوەی ئەمە یەکلا بکەینەوە و ئەوەکەی تر دوایی بە درێژی باسی دەکەین، مەبەست پێشنیارەکەی کاک جەمیلە، فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش قسەم لەسەر پێشنیارەکەیە، پێناسەی زەوی میری کە سەر بە وەزارەتی داراییە، هەیە مافی خەڵکی پێوەیە (أراضی امیریه مثقله بحقوق الغیر) لێرە بە رەهایی هاتووە، ئێمە حەز دەکەین روونکردنەوەیەک بکرێت لەلایەن لیژنەی یاساییەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. کاک د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هەر لەسەر بۆچوونی لیژنەی دارایی، پرۆژە لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هاتووە، دەبوایە ئەو پرۆژەیە

هەمـوو وەزارەکـان لێی ئاگـاداربان و بەشـداریـیـان تێـدا کـردبایە، چونکە ئەنجوومـەنی وەزیران نوێنەرایەتی هەموویان دەکات، لێرەدا دیارە وەزیرەکان وەکو ئەوەی کە پرۆژەیە لیـتـۆژینەوەیان لێ نەکردووە، یان هەمـوو وەزارەتەکان ئاگادار نین، لەوانەیە بۆچوونی ئەوان راست بێت، واتە ئەگەر وەزارەتەکـان نوێنەریان لێـرە با، وەکـو کـاک فـرەنسـۆ گـوتی چ ئەوقـاف یان وەزارەتی تر لـەوانەیە بۆچوونێکی تر هەبوایە،یان لـەوانەیە لاری بوون هەبووایە لەبەر ئەوە پێشنیـار دەکـەم ئەم پرۆژەیە جارێکی تر بۆ ئەوان بگەڕێتەوە، باشـتر لێـتۆژینەوەی لەسەر بکەن، هەموو وەزارەتەکـان بەشـداری بکەن، بۆچوونی هەمـوویان ئامـادەبێت، هەتاوەکـو پرۆژەیەکی ڕێکوپێک بێـتـە ئێـرە وپەسـندی بکەین، ئەمە یەک، پاشان لەسەر پرۆژە کە من تێبینی ترم هەیە، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

زۆر سوپاس بۆ د.رزگار. لەراستیدا ئەگەر ئێمە بەو شێـوەیە کار بکەین، لەوانەیە نەتوانین هیچ پرۆژەیەک لێرەدا تەواو بکەین، چونکە ئەمە چەند جارە تووشی ئەم بارە دەبین کە پرۆژەمـان بۆ دێ برا وەزیرەکـانمان ئاگـایان لە پرۆژەکـە نیـیـە، لەوانەیە زۆر جـاریش وەکـو ئاگـادارن هەتا وەزیری پەیوەندیداریش کە دێ بۆ هۆڵ ئاگای لێ نییە، ئەو پرۆژەیە بەناوی ئەوەوە پێشکەش کراوە، ئەوە کەم وکوورِیی لە مێژینەی ئێمەیە، زۆر جاریش لێرە باسمان کردووە وابزانم دوا جار هەموو لامان گەیشتینە ئەو بڕوایەی کەلەمەودوا پێویست ناکات ئەو پرۆژانە بگەڕێنینەوە، ئەگەر کەم وکووری نەبێ، ئەگـەر لەسـەر ئەو بابەتە بێ، چونکە دەرئەنجامـە(تەحسـیل حـاسلە) پرۆژەیەک کـە لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بۆ ئێمە دێت پێویستە لە ئەنجوومەنی وەزیران گفتوگۆ کرا بێت و، وەزیری پەیوەندیدار لێی ئاگادار بێت و، ئەگەر بۆ وەزارەتێکی پەیوەندیداربێت، ئەبێ لەو وەزارەتەوە بەرز بکرێتەوە، ئەمڕۆش لەگەڵ سەرۆکی فراکسـیۆنی پارتی لە پەرلەمان، کـاک فرەنسـۆ و برادەران باسی ئەو بـارەمان دەکرد لەراسـتـیدا هەست دەکەین کە گـرفتـێک هەیە لەو بـابەتە هیـواداریـن لە دانیـشـتنی ئایندەی ئەنجـوومـەنی وەزیران دا و، برا وەزیـرەکـانیـشـمان دەست پێـشـخـەر بن لەو بابەتەدا، چارەسەرێک بۆ ئەم گرفـتە بدۆزنەوە، چونکە لێتان ناشارینەوە نالێم شتێکی نەگونجاوە، بەڵام لەوانەیە پێـویست نەبێت ئێمە هەموو جار پرۆژە بگەڕێنینەوە، بەتایبەتی ئەمڕۆ پرۆژەیەکمان لە پێشە لەوانەیە ئەوە جاری چوارەم و پێنجەمە بێتە پەرلەمان و بگەڕێتەوە لەکاتێکدا پرۆژەیەکی گرنگە خەڵکێکی زۆر چاوەڕێی دەکەن، بۆیە با جارێ ئەم پرۆژەیە برادەرانی یاسایی پەرلەمان بە هەمـاهەنگی لەگـەڵ جەنابی وەزیری پەیوەندیدار لێـرە سـەیری بکەن، وەزیری داراییش ئاگـاداری ئێمەی کردەوە کە هەندێ بابەت لەگەڵ کاک جەمیل باس کراوە، سەرپشکە لەلایەن ئەوانەوە بۆ ئەو بابەتە با ئەم بابەتە بڕوێنین و، ئەم گرفتە دەبێ چارەسەرێکی بکەین برادەرانی ئەنجوومەنی وەزیران گـفـتـیـان داوە لێـتـۆژینەوەی ئەم بابەتە بکەن وبەو شـێـوەیە بڕوا باشـە، ئەگەر برادەری تر لەسـەر پێشنیارەکەی کاک جەمیل قسەی هەیە ئەوانەی کە ناونووس کراون، کاک د.ناسح فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غەفوور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەیرە برا وەزیرەکان لێرە تێبینی لەسەر ئەو پرۆژەیە دەربڕن هەرچەندە لەوانەیەئەو پێشنیارانە رەوا بن، یان ئەو هەمواركردنەی کەوا بەڕێز سەرۆكی لیژنەی دارایی لە پەرلەمان نیشانی داوە، بەڵام من بە رەوای نازانم، چونکە لێرە نابێ، ئەو پرۆژەی کە هاتووە پرۆژەی حکومەتە پێویست بوو برا وەزیرەکانمان لەوێ گفتوگۆی ئەو پرۆژەیەیان بکردبایە، لەوێ تێبینییەکانیان بکردبایە، من پێم باشە هەر ئەوەی وا هاتووە، ئەوەی حکومەت دوا نەخرێت لە ئێستاوە بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بابەتی زەوی ناو سنووری شارەوانی یان رەنگ ڕێژی بنەرەتی (تصميم الأساسي) بابەتەکی زۆر گرنگە و، لەوانەیە بەرژەوەندی گەلێک خەڵک لەگەڵ ئەو بابەتەدا هەبێ، لەبەرچی هەتا ئێستا هەر ئەو زەوییانە لەسەر ناوی وەزارەتی دارایی بوون ئێستا بگەڕێنەوە سەرناوی وەزارەتی شارەوانی؟ چ گرفتێ دروست بووە کەوا پێشتر ئەم شتە نەبووە؟ بەبۆچونی ئێمە هەر وەزارەتێک ئەگەر زەوی خۆی لەسەر ناوی خۆی بێت باشترە لەوەی هەموو شتێک بدرێتە وەزارەتی شارەوانی، چونکە بوونی چەند وەزارەتێک رەنگە زیاتر بەرزەفتی مەسەلەی زەوی دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس. مامۆستا مەلا تەڵحە فەرموو.

**بەڕێز مەلا تەڵحە سەعید قەرەنی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زەوی موقوفە بەناوی وەزارەتی ئەوقاف تۆمارکراوە، چۆن بەناوی وەزارەتی شارەوانییەوە تۆمار بکرێ؟ چونکە ئەوە بەرهەمی وەزارەتی ئەوقافە کە ئەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی ئەوقاف و لە ئیشی خێرخوازییە، وەکو مزگەوت کە بەکاری دەبێنن، پێویستە هەر بەناوی وەزارەتی (ئەوقاف)ەوە بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس. مامۆستا شێخ عەدنان فەرموو.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من تێبینیم لەسەر قسەی برادەرانی لیژنەی یاسا و لیژنەی دارایی و ئابووری نییە، بەڵام

ڕوونکردنەوەیەکم هەیە، هەرچەند پشت بە هۆش (ذاکرة) ئەبەستێت و هەروەهامن هیچم لەبەر دەست نییە، یاسای ژمارە (٨٠) هەیە وابزانم ساڵی ١٩٧٠ یان دووای ساڵی ١٩٧٠ دەرچووە دەڵێت هەموو زەوی میری لەناو سنووری شارەوانی بۆ شارەوانیەکان بە موڵک دەکرێت، ئایا ئەو پەیوەندیەی نێوان یاسای ژمارە (٨٠) لەگەڵ پرۆژەی حکومەت تێبینی کراوە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک ئازاد قەرەداغی فەرموو.

**بەڕێز ئازاد قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من تەنها تێبینەکم هەبوو لەسەر ئەوەی لیژنەی دارایی و ئابووری کە ئەڵێت هەندێک شت هەیە لەوانەیە لەبیریان بچێت، هەروەکو باسیش کرا برادەران باسیان کرد بە باوەڕی من ئەو بابەتە پێویست وایە ئەو پرۆژانەی کە لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دێن، یان ئەو برا وەزیرانەی کە دێنە ئێرەو ئەڵێن ئاگادار نین، باشتر وایە ئەگەر بکرێت هیچ نەبێت هەموویان نووسراوەکە ئیمزا بکەن، ئەمە وای لێهاتووە و ئەمە چەند جارێکە هاتۆتە ئێرە و لێرە ئەڵێن ئێمە ئاگادار نین و لێرە ڕەت ئەکرێتەوە، بۆیە ئەگەر نووسراوەکە ئیمزا بکەن، ڕەنگە بڵێن لەبیرمان چووە یان لەبیرمان نەچووە، و من تەنها ئەو تێبینیەم هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک ئازاد، با تەواوی بکەین، و ئێوە تێبینی خۆتان بنووسن، فەرموو مامۆستا مەلا تاهیر.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لەگەڵ ئەوەی بۆچوونەکەی بەڕێز (جەمیل سندی)م پێ باشە، ئەمە لە ئەنجوومەنی وەزیران دەرچووە و وەزیری دارایی خەمی لە زەوی و موڵکی خۆی خواردوە، با برا وەزیرەکانی تریش هەر وەزارەتێک لە شوێنی خۆی مشوری خۆی بخوات و بێت بەدەمی موڵکی خۆیەوە، بەڵام من سەبارەت بە دارشتنی دەقەکە، ڕێزم هەیە بۆ برا یاساییەکان، بەڵام ئەمە(ئیلغا) نییە بەڵکو هەمووارکردنە، ئەوە لەماددەکە، یەکەم ئەڵێت: (تلغی المادة الخامسة و الخمسين) ئەمە بە پێچەوانەی ئەو هەموارکردنانەیە کە لە پێشەوە کردوومانە، بۆیە ئەبوایە بڵێت ( تعدل الفقرة اولاًمن المادة الخامسة و الخمسين) ئینجا (وتضاف الفقرة التالية على المادة، ويكون تسلسلها كالآتي) ئینجا ئەوساکە ئەو بەدەرکردنە خۆی دوو سێ برگەی تیادا زیاد کراوە، بۆیە بەڕاستی ئەمە (ئیلغا) نییە بەڵکو هەمووارکردنە، و ووشەی (ئیلغا)م پێ سەیرە، جا ئەگەر برا یاساییەکان ئەم گرفتە چارەسەر بکەن، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

سوپاس مامۆستا مەلا تاهیر، بەڵام وابزانم هەموارەكە ئەوەندە زۆرە لەسەر ئەو ماددەیە، لێرە برگەیەک و، لەم لا ڕستەیەک و لەولاتر وشەیەک، وایان لێکردوە، و ئەگەر تەماشای بکەی، فەرموو مامۆستا مەلا تاهیر.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

گرفتەکە تەنیا لەوەی داراییە، ئەم بەلاوەنانە ئەگەر بکرێت، (أولا) ـەکە هەموار ئەکات، و ئەوەی تری زنجیرەکەی ئەگۆڕێ، سیان ئەبێت بە چوار و هیچ جیاوازیەک نییە، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

باشە، ئەوە بۆ دارشتنی کۆتایی جەنابت لەگەڵ لیژنەی یاسا داینێن، فەرموو.

**بەڕێز مەلامحەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

من لەگەڵ ووشەی ئیلغا نیم، مادەکە وەکو خۆیەتی، بەڵام هەندێک هەمواری تیادا کراوە، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

باشە، گرنگ ئەوەیە ئێمە شتەکە رێک بخەین دووایی بۆ داڕشتنی کۆتایی جەنابت لەگەڵ برادەرانی لیژنەی یاسا گفتوگۆی لەسەر بکەن، سوپاس، فەرموو کاک ئەمین مەولود.

**بەڕێز مـــــحـــــمـــــەد ئەمین مـــــەولود:**

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

هەندێک وەزارەت هەنە کاتی خۆی زەویان کڕیوە بۆ مەبەستی نیشتەجێکردنی کارمەندەکانیان، من لەو ماوەیەی کە لەوەزارەتی پیشەسازی بووم هەندێ زەویان هەیە ماوەتەوە، لەنێوان دوو خانودا پارچەیەک ماوەتەوە، لەبەر چەند هۆیەکی سیاسی، لەوانەیە هەندێ کەس ڕای کردووە و نەیان توانیوە بەناوی ئەو تۆماری بکەن، ئێستا ئەو پارچە زەویانە ئەگەر بێتو بدرێن بە وەزارەتێکی تر بەرای من ئەوە غەدرێکە لەو وەزارەتە ئەکرێت یان لەو دەزگایە ئەکرێت،کە کاتی خۆی ئەو زەویانەی کڕیوە بۆ مەبەستی نیشتەجێ کردنی کارمەندانی خۆی، ئەمە یەک. دووەم: سەبارەت بە (رابعاً: على التخطيط العمراني وضع ضوابط) لام وایە شتێکی ڕاستە و هەڵەی تیادا نییە(وضع ضوابط الأقتصاد) داینێ یانی سەرپشک نییە بە سەرف کردنی، بەڵام لە بودجە داوا بکات بۆ ئەوەی کەوا دابنرێت بەرای من خۆی ئەروات، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

سوپاس کاک ئەمین مەولود، کاک حەمید میران فەرموو.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە پێشنیارەکەی کاک جەمیل ئەکەم، بەڕاستی زۆربەی وەزارەتەکانی هەرێم ئەگەر پێویستی بە هەر زەوییێک بوو داوا ئەکات وەزارەتی دارایی خۆی بۆی تەرخان ئەکات بۆ هەر پرۆژەیەک بێت، وە بێ بەرامبەریش ئەبێت(بدون بدل)، لەوانەیە ئەگەر بەناوی شارەوانیەوە تۆمار بکرێ ئەوسا نەتوانرێت بێ بەرامبەر ( بدون بدل) بیان درێتێ، رای من وایە کە ئەو بابەتە بۆ خزمەتی گشتی لەسەر وەزارەتی دارایی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک حەمید، فەرموو مامۆستا مەلا موحسین.

**بەڕێز مەلا موحسین خالید مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە قسەکان هەمووی یەک ئەگرنەوە، سەبارەت بە هەندێ لە زەویە تایبەتمەندەکانی وەزارەتەکان، هەیە پرۆژەیەکی هەیە زەوییێکی بەجێهێشتراو(متروک) لەبەر دەمی دایە، بۆیە ئەبێ بیر لەوە بکرێتەوە کەئەو زەویە جێهێشتراوەی لەبەر دەمی ئەم پرۆژیەی ئەم وەزارەتەتایبەتمەندەدایە تایبەتمەند بێت بەو وەزارەتەوە نەوەکو بدرێت بە وەزارەتێکي تر، ئەمە لە لایەکەوە و لەلایەکی ترەوە، ئێمە وەکو لیژنەی ئەوقاف ئەگەر بیر لە زەوی (موقوف)بکەینەوە، هەر دروست نییە کە بدرێت بە هیچ وەزارەتێکی تر نەک بە وەزارەتی شارەوانی، لەبەر ئەوە ئەبێ ئەوە هەمووی وەکو خۆی بمێنێتەوە، هەموو وەزارەتێکیش تایبەتمەندی خۆی هەبێت لەو زەویانەی کە ئەیانەوێت، بۆیە ئێمە پشتگیری لیژنەی دارایی ئەکەین و ئەوەی کە خراوەتە روو شتێکی پەسندە جێ بەجێ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ مامۆستا مەلا موحسین، فەرموو کاک سەرتیپ.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەم پرۆژەیە وا ئەبینم کە هاتووە تایبەتمەندە بە وەزارەتی داراییەوە، ئەگەر بێتو ئەم پرۆژەیە بەم شێوەیە بڕوات و ئەم بۆچوونەش کە ئێستا لێرە لەلایەن برایانی بەڕێزی ئەنجوومەنی وەزیران هاتە پێشەوە مانای وایە پرۆژەی تریشمان بۆ دێتە کایەوە یەک لە دوای یەک هەریەکیان پرۆژەی خۆی پێشکەش ئەکات، لەبەر ئەوە من ئەبینم ئەم بابەتە ئەبێ چارەسەرێکی تری بۆ بدۆزرێتەوە، یانی شتێکی گشتی، ئەوەی بەڕێز کاک جەمیل کە لەبەر ئاگادار بوون لەسەر بابەتەکەی کە خستیە روو، بەڵام من ئەوە ئەبینم ئەوە چارەسەری بابەتێکە کە کاک جەمیل ئەیەوێت لێرە چارەسەری

بکات، بەڵام پێشتر ئەبێ ئەو بابەتە لە جێگای تر یەک لا بکرێتەوە کە ئەویش ئەنجوومەنی وەزیرانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، ئەوانەی کە ویستیان لەسەر ئەم بابەتە قسە بکەن تەواوبوون، وابزانم ئەنجوومەنی وەزیران تێبینیەکی هەیە، بەڵام با بەڕێز مامەند ئاغا قسەکانی تەواو بێت ئەوسا با ئەنجومەنی وەزیران تێبینی خۆیان بکەن، فەرموو کاک مامەند ئاغا.

**بەڕێز مامەند محەمەد ئەمین بابەکر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هەروەکو باس کرا بەپێی یاسای ژمارە (٨٠) هەموو زەویێک کە دەکەوێتە سنووری شارەوانیەکانەوە پێویستە بەناوی شارەوانیەوە تۆمار بکرێت، خۆی هەر وەزارتێک ئیشی بە زەوی بێت پێشتر داوا لە شارەوانی دەکات، دەڵێت بۆ فلان پرۆژە ئەوەندە زەویەم پێویستە بۆم تەرخان بکەن، بۆی تەرخان دەکەن. لەبەر ئەوە تەنها وەزارەتی ئەوقاف نەبێت من لەگەڵ ئەوە نیم کە موڵکی وەزارەتی ئەوقاف بەناوی شارەوانی تۆمار بکرێت، بەڵام وەزارەتەکانی تر رەوا نییە کە موڵکیان بەناو بێت، وە ئەگەر ئەو مافەش بدرێتە وەزارەتی دارایی ئەوا وەزارەتەکانی تریش ئەم مافەیان دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک یونادم.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا / وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ڕێزم بۆ بۆچونەکانی برایانی ئەندام پەرلەمان هەیە، ئەنجوومەنی وەزیران سەرکردایەتی حزب نییە، حکومەتێکی ئیئتلافی یە کە لەوانەیە لەناو یەک ڕەنگیش بۆچونی جیاواز هەبێت، واتە خودی لیستی پارتی بۆچونەکانیان جیاوازە، دەتوانی وەزیری تایبەتمەند کە لە ئەنجوومەنی وەزیران نەیتوانیوە باسی بکات بێت لێرە بەرگری لەبۆچوونەکانی خۆی بکات، من دیسان ئەڵێم ئێمە سەرکردایەتی حیزب نین کە بڕیار درا مانای وایە تەواو، دوایی ئێمە بەختەوەرین بە پەرلەمان بە دیوکراسیەت، جیاوازی نێوان پەرلەمانی ئێرە و جێگایەکی تر، یان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی زۆرە، هەر مرۆڤێک بۆی هەیە تا دوا کات بەرگری لە بۆچونەکانی خۆی بکات، ئینجا ڕەخنە لە جێگای خۆیەتی و ڕاستە دەبێ لەوێ باسی لێ بکەین، بەڵام کە یەک لا نەکرا زۆر جار ئێمە مەغدور ئەبین وەکو وەزیر و وەزارەت، هەر وەکو چۆن تا ئێستا من هەست بە (غبن) ئەکەم لە دانراوی بودجە، بەڵام دیسان مەبەستم لەوەیە هەموو کەسێک تا دوا کات ئازادە لە بۆچونەکانی

خۆی و دەتوانێ بەرگریشی لێ بکات، هەر ئەوەندەم دەویست بیڵێم بۆ برادەران کە لەوێ هەرچەند باس کرابێ، بەڵام مافمان هەیە لێرە بەرگری لە بۆچوونەکانی خۆمان بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، ئێستا ئەو گفتوگۆیانە تەواو بابزانین رای هەردوو لیژنە چییە لەسەر ئەم بابەتە، لیژنەی یاسا با بفەرموێت.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من ڕێزم هەیە بۆ ڕای لیژنەی دارایی و ئابووری و ئەو برا بەڕێزانەی کە پشتگیریان لێ کرد، بەڵام حەز دەکەم ئەوە بڵێم چ پڕۆژەی پێشتر و چ یاسای پێشتر و چ ئەو پڕۆژەی کە ئێستا هاتووە پەیوندی بە وەزارەتەکانی ترەوە نییە، موڵکی ئەوقاف بۆ ئەوقاف دەمێنێتەوە، موڵکی شارەوانی بۆ شارەوانی ئەمێنێتەوە، موڵکی ئەشغاڵ بۆ ئەشغاڵ دەمێنێتەوە و، موڵکی وەزارەتی ناوخۆ بۆ وەزارەتی ناوخۆ دەمێنێتەوە. بەڵگەشمان بۆ ئەوە، سەیری دەقی پڕۆژەکە بکەن دەڵێ(الأراضي العائدة الى وزارة المالية) ناڵێ( الأراضي العائدة الى وزارةالأوقاف) و ناڵێ( الأراضي العائدة الى وزارة الأشغال) و ناڵێ( الأراضي العائدة الى وزارة الداخلية)، بەڵکو دەڵێت( الأراضي العائدة الى وزارة المالية) پڕۆژەکە تایبەتمەندە بە وەزارەتی دارایی و ئەو موڵکانە بەناوی خۆیان دەمێنێتەوە و ئەوەی کە هەموار دەکرێت تەنها ئەو برگەیەیە کە پەیوەندی بە وەزارەتی داراییەوە هەیە، ئەوە یەک.

دووەم: منیش لەگەڵ ڕای برادەرانم کە هەروەکو کاک ئیبراهیم سەعید ئاماژەی بۆ کرد کە پێوست بوو هۆکارە پێویستەکان چی بوون لەو هەموارە ئەبووایە باس کرابایە، هۆکارە پێویستەکانی تیادا باس نەکراوە. بەڕێز کاک سەعید باسی ئەوە دەکات و دەڵێت زەوی وەزارەتی دارایی چییە؟ ئەگەر بێینە سەر یاسای ژمارە ٥٣ی ساڵی ١٩٧٦(قانون توحيد أصناف الأراضي) لەوێ پێناسەی ئەو زەویانە دەکات و دەڵێت (تعتبر جميع الأراضي الأميرية الصرفة و المفوظة بالطابو و الممنوحة باللزمة و الموقوفة وقفاً غير صحيحاً و الأراضي المتروكة من صنف الأراضي المملوكة للدولة وتسجل بأسم وزارة المالية). مەبەست ئەو زەویانەیە و، مەبەست زەوی وەزارەتەکانی تر نییە، بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەو ڕایە نین، و ئەوەی مامۆستا مەلا تاهیر ئاماژەی بۆ کرد ئێمە تێبینی ئەو خاڵەمان کردوە، ڕاستە ئەبێ هەموار بێت نابێت (ئیلغا) بێت و ئێمە لە داڕشتندا هەروەکو بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن گووتی لێرە خۆمانی لێ لادەدەین و بۆچوونەکەی کاک سیروانیش لە جێگای خۆیەتی و هەر ئەوەندە بوو تێبینیەکانمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک شێروان، فەرموو کاک یونادم.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا / وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەبوایە کاک فەرسەت یارمەتیامان بدات، لێرە یاسا دەرچووە، هەرچیمان هەیە بەناوی وەزارەتی داراییەوە تۆماری بکەین، من وەکو وەزیرێک هەرچیم هەیە لە مولک و زەوی بەناوی وەزارەتی دارایی تۆمارم کردووە، بەڵام بۆ سوودی من دانراوە، گرفتەکە لێرە دایە من هەرچیم هەیە بەناوی وەزارەتی داراییە و شتەکان بەناوی من نەماون، لەبیرم نییە یان لە ١٩٩٣یان١٩٩٤بوو باس کرا لەم پەرلەمانە دەبووایە کاک فەرسەت یارمەتیمان بدات ئەگەر ژمارەی یاساکەی لەبیر بێت، هەرچیمان هەیە بەناوی وەزارەتی دارایی تۆمار کراوە، لەبەر ئەوە من پشتگیری لە بۆچونەکانی کاک جەمیل دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕێزم بۆ بەڕێز شێروان حەیدەری هەیە کە فەرمووی ئەمە وەزارەتی تر ناگرێتەوە تەنها وەزارەتی دارایی ئەگرێتەوە، بەڵام نەخێر من ئەڵێم هەموو وەزارەتەکانی تر ئەگرێتەوە، چونکە لەبەدەرکردنی دووەمدا هەیە، تەنیا وەزارەتی دارایی بەلاوناوە واتە هەموو وەزارەتەکانی تر ئەگرێتەوە و، بەڕێز وەزیری ئەشغالیش فەرمووی زۆربەی زەویەکان بەناوی وەزارەتی دارایی تۆمار کراون، بەڵام بۆ نموونە خۆجێتی بۆ مەبەستی گەشەپێدان و ئاوەدانکردنەوەیە، لەبەر ئەوە پێویستە، ئەو هەموارکردنانەی من ئەیڵێم هیچ زیانێکی نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە لە خزمەتی خەزێنەی هەرێم دایە، لە خزمەتی ئەنجوومەنی وەزیران دایە. دەربارەی هەندێک لە برادەران فەرموویان با هەمووی بە ناوی شارەوانی بێت، شارەوانی ژمێریاری تایبەتی خۆی هەیە و ئەوە بە خەزێنە و بە وەزارەتی دارایی نەبەستراوە، بەڵام وەزارەتی دارایی لەسەریەتی هاوکاری هەموو وەزارەتەکان بکات، بەڵام ئەمەی لەسەر وەزارەتی شارەوانی نییە. لەبەر ئەوە پێویستە ئەو بەدەرکردنانەی کە من ووتم، ئەو هەموارکردنانە بکرێتن بۆ بەرژەوەندی گشتی. چوارەمیش(التخطيط العمراني) پەیوەست نییە بە دارایی بەڵکو ئەوە کاری وەزارەتی شارەوانی و وەزارەتی داراییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، وابزانم ئەو بابەتە روونە، بۆ ئەوەی زیاتر کات بە دوو شت بدەین، یەکەمیان ئەو دارشتنەی کە پێشنیار کرا لەلایەن مامۆستاوە و لیژنەی یاسا بەدڵیەتی و دووەم ئەو گرفتە بچووکەی کە لە نێوان بۆچوونی لیژنەی یاسا و بۆچوونی لیژنەی دارایی دا هەیە، کە برا وەزیرەکان پشتگیری لە رای لیژنەی دارایی ئەکەن، ئێمە لێرە کۆبونەوەکە رائەگرین، فەرموو کاک فرەنسۆ.

بەڕێز فـــــرەنســــۆ تـۆمــــا هـەریری:
بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــومــــەن.
دوای روونكردنەوەكـەی كـاک شـێـروان حـەیدەری من پشـتـگیـری لە ڕای لیـژنەی یاسـا دەكـەم،
سوپاس.
بـــەڕێــز ســـــــــــەرۆكــی ئـ
نجـــــــــــــوومـــــــــــەن:
سـوپاس، بۆ ئەوەی ئێـمـەش كـاتێكیـان پێ بدەین لەنێوان خۆیاندا ئەمڕۆ دانیشـتنێک بكەن، بۆیە بەیانی كـاتژمێـر (١٠)ی سەر لەبەیانی ئەم كـۆبونەوەیە تەواو دەكەین، تەنهـا یەک خاڵ مـاوەتەوە لەم بابەتە كە ئەمڕۆ دیاری بكرێت لەبەر ئەوەی تێبینی كـاک شێروان روونە، ئەگەر وایە بۆ ئەوەی لیژنەی داراییش دڵنیـا بێت، لە نێوان خۆیان ئەمە تەواو بكەن و داڕشتنەكەشی لەگەڵ مامـۆسـتـا تەواو بـكەن، بەیانی كـاتژمـێـر(١٠)ی سـەر لەبەیانی كـۆدەبینەوە، تـەنهـا ئـەو خـاڵەیە یەک لای دەكەینەوە وئەم بابەتەتەواو دەبێت، سوپاس.

فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا
سكرتێری ئەنجوومەن

جوهر نامق سالم
سەرۆكی ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەل**

**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**ژمارەی بڕیار: ٥**

**ڕۆژی بڕیار: ٣٠/٣/١٩٩٨**

## «بڕیار»

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی برگە (٣)ی مادده (٢) لە یاسای ژمارە (١٠)دەی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە(٣)ی ڕۆژی ٣٠/٣/١٩٩٨دا یاساکەی داناوە، ئەم بڕیارەمان دەرهێنا:

یەکەم:

أ ـ پەسند کردنی دەست لە کارکێشانەوەی بەڕێز دکتۆر ئیدریس هادی سالح (وەزیری پیشەسازی و وزە) لە ئەندامییەتی ئەنجوومەن.

ب ـ پاڵێوراوی لیستی پارتی، بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندی شوێنی ئەندامی دەست لە کار کێشاوە، بەڕێز دکتۆر ئیدریس هادی سالح دەگرێتەوە لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق.

دووەم:

ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێ و لەڕۆژنامەی رەسمیدا بڵاودەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٤)

## سێ شەممە رێكەوتی ١٩٩٨/٣/٣١

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٤)

## كۆبوونەوەی یەكەم/ سێ شەممە رێكەوتی ١٩٩٨/٣/٣١

***كـاتژمـێـر (١٠)ی سـەر لەبەیانی رۆژی سێ شـەممە رێكەوتـی ١٩٩٨/٣/٣١ ئەنجـوومـەنی نیشـتـمـانیی كـوردسـتـان بەسـەرۆكـایەتی بەڕێز جـوهر نـامق سـالم سـەرۆكـی ئەنجـوومـەن و، بەئامـادەبوونی بەڕێز بەڕێز فـەرسـەت ئەحمەد عەبدوڵلا سكرتێری ئەنجوومەن، دانیشتنی ژماره (٤)ی خـولی یەكـەمی ئـاسایی، سـاڵی (١٩٩٨)ی خـۆی بەست. سـەرەتا لەلایەن دەسـتـەی سەرۆكایەتییەوە راددەی یاسایی دانیشتنەكە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەكەی بەناوی گەلی كوردستانەوە دەست پێكرد.***

***بەرنامەی كار:***

***١. گفتوگۆكردن لەسەر پرۆژەی دووەم هەمواركردنی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەكانی هەرێمی كوردستانی عێراق ژماره (٦)ی ساڵی ١٩٩٣.***

***٢. گفتوگۆكردن لەسەر پرۆژەی یاسای نەخشەدانانی ئاوەدانی(التخطیط العمراني).***

***٣. گفتوگۆ كردن لەسەر پرۆژەی بڕیاری (عدم مسؤولیة حكومة الأقلیم عن الألتزامات الحكومیه السابقه).***

***٤. گفتوگۆكردن لەسەر پرۆژەی بڕیاری كوژاندنەوەی مافی بەكار هێنان (إطفاء حق التصرف وإفراز الأراضی الزراعیه) لە هەرێمدا.***

**بەڕێز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن:**

بەناوی خـوای بەخشندەو مـیـهرەبان. دانیـشـتنەكـەمـان،دانیـشـتنی ژمـاره (٤)ی رێكەوتی ١٩٩٨/٣/٣١، بەناوی گەلی كوردستانەوە دەست پێدەكەین. بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان چوار خاڵە.

خاڵی یەكـەم: بەردەوام بوونە لەسـەر گـفـتـوگـۆكـردن لەسـەر پرۆژەی دووەم هەمـواركـردنی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانیەكانی هەرێمی كوردستـانی عـێراق ژماره (٦)ی ساڵی ١٩٩٣، دوێنی گـفـتـوگـۆیەكی باشـمـان كـرد وتمان ئەمـڕۆ شـتـێكی وای نەمـاوە تەنهـا هەندێ مـەسـەلە هەبوو چارەسەری بكەن وبڕیاری لەسەر بدەن.

خاڵی دووەم: گفتوگۆكردن لەسەر پرۆژەی یاسای نەخشەدانانی ئاوەدانی(التخطیط العمراني).

خـاڵی سێ یەم: گـفـتـوگـۆ كـردن لەسـەر پرۆژەی بڕیاری (عـدم مـسـؤولیـة حكومـة الأقلیم عن الألتزامات الحكومیة السابقة).

خاڵی چوارەم: گفتوگۆكردن لەسەر پرۆژەی بڕیاری كوژاندنەوەی مـافی بەكار هێنان (إطفـاء حق

التصرف وإفراز الأراضي الزراعية)له هەرێمدا. ئەوە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمانە، وابزانم یەک دوو تێبینی هەیە، کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنەوەی کاک شێخ عەدنان دەکەم،جێگای خۆشحاڵییە کاک عدنان جارێکی تر وەکو جێگری فراکسیۆنی زەرد و وەکو سەرۆکی لیژنەی یاسا دەست بەکار دەبێ، جا حەز دەکەین بیخەنە بەرنامەی کارەوە بۆئەوەی بڕیاری لەسەر بدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک فرەنسۆ، سەبارەت بە فراکسیۆن ئەوە پەیوەندی بە خوودی فراکسیۆنەکەوە هەیە.بەڵام ئەوەی لیژنەی یاسا ئەبێ دەنگی لەسەر بدەین، وەکو پێشنیارێک ئێمە ئەوە جێگیر دەکەین ودوایی دەیخەینە دەنگدانەوە، کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داوای لێبوردن دەکەم کە قسەی جەنابت دەبڕم، ئەمڕۆ (٥١) ساڵ بەسەرلە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەمەد تێ پەڕدەبێت، پێشنیار دەکەم دەقیقەیەک بێ دەنگ رابوەستین، پێش ئەوەی دەست بەکۆبوونەوە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک د.رزگار، کاتێک کە دانیشتن دەستی پێ کرد ئێمە ئەو خاڵەمان لەبیر بووکە ئاماژەیەک بۆ ئەومەبەستە بکەین، ئەوە پێشنیاری دووەمە. دوو پێشنیارمان هەیە، بۆ ئەوەی کە بەڕێز شێخ عەدنان ببێ بە سەرۆکی لیژنەی یاسا، ئەیخەینە دەنگدانەوە، چ تێبینی هەیە؟ کاک جەمیل فەرموو..

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەیاسای پەرلەمان بۆ ئەندامێتی لیژنە دەست نیشان دەکرێت وبەپێی یاسا ئەندامانی لیژنە لەناو خۆیان هەڵبژاردن دەکەن من بێ گومان دەزانم هەر جەنابی شێخ عەدنان دەبێتە سەرۆکی لیژنەی یاسا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ ئێمە تێبینیمان کردووە، بەڵام دەبێ پێش وەخت وەری بگرین وەکو ئەندامی لیژنە، کە بوو بەئەندامی لیژنە ئەوان لەنێوان خۆیاندا سەرۆک و جێگری سەرۆک وبڕیاردەر وهەڵبژاردنی تیادا دەکەن، پاشان ئاگاداری ئێمە ئەکەنەوە وئێمەش ئاگاداری ئێوە دەکەینەوە. بەڵام سەبارەت بەوەی کە کاک فرەنسۆ پێشنیاری کرد، کە کاک شێخ عەدنان ببێ بەئەندامی لیژنەی یاسا،دەیخەینە

دەنگ دانەوە کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.
وەکو ئاگادارن ئەمڕۆ دوو بۆنە هەیە، ئەبوایە لەکاتی دەست پێکردنی دانیشتنەکە ئێمە قسەی لەسەر بکەین. خاڵی یەکەم ئەوەبوو کە د.رزگار ئاماژەی بۆ کرد، ئێمە لە بەرنامەمان هەبوو کە لەسەری بدوێین سوپاسی دەکەین بۆ ئەم گرنگی پێدانە.
ئەمڕۆ (٥١) ساڵ بەسەر لە سێدارەدانی «پێشەوا قازی محەمەد» دا تێدەپەڕێت، هەموو لایەکتان ئاگادارن کە پێکهێنانی کۆماری کوردستان لە مهاباد یەکێکە لە رووداوە گرنگەکانی سەردەمی نوێی مێژووی میللەتی ئێمە.
یەکەم جار بوو لەکوردستانی خۆشەویستماندا کە کۆمارێک رابگەیەندرێ، بۆ پشتگیری وبەرگری لەو کۆمارە ساوایە خوێنی رۆڵەکانی نەتەوەی کوردمان تێکەڵی یەک بوو وتێکەڵی خاک و داروبەردی کوردستان بوو، ئێمە لەکوردستانی عێراق شانازییەکی گەورەی پێوە دەکەین، کە سەرۆکی نەمرمان بارزانی ئەو کاتە ئەیزانی خەبات لەکوردستانی ئێران گەیشتوەتە ئەو ئاستەی کە پێویستە هەموو لایەک پشتگیری لێ بکەن، بێ یەک ودوو خۆیی وباشترین و لێهاتوو ترین پێشمەرگەی کوردستانی عێراق سنووریان بەزاند وەکو پێشمەرگەیەک لەخزمەتی کۆماری ساوای کوردستاندا بوون، لەخزمەتی پێشەوا بوون هەتا دوا رۆژی ئەو کۆمارە. بەوەش رانەوەستا پێش جیا بوونەوەی، پێشەوا وەکو ئاگادارن ئاڵای کوردستانی تەسلیم بەسەرۆکی نەمر بارزانی کرد، ئەویش بەهەموو ئەمانەتێکەوە ئەو ئاڵایەی هەڵبگرت هەتاکو تەسلیم بە جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی کرا، بارزانی نەمریش خۆی و پێشمەرگەکانی و کەس وکاری ئەوەی زەحمەت بوو، ئەوەی ناخۆش بوو، بینیان لەپێناوی بەرگری کردن لەو کۆمارە، ئەنجامی ئەو رێکردنە( مسیرە) مێژووییە بوو کە ئەویش خۆی لەخۆیدا رۆژێکی مێژووییە لەخەباتی نەتەوەکەمان و لاپەڕەیەکی پرشنگداری بارزانی وخەباتی بارزانییەکانە.
بارزانی نزیکەی(١٣) ساڵ دەربەدەری کێشا پاشان وەکو پاڵەوانێک گەڕایەوە بۆ ناو گەلی خۆی، جارێکی تر شۆڕشی ئەیلوول دەستی پێکرد و پاشانیش شۆڕشی گوڵان. بەم بۆنەیەوە بەبۆنەی لەسێدارەدانی پێشەوا قازی با هەموومان دەقیقەیەک بۆگیانی پاکی پێشەوا وگشت شەهیدانی کورد وکوردستان رابوەستین.
یەکی مانگیش رۆژی ساڵی تازەی برا ئاشوریەکانمانە کە رۆژی پشوودانیانە، بەم بۆنەیەوە بەناوی دەستەی سەرۆکایەتی و بەناوی ئێوەی بەڕێزیش پیرۆزباییەکی گەرم لەبرا ئاشووریەکان دەکەین، بەئومێدی ئەوەین ئەمساڵ وهەموو ساڵێکیان بەخۆشی و بەسەر بەرزی و بەسەر فرازی لە کوردستانی ئازیزماندا بەسەر بەرن وپێکەوە ژیانمان زیاتر بچەسپێت، ئێمە برا ئاشوریەکان لەخۆمان جیاناکەینەوە، هەزارەها ساڵە بەیەکەوە هەوڵمان داوە، قۆناغە ناخۆشەکانی مێژووی ئەم ناوچەیەمان بەسەر بردووە، بەرگریمان لەخاک وئاوو داروبەردی ئەم وڵاتە کردووە وئێستاش پێکەوە شان بەشانی یەکتر خەریکین بۆ ئاوەدان کردنەوەی کوردستان و بۆپاراستنی ئەم ئەزموونەو پێش

خستنی، داوای سەرکەوتنیان بۆ دەکەین.
ئەمڕۆ لەهەرێمی کوردستاندا وبەسەربەرزی و بەئازادی مافی خۆیان بەڕێوەدەبەن، ئەوەش بۆ ئێمە وەکو کورد پێش هەموو شت دەستکەوتێکی گەورەیە،جارێکی تر پیرۆزبایی لەئەندامانی لیستی مۆر و بەتایبەتی لەکاک فرەنسۆ و لەکاک سرکیس دەکەین، وهەروەها لەگشت خوشک و برا ئاشووریەکان دەکەین لەسەرتاسەری جیهان، جەژنتان پیرۆز بێت و هەر شاد بن.
بەڕێزان دوێنی ئێمە بەڵێنمان دا کە بەناوی پەرلەمانەوە سوپاس وپێزانینی خۆمان پێشکەش بە برای ئازیزمان کاک د.ئیدریس بکەین بۆ ئەوماوەیەی کە وەکو ئەندامێکی پەرلەمان چالاکانە دەوری خۆی، پاش ئەوەی کە بڕیاریان دا کە ببەخشرێت لە ئەندامێتی پەرلەمان بۆ ئەوەی دەرفەتی زیاتری هەبێت بۆ ئیش وکاری وەزارەت وخواحافیزی لەئێمە کرد وەکو ئەندامێک. بەڵام هەمیشە کاک ئیدریس وەکو وەزیرێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشداریان لەگەڵدا دەکات لەدانیشتنەکانی پەرلەمان و هەر کاتێکیش ئەندامانی پەرلەمان بەپێویستیان زانی تەشریف بێنێ بۆ ئێرە ئەوا لەو باوەڕەدام بە دڵ فراوانییەوە پەسەندی دەکات وئەو چەند ساڵەی کە بەیەکەوە تاقیکردنەوەمان هەیە ئەو ڕاستییەی سەلماندووە. ئێستاش سوپاس وپێزانینی پەرلەمان لەلایەن جەنابی سکرتێری پەرلەمان دەخوێندرێتەوە، جارێکی تریش سوپاسی کاک د.ئیدریس دەکەم، فەرموو کاک فەرسەت.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

الي السيد د . ادريس هادي عضو المجلس الوطني لكوردستان العراق المحترم
يسرنا بمناسبة استقالتكم من عضوية البرلمان وتفرغكم للعمل الوزاري ان نتقدم اليكم باسم هيئة الرئاسة والسادة الاعضاء بجزيل الشكر بما ابديتموة خلال عضويتكم في البرلمان من شعور بالمسؤولية وتجاوب وتعاون والتزام بالحضور نتمني لكم الموفقية في مهاكم الوزارية بما فية خير شعبنا و وطننا كوردستان واللة الموفق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک د. ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی ساڵح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەڕاستیدا من ئەمڕۆ ئامادەبووم لەبەر دوو خاڵ. خاڵی یەکەم: داوای لێبوردن دەکەم کە دوێنی نەمتوانی لەدانیشتنەکەدا بەشدار ببم لەکاتی دەس لە کارکێشانەوەکەم، لەبەر ئەوەی بەئیشێکی ڕەسمی ڕاسپێردرا بووم، ئاگاداری بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانم کردبۆوە.
دووەم: سوپاسی خۆم ئاراستەی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دەکەم و هەروەها ئەندامانی پەرلەمان بۆ ئەو سوپاس ورێز لێنانە بەرزە، هەروەها بۆ پەسەند کردنی دەس لە کارکێشانەوەکەم کە من بتوانم زیاتر لەوەزارەت خەریکی ئیشوکارەکان بم ودەرفەتم هەبێ. لەهەمان کاتیشدا خۆشحاڵم کە

پیرۆزبایی لەبرای بەڕێزم کاک شێخ عەدنان بکەم، بێ گومان ئەو لەمن زیاتر دەتوانێ خزمەتی ئەو پەرلەمانە بکات، چ لەبواری شارەزایی یاساییەوە چ لەرووی هەبوونی کاتەوە کە بەتەواوی کاتی خۆی لەبۆ پەرلەمان تەرخان کردووە، هیوادارم پەرلەمان هەر پێش بکەوێ، شانازی بەوەش دەکەم کە لەو ماوەیە لەگەڵ خوشک وبرایانی بەڕێزم لەو پەرلەمانە وەکو یەک خێزان هاریکاری وئیشمان کردووە بێ ئەوەی کە هیچ شتێک رووبدات، وگونجانێکی تەواو هەبووە، ئێمەش هەمیشە ئامادەین بۆ خزمەتی ئەم پەرلەمانە کە جێگای شانازی هەموو کوردێکە ،ئەمە یەکەم پەرلەمانی کوردستانە کە لەو سەکۆیە پیرۆزەوە هەموو کەسێک توانی کە سەربەخۆ رای خۆی دەربڕێ، سەرەڕای ئەو بارودۆخە دژوارەی کە بەسەر کوردستاندا هاتووە، پەرلەمان هەر بەردوام بووە لەسەر ئەرکە پیرۆزەکانی خۆی وبۆ بەجێ گەیاندنی هیچ کۆڵی نەداوە، هەروەها ئەو پەرلەمانە بۆ هیچ بابەتێک وبوارێک کە تاوتۆ کرابێ لێرە هیچ مۆرکێکی تەسکی حزبایەتی پێوە نەبووە، بەڵکو بەگیانێکی کوردایەتییەوە ئیشی کردووە، هەموو بابەتەکانی چارەسەر کردووە ئەوەش جێگای خۆشحاڵییە، هیوادارین هەموو لایەک سەرکەوتوو بن بۆ خزمەتی نیشتمانەکەمان سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک د.ئیدریس، جارێکی تریش سوپاس وپێزانینی خۆمان دەردەبڕین بۆ جەنابت و بەیارمەتی خووا لەسەر ئەو پەیڕەوەی کەتا ئێستا پەرلەمان لەسەری رۆیشتووە بەردەوام دەبین. فەوزیە خان فەرموو.

**بەڕێز فەوزیە عەزەدین رەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە سوپاسنامەکە خوێندرایەوە بۆ کاک ئیدریس (باسم السادە)بوو، ئەی (السیدات)؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەوزیە خان ئەوە چەند جار باسمان کردووە، هەندێ جار دیارە لەیاسادا وەکو برا یاساناسەکان وەختی خۆیشی بە ئێمەیان وتووە ئەڵێن کە موزەکەر وترا هەردوو لا دەگرێتەوە، نازانم مامۆستایان چ دەڵێن؟ ئەڵێن لە (جمع)دا (کل جمع مؤنث)ە، پاشان ئەوە باشتر. وابزانم لەرووی یاساییەوە ئەوەی کە خوێندرایەوە یەک دەگرێتەوە ئەویش بۆ ئافرەتان یەکسانییە، مامۆستا دیارە بەدوواداچوونێکی هەیە، فەرموو مامۆستا مەلا تاهیر.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ڕێزم بۆ ئەو بۆچوونەی خوشکی بەڕێز فەوزیە خان، بەڵام (جمع) لەکاتێکدا کرا لەکاتی دەستوردا، لەکاتی یاسادا، لەکاتی خیطابی خواییدا، کاتێک کە وترا (یا ایها الذین امنوا) مەبەستی ژن وپیاوە، بەڵام لە وشەی (سادة) هاوکێشەیەکی زۆر جوان کراوە، مەبەست (سادە)

پیاوانە بەڵام تائیێکی موئەنەثیان پێوە لکاندووە وکراوە بە (سادة)، جا لەبەر ئەوە سادە پیاوان وئافرەتان دەگرێتەوە، یاسای (تغلیف) واتا لە زمانی عەرەبیدا تەغلیف هەیە، بۆ نموونە کە مەبەست لە (قمرین) مەبەستی خۆرو مانگە (والدان) مەبەستی باوک ودایکە و لێرەش (سادە) مەبەستی ژن وپیاوە ئەوە یەکسانی پێشان دەدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ مامۆستا. جارێکی تر رەخنەمان لێ مەگرن، فەوزیە خان دیارە هەر سوورە.

**بەڕێز فەوزیە عیزەدین رەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەکۆتایی یاداشتەکەشدا ناوی تۆی نەخوێندەوە، وداوای لێ بوردنیش دەکەم چونکە بەراستی من عەرەبی زان نیم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، دێینەوە سەر بەرنامەی خۆمان، خاڵی یەکەمی بەرنامەی کارمان تەواو کردنی بەرنامەی دوێنێمانە، بەڵکو بەڕێزان لیژنەی دارایی ویاسایی لەگەڵ لیژنەی خزمەتگوزاری تەشریف بێنن، کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من روونکردنەوەیەکی بچووکم هەبوو لەسەر رۆژی لەسێ دارەدانی شەهید قازی محەمەد. جیاوازی لەنێوان ئێمە و حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەیە. راست وایە رۆژەکە یەک بخەین(توحید). حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دوێنێ یادی لەسێدارەدانی قازی محەمەد دەکاتەوە. پارتی هەمیشە لە ٣١/ی مانگ یادی دەکاتەوە، ئەوەی راستی بێت شەوی ٣٠ لەسەر ٣١ لەسێدارە دراوە، بۆیە ٣٠ی مانگ حساب دەکرێ؟ ئەوان خاوەنی ئەومەسەلەن سەرۆکی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بووە کە لەسێدارە دراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە کاک فەرەنسۆ، دەبێ رۆژەکە بکرێتە یەک رۆژ، خراپ نییە. وەکو ئاگادارن دوێنێ ئەم برگەیەمان دواخست بۆ ئەوەی لیژنەکانمان لەنێوان خۆیاندا تاوتوی بکەن، دیارە دوێنێ یەک دوو دانیشتنیان کردووە، دوای نیوەڕۆ وئێستا جەنابی کاک شێروان حەیدەری ئەو روونکردنەوانە باس دەکات، ئەگەڕێینەوە سەر بەرنامەی خۆمان، فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوللا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوێنێ ئێمەو لیژنەی دارایی جیاوازییەکمان هەبوو لەسەر ماددە یەکی یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣. سەبارەت بە مادە (٥٥) ئەوەبوو سەرۆکی لیژنەی دارایی کۆبوونەوەیەکی ئەنجام دا

دوێنی لەگەڵ بەڕێز وەزیری دارایی وئابووری ودوای ئەوەش ئێمە پێکەوە کۆبوونەوەیەکی هاوبەشمان ئەنجامدا گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە ئەولێ بەدەرکردنانەی کە لەو پرۆژەیەدا هاتوون لە کۆمەڵێک یاساو بڕیاری تردا هەنە.
یەکێک لەو بڕیارانە بڕیاری ژمارە (٨٠)یە. ئەوە یەکێکە لەوانەی کە ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٧٠ ولەدرێژی ئەوانە بڕیاری (٥٩٣)ی ساڵی ١٩٧٠وکۆمەڵێک بڕیاری تریش.
بۆیە وا ڕێککەوتین ئەوەی ماموّستا مەلاتاهیر وتی، ئەوە ڕەچاو دەکرێ لە داڕشتن و لەهەمان کاتیشدا سەبارەت بە بڕگە یەکی مادده (٥٥) کە دەڵێ (تسجل باسم البلدية بدون عوض كافة الشوارع الواقعة داخل حدودها والمتروك استعمالها للنفع العام الموجوده عند نفاذ هذا القانون او التي تحدث بعد ذلك وفق القوانين المرعية)، تا ئێستا لێرە ئێمە لەگەڵ وەزارەتی دارایی ولیژنەی دارایی وئابووری هیچ جیاوازییەکمان نییە، تەواوکەری ئەو بڕگانە لەو یاسایانە هاتووە کە ئاماژەم بۆ کرد، لەهەمان کاتیشدا لەیاسای وەزارەتی شارەوانیدا هاتووە، بۆیە پێویست ناکات ئێمە دووبارەی بکەینەوە بەو داڕشتنەی کە بەئێوەی بەڕێزم ڕاگەیاند بخرێتە دەنگدانەوە لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بێ گومان ڕوونکردنەوەی کاک شێروان، کە زبان حاڵی هەر سێ لیژنەکەیە پێویستە، ئەگەر چ تێبینیەک نییە، ئەیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

ثانيا : لايجوز افراز الاراضي الواقعة خارج حدود البلديات للاغراض السكنية او الصناعية الا بموافقة الوزاره وكما يلي :
أ- الاراضي الواقعة خارج حدود البلدية من الصنف الخاص بمسافة (١٠) عشره كيلومترات.
ب- الاراضي الواقعة خارج حدود البلدية من الصنف الممتاز بمسافة (٧) سبعة كيلومترات.
جـ- الاراضي الواقعة خارج حدود البلدية من الصنف الاول بمسافة (٥) خمسة كيلومترات.
د- الاراضي الواقعة خارج حدود البلدية من الصنف الثاني والثالث والرابع بمسافة (٣) ثلاثة كيلومترات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا برادەران چ تێبنیان هەیە لەسەر هەموو ماددەکە؟ تاوتوکردنی مادده بە مادده، نەک بڕگە بەبڕگە، ئێستاکە ئەوەی دوامانخست بوو لەسەر بڕگەی یەکەمی مادده (٥) بوو، بۆیە ئێستاکە دەرگای گفتوگۆ کراوەتەوە ودوێنێش ناونووسمان کرد، ئەوەی ماوە لەم ماددەیە واتە دووەم وسێیەم،کێ تێبینی لەسەر هەیە؟ مامند ئاغا، د.رزگار، کاک ئیبراهیم ، کاک یونادم، هەر ئەوانە دەیانەوێ قسە بکەن؟ باشە لەگەڵ ماموّستا مەلا تاهیریش، کاک شێروان ڕوونکردنەوەیەکی هەیە با بفەرمووێت.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من حەز دەکەم ئەوە روون بکەمەوە کە (ثالثا) کە ئێستا بووە (ثانیا) هیچ دەستکارییەکی لێ نەکراوە ولەیاسای بەڕێوەبەری شارەوانی هاتووە ئەوانیش دەستکاریان نەکردووە، بۆیە بە بۆچوونی من لێرە ئەو ماددانە کاتی خۆی هەمووی پەسەند کراو ئێستا ئەگەر هەر گفتوگۆیەک بکرێ پێم وایە لەزیادەیەو داوای گۆڕانکاری ئەو بڕگەیەش نەکراوە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:

سوپاس کاک شێروان، جەنابی کاک مامەند ئاغا فەرموو.

**بەڕێز محند محەمەد ئەمین بابەکر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەنیسبەت ئەو مەودایەی کە دانراوە (الاراضي الواقعة خارج حدود البلدية بمسافة (١٠) کیلومترات) من ئەوە بە زۆر دەزانم ئەو (١٠)یە، ببێ بە (٦) و (٧)، ببێ بە (٥) و (٥)ەکەش ببێ بە (٣) و (٣)یەکەش ببێ بە (٢)، ئەو مەودایە یەکجار زۆرە هەر (١٥) ساڵ جارێک سنووری شارەوانی دەگۆڕێت، هەموو کەسێک کە لە دەرەوەی سنووری شارەوانی شتێک بکات دەبێ بە رەزامەندی وەزارەتی کشتوکاڵ بیکات، مانای وایە رێ لەو خەڵکانە دەگیرێت، ئەو سنوورەش زۆرە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:

بەڵێ بابزانین برادەرانی تر کێ تێبینی هەیە؟ کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی ئەو پرسیارە کاک شێروان کەمێک روونی کردەوە، مادده هەیە وپەسەند کراوە، بۆچی ماددەیەکی تر دادەنێین پێویست ناکات، چونکە مادده دەبێتە یەک بڕگە و یاسای رەچاوکراو (مرعیە) هەیە پەسەند کراوە، بۆیە پێویست ناکات نە دەنگی لەسەر بدرێت و نەبێتە یاسا، ئەو یاسایەی کە یەکەم جار راستاندراوە هەر ئەو یاسایەیەو تەواو. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە سوپاس، ئەوە پێشنیارێک، لیژنەی یاسا لای خۆتان جێگیری بکەن، ئەیخەینە دەنگدانەوە، کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو بابەتەی رەنگرێژی بنەڕەتی (تصمیمی ئەساسی) بۆ ئەو کیلۆمەترانە،من لەگەڵ رای کاک مامەند ئاغام، سوپاس.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/ وەزیری ئەشـــغـــال:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

پێشەکی شتێک خوێنرایەوە ئەوەی وەزارەتی دارایی وا تێ گەیشتم کە تەواو بوو، تەنها بڕگەی یەکەم دەنگمان لەسەر دا، ئەوانی تر بمێنێ، ئێستاش گفتوگۆ دەکرێت،نازانم ئەمە چۆنە؟ سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

دوێنێ ئێمە گفتوگۆکەمان راگرت لەسەر بابەتێک کە بڕیار بوو لیژنەکان پێکەوە دابنیشن ولەسەر یەک راپێک بێن، ئێستاکە دانیشتن دارشتنێکیان دانا و ئەویش خوێندرایەوە و خستمانە دەنگدانەوەو پەسەند کرا، فەرموو.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/وەزیری ئەشـــغـــال:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

دووەم خاڵی (مسافات) ئەوەی (١٠) کیلۆمەتر لەکوردستان وەکو رووبەرەکانی تکریت وبەغدا یەک ناگرێتەوە، رووبەری ئەوەندە گەورەمان نییە، شارەوانی بەتایبەتی لەدەشت بیکات لەدەرەوە کەس حەقی نییە، وابزانم ماوەکە زۆرە منیش لەگەڵ رای برادەرانم ئەگەر بکرێ کەم بکرێتەوە ئەوەی شارەوانیە تایبەتیەکە خاڵی یەکەم ودووەم، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئەو روونکردنەوەی کاک شێروان زۆر شتی دەرخست، ئەوەی (ثالثا)کە دەبێتە (ثانیا) هەر هەمان ماددەکان هەمان بڕگەکانی کاتی خۆی کە لەماددەی (٥٥)دا هاتووە لەیاسای شارەوانی، بەڵام سەبارەت بە روونکردنەوەی پێشوو کە کردی جەنابی لەمەڕ ماددە یەک، بەراستی ماددەکە بەسەریەکەوە وەکو یەک نەخوێندرایەوە بۆ ئەوەی پرادەران هەموو حاڵی بن لەوەی کەوا لەکوێ هەیە؟ یانی دەقەکەی بەتەواوی بخوێندرابایەوە لەگەڵ تێبنییەکەی جەنابی لەوانەیە روونتر بوایە، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

مامۆستا دوێنێ ماددەکەمان وەکو خۆی خوێندەوەو، ودوێنێش ئەم ئیلغایەی کە داوا کرا هەمووی خوێندرایەوە کە بڕگە بە بڕگە دەستمان پێکرد. دوو سێ بۆچوون هەبوو پێمان باش بوو رایان یەک بخەن، یاخود بگەنە دارشتنێکی کۆتایی لە نێوان خۆیاندا، ئەوەبوو دانیشتنەکەمان دواخست و، بەو رێککەوتنەگەیشتین، جا ئێستا بەر لەوەی پێشنیارەکەی تر بخەینە دەنگدانەوە، مامۆستا مەلا محەمەد تێبینی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە هەموارکردنەکە، خۆی ئەم ماددەیە لە یاسا بنەڕەتییەکەدا سیانن ئێستا بۆتە چوار، خۆی هەموارکردنەکە زیاد کراوە لەسەر دووەم (اضافەی ثانیا)و، (یستثنی) زیاد کرا کەمێکیش لە (اولا) قرتا بوو، ئینجا (ثانیا) چی لێ هاتبوو؟ ئێستا (ثانیا) بۆتە (ثالثا) ئەی (ثانیا) چی لێ هاتووە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا دوێنێ لاری بوو لەسەر (الغاء)، ئێمە ڕێککەوتین کە ببێ بە هەموارکردن، و لە داڕشتنەکەش جەنابت لاری بووی، ئێمە لەسەری ڕێککەوتین کە لە داڕشتنی کۆتایی لەگەڵ لیژنەی یاسا دابنیشن و ئەوە ڕێک بخەن، واتا مادە (٥٥) الغاء نییە، بەڵکو هەموارکردنی ماددە (٥٥)ە، و لە هەموارکردنەکەشی تەنها ئەوە جێگیر دەکرێت کە لێرە دەنگدانی لەسەر دەکرێت، ئەوانی تر وەکو خۆی دەمێنێتەوە، کاک شێروان ئەگەر ڕوونکردنەوەیەکی بکەی بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو مەودایانە(مسافات) وەکو ئاماژەم بۆ کرد لە یاسادا هاتووە و، ئێمە پەسەندمان کردووە و، جەنابی وەزیری شارەوانیش لێرەیە کە خاوەن پرۆژەکەیەو، پرۆژەکەش لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هاتووە ئەو مەودایانە لێتوژینەوەیەکی زۆر قوڵی دەوێ و، دەبێ لێتوژینەوەکە لە هەموو لایەنێکەوە بکرێ و، جەنابی وەزیریش لێرە دانیشتووە داوای هەموارکردنی ئەوەی نەکردووە بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام ئەو مەودایانە نابێ دەستکاری بکرێن و، کەسیش داوای هەموارکردنی نەکردووە ئێمەش وەکو لیژنەی یاسا هیچ تێبینیمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە پرۆژە بنەڕەتەکەدا داوای هەموارکردن نەکراوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر جەنابی وەزیر ڕوونکردنەوەیەکی هەبێ، فەرموو.

**بەڕێز حسێن سنجاری/ وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە داوا دەکەین ئەو مەودایانە وەکو خۆیان بمێننەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. ئەگەر برادەران لەسەر مەوداکان حەز دەکەن وەکو پێشنیار ئەیخەینە دەنگدانەوە، ئەگەر پێشنیارەکە نەکێشنەوە، کاک سەعید فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم هەیە لە وەزیری شارەوانی کە دەڵێ مەودا پاش سنووری شارەوانی بە (١٠کم) یان بە (٨کم) گریمان ئەگەر ئێمە سنووری شارەوانی هەولێرمان فراوان کرد بە (١٠کم) گەیشتە ناو شارۆچکەی عەنکاوە، یان گەیشتە ناو شارۆچکەی قوشتەپە، یەکێک دەیەوێ زەوی خۆی بەکار بهێنێ، بیکرێت یان بیفرۆشێت، جیای بکاتەوە، بیکوژێنێتەوە(إطفاء)ی بکات لەو بارەدا چۆن دەبێ؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەو بارەدا داوای هەمووارکردن دەکەن.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ من مەبەستم ئەوەیە بە مەرجێک دەبێ ئەو خاڵەتێبینی بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا کاک سەعید ئەگەر مۆڵەت هەبێ ئێمە دەشمان کرد بە پێنج، گریمان کردمان بە پێنج دوایی ئەگەر گەیشتە ئەوەی جەنابت هەر دەبێ بیکەین.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ من لاریم نییە لەوەی ئەو مەودایانە دانراون کارێکی شارستانییە و، ئەوە یاساکە کەونە لەوانەیە (٣٠_٤٠) ساڵە لە عێراقدا جێبەجێ دەکرێ، بەڵام مەبەستم ئەو گرفتەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو کاتە بێگومان داوای هەمووارکردن دەکەن، یاسا هەمیشەیی نییە، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز حسێن سنجاری/ وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە هەر بەڕێزێک پرسیارێکی هەبێ ئەتوانێ پێشکەشی بکات و ئاراستەی ئەنجوومەنی بکات، ئێوەش ئاراستەی ئێمەی دەکەن و، لێی دەتۆژینەوە و لەگەڵ پسپۆڕانی خۆمان گفتوگۆی لەسەر دەکەین و، بەنووسین وەڵامتان دەدەینەوە، ئەمە یەک. دووەم: ئەم مەودایانە بەرهەمی ئیشوکاری پسپۆڕانی زۆر بەرزی یاسایی بووینە، پسپۆڕانی (تخطيطي عمراني) بووینە، لە خۆیەوە نەهاتووە یانی کە دەڵێ ماددەکانی(١٠) یان (٧) یان (٥) ئەمە لە بەرهەمی ئیشوکارو گفتوگۆی پسپۆڕان و یاساناسان و ئەندازیارانی بیناسازی و مەدەنی و پێوەرەکان بووە، لەبەر ئەوە ئێمە پشتگیری دەکەین کە وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا خاوەن پێشنیارەکە حەز دەکات بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری ئەو بۆچوونەی کاک شێروان دەکەم دوایی جەنابت وەڵامی وەڵامەکەت داوە من پێش بینیم دەکرد جەنابی وەزیری شارەوانی جاری دووەم وەڵامی زیاتر بداتەوە، چونکە وەکو ئەڵێین (صاحب الحاجة ادری)، بێگومان ئەوەی کە ئەو پرۆژەی پێشکەش کردووە (٥کم) یان (١٠کم)ی داناوە دەبێ پاساوی هەبێ بۆ (١٠)ی داناوە؟ بێگومان ئێرە جێی ئەو درێژەپێدانە نییە فراوان بوونی ئاوەدانی(تەوسعی عمرانی) یان وەزعی وەزارەتەکەی خۆی، کە بەوپێیەی خاوەنی بابەتەکە ڕەچاوی کردووە.

ئەوەی جەنابت ئاماژەت بۆ کرد هەمان بابەت چارەسەر دەکات چونکە گریمان (افساح حدود البلديات) لە خاڵێک بێت بۆ نموونە لە (س) پاش ماوەیەکی تر کە سنووری شارەوانی فراوان کرا کە دەکرێت بە گوێرەی ئەو (توسع عمرانیه) دیسان ئەوە دەگرێتەوە (٥کم بۆ ١٠کم)بە بڕوای من گرفتی تێدا نییە بۆ برادەران بابەتەکە ڕوونتر بێت، جاری واش حەقە خاوەن پرۆژە ڕوونکردنەوەی پێویست بدات ڕەوا نییە جەنابی وەزیری شارەوانی بە تەنیا بڵێت پشتگیری پرۆژەکە دەکەم، یان خۆی یان لە ڕێگەی پسپۆڕەکانەوە ڕوونکردنەوە بکات بۆ ئەوەی ئەندامی پەرلەمان تووشی گفتوگۆی بێ سوود نەبن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

سوپاس کاک مامەند ئاغا فەرموو.

**بەڕێز مامەند محەمەد ئەمین بابەبکر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە ئێستا باس دەکرێ بۆ فراوان کردن نییە ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە سنووری شارەوانی فراوان بکرێت کە پێویست بوو، بەڵام ئەمە بۆ ئەوەیە کە نایەڵێت ئەو زەوییە لە مەودای(١٠کم) هیچ شتێکی لێ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. حەز دەکەم ئەگەر ماوە بدەن من ئەو بابەتە تۆزێک ڕوون بکەمەوە. یەکەم: ئێوە وەکو ئەندامی پەرلەمان حەقە بچنە ناو بابەتەکەوە، ئەمە مادەیەکە لە یاساکەدا ئێمە لێرە خۆمان یاساکەمان لەم پەرلەمانەدا داناوە(یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣) خۆمان کاتی خۆی ئەم دەقەمان لێرە چەسپاندووە، من لەگەڵتانم یاسا شتێکی هەمیشەیی نییە لەوانەیە ڕا بگۆڕین، پێداویست وا دەبێ کە بیگۆڕین، ئەمە یەک.

دوو: پرۆژەکە لە حکومەتەوە هاتووە لە وەزارەتی پەیوەندیدارەوە داوای ئیلغاکردنی مادەدە

(٥٥)یان کردووە، بەدیلی ئەم برگەیان داناوە، دوێنێ گفتوگۆمان کرد گەیشتینە ئەو قەناعەتەی پێویست بە ئیلغاکردنی مادده(٥٥) ناکات تەنها هەمواربکرێ کە هەموارت کرد و، لیژنەکانی پەیوەندیداری پەرلەمان رێککەوتوون لەسەر خاڵەکەی دوێنێ، ئەوەی تر دەرئەنجامە، چونکە وەکو مامۆستا مەلا تاهیریش دوێنێ روونکردنەوەی کردووە، ئەمڕۆش دووپاتی کردەوە، کاک شێروان روونکردنەوەی کرد ئەمە لە دەقی مادده (٥٥) وەکو خۆی هاتووە دەستکاریان نەکردووە، ئەمە دوو.

سێ: ئەگەر یاساناسان و پسپۆڕانی ناو پەرلەمان مۆڵەتم بدەن، ئەمە لەلایەنی(ئیحتراز)ەوەیە، ئەمە بۆ پێشبینی یەکانە، تۆ لە سنووری (١٠کم) سنوورێکت داناوە نابێ ئەوە دەستکاری بکرێ ئەوەش هۆیەکانی زۆرە، کاکە شێخ راست دەکات ئێرە جێگای ئەوە نییە درێژە بەو بابەتە بدەین، لەوانەیە ئەگەر ئەوە نەبێ بەیانی کابرایەک کارگایەک دابنێ چڕی دانیشتوانی شارێکی وەکو هەولێر لەرووی تەندروستی یەوە زەرەرمەند بێت، بۆ نموونە ئێستاکە دەواجنی ئەحمەد ئیسماعیل لە زۆر جێگەوە بۆنی دێ لەوانەیە پێش (٥-٧) ساڵێ بەر لەئێستا گرفت نەبووە لەوێ بێ، بۆ نموونە، لەوانەیە ئێستا هەتا ناوچەی پیشەسازی وا خەریکە بگاتە ناو جەرگەی هەولێرەوە، لەوانەیە چەند ساڵی تر پسپۆران و خەڵکی ئێمە پێش بینی بکەن ئەمە باش نییە لەوێ بێ من نازانم، بۆیە ئەمەی من لەرووی ئیحترازەوەیە هیچ زەرەر لە کەس وئەم وەزعە نادات، ئەگەر هاتوو شارەوانی پێ ویستی بوو بە فراوان کردن یان شتی تر لەوانەیە پرۆژەیەکی تر پێشکەش دەکەن و، ئەم پرۆژەیە هەمواری ئەم بابەتە دەکات، بۆیە من وا هەست دەکەم ئەوەی هاتووە خۆمان لەو پەرلەمانەدا چەسپمان کردووە لە کاتی خۆیدا و، داوای هەموارکردنیشی نەکراوە، ئەگەر داوای هەموارکردنی بکەن دەبێ دیسان جارێکی تر بیگەڕێنینەوە بۆ پسپۆران تا بزانین ئەوان پێشنیاری چ دەکەن؟ واتا ئەوە زێدەڕۆیی نییە بڵێین بیکەین بە چوار، بە پێینج، بە سێ، ئەبێ پاساومان هەبێ بۆ بیکەین بەسێ؟ بۆ بیکەین بە دە؟ بۆ بیکەین بە هەشت؟ من خۆم ناتوانم بڵێم هەر دەبێ هەشت بێ، کاک یۆنادم فەرموو.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا/ وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەختێک بەرگری کردن بوو لە پرۆژەی حکومەت کە قەبوول بکرێ و تێپەر بێ. لەجیهانی شارستانیدا هەر پرۆژەیەک بکرێ دەبێ هەموو فەرمانگەکانی پەیوەندیدار (تقاطعات) لەگەڵ یەکدا بکەن دەبی هەموویان ئاگادار بن لەوانەیە حەساسیەتەکە لێرە بێ کە تەنیا دەبێ شارەوانی بڵی بەڵێ یان نا، چونکە ئەمە تەنیا وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێکردن کە پرۆژەی نیشتەجێکردن دەکات لەگەڵ پیشەسازی، ڕەزامەندی لەسەر پرۆژەی پیشەسازی بکا تەنیا ئەو دووە دەگرێتەوە، زۆر ئاساییە هەماهەنگی لەنێوان فەرمانگەکانی حکومەت زۆر پێویستیشە، چونکە کێبڵی

تەلەفۆنە، کارەبایە، ئاوە، دوو جۆرە ئاوی خواردنەوەو ئاوی سیان زۆرئاساییە، تکام وایە دەنگی لەسەر بدرێ تاپەسند بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە پێشنیارەکەی کاک مامەند ئاغاو برادەرانی تر ئەگەر حەز دەکەن دەیخەینە دەنگدانەوە، کاک مامەند پێشنیارێکی هەیە داوا دەکات ئەو سنوورە( ٥،٧،١٠ )بگۆڕدرێ وەکو خۆی نەمێنێتەوە، پێشنیارەکەی خۆی کێشایەوە سوپاسی دەکەین. مادام وایە ئێستاکە تەنیا پێشنیارەکەی کاک شێروان ماوە، کاک شێروان جارێکی تر پێشنیارەکەی خۆت دووبارە بکەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەکو پێشتر ئاماژەم بۆ کرد لەبەرئەوەی لە مادده دوو بڕگە (٣) بووەتە بڕگە (٢) و، ئەو بڕگەیە هیچ دەستکاری نەکراوە من پێم وایە ئەو بڕگەیە بدرێتە دەنگدانەوە هیچ لاری و تێبینیمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادام وایە پێویست دەکات بیخەینە دەنگدانەوە؟.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ چونکە بڕگەی چوارەمیش دەبێتە (٣) ئێستا بڕگە بڕگە پێداچووین پێویست وابوو هەمووی بخرێتە دەنگدانەوە بەڵام دیارە ئێستا وای لێ هات بوو بڕگە بە بڕگەیە، ئەگەر بە مادده بێ دەنگدان کراوە هیچ گرفت نییە..

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە پێشنیاربوو دەنگدانمان لەسەر کردووە پێشنیارەکە سەرکەوت ئێستاکە دێینەوە سەر ئەوەی کە، پێویستە ئێمە دەنگدانی لەسەر بکەین بۆیە دەقەکە وەکو خۆیەتی؟

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر پێویست ناکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادام وایە تەواو هەر ئەو هەموارە پێویستە، ئێستا دێینە سەر مادده (٢).

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا دێینە سەر مادده (٢) المادة الثانية/ على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
وەکو خۆی دەمێنێتەوە؟
**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوللا حەیدەری:**
بەڵێ وەکو خۆی دەمێنێتەوە.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
چ تێبینییەک هەیە؟
**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوللا حەیدەری:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
هیچ لاری بوونمان نییە و، تێبینیشمان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
کەس تبێینی هەیە لەسەر ئەمە؟. دەیخەینە دەنگدانەوە.
کێ لەگەڵە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاستان دەکەین.
**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوللا حەیدەری:**
الماده الثالثه: ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
چ تێبینییەک هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟.. نییە.. دەیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا. هەموارکردنی ئەم ماددەیە ئەیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا سوپاس.
**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
من تێبینییەکم هەبوو، ئەو بابەتەی کە ئێمە هیچ دەستکارییەکی تێدا ناکەین مەوادەکان بۆ لە نێوان پرۆژەکە بێت؟
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
نییە، وەکو خۆی ئەمێنێتەوە.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
من مەبەستم زمنی دەنگدانی کۆتاییش نییە، چونکە ئەگەر زمنی پرۆژەکە بێ وای لێ دێ.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**
نەخێر، برگە یەک دیاری کراوە، ئەمە تەنها هەموارە، پرۆژەکە کاتی خۆی ئیلغا بوو ئێمە رێک کەوتین ببێ بەهەموار، هەمواركردنەكەش یەک برگەیە ئەوە گرفتەکەی چارکرا، تەواو، باقی تر وەکو خۆی دەمێنێتەوە.
سوپاستان دەکەین ئەو برگەیە تەواو، دێینە سەر برگەیەکی تر، برگەی (٣) گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی یاسای نەخشەکێشانی ئاوەدانکاری(تخطيط العمراني).کاک شێروان فەرموو دەست پێ بکەن پرۆژەی حکومەت بخوێننەوە.
**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**
ئەمە پرۆژەیەکە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆمان هاتووە لەسەر (تخطيط العمراني) دەیخوێنینەوە، نووسراوەکەش بخوێننەوە.
**حـسـێـن عـەلـی کـەمـال:**
بسم الله الرحمن الرحيم
باسم الشعب
المجلس الوطني لكوردستان العراق
رقم القرار(　　　)
تأريخ القرار　　/　　/
استنادا لاحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءا على ما عرضه رئاسة مجلس الوزراء شرع المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة في /　/　١٩٩ القانون الآتي:
(قانون التخطيط العمراني).
رقم القرار(　　) لسنة ١٩٩
((الفصل الاول))
(الاهداف)
المادة الاولى:
يهدف قانون مديرية التخطيط العمراني العامة الى وضع ضوابط تخطيطية علمية معاصرة لتطوير وتوسيع المدن والقصبات افقياً وعمودياً.
المادة الثانية:
تتمتع المديرية العامة للتخطيط العمراني بالشخصية المعنوية.
((الفصل الثاني))
(التشكيلات)

المادة الثالثة : تتألف المديرية العامة للتخطيط العمراني من :
١ـ مديرية دراسات والتصاميم التفصيلية.
٢ـ مديرية التصاميم الاساسية والافراز.
٣ـ مديرية تطوير الحضري والريفي.
٤ـ مديرية التخطيط العمراني في محافظات الاقليم.
٥ـ مديرية الادارة والافراد.
٦ـ مديرية الحسابات والتدقيق.
٧ـ مديرية الحقوق.

((الفصل الثالث))

(الصلاحيات)

المادة الرابعة : للمديرية العامة للتخطيط العمراني الصلاحيات التالية :
اولاً : اعداد التصميم الاساسي للمدن والقصبات والقرى ويشمل ما يلي :
أـ تنظيم وتحديد المسافات التي يجوز امتداد العمران عليها على ضوء المتطلبات المدنية والصناعية والاقتصادية والاجتماعية والجغرافية.
ب ـ تقسيم المدينة الى قطاعات مختلفة وتحديد استعمال كل قطاع من مركز المدينة بمناطق سكنية وتجارية وصناعية وخدمات وحدائق وملاعب وغيرها.
جـ ـ تقسيم التصميم الاساسي الى مراحل للتنفيذ على ان تمتد كل مرحلة لخمس سنوات.
د ـ اعداد تقرير مفصل لمراحل تنفيذ التصميم الاساسي وطريقة وموعد كل مرحلة.
ثانيا : تهيئة تصاميم تفصيلية لكل قطاع ضمن التصميم الاساسي وتتضمن ما يلي :
أـ تقسيم القطاع الى استعمالات مختلفة سكنية وتجارية وصناعية وخدمية ومراكز قطاعية مع مركز المدينة والحدائق.
ب ـ تحديد استعمالات المناطق من الشوارع والمدارس ومراكز صحية ومستشفيات ودوائر البريد والمصارف والملاعب الرياضية والخدمات العامة.
جـ ـ تعين الشوارع و تنظيم وتنسيق مختلف الخدمات فيها مع مراقبة العمران بشكل يحافظ على تراث المدينة التأريخي مع ضرورة ابراز الموقع ذات المناظر الجميلة والابنية والاماكن التي لها حرمة دينية او تراثية او اثرية بالشكل اللائق بها بالتعاون والتنسيق مع الجهات المختصة الاخرى.
دـ اعادة تصميم المناطق القديمة في المدينة وفق شروط وضوابط تخطيطية علمية وصحية.
هـ ـ تعيين مواقع البناء العمودي وتحديد ارتفاعها و عدد طوابقها وبشكلها الهندسي.
وـ تحديد المناطق والمواقع التي لا يجوز تعاطي بعض الحرف والصناعات فيها.
زـ تقسيم المدينة الى مناطق عمرانية سكنية بالنظر الى وضعها العمراني وتعيين الخطط التي

يجب السير عليها لتنظيم وفتح الشوارع وانشاء المباني والمتنزهات العامة بالتنسيق مع البلدية على ان يؤخذ بنظر الاعتبار التطور الذي سيطرأ على المدينة خلال المدة التي حددت للتنفيذ.

ح - تعيين الارتدادات و النتوءات على الشوارع والطرق والانهر.

ط - تعيين كيفية تشيد واجهات المباني لغرض التنسيق والتزيين.

ي - تعيين المواد الانشائية التي لا يجوز استعمالها في بعض المباني حفظاً للارواح وتعيين شروط البناء بالتنسيق مع البلدية.

ك - تعيين المواقع والمساحات الصغرى لدور السكن والمحلات العامة المختلفة والاسواق والحوانيت وساحات وقوف السيارات والكراجات ومحلات ربط وتربية الحيوانات وكيفية انشاءها وتعيين اشكالها والشروط الواجب توافرها فيها.

ل - تخصيص اراضي للمعامل والمصانع بصورة مجتمعة ومقسمة حسب اصنافها والمساحات الصغرى لكل منها والشروط التي يجب توافرها في كل منها.

م - تخصيص اراضي لحرفيين من سباكين وحدادين وعمل المعادن والصناعات المختلفة بصورة مجتمعة او حسب اصنافها وتحديد الشروط الواجب توافرها في كل منها.

ن - تعيين محلات لرمي الانقاض والنفايات.

س - تعيين مواقع لباعة المواد الانشائية بالتنسيق مع الجهات المختصة الاخرى.

((الفصلالرابع))

(الافرازات)

المادة الخامسة :- يستقطع التخطيط العمراني مساحات للشوارع والحدائق والخدمات والمرافق العامة من الاراضي العائدة للقطاعين العام والخاص عند افرازها بالنسب المدرجة ادناه وتسجل هذه المساحات باسم البلدية مجاناً :-

١ . استقطاع مالا يزيد عن ٢٥٪ من مساحة العقار الذي لا تتجاوز مساحته الكلية خمسةالاف متر مربع بصرف النظر عن المنطقة العمرانية التي يقع فيها العقار.

٢ . استقطاع ٢٥٪من مساحة العقار الذي تجاوز مساحته الكلية خمسة الاف متر مربع ولا تزيد عن عشرة الاف متر مربع بصرف النظر عن المنطقة العمرانية التي يقع العقار فيها.

٣ . اذا كانت مساحة العقار تزيد على عشرة الاف متر مربع فتكون النسب كما يلي :-

٣-١- استقطاع ٤٠٪ من المساحة الكلية اذا كان العقار ضمن المنطقة العمرانية الاولى والثانية.

٣-٢- استقطاع ٣٥٪من المساحة الكلية اذا كان العقار ضمن المنطقة العمرانيةالثالثة.

٣-٣- استقطاع ٣٠٪من المساحة الكلية اذا كان العقار ضمن المنطقة العمرانيةالرابعة فأكثر.

٤- اذا نظم صاحب العقار خارطة التقسيم وكان مجموع مساحة الشوارع والمرافق العامة يزيد

على النسب المبينة في الفقرات السابقة وكانت هذه الزيادة لمصلحته فعليه ان يسجل هذه المساحة باسم البلدية مجاناً مهما بلغت وان كانت الزيادة في المساحة من مقتضيات التصميم الاساسي او التفصيلي للمنطقة العمرانية التي يقع ضمنها العقار فعلى البلدية ان تستملك هذه الزيادة وفق قانون الاستملاك على ان تعيين البلدية مقدماً على الخارطة المساحة التي تأخذ مجاناً والمساحة التي يجب ان تستملك قبل المصادقة على الخارطة.

المادة السادسة :ـ لا يعمل بأي نص يتعارض مع احكام هذا القانون.

المادة السابعة :ـ على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة الثامنة :ـ ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس ئەوە ئەو پرۆژەیە بوو کە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بۆمان هاتووە بەپێی نووسراوی ژمارە ١٢٦٨یان لە ١٩٩٨/٢/١٢. فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێش ئەوەی ئێمە دەست بە گفتوگۆی ئەو یاسایە بکەین، روونکردنەوەیەکمان هەیە و هەر لە روونکردنەوەکەش رای لیژنەی یاسا بەدیار دەکەوێت.

دەزگای (التخطيط العمراني) لە حکومەتی مەرکەزی دەزگایەک بوو سەر بە سەرۆکایەتی دیوان بوو و، شەخسیەتی مەعنەوی تایبەتی هەبوو، واتا سەربەخۆیی داریی و بەڕێوەبەرایەتیی خۆی هەبوو و، راستەوخۆ پەیوەندی بەو سەرۆکایەتی یەوە هەبوو، راستە خۆی دەزگای (التخطيط العمراني) بوو، بەڵام (مبطن) بوو نەخشەی سیاسیشی هەبوو لە ژێرەوە و لەم یاسایەدا کە (تخطيط عمراني) بوو دەسەڵاتەکی یەکجار فراوانی هەبوو بەلای ئێمەوە وەکو لیژنەی یاسا پاش ئەوەی کە چەند کۆبوونەوەمان ئەنجام داو لەگەڵ راوێژکارانی وەزارەتی پەیوەندیدار کۆبوونەوەمان کرد، ئێمە لە پەیکەری رێکخستنی یاسایی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزاردا بەڕێوەبەرایەتی گشتیمان هەیە کە پێی دەڵێن: المديرية العامة للتخطيط العمراني، ئەو (المديرية العامة) لە ناو هەیکەلی وەزارەتدا دەستنیشان کراوەو، لەهەمان کاتیشدا ئەو (المديرية العامة) پەیکەری تایبەتی خۆی هەیە لە ستاف. بێگومان ئەو بەڕێوەبەرایەتییە لە کابینەی یەکەمەوە دامەزراوە لەناو پەیکەری وەزارەت و، هەتا ئێستا ئیشوکاری خۆی بە شێوەیەکی رێکوپێک ئەنجام دەدات بەبێ ئەوەی هیچ گیروگرفتەکیان هەبێ. ئێمە لەو کۆبوونەوەی کە ئاماژەمان بۆ کرد، هاتینە ئەو بڕوایە کە ناکرێ ئێمە دەزگایەک دروست بکەین و پێی بڵێین (التخطيط العمراني)، چونکە ئەم دەزگایە لە ناو وەزارەتە و، نابێ دوو کەسایەتی مەعنوی لەناو یەکدا بێت، وەزارەت خۆی کەسایەتیەکی تایبەتی هەبێ هی مەعنوی لە هەمان کاتیشدا بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکەی لە ناو وەزارەتدا کەسایەتیەکی مەعنوی هەبێ، بۆیە ئێمە پێمان وایە ئەو یاسایە کەموکوڕییەکی زۆری تێدایە، پێویستە

لێتۆژینەوەیەکی قوڵ بکرێ، بۆیە پێشنیار دەکەین گفتوگۆی ئەم یاسایە دوا بخرێ و، دووبارە بگەڕێندرێتەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران بۆ ئەوەی دووبارە چاوی پێدا بخشێنرێتەوە بە شێوەیەکی گونجاو پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان بکرێ بۆ ئەوەی بڕیارەکی گونجاویشی لەسەر بدرێ، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک شێروان. کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە دوای ئاماژەکانی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لیژنەی یاسا، لیژنەی کشتوکاڵی، لیژنەی خزمەتگوزاری، لیژنەی دارایی، کۆبوونەوەیەکی هاوبەش لەگەڵ نوێنەرانی وەزارەتی شارەوانی و، نوێنەرانی وەزارەتی دارایی و، نوێنەرانی ئەنجوومەنی وەزیران، لەسەر بابەتی ئەم پرۆژەیە پێکەوە دانیشتین. دووای گفتوگۆ کردن و لێتۆژینەوەیەکی تەواو لەگەڵ نوێنەرانی ئەنجوومەنی وەزیران، دوایی کە گەرانەوە بە سوپاسەوە پەیوەندییان بە پەرلەمانی بەڕێز کرد بەناوی بەڕێز سەرۆکی حکومەت وداوایان کرد ئەم پرۆژەیە دوابخرێ بۆئەوەی بەشێوەیەکی باشتر لێتۆژینەوەی لێ بکرێ، من پشتگیریێ لە هەموو بۆچوونەکانی برای بەڕێزم شێروان حەیدەری دەکەم، چونکە خۆی لە هەیکەلی وەزارەتدا هەیە، پێویستی بەم شتە ناکات، پێویستی بە لێتۆژینەوەیەکی ترە، هەروەها بەڕێز سەرۆکی حکومەتیش ئەو داوایەی کردووە، ئەگەر پێویستیش دەکات رای لیژنەی داراییش دەخوێنمەوە، یانیش پێویست ناکات ئەوە رای بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. جەنابی وەزیری شارەوانی فەرموو.

**بەڕێز حسێن سنجاری/ وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

داوا دەکەین کە ئەمە دوابخرێ، چونکە هۆکاری گرنگمان هەیە کە دوابخرێ، پشتگیری لە رای هەموو لیژنەکانی پەرلەمانی دەکەین، هی یاساو دارایی و، تێبینییەکی هەرە گرنگیش کە هەر بەڕێوەبەرایەتییەک، یاخود فەرمانگەیەک سەربەخۆیی خۆی وەردەگرێت ئەمە مانای ئەوەیە کە پێش هەموو شت لە باری ئابووری خۆمان یەک دونیا پارەیە، یەک دونیاخەرجی یە، ئێمە لەبارێکداین کە دەبێ هەموومان پاشەکەوتی بکەین و دەست بە خەرجی یەوەبگرین، ئەو پارەیەی کە هەمانە بتوانین بۆ خزمەتی خەڵک و لەسەر خزمەت گوزارییەگشتی یەکان سەرفی بکەین نەک لەسەر خۆمان و، بیروقراتیەت و ئیدارە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ کاک حسێن وەزیری شارەوانی. کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فـــــــرەنســـــــۆ تـۆمــــــا هـەریری:**

**بەڕێز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

من تێبینییەکی زمانەوانیم هەیە. (التخطیط العمراني) نەخشەدانان نییە، بەڵکو نەخشەکێشانە، من پێشنیار دەکەم لەهەر شوێنێک نەخشەدانان هاتبێ، بکرێتە نەخشە کێشان، سوپاس.

**بەڕێز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن:**

سوپاس. کاک فرەنسۆ، یەک تێبینی بچووک هەیە جەنابی سکرتێری پەرلەمان روونی دەکاتەوە پاشان ئەوە پێشنیاری وەزیرو سەرۆکایەتی ئەنجوومەنیشە کە هەمان شتیان هەیە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

بەدواداچونێکی بچووکم هەیە لەسەر رای بەڕێز شێروان حەیدەری سەبارەت بە وەزارەتێک زیاتر کەسایەتی مەعنەوی هەبێت.... بەڵام هەر شارەوانیەکیش کەسایەتی معنوی خۆی هەیە بەڵام بابەتێکی تر هەیە من حەز دەکەم روونی بکەمەوە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەسایەتی معنوی نییە، وەزارەت هەنە دەزگایان هەیە، دەزگای گشتی کەسایەتی معنوی هەیە بەڕێوەبەرایەتی گشتی نابێ کەسایەتی معنوی پێ بدرێت، ئەگەر وای لێ هات وەکو قسەی جەنابی وەزیر مانای بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەموو وەزارەتەکان کەسایەتی معنوی وەردەگرن و، وەزارەتیش دەبێتە بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی وەکو هەموو بەڕێوەبەرایەتیە گشتی یەکان، سوپاس.

**بەڕێز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن:**

سوپاس. وابزانم مەبەستی کاک شێروانیش ئەوە بوو، واتا ئەو پێشنیارەی کە لەلایەن حکومەتەوە پێشکەش کرا پێشەکی دیارە لیژنەکانی پەرلەمانیش ئاگادارکراون بەرای ئەنجوومەنی وەزیران و، جەنابی وەزیریش داوا دەکات، ئەو پێشنیارە دەخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، ئەم پرۆژەیە دوا خرا. باشتر تۆژینەوەی بکرێت و هەر کاتێک هاتەوە ئێمە بەیاری خوا ئەنجامی ئەدەین،لێرە ئەگەر پشوویەکی بچوک بدەین لە کاتژمێر (١٢)دووبارە کۆدەبینەوە و، جەنابی وەزیری کاروباری مرۆڤایەتی کاک شەفیق قەزاز لە سەفەرەکەی گەڕاوەتەوە، جا بڕیارە کاتژمێر(١٢)تەشریف بێنێتە ئێرە لەسەر سەفەرەکەی و ئەنجامی گەشتەکەی بۆمان بدوێ، پاشان پێکەوە بەیاری خوا ئەڕۆین بۆ دارچاندنی جادەی هەڵەبجەی شەهید. کاک ئیبراهیم شتێکت هەیە؟، فەرموو.

**بەڕێز ئیـبـــراهیم ســـەعـــیـــد مـــحـــمـــەد:**

**بەڕێز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

نازانم بۆ ئەو بابەتە، ئەم بڕیارە لە لایەن ئەنجـوومـەنی وەزیرانەوە هاتووە و، لە لایەن وەزارەتی شارەوانیەوە نەهاتووە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

من وەڵامت دەدەمەوە، چونکە ئەم فەرمانگەیە وەکو دەزگایەک پەیوەستە بە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە، لەسەر ئەو بنەمایە بیری لێکراوەتەوە.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوە بە خۆی وەک پرۆژەی یاسای نەخشەکێشان وئاوەدان کردنەوە، لەسەر داوای وەزارەتی یاسای شارەوانی نەهاتووە، ئەوە تێبینی بکەن کە پرۆژەیێکی پاشەڕۆژی کە بێت، ببێتە پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یاسای وەزارەتی شارەوانی، واتا وەکو پرۆژەیەکی سەربەخۆ نابیت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا ئەگەر هات، ئەوکاتە ئێمە چارەیەکی ئەکەین، سوپاستان دەکەین، لێرەدا دانیشتنەکە رادەگرین لە کاتژمێر(١٢) دیسانەوە لێرە کۆدەبینەوە و، پاشان لە کاتژمێر(١)یش دەڕۆین بۆ شەقامی هەڵەبجەی شەهید بۆ دار چاندن، سوپاس.

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٤)

## كۆبوونەوەی دووەم/ سێ شەممە رێكەوتی ١٩٩٨/٣/٣١

**بەڕێـز ســــــــەرۆكی ئـەنجــــــومــــــەن:**

بەڕێزان، ئەگەر مۆڵەتمان پێبدەن بە ناوی ئێوەی بەڕێزەوە بەخێرهاتنی بەڕێز د.شەفیق قەزاز وەزیری كاروباری مرۆڤایەتی دەكەین، هەروەها بەخێر هاتنەوەی دەكەین بە بۆنەی گەڕانەوەی لەو گەشتەی كە بۆ دەرەوەی وەڵات كردی و، بەتایبەتی سەفەریان بۆ ئەمریكا و بۆ سەردانی (UN) و ئـــەو سەركەوتنەی كە بەدەستیان هێنا، كە تیایدا تواندرا پرۆژەیەكی تەواو لە پێداویستەكانی هەرێمی كوردستان پێشكەش بە (UN)و، بەو دەزگا پەیوەندارانەی(UN)بكرێ و، خۆشبەختانە توانرا لە ئەنجامی ئەو گفتوگۆیەوە، پرۆژەیەكی یەكگرتوو بە ناوی خەڵكی كوردستانەوە لە هەرێمی كوردستان دیسان پێشكەش بكرێت بە دامودەزگاكانی (UN) كە ئەوە نە تەنها مایەی خۆشحاڵی ناوەوە بوو، بەڵكو دۆستانی كورد لە دەرەوە بە چاوی رێزەوە تەماشای ئەو هەنگاوەیان كرد، هیوادارین ئەو هەنگاوە پتەو تر بكرێ و پتر بەرەو پێشەوە تر بچێت، جارێكی تریش بەخێرهاتنی جەنابی وەزیری یارمەتی و مرۆڤایەتی دەكەین، بەم بۆنەیەوە وامان بە باش زانی كە بەڕێزی ئەمڕۆ بەوەی لە تواناداە بێت وئەوەی بكرێت باسی گەشتەكەی خۆی و ئەو كارانەی كە ئەنجامیان داوە بۆ ئێوەی بەڕێز بكات، بەخێر بێت ، ئەگەر تەشریف بێنێتە ئێرە بۆ ئەوەی هەندێ باسی ئەو سەفەرەمان بۆ بكەی، بۆ ئەوەی لە رێگای ئەنجوومەنی نیشتمانی كوردستانەوە خەڵكی كوردستانیش ئاگاداری گەشتەكەتان بن، بەخێر بێنەوە.

**بەڕێز د. شەفیق قەزاز/وەزیری هاوكاری مرۆڤایەتی:**

**بەڕێـز ســــــــەرۆكی ئـەنجــــــومــــــەن.**

پێشەكی سوپاس بۆ سەرۆكایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی كە بانگهێشتی كردین بۆ ئەم روونكردنەوەیە و، بەراستی پێش ئەوەی باسی چوونەكەمان بكەم، حەز دەكەم باسی ئەوەش بكەم كە لە ئامادە كردنی ئەو بیرخەرەوە كە پێكمان هێنا، ئەنجوومەنی نیشتمانی كوردستان هاوكاریەكی زۆری كردین، بەتایبەتی لە وەرگێڕانیدا بۆ سەر زمانی كوردی وعەرەبی، ئەمە جێگای خۆشحاڵی وسوپاسی ئێمەیە.

بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن، پێش ئەوەی باسی چوونەكەمان بۆ (UN)بكەم، پێشینەیەك هەیە كە رەنگە پێویست بێت باسی بكەین، بۆ ئەوەی زیاتر روون بێت. بێگومان دانیشتنەكانی شەقلاوە وكۆیە لە پرۆسەی ئاشتیدا هەمووتان ئاگادارن كەوا ماوەیەكی زۆرە هەفتانە بەردەوام بووە، لە ئەنجامی ئەم دانیشتنانەدا ئەوە بوو كە چەند لیژنەیەك پێكهاتن ، یەكێك لەوانە لیژنەی بەدوا داچوونی بڕیاری(٩٨٦)ە كە بڕیاری نەوت بەرامبەر بە خۆراكە و تاوەكو ئێستا بەوە ناسراوە، ئێمە

لێره هەر له سەرەتاوه هەوڵی ئەوەمان دا کە بتوانین پێکەوە واته بەشێوەیەکی هاوبەش پاڵ بەم بەرنامەیەوه بنێین و، ئەگەر هاتوو چووینه دەرەوه ئەو نوێنەرایەتیە شێوەیەکی هاوبەش وەربگرێ کە ئەمەش گومانی تیادا نییه،

بەو هاوبەشیەو بەو یەک بوونی قسەیە زیاتر قسەمان ئەڕوات و، زیاتر سەنگ و حورمەتی ئەو قسەیە ئەبێت، ئێمە ماوەیەک چاوەڕوانمان کرد، ئەوه بوو کۆبوونەوەکان ڕێک نەکەوتن، پاشان ناچار بووین لەبەر ئەوەی کاتی ئەوە هاتبوو کە ئێمە شێوەیەک خۆپیشاندان بدەین له(UN)ناچار بووین سەفەر بکەین و، لەسەر ئەو بنەمایە ئێمە پێش ئەوەی مەسەلەی وەفدی هاوبەش بێتە پێشەوە بیرخەرەوەیەکمان ئامادە کردبوو، تەنانەت ئەو بیرخەرەوەیە وابزانم ڕۆژی ٧ی مانگ ئامادە کرابوو و، بڕیار وابوو کە ئێمە ٢/١٠ بچینه دەرەوه، بۆ ماوەیەک دوامان خست بە ئومێدی ئەوەی کە بتوانین ئەم بۆچونە شێوەیەکی هاوبەش وەربگرێت، بەڵام ئێمە ناچار بووین کە سەفەرەکەمان بکەین و، له ئەنجامدا دوو کۆبوونەوه له گەڵ (UN) کرا حەز دەکەم بە بەڕێزتانی بگەیەنم.

یەکەمیان ڕۆژی ٣/١٩، من خۆم لەگەڵ نوێنەری حکومەتی هەرێم له واشنتن کە لەوەو پێش لەگەڵ(UN) مەوعیدمان بۆ دانرابوو، چووین چاومان بە کارمەندانی نەتەوەیەکگرتووەکان کەوت، واته (بینۆن سڤان) کەبەر پرسە له(UN)، پار ساڵ مانگی ١١ بوو هات بۆ ئێرە و، چاوپێکەوتنمان لەگەڵیدا کرد، ئەومان بینی لەگەڵ ژمارەیەک کارمەندی تری نەتەوەیەکگرتووەکان و، بەراستی کۆبوونەوەیەکی زۆر بەسود بوو و، ئەو بیرخەرەوەی کە ئامادەمان کردبوو بەشێوەیەکی تێروتەسەل و تەواو دابەش کرا بەسەر ئەواندا و، هەروەها چاومان بە هەندێک له نوێنەران و ئەندامانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان کەوت ئەم بیرخەرەوەیەمان بەوانیش دا و، پێموایە ناوودەنگێکی باشی هەبوو. پاش ئەوەی ئێمە ئەمەمان کرد گەڕاینەوە بۆ واشنتون لەلایەن برادەرانی حکومەت وهەرێمەوە ئاگادار کراین ، کەوا خۆشبەختانە ئەو ڕێککەوتنە بەدەست هاتووە و، نیاز وایە وەفدێکی هاوبەش دووبارە چاوپێکەوتن لەگەڵ نەتەوەیەکگرتوەکان ولایەنەکانی تر بکات، ئێمەش زۆر پێخۆشحاڵ بووین وبەرەوپیری ئەم ڕێککەوتنە چووین، ئەوە بوو ڕۆژی ٢٣ی مانگ واته چوار ڕۆژ پاش چوونەکەی ئێمە لەگەڵ بەڕێزان کاک وشیار زێباری ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و، من خۆم وەکو نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان و، له لایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە کاک بەرهەم ساڵح، وەکو نوێنەری یەکێتی و، هەروەها کاک د.جەمال فوئاد وەکو پسپۆڕێک کە پێشنیاری ئەوان بوو، هاتبوو واته چوار کەس له نیویۆرک چاومان بە یەک کەوت، بەراستی پێویستە باس بکرێ کە بەگیانێکی زۆر هاوکاری و برایانە پیش ئەوەی بچین مەوعیدەکانمان ئەنجام بدەین دانیشتین و ئەو بابەتەمان باس کرد،ئەوان(یەکێتی) یادداشتێکی سێ چوار لاپەرەییان ئامادە کرد بوو، پاش ئەوەی من و کاک وشیار سەیرمان کرد بینیمان تەئکیدە لەسەر یادداشتەکەی ئێمە، تەئکیدە لەسەر ئەو شتانەی کە

ئێمە لەیادداشتەکەی خۆماندا کردوومانە وپاڵپشتە بۆ داوا کاریەکانمان، لەبەر ئەوە بەبێ گیروگرفت و بەبێ هیچ لێکۆڵینەوەیەکی تر بڕیارمان دا کە ئەوە وەکو یادداشتێکی هاوبەش بەناوی هەموومانەوە پێشکەش بکرێت، ئەو رۆژە دەتوانم بڵێم لە بەیانیەوە تا ئێوارە ئێمە خەریکی ئەوە بووین و، بە راستی رۆژێکی پڕ سوود وهاوکاری بوو، لەوانەی کە چاومان پێیان کەوت نوێنەری ئەمریکا لە ئەنجوومەنی ئاسایش وهەروەها نوێنەری بەریتانیا و فەرەنسا بوون، دوای ئەوە چاومان بە ئەندامانی تازەی ئەنجوومەنی ئاسایش وەکو نوێنەری سوید و، بەرازیل کەوت و، یەکێک لەوانەش کە گرنگییەکی تایبەتی خۆی هەیە، باڵیۆزی پورتوگال بوو کە ئەمرۆ ئەوان سەرۆکایەتی لیژنەی بڕیاری (٦٦١)دەکەن، واتە لیژنەی سزاکان، پاشان لە کاتژمێری (١٢)ی هەمان رۆژ چووین لەگەڵ (بێنون سڤان) جارێکی تر دانیشتین، پێخۆشحاڵم بڵێم کە ئێستا وەکو دۆستێک هەڵسوکەوتمان لەگەڵدا دەکات و، هەروەها لەهەمان کاتدا (کیڤن پارۆڵ) کە رێکخەری نەتەوەیەکگرتووەکانە لێرە لە کوردستان ، ماوەیەکە داواکراوە و لەوێ ئیشێکی تایبەتیان پێ سپاردووە بۆ ئەم دوو سێ مانگەی کە دێ و، بە راستی شتێکی باش بوو کە لەوێ بوو، چونکە ئەو لە هەموو کەس زیاتر ئاشنا و شارەزایە لە کاروباری ئێرە، لەگەڵ ئەودا هیچ رەسمیاتێک نەبوو، چونکە ئێمە لێرە هەموو رۆژێک یەکترمان دەبینی و، بەراستی کەسێکە سۆزێکی زۆری لەسەر مەسەلەی بەشی کوردستان لە بڕیاری (٩٨٦)دا هەیە، (بێنون سڤان و کیڤن پارۆڵ) و سێ چوار کارمەندی تر کە لەوانەیە لەم ماوەیەدا سەردانی کوردستان بکەن و، (بێنون سڤان) نیازی هەیە مانگی پێنج سەردانی کوردستان بکات، دووبارە دانیشتنێکی زۆر تێروتەسەلمان کرد و، لەم دانیشتنانە باس لەوە دەکرا، کە دەڵێم ئەم دانیشتنانە مەبەستم هەر چوار نوێنەرەکەیە، لایەنی یەکێتی و لایەنی ئێمەش، کەوا ئەمە وەفدێکی هاوبەشە لە هەردوو لایەنی پرۆسەی ئاشتی پێک هاتووە و، ئێمە بەمەبەستی ئەوە هاتووین کە بەیەک قسەیی وبەیەک بۆچوون داوا وبەرگری و پێشنیاری خۆمان لە بەرنامەی (٩٨٦) بە کارمەندانی نەتەوەیەکگرتووەکان بگەیەنین، هەموو لایەکمان بە راشکاوی زۆر بە برایانە بڕواری ئەوەمان هەبووە لەم بابەتانە بدوێین و، پێموایە ئەنجامی قسەکانمان ئەوە بووە کە یەک تەواو کەری یەکتری بووە و، گیان و روحی ئەو یادداشتە بوو کە پێشکەشمان کردبوو، بەهەمان شێوەش قسە لەگەڵ کارمەندانی ئەوێ کراوە، مەبەستی ئەم چاوپێکەوتن وئەم وەفدە راستە خۆی لە چوارچێوەی گشتی بەرنامەی (٩٨٦)ە، بەڵام گرنگییەکی تایبەتی هەبوو، وەکو بەڕێزتان ئاگادارن کە لە (١/٢)دا ئەمینداری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان راپۆرتێکی دا بە ئەنجوومەنی ئاسایش، لەو راپۆرتەدا باسی هەندێ شتی کردووە کە پێموایە زۆر گرینگن، یەکێکیان ئەوەی کە پێویستە بەرنامەی (٩٨٦) ەپاش ساڵێک تاقیکردنەوەی هەموو لایەک پیاداچوونەوەیەکی تایبەتی تێدا بکرێت، ئەمە شتێکە کە ئێمە دەمێکە چاوەروانین و داوامان کردووە، سەرباری ئەمە ئەمینداری گشتی داوای ئەوەی کردوە کە زیادەیەکی زۆر بکرێت لەو نەوتەی کە عێراق دەیفرۆشێ، واتە لەو پارەیەی

که دێت و بۆ ئەم بەرنامەیە خەرج دەکرێت، پێشنیاری ئەمینداری گشتی(٥٢٠٠) ملیۆن دۆلارە، واتە بایی نرخی ئەو پارەیە نەوت بچێتە دەرەوە، پاش ئەوە ئەنجوومەنی ئاسایش بە بریاری(١١٥٣)، شایەنی باسە بەرنامەی (٩٨٦) یەکەم بریارە، بەلام لەو کاتەوە تاوەکو ئێستا چوار بریاری تر دەرچووە. (١١١١) و،(١١٤٣) و، (١١٥٣)، بەلام هەموو کەسێک هەتاکو لە نەتەوەیەکگرتووەکانیش پێی دەڵێن(٩٨٦)، چونکە شتەکە زۆر تێکەڵوپێکەڵە، لەبەر ئەوە کە دەڵێین(٩٨٦)ئێستاش ئەگرێتەوە و، بریاری پێشوویش دەگرێتەوە، ئەم زیاد کردنە وادەزانم شتێکی زۆر کاریگەرە بۆ هەموو عێراق وبەتایبەتی بۆ کوردستان ، بەراستی ئەمە کە جێبەجێ ببێت و، لەوەش ئەچێ کە جێبەجێ ئەبێت، پارەیەکی زۆر دێنێتە کوردستانەوە و، بێگومان ئەم پارەیە تەرخان کراوە، یەکەم بەناوی ئەوە تەرخان کراوە کە یارمەتیەکی مرۆڤ دۆستانەیە بۆ خەڵکی عێراق بە گشتی و خەڵکی کوردستان بە تایبەتی ، لەبەر ئەوە ئێمە مەبەستمان ئەوە بووە کە بچین بەرگری لەوە بکەین کە بەباشترین شێوە ئەم پارەیە خەرج بکرێت، ، راستە پارەکە لەخۆیدا برێکی گەورەیە، بەلام شێوەی بەشکردنەکەی و شێوەی خەرج کردنەکەی وادەزانم لە ئەنجامدا ئەوە مەبەستی گەورەیە، وەکو وتم ئێمە لەوەو پێش گلەیی ناو بنێین گازندەی ناوبنێین پێشنیاری ناوبنێین هەر شتێکی ناو بنێین، بۆچوونمان هەبووە لەسەر شێوەو جۆری بەرێوە بردنی ئەو بریارە، شتێکی باش بوو کە ئەمینداری گشتی راپۆرتی دا بە ئەنجوومەنی ئاسایش، خۆشی باس لەمە دەکات دەڵێت: (ئەمە پرۆگرامێکی تازە بوو سەبارەت بە ئێمەوە، پاش ساڵێک تاقیکردنەوە و پیادە کردن، پێویستی بەوە هەیە کە پیاچوونەوەیەکی سەرانسەری ئەم پرۆگرامە بکرێ)، جا ئێمە بە هەلمان زانی و دەرفەتێکی باش بوو کە لە کاتێکدا ئەم زیادەیە ئەکرێ وباسی ئەم پیاداچوونەوە کراوە، ئێمەش بچین لەوێ بەشێوەیەکی کاریگەر بتوانین ئەو پێشنیار و ئەو قسانەو ئەو گلەیی وگازندەیەی کە هەمانە لە جێگەی خۆیدا بیکەین، زۆر پێخۆش حالم کە ئەمە لە شێوەی وەفدێکی هاوبەشا کراوە ، چونکە بەراستی شتێکی ئاشکرایە و دەمێکە پێمان دەڵێن ئەگەر قسەتان یەک بێت قسەتان زیاتر ئەڕوات و، ئەمەش وادەزانم شتێکی زۆر سروشتییە، کورد ئەگەر بتوانێ پێکەوە قسە بکات بێگومان قسەکەی قەبارەیەکی تری دەبێت، زیاتر گوێی لێ ئەگیرێت و، کاریگەری ئەو قسانەش زیاتر ئەبێت، شێوەی زیاد کردنەکە دیار نەبوو هەتا ئێمەش چووینە دەرەوە، هەندیک باسی ئەوەیان دەکرد ئەیان وت رەنگە ئەمە بکرێت بە پاش سەنگێک، یاخود پاڵپشتێک بۆ شەش مانگی سێیەمی بەرنامەی (٩٨٦)، هەندێکی تر ئەیان گوت نەخێر رەنگە ئەمە شتێک بێت کەوا بەتەنیا وبە جیاواز هەڵسووکەوتی لەگەڵدا بکرێت ، بەلام کەچووینە ئەوێ وادەزانم ئێستا روونکراوەتەوە ، ئەوەی کە ئەکرێ دەبێت بە بەرنامەی شەش مانگی چوارەم، بەرنامەی قۆناغی سێیەم وادەزانم رۆژی ٦/٨ تەواو دەبێت، کەواتە ئۆتۆماتیکیەن شەش مانگی چوارەم کە بریتی دەبێت لەوانەیە لە (٥٢٠) ملیار دۆلار، لەسەر بنەمای ئەو تەرخان کراوە دەبێ، ئەمە لێرە روونکردنەوەیەکی پێویستە، ئەوەی کە ئەمینداری گشتی

پێشنیاری کردووه(٥٢٠) ملیار دۆلاره وەکو وتم، حکومەتی عێراق باسی ئەوەی کردووه کە ناتوانێ بایی(٤)ملیار دۆلارزیاتر نەوت بفرۆشێ، لەبەر ئەوە وادەزانم دەرئەنجام وادەگرێتەوە کە رەنگە بە (٤)ملیارەکە بیقەپلێنن، ئەگەر بە (٤)ملیارەکەش بێت، واتە دووجار بەقەد جاران پارەکە زیاد دەکات، جاران (٢٦٠) ملیار بوو، ئێمە گلەیەکی زۆر کۆنمان هەیە و، ئەوەندە باسمان کردووه رەزامان تاڵ بووه، ئەویش ئەوەی کاتی خۆی کە بڕیار دراوە نەتەوەیەکگرتووەکان دای ناوە لە ١٣٪ تا ١٥٪ بەشی کوردستان بێت، ئێمە هەموو جارێک، تەنانەت یادداشتنامەکەی ئێمە یەکەم خاڵی بەوە دەست پێدەکات ، من خۆم ئەو پرسیارەم ئەوەندە کردووە وەکو وتومە تۆزێ تەعجیزی بوون لێی، بەڵام ئێمە ئەرکی خۆمانە ئەو پرسیارە بکەین، چونکە مافی خۆمانە، کە بۆ چی تا ئێستا نەتەوەیەکگرتووەکان ١٣٪ جێبەجێ کردووه و١٥٪ی جێبەجێ نەکردووە؟، تا ئێستا زۆر باس کراوە، بەڵام بە راستیش ئەمە شێوەیەکی موقنیع نییە، تا ئێستا کە کراوە، زۆر باس دەکرێ کە بۆچی لە بنەڕەتەوە کراوە؟، بەڵام ئێمە بەردەوام باسمان لەوە کردووە کە ئێمە هەتا ئەگەر بەسەر ژمێری تازەش بیژمێری من وادەزانم کوردستان هەر ئەم بەشەی کە لە ژێر دەستی حکومەت و دەسەڵاتی هەرێمدایە ئەمە ئەوە هەڵ دەگرێت کە ١٥٪ی بەسەردا جێبەجێ بکرێت، جا وەکو کورد دەڵێ: (پیاو دەبێت داوای زۆر بکات بۆ ئەوەی کەمەکەی دەسکەوێت). بڕوا ناکەم ١٣٪ بکرێت بە ١٥٪ دوایی باسیشی دەکەم کە بۆ چی؟، بەڵام دەبێت ئێمە بەردەوام باسی بکەین، بەراستی ئەمە راستە کە رێژەی ٢٪ە، بەڵام کە تۆ باسی پارەیەکی زۆر دەکەی، پارەیەکی زۆر دەگرێتەوە رێژەی ٢٪، یا ١/٢٪، مەسەلەی ١٣٪ەش ئەوەیە ئێمە وامان دەزانی بەراستی شتێکی مسۆگەرە کە لە هەموو زیادکردنێکدا ئۆتۆماتیکییەن ئەم ١٣٪ بە کوردستان دەدرێت، لە راستیدا وا نییە، تەنانەت ئێمە کە گەیشتیینە (واشنتۆن و نیویۆرک) زانیمان کەوا هەتا هەندێ دەوڵەتان هەن گومانیان لەوە هەیە کە ئێمە بتوانین (ئستیعابی) ئەم جۆرە پارەیە بکەین، ئەمەش وەکو بیانویەک وایە کە هەندێک ئەیگرن کە بۆ ئەوەی بەشی کوردستان کەم بکرێتەوە، ئێمە دووبارە خۆشبەختانە توانیمان کەپێیان بسەلمێنین کە ئەمە وا نییەو، تەنانەت ئەگەر ئەوان گوێ لە قسەکانی ئێمە بگرن ، ئەو پێشنیارانەی کە ئێمە هەمانە کە رەوایە و ئێمە باشتر ئاگادارین لێی ئەوانە بسەلمێنن نەک هەر ١٣٪ەکە لەوەش زیاتر ئەتوانین لە کوردستاندا ئستیعاب بکەین، بۆ ئێمە١٣٪ چەسپاوە و بۆ ١٥٪ەکەش دەبێت ئێمە هەوڵی بۆ بدەین، تا ئەمڕۆ ئەمەیە کە کراوە ئەو کاتەی کە ئێمە لەوێ بووین ئێستا لە ماوەیەکی نزیکدا، یاخود لەوانەیە دەستی پێکردبێ، نەتەوەیەکگرتووەکان لەگەڵ حکومەتی عێراق لە چوارچێوەی ئەو پێشنیارانەی کە ئێمەش کردوومانە، بۆ هەموو شەش مانگێک داوا لە کوردستان دەکرێت کە ئێمە بۆچوونمان چییە؟، ئەورێژانەی کە ئەمانەوێ بیچەسپێنین، ئەم کەرتانە چین ئەمە پێشێل کراوە، لەسەر ئەم بنەمایە نەخشەی دابەشکردنی تازە جێبەجێ دەکرێ، واتە پێی دەڵێن (دەستیوشن پلانت)کە ئەمە خۆی دیکیومێنتێکی گەورەیە لەسەر بنەمای ئەمەیە کە بەرنامەکە دابەشی کەرتەکان دەکات، ئەمە

رەنگە ئێستا دەست پێبکات یا، رەنگە دەستی پێکردبێ، لە هەمان کاتدا لەوێوە وەفدێکی تەکنیکییان نارد، چونکە عێراق وتبووی ئێمە کێشەی ئەوەمان هەیە کە بۆری نەوتەکان پێویستییان بە چاک کردنەوە هەیە، پێویستیان بە پارچەی یەدەگ هەیە و، پێویستمان بە فلان شت هەیە، وەفدێکیان ناردبوو کە بچن لەمە بکۆڵنەوە وئێستا دەبێت گەڕابێتنەوە، راپۆرتیان دابێت بە (بینون سڤان ) کە بەرپرسیاری ئەم ئیشەیە و، ئەوەش کۆتایی پێ هاتبێ، شتێکی تر هەبوو کە باسی ئەکرا و وابزانم رەنگە هەندێک لە ئێوەی بەڕێز بیستبێتتان کەوا عێراق سوور بوو لەسەر ئەوەی کە لە کۆی ئەم پارەیەی کە دەدرێت، واتە لە بنەڕەتدا(٢)هەزار ملیارو ئێستاکە دەبێت بە(٤)ملیار، ٣٠٪ کە ئەچێت بۆ قەرەبوو(تعویضات) وبۆ ئەمانە، عێراق داوای ئەوەی کردبوو کە ئەم٣٠٪حەق نییە لەم زیادەیە بدرێت بەو لایەنانە، بەڵام ئێمە مەبەستمان بوو، دەبێت لە حاڵەتێکدا کە ئەگەر ئەو ٣٠٪یە نەچێت بۆ قەرەبوو ئێمە حەقمان هەیە ١٣٪لەوەش داوا بکەین، لەبەر ئەوە مەبەست بوو بەلای ئێمەوە، بزانین ئایا ئەمە ئەکرێت ،یا ناکرێ؟، بەڵام ئەوەی بۆمان دەرکەوت ئەو مەسەلەیە جێگای باس نییەو ئەو ٣٠٪یە هەر وەکو خۆی دەمێنێتەوە، واتە لەو پارەیە دەرئەچێ نە بۆ عێراق دێت ونە بۆ ئێمە دێت، ئەمە تا ئێستا شێوەی بەرنامەی(٩٨٦)ە کە چاوەڕوانی ئەوەی لێ دەکەین لەم بەینەدا بڕیاری تەواوی لێ بدرێ، وەکو وتم پێشەکی بڕیاری ئەوە دراوە کە زیادەکە دەکرێ، تەنها ئەوەیە ئایا (٤) ملیۆن دەبێ یان (٥،٢) دەبێ ؟ بەشی کوردستان لە ١٣٪)یە ، بە هەوڵ وکۆششی نوێنەرانی خۆمان بێ کە لێرە دانیشتوون، کاک د. لێرەیە کە نوێنەری حکومەت و پارتییە لەم دانیشتنانەدا، تەنانەت دوێنێ ئاخر دانیشتنیشیان کردووە بەردەوامین لەسەر ئەوەی پاڵی پێوە بنێین و، بەو شێوە هاوبەشەی کە دەستمان پێکرد لە (نیویۆرک) ئەبێ ئەمە بەردەوام بێت. ئەگەر بمانەوێ هەڵسەنگاندنی ئەم بۆچوون و ئەم وفدە هاوبەشە لە چەند خاڵێکدا باس بکەین، بە راستی یەکێکیان ئەوەیە، بەرنامەی (٩٨٦) خۆی ناوی خۆی بەخۆیەوەیەتی، واتا یارمەتییەکی مرۆڤانەیە بۆ خەڵکی عێراق و خەڵکی کوردستان، ئێمەش لەلایەنی ئەو خزمەتگوزارییەو ئەو خزمەتەی کە دەیگەیەنێ بە خەڵک هەر دەبێ بەو چاوە سەیری بکەین، لەبەر ئەوە هەر شتێکمان کردبێ بۆ ئەم هەوڵە هاوبەشە بەیارمەتی خودا سەری گرتووە، ئەگەر ئەم پرۆسەیە ببرێتە پێشەوە زیاتر خزمەتی خەڵکی تیایە.

دووەم: دۆستان و خەڵکێکی زۆر هەیە کەپێیان خۆشە کورد بتوانێ شتێک پێکەوەبنێ لە بەرنامەی (٩٨٦) بێ، یان لە شتێکی تردا، بەراستی چوونی ئەم وەفدە هاوبەشە پاڵپشتێکی گەورە بوو بۆ قسەی ئەوانەش بۆ پاڵپشتی کردن لە ئێمە و زۆر پێیان خۆش بوو تەنانەت ئێمە لە نەتەوەیەکگرتووەکان دەچووینە لای هەر وەفدێک کە دەمانگوت وەفدێکی هاوبەشین دیاربوو باش بوو لایان و شتێکی پەسەند بوو. پێم وایە پێویست بەوە ناکات مرۆڤ باسی ئەوە بکات کە پرۆسەی ئاشتی باس لە هێنانەوەی بڕوا و متمانە دەکات و شتێکی پێویستە سەبارەت بە هەردوولاوە.

لەوانەیە گومانیش لەوەدا نەبێ کە ئەم هەنگاوانە کە ئەنرێن (٩٨٦) بێ، یاخود بەردانی دیلەکان بێ، یاخود هەر شێوەیەکی تر بێت خۆی لەخۆیدا ئەبێتە بەدەستهێنانی ئەو بڕواو متمانەیە کە پێویستە بۆ هەردوولاو بۆ بەردەوام بوونی پرۆسەی ئاشتی. وەکو وتم ئاگادارین کە ئەم پرۆسەیە بەردەوامە و، دوێنێ ئاخر کۆبوونەوە کراوە و، بێگومان هی تریشی بەدوا دادێ. ئێمەش هەستیارین بەوەی کە بەراستی مەسەلەی (٩٨٦) شتێکی گرنگە، بەرنامەیەکی زۆر گەورەو فراوانە راستە ئەم چوونەی ئێمە شتێکی باش بوو، دەنگێکی باشیشی داوەتەوە، بەڵام بەراستی ئەوە بەس نییە ئەبێ بەردەوام بە شوێنییەوە بچین رەنگە پێویستیش بکات و، ئێمە لەمەو پێشیش پێشنیاری ئەوەمان کردبوو ئێستاش بیر لەوە دەکەینەوە کە رەنگە زیاتر پێویست بێت ئێمە لە نیویۆرک و لە نەتەوەیەکگرتووەکانەوە هاوبەش بین لەم پرۆسەیەدا، یانی رامان هەبێ بەشدار بین لەو بڕیارانەی کە ئەکرێ و، هەروەها لێرە ئێستا کە ئەم بەرنامەیە شێوەیەکی وا فراوانی وەرگرتووە پێویست بە کارێکی زیاتر و بەردەوام دەکات و ئاگادارین لەوەو بەیارمەتی خووا پێمان دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاسی بەڕێز وەزیری کاروباری مرۆڤایەتی دەکەین بۆ ئەو روونکردنەوەیەی کەپێشکەشی کرد دەربارەی سەفەرەکەی و ئەنجامەکانی، جێگەی خۆشحاڵییە بەتایبەتی ئەمڕۆ ٣/٣١/ لە ئەنجامی رەوتی بەرەو پێشەوەچوونی ئاشتی هەرچەندە بە شێوەیەکی یەکگرتوو داخوازیەکانی خەڵکی ئێمە پێشان بدەن، خۆشحاڵین ئەمڕۆ کە لێرە ئەنجامی ئەو هەنگاوە باس کرا بەتایبەتی شێوەیە کە ئەمڕۆ(١٩٩٨/٣/٣١)ە ئەو رۆژە بوو کە سەرەتای کۆڕەوەکە لە کوردستاندا دەستی پێ کرد، یادی ئەو رۆژەیە کە ملیۆنەهای خەڵکی کوردستان بەیەک دەنگ وەکو(ئیستفتا)یەک نارەزایی خۆیان پێشان دا بەرامبەر بە ستەم و زوڵم وزۆر داری ودەستیان لە هەموو شتێکی خۆیان هەڵگرت و روویان کردە ئەو چیاو دەشت و نەهاڵانە وە بۆ ماوەیەکی نادیار لەدووی لایەنە سیاسیەکانی رزگاریخوازی کوردستان بوون، ئەنجامەکەشی ئەوە بوو کە سۆزو وپشتگیری وڵاتانی خەڵکی دنیایان بۆ لای خۆیان راکێشا، ئەمە خۆی لە خۆیا بوو بەمایەی ئەوەی کە رەوشێکی ئارام بۆ کوردستان بێتە کایەوە و هێزێکی نێو دەوڵەتی تەرخان بکرێ بۆ پاراستنی بووە مایەی بوونی لە دایکبوونی، ئەم ئەزموونە. جارێکی تریش داوای سەرکەوتن بۆ جەنابی وەزیر و ئەرکی وەزارەت و ئەو هەنگاوە هاوبەشیانەی کە نراون دەکەم، لە پەرلەمانی کوردستانیش هەر بۆ پشتگیری ئەو هەنگاوە پێش وەخت ئێمە لەسەر بڕیاری ئێوە یاداشتێکمان پێشکەش بە دەزگا نێو دەوڵەتیەکان کرد بەتایبەتی بە جەنابی سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان و جەختمان لە خاڵە سەرەکیەکان و داخوازیەکانی ئەو وەفدە هاوبەشەمان کردە وە ئێستاش بۆ جەخت کردن لەسەر ئەو شتانەی کە ئێستاکە جەنابی دکتور جەختی لەسەر کردن بۆ ئەوەی یاداشتێکی تریش پێشکەش بە(UN) بکەین چارەنووسی ئەو(٢٪)ە دیاری بکات، چونکە راستە لەوانەیە ئەوانە وەکو دکتور فەرمووی

پاساویان هەبێت، بەڵام هەقی خۆمانەو، نەوت نەوتی خۆمانە بڕیاردراوە کە بدرێ بە ئێمە وە هەرێمی کوردستانیش لە هەموو ناوچەکانی تری عێراق زیاتر پێویستی بە کۆمەک و یارمەتی هەیە، ئەوەندە پاساومان هەیە بیخەینەڕوو، بۆ ئەوەی بتوانین قەناعەت بە خەڵکی تر بهێنین، مەرج نییە ئەوان بەقسەی ئێمە بکەن، بەڵام مەرجیش ئەوەیە کە ئەبێت وەکو کاکە دکتور فەرمووی بەردەوام ئێمە داکۆکی لە مافی خۆمان بکەین. ئێستاش نزیکەی لە دەوروبەری(٢٠) دەقیقە کەمترمان بەدەستەوەیە تکایە ئەو برادەرانەی کە ئەیانەوێ پرسیار بکەن با بە چڕی بێ، پرسیار دووبارە نەبێتەوە با سوود لەم(٢٠) دەقیقەیە بکەین، کاک د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەنگی خۆمان دەخەینە پاڵ دەنگی ئێوە، بەخێرهاتنەوەی د. شفیق دەکەین وهیوادارین ئەو جۆرە درێژە پێدانە بۆ هەموومان پێویست بێ.

ئێمە وەکو لیژنەی پەیوەندی گەلەک چاوپێکەوتنمان لەگەڵ لێپرسراوانی حکومەتی هەرێم و بەرپرسانی رێکخراوەکانی بیانی کردو دیار بوو زۆر کەم و کورتی لە ناو بڕیاری (٩٨٦) دا هەنە کە لە زەرەری ئێمە دان،بۆ نموونە کڕینەوەی گەنمی هەرێم، ئەگەر ئەو ساڵ نەیەتە کڕین بەسەدان خێزان زەرەرمەند دەبن.

هەروەها بەرپرسەکانی بیانی ئێمەیان دڵنیا کردوە کە دەیانەوێت ئێمە دیبلۆماتکاری خۆمان بشارینین بەمەبەستی قایل کردنی دەوڵەتە ئابلۆقە دەرەکان، کە ئێمەی کورد پێویستمان بە بونیادنانەوەی ژێرخانی ئابووری وڵاتەکەمان هەیە، وەئەوان تێ بگەیەندرێن کە ئەو کەم وکووڕیانە نەمێنن وچارەسەر بکرێن، بۆ نموونە رێژەی لە(١٣٪و ١٥٪) (260 - 300) ملیۆن دۆلار، ئەوان پابەندبوونێکی رەوشتیان بەرامبەر گەلی ئێمە هەیە، چونکە ناهێڵن ئێمە لە کۆبوونەوەکاندا ئامادەبین خۆیان نوێنەری ئێمەنە، جا دەمانەوێ چار بکرێت. لیژنەی ئێمە راپۆرتێکی دورودرێژی ئامادە کرد وپێشکەش بە ئێوەی کرد تا بخوێندرێتەوە زۆر لەوانە کەم وکورتیان تیابەدی دەکرێن. جارێکی تریش دەیڵێین کە پێویستە دیبلۆماتکاری خۆمان گەرم و گوڕکەین لە پایتەختی دەوڵەتە ئابلۆقەدەرەکاندا تاکو بەرژەوەندی گەلی خۆمان بپارێزین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئیبراهیم، تکایە بەخەستی ودیاری کراوی بدوێ، چونکە کاتمان کەم بەدەستەوەیە.

**بەڕێز ئیبراهیم محەمەد سەعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاسی جەنابی وەزیر ئەکەین داوا بکەین کە هەڤاڵانمان وە دۆستانمان لە جیهاندا چارەسەرێک بۆ شەڕی نێوانمان بدۆزنەوە چارەسەرێکی کێشەی میللەتەکمان بکەن بەراستی ئەو وەفدەی

هاوبەش هەنگاوێکی زۆر پیرۆزبوو وەجێگای دڵخۆشی میللەتی ئێمە بوو، چونکە بە یەکگرتنی هەموو لایەکمان دەتوانین زۆر دەستکەوت بۆ میللەتەکمان ئەنجام بدەین بێگومان ئەو وەفدە هاوبەشە ئەنجامێک بوو بۆ پرۆسەی ئاشتی کوردستان کە لە ژێر دوو ئابڵوقەدا دەژی. داوا لە (UN) دەکەین کە بە چاوێکی تر تەماشای جێبەجێ کردنی بڕیاری(٩٨٦) ویاداشتی تێکگەیشتن ( Memrise Understand) بکەن لە هەرێمی کوردستاندا وداوا مان لێ دەکەن کە جێبەجێ کردنی پرۆژەکان لە هەرێمی کوردستان لە هەمان جۆر بێ کە لە بەشی تری عێراقدا جێبەجێ دەکرێت، واتە لە عێراقدا پرۆژەکان بەهۆی وەزارەت وفەرمانگەکانی دەوڵەت جێبەجێ دەکرێن،تەنیا لەلایەن نوێنەری(UN)ەوە سەرپەرشتی دەکرێن، لەلای ئێمە پرۆژەکان بەرێگای(N.G.O) وە جێبەجێ دەکرێ وەهەر بەچاودێری نەتەوەیەکگرتووەکانە، واتا (N.G.O) کان پرۆژە دەدەنە حکومەتی ئێمە کەواتە جیاوازێکی زۆری هەیە لە جێبەجێ کردنی پرۆژەکاندا، چونکە شارەزایی وەزارەتەکان و بەڕێوەبەرایەتی فەرمانگەکانی ئێمە زۆر باشترن لەوانەی (N.G.O) کان. ئێستا جەخت لەسەر قسەی کڕینی گەنم دەکەینەوە داکۆکی دەکەین لەسەر(١٥٪)، چونکە ئەوان نوێنەری ئێمە بوون کەس لە ئێمەی کورد لەوی ئامادەی گفتوگۆ کردن نەبوو لە جیاتی (١٣٪ و١٥٪) ئەوانە وەکو پابەندییەکی رەوشتی نوێنەرانی (UN) کە نوێنەرایەتی میللەتی کوردیان دەکرد ئەبووایە رەزامەندیان لەسەر (١٥٪) بکردبا یان هیچ نەبێ(١٤٪) کە نێوانی ئێمەو ئەوان بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دامەبەزە (١٥٪)یە وتەواو

**بەڕێز ئیبراهیم محەمەد سەعید:**

بەڵێ، لە(١٥٪)یە، دانابەزین

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم محەمەد سەعید:**

رەزامەندی لەسەر نەهێشتنی مێرووی(سن) بەهۆی فرۆکەوە، ئەوەش گرفتێکی زۆر گەورەی جووتیارانی ئێمەیە، هەموو ساڵێک لەم وەرزەدا ئەڵێن ئەوە فرۆکە ئامادە بووە دێت دەرمان دەرشێنێ بۆ نەهێشتنی مێرووی (سن) کە چی لە بەر بابەتی هێڵی(٣٦) ئەو مەسەلەیە جارێکی تر دوادەخرێ. ئینجا ئەم ساڵ بەتایبەتی کە(سن) زۆر بووە حەز دەکەین کەوا رەزامەندی وەربگیرێ بۆ هاتنی ئەو فرۆکانە و ژەهروەشاندیان دژی مێرووی(سن وکیسەڵە)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک ئیبراهیم، کاک محەمەد سەعید یەعقوبی فەرمووە.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاسی ئەو شاندە دەکەین کە ئەنجامێکی باشیان بۆ گەلی کورد هێناوە، لێرە من دوو پرسیارم لە کاک شفیق هەیە یەکێکیان ئەوەیە حەز دەکەم روونکردنەوەیەک بکا دەربارەی ئەو (١٣)ملیۆنەی دیاری کراوە، ئایا ئەو خواردن وئەو دەرمانەی کە لە کوردستان دابەش دەکرێ لەنێوان ئەو (١٣) ملیۆن دینارەیە؟ یاخود پارەی تری بۆ داندراوە؟ ئەوە پرسیارێک پرسیاری دووەمیش حەز دەکەین بزانین حکومەتی هەرێم چ پلانێکی داناوە بۆ سەرفکردنی ئەو پارانە؟ ئەگەر بواری روونکردنەوەیەکی وای هەبێت کە لێرە باسی لێ بکرێت سێیەم: سەبارەت بە لیژنەی کشتوکاڵی ئەمە دوو سێ خاڵمان هەنە یەک: لەوانە بابەتی مێرووی(سن)ە کە کاک ئیبراهیم باسی کرد دوو: ناردن وکرینی بەرهەم لە کوردستان؟، ئێستا لە دەرەوەی ئەو ئاردە دابەش دەکرێت جم وجۆلی کشتوکاڵ و چالاکی جووتیار کە نەوتێکی هەمیشەییە لە کوردستان گەورەترین دەسکەوتی هەمیشەییە، من پشت بەمەسەلەی ئیبراهیم خەلیل نابەستم، چونکە شتێکی کاتییە، بەڵام بابەتی کشتوکاڵ کانگاییێکی هەمیشەییە و سامانێکی زۆر گەورەیە بۆ گەنجینەی حکومەت بەو بڕیارە وەک بلێی حەلی کردووە وە یاخود کوشتیتی، وەمن حەز دەکەم وەفدمان لەوێ جەختی لەسەر بکا. دێینە سەر خاڵی سێیەم، بابەتی فڕۆکە کە تا ئێستا (UN) بەرهەڵست کردووە کە فڕۆکە هەستی بۆ لە ناو بردنی مێرووی(سن).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئیبراهیم باسی کرد.

**بەڕێز محەمەد سەعید یەعقوبی:**

سێ، کڕینی ئامێری دروێنەو کێلان و شمەکی کشتوکاڵی بۆ هاندانی کشتوکاڵ و زیندوکردنەوەی پرۆژە کشتوکاڵییەکان لە کوردستاندا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم کاتەکەمان کەمە د. شەفیق ئەگەر زەحمەت نەبێت ئەوانە روون بکاتەوە، جابا بزانم ئەگەر کاک د. شەفیق وەلامیان ئەداتەوە زۆر بابەت دادەخەین.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئەو شتانەی کە پێویستن وەک مەکینەی درۆینە ئەوە هەر وەزارەتێک پێداویستی خۆی نووسیوە ئەگەر پێوست بکات لە درێژەدانی ئەوە بزانن و حکومەتی هەرێم چۆنی دەوێت جێبەجێی بکات دانیشتنێکی تایبەتی و دوورودێژی دەوێت، ئێمە دەتوانین دانیشین دەستەیەکی کارگێری هەیە هەموو درێژەکەتان لە بۆ باس بکەین ئەوە بابەتەکە نییە، چونکە ئەوە بەو خێرایەو بەو(٥) دەقیقەیە باس ناکرێت، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

ئێـمـە لەسـەر ئەو بابەتە ئەو برادەرانەی کـە پرسـیـاریان کـرد ئەگـەر مـۆڵەت بدەن تەنهـا لەسـەر سەفـەرەکەی کـاک دکـتـۆر روونکردنەوە بکەن ئەوانـەی کە پەیوەنداره بە جەنابی وەزیرەوە با بۆمان روونی کاتەوە ئەوەی تر ئێـمە دەیکەینە دانیشـتنێکی تایبەتی، چونکە ئێمە یادداشـتمان دابەش کـردووە بەسـەر لیـژنەکـاندا باتەمـاشـای بکەن ئەگـەر هەر پرسـیـارێک هەبێ لەدەرەوەی ئەوە بۆتان روونکەنەوە. کاک د. فەرموو.

**بەڕێز د. شەفـیق قەزاز/ وەزیری هاوکاری مرۆڤایەتی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

باسی پرۆژەو رۆڵـی (N.G.O)یەکان وحکومەت کرا بەراستی من وەکو گوتم بەوە دەستم پێکرد کەوا ئێمە هەندێک گلەیی و گازندەمان هەیە، لێرە هەموو شتێک ووردناکرێتەوە لەماوەی( ٢٠ ) دەقەدا، من ناتوانم درێژەی ئەوەتان پێ بڵێم، بەڵام گەلێک لەو شتانە پەیوەندی زۆریان بە ئێمەوە هەیە، ئێمە گلەییەکی کۆن و بەردەوامان ئەوەیە کە نەتەوەیەکگرتووەکان ئەبێ لەسەر ئاستێکی باڵا لەسـەر ئاستی دەسەڵات و حکومەتێک پەیوەندی لەگەڵ کوردسـتـان بکات، ئێـمە ئەبێ خۆمـان بڕوامـان بەوە هەبێ کـە وەکو حکومـەتێک و وەکو دەسـەڵاتێک لەو هەرێمـەدا هەین، وەبەردەوام داوامـان کـردووە کە ئەبێ لەسەر ئەو ئاستـەدا مـامـەڵەمان لەگەڵا بکەن، تەنانەت بەرەو پیر چوونی ئێـمە بۆ ئـەم مەسـەلەیە ئەوە بوو کە چەن مـانگێک لەمـەوپێش ئێمـە لیـژنەیەکی باڵامـان داناوە، لیـژنەی باڵای کـوردسـتـان بۆ (٩٨٦) کـە ئەمـە بریتـیـە لە نزیکەی ( ١٠ ) لە برا وەزیرەکـان وەدەسـەڵاتێکی فـراوانی هەیە، ئەمـە ئەو دەسـەڵاتەیە کـە مـافی هەیە چ لەناوەوە وچ لەدەرەوەی وڵاتدا بتوانێ لەسەر بەرنامەی (٩٨٦) لە ئاستی زۆربەرزەوە بتوانێ مـامەڵە لەگەڵ ئەو شـتـانەدا بکات، ئەمە گازندەو گلەییەکە کە بەردەوام ئێمە هەمانە وە بەڕاستی لەم سەفەرە زۆر چاک تێمان گەیاندون، پێخۆشحاڵم بەوەی کەوا لە نەتەوەیەکگرتووەکان هەستیارن بەوەی کە ئەمە پێویستـە، چونکە هەندێک لەم کەمـوکوورپیانەی کـە لە ئیـشـەکەی خۆیاندا هەبووە ئەگـەڕێتەوە بۆ ئـەوەی کە نەیان توانیوە بەشێوەیەکی پێویست و لە ئاستێکی رێکوپێکدا پەیوەندییان لەگەڵ ئێمەدا هەبێ، مەسـەلەی «١٣٪ـ١٥٪» کە وەکو بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن باسی کرد شتێکی باش و پێویستـە ئێـمـە بەردەوام باسی ئەوە بکەین، کـە بۆچی (١٥٪) نییـە و(١٣٪)یە مـافی خۆمـانە وە ئێـمـە بەردەوامیش باسی ئەوەمـان کردووە کە بەڕاستی ئەمە من لێیان پرسیم وتم: ئەمە لەوە ئەچێ وەکو چۆن مرۆڤ ئەچێـتـە بانک ئەڵێ من هەندێ پارەم هەیە بانکەکـە تۆ شـارەزای هەندێ شـتی ئەم پارەیەم بۆ وەبەر بهێنە ئێمە ئەبێ بەو چاوە سەیری ئەم پارەیە بکەین پارەکە پارەی ئێمەیە نەوتەکە لێرەوە دەرئەچێ، نەتەوە یەکگرتووەکان تەنها ئەوە ئەکات ئەم پارەیە بە شـێوەیەک بۆ ئێـمە خەرج بکات، چونکە ئێـمە بۆ خۆمان ناتوانین ئەوە بکەین، بەڵام ئێـمە ئەبێ مـافی ئەوەمان هەبێ، کە تێیان بگەیەنین پێیان بڵێین کە چۆن ئەمانەوێ ئەو پارەیە سەرف بکرێت، واتە مەبەستی سەرەکی و بەردەوامی ئێـمە ئەبێ لەوەدابێ هەردەم سووربین لەسەر ئەوە، بۆ ئەوەی کە قسـەمـان بڕواو بەو

شێوەیە سەرف بکرێت کە بەڕاستی خزمەت و بەرژەوەندیی ئەو خەڵکەی تێدا بێت، کەموکووڕی لە بڕیاری ١٩٨٦دا، یەکەم جار وا ئەزانم کە «ئەکاشی» هات بۆ ئێرە باسی ئەوەی کرد، کە ئێمە بەرەنگاری بووینەوەو تێمان گەیاند، کە کەموکووڕییەکی زۆر هەیە ئەویش دەستی بەرزکردەوەو وتی: ئەمە پرۆگرامێکی زۆر تازەیە و زۆر گەورەیە کە لە مێژووی نەتەوە یەکگرتووەکاندا شتێ نەکراوە بەبێ عوزر، ئەمە وەکو عوزرێک وایە کە هێنایەوە کە ئێمەش هەموومان نوێین بەو بەرنامەیە، ئێمە پاش ساڵێک تاقیکردنەوە وەکو وتم شتێک تێگەیشتووین لەم بەرنامەیە بەو نیازە چووینەتە (نیویۆرک) کە دانیشتین پێیان بڵێین پاش ساڵێک وەختی ئەوە هاتووە، کە ئەو کەموکووڕیەی کە هەبووە ئەبێ چارەسەر بکرێت ئەگەر بەڕێزتان یادداشتەکەی ئێمە بخوێننەوە وەکو ئەبینن هەشت پاشکۆ (مولحەقی) لەگەڵدایە لە هەموو وەزارەتەکانەوە قسەکەی کاکە دکتۆر کردی من ئەوە بڵێم جارێ ئەگەر باسی «سن» و لەناوبردنی هەندێ شت بکەم لەوانەیە «ئەبو حیکمەت» هەقی خۆیەتی ئەو وەڵام بداتەوە هەروەها برا وەزیرەکانی تر، بەڵام بەڕاستی بە تێروتەسەل باسی ئەم شتانە کراوە لە کەموکووڕییەکان ئاگادارین لەوە ئاگادارین کە هەندێ بەرنامە دواکەوتووە وەکو وتم: هەتا ئێستاکە نەتەوە یەکگرتووەکان باسی ئەوەیان کردووە، تازەیەو ئێمە نەمانتوانی بەڵام وا ئەزانم ئێستا بەرەو باشی چووە کاک فەرەنسۆ ئاگادارە پرسیارێکی تر کرا بۆ مەسەلەی خواردن بەڵێ مەسەلەی خواردن بەشێکە لەو (١٣٪)ی کە هەیە، بەڵام ئێمە بۆ مەسەلەی خواردن شتێکی دیکەمان کردووە، ئێمە داوای ئەوەمان کردووە وتوومانە ئەگەر ئێوەی نەتەوەیەکگرتووەکان بتوانن ئەم سەبەتەی خواردنە بەشێوەیەکی بەردەوام وە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک دابەشی بکەن بەسەر خەڵکدا، بەڕاستی پێویستمان بەوە نییە کە ئێوە پارەیەکی زۆری تر بخنە ناو ئەم بابەتەوە، هەموومان هەستیارین بەوەی کە مەسەلەی دابەش کردنی خواردن زۆر لە کاتدا بوو وە بەڕاستی زۆر فریای خەڵکی کوردستان کەوتووە بەرنامەیەکی باشە، بەڵام کەموکووڕییەک کە تیایەتی هی ئەوە نییە کە شمەکەکان کە من، کەموکووڕیەکە لەوە دایە کە ئەو کەلوپەلانە هەندێکیان باش نین، واتە ئێمە جەختمان لەسەر ئەوە کردووە پاش ئەوەی کە فەحس کراون و وردبوونەوەیان لێ کراوە یەک بەیەک مادده بە مادده تێمان گەیاندوون فلان شتتان ناردووە کە خراپەو خەڵک نایخۆن، دووەم لەلایەنی تەندروستییەوە چاکسازییەک لەم مەسەلەیە نەکراوە ئەوەی پێی دەڵێن «پرۆتینی ئاژەڵی» ئەمە ئێستا زیاد کراوە لە شێوەی پەنێرو شیردا، ئەمە وەکو ئێمە ئەیزانین شتێکی بەنرخ وگرانترە لە شتەکانی تر، بۆ نموونە وەکو لە نیسک و نۆک و ئەو شتانە. ئێمە کە دانیشتووین بەشی کوردستانمان تەسلیم کردوو یاخود داناوە بۆ ئەوەی، کە لەسەر ئەو زیادەیە پیادە بکرێ، بیرمان لەوە کردۆتەوە پارەیەکی زۆر وەکو جاران بۆ نموونە «٥ر١٢٢» سەدوبیست ودوو ملیۆن و نیو تەرخان کراوە لە هەموو «٦» مانگێکدا بۆ مەسەلەی خواردن، ڕەنگە ئێمە پێویستمان بەوە نەبێ، دیسانەوە لەم زیادەیە هەمان بڕ دابندرێ، چونکە ئەگەر بتوانین لەوە گل بدەینەوە ئەتوانین بیکەین بەشتی تر ئەتوانین ژێرخانی ئابووری پێ چارەسەر بکەین و پتەوی بکەین لەبەر ئەوەی ئێمە داوامان کردووە وە سووریشین لەسەر ئەوەی کە نامانەوی هەمان بڕە پارە زیاد بکرێ بۆ

خواردن، بەڵام جۆری باشتر بکرێ، ئەو شتانەی کە زیاد کراوە پێویستن، بۆ نموونە لە نێوان ئەوانە ئێمە داوای گۆشت ناکەین، چونکە ئێمە ئەمانەوێ بەرهەم هێنانی لای خۆمان فراوانتر بکەین واتا مەبەستم ئەوەیە ئێمە ئەبێ ئەنجام بیر لە بەرنامەی (٩٨٦) بکەینەوە بەراستی ئەمە پەیامی ئێمە بووە لەم چوونەمانا بۆ نیویۆرک بەرنامەی (٩٨٦) لە باری هەرە باشیدا شتێکی کاتیە لەوانەیە ئەمڕۆ هەیە(٦) مانگی تر هەیە ساڵێکی تر هەیە دوو ساڵی تر هەیە، بەڵام لەئەنجامدا نامێنێ واتا دەبێ ئێمە بیر لەوە بکەینەوە ئینجا ئەبێ ئەنجامی پیادەکردنی (٩٨٦) ئەوە بێ کە سبەینێ ئەم بەرنامەیە تەواو بوو خەڵکی کوردستان بتوانێ لەسەر پێی خۆی بوەستێ لەلایەنی ئابوورییەوە لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە لەلایەنی کشتوکاڵەوە لەهەر لایەنێکی ترەوە بێ، بۆ مەسەلەی کڕینی گەنم، ئێمە هەر لەیەکەم ڕۆژەوە کە ئەم بەرنامەیە دەستی پێکردووە لەسەر ئەم مەسەلەیە قسەمان کردووە و بەرگریمان لێ کردووە تەنانەت ئێمە باسی ئەوەمان کردووە ئەو گەنمە بۆچی لە موسڵ وکەرکوک ئەیهارن بۆچی نابێت بێتە ئێرە؟ کە ئێمە لێرە هەمان ئاشمان هەیە و هەمان خەڵکی پسپۆڕمان هەیە لێرە کە سوودی زیاترە واتا هەتا بەشێوەیەک لێی ورد بۆینەتەوە کە ئەو کەپەکەی لە ئاردەکە لەگەنمەکە دروست ئەبێ ئێمە خۆمان پێویستیمان پێیەتی وەکو خۆراکی ئاژەڵ و شتی وا، واتا مەبەستم ئەم شتانە بەشێوەیەکی ووردبینانە بیری لێکراوەتەوە چ لە شێوەی یادداشت بێت چ لە شێوەی پێ ووتنا بێ چ لەشێوەی بەرگری و گلەیەی بێ کە ئێمە لە نەتەوەیەککگرتووەکان ولێرە لەگەڵ کارمەندانی ئەوان بیکەین بەردەوام هەیە وبەردەوامیش ئەبێن لەسەری وهیواداریین کە لە ئەنجامی ئەم پێک گەیشتن وکۆبوونەوەو جەخت کردن لەسەر ئەم شتانە بتوانین ئەم پرۆگرامە بەشێوەیەکی گشتی و بەشێوەیەکی تایبەتی چاکی بکەینەوە وسوپاستان ئەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز وەزیری کاروباری مرۆڤایەتی بۆ ئەو ئەزیەتەی کە کێشاوییەتی و تەشریفی هێنا بۆ ئێرە بۆ ئەو ڕوونکردنەوانەو سوپاسی هەموو لایەکتان ئەکەین، ئێستاش دانیشتنی ئەمڕۆمان تەواو بوو سبەی لیژنەکان ئەو پرۆژانەی کە لەبەر دەستیان دایە بەڵکو تاوتووی بکەن ئێمەش ڕۆژی شەممە سەعات(١١) دانیشتنمان دەست پێ دەکات، بەخێر بێن وسوپاس.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەل**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٦**
**ڕۆژی بڕیار: ١٩٩٨/٤/٥**

## «بڕیار»

پشت بەو دەسەڵاتەی بەپێی بڕگە(٣)ی مادده (٢) لەیاسای ژمارە(١٠)دەی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ٣١ / ٣ / ١٩٩٨دا یاساکاری کردووە، ئەم بڕیارەمان دەرهێنا :ـ

١ـ ئەندامی ئەنجوومەن بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندی بخرێتە سەر ئەندامێتی لیژنەی کاروباری یاساوە.

٢ـ ئەم بڕیارە لە مێژووی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بڵاو دەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەل**

**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**ژمارەی بڕیار: ٧**

**ڕۆژی بڕیار: ١٩٩٨/٤/٥**

## «بڕیار»

پشت بەو دەسەڵاتەی بەپێی برگە(٣)ی مادده(٢) لەیاسای ژمارە(١٠)دەی ساڵی ١٩٩٧پێمان دراوە و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٨/٣/٣١دا یاساکاری کردووە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەماندا:

## یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٨

یاسای هەموار کردنی دووەمی یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣ی بەڕێوەبردنی شارەوانیەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق بەم جۆرەی خوارەوە:-

ماددەی یەکەم:- مادده پەنجاو پێنجی یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣ی بەڕێوەبردنی شارەوانیەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق هەموار دەکرێ بەم شێوەیە:

١- تێکڕای ئەو شەقامانەی کە دەکەونە ناو سنووری شارەوانیەوە بەبێ بەرامبەر(عوض) بەناوی شارەوانییەوە تۆماردەکرێن.

٢- نابێ ئەو زەویانەی کە دەکەونە دەرەوەی سنووری شارەوانیەکانەوە بۆ مەبەستی سوکنا وپیشەسازی جیابکرێنەوە بەرەزامەندی وەزارەت نەبێ، بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ ـ ئەو زەويانەی کە دەکەونە دەرەوەی سنووری شارەوانی لە جۆری تايبەتی بە مەودای (١٠) دە کیلۆمەتر.

ب ـ ئەو زەويانەی کە دەکەونە دەرەوەی سنووری شارەوانی لە جۆری هەرە باش (ممتاز) بەمەودای (٧) حەوت کیلۆمەتر.

جـ ـ ئەو زەويانەی کە دەکەونە دەرەوەی سنووری شارەوانی لە جۆری پلە يەک بە مەودای (٥) پێنج کیلۆ مەتر.

د ـ ئەو زەويانەی کە دەکەونە دەرەوەی سنووری شارەوانی لە جۆری پلە دوو وسێ وچوار بەمەودای (٣) سێ کیلۆ مەتر.

٣ـ لەسەر نەخشەکێشانی ئاوەدانکارییەکە ماڵ تەرخان بکا و بەرزەفتی (ضوابط) دابنێ بە هەماهەنگی لەگەڵ شارەوانیدا وچۆنییەتی جیاکردنەوەی ئەو زەویانە روون بکاتەوە.

ماددەی دووەم: لەسەر ئەنجوومەنی وەزیرانە کە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکات.

ماددەی سێیەم: ئەم یاسایە لە مێژووی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بڵاودەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٥)

## شەممە ڕێکەوتی ٤/٤/١٩٩٨

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٥)

## شەممە ڕێکەوتی ٤/٤/١٩٩٨

***کاتژمێر(١١)ی سەر لەبەیانی ڕۆژ شەممە ڕێکەوتی ٤/٤/١٩٩٨ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادە بوونی سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە(٥)ی خولی یەکەمی ئاسایی،ساڵی (١٩٩٨)ی خۆی بەست. سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕاددەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنرا و، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١ـ گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی بڕیاری «عدم مسؤولية حكومة الاقليم عن الالتزامات الحكومية السابقة».***

***٢ـــــگفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی کوژاندنەوەی مافی تەسەڕوفکردن و جوداکردنەوەی زەوی کشتوکاڵی(اطفاء حق التصرف وافراز الاراضي الزراعية) لە هەرێمدا.***

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـوومـەن:**

بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان بریتییە لە دوو خاڵ، خاڵی یەکەم: گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی بڕیاری «عدم مسؤولية حكومة الاقليم عن الالتزامات الحكومية السابقة». خاڵی دووەم: گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی کوژاندنەوەی مافی تەسەڕوفکردن-وجوداکردنەوەی زەوی کشتوکاڵی واتا «اطفاء حق التصرف وافراز الاراضي الزراعية» لە هەرێمی کوردستاندا. بە خاڵی یەکەم دەست پێدەکەین کە ئەویش «عدم مسؤولية حكومة الاقليم عن الالتزامات السابقة»یە، جا ئەگەر ئەندامانی لیژنەی دارایی ولیژنەی یاسا بفەرموون و بێنە سەر سەکۆیەکە، هەرچەندە ئەمە زیاتر پەیوەندیی بە بەڕێز وەزیری دارایی وئابورییەوە هەیە و، هەموو جارێک بەرنامەی کاری خۆمان دەدەین بە ئەنجوومەنی وەزیران و،بۆیە ئەگەر وەزیری پەیوەندار ئامادە دەبێت ئەوە بەسەر چاو و، ئەگەر ئامادەش نەبوو ئەوە ناچار دەبین کە لەسەر بەرنامەکەمان بڕۆین و ئیشەکانمان دوانەخەین، تەنها ئەگەر ئێوە دواخستنی بە پێویست بزانن، ئێستاش بۆ ئەم پرۆژەیە بەڕێز وەزیری پەیوەندار کە وەزیری دارایی و ئابورییە دەبوایە لێرە بێت، ئەگەر پێتان باش بێت بەبێ ئامادە بوونی وەزیر گفتوگۆی دەکەین و لەسەری دەڕۆین، لیژنەی یاسا هیچ تێبینییەکتان نییە؟، وادیارە لیژنەی یاساش هیچ تێبینیەکیان نییە، هەروەها لیژنەی داراییش تێبینیان نییە، کەواتە گفتوگۆی لەسەر دەکەین، وەکو هەموو جارێک یەکەم ئەو پرۆژەی کە لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بۆمان هاتووە

دەخوێنینەوە، دووەمیش با بزانین رای لیژنەکانمان چییە؟. ئەم پرۆژەیە بە نووسراوی ژمارە(٣٨٩) لە ١٩٩٨/١/٢١لە لایەن سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بۆمان هاتووە دەخوێنرێتەوە، پاشان دێینە سەر رای لیژنە، فەرموو کاک حسێن بیخوێنەوە.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

« قرار »

استنادا لاحكام الفقرة(١)من المادة(٥٦)من قانون رقم (١)لسنة١٩٩٢ وبناء على ما عرضه مجلس الوزراء لاقليم كوردستان العراق شرع المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / / القرار الاتي:

المادة الاولى:

١- عدم مسؤولية حكومة اقليم كوردستان عن الكتلة الوزارية التي كانت تعمل في العاصمة اربيل باسم (حكومة اقيلم كوردستان)من ١٩٩٤/١٢/١٦ ولغاية تحرير مدينة اربيل في ١٩٩٦/٨/٣١.

٢- عدم مسؤولية حكومة اقليم كوردستان عن التزامات الحكومة المركزية قبل انتفاضة شعبنا في اذار ١٩٩١.

٣- لا يعمل باي نص يتعارض واحكام هذا القرار.

٤- على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القرار.

٥- ينفذ هذا القرار اعتبارا من تاريخ صدوره ونشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، پرۆژەکە وەکو خۆی چۆن هاتووە ئاوا خوێندرایەوە، با بزانین رای هەردوو لیژنەی یاسا و لیژنەی دارایی وئابووری چییە؟. ئێستاش کاک شێروان حەیدەری روونکردنەوەیەکتان لەسەر ئەم بابەتە بۆ دەکات کە چۆنە و چییە؟ پاشان رای هەردوو لیژنە دەخوێنینەوە، ئەوجا دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوللا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەم پرۆژەیە لە خولی پێشتر بەشێوەیەکی تر هاتە پەرلەمان و گفتوگۆیەکی زۆری لەسەر کرا و، لە پەرلەمان رەت کرایەوە و، ئێستا ئەو دوو برگەیە هاتووەتە ئێرە بۆ گفتوگۆ کردن، جارێ پێش ئەوەی هەردوو برگەکە روون بکەمەوە، دەمەوێ ئەوە بڵێم کە وشەی (التزامات) لە پرۆژەکەدا هاتووە، واتایەکی یاسایی بەرفراوانی هەیە و، زۆر لایەن دەگرێتەوە، هەر لە(عقود، اتفاقات ،

مقاولات)تاوەکو دەگاتە داواکانی هاوولاتیان، کە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرزی دەکەنەوە، جا رەنگە هەندێ(اتفاقات)، یاخود هەندێ (عقود)، یاخود هەندێ (تعوهدات) مۆر کرابێ لە نێوان هاوولاتیان و ئەو گروپە وەزارەتییەی کە لە هەولێر کاری دەکرد بەناوی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، هەر لە ١٩٩٤/١٢/١٦ تاوەکو ١٩٩٦/٨/٣١، واتە تا ئازاد کردنی شاری هەولێر، جا ئەوە بووە مایەی ئەوەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان، کابینەی سێیەم، بەرگەی هەندێ لەو (التزامات)انە بگرێت و، هەندێ لە شوێنەواری یاسایی و لە پاشکۆی دارایی بکەوێتە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەروەکو هەموو لایەکیشمان دەزانین لە کاتی خۆی گروپی وەزاری کە لە شەقلاوە دانیشتبوون، بەیاننامەیەکیان ئاراستەی هەموو کەسێک کرد، لەو بەیاننامەیەدا بە راشکاوی باسی ئەوەیان کردووە کە

ئەم کارانەی کە لەلایەن گروپی وەزاری هەولێرەوە ئەنجام دراوە، بەکارێکی نا یاسایی و پوچەڵ دادەندرێ و، ئەوەشی راگەیاند کە هیچ بەرپرس نییە لەو کارانەی کە ئەنجام دراون، بۆیە برگەی یەکەم کە هاتووە جەخت لەسەر ئەو بەیاننامەیە دەکات کە لە کاتی خۆیدا، هەتاکو لە دەزگاکانی راگەیاندنیش بلاو کرایەوە و، ئێستا ئەم برگەیە پێشکەش بە پەرلەمان کراوە بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکرێ و بریارێکی گونجاوی لەسەر بدرێت.

سەبارەت بە برگە دووی پرۆژەکەش، ئەوەش هەر پابەندییەتی حکومەتی ناوەندی بەرامبەر بە هاوولاتیانی کوردستانی عێراق، لە پێش رۆژی راپەرینی ١٩٩١/٣/٣١ دەگرێتەوە، کە جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرپرس نییە لەو کارانەی کە حکومەتی ناوەندی ئەنجامی داون و، پێویستە حکومەتی ناوەندی ئەوپابەندییەتیانەی جێبەجێ بکات، نەک حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەراستی پێش ئەوەی بێینە سەر گفتوگۆ کردنی ئەو بابەتە، حەز دەکەم چەند بنەمایەک بۆ ئێوەی بەرێز روون بکەمەوە، ئەویش ئەوەی وەکو باوە حکومەتی ناوەندی خۆی پابەندییەتی دەزگاکانی فیدرالی هەڵدەگرێت و، ئەوە بنامەیەکی گشتییە و لە هەموو وەلاتاندا پێرەو کراوە، لێرەدا هەر(التزامات)ێکی هاوولاتیان هەبێت، لە سەردەمی حکومەتی ناوەندیدا ، ئەوە لەسەر حکومەتی ناوەندییە، رەنگە کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەندێ پابەندییەتی جێبەجێ کردبێت، ئەوە شتێکە وئەو پرۆژەیەی کە هاتووە شتێکی ترە.

خاڵی دووەمیش دەمەوێ بۆ ئێوەی بەرێزی روون بکەمەوە ئەوەیە کە(قضاء)لە کوردستاندا پێکهاتووە لە دادگای پێداچوونەوە وئەو رەوتەی وەرگرتووە و، بە راشکاوی ئەو خاڵەی دەسنیشان کردووە کە دەڵێ:حکومەتی هەرێمی کوردستان میراتگری حکومەتی ناوەندیی نییە، واتا میراتگری پابەندبوونەکانیشی نییە، رەنگە میراتگری مافەکانی بێت، میراتگریش زۆر شتێکی سروشتییە، چونکە ئەو مافەی کە وەری دەگرێت لە هاوولاتیان دەچێتەوە ناو گەنجینەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە و، لەرووی خەرجەوە سەرف دەکرێت، هەروەکو لە بودجەدا هاتووە و،

هاوولاتیانیش دەیان توانی لە کاتی خۆیدا ئەو پابەندبوونەدا وا بکەن کە حکومەتی ناوەندیی لێرە بوو، رەنگە زۆربەشیان داوایان کردبێت وبە مافی خۆیان گەیشتبن، بەلام رەنگە هەندێکیش مابن و ئەو کاتە پێرانەگەیشتبێتن کە داوای مافی خۆیان لە حکومەتی ناوەندی بکەنەوە، من هەر ویستم ئەوەندە روون بکەمەوە و، دەمەوێ ئەوەش رابگەیەنم کە زۆربەی لیژنەی یاسا لەگەڵ هەردوو خاڵی پرۆژەکەیە وهیچ تێبینیەکی تری نییە و، پشتگیری لە پرۆژەکە دەکات، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک شێروان، ئەو روون کردنەوەی کاک شێروان حەیدەری لە مەڕ هۆکارە پێویستەکانی ئەم بڕیارە تا رادەیەک روون بوو، شتێکی وا نەما کە پێویست بێ بخرێتە سەر روون کردنەوەکەی ئەو شتانەی کە لێرە بەناوی حکومەتی هەرێمەوە دەکرا و، ئەو ماوەیەی کە لە بڕیارەکەدا دیاری کراوە ئێمە ئەوەمان مەبەستە. وەکو ئاگادارن زۆر جار بەناوی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەپێی هەندێ بڕگەو یاسا، کۆمەڵێک ئیجرائات کراوە کە پشتی بە یاسای ژمارە (٢) بەستووە تاکو ئەگەر بە شێوەی یەکگرتوویش بوایە لە دەسەلاتی سەرۆک وەزیرانیش نەبوو، جا بۆیە جگە لەو (التـزامـات)ە هی تریش پەیدا بووە. ئێوە دەزانن لەکاتی راپەرین و دوای کشانەوەی حکومەت، هەرێمی کوردستان تووشی زەرەر وزیانێکی یەکجار زۆر بوو، بە ملیۆن خەڵکی ئێمە تووشی زیان بوون، ئێستاش کێشەی قەرەبوو هەیە، بڕیاری(٩٨٦) حەقی داوە بە (کوێت)یەک ئەگەر رادیۆیەکی دزرابێ، ئەگەر ئۆتۆمبیلێکی رۆیشتبێت، ئەگەر پەرداخێکی لە ماڵەکەی فەوتابێت، قەرەبووی بدرێتێ، حەقی بە کۆمەڵێک کۆمپانیا داوە کە لەوانەیە هەندێکی یاریدەدەر بن لەو بارەی کە بەسەر میللەتی ئێمەدا هاتووە، هەندێ شتی پێ بدرێت وەکو قەرەبوو، بەلام خەڵکی ئێمە چ لە پێش راپەرین و، چ لە کاتی راپەرین هەبوو ملیۆنێر بوو لەم وەلاتەی ئێمەدا پاش راپەرین کە هاتەوە هیچی نەمابوو و ئەوەی هەیبوو لەگەڵی بوو، ئەوەی لە بەنک بوو بردیان، خانووی تالان کرا، هەرچی هەبوو هەمووی برا، ئەمە بەراستی جگە لە پابەندییەتی تری جۆرە کێشەیەکی گەورە بۆ کابینە و حکومەتی ئێمە دروست دەکات، دەبێت کاربەدەستانی ئێمە چ لە پەرلەمان وچ لە حکومەت داوا لە نەتەوەیەکگرتووەکان و دامودەزگاکانی بکەن بۆ ئەو قەرەبووانەی کە هەیە بیدەن، ئەمەش دەرگایەکە بۆ ئێوە و بۆ حکومەتیش دەکرێتەوە و، بۆ دەزگاکانی ئێمە لە ناوەوە ولە دەرەوەش بۆ ئەوەی زیاتر گوشار بخەنە سەر دامودەزگای نەتەوەیەکگرتووەکان، ئەو مافە رەوایە و زۆر شتێکی سوروشتیە داوای بکەین و،ئەم خەڵکەی ئێمەی لێ بێبەش نەبێت، لیژنەی دارایی رایان لەسەر ئەو بابەتە هەیە، جا با گوێمان لە رایەکەی ئەوانیش بێت.

**بەرێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا راپۆرتی لیژنەی دارایی وئابووری دەخوێنمەوە.

اللجنة المالية والاقتصادية

العدد : ج /٦

التاريخ : ١٩٩٨/٣/١٧

السيد رئيس البرلمان المحترم

كتاب رئاسة المجلس الوزراء المرقم(٣٨٩)في ٢١/١/ ١٩٩٨والمحال الينا بكتابكم المرقم «ك١» في ٢٥/١/١٩٩٨.

تمت دراسة ومناقشة المشروع المرفق بكتابكم اعلاه ونوصي :

١ـ تأييد المادة الاولى من الفقرة« ١ »حول عدم مسؤولية حكومة الاقليم عن التزامات الكتلة الوزارية التي كانت تعمل في العاصمة اربيل من ١٩٩٤/١٢/١٦ لغاية تحرير مدينة اربيل في ٣١/٨/ ١٩٩٦.

٢ـ نجد ضرورة مسؤولية حكومة اقليم كوردستان عن التزامات الحكومة المركزية قبل انتفاضة شعبنا في اذار ١٩٩١ حيث سبق ان قامت وزارة المالية والاقتصاد في الكابينة الثالثة مشكورة بدفع مبالغ مجموعها (٥٥) مليون دينار للمواطنين عن المبالغ المودعة في بنوك الاقليم قبل الانتفاضة الباسلة.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن. ئێمە تێبینیەکمان هەیە، چونکە وەزارەتی دارایی وئابووری لە پێشیەتی کە ئەو هاوولاتیانەی مافیان زەوت کراوە بۆیان بگەڕێنیتەوە، ڕاستە لە ڕووی یاسا و مەنتقیشەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرپرسیار نییە بەرامبەر بەو ڕووداوانەی کە پێش ڕاپەڕینەکە ڕوویان داوە، بەڵام دوای ئەو (٥٥)ملیۆن دینارە کە پاشەکەوتی خەڵکی بوو لە بانکەکاندا، زۆر بۆچوونی تر هاتە کایەوە کە باشن بۆ خزمەت کردنی هاوولاتیان ، یا ئەو غەدرەی کە لە هاوولاتیان کراوە هەڵگرێت وەکو حسێبەکانی سەندووقی پاشەکەوتکردن کە هی قوتابیان و خەڵکی هەژارن کە لە بانکدا بوون و، ئەویش کە نەماون، ئەو بۆچوونەش هەیە کە وەزارەتی دارایی کەی توانای هەبێت ئەو پارانە بگەڕێنێتەوە بۆ خاوەنەکانی بۆ نمونە (اموال القاصرين)، جا تێبینیەکەی من ئەوەیە، ئایا ئەمە ڕێگا لە بڕگەی دووەم ناگرێت؟ کە کاتێ وەزارەتی دارایی وئابووری توانای هەبێت مافی هاوولاتیان لەسەر حسابی سەندووقی پاشەکەوتکردن (صندوق التوفير)بۆیان بگەڕێنێتەوە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر وەکو لە ڕوونکردنەوەکەمدا ئاماژەم بۆ کرد،ئێمە پێش ئەوەی کە ئەو بڕیارە دەربێنین دادگای پێداچوونەوە کە گەورەترین دەسەڵاتە لە حکومەتی هەرێمدا ئەو بنەمایەی وەرنەگرتووە و، حکومەتی هەرێمی کوردستان کابینەی سێیەم دەستی کراوەیە لەم جۆرە بابەتانە، بۆ نموونە کەس

نەیوتوە (٥٥)ملیۆن دیناری هاوولاتیان لە بانکەکاندا بگەڕێنێتەوە، خۆی کە ئەو بڕیارە بوێرەی وەرگرت، توانای دارایی هەبوو بۆیە ئەو بڕیارەی دا، ئێستا لەوانەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەگەر توانای دارایی هەبێت، حسێبی مالی(قاسر)ەکان بداتەوە، بەلام وەکو بنەما دادگای پێداچوونەوە لەسەر ئەوە رۆیشتووە، نەک یەک بڕیار هەیە بەڵکو بە دەیان بڕیاریش هەیە، بەلام ئێستا کە کابینەی سێیەمی حکومەتی کوردستان داوای کردووە، مەبەستی ئەوە بووە کە ببێتە یاسایەک ولەو بەرپرسیاریەتیە دەربچێت، بەلام هیچ لاریشی نییە هەر کاتێک کە ویستی دەرهەق بە هاوولاتیان وەفا بە پابەندییەکان بکات هەرکاتێک باری دارایی باش بێت دەستی کراوە بێت زۆر باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، خۆی ئەو(٥٥)ملیۆن دینارە بەزۆری لە فشاری ئێوەی ئەندامانی پەرلەمانەوە هات کە هەموو جار لێرە لەگەڵ بەڕێز وەزیری دارایی و حکومەتدا باستان دەکرد و، هەروەها لەگەڵ سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، بەشێکی زۆریشی دەگەڕێتەوە بۆ رۆڵی ئێوە بۆ ئەوەی ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێ کە چارەسەریان کرد.

دانانی ئەم یاسایە رێگا لەوە ناگرێ کە هەر کاتێک حکومەتی هەرێمی کوردستان بزانێ توێژێکی تایبەتی دیاری کراو یان کێشەیەکی دیاری کراو،پێویستە، یارمەتی بدات، جا ئەوە دەخاتە بەشی (طوارئ)وە، یا دەیخاتە بەشی کۆمەکییەوە، یا وەکو دەسکەوتێک، یا وەکو دەسپێشخەرییەک، ئەمە رێگا لە یاسای بەرامبەر بەم یاسایە ناگرێ، هەر کاتێک بیەوێت دەتوانێ ئیشی خۆی بکات، رای هەردوو لیژنە روونە، دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە لەسەر ئەم پرۆژەیە و، تەنها یەک تێبینی هەیە، ئەویش زنجیرەی ماددەکانە، ئەگەر لیژنەی یاسا پاشان کە هاتە سەر خوێندنەوەی بە زنجیرەیی بیخوێنێتەوە، جەنابی سکرتێریش تێبینییەکی هەبوو لەسەر ئەم زنجیرەییە، جا ئێستا ماددە بە ماددە دەیخوێنینەوە و پاشان دێینەوە سەر گفتوگۆ لە سەر کردنی، فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الاولى:

عدم مسؤولية حكومة اقليم كوردستان عن التزامات الكتلة الوزارية التي كانت تعمل في العاصمة اربيل بأسم حكومة اقليم كوردستان من ١٦/١٢/١٩٩٤لغاية تحرير مدينة اربيل في ٣١/٨/١٩٩٦.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ماددە یەکە، دەرگای گفتوگۆ دەکرێتەوە، کێ دەیەوێ لەسەر ئەم بابەتە گفتوگۆ بکات با بفەرمووێت، کاک سەعید، کاک ئیبراهیم، کاک ئیبراهیم دۆغرەمەچی، مەلا هادی، کاک شێخ عەفان، کاک بورهان، مامۆستا مەلا دێرشەوی، کاک د. رزگار، کاک شمائیل، کاک یۆنادم، کاک

فەرەنسۆ، کەسمان لەبیر نەکردووە؟، کاک سەعید فەرموو.

**بەڕێز مەحمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وشەی التزامات بەو شێوە رەهایەی کە هاتووە لە پرۆژەی ئەنجوومەنی وەزیراندا زۆر شت دەگرێتەوە، چونکە (التزامات) سەرچاوەکانی (٥)ن، یان یاسایە، یان عەقدە، یان ئیرادەی یەک لایەنە، یان دەستکەوتی بێ هۆکارە (کسب دون سبب)ە، یان کاری نارەوایە (عمل غیر مشروع)ە و، (التزامات) لە رووی ناوەرۆکەکەیەوە چەند جۆرە، وەکو التزام بە تەسلیم کردنی شتێک وەکو پابەندبوونی فرۆشیار بە تەسلیم کردنی ئەو کەلوپەلەی کە فرۆشتویەتی.

التزام هەیە بە ئیش کردن وەکو پابەندبوونی قۆنتەرات چی بە دروست کردنی بنایەیەک، (التزام) هەیە پێی دەگوترێت (التزام فوری التنفیذ)تێیدا پابەندبوونی هەر دوو لایەنی التزامەکە ئەنجام دەدرێت فرۆشیار کەلوپەلەکە دەسبەجێ تەسلیم دەکات کڕیاریش پارەکە یەکسەر دەدات، التزامات هەیە پێی دەگوترێت (التزامات مستمرە التنفیذ)لەم جۆرە پابەندییەدا بەردەوامی زەمەن رەگەزێکی جەوهەرییە وەکو (عقدی ایجار)، چونکە پێویستە ئەو مودەتە کە لە عەقدەکە هاتووە، ئایا ساڵێکە یان زیاتر تێپەڕ بێ ئەوجا التزامەکە ئەنجام دەدرێ ئەو روونکردنەوە کورتەم عەرزکردن بۆ ئەوەی لەبەر چاومان بێ، التزامات بەو رەهاییەی کە هاتووە یانی چی؟، یان لە ماوەی ١٦/١٢/١٩٩٤ تاکو ١٦/١٢/١٩٩٦ چی کراوە؟ لەلایەن حکومەتانی پێشوو ئەم لەفزە دەیگرێتەوە؟ بۆ نموونە:

١ـ دابەشکردنی پارچەی زەوی بەسەر خەڵکدا.

٢ـ هەموو تعیین کردنێک لەو ماوەیەدا هەتاکو هەموو دەرچووانی کولێژ وپەیمانگاکان.

٣ـ هەموو مقاوەلاتێک.

٤ـ هەموو ئەو بەڵێننامانەی کە کراون بۆ خۆراک پێدانی هەموو نەخۆشخانەکانی حکومەتی هەرێم و سووتەمەنی و لوولە (ئوکسجین) پێدانیان و بەڵێننامەکانی خاوێن کردنەوەی نەخۆشخانەکان کە لەگەڵ وەزارەتی تەندروستیدا کراوە.

٥ـ هەموو ئەو کەسانەی کاتی خۆی کە ئیتیفاقیان کردووە لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە بۆ گەیاندنی قوتابی بۆ قوتابخانەکان ومامۆستا بۆ قوتابخانەکانی گوندەکان.

٦ـ بەکرێ گرتنی دەیەها بینا بۆ چەند ساڵێک بۆ بەشی ناوخۆی قوتابیان.

٧ـ کرێی هاوتای(اجری مثل)ی زۆر لەو عەردانە کە استغلال دەکرێن لەلایەن دەزگاکانی هەرێمەوە.

هەر وەکو پێشتر ئاماژەم بۆ کرد یەک لەسەرچاوەکانی التزامات (قانونە). یاسا دێت وئەمر دەکات کەوا خزمەتی خوێندن و تەندروستی وشارەوانی وتلفۆنات و دابین کردنی دەرمان بۆ لەناوبردنی نەخۆشی داروددرخت، یان ئاژەڵ یا شتی تر لەو التزاماتانە کە ئەرکی سەرشانی هەر حکومەتێکە

کـه دەبێت ئەنجـامـیـان بـدات، هەر چۆنێک بێت ڕەنگ و ڕووی ئەو حکومـەتە، دەبێ ئەو جـۆرە خزمەتگوزاریانە بەبێ یەک و دوو پێشکەش بە هاونیشـتمـانیانی بکات بەبێ فەرق وجودایی و هەرچۆنێک بێ حکومـەتی پێشـوو، دەبێ حکومـەتی ئێسـتـا بەردەوام بێت کـە هەمـوو ئەو جۆرە ئەرکـانە ئەنجام بدات، چونکە ئەو جـۆرە خزمـەت گوزاریانە ئیـعـتـیـبـار دەکرێن بە خزمـەتکوزاری گشـتی وهەر حکومەتێک بێ ناتوانێ لێیـان پاش گەز بێتەوە، بۆیە التزامات نابێ بەو ڕەهاییە مـەقسـووده بێ بەڵکو دەبێ تەحدیدی حاڵات وجۆر و ژمارە وشێوە و مرامی مشرع چییە بکرێت، ئەوەی لە توانای حکومەتی هەرێمدا نییە، ئێستاکە ئەنجامیان بدات ئاشکرا و دیاریان بکات، لەوانەیە لەو حاڵەتەش هەندێک التزامات هەیە ئێسـتاکە لە تواناداا نییە ئەنجام بدرێن لەوانەیە لە پاشـە ڕۆژ لە توانادا دەبێ جـێـبـەجێ بکرێن، ئایا چی لـەبەر گـۆڕانکاری بـاری ئابوری بێ، یان سیاسی وهەندێک التزاماتیش هەن بەڵکو قەت وقەت جێبەجێ ناکرێن لەبەر زۆر هۆ، هەروەها (عدم مسـؤولـیـة حکومـة الاقلیم) مـانـای ئەوەیە هەر دەعـوایەک لەلایەن هەر زەرەر مـەندێک داوا بکرێت لە دادگاکان، ئەوە دادگـاکـان یەکسـەر دەعواکە وەرناگرن، واتە سکاڵای هـاوونیـشـتـمـانیـان ئەوانەی تووشی زەرەر بوونە لە ئەنجـام گـوێ پێ نەدانی حکومـەت بەو التـزامـاتانەی کـە پێی پابەندە، ئەم پرۆژەیە بەو ڕەهاییە کـە هاتووە هەڵوەشـاندنەوەی ڕوڵی دەسـەلاتی سێـیـەم (سلطەی قضائی) لە سیستەمی حکمی پەرلەمانی دیموکراتی لە کوردستان دەکا لە لایەک ودژی مـادەکانی ٧ و٨ و١٠ و١١یە کـە لە بەڵگەنامـەی جـاڕی گـەردوونیی مـافی مـرۆڤ هاتووە کـە دەڵێت: هاوولاتی حەقی شەرعی خۆیەتی ئەگەر هەست بە زەلیلی یا زولمێک بکات ڕوو بکاتە دادگاکانی هەرێم، وابزانم ئەمە سادە ترین مافە کە هاوونیـشـتمـانیی هەیەتی، ئێمەش کە هیچ دەسـتوورمـان نیـیـە، کـە هـاوولاتی زەرەر، یا زوڵـمی پێکەوت، دەسـتـوور بکاتە حـەکـەم، هەروەها سـەرۆکی ئازیزمـان کـاک مـەسعـود بارزانی لە هەمـوو بۆنـەیەکـدا جەخت دەکـاتە سەر ئەوەی کـە یاسـا برا گەورەیە، یاسا سەرووەرە، واتا دادگا دەبێت بڕیار بدات، ئایا داوای ئەو هاوونیشتمانییە حەقە یان نا؟، باشـە من دەپرسم لێرەدا ئەگەر هاوونیشـتـمـانییـەک کـە دەرفەتی نەدرێتێ شکاتی خۆی لە دادگای هەرێم بکات، باشە ڕوو بکاتە کێ؟، ئایا بە دەستی خۆی حەقی خۆی وەرگرێ؟ لە کوێ؟ لە جادەکان؟، یا ڕوو بکاتە چیاکانی کوردستـان؟،ئەمـەش واتا ئاژاوە، چونکە ئەگەر هەر کەسێ حەقی بدرێتێ بە دەستی خۆی حەقی خۆی وەرگرێ ئەوە هەڵوەشاندنەوەی ڕۆڵی دادگاکـانە بەڵکو هەڵوەشاندنەوەی ڕۆڵی حکومەتیشـە، براینە سەردانی دادگا کردەوەیەکی شارستـانییـە، قـەیناکە ئەمڕۆ حکومەتی هەرێم پارەی نییە، با هـاونیشـتمـانی مـەنع نەکرێ، لە سـەردانی دادگـاکان ئەگەر داواکـەی یاسـایی وحـەق بـوو، ئەوە وەکـو بڕیارێک لای دەمـێـنێ و بۆی دەکرێ پاشـە ڕۆژ ئەگـەر زەمەنێک هات باری ئابووری باش بوو ئەوە پارەکەی دەدرێت، زۆر ئیشـوکار هەیە ئەگەر دادگاکان قەدەغە بکرێن لەسەیر کردنی، ئەوا پێداویستیی سەلماندنی دەعواکەی نامێنێ. لەپاشەڕۆژیش ئەگەر حکومەت هات ویستی مافی هاونیشـتمـانییەک بدات ئەوا پێی ناکرێ، چونکە پاشماوە و

ئەنجامی ئیشەکە نەماوە، لێرەدا مافی ئەو هاونیشتمانییەدەسوتێ، ئەوەش ڕەوا وشەرعی نییە. جگە لەوەش هەموو لایەک دەزانن بنەمایەکی یاسایی هەیە دەڵێت: (لاجریمة ولاعقوبة الا بنص) مرۆڤێک دەچێتە دادگا و گەشتۆتە مافی خۆی بە پێی یاسا وبریاری لە سەر دەرچووە هەروەها پلەی بنەبری«دەرەجەی قطعی » وەرگرتووە، ئەی ئەو چارەنووسی چییە؟ ئەوە چێ لێ دێت؟ ئەو کاتە ئەو هاوولاتییە کە بریاری حوکمی وەرگرتووە و چ یاسایەک نەبووە دادگاکان قەدەغە بکات لەتەماشاکردنی ئەو جۆرە داوایە، باشە ئەوانە چیان بەسەر دێ؟ زانراویشە هەریاسایەک ئەگەر لەرۆژنامەی رەسمی بلاونەکرێتەوە،بایەخی یاسایی نابێت، بۆیە هاوولاتی و دادگاکان مافی خۆیان بووە کە تاکو ئێستا سەیری ئەو جۆرە داوایانەیان کردبێ، چونکە هیچ یاسایەک دەرنەچوو بوو لەپەرلەمان ڕێیان لێ بگرێت لە بەرێوەبردنی ئەو مافە، بۆیە من داوا دەکەم ئەو پرۆژەیە بگەرێتەوە بۆ سەرچاوەی خۆی بۆ ئەوەی جۆری ئەو پابەندیانە دیاری بکرێت کە مەبەستێتی، بۆیە من بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ ئەوە نیم کە رێگا لە دادگاکان بگیردرێت لە تەماشا کردنی دەعواکانی هاوولاتیان، بەپێچەوانەوە دەبێ هانی خەڵک بدەین ئەگەر کێشەیەکیان بوو، رووبکەنە دادگاکان، چونکە دەسەلاتی دادوەری لەهەرێمی کوردستان کە «مجلسی عدل» ودادگای پێداچوونەوە (محکمەی تمییز) و پلەکانی دادگاکان (درجات المحاکم )ە، هەر هەمان سیستمن، و نەگۆڕاون تاکو نارەزاییمان لەسەر بریارەکانیان هەبێ، لەگەڵ ڕێزمدا ، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەراستیدا کاک سەعید لەخودی بابەتەکە دەرچوو، چونکە ئەمە بە ماددە یەکەوە پەیوەندارە، ماددە یەکیش تەنها پەیوەندی بە ئەو کتلە حزبیە هەبوو لەهەولێر، لەمێژووی ١٦/١٢/١٩٩٤ هەتاوەکو ٣١/٨/١٩٩٦ کۆمەڵێک ئیجرائاتی کردووەکە بنەمای یاسایییان نەبووە، ئەوە پێویستە بریاری لەسەر بدەین. لەراستیدا کاک سەعید ئاماژەی بۆ هەمووی کرد، ئەمە تێبینی یە کاک سەعید و برادەرانی تریش کە ناوی خۆیان نووسیوە، تاوتوی ئەم بابەتە بکەن.

یەکەم: پێویستە ئینسان ورد بێتەوە لەسەر ئەو خاڵەی کە داواکراوە.

دووهەم: کاک سەعید زۆر شتی دەربڕی کە لە بنەرەتدا وانییە. ئێمە دیاردەیەکی نایاسایی تاوتو دەکەین، ئەو هاوولاتییە یاخود ئەو لایەنەی کە ئەو ئیجرائاتەی بەرامبەر کراوە چ بە ئیجابی چ بەسلبی، رازی بووە، پێی نەزانیوە، زانیویەتی هیچ کاتێک ئەوە پاساو نادرێت کە ئێمە بەردەوام بین لەسەری و بیکەین بە ماف، چونکە هەروەکو خۆتان خوودی یاساییەکان ئاماژەی بۆ دەکەن، کە بناغەکەی بۆشە واتا، (ما بني على الباطل باطل) ،هەروەها ئەو کتلەی کە بەناوی حکومەتەوە قسەی کردووە (باطلە)، هەر ئیجرائاتێکی کردووە باطلە، وجودی باطلە، پشتی بە کۆمەڵێک بریار بەستووە کە هەمووی (باطلە)، هەر ئیجرائاتێکیان کردبێ لەم ماوەیە هیچ بناغەیەکی یاسایی نییە، بۆیە هەروەک قاعیدەکەش دەڵێ: (الجهل بالقانون لايعد ذريعة). ئەمرۆ بەدەیان

تاوان دەكرێ لە هەموو دنیادا، یاسا لەوانەیە پێش دوو سەد ساڵ دەقێكی ئاشكرای هەبێت، ئایا دەبێ یەكێك كە تاوانێك ئەكات بڕوا بە دادگا بڵێ من نەم زانی مادده ئەوەندە حوكمی (٢٠) ساڵە ئەگەرنا نەم دەكرد، ئەبێ حوكمی نەدەن، لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە ئێمە تەنها ئەم بڕگەیە تاوتو دەكەین، بڕگەكانی تر دوای دێینە سەری، ماددەی یەكەمی بارودۆخێكی سیاسی دروست كرد، لایەنی تر توانی كۆمەڵێك شت دروست بكات، چ وەكو ئیمتیازێك بۆ خۆی لێرە چەسپاندی، چ وەكو دانانی كۆسپ بۆ حكومەتێكی شەرعی وا ئێستاكە ئێمە باسی دەكەین،كە ئێستاكە ئێمە لێرەدا توشی بووینەو، ئەمە خاڵێكی ترە، من لەكاك سەعید دەپرسم كوا ئەو دادگایەی كە جەنابت دەڵێی؟ ئایا زیاتر مەبەستت ئەم بڕگەیەیە؟ لەوانەیە زیاتر مەبەستت بڕگەی دووهەم بێت، ئەگەر مەبەستت مادده یەكە ئەوا شتێكی ترە . ئەوە دیاردەیەی (١٦/١٢/١٩٩٤) تاكو (٣١/٨/١٩٩٦)ە.

بۆ ئێمە نەپرسین كوا ئەو دادگای تێ هەڵچوونەوە؟ كوا سەرۆكی دادگای تێ هەڵچوونەوە؟ كەشان بەشانی كابرایەك رائەوەستا كە هیچ سیفەتێكی شرعی نەبوو و، سوێندی خەڵكی بە تەزویر، بۆ ئەو كاتە دادگای تێ هەڵچوونەوە نارەزایی پێشان نەدا لەو بڕیارانە؟ ئەو دادگایانە كە دەیان بڕیار دەردەچوو یەكێكیان نارەزاییان دەرنەدەبڕی، ئێستا لێرە دەبێ ئەو شتە ناشەرعیانە بكەین بەشەرعی،سەرەڕای ئەو ئیتزاماتەی كە بەسەرماندا دەسەپێ و ودەبێ حكومەتی هەرێم بیدات، لەم دۆخە ناهەموارەی كە تێی داین، بەراستی ئێوە نوێنەری خەڵكی كوردستانن، ئەبێ بەچاوێكی فراوانتر سەیری مەسەلەكە بكەن، ناحەق نەكەین بەحەق.

بڕگەی دووەم، دەرگای گفتوگۆ زۆر فراوانە كە دێینە سەری، هیچ كاتێك ئێمە داوامان نەكردووە رێگە لە دەسەڵاتی سێیەم بگرین، بەپێچەوانەوە ئێمە پشتگیری دەسەڵاتی سێیەم بووینە، لەگەڵی بووینە، چونكە خۆمان ئەو یاسایەمان داناوە وخۆمان پشتگیری دەكەین. بەڵام دەسەڵاتی سێیەمیش لەكاتێكدا ساڵێ ودووساڵ ،كۆمەڵێك ئیجرائات كراوەو لێی بێ دەنگ بووە، ئێستاكە خۆمان بخەینە ناو ئەو بابەتەوە، ئەوە مەسەلەیەكە ئەبێ روون بێ لای هەموومان. ناوی جەنابی بەڕێز مەسعود بارزانی هێنا، لەراستیدا ئەوەی ئێمە ئەیكەین جێ بەجێ كردنی ئەو داخوازیەی كاك مەسعود بارزانییە، چونكە ئەو ئەڵێ نابێ هیچ كەس لەیاسا بالاتر بێت، بۆچی كۆسرەت لەیاسا بالاتر بێ؟ كاك سەعید حكومەتی هەرێمی شەرعیی ئێستا داوای ئیلغا كردنی ئەو التزاماتانە دەكات كە كۆسرەت لێرە ئەیكرد بەناوی حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە و هەمووتان دەتانزانی كە ئەوە حكومەت نییە، تەنانەت ئەگەر حكومەتی شەرعییش بوایە حەقی نەبوو ئەوە بكات، وەكو ئێستاكە لەجێگای تردا دەكرێت، بۆیە ئەو موداخەلەی جەنابتان بەراستی ئەگەر مەبەستت مادە دووە ئەوا باشە و پێویستی بە تاوتو كردنە وئەگەر مەبەستت مادده یەكە كە ئێستاكە خوێنرایەوە وابزانم تۆزێك ئەبێ روون بێ لای جەنابت ولای ئەندامان.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من مەبەستم هەموو ئەو پرۆژەیەیە، واتە بە برگە یەک و دووەوە، من تەنها ڕوونکردنەوەیەکی یاساییم کردووە واتا مەبەستم ئەوە نییە بەرگری لەلایەک بکەم و هێرش بکەمە سەر لایەکی تر، من تەنها ڕاڤەیەکی یاساییم کرد که مەبەست لە (التزامات) چییە؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من یەک پرسیارت لێ دەکەم، جەنابت لەگەڵ ئەو ئیلتزاماتەی کە کۆسرەت لەو ماوەیەدا دروستی کردووە؟ ئەی بۆچی حکومەت ئیلتزاماتی ئەو بداتەوە؟

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمن لەگەڵ نیم. مەبەستم ئەوەیە دەڵێم (عقود) هەیە،کە (مستمر التنفیذ)ە پێش ١٩٩٤/١٢/١٦ حکومەتی هاوبەش کردیتیان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سەعید جەنابتان یاساناسن، هەندێ شت هەیە دەرەنجامە «تحصیلی حاصله» کە حکومەتی هەرێمی شەرعی لەکابینەی یەک یا لەکابینەی دوو بەشی یەکەمی ئەگەر هەندێ ئیلتزاماتی هەبووە ئێستاش بەردەوامە و حکومەت ئێستاکەش لەسەری ئەڕوا، مافێکی زۆرسروشتییە، بەڵام ئەمە پرۆژەیە مەبەستی هەندێ شتە کە حکومەتی هەرێم ئیلتزاماتی پێوە نەکردووەو، ئەرکی ئەو نییە، مەبەست لێرە تەنها ئەوەیە.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ، مەبەستم(عقودی مستمرە التنفیذ)ە یان کرێی هاوتایە (اجر المثل)ە ئەوانە شتێکی ئاساین، سەرەیانی هەیە بۆ پێش ئەو ماوەیە وبۆ دوای ئەوکاتەش سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ بۆچوونی جەنابتین، کاک سەعید نزیکەی چارەکە سەعاتێک قسەی کردووە، کەواتە پێویست ناکات جارێکی تر تاوتۆ بکرێتەوە، ئەو ڕای خۆی دەربڕی، حەقە ڕێگە بدرێ بە خەڵکی تریش موداخەلە بکات و قسە بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک شێخ عەفان فەرموو.

**بەڕێز عەفان عوسمان نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من حەز دەکەم بابەتەکەم زیاتر بەوردی باس بکەم، بابەتی پابەندنەبوونی حکومەتی کابینەی سێیەمە بەو کتلە وەزارییەی کە لەناو شاری هەولێر بووە، بێگومان زۆرلەو ئیلتزاماتەی کە پێی هەڵساوە، لەوانە بابەتی بانق، پارەکان زۆربەی درایەوە، بابەتی دامەزراندنی فەرمانبەران ئێستا گەورەترین کێشەی دروست کردووە، زیاتر لە (٥) هەزار فەرمانبەریان دامەزراند بوو کە شیاو نین، ئەوانە زۆربەیان ئێستا بڕوانامەیان نییە، ئەنکێتیان نییە، بۆ نموونە لەقوتابخانەیەکدا (٢٤) کاتب دامەزراوە کەپێویستی پێیان نییە .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هەندێ جار خەڵک بە خێزانەوە دامەزراوە، لەباپیرەوە هەتاکو زر کوڕو زاواو خەزوورو منداڵی خەزوریش هەمووی دامەزراوە .

**بەڕێز عەفان عوسمان نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێ گومان ئەگەر دەقێکی یاسایی وا هەبێ زۆر چاکە وبوارێکە بۆ ئەوەی ئینسان بتووانێ ئیشی تیا بکات، چونکە زۆربەی زۆری ئەوانەی کە دامەزراون هیچیان نە بڕوانامەیان هەیە و نە ئەنکێتیان هەیە، هەندێک هەیە وجودی نییە، من خۆم ئاگادارم کە دووکەس لە چاپخانەی پەروەردە دامەزراوە هەردووکیان تەمەنیان یانزە ساڵە، کە ئەمە شیاوی ئەوە نییە دابمەزرێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ تێبینیمان هەیە، لەگەڵ ئەو هەموو یارمەتییەی کە بە خەڵک دراوە، ئەو هەموو پارە دراوەتەوە، بەڵام کۆمەڵێک لە لەمامۆستایان کە لەسنووری کتلەیەکی تر لە کتلەی وزاری لە شەقڵاوەو لە مەسیف کاریان کردووە بۆ ماوەی شەش مانگ مووچەیان نەدراوەتێ، ئەو مامۆستایانە ژمارەیان (٤٠٦) مامۆستایە تا ئێستا زیاتر لەسێ چوار یاداشتیان بە ئەنجوومەنی نیشتمانیی داوە لەرێگەی ئەوانەوە بۆ لیژنەی پەروەردە، تائێستا هیچ شتێکیان بۆ نەکراوە ئەوانە حەقی خۆیانە.

جگە لەوە دوو سەد مامۆستا لەهەمان ناوچەی شەقڵاوە و هاوینەهەواری سەلاحەدین، ئەوانیش هێشتا مووچەیان وەرنەگرتووە کە ئەوانە زۆر شیاوترن لەوانەی کە ئێمە توانیمان مانگی حەوت وهەشتی هەولێر و سەرتاسەری کوردستان بدەین، بەڵام ئەوانە تائێستا مووچەی خۆیان وەرنەگرتووە و هەروەها هەندێ رێکخراو هەنە کە پابەندیان هەبووە وپارەیان دەستی بەسەردا

گیراوه و تائێستا بەرەڵلا نەكراوه، ئەویش پارەی مامۆستایانە، كە بە قەرز دەدرێ، بە (منح) دەدرێ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانە موستەحەق نەبن كە بیاندرێتێ، بەڵام خەڵكێكی تر خزمەت بكرێن و پارەیان بدرێتێ، بەراستی ئێمە پێمان باش نییە، پێمان باشە ئاورێك لەو مامۆستا بەدبەختانە بدرێتەوە كە ماڵەكانیان تالان كراوه، خۆیان هاتوون لەوێ دەرس دەڵێنەوە مووچەی شەش مانگیشیان وەرنەگرتووە و لەگەڵ ئێمەش بووە ئیلتزامی دەوامی بەرێكوپێكی كردووە، لەبەر ئەوە داواكارم دەقێك دابنرێ كە ئەوانەی كە قەرزیان هەیە لێكۆڵینەوەیەكی باش بكرێ و لیژنەیەكی باش دابنرێ بۆ ئەو كەسانەی كە مووچەیان وەرنەگرتووە بەتایبەتی لەسنووری هەڵەبجەی شەهید كۆمەڵێ خەڵك كە لای ئێمە لەسلێمانییەوە پەیوەندیان كردووە بە ئێمەوە ئەوانیش هەمان شت بۆ ماوەی بیست ویەك مانگ یەك فلسیان لەحكومەتی هەرێمی كوردستان وەكو مووچە، وەكو لیست تەسلیم نەكراوه، ئەوانە سووچیان چییە؟ لەپاش ئەوەی كە دەریش كراون مووچەشیان وەرنەگرتووە، داواكارم ئاورێك لەوانە بدرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، كاك د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەراستی قسەكەی جەنابت زۆر شتی روون كردەوە و بۆچوونەكەتان پەسەند دەكەین و پشتگیری لێ دەكەین. بەڵام من تێبینییەكم هەیە لەسەر وشەی (الكتلە الوزاریە)،بەبروایٰ من ئەوە دەستەواژەیەكی دروست و لەجێی خۆیدا نییە، چونكە كوتلەكان تەنها حزبین، بۆیە لێرەدا بەباشی دەزانم كە ئەو وشەیە بگۆڕێت لەو كاتەی كە كابینەی دووەم دەستی لە كار كێشایەوە و قەبووڵ كرا.

دەربارەی ئەو پابەندییانە بەتایبەتی دەست نیشان كردنی كارمەند، بەراستی ئەگەر وەزیری دارایی لێرە بوایە زیاتر گرفتی خۆی بۆمان دیاری دەكرد، چونكە (٢٥ ـ ٣٠) هەزار كارمەند زیادە لەهەرێمی كوردستان و بە بێ بڕوانامە دامەزراون. هەروەها وشەی (بأسم حكومة اقلیم كوردستان) لەجێی خۆیدا نابینم، چونكە (ذكر الشئ هو اعتراف بە) لەبەر ئەوە بەباشی دەزانم كە ئەو وشەیە هەڵبگیرێ و كار لە داڕشتنە یاساییەكەی ناكات، چونكە بەراستی لەجێی خۆیدا نییە وهەرگیز نابێت ناوی حكومەتی هەرێم لێرە بەكار بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس كاك د.رزگار، كاك ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەیانی كوتلەی وەزاری شەقلاوە زۆر روون وئاشكرا بوو، ئەو پرۆژانەی یان ئەو پابەندیانەی هەر

هەمـوویان کـە لەهەولێـر کـراون بۆ کـەسـبی حـزبی بووە، یان بۆ بابەتی سـەربازی بووە و دژی شەرعییەت بووە و وبۆ حزبایەتی تەسک جێ بەجێ کراون، یاخود بۆکەسانی بەرپرسیار کە ئێستا نابێت، با نموونەیەک بێنم، (ساتر) کە لەدەوری هەولێـر کرا، کـابرایەکی خـاوەن شوفڵ بێت بڵێ شۆفـەڵی من لەوێ ئیـشی کردووە بۆ مـاوەیەک ساتری هەولێـرم دروست کردووەو ئێـستـا قـەرەبۆم دەوێ، یان کـابرایەک بێت بڵێ بارەگـەی لقی دووم خـراپ کـردبوو، ئیـشم تیـا کـردووە ومـاندوو بوومە، یان ئۆتێلی شیراتۆنی خراپ کردووە وداوای قەرەبووکەی بکات و بڵێ زۆر ماندوو بوومە، ئەگـەر لەم لا یان لەو لا ئیـشـێـک کـرابێ و ئێـسـتـا سـوودی لێ وەردەگـری حکومـەتی هەرێمی کوردستان بە هیچ شێوەیەک سزای ئەوکەسانە نادات و دەستیان بۆ درێژ ناکات وبەڵکو یارمەتیان دەدات، هەروەکـو ئەو (٥٥)ملیـۆن دینارەی کـە لەبانق بوو، پاش راپەرینە پیـرۆزەکـە پابەندیان نەمـابوو کەچی (٥٥) ملیۆنەکـەی گەڕاندەوە بۆ خـەڵـک وئێـستـاش ئەگـەر پرۆژەی وا هەبێت من بروام وایەکابینەی سێیەم کەم تەرخەمی ناکات و پارەیان بۆ دەگەڕێنێتەوە، بەڵام زۆربەی پرۆژەکان کتلەی حزبی لە هەولێر دژی شەرعیەت بوون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئیبراهیم دۆغرەمەچی فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ لیژنەی یاسا لەسەر یەک خاڵ جیاوازم، پێم باش نەبوو پرۆژەکە وەکو خۆی بێتە خوارێ، پێم باش بوو دەسـتکاری بکرێت چونکە پرۆژکـە روون نیـیـە، لەپرۆژە نەهاتووە (منع مـحـاکم)، یاساش نابێ بە ئاڵۆزی وەری بگرێت، چونکە یاسا لە دادگا ئەگەر بەو شێوەیە دەربێ اجتهادی لێ دەکرێ و هەندێک دەڵێن قەدەغـەکـردنی دادگایە و هەندێـک دەڵێن وانییـە، بەگـوێرەی قـسـەکـانی کـاک شێـروان بەڵێ داداگـای تێ هەڵچـوونەوە ئێـسـتـا رای وایە ئەو ئیلتـزامـاتانەی کەسـەردەمی حکومەتی مەرکەزی کراوە، لەسەر حکومەتی هەرێم نیییە کەجێ بە جێیان بکات، بەڵام ئەوە یاسا نییە، ئێستا ئەندامانی دادگای تێ هەڵچوونەوە رایان وایە،پەسەندە ئەندام بگۆڕێ ،رای دادگای تێ هەڵچوونەوە بگۆڕێ، زۆر بڕیار هەیە رایان هەبووە، لەهەمـان کـاتدا پاش شـەش حـەوت مـانگ رایان گۆڕاوە، لەبەرئەوە من پێشنیـار دەکەم مـاددەیەک بخرێتەسـەر ئەو پرۆژەیە بەو شێـوەیە( یمنع المحاكم استماع الى الدعاوي الناشئة عن كافة الالتزامات الحكومة المركزية وماسميت بحكومة الاقليم التي كانت تحكم مدينة اربيل عاصمة اقليم من ١٦/١٢/١٩٩٤ ولغاية ٣١/٨/١٩٩٦ مع ايقاف كافة الاجرائات التنفيذية)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک ئیبراهیم، مامۆستا مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلاهادی خضر کویخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە جێ بەجێ کردنی بڕیاری کتلەی وەزاری، ئەمە شتێکی پێویستە وئێمە لەگەڵێن کە جێ بە جێ بکرێت، بەڵام ئەوەی کە شێخ عەفان باسی کرد سەبارەت بە مامۆستایان و هەندێ کارمەندانی پەروەردە کە ئیشیان کردووە و مووچەیان وەرنەگرتووە، پێم باشە لێ بە دەر کردنێک (استثناء)بکرێت، بۆ ئەوەی هەر کاتێک ئەگەر حکومەتی هەرێم ویستی ئەو ئیلتزاماتەی ئەوان جێبەجێ بکات کە لەسنووری شەرعیەت دابووە، دەستکراوە بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلا مەحمود فەرموو.

**بەڕێز مەلا مەحمود فندی دیرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پشتگیری هەردوو بەڕێز د.رزگارو کاک ئیبراهیم، دەکەم لە بۆچوونەکانیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک بورهان فەرموو.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سوپاس قسەکانم کاک سەعید لە سەرەتاوە باسی لێوە کردن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک شمائیل فەرموو.

**بەڕێز شمائیل ننو بنیامین:**

**السيد رئيس المجلس.**

انا اطلب رجاء اعادة النص بخصوص الكتلة الوزارية، ممكن قبل مداخلتي.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دەقەکە لات نییە؟ بەڵێ فەرموو بیخوێنەوە.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة الاولى: عدم مسؤولية حكومة اقليم كوردستان عن التزامات الكتلة الوزارية التي كانت تعمل في العاصمة اربيل باسم حكومة اقليم كوردستان من ١٦/١٢/١٩٩٤ ولغاية تحرير مدينة اربيل في ٣١/٨/١٩٩٦.

**بەڕێز شـــــــــــائیـل نـنـو بـنـیـــــــامـین:**

**الســـــــــيد رئيس المجلس المحـــــــــترم.**

انا افهم من النص هذا انه يشمل كافة الالتزامات، انه هناك اطلاق في المسألة، فانا اريد ان أؤكد على مسألة هنا اشار اليها الاستاذ سعيد يعقوبي، في مسألة التزامات تلك الكتلة الوزارية تجاه بعض القضايا الخدمية يعني في هذه حالة حتى الذي لديه ارتباط مع مستشفى او مع مدرسة او مع اي شيء لايكون له أي حق في المطالبة بحقه اذا شرعنا هذه الفقرة، فاذا كانت بعض التعينات مثل ما اشار بعض الاخوان غير قانونية ولكن هناك بعض التعينات ايضا هي امر واقع كالمعلمين و قضايا اخرى، أرى ان يتم معالجة هذه الفقرة بشكل لايكون فيها هذا العموم لانه يمكن ان يلحق الغبن بكثير من الناس، والا انا مثلا برأيي بعد هذا ممكن ان نعطي صلاحية لاحد ان يلغي كافة التعينات، وهناك نقطة اخرى اشير اليها، انا اود ان اعترض على كلمة تحرير اربيل في نص قانوني من منطلق نحن نشرع قانون و لازال ان باعتقادي لم نطلق صفة عدو على الاتحاد الوطني الكوردستاني بصفة قانونية لان لايزال يمثل كتلة في هذا البرلمان واعتقد هذا الشئ ايضاً لايتناسب مع الأجواء السائدة حاليا، لهذا اقترح ان ترفع كلمة تحرير اربيل، شكرا.

**بەڕێز ســــــــەرۆكی ئـەنجـــــــــومـــــــەن:**

سوپاس كاك شمائیل، كاك شمائیل بەراستی باسی دامەزراندنت كرد، هەندێ دەرچووی كۆلیژە، ئەوە بەندو یاسای تر هەیە، ڕێنمایی تر هەیە، ڕاسپاردەی تر هەیە، باوەڕ ناكەم هیچ گرفتێك دروست بكات، هەروەها ئەو پابەندیانەی كە ئێستاكە پێویستە حكومەتی هەرێم پیادەیان بكات خۆ لێیان پاشگەز نابێتەوە، ئەوە دیاری كراوە بەو شتانەی كە نایاسایین بەو شتانەی كە بنەمایەكی یاساییان نییە، لەوانەیە بارگرانی بێت، لەبەر هۆیەك لەهۆیەكان ئەوەكرابێت، وابزانم زۆر روونە، لەوانەیە كاك فەرسەت ڕوونكردنەوەیەكی هەبێت، فەرموو.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/ سكرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێـز ســــــــەرۆكی ئـەنجـــــــــومـــــــەن.**

سەبارەت بە وشەی (التزامات) برادەرانی یاسایی باش دەزانن كە دەستەواژەیەكی دیاریكراوە لە یاسای مەدەنی و روونیان كردەوە، چوار پێنج سەرچاوە هەن بۆ ئەم ئیلتزاماتانە ئەوە دەستەواژەیەكی دیاریكراوە، رەها نییە (مطلق نییە)، وەكو هەندێ برادەر وای بۆ دەچن، سەبارەت بە ئیلتزاماتی كۆن ئەگەر هاتوو ماوەی كابینەی سێیەم بەردەوام بێت وحكومەتی كابینەی سێ یەم مامەڵەی لەگەڵ كردبێت وپەسەندی كردبێت و پێویستی پێ بێت، كۆمەڵێ بابەت و تیوری لەیاسا هەنە، برادەرانی یاسایی دەزانن، تیوری «حلول» هەیە تیوری «احاله الحق» هەیە، تیوری «تجديد الالتزام» هەیە، چارەسەری ئەو دۆخەدەكات، ئەو دەقەش قەدەغەی ئەو ئیلتزاماتانە ناكات بۆ

ئەوەی حکومەتی کابینەی سێیەم قەرەبووی بکات و دڵسۆزی بۆ ئیلتزاماتی خۆی دەکات، چونکە بایەخ دانە بە لایەنێکی تازە بە ئیلتزامێکی تازە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، وابزانم کاک ئیبراهیم بوو باسی ئەوەی کرد کە بە دەق بنووسرێت، دادگا دەبێت قەدەغەی دیتنی ئەو دەعوایانە بکات، لەناوەڕۆکی ماددەکە دەڵێت: (عدم مسؤولیة) ئەوەی بیەوێت با شکایەتی خۆی بکات، بەڵام بێگومان ئەو دەعوایە دادوەری ئێمە ماددەکەیان لەپێشە وابزانم ئاشکرایە بۆتانی روون بکەنەوە. کاک یونادم فەرموو.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/ وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئێستا دانیشتووینە گفتوگۆی هەندێ بابەت دەکەین کە بنەمای یاسایی نەبووە بەپێی ماددەکە، پێم وایە پێویست ناکات یاسایەک بڕیاری لە سەربدرێ و یاسادابنرێ بۆ شتێکی نایاسایی کە کراوە، وراوەستاوە لەسەر هەندێ بابەتی نایاسایی،حکومەتی خۆمان بلێ، چونکە بنەمایەکی یاسایی نەبووە ئەوە دەسڕێتەوە، واتە هیچ پێویست ناکات یاسایەک بۆ شتێکی نایاسایی دابڕێژین، حکومەتی کابینەی سێیەم زۆر ئاساییە لەغوی ئەو شتانە دەکات، بەبێ هیچ یاسادانانێکی تازە، بەڵام زۆر باشە راسپاردەیەک لەپەرلەمانەوە بڕوات بۆ حکومەت دەتوانن چارەسەری ئەو کێشانە بکەن بە شێوەیەک کە لەگەڵ یاسا بگونجێت، ئەوە لایەنێک.
لایەنێکی تر، لەوانەیە هەندێ لەو ئیجرائاتانە چونکە دوو ساڵ سێ ساڵ زیاتر بەسەریدا تێپەڕیوە (تبعات)یان هاتۆتە سەر، ئەمڕۆ لەوانەیە ئێمەش رازین لەسەر ئەو ئیجرائاتانە وەکو برادەران باسیان کرد، دامەزراندنی مامۆستا دەرەنجام (تحصیل حاصل) بوو، ئەندازیارێک لەسلێمانی سەر بە پارتی بوو من دامەزراندبوو، ئایا راستەلابرێ چونکە لەو سەردەمە دامەزراوە؟، هەر لەگەڵ کاک فەرەنسۆ پرسیارم کرد لەیاری فوتبوڵ کە فاوڵێک بێت لەوانەیە حەکەم فیکەی خۆی لێ نەدات چونکە (ئەدفانچ) دەدات تۆپەکە بەدەستی تیپی بەرامبەرە.
ئەو زەمانە زەویەک درا بوو بۆ دامەزراوەیەک یان کەنیسەیەک یان مزگەوتێک ئەمڕۆ مزگەوتێک لەسەری ئاوەدان کرایەوە، ئێمەش کابینەی سێیەم کە کردمانەوە ماقوڵە دادگا دژی ئەوە بێت بلێ ئەو ساڵونە لابە یان ئەو مزگەوتە لابە، هەندێ تەبەعەی هاتۆتە سەر؟، پێم وایە ئاڵۆزییەکی ئێجگار گەورە دروست دەبێت ئەگەر ئێمە ئەو یاسایەمان دانا، باشترین شت ئەوەیە راسپاردەیەک بچێتە حکومەت، بابەتەکە سەیر بکرێتەوە، حکومەت مافی هەیە بەبێ هیچ یاسادانانێک چونکە شتەکە بنەمای یاسایی نەبووە، ئەمە لایێکە، لای دووەم ،رووی سیاسی ئەم بابەتەیە، ئەوە رای تایبەتی خۆمە وەکو بزووتنەوەی ئاشووری، پێم وایە لەم کەش وهەوایەی ئەمڕۆ ئەم گفتوگۆ وئەم

اقراره لەوانەیە لەگەڵ ئەم، دۆخە نەگوونجێت لە کاتێکدا کە پارتی ویەکێتی بەرەو ئاشتی دەڕۆن ودانیشتنی ئاشتی دەکەن، باشترە وریای ئەم کاسێتە بن و لەتەلەفزیۆنەکان لێنەدرێ، ئەگەریش لێ بدرێ هەندێک دەستکاری بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک یونادم، بەراستی ئەم یاسایە و حقوق وئیلتزاماتی لێ پەیدا دەبێت، رەوا نییە ئێمە پشت گوێی بخەیەن، لەحکومەتی ئێمە زۆر جار لەم پەرلەمانە هەندێ ئیجرائات کراوە، هەندێ بریار دراوە هەندێ یاسا دەرکراوە، هەندێ شت فەرز دەبێت گوێ نادرێت بە باری سیاسی، چونکە ئەگەر یاسا هەموو جارگوێ بداتە کەش وهەوای سیاسی لەوانەیە نەتوانێ هیچ بکات، بەکورتی ئەم کۆمەڵە خەڵکە لەو ماوە دیاریکراوەدا کۆمەڵێک شتیان کردووە کە نایاساییە، ئێستا لەوانەیە هەندێ بارگرانی هەبێت بۆ ئەم کابینەی ئێستا، کەداوا دەکات ئەو بارگرانییە لەسەری هەڵگیرێ، چونکە بنەماکەی نایاسایی بووە، بەڵام هەندێ شت هەیە وەکو ئێستا دووبارەی دەکەینەوە رێککەوتووین لەسەری، ئەوە تحصیلی حاصلە،جێگای گفتوگۆ نییە، جەنابت باش بۆی چووی،واتا ئەمە حکومەت خۆی بریارێک دەربکات، بەڵام لەبیر مەکە ئەمە (حقوق و واجباتە) لەوانەیە ئێمە لەسەری رێککەوتووین، بەڵام دادوەرێک سبەی رای وانییە، من دڵنیام ئێستاش دادوەرکان رایان وا نییە، چونکە ئەگەر رایان وابایە، ئەو ماوەیە ئەگەر هەندێ شتیان بکردایە لەوانەیە ئەو شتانە زۆری نەئەبوو، بۆیە وەکو ئەڵێن دەرگای ئیجتهاد وشی کردنەوە لەوانەیە دابخرێت تاراددەیەک دەقێکیان هەیە لەسەری ئەڕۆن وەکو وتم هەندێ بابەت هەیە، پێویستی بە لێکدانەوەیەکی زۆر نییە، بۆیە دەقەکە لەوانەیە لەو بارەیەوە بۆی چوون وابزانم مەبەستی حکومەت ئەوەیە کە پرۆژەکەیان پەسەند بکرێت، بۆ ئەوەی بەلانی کەمەوە بەدەستی بێت سبەی ئیجتهاداتی لەسەر دروست نەبێت، کاک فەرەنسۆ دواکەسە کە قسە بکات.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەبوایە ئەو یاسایە زۆر لە مێژبا لەراگەیاندن دەرچووبایە هەمووەمان باسمان کردووە چ چاوپێکەوتنێک من نەم کردووە کە نەڵێن ئێمە ئەو شتانەی ئەوان دەیکەن ئێمە بە یاسای نازانین و پابەندی نین، کاک شێروان زۆر بەرێکوپێکی بابەتەکەی روون کردەوە، حکومەت پابەندی نییە، مانای وا نییە دەستی حکومەت بەستراوە، هەندێ شت دەکات ئەوەی عەقلی بیبڕێ و ئەوەی لە توانای دابێ دەیکات، بەڵام پابەند نییە هەموو بریارەکان جێبەجێ بکات، یانی حەقە برادەران ئەوە تێبگەن.

کاکە شێخ و کاک مەلا هادی بابەتی مامۆستایانیان خستەروو، مامۆستایان پەیوەندیان بە کوتلەی وەزاری یەکێتی نییە، مامۆستا لەمەسیف وانەی وتوەتەوە، یان لە شەقڵاوە وانەی

وتووەتەوە، ئێمە پابەندبوونمان هەیە حەقە بۆی بگەڕێنینەوە، ئەمە لەناو ئەم بابەتە نییە لە دەرەوەی ئەم بابەتەیە و، من دەمەوێ شتێکی تر بڵێم ئەمە زیاتر لە سەعاتێکە ئێمە لەسەر ئەم خاڵە قسە دەکەین، برادەر حەقە کاتەکە دیاری بکرێت و ئیشەکە بڕوات و، ئیشی تریش هەیە، ئەمە باشترین بڕیارە و چاکترین بڕیارە نەدەستی کابینەی خۆمان دەبەستین، دەستی کراوەیە، بەڵام پابەند نییە بە هەندێ شت کە ئەوان کردوویانە، هەندێ شت کە کردوویانە، ئەگەر کابینەی سێ بە چاکی بزانێ ئیشەکەیان بۆ دەکات وەدەیڕوێنی، ئێستاش بەردەوامن لەسەر پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری، هەندێ برادەران وا باسی دەکەن کە ئەوان پابەندبوونە، خەستەخانەو، بەندیخانەو... هتد، ئەگەر ئەوە بکرێ دونیا خراپ دەبێ، هیچی لێ نایەت و، ئەوەی کە کاک یاقۆش دەڵێ وەختی نییە، گونجاوترین کات ئێستایە، کە بڕیارەکە بدرێ و، هیچ پەیوەندی بە کێشەی سیاسی و، کێشەی دانوستاندن نییە، ئەمەیاسایە، یاساش لە هەموو قۆناغێک دەخرێتە ڕوو، پەسند دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک فرەنسۆ، هەر بۆ زانیاری پرۆژەکە لە مانگی یەک هاتووە هی ئەمڕۆ نییە، بەڵام زنجیرەی خۆی وەرگرتووە تا گەیشتۆتە ئێرە و، لەبیر مەکەن پشووشمان لە پێش بووە، کاک شێروان فەرمووئەگەر هیچ ڕوونکردنەوەیەک ماوە.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە بۆچوونی من زۆربەی هەرە زۆری قسەکانی جەنابت کاک فرەنسۆ وەڵامیان داوە، بەڵام من هەر جەخت لەسەر پێشنیاری کاک ئیبراهیم دەکەم، من دەمەوێ ئەوە بڵێم، ئێمە هیچ بڕیارێکمان دەرنەهێناوە دادگاکان قەدەغە بکەین سەبارەت بە پابەندبوونی حکومەتی باشە دادگای پێداچوونەوە چۆن بە دەیان بڕیاری دەرهێنا کە پابەند نییە بەوئیلتزاماتانە، لێرەشدا ئێمە قەدەغەی ناکەین با خۆی پێدا بچێتەوە بەپێی ئەو یاسایانەی کە هەیە، بەڵام ئێمە لێرەدا (عدم مسولیەتی) خۆمان دەخەینەڕوو ئەگەر پەرلەمانی بەڕێز ئەو بڕگەی دووپات کردەوە مانای ئەوەیە ئەو بڕگەیە کاری پێ دەکرێ (نافذ المفعول)ە، دەسەڵاتی دادگاش ڕەهاییە، من تەنها ئەوەندە وەڵامم هەبوو ئەوانی تر بەڕێزان وەڵامیان داوە، نازانم ئەگەر کاک جەمیل هیچ تێبینی تری هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک فرەنسۆ.

**بەڕێز فـــــەرنســــۆ تۆمـــــا هـەریری:**
**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــــوومــــــەن.**

من پێموایە برادەرە مافپەروەرەکان، ئەگەر بیانەوێ بڕیارێک دەوڵەمەند بکەن حەقە بەرلەوەی بێنە ناو ئەنجوومەن، برادەری ئەو ئەندام پەرلەمانانەن کە لە لیژنەی یاسایین، حەقە بچن لەگەڵ ئەوان دابنیشن پێشنیارەکانی خۆیان پێشکەش بەوان بکەن، گفتوگۆیان لەگەڵدا بکەن بۆ ئەوەی بابەتەکە دەوڵەمەندتر بێت نەک بێنە ژووری لێرە بڵێین فلانە شت وانییە و، فلانە شت وایە، من داوا لەو برادەرانە دەکەم، ئەگەر وا بکەن ڕەنگە لەوە باشتر بێ، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــــوومــــــەن:**

وابزانم زۆر جار وا دەکەن، بەڵام هەندێ جار لەوانەیە ئیجتهادات هەبێ، ئەمە یەک.
دوو: لەوانەیە هەندێ جار وەکو کاک سەعید بە مادده یەکی تێگەیشت من بڕوام وایە کە مادده یەک و ئەمانە بڕگەکانێتی لەخۆیانەوە دایاننا‌ون، ئێمە هەمیشە مادده بە مادده گفتوگۆی دەکەین بۆیە ئەو قسانەی کە کاک سەعید کردنی زیاتر تەرکیزی لەسەر خاڵی پابەندییەکانی ناوەندی بوو لەوەی کە ئیلتیزاماتی یەکەم بێت کە ئێستا باسی دەکەین، زۆرجار شتی وا دەبێت، ئەوەی کاک فرەنسۆش گوتی حەقی خۆیەتی لەمەودوا تۆزێک وردبن لەو بابەتە، کاک جەمیل وابزانم دوا تێبینی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز جــــــەمــــــیل عــــــەبدی سندی:**
**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجــــــوومــــــەن.**

جێی داخە هەندێ برادەران زۆر باسی وشەی حەق دەکەن، من دەمەوێ بۆ برادەران ڕابگەیەنم کە ئەوانەی سوود بەخش بووینە لە ١٦/١٢/١٩٩٤ تا ١٩٩٦/٨/٣١زۆر (عەقد)یان ئیمزاکردووە هیچ مافێکیان نەبووە کە ئەو عەقدانە ئیمزا بکەن و، زۆر ڕێککەوتنی گومان لێکراو هەیە کە لە سوودی چەند کەسانێک دا بووە، زۆر جار کاربەدەستانیش شەریک بوونە و، نابێت بە هیچ شێوەیەک گەنجینەی ئێمە بەرگەی ئەو جۆرە تاوانە داراییانە بکات.
دووەم: بەڕێزئیبراهیم دۆغرەمەچی فەرمووی (منع المحاکم) لەلایەنی یاسایی بەڕێز کاک شێروان باسی کرد لەلایەنی داراییش پێویست ناکات لێرە ماددەیەکی ئاشکرا هەبێ ئێمە دەڵێین حکومەتی ئێمە کابینەی سێیەم بەرپرس نییە، بەڵام هاووڵاتییێک مافی هەیە لەسەر حکومەتی مەرکەزی، کاتێ داوای مافی خۆی دەکات لە دادگا لەسەر حکومەتی مەرکەزی داواکەی جێگیر دەبێ، یان مافی هەیە چ لەسەر کۆسرەت یان لە سەر دارۆ شێخ نوری، یان لەسەر هەر کەسێکی تر داوای مافی خۆی لەوە دەکاتن جێگیری دەکاتن ئەوە شتێکی ترە، بەڵام لێرە بڕیاری ئێمە بۆ ئەوەندەیە کە حکوومەتی ئێمە کابینەی سێیەم لێپرسراو نییە چ بەرامبەر پێک هێنانی عەقدێکی گومان

لێکراوکە زەرەر بە گەنجینە بگەیەنێت، چ ڕێککەوتنێک کراوە حکومەتی ئێمە لێپرسراو نییە، بەڵام ئەو هاووڵاتییە مافی هەیە داوا لە (زید من الناس) بکات کە غەدری لێ کردووە لەم ماوەیەدا، بەڵام کابینەی ئێمە بەرپرس نییە، لەبەرئەوە دەبێ وشەی (منع المحاکم)ی تێدا نەبێت، چونکە یەکێک مافێکی لای (دارۆ) هەیە با داوای خۆی لە دارۆ بکات ئەوە شتێکی ترە.
کاک شمائیل ڕێزم بۆی هەیە زۆر لەسەر وشەی (تحریر)دوا، ڕزگارکردن هەر ڕزگارکردنە، ئێمە ڕۆژی ١٩٩٦/٨/٣١ بەرزگارکردن دەزانین بۆ ڕاپەرین هەر ڕاپەرینێک هەتا بەرەی کوردستانی کە بزووتنەوەی ئاشوری ئەندامێکە لە بەرەی کوردستانیدا دانوسانی لەگەڵ بەغدا کرد، ئێمە هەر دەمانگوت ڕاپەرینی ئاداری ١٩٩١، بۆ ڕزگارکردنی شاری هەولێریش ئێمە هەر دەڵێین ڕزگارکردن، هەروەها کاک شەمائیل باسی مافی هاولاتیان و، خزمەتگوزاری و خەستەخانەکانی کرد، مافی هیچ هاووڵاتییەک ڕانەگیراوە، ئەگەربەڕاستی مافی ئەوە، بەڵام ئەگەر یەکێک حەقی ئەم گەلە بخوات لەسەر حسابی گەنجینە، پێم وایە کاک شمائیلیش دەبێ لەو شتە ڕازی نەبێ و، خزمەتگوزاری خەستەخانەکانیش هەر بەردەوام بن لە خزمەتگوزارییەکانی خۆیان، لەبەر ئەوە بە پێویستی ئەزانم ئەمە یاسا نییە ئەمە بڕیارە، ئەم بڕیارە چاک دەبینین، چونکە حەق حەقەو ناحەق ناحەقە، ئەم بڕیارە زۆر لە جێگای خۆیەتی و دەبێ زۆر بەپەلە دەربچێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
وابزانم گفتوگۆیەکی باش لەسەر ئەم بابەتە کرا، کاک ئیبراهیم فەرموو.
**بەڕێز ئیبراهیم دۆغرەمەچی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
لە قسەکانی کاک شێروانیش ڕوون بوو کە ئەو پرۆژەیە ڕێگا لە دادگاکان ناگرێت چونکە ڕوون نییە، ئەگەر ئەنجوومەنی وەزیران مەبەستی ئەوە بوو دادگاکان قەدەغە بکات خۆ یاسا شەرم لە کەس ناکات با بە ڕوونی بڵێ، دوایی من بۆ هاووڵاتی بێنم بە هەزاران دیناری پێ سەرف بکەم بڕیارەکەی پێ وەرگری بیباتن جێبەجێی بکات، لە کاتی جێبەجێ کردن بڵێ من بۆت جێبەجێ ناکەم یان ئیلتیزامی پێ ناکەم، هەر لە بنەڕەتەوە ڕێی لێ دەگرم دوایی ئەو پرۆژەیە ئیجتهادی لێ دەکرێ دادگا کە بڕیارێکی بۆ دەربچێ ڕێگاگرتن لەدادگاکان دەبێ بە ئاشکرا دەربچێ نابێ بە ئیجتهاد دەربچێ، بە گوێرەی بڕیاری دادگای پێداچوونەوە من لەگەڵ کاک شێروانم ئێستا وایە، بەڵام ئەکرێ ئەندامانی دادگای پێداچوونەوە بەیانی بگۆڕێن ڕاشیان بگۆڕێ، چونکە ڕایان بڕیارە یاسا نییە و، ئەوەی دادێ ئیلتیزام ناکات بەرای پێشتر، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
با جارێکی تر دەقەکە بخوێنێتەوە، کاک شێروان دوا دارشتن بخوێنێتەوە، ئەگەر چ تێبینی تر هەبێ دوایی دەیکەین.

**بەڕێز شـــێـــروان نـاسح عـــەبدوڵڵا حـــەیدەری:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومــــــەن.**

پێش ئەوەی دەقەکە بخوێنمەوە سەبارەت بە (تحریر مدینه اربیل)، لەبەرئەوەی کە مێژووەکەی بە دیاریکراوی هاتووە، لەرووی یاساییەوە ئەگەر باس بکرێ و، ئەگەر باس نەکرێ هەر هەمان مانا دەدات، واتا هیچ گرفتێکی تیادا نییە، بۆیە ئەو تێبینییەی کاک ئیبراهیم بە بۆچوونی من لە جێگای خۆی نییە، هەروەکو ئاماژەم بۆ کرد و، کاک جەمیلیش ئاماژەی بۆ کرد ئێمە دەڵێین ئێمە بەرپرس نین ئەو هاووڵاتییەی کە موراجەعە دەکات، ئەوە خۆی بەرپرسە بەرامبەر بە خۆی و، ئێمە کە ئەو بڕیارە دەردەکەین، برادەرانی یاسایی پێش هەموو کەس دەزانن، مەبەست لەوە چییە پێش ئەوەی کە هاووڵاتیش بزانێ، بۆیە بە بۆچونی من ئەوەی کاک ئیبراهیم دەیلێ دەرئەنجامە و، ئێمە ئەو بڕگەیە لەرووی یاساییەوە هیچ لاریمان لەسەری نییە، ئێستا بۆ ئێوەی بەڕێزی دەیخوێنمەوە.

المادة الأولى: عدم مسؤولية حكومة اقليم كوردستان عن التزامات الكتلة الوزارية التي كانت تعمل في العاصمة اربيل بأسم حكومة اقليم كوردستان من ١٦/١٢/١٩٩٤ لغاية ٣١/٨/١٩٩٦.

ئەوە دوا داڕشتنی ماددەکەیە.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومــــــەن:**

ئەگەر هیچ تێبینییەک نییە ئەوا ئەیخەینە دەنگدانەوە، فەرمووکاک سەفەر.

**بەڕێز ســـەفـــەر مـــحـــەمـــەد حـــســـێن:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومــــــەن.**

ئەگەر ئەم دەستەواژەیەش لەم بڕگەیەدابێت وابزانم زۆر باشترە.

(ولحين تشكيل الحكومة الشرعية الكابينة الثالثة في عاصمة الاقليم)، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومــــــەن:**

سوپاس کاک سەفەر ئەمەش پێشنیارێکە. کاک د.رزگار فەرموو.

**د. قـــاسم مـــحـــەمـــەد قـــاسم:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومــــــەن.**

من پێشنیار دەکەم ببێتە ( كانت تحكم في العاصمة).

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومــــــەن:**

سوپاس د.رزگار. دوو پێشنیار هەیە کاک شێروان ئەگەر چ تێبینییەکت هەیە بۆ وەڵام دانەوەیان.

**بەڕێز شـــێـــروان نـاسح عـــەبدوڵڵا حـــەیدەری:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومــــــەن.**

تەنها سەبارەت بە پێشنیارەکەی کاک سەفەر، ئەو گفتوگۆیە لە لیژنەی یاسایی بە درێژی باسمان کردووە لەسەر هەردوو بڕگە هیچ تێبینی نەبووە و، پشتگیریشمان کردووەو، ئێستا بە بۆچوونی

من ئەو پێشنیارەی کە پێشکەشی دەکات بەڕای من باش نییە، چونکە لەگەڵ پرۆژەکە کۆکە (جملة وتفصيلا)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەی پێشنیارەکەی د. رزگار.

**بەڕێز شیروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت ئەوەی د.رزگار بەبۆچوونی من باش نییە، بەڵام ئەگەر جەنابت دەیدەیتە دەنگدانەوە ئەوە رای دەستەی سەرۆکایەتییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە دارشتنی کۆتایی خوێنرایەوە دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵ ئەوە ماددەیە؟.. سوپاستان دەکەین... کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسند کرا. سوپاس. ئێستا دێینە سەر مادده (٢).

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية: عدم مسؤولية حكومة اقليم كوردستان عن التزامات الحكومة المركزية قبل انتفاضة شعبنا في اذار سنة ١٩٩١. «ئەمە ماددەی دووە».

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم ماددەیەش کاک سەعید لەدارشتنەکەیدا زۆر بە روونی باسی کرد یان زۆربەی قسەکەی زیاتر لەسەر ئەوە بوو، برادەرانیش وابزانم لە قسەکردندا ئاماژەیان پێ کرد، کێ شتی زیادەی هەیە بۆ ئەم بابەتە با ناونووسیان بکەین؟. کاک د.رزگار. کاک حەمید. کاک ئەمین مەولود. کاک مەمەند ئاغا. کاک شەمائییل. ئەوانە دەیانەوێ لەسەر ئەم بابەتە قسە بکەن.

**بەڕێز د. قاسم محەممەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر حکومەتێک یاسای خۆی هەیە و ئەو یاسایە دوو ئەرک ئەخاتە ئەستۆی حکومەت، ١ـ ماف و پابەندییەکان، ٢ـ مافی کەسب کردن. لێرەدا ئێمە ئەزانین کە لەو برگەیەدا هاتووە (التزامات الحكومة المركزية) واتە واز هێنان لە مافی پابەند بوون ئەکات، بەڵام مافی کەسب کردن دەمێنێت، بەڵگەش بۆ ئەمە ئێستا ملیۆن دینار هەیە هی (سلفەی زراعی) لە کاتی خۆیدا لە حکومەتی مەرکەزی وەرگیراوە، هەر پارێزگایێک لە دەیەها هەزاری کەمتر وەرنەگرتووە، وە زۆربەی زۆری جوتیاران چون بۆ پایتەخت بۆ وەرگرتنی ئەم برە پارەیە، بێگومان ئەو پارەیە هەمووی لە حکومەتی مەرکەزی وەرگیراوە و حکومەتی ئێمە داوای ئەکاتەوە و، لەوانەیە زۆر

خێزان بەم بابەتەوە بەستراوە بن و، ئەو پارەیەی کە وەرگیراوە بە پارەی چاپ وەرگیراوە و حکومەتی ئێمە بە پارەی سویسری داوای ئەکاتەوە، بێگومان جیاوازییەکی زۆر هەیە لەوانەیە ڕێژەکە (١/ ٦٠ـ ٧٠)بێت، ئەگەر هاتوو پابەند نەبیت بۆچی مافت هەبێ؟، سەبارەت بە کابینەی سێیەم بەسوپاسەوە(٥٥) ملیۆن دیناری تەرخان کرد بۆ ئەم بابەتە، ئەمەش جێی ڕێزو سوپاسە، چونکە هاووڵاتی ئێمەنە، خەڵکی ئێمەنە، ئێمە وەکو پەرلەمان پابەندین کە بەرگری لە مافی ئەوان بکەین، لێرەدا پرسیارەکەم ئەوەیە ئەو مافە کەسایەتیەی کابینەی سێیەم هەیەتی هەردوو لایەن قازانج دەکەن قازانج کردنی ماف و پابەندبوونەکانە، لێرەدا یاسا ڕێگا دەداتە حکومەتی ئێمە واز لە ئیلتزامات بهێنێت، بەڵام ماف دەمێنێت ئایا بۆ هەردووک هاوسەنگ نەبن لەگەڵ یەک؟، ئەگەر واز لەو مافانە بهێنێت، پێویستە واز لە ئیلتزاماتیش بهێنێت، ئەگەر ئیلتزامات بمێنێ حقوقیش دەمێنێ بەڵام لێرە تەنیا ئیلتزاماتە بۆ نموونە من بۆ جەنابتانم روون کردەوە، لەوانەیە میلیۆن دینار لە هاووڵاتیان داوا کراو بێت لە سولفەی کشتوکاڵی باشە بۆ داوای دەکەن کە بیداتەوە؟ خۆ حکومەتی مەرکەزی داویەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

من بەش بە حاڵی خۆم لەسەرەتاوە ئەو پرسیارەم کردووە و، دووبارەی دەکەمەوە چونکە ئێستا ناوەڕۆکی بابەتەکەیە، ئەگەر سبەی ئێمە بەناوی ئەو خەڵکە داوا لە(UN) بکەین کە قەرەبووی خەڵکی ئێمە بکەنەوە کە لەکاتی ڕاپەڕین و پێش ڕاپەڕین و پاش ڕاپەڕینەوە زەرەرمەند بوونە بەم بڕیارە گرفتێکمان بۆ دروست دەبێت یان دروست نابێت، برادەرانی یاسا تەنها ئەو روونکردنەوەمان بۆ بکەن. کاک حەمید میران فەرموو.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن. بەراستی هەندێ برادەران باسیان کرد کە حکومەتی فیدرالی پابەند نییە بە ئیلتزاماتی حکومەتی ناوەندییەوە من لەگەڵ ئەو رایە دام، ئینجا لایەنێکی تریش کاتی خۆی بەهۆی شەڕی ئێرانەوە زۆر لەپابەندییتەکانی حکومەتی عێراق نەخشەی بۆ دانراوە، ئەگەر بێتو ئێمە پابەندی ئەم شتانە بین بە سەدان ملیۆن دۆلار دەکات، ئێمە ناتوانین بیدەینەوە، لەبەر ئەوە وای بە چاک دەزانم کە ئەمە زۆر ڕێک هاتووە و، وەکو خۆی بڕوات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک حەمید. فەرموو کاک ئەمین مەولود.

**بەڕێز ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی من لەیەک دوو خاڵ تێبنیم هەیە، یەکەمیان ئەو رایە لام وایە دوای پێکهاتنی ئەم یاسایە دەکات ئیتر حکومەتی مەرکەزی ناتوانێ ئەم پابەندییانە جێبەجێ بکات، ئەمە دەست

بەستنە ناتوانێ، چونکە ئێمە یاسامان دانا حکومەتی مەرکەزی بۆی نییە بتوانێ پابەندبوونی تر جێبەجێ بکات.
دووەمین: هەندێ پابەندبوون هەیە وەکو (أموال القاصرين و توفير) کە ئەمە لەپاش ماوەیەک جێبەجێ دەبێ بۆ نموونە منداڵێک لەکاتی خۆیدا تەمەنی شەش حەوت ساڵ بووە تاوەکو دەگاتە تەمەنی یاسایی، حەق نییە داوای (أموال)ی خۆی بکات لە(قاصرين) ئێستا ئەو گوناهی چییە، لەبەرئەوە من پێشنیار دەکەم بەراستی (توفیر) کە هی کۆمەڵێکە بەزۆری داهاتیان دیاری کراوە، هەروەها (أموال القاصرين) هی کۆمەڵێکی تایبەتییە ئەو کۆمەڵەیە بەلاوەبنرێ لە یاسادا، یاخود شتێکی وا بکەین کە بەلاوەنان لەو حاڵەتانەدا بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاک مەمەند ئاغا فەرموو.

**بەڕێز مەمەند بابەکر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پشتگیری پرۆژەکە دەکەم وەکو هاتووە پرۆژەیەکی باشەو حەقی خۆیەتی، بەڵام سەبارەت بە حەقی هاوولاتیان هەروەکو جەنابت ئاماژەت بۆ کرد کابرایەکی کوێتی ئەگەر تەلەفزیۆنێکی ڕۆیشتبێ، یان زەرەرێکی کەمی لێ کەوتبێ تەعویزی بدەنێ یان زەرەکەی بۆ بژمێرێ، بەڵام ئەو میللەتە کە ساڵەهای ساڵە بەدەست ڕژێمەوە کوژراوە، تالان کراوە، سووتاوە، دەربەدەر کراوە، خانووی رووخاوە، هەموو شتێکی بەسەر هاتووە، ئێستا ئێمە ڕێگە چارەیەک ببینینەوە چۆن ئێمە داوا لە نەتەوەیەکگرتووەکان بکەین کە مافی ئەو میللەتە بزر نەبێ کە ئەو خەڵکەش رووی هەبێ داوای مافی خۆی بکات، داوای ئەو زەرەرو زیانەی بکات کە حکومەت لێی داوە و، هەم دەبێتە سزاو دەرسێکیش بۆ حکوومەت کە جارێکی دیکە ئەو هەڵانە نەکاتەوە و، بەو شێوەیە لەگەڵ میللەت نەجولێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ ئەو برگەیەی دوایی یاداشتێکی ترمان هەیە لەوانەیە لە دانیشتێکی ئایندەدا دەیخوێنینەوە دەربارەی ئەو مافانەی کە باست کرد، ئەمەی کە جەنابت فەرمووت ئەخەینە سەری. کاک شمائیل با بفەرمووێ.

**بەڕێز شمائیل نەنۆ بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

منیش هەمان تێبینیم هەیە لەسەر رای یەکەم کەوا شێوازی رەهایی (صفه الاطلاق)ی تێدایەو، پشتگیری ئەو برادەرانە دەکەم کە ئاماژەیان بۆ زۆر لە خاڵەکان کرد. هەروەها ماوەت نەدامێ قسە بکەم لەسەر خاڵی یەکەم هەرچەند رۆیشت ، ئێمە لە بادینان پەندێکی کوردیمان هەیە دەڵێ: (ئەوەی مار پێی وەدایە لە گوریس دەترسێ) ، ئێمە ئەزموونێکمان هەیە بەڕێزان کاک فرەنسۆ و

کاک عەفان ئاگادارن لێی ئێمە سەرپەرشتیارێکی پەروەدەییمان هەبوو بۆ ماوەی ساڵێک دانەمەزرا لەبەرئەوەی رای کوتلەی وەزاری ئەوەیە ئەوەی پێشتر دامەزراوە مافی نییە بەردەوام بێت و، ئێستا شەش مووچەی هەیە پێی نەدراوە، بەڵام پاش هەوڵێکی زۆر دوای ساڵێک گەڕاوە سەر دەوامی خۆی بەڵام مووچەی شەش مانگی رۆیشتووە و، سەبارەت بە شتێکی تر بەڕێز حوسێن سنجاری لێرەیە بارێک هەیە جگە لەو بارودۆخەی برادەران باسیان کرد، کەسێکمان هەبوو کاتی خۆی لەشەڕی نێوان عێراق و ئێران دیل بووە باش ئاگادارە لێی دیلەکان هەموویان مەشمول بوون بە بڕیاری وەرگرتنی پارچە زەوی ئەو هەژارە لە هەمووان زێدە ئەو ناوی لە کۆمپیوتەر دەرنەچوو ئەو کەسە خەڵکی عەنکاوەیە، ئێستا ئەو موراجەعەت دەکات لەوانەیە وەربگیرێ، کەچی لەم حاڵەتە ئەو بێ بەش دەبێت چونکە ئەوە پابەندبوونی حکومەتی پێشووە، بەڵام ئەو گوناهی چییە کە ئەو ناوی دەرنەچووە، بەڵام برادەرەکانی تری ناویان دەرچووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە کورتی وەڵام دەدەمەوە بابەتەکە بەو شێوەیە ئاڵۆز مەکەن، ئەگەر هەر لەسەر ئەوە بڕۆین یەکێک دامەزراوە پێش ئەو ماوەیە، ئەگەر پەنجا خێزان موستەحەقن بەپێی ئەو بڕیارەی کە ئێستا جەنابت ئاماژەت بۆ کرد لە عەنکاوە بۆ پەنجاو یەک شمولی نەکات؟، من باوەڕ ناکەم یاسا تا ئەو رادەیە (حرفی) بێت مرۆڤ قەدەغە بکات هەندێ شت ئەنجام بدات، یانی فەرمانبەرێک دامەزراوە لە ماوەیەکی دیاریکراو لەبەر هۆی سیاسی دیاریکراو، ئێستاش برادەرانی هاوتای ئەو دادەمەزرێن و بەردەوام دەبن، ئێستا نموونەیەکی جوانیان هێنا یەکێک دەرچووی بەشی زمانی کوردییە ئێمە پێویستمان بە مامۆستای زمانی کوردی هەیە لەوێ دامەزراوە ئێستا بڵێین لەبەرئەوەی ئەم بڕیارە دەرچووە دامەزراندنەکەت هەڵدەوەشێنینەوە، یان دات نامەزرێنینەوە، چونکە ئێمە بڕیارێکمان هەیە، بەرای من هەر حاڵەتێک تایبەتمەندی خۆی هەیە نە دادگاکانیش ئەوەندە وشکن، نە فەرمانگەکانی ئێمەش ئەوەندە دەست بەستراوەن کە دەقەکە بە حەرفی وەربگرن، بەڵام وابزانم ئەمە ناوەڕۆکەکەی روونە کێ دەگرێتەوە. کاک حوسێن تێبینی هەیە.

**بەڕێز حسێن سنجاری/ وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی بارودۆخی ئەو دیلە بەڵێ ئاگادارین تەنها روونکردنەوەکەم ئەوەیە نووسراومان نووسیوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران دەربارەی کە رەزامەندی بفەرموون بۆ تەرخان کردنی زەوی، بەڵێ ئەوە یاسای عێراقییە ئێمە پابەندین، بەڵام هەر لە ژێر لێکۆڵینەوە دایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من نازانم ئەو خاڵە زۆر روونە، دیسان جەخت دەکەین حکومەت وکابینەی سێیەم پابەند نییە ئەو ئەرکەی لەسەر حکومەتی مەرکەزییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام ئەگەر لە تواناداا بێ دەیکات.. ڕێگای هەبێ دەیکات..

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەستی کراوەیە دەیکات، بەڵام پابەند نییە کابرایەک دێ وەکو مافێکی سروشتی لەسەر بێ دەڵێ ئەوە مافی منە بیدە، مافی ئەو نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمەش بۆحەق و ناحەقە؟ دابەشکردنی حەق و ناحەقە هەندێک هەیە ناحەقە بۆ ئەوەی لەو حەقە دوور بخرێتەوە.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێ شتیش حەق نییە ئێمە تێکەڵی بکەین، کاک شمائیل باسی سەرپەرشتیاری کرد کە شەش مانگ مووچەی وەرنەگرتووە کۆمەڵێکی تریش هەیە کە شەش مانگ مووچەیان وەرنەگرتووە، یانی حاڵەتێک نییە زۆر مامۆستا هەن شەش مانگ مووچەیان وەرنەگرتووە، ئەویش لەگەڵ حاڵەتەکەیە وەنەبێ کە شتەکە تەنیا بە مەبەست بێ بۆ سەرپەرشتیاری پەروەردەیی، برادەرانی ئاشوری بۆ ئەوە نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شەمائیل یاسا بۆ زۆرینەیە رازی بوونێکی رەهایی نییە ناتوانین بڵێین هەموو خەڵک رازی دەبن خۆزیا دادگەریش رەهایی (مطلق) دەبوو بۆ هەموو خەڵک، بەڵام هەتا دادگەریش (نسبی)یە، گرنگ ئەوەیە کە بتوانین زۆرینە رازی بکەین، کاک یۆنادەم فەرموو.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/ وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم هەیە بۆ لیژنەی یاسایی ئەم پەسندکردنە کە ئێستا دەیکەین هاودژ نابێت لەگەڵ بریارێکی پەرلەمانی پێشوو (العمل بالقوانين النافذة)، یانی هەندێ ئیجرائات بووە لە پێشوو کە قوانین نافذەیە ئێمە بریارمان وەرگرتووە بەو قانونانە کار دەکەین ئەمە هیچ هاودژییەکی قانوونی لەگەڵدا نییە؟، تەنیا ئەو پرسیارەم هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک فرەنسۆ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ هاودژی تێدا نییە لە سیستەمی فیدرالیش زۆر شتێکی ئاساییە حکومەتی فیدرال پابەند نییە بە پابەندییەکانی حکومەتی مەرکەزی، ئەو شتانەی لەسەر حکومەتی مەرکەزین ئەبێ ئەو بەخۆی بیانکات هەتا ئەگەر دان بە ئێمە دابنێن فیدرالیەت بەبێ یاسا و یاساش نەبێ، کابینەی ئێمەپابەند نییە بە پابەندییەکانی حکومەتی مەرکەزی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاک فەرسەت فەرموو.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕیارەمان هەیە یاساو بڕیارەکانی حکومەتی مەرکەزی هەر کاتێک ئەنجومەنی نیشتمانیی تەماشای کردو دیتی هاودژە لەگەڵ بەرژەوەندی کوردستان حەقی هەیە ئیلغای بکات، یان هەمواری بکات یان تەجمیدی بکات، هەر حالەتەک حالەتی خۆی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاک شێخ رەقیب فەرموو .

**بەڕێز رەقیب حسین مەلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پابەندبوون لە چ پەیدا دەبێ، (العقد شريعة المتعاقدين) پابەندی لە عەقد پەیدا دەبێ دوو لایەنی هەیە ئەو دوو لایەنە پابەند دەبن بەو عەقدەی کە کردیتیان ئەمن وادەبینم دەقەکە وابێ:( حكومة هەرێم غير ملزمة بالعقود التي هي ليست طرفاً فيها)، واتا وشەی پابەندبوون نەمێنێ مادام حکومەت عەقدی نییە لەگەڵ کەسێک پابەند نییە، چونکە (العقد شريعةالمتقاعدين)ە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چ تێبینییەکی وام نییە بەڵام ئەوەی د.رزگار، لەگەڵ ئێمە بووە چەندین یاسامان لێرە لەسەری بڕیاردایە وگوتوومانە ئێمە بەرپرس نین بەرامبەر بە پابەندبوونی حکومەتی مەرکەزی و، ئێمە لە

یاسای هەندێ وەزارەت ئەوەمان هێناوەتە خوارێ کە دەڵێین (تؤول کافة حقوق وممتلکات للحکومة المرکزیة الی الوزارة الفلانیة «یان» الی فلان) باسی پابەندبوونمان لە یاساکانمان نەکردووە کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان پاش ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان کە هەموویان جارس کردوون، وەزیر نەما کە پەیوەندیدار بێ سەردانی نەکەن ئەوە بوو(٥٥) ملیۆنەکە درا هەروەکو کاک فرەنسۆ دەستنیشانی کرد، ئەمە دەڵێین پابەند(ملزم) نییە، بەڵام ئەگەر توانای ماددی هەبێ بەخوای هی (تەوفیر)یش دەدرێ وهی(قاصرین)یش دەدرێ نەک ئەوەی کاک ئەمین مەولود گووتی، ئێمە ئەگەر ئەو بڕیارە دربکەین لەوانەیە حسابی (تەوفیر) نەدرێ، ئێمە سەردانی بەڕێز وەزیری داریمان کردووە لەوانەیە ئێستا لەبەرنامەی دابێ، بەڵام هەر کاتێک ئەو(٥٥) ملیۆن دینارە کۆتایی هات بڕیارێکی گونجاوی لەسەر بدرێ سەبارەت بە بڕگەکانی داریی (مالی)، نازانم ئەگەر کاک جەمیل تێبینی هەبێ من هیچ تێبینم نییە لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**هێژا سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ئاخاوتنی بەڕێز د. رزگار لەسەر سلفەی کشتوکاڵی ئێمە هەموو دەزانین سلفەی کشتوکاڵی ئەوەی دراوە پێش ١٩٩٠ بوو، واتا پێش داگیرکردنی کوێت بوو، ئەو وەختەش پارەی عێراقی هەمووی سویسری بوو، پارەی لەچاپ دراو دەستی پێنەکردبوو لەبەر ئەوە هەر هاووڵاتیەک سلفەی کشتوکاڵی وەرگرتووە قازانجی زۆریشی کردووە. پابەندە کە قیستەکانی خۆی بەپارەی سویسری بداتەوە، وبانکەکانی کشتوکاڵیش ماون دەبێت بەپێی یاساو بەقیست بەپارەی سویسری ئەمە بداتەوە.

بەڕێز ئەمین مەولود باسی سندوقی تەوفیرو مالی قاسرینی کرد من خۆم هەر لەسەرەتاوە ئەو باسەم کرد، بەڵام لەبەرنامەی وەزارەتدایە هەر وەکو بەڕێز شێروان حەیدەریش باسی کرد بەرێگەی (UN) داوا لەبەغدا دەکەین چارەی بکات، گەر چارەشی نەکرا، ئەوە هەر دیسان لەبەرنامەی وەزارەت دایە هەر وەختێ ماوەی هەبێ لەتوانای خەزێنە دابێ دیسان تەخسیڕی لەوێندەر ناکرێت، بەڕێز شمائیل جێگەی داخە باسی دیلەکانی قادسیە دەکات، ئایا ئێمە پابەندین موچەی مەفرەزەی ئیستخبارات بدەین؟ یا خانەنشینی مەفرەزەی ئیستخبارات بدەین کە بەدەستی پێشمەرگە کوژاوە؟ ئایا ئامیر مەفرەزەی ئاسایش یان موختاری گەرەکێک لەهەولێر کە ئامیر مەفرەزە بووە دوژمنی پێشمەرگەو شۆڕش بووە بە دەستی پێشمەرگە کوژار بێت، ئێمە پابەندین ئەو موچەیەی بدەینێ؟ پیاوانی سەر بە فەرمانگەکانی ئاسایش هەموویان ئەوانەی بەنهێنیش ئیش دەکەن، بەپێی یاسای عێراقی یان، بڕیارەکانی عێراقی هەر یەکە پارچەیەک زەوی ئەدەنێ ئایا شارەوانی

ئێمە پابەندە هەر یەکێک لەم پیاوانەی ئاسایشی بەغدا ئەوانەی ئێستاش سیخوڕی بۆ ئەوان دەکەن هەر یەکەو پارچە زەوییەکیان بە دیاری و بێ بەرامبەر (بدیل) پێ بدات؟. ئەوەی لەتوانادا هەبێ و لەبەرژەوەندی میللەت دابێ خۆی وەزارەتی ئێمە کەم تەرخەمی ناکات لەبەر ئەوەی زۆر بەپێویستی ئەزانم کە ئەم بڕیارە جێبەجێ بکرێت ولەبەرژەوەندی خەزێنەدایە مافی هیچ کەسێکیش نافەوتێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، وابزانم ئەو بابەتە بەباشی باسکرا بەتێروتەسەلی لەسەری ڕۆیشتین دیسان یەک خاڵ هەیە هەر بۆ دووبارە کردنەوە و بۆ ئەوەی لێی تەواو بین زۆر باسی(ئیلتیزامات) و(عەقد) ئەکرێ، لەم بابەتە کاک شێخیش باسی کرد، یاسا ناسانی ئێمە، کاک سەعید یەعقوبی بەتایبەتی کاک فەرسەت زۆر بەروونی باسی سەرچاوەکانی(التزام)یان کرد دەڵێن سەرچاوەی (التزام) ئەمانەن:( قانون ، العقود، العمل الضار، الاراده المنفرده، والكسب الغير المشروع) ئەوەی جەنابت باست کرد تەنها (عقد)ە چواری تریش هەیە، جا ئەو بابەتانە ئەگەر ئێمە وردی بکەینەوە، ئەبێ هەر حاڵەتێک ماددەیەکی بۆ دابنێین. ئەو پرۆژەیە بەم جۆرەی خراوەتە روو، بەتێروتەسەلی گفتوگۆی لەسەر کرا، «لكل قاعده شواذ» من وای بۆ دەچم حکومەتی هەرێمی کوردستان کابینەی سێیەم هەر لە بنەڕەتەوە پرۆگرامەکەی خزمەتگوزاری بووە، لە هەر بوارێکدا کە بتوانێ خزمەتی ئەو خەڵکە بکات دەیکات و نموونەش زۆرە کە تاکو ئێستا کراوە، بۆیە ئەو پرۆژە ئەخەینە دەنگدانەوە، تکایە بیخوێنەوە...

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

عدم مسؤولية حكومة اقليم كوردستان عن الالتزامات الحكومة المركزية قبل انتفاضة شعبنا في آذار ١٩٩١، ئەوە ماددەی دووەمە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە؟... سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة:

لايعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینیەک هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ کاک بورهان جاف، کاک ئیبراهیم دۆغرەمەچی تێبینیان

هەیە کاک بورهان فەرموو.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزتان وکاک شێروانیش ئاماژەتان بەوە کرد، بۆ نموونە کە هەندێ پابەند بوون لە داهاتوودا بۆی هەیە بکرێ وەک ئەوەی بە سوپاسەوە کابینەی سێیەم (٥٥) ملیۆن دینارەکەی بۆ هاووڵاتیان گەڕاندەوە، بۆ نموونە «التوفیر والقاصرین» لەداهاتوودا ئەگەر توانی ئەوانەش بگەڕێنێتەوە بۆ ئەو هاووڵاتیانە، ئێمە گرفتێکمان بۆ دروست دەبێ وەکو ئەوەی لەمادده (٣)دا هاتووە «لایعمل بای نص یتعارض واحکام هذا القرار» بۆیە ئەگەر داڕشتنێک بکرێ، بۆ ئەوەی لەداهاتوودا تووشی ئەم گرفتە نەبین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە، سوپاس. فەرموو کاک ئیبراهیم.

**بەڕێز ئیبراهیم دۆغرەمەجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکەی من داوام کرد کە ببێتە ماددەی(٣).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارەکە جەنابت بیخوێنەوە.

**بەڕێز ئیبراهیم دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(یمنع المحاکم عن سماع الدعاوي الناشئة عن کافة الالتزامات الحکومة المرکزیة السابقة وما سمیت، بحکومة الاقلیم التي کانت تحکم مدینة اربیل عاصمة الاقلیم من ٩٤/١٢/١٦ ولغایة ١٩٩٦/٨/٣١ مع ایقاف کافة اجراءات التنفیذیة) لەبەر ئەوەی بڕیارەکان روون نین. ئەوە داوا دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە زۆر سوپاس. وابزانم زۆر ئەو بڕگەیە روونکرایەوە و هۆکارە (موجەبە)کەش بۆ نەخرێتە ئەو دەقەی کە حەق بدا وئاشکرایە، چونکە دەقەکە خۆی باسی خۆی دەکات کە گوتت(یمنع) ئەوەی شکاتیش بکات یەکسەر داواکەی لێ قبوڵ ناکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پێشنیارەی کاک ئیبراهیم دەخەینە دەنگدانەوە:

کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ ئەو پێشنیارە رەفز کرا، سوپاس. دێینەوە سەر ئەو ماددەیە ئەگەر چ تێبینی تر نەبوو لەسەر ئەو تێبینییەی کاک بورهان: کاک فرەنسۆ تێبینییەکی هەیە.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تـۆمـــــا هـەریـری:**

**بەڕێز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــەن.**

من تێبینیم لەسەر قسەكەی كاك بورهان هەیە ئێمە بڕیارماندا كابینەی سێیەم پابەندیێەتی نییە، ئەگـەر شـتی بۆ خـەڵك كـرد بەپێی هیچ مـاددەیەك نایكا، خـۆی بڕیارەكـە دەدا، ئەوە زۆر بەرێكوپێكی هاتیەو لەجێی خۆیدایە، كار لەوە ناكات، كە دەستی حكومەت ببەستێ و نەتوانێ هیچ ئیشێك بكات.

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــەن:**

وابزانم پێشـیینە(سوابق) لەمەڕ ئەو مەسەلانە بێ دەق و لەگەڵ دەقیش هەندێ شت هەیە ئەگەر حكومەت بە بەرژەوەندی زانی بێگومان دەیكات وەكو وتم بەبۆچوونی ئێمە من چەن دووبارەیەكم بۆ ئەندامانی پەرلەمان كرد تاكو روونتر بێت، ئامانج لەم دوو بڕیارە یاخود لەم دوو ماددەیە یەك شتە بۆ ئەوەی لای هەموتان روون بێت، كە حەق و ناحەق لەیەك جیـا بكەینەوە كۆمـەڵێك خەڵك سوودی لەم وەزعـە وەرگـرتووە كە روویداوە، كـۆمـەڵێ خەڵكیش زەرەری كـردووە، لێرە لەراستیدا ئێمە وەكو ئەڵێین پەرژینێكمان دانا یان فلتەرێك دانراوە بۆ ئەوەی كابینەی سێیەم بتوانێت ئەوەی موسەتەحەقە و ئەوەی حەقە بەگوێرەی ئەو توانایە چارەسەری بكات ئەوەی ناهەقە نەبێت بەهەق بەسەریا، پێی بڵێی كاكە نابێت. من پێم وایە ناوەڕۆكی ئەو دوو ماددەیە بریتیـە لەوە، وابزانم ئێستـا جەختی لەسەر دەكەینەوە، چەن نموونەیەك هەیە كە حكومەتی هەرێم پێی هەڵساوە بێ ئەوەی كە چاوەڕوانی ئەم مەسـەلەیە بكات ئەم ماددەیە ئەخەینە دەنگدانەوە وەكو خوێنرایەوە كێ لەگەڵە؟.. سوپاستـان دەكەین، كێ لەگەڵ نییـە؟ مـاددە سێ بە زۆربەی دەنگ پەسەند كرا، سوپاس.

**بەڕێز حـــــسـێـن عـــــەلی كـــــەمـــــاڵ:**

المادة الرابعة:

على المجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القرار.

**بەڕێز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــەن:**

چ تێبینیـەك هەیە لەسەر مـاددە(٤)؟ نییـە، ئەیخەینە دەنگدانەوە كێ لەگەڵە؟.. سوپاسـتـان دەكەین، كێ لەگەڵ نییە؟ .. بەتێكڕای دەنگ پەسەند كرا.

**بەڕێز حـــــسـێـن عـــــەلی كـــــەمـــــاڵ:**

المادة الخامسة:

ينفذ هذا القرار اعتبارا من تأريخ صدوره ونشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو (نشره)بکەینە (وینشر) بیکەنە(وينشر في الجريدة الرسمية) بەڵێ ئەگەر تێبینیەک هەیە؟ نییە؟ ئەیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان ئەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاس.

وەکو بڕیار ئەیخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان ئەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

لێرەدا دانیشتنەکەمان تەواو سبەی سەعات(١٠) دادەنیشینەوە بۆ تەواو کردنی بەرنامەی کارمان سوپاستان ئەکەین بۆ ئامادەبوونی ئەمڕۆتان.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەل**

**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**ژمارەی بڕیار: ٨**

**ڕۆژی بڕیاردان: ١٩٩٨/٤/٥**

## «بڕیار»

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی بڕگە (٣)ی مادده (٢) لەیاسای ژمارە (١٠) دەی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە (٥)ی ڕۆژی ٤ / ٤ / ٩٩٨ دا یاساکاری کردووە ئەم بڕیارەمان دەرهێنا :ـ

ماددەی یەکەم: بەرپرس نەبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پابەندییەکانی ئەو گرووپە وەزارەتییەی کە لەهەولێری پایتەختدا بەناوی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە (١٦ / ١٢ / ١٩٩٤)ەوە تا ٣١ / ٨ / ١٩٩٦ ئیشی دەکرد.

ماددەی دووەم: بەرپرس نەبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەپابەندییەکانی حکومەتی ناوەندی پێش ڕاپەڕینی گەلەکەمان لە ئاداری ساڵی ١٩٩١دا.

ماددەی سێ یەم: کار بەهیچ دەقێک ناکرێ کە هاودژی ئەم بڕیارە بێ.

ماددەی چوارەم: لەسەر ئەنجوومەنی وەزیرانە حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکا.

ماددەی پێنجەم: ئەم بڕیارە لەمێژووی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێ و لەرۆژنامەی ڕەسمیدا بڵاودەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦)

## یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٤/٥

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٦)

## یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٤/٥

***کاتژمێر(١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٤/٥ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادە بوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجوومەن، دانیشتنی ژمارە(٦)ی خولی یەکەمی ئاسایی، ساڵی (١٩٩٨)ی خۆی بەست. سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنرا و، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١ـ گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی بڕیاری کوژانەوەی مافی تەسەڕوف پێکردن وجیاکردنەوەی کشتوکاڵی(أطفاء حق التصرف وافراز الاراضي الزراعية) لە هەرێمدا.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان گفتوگۆ کردنە لەسەر پرۆژەی بڕیاری کوژانەوەی مافی تەسەڕوف پێکردن و جودا کردنەوەی زەوی کشتوکاڵییە(أطفاء حق التصرف وافراز الاراضي الزراعية)، دەزانن ئەم پرۆژەیە لەساڵی (١٩٩٤)ەوە هەتاکو ئێستا چەند جارێک هاتووەتە پەرلەمان، یا هاتووەتە لیژنەکانی پەرلەمان، بەڵام بەداخەوە لەبەر کەموکوورپی ئەم پرۆژەیە ولەبەر هەندێ گرفت ئەو کات، یا ڕەت کراوەتەوە، یا ناردراوەتەوە بۆ لایەنی پەیوەندیدار، بۆ ئەوەی جارێکی تر ئەو کەموکووڕییە چارەسەر بکرێت و، بخرێتە بەردەمی ئێوەی بەڕێز بۆ ئەوەی بە ئەنجام بگەن و بڕیاری لەسەر بدەن، من حەز دەکەم ئاماژە بۆ دوا گفتوگۆی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بکەم لەسەر ئەم بابەتە و، دوای ئەوە چی بووە دەیخەمە پێش چاوی بەڕێزتان، ئێوە دەزانن دوایین جار کە ئەم پرۆژەیەمان بۆ هات مانگی (١٢)بوو، بە نووسراوی ژمارە(٧٠٨٧)، ناچار بووین پاش ئەو گفتوگۆیەی کە کرا و لەسەر ڕاسپاردەکانی ئێوە ئەم نووسراوەمان ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران کرد.

**بۆ /سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق.**

**بابەت/ پرۆژەی بڕیار**

**ئاماژە بە نووسراوی ژمارە (٧٠٨٧)تان لە ١٩٩٧/١٢/٢٨دا، سەبارەت بە پرۆژەی بڕیاری کوژاندنەوەی مافی تەسەڕوف پێکردن(أطفاء حق التصرف ) کە هاوپێچی نووسراوەکەتان بوو، ئومێدەوارین تێبینی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەن:**

**١ـ ئەم پرۆژەیە یەکەم جار بە نووسراوی ژمارە(١٨٤٤)تان لە ١٩٩٤/٢/٢٥دا هاتە ئەنجوومەنی نیشتمانی.**

**٢ـ دوای لێتوێژینەوەی پرۆژەکە لە لایەن لیژنە پەیوەندارەکانەوە لە پەرلەمان، خرایە بەردەم پەرلەمان بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکرێت، بەڵام پێش گفتوگۆ لەسەر کردنی، لەسەر داوای ڕێزدار وەزیری ئەوسای شارەوانی، هەندێ لە لیژنەکانی پەرلەمان پێشنیاریان کرد کە ئەو پرۆژەیە بۆ وەزارەتی شارەوانی بنێردرێتەوە، تاوەکو پتر و ورد تر لەلایەن وەزارەتی پەیوەندارەوە دەرس بکرێت، بەڵام بە هۆی شەڕی ناوخۆی کوردستانەوە پرۆژەکە نەتواندرا وەکو پێویست ئامادە بکرێت.**

**٣ـ پرۆژەکە جارێکی تر بە هاوپێچی نووسراوی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە ژمارە (٢٠٢٥)لە (١٩٩٧/٥/٢٦)ە وە هاتەوە پەرلەمان و، هەندێ نووسراوی نێوان ئێمە وئەنجوومەنی وەزیرانی لەسەر کرا، بەڵام نە تواندرا لە هەمان خولی پەرلەماندا ئەنجام بدرێ.**
**(چەند نووسراوێک هەیە لە نێوانی ئێمە وئەواندا لەسەر ئەم کەموکورییە، بەڵام تەواو نەبوو).**

**٤ـ دیسان پرۆژەکە بە نووسراوی ئەنجوومەنی وەزیرانی ژمارە(٣٠٣١) ڕۆژی ١٩٩٧/٧/٢١ هاتەوە پەرلەمان، بەو مەبەستەی لە دانیشتنێکی نائاسایی دا ئەنجام بدرێت، بەڵام دیسانەوە لەبەر ئەوەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی لە پشوودا بوو، نەتواندرا ئەنجام بدرێت.**

**٥ـ ئەمجارەیان لە دانیشتنی ژمارە(١٠)ی خولی دووەمی ڕۆژی ١٩٩٧/١١/١٠دا خرایە بەردەمی پەرلەمان، بەڵام دیسانەوە لەسەر داوای بەڕێز وەزیری شارەوانی وگەشتوگوزار گفتوگۆ لەسەر پرۆژەکە دواخرا.**

**٦ـ دواجار لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٧/١١/٢٤دا پرۆژەکە بۆ جاری سێیەم خرایە بەردەم پەرلەمان، کەچی ئەو جارەیان بەڕێز وەزیری شارەوانی وگەشتوگوزار ئامادە نەبوو لە دانیشتنەکەدا و سەفەری کردبوو، بۆیە لەسەر پێشنیاری هەندێ لە لیژنەکانی ناو پەرلەمان گفتوگۆ لەسەر پرۆژەکە دواخرا، بەمەبەستی پەیوەندی کردن لەگەڵ وەزارەتی تایبەتمەندا پێش ئەوەی کە جارێکی تر پێشکەش بە پەرلەمان بکرێتەوە.**

**٧ـ ئێستاش هەر هەمان پرۆژە کۆنەکەیە کە بەپێی نووسراوی سەرەوەی ئەنجوومەنی وەزیران بۆمان هاتووەتەوە، بەبێ ئەوەی هیچ گۆڕان کاریەکی لەسەر کرابێ.**

واتە ئەم پرۆژەیە پاش ئەوەی بە ڕەسمی سێ جار لەم دانیشتنانەدا دواخراوە و هەر جارێکیش

لەبەر هۆیەکی تایبەتی و، سێ جاریش بە نووسراوی رەسمی نێردراوەتەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران و، کە هاتووەتەوە هەر هەمان پرۆژە بووە، هەرجارێکیش کە هاتووەتەوە لەسەری نووسراوە (بناءا علی ما عرضتها وزیرة البلدیات)، هەتاکو دوایین جاریش لە کۆتایی مانگی دوو کە بۆمان هاتەوە هەر هەمان پرۆژە بوو بێ ئەوەی هیچ گۆڕانێکی بەسەردا هاتبێت، لیژنەی پسپۆڕی چوار وەزارەت لەگەڵ سێ لیژنەی پسپۆڕی ناو پەرلەمان گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە ئەم پرۆژەیە کەموکووڕیی زۆرە، وەکو لیژنەی یاسا دەڵێت: پێویستی بە ناوئاخنێکی یاسایی(حشو قانونی)و زل کزدنێک کراوە، کە پەیوەندی بە یاسای ژمارە (٢٢٢)هەیە، بۆیە پاش یەک دوو دانیشتن لەگەڵ لیژنە پسپۆڕیەکان وجارێکیشیان بە ئامادە بوونی بەڕێز وەزیری شارەوانی و وەزیری کشتوکاڵ و نوێنەری وەزارەتی دارایی و ئێمەش، بە هەموو لایەکیانەوە گەیشتینە ئەوەی کە رەشنووسێکی بڕیاریان ئامادە کردبوو، بەڵام ئەو رەشنووسی بڕیارە پێش ئەوەی بخرێتەروو پێنج شەممەی رابردوو بە سێ چوار دێر پرۆژەیەکی ترلەلایەن ئەنجومەنی وەزیران هاتووە بۆ ئێرە بە شێوەیەکی راستەوخۆ کە نە پەیوەندی بەو پرۆژەیە هەیە کە سێ چوار ساڵە تۆپ تۆپێنی پێ دەکەین، ئەوە نییە یەکێکی ترە، هەروەها لەگەڵ پێشنیاری پسپۆڕانی سێ وەزارەت و چوار لیژنەی پەرلەمانی دا ناگونجێ کە پێش یەک دوو هەفتە دانیشتن.

لە راستیدا برایان ئەم بابەتە گرنگە، ئەو رۆژەش وابزانم من زۆر بە تێروتەسەلی لەگەڵ برایانی نوێنەری وەزارەتەکان و بە ئامادەبوونی هەردوو رێزدار وەزیری شارەوانی و وەزیری کشتوکاڵ و جەنابی سکرتێر کاک شێروانیش لەوێ بوو، لیژنەکانی یاسا و دارایی وکشتوکاڵ و ئەوانی تریش لەوێ بوون، نزیکەی (٢٠ـ ٣٠) کەس بووین، من تکام لێکردن ئەم بابەتە زوو کۆتایی پێ بێنن، ئەمە یەک. دووەم کارێکی وا بکەن ئەمە دەستکەوتەکە ئەیدەین بە خەڵک ئەیدەین بە خێزانی شەهیدان کارێکی وا نەکەن کەلێنی وای تێدا هەبێ، سبەی قسەمان بێتە سەر، لە جیاتی چاکە بە خراپە بگەڕێتەوە، دوو سێ نموونەم بۆ هێنان بەلای کەمی یەکێکیان زۆر زەق بوو، لەم پەرلەمانەدا ئێوە لە بیرتانە پێش ماوەیەک ئێمە بڕیارێکمان دا یاسایەکمان دەرهێنا کە وەکو پرۆژەیەک لە لایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بۆتان هاتبوو ئەوەی پەیوەندیدارە بە مەسەلەکانی کرێ (ایجار) و، ئەوەی لە عێراق دەرچووە ئێوە دەزانن هەر یاسایەک لەوێ دەربچێ ئێمە پابەند نین بەتایبەتی پاش راپەرین و، دامەزراندنی دامودەزگاکانی خۆمان، بەڵام حەقمان هەیە هەمواریان بکەین یان رایان بگوێزین، ناچار پاش ئەوەی لیژنەکانی ئێمە دیراسەتی کرد شتێکی باشمان لە پەرلەمان پێشکەش بە ئێوە کرد یەکێک لە خاڵە هەرە گرنگەکان کە ئێمە رەچاوی باری کرێ چییەکانمان کرد

بەتایبەتی ئەوانەی خانووبەرەیان هەیە و، بابەتەکە بەسترا بە ئالیەتێکی باجەوە کە ئەو کاتە هەردوولا بەرپرسیارەتی خۆیان وەردەگرن چ خاوەن موڵک و چ ئەوەی ئیجار دەکات و، لە ئەنجامدا (عەدالەتێکی نسبی) بەسەر خەڵکدا دابەش بکرێت لەگەڵ ئەوەشدا وابزانم هەمووتان دەزانن چیمان پێ دەکرێ لە تەلەفزیۆن بەداخەوە وەکو کابرا دەڵێ بە پارەی خۆت بە توانای خۆت بە کادری خۆت وەرە دەستکەوتێکی خۆت بشێوێنەو، هانی خەڵکێک بدە کە لێی تێنەگەن بابەتەکە چییە، ئیستغلالی بێچارەیی خەڵک بکەن، بێ هۆشیاری خەڵک بقۆزنەوە لە بابەتەکانی یاساوە کە تۆ چیت کردووە، چاکەکەی حکومەتی هەرێمیان گەڕاندەوە بە خراپە لەکاتێکدا ئەگەر ئەوەی بەغدا وەکو خۆی جێبەجێ بکرابایە کە داوا دەکرا ئەوە بکرێ ئەبوو بە هەڵلایەک مەگەر خوا بیزانیبایە چ فیتنەیەکی لێ دروست دەبوو، لەوانەیە دوێنێ شەویش زۆربەی زۆریشتان تەماشای تەلەفزیۆنتان کردبێت کە کێشەیەک لەسەر زەوی هەیە پەیوەندی بەچوار پێنج کەسەوە هەیە چ هەرایەکیان دروست کرد، چ گرفتێکیان دروست کرد، لەکاتێکدا حکومەت دەڵێت چارەم کردووە، خاوەنەکەی دەڵێ چارەکراوە، بێژەر دەڵێ نەخێر چارەنەکراوە، دوایی ئەو بابەتە پەیوەندی بەچوار پێنج کەسەوە هەیە تۆ دێیت یەک شەوی تەواو خەڵکی پێ خەریک دەکەی و، هانی خەڵک دەدەیت، تەسویری درۆ و دەلەسە دەکەی. جا بە راستی دەبێ ئێمە هۆشیار بین، ئێمە نوێنەری خەڵکی کوردستانین، سوێندمان خواردووە لەبەرامبەر خواو لە بەرامبەر خەڵکی کوردستان، کە ئێمە لێرەدا راستگۆ بین کە ئێمە شتی باش پێشکەشی خەڵک بکەین، ئێوە دەزانن سەرکردایەتیی پارتی بەتایبەتی جەنابی سەرۆک بارزانی زۆر بە پەرۆشەوەیە کە دەستکەوت بۆ شەهیدان و بۆ ئەو خەڵکەی کە قوربانی داوە دەستە بەر بکا، یەکێک لەوانە کە بەشێک لەم هەیکەلەی بەدەستمانە پەیوەندی بەوانەوە هەیە، خوا قەبوڵ ناکات کە شتێک وا پیرۆز بێت بۆ خەڵکێکی وا تێکۆشەر بێت، ئێمە کەلێنی وای لێ بکەین و، خەڵکێک کە لە ئاوی شێلودا راو دەکەن بیکەنە گرفت بۆ ئێمە بۆیە دوو رۆژ، سێ رۆژ گرفتێکی گەورە نییە بریارمان داوە دوای جەژن بەیاری خوا ئەمە یەکەم پرۆژە بێت تەواوی بکەن تا ئەوکاتەش لیژنەکانی پەیوەندیدار لە پەرلەماندا لەگەڵ پسپۆڕەکانی وەزارەتدا کە دانیشتنی خۆیان کردووە وەکو من بیستم، ئەگەر پێویست بوو دوا دانیشتن بکەن ئەو پرۆژەمان بۆ ئامادە بکەن وەکو پرۆژەیەکی رێکوپێک بۆ ئەوەی ئینشائەڵلا لە یەکەم دانیشتنی پەرلەماندا ئێمە ئەو پرۆژەیە تەواو بکەین بۆیە ئێستاکە هەرچەند لە بەرنامەی کاردا هاتووە ئێمە لە سەرۆکایەتی و، لەگەڵ هەر سێ چوار لیژنەش و، لەگەڵ وەزیرانی پەیوەندیداریش قسەمان لەسەر ئەو بابەتە کرد و، وامان بەباش زانی کە دوا بخرێ

بۆ دوای جەژن لەیەکەم دانیشتنی پەرلەماندا دوای جەژن ئینشائەڵلا وەکو ئەڵێن (نبت فی الموضوع) و، وەکو دیارییەک لە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ خەڵکی کوردستان بەگشتی و خێزانی شەهیدانمان بە تایبەتی نوقلانەیەک بێت.
بەرنامەی کارمان خاڵێکە مادام دوا دەخرێ پێویستە بیخەینە دەنگدانەوە، کاک حوسێن فەرموو.

**بەڕێز حسێن تەها سنجاری/ وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار دەست لەکاروباری تەکنیکی وەرنادەین، هەروەها دەست لە کاروباری یاساش وەرنادەین، پسپۆڕو لێزان هەنە شتەکانمان بە کورتی بۆ دێنێ ئێمە ڕێنمایی دەکەین بەتایبەتی لەم بابەتەدا ڕێنمایشمان وا بووە کە پرۆژەکە بەشێوەیەک بکرێت کە یەکسانی تیا بێت، وبێ کەلێن بێت، هەروەها پەلەی لێ بکرێ هەتاکو شەهیدەکانی بزووتنەوەی کورد و خەباتگێران شتێکیان هەبێ بۆ خۆیان و خێزانی خۆیان، ئێمە کە ئەبینین کەلێنێک هەیە قەیناکە لەوانەیە تۆزێک دوا بکەوێ هەتاکو دیسانەوە بە درێژی دووبارە، یان سێ بارە دیسان دەرس بکرێ هەتاکو بەشێوەیەک بێ لە ئاکامدا بە یەکسانانە بێ بە شێوەیەکی ڕێکوپێک بێت کە هەموو لایەک ڕازی بن و ڕەچاو بکرێ وەکو کارئەنجامدانێک بۆ حکومەتی هەرێم. تکامان وایە کە لەبەر گرنگی ئەم پرۆژەیە لەبەر ئەو کەرتانەی کە وەکو گوتمان شەهیدەکان و خەباتگێرانی بزووتنەوەی کوردی و کەرتەکانی دیکە بەتەمای ئەو ڕۆژەن کە بتوانین ئەو پارچە زەوییانە بەسەریان دابەش بکەین کە بە زووترین کات لە هەموو ڕوێکەوە تەواو بێ بەبێ کەلێن و، بەشێوەیەکی یەکسانی و، گونجاو بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەو بڕگەیە کە ئێستا باسمان کرد وەکو بەرنامەی کار کەوا ڕێککەوتوین کە دوابخرێت بۆ دوای جەژن، ئێستاش دەیخەینە دەنگدانەوە، کێی لەگەڵە؟..دەست بەرزکرایەوە..سوپاستان دەکەین، کێی لەگەڵ نییە؟، کەواتە بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.
بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان تەنها ئەم خاڵە بوو، سبەینێ ڕۆژی عەرەفەیە بە یاوەری خوا و، دووسبەیش جەژنە، پێشەکی حەزدەکەم بە ناوی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنەوە پیرۆزبایی گەرم لە ئێوەی بەڕێز بکەین، سوپاسی ئێوەی ئازیز دەکەین کە چەند دانیشتنێکی گەرم وگوڕمان لەم خولەدا کردووە و شتی باشمان ئەنجام داوە و، چاوەڕوانی شتی تریش دەکەین و، هەر بەم بۆنەیەوە بە ناوی ئێوەی بەڕێزەوە پیرۆزباییەکی گەرم لە خەڵکی کوردستان دەکەین بە هاتنی جەژنی قوربانی پیرۆز و هیوادارین کە جەژنەکەمان، جەژنێکی پڕ لە خۆشی وکامەرانی بێت و، خەڵکی کوردستان

بە ئاسوودەیی ئەم جەژنە بکەن و، هەروەها پیرۆزبایی لە سەرۆکی خۆشەویستمان کاک مەسعود بارزانی و، سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان و برایانی لایەنە سیاسیەکانی تر دەکەین و، هیواداریین ئەم جەژنە، جەژنێک بێ بەرەو ئاشتی برۆین و، هەنگاوەکانی ئاشتی بەیاوەری خوا زیاتر بچەسپێت و، خەڵکی کوردستان ودۆستانیشمان شاد بن، چونکە هەموو لایەک بە پەرۆشن بۆ ئەو ئاشتییە، جارێکی تریش جەژنتان پیرۆز بێت، ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتیدا وامان بە باش زانیوە کە رۆژی دووشەممەی ئاینده دەعوەتتان بکەین بۆ دانیشتنێک، چونکە رۆژی شەممەش دەکەوێتە جەژنەوە، بەڵام پاشان کاک فرەنسۆ ئاگاداری کردینەوە کە خۆشبەختانە برا ئاشووریەکانیش رۆژی دووشەممە جەژنیانە و، بە یاوەری خوا جەژنەکانمان تێکەڵ دەبن، ئێمەش لەگەڵ ئێوە درێژە بە جەژنەکەمان دەدەین و، دانیشتنی ئاییندەمان دەخەینە رۆژی سێ شەممەی ئاییندەوە لە کاتژمێری (١١)ی سەر لەبەیانی و، شاگوڵی دانیشتنی رۆژی سێ شەممەیش بەیاوەری خوا ئەم یاسایە دەبێت کە ئێستا باسمان کرد و، دیارییەکی پیرۆزە لەلایەن پەرلەمانەوە کە ئەو پرۆژەیە لەلایەن حکومەتەوە پێشنیارکراوە پێشکەش بە خەڵکی کوردستانی دەکەین، زۆر سوپاسیشتان دەکەین بۆ ئەم دانیشتنانەی کە کردمان و، سەفەر بەخێر بۆ ئەوانەی کە سەفەر دەکەن و، رێزوسڵاومان هەیە بۆ خەڵکی دهۆک و، شاری هەڵمەت وقوربانی و، هەروەها بۆ شاری هەولێری خۆمانیش ئەوە بەیاوەری خوا بەیەکەوە ئەم جەژنە دەکەین و، سوپاستان دەکەین وخواتان لەگەڵ.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٧)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ١٤/٤/١٩٩٨

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٧)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٤/١٤

***کاتژمێر (١٠) ی سەرلەبەیانی ڕۆژی سێ شەممەی ڕێکەوتی ١٩٩٨/٤/١٤ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا سکرتێری ئەنجوومەن، دانیشتنی ژمارە (٧)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (١٩٩٨)ی خۆی بەست.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، پاشان بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١. گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی بڕیاری کوژاندنەوەی مافی بەکار هێنان و جوداکردنەوەی زەوی کشتوکاڵی (اطفاء حق التصرف وافراز الاراضي الزراعية) لەهەرێمدا.***

***٢. گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای بەردەوام بوونی خولی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، تائەوکاتەی ئەنجوومەنی نوێ هەڵدەبژێردرێ.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان.

دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێدەکات، دانیشتنی ژمارە«٧» لە ١٩٩٨/٤/١٤، بەرنامەی کارمان بریتیە لە دوو خاڵ.

خاڵی یەکەم: گفتوگۆکردنە لەسەر مافی بەکارهێنان و جیاکردنەوەی زەوی کشتوکاڵی (إطفاء حق التصرف وافراز الاراضي الزراعية) لەهەرێمدا.

خاڵی دووەم: گفتوگۆکردنە لەسەر پرۆژەی یاسای بەردەوام بوونی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق تا ئەنجوومەنی نوێ هەڵدەبژێردرێ. ئەمە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمانە، کاک فرەنسۆ تێبینیەکی هەیە، با بفەرمووێ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم خاڵی دووەم، پێش خاڵی یەکەم بخرێ و خاڵی یەکەم ببێ بە خاڵی دووەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر هیچ تێبینیەکی تر نیە دەیخەینە دەنگ دانەوە؟کاک ئازاد تێبینی هەیە بابفەرمووێ.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمڕۆ ١٤ی نیسان، ڕۆژی یادکردنەوەی ئەنفالە، ئەگەر یادێکی بکەینەوە شتێکی چاکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

شتێکم لەم بارەیەوە ئامادەکردووە سوپاست دەکەم بۆ ئەم بیرخستنەوەیەت، پێشنیارێک لەلایەن کاک فرەنسۆ هەیە داوا دەکا خالی دووەم پێش خالی یەکەم بێت، ئەیخەینە دەنگ دانەوە، کێ لەگەڵە؟.... سوپاس، کێ لەگەڵ نیە؟ .... سوپاس، بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا. خالی دووەم دەبێ بە خالی یەکەم. پێش ئەوەی دەست بە خالەکانی بەرنامەی کارمان بکەین یەک دوو بۆنە هەیە حەقە بیخەینە ڕوو و لەسەری بدوێین، وەکو ئاگادارن بە بۆنەی جەژنی قوربانی پیرۆز و جەژنی قیامەتی برا مەسیحیەکان (عید الفصح) پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی سەرجەم برا موسڵمانەکان و برا مەسیحیەکان چ لە کوردستان و چ لە عێراق ولە جیهان کرد، ئومێدی ئەوەمان خواست کە بە پشتیوانی یەزدان هەموو جەژنەکانمان بە خۆشی و سەرکەوتن و سەرفرازی تێپەڕ ببێ.

ڕۆژی چوارشەممە واتە بەیانی، جەژنی سەری سالی برا کوردە ئێزیدیەکانمانە دیسان جارێکی تریش بەم بۆنەیەوە بەناوی ئێوەی بەڕێزەوە پیرۆزبایی گەرم ئاراستەی برا ئێزیدیەکانمان ئەکەین لە کوردستان و، لەهەر کوێ هەن بەیاری خوا ئەم سالەو هەموو سالێکیان بە خۆشی و سەرفرازی و سەرکەوتوویی ئەبەنە سەر.

بەڕێزان، ئەمڕۆ (١٤)ی نیسانە، وەکو ئەزانن لە کاتی خۆیدا بەرەی کوردستانی (١٤)ی نیسانی هەموو سالێکی دەست نیشان کرد بۆ یاد کردنەوەی ئەنفال. هەرچەندە ئەنفال کردنی خەلکی کوردستان بە چەند قۆناغێک تێپەڕ بوو، بەشێکی لەم مانگە بوو بەشێکی تری لە مانگەکانی تر بوو، سەرەتا لە چەند ناوچەیەکی کوردستان دەستی پێکرد، لە دۆلی جافایەتی و لە قەرەداغ و لە گەرمیان و لە بالیسان و دەڤەری بازێ لە سنووری پارێزگای دهۆک.

هەروەها هەروەک هەمووتان ئاشنای ئەنفال کردنی برا بارزانیەکانمانن کە لە کۆتایی مانگی تەموزی سالی(١٩٨٣) بوو وزیاتر لە(٨٠٠٠)پیاو و منداڵ و لاویان تێدا ئەنفال کرد، تاکو ئەمڕۆش بێ سەرو شوێنن، ئەنفالکردنی خەلکی کوردستان تاوانێکە، کە بۆ ئێمەی خەلکی کوردستان ناکرێ هەرگیز لەیادی بکەین، تاوانێکە کە خەلکی ئێمە کەوتە بەر شالاوی دڕندەترین نەیاری کورد، لە ئەنجامدا بوە هۆی بەتالان بردن و کاول کردنی بەسەدەها دێهات و بێ سەروشوێن بوونی نزیکەی ١٨٠هەزار کەسی بێ تاوانی کورد.

شوێنەواری ئەنفالە بەدناوەکان هەر ئەوەندە نیە، وەکو دوایین ڕاپۆرتی هەڵەبجەشتان گوێ لێ بوو

که دوای بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی بۆتە ئاکارێکی زۆر ترسناک، ئاسەواری ئەم تاوانە ڕۆژ بە ڕۆژ بەدیار دەکەوێ، هەروەک لە ڕۆژی١٦ی ئازار باسمان کرد کاری کردۆتە سەر دار و بەرد و ئاو وخەڵکی ئەم دەڤەرە، نەوەکانی ئەم ناوچەیە وەکو نرخێکی گران باجەکەی دەدەن، ئەنفال کردنی خەڵکی کوردستانیش هەر ئەوەندە نەبوو، بەڵکو ئاسەواری ئەم تاوانەش تاکو ئێستا هەر ماوە بەتایبەتی دیاری نەکردنی چارەنووسی هەزارەها کەس، هەمووتان دەزانن ئەمە (تبعیات)ێکی یاسایی و شەرعی هەیە، ئێمە لە کوردستان لەماوەی پێنج شەش ساڵی ئازادیدا تاکو ئێستا وەکو پێویست نەمان توانیوە چارەسەری ئاسەواری ئەم تاوانە بکەین، بۆیە پێویستە بیریان لێ بکەینەوە چونکە خەڵکی ئێمە چاوەڕێی ئەوە دەکات کە بزانێ چیان بۆ دەکرێ، بۆئەم بارەی کە بەسەریان هاتووە.

ئومێدەوارین جارێکی تر خەڵکی کوردستان تووشی شاڵاوێکی دڕندەی لەم جۆرە نەبێتەوە، هیوادارین کوردستانی ئازیزمان تووشی ناخۆشی نەبێت، و ڕێبازی ئاشتی سەرکەوێ، یەک بوونی ریزەکانی خەڵکی کوردستان سەرکەوێ، ئەم ئەزموونە سەقام گیرو پێش کەوێ، چونکە هەر بەرقەرار بوونی ئەم ئەزموونە بەرەو پێشەوەچوونی دەبێتە هۆی دوور خستنەوەی هەموو ناخۆشیەک کە بەسەر ئەو میللەتە هاتووە، گومانم لەوەدا نیە کە هەموومان کۆکین لەسەر ئەوەی کە خەڵکی کوردستان ئەوەندە قوربانی داوە، ئەوەندە کارەساتی بەسەر هاتووە، هەقە لە پێناویدا هەرچی باشە درێغی نەکەین و بیکەین، دووریان بخەینەوە لە هەموو ناخۆشیەک و مافەکانیان مسۆگەر بکەین. ئێوە لێرە نوێنەری خەڵکی کوردستانن و لەساڵی ١٩٩٢بڕیاری فیدراڵیەتتان داوە بۆ ئەم قۆناغە، کەداخوازی و ویست و ڕاو بڕوای هەموو لایەکمانە، جارێکی تر سڵاو لە گیانی ئەنفال کراوەکانمان، لەخەڵکی خۆڕاگرمان، لەکەس و کاری ئەو شەهیدانە، لەوانەی کەوتنە بەر ئەم شاڵاوە دڕندانەیە و توشی زەرەرێکی ماڵی و گیانی و نەفسی بوون، ڕوو ڕەشیش هەمیشە بۆ دوژمنانی کورد و کوردستانە .

بەڕێزان، لەوانەیە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردستان وجیهانی گوێ بیستی وتە بێژێک بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون لەبارەی ئەو کارەساتە ناخۆشەی لە نزیک قەسرۆک ڕوویداکە کادرێکی P.K.K لە مانگی/٣ خۆی بەدەستی هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دا، لەبەر باری ئاسایش لەم دواییە بڕیار درا بەشێوەیەکی نهێنی بگۆزرێتەوە دەوروبەری شاری هەولێر، بۆ ئەوەی گیانی بپارێزرێ، بەڵام بەداخەوە سوپای تورک دوێنێ جارێکی تریش سنووری هەرێمیان بەزاندو بەشێوەیەکی دڕندانە و نامرۆڤانە ودوور لەهەموو یاسایەک ودوور لە بەرژەوەندی میللەتەکەمان و ئەزموونەکەی و مافی هاوسێ یەتیمان، بەتیمێکی تایبەت بە هەلیکۆپتەر دیار بوو چاودێری ئەو کاروانەیان کردبوو، ئەو کادرە و یەکدووێکی تر و چەند کەسێک لەو پاسەوانانەی کە لەگەڵیاندا بوون لە پێشمەرگەی کوردستان بەهەلیکۆپتەر دەست گیریان کردن و بردیانن بۆ تورکیا، بەوەشەوە نەوەستان، بەڵکو لە ئاژانسەکانی خۆشیان باسیان

کرد، وەکو عەمەلیەتێکی تایبەتی سەرکەوتوو، ئەمەش خۆی لە خۆیدا جێگای نارەزایی و نیگەرانی هەموو لایەکمانە، من بەناوی ئێوەی بەڕێزەوە ئەو پەڕی نارەزایی بەرامبەر ئەم کارە دەردەبڕم، چونکە پێشێل کردنی هەیبەت وحورمەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، داوا لە حکومەتی هەرێم دەکەین کە بەدوای ئەم کارە ناڕەوایە دا بچێت، بۆ ئەوەی ئەم وەزعە روون بێتەوە، چونکە دەست درێژیەکی بێ وێنەیە.

دێینەوە سەر بەرنامەی کارمان، خاڵی یەکەم: گفتوگۆکردنە لەسەر پرۆژەی یاسای بەردەوام بوونی خولی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق تاکو ئەنجوومەنی نوێ هەڵدەبژێردرێ، لەم بارەیەوە پرۆژەیەکم لەلایەن زۆربەی زۆری ئەندامانی پەرلەمانەوە وەکو پرۆژەیەکی یاسایی پێشکەش بەسەرۆکایەتی کراوە، بۆ ئەوەیە باسی درێژکردنەوەی ئەم خولە بکرێ، وەکو ئاگادارن تا ئێستا سێ جار ئەم خولە درێژ کراوەتەوە، بارودۆخەکە وا پێدەچێت نەتوانین لە کاتی تەواو بوونی ئەم خولە هەڵبژاردن بکەین لەبەر ئەم بارودۆخەی کە هەیە، بۆیە پێشنیارێکی وا کراوە لەلایەن زۆرینەی ئەندامان کە ئەم خولە درێژ بکرێتەوە.

ئێستاش ئەگەر هیچ تێبینیەک نەبێ، لەسەرەتادا سکرتێری پەرلەمان پرۆژەکە دەخوێنێتەوە، پاشان دەرگای گفتوگۆ بۆ ئەندامان والآدەکرێ و دواتر دەیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم

بإسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تأريخ القرار:

قانون

تمديد الدورة الانتخابية الاولى

للمجلس الوطني لكوردستان ـ العراق

رقم (    ) لسنة ١٩٩٨

المادة الاولى:ـ

تستمر الدورة الأنتخابية الاولى للمجلس الوطني لكوردستان ـ العراق المقرر إنتهاءها في ١٩٩٨/٦/٤ وفق قرار التمديد الثالث الصادر عن المجلس برقم« ٢ »في ٣ / ١٩٩٦/٩ ويبقى المجلس قائماً لحين انتخاب المجلس الوطني الجديد وانعقاد جلسته الاولى.

المادة الثانية :ـ

ينفذ هذا القانون اعتباراً من ١٩٩٨/٦/٤ وينشر في الجريدة الرسمية.

جوهر نامق سالم

رئيس المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق

الاسباب الموجبة

حيث ان المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق هو حصيلة نضال شعب كوردستان وثمرة تضحيات الآلاف من شهداء حركته التحررية ويعتبر عماد النظام السياسي القائم في الاقليم وقاعدة تجربته الديمقراطية ومصدر شرعية السلطة، وإن التفريط بالمجلس القائم دون ان يتسنى انتخاب مجلس جديد يحل محله خطيئة كبرى، وإن الحفاظ عليه وصيانته مسؤولية تأريخية على عاتق كل مواطن كوردستاني غيور على المصالح العليا للشعب والوطن، وحيث ان الاوضاع الداخلية في الاقليم الناتجة عن الاقتتال الداخلي المؤسف، حالت دون اجراء انتخاب مجلس جديد، مما حدى بالمجلس انصياعاً لرغبة شعب كوردستان، تمديد الدورة الانتخابية الاولى لثلاث مرات متتالية، دون ان تنحسر الموانع في سبيل اجراء انتخابات المجلس الوطني للدورة الانتخابية الثانية.

وبما أن القواعد الدستورية لجميع الامم المتحضرة والانظمة الديمقراطية السائدة، قد اجمعت على اعتبار الظروف الطارئة والاخطار الداهمة وحالات الحرب، من اعذار تمديد مدد البرلمانات القائمة، لحين زوال الخطر المانع من اجراء الانتخابات وتوفر الظروف الضرورية لاجرائها بشكل يتمكن الناخب من ممارسة حقه الانتخابي بشكل ديمقراطي حر....

وبما ان انتخاب المجلس الوطني الجديد مرهون بأنتهاء حالة الاقتتال الداخلي واستتباب السلم نهائياً لذا فلقد شرع هذا القانون.

ناوەكان:

١ـ فرەنسۆ تۆما هەریری.

٢ـ فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا.

٣ـ یونادم یوسف كنا.

٤ـ ئازاد قەرەداغی.

٥ـ تەها محەمەد تەها.

٦ـ كانەبی دزەیی.

٧ـ عەفان نەقشبەندیی.

٨ـ سەعید محەمەد سدیق هروری.

٩ـ یوسف جەمیل میران.

١٠ـ ئەكرەم عاشوور.

١١ـ د. قاسم محەمەد قاسم.

١٢ـ ئیبراهیم سەعید.
١٣ـ حەمید سەلیم میران.
١٤ـ قەیس دێوالی دۆسکی.
١٥ـ شێروان حەیدەری.
١٦ـ مەلا مەحمود دێرشەوی.
١٧ـ ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی.
١٨ـ سەعید ئەحمەد یەعقوبی.
١٩ـ سەفەر محەمەد دۆسکی.
٢٠ـ بورهان جاف.
٢١ـ ئەکرەم عزەت.
٢٢ـ محسن سالح عەبدولعەزیز.
٢٣ـ زاهیر محەمەد.
٢٤ـ ئەحمەد سالار.
٢٥ـ محەمەد ئەمین مەولود.
٢٦ـ رەقیب حسێن مەلا.
٢٧ـ حسێن عەلی کەمال.
٢٨ـ وریا دزەیی.
٢٩ـ شمائیل نەنۆ.
٣٠ـ یار ئەحمەد.
٣١ـ زەهرا حاج طه.
٣٢ـ رەجەب شەعبان.
٣٣ـ جەمیل سندی.
٣٤ـ سەعید عەلی خان.
٣٥ـ فەرحان شەرەفانی.
٣٦ـ بطرس سخریا.
٣٧ـ د. سەلیم عەلی مەلۆ.
٣٨ـ سەلام کەریم خان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی سکرتێر، ئێستاش دەرگای گفتوگۆ بۆ ئەم بابەتە دەکەینەوە، ئەگەر هیچ تێبینیەک نیە، مادده بە مادده دەخەینە دەنگدانەوە، کاک د. رزگار، کاک ئیبراهیم، کاک ئەمین مەولود و کاک مامەند ئاغا دەیانەوێ قسە بکەن، فەرموو د. رزگار.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پەرلەمانی کوردستان سونبولی یەکگرتنی گەلی کوردستانە، نەک تەنها لە کورستانی عێراق بەڵکو لەهەموو پارچەکانی کوردستان لە دەرەوەی کوردستانیش جێی بایەخی هەموو کوردێکە، پەرلەمان جێگایەکی زۆر پیرۆزە وەکو سەرۆک بارزانی لەو مینبەرەو گوتی:-

« بنکەی شەرعیەت لە کورستان تەنها پەرلەمانە ».

بۆیە پاراستنی پەرلەمان، مافی پەرلەمان، سوربوونە لەسەر ئومێد و هیوای گەلەکەمان لەسەر چارەنووسی گەلەکەمان، بەگەرمی پشتیوانی لێ دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک د. رزگار فەرموو کاک ئیبراهیم سەعید.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پەرلەمانی کورستان جێگای ئومێد و هیوای گەلی کوردە، ئەو پەرلەمانە کە یەکەم پەرلەمانی شەرعی و دیموکراتییە لە مێژووی میللەتی کورد دا لەناو گەلی کوردستان جێگای خۆی کردۆتەوە لەبەر ئەوەي زۆر یاساو بریاری باشی بۆ خزمەتی ئەم میللەتە لەم مینبەرەوە دەرکردوە، بۆیە دەبینین رۆژانە هاولاتیان سەردانی ئەندامان دەکەن بۆ خستنە رووي گرفتەکانیان، چونکەدەزانن لەم هۆلە زۆر جار دەتوانم بلێم هەموو جار ئێش و ئازاری ئەم خەلکە دەخرێتە روو وگفتوگۆی لەسەر دەکرێ، لێرەدا پرسیارێک دێتە روو، ئایا باشتر نیە ئەم پەرلەمانە درێژ بکەینەوە لەوەی کە پەرلەمان نەمێنێ؟ بێگومان دەلێم بە مانی پەرلەمان دەتوانین زیاتر خزمەتێ بکەین، لە هەمان کاتدا هیوادارین پرۆسەی ئاشتی بەردەوام بێ وبارودۆخەکە جارێکی تر بگەرێتەوە دۆخی سروشتی جاران تاکو میللەتەکەمان جارێکی تر بە چالاکی هەلبژاردنی خۆی بکات و پەرلەمانێکی تر هەلبژێرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس،کاک ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئاشکرایە بوونی پەرلەمان لەولاتدا نیشانەیەکی پرشنگ دارە بۆ بوونی دیموکراتیەت و بوونی ئازادی، هەر لەبەر ئەوەشە کە دکیتاتۆر و فاشستەکان هەمیشە لە رووی سیستەمی دیموکراتی پەرلەمانی دەوەستن. پەرلەمان ئەو دەزگایەیە کە بە هۆی دەرکردنی یاسا و بریارەکان مافەکانی گەل دەپارێزێ، هەروەها رێکخستنی باری سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی ولات دەپارێزێ، لەپاڵ ئەوەشدا دەزگایەکی پێویستە بۆ ئاراستە کردن و چاودێری کاروباری دەسەلاتی راپەراندن و دادگەری،

بەجۆرێک لەپێناو سوودی گشتی دا بێت ئێمەش لەو قۆناغە پێویستمان بەبوونی ئەم پەرلەمانە خۆشەویستە و بەردەوام بوونیەتی، با نەهێڵین هیچ بۆشاییەک لەم ماوەیەدا رووبدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک مامەند.

**بەڕێز مامەند بابەکر ئاغا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی لەساڵی ۱۹۹۲ و دانانی یەکەم پەرلەمانی کوردستان یەکێکە لە گرنگترین دەست کەوتەکانی شۆڕشی ئەیلولی مەزن کە بارزانی نەمر دروست کەر و خەم خۆری بوو، تا دوا هەناسەی ژیانی لە پێناوی گەلەکەی بەخت کرد، بەو پەری ئازایەتی و لە خۆبردن رابەرایەتی ئەم شۆڕشە مەزنەی بە شێوەیەکی زۆر رێک و پێک و ئەمینانە کرد تا گەیشتە ئەو قۆناغەی ئێستامان، بۆیە مانەوەی ئەم دەسکەوتە دیموکراتییە پێویستە، چونکە شەرعیەتێکە گەلی کوردی لە قۆناغێکەوە گواستەوە بۆ قۆناغێکی پێشکەوتووتر، گەلانی دوونیای تێگەیاند کە ئێمە دەتوانین مارەسەی دیموکراتیانە بکەین بۆ خۆمان، ئیش وکاری خۆمان ئەنجام بدەین.

وابۆ حەوت ساڵ دەچێ پەرلەمان زۆ بە رێک و پێکی ئیشەکانی خۆ ئەنجام دەدات، بەو پەری دڵسۆزی و لەخۆبوردنەوە خزمەتی گەلە هەژارەکەی دەکات، لەگەڵ بەرەنگار بوونەوە و رووبەرووبوونەوەی ئەو هەموو گیروگرفتەی کە لەلایەن ناحەزانیەوە دەویسترا رێگەی لێ بگیرێ بەڵکو زۆر جار هەوڵیان داوە پەرلەمان تێک بدەن و هەڵی وەشێننەوە بەڵام ئیرادەی زۆربەی گەلی کورد بە تایبەتی بەڕێز کاک مەسعود بارزانی هەمیشە دووپاتی پشتیوانی بوونی پەرلەمانی کردۆتەوە بەهەر شێوەیەک بێت بەهەر نرخێک بێت، بۆیە پشتگیری ئەم پرۆژەیە دەکەین کە ماوەی خولی هەڵبژاردنی پەرلەمان درێژ بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئەحمەد سالار فەرموو.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پەرلەمان ئەو رووکارە ژیارییە رۆشنە پرشنگدارەیە کە مایەی شانازی میللەتەکەمانە و بەرهەم و رەنج و تێکۆشانی ساڵەهایە، بۆیە پاراستنی سوور بوونە لەسەر ئاوات و خەونە رەواکانی، بۆیە درێژە پێدانی مانای ئەوەیە پاراستنی ئاواتە و داکۆکی کردنە لەهەموو ئەو قوربانی و خەباتەی کە ساڵەهای ساڵە بەرچەڵەکەی مێژووی گەلەکەماندا چووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک فرەنسۆ.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

نەک تەنها پەرلەمان دەزگایەکی شەرعییە، بەڵکو ئەو هەموو بڕیار و یاسایانەی کە لە پەرلەمان دەردەچن هەموو شەرعین، ئەو حکومەتانەی کە پەرلەمان بڕوای پێداون شەرعین، هەمووئەو هەنگاوانەی کە لە پەرلەمان دەهاویشترێن نوێنەرایەتی شەرعیەت دەکەن لە کوردستاندا.

پەرلەمان هەر لەیەکەم ڕۆژی دامەزراندنیەوە بووەتە دەزگایەکی یەکگرتنی هەموو میللەتی کورد، بە هەموو حزبەکانیەوە بەهەموو نەتەوەکانیەوە.

ئێستاکە ئێمە لێرە کۆبووینەتەوە، پەرلەمانی کوردستان بە (٥٤) ئەندام نیسابی یاسایی کۆبوونەوەکانی بەڕێوە دەچێ و دەتوانێ بە ئامادەبوونی (٥٤) ئەندام هەموو بڕیارێک بدات، ئێستا لەگەڵ ئەوەی چوارپێنج ئەندامی پەرلەمان ناساغن، لەدەرەو چارەدەکرێن، (٥٧) ئەندامی پەرلەمان ئامادەن، هەر(٥٧)تیان هیچ تێبینیەکیان لەسەر ئەمە نییە و حەز دەکەن پەرلەمان بەردەوام بێت، بەڵکو ئەو پرۆسەی ئاشتی یە بەرەو پێشەوە بڕوات وسەقامگیر بێت وئەو ئەندامانەی پەرلەمان کە ئێستا لەدەرەوەی پەرلەمانن ئەوانیش بێن تێکەڵی ئەم پەرلەمانە ببنەوە، ئەو کات پەرلەمان بتوانێ بڕیارێک بدات بۆ بەرەو پێشەوە بردنی پرۆژەی ئاشت بوونەوەی نیشتمانی و یەکگرتنەوەی کوردستانی، بۆیە منیش لەگەڵ ئەوەم کە ئەم بڕیارە جێگیر بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

سوپاس، فەرموو کاک یونادم.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا/وەزیری ئەشـــغـــاڵ.**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

بێگومان جێگای داخە کە بگەینە ئەم ڕۆژەی کە ناچاربین بڕیارێکی لەم جۆرە وەرگرین، بەڵام هەرچی لەدەستمان هاتووە لەو قۆناغەی ناکۆکی نێوان(P.D.K و P.U.K ) کردومانە و هەوڵی خۆمان داوە بۆ ئاشتی، بۆ چارەسەری بارودۆخەکە، سوپاس بۆ خودا وەکو کاک فرەنسۆ باسی کرد گەیشتوینەتە ئەم قۆناغەی کە پرۆسەی ئاشتیە، ئومێد دەکەین کە زۆر نەخایەنێ، ئێمە مەبەستمان ئەوەنیە کە یاساکاری بۆ بەرژەوەندی لایەنێک بکەین (تشـــریع)مەبەستمان ئەوەیە پرۆسەی دیموکراتی بەردەوام بێ لەکوردستان، بۆئەوەی بەنزیک ترین کات ئاشتی تێدا بەرقەراربێ، دیسان هەر پەرلەمان بنچینە بێ بۆ پێشەوە چوونی ئەم پرۆژەیە، هەروەها لەدونیا خەڵکێکی تریش هەیە تووشی هەمان کێشە بوون بۆ نموونە (لوبنان) لە (١٩٧٥)شەرەکەی دەستی پێکرد(١٩٧٦) پەرلەمانەکەیان پەکی کەوت، بەڵام لە(١٩٩١) کاتێ لە«تایف »گەڕانەوە هەر هەمان پەرلەمان شەرعیەتی مابوو، کە گەڕایەوە بڕیاری تازەی دا کە چۆن هەڵبژاردن بکرێ، لەگەڵ ئەوەشدا چەندین پەرلەمانتار مردبوون، بەڵام دیسان ئەو پەرلەمانتارانەی کە مابوون بوونە بنچینەی شەرعی لە

لوبنان کە دووبارە ساڵی١٩٩١ دەستیان بەکاری شەرعی خۆیان کردەوە. دیسان دووپاتی دەکەمەوە کە جێگای داخە بگەینە ئەو کاتە کە ناچار بین بڕیاری واوەرگرین، بەڵام دیسان لەبەرژەوەندی گشتیە نەک بەرژەوەندی تاکە لایەن، بۆیە بۆ بەرژەوەندی گشتی ئەم بڕیارە دەدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. ئەم خاڵە تەواو، واتە پڕۆژەکە ماددە بەماددە دەخەینە دەنگدانەوە . جەنابی سکرتێر ماددەکان بخوێنێتەوە، پاشان دەرگای گفتوگۆ لەسەر هەر ماددەیەک ئەکرێتەوەو ئەیخەینە دەنگدانەوە فەرموو.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

المادة الاولى :-

تستمر الدورة الأنتخابية الاولى للمجلس الوطني لكوردستان ـ العراق المقرر إنتهاءها في ١٩٩٨/٦/٤ وفق قرار التمديد الثالث الصادر عن المجلس برقم« ٢ »في ٣ / ١٩٩٦/٩ ويبقى المجلس قائماً لحين انتخاب المجلس الوطني الجديد وانعقاد جلسته الاولى.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینیەک هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ کەس تێبینی نییە؟ ئەیخەینە دەنگدانەوە.. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان ئەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.. سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

الماده الثانیه:

- ینفذ هذا القانون اعتبارا من ١٩٩٨/٦/٤ وینشر في الجریدة الرسمیة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینیەک هەیە لەسەر ئەم ماددە یە؟ کاک جەمیل سندی فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چونکە لەماددەی یەکەمدا ئاشکرای کردووە کە ١٩٩٨/٦/٤ درێژکردنەوەی (تمدید) پێشوو تەواو دەبێتن، لەبەر ئەوە پێویست ناکا لەماددەی دووەم دیسان بڵێین اعتبارا من ١٩٩٨/٦/٤ هەر وا بگوترێ (ینفذ اعتبارا من تاریخ صدوره) کە ئێستا مێژووی دەرچوونە (وینشر فی الجریده الرسمیه) بە چاکتری دەبینم، چونکە زۆر درێژ کردنەوەکانی پەرلەمانی لوبنانیش بەو شێوەیە هاتووە خۆی ئیعتباری (٦/٤)ە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ سوپاس، خۆی تا (٦/٤) ماوە یدرێژکردنەوەکە بەردەوام ئەبێ ماددەکە لەدوایی (٦/٤)

جێ بەجێ دەکرێ بۆیە دەبێ بنووسرێ ( من تاریخ صدوره ) لە (٤/٦)یش جێبەجێ ئەکرێ، هەتا (٤/٦) ماوە هەیە، لەسەر ئەو تێبینیەی جەنابت ئەڵێ باشە، ئەگەر چ تێبینیەک هەبێت، کەس تێبینی نییە؟ کاک شێخ فەرموو.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها پێشنیارێکم هەیە بۆ بابەتی داڕشتنی یاسایەکە وابێتن لە مێژووی راستاندنیەوە، جێبەجێ کردنەکەی مانع نییە ئەگەر کاتیش بێ، ئێستا ئێمە بڵێین لە ئێستاوە جێ بەجێ دەکرێ، بەس جێ بەجێ کردنەکەی ئەو کاتەی هیچ رەخنەیەک نابێتن بۆ بمێنێتن تا ئەو کاتە، واتا ئەو یاسایە کار پێنەکراو بێ تا ڕۆژی درێژکردنەوەکە هەر یاسایەک دەرئەچێ بڵێین لە ئێستاوە جێ بەجێ دەکرێ، بەس جێ بەجێ کردنەکەی لە (٤/٦)ە کە تەواو دەبێ دەست پێدەکات ئەو تێبینیەم هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە کێشە نییە، باشە ئەوەی دوایی..

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئاخر گرفتی لەسەر هەیە ئەگەر بەتێروتەسەلی باسی لێوە بکەین. دوایی من شتێک دەنووسم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە جەنابت لەگەڵ برادەرانی لیژنەی یاسا، ئەو برگەیە چارسەر بکەن، ئێمە کۆکین کە لەمێژووی (٤/٦)ەوە، کە سەربەخۆ درێژکردنەوەیە دەبێ، وا نییە؟ جادوایی ئەو برگەیە داڕشتنەکەی بکەن. باشە کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاک جەمیل سندی و ئەوەی کاک شێخ عەدنان وتیان پێم وایە شتێکی سروشتییە و راستە ئێمە ئێستا بڕیاری درێژکردنەوەماندا تا هەڵبژاردن دەکرێتەوە، ئینجا ئێستا دەڵێ (٤/٦) جێ بەجێ بکرێ، بۆ؟ بڕیارماندا بوو بە یاسا، ئێستا بوو بە یاسا کە ئێستا بەردەوامەو بەردەوام دەبێ تا هەڵبژاردن دەکرێ پێم وایە رەنگە ئەوە زیاتر چارەسەرێکی بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی هەردوو ماوەکە یەک دەگرێتەوە سەربەخۆ بابەتەکە پاش (٤/٦) تەمەنی پەرلەمان درێژ کراوەتەوە تا هەڵبژاردنی گشتی دەکرێ چ ئێستا جێ بەجێ بکرێ و چ ئەو کاتە، هەمان بابەتە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەمان بابەتە؟...

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

بەڵێ بابەتەکە یەکتر دەگرێتەوە .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوایی لەنێوان خۆتان لەگەڵ بەڕێزانی لیژنە ئەو ماددەیە چارەسەر بکەن، ئەوە گرفت نییە، بۆ ئێوەی بەجێ دێڵین لێرە خولەکەمان درێژ کردووە تەواو بوو، ئەو بڕگەیە داڕشتنەکەی وای لێ بکەن کە بگونجێ لەگەڵ ئەوەی ترا زۆر سوپاس، بەڵێ ئەیخەینە دەنگدانەوە.. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان ئەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ ئەو بڕگەیەش پەسەند کرا.

وەکو یاسا ئەیخەینە دەنگدانەوە.. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ وەکو یاسا پەسەند کرا. سوپاستان دەکەین.

تەنها لایەنی داڕشتنی بڕگە (٢) ماوە، ئەوە پاشان جەنابی سکرتێر لەگەڵ کاک عەدنان و کاک جەمیل و لیژنەی یاسا پێنج دەقیقەیەک جێگیری بکەن و تەواو بوو سوپاستان دەکەین.

ئەم خاڵە تەواو، دێینە سەر خاڵی دووەمی بەرنامەی کار، ئەویش گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی بڕیاری کوژاندنەوەی مافی بەکارهێنان و جوداکردنەوەی زەوی کشتوکاڵییە (اطفاء حق التصرف وافراز الاراضي الزراعيه) لەهەرێمدا، جا ئەگەر برایانی لیژنەی یاسا و ئابووری وکشتوکاڵی هەر یەکێک بەلایەنی کەمەوە یەک دووانێک بێنە ئێرە، واتە نوێنەران بێنە ئێرە ئەگەر زەحمەت نەبێ، کاک شێخ وەکو نوێنەری لیژنەی کشتوکاڵی بفەرمە.

**بەڕێز شێخ جەعفەر عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر زۆربەی شتەکان کۆکین، بەڵام ئێمە دەکرێ وەکو لیژنەی کشتوکاڵی لەسەر ڕێژەکە تێبینیمان هەبێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە دوایی دێینە سەری، مادام وایە ئەوە لێرە لیژنەی ئابووری و لیژنەی یاسا ئێوەش وەکو لیژنە تێبینی بنووسن، سوپاس.

بەڕێزان، من حەز دەکەم لێرەدا سەرنجتان بۆ یەک دوو خاڵێک رابکێشم، کە دیسان پرۆژەی (اطفاء)ە، ئێوە ئەزانن من یەک دوو جار لەم مینبەرەوە ئاماژەم بۆ کردووەو وتوومە لە (١٩٩٤)ەوە ئەم پرۆژەیە هاتووچۆ دەکات، هەر ئەم ساڵ یەک دوو جار گفتوگۆ لەسەری دواخرا، ئەمجارەی دوایی بە تێروتەسەلی باس کرا، وەزارەتی تایبەتمەند هاتن، چەند دانیشتنێکی دووروودرێژ لە نێوان چوار لیژنەی پەیوەندار لەپەرلەمان و کار بەدەستانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزیرە بەڕێزەکان کرا لە ئەنجامدا دوێنێ و پێرێ وابزانم بابەتەکە گەڵاڵە کراوەو بەو

شێوەی کە ئێستا ئەخرێتە بەردەستی ئێوەی بەڕێز، هیوادارم ئەم پرۆژەیە گفتوگۆیەکی باشی بکرێت، تێبینی و رایەکانتان روون بێت، چونکە حەز دەکەم ئامانجی ئەم پرۆژیە روونکەمەوە، ئامانج لەم پرۆژەیە ئەوەیە ئێمە بتوانین، یاخود بە تەئکید کارێکی وابکەین لەسەر داخوازی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە یاسایەک دەربکەین.

ئەمەی کە ئێستا بۆ ئێوە ئەخوێنرێتەوەو گفتوگۆی ئەکەن ئەبێ بە یاری خودا یاسایی بێت. واتە حکومەت دەستی کراوە بێ وبتوانێت چەند بەڵێنێکیان داوە بەخەڵکی کوردستان و، بەتایبەتی بۆ کەس وکاری شەهیدانمان جێ بە جێی بکەن، کە مافێکی رەوایان لەسەر مانە، مافی خۆیانە ئەمڕۆ لەژێر سێبەری حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوانیش بەش بەحاڵی خۆیان هەندێک لەبەرهەمی خوێنی رۆڵەکانیان بێتە دی. ئێستاکە ئێمە لەسایەی سێبەری ئەو خوێنەو ئەو فیداکاریەوە ئەمڕۆ ئەتوانین بە ئازادی لەوڵاتی خۆمان جموجۆڵ بکەین، بە ئازادی قسە بکەین، داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان بە ئازادی بخەینە روو.

شوکر بۆ خوا بە هەوڵ و فیداکاری ئەو شەهیدانە ئەمڕۆ ئێمە خاوەن حکومەتی هەرێمی کوردستانین و کابینەی سێیەم کە کابینەی خزمەت گوزارییە بەشایەتی ئێوەو بە شایەتی خەڵکی کوردستان کە ئەوەی پێی کراوە بۆ پێشکەش کردنی خزمەت بۆ خەڵکی کوردستان دریغی نەکردووە ئەوەش کە پێی نەکراوە یان بواری نەبووە کەیان توانای نەبووە بتوانێ وەکو پێویست بەو خزمەتە هەڵبستێ ئەمە یەکێکە لەو بەرهەمانە کە ئەمڕۆ ئەرکی ئێوەی بەڕێزە وە ئەرکی سەرشانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە بتوانین ئێمە کارێکی وا بکەین دەستی حکومەت بکرێتەوە بۆ ئەوەی بتوانێ پاداشتێکی ئەو خەڵکە کە رۆڵەکانیان لە پێناوی ئازادی کورد و کوردستان کرد بەقوربانی، بدات.

ناوەرۆکی ئەم پرۆژەیە ئەوەیە لەوانەیە وەکو هەر یاسایەک لەدنیا نەتوانێت هەموو لایەنەکان وکەلێنەکانی پڕکاتەوە، هەروەها بتوانین سەرجەم خەڵکی کوردستان بەخاوەن هەردوو هەقەوە هەندێ زەوی لە خاوەن زەوی دەرِوات بۆ حکومەت وەبەرامبەری ئەوە قەرەبوویەکی یاسایی دەکرێت، لەوانەیە بەدڵی ئەم توێژە یا ئەو توێژ نەبێ، بەڵام لەهەموو شت ناوەرۆک و لەهەموو شتیش ئامانجەکە گرنگە، ئامانجەکە وەکو گووتمان وەکو دەستکەوتێک، وەکو سوپاسنامەیەک، وەکو سوپاس وپێزانین ئێمە پێشکەش بەو خەڵکە ئەکەین کە وەکو گووتم نەوەکانی خۆیان کردووە بە قوربانی بۆ میللەتی خۆیان، وئەم ئەزموونە لە سایەی خوێنی ئەوانە هاتووەتە کایەوە وهەر لەسایەی خوێنی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستانیشە کە توانیومانە بیپارێزین وئەم شەرعییەتە بەردەوام بێت، هیوادارم گفتوگۆی ئێوە لەم چوارچێوەیەدا بێت، ئەمە رێنیشاندەرتان بێت، لەسەر ئەمە بڕۆن و ئەگەر ئیجتهادێک لەدەقێک یان پەیوەندی بە ماددەیەکی تر لەیاسایەک بوو ئەمەتان لەبەر چاو بێت و داوای گفتوگۆیەکی سەرکەوتوتان بۆ ئەکەم، ئێستاش لیژنەی یاسا با کەرم بکا پرۆژەکان بخوێنێتەوە پاشان لیژنەی پەیوەنداریش رای خۆیان بڵێن ودەرگای گفتوگۆ ئەکەینەوە، زۆر سوپاس. با بزانین کێ دەیەوێ قسە بکا، پێشەکی با ناونووسیان بکەین، جا ئەمە تەنها

سەرەتای بابەتەکەیە چونکە ئەگەر شتێکتان هەیە لەسەر خودی پرۆژەکە برگە بە برگە دوایی دێینە سەری. کاک شێخ عەدنان فەرموو.

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــمـــەد نەقـــشـــبـــەندیی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

خودی پرۆژەکە نەخوێندرایەتەوە، هەر چەند من دیومە، بەڵام من شتێکم هەیە، ڕوونکردنەوەیەکە بۆ ئەوەی زیاتر ئیشی ئەوانیش ئاسان بێ .

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان خوشکان و برایان ئاگادارن کە یاساکە شتێکی غەریب نییە، بەتایبەتی کە ئەخرێتە بەردەستی بەڕێز وەزیری شارەوانییەوە. جارێ ئەم یاسایە و یاسای ژمارە (٢٢٢) هەمان شتن، دوایی ئەوە بە هەموار کردنی برگە (ب) لەبەندی چوارەم کراوە تەنیا ئەوە دوو بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (مجلس قیادە الثورە) کە یاسا بوو ئیلغا نەکراوە تاکو ئێستا کاری پێ دەکرێ، تەنها جیاوازیەکە لەبابەتی قەرەبووەکەیە، لەبەغدا بوار هەیە بە پارە بیدەن ئێمە پارەمان نییە، بابەتی ڕێژەکەیە تکام وایە ئیضافەم بۆ قسەکانی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن و زیاتر بۆ بەڕێز وەزیری شارەوانی دوو یاسای کارپێکراو ئیلغا نەکراون، پرۆژەکە بەشتێکی غەریب وەرنەگرن بەڕێزان جیاوازیەکە هەر ئەوەندەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

سوپاس کاک شێخ عەدنان، کاک شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز شـێخ جـەعـفـەر عـەلی عـەبدولعـەزیز:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

داوای لێبووردن دەکەم لەکاتی گفتوگۆ کردنەکە هەندێک تێبینیمان هەیە، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

باشە سوپاس ئەوە دەرگای گفتوگۆ دەکرێتەوە. مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو، جەنابت داوات کرد.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

جەنابت فەرمووت مادام ئامانجەکە پیرۆز بێ ئێمە ئەندامانی پەرلەمان هەقە هەر کەس ڕاستەوخۆ هەوڵ بدا بۆ ئەوەی کەوا ئەو چینەی هەقە کە خزمەت بکرێ بەرهەمی ئەو زەحمەتییەی خۆیان وەربگرنەوە.

بەڵام من لەسەرجەمی بڕیارەکە هەندێک تێبینیم هەیە، پێشەکی ئەگەر بوارم بدەن ئاراستەی برا یاساییەکانی بکەم، بڕیار ویاسا هەردووکی یاسایە، بەڵام وا ڕۆیوە بڕیار لەگەڵ یاسا جیاوازی هەیە، یاسا بە مادده دەردەچێ، بەڵام بڕیار بە ژمارە دەردەچێ.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

ببوورە ئەو پێشنیارە ئەبێ بە یاسا، فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری پرۆژەکە دەکەم، بەرای من (اطفاء حق التصرف) قەرەبووی خاوەن حەق و تۆمار کردنی بەناوی شارەوانی بخرێتە پێشەوە، پاشان جۆر دروست بێ و جیاکردنەوە (افراز)ی زەوی بکرێ، ئەوە مافێکی رەوایە، واتە لە پێشدا ئەو پێشەکیانە بکرێ پاشان بواری جیاکردنەوە (افراز) بدرێ. دووهەمیش پرۆژەکە وایە ئەوەی تێدایە ئەڵێ: (افراز البساتین)، افرازی بساتین لەولاتی ئێمە لەبەرژەوەندی ولاتی ئێمە و گەلی ئێمە نییە، رەزوباغ ئەگەر لێی وورد بینەوە ئەزیەتی بۆ کێشراوە، جا لەهەر شوێنێک بێت من وا ئەزانم هەر رەزو باغ جیانەکرێتەوە، (افراز) نەکرێ باشە، لەگەڵ ئەوەشدا لەماددەکانی داهاتووشدا باسی قەرەبووی خاوەن رەزوباغ ناکا لە ماددەیەک بواری رەزوباغ ئەدا کە افراز بکرێ بەڵام لە ماددەکانی قەرەبوو باسی قەرەبووی خاوەن رەزو باغ ناکا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کە هاتینە سەر ئەو ماددانە گفتوگۆی دەکەین، کاک شێروان بێینەوە سەر بابەتەکە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای ئێمە ،وەکو لیژنەی یاسا، لەبەر ئەوەی ئەو پرۆژەیە لە (١٩٩٤)وە هاتووە سەرەرای ئەوەندە هێنان وبردنە تا ئێستا هیچ گۆرانکارێکی لەسەر نەکراوە تەنها لەو دواییە نەبێ ئەوەیش بەو کۆبوونەوانەی، کە جەنابت ئاماژەت بۆ کردن، ئێمە تێبینیەکی زۆرمان هەیە، یەکەم، حەز دەکەین ماوە بدەن بە ئێمە تا روونکردنەوەیەکی تێروتەسەل بۆ برادەران بکەین، لەوانەیە زۆر پرسیار لەپرسیارەکانیان وەڵام دەدرێتەوە. دووهەم، ئێمە لەسەر ئەو پرۆژەی کە لەلایەن حکومەتەوە هاتووە زۆر تێبینیمان هەیە وئێستا پرۆژەکە تەقریبا بووەتە دوو پرۆژەی جیاواز چونکە ئەو کەم و کوریەی کە لەپرۆژەی حکومەتدا هاتووە ئێمە تەواومان کردووە بە شێوەیەکی رێک وپێک و داواش دەکەین ئێستا پرۆژەکە بخوێنرێتەوە ئینجا ئێمەش پرۆژەکەی خۆمان بخوێنینەوە دوایی بێینە سەر گفتوگۆ کردنی ماددە ماددە بۆ ئەوەی گفتوگۆ کردنەکە بەرێک وپێکی بەرێوە بچێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڵام یەک تێبینیم هەیە، کە جەنابت دەستت کرد بەروونکردنەوە، خراپ نەبوو بە چەند دەقیقەیەک ئەم ناوەرۆکەمان بۆ باس بکەی کە مانای «اطفاء »چییە؟ چی ئەگرێتەوە؟ وئامانج لە (اطفاء) چییە؟ وەکو روونکردنەوەیەک بۆ ئەندامانی پەرلەمان بەگشتی، هەرچەندە ئەوان ئاگادارن، بەڵام لەوانەیە بۆ خەڵکیش شتێکی باش بێت. چونکە وەکو وتمان ئەم بابەتە سێ چوار ساڵە دێت و دەروات. فەرمووکاک شێروان.

**بەڕێز شـــێـــروان ناسح حـــەیدەری:**
**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن.**

ئێمە یاسای ئیستملاکمان هەیە، ئەو یاسایە ژمارە (١٢)یە لە ١٩٨١، ئەو یاسایە دوو جۆرە قەرەبووی (تعویض) تێدایە، قەرەبوویی نەقدی بە پارە (التعویض النقدی) قەرەبووی نوعی (التعویض النوعی) تێدایە، نقدیەکە روونە، نەوعیەکەش، زەوی دەبا بەرامبەر بەزەوی، زەوی دەدات، ئەوە سەبارەت بەقەرەبووەکە (التعویض).

ئەو بڕیارانەی کە چارەی کوژاندنەوە و جیاکاری (الاطفاء و الافراز) یان دەکرد لە حکومەتی مەرکەزی، وەکو برای بەڕێز کاک شێخ عەدنان ئاماژەی بۆ کرد، بڕیاری (٢٢٢)ی ساڵی ١٩٧٧ە، و یاسای ژمارە (٥٣) یاسای «توحید اصناف اراضی الدولە»، ساڵی ١٩٧٦ە ئەوانە چارەی ئەم جۆرە حاڵەتەیان دەکرد لەکاتی خۆیدا تاکو ئێستاش هەردووکیان کاریان پێدەکرێن، شارەوانی کاتێ کە قۆناغی (قید التنفیذ) دەهاتە پێشەوە، خۆشتان دەزانن کە شارەوانی ڕەنگرێژی هەر شارێک بۆ (٢٠) ساڵ دادەڕێژێ هەر (٥) ساڵ لەو (٢٠) ساڵە پێی دەڵێن (قید التنفیذ)، لەچوارچێوەی قۆناغی (قید التنفیذ) جیاکردنەوە (افراز) دەکات کوژانەوە (اطفاء) دەکات، فراوانی دەکات، خزمەت گوزاری پێشکەشی هاووڵاتییان دەکات، چ شەقام بێ چ خزمەت گوزاری تر بێ، پاشان لەماوەی ئەو (٥) ساڵە بیەوێ هەر زەویەک بکوژێنێتەوە (اطفاء) بکات واتە بیەوێ ماف بداتە خاوەن (حق التصرف)ەکە لاببات و دەستی بەسەردا بگرێ، مامەڵەی کوژاندنەوە (اطفاء) پێی دەڵێن کە بەگوێرەی بڕیاری (٢٢٢)ی ١٩٧٧ هاتووە، لیژنەیەکی تایبەتمەند دروست کراوە بۆ ئەوەی مامەڵەی کوژاندنەوە (اطفاء) بکات، کە هەڵدەستێ بە خەملاندنی (حق التصرف نقدا) و پاش ئەوەی کە مەزندە دەکرا شارەوانی پارەی نقدی دەدا بە خاوەن (حق التصرف)، و زەویەکە (موڵکەکە) دەبووە موڵکی صرف بۆ شارەوانی، شارەوانیش هەڵدەستا زەویەکانی دابەشی سەر هاوڵاتیانی دەکرد، لەسەر فەرمانبەران، لەسەر کۆمەڵەکان، لەسەر سەرجەم چین وتوێژەکانی میللەت، بۆیە لابردنی مافی کارپێکردن لەو زەویانە پێی دەڵێن کاری کوژاندنەوە (عملیە الاطفاء).

واتە شارەوانی مافی بەکارهێنانی وەردەگرێ و بەرامبەری پارەی دەداتێ ئەو کارە پێی دەڵێن کوژاندنەوە (الاطفاء). بەپێی بڕیاری (٨١٧)، بڕیاری ژمارە (٢٢٢) ساڵی ١٩٧٧ هەموار کراوە کە مافی ڕەخنە گرتنێکی داوەبە خاوەن موڵک تا بتوانێ لەدادگا ڕەخنە بگرێ لەسەر وەسفی زەویەکە ئایا کشتوکاڵیە یان کشتوکاڵی نییە؟ بۆ ئەوەی بگاتە ئەو ئەنجامەی کە ئەم زەویە بەمەتر مەزندە بکرێ یان بە دۆنم، ئەو بنەمایەی کە ئێستا هاتووە، لەگەڵ بنەمای دی ناکۆکیەکی زۆری تێدا نییە، بەراستی قەرە بووە کە قەرەبووەکی (عەینی)یە هەروەکو لەیاسای استملاک هاتووە، و پێویستیشە لەخەملاندنی ئێستاکە دەکرێ هەمان مەرجی بەرزەفتی یاسای بە موڵک کردندا بەکار بێ، بۆیە کە قەرە بوویەک (عەینی)یە وا پێشنیار کراوە کە ١٥٪ یان ١٠٪ یان ٨٪ یان ١٢٪

بەو ڕێژەیەی کە پەرلەمانی بەڕێز ڕەزامەندی لەسەر دەکات بەو ڕێژە لەخودی زەویەکەی خۆی پارچەیەکی پێ بدرێ کە دەیدرێتێ، لە هەمان کاتدا مافی پێدەدرێ کە افرازی ئەو زەویە بکات بۆ خۆی، بۆ ئەوەی بگاتە پارەی خۆی، لەجیاتی ئەوەی حکومەتی هەرێم بەرگەی ئەم پارەیە بکات، خۆی بەزەویەکەی خۆی پارەکەی دێتەوە دەست، واتە بار سوکیەکە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەنی داراییەوە، ئەمە لایەنێکی.

لایەنی دووەم، لەپرۆژەی (اصلاح) زۆر لەئەندامانی پەرلەمان و لەدەرەوەی پەرلەمان سەردانی ئێمەیان کرد، ئێمە وەکو لیژنەکانی چ لیژنەی دارایی بێ یان لیژنەی کشتوکالی بێ، چارەسەرکردنی ڕەزەکان (بساتین) مان لەبەر چاو گرت، کە تەماشای پرۆژەکەی حکومەتمان کرد (البساتین المثقله بحق التصرف) ی تێدایە ئێمە زۆر بەباشی بابەتی ڕەزەکانمان دراسەت کرد، بۆ زانیاری بەڕێزتان ڕەزەکان (بساتین) دوو جۆرن (البساتین التی هی ملک صرف) (والبساتین المثقله بحق التصرف) بۆ ئەو ڕەزانەی کە (ملک صرف)ن، یاسای تایبەتیمان هەیە کە یاسای استملاکی پێ دەڵێن دەکرێ بەگوێرەی ئەم یاسایە و یاسا کارپێکراوەکان ڕەزی موڵک صرف استملاک بکرێ ئەوەی گرفتە (البساتین المثقله بحق التصرف)ە من حەز دەکەم لێرە ئاماژە بەوە بدەم کە (البساتین المثقله بحق التصرف) لەدەست پێکەوە لەکوژاندنەوە بەدەرە (مستثنى) یە، بۆیە نابێ ئێستا ئێمە بیخەینە ناو ئەم پرۆژەیەوە، چونکە ئەوە دەبێ دراسەیەکی چڕو پڕی بکرێ، قەرەبووی ڕەزو باغ ناکرێ وەکو زەویەکی تر بێ، لەبەر ئەوەی ڕەز داری بەری تێدایە وداری بێ بەری تێدایە، جۆرەها داری تێدایە و هەر دارەش نرخی خۆی هەیە، بۆیە ئێمە لەپرۆژەکە وەلاوەمان نا، پرۆژەکە وەکو ئەوەی کە هەیە خستومانەتە بەردەم بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، خاڵێکی تریش هەیە کە دەمەوێ ئاماژەی پێ بدەم ئەویش ئەوەیە کە ئێمە بڕگەیەکمان هەیە ئەگەر هات ئەو جیاکارییە (افراز)ە دادوەری تێدا نەبوو یاخود بەدڵی لایەک نەبوو یاخود کەسێک زەرەر مەند بوو، چ خاوەن زەوی چ لایەکەی تر مافی ڕەخنە گرتنێکی هەبێ لەدادگای تایبەت بۆ ئەوەی بگاتە قەرەبوێکی عادل، نەلایەنی حکومەت مەغدور بێ نەلایەنی تر مەغدور بێ، لەڕاستیدا ئەم چەند تێبینیە بوو ویستم دەری بڕم ئەگەر مۆڵەتمان بدەن پرۆژەی حکومەت دەخوێنینەوە، پرۆژەکە لیژنەی یاسا دەخوێنێتەوە، دواتر مادە مادە پێدا دەچین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک شێروان، کاک فەرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ویستم روون کردنەوەیەک یان باشتر وایە بگوترێ ڕاست کردنەوەیەک ئاراستەی کاک شێروان بکەم، کە فەرمووی ئێمە زۆر تێبینیمان هەبوو لەسەر پرۆژەی حکومەت، ئێمە دەست کاریمان کردووە زۆر ڕێک وپێکیان کردووە من پێم وایە دەست کاریەکەی کە کردوویانە بەڕەزامەندی

حکومـەت بووە حـەق بوو ئەوە باس بکات، نەک سـەربەخۆ بێ، من واتێگەیشـتم، لێشم پرسی ڕێکەوتن لەگەڵ حکومەت کراوە، بەڕێکەوتن و مشاوەرە کراوە، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەروەک ئاماژەم پێکرد ئێمە لەگەڵ نوێنەری سێ وەزارەت دانیشتین، ڕاستە ئێمە گەیشتینە شێوازێکی دیاری کراو، و بەنووسراوەیی دامان بە ئەنجوومەنی وەزیران، بەڵام دوای ئەوەی گەڕاوە، شێوازەکە وەکو پێویست نەبوو کەمن دەڵێم دەست کاریمان کردووە لە چوارچێوەی داڕشتنەکەی حکومەت دەرنەچووینە بەڵام بابمان بۆ داناوە (تەبویب)ی ئەو بڕگانەی کە ڕێکەوتنمان لەسەر کردووە بە زەقی لەناو پرۆژەکەی ئێمە هاتووە تەنها ئەوەندە بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، هەر بۆ زانیاری ئێوەش وەزیری دارایی و ئابووری ئەویش قەول بوو لەو دانیشتنەدا بەشدار بێ چونکە ئەویش لایەنێکی چالاکی ئەم پرۆژەیە دەی گرێتەوە، بەڵام ئەو وادیارە دوێنێ بە ئیش وکارێک چووە بۆدهۆک، ئاگاداری کردینەوە کە ئەوان لەگەڵ پسپۆڕانیان وەکو کاک شێروان باسی کرد کۆکن.

ئەو ڕێژەی کە پێشنیار کراوە وابزانم یەکێکیان ٨٪ ،١٢٪ ئەوەی تریان ١٠٪ بە ١٥٪ یە دیار بوو لەگەڵ ئەو ٨٪ و ١٢٪ نەبوون گرفت نییە، دوایی دێینە سەر ڕێژەکان، ئەوە تەنها بۆ ئاگاداری بەڕێزتان بوو، بابێینەوە سەر کاری خۆمان وابزانم کاک شێروان بەتێروتەسەلی باسی بابەتەکەی کرد، ئەوەی پێویست بوو ڕوونی کردەوە، گومان لەوەدانییە وەک کاک فرەنسۆ گوتی چەند دانیشتنێک لەگەڵ پسپۆڕانی (٣) وەزارەتدا کراوە، ئەمە کورتەی ئەم ئیشانەیە، دێینەوە سەر ناوەڕۆکی پرۆژەکە، فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار

تاريخ القرار

قرار

استنادا الى احكام الفقرة واحد من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناء على ماعرضه وزير البلديات والسياحة و وافق عليه مجلس الوزراء شرع المجلس الوطني الكوردستاني بجلسته المنعقدة بتاريخ / /١٩٩٨ اصدار القرار الاتي :

اولاً: لرئاسة مجلس الوزراء افراز الاراضي الزراعية وغير الزراعية والبساتين المملوكة ملكاً صرفاً او الموقوفة وقفاً خيرياً صحيحاً الواقعة ضمن حدود المرحلة قيد التنفيذ من التصاميم الاساسية لبلديات اقليم كوردستان بما لا يتعارض مع الاستعمالات المقررة لها لدوائر الدولة القطاع العام والمختلط ومؤسسة الشهيد والمنظمات الجماهيرية والمهنية والجمعيات التعاونية لبناء المساكن.

ثانياً: تطفأ الحقوق التصرفية من الاراضي الزراعية وغير الزراعية والبساتين المثقلة بحق التصرف المملوكة للدولة الواقعة ضمن حدود مرحلة قيد التنفيذ من التصاميم الاساسية لبلديات اقليم كوردستان ويدفع التعويض الى اصحاب الحقوق التصرفية بنسبة ١٠٪ من مجموع المساحات الاراضي المطفأة حق التصرف فيها وذلك تصحيح جنسها و ١٥٪ من مجموع المساحات الاراضي التي ستسجل باسم البلدية بعد تصحيح جنسها بالنسبة للاراضي المملوكة ملكاً صرفاً الى اصحابها من الاشخاص الطبيعية او المعنوية.

ثالثا: على رئاسة مجلس الوزراء اصدار التعليمات اللازمة تنفيذ احكام هذا القرار.

رابعا: لايعمل باي نص يتعارض واحكام هذا القرار.

خامسا: على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القرار.

سادسا: ينفذ هذا القرار اعتبارا من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

ئەمە پڕۆژەی حکومەتی هەرێم بوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پاش ئەوەی لیژنە تایبەتمەندەکان گفتوگۆیەکی تێروتەسەلیان کردووە، چ لەنێوان خۆیاندا و چ لەگەڵ نوێنەری وەزارەتی پەیوەندارو حکومەت، ئەوان پرۆژەیەکیان ئامادە کردووە وەکو ئێمە بۆی دەچین ئەوان ناوەڕۆکەکەیان ڕێک خستووە، وهەندێ شت کە کاک شێروان باسی کرد ئەوەیان هەموار کردووە، وابزانم کردووتانە بەیاسا، هەر بەیاسا کە بیخوێنەوە، ئەم بڕیارە دەبێ بەیاسا، بۆیە لای خۆتان ڕاستی بکەنەوە، فەرموو.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

«قرار»

استناداً الى أحكام الفقرة (١) من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناء على ماعرضه وزير البلديات والسياحة ووافق عليه مجلس الوزراء شرع المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ //١٩٩٨ القرار الآتي: -

المادة الاولى:

يجوز افراز الاراضي الزراعية وغير زراعية والبساتين المملوكة ملكاً صرفاً لدوائر الأقليم والقطاع العام ومؤسسة الشهيد والمنظمات الجماهيرية والمهنية والجمعيات التعاونية لبناء المساكن. والاراضي غير الزراعية والبساتين الموقوفة وقفاً خيرياً صحيحاً الواقعة ضمن حدود المرحلة قيد التنفيذ من التصاميم الاساسية لبلديات اقليم كوردستان بما لايتعارض مع الاستعمالات المقررة لها.

المادة الثانية:ـ

١ـ يطفأ حق التصرف في الاراضي الزراعية وغير الزراعية المملوكة للدولة الواقعة ضمن المرحلة قيد التنفيذ من التصاميم الاساسية لبلديات اقليم كوردستان.

٢ـ يعوض اصحاب الحقوق التصرفية في تلك الاراضي بنسبة منها تساوي (٨٪) من مجموع مساحات الاراضي المطفأ حق التصرف فيها ويسجل باسمه ملكاً صرفاً.

٣ـ يحق لصاحب حق التصرف افراز المساحة الممنوحة له بما لا يتعارض مع الاستعمالات المقررة لها في التصاميم الاساسية للبلديات:ـ

٤ـ اذا كانت الاراضي المطفأ حق التصرف فيها واقعة ضمن مناطق غير سكنية يعوض اصحابها باراضي في مناطق سكنية داخل حدود البلديات بما يعادل تلك النسبة.

المادة الثالثة:ـ

١ـ تملك الاراضي الزراعية المملوكة ملكاً صرفاً للاشخاص الطبيعية او المعنوية (بأستثناء الجمعيات التعاونية لبناء المساكن) الواقعة ضمن حدود المرحلة قيد التنفيذ من التصاميم الاساسية الى حكومة الاقليم وتسجل بأسم البلديات ذات العلاقة (تبعاً لموقعها) اذا كانت التصاميم المذكورة تقرر لها استعمالات غير زراعية.

٢ـ يتم تعويض اصحاب تلك الاراضي عيناً من اراضي زراعية خارج حدود البلديات من اراضي الاصلاح الزراعي وان تعذر ذلك يصار الى تعويضهم بنسبة قدرها (١٢٪) من مجموع مساحات الاراضي التي ستسجل باسم البلدية ويحق لهم افراز المساحة الممنوحة لهم بما لايتعارض مع الاستعمالات المقررة لها.

٣ـ اذا كانت الاراضي واقعة ضمن مناطق غير سكنية فيعوض اصحابها عنها في مناطق سكنية داخل حدود البلديات بما يعادل تلك النسبة ويحق لهم افراز المساحة الممنوحة ايضاً.

المادة الرابعة:ـ

وصولاً الى التعويض العادل يحق لأصحاب العلاقة الأعتراض على قرارات اللجان المختصة المنفذة لاحكام هذا القرار لدى محكمة بداءة موقع العقار خلال مدة (« ١٠ »ايام) من تأريخ التبلغ بالقرار ويكون قرار المحكمة باتاً وتعتبر الدعاوي الناشئة عن تطبيق أحكام

هذا القرار من الدعاوي المستعجلة.

المادة الخامسة:-

على رئاسة مجلس الوزراء إصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القرار.

المادة السادسة:-

على الوزراء المختصين تنفيذ أحكام هذا القانون.

المادة السابعة:-

ينفذ هذا القرار إعتباراً من تأريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز حسين علي كمال:**

٤- اذا كانت الاراضي المطفأ حق التصرف فيها واقعة ضمن مناطق غير سكنية يعوض اصحابها بأراضي سكنية داخل حدود البلديات بما يعادل تلك النسبة.

المادة الثالثة:

١- تملك الاراضي الزراعية المملوكة ملكا صرفا للاشخاص الطبيعية او المعنوية (بأستثناء الجمعيات التعاونية لبناء المساكن) الواقعة ضمن حدود المرحلة قيد التنفيذ من التصاميم الاساسية الي حكومة الاقليم وتسجل بأسم البلديات ذات العلاقة (تبعا لموقعا) اذا كانت التصاميم المذكورة تقرر لها استعمالات غير زراعية.

٢- يتم تعويض اصحاب تلك الاراضي عينا من اراضي زراعية خارج حدود البلديات من اراضي الاصلاح الزراعي وان تعذر ذلك يصار الى تعويضهم بنسبة قدرها (١٢٪) من مجموع مساحات الاراضي التي ستسجل باسم البلدية ويحق لهم افراز المساحة الممنوحة لهم بما لايتعارض مع الاستعمالات للمقررة لها.

٣- اذا كانت الاراضي واقعة ضمن مناطق غير سكنية فيعوض اصحابها عنها في مناطق سكنية داخل حدود البلديات بما يعادل تلك النسبة ويحق لهم افراز المساحة الممنوحة ايضا.

المادة الرابعة:

وصولا الى التعويض العادل يحق لأصحاب العلاقة الاعتراض على قرارات اللجان المختصة المنفذة لاحكام هذا القرار لدى محكمة بداءة موقع العقار خلال مدة («١٠» ايام) من تأريخ التبلغ بالقرار ويكون قرار المحكمة باتا وتعتبر الدعاوى الناشئة عن تطبيق احكام هذا القرار من الدعاوى المستعجلة.

المادة الخامسة:

على رئاسة مجلس الوزراء إصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القرار.

المادة السادسة:

على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة السابعة:

ينفذ هذا القرار اعتبارا من تاريخ صدورة وينشر في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. ئەو پرۆژەیە پاش ئەو گفتوگۆ تێروتەسەلە وابزانم لیژنە پەیوەندارەکانی ناو پەرلەمانیش لەسەری ڕێککەوتوون، جا دێینەوە سەری، مادده بەمادده گفتوگۆی لەسەر دەکەین و لەهەر جێگایەکیش برادەران موداخەلەیان هەبوو، بفەرموون. کاک شمائیل فەرموو.

**بەڕێز شمائیل ننو بنیامین:**

**السید رئیس المجلس.**

انا لدیّ اضافة مفهوم، لا ادري این اقترحه.. شكرا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

حەز دەکەی بیڵێ، دوایی بزانین جێگەکەی لەکوێیە، گفتوگۆی لەسەر دەکەین. جا ئێستا مادده بە مادده بیخوێنەوە.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة الاولی:

یجوز افراز الاراضی الزراعیة وغیر الزراعیة والبساتین المملوكة ملكا صرفا لدوائر الاقلیم والقطاع العام ومؤسسة الشهید والمنظمات الجماهیریة والمهنیة والجمعیات التعاونیة لبناء المساكن، والاراضی غیر الزراعیة والبساتین الموقوفة وقفا خیریا صحیحا الواقعة ضمن حدود المرحلة قید التنفیذ من التصامیم الاساسیة لبلدیات اقلیم كوردستان بما لا یتعارض مع الاستعمالات المقررة لها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ماددەی یەکەم، کێ حەز دەکات گفتوگۆی لەسەر بکات؟ با ناونووسیان بکەین، یەک تێبینیمان هەیە، چونکە ماددەکە لەوانەیە زۆر گفتوگۆی پێویست بێ تکایە ئەوبرادەرانەی ئەیانەوێ قسە بکەن، ڕەچاوی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بکەن، (کاک ئیبراهیم، کاک مامەند، کاک ئازاد قەرەداغی، کاک د.ڕزگار، کاک یونادم). کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەڕاستیدا ئەم بابەتە بابەتێکی گرنگە، چونکە پەیوەندی بە بەرژەوەندی خەڵکەوە هەیە،پاشان جێگیر کردنی برگەی قۆناغی پێش جێبەجێ کردن (تقید) بەوە زۆر شتێکی باش هاتووە، واتە ڕەها (مطلق) نەبێ بۆ شارەوانی.

تێبینی دووەم، بەرای من هەر بریارێکی وا یاخود هەر یاسایەکی وا گرنگ کە دەخرێتە بەردەمی پەرلەمان ئەبێ ئەو پرۆژە یاساییە یاخود ئەو پرۆژەی بریارە تەواو بێت، واتە لێرە ئەبوایە وەزارەتی

شارەوانی خشتەیەکی هەڵواسراوی بناردبایە بۆ هەر شارەوانییەک کە چ رووبەرێک پێویستە لە هەر شارەوانییەک وچ جۆرە زەویەک لەو شارەوانیە هەیە تاکو ئەندامی پەرلەمان زیاتر شارەزایی هەبوایە لە بابەتەکە وتوانیبای بریارێکی باشی لەسەر بدات. بابەتێکی تر، بابەتی (افرازی بساتین)ە بەراستی لێرە مەبەستم باغی بەراوە نەک رەز کە ئێمە لەدهۆک پێی دەڵێین (چەم)، رەز هی ترێیە ئەوە دێمیە، وچەم هەیە کە بەراوە هی داروبارو میوەهات، ئەو باخانە جۆرێ جوانی دەدەنە شار، ئەبێ ئێمە پەلەی لێ نەکەین و زۆر ورد بین لە (افرازی) ئەو باخانە، بۆ تەندروستی باشە، چونکە ئۆکسیدی کاربۆن وەردەگرێ و ئۆکسجین دەبەخشێ، وتۆزوخۆڵ لەشارەکە کەم دەکاتەوە، هەروەها کەش وهەوا خۆش دەکات، جگە لەوە کە قەرەبوو کردنەوەی زۆری دەوێ ئەگەر بێتوو قەرەبووی ئەوانە بکەی، پاشان ئەگەر بێتو (افرازەکەی) بۆ مەسەلەی گەشت وگوزار بێت زۆر ماقووڵە، بۆ باخچە بێت بۆ شتی وابێت ئەوا بساتین زۆر باشە، بەڵام بیکەی بە زەوی و شوققە ئەوە مانەوەی وەکو باغ زۆر باشترە ئەگەر زەوی کشتوکاڵی یە یاخود ناکشتوکاڵی ئێمە لەگەڵی داین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەنها یەک تێبینیم بۆ هەموو ئەندامانی پەرلەمان هەیە بۆ ئاگاداریتان، ئەم پرۆژەیە لەساڵی ١٩٩٤ەوە دێت و دەڕوات زۆر جار گفتوگۆش کراوە ئەگەر کاتی خۆی تێبینییەک هەبوایە، دەبوایە بە ئێمەتان بگوتایە، بۆ ئەوەی وەزارەتی تایبەت ئەوەی پێویست بێ لەگەڵی بینێرێ و پسپۆرانی وەزارەتی تایبەتمەندیش زۆر دانیشتنیان کردووە لەگەڵ لیژنە پەیوەندارەکانی ناو پەرلەمان، ئەو بابەتانە بەتێروتەسەلی باس کراوە تەنها بۆ ئاگاداریتان، ئێستاش ئەوە چوار ساڵە ئێمە دێینەوە داوای هەندێ شت بکەین، خۆزگە لە ١٩٩٤ەوە داواتان بکردایە بۆ ئەوەی ئامادەیان بکردایە، مەسەلەی (بساتین)یش بۆ ئەوەی دیسان نەچینەوە ناو بابەتەکە، وابزانم جەنابی کاک شێروان روونی کردەوە چ مەبەستە و کام بستان و چ مەبەستە لەم باغانە. کاک مامەند ئاغا فەرموو.

**بەڕێز مامەند محەمەد ئەمین بابەکر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

منیش لەسەر باغەکان(بساتین) دەمەوێ هەندێ بدوێم، کاک شێروان ئاماژەی بەوە کرد کە یاسای تر هەیە، بەڵام لێرە بواری داوە بۆ ئەوەی جیاکاری بکرێن (افراز) بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئەگەر افراز بکرێت ئەو یاسایە دەیگرێتەوە.

**بەڕێز مامەند محەمەد ئەمین بابەکر ئاغا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی بساتین دووبارە جەخت دەکەم، لەسەر قسەکەی کاک ئیبراهیم کە (بساتین) وەکو زەوی نییە خەرجی دارایی زۆری تێ دەچێ تاوەکو ئەو باغە دێتە بەر. پێویستە چاودێری ئەو شتانە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەزیری تایبەتمەند لێرە دانیشتووە. مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلامحەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ناوەڕۆکی ماددەکە بە ئالۆز(غامض) دەبینم، ڕوونکردنەوەیەک پێویستە دەربارەی ماددەی یەکەم. افرازی زەوی بۆ دروست کردنی خانووە، وەکو لەخوارەوە دەڵێ لەبەر ئەوە لەدوای (ملكا صرفا) ئەبێ بلێی (ملكا صرفا لشخص طبيعي او لدوائر الاقليم) چونکە مەبەست لە افرازی زەوی بۆ دروست کردنی خانووە، ئەوە یەکەم .

دووەم :دەربارەی (وقف)ە، (وقف)ی لەماددەکە تێکەڵاو کردووە، کردوویەتی بە یەک ماددە، من پێم وایە (وقفا خيريا صحيحا) (وقفی ذری) دەر دەکات، ئەگەر مەبەست ئەوە بێت کەوا موڵکی صرفیش هەر قابیلی افراز بێت ئەبێت بڵێ (وقفا شرعيا صحيحا) تاکو (ذری)شی بەرکەوێ چونکە ذریش لەموڵکی صرف بەو لاوە زیاتر نییە، ئەمە دووان.

سێیەمیان لە کۆتاییدا دەڵێ: (بما لا يتعارض مع استعمالات المقرره لها)، ئەو پێوەندە (قەید)ە تەنها بۆ ماڵی وەقفە، ئەم قەیدەی لەماددە یەکدا هاتووە ئەگەر لایەنی تریش بگرێتەوە ماددەکانی دواوەش دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئازاد فەرموو.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیەکم هەیە لەسەر ماددە یەک، بەڕاستی حەز دەکەم دوای شەهید، ناوی پێشمەرگەش بێت، چونکە ئەو پێشمەرگانەی کە بڕیاری پەرلەمانی لەسەرە لە١٩٩١/٣/٢١کەناویان بێت و بیان گرێتەوە. ئەوانەی پێش ١٩٩١/٣/٢١، بەبڕیاری پەرلەمان بە چەکداری شۆڕشگێڕ ناودەبرێن، بەڵام ئەو پێشمەرگانەی کە پێش ڕاپەڕین، مافی ئەوەیان هەیە کە ناویان هەبێت و زەویان پێ بدرێت،من حەز ئەکەم ئەوانە زیاد بکرێت، بۆ خەبات و ماندووبوونی ئەو پێشمەرگانە،لە یاساکە ناویان هەبێت، زۆر سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ناوی پێشمەرگە لەڕاستیدا وەکو ئەشخاس نییە، وەکو دام ودەزگاکانە، واتە ئەوزەوییەی کە دەکوژێندرێتەوە (اطفاء ئەکرێت)یا افراز ئەکرێت ئەڕوا بۆ کوێ؟ ئەڕوا بۆ دام و دەزگای حکومەت، لە نێوان ئەوانە دەزگای شەهید، دەزگای شەهیدیش بە ڕاستی زیاتر بۆ شەهیدانی کوردستانە،ناکرێ بڵێین، زەوی وەربگرن بیدەن بە پێشمەرگە،دەزگایەک هەیە دەزگاکە خۆی زەوی دابەش ئەکا بۆ پێشمەرگە،جائەوە حکومەت بڕیاری داوە بیدات بە پێشمەرگە.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکەی جەنابت راستە تەواوە،وەزارەتی پێشمەرگەش هەر دەزگایەکی رەسمیە،ئەگەر زەوی دابەش بکات بە سەر پێشمەرگەدا ئاساییە .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەزگای شەهید هەڵدەستێت بەوئەرکەو راستەوخۆ دابەشیان ئەکات، بۆ نمونە ئەڵێت دەهەزار پارچە زەوی ئەدەین بەخێزانە شەهیدەکان ودەزگاکە خۆی هەڵدەستێت بە راپەڕاندنی ئیش وکارەکان و وەزارەتێکی دیاری کراو هەڵناسێ بە کارەکانی ئەم دەزگایە .

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من حەزم کرد وەکو پێشنیارێک بیخەمە رووبۆ ئەندامانی پەرلەمان .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د. رزگار فەرموو .

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو تێبینم هەیە،یەکێکی باس کرا پێویست ناکات دووبارەی بکەمەوە. دووەم لەسەر وشەی (لدوائر الاقليم ) لێرە وابزانم روون نییە، واتە پێویستە وشەیەکی تر هەبێت( ملكا صرفا لدوائر الاقليم) (لحساب) یاخود (لصالح)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە وابزانم لێرەش زیادمان کردووە، ئێستا کاک شێروان زیادی دەکات ( لاغراض .. كذا... كذا) ئەوەی جەنابتان و مامۆستاش هەمان شت دەگرێتەوە، ئەوە چارە کراوە، پێشنیارێکە ئێستا دەیخەینە سەری. ئەوانەی کەویستیان لەسەر ئەم بابەتە قسە بکەن تەواو، تەنها کاک یۆنادم ماوە، فەرموو.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/وەزیری ئاوەدانکردنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا دوو پرۆژە خرایە روو، بەڵام ئێمە نازانین لەسەر کامیان قسە دەکەن، ئەوەی حکومەت خرایەروو و ئەوەی پەرلەمانیش (حصر) نەکرا لەسەر کامیان ئێستا کە دەنگدان بێت یاخود شتێک بێت، لەوەی حکومەت ئەڵێ (لرئاسه الوزراء افراز الاراضی) لەراستیدا ئەوە وەزارەتی شارەوانی پەیوەندارە بە (افراز)، بەڵام مەبەستیان ئەوەیە (بعد مصادقه مجلس الوزراء للجهات المختصه افراز الاراضی) ئەوە مەبەستێتی کە بەرەڵلا (اطلاق)نەبێت بۆ شارەوانی، بۆ ئەوەی هەر شارەوانیەک بە ئارەزووی خۆی (افراز) بکات، حصر بکات، وەکو چۆن نمونەیەک بوو لە ناوچەی

سۆران دەستیان کرد بە افراز (معمل اسفلت ) افرازیان کرد مەبەستم ئەوەیە ماددەیەکی وا بێت (بعد مصادقة مجلس الوزراء یجوز افراز الاراضی) واتە تەواو بکرێت، واتە حالەت بە حالەت لە نێوان شارەوانی و ئەنجوومەن بۆ خۆ دوورگرتن لەشپرزەیی (تفادیا للارباکات) وبۆ نەهێشتنی دروست بوونی کێشە شتێکی وا بکرێت یانی (اطلاق) نەکرێت.

دووەم، (بساتین) منیش لەگەڵ رای برادەرانم کە شارەکانمان وەکو بلۆکی کۆنکیریتی لێ نەیەت، باغەکان دەبێ هەر بپارێزرێن لەهەر دەست لێدانێک لەوانەیە بکرێتە باخچەیەکی گشتی قەیناکە، بەڵام بۆ بینایەو خانوو ئەوە هەر نابێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ سوپاس. ئەو خاڵانە تەواو، فەرموو کاک عەدنان.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی کاک یونادم فەرمووی،کە ئەنجوومەنی وەزیران ڕێنمایی دەربێنێ، جارێ وەزارەتی تایبەتمەند وەزارەتی شارەوانییە، بەرپرسیاریەتی ئەندامی ئەنجوومەنی وەزیران بەرپرسیارێکی بەهاوکارییە(تضامنیە). پێویستە وەزیری شارەوانی و ئەنجوومەنی وەزیران ئاگاداری یەکتر بن، پەسەند نییە وەزیری شارەوانی شتێک بکات ئەنجوومەنی وەزیران ئاگای لێ نەبێت، وەزیری شارەوانی بەرپرسیارە لەوەزارەتی پێشمەرگە، بەرپرسیارە لە وەزارەتی کشتوکاڵ، وەزیری شارەوانی، بەرپرسیاریەتی (تضامنی) لەهەموو دنیادا هەیە، پێویستە ئەو شتانە لە ئەنجوومەنی وەزیران باس بکرێت، ئەگەر ڕێم پێ بدەی قسەی تریشم ماوە، هەر چەندە دەڵێن (التکرار قبیحا ولو کان ملیحا)، هەر ویستم یارمەتی برادەران بدەم، من کاغەزێکم بۆ کاک شێروانیش نووسی، شتێکی تازەیان نەهێناوە، یاساکە خۆی هەیە، تەنها هەندێ شتیان وا لێ کردووە کە لەگەڵ وەزعی ئێمە بڕوات، بابەتی قەرەبووەکە (تعویض) لەبەر ئەوە بابەتەکە بەو شێوەیە بڕوات باوەڕتان هەبێ هیچ تەواو نابێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، نەخێر تەواو دەبێ هەندێ سەبرتان هەبێت، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من چەند تێبینییەکم هەیە، کە ئەمەوێ ئاماژەی بۆ بکەم پێش ئەوەی وەڵامی برادەران بدەمەوە، یەکەم، ئێمە کە دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانمان هەڵگرتووە لەسەر لێکۆڵینەوەیەک هەڵمان گرتووە، ئەنجوومەنی وەزیران زۆر لەوە گەورەترە کە تەماشای افرازێک بکات، افراز لە دەزگایەک دەکرێت کە پێی دەڵێن شارەوانی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی تۆماری عەقاری و هەزارەها افراز چ لەپێش ڕاپەڕین چ لە دوای ڕاپەڕینیش کراوە، بەبێ ئەوەی بچێتە ئەنجوومەنی وەزیران.

خاڵی دووەم کە دەمەوێ بیلێم ئەوەیە، ئەو بڕگەیەی کە ئێمە خستومانەتەڕوو دەقی بڕگەی یەکە لە بڕیاری (٢٢٢)ی ساڵی ١٩٧٧ تەنهاو تەنها دەزگای شەهیدمان زیاد کردووە، کە ئەگەر هاتوو دەزگای شەهید لە پاشەڕۆژ زەوی هەبوو ئەویش وەکو فەرمانگەیەکی دەوڵەتی بتوانێ افرازی خۆی بکات و دابەشی بکات بەسەر خێزانی شەهیداندا.

دەربارەی بڕیاری (٢٢٢) هەتا ئێستا لەکاردا (نافذ) بووە و دەربارەی ئەو بڕگەیەی کە برای بەڕێزم کاک ئیبراهیم ئاماژەی بۆ کرد، کە باسی افراز دەکات، بابەتی افراز هەروەکو لە یاساکان هاتووە افرازی باغەکان ڕێنمایی زۆر تەسکی بۆ دەرچووە و (حصر)ی کردووە لەبەر ئەوەی کە هانی سامانێکی نەتەوەیی بدات، کە ئەویش میوەجاتە، کاک ممند ئاغاش هەر بەهەمان شێوە بۆ (افراز)ی باغەکان چوو .

ئێمە (افرازی بساتین) وەکو خۆی بەجێمان هێشتووە، وهیچ دەستکاریەکمان نەکردووە، مامۆستا مەلا تاهیر دەڵێ تەنها افرازەکە بۆ کەرەسەی خانووبەرەیە نەخێر بۆ خانووبەرە نییە، ڕەنگە کەلوپەلی بازرگانی بگرێتەوە، ڕەنگە کەلوپەلی پیشەسازی بگرێتەوە، یاخود مەڵبەندی شارستانی بگرێتەوە و ناوچەی سەوزایی بگرێتەوە بەڵام تەنها بۆ خانووبەرە نییە، بابەتی (وقفی خیری صحیح) ئەو (وقف)ەیە کە موڵک سرفە و بۆ لایەنی خێرخواز تەرخان کراوە، ئەو (وقف ذري) کە جەنابی ئاماژەی بۆ کرد، ئەوە لەبڕیاری ژمارە (٢٢٢) چارەسەر کراوە و لەو پڕۆژەیە هیچ تێبینییەکی لەسەر نەهاتووە بۆ ئەوەی ئێمە رای لەسەر بدەین، ئێمە بۆیە پڕۆژەکەمان وەکو خۆی هێناوەتەوە دەقاودەق، تەنها بابەتی (وەقفی خیری صحیحی) تێدا هاتووە ئێمەش چارەسەرمان کردووە، ئەوەی برای بەڕێزم کاک ئازاد ئاماژەی بۆ کرد، حەز دەکەم ئەوە بزانێ بابەتی افرازی زەویە بابەتی ئەو بڕگەیە، دابەش کردنی زەوی نییە لەسەر پێشمەرگە، بۆیە وەزارەتی پێشمەرگە بە ئاسایی بەگوێرەی ئەو بڕگەیە مافی افرازێ زەوی هەیە ئەگەر هاتوو زەوی هەبوو، چونکە ئێمە لێرە دەڵێین (لدوائر الدولە والقطاع العام) وەزارەتی پێشمەرگە یەکێکە لەفەرمانگەکانی دەوڵەت کە مافی هەیە زەوی افراز بکات ئەگەر زەوی هەبوو بەسەر پێشمەرگەکان دابەش بکات و بێگومان ئێستاش دابەش کردنی زەوی هەموو بەڕێزان هەروەکو برادەران دەزانن بەگوێرەی بەرنامەیەک دەڕوات کە لەلایەن وەزارەتی شارەوانی ئامادە کراوە، وهەموو لایەک تێدا بەشدارە چ پێشمەرگە بێت چ شەهیدان بن چ فەرمانبەر بێت، کاک د.رزگار بەهەمان شێوە مەسەلەی فەرمانگەکانی هەرێمی هێناوە، لێرە لە یاسای پێشوو (دوائر الدولە) هاتووە ئێمە تەنها ئەوەندەمان کردوە فەرمانگەکانی دەوڵەتمان کردووە بە (دوائر الاقلیم) کە جێگای ئەو بگرێتەوە هەر فەرمانگەیەک لەفەرمانگەکانی هەرێم ئەگەر هاتوو زەوی هەبوو مافی افرازی هەیە، ئەوە بوو بەکورتی تێبینییەکانی ئێمە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک حسێن جەنابی وەزیری شارەوانیی، فەرموو.

بەڕێز حسێن تەها سنجاری/وەزیری شارەوانی وگەشت وگوزار):

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ڕاستە گفتوگۆی درێژ زۆر گرنگە هەتاکو هیچ کەلێنێک لەم پرۆژەیەدا بەر چاو نەکەوێ ولە دوایدا کێشەمان بۆ دروست نەکا لە ڕووی جێبەجکردنەوە، خاڵی هاودژی سەرەکی لە نێوان ئەم پرۆژەیە دوو خاڵن، یەکێکیان قەرەبوکردنەوەیە(تعویض)، جا قەرەبووکردنەوە ئایا (عەینی) بێ یاخود نا؟، ئەوی دیکە بابەتی قەرەبوکردنەوەی ڕێژەیە بە(نسب) لە هەر دوو بابەتدا چ شارەزایەکان ویاساناسەکان بە درێژی چەندین سەعات دانیشتوون وپێک هاتوون و گەیشتوونەتە جۆرە (ئیجماعێک) دەربارەی ئەم دوو خاڵانە، بێگومان ئەمە پرۆژەیەکی گرنگە خەڵکی چاوەڕێی دەکەن وەبرادەرانی بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد چاوەڕێی دەکەن وەکو جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەن چەن جار فەرمووی کە لە (٩٤)ە وەئەم هاتوو چۆیە هەیە ئەم گفتوگۆیانە و ئەم درێژەپێدانە هەمووی هەیە، ئێمە تکا ئەکەین گفتوگۆ کردن زیاتر لەسەر ئەو دوو خاڵانە بن، واتا قەرەبوو و جۆری قەرەبووکردنەوە.

دووەم: بابەتی ڕێژەکان (نسب) هەتاکو ئەم پرۆژەیە ببێتە مزگێنییەک بۆ تێکۆشەرانی بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردستان وخەڵکی دیکە کە بتوانین خزمەتیان بکەین وەبتوانین شتێکیان پێشکەش بکەین هەتاکو ئەوانیش بتوانن خانوو بۆ خۆیان و خێزانیان دروست بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیری شارەوانی بۆ ئەو خۆتێکەڵکردنە(مداخلە)ی وابزانم تەواو بوون، لەسەر ئەم خاڵە چ موداخەلەی ترمان نەما، چونکە وتمان ناونووسمان کرد جا ئەوەی کە قسەی لێکرا ناگەڕێینەوە سەری، وابزانم ڕوونە ئەو موداخەلانە چەن تەوەرێکی تێدا هەیە، جارێ پێشەکی با گرفتی باغ و بێستان تەواو کەن، چونکە وابزانم کاک شێروان لەسەرەتاوە باسی کرد، ئەوەی کە پەیوەندی بە باغەکانەوە هەیە بە هەر دوو جۆر یاسای خۆی هەیە و دیاری کراوە و ئەوەی کە دێتەوە پەیوەندی بە ڕەنگرێژی(تصمیم)ی شارەکانەوە هەیە ئەوە ماددەی تێ هەیە کە چارەسەری زۆر مەسەلە دەکات، وابزانم تەواو بوو، لەڕاستیدا کاک یۆنادم سەبارەت بە پەرلەمان ئێمە واتەماشا ئەکەین بەپێی یاسا پێویستە لایەنی پەیوەندار کە وەزارەتەکانن هەر پرۆژەیەک ئەنێرن دێتە ئەنجوومەنی وەزیران، لە ئەنجوومەنی وەزیران باس دەکرێت و بڕیاری لەسەر ئەدرێت وئەنجوومەنی وەزیران دەینێرێ بۆ پەرلەمان بەو بنەمایە کە تاکو ئێستا ئێمە لەسەری ڕۆیشتووین، ئەوەی لە دەرەوە ئەکرێ یا ناکرێ ئەوە مەسەلەیەکە زیاتر جێدەهێڵدرێ بۆ برا وەزیرەکان، بەڵام هەر پرۆژەیەک کە دێ بۆ ئێرە ئێمە وا تەماشای دەکەین کە ئەنجوومەنی وەزیران ڕەزامەندی لەسەر بووە، لەبەر ئەوە ئەم بابەتە بەلای ئێمەوە کۆتایی پێهاتووە لەیاساکە، بۆ ئەو برادەرانەی کە هەندێ پرسیاریان کرد ماددەیەک تەرخان کراوە، ئەم یاسایە کە دەرچوو ئەنجوومەنی وەزیران بۆی هەیە

ڕێنمایی دەر بکات بۆ چۆنیەتی جێبەجێ کردنی، بێگومان ئەنجوومەنی وەزیرانیش دەتوانێت بۆ هەر شارەوانییەک یان بۆ هەر شارێ بەپێی پێویست ڕێنمایی دەرکات کە لە چوارچێوەی ناوەڕۆکی یاساکەدا بێت. مەسەلەی وەزارەتی (پ.م) و بۆ ناوی (پ.م) وابزانم کاک شێروان مەبەستەکەی زۆر روون بوو، وەزارەتی (پ.م) ماوە و ئیش وکاری خۆی دەکات، ئەگەر هەر شتێکیش ببێ بە تەئکید ئەوە ئەنجوومەنی وەزیران خۆی ئەزانێت چۆن ئەو دەسکەوتە بە (پ.م) ئەدات، وابزانم بڕیاریش دراوە یەکەم بۆ خێزانی شەهید بێت، کە خێزانی شەهید زەوی بەرکەوت ئەوجا خێزانی (پ.م) دوایی ئەوە پێشمەرگە دێرینەکانمان خەڵکی شیاو(مستحق)ن، بەیاری خوا باوەڕ ناکەم ئێوە ئەندامانی پەرلەمان کەم تەرخەمی بکەن لەو مەسەلەیەو بەتایبەتی لیژنەی پێشمەرگەش ئەبێ موتابەعەی ئەو بابەتە بکات ولەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیرانا، لەگەڵ وەزارەتی تایبەتیا هەوڵ بدەن ئەم بابەتە باس بکەن پشکی یەکەم بۆ خێزانی شەهیدانە و، خێزانی شەهیدانیش زۆربەی خێزانی پێشمەرگەیە دوای ئەوانیش پێشمەرگە دێرینەکانمان دێن، ئێستا کاک شێروان باسی کرد ئێمە ڕێککەوتنێکی سەرەتاییمان لەسەر ئەم خاڵانەی ئەم پرۆژەیە هەیە هەروەها بۆ قەرەبوو (تەعویض) کۆکین وەزارەتی داراییش ئاگاداری منیان کرد بە تەلەفۆن ئەوان چ گرفتێکیان نییە ئەگەر گرفتیش هەبێ وابزانم، لەسەر مەسەلەی جۆری قەرەبووە، کۆکین لەگەڵ لیژنەکانی تایبەتمەند، هەرسێ وەزارەت ولیژنەکانی ئێمە لەسەر ڕێژەکەش نیمچە ڕێککەوتنێکیان هەیە لە نێوان حکومەت و لیژنەکانی پەیوەندار، لەوانەیە لە ناو پەرلەماندا هەوڵی تریش هەبێ، ئێمە گوێ ئەگرین، نیمچە ڕێککەوتنێکیان هەیە لەسەر ڕێژەکە کە (٨)، (١٢)یە وە (١٠)یە (١٥)یە ئەوە خۆیان دیاریان کردووە بەمنیان گوت (٨،١٢) بێ وەزارەتی دارایی منیان ئاگادار کردەوە وابزانم ئەوەش تەواو بوو، بەیاری خوا گفتوگۆکردن زۆر ناخایەنێ لەسەر ئەو بابەتانە. مامۆستا مەلا محەمەد فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

جەنابێ کاک شێروان بۆی باس کردی کەوا سەرچاوەیەک هەیە بۆ ئەم مادده کەوا دەرهاتووە ئەو سەرچاوەش کە دەرهاتووە نادیاریەکی تێدایە، ئەگەر بتانەوێت نا دیاریەکەی نەمێنێتەوە بە خراپ لێک نەدرێتەوە نەکرێ ئەبێ بوترێت (يجوز لدوائر الدولة) واتە (دوائر الاقليم يجوز لدوائر اقليم والقطاع العام ومؤسسة الشهيد ومنظمات الجماهيرية والمهنية والجمعيات التعاونية) لە دوای ئەوان (مساكن) ئینجا جیاکردنەوەی زەوی نا کشتوکاڵی، ئەگەر وای لێبکەن نادیاری(غموض) لە ماددەکە نامێنێ مەرج نییە لەوێ بە نادیاری هاتبێ تا ئێمە بە نادیاری باسی بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمەی جەنابت ئەیڵێی فەرمانگەکان هەقی ئەوەیان نییە جیا کردنەوە (فەرز) بکەن، شوێنی تایبەتمەند ئەمە دەسەپێنێتە سەر ئەم فەرمانگانە.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر زین العابدین:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
بەڕێز ئەڵێم فەرمانگە هەقە بیکات، بەڵام ئەگەر پاش و پێشیەکەی بکەن هیچ نادیاریەکی تێدا نامێنێت، واتە خراپ لێک نادرێتەوە.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
بە وتەی جەنابت (لدوائر الاقلیم) ئەوانە زەوی جیا بکەنەوە وابزانم ئەوە ئیشی شارەوانیە، ئەو جیاکاری (فەرز) دەکات.
**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر زین العابدین:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
دە ماددەکەش هەر مەبەستی ئەوەیە.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
مەبەستی پرۆژەکەش ئەوەیە کە هەق بدەین بە شارەوانی کە زەوی فەرز بکات بۆ ئەو فەرمانگانە بۆ ئەو لایەنانە کە داوای دەکەین ئەی بۆ کێیە؟ ئەو فەرمانگانە مافی ئەوەیان نیە لە خۆیانەوە زەوی جیاکاری (فرز الاراضی) بکەن، چونکە ئێمە وەزارەتێکمان هەیە پێی ئەڵێن وەزارەتی شارەوانی، وەزارەتی شارەوانی ئەو ئیشە دەکات وەکو کاک شێروان باسی کرد ئەوە ئیشی بەڕێوەبەرایەتیەکانی شارەوانییە کە فەرزی زەوی و زار وئەو شتانە بکات ئیشی فەرمانگەیەکی تر نییە بەکەیفی خۆی بچێت مل بداتە زەویەک وبڵێ بۆ من و فەرزی دەکەم، وەزارەتی شارەوانی لەسەر داخوازی و پێویستی بابڵێین حکومەت، بڕیار ئەدەن فەرزی ئەو پارچە زەویە بکەن یاخود ئەو ناوچەیە بکەن، پاشان بەشی ئەو فەرمانگانە بەپێی ئەو پێداویستیانەی کە هەیە دەدرێت، مەسەلەکە وابزانم وایە، سوپاس مامۆستا.
مادده (یەک) گفتوگۆی تەواو بوو، ئەیخەینە دەنگ دانەوە کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا سوپاس.
مادده (٢).
**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**
المادة الثانية:
١- يطفأ حق التصرف في الاراضي الزراعية وغير الزراعية المملوكة للدولة الواقعة ضمن المرحلة قيد التنفيذ من التصاميم الاساسية لبلديات اقليم كوردستان.
٢- يعوض اصحاب الحقوق التصرفية في تلك الاراضي بنسبة منها تساوي (٨٪) من مجموع مساحات الاراضي المطفأ حق التصرف فيها ويسجل باسمه ملكاً صرفاً.
٣- يحق لصاحب حق التصرف افراز المساحة الممنوحة له بما لايتعارض مع الاستعمالات المقررة لها في التصاميم الاساسية للبلديات.

٤ـ اذا كانت الاراضي المطفأ حق التصرف فيها واقعة ضمن مناطق غير سكنية يعوض اصحابها باراضي في مناطق سكنية داخل حدود البلديات بما يعادل تلك النسبة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده(٢)، تێبینی خۆت بخوێنەوە بۆ ئەوەی برادەران ئاگاداربن.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەبارەت بە بڕگە(٢)، ئێمە تێبینیەکمان هەیە لەوانەیە لە چاپ دەرنەچوبێ، دەڵێ جاری بڕگەکە وەکو خۆی دەخوێنمەوە( يعوض اصحاب الحقوق التصرفية في تلك الاراضي بنسبة منها تساوي«٨٪» من مجموع مساحات الاراضي المطفأ حق التصرف فيها ويسجل باسمه ملكاً صرفاً). ئەوەی کە دەرنەچووە پاشی(يعوض اصحاب الحقوق التصرفية في تلك الاراضي)یە، ئەوجا لێرەوە دەست پێدەکات (عيناً من الاراضي الزراعية (الاصلاح الزراعي خارج حدود البلديات وإن تعذر ذلك يصار الى تعويضهم)، ئەوجا دێتەوە (بنسبة منها تساوي «٨٪)» من مجموع مساحات الاراضي المطفأ حق التصرف فيها ويسجل باسمه ملكاً صرفاً).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا کاک شێروان ئەم دورو درێژیەی دەوێ؟

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا:**

يعوض اصحاب الحقوق التصرفية في تلك الاراضي عيناً من الاراضي الزراعية (الاصلاح الزراعي خارج حدود البلديات وإن تعذر ذلك يصار الى تعويضهم بنسبة منها تساوي «٨٪»).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە من یەک پرسیار دەکەم: ئەگەر زەوی (اصلاح زراعی) نەبوو، چ بکەین؟ حکومەت چ بکات؟

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو بنەمایەکی گشتی (اصلاحی زراعی) تا ئێستا زەوی ناداتە شارەوانیەکان بەرامبەر بەو زەوییەی کە شارەوانی دەیداتێ، لەبەر ئەوەی ئەوان دەڵێن ئێمە سوود لەزەوی کشتوکاڵی وەرناگرین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام ئەگەر نەبوو چ بکا؟ باشە لە پارچە زەویەک، کابرا دۆنمێکی بەرکەوت زەوی (اصلاحی زراعی) نەبوو؟ ملی جوتیارێک بگری (٢٠، ٣٠) جوتیار دەربکەین تاکو دوو سێ دۆنم ئەدەین بە کابرا.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا:**

نەخێر، جا ئەگەر ئەو نەبوو دێت ئەو لە ناو ئەو زەویە کە دەبیات ڕێژەیەک لەو زەویەی دەداتێ.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران ئێمە برگەیەکمان داناوە (لمجلس الوزراء اصدار التعليمات اللازمه بالموضوع) لەراستیدا یاسا بەم شێوەیە، من تصور ئەکەم ئەبێتە ئالۆزیەک، ئەمە نابێ بە برگە، چوار دێر بۆ برگەیەک، (الاراضی الزراعیه، داخل كذا وكذا) داخلی ئەوەندە، چ ما ئیتر بۆ ڕێنمایی ئەنجوومەنی وەزیران.

**بەڕێز شـێـروان ناسح عـەبدولـلا:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجوومەن.**

بڕیاری (٢٢٢) لە ساڵی ١٩٧٧ سەتەها هەزار حاڵەتی یاسایی لەسەری ڕوویداوە بەو شەرحە هاتووە، ئایا دەتوانین بڵێین ئەوان لەو بڕیارە بەهەڵەدا چووبن؟ پاشان پڕۆژەی حکومەت کە هاتووە هەمان شت ئەوەی تێدایە، من ئەم شتەم لە خۆمەوە دانەناوە، یان لیژنەی یاسا لە خۆیەوە دای نەناوە، ئەوەی کە هاتووە لە بڕیاری (٢٢٢)ی ساڵی ١٩٧٧دا هەیە لە پڕۆژەی سەرەکی حکومەتیشدا هەیە، لەو پڕۆژەی دوایی‌یەی حکومەت نییە، لە هەموویدا هەیە وانییە لە خۆمەوە دامنابێ.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵام ئەوە بەشێک نییە لە ڕێنمایی کە ئەنجوومەنی وەزیران دەیکات، ڕێنمایی دەردەکات بۆ شارەوانییەکان و بڵێ ئەو مافەی کە ئەدرێت لەنێوان ئەو مەسەلانەدا بدرێت، ئەبێ بیکەین بە پێوەندێکی (قید)ێکی یاسایی، باشە ئەگەر وەکو وتم دەست نەکەوت؟ ئەگەر هی دووەمیشی دەست نەکەوت چ بکات؟ ئەو کاتە ئیفرازی نەکات؟.

**بەڕێز شـێـروان ناسح عـەبدولـلا:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەروەکو باسم کرد ئەو بنەمایە لە بنچینەدا کشتوکاڵ هەر بەکاری نەهێناوەو پەیرەویشی ناکات، دەڵێ من زەوی کشتوکاڵ بەکەس نادەم، بەڵام کە لە پڕۆژەکە هاتووە ئێمە ئەبێ دایبڕێژین ئێمە چی لێبکەین؟

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو درێژە پێدانە بگەڕێتەوە بۆ ڕێنمایی ئەنجوومەنی وەزیران، خۆیان لە ئەنجوومەنی وەزیران ئەو بابەتە باس بکەن، تا بزانین ئەو قەرەبووانەی (تعويض) بەودرێژییە، وەکو گوتمان گریمان (اصلاحی زراعی) زەوی نەبوو، باشە گریمان ئەوەی ئێوە دەیڵێن، هەردووکی نەبوو باشە چ بکەین؟ نەیدەین بە خەڵک؟ وا کۆمەڵێک جووتیار ناچار بکەین واز لە زەوی (اصلاحی زراعی) بهێنن، بۆ هەندێ بابەت پێوەندێکی وا توند دابنێین باش نییە، با نەرمییەک هەبێ، نەرمییەکە بگەڕێتەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، ڕێنمایی‌یەکی ڕوون و وردی پێ دەرکەن کە ناوەڕۆکی یاساکە بگرێتەوە، لە ڕاستیدا لێرە بەو خاڵ و فاریزەو درێژیە نابێ بە برگە، ئەبێ بە ڕاڤە کردن (شەرح)، هیوادارم

گفتوگۆ بکرێت، ئەسلی باس هاتووە تەنها ئەو (اصحاب)ە بکرێت بە (صاحب الحقوق التصرفیە) لەگەڵ (یسجل باسمە) بە تاک هاتووە رێک بکەوێت یان ئەگەر ئەوە بکەین بە (اصحاب حقوق التصرفیە) ئەبێ بیکەین بە (اسماء مالکە) یاخود شتێکی وا، تەنها ئەو تاک و کۆیە نەبێ ئەوی تر ئەو درێژە پێدانە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران بهێڵدرێتەوە لە رێنمایی بیچەسپێنن، کاک عەدنان فەرموو.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وابزانم دارشتنەکە خۆی عەیبی نییە برادەران باشیان دارشتوە ئەتوانن رێکخستنی دارشتنی چارەسەر بکرێت و بەوشێوەی کە دەیانەوێ دایبرێژن، باشە ماددەکە خراپ نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باش هاتووە تەنها ئەو (صاحب حق التصرف) نەبێ.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

با لە دارشتنەکەدا چارەسەری بکەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ماددە (٢) ئەخەینە گفتوگۆوە ئەو برادەرانەی دەیانەوێ قسە بکەن: کاک شێخ جەعفەر، کاک شێخ ئیبراهیم، مامەند ئاغا، ئەمین مەولود، ئەحمەد عومەر، ئازاد قەرەداغی، د. رزگار، سەعید یەعقوبی، حەمید میران، مامۆستا مەلا تەها.

کاک سەعید ئێمە پێرەومان ناگۆرین لێرە ماددە بە ماددە باسی دەکەین ئەو ئەندامەی کە تێبینی هەیە لە هەر برگەیەک با بیکات. فەرموو کاک شێخ جەعفەر.

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری چەندین کۆبوونەوەی کرد لەسەر ئەو پرۆژەیەی کە لەلایەن بەڕێزتانەوە ئاراستەی کرابوو، پاشان راپۆرتێکی پێشکەش کرد بۆ بەڕێزتان و، پاش دانیشتنێکی زۆر لەگەڵ لیژنە پەیوەندیدارەکان و، لەگەڵ نوێنەری وەزارەتەکان، ئێمە لەگەڵ ئەو پرۆژەیەداین کە هاتووە، بەڵام سەبارەت بە رێژەکە ئەوەی ئێمە رێککەوتین لەسەری ئەوەیە کە لە پرۆژەی حکومەتدا هاتووە، رێژەکە لە (١٠٪)یە سەبارەت بە (الاراضی المفوضە بالطابو) و، لە (١٥٪) سەبارەت بە (موڵکی صرف)ە، هەر ئەو تێبینییەمان هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. فەرموو کاک ئیبراهیم.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیاری کردنی قەرەبوو (تعویض) بە ڕێژەیەکی سەدی لە (مساحە الارض المطفأ) باشترین و ئاسانترین شێوەی قەرەبووە، ئەم شێوە (عەینییە) باشترە لە خەملاندنی دراو (تقدیری نقدی) کە بکەوینە ژێر بارگرانی لیژنەکان.

دووەم، زۆربەی زەوییەکانی دەوروبەری شارەکان موڵکایەتی بچوکن و، زۆربەیان موڵکی باو و باپیریانە و، هەریەکێک بەشێکی کەمی بەردەکەوێ، لەبەر ئەوە (٨٪) ڕێژەیەکی زۆر نییە و ڕەواو یەکسانە، چونکە لەهەر دۆنەمێک (٢٠٠) مەتری زەوییەکەی بەردەکەوێ، ئەگەر کەسانێک رووبەرێکی زۆریان بەرکەوت دەکەوێتە ژێر باجی خانووبەرە (ضریبە عقار) ئەگەر (عرصە) بوو، ئەگەر فرۆشتیشی دەکەوێتە ژێر باجی داهات (ضریبە الدخل) و، پارەکە بەو شێوەیە بۆ حکومەت دەگەڕێتەوە، لەبەر ئەوە سێ جار لە دەهۆک (افراز) کراوە، هەر سێ جار خاوەن زەوییەکان (مغدور) بووینە، لەبەر ئەوە دەبێت ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان غەدر لە خاوەن ئەو زەوییانە نەکەین و بەبڕوای من ئەو ڕێژەیەی کە هاتووە ڕێژەیەکی یەکسانە، هەروەها دەبێت ئاگامان لە حکومەتیش بێت کە ئەویش ئەرکێکی کەوتۆتە سەرشانی و، ئەو زەوییانە دابەشی سەر خێزانی شەهید و مامۆستایان دەکات، لەبەرئەوە ئەو ڕێژەیەی کە دەدرێتە حکومەت ئەویش زۆر نییە، وابزانم ئەو ڕێژانە زۆر باشن و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. مامەند ئاغا فەرموو.

**بەڕێز مامەند محەمەد ئەمین بابەکر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە مادده (٢)و (٤) ڕێژەی (٨٪) کۆی ئەو زەوییانەی کە دەیدرێتێ ئەو (٨٪)ە دوای ئیفراز کردن دەیدرێتێ، یاخود یەکسەر (٨٪)کەی دەدرێتێ؟ دوایی ئەگەر خاوەن زەوی ئیفرازی بکاتەوە دووبارە جادەو شتی تری لێ دەردەچێ مانای وایە ڕێژەکەی کەم دەبێتەوە، ئەگەر کەمیش ببێتەوە من وابزانم خاوەن موڵکەکە مەغدور دەبێ ئەوە سەبارەت ئەو خاڵە بوو.

خاڵی چوار، دەڵێ ئەو زەوییە کە ئیفراز کرا لە دەرەوە (خارج سکن) بوو لە ناوەوەی (سکن) زەوی دەدرێتێ، نازانم ئەگەر شارەوانی لە ناوەوەی (سکن) زەوی هەبێ بۆ نایدا بە خەڵک؟ بۆ تەنیا بیدات بە خاوەن موڵک لە جێی تر ئیفرازی بکات، پێویستە کە ئیفراز دەکرێ هەر لە هەمان زەوی حەقی خۆشی لێ بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاک ئەمین فەرموو.

**بەڕێز ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من تێبینیم لەسەر بڕگە (٤) هەیە، ئەم بڕگەیە لە کۆندا زۆر جار بەکارهاتووە، هەندێ کەس کە ئەو زەویانەیان بۆ تەرخان کراوە لەناو شار پارچەیەکیان دراوەتێ کە نرخەکەی زۆر زیاترە لەو ڕووبەرەی کە لەدەرەوە بۆی تەرخان کراوە، جا لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم ئەم بڕگەیە ڕوون بکرێتەوە بەو شێوەیە بێت (اذا كانت الاراضي المطفأ حق التصرف فيها واقعة ضمن مناطق غير سكنية يعوض اصحابها باراضي في مناطق سكنية داخل حدود البلديات بما يعادل قيمتها قيمة الحصة المخصصة لها)، چونکە ئێستا زۆر جار (٢٠٠) مەتر لەناو شار نرخەکەی زۆر زیاترە لە دەرەوەی (سکنی)، لەبەرئەوە دەبێ نرخەکەیان یەکسان بێت نەک ڕووبەرەکەیان یەکسان بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاک ئەحمەد عومەر.

**بەڕێز ئەحمەد عەلی عومەر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ڕێژەیە زۆر کەمە ئەگەر کەمێک زیاد بکرێت باشترە، پێشنیار دەکەم (١٠٪) ببێتە (١٥٪) زۆر باشە، هەروەها ئەگەر جیاوازییەکیش هەبێت لە نێوان پارێزگاکان و قەزاو ناحیەکان باشترە، چونکە ئەگەر ئێمە سەیری بکەین زەوی لە پارێزگا نرخی زۆر بەرزە، بەڵام لە قەزاو ناحیەکان نرخی کەمترە، لەبەرئەوە ئەگەر جیاوازییەک هەبێ لە نێوان پارێزگا و قەزاو ناحیەکان بەرای من باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاک ئازاد قەرەداغی فەرموو.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە مادده (٢) بڕگە (٢) منیش هەمان تێبینی بەڕێز کاک ئەحمەدم هەیە، بەراستی ئەگەر ئەو زەوییە زەوی (اصلاح زراعی)یش بوو بێت پێی درا بێت ئێستا ئێمە جارێکی تر لێی بسێنینەوە لە (٨٪)ی بدەینێ، ئەگەر ئەو کەسە هەر لە بنەڕەتدا شایانی نەبووە ئەو زەوییەی بۆ پێدراوە؟، ئەگەر پێیدراوە و ئێستا ئێمە لێی بسەنینەوە لە (٨٪)ی بدەینێ یانی چی؟، من بەش بە حاڵی خۆم ئەمە بەشتێکی کەم دەزانم غەدریشی لێ ئەکەین، کاتی خۆی (اصلاحی زراعی) داویەتی کە موستەحەق بووە، ئێستا ئێمە جارێکی تر لێی بسەنینەوە لە (٨٪)ی بدەینێ، بەرای من ئەوە زۆر کەمە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دیارە ئەم بابەتە زۆر ئەخایەنێ، ئەوەی کە پێی ئەدرێ، صنفی دەگۆڕێت (المفوضە بالطابو) دەبێتە (ملک صرف) حقوقی زیاد دەکات... ئەوە دوایی برادەران روونی دەکەنەوە. کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەممەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برگە (٢) (حقوق التصرفیە) بە گوێرەی ئەو زانیاریانەی ئێمە هەمانە ئەو دوو کۆمەڵەنە، کۆمەڵێکیان هەندێک بەڵگەنامە (سنداتی) زۆر کۆنیان هەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی عوسمانییەکان، کۆمەڵێکی تر هەنە حەقی تصرفیان هەیە، یاسای ئیشتراکی کە رژێمی بەغدا دەریکردووە هەموو زەوییەک (حقوقی تصرفی) هەیە، ئەوانەی (حقوق تصرف)یان هەیەو، ئەوانەی سەنەداتی کەونیان هەیە هەردووک لە رێژەکە حەقیان خوراوە، داوا دەکەین برادەرانی لیژنەی یاسا رونکردنەوەمان بۆ بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک د.رزگار. کاک سەعید یەعقوبی فەرموو.

**بەڕێز محەممەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من سێ چوار تێبینیم لەسەر ئەو پرۆژەیە هەیە، یەکەم: پرسیارەکەم ئاراستەی حکومەتی هەرێم دەکەم، سەبارەت بە رێژەکە ئایا بنەڕەتەکەی چییە؟ پەرلەمانی کوردستان کە نوێنەری میللەتە پێویستە مافی هاووڵاتیان بپارێزی جا ئەو هاووڵاتییە موڵکدار بێت یاخود جوتیار بێت یا لە هەر چینێک بێت.

ئەو یاسا عێراقیانەی کە لەم بارەیەوە تاکو ئێستا لە کوردستاندا کاری پێ دەکرێ ئەمانەن: (یاسای ژمارە (٥٣) ساڵی ١٩٧٦ و بڕیاری ژمارە (٢٢٢) ساڵی ١٩٧٧ کە بەبڕیاری ژمارە (٨١٧) هەموار کراوە، هەروەها یاسای (استملاک)، من پێموایە بنەماکانی قەرەبوو خەملاندن (اسس تعویض والتقدیر) بەتەواوی روونی کردۆتەوە ئایا ئەو قەرەبووە (نەقدی) بێت، یان (عینی) بێت. تا ئێستا لیژنەکان دەردەچوون تەقدیری زەوی کەسێکیان دەکرد کە بۆ نموونە (٦) دۆنمە دەڵێن دۆنمی بە (٣) هەزار دینار، نیوەی لادەبرد دەماوە (٣) هەزار دینار، پرسیار دەکەم بۆ بەرامبەری ئەو (٣) هەزار دینارە نەدرێتە ئەو کەسە؟، من تێناگەم ئەو پرۆژەیە کە لە بنەڕەتدا هاتوە لە (٣٪) بووە لە (٤٪)، پاشان بووە (٨٪)، ئەمیش بووە (١٢٪) لە کۆتاییشدا بوو (١٠٪) و، لە (١٥٪) منیش دەڵێم با (٢٠٪) یان، لە (٣٠٪) بێت، من حەز ناکەم مافی هاووڵاتی بەو بێ بایەخیە تەماشا بکرێت، دەبێت معیار و بنەمایەکی هەبێ..

یاساکانی ئێمە کە تاکو ئێستا کاریان پێ دەکرێ، یاسای بێ توانا (قاسر) نین، پشتگیری وەزیری شارەوانی دەکەم کە دەڵێ: گریمان ئەو زەوییە بووە زەوییەکی سەوزایی، بەرامبەر ئەوە زەویەکی بۆ سوکنای پێ ئەدەم، زەوی ئەو هاووڵاتییە نرخەکەی زۆرە لە بەرامبەر ئەوە کە زەوی دەداتێ لەوانەیە زەوییەکی بێ بایەخ بێت و تا پەنجا ساڵ خانوو نەگاتە ئەو زەوییە، باشە ئەگەر بە (نقد) نەقرسێندرێت چۆن دادگا کە داواکاری لێ دەکرێ دەتوانێ قەربوویەکی یەکسان بداتەوە ئەو هاووڵاتییە، بۆیە من دەپرسم ئەو رێژانە (٤٪)، (٥٪)، (٨٪)، (٩٪) (١٠٪) لە کوێوە هاتوون؟ ئیجتهادات زۆرە هەر لە خۆیانەوە جارێک کردوویانە بە چوار بە شەش، پاشان کردیان بە شەش و هەشت، پاشان بووە هەشت و دوانزە، من دەمەوێ بزانم بنەرەتەکەی چییە؟، چونکە لێرە مامەڵە کردنە بە مافی هاووڵاتیان و ئێمەش سوورین لەسەر پاراستنی مافی هاووڵاتیان هەتا یاساش مابێ بۆ پاراستنی موڵکایەتی دەبێ پەرلەمان بیپارێزی، هەر رۆژەک یاسا دەرچوو گوتی ئێمە بڕیارمان دا دەست بەسەر هەموو زەوییەکان دابگرین ئەوە حساب دەگۆڕێت.

هەروەها قەرەبوو ئەگەر بە (نقد)ی نەبێ بە قەناعەتی من مەبدەئەک دروست بکرێت لەو یاسایە کە بەو شێویە بێت: (التقدیر نقدی، والتعویض عینی)، چونکە ناکرێ من بڵێم زەوی ئێرە، لەگەڵ زەوی سنووری عەنکاوە یەکە، یان زەوی ئێرە لەگەڵ زەوی ناوچەی زاخۆ یەکە، یاخود زەوی ئێرە وەکو زەوی قوشتەپەیە کە هەرسەر بە پارێزگای هەولێرە، هەر دەبێ (تقدیر نقدی) بکرێت، پاشان (تعویض عینی) بدرێت، من ئیعترازەکەم لەسەر ئەوەیە بۆچی ئەو جیاوازییە هەیە؟ ئەگەر پێوانەیەکی یاسایی هەبێ، شتێک هەیە پێی بپێوین (راستەیە یاخود کیلۆیە، وەزنە، مەترە، کیلۆ مەترە) دەبێ بزانین ئەو جیاوازییە لە چییەوە هاتووە؟، دەبێ ئێمە بە چاوێکی سووک تەماشای مافی هاووڵاتیان نەکەین. دوو: گریمان هاووڵاتییەک ئەو رێژە زەوییەی پێ درا لە (١٥٪) لە (٢٠٪)، کەوتە ناوچەیەکی پیشەسازی پاشان خاوەن ئەو زەوییە ئەگەر ویستی ئیفرازی بکات ئەو زەوییە لە ناوچەی پیشەسازی بۆچییە؟، یان ناوچەی شارستانی کە دەبێتە قوتابخانەو نەخۆشخانە باشە ئەو هاووڵاتیە ئەو زەوییەی بۆچییە؟.گریمان ئەو لە (١٥٪)ی کە درا پێی و ئیفرازی کرد هەمووی بوو بەشەقام. لە برگە (١)ی مادده (٥٥)ی یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی (١٩٩٣) ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستاندا هاتووە و دەڵێت: (هەموو جادەکان بەبێ بەرامبەر (عوض) بەناوی شارەوانی تۆمار دەکرێن). لەو حاڵەتە ئەو (١٥٪)یە بەر جادە دەکەوێت، جا قەرەبووی زەوییەکە لە کوێیە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. کاک حەمید میران فەرموو.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ماددەی (٢) برگە (٢) مادام ئەوەی لێ پچڕاوە دەبێ هەر چارە بکرێ بەو شێوەیە نەمێنێتەوە،

ئینجـا دەتوانن بیکەن بە: (یعوض اصحاب الحقوق التصرفیة عینا او في تلك الاراضي بالنسبة منها تساوي (٨٪) من مجموع مساحات الاراضي المطفأ حق التصرف فیها ویسجل باسه ملكا صرفا) وای لێ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

سوپاس. مامۆستا مەلا تەها فەرموو.

**بەڕێز مـەلا تەها مـحـمـد تەها:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

بەراستی ئەوەی کاک سەعید گوتی، منیش هەمان بۆچوونم هەیە، لەبەرئەوەی قسەکەی شەرعییەو لەگەڵ عورفدا گونجاوە، من لەگەڵ هەموو قسەکانی دامە، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

سوپاس. ئەوانەی کە ویستیان لەسەر ئەم بابەتە قسە بکەن تەواو، ئەگەر لیژنەی یاساو لیژنەی پەیوەندیدار چ تێبینیان هەیە وەڵامیان بدەنەوە، بۆ ئەوەی بێینەوە سەر ماددەکە. فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شـێـروان ناسح حـەیدەری:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

سەبارەت کاک مامەند ئاغاو چەند برادەرێکی تر باسی (سكني وغیر سكني)یان کرد. ئەگەر شارەوانی ویستی (اطفای) پارچە زەوییەک بکات لەناو سنوور ڕێژەی خاوەن (حق التصرف) دیاری دەکات و ڕێژەکەی خۆشی دیاری دەکات ئەگەر (١٠٪) دەبێت لە (١٥٪) بێت هەرچەند هەبێ ڕێژەکە دیاری دەکات، ئەگەر هاتوو ئەو ڕێژەیە کە بۆ خاوەن (تصرفەکە) دیاری کراوە کەوتە ناوچەی (سوکنا) ئەوە هیچ گرفت نییە، بەڵام ئەگەر کەوتە ناوچەیەکی (غیر سكني) کە شارەوانی ناتوانێ ئیفرازی بکات بۆ نموونە کەوتە ناوچەیەکی سەوزایی، باشە چۆن دەتوانرێ لە ناوچەی سەوزایی زەوی ئیفراز بکرێت و بدرێتە خاوەن (حق التصرف) بەپێچەوانەی ئەو مەبەستانەی کە لە ڕەنگرێژی بنەڕەتیدا کراوە؟ بۆیە شارەوانیش ئەو کاتە ناچارە بە گوێرەی ئەو یاسایە زەوی خانووبەرەی تر بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی بیداتە خاوەن ئەو (حقی تصرفە) بە مەرجێک یەکسانی تێدا بێت. برادەران دەڵێن مادام زەوی هەیە بۆ ئەو (اطفایە)دەکات؟ باشە خۆ شارەوانی لەناو شاری هەولێر یان شارەکانی تر هەر یەک پارچە زەوی اطفا ناکات، لەوانەیە دەیان پارچە زەوی (اطفا) دەکات و لەوانەیە ئەو حاڵەتە زۆر حاڵەتەکی لێبەدەرە کە دێتە پێشی و لەوانەیە هەرنەشهێتە پێشی، بەڵام ئێمە ئەوەمان داناوە بۆ ئەوەی شارەوانی دەستی فراوان بێت و بتوانێ قەرەبووی خاوەنی مافی تەسروف بکات.

کاک ئازادو کاک ئەحمەد، ئیعترازیان لەسەر ڕێژەکە هەیە کە (٨٪). سەبارەت بە موڵک سرفیش لە (١٢٪)یە ئەوە بەجێ دێلین بۆ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان و، ئێمە وەکو لیژنەکانی

پەیوەندیدار لە پەرلەمان هەمووومان لەسەر ئەو ڕێژەیە ڕێککەوتووین، ڕای کۆتاییش ڕای بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانە.

د.ڕزگار لە بابەتی (حقوق تصرف) پرسی؟ ئێمە دەزانین کاتی خۆی یاسای (تسویە) هەبوو ئەو زەوییانەی کە پێوەندیان (قیود)یان نەبوو ئەشخاس تەسەروفیان دەکردن بێ پێوەند (قید) بوون پاش ئەوەی کە یاسای (تسویە) دەرچوو یاسای تسویە ئەو پۆلینەی (تصنیف) دانا مافی تەسروفی دا بەو کەسەی کە بەکردەوە لە ژێر تەسەروفی دایە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، بۆیە بۆ نموونە ئەگەر تەماشای زەوییەکان بکەن دوو جۆرە زەوی هەنە، زەوی (المفوضە بالطابو) و، (ممنوحة باللزمة)، ئەوانە هەمووی یەکخران لە ژێر پەردەی یاسای ژمارە (٥٣) ساڵی ١٩٧٦ (قانون توحید اصناف الاراضي) کە بووە (الاراضي المملوكة للدولة)، ڕێژەی بەشی هاووڵاتی لەو زەوییە جۆراو جۆرە، ئەگەر (مفەوزە بالطابو) بێ نیواونیوە، ئەگەر (ممنوحة بالزمة) بێ لە هەندێک جێگا (٢٥ ٪) و، لە هەندێ جێگای (ثلث)ە، لێرە کە دەڵێی حقوق تصرف مانای وایە ڕەقەبەکە هی دەوڵەتە، بەس تەنها تەفویزی تەسەروف دراوەتە ئەو کەسە کە لە ژێر دەستی بووە بە گوێرەی یاسای (تسویە)، ئەوجا (حقوق تصرف) مانای وانییە ڕەقەبەکە هی ئەوە، ڕەقەبەکە هی دەوڵەتە، بەڵام حەقی تەسروفەکە هی ئەو کەسەیە کە لە ژێر دەسەڵاتی تێدایە.

هەندێ برادەران باسی (تقدیرات)یان کرد، هەرچەند ئەمە ئاراستەی بەڕێز وەزیری شارەوانی کراوە من تەنها دەمەوێ ئەوە بڵێم ئەو بنچینەو بنەمایانە(قواعد واسس) کە لە یاسای (استملاک) ژمارە (١٢) لە ساڵی ١٩٨١ هاتوون پێویستە لەسەر لیژنەکانی جێبەجێ کردنی ئەو یاسایانە پێڕەو بکەن، چونکە ئەو بنچینانە هەڵنەوەشاونەتەوە، برادەرانی یاسا هەموویان دەزانن ئەوبنچینانە چین و چ نینە، بۆ نموونە کە زەوییەک تەقدیر دەکرێ دەبێ مقدرای داهاتی ساڵانەی ئەو زەوییە ڕەچاو بکرێ دەبێ (بدل ایجار)ی ڕەچاو بکرێ و، دەبێ ئەو خەمڵاندنەی لەلایەن باجەوە کراوە ڕەچاو بکرێت، دەبێ (نیزامی تەقدیری منافع العقار) ڕەچاو بکرێ، کۆمەڵێک (اسس و تقدیرات) هەیە، ئینجا بۆ ئەوەی ئێمە بگەینە قەربووەکی یەکسان ئەگەر عەینی بێت و ئەگەر کاش (نقدی)بێت دەبێ بەراوردێکی بکەین و بە گوێرەی ئەو بنچینەیە تەقدیری بکەین بۆ ئەوەی خاوەن موڵکەکەو لایەنەکەی تر بەرژەوەندییەکەیان یەکسان بێت مەغدوری تێدا نەبێت هەر بۆ ئەو مەبەستەش ئیعترازمان داوەتە هەر دوو لایەن بۆ ئەوەی دادگا ببێتە دوا سەرچاوە بۆ حوکم دان لەسەر بڕیاری ئەو لیژنەیە و دووبارە چاوی پیدابخێشنێتەوە، یاخود چ بڕیارێکی بە پەسەند دەزانی بیدات بۆ ئەوەی هەردوو لایەن بگەنە حەقەک بڕیارەکە ڕێڕەوی دادوەری خۆی وەربگرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە ئەو ئەندامانەی کە ڕوونکردنەوە و تێبینییان هەیە با بە کورتی باسی بکەن، ناوی ئەو بەڕێزانەی کە قسە دەکەن بەڕێز کاک مامەند ئاغا، کاک ئەمین مەولود، کاک سەفەر، کاک سەعید یەعقوبی. کاک ئەمین فەرموو.

**بەڕێز محەممەد ئەمین مەولود ئەمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارێکم لە بارەی برگە چوارەوە کرد، بەراستی لە رووی جێبەجێ کردنیەوە هەر لە کونەوە ئەمە زۆر جار ئیستیغلال کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر دەتەوێت لەسەر پێشنیارەکەت قسە بکەیت ئەوە پاشان دێینەوە سەری، ئەو پێشنیارانەی کە کران هەموویانمان لای خۆمان نووسیوە، پێشنیارێک هەیە کەوا رێژەکە لە(٨)وە زیاد بکرێت و، پێشنیارێکی تر هەیە کەوا نرخەکەی دیاری بکرێت، پرسیارێکمان پێویستە کەوا لەسەر چ بنەمایەک ئەو قەرەبووە دیاری کراوە؟ کاک سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محەممەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەو رێژەیە کە هەیە زۆر یەکسانە، لەبیرمانە کاتێ رژێم هەزاران دۆنمی بەموڵک کرد وهەر دونەمیشی بە دوو دینار وپێنج سەد فلس خەملاند، واتە مەتری بە فلسێک، بەڵام ئێستا (٨ یا١٢)٪ بدەن ئەمە شتێکی زۆر رەوایە و یەکسانییە و،حکومەتی هەرێم رەچاوی بەرژەوەندی خاوەن موڵکەکانی کردووە ئەمە یەکەم.

دووەم، حکومەتی هەرێم چی لەو زەویانە دەکات؟!، خۆ هەمووی بۆ خۆی هەڵناگرێت، بەڵکو دابەشی دەکاتە سەر هەموو پزیشکان و مامۆستایان و فەرمانبەران و کەسوکاری شەهیدان و ئەو خەڵکانەی کە شایستەن.

سێیەم، حکومەت هەر خۆی بوەتە هۆی ئەوەی کە بەهای ئەم زەویانە بەرز بێت، بۆ دۆنمێ زەوی لە گوندەکان، یاخود لە ناحیەکان نرخی زۆر کەمترە لە دۆنمێ زەوی لە ناو شار؟ئەویش لەبەر پەرەپێدان و پێشکەوتنی شارەکانە کە بوەتە هۆی بەرز بوونەوەی نرخی زەوی لە ناو شارەکاندا، جا بەڕێز کاک شێروان روونکرنەوەیەکی کرد کە بریتی بوو لە چەند دەستەواژەیەک، وابزانم لە بریار(٢٢٢)دا ئەم شتە هاتووە و لە پرۆژەکەی خۆمانیشدا دەستی حکومەت نابەستین کە ئەگەر پێویستی بە رەچاوکردنە کرد ئەوە با ئیشی خۆی بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک شێخ جەعفەر.

**بەڕێز جەعفەر عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە لیژنەی کشتوکاڵیدا باسمان کردووە کە ئەو رێژەیە چۆن بێت، ئەو زەویانە لە بنەرەتدا هی حکومەتن (مفوضة بالطابو)، حکومەت دەتوانێت بۆ پرۆژەی خۆی سوودی لێ وەربگرێت و بەتایبەتیش بۆ پرۆژە، دووەم چۆن ئەو رێژەیە وەردەگیری؟، دۆنمێک لەو زەویە وەردەگیرێ،

بەرهەمی ساڵێکی پاش ئەوەی ئەو خەرجییەی کە تیایدا دەکرێت، قازانجی ساڵێکی چەندە؟ پاش ئەو قازانجە لە ژمارە(١٠)ئەدرێت، تاوەکو بزانن قازانجی ئەو دۆنمە زەویە بۆ (١٠)ساڵ چەند دەکات؟، ئەو زەویە پاش (افراز) چەند دۆنم دەکات؟، ئەو دوو نرخە بەراودی دەکەن، بزانن بە چ رێژەیەک ئەو نرخە بنەرەتییەی دەردەچێت کە خاوەنەکەی قازانجی لێ کردووە،بەوەوە رێژەکە دەردەچێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک مامەند ئاغا فەرموو.

**بەڕێز مامەند محەمەد ئەمین بابەکر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پرسیارێک لە لیژنەی یاسا دەکەم، ئەو رێژەیەی کە دانراوە، لەپێش ئیفراز ئەگەر بدرێت ئەوە رێژەی ٨٪ دەمێنێت،ئایا لە پاش ئیفراز ئەو رێژەیە کەمتر ناکات؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، با ئەم بابەتە تۆزێک کورت کەینەوە، ئەوەی کە خراوەتە روو شتێکی تازە نییە، ئەندامە بەڕێزەکان ئاماژەیان بۆ بابەتەکە کرد و وتیان ئەمە بڕیاری ژمارە(٢٢٢) وەو، ئەمە پرۆژەی حکومەتە، لەوانەیە کە چەند باسێکی تریشی لێ کرابێت لەگەڵ هەندێ بابەتی تر کە بگونجێت لەگەڵ یاساکانی تر، سێیەم: مادەیەک هەیە کە دەڵێت یاسا رەچاو کراوەکان رەچاو دەکرێن، چوارەم: چ لایەنی تایبەتی بێت و، چ لایەنی گشتی بێت، ئەگەر مافی خوراوە بۆی هەیە بچێت سەردانی لایەنە پەیوەندارەکان بکات، یان لە دادگای تایبەتی داوای مافی خۆی بکات. پێنج، بڕگەیەک دانراوە کە ئەنجوومەنی وەزیران بۆی هەیە رێنمایی پێویست دەرکات بۆ جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە، جا بۆیە ئەمانەی کە باسی دەکەن زۆربەیان جێبەجێ کراون، پاشان زۆر سوورن لەسەر ئەوەی کە ئەمە زۆرە و ئەمە کەمە، ئەم زەویانە تاپۆیان هەیە رەقەبەی زەویش بۆ حکومەتە، چونکە زەوی حکومەتن، جا حکومەت ئێستا بۆی هەیە لێیانی وەرگرێتەوە ودابەشی بکات و ئەوانیش بەشێکیان بەر دەکەوێت، هەندێ بابەت هەیە کە برادەران زۆر سوورن لەسەری وەکو ئەوەی کە حکومەت نابێت دەست لەم زەویانە بدات وئەم زەویانە زەوی کوردستانن و خۆتان دەڵێن ئەمە زەوی(رقبە)یە، ئەمە زەوی حکومەتە وداویەتی بۆ بەکارهێنانی تەفویزی خەڵکی و ئێستا پێویستی پێی هەیە، شار گەورە دەبێت و شارۆچکەکان گەورە دەبن و پێویستی بەو زەویانە دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا رێژەیەکی بۆ داناوە، ئەو رێژەیەی کە ئێستا شێخ جەعفەر باسی کرد، لەسەر ئەو بنەمایە حیساب کراوە و لایەنە پەیوەندارەکانی ئێمەش لەسەر ئەو بنەمایە دەڕۆین، نابێت بڵێین ئەو زەویانەی کە موفەوەزە بە تاپۆ بۆ فلان کەس بێ، حکومەت بۆی نییە دەست لەو زەویانە بدات و،ئەگەر دەستی لێ بدات ئەوە مافی ئەو کەسە دەخوات، نەخێر، ئەمە چەند ساڵێکە ئەو کەسانە خۆیان ونەوەکانیان سوودیان لەم زەویانە گرتووە، ئەمڕۆ شارەکانمان گەورە بوونە

وخەڵكانێک هەیە زەویان نییەو خانوویان نییە کە تیایدا بژین، ئەمڕۆ ئێمە بە هەزاران شەهیدمان هەیە کە کەسووکارەکانیان مافیان لەسەرمانە شتێکیان پێ بدرێت، با بابەتەکە لەم چوارچێوەیە دەرنەچێت ویاسا رەچاوکراوەکەش کە باسیان کرد، چارەی حاڵەتەکانی کردووە، ئەگەر باخە، ئەوە یاسایەکمان هەیە، ئەگەر مەسەلە بە موڵککردنە ئەوە یاسایەکی ترمان هەیە، وەکو لەسەرەتاوە دیاریمان کرد و لیژنەی یاسا و نوێنەرانی حکومەت بۆ ئێمەیان باس کردووە، ئەم ماددەیە هیچ دژایەتییەکی لەگەڵ یاساکانی تردا ناکات، ئەمە یەکەم .

دووەم، ئەگەر جۆرە (ئیجتیهادێک) هەبێت ئەوە لە ڕێژەکەدا دەبێت، جاری یەکەم کرا بە (٣ ٪)بە (٥ ٪)، کرا بە(٤ ٪)بە(٦ ٪)، پاشان گەڕایەوە بۆ(٨ ٪)بە(١٠ ٪)، پاشان کرا بە(٨ ٪)بە(١٢ ٪)، دوایی پێشنیارێک هات کەوا بکرێت بە(١٠ ٪)بە(١٥ ٪)، ئێستاکە وەکو من لەسەرەتاوە باسم کرد کە لیژنەی دارایی ئاگاداری ئێمەیان کرد کە لایەنی حکومەت لەسەر (٨ ٪)بە(١٢ ٪)کە رازین، هەموو لیژنەکانی پەرلەمان کە دانیشتنیان کردووە لەگەڵ پسپۆرەکان لەسەر(٨ ٪)بە(١٢ ٪)ڕێککەوتوون، واتە ئەو کێشەیە چارەسەر کراوە، کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە، تەنها یەک خاڵ دەمێنێتەوە ئەویش ئەوەیە کە ئەندامان باسیان کرد، لە بڕگە (٤) و لە جێگایەکی تریش هاتووە کە دەڵێت:( بما یعادل قیمة تلك النسبة)، لەوانەیە لە جێگایەک هەرزان بێت ولە جێگایەکی تر گران بێت، یاخود بە پێچەوانەوە بێت، دەبێت رەچاوی ئەو بەهایە(قیمە) بکرێت، ئەوە لە جێگای خۆیەتی، دیارە هەموو لایەک بەو هەموار کردنە رازین، ئەگەر لیژنەی یاسا چ تێبینیان هەیە؟ وا دیارە ئەوانیش پێیان چاکە، ئەوەی کە بەڕێز کاک ئەمین و ئەندامەکانی تریش باسیان کرد، لە راستیدا ئەگەر ئەو ڕێژەیە هەبێت هیچ کەسێک مافی ناخورێت، نەوەکو ئەوەی لە ناو شارە زۆری بدرێتێ و ئەوەی لە گوند و شارۆچکەکانە کەمی بدرێتێ، بەهاو ڕێژەکە ئەگەر بەیەکەوە بێت، ئەندامانی لیژنەی یاساش هەر هەمان رایان هەیە، ئەگەر هیچ تێبینیەکی ترتان نییە ئەوە ئەم ماددەیە دەخەینە دەنگدانەوە، پاش ئەم هەموارکردنە، ئێستا کێ لەگەڵ ماددەکەدایە بادەست بەرزکاتەوە؟.. دەست بەرز کرایەوە.. کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا، تەنها خاڵی چوارەم بەهاکە دەخرێتە سەر ڕێژەکە لە دارشتنەوەی کۆتاییدا، سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز حسێن علی کەمال:**

المادة الثالثة:

١- تملك الاراضي الزراعية المملوكة ملكا صرفا للاشخاص الطبيعية او المعنوية بأستثناء الجمعيات التعاونية لبناء المساكن الواقعة ضمن حدود مرحلة القيد التنفيذ من التصاميم الاساسية الى حكومة الاقليم و تسجل بأسم البلديات ذات العلاقة تبعا لموقعها اذا كان التصاميم المذكورة تقرر لها استعمالات غير الزراعية.

٢ـ يتم تعويض اصحاب تلك الاراضي عيناً من اراضي زراعية خارج حدود البلديات من اراضي الاصلاح الزراعي و ان تعذر ذلك يصار الى تعويضه بنسبة قدرها(١٢٪)من مجموع مساحات الاراضي التي ستسجل بأسم البلدية، ويحق لهم افراز المساحة الممنوحة لهم بما لا يتعارض مع استعمالات المقررة لها.

٣ـ اذا كانت الاراضي واقعة ضمن مناطق غير سكنية فيعوض اصحابها عنها في مناطق سكنية داخل حدود البلديات بما يعادل تلك النسبة ويحق لهم افراز المساحة الممنوحة ايضا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مادە(٣)، كێ تێبینی هەیە، بەڕێز كاك ئەكبەر حەیدەر، كەسی تر نییە؟، فەرموو كاك ئەكبەر.

**بەڕێز ئەكبەر حەیدەر موسا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تەنها یەک تێبینیم هەیە، لە ماددەی(١)دا ناوی كۆمەڵەهەرەوەزییەكان (الجمعیات التعاونیه) هاتووە، بەڵام لێرە كۆمەڵەكانی هەرەوەزی لێ بەدەركردووە، جا حەز دەكەم ئەمە تۆزێک روون بكرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

منیش تێبینیەكم هەیە، لێرەش ئەگەر بكرێتە برگە(٢٠)ی ماددە(٢)، ئەو پێوەندەش هەڵبگیرێت و بكرێتە رێنمایی بۆ ئەنجوومەنی وەزیران و یەكسەر بكرێتە(یتم التعویض اصحاب تلك الاراضي عيناً من اراضي زراعية خارج حدود البلديات من اراضي الاصلاح الزراعي وان تعذر ذلك يصار......)واتە ئەوە برگە (٢)ی ماددە(٢)پێوەندەكەی لێ هەڵگیرێت و بۆ نموونە بۆی هەیە زەویەكان (اصلاح زراعی) بێت ولە ناوشار بێت ئەوانەی لێ هەڵگیرێت و وەكو برگە(٢)ماددە(٢)ی لێ بكرێتەوە و ملكەچی رێنمایەكانی ئەنجوومەنی وەزیران بێت، چونكە بەمە لەوانەیە نەتوانن، ئەگەر نەبوو ئەوكاتە لەوانەیە ناچار بن بچن زەوی كشتوكاڵی بدەن بە خەڵكی، كە ئەویش نەبوو لەوانەیە نەتوانن ئەو زەویانەی كە جیاكراونەتەوە بدەن بە خەڵكی، ئەوەش لەوانەیە ببێتە كێشەیەک بۆمان، بۆیە با ئەوە لە نێوان رێنمایەكانی ئەنجوومەنی وەزیراندا بێت، بۆئەوەی لەوێ ئەو شێكردنەوەی بۆ بكرێت، بەڕێز كاك عەدنان فەرموو.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تێبینیەكی بچوكم هەیە، سەبارەت بە (حكومة اقليم)، (حكومة اقليم) لە هیچ شوێنێک پێناسە نەكراوە، ئەگەر بكرێتە (حكومه اقليم كوردستان العراق) بە رای من زۆر باش تر دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شـــــێـــــروان نـاسـح حــــــەیدەری:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

سەبارەت بە تێبینیەکەی کاک ئەکبەر، لێرە سەبارەت بە مولککردنەکە دەبێت کۆمەڵەکانی بیناسازی سوکنا (جمعیات بناء المساکن)ی لێ بەدەر بکرێت، چونکە ئەم کۆمەڵانە ئەگەر زەوی خۆیان هەبێت من بۆ تەملیکی لایەنی تر بکەم، ئەوەی کە لە برگەی (١)دا هاتووە، ئەوە تایبەتە بە ئیفراز و پەیوەندی بە تەملیک نییە، برگە(١) پەیوەندیی بە ئیفراز هەیە و ئەوانەی کە حەقی ئیفرازیان هەیە و ئەو لایەنانەی کە ناویان هاتووە،بەڵام ئەوەی کە لەم برگەیەدا هاتووە پەیوەندی بە زەوی کۆمەڵەوە هەیە، زەوی کۆمەڵە بۆ بکەمە مولکی شارەوانی؟ ئەوانیش هەقی خۆیانە کە زەویان هەبێت و، سەبارەت بەوەی کاک عەدنان لەسەرەتای پرۆژەکەوە ئێمە ئەوەمان تێبینی کرد، خۆی دەڵێت(لدولە)ئێمەش وامان بە پەسەند زانی کە بیکەینە(حکومة الاقلیم)ئەوجا ئەگەر بکرێتە(حکومە اقلیم کوردستان) ئەوە باشترە هیچ لاریمان نابێت، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

ئەگەر برگە (٢)ی مادده(٣)یش لەگەڵ برگە(٢)ی مادده(٢)رەچاو بکەن ئەوە شتێکی باش دەبێت. کاک یۆنادم فەرموو.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا/ وەزیری ئەشـــغـــال:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

بە رای من برگە (٢)لەگەڵ برگە(٣)دا تۆزێک ئاڵۆزی تیادایە، دەڵێت:(یتم تعویض اصحاب تلك الاراضي عیناً من الاراضي الزراعیة خارج حدود البلدیات من اراضي اصلاح الزراعي....)، برگە (٣) دەڵێت:(یعوض داخل حدود البلدیات بمناطق سکنیة داخل حدود البلدیات بما یعادل تلك النسبة..)من زەویم هەیە بەڵام هی سوکنا نییە، واتا کشتوکاڵی بێت، یاخود هەرچی بێت، (فیعوض اصحابها عنها في مناطق سکنیة داخل حدود البلدیة)، مـــن (١٠٠٠)دۆنم زەوی کشتوکاڵیم هەبێت، تۆ لیمی وەربگریت و(١٢٠)دۆنم لە سنووری شارەوانی بدەیتێ،(او ما یعادل قیمتهما)، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

جەنابت تێبینیت لەسەر برگە(٣) هەیە؟

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا/ وەزیری ئەشـــغـــال:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

نەخێر نابێت بکرێتە(یعوض عنە داخل حدود البلدیە)، چونکە زۆر زەحمەتە ودەبێتە بارێکی زۆر قورس لەسەر شانی شارەوانی، بەڵام(یعوض) لەهەمان شوێنی خۆی تۆمار دەکرێت، من (٥٠٠)دۆنم هەبێ ، جا ئەو ناوچەیە بۆ فەرز دەکەم؟ هەر لە شوێنی خۆی دیکەمە سەکەنی، پێشنیارەکەم ئەوەیەناکرێت بلێی:

( یعوض داخل حدود البلدیە )لەو شوێنەی دەست بەسەردا دەگرم فەرزی دەکەم و، لەو فەرزە (١٢ ٪ )ی دەدەمێ، بۆ پیشەسازی بێت، بۆ سوکنا بێت بۆ هەرچی بێت، ناکرێت بیبڕینمە ناو شارەوانی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕێزم بۆ بەڕێز وەزیری ئیشغال هەیە، خۆی لەخۆیدا ئەگەر( ١٠ )دۆنم بێت، یا( ١٠٠ )دۆنم بێت، ئەگەر لە قۆناغی جیبەجێکردن نەبێت، ئەوە بەموڵک ناکرێت، (أطفاء)ی مافی جێبەجێ کردنی ناکرێت، دەبێت خۆی لە خۆیدا ئەو زەویە لە تۆی قۆناغی جێبەجێ کردندا بێت، نەوەکو یەکێک ( ١٠٠ ) دۆنمی هەبێت لە دەرەوی شار و بێین(١٢ ٪ )ی لە ناو شار و لە زەوی شارەوانی بدەینێ، ئەوە وا نییە، لە ماددەی(٣)دا بڕگەی( ١ )دەڵێت: ئەوە لە قۆناغی جێبەجێ کردندایە، واتە ئەو دۆنمانە مولکی سرفی کشتوکاڵییە، دەبێت ئەو دۆنمانە لەناو شار بن.

سێیەم، هەر لەوە، ئەگەر لە ڕێژەی ئەوە هەمووی بوو بە ناوچەیەکی پیشەسازی لە ناو شاردا، مەرکەزی مەدەنی هەموو فەرمانگەیە، بەرامبەری ئەوە نرخی چەند دەکات،(١٢ ٪ )ی پارچەی زەویەکی نیشتەجێی دەداتێ، واتە هیچ گرفتێکی تیادا نییە و، هیچ غوبنێکیش لەسەر وەزارەتی شارەوانی نییە، بەپێچەوانەوە ئەمە لە بەرژەوەندی وەزارەتی شارەوانیدایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک جەمیل، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

دەبێ بەگوێرەی ڕەنگرێژی بنەڕەتی شارەوانی بجووڵێینەوە، شارەوانی پارچە زەویەکی کوژاندەوە (اطفا)ی کرد، ئەو زەویە لەڕەنگرێژی بنەڕەتی دانراوە لەبۆ کارگەی کەرتی تایبەتی، باشە لەتوانامان دەبێ ئێمە لە ١٥ ٪ بدەینە خاوەن موڵک ئەوبچێ لەوێ (افراز)ی بکات لە بۆ ناوچەی پیشەسازی؟، ناوچەی پیشەسازی شارەوانی دیاری دەکات، افراد دیاری ناکات، لەبارێکی وادا ئێمە لە پرۆژکە دامان ناوە کە ئەو بارە ئەگەر رووبدا لەناوچەیەکی تر دەیدرێتێ کە دانیشتوانی لێ بێ، «بما یعادل قیمة تلك النسبة» ، مەسەلەکە لێرە ئەوەیە واتە نابێ افرادیش مافی ئەوەیان هەبێ لە ناوچەی پیشەسازی ڕێژەیەکیان هەبێ و لەمەڵبەندی شارستانیش ڕێژەیەکی تریان هەبێت ئەوە نابێت، واتە جێ بە جێ نەکردنی ڕەنگرێژی بنەڕەتی شارەوانییە، ئەوە مەسەلەیەکە بەئارەزووی خۆمان نییە، بۆیە ئەو پێوەندەمان داناوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک یونادم فەرموو.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/ وەزیری ئەشـــغـــال:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومــــــەن.**

پێش ساتێک ئێمە دەنگمان لەسەر ماددەی دووەم دا. سێیەم دەڵێ (یحق لصاحب حق التصرف افراز مساحة ممنوحة له بما لایتعارض استعمالات المقررة لها فی تصامیم الاساسیة) گـــریمان شوێنێکی پیشەسازی بوو، مافی هەیە وەری بگرێ و تصرف پێ بکات، واتە لێرە ئێمە دەنگمان لەسەریدا و تەواو بوو، واتە مافی هەیە بۆ غەیری ئەو بیفرۆشێ ئەو بۆ خۆی کارگەیەک دروست بکات، بەچوار پارچە وبیفرۆشێ یەکیان بەکاربێنێ، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومــــــەن:**

واتە جەنابت لەو رایەی کە بڕگە سێ ی مادده دوو لەگەڵ بڕگە سێی مادده سێ وەکو یەکی لێ بێت، کاک عەدنان فەرموو.

**بەڕێز عــەدنان مــحــەمــەد نەقــشــبــەندیی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومــــــەن.**

ئەوەی بەڕێز وەزیری ئەشغال وتی جارێ خاڵی یەکەم کە قەرەبو دەکرێتەوە، من دەمەوێ وەڵامی پرسـیـارەکـەی ئەو بدەمـەوە بۆ زیاتر روونکردنەوەی ئەوەی کـاک شـێـروان وتی، خۆی لەناوچەی نیشتەجێ بوونە کەقەرەبۆ دەکرێتەوە ئەگەر بۆ بەکارهێنانی دیاریکراو بێ، ئەوەی کە نموونەی هێنا ئەوە ناوچەی پیشەسازی بوو، بێگومان لە ناوچەی پیشەسازی نایدرێتێ، بەڵام لەناوچەی سوکنا لەنێوان سنووری شارەوانی وابزانم لێرە کێشـەمان نییە، خۆی لە ناوچەی سوکنایە، لەناوچەی سەکەنی دەیدرێتێ، ئەوەی کە لە هەموو بڕگەکانی یاساکەدا هاتووە ئەگەر قەرەبو بدرێتە کەسێک «بما لایتعارض استعمالات المقررة لها» کە لە ناوچەی پیشـەسازییە تۆ ناتوانی بیکەیە هیچ شتێکی تر لەبەر ئەوە گرفتەکە لادەچێ ویاساکە هەموو تەواوە دەبێ مەبەستی یاسادانەر رەچاو بکرێ، یەک ئەوی تر تەواو دەکات، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومــــــەن:**

زۆر سوپاس، ئەم مادده وابزانم گفتوگۆی لەسەر تەواو بوو، واتە دوو تێبینی هەبوو لەسەر یەکیان ئەوەیە ئەو ڕێژەیە بخرێتە سەری و،بڕگە دووی مادده سێش بەهەمان شێوە چارەسەری بڕگە دووی مـادده دوو بکرێت، ئەوە لەدارشتن رەچاو بکرێت، هیچ تێـبـینی تر نیـیـە؟ وابزانم لەســەر ئەم ماددەیە، لێرە جگە لەو دوو تێبینییە کە لە داڕشتن جێگیر دەکرێت شتێکی تر نییە، جا ئێستا ئەم مـاددەیە دەخەینە دەنگدانەوە.. کێ لەگەڵە؟.. سوپاسـتـان دەکـەین.. کێ لەگـەڵ نییـە؟.. بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، مادده چوار فەرموو بیخوێنەوە.

**بەڕێز حــســـێـن عـــەلی کـــەمــــال:**

المادة الرابعة:

وصولا الى التعويض العادل يحق لأصحاب العلاقة الاعتراض على قرارات اللجان المختصة

المنفذة لاحكام هذا القانون لدى محكمة بداءة موقع العقار خلال مدة (« ١٠ » ايام) من تأريخ التبلغ بالقرار ويكون قرار المحكمة باتا وتعتبر الدعاوى الناشئة عن تطبيق احكام هذا القرار من الدعاوى المستعجلة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەوەی کە دەیەوێ لەسەر ئەم بابەتە قسە بکات، کاک شێخ عەدنان، کاک ئەحمەد سالار، کاک ئەکرەم عاشور، کاک سەفەر. کاک عەدنان فەرموو.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادام ئێمە لە بەشێکین کە پەیوەندی هەیە بە ویژدانی خاوەن موڵکەوە کە ئەو زەویەی لێ وەردەگرین، من شتێک لەخەیاڵم هەیە وابزانم لە پرۆژە سەرەکییەکە شتێکی وا هەیە چونکە هەموو زەویەکە دەبەن و بەشێکی دەدەنێ، قەرزێکی لەسەر بووە وابزانم لە بڕیاری (٢٢٢)ی ساڵی ١٩٧٧ش وایە، حکومەت کەفیلی ئەو قەرزە دەکات، بۆ نموونە ئێمە وامان دانا ئەم زەویە پارچەیەکی برد ئەوەی کە حکومەت دەبیات قەرزارە بە کرێی قیرتاو وئەوشتانە دەروات، ئایا لێرە ئەمە هەیە؟ خاوەن زەویەکە دەبێ ئەم ئەرکە هەڵنەگرێ، چونکە زەویەکەی لەدەس دەر دەچێت پێویست ناکات، حکومەت تا دەقێک هەبێ لێرە یاسا بەدوایدا دەچێت، داوای مافەکەی خۆی لێ دەکات وئەوە لەکوێ جێگای دەکەنەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئەحمەد سالار فەرموو.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ماوەی کە پێشنیار کراوە کە (١٠) رۆژە دەرفەتی پەیوەندارە کە ئەگەر رەخنەی هەبێت بەو برەی بۆی داناوە ئەو ماوەیە بە کەم ئەبینم لەرووی یاساییەوە کە بەلانی کەمەوە دوو هەفتە کەمتر نەبێت، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم ئەو ماوەیە لە (١٠)رۆژەوە بکرێتە (١٥)، رۆژ لەگەڵ رێز و سوپاسم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک ئەحمەد، کاک ئەکرەم عاشور فەرموو.

**بەڕێز ئەکرەم عاشور عودیش:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من داوایەکەم وەکو ئەوەی کاک ئەحمەد بوو، بەڵام من دەڵێم بکرێت بە (٣٠) رۆژ لەبەر هۆیەکانی راگەیاندن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە سوپاس، ئەوە دوو پێشنیارمان ئێستا لەپێشە، کاک سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینییەکەی من لەسەر کۆتاییەکەیەتی و «تعتبر الدعاوى الناشئة عن تطبيق احكام هذا القرار من الدعاوى المستعجلة» ،من لەگەڵ قسەکەی کاک شێروانم کەپێش ئێستا وتی، وابزانم لە خوودی بڕیاری (٢٢٢) وهەموار کردنەکان هەیە واتە دادگاکان قەزییەکانی کێشەو شتی وا نابینن، واهاتووە، بەڵکو لێرە ئەو شتە جێگیر بکرێت مەبەستی من ئەوە نییە کە دادگاکان دوور بن لە یاسا بەراستی لێرە کە بڵێین «وتعتبر الدعاوى الناشئة عن تطبيق احكام هذا القرار» بە مانای بوارێک بدات بە قەزا کە دادوەر دەعواکان ببینێ لەسەر قەرەبو و ڕێژەو ئەو شتانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بابرادەرانی یاسا ئەوە روون بکەنەوە، وابزانم پێشنیارێکی لیژنەی یاسا و جەنابی سکرتێرو برادەرانی لیژنەی داراییش لێرە وای لێ دێت، ئەگەر تەماشای بڕگەکە بکەیت لە کۆتایی دا دوای (قرار المحكمه باتا) ئەوە هەڵگیراوە، دوای ئەوە زیادەیەک خراوەتە سەری (وعلى المحكمة النظر في تلك الاعتراضات على وجه الاستعجال) ئەوە دیارە خۆیان رەچاوی ئەوەیان کردووە، ئەو رستەیە جێگیر دەبێت دوای (وتعتبر الدعاوى) مادام وایە ئەو برادەرانەی کە ویستیان لەسەر ئەم ماددەیە قسە بکەن تەواو.

دوو پێشنیار هەیە یەکیان مەسەلەی رۆژەکە دەڵێن کەمە پێشنیاری (١٥) رۆژ کراوە، دیارە کاک ئەکرەم عاشور و کاک ئەحمەد رێکن لەسەر (١٥) رۆژ وەکو پێشنیارێک لیژنەی دارایی و لیژنەی یاسا وادیارە رازین وجەنابی وەزیر پێشنیار کراوە ئەڵێن (١٠) رۆژ کەمە ئەگەر هاتوو یەکێک بیەوێ ئیعتراز بکات ئەڵێن بکرێت بە (١٥) رۆژ .

**بەڕێز حسێن تەها سنجاری/وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رازین لەسەر ئەوەی کە درێژ بێتەوە، بەتایبەتی بارودۆخی پۆستە وڕێگاوبان شایانی ئەوە نین کە بەو خێراییە بێ بەتایبەتی ئەگەر بۆ نموونە لە دەرەوە و لە ناوچە دوورەکان بێ، هیچ لاریمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک یۆنادم فەرموو.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/ وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من چاوەڕوانی ئەوەم دەکرد کە لیژنەی یاسا باسی بکەن، سەردەمی رژێمیش دەوترا (١٥) رۆژ

ئەوەی لە ناو وڵاتە و (٣٠) ڕۆژ ئەوەی لەدەرەوەی وڵاتە، لێرە یەک شت دانراوە تەنها (١٠) ڕۆژ، مەبەستم چییە لە بارودۆخی ئەمڕۆی خەڵکی سلێمانی کە نەتوانێ بێ بۆ هەولێر یان پێی ڕانەگات لە ڕۆژنامە بیخوێنێتەوە یان هەر نەتوانێ بێت یان لەلای ڕژێم بێت یان لەدەرەوە بێت ئەگەر جێبەجێ بکرێت پێم وایە باشترە وبە دوو جۆر ئەوانەی لە ناو وڵاتن و ئەوانەی لەدەرەوەی وڵاتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با بزانین لیژنەی یاسا رای چییە؟.. فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەلایەک دەڵێین دەبێ دادگا بە شێوەیەکی بە پەلە سەیری بکات لەبەر ئەوەی کێشەکە نەبێتە کۆسپ لەبەردەم شارەوانی بۆ ئەوەی بتوانێ بە زووترین کات جیاکاری بکات، زەوی دابەش بکات بەسەر هاوڵاتیان، ئێستا ئەوەی کاک یونادم دەڵێ لە ناوەوەی عێراق ئەوە بابەتەکە دووردرێژەی دەداتێ لەوانەیە کێشەکە ساڵ ونیوێکی پێ دەچێ بە راگەیاندن و بەرێگایەکی دبلوماسی، واتە ئەوە گرفتێکی زۆر گەورەمان بۆ دروست دەکات، بابەتی ئێرەش ئەگەر بێیتە سەر سەرچاوە یاساییەکەی هەر ئەسڵەن دادگای قەدەغە کردووە، ئێمە لێرە مادام مافمان داوەتێ پێویستە ئاگادار بێت و بە قەزیەی خۆی دابچێتەوە و «الجهل بالقانون» لەوێ وەرناگیرێ کە تبلیغ بێت یەکسەر نارەزایی خۆی بکات و بریاری دادگا بریارێکی کۆتاییە و(١٥) ڕۆژەکەش ئێمە لەگەڵداین و ئەوەی برای بەڕێزم کاک عەدنان ئاماژەی بۆ کرد، مەسەلەی خەرجیەکانی قیرتاو و مەسەلەی باج هەیە، بەراستی چ لە پرۆژەی حکومەتی ئەوەی کۆتایی نەهاتووە چونکە ئەوە بەگوێرەی بریاری(٢٢٢)ی ساڵی ١٩٧٧ چارەسەر کراوە و بەگوێرەی یاساکانی نافذ جێبەجێ کراوە، لەبەر ئەوەی دەسەڵات دراوە بە ئەنجوومەنی وەزیران بۆ ئەوەی رێنمایی دەربێنێ و لەتوانادا هەیە هەندێ کێشە لەرێگای رێنمایی چارەسەر بکرێت ، لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک سیروان.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها تێبینیم لەسەر وشەی (محکمە بداءە موقع العقار) یانی وشەی عقار لێرە هاتووە ئێمە باسی زەوی دەکەین، لێرە ئەڵێ موقع العقار ئەگەر روونکردنەوەیەک هەیە لەسەر ئەو بابەتە باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

با بزانین یاساناسەکان دەڵێن چی؟، فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یاسا کارپێکراوەکان و یاسای شارستانی، عقاری بەم شێوەیە پێناسە کردوە: (عقار) هەر شتێکی جێگیر بێت بەردەست بێت، چەسپاو بێت، نەتواندرێ لەشوێنێکەوە بگوێزرێتەوە بۆ شوێنێکی تر، عقاری پێدە گوترێ بۆیە ئێمە کە دەڵێین عقار مەبەستەکە زەوی دەگرێتەوە ئەوەش پێناسە کراوە لە یاسا بەردەوامەکاندا، مەبەستەکە زەوی دەگرێتەوە ئاساییە و پێناس کراوە لە یاسا کارپێکراوەکاندا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، جەنابی سکرتێر فەرموو.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ بەدوواداچوون لەسەر قسەکەی کاک شێروان، دادگای شوێنی عقار لەو کاتە دیاری دەکرێت ئەو عقارە لە نێوان سنووری چ یەکەیەکی (وحدە) بەڕێوەبردنە، دادگای ئەو یەکە کارگێڕییە تایبەتمەندە (مختص)، دەستەواژەیەکی یاسایی باوە لەلای یاساییەکان هەمووی بەکاردێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ سوپاس، فەرموو کاک سیروان.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەدواداچوونەکەی هەر ئەوەندەیە ئایا زەوی بە عەقار حساب دەکرێت؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ کاک شێروان روونی کردەوە، مادام وایە ئەو ماددە دەخەینە دەنگدانەوە تەنها ئەو زیادەیە ئەگەر بیخوێنیتەوە پێشنیار کراوە ماوەکە (١٥) رۆژ بێت لەجیاتی (١٠) رۆژ کاک ئەحمەد و کاک ئەکرەم هەردوو رێکن لەسەر ئەوەی کە (١٥) رۆژ بێت لەجیاتی (١٠) رۆژ، دەیخەینە دەنگدانەوە.. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

ئەو رستەیەی دوایی، دوای (باتا) لە پڕۆژەکەدا بکوژێننەوە هەمووی لەجیاتی ئەو ئەنووسرێت (وعلى محكمە) لەماددە چوار ئەوە زیاد دەکرێت (وعلى المحكمة النظر في تلك الاعتراضات على وجه الاستعجال) ئەوە برادەرانی دارشتن رێکیان خستووە وچ گرفتی لەسەر نییە، بۆیە دەیخەینە دەنگدانەوە.. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حســـــێن عــەلی کــەمـــاڵ:**

المادة الخامسة:

على رئاسة مجلس الوزراء إصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن:**

ئەوەش پرسیـاری زۆر لە ئەندامانی پەرلەمـان یاخود ترسی زۆر لەسـەر ئەندامـانی پەرلەمـان و خـەڵکی تریش هەڵدەگـرێ، چونکە ئەنجـوومـەنی وەزیران بەپێی بارودۆخی وڵات وناوچەکـان و شـارەوانی وئەو شتـانە بۆی هەیە یاخـود دەستی کـراوەیە کـە ڕێنمـایی دیاری کـراو وپێـویست دەربکات بۆ جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە، ئەگەر چ تێبینی نییە لەسـەر ئەم مـاددەیە دەیخـەینە دەنگدانەوە، کاک سەفەر تێبینی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز ســـەفـــەر مــحـــمـــەد حـســـێن:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــوومـــــەن.**

بەراستی لە بڕیاری (٢٢٢) جەنابی کاک شێروان ئاگادارە هەر بە بڕیار هاتووە، چونکە ئەو بڕیارە هەتا ئێستا (نافذه).

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــوومـــــەن:**

مـاددە پێنج (على رئاسة مجلس الوزراء اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون). چ تێبینیت هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟

**بەڕێز ســـەفـــەر مــحـــمـــەد حـســـێن:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.لە بڕیاری (٢٢٢) هاتووە لیژنەی دیاری کردووە کە سەرۆکی لیژنە لە وەزارەتی کـشـتـوکـاڵ دەبێ، لێرە لە پرۆژەکـە لیـژنەی دیاری نەکـردووە کـە لایەنێـک لیـژنە پێک بهێنێت، پاشان لەوێ بە حوکمی یاسایە، بەڵام لێرە بە ڕێنماییە، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــوومـــــەن:**

سوپاس، بابزانین لیژنەی یاسا دەڵێن چی؟ فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شــــێـــروان ناسح حـــەیدەری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــوومـــــەن.**

پێک هاتـەکـان ئەو لیـژنەیەی کـە لە بڕیاری (٢٢٢) هاتووە لە یاسای ژمـارە (٥٣) هاتووە ئێـمە دەستکاریمان نەکردووە هەر هەمان لیژنەکان ئەو یاسایەجێ بە جێ دەکەن و لەبەر ئەوەی ئاگـادارن لیـژنەکـە پەیوەندارە لەنێـوان وەزارەتی کـشـتـوکـاڵ و وەزارەتی شـارەوانی، وەزارەتی دارایی و وەزارەتی داد، لەبەر ئەوە ئێمە دەستکاری لیژنەکانمان نەکردووە و لیژنەکان هەمان یاسا جێ بە جێ دەکـەن و ئەوەی لەو یاسـایە نەهاتووە بەراسـتی ئێـمـە بەرپرس نین، تەنـهـا لەوەی کـاک سـەفـەر ئاماژەی بۆکرد هەر هەمان لیژنە هەیە و بڕیاری خۆی دەردێنێ، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، لەبیر مەکە کاک سەفەر ئەو یاسای مەرکەزییە، ئەمە هی هەرێمە، لەوانەیە هەندێ ڕێنمایی و تایبەتمەندی خۆی پێویست بێت، لەوانەیە هەندێ ئەنجامی خراپی هەبێت، بۆیە ئەنجوومەنی وەزیران لێرە دەستی کراوەیە و سەرۆکایەتی ئەنجوومەن دەتوانێ ڕێنمایی پێویست دەربکات بۆ ئەم بابەتە، ئێستا ئەیخەینە دەنگدانەوە.. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا. کاک شمائیل تێبینیەکی هەیە پێش ئەوەی لەیاساکە تەواوبین، فەرموو کاک شمائیل.

**بەڕێز شمائیل ننو بنیامین:**

**السيد رئيس المجلس.**

كما أشار حضرتكم بأن هذا القانون مطروح منذ عام١٩٩٤ عليه فأنه يظهر أهمية الموضوع وحساسيته، وفي الحقيقة لقد أستغل نظام بغداد هذا القانون بتطبيق سياساته العنصرية وبذلك ألحق أضراراً كبيرة بالافراد، وخلق لنا مشاكل لحد اليوم كما وألحق أضراراً بالتوزيع الديموگرافي للقوميات الغير العرب في الوطن، وقد عانى أشقائنا الأكراد من جراء ذلك كما عانى شعبنا الأشوري والتركمان أيضاً، و نحن اليوم نقدر الجهود الكبيرة الذي بذلت لأنجاز هذا القانون والذي تقتضيه المصلحة العامة، وهو بالتأكيد مصلحة المواطن و مصلحة صاحب الملك ولايوجد وجه مقارنة بين أهداف هذا القانون وذاك ما سعى اليه النظام. ولكن نحن نتعامل مع قانون ولكي يأتي متكاملاً وينسجم مع الممارسةالديمقراطية وحقوق القوميات ويضمن التآخي القومي أكثر، اقترح أضافة المادة التالية على القانون ( من أجل ضمان الحقوق الادارية للقوميات متعايشة في كوردستان العراق تراعى مسألة الأنسجام والتجانس القومي في حالات إطفاء حق التصرف لأغراض شخصية ).

فنحن كشعب لا نطالب بحكم ذاتي أوصيغة حقوق أخرى في الأرض ولكن نطالب بالحقوق الثقافية و الادارية والفردية وهذه الحقوق قد ضمنها قانون البرلمان هذا وقانون مجلس الوزراء مع فائق التقدير.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک شمائیل، گومان لەوە نییە کە زۆر یاسا دەرچووە لەلایەن حکومەتی ناوەندیەوە کەشێوازێکی شۆڤینیزم و دژ بە کورد و ئەو نەتەوانەیە کە لە وڵاتی ئێمەدا ئەژین، لەسەرەتایشەوە کاتی خۆی ئێمە ئەو بنەمایەمان دیاری کردووە و چەند جار لەم پەرلەمانە زۆر لەو یاسایانە یاخود لەو بڕیارانەمان تەجمید کردووە و شتی تر لەجیاتی ئەو دەرچووە. وەکو بنەما شتێکی زۆر ڕێک و پێکە من وابۆی دەچم کە حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر بەوردی ڕەچاوی ئەو بارودۆخە ئەکات، بەڵام چەسپاندنی ئەم بارە کە جەنابت باست کرد لەیاسایەک سیفەتێکی سیاسی بدرێتێ لەوانەیە هەندێ گرفت دروست بکات لەوانەیەخۆشی لەگەڵ بنەماکانی مافی مرۆڤ نەگونجێت، هەر بۆ ئاگاداری ئێمە لەو جەولەی کە کردمان لەسەرەتای ئەزموونەکەمان ساڵی ١٩٩٢ ئەو پێشوازیە

گەرمەی کە لە پەرلەمانی کوردستان لەم تاقیکردنەوە کرا، زۆر لە دام و دەزگا دیموکراسیەکان وخاوەن تاقیکردنەوەکان لە ئەوروپا گلەیەکیان لە ئێمە ئەکردکە چۆن ئێمە (٥) کورسیمان بۆ ئاشووریەکان جیاکردۆتەوە بە بڕیارێک و، وا بۆی چون کە ئەمە لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسی ناگونجێت، بەتایبەتی ئەوان باسی بنەماکانی مافی مرۆڤیان دەکرد،گوایە زۆرمان لە خەڵکێک کردووە کە بنووسن لە چی رەگەزو دینێکن، بەپێی تاقیکردنەوەشیان ئەوە شتێکی باش نەبوو زۆر کەس لەو خەڵکە کە ئاگاداری ئەزموونی دیموکراتی وکاری هەڵبژاردنیان هەیە بە نووسینیش نووسیویانە وەکو رەخنەیەک لەسەر یاسای هەڵبژاردنی ئێمە، بەڵام بەپێچەوانەوە شانازیمان دەکرد کە ئێمە ئەو شتەمان کردووە، بەرگریمان لێ دەکرد و لێرە ئەو بابەتە من تەنها بۆ(الشيء بالشيء يذكر) باسی دەکەم کە ئەمەش هەیە وەکو بنەما باوەڕ ناکەم حکومەتی هەرێمی کوردستان کارێکی وا بکات کە سنوور بشکێنێ لەسەر مافی نەتەوەکان، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئێمە پاسەوانی مافی نەتەوایەتی ئەکەین، بەڵام با بزانین رای برادەرانی یاسایی چییە لەو بابەتەوە، با ناونووسیان کەین کاک شێخ عەدنان و، کاک شمائیل، فەرمووکاک شێخ عەدنان.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر ئەوەی جەنابت باست کرد لەگەڵ رێزم بۆ مافی برایانی ئاشووری هەر یاسایێک ( العبرة ليس بالنص بل العبرة بالتنفيذ ) ئەگەر تەماشای یاساکانی حکومەتی بەغدا بکەین کە کاک شمائیل خۆی باسی چەوساندنەوەی حوکمی کردووە، میللەتی کوردیش لە هەموو کەس چاکتر دەزانێ و ئەنفالیش باشترین بەڵگەیە و کارەساتی هەڵەبجە و زۆری تریش.

ئەگەر تەماشای ناوەرۆکی ئەو یاسایانە بکەین لەدەستوری عێراقی لە بەغدا (المواطنون سواسية أمام القانون) بەڵام برایانی ئاشووری و تورکمان دەچەوسانەوە، هاوولاتیەکی کورد لە شاری کەرکووک بۆی نەبوو خانوویەک بێ رەزامەندی دەزگای ئەمن وسیخوری بەغدا بفرۆشێت کە دژ بە هەموو بنەماکانی مافی مرۆڤە، یان هەڵسووکەوت لە مەترێکی چوارگۆشەیی خۆی بکات، ئەمە یەک، خاڵی دووەمیش خۆی شتی وا لە دەستور باس دەکرێت ولە دەستوریش عیبرەت بەنیەتە (المواطنون سواسية أمام القانون) هاوولاتیان نە نەتەوەی و نە عورف ونە ئاین جیایان ناکاتەوە، پاشان بۆ ئێمە شۆڕشی ئەیلول چاکترین نموونەیە کە کاک شمائیلیش وکاک یۆنادەمیش باش ئەزانن خوێنی هەزاران، یان زۆربەی رۆڵەکانی ئاشووریەکان لەگەڵ خوێنی برا کوردەکان و غەیری تردا لە دۆڵ و دەشت و ئەرزەکانی کوردستان تێکەڵ بوو و قوربانییەکی زۆریان دا کە ئێستاش جێی تەقدیر و رێز لێنانی هەموو میللەتەکەمانە دوای ئەوە پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان کە رۆڵێکی سەرەکی هەبووە لە هێنانە دی ئەم پەرلەمانە و سەرۆکی ئەم حزبە کە سەرۆک مەسعود بارزانییە خاوەنی بیرۆکەی هەڵبژاردن بووە، وای بۆ دەچم لە هیچ خوتبەیەکی ئەو شەخسە تێبینیم نەکردووە، لە هیچ بۆنەیەکدا هەندێ جار لەوانەیە هەندێ

کەس بلێ باسی نەکردووە، جەخت لەسەر مافی هەموو ئەو کەمایەتیانە هەیە کە لە کوردستاندا هەنە، بەتایبەتیش برا ئاشوورییەکان و بە بۆچوونی منیش بوونی کاک یۆنادمیش هەم وەکو ئەندامی پەرلەمان وهەم وەکو وەزیر کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبەکەی خۆیەتی و، کاک شمائیل وەکو ئەندامی مەکتەبی سیاسی خۆی وبرادەرانی تر کە لێرەن چاکترین بەڵگەن زیادمان کردووەتە سەر ئەو یاسانەی کە لەم پەرلەمانە بەرێزە دەرچووە وەکو یاسای چاپەمەنی ویاسای حزبە سیاسییەکان زۆر روون و ئاشکرایە بۆ نموونە، هەتاکو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی دراوەتێ، دووبارە دەگەڕێمەوە بە هەموو ڕێزێکمان پشتگیری هەموو مافێکی برا ئاشوورییەکان دەکەین و عیبرەتیش بەجێبەجێ کردنە نەک بە قسەکردن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک یۆنادم.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کەنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابتان باسی ئەوەتان کرد کە بۆ ئەو (٥) کورسیە جیاکراوەتەوە؟، ئەمە کاتی خۆی زۆر بیرمان لێکردەوە نەتەوەیەکی بچووک لە ناو کۆمەڵێکی گەورە بە تەئکیدەوە مافی ئەڕوات و بڕیاری خۆی نامێنێ، واتە خۆی بڕیارەکەی موسادەرە ئەبێ ئەچێت بۆ زۆرینە، لە بەر ئەوە بۆ ئەوەی ئەو تایبەتمەندیە بمێنێ ئەو نەتەوە بچوکە رای خۆی بدات دەربارەی نوێنەرانی خۆی زیاتر حەقە جێبەجێ بێ، چونکە لە زۆر ناوچەی ئەم دونیایەدا شتەکە هەیە، واتە ئەمە تەنها لێرە نییە، چ لە لوبنان بێ چ لە هەتا خودی ئێرانیش بۆ زەردەشتی و بۆ ئاشوورییەکان لە نێوان خۆیان هەڵبژاردن دەکەن بۆ نوێنەری خۆیان، لە میسریش هەرچەندە مافیشیان خوراوە، بەڵام چی پەرلەمانتاران هەیە بەشێوەیەکی تر هەڵدەبژێردرێن هەرچەندە ئێمە رازی نین بەوە، چونکە جارێ یاسای (خەتی هۆمایۆن) ماوەی (١٤٠ـ١٥٠) ساڵ لەمەو پێش ئەوە زۆر رەوا بوو زۆر ئاسایی بوو، بەپێچەوانەوە بۆ ڕێزلێنان لە هەستی ئەو خەڵکە زیاترە و وابزانم مافی مسۆگەر ترە دەربارەی ئەو مەسەلەی کاک شمائیل باسی کرد زۆر رەوایە، چونکە بۆ نموونە ئەڵێ: (إلي يعضه الحية يخاف من الحبل) واتە تاقیکردنەوەی شتی وا بووە مومارەساتی وا بووە نەک بە یاسا هەر بەبێ یاسایش هاوولاتییەک لە کەرکوک، یا لە بەغدا دانیشتووە خاوەن دەسەڵاتێک هاتووە ئێستا سێ خانووی بۆ خۆی ئاوەدان کردووە ئێستا بەبێ یاسا وبێ شارەوانی وبێ هیچ شتێک، جا یاسا مافی خەڵک دەپارێزێ، یەکسانی وبەرابەری ئەوەیە کە مافی خەڵک نەخورێت، کاک شمائیل ئەڵێ چەند کۆمەڵێک بووە چەند ناوچەیەکمان بووە بەرەبەرە ئێمە دەبینین کێشەمان پەیا ئەبێت مەسەلەی قوتابخانەیە، فلان پەرت وبڵاو بوون خەڵک بگەڕێنەوە سەر یاسای (شفعە) وشەفاعە، ئەگەر برا یاساییەکان یارمەتیم بدەن لە کالیفۆرنیا لە (بێرکلی) بەرپرسی لقی ئەمەریکای خۆمان ویستویەتی ماڵ بۆ خۆی ئاوەدان بکات تا ناوچەی (بێرکلی) ئیمزایان نەکردووە ئەو گەرەکە نەیتوانیوە ماڵ بۆ خۆی

ئاوەدان بکاتەوە، یاسای (شفعە) وشەفاعە هەتا ئینسجامی کۆمەڵایەتی پێ ئەگوترێ واتەمەسەلەی نەتەوایەتیان مەرج نییە هەتا خەڵک تەبابن لەگەڵ یەک ئەو ناوچە خەڵکی ئەو شارەوانیە ئەوە پەسەند ترە لەوانەیە ئەو یاسایە ئێستا راگیراوە، یا کاری پێناکرێ یاسای (شەفعە) ئەگەر ئەو یاسایە بەرێوە بروات گرفتمان نییە، لەوانەیە دوو عەشیرەتی کورد و ئاشووری زۆر تەبابن لەگەڵ یەکتردا، بەلام ئاشوری وئاشوریەکی تر تەبا نەبێن لەگەڵ یەکتر، یان کوردێک و کوردێکی تر تەبا نەبن لەگەڵ یەکتر، یاسا دەبێ ئەوە رەچاو بکات کە ئەو کۆمەڵگایە تەبا بن لەگەڵ یەکتر کێشەکە ئەوەیە، منیش پشتگیری کاک شمائیل دەکەم، بەلام دیسان نازانم چۆن ئەو یاسایە رەچاو بکرێت کە مافی خەڵک نەخورێت وکە تەباییەکە بەردەوام بێت؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شمائیل فەرموو.

**بەڕێز شمائیل ننۆ بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

في الحقيقة اريد التحدث حول تخصيص( ٥ )مقاعد للآثوريين في الانتخابات، الاعتراض وجد على أنه كان قرار ولم يكن ضمن القانون نفسه فلدينا مقترح بشأن أدخال مادة بخصوص هذا القانون للمجلس الوطني وأعتقد في حالة التنوع القومي وفي حالة تعايش قوميات هذه مسألة طبيعية انها تضمن حقوق القومية الصغيرة وفق القانون في القانون العام كان يمثل الاشوريين بحسب نسبتهم السكانية بممثلين في البرلمان، مسألة أخرى وأشار اليها الاستاذ عدنان النقشبندي، النظام العراقي كان يتعامل مع المواطنين سواسية بنظرة شمولية ولكن من خلال هذه النظرة كان التطبيقات تميل الى جانب القومية الكبيرة التي هي القومية العربية. ونحن نطالب بهذه المسألة ونريد توضيح نقطة معينة ألا وهي تحديد للحقوق الادارية نحن كشعب لنا حقوق في هذا الوطن ونطالب بهذه الحقوق ونريد أن نفهم هذه الحقوق، ولكن كيف نفهم هذه الحقوق؟ نحن نريد حقوقنا الادارية و الثقافية وأنا اذا لم يكن لدي تجمع سكني موجود على ارض الواقع حالياً فكيف يضمن لي حقي، لان التجمع السكني يضمن لي ان الاغلبية هي من قوميتي وبعكسه كيف يكون لدي مدير ناحية؟ وهذا هو حقي الاداري، وكيف لي ان انشيء نادي ثقافي؟...

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

كاك شمائيل نحن لم نناقش الأن حقوق القومية للأقليات او للقوميات، نناقش مسألة فرز و اطفاء الاراضي ضمن حدود بلدية معينة بلدية اربيل و هذة البلدية ملك للكورد و التوركمان و الاثوريين، بلدية عنكاوة بلدية معروفة، كذلك دهوك و سليمانية، للبلديات حدود معينة حدود جغرافية معينة فيه أناس من مختلف القوميات، في هذه المجال اذا كان هناك مشروع فيما يتعلق بالحقوق القومية للأخوة الاثوريين بأمكانكم تقديم مشروع أو مناقشته، ما مطروح الآن يتعلق

بالأراضي ضمن حدود البلديات وبلديات غير مبنية على اساس القوميات مبنية على الأساس الأداري و يتعايش عليها كثير من القوميات . من المفروض عدم الخروج من الموضوع.

**بەڕێز شـــمـــائيـل نـنو بنيـــامين:**

**بەڕێز ســـەرۆكی ئـەنجـــوومـــەن.**

نعم، البلديات مبني على هذا الأساس فعلا ولكن نحن نعتبرها غبن تاريخي، حقيقة نحن نعاني الأن من ضعف كبير في مسألة توزيع الجغرافي و نحن كقومية ضحية للسياسات..

**بەڕێز ســـەرۆكی ئـەنجـــوومـــەن:**

قدموا مشروع حول هذا الموضوع.

**بەڕێز شـــمـــائيـل نـەنو بنيـــامين:**

**بەڕێز ســـەرۆكی ئـەنجـــوومـــەن.**

نعم ولكن نحن لدينا الان امر واقع الحال و لدينا حاليا بلدية عينكاوة و اذا قرر فرز الأراضي هناك و توزيعها لكافة المحامين مثلا وقطعة أخرى لكافة الشهداء الذين لهم كل التقدير ولكن المسألة تؤثر على واقع التركيبة القومية في عينكاوة هذا هوالقصد فأعتقد ومثل ما تفضل حضراتكم لا يوجد لدينا أي شك في التوجهات وعلى هذا الاساس نحن المشاركين في هذه التجربة وجادين في تحالفنا و مصداقية تحالفنا ومصيرنا المشترك لذلك أقترح إضافة هذه الفقرة كأمر واقع، شكراً.

**بەڕێز ســـەرۆكی ئـەنجـــوومـــەن:**

سوپاس كاك شمائيل، با لە ناوەڕۆكی بابەتەكە دەرنەچین، بابەتەكە پاسای(إطفاء الأراضي)یە هەر وەک گوتیشم لەسەرەتاوە سنووری شارەوانی لەسەر بنچینەی نەتەوایەتی دایەش نەکراوە نەلای ئێمە نە لە جێگەی تر وابزانم بنەمای مافەكانی مرۆڤیش ڕێگەمان لێ ناگرێ كە مرۆڤ لە كوێ بیەوێت بژیەت لە كوێ بیەوێت دانیشێت خانوو لە كوێ بكات لە كوێ نەكات، عەنكاوەش وەكو جێگایەک سەر بە شاری هەولێرە (حەسر) نەكراوە تەنها ئەبێ كوردی تێدا بێت، یان ئەبێ توركمانی تێدا بێ، یان ئەبێ برادەرانی ئاشووری تێدا بێت تكام وایە لە بابەتەكە دەرنەچێت چونكە ئەگەر شتێ هەیە پەیوەندارە بە مافی برا ئاشووریەكانمانەوە با پرۆژەیەک پێشكەش بكرێت یان ئەم یاسایە ئێمە( إطفا )ی زەویەكانمان كە هەیە ئێمە باوەڕ دەكەین ئەگەر شتێكیش بوو ئەوە ئەنجوومەنی وەزیران ڕێنمایی تایبەتی بۆ دەربچوێنێ كە چارەسەری ئەو بابەتە بكات، فەرموو كاک حسێن.

**بەڕێز حســێن تـەها سنجـاری/ وەزیر شـارەوانی:**

**بەڕێز ســـەرۆكی ئـەنجـــوومـــەن.**

لەبەر ئەوەی بابەتی شارەكان هات عەنكاوە یەكێكە لە شارەكانمان ئێمە لە وەزارەتی شارەوانی هەموو جار گفتوگۆمان كردووە حەزدەكەین شارەكانی تر وەكو عەنكاوەی لێبێ نەوەک عەنكاوە وەكو كورانی لێبێ، من لایەنگیری بۆچوونی برایانی لیستی مۆر دەكەم كە ئەگەر شت نەبێ یاسا

لەوانەیە واتە شارێکی وەکو عەنکاوە نوقم ببێت لە ماوەیەکدا لە کورانەوە و ئەوەی کورانی ببینێ و عەنکاوەی ببینێ ئەزانی مەبەستمان چییە...

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا باشە جەنابی وەزیر ئەمە پرۆژەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، هەردووکتان وەزیرن ئەبوایە لە ئەنجوومەنی وەزیران ئەم پێشنیارەتان بکردبایە وحەسمتان بکرادیە، ئەوجا بۆ ئێمەتان بناردبایە.

**بەڕێز حسێن تەها سنجاری/وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ ببورە دێمە سەر ئەم خاڵە کە من لایەنگیری ئەو بۆچوونە دەکەم کە مافەکان بێ بە یاسا نەک تەنها ڕێنمایی و وتار بێ، لەبەر ئەوە ئەگەر هاتوو خۆ لێرە ماددەی پێنجەم کە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست دەربکات، بەڕێز وەزیری ئەشغال کە لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران باسی ئەم خاڵەی کرد بێگومان وەزارەتی شارەوانی پشتگیری لێدەکات لەبەر ئەوەی ئێمە دەزانین ئەو بابەتە چییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. ئێمەیش هەروەهامان گوتوە. زۆر باشە هەوڵ بدرێت لە ئەنجوومەنی وەزیران کارێکی وەها بکەن کەس مەغدور نەبێت.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سیمایەکی ئسوڵی و یاسایی و روونە کە هەموو یاسا ناسان دەیزانن، دەبێت سیفەتی یاسا سیفەتێکی مەوزوعی بێت هەر یاسا زانێک ئەوە دەزانێت من ڕێزم هەیە بۆ ئەو قسانەی کە کران، بەڵام هیچ قسەیەک لەوانەی کە کران پەیوەندی بەم بابەتەوە نەبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەهەر حاڵ من دیسان ئەوە دووپات دەکەمەوە، کە بابەتێکی یاسایی دێت نەمانخەنە ناو مەسەلەی لاوەکییەوە، چونکە ئەمە بەم شێوەیە چارەسەر ناکرێت، من دیسان جەخت دەکەمەوە، پەرلەمانی کوردستان سوورە لەسەر ئەوەی کە خەڵکی کوردستان بەهەموو ڕەنگێکیانەوە بەهەموو سیفەتی نەتەوایەتییانەوە ئەوپەڕی ماف پارێزراو بن، لەم پەرلەمانەدا زۆر جار باس لەسەر ئەم بابەتە کراوە، و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش زامنی جێبەجێ کردنی ئەو مەبدەئەیە، ئەگەر پرۆژەیەکی تایبەتمەند هەیە بەم مەسەلانەوە، با برادەرانی لیستی مۆر پێشنیاری خۆیان پێشکەش بکەن، لە ڕێگای خۆیانەوە، ئەگەر شتێکی تریش هەیە جارێکی تریش تەئکید دەکەمەوە کە ئەم پرۆژەیە پرۆژەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە، و لەوێش برا وەزیرەکان ئەیانتوانی ئەم پرۆژەیەو ئەم پشتگیرییەی خۆیان جێگیر بکردایە، و برگەیەک لەو برگانە هەبووایە تا ئێمە گفتوگۆمان لەسەر بکردایە، ناکرێت لێرە وەزیر هەڵسێ بڵێ من پشتگیری فلانە بابەت دەکەم،

چونکه ئەو بابەتە وەختی خۆی لەوێ باس کراوە، پشتگیری شتێکی ترە، بەندی یاسا بابەتێکی ترە، ئێمە کۆمەڵە برگەیەکی بەرچاومان بۆ هاتووە، جەنابی وەزیری شارەوانی و، کەس لە ئەندامانی پەرلەمان نکوڵی لە مافی برایانی ئاشووری ناکەن، وەکو کورانیش کوردە لەوانەیە برادەرێکی مەسیحیش لەوێ بژێ، وەکو عەنکاوە گەڕێکە لە گەڕەکانی شاری هەولێر لەوەیە کورد و غەیرە کوردیش لەوێ بژین، ئێمە شانازی بە کورانەوە دەکەین، هەروەها شانازیش بە عەنکاوە دەکەین، ئەگەر بارودۆخی دواکەوتوو وای کردبێت، ئێستا ئێمە تانە لە خەڵکی کوران بدەین و نەبێت بە کوران، با ئێمە هەوڵ بدەین ئاستی دانیشتوانی گەڕەکی کورانیش بەرز بکەینەوە، جەنابت وەزیری حکومەتی هەرێمی کوردستانی وە بەرپرسی لەوەی کە ئاستی شارستانی گەڕەکی کورانیش بەرزکەیتەوە، وەکو ئێستاکە لە عەنکاوە دەکرێ، بۆیە دەبێت ئێمە خەریک بین و ئیشی بۆ بکەین، بەڕاستی ناکرێت ئێمە بە چاوێکی ئاوەها تەماشای خەڵکی گەڕەکی کوران بکەین، بەچاوێکی تریش تەماشای خەڵکی عەنکاوە بکەین، دوو شتی جودایە، هەموو هاوولاتییەک مافێکی خۆی هەیە لەسەر ئێمە کە بەرگریی لێ بکەین، هەموو هاوولاتییەک چ کورد، چ ئاشووری، چ تورکمانی، چ عەرەبی کە تیایدا دەژێن، بەڕاستی ناکرێت ئێمە لێرە بەم شێوەیە تەماشای گەڕەکی کوران بکەین، گەڕەکی کوران نوری چاوی ئێمەیە، کوران ئازیزی ئێمەیە خەڵکی کوران خەباتکارن، خەڵکێکی هەژارن، ئێمە هەر بەهەمان ڕێزەوە، تەماشای عەنکاوەش دەکەین، خەڵکی عەنکاوەش نوری چاوی ئێمەن، بەڕاستی ناکرێت جەنابت وەکو وەزیری شارەوانیی پشتگیری لە بابەتێک بکەیت، کە بابەتەکە لە پرۆژەی خۆتاندا نییە، ئەبوایە جەنابت وەکو وەزیرێک لە ئەنجوومەنی وەزیران، ئەم بابەتەتان بە وردی باس بکردایە، پێشنیارتان بکردایە تاکو ئێمە لێرە گفتوگۆمان لەسەر بکردایە، فەرموو کاک حسێن سنجاری.

**بەڕێز حسێن تەها سنجاری/ وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

باسی عەنکاوە دەکرێت یاخود کوران یاخود هەر جێگایەکی تر، بابەت ئەوە نییە ئەمە چییەو ئەوە چییەو چ ڕەنگێکە؟، بابەتی خزمەتگوزاری سەرژمێرییە، من ئەزانم لەبەر ئەوەی بەرپرسی ئەو ئیشەم، بەرپرسی شارەکانم، ئەم شارە چییە، ئەو پارچە چییە، ئەم کۆڵانە چییە، ئەوەی دیکە چییە، ئەو گەڕەکە چییە، لە لایەنی خزمەت کردن و ئاوو، ئاوەڕۆ، پاک و خاوێنی... هتد.

بێ شک ئێمە ئەمانەوێ ئەو شارەی یاخود گەڕەکەی کە جوانە، ئەگەر بەرزتر نەبێت، هیچ نەبێت لە ئاستی خۆی بمێنێت، وە ئەگەر بوار نەدەی، وە ئەگەر بوار بدەی بێ گومان لە ئاستی خۆی نامێنێت، جێگای تریش ئەگەر خزمەتگوزاری نەبێت، ئەویش خەریکین خزمەتگوزاری بۆ بچێ وپێشتر کەوێ و... هتد. ئەمە بابەتی ئەوە نییە من مجادەلەی لەسەر بکەم، بەڕاستی تەنها ئەوەیە من پشتگیری خۆمم کردو دووبارەشی دەکەمەوە. لەماددەی پێنجەمدا دەڵێ: سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بۆی هەیە ڕێنمایی نوێ دەربچوێنێت. لێرە کە نەکرا لەوێ بە تەئکید من

پشتگیری ئەو ڕایە دەکەم، چونکە من دەزانم لە شارەکان جیاوازی خزمەتگوزاری چییە، وە ئەمانەویت بەرزتریش بن، دروشمێکیشمان هەیە، «من اجل مدينة اجمل وانظف واكثر تنظيماً وملائمة للعيش والعمل». سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، ئێمەش پشتگیریی لەسەر ڕێنماییەک دەکەین، کە دەبێتە هۆی پێشکەوتنی شاروشارۆچکەکانمان، بەڵام گوێ پێنەدانی شارۆچەکەکانی تر لە بەرژەوەندیی نییە. گفتوگۆکردن لەسەر ئەم ماددەیە تەواوبوو ماددە «٦» ئەخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسندکرا.

**بەڕێز حسێن علی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة السادسة:

على الوزراء المختصين تنفيذ هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

چ تێبینیەک لەسەر ماددە (٦) هەیە؟، نییە؟ ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسندکرا، سوپاس.

**بەڕێز حسێن علی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة السابعة:

ينفذ هذا القانون اعتباراًمن تاريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

چ تێبینیەک لەسەر مادە «٧»هەیە؟ نییە؟، ئەیخەینە دەنگ دانەوە، کێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسندکرا. سوپاستان دەکەین. وەکو یاسا ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆرینەی دەنگ وەکو یاسا پەسندکرا، سوپاس.

بەرنامەی کاری ئەمڕۆی ئێمە ئەوەی کە جێگیر کرابوو تەواو بوو، پێدەچێ یەک دوو تێبینی هەبێ لەلایەن برادەرانەوە دەیانەوێت قسە بکەن، با ناونووسی ئەو برادەرانە بکەین کە دەیانەوێت قسە بکەن، کاک ئەکرەم عاشوور، کاک ئەکبەر حەیدەر، کاک ئازاد قەرەداغی، فەوزیە خان، کاک ئەکرەم فەرموو.

**بەڕێز ئەکرەم عاشوور عەودیش:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەبۆنەی جەژنی قوربانی پیرۆز و بەبۆنەی جەژنی قیامەی حەزرەتی مەسیح، سەردانی زۆر خێزانمان

کرد، دوو سێ بابەتی میللەتەکەمان باسکرا لەو سەردانانەدا، یەکەم کێشەمان کێشەی جووتیاران بوو، کە کێشەی فرۆشتنی بەرهەمی (جۆ)ی ساڵی ڕابردوو بوو، هەتا ئەم کاتەش نەفرۆشراوە، کە نرخی یەک عەلبە نزیکەی دەکاتە ۲۰۰ دینار، لە کاتێکدا نرخی مریشک و گۆشت وەکو خۆیەتی، نرخی یەک عەلبە نزیکەی دەکاتە دوو مریشک، هەروەها خاوەنی (دەڕاسە) ناچارە بۆ چاککردنەوەی دەڕاسەکەی خۆی، بۆ دروێنەی جۆی ئەمساڵ، بۆیە داوا دەکەین لە کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێم چارەسەری ئەم بابەتە بکات، هەروەها داوا لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەین کە ئەم خاڵە بخرێتە پرۆژەی داهاتوومان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک ئەکرەم، مەسەلەی داهاتی جووتیارەکانمان جاری پێشوویش باس کردووە، هەروەها بەیاننامەیەکمان داوە بە نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر ئەو بابەتە، زۆر باشە ئێمە لە دانیشتێکی داهاتوودا، وەکو پێشنیارێک دەیخەینە ناو بەرنامەی کارەوە، ئەو برادەرانەی کە دەیانەوێت لەسەر ئەم بابەتە قسە بکەن، یان پێشنیاریان هەیە، ئەگەر بە نووسین پێمان بدەن باشترە، بۆ ئەوەی دانیشتنێکی بۆ دەسنیشان بکەین و، ئەوەی کە لە ئێوەوە بۆ ئێمە دێت پشتی پێ دەبەستین، بۆ ئەوەی برادەران هەموو گوێیان لێ بێت، هەر کاتێک زانیمان ئەو ماددانە ئامادەنە ئەوا دانیشتێکی بۆ دەکەین. کاک ئەکبەر فەرموو.

**بەڕێز ئەکبەر حەیدەر موسا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ماوەیەک ئێمە باسی ئەو هەنگاوەی ڕژێمی عێراقمان کرد کە دەستی کردووە بە دەرکردنی هاووڵاتیانمان لە خانەقین و کەرکووک و لەملاو ئەولا، وە ئێستاش دووبارە ئەو هەنگاوە دەستی پێکردۆتەوەو چەندین ماڵیان دەرکردووە بۆ باشووری عێراق، وە چەندین ماڵیش ناونووس کراون بۆ ئەوەی دەر بکرێن، من پێشنیار ئەکەم کە بخرێتە بەرنامەی کارەوە بۆ ئەوەی بەتێروتەسەلی گفتوگۆی لەسەر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە جارێک لێرە باسمان کرد، ئەگەر برادەران لە بیریان مابێ، بەیاننامەیەکیشمان دەرکرد، بە نووسین شتێکمان پێ بدەن، وە ئەو برادەرانەی ئەیانەوێت لەسەر ئەم بابەتە بە تایبەتی قسە بکەن ئاگادارمان بکەنەوە کەپێمان گەیشت ئێمە دانیشتنێکی تایبەت بۆ ئەو بابەتە دەبەستین، کاک ئازاد قەرەداغی فەرموو.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەکو جەنابت پێش دەست پێکردنی دانیشتنەکە، ئاماژەت بە ڕۆژی ١٤ی نیسان کرد دەربارەی ڕۆژی ئەنفال، بەڕاستی دیار نەبوونی چارەنووسی ئەو ١٨٢ هەزار کەسەی بۆ باسکردنیان و

ژمارەیان وابزانم بەراستی جەنابت زوو چوویتە ناو دانیشتنەکە، ئەگەر دانیشتنێکی تایبەت دەربارەی ئەنفال بکرێت، جا ئەگەر ئەمڕۆ بکرێت باشترە، ئەگەر ئەمڕۆ بڕیاری لەسەر نەدرێ، سبەینێ دانیشتنێکی پەرلەمان بکرێ، پێویستە بایەخێک بەو ڕۆژە بدرێت و بە خۆڕایی نەڕواو بزر نەبێت، لە زۆر ڕاگەیاندندا کە ئەمڕۆ ١٤ی نیسانە باسی نەهاتووە، ئەگەر باسیشی هاتبێت تەنها بە دوو سێ وشە باسی هاتووە، وابزانم نرخی ژیانی ١٨٢هەزار مرۆڤ بەتایبەتی لە گەرمیان، کە دیومانە بە چاوی خۆمان چۆن وڵاتەکە کاول بووەو چۆنیش مێردیشیان لە ژنان جیاکردونەتەوە چۆنیش منالی ساوایان بردووە، ئێستاش چارەنووسی ئەو منداڵانە دیار نییە، وابزانم پەرلەمانی کوردستان مافی ئەوەی هەیە یادی ئەو ڕۆژە بە ڕۆژێکی زۆر مەزن بکاتەوە، ئێمە هەمیشە یادی ڕۆژی هەڵەبجە ئەکەینەوە، یادی کیمیابارانی گەرمیان ئەکەینەوە، یادی قەرەداغ، بادینان ئەکەینەوە، بەڵام چارەنووسی ئەو (٨٠٠٠) هەزار بارزانی و ١٨٢ هەزار ئەنفالەی کە دیار نینە ئەگەر مافی خۆیان پێ بدرێ و بە ڕۆژێکی بەنرخ دابندرێت و بە ڕاگەیاندن بدرێت، بە نەتەوەیەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بدرێت، هیچ نەبێت چارەنووسیان دیاری بکەن و یاخود گوشارێک بێ لەسەر ئەوەی ئەم کارەی کردووە، واتا زەختێکی سیاسی بێت، ژیانی ئەو خەڵکە چی لێ هات، وابزانم لە عادەت و عورفی کوردەواری خۆماندا جاران، ئەگەر مریشکێک دیار نەبوایە خاوەنەکەی بە شوێنیدا ئەگەڕا، بەڵام ئێستا خەریکە ئەمە نامێنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە، ئەگەر حەز بکەن ئێمە سبەی دانیشتنێک دەکەین لەسەر مەسەلەی ئەنفال، ئەگەر ئامادە بن بۆ گفتوگۆ شتێکی زۆر باشە دانیشتنێکی بۆ تەرخان دەکەین. ئێمە لە نێوان ئەو بەیاننامەیەی دەیدەین بە نەتەوەیەکگرتووەکان داوامان کردووە، بەڕاستی مەسەلەی بژاردنەوەی زیانەکان بۆ خەڵکی ئەنفال کراوەکانمان بێت، مافێکی سروشتییە پەرلەمانی کوردستان داوای ئەوە بکات، چونکە ئێستا کابرایەکی کوێتی لە کوێت دیار نەبێت یاخود رادیۆیەکی دزرابێت، ئەبێ ئێستا بە پارەی نەوتی ئێمە زیانەکەی بۆ ببژێرن، باشە ١٨٢ هەزار مرۆڤ مافی ئەوەیان نییە، کەسوکاریان قەرەبو بکرێنەوە؟، ئەمە بۆ هەڵەبجە خاڵێکی سەرەکی بوو، بەڕای من مداخەلاتی ئێوەی ئەندامانی پەرلەمان تەرکیز بکاتە سەر ئەولایەنە کە چ بکەین؟، بۆ ئەوەی ئێمە دەنگی خۆمان بگەیەنین بە نەتەوەیەکگرتووەکان، کە ئێستاکە ئەو داهاتی هەموو عێراقی لە بن دەستدایە، وە بەشێکی ئێمە هەیە کە (٢ ٪)ە، ئەگەر ئەو دوو لە سەدەمان بۆ بگەڕێننەوە، کە مافی خۆمانەو بڕیاری لەسەر دراوە، ئێمە ئەتوانین قەرەبوی خەڵکی ئاوارەکانمان بکەینەوە، چونکە بە ملیۆنەها دۆلارە، بۆیە خراپیش نییە بیر لە بەیاننامەیەکیش بکەنەوە، وەفدێکمان بچێت بۆ ڕێکخەری UN لێرە، وە داوایش بکەین ئەگەر بەڕێز وەزیری کاروباری مرۆڤایەتیش ئامادەبێت لێرە، ئەگەر ئامادەبن ئێمە سبەینێ کاتژمێر ١٠ی سەر لە بەیانی دانیشتنێکی تایبەت بەم بۆنەیەوە دەبەستین،

پێم وایە ئەم دانیشتنە سوود بەخش دەبێت، دەیکەین بە دوو برگە، **برگەی «ضحایا القمع»یشی** دەخەینە سەر. د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەڵێم ئەگەر وەخت هەبووایە گەلێک باشتر دەبوو، چونکە **ئێمە لەوانەیە لای خۆمان زانیاری** زیاترمان هەبێت، بۆیە پێویستمان بەکاتی زیاترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک د. رزگار، فەوزیە خان فەرموو.

**بەڕێز فەوزیە عیزەدین رەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو دانیشتنەی کە کاک ئازاد پێشنیاری کرد، ئەوە **پێشنیاری من بوو، هەق بوو کاک ئازاد باسی** بکردایە، لەگەڵ ڕێزمدا حەز ناکەم پەراوێزکاری **پێشنیارەکان بکرێت، نەک بە نیسبەت کاک** ئازادەوە، بۆ نموونە برادەرێک پێشنیار دەکات، **کاک ئەمین مەولود پێشنیارێکی کرد بۆ ئەو یاسای** «إطفاء الاراضی» ئەبێ ناوی بێت، بڵێین ئەوە **پێشناری فلان کەسەو فلان پشتگیری دەکات،** بێگومان ئەمە شتێکی یاساییە، بەنیسبەت **کارەساتی ئەنفال و کارەساتی هەڵەبجە** دوو کارەساتی دڵتەزێنی ئەم میللەتەی ئێمەن و **ئەبێ نەک دانیشتنێک، ئەبێ بەردەوام ئێمە بە بیری** ئەو ڕژێمەی بێنینەوە کە کارەساتێکی زۆر ترسناک و **تاوانێکی زۆر گەورەی لەدژی گەلی ئێمە** کردووە، ئێمە ئەتوانین لە ڕێگەی ئەم دوو کارەساتەوە **شتی زۆر بکەین، من پشتگیری کاک ئازاد** قەرەداغی دەکەم و دەبێ دانیشتنەکەی بۆ بکەین و **بەیاننامە بدەینە هەموو ڕێکخراوەکانی** نەتەوەیەکگرتووەکان، ئەگەر بکرێتیش **هەقە شاندەکانی پەرلەمان وشاندی حزبی بنێردرێتە دەرەوی** وڵات بۆ ئەوەی ئەو شتانە، ئەو زانیاریانە ئەو **سەرژمێریانەی کە هەیە لامان، بە خەڵکی** رابگەیەنین و، ئەبێ بەشێ لە بریاری ٩٨٦ **تەرخان بکرێ بۆ قەرەبوکردنەوەی لەشوێن بەجیماوانی** ئەنفالەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس فەوزیە خان، وابزانم روونە فەرموو کاک ئازاد.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکییەکەی ئەوەبوو جەنابت لە یادت بوو، بەڵام من وەکو بیرخەرەوەیەک پێشنیارەکەم پێشکەش کرد، قسەکەی فەوزیە خانیش ڕاستە پشتگیری دەکەم، بەڵام ئەوەی دکتۆر رزگاریش کە داوا دەکات دوابخرێ بەڕاستی خۆش نییە، وەختی نامێنێ. کورد وتەنی کەنگرو ماست لە وادەی خۆی خۆشە. ئەمڕۆ ١٤ی نیسانە، ئێستا دوای بخەین، ئێمە زانیاری لەسەر ئەنفالەکان چی

کۆبکەینەوە؟ خۆ ئێمە نە سەرژمێریان دەکەین نەهیچ ئەکەین، ئێمە دەڵێین ئەم ڕۆژە ڕۆژی ئەنفالەو ئەبێ بیرەوەرییەکەی بکرێتەوەو بایەخێکی تایبەتی پێ بدرێت، بەیاننامەیەک بنووسرێت، من لەگەڵ دواخستنی نیم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاک ئازاد، کاک د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ڕێز و ستایشم بۆ بۆچوونی کاک ئازاد هەیە، ئێستا من جەخت دەکەمەوە لەسەر مەسەلەی (تەوسیق)، ئێستا کتابێکی (٤٠٠) لاپەڕەیی هەیە، کە من وەریدەگێرم لە ئینگلیزییەوە بۆ سەر زمانی عەرەبی، کە لەسەر مەسەلەی ئەنفالی گەرمیانە، ئەگەر بێین بیخوێنینەوە باوەڕ بکە لەوانەیە کەسمان نەبێت نەگرێت، کەسێکمان نییە ئەوەندە شارەزابێت تا بزانێت چ بەسەر ئەو خەڵکەدا هاتووە، بۆ زانینیش ئەوەی ئەو کتابەی دەرکردووە کورد نییە، مرۆڤێکی بیانییە ئەو زانیاریانەی کۆکردۆتەوە، لەوێ دەزانیت چی ڕەزالەت و چی ناخۆشی و چ مەینەتییەک بەسەر ئەو خەڵکەدا هاتووە، هەمووی چەسپاندوەو تەوسیقی کردووە، هەیەو بەڵگەنامەن، بە بڕوای من ئەگەر ئاوەها بێ وەسائق گفتوگۆ بکەین، لەوانەیە گفتوگۆیەکە هیچ نەبێت. بۆیە دەڵێم ئەگەر بوار بەمن بدەن بە ژمارە و بەڵگەنامە ئەیهێنم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم بابەتە کۆتایی پێ بێنن، داوا دەکرێت دانیشتنێک بکرێت بۆ باس کردنی بابەتەکانی ڕاگوێزان و بەعارەب کردن و مەسەلەی ئەنفال، ئەمە زۆر باشە و ئەگەر ئێوە حەز ئەکەن ئێمە هەموو ڕۆژێک دانیشتن لەسەر ئەمانە دەکەین، بە پێچەوانەوە برایان گلەییەکی زۆرتان لەسەرە کە ئێوە بایەخ نادەن بە بۆنەکان، ئێوە بایەخ نادەن بە ڕووداوەکانی ڕۆژ، کە ڕوودەدەن چ لە ناوەوە چ لە دەرەوە، لە هەموو پەرلەمانێکی دونیا بوارێکی باش تەرخان کراوە بۆ گفتوگۆکردن و بڕیاردان و بەدواداچوونی ڕووداوی ڕۆژ، ئەوەی پەیوەندی بە وڵاتی خۆمانەوە هەیە بە میللەتانی ترەوە هەبێت، ئەوەی پەیوەندی بە کێشەی ناوخۆیشەوە هەبێت، زۆر شت ڕوودەدات ئەندامی پەرلەمان لەوێدا خۆی تێ هەڵدەقورتێنی، کە باسی دەکات بۆی هەیە زۆر درەنگ بێت، بۆیە من دیسان لەم سەکۆیەوە بەتایبەتی داوا لە لیژنەکانیش دەکەم و بەتایبەتی لە فراکسیۆنەوە دەست پێ دەکەم و هەروەها سەرۆکی لیژنەکان، پاشان ئەندامانی پەرلەمان تۆزێک لەگەڵ ڕووداوەکاندا تەفاعول بکەن، تۆزێک لەگەڵ گیروگرفتی جەماوەر لەگەڵ گازاندەی خەڵک تێکەڵاوی بکەن، هەوڵ بدەن ئەو کێشانەی کە ڕوو دەدات لەدام و دەزگاکان لەگەڵیدا بژین، بیری لێ بکەنەوە، بیان بێنن هەڵیان سەنگێنن هاوکار بن بۆ چارەسەر کردنی ئەوەی کە دەکرێت و باس کردنی ئەوەی بووەتە جێگای گلەیی خەڵک، ڕاست نییە خەڵک لە شەقام باسی دەیەها دیاردە بکات، بەڵام ئەندامانی

پەرلەمـان لە هۆڵی پەرلەمـان خۆیانی لێ دوور بخەنەوەو باسی نەکەن، ئێوە نوێنەری خەڵکن، خـەڵکیش ئەو کـاتە پێی خـۆشـە، کـە نوێنەرانی دەربڕین لە ویژدان و دەروونی ئەوان بکەن، تەعبیرکردن لە ویژدان و دەروونی خەڵک خۆی لە خۆیدا چارەسەرکردنی نیوەی کێشەکەیە، تۆ دڵی خەڵک خۆش دەکەیت و کێشەی خەڵکی باس دەکەیت، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵ دەدەیت چارەسەری بۆ بدۆزیتەوە، ئێمە لە چاودێری کردن و لە کـاتی چارەسـەرکـردنەدا ئەوەی پێمـان بکرێت لەگـەڵ حکومـەتی خـۆمـاندا دەیکەین بۆ چارەسـەرکـردنی ئەوەیش پێمـان نـەکـرێت، دەڵێین خـەڵکینە ئەوەندەمان پێ دەکرێت، حکومەتی ئێمە ئەمڕۆ ئەوەندە توانای هەیە، بۆیە ئەم گلەییە لەسەرتان هەیە وە خەڵک دێت بۆ لای ئێمە باسی ئەکات، ئێمە خۆمان گوێمان لێیە، و لەوانەیە زۆر جاریش خۆتان گوێتان لێ بوو بێت و زۆر جاریش لەوانەیە تانەتان لێ بدەن وە دەڵێن ئێوە هەر دێن دەڵێن مادده ئەوەندە وپاشان دەرگا قەپات دەکەن و ئەڕۆنەوە هەتاکو مادده ئەوەندەو مادده ئەوەندەی تر بێت، ژیانی پەرلەمانتارو پەرلەمانی هەر پرۆژەو پرۆژە کاریی نییە، بە پێچەوانەوە پانتاییەکی زۆرتر هەیە لەم پەرلەمانە ئێوە دەبێت کاتی پێ بدەن، جا هیوادارم وەکو ئەندامانی پەرلەمان وەکو سەرۆکی لیژنەکان، وەکو لیژنەکانی پەرلەمان، وەختێکی باش تەرخان کەن بۆ ئەم کێشانە، بۆیە من داوا لە برادەرانی لیسـتی مـۆر دەکـەم ئەگـەر هیچ گرفت هەیە با پرۆژە پێشکەش بکەن، بە پرۆژە ئێـمـە چارەسـەری هەندێ کـێـشـەیان دەکـەین، بابەتێکی لاوەکی دێتە پێشـەوە کـە تێکڕا یاساییە، با ئێمە تێکەڵی شتی تری نەکەین، چونکە یاسا سیفەتێکی گشتی هەیە وە تایبەتمەندی خۆیشی هەیە، یا ئەو برادەرانەی تر چەند تێبینیەکیان هەیە لە جێبەجێ نەکردنی هەندێ یاسا یان هەندێ غەدر دەکرێ لە توێژێکی کۆمەڵ، حەقە ئێمە بە گفتوگۆو پرسیارو لێ پرسینەوە چارەسەری ئەو وەزعە بکەین، جا ئەوە ئێوەو ئەمە ئێمە، ئێمە لە سەرۆکایەتی ئامادەین هەر وەختێک ئێوە ئەمر بکەن ئێمە لە خزمەتاندا ئەبین و دانیشتن دەکەین وە بەردەوام دەبین و، دانیشتنەکانمان زیاتر بکەین باشترە، بۆ ئەم بابەتەش منیش لەگەڵ ئەوەم تۆزێ وریایی پێویستە مرۆڤ ئەگەر بیەوێت داخلی کـێشـەیەکی گـرنگ بێت، بەتایبـەتی ئەم دوو سێ کێشـەیە کە کێشە گرنگن، بۆیە ئەگەر بکرێت شەممەی ئاینده دانیشتن رادەگەیەنین. ئەگـەر پێتـان باش بێت، ئەگەر ج رایەکی دیکەش هەیە بەرامبەر ئەوە ئێمە ئامادەین سبەی دانیشتن بکەین، شێخ عەدنان فەرموو.

**بەڕێز عــەدنان مــحــەمــەد نەقــشــبــەندیی:**

**بەڕێــز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومــــەن.**

من لەگـەڵ ئەوەم دانیشـتنێک سبەینێ بکرێت، ڕاسـتە ئامـادەکـردن زۆر پێویسـتـە، بەڵام کـەم تەرخەمییەکە لە ملی ئێمەیەو دەبوایە ئەو رۆژە لە یاد نەکەین، من بە خـۆم لە خەیاڵم نەبوو کە ئەمڕۆ یادی ئەنفالە، تا برادەران پێشنیاریان نەکرد، من لەگەڵ ئەوەدام بەیانی ئەگەر دانیشتنێکی واش بکرێت کامڵیش نەبێت، هیچ نەبێت دەبێتە هەنگاوێک بۆ داهاتوو، سوپاس.

**بەڕێــز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومــــەن:**

سوپاس، سبەی کاتژمێر (١٠) ئێمە لێرە کۆدەبینەوە وە خۆتان ئامادە بکەن، ئەو کاتە لەوێش گفتوگۆ دەکرێت ئەگەر زانیمان پێویستە لیژنەی بۆ دروست دەکەین، بۆ دانیشتنێکی دیکە هەفتەی بێتەوە یاخود پێنج شەممە، بەم شێوەیە دانیشتنی ئەمڕۆ تەواو بوو زۆر سوپاس.

فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا
سکرتێری ئەنجوومەن

جوهر نامق سالم
سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

## بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان
## بەناوی گەل
## ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
## ژمارەی بڕیار: ٩
## ڕۆژی بڕیاردان: ١٥/٤/١٩٩٨

**«بڕیار»**

پشت بەو دەسەڵاتەی بەپێی برگە (٣)ی مادده (٢) لە یاسای ژمارە (١٠)دەی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی رۆژی ١٤ / ٤ / ١٩٩٨دا یاساکاری کردووە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەماندا :ـ

**یاسای درێژکردنەوەی خولی هەڵبژاردنی یەکەمی**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە (٢) ساڵی ١٩٩٨**

**ماددەی یەکەم:**

خولی هەڵبژاردراوی یەکەمی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەردەوام دەبێ کە بڕیار بوو کۆتایی بێ لە ٤ / ٦ / ١٩٩٨دا بەگوێرەی بڕیاری درێژکردنەوەی سێیەم کە لە ئەنجوومەن بە ژمارە (٢)ی رۆژی ٣ / ٩ / ١٩٩٦ دەرچووە.

ئەنجوومەن لە کاردا دەبێ تا هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی تازە و بەستنی یەکەم دانیشتنی خۆی.

**ماددەی دووەم:**

ئەم یاسایە لە مێژووی دەرهێنانییەوە کاری پێ دەکرێ و لە رۆژنامەی رەسمیدا بڵاودەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی ـ عێراق**

## هۆکارە پێویستەکان

ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەرهەمی خەباتی گەلی کوردستان و قوربانی دانی هەزاران شەهیدی بزاڤە ئازادی خوازییەکەیەتی، بەکۆڵەگەی سیستەمی سیاسی دامەزراو دادەندرێ لە هەرێمدا و بنکەی ئەزموونە دیموکراتیەتەکەیەتی و چاوگی ڕەوایی دەسەڵاتە.
لەدەست دان و دڵ پێوەنەبوون بە ئەنجوومەنی ئێستا بێ ئەوەی برەخسێ ئەنجوومەنێکی تازە هەڵبژێردرێ و جێگاکەی بگرێتەوە هەڵەیەکی گەورەیە، پاراستنی و پەزێرایی لێکردنی بەرپرسییەتێکی مێژووییە لە سەرشانی هاونیشتمانی کوردستانی بە پەرۆش بۆ بەرژەوەندییە باڵاکانی گەل و نیشتمان، باری ناوخۆی هەرێم بەهۆی کوشت و بڕی ناوخۆوە نەی هێشتووە هەڵبژاردنێکی تازەی ئەنجوومەن ئەنجام بدرێ، ئەمەش وایکردووە کە ئەنجوومەن لەسەر ئارەزووی گەلی کوردستان خولی هەڵبژاردنی یەکەم بۆ سێ جاری یەک لەدوای یەک درێژ بکاتەوە بێ ئەوەی بەربەستەکان لەبەردەم ئەنجامدانی هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجوومەنی نیشتمانیی لابچێ.
لەبەر ئەوەی بنەما دەستوورییەکانی هەموو میللەتە خاوەن ژیارەییەکان و سیستەمە دیموکراسییە باوەکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە باری ناهەموار و لە ناکاو و خەتەرناک و شەڕ، لەو عوزرانەن کە ماوەی پەرلەمانەکان درێژ بکرێتەوە تاخەتەرناکی ئەو لەمپەرە لادەچێ بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن وباری پێویست دێتەکایەوە بۆ ئەنجامدانی بە شێوەیەک کە هەڵبژێرەر(الناخب)ەکان بتوانن مافی هەڵبژاردن بەشێوەیەکی دیموکراسی و ئازادانە پیادە بکەن.
لەبەر ئەوەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی تازە، بەندە بە کۆتایی هاتنی شەڕی ناوخۆوە و بەرقەراربوونی ئاشتییەکی بەردەوام، بۆیە ئەم یاسایە دەرهێندرا.

## بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان
## بەناوی گەل
## ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
## ژمارەی بڕیار:١٠
## ڕۆژی بڕیار: ١٩٩٨/٤/١٥

### بڕیار

**پشت بەو دەسەڵاتەی بەپێی برگە (٣)ی مادده (٢) لەیاسای ژمارە (١٠) دەی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ١٤ / ٤ / ١٩٩٨دا یاساکاری کردووە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەماندا:**

***یاسای کوژاندنەوە و جیاکاری زەوی لەناو سنووری شارەوانییەکاندا (إطفاء وإفراز الاراضی داخل حدود البلديات) ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٨***

**ماددەی یەکەم:**

دەکرێ زەوی کشتوکاڵی و ناکشتوکاڵی و باغەکانی کە موڵکی تەواو(صرف)ی فەرمانگەکانی هەرێم و کەرتی گشتی و دام و دەزگاکانی شەهید و ڕێکخراوەکانی جەماوەری و پیشەیی و کۆمەڵەکانی هەرەوەزی بیناسازین جیاکاریان تیادا بکرێت(إفراز) بکرێن.

وەهەروەها ئەو باغ و زەوییە ناکشتوکاڵیانەی کە(وەقف)ێکی خەیری ڕاست کراون و دەکەونە نێوان سنووری قۆناغی جێ بەجێکردنەوە(المرحله قید التنفيذ) لەڕەنگ ڕێژی بنەڕەتی شارەوانیەکانی هەرێمی کوردستان بەجۆرێک هاودژ نەبێ لەگەڵ ئەو بەکارهێنانانەی کە بۆیان داندراوە.

**ماددەی دووەم:**

١ـ مافی بەکارهێنان دەکوژێندرێتەوە(یطفأ) لەزەوییە کشتوکاڵی و ناکشتوکاڵیەکانی موڵکی دەوڵەت کە دەکەونە نێوان قۆناغی جێبەجێکردنەوە(مرحلة قید التنفیذ) لەرەنگرێژی بنەڕەتی شارەوانیەکانی هەرێمی کوردستاندا.

٢ـ خاوەنی مافی بەکارهێنان(صاحب الحقوق التصرفیە) لەو زەویانە بە ڕێژەیەک قەرەبوودەکرێتەوەکە یەکسانە بە(٨٪)لە کۆی پانتایی ئەو زەویانەی کە مافی بەکارهێنانی کوژێندراوەتەوە و بەناوی ئەوەوە تۆمار دەکرێ وەک موڵکێکی تەواو(صرف).

٣ـ خاوەن مافی بەکارهێنان بۆی هەیە ئەو پارچەیەی کە پێی دراوە جیاکاری(إفراز)ی بکا بەمەرجێک هاودژنەبێ لەگەڵ جۆری ئەو بەکاربردنەی کە بۆی دیاری کراوە لە ڕەنگرێژی بنەڕەتی شارەوانییەکاندا.

٤ـ ئەگەر ئەو زەویانەی مافی بەکارهێنانیان تێدا کوژێندراوەتەوە و دەکەونە نێوان ناوچە نانیشتەجێیەکانەوە(مناطق غیر سکنیە) خاوەنەکانیان بەزەوی تر لە ناوچەکانی سوکنا بوون قەرەبوو دەکرێنەوە لەناو سنووری شارەوانییەکان دا کە نرخەکەی هاوسەنگبێ لەگەڵ ئەو ڕێژەیەدا.

**ماددەی سێیەم:**

١ـ زەوییە کشتوکاڵییەکان کە موڵکی تەواو(صرف)ی کەسانی سروشتی و(معنوی)ن (تەنها کۆمەڵەکانی هەرەوەزی بیناسازی نەبن) کە دەکەونە سنووری قۆناغی جێبەجێ کردنەوە (مرحلة قید التنفیذ) لە ڕەنگرێژی بنەڕەتیدا، بە موڵک دەکرێن بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، وە بەناوی شارەوانییەکانی پەیوەندیدارەوە (بەگوێرەی شوێنەکەی) تۆمار دەکرێن، ئەگەر ڕەنگرێژی ناوبراو بەکارهێنانی ناکشتوکاڵی بۆ دیاری کردبوو.

٢ـ خاوەنی ئەو زەویانە بەشێوەی(عینی) قەرەبوو دەکرێنەوە بەڕێژەی ١٢٪ لەکۆی پانتایی ئەو زەویانەی کە بەناوی شارەوانییەوە تۆمار دەکرێن مافی ئەوەیان هەیە کە ئەو پارچەی پێیان دراوە جیاکاری(إفراز) ی بکەن کە لەگەڵ ئەو بەکارهێنانەی کە بۆی داندراوە هاودژ نەبێت.

٣ـ ئەگەر زەویەکان بکەونە شوێنی نانیشتەجێ بوون خاوەنەکانیان لە شوێنی سوکنا بوون لەناو سنووری شارەوانییەکاندا قەرەبوو دەکرێنەوە کە هاوسەنگ بێ لەگەڵ نرخی ئەو ڕێژەیەدا، وە هەروەها دەتوانن جیاکاری(إفراز)ی ئەو پارچەیە بکەن کە پێیان دراوە.

**ماددەی چوارەم:**

بۆ گەیشتن بە قەرەبوویەکی دادوەرانە بۆ کەسانی پەیوەندیدار دەشێ لاری بوون (إعتراض)نیشان بدەن لەسەر بڕیاری لیژنە تایبەتمەندە جێبەجێکەرەکانی حوکمەکانی ئەم بڕیارە لە لای دادگای بەرایی شوێنی عەقارەکە لەماوەی (١٥)ڕۆژدا لە مێژووی ئاگاداربوون بە بڕیارەکەوە، بڕیاری دادگاش بن بڕە، وە لەسەر دادگاکانیشە کە بە پەلە سەیری ئەم لاری بوونانە بکەن.

**ماددەی پێنجەم:**

لەسەر سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانە ڕێنمایی پێویست دەربهێنێ بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی حوکمی ئەو یاسایە.

**ماددەی شەشەم:**

لەسەر وەزیرە تایبەتمەندەکانە حوکمەکانی ئەو یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی حەوتەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرهێنانیەوە جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بڵاو دەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی**
**کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٨)

## چوار شەممە رێكەوتی ١٥/٤/١٩٩٨

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٨)

## چوارشەمە ریکەوتی ١٩٩٨/٤/١٥

***کاتژمێر (١٠) ی سەرلەبەیانی رۆژی چوار شەممەی ریکەوتی ١٩٩٨/٤/١٥ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا سکرتێری ئەنجوومەن، دانیشتنی ژمارە (٨)ی خولی یەکەمی ئاسایی، سالی (١٩٩٨)ی خۆی بەست.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، پاشان بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١- گفتوگۆکردن لەسەر بابەتی قوربانییەکانی ئەنفال و سیاسەتی سەرکوتکردن کە لە دژی گەلی کوردستانی عێراق پێڕەو دەکرێ.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، کۆبوونەوەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکات، دانیشتنی ژمارە (٨)ی رۆژی ١٩٩٨/٤/١٥ بەرنامەی کاری ئەمرۆمان گفتوگۆکردنە لەسەر قوربانییەکانی ئەنفال و سیاسەتی سەرکوت کردن کە لە دژی گەلی کوردستانی عێراق پەیڕەو دەکرێ.

بەڕێزان وەکو ئاگادارن چەند جار لە پەرلەمان باسی ئەم بابەتانەمان کردووەوچەندین جاریش ئەندامانی پەرلەمان سەردانی دامودەزگا پەیوەندیدارەکانیان کردووە، یاخود بە یادداشت ئاراستەی دامودەزگا نێودەوڵەتییەکان کراوە دەربارەی ئەو سەرپێچیانەی کە کراوەو دەکرێت دەرحەق بە خەڵکی کوردستان، لەسەر داخوازی چەند ئەندامێکی پەرلەمان دوێنێیش باسمان کرد، بڕیاردرا کە ئەمرۆ دانیشتنێکی تایبەتی بکەین بۆ باس کردنی ئەنفال لەسەر ئەو بنەمایەی کاتی خۆی بەرەی کوردستانی بڕیاری دا کە (١٤)ی نیسانی هەموو ساڵێک ئەو یادە بکرێتەوە دەربارەی ئەو تاوانە، ئەوەی بتوانرێ بکرێت.

خاڵی یەکەم، با بە چڕی بێت، چونکە دوو بابەتی جیاوازن، ئەنفالەکان با تایبەتمەندی هەبێت. ئەو برادەرانەی کە دەیانەوێ لەسەر بابەتی ئەنفال، یاخود چیان دەوێ لەو بابەتە قسە بکەن، ناونووسیان دەکەین، بەڵام تکامان وایە ئاگاتان لە کاتەکە بێت، بەرنامەی ئەمرۆمان تا کاتژمێر (١١) یە، بۆیە هەر ئەندامێک ماوەی (٥) دەقیقە بۆی هەیە قسە بکات، تکایە دووبارە

نەبێتەوە، چونکە بابەتەکە فراوانە. خاڵی دووەمیش، لەسەر دەرکردنی خەڵکی ئێمەیە، بەتایبەتی ئەو ناوچانەی کە لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەت دانە لە کەرکووک و خانەقین و جەلەولاو فایدە و ناوچەکانی تر. خاڵی یەکەم، ئەوانەی دەیانەوێ لەسەر ئەنفال قسە بکەن با ناونووسیان بکەین. (د.رزگار، سیروان کاکەیی، فەوزیەخان، شەفیقەخان، زهرەخان، ئازاد قەرەداغی، رەجەب شەعبان، مەلا هادی، ئەکبەر حەیدەر، بورهان جاف، مەلا مەحمود، شێخ عەفان، کاک سەفەر محەمەد حسێن). لەبەر ئەوەی پێشنیارەکە لەلایەن کاک ئازادەوە دوێنێ خرایە روو، با کاک ئازاد یەکەم کەس قسە بکات، کاک ئازاد فەرموو.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی رۆژی (١٤) نیسان رۆژی کارەساتێکی گەورەیە لە مێژووی میللەتەکەماندا، باشتروایە پێش هەموو شتێک ئەمرۆژە لەلایەن پەرلەمانی کوردستان شێوەیەکی یاسایی وەربگرێ، ناڵێم ببێت بە پشوو، ئەوە پێشنیاری منە کە پرۆژەیەک هەیە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە ببێت بە رۆژێک بۆ ئەوەی هەموو ساڵێک یادی بکرێتەوە.

پێشنیارەکانی تریشم ئەوەیە هەموو ساڵێک بەشێوەیەکی باش یادی ئەو رۆژە بکرێتەوە، ئەمە کارەساتێکی گەورەیە، چونکە بەراستی دوێنێ زۆر لە راگەیاندنەکان ئاماژەیەکی کەمیشیان پێ نەکرد، ئەمە لەوانەیە جێی گلەیی و گازندە بێ لەلایەن کەسوکاری ئەنفالەکان، هەروەها وەکو کارەساتێکی مێژوویی وەکو پێویست جێبەجێ نەکراوە.

هەروەها تاوانبارکردنی ئەو کەسانەی کەبەم کارەساتە هەستاون، چونکە (١٨٢) هەزار، یان نزیکەی (٢٠٠) هەزار کەس بێ سەروشوێنن.

بۆیە دەبێ هەوڵ بدرێت لە رێگای بریاری (٩٨٦)ەوە، هەروەکو دوێنێ جەنابی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئاماژەی بۆ کرد قەرەبووی کەسوکاری ئەنفال بکرێت، زیانەکانیان بۆ ببژێرن، ئەمە شتێکی چاکە و هەروەها یادداشتێک بدرێت بە(UN)، دەبێ رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ چارەنووسی ئەمانە دیاری بکەن کە ئایا چیان بەسەر هاتووە؟ لەهەمان کاتیشدا من پێشنیارێکی تریشم هەیە، ئەگەر بێتو بەڕێوەبەرایەتیەک بکرێتەوە بۆ ئەنفالەکان و، ببەسترێتەوە بە دەزگای شەهیدانەوە ناوەکانیان و، ناونیشانی تەواویان کۆبکرێتەوە، کتێبیان لەسەر بنووسرێ و زانیاری تەواویان لەسەر بڵاوبکرێتەوە بۆ ئەوەی مافەکانیان نەفەوتێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ کاک ئازاد، کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وشەی (ئەنفال) ناوی سورەتێکی پیرۆزی قورئانە، کە مانای تالان و فەرهود (سلب و نهب)ە،

رژێمی بەغدا دوور لە مەبەستی قورئانی پیرۆز ئەو وشەیەی بەکار هێنا. ئەو پلانە مەحکمە (خطە محکمە) ئێستا وەکوبەڵگە نامەیەک لەبەردەستی ئێمەدا هەیە. بەگوێرەی ئەو بەڵگەنامانەی لە ژێر دەستی ئێمەدایە ئەو پلانە بەشێکە لە شەڕی جینۆسایدی بەغدا دژی میللەتی ئێمە، دژی مافی مرۆڤە، دژی جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤە، ئەمرۆ ئێمە دەبینین لە یۆگسلافیا ئەو سەرکردانەی کە تاوانیان دژی ئەو خەڵکانە کردووە رایان دەکێشن بۆ دادگای نێودەڵەتی، بۆ ئەوەی سزای پێویست بدرێن.

ئێمەش وەکو میللەتی کورد کە میللەتێکی هەژارەو بووینە قوربانی (جینوساید)، داخوازی لە نەتەوەیەکگرتووەکان دەکەین ئەوانەی کە ئەو تاوانانەیان دەرهەق بەگەلەکەمان کردووە، بدرێنە دادگای نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی سزای پێویست بدرێن، بەبڕوای من ئەو بەڵگەنامانەی کە لە ژێر دەستی ئێمەدا هەنە، گەلێک زیاترە لەو بەڵگەنامانەی کە لەسەر سەرکردەکانی یۆگسلافیا بەدەر دەکەون کە تاوانیان دژی خەڵک کردووە.

دووەم: من ئاماژە بۆ ئەو کتێبە دەکەم کە لەسەر دەڤەری گەرمیان دەرچووە دەربارەی (جینۆسایدی) ئەو ناوچەیە بەراستی مرۆڤ ئەو کاتە هەست دەکات کە مرۆڤ نەبێت باشترە، چونکە و نووسەری ئەم کتێبەکورد نییە وخەڵکی ئەو ناوچەیە نییە، بەڵام هاتۆتە ئەو ناوچەیەو، ئەو دیمەنانەی کە بینیویەتی لە گوندەکانی (گۆپ تەپە، عەسکەر، تۆبزاوە، ناوچەی قەرەداغ، ناوچەی گەرمیان بەگشتی) هەمووی وەرگرتووە، کە چۆن خەڵک راگوێزراون لە ئافرەت و منداڵ و پیاوو بۆ (سەلامیە)، پاش ئەوەی روناکی بەسەرچوو و تاریکی دەستی پێکرد دەستە دەستە بردیاننە سەر چاڵی ئامادەکراو و، خەڵکیان رەمی دەکرد و بە بلدۆزە خۆڵیان بەسەردادەکردن. لەو کتێبەدا ناوی کەسێک هاتووە کە لەناو ئەو جەنازانە دەرچوون، پاش ئەوەی رەمی کراون و خراونەتە ناو چاڵ، یەکێکیان ناوی (موستەفایە) کە بە بریندارى چووەتە گوندەکی عەرەب نشین گوتوویانە ئەوە مرۆڤێکی ئەستێرەیەکی ترە و مرۆڤی سەر زەوی نییە. هەروەها دوو سێ حاڵەتی تر لەم جۆرە هەیە کە تەئکید دەکەنەوە کە چ تاوانێک دەرهەق ناوچەی گەرمیان و،ناوچەی بادینان و ناوچەی سلێمانی کراوە و هەتا ئێستا کە دەساڵ بەسەریدا تێپەر بووە هێشتا حەقیان نەدراوە، هیچ شتێک وەکو بەڵگەنامە لەسەری نەنووسراوە کە ئەو تاوانانە دەربخەن و پێشکەشی جیهانی بکەن.

هەروەها تەئکیدی کرد کە دەیان بەڵکو سەدان کچانی کورد کە تالان و راوو رووت کران بەگوێرەی مەنتیقی شۆڤینی ئەو کچانە لە بازاڕەکانی (خەلیج) وەکو سعودیە ناوچەکانی تر وەکو سەدەکانی سێزدەو چواردە دەفرۆشرێنە خەڵک وەکو جاریە هەتاکو ئێستا سەدان لەو کچانە بزرن لەو بازاڕانە دەفرۆشرێن و خەڵک دەیانکرن، ئەوجا بەچ رێگایەک چۆن فرۆشراون؟. هەرچەندە ئەوە دە ساڵ بەسەر ئەو کارەساتە رابردووە، بەڵام هەندێ گرفتی کۆمەڵایەتی و شوێنەواری کۆمەڵایەتی ئەو کارەساتە هەر ماوە.

ئێستا وەکو ئەدبیاتی پارتەکانی کوردستانی نزیکەی (١٨٠) هەزار کەس بێ سەروشوێنن، ئەمە جگە لە (٨) هەزار بارزانی.
ئەو کەسانەی کە بزرن بێ گومان کەسوکاریان هێشتا چاوەڕوانن، هێشتا دڵنیانین ئایا ماون، یان نەماون؟، ئەم پرسیارە لە هەر شوێنێک دابنیشی دەکرێ، ئایا ئەو کەسانە چییان بەسەر هات؟.
سەرکردایەتی سیاسی بزاڤی ئازادیخوازی کوردی، حکومەتی هەرێمی کوردستان، پەرلەمان ،چ هەوڵێک دراوە بۆ ئەوەی چارەنووسی ئەم خەڵکانە دیاری بکرێن؟
ئامارێکی بە پەلە کراوە لەوانەیە نزیکەی (١٥ـ ٢٠) هەزار بێوەژن هەنە چاوەڕوانی چارەنووسی خۆیان دەکەن کە ئایا چی بکەن؟ نە بریارێکی شەرعی هەیە و نەکەسێک هەیە بتوانێ بریارێک دەربکات، ئەمانە تاکەی چاوەڕوان بن؟ ئەمە شوێنەوارێکی کۆمەلآیەتی ئەو کارەساتەیە کە تاکو ئێستا تێیدا دەژین و خەڵک هەر چاوەڕوانە.
لێرەدا من چەند پێشنیارێکم هەیە دەیخەمە بەردەستی بەرێزتان ئەگەر بە پێویستتان زانی کاری پێ بکەن:
١ـ ئەو کتێبەی ئێمە ئامادەمان بۆ کرد (جینۆسایدی ناوچەی گەرمیان )پەرلەمان داوابکات چاپ بکرێت و دابەش بکرێت بەسەر خەڵک، لایەنێکی زۆری ئەم کارەساتە دەردەخات .
٢ـ داخوازی لە رێکخراوی نێودەوڵەتی بکرێت کە ئەم خەڵکە قەرەبوو بکرێنەوە، لەشەری جیهانی یەکەم و دووەمدا چەند (جوو) کە لەلایەن ئەڵمانیا و دەوڵەتانی ئەوروپییەوە ئازار دەدران، ئەمرۆ مافی ئەوان وەرگیرایەوە. هەروەها لە کوێت ئەو کەسانەی کە شتێکی کەمیشیان چووبێ ئەمرۆ قەرەبوو دەکرێنەوە، بەڵام (٢٠٠) هەزار مرۆڤی ئێمە بزرن بێ ئەوەی کەسێک بزانێ چییان بەسەر هات، بێ ئەوەی کەس بڵێت با قەرەبووی ئەو کەسانە بکرێنەوە.
٣ـ هەوڵ بدەین کە ئەوانەی ئەو تاوانانەیان کردووە وەکو سەرکردەکانی یۆگسلافیا رابکێشرێن بۆ دادگای نێودەوڵەتی وسزای پێویست بدرێن.
٤ـ بانگەوازێک بدرێتە نەتەوەیەکگرتووەکان کە هەوڵ بدەن ئێمە پێکەوە چارەنووسی ئەم (٢٠٠) هەزار مرۆڤە بدۆزینەوە، چونکە هێشتا ئافرەت و منداڵ خێزانەکانیان چاوەڕوانی چارەنووسیان دەکەن.
٥ـ ئەو بەرپرسە کوردانەی کە بەشداریان کردووە لە ئەنفالدا دژی ئەو خەڵکانە داخوازی دەکەین کە لە دامودەزگاکانی هەرێم دانەمەزرێن، نەک خەڵکی گشتی، بەڵکو سەرکردەکان کە چەکیان هەڵگرتبوو لە ئەنفالدا بەشداریان کردووە، داخوازی دەکەم ئەو جۆرە کەسانە بەلای کەمی لە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمدا دانەمەزرێن، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس د.رزگار. کاک سیروان کاکەیی فەرموو. تکایە ئاگاتان لە کاتەکە بێت لە پێنج دەقیقە تێنەپەرێت.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کارەساتی ئەنفال ئەوەی لە ساڵی (١٩٨٨) مانگی نیسان کرا بەراستی ترۆپکی ئەو قرکردنە بوو کە بە درێژایی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم دەستی پێکرد، بەتایبەتی لە ساڵی (١٩٦٣)وە ئەو مەسەلانە قۆناغ بە قۆناغ سەریان هەڵدا پاشان ترۆپکەی گەیشتە ئەنفالە گەورەکەی کە (١٨٢)هەزار کەس تیایدا بوونە قوربانی. من هەر بە خێرایی نموونەی ئەو مەسەلانە دێنمەوە کە روویداوە وەکو نموونە کە مەسەلەکە پەرەی پێدراوە لە ١٩٦٣/٦/٩وە پاش دەستگیرکردنی (٥٠٠) لاو لە سلێمانی کە(٨٦) کەس لەوانە بەدەستی تاوانباری ناسراو (زەعیم صدیق) کران بە ژێر خاکەوە.

لە ١٨/ئابی/ ١٩٦٩ (٦٧) کەس لە ئافرەت و منداڵ و پیروپەککەوتە کۆکوژ کران لە گوندی (دەکان)ی ناوچەی شێخان.

١٦/ایلول/ ١٩٦٩ لە گوندی برا مەسیحییەکان گوندی (صۆریا) لەنزیک(پێش خاپور)(٣٩) هاوولاتی شەهید کران کە (١٩) لەوانە ئافرەت و منداڵ بوون. دوای ئەمە لە ساڵی ١٩٧١ دەستکرا بە راگواستنی برا فەیلییەکان کە نزیکەی (٧٠) هەزار کەسیان لە قۆناغی یەکەمدا راگوێزران دوای ئەوە لە ساڵی (١٩٨٠) بەتایبەتی لە (٧) و (٨)یی نیسان ساڵی ١٩٨٠ نزیکەی (١٢٠) هەزاری تریان راگوێزران بەناوی(تەبەعیەی) ئێرانی هەتا ژمارەیان گەیشتە نزیکەی زیاتر لە (٤٠) هەزار کەس، ئاوارەی ئێران کران و، بەشێکی زۆریان لە (نوگرە سەلمان) قایم کران تاوەکو ئێستا چارەنووسیان دیار نییە.

لە ١٩٧٤/٤/٢٤ قەڵادزەی خۆراگر بۆردومان کرا و، لەوێ نزیکەی (١٤٠) شەهید هەبوو بەدیاری کراوی (١٣٤) تا (١٣٦) شەهید کە لە بەڵگەنامەکاندا هاتووە لە ٤/٢٦/ هەمان ساڵ شاری هەڵەبجەی شەهید بۆردومان کرا و، نزیکەی (٢٢) شەهید و چەندین بریندار لەو شارەدا هەبوو پاش ئەمە دەستکرا بە راگواستنی دێیەکانی سەرسنوور بە پانایی (٢٠) کیلۆمەتر دێیەکانی سەرسنوور چۆڵ کران و، خەڵکەکەی راگوێزکرا بۆ ئۆردوگاکانی زۆرە ملێ.

لە ١٩٨٣/٧/٣١ و ١٠ی/اب ی/١٩٨٣ و ٢٦/ایلول/ی ١٩٨٣ بارزانییەکان لە ئۆردوگاکانی قوشتەپەو بەحرکەو سەلاحەدین و بەستۆرەو دیانە هەموو بێ سەروشوێن کران کە ژمارەیان (٨) هەزار کەسە کە ئێستا چارەنووسیان دیار نییە ئەمەو بەدەیان داستانی تر کە لە دژی گەلەکەمان ئەنجام دراوە لە کوشتن و قڕ کردن و لەناوبردن. ئەم بەرنامەیە بەردەوام بوو تاوەکو ساڵی ١٩٨٧ کە هەڵمەتەکانی کیمابارانی کوردستان دەستی پێکرد، کە لە (شێخ وەسانان و بالیسان و مەلەکان و قەرەداغ و جەعفەران و گۆپتەپە) ئەنجامدرا، تا ١٦/٣/ ١٩٨٨ کارەساتی گەورەی بۆردومانکردنی هەڵەبجەی شەهید هاتەکایەوە کە ئەنجامەکەی پێنج هەزار شەهید و دە هەزار بریندار بوون بە گوێرەی ئەو بەڵگەنامانەی کە هەیە ئەو خەڵکەش کە ماوەتەوە ئیتر تووشی

نەخۆشی کوشندە بووە ئەو شوێنەش جێگەی ژیان نییە، هەروەهاش شەهید کردنی (٩٤) کەس لە گوندی شێخ وەسانان لە ناوچەی قەرەداغ. لە ١٩٨٥ /٦/٩ ئۆردوگای (١٤) هەزار کەسی سەر سنووری تورکیا و عێراق و ئێران لەناو خاکی ئیرانن ئۆردوگای زێوە سەعات (٥ر٩) بەیانی هەشت فرۆکەی جەنگی بۆردومانی کرد که (١٢١) کەس شەهید بوون و (٣٧٣) کەس بریندار بوون ئەگەر تەماشای هەموو ئەو رووداوانە بکەین دەبینین بە زنجیرە هەریەکەیان لەوی تریان گەورەترە. هەروەها ناوچەی گەلی بازێش لە دهۆک، مەبەستم ئەوەیە کە ئەو مەسەلانە وردە وردە هەر یەکە لەوەی تریان گەورەترە، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کەوا بەرنامەیەکی دارێژراو هەبووە بۆ ئەم مەسەلەیە و پێشتر ئامادەکراو بووە کە ئەم بەرنامەیە پیادە بکرێت.

من لێرە بەڵگەنامەیەکم دەست کەوتووە لە چاوپێکەوتنێکی بەرێز نیزامەدین گلی هاتووە لەگەڵ یەکێک لە رۆژنامەکاندا کردوویەتی هاتووە کە بروسکەیەکی (مکتب تنظیم شمال). لە ١٩٨٧/٦/٢٠بە ژمارە (٢٨/٨..٤٠) لەو بروسکەیەدا هاتووە لە برگە یەکدا دەقی ئەو بابەتە روون دەکاتەوە ئەو سیاسەتەش لەو بروسکەیەدا روونکراوەتەوە ئەگەر رێگام بدەن بروسکەکە وەکو خۆی بخوێنمەوە کە چۆن هاتووە. لە برگەی یەکەم پاساوی ئەوەی دۆزیوەتەوە کە کوردی تاوانبار کردووە گوایە پیاوی ئێرانن و خائنن و ئەم جۆرە شتانە بەو شێوەیە دەستی پێکردووە کە دەقەکەی عەرەبییە:

١- تعتبر جميع القرى محظورة امنياً والتي لم تزل لحد الان اماكن لتواجد المخربين عملاء ايران وسليلي الخيانة وامثالهم من خونة العراق. ئەمەی کردووە بە پاساوێک بۆ ئەوەی ئەم بەرنامەیە هەموو کاتێک پیادە بکات بۆ لێدانی کورد کە تاوانی ئەوەی دراوەتە پاڵ کە پیاوی کێ یەو پیاوی کێ نییە، بەم بیانووانە پەلاماری میللەتی ئێمەیان داوە.

٢- يحرم تواجد البشري والحيواني فيها نهائيا وتعتبر منطقة عمليات محرمة ويكون الرمي فيها حرا غير مقيد باية تعليمات ما لم تصدر من مقرنا.

٣- يحرم السفر منها واليها او الزراعة او استثمار الزراعي او الصناعي او الحيواني وعلى جميع الاجهزة المختصة متابعة هذا الموضوع بجدية كل من ضمن اختصاصه.

٤- تعد قيادات فيالق ضربات خاصة بين فترة واخرى بالمدفعية والسمتيات والطائرات لقتل اكبر عدد ممكن ممن يتواجد ضمن هذه المحرمات وخلال جميع الاوقات ليلا ونهارا واعلامنا.

٥- يحجز جميع من يلقى القبض عليه لتواجده ضمن قرى هذه المنطقة وتحقق معه الاجهزة الامنية وينفذ حكم الاعدام بمن يتجاوز عمره (١٥) سنة داخل، صعودا الى عمر (٧٠) سنة داخل بعد الاستفادة من معلوماته واعلامنا.

ئەمە دەقی ئەو بروسکەیە بوو کە پیشان دەدات چ سیاسەتێک پیادەکراوە وچۆن گەلی کورد لەسەر خاکی خۆی بسڕێتەوە. ئەمە بۆچوونەکانی رژێم بووە لەمەڕ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە

عێراقدا بەم سیاسەتە هاتۆتە پێشەوە، هەڵبەتە مەسەلەی ئەنفال کردن بە چەند قۆناغێک دەستی پێکردووە لەناوەڕاستی مانگی (١٩٨٨)ەوە دەستی پێکرد. هەتا مانگی ئەیلولی هەمان ساڵ و، لێرە بوو ئەنجامی ئەو کارەساتەی کە (١٨٢) هەزار کەس بێ سەرو شوێن کران، بەڵام لێرەدا جێگای خۆیەتی ئاماژە بەو بەرگرییە قارەمانییە بکەم کەوا پێشمەرگەکانی کوردستان و بەتایبەتی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کردیان لە دژی ئەو سیاسەتە لە (خواکورک)ی خۆڕاگر کە بەرگریەکی قارەمانانە بوو جەنابی سەرۆک بارزانی بەخۆی سەرپەرشتی ئەو بەرگرییە مێژووییەی دەکرد، هەموو ئەو شتانەی کە کراوە هەر هەمووی دژی ئەو بڕیارو ڕێککەوتنامەو ڕاگەیاندراو و میساقە نێودەوڵەتییانەن کە لەلایەن دونیاوە مۆرکراون وەکو بڕیاری (٩٦)ی ١٩٤٦/١٢/١١ ئەنجوومەنی ئاسایش کە ڕایگەیاندوە ڕەشە کوژی تاوانێکە دەرحەق بە مافی جیهانی بە پێچەوانەی کیان و ئامانجی نەتەوەیەکگرتووەکانەو، لەلایەن دونیای پێشکەتووەو تاوانبار کراوە، هەروەها لە بەندی یەکەمی ڕێککەوتنامەی جیهانی دەربارەی قڕ کردن لە ١٩٥١/١/١٢ کە کاری پێکراوە هاتووە: (لایەنەکانی بەشدار دوپاتی دەکەنەوە کە قڕکردن چ لەکاتی جەنگداو چ لەکاتی ئاشتیدا ئەنجام بدرێ بە تاوانێک لە دژی مرۆڤ لەقەلەم دەدرێ و لایەنە بەشدارەکان پەیمان دەدەن کە سزای ئەو کەسانە بدەن کە ئەم تاوانە ئەنجام دەدەن)، هەروەها جاڕنامەی گەردونی مافی مرۆڤ لە ١٠/کانونی/١٩٤٨و ڕێککەتنامەی سزادان و دوورکەوتنەوە لە تاوانی کۆمەڵ کوژی لە ٩/کانونی یەگەمی ١٩٤٩و، ڕێککەوتنامەی نێودەوڵەتی بۆ لابردنی هەموو جیاکردنەوەیەکی ڕەگەزی لە ٢١/کانونی یەکەمی/١٩٦٥و، چەندینی تریش لەم بابەتە و، تا ئێستاش چ هەڵوێستێکی جدی نەنراوە بۆ بەدواداچوونی ئەم مەسەلەیەو ئەو تاوانە گەورەیە بە گوێرەی ئەو ڕێککەوتنامەو مەواسیقانەی کەوا لێرەدا باسم کرد، من لێرەدا دەڵێم تاوەکو ئێستا بۆ ئەو کارەساتە گەورەیە لە ڕووی سیاسی و مێژوویی و یاسایی شەرعییەوە هەنگاوێکی ئەوتۆ نەنراوە، نامەوێ زیاتر لەسەر مەسەلەکان بڕۆم دووپاتی پشتگیری لە بەشی هەرە زۆری پێشنیارەکانی کاک د.ڕزگار دەکەم کە لە باسەکەی منیشدا هاتووە، پێم باشە ئەگەر ئەو یادداشتە بدرێ و، هەندێ خاڵی جەختی لەسەر بکرێ: ١ـ دیاری کردنی چارەنووسی ئەو خەڵکە، ٢ـ قەرەبووکردنی خێزانەکانییان بەگوێرەی بڕیاری ٩٨٦ و، پێداگرتن لەسەر دادگایی ئەوانە هەروەک و چۆن لە (نێورن بورگ) دادگایی نازییەکان کرا و، ئێستاش دادگای نێودەوڵەتی دانراوە بۆ ئەو تاوانانەی کە لە یۆگسلافیا کراون، بۆ حکومەتی هەرێمی خۆمان بۆ مەسەلەی ناوخۆیی چەند پێشنیارێکم هەیە ئەگەر ڕەچاو بکرێ پێم چاکە:

أـ سەرژمێری سەرتاسەری بکرێ بۆ هەموو ئەو خەڵکەی کەوا ئەنفال کراون و پاش ماوەکەیان و ئەوانە بۆ ئەوەی جێگیر بکرێن و لەبەردەستدا بێت بۆ ئیشکردن لەسەری و، کۆکردنەوەی هەموو کەلوپەلەکانی ئەنفال کراوەکان و لە مۆزەخانەیەک دابندرێ و بمێنێتەوە پیشان بدرێت کە ئەمە کارەساتێکی گەورەیە لەگەلی کورد قەوماوەو، ئەو شوێنانەی کە دوا مەنزڵگە بوونە خەڵکەکەی

تیادا کۆکراوەتەوە پێش ئەوەی بێ سەرو شوێن بکرێن وا چاکە ئەو شوێنانە بکرێنە کۆگایەکی ڕەمزی بۆ مێژوو بمێنێتەوە و، هەروەها پێشم چاکە ئەگەر بکرێ پەیکەرێک بکرێت بۆ ئەو بیرەوەرییە وەکو ڕەمزێک دابنرێ لە شوێنێکدا بۆ ئەو مەسەلەیە، لە کۆتاییدا سەری ڕێزم دادەنوێنم بۆ هەموو ئەو قوربانییانەی کە دران لە پێناوی دۆزی ڕەوای گەلەکەمان و بۆ هەموو شەهیدانی کوردو کوردستان سەروەریان بارزانی نەمرو کاک ئیدریس، سوپاس. داوای لێبوردن دەکەم لە درێژکردنەوەی باسەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک سیروان. ئەگەر برادەران بەو دوورودرێژییە قسە بکەن دوایی کاتمان نامێنێت. فەرموو فەوزیەخان.

**بەڕێز فەوزیە عزەدین ڕەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی برایانم کاک ئازادو کاک سیروان و کاک د.ڕزگار ئەوەی لە دڵی مندا بوو زۆر بە ڕێکوپێکتر خستیانە روو زۆر سوپاسیان دەکەم. پشتگیری تەواو لە پێشنیارەکانی ئەو سێ بەڕێزە دەکەم و، بۆ تەئکید منیش داوای ئەوە دەکەم کە جەخت بکرێ لەسەر ڕژێمی عێراق بۆ ئەوەی چارەنووسی ئەنفالەکان دیاری بکرێت، چونکە کۆمەڵێک گیروگرفتی کۆمەڵایەتیان لەپاش بەجێماوە.

من قسەکانی ئەوان دووبارە ناکەمەوە، بەڵام هەندێ پێشنیارم هەیە بۆ خۆمان و، بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و، وەزارەتی کاروباری مرۆڤایەتی. پاشماوەی ئەو ئەنفالانە لە پیرو پەککەوتەو پیرێژن کە ئیستا کەسیان نییە لەم لاو لەولا ژیانێکی کولە مەرگی بەسەر دەبەن داوا ئەوەیە کە لە ڕێگای وەزارەتی مرۆڤایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان کابینەی خزمەتگوزاری داوا بکرێ کە بنکەی چاودێری کۆمەڵایەتی بۆ ئەو پیرو پەککەوتانە بکاتەوە بۆ ئەوەی بەلای کەمی بە ڕێک و پێکی بژین و، دکتۆری دەرونی تایبەتیان بۆ دابنرێ بۆ ئەوەی ژیانیان تۆزێ چاک بێ، ئینجا بۆ ئەو منداڵانەی کە پاشماوەی ئەنفالن و تەمەنیان لە (١٥) ساڵ کەمترەو لای خزمی پلە دوو یان پلە سێ یان هەندێ جار لای دراوسێکانیان بەخێو دەکرێن، هەندێکیان نەیان خوێندووە یان وازیان لە قوتابخانە هێناوە، یان خەریکی کاسبین وەکو پێڵاو بۆیاغ کردن و ئاو فرۆشتن و ... هتد. داوا دەکەم حکومەتی هەرێمی کوردستان بنکەی چاودێری بۆ ئەو منداڵانە بکاتەوەو، داواش بکرێ لە پزیشکانی خۆبەخشکار لە هەموو دونیاوە بێن چاودێریان بکەن بۆ ئەوەی لەرووی دەروونییەوە ژیانیان چاک بکرێ، لەگەڵ ڕێزمدا دووبارە پشتگیری لە پێشنیارەکانی ئەو برایانە دەکەمەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس فەوزیەخان. شەفیقەخان فەرموو.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوڵلا حەسەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەسەرەتادا من سەرەخۆشی لەهەموو کەسوکاری ئەنفالەکان دەکەم لەسەرانسەری کوردستاندا و، هەتا ئەوانەی کە گەیشتوونەتە ئێران و دەرەوەی کوردستانی عێراق لەهەر شوێنێک کە گوێیان لێیە و، داواکاریشم ئەوەیە کە شوێنێک هەبێ مەزارێک هەبێ بەناوی ئەنفالەکانەوە چۆن لە هەڵەبجەی شەهید پێنج هەزار کەس بە (٥) دەقیقە لەناوچوون ئەو مەزارەیان هەیە، ئەوانیش مەزارێکیان هەبێ مەزاری ئەنفال چونکە (١٨٢) هەزار کەس بێ سەرو شوێن کران نازانین شوێنیان کوێیە ماون یان مردون؟ لەگەڵ ئەوانەش کە لە دوایان بەجێماون ئەگەر منداڵێک بێت ئەگەر پیرێژنێک بێ ئەگەر خوشکێک بێ ئەگەر دایکێک بێ، وابزانم ئەوانەش مردون و بەشی زیندو دەخۆن، چونکە یەکێک لە خێزان بپچڕێ لە خۆشەویستی خێزان و سۆزی خێزان ئەبێ ئەوە چۆن ژیانێک بەرێتە سەر، داواکارییەکانی من ئەوەیە کە ئەو ئافرەتانەی کە ئەرکی بەخێوکردنی منداڵەکانیان کەوتە ئەستۆ ئەوەی لە پێنج ساڵ زیاتر بوو لێیان جیاکرایەوە یانی نێرینەیان لەناودا نەما بە ئەرکی سەرشانی خۆیان بە کرێکاری بەولاو بەولا، لەوانەیە بڵێم قسەی ساردوسوکیش ئەخرایە سەر پارسەنگی سومعەیان ئەوانە بەجیا ناونووس بکرێن، ئەو ئافرەتانە ئافرەتی خۆ بەخت کەر بوون ئافرەتی زەحمەتکێش و رەنجبەر بوون کە توانیان منداڵەکانیان بەکرێکاری بەخێو بکەن وابزانم کەسێکیش بە ئاشکرا نەیدەتوانی یارمەتیان بدات هەتا ئەگەر لە رێگا هاتووچۆیان بکردایە سایەق نەیدەتوانی بە ئاشکرا هەڵیان بگرێ. ئەمە باسی ئەم ئافرەتانە، ئەی ئەو منداڵانەی کە بێ باوک بوون و پەرتەوازە بوون کەوتنە ئەملاو ئەملا خەڵک بەخێوی دەکردن؟، داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم ئەمانە بەتایبەتی رەچاو بکرێن، هەروەها تۆمارێکی تایبەت بکرێتەوە ناوی هەموو ئەنفال کراوەکانی تێدا تۆمار بکرێت وەکو کۆگایەک وەکو مۆزەخانەیەک با ئەوانەی کە داوای مافی مرۆڤ دەکەن و، پارێزگاری لەمافی مرۆڤ دەکەن بێن پارێزگاری لەو (١٨٢)هەزار کەسە بکەن کە چیان لێهات؟ داوایان بکەن ماون؟ لە زەوی عەرعەرن لە سعودیەن لە کوێن؟، لە ژێر چ لمێکا زیندە بە چاڵ کراون؟، ئەمجارەش دەنگی خۆم دەگەیەنمە رای گشتی جیهانی ئەوانەی کەلەسەر مافی مرۆڤ پێ دادەگرن ئینجا نازانم بەناوە یان بەکردارە داوا بکەن بزانن چارەنووسی ئەمانە چی لێهات؟ ئەگەر مردون با مەزاریان بۆ بکەین، گەر ماون با دەرکەون. من چوومە لای پیرێژنێکی کوێر کە بە مێوانی کەوتبووە (شەدەڵە) کە بەربوو چووم بۆ لای لەگەڵ برایا ئەیوت یەک توێکڵ پیازم بە (٣) دینار کڕیوە بەنانەوە خواردوومە ئەوەش پەکی کەوتبوو بۆیە گەڕابۆوە ئەگینا لەسەربەرزی رژێم نەبوو کەبیەوێ یەکێک بەزیندووەتی بگەڕێتەوە کوردستان، ئەمجارەش سوپاس و پێزانینی خۆم بۆ ئەو ئافرەتە رەنجبەرانەی کە رەنجیان کێشاو کە منداڵەکانیان

بێ باوک بەخێو کرد داواکارم ئەوانەی کە داوای مافی مرۆڤ دەکەن چارەنووسی ئەوانەمان بۆ دیاری بکەن بە مردوویەتی بە زیندوویەتی بەهەرچی شێوەیەک بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس شەفیقەخان. فەرموو زەهراخان.

**بەڕێز زەهرا حاجی تەها رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا من دەمەوێ بچمە ناو ژیانی ئەو ئافرەتانەی کە بەبێ پیاوەکانی خۆیان دەژین، بەراستی ئەو ئافرەتانە هیچ سەرچاوەیەکیان نییە پێی بژین یەک ڕێگەیان هەیە ئەو ڕێگەیەش هەندێک لەو ئافرەتانە لە بازاردا و، لەناو مالان خزمەت دەکەن تاوەکو پێ بژین هەندێک لەناو گوندان بە دوو ڕێگا دەژین لەبەهاردا گیا دەهێنن و دەیفرۆشن هەتا خێزانەکانی خۆیان پێ بەڕێوە ببەن، یان لە هاویندا لە زەوی خەڵکی دوورنەی گەنم دەکەن وەکو کرێکار. لێرەدا لە ئەنجامی ئەو کارانە ئەم ئافرەتانە تووشی هەندێک هەڵە دەبن، ئەم هەلانەش عادەت وتەقالیدی میللەتی ئێمە ڕەحمی پێناکات وبەدەستی کەسوکاری خۆیان دەکوژرێن، ژمارەی ئەوانەش هەموو ساڵ لە کوردستاندا زۆرتر دەبێت.

لێرەدا من وەکو ئەندامەکی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ئەم کێشانە زۆر دەبینین کە بۆ ئێمە دێن، بەلام مخابنە وەکو ڕێکخراوێکی ئافرەتان ناتوانین هیچ بکەین. لێرەدا من دەنگی ئەو ئافرەتانە بەرز دەکەمەوە بۆ لایەنەکانی بەرپرس بەتایبەتی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بیر لە کێشەی ئافرەتان بکرێتەوە چونکە بەراستی زۆر خەتەرە کە لە پاش جەنگی جیهانی لە ولاتانی تریش ڕوویداوە، بەلام بە ڕێگای تایبەتی خۆیان چارەسەریان کردووە.

داخوازێ دەکەم لەسەرجەمێ کوردستانێ ئامارێک بێتە کرن، ئەو ئافرەتانەی کە بێ پیاو ماون، سەرچاوەیەکی ژیانیان بۆ دابین بکەن، یان مووچەیەکی خانەنشینیان بۆ ببڕنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک ڕەجەب.

**بەڕێز ڕەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوورەتێکی قورئان هاتووەتە خوارەوە بەناوی ئەنفال، سەبارەت بە کافر وموشرکەکانی دورگەی عەرەب، کە تیایدا بۆ ئیسلامەکانی حەلاڵ کردووە کە ماڵ وسەروەت و ژن و منالی ئەوانەی هەموو حەلاڵ کردووە، بەلام جێگای داخە کە حکومەتی عێراق ئەم ئەنفالەی بەکار هێنا دژی میللەتی کورد، لەگەڵ ئەوەی کە میللەتی کورد لە هەموو میللەتێکی تر زیاتر پابەندی ئاینی ئیسلامە، ئەم کارە دژ بە خەڵکێکی فەقیر وهەژار ومناڵ وپیرەمێرد و پیرە ژنی میللەتی کورد

بەکار هات، نە ئاینێکی ئاسمانی بەمە رازی دەبێت و، نە هیچ ماف پەروەرێک بەمە رازی دەبێت، هەتاوەکو ئاژەڵیش بەم کارە رازی نابن کە لەگەڵ یەکتری ئەم کارە بکەن، لێرەدا چەند کەسێک دیل بوونە، نەتەوەیەکگرتووەکان و دەوڵەتە هاووپەیمانەکان دەڵێن دەبێت مافی ئەو دیلانە گوم نەبێت و، قەرەبوویان بدرێت، هەندێ کەس کە لە نەتەوەیەکگرتووەکاندا کار دەکەن کە تووشی نەخۆشییەکی سووک دەبن ملیۆنها دۆلاریان بۆ خەرج دەکرێت، ئایا ئەم خێزانانە و ئەم فەقیرو هەژارانە و ئەم بێکەسانە کە هیچ دەسەلاتێکیان نییە، کەس ناتوانێ بڵێت دەبێت ئەمانەش قەرەبوویان بدرێتێ لەسەر بڕیاری(٩٨٦)؟، من پێشنیار دەکەم کە یاداشتنامەیەک بەرز بکرێتەوە بۆ نەتەوەیەکگرتووەکان، یەکەم ئەو کەسەی کە ئەم تاوانەی کردووە هەوڵبدرێت کە بدرێتە دادگای نێودەوڵەتی. دووەم، قەرەبوویەک لەو کەسانە بسێنن کە هەستاون بەم کردارە هەرچەندە لەسەر بڕیاری (٩٨٦)یش بێت، من نامەوێ لەسەر ئەم بابەتە زۆر قسە بکەم، چونکە ئەندامە بەڕێزەکان زۆر قسەیان لەسەری کرد و، من لەگەڵ هەموو پێشنیارەکانی ئەندامە بەڕێزەکانم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لە رای هەموو ئەندامە بەڕێزەکان دەکەم، بەڵام من چەند پێشنیارێکم هەیە ئەویش ئەوەیە، یەکەم: یاسایەک دابنرێ بۆ دیاری کردنی چارەنووسی ئەنفالەکان ئەویش بەپێی شەریعەتی ئیسلامی. دووەم: بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەتی هەبێت بۆ راپەڕاندنی ئیشوکاری ئەنفالەکان وئەو بەڕێوەبەرایەتییەش سەر بە دەزگای شەهید بێت، ئەوەش تاوەکو یاسایەکی ئەنفالەکان دەردەچێت. سێیەم: هەموو ساڵێک لەم رۆژەدا و لە هەموو شوێنە رەسمیەکاندا ساتێک-راوەستن بۆ رێزلێنان بۆ گیانی پاکی ئەو ئەنفال کراوانە و نارەزایی دەربرین بێت بەرامبەر بەم کارە دڕندەیە. چوارەم: قەربووی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بدرێت و لە رێگای نەتەوەیەکگرتووەکانیشەوە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک بورهان.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەنفال کارەساتێکی زۆر گەورەیە کە رووبەرووی میللەتەکەمان بوەتەوە، بەراستی ئەو ئافرەتانەی کە ئێستا ماونەتەوە وەکو مامۆستایانی ئاینیی زیاتر شارەزان، بووەتە کۆسپێکی زۆر گەورە، کێشەیەکی زۆر گەورەشی خستوەتە ناو خێزانی کوردەوە، چونکە تاوەکو ئێستا چارەنووسییان دیار

نییه، خێزان هەیە پیاوەکەی ئەنفال بووە و ژن ومناڵەکانی ماوەتەوە و، هەشە پیاوەکە ماوەتەوە و ژن ومناڵەکانی ئەنفال کراون و خێزانی واش هەیە کە هیچ کەسی نەماوەتەوە، جا ئەمە لەرووی کۆمەڵایەتیەوە کێشەیەکی زۆری دروست کردووە و، لە رووی یاسا ودادگایشەوە ناتوانرێ هیچیان بۆ بکرێ، چونکە چارەنووسیان دیار نییە و، هیچ ئیشێکیان لە دەزگا رەسمیەکاندا بۆ ناڕوات بە رێوە، جا من پێشنیار دەکەم کەوا فشار بخرێتە سەر حکومەتی عێراق ئەویش لە رێگای نەتەوەیەکگرتووەکان و دەوڵەتە دۆستەکانمانەوە تاوەکو چارەنووسی ئەو خەڵکەمان بۆ دیاری بکات و، ئەو وتووێژەی کورد وعەرەب کە لە رۆژانی ٢٧ و٢٨ی مایس لە قاهیرە لە پایتەختی میسر دەکرێت و، کەسانیکی ناودار و پلەدار لەم لێدوانەدا بەشدار دەبن، لەم بابەتەوە قسەیان لەگەڵدا بکرێت، چونکە ئەو کەسانە کاریگەریان هەیە لەسەر حکومەتی عێراق، تاوەکو داوا لە حکومەتی عێراق بکەن کە چارەنووسی ئەو ئەنفالانە دیاری بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو مامۆستا مەلا مەحمود.

**بەڕێز مەلا مەحمود فندی دیرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم( ولا تحسبن الذين قتلوا في سبيل الله امواتا بل احياء عند ربهم يرزقون) صدق الله العظيم.

بەراستی کاتێ تەماشای پەڕەکانی مێژوو دەکەین سامێک دەمانگرێت، چونکە تاوانی ئەنفال کە دژی میللەتی کورد کرا لە هیچ مێژوویەک تاوەکو ئێستا بەرامبەر بە هیچ میللەتێک نەکراوە و، بەم چەند دەقیقەیە مرۆڤ ناتوانێ باسی ئەم تاوانە گەورەیەی هۆلاکۆی بەغدا بکات. من چەند خاڵێکم هەیە پێمخۆشە کە ئاماژەیان بۆ بکەم.

یەکەم، ئومێدی من لە سەرکردایەتی میللەتی کورد وبە تایبەتی رێبەر وسەرکردەی کورد بەڕێز کاک مەسعود بارزانی ئەوەیە کە با ئەنفال نەبێتە قوربانی بارودۆخی سیاسی و، ئەو تاوانە گەورەیەی هۆلاکۆی بەغدا بەیەک مەرحەبایەک لەبیر نەکرێت، ئەگەر هۆلاکۆ لە شام ولە بەغدا لەشکرەکەی خۆی سەربەردار کرد، بەڵام هۆلاکۆی بەغدا لەشکری خۆی (٨)رۆژ سەربەردار کرد لە کوردستاندا وبەتایبەتی لەناوچەی بادینان، ئەگەر تاوانێکیان نەکردبێت ئەوە ئەفسەرو سەربازەکان لای خۆیانەوە نەیان کردووە، بەڵام وەکو یاسا سەربەردار بوونە بۆ هەر کارێک کە بیکەن.

دووەم: حکومەتی عێراق بە هەموو زانایان و مامۆستای ئاینییەوە ئەنفالیان بۆ کورد هەڵبژارد، ئەم ئەنفالەی کە خوای گەورە بۆ رەگەزێکی تایبەتی ئەنفالی دانا، بەڵام ئەم تاوانبارانە وئەم کافرانە کە بەناوی ئاینەوە قسەدەکەن ئەنفالیان بۆ میللەتی کورد دانا، بۆ شاهێدی کە یەکێکیان بە ناوی (عەبدولوەهاب شماع)ە، کە رەحمەتی مەلا مستەفای بارزانی هێشتی کە بمێنێتەوە لەدەستی بەعسیەکاندا گلەیی لە سەدام حسێن لە تەلەفزیۆندا دەکات ودەڵێت:(سيد الرئيس حرمتني من

حصتي من الانفال، فاني اعاتب عليك). جێگای سەرسوڕمانە کە تاوان بگاتە ئەم پلەیە، من دووبارەی دەکەمەوە وجەختیشی لەسەر دەکەمەوە کە پێویستە میللەتی کورد بە هەموو چین وتوێژێکییەوە ئەم تاوانە هەمیشەلە دەزگا ڕاگەیاندنەکان و ڕۆژنامەکان دیاری بکەن و بخەنە پێش چاو، نەک ئەم بۆنەیە تەنها لە یەک ڕۆژی تایبەتیدا یاد بکەنەوە، ڕاستە لە بەرواری ١٤نیسان ئەم کارەساتە دەستی پێکرد، بەڵام تاوەکو ١٩٨٨/٨/٢٨تاوانەکە بەردەوام بوو، ئەمە یەکەم.
دووەم، جەخت لەسەر قسەکانی بەڕێزان ئەندامان دەکەم کەوا دەزگایەک، یا بەڕێوەبەرایەتییەک بەناوی ئەنفال بکرێتەوە و، هەموو ئیشوکارەکانی ئەنفالکراوەکانی تیادا جێبەجێ بکرێت و بڵاوبکرێتەوە.
سێیەم، داوا لە نەتەوەیەکگرتووەکان و وەڵاتە هاوپەیمانەکان بکەین کەوا فشار بخەنە سەر ڕژێمی بەغدا تاوەکو چارەنووسی ئەم خەڵکە دیاری بکات، من پێشنیار دەکەم کە پەرلەمان یاداشتنامەیەک بداتە زانکۆی دەوڵەتانی عەرەبی و کۆنگرەی ئیسلامیش، تاوەکو فشار بخەنە سەر عێراق بۆ دیاری کردنی چارەنووسی ئەم خەڵکە بێ سەروشوێنە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز شێخ عەفان فەرموو.

**بەڕێز عەفان عوسمان نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم(من قتل مؤمناً متعمداً فجزاءهُ جهنمَ خالداً فيها) صدق الله العظيم.
ئێمە ئەم قسانە بەکەسانێک دەڵێین کە بەخۆرایی خەڵکی دەکوژن، لێرەدا حەز دەکەم ئاماژە بۆ دوو خاڵ بکەم کە ئەندامە بەڕێزەکان ئاماژەیان بۆی نەکرد، خاڵی یەکەم، بەڕاستی ئەنفال لە کوردستاندا نەک لە ساڵی ١٩٨٨ دەستی پێکردووە، بەڵکو لە ساڵی ١٩٨٧ دەستی پێکرد ئەویش لە پاش ڕاپەڕینی هەڵەبجەدا، (٨٤)کەسیان گرت و ئەنفالیان کردن، لەوانە پیرەژنێکیان تیادا بووە کە تەمەنی ٨٣ ساڵ بوو، لە ساڵی ١٩٩٣ لاشەکانیان لە نزیک سەیدسادق دۆزرایەوە، کەواتە لە ساڵی ١٩٨٧ەوە ئەنفال لە هەڵبجەوە دەستی پێکرد، ئەویش پاش ڕاپەڕینەکەی هەڵەبجە هاتنە ناو نەخۆشخانەی هەڵەبجەو پزیشک و هەرچی کارمەند و بریندار ونەخۆش و ئەوەی کە لەگەڵ نەخۆشەکاندا هاتبوون هەموویان گرتن و ئەنفالیان کردن و لە نزیک شاری سەیدسادق کردنیان بە ژێر خوڵەوە، ئەمە سەرەتای ئەنفال بووە، هەرچەندە حەز ناکەم بە زنجیرە باسی هەموو قوربانی و ئەنفال وکارەساتەکانی میللەتی کورد بکەم، چونکە لەبیرمان دەچێ و، ئەگەر لەبیرمان چوو ئەبێن بە شوێنی گلەیی.
خاڵێکی تر هەیە کە حەز دەکەم باسی بکەم کە ئەویش پەروەردەو فێرکردنە کە ئەنفال چ ڕۆڵێکی

تیادا هەبووە، ئەو ئامارەی کە ئێمە پێش ساڵی١٩٩٣وەرمانگرتووە و، بەتەئکیدیش تەواو نییە،(٢٥)هەزار قوتابی لە نێوان ئەو ئەنفالانەدا هەبووە و،(٢٧)مامۆستاش بە ناوەکانیانەوە لە نێوان ئەنفال کراوەکاندا هەبوون لە گۆڕەپانە گەرمەکەی گەرمیان کە هەردەم گۆڕەپانی پارێزگاری بووە لە کوردستاندا، ئەم قوتابخانانەش دوو جۆر بوونە، بەشێکی لەلایەن شۆڕشەوە بەڕێوە دەبران و مامۆستاکانیان مامۆستای شۆڕش بوونە و پێشمەرگە بوونە و وانەیان وتووەتەوە و بەشێکیان مامۆستای حکومەت بوونە، بەڵام داوا کرابوون کە بگەڕێنەوە بۆ لای رژێم وئەوان نەگەڕابوونەوە، لەوانە(٢٧)مامۆستایان پێوە بوون و ئەوانی تریشیان دەرباز بوون، جا ئەمانە وەکو سەروەریەکن کە ئێمە باسیان دەکەین، لەوانە بەشێکیان لەگەڵ ئێمە بوون لەلای حکومەت، بەڵام پاشان پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کرد.

حەز دەکەم بەناوەکانی خۆیانەوە ناویان بڵێم ئەویش مامۆستای لەبیر نەچوو مامۆستا شەریف مەولود کە لە پێش ئەنفالەکە بە ماوەیەک لەناوچەی قەرەداخ شەهید کرا، لە ساڵانێک کە بوار هەبوو ئەویش لە پاش سەردانەکەی سەرۆک بارزانی بۆ ناوچەی گەرمیان ئێمە توانیمان سەردانی ناوچەی گەرمیان بکەین و، لەوێ چووینە سەردانی قوتابخانەیەک لە کۆمەڵگای (سموود) ولەو قوتابخانەیەدا ئامارێکمان کرد کە ئەندامانی پەرلەمانیشمان لەگەڵدا بوون، لە ئامارەکەماندا (٨٠)قوتابی بێ دایک وباوک بوون و، (١٢٧)قوتابی بێ باوک بوون، ئەمە تەنها لە یەک قوتابخانەدا، ئێمە ئەو کاتە بۆمان نەدەکرا لە گوندەکان بگەڕێین و قوتابخانەکانیان بەسەر کەینەوە تاوەکو بزانین لەوێ چۆنە، ئێمە هەر لە کاتی خۆیدا سێ یاداشتنامەمان دا بە ئەم رێکخراوانە:

یەکەم، (فرنسلبرتی)کە کاتێک بوو رۆڵێکی باڵای هەبوو لە ناوچەکانی ئێمەدا وبەتایبەتی لە شارەزوور و هەورامان، سێ جار چاوپێکەوتنمان لەگەڵیاندا کردووە و رەسمی قوتابییەکانمان بۆیان گرتووە و داومانە پێیان، (یونسێف ویۆنسکۆ) کە دوو رێکخراون سەر بە پەروەردەن، هەردووکیان سێ یاداشتمان بۆیان ناردووە دەربارەی ئەو قوتابیانە و ئەو قوتابخانانەی ئەوێ، هەروەها رێکخراوی(سێفچلدرن)یش، هەتاکو ئێستا ئەو زەرەرمەندانە لە جێگای خۆیانن وهیچیان بۆ نەکراوە، ناڵێم هەر هیچ، بەڵام بەراستی بەئەرکی خۆیان هەڵنەستاون و، باوک ومناڵ وکەسوکاری ئەو مامۆستاشەهیدانەش کە ئێستا ناتوانن بێن بۆلای ئێمە هەرچەندە من بێگومانم کە ژمارەی ئەو مامۆستایانە لەوە زیاترن و، هەروەها کۆمەڵێک مامۆستا هەن لێرە کە لەوکاتەدا لەو ناوچەیدا بوونە و دەرباز بوون و گەیشتنە سنوور، جا لەمە زیاتر نامەوێ درێژە بە قسەکانم بدەم، بەڵام حەزم کرد کە باسی رۆڵی مامۆستایانی کوردستان بکەم کە لە هەموو شۆڕشەکانی کوردستاندا بەشدار بوونە و هەتاکو لە کیمیا بارانەکەی شاری هەڵەبجەی شەهیدیشدا کە(٢٠)مامۆستا شەهید بوون و، لە راپەڕینەکەش یەکەم مامۆستامان کە شەهید بوو مامۆستا(ئازاد حمە کەریم)بوو، لە هەموو جوڵانەوەیەک و هەموو راپەڕینێک یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان قوربانی دەری یەکەم بووە، لەبەر ئەوە هەردەم خۆی بە پێشرەوی میللەتەکەی دەزانێ و لە چارەنووسی میللەتەکەیدا بەشداری

کردووە، جا دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ دەنگی هەموو پێشنیارەکانی ئەندامە بەڕێزەکان و هیوادارم بە یاداشت ئاگاداری دەوڵەتانی دەرەوە بکەین، تاوەکو ئاگاداری ئەو بارە رەشەی میللەتەکەمان بن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک سەفەر.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەندامە بەڕێزەکان بە درێژی باسی ئەم بابەتەیان کرد و،من پشتگیری لە گشت پێشنیارەکانیان دەکەم، حەز دەکەم جەخت لەسەر شتێک بکەم کە ئەویش ئەوەی، هەرگیز دوژمن ناتوانێ میللەتێک کە ژمارەی بە (١٠)یان ملیۆن بێت لەناو بەرێت، بەتایبەتی لەم سەردەمەی ئێمەدا و ئەم میللەتەش کە هیچ گوناهێکی نەبێت تەنها ئەوە نەبێت کە داوای مافی رەوای خۆی دەکات، بە رای من کێشەی ئێمە بە هیچ چارەسەر ناکرێت تەنها بە وتووێژو بە ئاشتی و بە دانوستان نەبێت، چونکە ئاشتی وگفتوگۆ تەنها رێگای چارەسەرکردنی کێشەن لەم چەرخەدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە ویستیان لەسەر ئەم بابەتە بدوێن تەواو بوون، ئەو کاتەی کە دیاریمان کردووە بۆ ئەم دانیشتنە تەواو بوو، ئەو پێشنیارانەش کە کران سەبارەت بەم بابەتە لەلایەن جەنابی سکرتێرەوە هەمووی تۆمار کران و، ئەو ئەندامانەی کە پێشنیاری چەند پرۆژەیەکیان کرد پێمان خۆشە بە نووسینی پرۆژەکانمان بۆ بەرزکەنەوە، رۆژی یەک شەممەی ئاییندە گەلاڵەی ئەو پێشنیارانە دەکەین و پێمان باشە کە ئەو پێشنیارانەی کە داوای پرۆژەیان تیایدا کرد بیخەنە قالبێکی یاساییەوە بۆ ئەوەی رۆژی یەک شەم لەکاتژمێر(١١)کۆببینەوە و گەلاڵەیان بکەین و بابەتەکان تەواو بکەین، ئەمەش پێشنیاری بەڕێز کاک ئەکبەر حەیدەر بوو و، هیوادارین ئەو ئەندامانەی کە دەیانەوێت لەو بابەتە بدوێن خۆیان ئامادەکەن و، ئێمە یاداشتنامەیەکمان ئامادە کردووە ولە دانیشتنی ئاییندەماندا ئەو یاداشتنامەیە دەخوێنینەوە و، ئەگەر چیتان پێخۆش بوو بیخەنە سەر ئەو یاداشتنامەیە ئەوە دەرگای گفتوگۆی بۆ دەکەینەوە، فەرموو کاک ئیبراهیم.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە خولی دووەمی ساڵی ١٩٩٧دا بڕیارێک دەرچوو سەبارەت بە کرێی خانووبەرە، کرێی خانووبەرە یەکسانیەکی باشی تیادایە، بەڵام لە جێبەجێ کردنی بڕیارەکە پێشێلکاریەکی زۆر کراوە، داوا دەکەم کە لیژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە دەسنیشان بکرێت بۆ دیاری کردنی ئەو کەموکوڕیانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، چونکە ئەم بابەتەی کە بەڕێزت پێشنیاری لەسەر دەکەیت لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆماندا

نەبوو، جا بۆیە حەز دەکەین پێشنیارەکەت بە نووسین بۆ ئێمە بەرزکەیتەوە، پاشان لە دانیشتنی داهاتووماندا ئێمە دەیخەینە بەردەستی پەرلەمانەوە و، ئەگەر ئەندامە بەڕێزەکان پێشنیارەکەیان بە پەسەند زانی ئەوە لیژنەیەک بۆ بەدوادا چوونی مەسەلەکە دەسنیشان دەکەین، مامۆستا مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کویخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە بەڕێز کاک ئیبراهیم پێشنیاری کرد زۆر شتێکی بەجێیە، هەروەها یەکێک لە ئەندامە بەڕێزەکان پێشنیارێکی سەبارەت بە کشتوکاڵ کرد، ئەگەر ئەوەش بخرێتە بەرنامەی کاری ئایندەوە بۆ ئەوەی لە دانیشتنی داهاتووماندا لەسەر باری کشتوکاڵ وبەرهەم هێنان هەندێک بدوێین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، باشە ئەم پێشنیارەشمان بە نووسین بۆ بەرزکەنەوە، چ وەکو ئەندامی پەرلەمان و، چ وەکو لیژنەی کشتوکاڵی، تاوەکو لە دانیشتنی ئایندەماندا ئاراستەی پەرلەمانی بکەین وگفتوگۆی لەسەر بکەین، فەرموو مامۆستا مەلا تاهیر.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە کێشەی کورد ئەنفال و ئاوارە و دەرکردن و بەعەرەب کردنە، سەبارەت بە ئاوارەکانیش ئێستا وا بەرەو هاوین دەڕۆین کێشەیەکی گەورەیان لە پێشە، چونکە وا گەرما خەریکە دەست پێدەکات وئەوانیش شتی هاوینەیان هیچ پێنەدراوە، هەروەها ئەو خزمەتانەی کە بە ئاوارەکان کراوە هەمووی جێگای ڕێزو سوپاسن، بەڵام لێرەدا تەنها کیشەیەک هەیە، ئەویش ئەوەیە کە شتی زستانەیان لە هاویندا پێ دەدرێت وشتی هاوینەش لە زستاندا و، ئێستا لەم کاتەدا وا خەریکن سوپایان بەسەردا دابەش دەکەن، دەبێت لیژنەی دەرکراوەکانی پەرلەمان، یاخود لیژنەیەک ئێوە بەڕێزتان دەسنیشانی بکەن کەوا بە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە هەستێت، ئەویش با سەردانی ئەو ڕێکخراوانە بکرێت بۆ ئەوەی لە کاتی خۆیدا شتەکان دابەش بکرێت بە سەر ئاوارەکاندا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەو پێشنیارەمان بە نووسین بۆ بەرز بکەنەوە بۆ ئەوەی لە دانیشتنی ئایندەماندا بەرچاوی بخەین و، لیژنەیەک دەسنیشان بکەین سەبارەت بەو مەسەلەیە، فەرموو کاک شێخ جەعفەر.

**بەڕێز جـەعـفـەر عـەلی عـەبدولعـەزیز:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

سەبارەت بە پێشنیارەکەی مامۆستا مەلا هادی، من وای بە باش دەزانم وەکو لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری لە ۱۹۹۸/۳/۸دا راپۆرتێکمان بۆ بەڕێزتان بەرز کردەوە و لەسەر ئەو مەسەلەیە دواوین، جا ئەگەر ئەو راپۆرتە بخرێتە بەرنامەی کاری دانیشتنی ئایندەمانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

وەکو وتمان ئێوە لیژنەی کشتوکاڵ وئاودێری هەرچیتان هەیە بۆمانی بەرز بکەنەوە بۆ ئەوەی چی پێویستە بۆ ئەم بابەتە بکرێت و، ئەو راپۆرتەش راستە ئێوە داوتانە بە ئێمە وەکو دەستەی سەرۆکایەتی، بەڵام داواتان نەکرد بەرچاوی ئەندامانی پەرلەمانی بخەین، جا ئێوە هەرچیتان هەیە بۆمانی بەرز کەنەوە تاوەکو لە دانیشتنی ئایندەماندا بەرچاوی پەرلەمانی بخەین، ئەگەر پەرلەمانیش بە پەسەندی زانی ئەوە دەیخەینە گفتوگۆوە، هەر ئەندامێکیش پێشنیاری هەیە سەبارەت بەم بابەتانە باشتر وایە بە نووسین بۆمانی بەرزکاتەوە، تاوەکو لە دانیشتنی ئایندەماندا بەرچاوی پەرلەمانی خەین، فەرموو.

**بەڕێز سـەفـەر مـحـەمـەد حـسـێن:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

سەبارەت بە بڕیاری ژمارە(۷)کە لەسەر(مصادره الاموال)ە، کاتی خۆی یاداشتنامەیەکی پێشکەش کرد بە سەرۆکایەتی، حەز دەکەم ئەوەش بخرێتە بەرنامەی کاری ئایندەمانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

ئەو داخوازیە کاتی خۆی کردمان بە نووسراوێک و رەوانەی ئەنجوومەنی وەزیرانمان کرد و، هەتاکو ئێستا وەڵامی نەهاتووەتەوە، چونکە زیاتر پەیوەندیی بە حکومەتەوە هەیە، ئێمە ناتوانین باسی بابەتێک بکەین کە نەزانین هەڵوێست و رای حکومەت لەسەری چییە، جا ناردوومانە بۆ حکومەت هەرکاتێک وەڵامەکەی هاتەوە و زانیمان پێویستی بە دانیشتن دەکات ئەوە دانیشتنێکی بۆ ساز دەکەین، یاخود راستەو خۆ وەڵامی ئێوە دەدەینەوە، کاک فەرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فـەرەنسـۆ تۆمـا هـەریری:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

هەندێ لە ئەندامە بەڕێزەکان پێشنیار دەکەن و دەڵێن، ئەگەر ئیشێکی زۆر پێویستمان نییە ئەوە با دانیشتنی داهاتوومان دواخەین بۆ رۆژی سێ شەممە، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

ئەم هەفتەیە بێتەوە ئیشمان زۆرە بە راستی کۆمەڵە یاسا وبەرنامەیەکمان لە بەردەستدایە و، وتمان دانیشتنی یەک شەممە بۆ تەواو کردنی ئەم وردە ئیشانە دەبێت، دووشەممە دانیشتنی ئاساییمان

دەبێت، چونکە ئێستا دوو سێ یاسامان لە بەردەستدایە، بەتایبەتی یەکێکیان دەبێت پێش (٢٠)مانگ دەربچێت کە ئەویش یاسای سەندیکای رۆژنامەنووسی کوردستانە و، لەگەڵ وەزارەت و حکومەت ریککەوتووین کە پێشی یۆبیلی (١٠٠)ساڵەی رۆژنامەگەری کوردی ئەو یاسایەمان دەربچێت و، لیژنەی یاسایی و برادەرانی رۆشنبیرمان بەڵێنیان داوە تا ئەو کاتە تەواوی کەن و شتێکی واشی نەماوە و، دەبێت هەموو رۆژێک دوو سێ کۆبوونەوە بکەین، تاوەکو ئەو بابەتانەی کە لە پێش دەستمانە تەواویان بکەین و ئەم هەفتەیە، هەفتەی ئیش دەبێت، داوای سەرکەوتنتان بۆ دەکەین، هەتاکو رۆژی یەک شەممە کاتژمێری (١١)، کە کاتی کۆبوونەوەی داهاتوومانە، سوپاستان دەکەین.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٩)

## یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٤/١٩

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٩)

## یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩/٤/١٩٩٨

***کاتژمێر (٤)ی سەرلە ئێوارەی ڕۆژی یەک شەممەی ڕێکەوتی ١٩/٤/١٩٩٨، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادە بوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجوومەن، دانیشتنی ژمارە(٩)ی خولی یەکەمی ئاسایی، ساڵی (١٩٩٨)ی خۆی بەست.***

***پاشان لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجوومەنەوە رادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو. ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١ ـ گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانی عێراق.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان تەنها خاڵێکە کە ئەویش گفتوگۆ کردنە لەسەر پرۆژەی یاسای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانی عێراق. ئەو پرۆژەیە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هاتووە و لیژنە پەیوەندارەکانیش رای خۆیان سەبارەت بەم بابەتە دەربڕیوە و، بڵاویش کراوەتەوە، با نوێنەرانی لیژنەی یاسا و رۆشنبیری بفەرموونە ئێرە بۆ ئەوەی دەست بە بەرنامەکەمان بکەین. پێشەکی پرۆژەکە بخوێنرێتەوە وپاشان رای لیژنەکان، پاش ئەوەی کە گوێمان لە رای لیژنەکان ئەبێت دەرگای گفتوگۆ ئەکەینەوە بۆ گفتوگۆ کردنی ئەم پرۆژەیە، هیوادارین کارێکی وا بکەین کە ئەم پرۆژەیە وەکو دیارییەک لە رۆژی یادی (١٠٠) ساڵەی رۆژنامەگەری کورددا پێشکەشی رۆژنامەنووسانی کوردستانی بکەین، ئەگەر ئەو شەویش تەواو نەکەین ئەوە سبەی بە یاری خوا پێش نیوەڕۆ تەواوی دەکەین، لیژنەی یاسا فەرموون.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

بسم الله الرحمن الرحيم

المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق

رقم القرار ـ

تاريخ القرار ـ

(قرار)

إستناداً الى احكام الفقرة الاولى من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم(١)لسنة ١٩٩٢

وبناءاً على ما عرضه وزير الثقافة و وافق عليه مجلس الوزراء شرعه المجلس الوطني بجلسته المنعقدة بتاريخ / / ١٩٩٨ إصدار القانون الاتي :-

قانون رقم ( ) لسنة ١٩٩٨

(قانون نقابة صحفيي كوردستان العراق)

( الفصل الاول)

(التأسيس والأهداف)

المادة الاولى :

تؤسس بموجب هذا القانون نقابة للصحفيين تسمى نقابة صحفي كوردستان العراق ويكون مقرها أربيل عاصمة الاقليم ولها أن تفتح فروعاً في محافظات الاقليم.

المادة الثانية :

تتمتع النقابة بالشخصية المعنوية.

المادة الثالثة :

تهدف النقابة الى تحقيق مايلي :

١- تجميد النظام الفيدرالي لكوردستان العراق.
٢- المساهمة في بناء دولة المؤسسات وتعزيز مبداء الفصل بين السلطات.
٣- الدفاع عن سيادة القانون واستقلال القضاء.
٤- الدفاع عن الحريات الأساسية ومبادئ حقوق الانسان.
٥- دعم نضال شعب كوردستان من أجل تحقيق حقوقه القومية.
٦- احترام حرية الصحافة والدفاع عن حقوق الصحفيين وضمان الحصانة(الحماية)الضرورية لأداء مهامهم.
٧- تسهيل مهمة الصحفيين في الحصول على الأنباء والمعلومات.
٨- قبول النقابة في الاتحادات الصحفية العالمية ومد الجسور معها.
٩- تأهيل الصحفيين بكافة السبل المتاحة.
١٠- دعم ومساندة اعضاء النقابة في الحالات الضرورية.

(الفصل الثاني)

(التشكيل والعضوية)

المادة الرابعة :

تشكل النقابة بناءاً على طلب يقدمه مالا يقل عن خمسة عشر صحفياً ممن يمارسون المهنة الى الجهة المختصة.

المادة الخامسة :

تتألف النقابة من :
١ـ الهيئة العامة.
٢ـ مجلس النقابة.
٣ـ لجنة الانضباط.
٤ـ لجنة المراقبة.
٥ـ فروع النقابة في محافظات كوردستان العراق.

المادة السادسة :

يشترط فيمن ينتمي الى النقابة ما يلي –
١ـ أن يكون مقيماً في كوردستان العراق.
٢ـ أكمل الخامسة والعشرين من العمر.
٣ـ غير محكوم بجنحة أو جناية مخلة بالشرف.
٤ـ أن يتمتع بالأهلية المهنية.

المادة السابعة :

يكون الانتماء الى النقابة بـ :
١ـ طلب تحريري الى الهيئة التحضيرية أو المجلس مشفوعاً بتزكية من صحفيين إثنين متمرسين وعلى الهيئة أو المجلس البت في الطلب خلال مدة ثلاثين يوماً من تاريخ التسجيل.
٢ـ إذا لم يتم البت في الطلب رغم إنتهاء المدة المذكورة في الفقرة(١)يعتبر مقبولاً تلقائياً.
٣ـ في حالة رفض الطلب على الجهة المعنية بيان اسباب الرفض ولمقدم الطلب ان يطعن بقرار الرفض لدى محكمة استئناف المنطقة بصفتها التمييزية خلال مدة خمسة عشر يوماً من تأريخ التبليغ بالقرار ويكون قرارها قطعياً.

(الفصل الثالث)

(الهيئة العامة)

المادة الثامنة :

١ـ الهيئة العامة أعلى سلطة في النقابة وتضم جميع الصحفيين المتمرسين المنتسبين الذين اوفوا بجميع التزاماتهم بموجب هذا القانون.
٢ـ تجتمع الهيئة العامة بدعوة من الهيئة التحضيرية ابتداء او من المجلس كل سنتين لانتخاب مجلس النقابة ولجنتي الانضباط والمراقبة بالاقتراع السري ويتم اكمال النصاب بحضور ثلثي اعضاء الهيئة العامة، وفي حالة عدم حصول النصاب تؤجل الانتخابات الى نفس اليوم من الاسبوع التالي ويتم حصول النصاب بحضور أكثرية الاعضاء.

(مهام الهيئة العامة)

المادة التاسعة :

تجتمع الهيئة العامة سنوياً بحضور ثلثي أعضاءها وتصدر قراراتها بالاكثرية في المسائل التالية :

١- مناقشة النظام الداخلي وتصديقه.
٢- مناقشة التقرير السنوي وشؤون النقابة وحساباتها وتقديم التوصيات بشأنها.
٣- تصديق الميزانية.

المادة العاشرة :

١- يشترط في أعضاء مجلس النقابة بمن فيهم النقيب و نائبه وأعضاء لجنتي الانضباط والمراقبة مضى مدة ثلاث سنوات على نيلهم درجة التمرس.
٢- لا يجوز الجمع بين عضوية اللجان المنتخبة من قبل الهيئة العامة.

(مجلس النقابة)

المادة الحادية عشرة :

١- يتكون المجلس من تسعة اعضاء بمن فيهم النقيب ونائبه والسكرتير.
٢- يختص مجلس النقابة بتنفيذ مقررات الهيئة العامة، والنظر في طلب الانتماء وما يناط به من مهام اخرى.

المادة الثانية عشرة :

لجنة المراقبة ـ وتتكون من رئيس وعضوين مهمتها تدقيق صحة العضوية ومدى تطبيق القانون.

المادة الثالثة عشرة :

لجنة الانضباط ـ وتتكون من رئيس وعضوين مهمتهما التحقيق في الشكاوي التي تحال اليها من المجلس والبت فيها بموجب أحكام هذا القانون.

المادة الرابعة عشرة :

فروع النقابة :

١- تؤلف في مركز كل محافظة لجنة فرع وتتكون من خمسة أعضاء ينتخبهم أعضاء الفرع من الصحفين المتمرسين الذين يزاولون مهنة الصحافة في المحافظة.
٢- تتبع في اجتماعات لجان الفروع والانتخابات فيها نفس الاجراءات الخاصة باجتماعات الهيئة العامة.
٣- تحدد اختصاصات لجنة الفرع في النظام الداخلي.

المادة الخامسة عشرة :

اذا فقد عضو المجلس او اللجنة الشروط اللازمة للانتخابات او تغيب عن الجلسات ثلاث مرات بغير عذر مشروع يعتبر مستقيلاً من اللجان ويحل محله العضو الاحتياط الذي نال

أكثرية الاصوات.

المادة السادسة عشرة:

النقيب - يتولى النقيب رئاسة مجلس النقابة وتمثله لدى المراجع المختصة والتوقيع على الاوامر والقرارات والتعليمات والمخاطبات.

## (الفصل الرابع)
## (الحقوق والالتزامات)

اولاً: الحقوق.

المادة السابعة عشرة:

١- يعامل الصحفي معاملة الموظف فيما يتعلق بحقه في الاجازات الاعتيادية والمرضية.

٢- تضم مدة العمل في الصحافة لاغراض العلاوة والترفيع والتقاعد في حالة تعينه في اية وظيفة كانت.

٣- على الجهة التي يعمل الصحفي لديها إبداء المساعدة اللازمة له في حالة تعرضه للاصابة اثناء ممارسته مهنته ولا علاقة لذلك بالحقوق التقاعدية.

٤- يجوز للصحفي المتقاعد بموجب احكام قانون تقاعد الصحفيين العمل في المؤسسات الصحفية والاعلامية عن طريق عقد العمل ويتمتع بنفس إمتيازات الصحفي المتمرس.

٥- يجب إخبار النقابة بأي شكوى تقدم ضد الصحفي وفي غير حالة الجرم المشهود لا يجوز إستجواب الصحفي أو التحقيق معه بجريمة منسوبة اليه متعلقة بممارسته مهنته الا بعد إخبار النقابة بذلك.

٦- يعاقب من يعتدي على الصحفي أثناء ممارسته مهنته أو بسببها بالعقوبة المقررة لمن يعتدي على موظف عام أثناء تأديته وظيفته أو بسبب تأديتها.

٧- يمنح الصحفي المتوفي بسبب أو أثناء ممارسته مهنته لقب عضو الشرف في النقابة بقرار من المجلس ويكرم وفق النظام الداخلي.

المادة الثامنة عشرة:

ثانياً: الالتزامات لا يجوز للصحفي القيام بما يلي:

١- تناول ما تتولاه سلطات التحقيق أو المحاكم بما يؤثر على سير التحقيق أو المحاكمة.

٢- مزاولة المهنة دون تجديد الاشتراك في النقابة بموجب هذا القانون.

٣- استخدام أية وسيلة أو واسطة بقصد الربح غير المشروع.

٤- قبول الاعانات إلا بعد بموافقة المجلس.

٥- الاساءة الى سمعة المهنة وإفشاء أسرارها أو تهديد المواطنين باية وسيلة أو اسلوب من أساليب الصحافة.

٦- زعزعة الثقة بالنظام الفيدرالي لكوردستان العراق ومواطنيها بالطرق المباشرة او غير

المباشرة وإثارة غرائز الجمهور بأية وسيلة.

٧ـ إستغلال الكلمة المكتوبة او المرسلة إستغلالاً خاصاً للمنفعة الشخصية الضارة بالغير او انتحال صفة أو فكرة والاساءة الى الاداب والنظام العام.

٨ـ تضليل الجمهور بالمعلومات غير الصحيحة وتصوير الوقائع تصويراً غير أمين أو نشر وقائع غير مؤكدة.

٩ـ إقتباس أي أثر الغير دون الاشارة الى صاحبه أو مركز مصدره.

## (الفصل الخامس)
## (الاجراءات الادارية)

المادة التاسعة عشرة:

اولاً ـ كل صحفي أخل بواجب من واجبات المهنة أو تصرف تصرفاً يحط من قدرها أو قام بعمل يمس كرامته أو قدم مستنداً غير صحيح للنقابة أو خالف حكماً من احكام هذا القانون يعاقب تأديبياً من قبل لجنة الانضباط بموجب القواعد المنصوص عليها في قانون إنضباط موظفي الدولة النافذ بالعقوبات التالية ـ

١ـ التنبيه ـ ويكون بكتاب يوجه للصحفي يلفت نظره الى ما وقع منه وطلب منه عدم تكراره مستقبلاً.

٢ـ الانذار ـ في حالة تكرار الصحفي المخالفة المنصوص عليها في الفقرة(١)ينذر بعدم تكراره.

٣ـ المنع من مزاولة المهنة مدة لا تتجاوز سنة واحدة.

٤ـ الفصل المؤقت ـ ويكون بشطب اسمه في السجل العام ولا يجوز إعادة تسجيل إسمه الا بعد مرور سنتين.

ثانياً: لا تنفذ العقوبات أعلاه بحق الصحفي الا بعد مصادقة مجلس النقابة عليها.

ثالثاً: للصحفي المعاقب حق الطعن في قرارات مجلس النقابة الخاصة بالمنع أو الفصل لدى محكمة إستئناف للمنطقة بصفتها التميزية خلال خمسة عشرة يوماً من تأريخ التبليغ بالقرار ولا تنفذ العقوبة الا بعد اكتسابها الدرجة القطعية.

رابعاً: يشطب أسم العضو من النقابة إذا صدر عليه حكم نهائي بعقوبة مقيدة للحرية في جنحة أو جناية غير سياسية.

خامساً: وفي حالة الحكم عليه في جناية أو جنحة مخلة بالشرف يرقن قيده من السجل العام ولا يجوز إعادة تسجيله مرة اخرى.

## (الفصل السادس)

## (مالية النقابة)

المادة العشرون :

اولاً ـ تتألف مالية النقابة مما يأتي :

١ـ رسم الانتماء .

٢ـ بدل الاشتراك السنوي.

٣ـ منح وزارة مالية.

٤ـ ربح الحفلات والاكتتابات العامة التي تقوم بها النقابة وفق القوانين المرعية.

٥ـ أرباح المشاريع التي تقوم بها النقابة.

٦ـ أرباح مطبوعات النقابة.

٧ـ التبرعات والهبات المقدمة من الاعضاء أو غيرهم بشرط عدم التأثير على مسار النقابة وإعلام الجهات المختصة بذلك.

ثانياً : تودع مالية النقابة بتوقيع النقيب والمحاسب و أحد اعضاء المجلس في أحد مصارف اربيل وتوقع أوامر الصرف من قبلهم أيضاً وتخضع لاصول نظام المحاسبة العامة.

ثالثاً : يحدد رسم الانتماء وبدل الاشتراك بموجب النظام الداخلي.

## (الفصل السابع)
## (احكام ختامية)

### (عناوين الصحفي)

المادة الحادية والعشرون :

يقصد بالصحفي من يحمل إحدى العناوين الاتية :

١ـ صاحب الامتياز.

٢ـ رئيس التحرير.

٣ـ نائب رئيس التحرير.

٤ـ مدير التحرير.

٥ـ سكرتير التحرير.

٦ـ المحرر.

٧ـ مترجم صحفي.

٨ـ المراسل.

٩ـ المصور.

١٠ـ الرسام.

١١ـ المصمم.

المادة الثانية والعشرون :

لنقابة الصحفيين إصدار النظام الخاص بها وفق أحكام عدا القانون.

المادة الثالثة والعشرون :

على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القانون.

المادة الرابعة والعشرون :

ينفذ هذا القانون من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە ئەو پرۆژەیە بوو کە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بە پێی نووسراوی ژمارە(٢٠٥١) کە لە ١٩٩٨/٣/١٥دا ئاراستەی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان کراوە، ئێستاش رای لیژنەی یاسا ئەخوێنینەوە، فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

الى/ السيد رئيس المجلس الوطني المحترم

م/ رأي لجنة

هامشكم على اصل كتاب رئاسة مجلس الوزراء المرقم(٢٠٥١) في ١٩٩٨/٣/١٥ يتلخص رأي لجنتنا على المشروع بما يلي :

١ـ نقترح درج بعض التعاريف في مقدمة القانون ليكون المادة الاولى لها مع مراعاة تسلسل بقية المواد وكالآتي :

(يقصد بالتعابير الآتية المعاني المبينة ازاءها لاغراض هذا القانون :

آـ النقابة : نقابة صحفيي كوردستان العراق.

ب ـ المجلس : مجلس نقابة صحفيي كوردستان العراق.

جـ ـ النقيب : نقيب صحفيي كوردستان العراق.

دـ الصحفي : كل عضو منتم الى النقابة موفٍ بالتزاماته.

هـ ـ الصحيفة : كل مطبوع يصدر بصورة دورية او غير دورية في كوردستان ومجاز رسمياً.

وـ السجل : السجل المعد سلفاً لتسجيل اسماء الصحفيين وكافة المعلومات المتعلقة بمهنتهم.

والافضل ان يكون المادة السادسة لها مع مراعاة تسلسل بقية المواد وكالاتي :

(يصنف منتسبو النقابة بموجب السجل العام الى ثلاثة اصناف).

اولاً ـ الصحفي المتدرج :

هو الذي يتخذ من الصحافة بقنواتها الثلاث مهنة رئيسية له ولا يتمتع بلقب أو (بصفة) الصحفي المتمرس إلا بعد مرور سنتين متواصلتين على ممارسته بتأييد من الجهة المعنية التي

يعمل لديها بعد تسجيل اسمه في السجل العام. ولا يتمتع بأي امتياز من امتيازات الصحفي المتمرس إلا بعد ان ينقل اسمه الى جدول ذلك الصنف وعندئذ تضاف فترة التدرج الى خدماته. وتكون مدة التدرج بالنسبة لمن يحمل شهادة البكالوريوس في الصحافة والاعلام او ما يعادلها سنة واحدة.

ثانياً ــ الصحفي المتمرس ــ

هو الذي عمل او يعمل في الصحافة بقنواتها الثلاث بصورة فعلية وقد اتخذها مهنة رئيسية له ومرت على عمله الفترة المبينة في الفقرة السابقة.

ثالثاً ــ الصحفي المشارك ــ

هو من كان ممارساً العمل الصحفي دون ان يتخذ مهنة رئيسية له و يثبت ذلك بابراز العقود الضرورية من الجهات المعنية ويحق له نقل اسمه الى جدول الصحفيين المتمرسين بعد مرور مدة لا تقل عن(٥) سنوات متواصلة و اتخاذ الصحافة مهنة له.

٣ــ نرى ان تعدل الفقرة(٢)من المادة السادسة من المشروع وتكون كالاتي ــ

(اكمل العشرين من العمر بدلاً من اكماله الخامسة والعشرين من العمر).

٤ــ نرى ان تعدل الفقرة(ثانياً)من المادة التاسعة عشرة من المشروع وتكون كالآتي ــ

(لا تنفذ العقوبات اعلاه بحق الصحفي إلا بعد مصادقة اكثرية اعضاء مجلس النقابة عليها بدلاً من مصادقة مجلس النقابة).

٥ــ نرى ان تعدل الفقرة(ثانياً) من المادة العشرون وتكون كالآتي:

(يراعى تطبيق اصول نظام المحاسبة العامة على مالية النقابة).

مع قبول جزيل الشكر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ لیژنەی یاسا، لیژنەی ڕۆشنبیری فەرموو.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی رۆشنبیری لەگەڵ رای لیژنەی یاسا بۆ ئەو بۆچوونانە وەکو دەسنیشان کراوە، یەکەم جار ئەو پێناسە کردنانە بۆ ئەو زاراوانە پێویستە وەک شێوازێکی تەواو و راهاتوو لە شێوەی یاسادا پاشان دەسنیشانی خانەبەندێتی بۆ رۆژنامەنووسان ئەوەش بە کارێکی پێویست ئەزانین و، بۆ لایەنی تەمەنیش ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە کاری رۆژنامەگەری کارێکە لە کارە ئەفراندن ئامێزەکان و پەیوەندی بە داهێنانەوە هەیە لە تەمەنێکی کەمیشدا ئەتوانێ کە وەکو دەرکەوتووە رۆژنامەنووسێکی بلیمەت و بەتوانا بێ، لەبەر ئەوە( ٢٠ )ساڵ لەبار ترە بۆ ئەندامێتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ لیژنەی رۆشنبیری و بۆ کاک ئەحمەد سالار، ئەوە پرۆژە و رای هەردوو لیژنەکەیە، ئێستاش پرۆژەکە مادده بە مادده ئەخوێنینەوە، پاشان کە لیژنەی یاسا تەواو بوون چ تێبینیەکتان هەبوو فەرموون دەریبڕن.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی دەست بە گفتوگۆ کردن بکەین هەر وەکو لە راپۆرتی لیژنەی یاسادا ئاماژەم پێ دا، دوو ماددەی زیادکراوی ترمان هەیە، مادده یەکیان پەیوەندیی بە پێناسەکانەوە هەیە، واتە پێناسەی یاساکەیە، ئەوە وەکو باوە لە مادده(یەک)دا جێگای خۆی دەکاتەوە، ماددەی دووەمیش مەسەلەی پلە بەپلە(تەدەروج)ی رۆژنامەنووسانە، ئەویش ئەتواندرێ لە مادده شەشدا جێگای بکرێتەوە، ئەگەر بلوێ ئەو ماددانە بە جیاجیا دەنگیان لەسەر بکرێ، بۆ ئەوەی زنجیرەی پاشماوەی ماددەکانی تری پرۆژەکە تێک نەچێ و دەسەڵاتمان بدرێتێ دوایی ئێمە زنجیرەکە رێک بخەین بۆ ئەوەی پرۆژەکە تەواو بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز د. رۆژ فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژ نوری شاوەیس/ سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم پرۆژەی کە لەبەر دەستماندایە پرۆژەی یاسایی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردە، ئەم پرۆژەیە ئەوە بۆ ماوەی پتر لە ساڵێک دەچێت کە رۆژنامەنووسان و لێپرسراوانی حکومەتی و خەڵکی شارەزا خەریکین و، گفتوگۆیەکی فراوانی لەسەر کراوە، لە راستیدا بۆشاییەکی گەورە لە کوردستاندا هەبوو، لە ژیانی رۆژنامەنووسیدا، ئەویش نەبوونی سەندیکایەک بۆ رۆژنامەنووسان، ئەم بۆشاییە کە لە رۆژنامەنووسی کوردیدا هەبوو، بە پیرۆزی ئەزانین کە لە(١٠٠)ساڵەی رۆژنامەنووسی کورد ئەو بۆشاییە پڕ بکرێتەوە و ئەمە خۆی لە خۆیدا ئەبێت بە مێژوویی یەکی چاک و خاڵێکی دیار لە مێژووی رۆژنامەنووسی کورددا و، لە راستیدا سەندیکا بۆ ئەوە پێویستە کە پێش هەموو شتێک پشتگیری ئەندامانی سەندیکا بکات، پشتگیری رۆژنامەنووسان بکات، لە کاتی پێویستدا دەرگایان بۆ بکاتەوە کە پێشکەون و، دەرگای پەیوەندی لەگەڵ رۆژنامەنووسانی جیهان بکاتەوە بۆ پێشخستنی رۆژنامەنووسی و رۆژنامەکانی کوردستان، هەروەها رێگای رۆژنامەنووسان ئاسان بکات، جگە لەوانەی کە پەیوەندی بە ژیانی رۆژنامەنووس خۆیەوە هەیە.

یاسای رۆژنامەنووسانی کوردستان ئەبێ ئەوە بچەسپێنێ کە سەندیکای رۆژنامەنووسی بۆ ئەوە هاتووەتە پێشەوە کە لە هەمان کاتدا پشتگیری لە مافە رەواکانی گەلی کورد و فیدرالیەت و یاسا و ئازادییە بنەڕەتیەکان و بنەماکانی مافی مرۆڤ بکات، ئەمانە هەمووی لەم یاسایەدا

کۆبوونەتەوە و ڕێگای دەسنیشان کردووە بۆ ڕۆژنامەنووسانی کورد لە ئایندەی داهاتوودا، بێگومان کە ڕۆژنامەنووسی و ڕۆژنامەنووسان چەکێکی دوو سەرەن(ذو الحدین)، ئەم یاسایە بە شێوەیەکی وا ئەیخاتە قەوارەیەکەوە کە ڕۆژنامەنووس مافەکانی پارێزراوبن لە هەمان کاتیشدا مافەکانی کۆمەڵگای کوردەواری و بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد پارێزراوبن، ئێمە لێرە مەبەستمان وەکو ئەنجوومەنی وەزیران ئەم بۆشاییە بە زووترین کات پڕ بکرێتەوە و، بە تایبەتی وەکو ئەوەی باسم کرد لە یادی(١٠٠) ساڵەی ڕۆژنامەنووسی، ئەگەر بڕیاری لەسەر بدرێ ئەمە دیاریەکی گەورە ئەبێ و خاڵێکی پرشنگدار ئەبێت لە مێژوویی ڕۆژنامەنووسی کوردیدا و، لە هەمان کاتیشدا پێمان خۆشە ئەم یاسایە دەوڵەمەند بکرێ و، هەرچی تێبینیەک هەبێت ئێمە زۆر بەخۆشحاڵیەوە وەری دەگرین، چونکە هەمووی بە مەبەستی دەوڵەمەند کردنی ئەم یاسایەیە، سەبارەت بە پێناسەکان هیچ ڕەخنەیەکیان لەسەر نییە، بەڵکو یاساکە دەوڵەمەند دەکات، سەبارەت بە تەمەن منیش جەخت لەسەر ئەوە ئەکەم ڕۆژنامەنووس لەوانەیە لە تەمەنێکی کەمتریش لە (٢٠)ساڵەوە بتوانێ بە ئەرکی ڕۆژنامەنووسی هەستێ و ڕۆڵی هەبێت، بە تایبەتی ئێمە بزووتنەوەی ئازادی خوازی کورد لاوان بە پلەی یەکەم بەشداریان تیادا کردووە ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە ئێستا ناوی گەورە وپرشنگداریان هەیە، لە ڕاستیدا لەوانەیە لە تەمەنێکی زۆر کەمتر لەوە دەستیان پێکرد بێ لە هەمان کاتیشدا تێبینیەکەی هەردوو لیژنە لە جێگای خۆیەتی کە پلەبە پلە(تدرج) ئەبێ هەبێت، هەرچەندە ئەو تەدەروجە لەوانەیە لە سیستمی سەندیکا خۆیدا هەبێت، خۆی بۆ خۆی دابنێ و لە هەمان کاتیشدا ئەتوانین یەکسەر بیخەینە یاساکەوە وهیچ گرفتێکی تیا نییە، ئەمێنێتەوە سەر دوا خاڵ من تێبینییەکی بچووکم هەبوو لەسەر مەسەلەی(مصادقه الاكثريه)، ئەمە وا نییە، (موافقة الأكثرية)یە(مصادقة) وەکو باوە ئەنجوومەن ئەیکات، یان نەقیبی ڕۆژنامەوانان ئەیکات، تەنیا تێبینیم لەسەر ئەو خاڵە هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاسی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین، کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من زۆر درێژە بە قسەکانم نادەم، پرسیارێکم لە لیژنەی یاسا هەیە، ئەو هەموارەی کە کراوە سەبارەت بە تەمەن و، (تصميم)، ئایا ڕاوێژ لەگەڵ نووسەرەکان کراوە، یاخود خۆتان کردووتانە؟، چونکە ئەگەر ڕای لیژنەی یاسایش بێت لەوانەیە ئێمە لەگەڵ ڕای نووسەرەکان بین بۆ هەندێ شت، حەز دەکەین وەڵامان بدەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک فرەنسۆ، کاک شێخ عەدنان فەرموو.

**بەڕێز شـــێخ عـــەدنان نەقـــشـــبـــەندیی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

ئێمە ئەمڕۆ بەیانی پێشی ئەوەی بێینە ئێرە لە کۆبوونەوەیەکی فراکسیۆندا بۆ ماوەی (٢)کاتژمێر باسی ئەو بابەتەمان کرد و، بە دوورودرێژی لێی کۆڵدرایەوە تکا لە ئەندامە بەڕێزەکان دەکەم کە ئەگەر شتێکیان هەبێ سەبارەت بە داڕشتن بە نووسین بیدەنە لیژنەی یاسا، تاوەکو کاتەکەمان بە شتی ترەوە بەسەر بەرین، وەکو جەنابتان و بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دیاریتان کردووە کە ئەم پرۆژەیە وەکو دیاردەیەک بەبۆنەی(١٠٠)ساڵەی رۆژنامەگەری پێشکەشی دەکەین، دووبارە تکام وایە ئەگەر شتێک پەیوەندیی بە داڕشتنەوە هەیە بیدەن بە لیژنەی یاسا، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

سوپاس، کاک فەلەکەدین کاکەیی فەرموو.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی/وەزیری رۆشنبیری:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

بەراستی جێگای خۆشحاڵیـیە کە ئەمڕۆ لە پەرلەمانی کوردستاندا بۆ یەکەم جار لە مێژووی کوردستاندا یاسایەک بۆ سەندیکای رۆژنامەنووسان باس دەکرێت، تەنها باسکردنی ئەم پرۆژەیە خۆی نیشانەی پێشکەوتنی شارستانییە لە کوردستاندا کەوا لە رووی ئایدیولوجییەوە و، لە رووی پێشکەوتنی شارستانییەوە و لە رووی سیاسی ئاستی هەرێمی کوردستانەوە گەیشتۆتە ئاستێکی موژدەبەر و، ئومێدەوارم کە سەرکەوتوو بین لە پێشکەش کردنی ئەو دیارییە بە رۆژنامەنووسان کە ماوەیەکی زۆرە چاوەڕێ دەکەن بە تایبەتی کە لەم ساڵانەدا رۆژنامەیەکی زۆر لە کوردستاندا دەردەچێت، لەشکرێکی رۆژنامەنووسی لە کوردستاندا پەیدا بووە و، پێویستی بەو یاسایە هەیە، هەم بۆ رێکخستنی کاروباریان هەم بۆ پاراستنی مافیان، لە هەمان کاتیشدا ئەو پلەبەپلەیەی کە دانراوە لە جێگای خۆیەتی، واتا بۆ ئەوەی بتواندرێ ئەوەی کەوا ماندوو بووە و شارەزایە و، ئەوەی کە تازە دێت لە هەموو پیشەیەک و سەندیکایەکدا ئەوە هەیە، بە تایبەتیش لە پیشەی رۆژنامەنووسیدا ئەوە هیچ کەم ناکاتەوە لەو رۆژنامەنووسانەی کە تازە دێنە ریزی سەندیکاکەوە، بەڵکو هانیان دەدات کە زیاتر هەوڵ بدەن بە شیاوی و بەتوانا و بەهرەی خۆیان بگەنە ئەوەی بنە ئەندامێکی ئەزموندار لە سەندیکایەکدا بە بۆنەی هاتنەوەی یادی(١٠٠)ساڵەی رۆژنامەنووسی، جا پیرۆزبایی لە ئێوە ولە حکومەتی هەرێم و لە رۆشنبیران و لە رۆژنامەنووسان ولە هەموو نەتەوەی کورد دەکەین کەوا ئەم دەسکەوتە وەکو وتم یەکەم جارە لە ژێر سایەی حکومەتێکی هەرێمی کوردستاندا باس دەکرێت، بەراستی ئەمە دەبێتە رووداوێکی مێژوویی لە مێژووی کوردستاندا ئیتر هەر شتێکی بخرێتە سەر ئەوە دەمێنێتەوە بۆ بیرورای بەڕێزان ئەندامانی ئەنجوومەن، بەڵام هەر دەرچوونەکەی سەرکەووتنە جا بە هەر شێوەیەک بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاسی بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری دەکەین، فەوزیە خان فەرموو.

**بەڕێز فەوزیە عیزەدین ڕەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە سەرجەم ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەکەم، پێشنیارێکم هەیە بۆ کابینەی خزمەت گوزاری حکومەتی هەرێمی کوردستان و، ئەمە دەرفەتێکی چاکە، کە ئەگەر بڕیار بدەن کۆلیژێک بکەنەوە بۆ ڕاگەیاندن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڵام ئێستا کاتی پێشنیار کردن نییە، با تەواو بین ئێوە ئەتوانن پێشنیارەکانتان بە پێی پێڕەوی ناوخۆ ئاراستەی دەستەی سەرۆکایەتی بکەن. مامۆستا مەلا تاهر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو دوو ماددەی لیژنەی یاسا ولیژنەی ڕۆشنبیری زۆر چاکن، بەڵام سەبارەت بە (تەعابیری) وشەکانەوە ئەگەر پێویستی کرد ئەو وشانە بکرێن، پێویستە دەستەی گشتی و دەستەی ئامادەکاریشی تیادا بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو شێخ عەدنان فەرمووی با ئەو تێبینییەمان بۆ بنووسێ خراپ نییە، پاشان لەگەڵ لیژنەی یاسا قسەیەکی لێ ئەکەین کاک شێروان چ تێبینیەکتان هەیە، بۆ وەڵام دانەوە بۆ ئەوەی دەست بە بەرنامەکەمان بکەین، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبارەی تێبینییەکی کاک فەرەنسۆ کە دەڵێ: ئایا چۆن گەیشتە ئەو ئەنجامە؟ سەبارەت پلە بە پلە (تدرجی) ڕۆژنامەنووسان، بێگومان ئێمە ئەو پرۆژەمان دەرس کرد کە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هاتووە و، پاش ئەوەی سەیری بڕگەکانمان کرد وشەی (الصحفي المتمرس) هاتووە و، وشەی (الصحفي المتدرج) یش هاتووە، بەڵام پێناسە نەکراوە کە (صحفی متدرج) چییە؟ و(صحفی مشارک) یاخود (صحفی متمرس) چییە؟، بۆیە گەڕاینەوە سەر ئەسڵی پرۆژەکە و، ئەسڵی پرۆژەکەش دەستکاری کرابوو لەلایەن (دیواني تدوین) یەوە دەقی یاسایەکەمان لەوێ وەرگرت و لێرە دەقەکەمان لە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسا هێناوەتە خوارەوە و بابەتەکە دراسەت کراوە و ئێستاکە ئەو پێناسانە هاتنە ناو پرۆژەکە پێم وایە پرۆژەکە دەوڵەمەند دەکات و پێناسەی ئەو جۆرانە بەوانەوە دەکات کە پەیوەندارن لەگەڵ یاساکەدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاستان دەکەین، کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێم وایە پێشنیار و زۆر شتی تریشی تیادایە هەر ئەوە نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاستان دەکەین، ئەو گفتوگۆیانە وەکو دەڵێن لەسەرەتا هەندێ روونکردنەوە بوو لەسەر پرۆژەکە بە گشتی لە برگە (هـ)دا دەڵێت:(الصحيفة: كل مطبوع ينزل بصورة دورية او غير دورية في كوردستان ومجاز رسمياً) ئەو (رسمياً) ە وەکو پێشنیارێک، ئەگەر (حکومة اقليم كوردستان)ی بخەنە سەر، چونکە (حكومة أقليم كوردستان) (معرف) نییە لەم پرۆژەیەدا، ئەو مۆڵەت بەو شتانە ئەدات.

دێینەوە سەر ماددەکان ئەو پرۆژەیە ماددە بە ماددە ئەیخوێنینەوە و گفتوگۆی لەسەر دەکرێ و، ئەگەر چ تێبینیەک هەبێ دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە و پاشان ئەیخەینە دەنگدانەوە، وەکو هەموو جارێک کە بەپێی پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان ئەیکەین.

فەرموون، ئەو پێشنیارانەی کە کرابوون لەلایەن لیژنەی یاسا و، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پەسەند کران، جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران وەکو پێشنیارێک پەسەندیان کرد مانای وایە ئێوە پێشنیارەکەتان دەشێت پێکرد و بیخەنە ریزی زنجیرەی ئەو ماددانە دوایی وەکو خۆتان وتتان پیا بچنەوە و چاکی بکەن، فەرموون.

**بەڕێز حسێن علی کەمال:**

المادة الاولى:

**تؤسس بموجب هذا القانون نقابة لصحفيين تسمى نقابة صحفيي كوردستان العراق ويكون مقرها اربيل عاصمة الاقليم و لها ان تفتح فروع في محافظات الاقليم.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێناسەکان بخوێنەوە، چونکە ئەوە پەسەند کرا و، پێویست ناکات پێشنیارەکە بخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز حسێن علی کەمال:**

المادة (١):

**يقصد بالتعابير الاتية مايلي:**

**١- النقابة: نقابة صحفيي كوردستان العراق.**

**ب- المجلس: مجلس نقابة صحفيي كوردستان العراق.**

**جـ - النقيب: نقيب صحفيي كوردستان العراق.**

د- الصحفي : كل عضو منتمٍ الى نقابة موفٍ بالتزاماته.

ه - الصحيفة : كل مطبوعٍ يصدر بصورة دورية او غير دورية في كوردستان و مجاز رسمياً.

و- السجل : السجل المعد سلفاً لتسجيل اسماء الصحفيين وكافة المعلومات المتعلقة بمهنتهم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده یەک، دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە با ناونووسی ئەو بەڕێزانە بکەین کە دەیانەوێت لەسەر ئەم ماددەیە قسە بکەن، ( کاک فرەنسۆ، کاک ئەکبەر، کاک د.رزگار، کاک ئەمین مەولود، مامۆستا مەلاهادی، مامۆستا مەلاتاهیر) کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێموایە ئەو پێناسانە لێرەدا زیادن، سەندیکای رۆژنامەنووسان خۆیان پێڕەوێکی ناوخۆ بۆ خۆیان دادەنێن و خۆیان ئەو پێناسانەی بکەن باشترە سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئەکبەر فەرموو.

**بەڕێز ئەکبەر حەیدەر موسا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنها تێبینیەکم هەبوو بۆ برادەرانی لیژنەی یاسا، لە (أ،ب،ج) هەرسێکیان نووسراوە (نقابة صحفيي كوردستان العراق)، ئەگەر بڵێین (نقابه صحفيى اقليم كوردستان) باشترە، تەنها وشەی (اقليم)ی بخەینە سەر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینی من لەبارەی پێناسەی (صحفی)یە، من وا هەست دەکەم حوکمێکی بێ رەحمانەی تیا دراوە، واتە ئەو رۆژنامەنووسەی ئەندام نەبێ لە سەندیکادا بە رۆژنامەوان نەژمێردرێت، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم برگەیەکی بخرێتە سەر بەم شێوەیە:(كل عضو منتمي الى النقابة او يمارس مهنة الصحافة ويوفي بالتزاماته)، واتە خەڵکانێک هەنە کە ئەندامی نیقابە نین، بەڵام کاری رۆژنامەوانی ئەنجام دەدەن .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رۆژنامەوانی لێرە پیشەیە..

**بەڕێز د. قـــاسم مـــحـــەمـــەد قـــاسم:**

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

تێ دەگەم بەڵام مەرجی داناوە کە دەبێ ئەندامی سەندیکا بێ، ئەم مەرجە حوکمێکی گرانە لەسەر خەڵکانێک کە ئەو پیشەیە ئەنجام دەدەن، پێشنیار دەکەم کە بڵێین:(الصحفي كل عضو منتمي الى النقابة او يمارس مهنة الصحافة ويوفي بالتزاماته) و ئەوەی بخرێتە سەر .

پرسیارێکی تریشم هەیە ببوورن زۆر جار لە وڵاتی ئێمەدا و هەتاکو ئێستاش هەر واپێڕەو کراوە کە رۆژنامـە دەردەکرێ بێ مـۆڵەت وەرگـرتن، یان دوای دەرکـردنی پاشـان مـۆڵەت وەردەگـرن، لێـرە پرسیارێکم لە لیژنەی یاسا هەیە یانی ئەو (اشتراكاتانه) و(مجاز رسميا) بۆ پێناسەی (صحيفه) لەجێی خۆیدایە، واتە تەنها دەبێت (موجاز رسمی) بێت، دوای ببێتە (صحيفه)، سوپاس.

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

ئێـمە یاسای چاپەمەنیـمان هەیە لەم پەرلەمانەدا ئەو یاسایە پەسەند کراوە، ئەی لەکوێ مۆڵەت وەربگرێت؟ دێینە سەر ئەم بابەتانە، کاک ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز مـــحـــەمـــەد ئەمین مـــەولـود ئەمین:**

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

لەبارەی بڕگەی (د)وە (كل عضو منتمي الى نقابة موفي بالتزاماته) بەرای من (موفي بالتزاماته) زیادە، لەبارەی بڕگە (هـ)ەوە (كل مطبوع يصدر بصورة دورية او غير دورية في كوردستان) زۆر جار نووسەری وا هەیە کتێب دەردەکات بەشێوەیەکی نادەوری، باشە ئەوە دەبێ بە رۆژنامەوان؟، سوپاس.

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلاهادی فەرموو.

**بەڕێز مـــەلا هادی خـــضـــر کـــوێخـــا:**

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

پێشەکی پیرۆزبایی لەرۆژنامەنووسان دەکەم بە بۆنەی ئەو دیارییەی کە ئێستا پێشکەشیان دەکەین منیش لەگەڵ ئەو رایەی کاک ئەمین مەولودم، ویستم هەمان قسە بکەم، بەڵام یاساکەی کە هاتووە وەکو د.رۆژ باسی کرد، ئەم یاسایە لێکۆڵینەوەیەکی زۆری لەسەر کرا و، کەمـوکورییەکی کەمی ئەگەر تێدا هەبێ، کە لیژنەی یاساو لیژنەی تایبەتی خۆیشی لەگەڵ فراکسیۆن کۆبوونەوە کراوە و رای ئەندامـان وەرگیـراوە بەرای من ئەو ئەندامـەی کە دەیەوێ لەلایەنی زمانەوە لەسەری بدوێ زۆر وانەکەن کە گفتوگۆکە دوا بکەوێ ئەمە بەجێ بهێڵن بۆ دارشتن، سوپاس.

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

ئەوەی شێخ عەدنان وتی، مامۆستا مەلاتاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ رایەکەی کاک فرەنسۆدام کە ئەو دەربڕینانە زیادن ، بەڵام ئەگەر بێتوو ببێت تەواوتری ئەکات، وەکو باسم کرد پێناسەی(هیئە العامە)ی تێدا بێ، ئەوەی کاک د.رزگار باسی کرد بۆ پێناسەی (صحفی)کە ئەڵێت: (کل عضو منتمي الى نقابة موفي بالتزاماته) ئەوە لەگەڵ التزاماتە ئەو پێناسانەی کە لەلایەن لیژنەی یاساوە دانراون لەگەڵ ئەوەیشدا رەچاو کراون، چونکە ئەڵێت (لایجوز مزاولة المهنة دون الاشتراك في نقابة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس ئەوانەی کە ویستیان قسە بکەن لەسەر ئەم ماددەیە تەواو بوو، با لیژنەی یاسا وەڵامیان بدەنەوە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەندێ لە وەڵامەکان دەدەمەوە و هەندێکیش برای بەڕێزم کاک ئەحمەد سالار وەڵامیان دەداتەوە، کاک فرەنسۆ باسی ئەوە دەکات کە (تعاریف) لە یاساکە زیادە، بەپێچەوانەوە پێناسە لەیاسا دێت لە پەیڕەوی ناوخۆ نایەت و، پێناسەکان هیچ گرفتێک دروست ناکات و، یاساکە دەوڵەمەند دەکات، دەربارەی (اقلیم کوردستان العراق) پێموایە ئەو دەقەی کە هاتووە گشت گیرترە لە (اقلیمی کوردستانی عێراق) و ، سەبارەت بە پابەندەکانی رۆژنامەنووس لە یاساکەدا پابەندەکانی رۆژنامەنوس دیاری کراوە و، لەهەمان کاتیشدا مافەکانی رۆژنامەوان دیاری کراوە، ئەگەر رۆژنامەیەک مەرجی تەواوی نەبێ چۆن ئەتوانێ بەشدار بێ لە سەندیکادا؟، لەراستیدا لێرەدا پێم وایە دەقەکە لە جێی خۆی هاتووە. سەبارەت بە دەستەی گشتی (هیئەی عامە)و ئەوانی تریش لە هەموو سەندیکایەکدا لە هەموو یەکێتی و لەهەموو رێکخراو دا دەستەی گشتی(هیئەی عامە) هەیە، واتە شتێکی روونە پێویست ناکات بەو شێوەیە لەو یاسایەدا پێناس بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئەحمەد فەرموو.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەپرسیارەکەی بەڕێز کاک ئەمین مەولود دەربارەی ئەو بڵاوکراوانە چ دەوری بێ، یان نا دەوری بێ بەلای ئێمەوە ئەگەر سالانە بێ یان وەرزانە بێ، هەفتانە بێ، رۆژانە بێ، مانگانە بێ، هەمووی لە چوارچێوەی کارو ئەرکی پیشەی رۆژنامەوانیدایە ولەوێدا خۆی ئەبینێتەوە، لەبەر ئەوە

هیچ جیاوازیەک نییە لەنێوان کارکردنی ئەو کەسانە لەهەر یەکێ لەو بوارانە، یان ئەو جۆرە تایبەتییەی هەبێ بە پێی کات و ڕۆژانی دەرچوونیەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک ئەحمەد، کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمانە، کاک شێروان وەڵامی دامەوە دەڵێ لە پەیڕەوی ناوخۆ پێناسە نایەت، ئەنجومەن، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، سەرۆک، سەرۆکی ئەنجومەن، ئەمە پەیڕەوی ناوخۆیە لەوێ پێناسە کراوە، ڕۆژنامەنووسەکان خۆیان ئەتوانن باشتر پێناسەی ئەوانە بکەن کە مەبەستیانە، واتە لە پێڕەوی ناوخۆ پێناسە دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک فرەنسۆ، ڕوونکردنەوەکانمان تەواو بوو تەنها لیژنەی یاسا ئەو پرسیارەی منی ڕوون نەکردەوە لە بڕگە (هـ)دا (دوريه في كوردستان ومجاز رسميا من قبل من؟).

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لاریمان نییە، ئەگەر (من قبل حكومة اقليم كوردستان العراق) زیاد بکرێت لە داڕشتن، هیچ گرفتی تێدا نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاستان دەکەین ئەو تێبینیانە لای خۆتان جێگیری بکەن، ئەو پێشنیارەی کاک فرەنسۆ کردی کە بگوازرێتەوە بۆ پێڕەوی ناوخۆی سەندیکا، وادیارە کاک فرەنسۆ سوورە لەسەر پێشنیارەکەی کە بیخەینە دەنگ دانەوە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک فەلەکەدین نوێنەری ڕۆژنامەنووسانە، ئەگەر ئەو پێی باش بێ ئەوە ئەیخەینە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فەلەکەدین لەسەرەتاوە وتی باشە و جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانیش پشتگیری لێ کرد، کاک فەلەکەدین فەرموو.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی/وەزیری ڕۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر ئاساییە تەنانەت بۆ ڕۆژنامەنووسانیش، ئەوەی د.ڕزگار وتی ئاساییە لێرە بێ، ئەو مەبەستی

ئەو ئەندامانەیە کە ناویان بە رۆژنامەوان هاتووە و پەیوەندی بە یاساکەوە هەیە، رۆژنامەنووسێک لەدەرەوەی سەندیکا بۆ خۆی ئیش دەکات ئەوە سەندیکا لێی بەرپرسیار نابێ، ئەوە شتێکی ترە، لەبەر ئەوە ئاساییە وئەو پێناسانە با لەجێی خۆیاندا بن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک فەلەکەدین، کەواتە ئەو ماددەیە دەخەینە دەنگدانەوە، کاک د.رزگار تێبینیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەرەتاوە سوپاسی کاک فەلەکەدین دەکەم کە ئاماژەی بۆ پێشنیارەکەی من کرد، نە لیژنەی رۆشنبیری و نە لیژنەی یاسا ئاماژەیان بۆ ئەو پێشنیارەی من نەکرد، ئێستاش من سوورم لەسەر ئەو برگەیە، وەکو ئەوەیە کە سنوورێکی لە رووی کاری رۆژنامەوان داناوە، کە ئەو مەرجەی داناوە ئەوەی پەیوندی نەبێ بە سەندیکای رۆژنامەوانی من بە مەرجێکی گرانی دەبینم، من پێشنیار دەکەم ئەوەی باسم کرد زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک فەلەکەدین فەرموو.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی/وەزیری رۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لای ئێمە لە (تأخی) هەبوو، چەندی رۆژنامەوان هەبوون کەپەیوەندیان بە سەندیکاوە نەبوو و ئیشی خۆیان دەکرد و، سەندیکا خۆی تێ نەدەگەیاندن، بەڵام ئەورۆژنامەوانەی کە نابێتە ئەندامی سەندیکا، ئەو ئیمتیازات ومافانەی لە سەندیکا هەیە بەری ناکەوێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە یاسای سەندیکای رۆژنامەنووسەکانە، یاسای چاپەمەنی نییە، حەز ئەکەم بۆ ئێوە روون بێ، ئەمە یاسای سەندیکای رۆژنامەوانە، سەندیکای رۆژنامەوانەکان ئەو جۆرەیان دەوێ، وابزانم گفتوگۆی ئەو ماددەیە بەو شێوەیەی کە کرا تەواو. دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟کەواتە بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

ماددە (٢) فەرموو بیخوێننەوە.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة الاولى:

**تؤسس بموجب هذا القانون نقابة لصحفيين تسمى نقابة صحفيي كوردستان العراق ويكون مقرهااربيل عاصمة الاقليم و لها ان تفتح فروعاً في محافظات الاقليم.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده دوو ئەگەر چ تێبینی نییە لەلایەن جەنابی وەزیری ڕۆشنبیرییەوە، کەس لەسەر ئەم ماددەیە قسەی نییە؟ تەنها د.ناسح، فەرمووو د.ناسح.

**بەڕێز د.ناسح غەفور ڕەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنها پرسیارێکم هەیە، ئەو ڕۆژنامەوانەی کە لەدەرەوەی هەرێمی کوردستانە بۆ نموونە لەئەوروپا مومارەسەی کاری ڕۆژنامەوانی دەکەن پەیوەندیان ڕاستەوخۆ بەکاروباری کوردستانەوە هەیە، ئایا ئەوانە چ پەیوەندیەکیان دەبێ بەئێرەوە؟، چونکە لێرە نووسراوە (ولها ان تفتح فروعا في محافظات الاقليم)، ئەگەر (خارج الاقليم)یش بنووسرێ خراپ نییە، بۆیە ئەم بۆشاییەش پڕ بکرێتەوە زۆر باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک فەلەکەدین فەرمووو.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی/وەزیری ڕۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم لەبەر ئەوەی ئەمە یاساییە، هیچ سەندیکایەک لەدەرەوەی سنووری یاسایی خۆی، لق دروست ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس،کاک فرەنسۆ فەرمووو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنها پرسیارێکم هەیە، (ان تفتح فروعا في محافظات) مەبەستی خۆ هەر ناوەندی پارێزگا نییە، واتە بۆی هەیە لەپارێزگاکان بارەگا بکاتەوە، لق بکاتەوە،واتە مەبەستی تەنها سەنتەری پارێزگا نییە، بۆ نموونە بۆ ئاکرێش دەتوانن لق بکەنەوە، واتە لێرە مەبەست تەنها بۆ سەنتەری پارێزگا نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەبەستی کاک فرەنسۆ، سەنتەری پارێزگایە، یان لە مەیانی پارێزگایە، با ڕوونتر بڵێین مافیان هەیە لە قەزاو ناحیەکانیش لق بکەنەوە، یان نە؟، کاک فەلەکەدین فەرمووو.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی/وەزیری ڕۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە سەندیکاکان واباوە کە لە سەنتەرەکان لق بکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(مراكز) زیاد بکرێت، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر هەمان بۆچوونی بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیریمان هەیە، تەنیا مەراکزی پارێزگاکان دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر چ تێبینی تر نییە لەسەر ئەم ماددەیە، دەیخەینە دەنگدانەوە.کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە ؟کەواتە بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**الماده الثالثه:**

تتمتع النقابة بالشخصية المعنوية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک لەسەر ماددە(٣) هەیە؟ چ تێبینی نییە؟ دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**المادة الرابعة:**

تهدف النقابة الى تحقيق مايلي:

١- تجسيد النظام الفيدرالي لكوردستان العراق.

٢- المساهمة في بناء دولة المؤسسات وتعزيز مبدأ الفصل بين السلطات.

٣- الدفاع عن سيادة القانون واستقلال القضاء.

٤- الدفاع عن الحريات الاساسية ومبادئ حقوق الانسان.

٥- دعم نضال شعب كوردستان من اجل تحقيق حقوقه القومية.

٦- احترام حرية الصحافة والدفاع عن حقوق الصحفيين وضمان الحصانة (الحماية) الضرورية لأداء مهامهم.

٧- تسهيل مهمة الصحفيين في الحصول على الانباء والمعلومات.

٨- قبول النقابة في الاتحادات الصحفية العالمية ومد الجسور معها.

٩- تأهيل الصحفيين بكافة السبل المتاحة.

١٠- دعم ومساندة اعضاء النقابة في الحالات الضرورية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددە (٤) هیچ تێبینیەک هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟، با ناونووسی ئەو ئەندامانە بکەین کە

دەیانەویت لەسەر ئەم ماددەیە قسە بکەن، (کاک یونادم، کاک شمائیل، کاک عەبدولخالق، مامۆستا مەلاتاهیر، کاک د.رزگار، کاک فرەنسۆ)، کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەر برگە (٤) تێبینیم هەیە، کە دەڵێت:(الدفاع عن الحريات الاساسية ومبادئ حقوق الانسان) بەرای من ببێتە (الدفاع عن الحريات الديمقراطية الاساسية ومبادئ حقوق الانسان و سلم) بەتایبەتی ئێمە لەو قۆناغەداین ئاشتی بەشێکە لە ژیانی میللەتەکەمان، (سلم)یش بە تەنها کوردستان ناگرێتەوە لەبەر ئەوەی ئێمە دژی جەنگی جیهانیشین، لەبەر ئەوە مەسەلەی بەرگری ئەبێ بەرگری لە (حريات الديمقراطيه) بێ وئەبێ ئەو وشەیە لەناو ئەو یاسایەدا بێ، ئەوە برگە یەک.

دوو، یەکێک لە ئامانجەکانی سەندیکاکە ئەبێ پارێزگاری و پێشکەوتنی رۆشنبیری نەتەوەیی بێ، ئەوانە لە ئامانجەکان نەهاتووە، واتە تەنها هاتووە (دعم نضال شعب كوردستان من اجل تحقيق حقوقة القومية) ئەبێ یەکێک لە ئامانجی سەندیکاکە ئەوەبێ (حماية وتطوير الثقافة القومية و الوطنية)، واتە ئەوە زیاد بکرێت، تەنها ئەو دوو تێبینییەم هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک یونادم فەرموو.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی پیرۆزبایی لە میللەتی کورد دەکەم بەبۆنەی سەد ساڵەی رۆژنامەگەریی وئومێدەوارم لە دوای ئەوەی کە ئازادی و دیموکراسی بەرەو پێشەوە چووە وئازادی بیروڕا هەمیشە بەردەوام بێ و خۆزگەهەوڵەکانی ئاشتی سەرکەوتووبایە وئەمڕۆ پێکەوە هەموو نووسەرانی کوردستان ئەم یادەمان بکردایەتەوە، هەرچەندە برادەران بەباشی خۆیان ئامادە کردووە بۆ ئەم یادە.

برگە دوو دەڵێ: (المساهمة في بناء المؤسسات وبناء تعزيز مبدأ فصل بين السلطات) وشەی (دولة) لە پێناسەی یاسادا(الارض وشعب والسيادة) لێرەدا پێم باشە برادەرانی یاسایی وشەیەکی تردابنێن وەکو «نظام المؤسسات» یان رستەیەکی تر، کەگرفتی یاساییمان بۆ دروست نەکات. لەبرگە (٥) دەڵێ :(دعم نضال شعب كوردستان من اجل تحقيق حقوقة القومية)، بەبۆچوونی من ئەوە زیاد بکرێ (وترسيخ مفاهيم التأخي القومي والديني في الاقليم او في كوردستان العراق)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک یونادم، تکایە ئەو تێبینیەمان بۆ بنووسە، کاک عەبدولخالق جەنابیشت ئەگەر تێبینیەکەتیان بۆ بنووسی خراپ نییە، کاک شمائیل فەرموو.

**بەڕێز شەمائیل نەنو بنامین:**

**السيد رئيس المجلس.**

في البداية بمناسبة قدوم ذكرى المائة لانطلاق الصحافة الكوردية، يطيب لي ان اتقدم بالتهنئة الخالصة لكافة الاشقاء الكورد اينما كانوا و للاخوة الصحفيين خصوصاً، وانها لفرصة مناسبة جداً ان يصدر هذا القانون في هذه ذكرى فهذا القانون سيساعد على تنظيم العمل الصحافي واهدافه السامية و يدعم الصحفيين كذلك وله مدلولات معنوية كبيرة، وكما اشار الاستاذ يونادم نتمنى ان يشارك كافة الصحفيين في الاقليم في هذا الحدث ونأمل ان يضم الشمل، ويعم السلام وتتحقق المصالحة الوطنية قريباً، انا عندي اضافة جزء منها اشار اليها الاستاذ يونادم ولكن اعتقد ان تكون هناك فقرة مستقلة وبهذا الشكل (دعم اشاعة مبدأ التسامح واللاعنف في المجتمع وترسيخ التأخي القومي والديني والمساواة في اقليم كوردستان العراق)، شكراً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەگەر ئەو تێبینیەمان بۆ بنێری باشە، مامۆستا مەلاتاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلامحەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە برگە (٦) دەڵێ «ضمان الحصانە»و لەنێوان حصانە، «حمایەی» داناوە، بێگومان (حصانە) لەگەڵ (حمایە) جیاوازی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

احترام حرية صحافة ودفاع عن حقوق الصحفيين وضمان الحصانة، بين القوسين (الحماية).

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ، بەڵام (الحصانة) لەگەڵ (الحماية) جیاوازە، حصانە سەبارەت بە ڕۆژنامەوانییەوە چییە؟ حمایەی ئاساییە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ سوپاس، د.ڕزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ١٩٩٢/١٢/٤دا پەرلەمان بنەمای فیدرالی پەسەند کرد، واتە ئێستا سیستمی ئێمە لەلایەنی یاساییەوە سیستمێکی فیدرالییە، بەڵام ڕەوتی کۆمەڵایەتی بەردەوام بەرەو پێشکەوتن دەڕوات، جا بۆ بیبەسینەوە بە برگە یەک، کە دەڵێ: (تجسيد نظام فيدرالي لكوردستان)، واتە وەکو کاری سەندیکا، بۆ نەڵێین (تجسيد النظام القائم في كوردستان العراق) ئەمە وەکو پێشنیاری یەکەم.

دووەم، لە برگەی دوودا دەڵێ: (مبدأ فصل بين السلطات) باشە ئەمە خاڵی سێ نایگرێتەوە،واتە

وەکو بنەمایەک لە خاڵی دوودا هاتووە، چونکە خاڵی سێ راستکردنەوەی خاڵی دووی تێدا هاتووە، (مبدأ الفصل بين السلطات) ئەو برگەیە دەگرێتەوە.
لە کۆتایی خاڵی (٥)دا(دعم نضال شعب كوردستان من اجل تحقيق حقوقة القومية) وشەی (المشروعه)ی بخرێتە سەر.
خاڵی (٦) من پێشنیار دەکەم لەگەڵ وشەی (احترام) (مساندة حرية الصحافة في الاقليم) زیاد بکرێت، خاڵی (١٠) ئەرکی سەندیکا کە پشتیوانی و هاریکاری ئەندامانی خۆی دەکات، پاشان بۆ بەشداری هەبێ تەنیا لەکاتی پێویست بۆ کراوە نەبێ (دعم ومسانده اعضاء النقابه)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک د.رزگار بۆ ئەو تێبینیانە، کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم لەسەرخاڵی (٦) هەیە، پێموایە جیاوازی لەنێوان (حصانە)و (الحمايە) هەیەو یەک نییە، ئەندامانی پەرلەمان حصانەیان هەیە، تەنها لەکوردستانی خۆمان ئەندامی پەرلەمان حصانەی هەیە، پاشان(حمايە)کەش لەناو کەوانە دانراوە وەک ئەوەی حصانەکەی روون کردبێتەوە، ماناکە یەک نییە، حەز دەکەم ئەوە چارەسەر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر فەرموو بۆ وەڵامدانەوەی بەڕێزان کە کۆمەڵێک پرسیارو پێشنیاریان کرد.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی/وەزیری رۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئاڵۆزییەکی تێدا نییە، لەگەڵ هەموو تێبینییەکاندا دەگونجێت، بەڵام هەندێ تێبینی خرایە روو لەبەرئەوەی لایەنی سیاسی تێدایە رەنگە گفتوگۆی نەکەن، ئەگەر نا بەلای منەوە هیچ هەمەوارکردنێکی پێناوێ، بۆ نموونە (دولة المؤسسات) ئێمە خۆمان لە عێراق جودا نەکردۆتەوە ئێمە دەبێ رۆژێک لە رۆژان (دولة المؤسسات) بکەین، ئێمە کە باسی دەوڵەت دەکەین، بەشێکین لە دەوڵەتی عێراق .
سەبارەت بە سیستەمی فیدرالی، راستە سیستەمی فیدرالی بەناو باشترە لەوەی بەگشتی بێت، (قائم) چییە؟ سیستەمی فیدرالی بەرجەستەکردنەکەی پێویستترە، بۆ نموونە (حريات اساسي) کە برادەرێک باسی کرد، سەربەخۆییەکانی دیموکراتیش دەستەبەر دەکات، واتە لە بنەڕەتدا خۆی سەربەخۆییەکانی دیموکراتییە، لەرووی یاساییەوە (حریاتی اساسیە)، بەڵام لە دەستوردا (حریاتی دیموکراتی) دادەنێن (حریاتی اساسی) لادەدەن لەبەر ئەوە هیچ هاودژی تێدا نییە.
مەسەلەی گەشەپێدانی رۆشنبیری باشە ببێت، بەڵام ئەمەی کە هاتووە(حقوق القومية) هەموو شتێک دەگرێتەوە وەکو مافی نەتەوەیی، ئیداری، رۆشنبیری وکۆمەڵایەتی.دوای ئەوە ئەم

سەندیکایە پیشەییە ڕێکخراوی ڕۆشنبیری نییە، من ناڵێم ئەو بڕگەیە (تطویر الثقافة القومیة) نەبێ، ئەگەر زیادیش بکرێت هیچ گرفت نییە، بەڵام ئەو زیاد کردنە شێوازێکی لاستیکی(مطاطی) دەداتە یاساکە، ئەگەر زیادیشی نەکەن هیچ گرفتێک نییە، چونکە لە بڕگە (٥)دا دەڵێ: (من اجل تحقیق حقوقە القومیە)، کەواتە(حقوق قومیە) هەموو شتێک دەگرێتەوە، دیسان دەڵێم، ئەگەر زیاد بکرێ هیچ گرفت نییە.
سەبارەت بە (ترسیخ مبادئ التآخي والتسامح الديني) لە جێگایەک یان (تسامح اللاعنف) ئەمانە ئامانجی ئایدیۆلۆجی و ڕۆشنبیرین لە دەرەوەی پیشەی ئەو سەندیکایەن، دیسان دەڵێم لەوانەیە لەبەر ئەوەی تێبینی سیاسی تێدا بێت زیاد بکرێت هیچ گرفتی تێدا نییە، بەڵام لە واقعدا هیچ ناگۆڕێت، بەلای منەوە وەکو خۆی بمێنێتەوە باشترە، بەڵام تەنها ئەو تێبینییەی دوایی (ضمان الحصانە) بمێنێتەوە بۆ ڕۆژنامەوانی، بەڕاستی من دەنگم نەکرد بۆ ئەوەی بمێنێتەوە، بەڵام کاک فرەنسۆ قسەی کرد، بێگومان (حصانە) زۆر بەهێزترە، جگە لە ئەندامانی پەرلەمان لەناو کۆمەڵدا کەسی تر (حصانەی) نییە، لەبەرئەوە (ضمان الحماية) دروستترە لەڕووی یاسایی و زمانەوانییەوە، بۆیە ئەگەر بکرێتە (ضمان الحمایە) شتەکە دەبڕێتەوە.
ئەم تێبینییانەی کە ئەندامان کردیان هەمووی یاساکە دەوڵەمەند دەکات، بەڵام ئەمە دەتوانرێ لە پێڕەوی ناوخۆدا بنووسرێت، سەندیکا خۆی ئامانجە زیادەکان دادەنێت، لەسەر تیشکی ئەم یاسایە دەتوانێ ئامانجەکانی خۆی راڤە بکات واتە ئەم تێبینییانە ڕوونکردنەوەی ئامانجەکانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. واتە جەنابت ڕات وایە کە ئەو پێشنیارانەی لەلایەن ئەندامانەوە کران، لە پێڕەوی ناوخۆدا بچەسپێن؟. لیژنەی یاسا فەرموون.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی پەیوەندی بە لیژنەی یاساوە هەیە ئەو پێشنیارانەن کە ئەندامان ڕوونیان کردەوە، وشەیەک لەوێ زیاد دەبێت، یان وشەیەک لەوێ کەم دەبێت، ئەگەر بەنووسین بماندەنێ ئێمە لە داڕشتندا دەتوانین خۆمان لەو هەڵانە لابدەین و، بەشێوەیەکی ڕێکوپێک دایرێژینەوە.
سەبارەت بە تێبینی کاک فرەنسۆ دەربای (حمایەو حصانە) بەبڕوای من جیاوازی هەیە لەنێوان (حمایە)و (حصانە)، وابزانم لێرەش مەبەست (حمایە)یە نەک (حصانە).
سەبارەت بە (دولة المؤسسات)، بە بڕوای من مەبەست لە (دولة المؤسسات) دامودەزگای دەستوورییە، کە حکومەت و پەرلەمان خۆی دەگرێتەوە و دوای ئەو ناوی (سلطات) هاتووە (تعزیز مبدأ الفصل بین السلطات) مەسەلەی زەوی و ئاو و نیشتمان و ئەو جۆرە شتانە نییە ئەمە ڕای لیژنەی یاسا بوو، ئەوەی تر بەجێ دێلم بۆ برای بەڕێزم کاک ئەحمەد سالار با ئەو وەڵام بداتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک شێروان. فەرموو کاک ئەحمەد.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز مامۆستا عەبدولخالق زەنگەنە ئەو پێشنیارەی کە کرد سەبارەت بە (الدفاع عن الحريات الديمقراطية الاساسية ومبادئ حقوق الانسان والسلم)، ئێمە هەرچەندە لە واتای ئازادییەکان (حريات) کە وشەیەکی ڕەهایە و دیموکراتییەتیش خۆی تێدا دەبینێتەوە، بەڵام ئێمە وەکو لیژنەی رۆشنبیری بە پەسەندی دەبینین هەردوو وشەی دیموکراتییەو ئاشتی (سلم) لەوێدا زیاد بکرێ.

سەبارەت بە تێبینییەکەی کاک یۆنادم کە لەبارەی پتر چەسپاندن و بەهێز کردنی گیانی برایەتی نێوان ئەو گەلانەی کە لە کوردستاندا دەژین، ئێمەش هەروەکو بەڕێز کاک فەلەکەدین کاکەیی فەرمووی بەشتێکی ماقوڵی دەزانین و هیچ نکوڵییەکمان لێی نییە.

ئەو رایەی کە د.رزگار دەربارەی خاڵی (تجسيد النظام الفيدرالي لكوردستان العراق) فەرمووی، ئێمەش لەگەڵ هەمان را داین، چونکە ئەو سیستەمەی کە ئێستا پاوە فیدرالیەتە و، پاساش پەیوەستە بە کارو بوونی رۆژانەی ژیانەوە نەک زیاتر بە ئاییندەوە، چونکە لە ئێستاوە دەست پێدەکات ئێستا ئەوەی هەیە فیدرالیزمە کە داکۆکی لێ دەکەین بۆیە وەکو مامۆستا فەلەکەدین فەرمووی رەوایە و، رای لیژنەی ئێمەش ئەوەیە سیستەمی فیدرالی بمێنێتەوە (تجسيد النظام الفيدرالي لكوردستان العراق)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک ئەحمەد. فەرموو کاک عەدنان.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جگە لە تێبینی بابەتی (حصانه و حمایه) کە هەموومان کۆکین لەسەر ئەوەی جیاوازیان هەیە جێی خۆیەتی کە بیگۆڕین، من دەمەوێ شتێک بخەمە پێش چاوی بەڕێزان، ئێمە لێرەدا گفتوگۆی سیستەمی سیاسی حزبێک ناکەین، دەبێت زۆر ورد بین لە دەستەواژەکان ئەو دەستەواژانەی کە بەڕێزان پێشنیاریان کرد وەکو (دیموکراتی، سیاسی) من بۆ نموونە شتێک دەهێنمەوە دەتوانین زۆر شت باس بکەین، سیغەکان زۆر ڕێکوپێکن، لە ساڵی (١٩٥٩) پاش شۆڕشی (١٤)ی تەموز یاسای (جمعیه الفلاحین) هەبوو کە (کاظم فەرهود) یادی بەخێر سەرۆکی (جمعیەی فلاحین) بوو، یەکێک لە دەقەکانی ئەم یاسایە دەڵێت: (واجبها الدفاع عن الجمهورية العراقية)، بووە مشتومڕێکی زۆر توند لە نێوان یاساناسەکان و رۆژنامەکانی (الاحرار، خەباتی ئێمە، وطن الديموقراطی)، بۆ ئەوەی ئەو دەستەواژەیە (واجبها الدفاع عن الجمهورية العراقية) دەربیبێن لەبەرئەوەی (جمعیه الفلاحین) ڕێکخراوێکی پیشەییە و دەیەوێت بیکاتە ڕێکخراوێکی سیاسی،

بۆ ئەوەی لەبەرچاوو بێت ئەمە یاسای سەندیکایەکی پیشەییە و، یاسای حزبێک نییە، لەبەر ئەوە دەتوانین زۆر دەستەواژە زیاد بکەین، بەڵام دەبێت زۆر ورد بین بابەتەکە لە ڕێڕەوی خۆی دەرنەهێنین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک عەدنان. کاک د. ناسح فەرموو.

**بەڕێز د.ناسح غەفور ڕەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەو تێبینییەی کە کاک عەبدولخالق زەنگەنە دەری بڕی و مامۆستا ئەحمەد باسی کرد من بەپێویستی نازانم ئەو وشەیە زیاد بکرێ، چونکە لە بڕگەی چواردا هاتووە: (الدفاع عن الحقوق الاساسية ومبادئ حقوق الانسان) کە وتت:(الحريات الاساسية) هەمووی دەگرێتەوە، دیموکراتیش دەگرێتەوە، لەبەرئەوە پێوست ناکات ئەو وشەیە لێرە زیاد بکرێت، وەکو کاک عەدنانیش گوتی ئەگەر ئێمە هەموو وشەیەک زیاد بکەین نابێت، دەتوانین ئەوەی پێویستە لەپاشان لە پێڕەودا ئەو مەسەلانە چارەسەر بکرێت کە وتت :(مبادئ حقوق الانسان) ئەوە ئاشتیش دەگرێتەوە پێویست ناکات لێرەدا ئێمە هەموو شتێک باس بکەین، وابزانم ئەمە تێروتەسەلە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس د. ناسح. کاک عەبدولخالق تێبینییەکی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەو تێبینیانەی برادەران دایان، دوو سێ خاڵ هەنە زۆر گرنگن لەمەسەلەی بابەتی ئامانجی سەندیکا(اهداف النقابة) یەکێک لەوانە دەسەڵاتی چوارەم، لە هەموو دونیادا دەسەڵاتی ڕۆژنامەگەرییە و، ئەرکی بنەڕەتی دەسەڵاتی ڕۆژنامەگەریش بەرگری کردنە لە دیموکراتیەت، لەبەرئەوە وشەی دیموکراتیەت زۆر پێویستە ببەسترێتەوە بە ئامانجەکانی سەندیکاکە.

دوو، سەبارەت بە مافی نەتەوەیی مەسەلەی ڕۆشنبیری نیشتمانی و نەتەوەیی ئەمە مەسەلەیەکی ترە ئێمە زۆر جار لە ڕۆژنامەگەریی ئەو ڕاستیە دەشێوێنن هەتا لەو ڕۆژنامانەی کە کوردستان مۆڵەتیان پێ دەدەرێن، لەبەرئەوە بەرگریکردن لە سەروەری نیشتمان و، نەتەوەیی و، نیشتمانپەروەری زۆر پێویستە گەنجەکان و میللەتەکەمانی پێ پەروەردە بکەین، هەروەها من لەگەڵ ڕای کاک یۆنادم و کاک شەمائیل دام کە مەسەلەی برایەتی نەتەوەکان و ئاییینییەکانیش زۆر پێویستە زیاد بکرێت لەبەرئەوەی یەکێکە لە ئامانجەکانی ئەو برایەتییەی نێوان ئەو نەتەوانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاستان دەکەین ئێستا پوختەکەی ئەوەیە دوو سێ پێشنیارمان لەبەردەستدایە، دیارە خاوەن پێشنیارەکان یەکێکیان کاک عەبدولخالقە و، کاک شەمائیل و، کاک یۆنادم. ئەوەی کاک شەمائیل و کاک یۆنادم یەک ناوەڕۆکیان هەیە جیاوازیان نییە، ئەوەی کاک یۆنادم پوختەترو کورترە، بەڵام هەردووکی دەخوێنینەوە. ئەگەر کاک عەبدولخالق و کاک شەمائیل لەو رایەن پێشنیارەکەیان بخەینە دەنگدانەوە دەیانخەینە دەنگدان.

کاک عەبدولخالق پێشنیار دەکات برگەیەک زیاد بکرێت، یاخود ئەو برگەیە چاک بکرێت کە هەیە (الدفاع عن الحريات الديموقراطية الاساسية ومبادئ حقوق الانسان والسلم) داوا دەکات ئەم برگەیە زیاد بکرێت یان تێهەڵکێش بکرێت لەگەڵ ئەو برگەیەی کە باسی ئازادییە بنەڕەتییەکان (حریاتی اساسی) دەکات لیژنەی یاسا پاشان چارەسەری بکات. ئەو پێشنیارە دەخەینە دەنگدانەوە:

کێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ پێشنیارەکەی کاک عەبدولخالق پەسەند کرا. پاشان تێهەڵکێش بکرێت لەگەڵ ئەو برگەیەی هەیە.

برگە (٢) هەر پێشنیاری کاک عەبدولخالقە داوا دەکات برگەیەکی تازە زیاد بکرێت یان تێهەڵکێش بکرێت دوایی برادەرانی لیژنەی یاسا چارەسەری بکەن کە پێشنیارەکەی بەو شێوەیە: (حماية وتطوير الثقافة القومية والوطنية)، زیاد بکرێت لەسەر ئەو ئەرکانەی کە دیاریکراون ئەوە پێشنیاری کاک عەبدولخالقە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا. سوپاس.

پێشنیارێکی تر هەیە لەلایەن بەڕێز شەمائیل کراوە لەوانەیە خۆی حەزبکات باسی بکات. فەرموو کاک شەمائیل.

**بەڕێز شەمائیل ننو بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی (مبدأ التسامح واللاعنف) بەرای من زۆر پێویستە، ئەمەش تەنیا پەیوەند نییە بە توێژێک، واقیعی ئێمە وا پێویست دەکات ئەو بنەمایانە بلاوبکرێنەوە بەتایبەتی لەلایەن برادەرانی راگەیاندن، زۆر جار لە هەوڵەکانی ئاشتی و نزیک کردنەوەی رایەکان (وجهات النظر) لەوانەیە یەکێک لە برادەرانی راگەیاندن بەشدار بێت لە ئاگر خۆشکردنی (تصعید)کردنی، لەبەرئەوە بەرای من ئەو بنەمایانە گشتییەو زۆر گرنگە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارەکەی کاک شەمائیل وەکو گوتمان زۆر دوور نییە لە پێشنیارەکەی کاک یۆنادم، ناوەڕۆکەکەیان یەکە، بەڵام ئێستا پێشنیارەکەی کاک شەمائیل دەخوێنینەوە دەڵێت: (دعم اشاعة مبدأ التسامح واللا عنف في المجتمع وترسيخ التآخي القومي والديني والمساواة في اقليم

کوردستان العراق)، ئەوە پێشنیارەکەی کاک شەمائیلە، دەیخەینە دەنگدانەوە:
کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا سوپاستان دەکەین. پاشان ئەندامانی لیژنەی یاسا چارەسەری ئەم برگەیە بکەن سوپاسیان دەکەین.
ئەو دوو پێشنیارە بوو بە بڕیار.
چەند تێبینیەکی تریش هەبوو، پاشان ئەگەر لیژنەی یاسا تەماشای بکەن.
کاک حسێن فەرموو مادده (٥) بخوێنەوە.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

الفصل الثاني/ التشكيل والعضوية:
المادة الخامسة: تشكل النقابة بناءاً على طلب يقدمه مالا يقل عن خمسة عشر صحفياً ممن يمارسون المهنة الى الجهة المختصة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک لەسەر مادده(٥)هەیە؟ با ناونووسیان بکەین ئەوانەی کە ویستیان قسە بکەن ناوەکان دەخوێنمەوە: کاک محەمەد سەعید، مامۆستا مەلا تاهیر، د. ناسح، کاک جوهر، د.رزگار، کاک ئیبراهیم.

**بەڕێز سەعید محەمەد سەدیق هروری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادده(٤)بەگشتی وەکو مادده نەخرایە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕاست دەکەیت، مادده (٤) دەخەینە دەنگدانەوە.
کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاس کاک محەمەد بۆ ئەو تێبینییە. فەرموو کاک ئیبراهیم.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئامانج لەم یاسایە ئەوەیە کە سەندیکایەک بۆ هەموو ڕۆژنامەنووسەکانی کوردستان بچەسپێت و، ئەم سەندیکایە دەبێ پیشەیی بێت و، بێ لایەن بێت و، تەعبیر لە ڕێرەوەی ڕای گشتی کوردستان بکات و، پشتگیری لە مافی هەموو ڕۆژنامەنووسەکان بکات، هەروەها دەمانەوێ یاسایەک بۆ سەندیکایەکی یەکگرتوو یاساکاری (تەشریع) بکەین کە نوێنەرایەتی هەموو ڕۆژنامەنووسەکانی کوردستان بکات، ئەوجا پێشنیار دەکەم کە ژمارەی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی داواکاری پێشکەش دەکەن بۆ دامەزراندنی ئەم سەندیکایە لە (٢٥) ڕۆژنامەنووس کەمتر نەبن تاکو ئەو داواکارییە بەهێزتر بێت، ئەمە ڕای منە، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

سوپاس کاک ئیبراهیم. مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

زۆر لە قسەکانمان پێش نیوەڕۆ کردووە، بەڵام حەز دەکەم ئاماژە بکەم بۆ ئەو مادەی کاک سەعید ئاماژەی بۆ کرد نەخرابووە دەنگدانەوە. ئەمە یەک.

دوو سەبارەت بە (تشکیل) ئەمە (هیئة التحضیریة)، ئەگەر بڵێی (یقدمە هیئة تحضیریة لا تقل عن تسعة اعضاء)، چونکە بە (٩) ئەندام ئەنجوومەنی سەندیکا دروست دەبێت بۆ بگاتە (١٥) یانی سەنەدەکە چییە، بۆ (٩) نەبێت؟، چونکە ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسان لە (٩) کەس پێک دێت، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

سوپاس مامۆستا، کاک جوهر فەرموو.

**بەڕێـز جـوهـر ئـەحـمـەد شـاواز:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

لە مادده(٥)دا هاتووە: (تشکل نقابة بناءاًعلی طلب یقدمە مالا یقل عن خمسة عشرة صحفیا ممن یمارسون المهنة الی الجهة المختصة)، لێرەدا بەرای من یاساکە خۆی سەندیکای پێک هێناوە، بەڵام لێرەدا بۆشاییەک هەیە دەبێت دەستەی ئامادەکار (هیئة تحضریة) پێک بهێنرێت بۆ ئەوەی کە ئەو یاسایە هاتە رێوە پێرەوی بکات، بەرای من ئەزموونێکمان هەیە کۆڕی زانیاری کورد کە کاتی خۆی پێکهێنرا دەسەڵات درا بە ئەنجوومەنی وەزیران کە دەستەی ئامادەکار پێک بێنێت، لێرە بەرای من دەستەواژەکە وا بێت: ( تشکل هئیة تحضیریة لنقابة من خمسة اعضاء بأمر من مجلس الوزراء)، یان وەزارەتی رۆشنبیری واتە دەستنیشانی لایەنی پەیوەندیدار بکرێت کە ئەو دەستەیە پێک بێنێت. وەکو لە مادده (٧)دا هاتووە دەستەی ئامادەکار ناوی هاتووە، بەڵام دانەنراوە چۆن پێک دەهێنرێت، داوا دەکەم ئەم ماددەیە چارەسەر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێـز د. نـاسح غـەفـوور رەمـەزان:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

بەرای منیش دەبێ لێرە لیژنەی ئامادەکردن (اللجنە التحضیریە) دیاری بکرێت نەک (تشکل النقابة بناءا علی طلب یقدمە ما لا یقل عن خمسة عشرة صحفیا) وابزانم یەکەم جار دەبێ لیژنەی ئامادەکردن دروست بکرێت بۆئەوەی ئەم شتە داوا بکرێت، پاشان دابمەزرێت یانی ژمارەکە دەمێنێتەوە (١٥) یان (٢٥)، بێگومان ئەگەر (٢٥) بێت باشترە، چونکە بۆ هەموو کوردستانی عێراقە، وابزانم لێرە دەبێت دارشتنێکی تری بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واته پێشنیارەکەت ئەوەیە کە لیژنەی ئامادەکردن هەبێت لەم ماددەیە. کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشێک لە قسەکانی من کران، بەڵام من داوای ڕوونکردنەوە دەکەم لە هەردوو لیژنەی یاساو ڕۆشنبیری دەربارەی بڕگە(٤) لە ماددە (١) کە ئێمە پەسەندمان کرد دەڵێت: (الصحفي هو كل عضو منتمي الى النقابة وموفي بالتزاماته)، لێرەدا (١٥) یان (٢٥) بێت گرفت نییە، بەڵام پرسیاری من لەبرادەران ئەوەیە: (الجهة التي تشهد بانهم صًحفيين) کێیە؟، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس د. رزگار. کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ماددەکەدام زۆر ئسولیەو ڕێکوپێکە هیچ شتی پێناوێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ماددەکە، لە ماددە دوو ئێمە ئەو سەندیکایەمان دامەزراندووە بە حکومی یاسا، واتە سەندیکاکە بە حوکمی ئەو یاسایە وەستاوە.

سەبارەت بە دامەزراندنەکە کە هاتووە: (تشكل نقابة بناءا على طلب يقدمه ما لا يقل عن خمسة عشر) ئەوە تەنیا داواکارییەکە و پێشکەشی دەکەن ئەوەش ئیجرائەکی سەرەتاییە بۆئەوەی دەستەی ئامادەکردن دابمەزرێنن بەرەو هەڵبژاردن بڕۆن مەسەلەکە بەو شێوەیە.

مامۆستا مەلا تاهیر دەڵێ بۆ لەوێ هاتووە دەستەی بەڕێوەبردن (٩) ئەندامە و، بەڵام (١٥)یە و پێشنیاری زیاتر دەکات؟. بێگومان دەستەی بەڕێوەبردن بە یاسا دامەزراوە بەکردەوە (٩) ئەندامی داناوە، بەڵام ئەوەی دەڵێ (١٥)یە ئەوە ئەرکێکی کاتییە دێ و دەڕوا تەنیا ئیجرایەکی سەرەتاییەو بەپێی ئەو مەرجانەی کە لە یاساکەدا هاتووە.

سەبارەت بە د. ناسح هەمان تێبینی هەبوو. ئەمەش وەڵامە بۆ هەموو ئەو برادەرانەی کە جەختیان لەسەر ئەو ماددەیە کرد و، ئێمە هیچ تێبینی ترمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. جەنابی وەزیر ئەگەر چ تێبینی هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی/وەزیری ڕۆشنبیری:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

من لەگەڵ ڕای لیژنەی یاسام جگە لەوەی ئەمە سەندیکایە، سەبارەت بە (١٥) دەتوانریٚ بکرێت بە (٢٠)یش، بەڵام (١٥) بەسە، ئێمە (١٦ـ ١٧) کەس کاتی خۆی داوای دروست بوونی یەکێتی نووسەرانی کوردستانمان کرد.

لێرەدا پرسیارێکی تریش هاتە پێشەوە ئەو کەسانەی کە داوا دەکەن کێن؟ لێرەدا ئێمە یاسای چاپەمەنیمان هەیە بەپێی ئەو یاسایە مۆڵەت بە ڕۆژنامە دراوە بەپێی ئەو مۆڵەتە سەرۆکی نووسین خاوەن ئیمتیازو سکرتێری نووسین دانراوە بەپێی ئەو یاسایە ئەوانە ئەزموندارن و، ئەو ئەزموندارانە داوا دەکەن، ئەوی ئەزموندار (ممارس) نەبێت داوا ناکات، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

سەبارەت بە لیژنەی ئامادەکردن ئەوانەی کە پێشنیاریان کردووە ئەو وەڵامە بەس نییە؟ بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، چونکە برادەران زیاتر تەئکیدیان کردووە کەدەبی لیژنەی ئامادەکردن هەبیٚ.

مادام وایە ماددەکە وەکو خۆی دەمێنێتەوە، کاک ئیبراهیم پێشنیاری هەیە کە ژمارەکە زیاد بکرێت لە (١٥) بۆ (٢٥)، ئەگەر هەر لەسەر ڕای خۆیەتی دەیخەینە دەنگدانەوە. فەرموو کاک ئیبراهیم.

**بەڕێز ئیـبـراهیم سـەعـیـد مـحـەمـەد:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

لێرە مەبەستم (تەوسیقە)، واتە چەند ڕۆژنامەنووسێکی زانا و جەربەو و ناسراو لەسەر ئاستی کوردستان ژمارەیان (٢٥) کەس بێت کە لایەنی جیاوازیان تێدا بێت وابزانم ئەو داواکارییە بەنرختر و بەهێزتر دەبێت، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

ئەمە ڕوونە، واتە بەڕێزت لەسەر پێشنیاری خۆتی. پێشنیارێک کراوە بۆ ماددە (٥) لە جیاتی (١٥) ئەوەی کە داوا پێشکەش دەکات بۆ لایەنی پەیوەندیدار بۆ مەسەلەی سەندیکا لە (١٥) بکرێت بە (٢٥) کەس، بۆیە دەیخەینە دەنگدانەوە.

کیٚ لەگەڵە ئەوەدایە بکرێت بە (٢٥)؟.. سوپاستان دەکەین.. کیٚ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بەزۆربەی دەنگ ئەو پێشنیارە پەسەند نەکرا. واتا ماددەکە وەکو خۆی مایەوە و، دەیخەینە دەنگدانەوە. کیٚ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کیٚ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ ماددە (٥) پەسەند کرا.

ئێستا دێینە سەر ماددە (٦).

**بەڕێز حـسـێـن عـەلی کـەمـال:**

المادة السادسة: تتألف النقابة من:

١ـ الهيئة العامة.

٢ـ مجلس النقابة.
٣ـ لجنة الانضباط.
٤ـ لجنة المراقبة.
٥ـ فروع النقابة في محافظات كوردستان العراق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک لەسەر مادده (٦) هەیە؟ با ناونووسیان بکەین: کاک بورهان، کاک د.ناسح. دوو کەس تێبینیان هەیە. کاک بورهان فەرموو.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسا لە پرۆژەکەیاندا دەڵێ مادده (٦) ئەوان کە دانراوە خریب جێگەی مادە (٦)ی پرۆژەکە جا ئەگەر ئێستا گفتوگۆی پرۆژەی لیژنەی یاسا بکرێت زۆر باشە، سرپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس. کاک د. ناسح فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم لە بڕگەی (٥) (فروع النقابة في محافظات کوردستان العراق) بکرێت بە (مراکز محافظات اقلیم کوردستان العراق)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس د. ناسح. پێشنیارەکەی لیژنەی یاسا دەبێ لێرە چارەسەری بکات، لیژنەی یاسا فەرموون.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەوەی کاک بورهان گوتی راستە دەبێ لێرە جێی بکەینەوە و، بیکەین بە ماددەیەکی زیاد (اضافی) و، زنجیرە پرۆژەکە دوو ماددەی جیاوازی دەبێت پاش ئەوەی کە ئەو دوو ماددەی یەکەم و دووەم زیاد دەکرێت..

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئێستا ئەوە دەبێت بە مادده (٦) تکایە بیخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یصنف منتسبوا النقابة بموجب السجل العام الی ثلاثة اصناف:

اولا: الصحفي المتدرج: هو الذي یتخذ من الصحافة بقنواته الثلاثة مهنة رئیسیة له ولا یتمتع

بلقب او بصف الصحفي المتمرس الا بعد مرور سنتين متواصلتين على ممارسته بتاييد من الجهة المعنية التي يعمل لديها بعد تسجيل اسمه في السجل العام ولا يتمتع باي امتياز من امتيازات الصحفي المتمرس الا بعد ان ينقل اسمه الى جدول ذلك الصنف وعندئذ تضاف فترة التدرج الى خدماته وتكون مدة التدرج بالنسبة لمن يحمل شهادة بكلوريوس في الصحافة والاعلام او ما يعادلها سنة واحدة.

ثانيا: الصحفي المتمرس هو الذي عمل او يعمل في الصحافة بقنواته الثلاث بصورة فعلية وقد اتخذها منهة رئيسية له ومرت على عمله الفترة المبينة في الفقرة السابقة.

ثالثا: الصحفي المشارك هو من كان ممارسا للعمل الصحفي دون ان يتخذ مهنة رئيسية له ويثبت ذلك بابراز العقود الضرورية من الجهات المعنية ويحق له نقل اسمه الى جدول الصحفيين المتمرسين بعد مرور لا تقل عن خمس سنوات متواصلة واتخاذ الصحفافة مهنة له.

ئەوە ئەو ماددەیە بوو کە ویستمان لە پرۆژەکەدا زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. چ تێبینییەک لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟ با ناونووسیان بکەین.، کاک بورهان، کاک ئیبراهیم. کاک بورهان فەرموو.

**بەڕێز بورهان علی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمیشە پێناسە بەدیاری کراوی دێت، بەڵام من تێکەڵاوییەک دەبینم لەو پێناسانەی کە کراوە بە تایبەتی لە (صحفیَ المتدرج) لەگەڵ ڕێزمدا بۆ رای لیژنەی یاسا (صحفی متدرج)ی کردووە بە بنەما لە پێناسەکاندا یانی ناوی هێناوە لە (صحفی متدرج) و (صحفی متمرس) و (صحفی مشارک)، یانی ئەگەر (صحفی المتدرج) هەر خۆی باس بکرێت وەکو رۆژنامە نووس سیفەی چییە؟ وەکو (مشارک) و (موتەمەریس) هەر خۆیان باس بکرێن زۆر زۆرباشترە لەوەی کە ئێستا ئەو تێکەڵاوییەی هەیە، بۆ نموونە بەرای من ئەگەر جەنابت مۆڵەتم بدەی: (الصحفي المتدرج هو الذي يتخذ من الصحافة بقنواتها الثلاث مهنة رئيسية له وتكون مدة التدرج بالنسبة لمن يحمل شهادة البكلوريوس في الصحافة والاعلام او ما يعادلها سنة واحدة) یانی ئەوەی کە هاتووە لێرە زیادەیە یانی باسی (صحفی متمرس) دەکات و باسی (متدرج) ناکات...

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(سقف زمنیە)کە چۆن بتوانین لەگەڵ ئەوانی تردا جیاوازیان بکەینەوە؟.

**بەڕێز بورهان علی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئێمە هەر سیفەتێکی وەکو (صحفی متدرج) و (مشارک) و (متمرس) پێناسەیەکی دیاریکراوی خۆی بکرێت ئەو تێکەڵاوییەشی ناوێت هەر سیفەتی خۆشی ئەدرێتێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو .

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆربەی سەندیکاکانی بابەتی تدرجیان تێدایە. چونکە پەیوەندی بە ممارسەی سالانەوە هەیە،و تاکو نرخێکی زیاتری بدەینێ هەر پلەیەک،پلەیەکی بەرزتر، باشتر وایە کە عینوانی رۆژنامەوانی (متدرج) بگۆڕین بۆ رۆژنامەوانی (ممارس) و لە چوار ساڵ کەمتر نەبێت من وا دەبینم کە دوو ساڵ کەمە. بۆ نموونە سەندیکای ئەندازیاران کە ئەندازیارێک دەردەچێت لە کۆلێجی ئەندازیاری لە سەندیکا عینوانی بریکاری ئەندازیاری وەردەگرێت دوای چوار ساڵ ئەبێتە ئەندازیار( ممارس )، واتە دوو ساڵ نییە و زۆربەی سەندیکاکان وا بزانم لە دوو ساڵ زیاترە، جا حەزدەکەم هی (متدرج) زیاتر بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتە پێشنیارەکەت ئەوەیە دوو ساڵ بکرێتە چوار ساڵ.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ وایە لە (متدرج) وە بۆ (ممارس).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاست دەکەین، کاک فرەنسۆ فەرموو .

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من نازانم یاساییەکان سەیری بکەن ئایا ئەمە هاودژی (تناقض) نییە؟ یەکەمین (الصحفی المتدرج)،ت هاودژ نییە لە گەڵ ئەو تەمەنەی بۆتان داناوە کە تەمەنی (١٧) ساڵ بیت، لەرادیۆ ،تلفزیۆن،لە رۆژنامە ئیش بکات، دووساڵی تەواو کرد ئێوە بە (صحوفی متدرج) دایدەنێن، کەواتە هێشتا تەمەنی نەبووەتە بیست ساڵ ئەو دەبێتە رۆژنامەوان بەو پێ یەی ئێوە لێرە داتان ناوە، جالێرە دا هاودژییەک هەیە لەنێوان ئەو تەمەنەی کە بە (٢٥) ساڵ دای ناوە ولەنێوان ئەو دوو ساڵەی ئەو کە لە یەکێک لە دەزگاکانی کار بکات، خۆتان چارەسەری ئەوە بکەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر بە پێی یاسای (خدمە) بێت ئەبێ تەمەنی (١٨)ساڵ بێت، پاشان یاسای (خدمە) دەیگرێتەوە .جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی/وەزیری ڕۆشنبیری:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

لە ڕاستیدا وەڵامی پرسیارەکەی کاک فرەنسۆ لێرە هاتووە: (یقتضي لمن ینتمي من النقابین یمکن ان یتدرج .....) پێشنیار کرا ئەوەی بیست ساڵ تەواو بکات ، لە ڕاستیدا خۆی بیست وپێنج ساڵە ، هەرچەندە پێشنیارەکە سەرکەوت، واتە لەوێ دیاری کراوە ١٨ساڵ نییە ، بەڵام ئەگەر ١٨ ساڵ بێت لەوانەیە باشتر بێت، بەڵام کە وترا دەبێ بیست و پێنج ساڵ تەواو بکات ،واتە (متدرج) دەگرێتەوە. بۆ متدرج درەنگە واتە بیست ساڵ پەسەندە وخوودی متدرج لەبنەڕەتدا باشە، ڕاستە باسی متدرج زیاتر دەکات، بەڵام خۆی بنەمای ڕۆژنامەوان متدرجە ئەبێ وصفەکەی لەوێ ڕوون بێت، چونکە ڕۆژنامەوان کاری بنەڕەتی لە تدرجەوە دەست پێ دەکات کە ئەچێتە سەندیکا ئەبێ لەوێ زۆر ڕوون بێت لە ڕووی مەرجەکانی امتیازاتی و باری تایبەتی تا ئەبێتە متدرج. سەبارەت بە دووساڵەکەش کە ئەبێتە ڕۆژنامەوان، واپەسەندە لە زۆر جێگا کە ئەبێ دوو ساڵ بێت پاشان ئەبێتە (متدرج)، من لەگەڵ دوو ساڵەکەم کە وەکو خۆی بمێنێت و پێناسەکەیشی دیاری بکرێت و دابنرێت و لێرە بیست ساڵ دانراوە.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

سەبارەت بە (سنتین متواصلتین) ،کاک ئیبراهیم مەبەستی ئەوە بوو کەوەکو سەندیکاکانی تر لە دووساڵەوە بکرێتە چوارساڵ. ڕۆژنامەوانی دەبێ زیاتر بەهرەی لەگەڵ دا بێت، بۆ نموونە زۆرجار گەنجێک لە تەمەنی ١٨ساڵ تا ئەگاتە بیست ساڵ ڕۆژنامەوانێکی باشی لێ دەردەچێت، چونکە نووسین لەوانەیە جیاوازبێت لە گەڵ بابەتی ئەندازیاری و شتی تر .

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی/وەزیری ڕۆشنبیری:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

سەبارەت بە (سنتین متواصلتین)، گرنگە چونکە ڕۆژنامەوان کە دەستی پێ کرد دەبێ بیسەلمێنێ کەوا تووانای هەیە ، م(تواصل) واتە خەڵکی بزانێت کەئەو کەسە ئەنووسێت و ممارسەی هەیە ، ئەمەش ئاساییە هەرکارێکیش تایبەتمەندی خۆی هەیە.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

بەڵێ بێ گومان هەربابەتێک تایبەتمەندی خۆی هەیە ، سوپاس، فەرموو کاک فرەنسۆ هەریری .

**بەڕێـز فـــــرەنـســـــۆ تـۆمـــــا هـەریری:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

نازانم لەمەبەستی من گەیشتن یانە؟ من دەڵێم هاودژیەک هەیە لەمەرجەکانی بوون بە ئەندام لە سەندیکای ڕۆژنامەوانی کە ٢٥ساڵە ، بۆ نموونە وادادەنێین کە بیست ساڵ بێت لێرە ئەڵێ :

اولا : الصحفي المتدرج

هو الذي یتخذ من الصحافة بقنواتها الثلاثة مهنة رئیسیة له و لایتمع بلقب او (بصفة) الصحفي

المتمرس الا بعد مرور سنتين متواصلتين على ممارسته بتأييد من الجهة المعنية التي يعمل لديها بعد تسجيل اسمه في السجل العام. ولا يتمع بأي امتياز من امتيازات الصحفي المتمرس الا بعد ان ينقل اسمه الى جدول ذلك الصنف وعندئذ تضاف فترة التدرج الى خدماته. وتكون مدة التدرج بالنسبة لمن يحمل شهادة البكالوريوس في الصحافة والاعلام اوما يعادلها سنة واحدة.
بۆ نموونە کابرایەک تەمەنی (١٦) ساڵە دەچێ لە یەکێک لە دەزگاکان ئیش دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من ئاماژەم بۆ ئەوە کرد کە یاسای (خدمە) ئەبێ (١٨)ساڵ بێت، چونکە ئەگەر لە جێگایەک تەماشا بکەیت وەکو کارمەند مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت بۆ مافی خانەنشین و بۆ مۆڵەت و شتی تر واتە ئەبێ لەسەر ئەو بنەمایە دابنرێ.

**بەڕێز فرنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوونەن.**

من پێم وایە لە ڕۆژنامەوانی یاسای (خدمە) نییە هەندێ ڕۆژنامەوان لە دونیا هەیە سەرنووسەرە بۆ نموونە لە ژاپۆن کە تەمەنی نەگەیشتۆتە ١٣ساڵ کەواتە ڕۆژنامەوانی، توانینە، هیوایەتە وخەڵک دەتوانێ بیگاتێ واتە خەڵک دەتوانێ ببێتە ڕۆژنامەوان مەبەستم ئەوەیە کە لەناو یاسایەکە ئەو هاودژییە نەمێنێ هەوڵ بدەن چارەسەری بکەن لە نێوان تەمەنەکەو لەنێوان ئەو خاڵەی کە دایان ناوە دوو ساڵ ممارسەی کارێک بکات لە یەکێک لە دەزگاکان سیفەتی ڕۆژنامەوانی دەدرێتێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا ئەگەر کەرەم بکەن وئەوەمان بۆ شیی بکەنەوە .

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو پلە بەپلە (تدرج)ەی کە کاک بورهان ئاماژەی بۆ کرد، لەڕاستیدا هەرکەسێ هەڵسێ و بڵێ من ڕۆژنامەوانم ئەوە ناکرێ دەبێ مەرجی تایبەتی هەبێ کە ئەوەبکاتە ڕۆژنامەوان، ئەو بەرزەفتییەی کەدانراوە بەو شێوەیە کە ئەگەر یەکێک ممارسەی ڕۆژنامەوانی کرد بێت ولە دەزگایەک کاری کردبێت وئەو دەزگایە پشتگیریی بکات کە دوساڵە ئەوکەسە لەو دەزگایە کار دەکات ئەوە ئەبێتە ڕۆژنامەوان و پلەی ئەزموونداری دەدرێتێ لەبەر ئەوەی پلەی ڕۆژنامەوانی متدرج هیچ امتیازاتێکی نییە، حەز ئەکەم برادەران بزانن. سەبارەت بەوەی کەکاک فرنسۆ باسی کرد شیاویەتی یاسایی (الاهلیة القانونیة) لە عێراق ١٨ساڵە وئەگەر یەکێک دوو ساڵ ڕۆژنامەوانی کرد بێت واتە بیست ساڵ تەواو دەکات، لەو کاتەدا یاسایەکە هاودژیەک دروست ناکات هەرچەندە پێشنیارەکە ٢٥ساڵە، بەڵام ئەگەر بیست ساڵیش بێت لەگەڵ یاساکەی ئێمە هیچ هاودژییەکی نابێت. لەگەڵ ڕێزمدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر روخسەت هەبێت لە مادده ١٧دا پرۆژەكە ئەڵێ:

١- يعامل الصحفي معاملة الموظف فيما يتعلق بحقه في الاجازات الاعتيادية و المرضية .

٢- تضم مدة العمل في الصحافة لاغراض العلاوة و الترفيع والتقاعد في حالة تعيينه في اية وظيفة كانت.

جا ئەگەر یاسای خدمە رۆژنامەوان بگرێتەوە، وئەگەر لیژنەی یاسا لەگەڵ روونكردنەوەی جەنابی وەزیرو لیژنەی یاسا یەک بگرێتەوە مانای وایە كە بیست ساڵەكە لە گەڵ ١٨ساڵەكە رێک كەوتووە، با بزانین رای كاک بورهان چییە؟ فەرموو كاک بورهان .

**بەڕێز بورهان علی جاف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە رایەكەی كاک شێروان كە باسی امتیازات دەكات، لە راستیدا پێناسەكانە، واتە ئەم پێناسانە كە هاتووە، (الصحفی المتدرج)، من ناڵێم امتیازاتی چی هەیە وچی نییە یاخوود (الصحفی المتمرس)، یا (الصحفی المشارک)، بۆ نموونە لە رۆژنامەوانی (متمرس) دەڵێت:

(هو الذي عمل او يعمل في الصحافة بقنواتها الثلاث بصورة فعلية وقد اتخذها مهنة رئيسية لو مرت على عمله الفترة المبينة في الفقرة السابقة). لێرەدا پێناسەی رۆژنامەوانی (متمرس) دەكەیت، بۆ ئەبێ بگەڕێیتەوە بۆ (الفقرة السابقة)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز فەلەكەدین سابیر كاكەیی/وەزیری رۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەسەرەتاوە وتم من لەگەڵ ئەو پێناسەیەدام، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەیخەینە دەنگدانەوە.. كاک د.ناسح فەرموو.

**بەڕێز د.ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لێرە ئەوەی هاتووە بەبۆچوونی من (اجحافێک)ە دەبێ بەنیسبەت ئەوانەی كەوا بروانامەی بەكالۆریۆسیان لە رۆژنامەوانی هێناوە بەتایبەتی وەكو ئەزانین تاكو بروانامەكە دێنێ مانای وایە ئەبێ ئەو لەدوای هەژدە ساڵی چوار ساڵ ئەخوێنی ئینجا بروانامەی بەكالوریوس دێنی لەرۆژنامەنووسی و، لەكوردستانیش ئەوەندەی من ئاگام لێ بێت تاكو ئێستا یان دووان یان سێ كەس لەكوردستاندا بروانامەی بەكالۆریوسیان لە (صحافە) هەیە ئەوانەی تر هەمووی ئەزموندارن (متمرسن) بۆیە هانبدرێن باشترە لەجیاتی ئەوەی بنووسرێ (وتكون مدة التدرج بنسبة لمن

يحمل شهادة البكلوريوس في الصحافة والاعلام او مايعادلها سنة واحدة) بكرێ بە (٦) مانگ باشترە، چونكە ئەو خۆی هەر چوار ساڵە مومارەسەی (صحافە) دەكات (صحافە) ئەخوێنێ لەوێ شتی تر ناكات ئیشەكەی هەموو (صحافە والاعلامە)، چوارساڵ لەوێ ئەخوێنێ ئینجا خەڵكێكی تر لەتەمەنی هەژدە ساڵی بە دوو ساڵ دەبێتە رۆژنامەوان ئەو چوار ساڵیش لەوێ ئەخوێنێ تەمەنی ئەبێتە بیست وچوار ساڵ ساڵێكی تریش وابزانم مەغدور دەبن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە ئیمتیازێكە دراوە بە هەڵگری بروانامەكان ئەو رۆژنامەوانەی ئەگەر لەكاتی ئیش كردندا هەم بخوێنێ وهەم رۆژنامەنووس بێ ئەوە وەكو ئیمتیازێكە.

**بەڕێز د.ناسح غفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

راستە، بەڵام ئەگەر حسابی بكەین ئەو لە بیست ساڵی دەبێتە رۆژنامەنووس، مادام لە بیست ساڵی دەبێتە رۆژنامەنووس وەكو ئێستا ئێمە خەریكین هەمواری بكەین ئەو پێشنیارەی كەوا هاتووە، مانای وایە ئەگەر لە هەژدە ساڵی بچێتە كۆلیج چوار ساڵ ئەخوێنێ دەبێتە بیست وچوار ساڵ وساڵێكی تریش ئەبێتە بیست وپێنج ساڵ واتا مەغدورە، بۆیە ئەگەر ساڵەكە بكرێ بە شەش مانگ بە قەناعەتی من باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز فەلەكەدین سابیر كاكەیی/وەزیری رۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەپێچەوانەوە خۆی لە بیست ودوو ساڵی كۆلیجی تەواو كردبێ بۆ نموونە پاش ئەوە ساڵێك، ساڵەكە بەخزمەت بۆی حساب دەكرێ مانای وایە یەك رۆژی ناچێت كە بوو بە(متمرس) ئەو ساڵەی (تدرج)ەكە بۆی بە خزمەت حساب دەكرێ، بەڵام هیچ رۆژێكی لەدەست ناچێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیر، كاك ئیبراهیم جەنابت پێشنیارت هەبوو فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كە یاسا دەردەكەین ئێمە بەگشتگیری دەریدەكەین بەدەری (استثناء) دەری ناكەین، بەهرەداران(موهوبین) راستە لە رۆژنامەگەریدا هەیە، بەڵام رەنگە چەند كەسانێك بن وهەموو رۆژنامەوانێك بەهرەدار (موهوب) نین، كەمیان بەهرەدارن، ئینجا دەبینم چوار ساڵەكە بۆ (تدرج) باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە دەیخەینە دەنگدانەوە، پێشنیارێک هەیە کە (تدرج)بکرێ بە چوار ساڵ لەجیاتی دوو ساڵ ئەو پێشنیارە لەلایەن کاک ئیبراهیم هاتووە.. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ .. بەزۆربەی دەنگ ئەو پێشنیارە پەسەند نەکرا، مادام وایە دوو ساڵەکە دەمێنێتەوە، وەکو ماددە ئەگەر چ تێبینی تر نییە، ئەگەر لەلانی دارشتن کاک بورهان شتێکی هەبێ دوایی لەگەڵ لیژنەی یاسا گفتوگۆیەک بکەن قسەکەی کاک بورهان تەنها لەلانی دارشتنەوەیە، لە (صحفی متمرس ومشارک) کەس تێبینی نەبوو، تەنها لە (تدرج) هەبوو بۆیە ماددەکە ئەخەینە دەنگدانەوە.. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ ئەو ماددەیە پەسەند کرا. ئینجا ئەگەڕێینەوە بۆ ماددە حەوت ئێستا کە ئەبێتە ماددە پێنجی کۆن (تتألف نقابە من..) واتە ماددە (٧) بخوێنەوە.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**تتألف النقابة من :**

**١- الهيئة العامة.**

**٢- مجلس النقابة.**

**٣- لجنة الانضباط.**

**٤- لجنة المراقبة.**

**٥- فروع النقابة في محافظات كوردستان العراق.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ماددە حەوتە پێشنیارێک هەیە کە بنووسرێت (فروع النقابە فی مراكز المحافظات) ئەوە پێشنیارێکە، کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەمە، مامۆستا فەرموو.

**بەڕێز مەلامحەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەپێشدا دیاری کراوە کە لە مەرکەزی پارێزگا ئەکرێت، پێویست ناکات دووبارە بێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ سوپاس، کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمان قسەم هەبوو.. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پێشنیارە وابزانم کاک د.ناسح خاوەنی بوو فەرموو ئەگەر چ روونکردنەوەیەکت هەیە.

**بەڕێز د.ناسح غـــــەفـــــور رەمـــــەزان:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

لەبەر ئەوەی لەپێشوو تر هاتووە، بۆیە ئەبێ لێرەش تەئکید بکرێتەوە، داوای لێ بوردن دەکەم، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

جەنابی وەزیر ئەگەر چ تێبینی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی/وەزیری رۆشنبیری:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

لە مادده (١٤) کە ئەبێتە مادده (١٥) هاتووە پێناسەی دەکات (فروع النقابة) ئەڵێ (تؤلف في مرکز کل محافظة لجنة المراقبة) مانای وایە لەهەموو جێگایەک لەمەرکز دەبێ، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

کاک د.ناسح وابزانم روونە.. سوپاس.. مادام وایە ماددەکە دەخەینە دەنگدانەوە. مادده حەوت کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حـــــســــــێن عـــــەلی کـــــەمـــــال:**

**المادة (٨): يشترط فيمن ينتمي الى النقابة مايلي:**

**١- ان يكون مقيما في كوردستان العراق.**

**٢- اكمل الخامسة والعشرون من العمر.**

**٣- غير محكوم بجنحة او جناية مخلة بالشرف.**

**٤- ان يتمتع بالاهلية المهنية.**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

مادده (٨) چ تێبینیەک هەیە (کاک عەبدولخالق، کاک رەجەب، کاک د.رزگار، کاک فرەنسۆ) کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عـەبدولخـالق مـحـەمـەد رەشـیـد زەنگەنە:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

بەراستی (ان يكون مقيما في كوردستان العراق) وابزانم زۆر ورد (دەقیق) نییە، چونکە رۆژنامەنووس هەیە لە لەندەن دادەنیشێ، بەڵام رۆژنامەوانە لە خەبات یاخود لەهەر رۆژنامەیەکی تر، لەبەر ئەوەی رۆژنامەوان سەفەری کرد مانای وانییە مافی رۆژنامەوانی نەمێنێ، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

سوپاس کاک عەبدولخالق، کاک رەجەب فەرموو.

**بەڕێز رەجـــــەب شـــــەعـــــبـــــان تەیب:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

بیست وپێنج ساڵ وابزانم زۆرە بۆ ئەوەی رێگا لەگەنجەکانمان نەگرێ، چونکە وەکو عمر بن

عبدالعزيز بوو بە خەلیفە وەفدی حجاز چوو بۆ ئەویٚ وگەنجێک پێش هەمووان کەوت وخەلیفە ووتی تۆ بچووکی وتی (انما المرأ بأصغريّ قلبه ولسانه فاذا منح الله عبده لساناً لافظاً وقلباً حافظاً فما احسن من ذلك) وتی ئەگەر بەتەمەن بوایە لەو دانیشتنە زۆر لەتۆ گەورەتر هەیە کە دەبێ ئەو ببێ بە خەلیفە، ئینجا پێشنیار دەکەم کە ببێتە بیست ساڵ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیار دەکات ببێتە بیست ساڵ، سوپاس، کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبارەی بڕگە یەک کاک عەبدولخالق باسی کرد، لەبارەی بڕگە سێ من تێبینیەکم لەسەر هەیە، تەبعەن لەولاتی ئێمەدا سیاسەت زاڵە لەسەر حوکم و قانون زۆر کەس لەمەو پێش لە لایەن رژێمەوە دەستگیر دەکرا، بەناوی (جنحة مخلة بالشرف) وبەسەدان سیاسی وڕۆژنامەنووس وکادیری علمی کە مخالف بوون لەگەڵ رای ئەوان کە ئاوها حوکم کراون ئەو حوکمانەی بەو چەشنە بەسەردا سەپاوە کە فیعلەن سیاسی بوون، یاخود رای جیاوازیان هەبووە، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم کە ئەو بڕگەیە زیاد بکرێت، تاکو رێگە لەخەڵک نەگرێت چونکە لەوانەیە زۆر خەڵک هەیە کە حوکم کراون بەناوی (مخله بالشرف) بەڵام لەواقیعدا سیاسی بوونە، موعارز بوونە، موخالف بوونە، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم ئەو بڕگەیە زیاد بکرێت (غير محكوم بجنحة او جناية مخلة بالشرف من قبل محاكم اقليم) دیاری بکرێت زیاتر چونکە ئەو حاڵەتانە زۆر هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان ئەگەر روونکردنەوەیەکتان هەبێت.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو دەستەواژەیە لەزۆربەی هەرە زۆری یاساکانی سەندیکاکان و یاساکانی دەوڵەت هاتووە و (غير محكوم بجناية او جنحة مخلة بالشرف) هەر چینەک دەگرێتەوە ئەگەر رۆژنامەوان بێ ئەگەر رۆژنامەوان نەبێ سەندیکای پارێزەران بێ سەندیکای پزیشکان بێ ئەندازیاران بێ ئەوەی تێدایە، یانی ئەوە یەکێکە لە مەرجی چوونە ناو سەندیکاکان مەبەست ئەوە نییە ئەو کابرایە لە بزاڤی کوردی بەشداری کردبێ یان بەشداری نەکرد بێ بابەتەکە سیاسی نییە، مەسەلەکە (جناية او جنحة مخلة بالشرف) ئەگەر ئەو تاوانەی لەسەر بێت یان محکوم بەو تاوانەیە لە سەندیکا وەرناگیرێ شتێکی زۆر ئاساییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قـــاسم مــحـــمـــەد قـــاسم:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

بۆچوونی جەنابت و بۆچوونی کاک شێروان لەسەداسەد راستن، بەڵام من لەپێشەکی روونم کردەوە کە لەوڵاتی ئێمە سیاسەت زاڵە لەسەر حوکمی قانون ئەو کەسەی سەرپێچی بکا لە هەر حزبێک بێت حساب ناکرێت بە (سجناء الضمیر)، سەدان سیاسی ئێستا هەیە ئێستا (سجناء سیاسی) عێراق نییە، حوکمی قانون هەیە موخالفی سیاسی وموعارز بەڵام یاسا رێگا نادات بە (سجناء الضمیر)، سەدان خەڵک حوکم کراون، چونکە موعارز بوونە بەڵام (جنحة مخلة بالشرف) دزی، اختلاس، اغتصاب، تزویر، ئەوانە (جنحة مخلة بالشرف)ن، بەڵام لێرە دیاری بکەین چونکە وڵاتی ئێمە وەکو وڵاتی تر نییە، یانی ئەوەی بەسەر ئێمەدا هاتووە، ئەو تاوانانەی کە بەسەر ئێمەدا هاتووە نە لەلوبنان بووە نەلە میسر ونەلە سوریا هاتووە لەهیچ وڵاتێک شتی وا نەبووە، ئێستا سەدان نموونە هەیە حوکم کراون (بجنح مخلة بالشرف) بەڵام لەواقعدا وانییە، یانی تەنها سیاسی بوونە، مجرد موقفیان مؤید بووە بۆکورد، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

کاک ئەحمەد سالار ئەگەر مۆڵەت هەبێ تێبینی هەیە.

**بەڕێز ئەحـــمـــەد ســـالار عـــەبدولواحـــیـــد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

ئەو رایەی کە بەڕێز عەبدولخالق زەنگەنە فەرمووی دەربارەی (ان یکون مقیماً) بەلای ئێمەوە کاری رۆژنامەگەرێ کە ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسان بێ ئەوە کارکردنە پەیوەست بوونە بەئەرکێکەوە کە پەیوەندی هەیە بەشوێنێکەوە لەرووی یاساییەوە ماف وئەو شتانە ئەیگرێتەوە کە پەیوەستە بەحوکمی یاسا، لەبەر ئەوە ناکرێت کەسانێک بگرێتەوە کە لێرە نەبن، چونکە کارەکەیان وئەو ئیلتزاماتانەی کە هەیە سەندیکا بەرامبەری بەرپرسیارە ئەبێ جێ بەجێی بکاو لە ئایندە و لەکاتی کارکردندا ئەو پەیوەست بوونانە رێ بەوە نادات کەسانێک بگرێتەوە کە لەدەرەوە کار بکەن و تەنها لەو کاتە مەگەر نێردراو بن لەلایەنێ و یاخود کاربکەن لە خزمەتی یەکێک لەو دەزگا رۆژنامەگەریانە کە لەهەرێمدا یا لەدەرەوە پەیامنێر بێ یان لایەنێکی تردا ئەوە حساب دەکرێ لەسەر ئەوەی کە لەو وڵاتەدایە چونکە کارەکەی پەیوەستە بە ئێرەوە، ئەوەی مامۆستا رەجەب شەعبان فەرمووی دەربارەی بیست ساڵ ئێمەش رای لیژنەی رۆشنبیری هاوڕاین لەگەڵ رای لیژنەی کاروباری یاساییدا کارێکی پەسەندەو لەجێی خۆیدایە، بەلایەنی ئەوەی د.رزگارەوە هەمان رامان هەیە کە ئەو وشەو زاراوەیە کە هاتووە (جنایة وجنحة مخلة بالشرف) ئەوە دەست نیشان کراوە چوارچێوەی خۆی هەیە و لایەنی سیاسی ناگرێتەوە و ئەمە بەدەرە لەوەی کە لەسەردەمانێکدا کەسانێکی سیاسی بڵێین بەوەی تۆمەتێکی وایان خستۆتە پاڵی، ئەمە ئێستا بۆ ئێستا دەگرێتەوە کە ئەمانە واتاو چەمکی خۆیان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک ئەحمەد بەڵام بۆ ئەو بڕگەیەی کە کاک عەبدولخالق پشنیاری کرد، لەراستیدا پرسیارێک دێتە پێشەوە سبەی رۆژنامەیەکمان هەیە لە لەندەن دەردەچێت یاخود لەپاریس دەردەچێت، ماوەیەک خەبات لە لەندەن دەرچوو وابزانم چاپی دووەمی بوو، باشە ئەگەر یەک دوو رۆژنامەوانمان لەوێ بێ ئەندام دەبن لە سەندیکا یاخود نابێ؟، وابزانم رۆژنامەی تر هەیە لەدەرەوە دەردەچێ، ئەگەر جەنابی وەزیر روونکردنەوەیەک بدات.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی/وەزیری رۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دوو بابەت هەیە یەکیان مەسەلەی بیست ساڵەکە منیش لەگەڵ ئەوە دام کە رای لیژنەی یاسا (اکمل العشرین) وەکو پێشتر باسمان کرد، لەسەر ئەو ئەساسەش باسی متدرجمان کرد، دەربارەی ئەوەی موقیم مەسەلەیەکی یاسایی هەیە ئێستا هیچ رۆژنامەوانێکی عێراقی لەسوریا وهیچ رۆژنامەوانێکی سوریا لەمیسر نابێتە رۆژنامەنووس، وهیچ رۆژنامەوانێکی میسری لە جەزائیر نابێتە رۆژنامەنووس، چونکە لەوڵاتەکەی خۆی سەندیکا هەیە، ئێستا ئەگەر کوردێک موقیم بێت بەمانای موقیم لەسوید زۆر بۆتە ئەندام، زۆر کورد هەیە بۆتە ئەندامی نەقابەی رۆژنامەوان لەسوید کوردن، هەیە ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسین لە لەندەن، لەهەر جێگایەک ئەگەر رۆژنامەوان بێ اعترافی پێ دەکەن وەکو رۆژنامەوان، ئینجا لەوێ دەنووسێ وەکو پەیامنێر ئەوا بۆی هەیە بنووسێ، بەڵام ئەوانەی ئێمە کە ئەنووسن زۆربەیان ئارەزوومەندن (هواتن)، ئەگەر پەیامنێری تەواو بن بێگومان ئەبنە ئەندامی سەندیکا، لەبەر ئەوە گرنگە تەنها ئەوە بمێنێتەوە و ئەوەی لێرەیە ببێتە ئەندام و ئەوەی لەجێگەیەکی تر بێت دەتوانێ لەو وڵاتەی تێدایە ئەگەر موقیم بێت دەبێتە ئەندام، بەڵام ئەگەر موقیم نەبێت ئەوە لێرە دەبێ ببێتە ئەندام، لێرەش حاڵەتێک هەیە تەنها سەندیکا لەکاتی تطبیقدا لە پەیرەوی ناوخۆدا شتێک دابنێت کە ئەمە ئەندامە حساب بکە بەو صفاتەی کە موقیم نییە لەوڵاتی تر موقیمە لێرە بۆ سەفەر چووە، ئەوە مەسەلەیەکی جێ بەجێکردنە یانی پیادە دەکرێ، بەڵام ئەوە هەر وەکو خۆی بمێنێتەوە و بکرێتە بیست ساڵ زۆر باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من نازانم کوردێک لەکەرکوک یان لەبەغدا ئەبێ نەبێتە ئەندام لە سەندیکا، لەبەر ئەوە بەرای من (ان یعمل فی مجال الصحافە والاعلام الکردستانی) ئەوە دەقیق ترە لەوەی کە (موقیم) بێ، چونکە بۆ نموونە من لەسجنی ئەبو غریبم لەو حاڵەتە چی دەکرێت؟، من لە لەندەنم زروفێکی وا

تایبەتی تەندروستی پابەندی کردوم، ڕەبوم هەیە ئێستا دەچم لەولاتێکدا من ڕۆژنامەوانم، ئاخۆ مەرج نییە لە سەندیکای ڕۆژنامەوانی یابان بم، لەبەر ئەوە (ان یعمل في مجال الصحافة والاعلام الكوردستاني) لەوە باشترە موقیم بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی هەیە.. دەربارەی ئەو تێبینییەی کاک عەبدولخالق؟، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی/وەزیری ڕۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەراستیدا هیچ شتێکم نییە، تەنها ئەوە نەبێ کەوا مەسەلەی اقامە کە دەگوترێ لەکوردستانی عێراق، لێرە مەسەلەی قانونی دێتە سەر، بۆ نموونە ئەندامێکی نەقابە بوو لەبەغدا بنووسێ لێرە تۆ بتەوێ چۆن محکمەی دەکەی ئەوە اجرائاتە، ئەم مەسەلەی نقابە ئەو شتانەی تێدا نیە، بەلام بۆ یەکی تر دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، دوو پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم، ئەوەی بیست وپێنج سالّ بکرێ بە بیست سالّ، کێ لەگەلّ ئەو پێشنیارەیە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەلّ نییە؟.. بەتێکرای دەنگ پەسەند کرا بکرێ بە بیست سالّ، کاک عەبدولخالق پێشنیارێکی هەیە لەجیاتی ان یکون مقیما فی کوردستان العراق ان یعمل فی احدی وسائل اعلام کوردستان العراق، کێ لەگەلّ ئەو پێشنیارەیە؟ .. سوپاستان دەکەین .. کێ لەگەلّ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ ئەو پێشنیارە پەسەند نەکرا، واتە مادده هەشت دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەلّ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.. مادده (٩) بخوێنەوە.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

المادة (٩): یکون الانتماء الی النقابة:

١- طلب تحريري الى الهيئة التحضيرية او المجلس مشفوعا بتزكية من صحفيين اثنين متمرسين وعلى الهيئة او المجلس البت في الطلب خلال مدة ثلاثين يوماً من تاريخ التسجيل.

٢- اذا لم يتم البت في الطلب رغم انتهاء المدة المذكورة في الفقرة (١) يعتبر مقبولا تلقائيا.

٣- في حالة رفض الطلب على الجهة المعنية بيان اسباب الرفض ولمقدم الطلب ان يطعن بقرار الرفض لدى محكمة استئناف المنطقة بصفتها التمييزية خلال مدة خمسة عشر يوما من تاريخ التبليغ بالقرار ويكون قرارها قطعيا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده (٩) چ تێبینی هەیە؟، با ناونووسیان بکەین (کاک عەبدولخالق، کاک فرەنسۆ، کاک ئیبراهیم دۆغرەمەچی) کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادده نۆ ئەڵێ (الانتماء الی النقابة: طلب تحريري الى هيئة التحضيرية او المجلس مشفوعا بتزكية من صحفيين اثنين) و لەو ڕۆژنامەیەی کە ئیشیش دەکات ئەبێ نوسراوێکی ڕەسمی بێ، لەبەر ئەوەی دوو ڕۆژنامەوان لەوێ ئیمزایان لەسەر کردووە خۆی لەهیچ ڕۆژنامەیەک ئیش ناکات چۆن دەبێتە ڕۆژنامەوان ؟خۆ ئەمە حزب نییە، دەبێ نووسراوێکی ڕەسمی بێنێ لەو ڕۆژنامەیەی ئیشی تیا دەکات، سوپاس.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە خاڵی یەکەم ودووەم یەک خاڵە، تەواوکەری یەکترن پێویست ناکات بکرێت بە دوو خاڵ، با بکرێت بە یەک خاڵ، ئەگەر لە ماوەی سێ مانگ وەڵام نەدراوە وا دادەندرێ کە ڕازین لەسەری، ئەوەی کاک عەبدولخالق دەڵێ مەرج نییە، کابرا کە لە ڕۆژنامەیەک ئیش دەکا، خەڵکی وا هەیە بۆ (دە) ڕۆژنامە شت دەنووسێ، پێویست ناکا لە ڕۆژنامەیەک تەزکییە بێنێ، بۆ ئەوەی لە سەندیکاکە ببێ بە ئەندام، شتێکی زۆر سروشتییە دوو کەسی (ممارس)، یان دوو ڕۆژنامەنووسی چاک تەزکییەی بکەن و تەواو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک فرەنسۆ، فەرموو کاک ئیبراهیم.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی لە بڕگە سێ هاتووە، من لەگەڵ ماوەکەم کە (١٥) ڕۆژ بێ، بەڵام (طعن)ەکە لە دادگای تێهەڵچوونەوە(ئیستئناف) نەبێ، چونکە لە کوردستان دوو دادگای تێهەڵچونەوە (إستئناف) هەیە یەک دادگای تێهەڵچونەوەی(إستئناف)ی ناوچەی هەولێر، ئەوەی تر دادگای تێهەڵچونەوەی(إستئناف)ی ناوچەی کەرکوک، یەک دادگای پێداچونەوە(تمييز) لە هەرێم هەیە، بڕیاری ئەنجوومەنی سەندیکا لەلایەن دادگای پێداچونەوەی (تمييز)ی هەرێمەوە تانەی لێدەدرێ، یاسای دەستەی پەراگەندە (متفرقە) پێک دەهێنرێ لە پێنج ئەندام، سەرۆکایەتیەکەی، یان سەرۆکە، یان جێگری دادگای پێداچونەوەیە (تمييز)ە لەگەڵ چوار ئەندام، دادگای تێهەڵچونەوە (إستئناف) بە سیفەتی تەمییز سێ ئەندامن، لە بەر ئەوە من تەنها ئەو تێبینیەم هەیە کە دادگای تێهەڵچونەوە (إستئناف) بکرێ بە دادگای تەمییزی هەرێم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک ئیبراهیم، کاک عەبدولخالق پێشنیارێکی هەیە کە تەزکییەکە بکرێ بەنوسراو، فەرمووکاک فەلەکەدین.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی/وەزیری رۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکەی کاک عەبدولخالق لە جێگەی خۆیەتی، بەلام لە هەمان کاتدا هەندێ حالات، لە بەرچی دانراوە؟ هەندی رۆژنامەنووس هەیە لە هیچ رۆژنامەیەک کار ناکات، بۆ ئەم حالەتانە داندراوە، کە چی رۆژنامە نووسێکی ناسراویشە، بەلام ئێستا لە هیچ رۆژنامەیەک کار ناکات وپەیوەندی بە هیچ رۆژنامەیەکەوە نییە، لە بەر ئەوەی حالاتی لەم جۆرە هەیە بۆیە داندراوە، ئەگەر نا ئەوەی کاک عەبدولخالق راستە ئەگەر پەیوەندی بە رۆژنامەیەکەوە هەبێ رۆژنامەکە تەزکیەیی بکات باشترە، بەلام دیسان لە دەستەی نووسین هەقیان هەیە تەزکیەی بکەن، بەلام ئەگەر کەسێک لە هیچ رۆژنامەیەک کار نەکات بەو شێوەیە تەزکیە دەکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک فەلەکەدین، پێشنیاری کاک فرەنسۆ، دەڵێ برگە(١) وبرگە (٢) بکرێت بە یەک برگە، لەلایەن لیژنەی یاساوە دابرێژرێتەوە و چارەبکرێت جەنابی وەزیر ئەگەر هیچ تێبینیەکتان هەیە، بۆ ئەوەی دەسەلات بە لیژنەی یاسا بدەین بۆ ئەوە چارەسەری بکات.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی/وەزیری رۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ لارییەکمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاستان دەکەین. پێشنیاری دووەم لەلایەن کاک ئیبراهیمەوەیە لە برگە(٣) لە جیاتی (..... ان يطعن بقرار الرفض لدى محكمه استئناف) بگوترێ (... ان يطعن بقرار الرفض لدى محكمة التميز) هیچ تێبینیەک هەیە لەسەر ئەوە؟ کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە پێشنیارەکەی کاک فرەنسۆ، ئێمەش پشتگیری دەکەین، کە برگە(١) و (٢) بکرێ بە یەک برگە، چونکە پەیوەندیان بە یەکەوە هەیە، سەبارەت بە دادگای پێداچوونەوە(تەمییز)، ئێمە لاریمان نییە کە تانەکە لەلایەن دادگای تەمییزەوە بێ، چونکە هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو دوو پێشنیارە بەم جۆرەی لێ دێ، بڕگە (١) و(٢) بەیەکەوە گرێ دەدرێ و دەبێ بەیەک بڕگە، پاشان لیژنەی یاسا بیکەن بەیەک بڕگەو دایبڕێژنەوە، ئەوەی تر دادگای تێهەڵچونەوە (إستئناف) بکرێ بە دادگای پێداچونەوە(تمییز)ی هەرێم.

پێشنیاری (١) دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟... بەتێکڕای دەنگ پێشنیاری یەکەم پەسەند کرا، بڕگە (١)،(٢) دەکرێ بەیەک بڕگە.

پێشنیاری (٢) دەڵێ، دادگای تێهەڵچونەوە (إستئناف) بکرێ بە دادگای تەمییزی هەرێمی کوردستان.

کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

وەکو مادده، مادده (٩) دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟... سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

با دانیشتنەکەمان کۆتایی پێبهێنین، بیخەینە بەیانی سەعات(٩)، بەڵام وابزانم بەڕێزانی لیژنەی یاسا دانیشتنیان هەیە، بۆیە دەیخەینە سەعات (٣٠ر٩)، دوای کۆبوونەوەکەی ئەوان،تکایە پێش سەعات (٣٠ر٩) لێرە ئامادە بن... سوپاستان دەکەین بۆ ئامادەبوونی ئەمڕۆتان.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (١٠)

دووشەممە ڕێکەوتی ٢٠/٤/١٩٩٨

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١٠)

## دووشەممە ڕێكەوتی ١٩٩٨/٤/٢٠

***كاتژمێر (٩,٥) ی سەرلەبەیانی ڕۆژی دووشەممەی ڕێكەوتی ١٩٩٨/٤/٢٠ ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستان بەسەرۆكایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆكی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی سكرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە (١٠)ی خولی یەكەمی ئاسایی، ساڵی (١٩٩٨)ی خۆی بەست.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆكایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەكە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەكەی بەناوی گەلی كوردستانەوە دەست پێكرد.***

***بەرنامەی كار:***

***١ـ بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستانی عێراق.***

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.

دانیشتنەكەمان بەناوی گەلی كوردستانەوە دەست پێدەكات، دانیشتنی ژمارە (١٠) ١٩٩٨/٤/٢٠ بەرنامەی كاری ئەورۆمان بەردەوام بوونە لەسەر گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستانی عێراق. دوێنێ كۆمەڵێ ماددەمان تەواو كرد، با برایانی لیژنەی یاساولیژنەی ڕۆشنبیری كەرەم كەنە ئێرە، بەردەوام دەبین لەسەر خوێندنەوەی ماددە بە ماددەی ئەو پرۆژەیە، ئێستا هاتینە سەر فەسڵی سێیەم (الهیئە العامە) ماددە (١٠). فەموون

**بەڕێز حسێن عەلی كەمال:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

الفصل الثالث:

(الهیئة العامة)

المادة العاشرة:

١ـ الهیئة العامة اعلى سلطة في النقابة وتضم جمیع الصحفیین المتمرسین المنتسبین الذین اوفوا بجمیع التزاماتهم بموجب هذا القانون.

٢ـ تجتمع الهیئة العامة بدعوة من الهیئة التحضیریة ابتداءً ومن المجلس كل سنتین لانتخاب مجلس النقابة ولجنتي الانضباط والمراقبة بالاقتراع السري ویتم اكمال النصاب بحضور

ثلثي اعضاء الهيئة العامة، وفي حالة عدم حصول النصاب تؤجل الانتخابات الى نفس اليوم من الاسبوع التالي ويتم حصول النصاب بحضور اكثرية الاعضاء . ئەمە ماددەی (١٠) بوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینیەک هەیە لەسەر مادده (١٠)؟ تەنها (مامۆستا مەلا تاهیر و، کاک عەبدولخالق و، کاک سیروان)، مامۆستا مەلاتاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادده (١٠) روونە، بەلام من وای بە باش دەزانم (ویتم النصاب بحضور ثلثي اعضاء الهيئة العامة وفي حالة عدم حصول الثلثين تؤجل الانتخابات الي نفس اليوم من الاسبوع التالي ومن ثم يتم ....) بۆ ئەوەی جیاوازیەک هەبێ لە نێوان جاری یەکەم وجاری دووەم، جاری یەکەم نیصاب دوولەسەر سێیە، جاری دووەم زۆرینەی ئەندامانە، واتە ئەبێ ماددەکە روون تر بێ، چونکە ماددەکە لێرە دائەنرێ هەر کەسێ کە تەماشای کات ئەبێ بەپێی خودی ئەو ماددەو یاسایە کاری خۆی بکات. جا من پێشنیار دەکەم بۆ ئەوەی کەوا (وفي حالة عدم حصول النصاب) بکرێ بە (في حالة عدم حصول الثلثين تؤجل) هەر ئەوەندە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ سوپاس. فەرموو کاک عەبدولخالق.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من تێبینیەیەکی گشتیم لەسەر ئەو فەسڵە هەیە.

فەسڵی سێیەم بەرای من پەیوەندی هەیە بە پەیڕەوی ناوخۆوە، واتە ئەم فەسڵە کە ئێمە گفتوگۆی لەسەر دەکەین ئەمە لە بنەڕەتەوە ئیش وکاری دەستەی گشتیە، یاسا نییە، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم ئەو فەسڵە تێکڕا گفتوگۆی لەسەر نەکەین و بچینە سەر فەسڵەکەی دوای ئەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک عەبدولخالق، کاک سیروان فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەندیکای رۆژنامەنووسان سەندیکایەکی پیشەییە، سەبارەت بە خاڵی یەکەم و، ماددەی هەشتەوە هاتووە ئەڵێ (الهيئة العامة اعلى سلطة في النقابة) بە دیدی من ئەم وشەی (سلطة) لێرە لەگەڵ مفهومی پیشەییدا ناگونجێ، پێم چاکە ببێتە(الهيئة العامة هي اعلى هيئة النقابة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

الهيئة العامة اعلي هيئة؟ سوپاس. ئەگەر جەنابی وەزیر شتێکی هەیە لەسەر ئەو رایانە با بفەرمووێ.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی/وەزیری رۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاک عەبدولخالق فەرمووی زیاتر ئەوە بنەڕەتییە، راستە ئەمانە ئەچنە خانەی پەیڕەوی ناوخۆوە، بەلام لە هەمان کاتدا هاتنی بەو شێوەیە لێرەدا زەرەری نییە، رەنگە وەکو دەق درێژ بێ، بەلام بۆ یەک شت رەنگە سوودی هەبێ، هەندێ لایەن هەیە پابەندییان دەکەین، چونکە بۆ نموونە: دەڵێ لێرە هەندێ شتی یاسایی تێدایە وەک (لایجوز جمع بين عضوية لجان المنتخبة) رەنگە ئەوان خۆیان (دەستە گشتیەکە) بڕیاری لەسەر بدەن، بۆ نموونە ئەوە نەبێ یان بۆ نموونە کە ئەڵێ ئەبێ ئەندامی ئەنجومەنی سەندیکا (٣) ساڵ مومارەسەیان هەبێ، رەنگە ئەوان بیکەنە یەک ساڵ بۆ خۆیان، واتە مەبەستم هەندێک پابەندی تێدابێ، ئەگەر نا لە هەمان کاتیشدا رایەکەی کاک عەبدولخالق لەجێی خۆیدایە، بەلام ئەگەر هەبێ زەرەری نییە، وەکو خۆی بمێنێ باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ سوپاس. لیژنەی یاسا ئەگەر چ تێبینیەکیان هەیە؟

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە رایەکەی مامۆستا مەلا تاهیر پێم وایە ئەو دەقەی کە هاتووە لە جێگەی خۆیەتی (وعدم حصوڵ النصاب) مەبەستی (دوو سێیەکەکەیە) پێویست ناکات، دووبارە بێتەوە، بۆیە بەرای ئێمە ئەو بڕگەیە لە جێگەی خۆی هاتووە. لە بارەی پێشنیاری کاک عەبدولخالق ئێمە زۆربەی هەرە زۆری یاساکانمان تەماشا.کردووە ئەوەی ئێستا کارپێکراوە و، ئەو یاسایەی ئەوەی لێوەرگیراوە، وەکو یاسای مسری، یاخود عێراقی، بابەتی دەستەی گشتیی بە درێژی باسکراوە وەلەبەر ئەوە بە بۆچونی ئێمە یەکەم دامەزراندنی سەندیکایە، هەق وایە لە یاساکە ئەوە باس بکرێت، چونکە دامەزرانی سەرەتاییە رەنگە ئەگەر سەرەتا نەکرابا لەوانە بوو پێویست نەبوایە بەلام لە زۆربەی هەرە زۆری یاساکاندا هاتووە. لە بارەی ئەوەی کاک سیروان کە دەڵێ (اعلی سلطة) بەڵێ دەستەی گشتی بەرزترین دەسەلاتە (اعلی سلطه)یە وەلە هەموو سەندیکاکان ئەوە باوە، واتە مەبەست دەسەلاتێکی تر نییە (اعلی سلطه فی النقابه) حەز ناکەم کاک سیروان بۆ چوونی بۆشتێکی تر بڕوات مەسەلەکە (اعلی سلطه فی النقابه)یە لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە سوپاس، بۆ ئەو بەڕێزانە دوێنێش تۆزێک باسی ئەوە کرا، ئەمە بابخرێتە پەیڕەوی ناوخۆ، ئەوە لێرە هەڵبگیرێ،لە راستیدا ئەو را و بۆچوونە وەکو جەنابی وەزیریش ئاماژەی بۆ کرد دوێنێ

برایانی لیژنەی یاساو لەدەرەوەش کاک فرەنسۆ و برادەران هەر هەمان بۆ چوونمان هەبووە، ئەوەیکە لێرە جێگیر دەکرێت، لەوانەیە پەیڕەوی ناوخۆ زۆر سوود لەم ماددانە وەربگرێ، کە لێرە بوو بە ماددەیەکی یاسایی وەکو یاسای ڕۆژنامەنووسان زەحمەت دەبێ بۆ دەستەی بەڕێوەبردن یاخود بۆ دەستەی گشتی دەستکاری بکات. چونکە گریمان لەوانەیە لە هەڵبژاردنێکدا (٥) کەس، (٧) کەس دەرئەچن دائەنیشن هەندێ پێشنیار دەکەن هەندێ گۆڕانکاری ئەخەنە سەری وەکو جەنابی وەزیر گوتی (٢) ساڵ ئەکەن بە ساڵێ، نازانم (موتەدەرج) ئەکەن بەچی؟، لێرەشا هەمان شێوەیە، ئەمە زیاتر جۆرە زامینێکە کە دەستکاری کردنی ئاسان نییە، ئەم یاسایە بۆ ئەوەی نەگەڕێتەوە بۆ ئەولایەنەی کە داینراوە وەکو ضەمانێک کە شکۆداریێک بدرێ بەوە، وەئەتواننرێ پەیڕەوی ناوخۆ سودی لێ وەربگرێ، زۆر جار برایانی یاسا ئەڵێن لە دووبارە بوونەوە زەرەر نییە،لەراستیدا دوێنێش ئاماژە کرا و ئەمڕۆش دووپات کرایەوە. ئەمە تەنها جۆرە گرنتیەکە بۆ ئەوەی زۆر دەستکاری نەکرێت، هەر دەستەیەکی کارگێڕی بەئارەزووی خۆیان بێن شتی تێدا بگۆڕن کە لێرە لەوانەیە لە یاساکەدا بێت ئاسان نەبێت، کاک عەبدولخالق بەدواداچونی هەیە فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی من ئەوە دەڵێم بۆ ئەوەی کە ئێمە تۆزێ بوار بدەین بە دیموکراتیەت بۆ دەستەی گشتی. واتە ئێمە بۆ لەسەر سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بسەپێنین وەک لە ماددەی (١٠)دا ئەڵێ (یتکون مجلس من «٩» اعضاء)باشە بۆ ئێمە ئەبێ دیاری بکەین بە (٩) کەس؟ لە لقەکە ئەبێ (٥) کەس بێ، ئێ باشە ئیشی ئێمە چییە؟ بۆ ئێمە ئەو شتە بکەینە مەرجێ؟، بۆ نموونە لە پارێزگای دهۆک کۆمەڵێ ڕۆژنامەنووس هەیە (٢٠٠، ٣٠٠) ڕۆژنامەنووسن باشە بۆ هەردەبێ (٥) بێت؟ بۆ (٧) نەبێ؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە سوپاس. کاک عەبدولخالق بۆ ئەوەی گرەنتییەک هەبێ سبەی لە لقێک یاخود لە دەستەدا نەیکات بەدوو کەس نەیکات بە (٣) کەس ئەوە ضەمانە، لەراستیدا باشترە، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان لەسەر داخوازی خودی ئەو پسپۆڕانە ئەو ئیشەی کردووە، داهاتوو ئەنجومەنێک لقێک لە سەندیکا لە جێگەیەک داوا نەکات لە (٥) کەسەوە ببێ بە (٣) کەس، لەبەر ئەوە شتێکە زەرەری نییە، ناوەڕۆکیش هیچ پابەندی سەربەستی ئەوان ناکات، ئەگەر (٢) کەس یان (٣ )کەس زیاد کات ئەگەر زانیان پێویستە داوا ئەکەن لە ڕێگەی ئوسولی خۆیەوە ئەو ماددەیان بۆ ئەگۆڕێ، واتە کەس دەستیانی نەبەستۆتەوە. ئەگەر چ تێبینیەک نییە لەسەر ئەم بابەتە ئەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الفصل الرابع

(مهام الهيئة العامة)

المادة الحادية عشرة:

تجتمع الهيئة العامة سنويا بحضور ثلثي اعضاءها وتصدر قراراتها بالاكثرية في المسائل التالية:ـ

١ـ مناقشة النظام الداخلي وتصديقه.

٢ـ مناقشة التقرير السنوي وشؤون النقابة وحساباتها وتقديم التوصيات بشأنها.

٣ـ تصديق الميزانية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینیەک هەیە لەسەر ماددە (١١)؟ تەنها د. رزگار.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم هەیە وەکو دەستەیەکی گشتی بۆچی بە (دوو سێیەک) دیاری بکرێ؟ چونکە وەکو ئەندام ئەگەرتۆ دیاری بکەی بە دووسێیەک مانای مافی ئەندامانی ترت فەرامۆش کرد کە لەکۆبوونەوەدا ئامادە بێت (تجتمع الهيئة العامة وتثبت قراراتها بالاكثرية)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسا ئەگەر چ تێبینیتان هەیە؟

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ تێبینیمان نییە، ئەو (دۆوسێیەکە) لە زۆربەی هەرە زۆری یاسای سەندیکاکاندا هاتووە وەبڕیارەکانیش عادەتەن بەزۆرینە دەبێت، بەرای ئێمە دەقەکە لە جێگەی خۆیەتی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ سوپاس. کاک د. رزگار.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من رێزو ستایشم بۆ بۆچوونی کاک شێروان هەیە، وەکو لێپرسراوی لیژنەی یاسایی، بەڵام لێرە وەکو پرسیارێک حکمەت لە(دووسێیەک)چییە؟ بۆ ئێمە لە برادەری تر حەرام بکەین، وەکو ئەندامی تر سیفەتی ئەندامیەتی هەیە، بڵێین نا هەردەبێ دووسێیەک (٣/٢) ئامادە بن، واتا حیکمەت لەمەدا چییە؟

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

وابزانم مەسەلەکە نیصابە ئەگەر (٣/٢)ی ئامادە نەبێ نیصاب تەواو نابێ، بەڵام ئەتوانن هەموو بێن.

**بەڕێز د. قـــاسم مـــحـــەمـــەد قـــاسم:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

ئێستا وەکو بنەمای کارپێکراوی لیژنەکانی ئێمەی پەرلەمان ئەو شتە نییە، زۆرینە ئامادە بێ نیصابێکی یاساییە، سیستمێکی ڕەوایە (شەرعیـە) ئەو کۆبونەوەیە شەرعیە. جا بۆ دیاری بکرێت بەدووسێیەک؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

ئەگەر تۆ تەماشای ماددەی پێشوو بکەی، دیاری کراوە کە کۆبوونەوەکانی ئەم دەستەیە چۆن دەبێت (٣/٢)یە ئەگـەر نیـصـاب نەبوو ئەبێ بە زۆرینە لێـرەش (٣/٢) نزم ترین رادەیە بۆ ئەوەی دەستـەی گشتی کۆبوونەوەی خۆی بکات ،و بڕیارەکانی بە زۆرینەیە وابزانم زۆر سروشتـییە. چ گرفتی تێیدا نییە، ئەگەر چ ڕوونکردنەوەیەکی تر نییە ئەیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د. قـــاسم مـــحـــەمـــەد قـــاسم:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

وەکو ڕوونکردنەوەیەک بزانین هۆی چییە؟.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

پێمان گووتی لەماددەی پێشوو ئەڵێ کۆبوونەوەی دەستەی گشتی بە (٣/٢) ئەبێ، ئەگەر نا ئەبێ بە زۆرینە، لێرەش دەستـە کۆنابێتـەوە ئەگـەر بەلایەنی کـەمـەوە (٣/٢)ی ئامادە نەبێت، یان بڕیارەکـــان بەزۆرینەیە، ئەوە ڕای برادەرانی لیـــژنەی یاســـایە، جــەنابی وەزیر لەوانەیە ڕوونکردنەوەیەکی هەبێ، فەرموو.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی/وەزیری ڕۆشنبیری:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

خۆی مانەوەی ئەمە پێویستە و، مەبەست لێرە ئەوە نییە، واتە تەنها (دووسێیەک)، واتە هەمووی ئەبێ ئامادەبن ئەگەر ئامادەنەبوون بەلایەنی کەم دوو سێیەک، دوو سێیەک کەمتر نابێ لەبەریەک هۆی بچوک، چونکە ڕاستاندنی بودجە(تصديق ميزانيه) هەیە،گفتوگۆی ڕاپۆرتی ساڵانە هەیە، بابەتی گرنگی سەندیکا هەیە. شتـەکان زۆر گرنگن ئەبێ لە دوو سێ یەک کـەمـتر نەبن ئەگـەر (١٠٠٪) ئامادەبن ئەمە باشترە، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

سوپاس، ئەم بابەتە تەواو ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سـوپاسـتـان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟... بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة الثانية عشرة:

١- يشترط في اعضاء مجلس النقابة بمن فيهم النقيب ونائبة واعضاء لجنتي الانضباط والمراقبة مضي مدة ثلاث سنوات على نيلهم درجة التمرس.

٢- لايجوز الجمع بين عضوية اللجان المنتخبة من قبل الهيئة العامة.

ئەمە مادده (١٢)بوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینیەک هەیە لەسەر مادده (١٢)؟ مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا تاهیر محەمەد زين العابدين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها باسی سکرتێر ناکات ئەڵێ (يشترط في اعضاء مجلس النقابه بمن فيهم النقيب ونائبه) ئەی سکرتێری بۆ تێیدا نییە؟ کە ئەندامێکە لە نۆ ئەندامەکەی ئەنجومەن، بە هەڵبژاردن نییە سکرتێریش هەقە ئەو مەرجەی تێدا بێ،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. ئەگەر ڕوونکردنەوەیەک لەلایەن جەنابی وەزیرەوە هەیە با بفەرمووێ.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی/وەزیری رۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەی سکرتێر زیاتر شتێکی ئیدارییە، نەک شتێکی یاسایی، واتە ئەتوانن ئەندامی زۆر سادە بکەنە سکرتێر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە نقیب وجێگرەکەشی پێویست ناکات، چونکە ئەوانیش ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنن ئەوان لەنێوان دەستەی بەڕێوەبردن هەڵدەبژێردرێن، واتە هەموو دەستەی بەڕێوەبردن پێویستە لە (٣) ساڵ کەمتر نەبێ ئینجا بۆ نەقیب و جێگرەکەی ناوی بێتن هەموو دەستەکە وایە ئەوانیش ئەندامی دەستەن لەناو دەستەکە هەڵدەبژێردرێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ، سوپاس کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شـــێـــروان نـاسح حـــەیدەری:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئێمە پێمان وایە دەقەکە لەجێگەی خۆیەتی، چونکە نەقیب و جێگری نەقیب کە نەقیب لەوێ نەبێ جێگرەکەی بە ئیش وکاری نەقیب هەڵدەستێ، بۆیە ئەو سێ ساڵە داندراوە سەبارەت بە سکرتێریش بەبۆچوونی ئێمە شتێکی ئیدارییە بۆیە ئەو مەرجەیان دانەناوە پێم وایە دەقەکە لەجێگەی خۆیەتی وە سەبارەت بە برگە (٢)ش روونە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

سوپاس، بە ئیعتبار لیژنەی بەرزەفتی(انضباط) و چاودێریش، دوو لیژنەی بایەخدارن لەوانەیە بڕیاریش دەربهێنن، بۆیە ئەو مەرجەیان داناوە. کاک فرەنسۆ بەدواداچونی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فـــرەنســـۆ تـۆمـــا هـەریری:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

نەقیب ئەندامی ئەنجومەنەکە نییە؟ بەڵێ ئەندامی ئەنجومەنەکەیە، وەکو هەموو ئەندامەکانی ئەنجومەن وایە ئەو مەرجە کەوا بێ بۆ هەموویانە شیاوە نەقیب و سکرتێرو جێگری نەقیب ودەستەکە هەموویان ئەمە شتێکی گشتییە، بەڵام بۆ لێرە نەقیب وجێگرەکەی جیادەکرێتەوە؟ من حەز دەکەم ئەوە بزانم.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

وابزانم گوتی نەقیب لەبەر ئەوەی وەکو پلەو پایەیەکە وجێگرەکەشی دەسەڵاتی ئەو ئەنجام دەدات لەکاتی ئامادە نەبوونی و، سکرتێریش کارێکی بەڕێوەبردنە بۆیە ئەوەیان دیاری کردووە. ئەندامەکانیش لەوانەیە ئەو ژمارەیە دەست نەکەوێت، یاخود لەوانەیە بە هەڵبژاردنە لەوانەیە یەکێ بێ (١) ساڵە لەم پیشەیە کاردەکا، بۆی هەیە ئەو مەرجانەی تێدا نەبێت، ئەمە ئەو مەرجانەن بۆ ئەوەی نقیبی رۆژنامەنووسان وبریکارەکەی کەسانێکی رۆژنامەنووس بن کە ئەو پلەی کە بۆی دیار کراوە شایستەی ئەوەی هەبێ. (يشترط في اعضاء مجلس النقابة بمن فيهم النقيب ونائبة).

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی/وەزیری رۆشنبیری:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

لە زۆربەی سەندیکاکاندا نەقیب لە کۆنگرە گشتییەکە هەڵدەبژێردرێ.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

ئەدی، لێرە چۆن هەڵدەبژێردرێ؟

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی/وەزیری رۆشنبیری:**

لێرە خۆی نەقیبە هەڵبژێردراوە، واتە کەئەنجوومەنەکە پێک دێت، پێش ئەوە هەڵبژێردراوە.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

نا ئەوەی کاک فرەنسۆ ئەڵێت هەموو ئەندامانی ئەنجوومەن هەمان مەرجی لەسەرە کە ئەبێ سێ ساڵ بەسەر ئەزمونیان دا بڕوات، باشە بۆ سکرتێر ئەندامی ئەنجوومەن نییە؟ بۆلە ناویاندا نەبێت؟ مەبەستی ئەوەیە.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی/وەزیری رۆشنبیری:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

لێرە سکرتێر وەکو وتم هەندێ جار هەیە.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

تۆ مۆڵەت بدە سکرتێر ئەندامی ئەنجوومەنە یان ئەبێ رستەکە بگۆڕین، بڵێین: (يشـتـرط في اعضاء مجلس النقابة بمن فيهم سكرتير) لێرە سەربەخۆ ئەبێ سکرتێریش هەمان سیفەتی هەبێ.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی/وەزیری رۆشنبیری:**

خۆی ئەگەر زیاد بکرێ سروشتییە.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

بەڵام ناوی نەهاتووە.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی/وەزیری رۆشنبیری:**

بەرای من مادەم گفتوگۆ گەیشتە ئەو خاڵە، ئەگەر زیاد بکرێ رەنگە تینێک بێ بۆ ئەنجوومەنەکە خراپ نییە، واتە سکرتێرەکەش لەو ئەندامانە بێ، خراپ نییە ئەگەر ئەویشی بخرێتە سەر.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

وابزانم لە بیریان چووە، وای بۆ ئەچم . تێبینی کاک فرەنسۆ لە جێگەی خۆیەتی.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی/وەزیری رۆشنبیری:**

واتە ئەگەر زیاد بکرێ، رەنگە ئەویش ئەو مەرجەی تێدا هەبێ بەهێز تر دەبێ وزیانی تێدا نییە، بەڵام رەنگە هەندێ جار سکرتێر بە مانایەک لە ماناکان وەکو بڕیاردەر (مقرر)حسێب دەکرێت.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

ئەگەر جەنابت تەماشای مادده (١٣)بکەی، واتە ماددەیەک دوای ئەو ئەڵێ (يتكون المجلس من تسعه اعضاء بمن فيهم النقيب ونائبه والسكرتير) بۆیە ئەم (٩) کەسە ئەبێ ئەزمونداربن(متمرس) بن، سێ ساڵ بەلانی کەمەوە ئەبێ مومارەسەی ئیشوکاری رۆژنامەگەرییان هەبێ ،بۆیە لەراستیدا ئێمە وای بۆ ئەچین کەلە چاپ دەرنەچوبێت بۆیە هیچ گرفتێک نییە.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی/وەزیری رۆشنبیری:**

دروستە.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

سوپاس، بابزانین کاک ئیبراهیم چ تێبینیەکی هەیە؟ ..

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدلقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من یەک تێبینیم هەیە لەسەر لیژنەی بەرزەفتی(انضباط) با ئەولیژنەی لەگەڵ نەبێت، چونکە هەمیشە لیژنە کە لەسەندیکا پێکدەهێنرێت، سەرۆکی لیژنە ئەندامی ئەنجوومەنی سەندیکا دەبێ، ئەندامەکانی لەدەرەوەی ئەنجوومەنی سەندیکا دەبن، لەبەر ئەوە لیژنەی بەرزەفتی(انضباط) با لابدرێت و لەگەڵی نەبێ.

لەسەر تێبینی کاک فەلەکەدین وابزانم لە هەموو سەندیکاکان نەقیب لەدەستەی گشتی بە جودا هەڵدەبژێردرێ، ئەندامی ئەنجوومەنیش بەجودا هەڵدەبژێردرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا لەم یاسایە وا هاتووە؟ کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەو یاسایە کە هاتووە لەنێوان دەستەی ئیداری نەقیب هەڵدەبژێردرێ وەکو هەندێ سەندیکا نییە، نەقیب بە تاکە کەسی هەڵبژێردرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ، قسەکەی کاک فرەنسۆیە مادەم وایە ئەگەر ئەوەی کاک فرەنسۆ گوتی زیاد بکرێ وەکو تێبینیەک (بمن فیهم نقیب ونائبه والسکرتیر).

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڵێ چ گرفتی نییە، سەبارەت بە بڕگەکەی کاک ئیبراهیم من حەز دەکەم تێبینی مادده (١٩٠) بکات، دەڵێ یاسای بەرزەفتی(انظبات) فەرمانبەرانی دەولەت لەسەر کارمەندانی ئەو سەندیکایە جێبەجێ دەکرێت واتە لیژنەکە ئەبێ لیژنەی بەرزەفتی بێ. چونکە لە یاسای بەرزەفتی فەرمانبەرانی دەولەتیش بە لیژنەی بەرزەفتی (انضباط) ناوی هاتووە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

فەرموو کاک ئیبراهیم.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڵام سەندیکا سەر بە هیچ لایەک نییە، سەندیکا بێ لایەنە، لەبەر ئەوەی کە سەربەخۆیە من تێبینیم لەسەر ئەو ماددەیە هەیە کە کاک شێروان باسی کرد کەوەختی دەهات ئەو کاتە قسەم دەکرد لیژنەی (تەئدیبی) پێکدەهێنرێت لیژنەی (انضباطی) پێکناهێندری، لیژنەی بەرزەفتی (انضباطی) هەمیشە بۆ کارمەندانی دەولەتە لە بۆ سەندیکا نییە لە هەموو سەندیکاکان لیژنەی

(تەئدیبی) هەیە لیژنەی (انضباط) نییە بۆیە من ئەوەم باس نەکرد، کاک شێروان قسەی کرد بۆیە وەلامیم دایەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر تەماشای مادده (١٤،١٥) بکەی پێناسەی لیژنەی چاودێری و لیژنەی بەرزەفتی (انضباطی) کردووە، چۆن ولەچیدا دروست دەبێ ولەبەر گرنگی ئەم دوو لیژنەیە دیارە مادده (١٢)دەیگرێتەوە، حسابی کردووە کە هەمان مەرجی ئەندامی ئەنجوومەنی تێدا هەبێ، وابزانم لە رووی مەنطقیشەوە ماقووله، چونکە لیژنەی چاودێری و لیژنەی بەرزەفتی (انضباط) بێت ئەبێ لەو رۆژنامەنووسانە بێت کە بەلایەنی کەمەوە ئەزموونێکی (٣) ساڵیان هەبێ، پاشان لیژنەی بەرزەفتی (انضباط) و(تەئدیبی) باوەڕناکەم لەناوەڕۆک جیاوازیەکی وای هەبێ، دوو مەرج نییە مادەم بۆ کارمەندان بەکار دێت نابێ لە سەندیکا بەکاری بێنن. چونکە هەمان ئەرکی هەیە. (٣) وابزانم لێرەشا بەشێک لە ئیش وکاری سەندیکای رۆژنامەوانی یاساکانی خزمەت ئەیانگرێتەوە بۆ مۆڵەت پێدان وپلەبەرزکردنەوەیان و خانەنشینیان، لەبەر ئەوەش ناوەکە ناگۆڕێ وابزانم انضباطیش وەکو جەنابی سکرتێر ئەفەرموێت ئەڵێ هەر (انضباط) باشترە تەئدیب تۆزێ گرانترە بە تایبەتی بۆ توێژێکی رۆشن فکر لە برایانی رۆژنامە نووس، دیارە یاسادانەر(موشەرع) گەڕاوە بۆ ووشەیەکی هەم ئاسایی وە تۆزێ مۆسیقاشی خۆشتر بێت. مادەم وایە ئەم ماددەیە ئەخەینە دەنگدانەوە ئەگەر چ تێبینیەیەکی تری لەسەر نییە لەگەڵ زیادەکە (والسکرتیر) وابزانم روونە ئەوە سکرتێر سروشتییە لەگەڵیا بێت، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة (١٣)

مجلس النقابة:

١- يتكون المجلس من تسعة اعضاء بمن فيهم النقيب ونائبه والسكرتير.

٢- يختص مجلس النقابة بتنفيذ مقررات الهيئة العامة والنظر في طلب الانتماء وما يناط به من مهام اخرى.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینیەک نییە لەسەر ئەم ماددە؟، تەنیا مامۆستا مەلا تاهیر؟ فەرموو مامۆستا.

**بەڕێز مەلا تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە بەشێک لە برگەی (٢)ی ئەم مادده پەڕیوە ئەڵێ (يختص مجلس النقابة بتنفيذ مقررات الهيئة العامة، والنظر في طلب الانتماء ودعوة الهيئة العامة للأجتماع) بێگومان ئەوەش هەر لە تایبەتمەندیەتی ئەوە، بەڵام پێشنیاری ئەو وشە ئەکەم (يختص) نەبێ (يقوم) بێ چونکە

(اختصاص) تەنها ئەنجوومەن نییە دەستەی ئامادەکاریش(هيئة تحضير)یش لە سەرەتاوە ئەتوانێ تەمەشای داواکاو پەیوەندی بکات (يختص) بکرێ بە (يقوم) دوایی (طلب الانتماء ودعوة الهيئة العامة للاجتماع) ئەویش لە ئەرکەکانی ئەنجوومەنە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. ئەگەر جەنابی وەزیر هیچ تێبینیەکی نەبێت لەسەر ئەم پێشنیارە ئەیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی/وەزیری رۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە تێبینیەکە (يختص) باشترە. دەعوە خۆی کە دەڵێ (وما يناط به من مهام أخرى). رەنگە جگە لە داوا شتی تریش زیاد بکرێتە سەری، وەکو کاک عەبدولخالق ووتی ئەمە هەندێکی لە پێڕەوەکە درێژەی پێدەدرێت ئەگەر هەبێ خراپ نییە، بەڵام ئەوە دەرەنجامە (تحصيل حاصل)ە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. ئەگەر کاک شێروان چ تێبینی هەیە؟

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێم وایە دەقەکە لە جێگەی خۆیەتی (يختص)ەکە زۆر باشترە بابەتی داوای دەستەی گشتیش لە ماددەکانی تر هاتووە لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مامۆستا ئەوە ئەڵێن هاتووە، ئەگەر چ تێبینیەیەکی ترت هەیە؟

**بەڕێز مەلا تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(والنظر في طلب الانتماء )لە ماددەکانی تریشدا هاتووە کەواتە ئەویش لابەن هەر بە تەنها (بتنفيذ مقررات الهيئه العامه و النظر فى طلب الانتماء وما يناط به) ئەگەر ئەوە بێ شتی تیا نییە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەڵێن(والنظر فى طلب الانتماء )لە جێگەی تر هاتووە، باشە ئەگەر هاتبێ بۆچی دووبارە بێتەوە؟، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شــــێــــروان نـاسح حــــەیدەری:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

لەراستیدا (النظر فی طلب الانتماء) لە جێگەی ترداهاتووە ئەگەر لێرە هەڵیشی بگرین چ گرفتی تێدا نییە، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

باشە سوپاس هەڵی ئەگرین، (یختص)یش ئەمێنێتەوە مامۆستا چ تێبینی ترت هەیە؟ باشە سوپاس. ئەیخەینە دەنگدانەوە لەگەڵ ئەو لابردنەی کە بڕیار درا، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حــــســـــێن عـــەلی کـــــمـــــال:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

المادة (١٤): ـ لجنة المراقبة: وتتكون من رئيس وعضوين مهمتها تدقيق صحة العضوية ومدى تطبيق القانون.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

مهمة لجنة: (تدقيق صحة العضوية ومدى تطبيق القانون) کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟... نییە؟... ئەیخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە؟ ... سوپاستان ئەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟... بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حــــســـــێن عـــەلی کـــــمـــــال:**

المادة (١٥):

لجنة الانضباط: وتتكون من رئيس و عضوين مهمتها التحقيق في الشكاوي التي تحال اليها من المجلس والبت فيها بموجب أحكام هذا القانون.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

ماددە (١٥) تێبینی هەیە؟ نییە؟... ئەیخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە؟ ... سوپاس. کێ لەگەڵ نییە؟... بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حــــســـــێن عـــەلی کـــــمـــــال:**

المادة (١٦):

فروع النقابة:

١ـ تؤلف في مركز كل محافظة لجنة فرع وتتكون من خمسة أعضاء ينتخبهم أعضاء الفرع من الصحفيين المتمرسين اللذين يزاولون مهنة الصحافة في المحافظة.

٢ـ تتبع في إجتماعات لجان الفروع والانتخابات فيها نفس الاجراءات الخاصة باجتماعات الهيئة العامة.

٣ـ تحدد أختصاصات لجنة الفرع في النظام الداخلي.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

چ تێبینیەک هەیە لەسەر ماددە(١٦)؟... نییە؟... ئەیخەینە دەنگدانەوە بەڕێز فەلەکەدین کاکەیی وەزیری ڕۆشنبیری فەرموو.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی/وەزیری ڕۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تێبینیەکی ئیملائیە نازانم لەنسخەکە لای من لەبرگەیەک نوسراوە (أعضاء الفرع من الصحفيين المتمرسين اللذين)، (الذين) یەک لام ئەنووسرێ لامێک زیادەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

یەک لام ئەنووسرێ سوپاس،جەنابی وەزیر، ئەم ماددە ئەخەینە دەنگدانەوە پاش لابردنی ئەو لامە کێ لەگەڵە؟... سوپاستان دەکەین کێ لەگەڵ نییە؟... بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة (١٧):

اذا فقد عضو المجلس أو اللجنة الشروط اللازمة للانتخابات أو تغيب عن الجلسات ثلاث مرات بغير عذر يعتبر مستقيلاً من اللجان ويحل محله العضو الاحتياط الذي نال أكثرية الاصوات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ماددە (١٧) تەنیا کاک شێروان وابزانم تێبینی لەسەر هەیە فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە لە لیژنەی یاسا ئەو ماددەمان بەچاکی دەرس کرد پێمان باشە وەکو پێشنیار تەنیا ئەو ماددەیە تایبەتبێ بە ئەندامی ئەنجوومەن نەوەک بە ئەندامیەتی لیژنە، چونکە پێکهاتەکانی لیژنە و بەڕێوەبردنی ئیش وکاری لیژنە بۆ پێڕەوی ناوخۆ گوێزراوەتەوە، بۆیە ئێمە واپێشنیار دەکەین ئەو ماددەیە تەنها ئەندامی ئەنجوومەن بگرێتەوە نەوەک ئەندامانی لیژنە، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ سوپاس تەنها ئەم ماددەیە ماددە(١٧) مەسەلەی (غائب)بوونە لێرە بۆ ئەنجوومەن بێ بۆ ئەندامی ئەنجوومەن بێ تەنها شێوازە کەشمان بۆ بخوێنەوە ئەوە دابڕێژە کە پێشنیار کراوە فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خۆی ئەوەی ماددە (١٧) شێوازە ئەسڵەکە ئەخوێنمەوە، ئەوەی کە هاتووە ئینجا دوایی ئەو شێوازی پێشنیار کراویش (اذا فقد عضو المجلس أو اللجنة الشروط اللازمة للانتخابات أو تغيب عن الجلسات ثلاث مرات بغير عذر مشروع يعتبر مستقيلاً من اللجان ويحل محله

العضو الاحتياط الذي نال أكثرية الاصوات) پێشنیار ئەوەیە (اذا فقد عضو المجلس الشروط اللازمة للأنتخابات أو تغيب عن الجلسات ثلاث مرات بغير عذر مشروع يعتبر مستقيلاً من عضوية المجلس ويحل محله العضو الاحتياط الذي نال أكثرية الاصوات).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

روونە پێشنیارەکە تەنها بۆ ئەوەیە ئەم ماددە، ماددە(١٧) تەنها ئەندامی ئەنجومەن بگرێتەوە باقی تر لەبەر ئەوە لە ئەسڵەوە بۆ پێڕەوی ناوخۆ گوێزراوەتەوە، لە پێڕەوی ناوخۆ پێشنیار کراوە چارەسەر بکرێ ئەوە تەنها بۆ ئەوەیە کە روون بێ لای برادەران، کێ تێبینی هەیە لەسەری، (کاک د.ناسح، مامۆستا مەلاتاهیر، کاک بورهان جاف) کاک د.ناسح فەرموو.

**بەڕێز د.ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو تێبینی یەی من لەسەر زمانەوانییە نەک (بغير عذر مشروع) (بعذر غير مشروع).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(بعذر غير مشروع) بەڵێ سوپاس راستە دەست خۆش، مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ پێشنیاری لیژنەی یاسام بەمەرجێک (ثلاث مرات) (ثلاث جلسات متتالية).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(ثلاث جلسات متتالية) راستە.

**بەڕێز مەلا تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەک (ثلاث مرات) ئەگەر (مرة متفرقة) ش بێ هەر ئەبێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ وایە لەوانەیە (٣،٢)ساڵ جارێک (ثلاث جلسات متتالية) سوپاس مەعقوولە مەرجێکی سەختە، وابزانم مەبەستیش هەر ئەوەیە کاک بورهان فەرموو.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان مەبەستم هەبوو (متتالية) بۆ (جلسات) زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ (متتالية) سوپاس خۆی وابزانم مەبەستیش هەر ئەوەیە، چونکە مەعقوول نییە بەهەموو تەمەنی (٣) جار ئامادە نەبێ و لەو لیژنەیە دەریکەن ئەوە زیاد بکرێ وابزانم لەچاپ دەرنەچووە، چ تێبینی تر هەیە؟ نییە؟... ئەیخەینە دەنگدانەوە پاش ئەو دوو تێبینییە (بعذر غير مشروع)

غەیرەکە دێتە نێوان عذر و پرۆژەکەوە متتالیە دوای (ثلاث مـرات) زیاد ئەکرێت کێ لەگەڵە؟ سوپاستان ئەکەین کێ لەگەڵ نییە؟... بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة (١٨):

النقيب: يتولى النقيب رئاسة مجلس النقابة وتمثيله لدى المراجع المختصة والتوقيع على الاوامر و القرارات والتعليمات والمخاطبات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادە (١٨)چ تێبینی هەیە لەسەری کاک سەعید یەعقوبی، کاک ئەمین مەولود، مامۆستا مەلا تاهیر کاک سەعید فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من زیادەیەکم هەیە لەسەر ئەو ماددەیەی کە دەڵێ النقيب: يتولى النقيب رئاسة مجلس النقابة وتمثيله لدى المراجع المختصة والتوقيع على الاوامر والقرارات و التعليمات (وله) ئەوە خستنەسەرەکەیە(و له حق تخويل غيره من أعضاء مجلس ببعض من الصلاحيات)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک ئەمین مەولود

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر هەمان تێبینی کاک سەعیدم هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک ئەمین، مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر زين العابدين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنها لەسەر وشەیەک (النقيب )وەک ناونیشان داندراوە بۆ ماددەکە ئەگەر ناونیشانەکە (النقيب). (ويتولى رئاسة) واتە ئەو دوو (النقيب)ە یەکێکیان لەماددەکەدا نەمێنن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ چ...

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر زين العابدين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

النقيب دوایی ئەڵێ (يتولى النقيب).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێناسەیە...

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وشەی (النقیب)ی یەکەم لابدەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەپێشەوە بیکوژێنینەوە، زۆر سوپاس راستە کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە (النقیب: یتولی النقیب رئاسة مجلس النقابة و الهیئة العامة) چونکە ساڵی جارێک (الهیئة العامة) کۆ بونەوە دەکات پێم وایە ئەو دەبێ سەرۆکایەتی بکا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە وابزانم هەر ئەبێ واش بێ، رئیس یا کەسێکی تر ئەگەر ماددەیەکی تر نەبێ بۆ سەرۆکایەتی(الهیئة العامة) مانای وایە هەر ئەبێ نەقیب بیکا، ئەگەر چ رەخنەیەک نییە لە لایەن جەنابی وەزیرو لە لایەن لیژنەی یاساوە زیادی کەین، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی/وەزیری رۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی لێرە دیاری نەکراوە، بەڵام لێرە باسی ئەکاتەوە لە برگە (٢) مادده (١٠) کە ئیقرار کرا (تجتمع الهیئة العامة بدعوة من الهیئة التحضیریة او المجلس کل سنتین لانتخاب مجلس النقابة) واتە بە نەقیب یشەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وێڕای نەقیب کێ سەرۆکایەتی دەکا؟.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی/وەزیری رۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تاکو ئەو کردارانە تەواو ئەبن، ئەبێ نقیب بێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئینجا لەبەر ئەوە (رئاسة الهیئة العامة) زیاد بکرێ.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی/وەزیری رۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام ئەو تێبینییەی کە برادەران پێشنیاریان کرد (وله انابة غیره) ئەوەی شتێکی وا نازانم ئەوە نەقیبە دەستەڵاتێکی دیاری کراوی هەیە وەکو نوێنەرێکی سیاسی نییە بڵێی ئەوە بۆی هەیە

وەفدو شتی وا بنێرێ واتە هەر کاتێ گومان بکا، بەلام بەناوی خۆی ناتوانێ واتە یا (نائب رئیس النقابة) ئەروات، یان سکرتێر ئەروات واتە نابێ، ئەمەش ئیجتهادە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک عەبدولخالق تێبینی هەبوو فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەدرەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من نازانم سەبارەت بە (یتولی النقیب رئاسة مجلس النقابة) زۆر عملیە (الهیئة العامة) مەرج نییە (رئیس النقابة) نوێنەرایەتی بکات لەبەر ئەوەی وەک باوە لە کۆنگرەکاندا دەستەیەکی سەرۆکایەتی پێک دێت خۆی دانیشتنەکە بەڕێوە دەبات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەلام (الهیئة العامة) بۆ هەلبژاردن نییە، بۆ کۆبوونەوەی اعتیادی خۆیانە.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر (الهیئة العامة) نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر تەنها بۆ کۆنگرە بێ.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەدە رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(الهیئة العامة) گرفتێک نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر تەنها بۆ کۆنگرە بانگ ئەکرێ ئەوەی بانگهێشتی بکا خۆ ئەبێ ئەو سەرۆکایەتی بکا.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئاخر دەعوەتی چیە؟ (الهیئة العامة) ئەو بۆ چی سەرۆکایەتی بکا؟ وەک باوە لە (الهیئة العامة) ئەنجوومەنێک پێک دەهێندرێ لە (٣) کەس، لە (٥) کەس، دانیشتنەکان بەڕێوە دەبات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان ئەگەر روونکردنەوەیکمان بۆ بکەی.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە بۆچوونی ئێمە وەکو لیژنەی یاسا کە سەرۆکی سەندیکای رۆژنامەنووسان نوێنەرایەتی هەمووی

دەکا بمافیهم (الهیئة العامة) واتە (الهیئة العامة) ئەو ئەنجوومەنەی هەڵبژاردوە ئەو ئەنجوومەنەش نقیبێکیان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە کەواتە دەرەنجامە (تحصیل حاصل)ـە ئەوە ئێمە وای بۆ دەچین سەبارەت بە تێبینیەکەی کاک سەعیدیش دەستەلات بدرێتە پاشماوەی ئەندامانی سەندیکا ئێمە لەگەڵ ئەوەین دەستەلات بدرێتە جێگری نقیب، بەلام بۆ ئەندامانی تری سەندیکا ئەوە دەبێ لە پێڕەوی ناوخۆ چارەسەر بکرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

با بگەڕێینەوە بۆ دواوە کە ئەڵێ ( الهیئة العامة) فەرموو کاک فرەنسۆ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەندی (١١) دەڵێ (تجتمع الهیئة العامة سنویاً بحضور ثلثي الأعضاء) ئەو (اجتماع سنویاً) ئەبێ نقیب سەرۆکایەتی بکا دەستەیەک هەڵنابژێرێ خۆ کۆنگرە نییە دەستەیەکی تازە هەڵبژێردرێ بۆ ئەوەی ئیدارەی دانیشتنەکان بکا، من مەبەستم کۆبوونەوەکانی سالانەیە کە (الهیئة العامة) دەکرێ ئەبێ نقیب سەرۆکایەتی بکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئینجا دەربارەی (الهیئة العامة) لە مادده (١٠) برگە(٢)دا ئەڵێ (تجتمع الهیئة العامة بدعوة من الهیئة التحضیریة ابتداءً او من المجلس) واتە مەبەستی ئەنجوومەنی سەندیکایە کە هی سەرۆکی سەندیکا، سەرۆکی ئەنجوومەنە (کل سنتین) (تجتمع کل سنتین) بۆ کۆبوونەوە ئەکا (لانتخاب مجلس النقابة و لجنتي الانضباط والمراقبة بالاقتراع السري ويتم اكمال كذا كذا) واتە ئەرکی دەستەی گشتی تەنها بۆ هەڵبژاردنەو دەست نیشان کردنی ئەنجوومەنی زانکۆ و ئەوانە ئەوەی کە لێرەن، فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر جەنابت مادده (١١) بخوێنیتەوە ماددەی (١١)ـە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تجتمع الهیئة العامة سنویاً بحضور ثلثي أعضاءها وتصدر قراراتها بالاكثرية في المسائل التالية:

١ـ مناقشة النظام الداخلي وتصديقه.

٢ـ مناقشة التقرير السنوي وشؤون النقابة و حساباتها وتقديم التوصيات بشأنها.

٣ـ تصديق الميزانية.

لێرەش ئەو ئەرکەی پێدراوە، مامۆستا مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مـــەلا هادی خـــضـــر کـــوێخـــا:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

ئەو شـتـە کـەوای لێ بێ تەواو دەکـا، وەکـو کـۆنگرە بەستن، لە کـاتی کـۆنگرە ئەو بەو ئەرکـە هەڵدەستێ بەرای من هەروەکو خۆی بمێنێتەوە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

لەراستیدا لێرە کێشەیەک هەیە با روونی کەینەوە، چونکە ئەگەر ئەمە بۆ هەڵبژاردن بێ واتە ئەگەر بۆ مادده (١٠) بێ ئەوەی کە کاک عەبدولخالق خستییە ڕوو واقیعی ترە وەکو بڵێین عەمەلییە بۆ؟ چونکە بۆ هەڵبژاردنە مەعقوول نییە سەرۆک ببێ بە سەرۆکی دانیشتنەکە.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تـۆمـــــا هـەریـری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

کە کۆنگرە بەسترا نەقیب نامێنێ، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

جا ئەمەیە...

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تـۆمـــــا هـەریـری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

بەڵام من پێش کۆنگرە دەڵێم سالانە کۆبونەوە دەکا ئەو کاتە نەقیب سەرۆکایەتی دەکات.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

راستە ئەگەر بۆ هەڵبژاردن بێت سەربەخۆ هەموو ئەبن بە ئەندام، ئەوکاتە وەک سەرۆکی سەندیکا نامێنێتەوە بۆ؟، چونکە ئیشـە، لە مادده (١٠) کە دێین بۆ مادده(١١) بۆ ئیشتی دیاری کراوی سالانە، واتە ئەبێ ئۆتۆماتیکیەن نەقیب کە دەعوەتیان ئەکا خۆشی سەرۆکە، بەڵام وشەی نەقیب وەکو تەعریف لەپێشەوە هەڵی دەگرین بۆ؟ چونکە دووبارە بووەتەوە پێشنیاری کاک سەعید هەبوو ئەگەر کاک سەعید لەگەڵ پێشنیارەکەیەتی بیخەینە دەنگدانەوە (وتخـویل غـیـره بعض من صلاحیاته) پێشنیارێک هەیە زیادییەک بکرێ، بلێ (وتخویل غیره بعض من صلاحیاته عند الضـرورة أو عند الاقـتـضـاء) چۆن حەزدەکەن وابێت ئەوە پێشنیارێکە کراوە بۆ نەقیب، ئەگەر پێویست بوو هەندێ لە دەسەڵاتی خۆی بدا بە خەڵکێکی تر چ تێبینیەک هەیە لەسەری زیاد بکرێت، ئەو پێشنیارە ئەخەینە دەنگدانەوە کە زیاد بکرێت (ویخول غیره بعض من اختصاصاته عند الاقتضاء وعند الضرورة) کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟... سوپاستان ئەکەین... کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا وەکو پێشنیارێک زیاد بکرێت زەرەریشی نییە ئەتوانێ نەیدا کاک شمائیل. مادده(١٨) ئەخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە؟... سوپاستان ئەکەین... کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا ببوورن کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغەرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە ماددە(١١)دا دیارە لەگەڵ ئەو ماددەی كە ئێستا پەسەند كرا هاودژییەک هەیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاک ئیبراهیم دەنگدانمان لەسەر كرد ئەگەر شتێكتان هەبوو ئەبوایە پێش ئەوە قسەتان لەسەر بكردبایە سوپاس، ئێستاش دێینە سەر فەسڵی چوارەم(الحقوق والالتزامات).

**بەڕێز حسێن عەلی كەمال:**

الفصل الرابع:

الحقوق والالتزامات:

اولاً- الحقوق:

١- يعامل الصحفي معاملة الموظف فيما يتعلق بحقه في الاجازات الاعتيادية والمرضية.

٢- تضم مدة العمل في الصحافة لاغراض العلاوة والترفيع والتقاعدي في حالة تعيينه في اية وظيفة كانت.

٣- على الجهة التي يعمل الصحفي لديها إبداء المساعدة اللازمة له في حالة تعرضه للاصابة اثناء ممارسته مهنته ولا علاقة لذلك بالحقوق التقاعدية .

٤- يجوز للصحفي المتقاعد بموجب احكام قانون تقاعد الصحفيين العمل في المؤسسات الصحفية والاعلامية عن طرق عقد العمل ويتمتع بنفس إمتيازات الصحفي المتمرس.

٥- يجب اخبار النقابة بأي شكوى تقدم ضد الصحفي وفي غير حالة الجرم المشهود لايجوز استجواب الصحفي أو التحقيق معه بجريه منسوبة اليه متعلقة بممارسته مهنته الا بعد اخبار النقابة بذلك.

٦- يعاقب من يعتدي على الصحفي أثناء ممارسته مهنته أو بسببها بالعقوبة المقررة لمن يعتدي على موظف عام أثناء تأديته وظيفته او بسبب تأديتها.

٧- يمنح الصحفي المتوفي بسبب أو أثناء ممارسته مهنته لقب عضو الشرف في النقابة بقرار من المجلس ويكرم وفق النظام الداخلي.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ماددە (١٩) چ تێبینیەک هەیە؟ ئەو برادەرانەی ئەیانەوێ قسە لەسەر ئەم ماددەیە بكەن با ناونووسیان بكەین، تەنها د. ناسح فەرموو.

**بەڕێز د.ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێموایە باسی ممارسەی مهنە ئەكا ئەو تائی یەكەم زیادە كە دەڵێ (ممارستە مهنتە) وابزانم دووجار دووبارە ئەبێتەوە (ممارسة مهنته) وابزانم باشترە.

لەبڕگەکانی کە هاتووە بڕگەی (٥) (متعلقة بممارسة مهنته) وە هەروەها لەبڕگەکەی دوا تریش هەمان شت هاتووە لەحەوتەمیش هاتووە لەسێهەمیش هەمان شت هاتووە زیادن (أثناء ممارسة مهنته) لەحەوتەم هاتووە لەسێیەمیش هەمان شت هاتووە (أثناء ممارسته مهنته) واتە هەرسێکی وای لێ بکەین سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە مەسەلەی دارشتنە باشە سوپاس ئەوە برادەرانی لیژنەی یاسا ئاگاداری ئەو رستەیە ئەکەن، ئەگەر زەحمەت نەبێ دکتور بینووسەو پێیان بدە، ئەیخەینە دەنگدانەوە، مامۆستا ئەڵێ لە لانی زمانەوانییەوە دروستە هەردووکی دەبێ، (المهنة) باشە سوپاستان دەکەین، ئەیخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین... کێ لەگەڵ نییە؟ ... بەتێکڕای دەنگ پەسەندکرا سوپاس.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة (٢٠):ـ

ثانياً الالتزامات:ـ

لايجوز للصحفي القيام بما يلي:

١ـ تناول ماتتولاه سلطات التحقيق أو المحاكم بما يؤثر على سير التحقيق أو المحاكمة.

٢ـ مزاولة المهنة دون تجديد الاشتراك في النقابة بموجب هذا القانون.

٣ـ استخدام اية وسيلة أو واسطة بقصد الربح غير المشروع.

٤ـ قبول الإعانات الا بعد موافقة المجلس (بعد) زياد هاتووە.

٥ـ الاساءة الى سمعة المهنة وإفشاء اسرارها أو تهديد المواطنين باية وسيلة أو اسلوب من أساليب الصحافة.

٦ـ زعزعة الثقة بالنظام الفيدرالي لكوردستان العراق ومواطنيها بالطرق المباشرة او غير المباشرة وإثارة غرائز الجمهور بأية وسيلة.

٧ـ إستغلال الكلمة المكتوبة او المرسلة إستغلالاً خاصاً للمنفعة الشخصية الضارة بالغير او انتحال صفة أو فكرة والاساءة الى الاداب والنظام العام.

٨ـ تضليل الجمهور بالمعلومات غير الصحيحة وتصوير الوقائع تصويراً غير أمين أو نشر وقائع غير مؤكدة.

٩ـ إقتباس أي أثر من اثار الغير دون الاشارة الى صاحب أو مركز مصدره.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینیەک لەسەر مادە (٢٠)هەیە؟... تکایە با ناونووسیان بکەین کاک سیروان، د.رزگار، عەبدولخالق، مامۆستا مەلامحسن، سەعید یەعقوبی، مامۆستا مەلا تاهیر، د.ناصح و دوایی کاک فرەنسۆ، کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر برگەکانی ماددەکە هەموو بخوێنینەوە من وای راڤە دەکەم کە بەربەست و پێبەندی زۆر زیاد لە رووی رۆژنامە نووس داندراوە کە کار و ئیشی خۆی بکات، بۆ نموونە لێرەدا وشەی (غیر مشروع) لە خالّی سی یەم کە دەلّێ (استخدام اي وسيلة او واسطة بقصد الربح غير المشروع) ئەگەر ئەو وشەیە بەکار بهێنرێ، سزای زۆر مەزن دەهێنێتە رێگای رۆژنامە نووس ئەوە یەک. دووەم: ئەو رۆژنامە نووسە بەرهەمی رۆژنامەیی ئەدەبی خۆی لە کوێ بلاّوبکاتەوە؟ (غیر) لە لاپەڕەی رۆژنامەیەک.

ئێمە یاسای چاپەمەنیمان هەیە دیاری کراوە کە خاوەنی ئیمتیاز، بەڕێوەبەری نووسین، دەستەی نووسین کە چنە؟ ، ئەگەر ئەوانە رازی نەبوون کە نەگونجێ لەگەلّ دابوو نەریتی گشتی بلاّوی ناکەنەوە بۆ چی لێرەدا رۆژنامە نووس سزا بدرێ؟ زۆربەی ئەم ماددەیە من وای راڤە دەکەم کە کۆسپێک بێت لەبەردەم رۆژنامەنووس کەنەتوانێ کاری خۆی بکات، زیاد پێبەندی رۆژنامەنووسی تێدا دەکرێ، زۆربەی ئەو برگانەی ئەو ماددەیە تەنها ئەوەی کۆتایی نەبێ کە دەلّێ (اقتباس أي اثر من اثار الغير دون اشارة الى صاحبه او مركزه) لەوانەیە ئەوە مەقبولٕ بێ، بەلاّم ئەوانی تر هیچی لای من مەقبول نین من بەکۆسپێکی دادەنێم لەبەردەم رۆژنامەنووس، دەبێ سەربەستی رۆژنامەنووسی هەبێ تاکو رۆژنامە نووس بتوانێ بنوسێ و، ئەو سزایانەی کەدانراوە لەولاّتی ئێمەدا کار دەکاتە سەر رۆژنامە نووسی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس واتا تۆ پێشنیار دەکەی هەموو برگەکانی ئەم ماددەیە لابدرێ تەنها برگەی نۆیەم نەبێ؟

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەلّێ...

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەلّێ تەنها (٩) باقی تر هەموو ئیلغا بکرێ.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەلّێ مامۆستا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بڕگە یەک (لایجوز تناول ماتتناول سلطات التحقيق أو المحاكم) بەرای من سلطاتی تحقیق راستە بەس كابرایەک بۆ محاكمە چۆن (صحافة) دەوری نەبێ كەسێک بێ تاوان بێ یان تەفسیرێكی غەڵەت بكرێ هەتاكو حوكم دەكرێ ئینجا دوایی بەرگری لێ بكرێ؟ لەبەر ئەوە تۆژینەوە ماقووڵە، لەماوەی تۆژینەوە رۆژنامەنووس باسی دەكات، بەڵام كابرایەک كە رەوانەی دادگا كرا رای گشتی دەوری هەیە لەو قەزیەیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاک عەبدولخالق رەبتی كردوو (أثناء محاكمة اثناء تحقيق و محاكمة) ئەو كاتە لەوانەیە كاریگاتەسەر دادوەران كاریگاتەسەر شایەدەكیان، ئەگەر تۆ بابەتێک بە شێوەیەكی چەواشە نیشانی خەڵكی بدەی وابزانم ئەم دەقە كارپێكراوە لە زۆرجێگا یاساییەكانمان دوایی ئەتوانن تیشک بخەنە سەری دەقێكی گشتییە، چونكە پەیوەندی هەیە بەسەلامەتی تۆژینەوەو دادگایی كردنەوە پاش حوكم لەوانەیە زۆر ئاساییە، بەڵام لەكاتی دادگاییكردن تۆ بێی شت بوروژێنیتەوە بیكەیتە هەڵلا لەوانەیە ئەوكاتە باش نەبێ، بارای یاساییەكانیش لەم لانە وەرگرین پێش ئەوەی دەستی پێ بكەین زۆر سوپاس كاک عەبدولخالق ، كاک سیروان فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە خاڵی دووەم وەک لەسەرەوە ئەڵێ (لايجوز للصحفي) پاشان ئەڵێ لە خاڵی دوو (مزاولة المهنة دون تجديد الاشتراك في النقابة بموجب هذا لاقانون) من وای لێ تێ ئەگەم كە ئەمە مەرجێكی پابەندییە واتە رۆژنامەنووس بۆی نییە ئیشەكەی خۆی بكات ئەگەر بێت و بەشداری خۆی لەسەندیكا تازە نەكاتەوە، من داوای روون كردنەوەیەک دەگەم، بەگوێرەی ئەم بڕگەیە، ئایا مەرجە هەموو رۆژنامە نووسێک ئەبێ ئەندام بێ لەم سەندیكایەدا؟، رۆژنامە نووسان ئەگەر لەو سەندیكایە ئەندام نەبن واتە پیشەكەی خۆیان لە دەست ەدەن؟. داوای روون كردنەوەیەک لەم بارەیەوە دەكەم سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، كاک سەعید یەعقوبی فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بۆ ئەوەی دام ودەزگاكانی حكومەتی هەرێم بتوانن ئەزموونەكەمان بپارێزن وفیدرالیەت ودیموكراتییەت وداب ونەریتی كوردەواری وئیسلامی بپارێزرێت وە بۆ ئەوەی ئەو كەش وهەوا ئازادیەی كە لە كوردستان دا هەیە لەلایەن كەسانێک نەقۆزرێتەوە هەر وەكو لە بنەمای یاسایی

وشەرعیدا هاتووە دەڵێن(درء المفاسد خیر من جلب المنافع). رام وایە ئەو برگانەش بخرێنە ناو ئەو ماددەیەوە وەکو پێشنیار بخوێندرێنەوە وئەگەر پەسەند کران بخرێنە سەر ماددە( ٢٠ ) کە دەبێ رۆژنامەنووسان پێی پابەند بن.

١ـ تهدید المواطنین بأیة وسیلة أو أسلوب من أسالیب الصحافة.

٢ـ التصریح أو التلمیح الثابت بما من شأنه أن یفید جهة معادیة علی حساب الوطن والمقدسات والشعائر الدینیة.

٣ـ مس الحریات الخاصة والعامة التي نص علیها القانون بالوسائل الصحفیة.

٤ـ نشر المعلومات أو البیانات المغلوطة وتجاهل تصحیحها فور الأطلاع علی الحقیقة تأکیدا لأعتبار حق الرد حقاً مقدساً.

چونکە لە راستیدا هەندێ جار لە رۆژنامەیەک شتێک دەنووسرێ کە خزمەتی بارودۆخ وخزمەتی ئاشتی سەقامگیری کیانی کۆمەڵ ناکات بۆیە وە بۆ ئەوەی ئەرک و پابەندەکانی رۆژنامەنووسان دیاری بکرێت.

پێویستە ئەمە بخرێتە دەنگدانەوە، ئەگەر پەسەند کرا زیادەی سەر ماددەکە بکرێ، ئەوەش شتێکی تازە نییە، بەڵکو لە بنەڕەتدا لە یاسای ژمارە(١٧٨)ی ساڵی ١٩٦٩ داهاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس ئەگەر ئەو چەند پێشنیارە بدەی بە لیژنەی یاسا، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە سوپاستان دەکەین، مامۆستا مەلا موحسن فەرموو.

**بەڕێز موحسن خالید موفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەوەی کە باس کرا لە بارەی خاڵی یەکەم منیش هەر لەگەڵ ئەو رایەم کە لەماوەی لێکۆڵینەوەدا، هیچ بە دیار خستنێک نەکرێ چونکە ئەگەر لەماوەی لێکۆڵینەوە بابەتێک خرایە روو دەبێتە هۆکارێک کە لایەنێکیان پشتگیری لێ بکرێ ئەو دادوەرییەی کە پێویستە ناکرێ، لەبەر ئەوە ماددەکە چۆن هاتووە شتێکی باشە، لەگەڵ ئەو رایانەی کە برای بەڕێزم کاک سەعید باسی کردن شتێکی پەسەندە ئەگەر هەوڵ بدرێ وپەسەند بکرێ، چونکە بەڕاستی ئێستا زۆر شت هەیە ئەمڕۆ لە ولاتی خۆماندا لە رۆژنامەکاندا لەو بارودۆخە تایبەتیەی کە ئێمە تێیدا دەژین، لە زۆربەیان نووسراوە ئەو نووسراوانەی کە بلاو دەکرێتەوە یان دەستەی نووسەران یان خاوەن اُمتیاز یان بەرپرسي نووسین لێی بەرپرسیار نین خاوەن نووسینەکە لێی بەرپرسیارە، ئەم دوو حاڵەتە دەگرێتە خۆیەوە:

یان هەندێ جار نایانەوێ لە رێگای خۆیانەوە شتەکە بلاو بکەنەوە، نووسەرێک شتێک ئەنووسێت پێی رازین ئەگەر بلاوی دەکاتەوە، بەلام ئەگەر روو بەرووی لێپرسینەوەیەک هات، دەڵێ ئێمە نین. ئەو کەسە نووسیویەتی، یان هەندێ جاریش بەرهەڵستی دەکات لەگەڵ ئەوەشدا دەبێتە هۆکاری

تێکدانی بارودۆخەکە یان ئەو هێمنیەی کە هەیە. یان ئەو ئەرکە پێویستیەی کە لەسەر شانماندایە بۆیە لە دوو لاوە اًستیغلالی سەربەستی رۆژنامەنووسی دەکرێت، رۆژنامەنووسی شتێکی چاکە ئەگەر سەربەستی هەبێت، پابەندیش مانای ئەوە نییە لە سەربەستیەکەی لا دەدات، ئەگەر ئەو پابەندیانە نەبن کۆمەڵگاکەمان بەرەو لایەکی تر دەڕوات لەوانەیە گەلێک کێشە وگرفت بێنە پێشەوە.

پێویستە سەبارەت بە هەموو رۆژنامەنووسێکەوە پابەندیی تایبەتی هەبێت، بۆ ئەوەی لە سنووری دەسەلاتی خۆیاندا خزمەت گوزار بن، نەوەکو تانە وتەشەر لە بابەتەکانیدا هەبێ، نە بەناوی هەموو ئاینەکانەوە توانج لە وەلات پەروەری ونیشتمان پەروەری و کوردایەتی و بابەتەکانی تر بدرێت و، نە بەناوی ئازادی رۆژنامەگەریشەوە توانج لە ئاینی ئیسلام و دابوونەریتی ئیسلامی وئایینی میللەتی ئێمە و هەموو ئاینەکانی تری بدرێت، بە راستی ئازادی رۆژنامەگەری نابێت بەو بەربلاویە بدرێتە بەر، جا لەبەرئەوە من ئەوەم بەلاوە پەسەندە کە ئەو خاڵەی بخرێتە سەر پێشنیارەکە،(عدم استغلال حرية الصحافة للطعن وتشهير بالمقدسات الدينية والوطنية)، ئەمە وەکو خاڵێک بخرێتە سەر ئەو پێشنیارەی کە دەیخەنە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە بۆمانی بنێرە سوپاس، کاک د. ناسح فەرموو.

**بەڕێز د.ناسح غەفوور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان تێبینیەکانی کاک سەعید و مامۆستا مەلا تاهیرم هەیە، بەلام من ئەو رۆژە گوێم لە چاوپێکەوتنێکی بەڕێز وەزیری رۆشەنبیری بوو، یەکێک لەو پرسیارانەی کە لێیان کرد ئەوە بوو، ئایا لەگەڵ سانسۆرە، یا لەگەڵ سانسۆر نییە؟، پاش گفتوگۆیەکی دوور ودرێژ من وا تێگەیشتم کە جەنابی وەزیر خۆی لە گەڵ(صحافەیەکی موەجهە)، منیش بەش بەحاڵی خۆم لەگەڵ ئەوەدام کە رۆژنامەگەریەکی موجە هەبێت، چونکە ئێمە لە کۆمەڵگایەکی ئەوتۆدا نین کە هەموومان لە ئاستی هۆشمەندیدا بین، زۆر جار دەبینین توانج لە دابوونەریتی ئاینی و کوردەواری و ئەو کەسانەی کە لە کوردستاندا دەژین دەدرێ، یا هەندێ بوار هەڵدەقۆزنەوە، جاری وا هەیە توانج لەو سیستەمە فیدراڵیەتە ئەدرێت کە لە پەرلەماندا پەسەند کراوە، ئەویش بە دروشمێک کە لەگەڵ بارودۆخی ئێستای کوردستاندا ناگونجێت، یاخود کێشەمیان لەگەڵ وڵاتە دراوسێکاندا بۆ دروست دەکەن، منیش لەگەڵ ئەوەدام کە ئەم تێبینیانەش زیاد بکرێن (نشر اراء و الشعارات متناقضة مع قانون الفیدرالي)، لەگەڵ(اساءة الى المقدسات و العادات و التقالید الكوردیة)، ئێمە دەبێت لەگەڵ رۆژنامەگەری رێ نیشاندەر (صحافه موجه)دا بین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس د.ناسح ئەو تێبینیەی خۆتانمان بەنووسین بۆ رەوانە بکە، مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم لە لیژنەی یاسا هەیە، ئایا ئەگەر یەکێک رۆژنامەنووس بێت دەتوانێت بێ بەشدار بوون لەو سەندیکایە، بە پیشەکەی خۆی هەستێت؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەز دەکەم بێمە سەر خاڵێک کە لە دەرەوەی ئەم گفتوگۆیەماندایە ئەویش زۆر جار لە نووسیندا وشەی (دامودەزگا) بە کار دەهێنرێت، (دەزگا) دەزانین دەزگایە، بەڵام وشەی(دام)واتای چی دەبەخشێ!؟،(دام) وشەیەکی فارسییە، پێموایە واتای ئاژەڵ دەبەخشێ، چونکە بە پزیشکی ئاژەڵ دەڵێین(دامپزشکی)، داوا لە نووسەران دەکەم کە وەڵامم بدەنەوە، چونکە دەتوانن تەنها وشەی دەزگاکان بە کار بێنن بێ ئەوەی وشەی (دام)ی لەگەڵدا بەکار بەرن، بە رای من ئەو وشەیە زیادە و هیچ مانایەکی نییە، جا دێمەوە سەر خاڵەکە، من لەگەڵ (لایجوز)ەکەم و، هیچ تێبینیەکی ترم لەسەر ماددەکە نییە،(لا یجوز) مانای چییە؟، شتێکی رەهایە، دەبێت بنووسرێت(یفقد الصحفي عضویتە في النقابة اذا)یەکێک لەو ئیشانەی کە دیاری کراوە، باشە ئەو(لایجوز)ە چی دەگرێتەوە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەوانەی کە ویستیان لەسەر ئەم ماددەیە قسە بکەن تەواو بوون، بەڕێز وەزیری رۆشنبیری با بفەرموێت.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی/ وەزیری رۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پابەندیانەی کە هاتوون، بێگومان پابەندبوونێکی زۆرە بۆ رۆژنامەگەری، بەڵام بۆ ئاگاداری بەڕێزان ئەم پابەندبوونانە رۆژنامەنووسەکان خۆیان لەسەر خۆیانیان داناوە، پرۆژەکە خۆی بیرورای هەموو رۆژنامەنووسەکانی هەولێری تیادایە، چەندین مانگە خەریکن، تاوەکو ئەم پرۆژەیەیان ئامادە کردووە، بەڵکو پابەندبوونی زۆر لەوەش قورسترییان نووسیوە، بەڵام لە لیژنەی یاسایی وەزارەتی رۆشنبیریەوە دەسکاری کرا، من وەکو رۆژنامەنووسێک لێرەدا قسە دەکەم، کە ئەم پابەندبوونە خۆیان لەسەر خۆیانیان داناوە و لیژنەی یاسایش چەسپاندوویانە، من لێرەدا دەبێت پشتگیری لە پرۆژەکە بکەم، بەڵام وەکو رۆژنامەنووسێک دەڵێم ئەم پابەندیانە ئەوەندە قورسن کە ناتوانن هیچ شتێک بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لەسەر قسەکانی بەڕێز د.رزگار چەند تێبینیەکم هەیە، ئەو یاسایەی کە دانرا بە ئامادە بوونی زۆربەی هەرە زۆری ڕۆژنامەنووسەکان بوو، پاشان لیژنەیەکیان وەکو لیژنەی ئامادەکردن داناوە بۆ ئامادە کردنی ئەم پرۆژەیە، پاش ئەوە، لیژنەیەکی ڕاوێژکاریشیان داناوە کە لە لیژنەی ئامادەکردنەوە دەرچووە، ئەوان خۆیان هەستاون وئەو ئامانج و پابەندیانەیان داناوە و، ئەوان خۆیان پێی ڕازین و، ڕەوانەی ئەنجوومەنی وەزیران کراوە و لەوێ گفتوگۆیەکی تێروتەسەلی لەسەر کراوە و، بە ڕاستی ئێمەش لەگەڵ ئەو خاڵانەین کە لە پابەندەییەکەدا هاتووە، چونکە باوەڕ ناکەم کەسی تر لە خۆیان بەپەرۆش تربێت بۆ ئەو پابەندیانە و لەسەریان بکاتەوە. دووەم، سەبارەت بە قسەکانی کاک عەبدولخالق حەز دەکەم جیاوازییەک بکەین لە نێوان قۆناخەکانی لێکۆڵینەوە و قۆناخەکانی دادگایی کردن و نێوان دەرکردنی حوکم، سەبارەت بە قۆناخەکانی لێکۆڵینەوە، دەسەڵاتی دادوەری ،یا دادوەری لێکۆڵینەوە، یا هەر کەسێکە کە هەڵدەستێت بە لێکۆڵینەوە، ئەوان لە مەسەلەکە دەکۆڵنەوە، لەوێ کە ڕەوانەی دادگا دەکرێت(موراحلەی محکمە)ی پێ دەڵێن، قۆناخەکانی دادگاش هەر هەمان برگە دەیگرێتەوە، بەڵام ئەگەر بڕیار لە دادگاوە دەرچوو، واتە ڕۆژنامەنووسەکە ئازادە کە هەرچی لەسەر بنووسرێ. سەبارەت بە پێشنیارەکەی کاک سەعید کە بەڕێزان د.ناسح و مەلا موحسن جەختیان لەسەر کرد، لە ڕاستیدا ئەو پێشنیارانەی کە بەڕێز کاک سەعید باسی کردن هەمووی لە یاساکانی عێراقیدا هاتوون و، یەکێک لەسەرچاوە هەرە گرنگەکانی ئەم یاسایەش یاسای عێراقییە، دیارە ئەو لیژنە ڕاوێژکارە و لیژنەی ئامادەکردن ئەو خاڵانەیان بە پەسەند نەزانییوە و، ئێمەش وەکو لیژنەی یاسا پشتگیری بۆچوونی ئەوان دەکەین، هەروەها پشتگیری بۆچوونی ئەنجوومەنی وەزیرانمان کردووە کە لە پرۆژەکەدا هاتووە، سەبارەت ئەوەی کە بەڕێز مەلا موحسن ئاماژەی بۆ کرد، هیچ لاریمان نییە ئەگەر ئەو برگەیەی بخرێتە سەر. سەبارەت بەو برگەیەش کە بەڕێز کاک سیروان باسی کرد، مەسەلەی ئەوەی کە ئەو کەسەی بەشداری نەکات لەم سەندیکایە ئایا دەتوانێ پیشەی ڕۆژنامەنووسی بکات؟، ئێمەش دەڵێین نەخێر، ئەوەی بەشداری لە سەندیکای ڕۆژنامەوانی نەکات، مافی هەڵگرتنی پیشەی ڕۆژنامەگەری نابێت، هەروەها بەشداری کردن لەم سەندیکایە بە زۆرلێ کردن نییە و، بە ئارەزووی خۆیانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڵام کاک فرەنسۆ پرسیارێکی کرد و وەڵام نەدرایەوە، فەرموو کاک فەلەکەدین.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی/وەزیری رۆشەنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە مومارەسەی پیشە، حەز دەکەم کە بزانرێت لێرەدا مەبەست لە مومارەسەی پیشە ئەوەیە کە ئەو ئەندامە مافی و ئمتیازاتی وەکو رۆژنامەنووسەکە نییە، واتە حەقی نییە ئەو مافە بەکار بهێنێت، بەڵام وەکو نووسین دەتوانن شت بنووسن، دەبێت نووسین و پیشەی رۆژنامەنووسی لە یەک جودا بکرێنەوە، دەیان کەس هەیە شت دەنووسن و رۆژنامەنووسیش نین،(ممارسة مهنة) لێرەدا مەبەستی ئەوەیە کە ئەو کەسە ناسنامەی رۆژنامەنووسی نەبێ مافی ئەوەی نییە کە لە کۆنگرەو پەرلەمان و وەزارەتەکاندا پیشەی رۆژنامەنووسی بکات، بەڵام وەکو نووسەرێک دەتوانێت هەرچی بوێت بنووسێت بۆ خۆی بنووسێت، ئەمە تەنها بۆ زانیاری بۆ ئەندامە بەڕێزەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەندامەتی لە سەندیکا تەنها ئەو مافەیە کە لێرەدا هەیە لێی بێ بەش دەبێت، بەڵام وەکو نووسین ئەوە ئازادە دەتوانێت بنووسێت، سوپاس. د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وەکو ئەندامێکی پەرلەمان و وەکو رۆژنامەنووسێک هەست بە ئێشوئازاری رۆژنامەنووسەکان دەکەم. . .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارەکەت ماوە ودەیخەینە دەنگدانەوە، کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من قۆناخەکانی دادگا بە مافێکی سروشتی دەزانم و، رای گشتی نەوەکو تەنها رۆژنامەگەری رۆڵی هەبێت و، دواین رووداوی سەرۆکی شارەوانی تاران بەڵگەیەکی گەورەیە بۆ ئەوەی کە رای گشتی چەند روولی کاریگەری هەیە، یەکێک کە بەش خوراو بێت، یا تاوانێکی لەسەر بێت، رای گشتی دەبێت رۆڵی هەبێت نەوەکو تەنها رۆژنامەگەری. من تێبینییەکم هەیە لەسەر پابەندییەکانی رۆژنامەگەری، رۆژنامەنووس ئەگەر ئەوەندە پابەندی لەسەر بێت، بەراستی هەر ئیش نەکات باشترە، من لەگەڵ قسەکانی بەڕێز وەزیری رۆشنبیریدام کە ئەوەی لە (لایحوز)ەکەدا دانراوە بەپێی ئەوە رۆژنامەنووس ناتوانێت هیچ شتێک بکات، جا ئەگەر هاتوو ئەو پێشنیارانەشی بخرێتە سەر ئەوە زیاتر ئیشی رۆژنامەنووس تەسک دەکاتەوە و، سەبارەت بە

هەر رۆژنامەنووسێک ،یا هەر لایەنێکی سیاسی، یا هەر وەزارەتێک، ئەگەر هەر رۆژنامەنووسێک زێدەرەوی لەسەر کرد، ئەوە دەتوانێت بە دادگای بدات، جا لەبەر ئەوە ئەو پابەندیانە ناهێڵێت رۆژنامەنووس هیچ شتێک بکات و، ئەگەر ئاسایشی نەتەوەییشی بخەینە سەر، نابێت قسە لەسەر تورکیا وئێران و سوریا بکەین، ئەوە رۆژنامەنووس ناتوانێت هیچ ئیشێک بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک فەرسەت تێبینیەکی هەیە لە رووی یاساییەوە، فەرموو.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بە رای من ئەو خاڵانە پابەند نین بەسەر ئیشی رۆژنامەگەرییەوە، ئەو بابەتە لە یاساکانی تریدا قەدەغە کراوە، واتە بوار بە رۆژنامەنووس بدەین کە ناوبانگی پیشەکەی خۆی تێکدا، واتە بۆ بیکەینە ئیشێکی رێپێدراو و قەدەغەی نەکەین؟، یا کار لەسەر قۆناغەکانی دادگا و لێکۆڵینەوە بکات؟، کار لەسەر شایەتەکان و داوایەک لە داواکانی دادگا بکرێت، بۆ ئەو بوارە بدەین، یاخود(زعزعة الثقة بالنظام الفدرالي)، یان (استخدام اية وسيلة أو واسطة بقصد الربح غير المشروع) خۆی قازانجەکە شەرعی نییە، بۆ بواری پێ بدەین ئەو قازانجە بکات؟، بە رای من ئەو پابەندیانە لە یاساکانی تریدا هەنە، بەڵام لێرەدا بۆ جەخت کردنە لێی و، نەوەکو سزایەکی لەسەر دانرابێت، بەڵکو ئامۆژگاریەکە بۆ رۆژنامەنووسەکان تاوەکو خۆیان لەم جۆرە کارانە دوور خەنەوە، ئەگەر هاتوو رۆژنامەنووسێک ئیشێک لەو ئیشانەی کرد، ئەو کاتە لەوانەیە دوو سزای رووبەروو بێتەوە، ئەگەر دەست سدرێژییەکی بەسەر مافێکی تایبەتی، یا مافێکی گشتی کرد، ئەوە ئەو لایەنە خۆی دەتوانێ لە دادگای پەیوەندارەوە داوای لەسەر بەرزکاتەوە، ئەگەر هاتوو تێکەڵ بە چوارچێوەی سزای بەرزەفتی (عقوبات الانضباط) کرا، ئەو کاتە ئەنجوومەنی سەندیکا دەتوانێ هەڵسووکەوتی بەرزەفتی بەرامبەر وەربگرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز سکرتێری ئەنجوومەن، وەکو روونە ئەمە پابەندییە، رۆژنامەنووسەکان خۆیان، یاخود ئەو سەردەستەیەی کە خۆیان دەسنیشانیان کردبوو بۆ دانانی ئەم پرۆژەیە، کۆمەڵێک پابەندیان داناوە کە هەموویان زیاتر بۆ رێزگرتنە لە پیشەکەی خۆیان، ئەوەی کە ئەندامەکان و بەڕێز سکرتێر باسیان کرد روونە، واتە ئەگەر رۆژنامەنووسێک پێناسەکەی خۆی تازە نەکاتەوە بۆ ئەندامی ئەو سەندیکایە بێت؟، یەکێک لە مەرجەکانی ئەوەیە کە دەبێت ئابوونەی خۆی بدات، واتە ئەمە بۆ ببێتە پابەندێک بەسەر رۆژنامەنووسەوە؟، نازانم(زعزعە کردنی نیزامی فیدرالیەت) کە ئێستاکەش هەموو لایەنە سیاسیەکانی ئەمڕۆی کوردستان لەسەری رێککەوتوون، ئەوە شلۆقکردنی بنەمای نیشتمان پەروەری ئەو رۆژنامەنووسە نییە؟، واتە حەق

نییە ئەو پابەندەیی هەبێت بەرگری لەم نیزامە بکات کەساڵەهای ساڵە خەباتی بۆ دەکەین و، ئێوەی ئەندامانی پەرلەمان کە نوێنەری ئەو خەڵکەن کە دەنگیان پێداون؟، ئایا راستە ئێمە ئێستا بوار بە رۆژنامەنووسێک بدەین کە زیان بە رەوشتی گشتی بگەیەنێت؟، کە کۆمەڵە یاسایەک هەیە بەربەستی ئەو جۆرە شتانە دەکات؟، یان بە هەندێ زانیاری رێ لە جەماوەور بزر بکات، نابێ ئەندامانی ئەو سەندیکایە جۆرە پابەندییەکیان هەبێت کە نەتوانن رێ لە خەڵکی بزر بکەن؟، ئەگەر خەڵکیان بە زانیاری نادروست بەهەڵە برد، ئەوە هەقە کە پێی بگوترێ کە تۆ راست ناکەی و یاساش رێگات پێ نادات، یا من بێم وتارێک، یاخود کتێبێک بنووسم و، یەکێک بێت رۆژانە وتارێک بە هەوەسی خۆی لێی کورت کاتەوە و لە رۆژنامە دای بەزێنێ، منیش نەتوانم پێی بڵێم بۆ وات کردووە؟، بە باوەڕی من ئەو پابەندیانەی کە هاتووە لە بنەماکانی یاساکەدایە، پاشان ئەم پابەندیانە بە رای من نابنە هۆی ئەوەی کە رۆژنامەنووس دەستی بەسرابێت و، نەتوانێت هیچ شتێک بنووسێت. کاک سیروان فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تێکەڵاو بوونێک دەبینم لە نێوان مافەکان و پابەندییەکانی رۆژنامەنووسێکی سەربە سەندیکا و، رۆژنامەنووسێکی تری کە سەر بە سەندیکا نەبێت، بەڵێ ئەوەی کە ئەندام نییە لە سەندیکا رەنگە لە هەندێ مافی خۆی واز بێنێ، بەڵام پابەندیەکە هەموو رۆژنامەنووسێک دەگرێتەوە کە لەم وەڵاتەدا کار دەکات، دەبێت پابەند بێت بە رێساکانی نووسین و ئەو دابوونەریتانەی کە هەیە و لەم خاڵانەدا دیاری کراوە، مەبەستی من لێرەدا ئەوەیە کە لەسەرەتاوە ناوی رۆژنامەنووس بەشێوەیەکی زەها هاتووە، ئەڵێت:( لایجوز للصحفي)، بەڵام نەیوتووە(الصحفي المنتمي او غیر منتمي للنقابة) جا لەبەر ئەو بابەتە ئەگەر لە مافی خۆی واز دێنێت ئەوە شتێکی ترە، بەڵام وەکو پابەندی دەبێت پابەندی هەبێت، کە پابەندییش پەیدا بوو واتە دەبێت ئەندام بێت لە سەندیکای رۆژنامەنووسان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا ئێمە دەنگمان لەسەر ئەو ماددەیەدا، حەقە بەڕێزت بگەڕێیتەوە بۆ پێناسەکان کە لە برگە (د)ی ماددە (١)دا دەڵێت:( الصحفي کل عضو منتم الی النقابة و موفي بألتزاماته) لەبەر ئەوە لێرە دیاری کراوە و، ئەوی تری (غیر المنتم للنقابة)وەکو ئەوەی کە بەڕێز وەزیری رۆشنبیری روونی کردەوە، ئازادە بۆ خۆی، بەڵام لێرەدا رۆژنامەنووس پێناسە کراوە کە پەیوەندیی بە سەندیکای رۆژنامەنووسانەوە هەبێت و، پابەندبوون تەنها بەس نییە بۆ ئەوەی کە پەیوەندی بە سەندیکاوە هەبێت، لە برگە(د)ی ماددەی(١)دا باس کراوە.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ ئەوەیان وایە، بەڵام ئەی پابەندییەکە، ئەگەر ڕۆژنامەنووسێک ئەندام نەبێت لە سەندیکاگە چۆن دەبێت؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک فەلەکەدین فەرموو.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی/وەزیری ڕۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم تێبینیانە لە یاساکانی تردا هەیە، وەکو یاسای چاپەمەنی و یاسای وەزارەت و یاساکانی تردا، هەر کەسێک شتێک بنووسێت دەبێت لە ڕۆژنامەیەک، یاخود لە گۆڤارێکدا بڵاوی بکاتەوە، جا ئەو گۆڤارە خۆی بەپێی یاسایەک دەرچووە و، بەرامبەر بەو یاسایە بەرپرسیارە و خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر بەرپرسیارن بەرامبەر بەو نووسراوانە، کەواتە ئەوان ناچارن ئەو جۆرە وتارانە بڵاو نەکەنەوە، یاخود ڕەنگە بدرێتە دادگا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حەز دەکەم بە کورتی جارێکی تر باسی بکەمەوە، ئەمە یاسایەکە بۆ ڕۆژنامەنووسەکانی کوردستان، یاسایەکیان بۆ خۆیان داوا کردووە کە بەم شێوەیە بێت، ئەوەی لە دەرەوەی ئەمە بێت بابەتێکی ترە و، دەگەڕێتەوە بۆ یاساکانی تر، فەرموو کاک سەعید.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ڕێزمدا بۆ قسەکانی لیژنەی یاسایی، لە برگە(١)ی مادده(٢٠)دا هاتووە و دەڵێت:(تناول ما تتولاه سلطات التحقيق او المحاكم بما يؤثر على سير التحقيق أو المحاكمة)من لێرەدا پرسیارێکم هەیە ، لە دادگای تێهەڵچوونەوەدا لێرە دادگا کە ڕووبەڕوو وئاشکرایە، ڕۆژنامەنووس و ئەوەی کەوا ڕۆژنامەنووسیش نییە مافی هەیە کە دانیشێت، باشە ئەگەر ڕۆژنامەنووسێک هاتە ئەوێ، باشە بۆ ڕۆژنامەکەی خۆی دەبێت چی بنووسێت؟، حەق وایە دەقێک هەبێت کە بڵێت ڕۆژنامەنووس پشتگیری لایەنێک نەکات لەسەر حسابی لایەکی تری، لە لێکۆڵینەوە ڕاستە نابێت قسە بکات، چونکە جارێ نەگەیشتووەتە بڕیار تاوەکو ڕەوانە بکرێت، بەڵام لە کاتی دادگایی کردن، ڕووبەڕوو و ئاشکرایە بۆ ڕۆژنامەنووس و ئەوانەی کە ڕۆژنامەنووس نین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵامی پرسیارەکە دەدەمەوە، حەقە ئێوەی یاساناسەکان تۆزێک وردبن لە بابەتەکاندا، برگەی (١) زۆر ڕوونە(تناول ما تتولاه سلطات التحقيق او المحاكم بما يؤثر على سير التحقيق)، ئەگەر (لا يؤثر فی سير التحقيق)بنووسێت موجازە ئەمە یەک، ئەگەر بگەڕێیتەوە بۆ جێگایەکی تر

ماددەیەکی ترمان هەر لە هەمان برگەدا هەیە کە دەڵێت:(تضليل الجمهور بالمعلومات)، ئەگەر ئەو رۆژنامەنووسە لە دادگایەکدا دانیشت، جا ئەو دادگایە دادگای تێهەڵچوونەوە بێت، یا دادگای پێداچوونەوە بێت، کە راپۆرتێکی رێکوپێکی نووسی و تیادا باسی ئەو داوایەی کرد کە لە دادگاکەدا بەرز کراوەتەوە، بێ ئەوەی هیچ کارێک بکاتە سەر لێکۆڵینەوەکە، یا زانیاری بە هەڵە بداتە خەڵکی، ئەوە هیچ شتێکی تیادا نییە، خۆ نەیی وتووە نە.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوە یەکەم. دووەم، لیژنەی یاسا فەرموویان کەوا رۆژنامەنووسەکان دانیشتوون و لیژنەیەکیان پێکهێناوە بۆ گفتوگۆ کردنی ئەو یاسایە، یاساکەش یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانە، رۆژنامەنووسیش کە دادەنیشێت ئەوەی لە بەرژەوەندی خۆی بێت وەکو پیشەیەک دایدەنێت، بەڵام ئەوەی کە یاسا دادەنێت پەرلەمانە، چونکە پاشان ئێمە بەرپرسیار دەبین کە چۆن ئەو یاسایە دەرچووە، جا بۆیە من سوورم لەسەر ئەوەی کە پێشنیارەکانم بخرێتە دەنگدانەوە و، ئەگەر پەسەند کرا ئەوە بخرێتە سەر ماددەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، راستە بۆ ئەوەی بەڕێزت راست دەکەیت، ئەوان پرۆژەیەکیان پێشکەش کردووە و، ئەو پرۆژەیەش بە قۆناغە یاساییەکانی خۆیدا تێپەڕیوە و، لێرەدا ئێوەی ئەندامانی پەرلەمان ئازادن کە چ پێشنیار د کەن ،چ گفتوگۆ دەکەن و، زۆرینە لێرە بڕیارتان لەسەر ئەو پرۆژەیەدا داوە و، پێشنیارەکانی بەڕێزتانیش دەخەینە دەنگدانەوە، جا پێشنیارەکانمان بۆ رەوانە بکە بەڵکو بیخەینە دەنگدانەوە، کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من نازانم لیژنەی یاسا لە وەڵام دانەوەی پرسیارەکان را دەکەن، دوێنێ پرسیارێکم کرد کە ئایا لەگەڵ نووسەرەکاندا رێککەوتوون لەسەر ئەم شتەی کە کردووتانە، تا ئێستا بە تەواوی وەڵامم وەرنەگرتەوە، ئێستاش من وتم کەوا لەگەڵ(لا يجوز)ەکەدا نیم، چونکە زۆر قورسە و ئەندامێتی لە سەندیکاکەدا نامێنێت،(يفقد الصحفي عضويته في النقابة اذا) و(لا يجوز)ەکە دانراوە وهیچی تر دانەنراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک فەرسەت فەرموو.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەکو پێش ئێستا باسم کرد ئەو برگانە بەبیرهێنەرەوە و ئاگاداریییە بۆ رۆژنامەنووسەکان، چونکە

ئەمانە هەمووی لەیاسا کارپێکراوەکاندا هەن، جا ئەمە ئاگادارییە بۆ رۆژنامەنووس تاوەکو خۆی لەو هەڵانە دوورخاتەوە، سزادانیش دوو جۆرە، سزادان لە هەمان پرۆژەدا هاتووە گەوا رۆژنامەنووسیش دەچێتە ژێر یاسای سزادانەوە(تنبیە و توبیخ و أنذار)ە، پاشان سزادانی تر هەیە چ لە یاسای چاپەمەنیدا بێت، یا لە یاسای سزادان بێت، ئەگەر هاتوو دەستێوەردانی لە بەرژەوەندی تایبەتی و گشتی کرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسا هیچ کاتێک لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکان رامان نەکردووە و، بەپێی ئەو توانایەی کە هەمانە ئەگەر توانیبێتمان وەڵامان داوەتەوە و، ئەگەر نەشمان توانیبێت ئەوە رایەکمان هەر داوە، سەبارەت بە پرسیارەکەی بەڕێز کاک فرەنسۆش لەوانەیە لەبیرمان کردبێت، پێش ئەوەی ئەم پرۆژەیە پێشکەش بکرێت، ئێمە دانیشتنێکمان لەگەڵ رۆژنامەنووس و لیژنە پسپۆڕیەکەدا کرد و، بە تێروتەسەلی گفتوگۆ ولێکۆڵینەوەمان لەسەر پرۆژەکە کرد و، هاتینە سەر ئەوەی کە ئەو پێشنیارانەی کە لەلایەن لیژنەی یاساوە پێشکەش کراوە بە رێککەوتن بووە لەگەڵ ئەوان و، راو پێشنیاری ئێمە نییە بەتەنها و، پرۆژەکەش خاڵ بە خاڵ گفتوگۆی لەسەر کراوە و، تێبینیەکانی ئەوانیشمان رەچاو کردووە وپێشکەشی ئێوەمان کرد، بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکرێت و دوا راشی لەسەر بدرێت، جا ئێمە لە هیچ پرسیار و پێشنیارێک را ناکەین وپشت گوێی ناخەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، حەز دەکەم هەندێ قسەی تر بخەمە سەر قسەکانی کاک شێروان، لیژنەی یاسا وپەرلەمانیش پابەند نییە بەوەی کە بەگوێرەی راو بۆچوونی هیچ کەسێک بکات، هەر پرۆژەیەک کە دێت دوو کەناڵی هەیە، یەکەم یا لە رێگای حکومەتەوە دێت کە ئەویش رێگای ئاسایی خۆی هەیە، یا لە رێگای(١٠)ئەندامی پەرلەمانەوە خودان دەکرێت، کە هات بۆ ئێرە بە پێی یاسا دەدرێت بە لیژنەکان و، لیژنەکانیش رای خۆیان دەردەبڕن و، پاشان دەدرێت بە ئەندامانی پەرلەمان، لیژنەکان وەکو لیژنە و وەکو تاکە ئەندامیش مافی ئەوەیان هەیە کە رای خۆیان دەربڕن بەرامبەر بەو پرۆژانەی کە بۆیان دێت، هەتاکو ئێوەی بەڕێز بە زۆرینە پەسەندی نەکەن نابێت بە یاسا، بۆیە نە پەرلەمان ونە لیژنەی یاسا پابەند نین رای ئەو توێژانە، یاخود ئەو لایەنانەی کە خاوەن پرۆژەکەن وەربگرن، کاک فرەنسۆ تێبینیەکەی زیاتر لەسەر (لایجوز)ەکەیە، ئەو(لایجوز)ە هیچ نییە، تۆ پێی دەڵێیت وا مەکە و، وەڵامەکەی کاک فەرسەت وفەسڵی پێنجەم لە پێڕەوەکە هەندێ شتی روون کردوەتەوە، کاک فەلەکەدین فەرموو.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی/وەزیری ڕۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وشەی(لا یجوز)باشترە و، دارشتنەوەکەی زۆر باش هاتووە، مەرج نییە کە ئەگەر هاتوو ڕۆژنامەنووسێک شتێکی کرد دەرکرێت، وەکو ئەوەی کە بەڕێز سکرتێری ئەنجوومەن باسی کرد کە ئەگەر هاتوو ڕۆژنامەنوسێک زانیارییەکی بەهەڵەی بڵاوکردەوە، بۆی هەیە ڕاستی کاتەوە، جا بۆیە بەلای منەوە(لا یجوز)ەکە ڕێک ترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، لە مادده پێنجدا ئیجرائاتەکە روونە و، ئەگەر کاک فرەنسۆ شتێکت هەبوو دەتوانین بیخەینە سەری، بەڕێز مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پشتگیری لە قسەکانی کاک سەعید و مەلا موحسن دەکەم، سەبارەت بە(لا یجوز)ەکەش کە باسی پابەندەکان دەکات، ئەگەر بڵێت:(یلتزم الصحفي بما یلي)دەبێت وشەی(عدم) لە پێش هەموو خاڵەکانەوە دابنرێ، ئەگەر وای لێبکرێت لەوانەیە قورسیەکەی نەمێنێت، ئەگەر سەرپێچی کرد ئەوە لە فەسلی پێنجەمدا کە سەبارەت بە ئیجرائاتی ئیدارییە، ئەوە سزای ئەو ڕۆژنامەنووسەی کە سەرپێچی کردووە تیادا هەیە، جا چ (یجوز)بێت، یاخود (لا یجوز) بێت ئەوە هیچ کارێکی تێ ناکات، جا بێینە سەر برگەکان، لە سەر دارشتنەوەی برگە (٢و٤ و٦و٧) من چەند تێبینییەکم هەیە، برگە(٢)دەڵێت :(مزاولة المهنة دون تجدید الاشتراك في النقابة بموجب هذا القانون)، بە ڕای من بکرێتە(مزاولة المهنة دون الاشتراك او تجدیده في النقابة)، چونکە ئێمە دەڵێین ڕۆژنامەنووس دەبێت سەر بە سەندیکا بێت، جا دەبێت لە پێشان سەر بە سەندیکاکە بێت و، ئەگەر ماوەی سەربە سەندیکاکەشی بەسەر چوو ئەوە دەبێت تازەی کاتەوە. دووەم، لە برگە(٤)دا دەڵێت:(قبول الاعانات الا بعد بموافقة المجلس)، ئەگەر بکرێتە(قبول الاعانات دون موافقة المجلس) باشترە. لە برگە(٦)یشدا دەڵێت:(زعزعة الثقة بالنظام الفیدرالي لکوردستان العراق ومواطنیها) هاوولاتی کوا زعزعەی هەیە، بەڵکو (زعزعة) بۆ وەلاتە ، جا ئەگەر ئەوەش چاک کرێتەوە وبکرێتە(زعزعة الثقة بالوطن والنظام الفدرالي)...

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیارێک هەیە کەوا بکرێتە(زعزعة الثقة بالنظام الفدرالي لکوردستان العراق و امن مواطنیها) خۆی ئەوە زیاتر بە پەسەند دەزانین، مامۆستا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەسەر برگە(٧)یش کە دەڵێت:(استغلال الکلمة المکتوبة او المرسلة إستغلالا خاصا للمنفعة

الشخصية الضارة بالغير او انتحال صفة أو فكرة)، جا ئەو(فكرة) بە هیچەوە گرێ نادات، پاشان دەڵـێـت(و الاسـاءة الى الاداب والنظام العـام)، جـا ئەگەر وشـەی(دین)یشی بۆ زیاد بکەن ئەوە باشتر دەبێت، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

سوپاس، لەسەر برگە(٧)دا مامۆستا مەلا موحسن پێشنیارێکی کرد، پێشنیارەکەی ئەو گشتی ترە، ئەگەر بە پەسەندی دەزانن ئەوە دەیخەینە دەنگدانەوە، ئەوانەی کە ویستیان قسە بکەن تەواو بوون، ئێستاش پێشنیارەکان دەخوێنینەوە، کە پێشنیارەکانی ئەم بەڕێزانەن، کاک سەعید و مامۆستا مەلا موحسن و ئەو چەند پێشنیارەی مامۆستا مەلا تاهیر کە لەسەر داڕشتنەوەی چەند برگەیەکە. بەرای من جەنابی دوایی لەگەڵ لیژنەی یاسا مەسەلەی داڕشتن رێک بخەن چ گرفتێکی تێدا نییە لە ناوەڕۆکەکەی تەنها داڕشتنەکەی چاک بکرێت.

پێشنیاری کاک سەعید دەخەینە دەنگدانەوە کاک سەعید چوار پێشنیاری کردووە لەوانەیە هەندێکی تێکەڵاوی هەیە لەگەڵ ئەو ماددانەی کە ئێستا چەسپاون، بۆ نموونە لە برگە چواردا ئەو نووسیوەتی (البيانات المغلوطة) ئێمە دەڵێین (تضليل الجمهور بالمعلومات غير الصحيحة) وەک بڵێی هەمان شتە.

٢ـ (مس بالحريات الخاصة) ئێمە گوتمان (الاساءة الى الاداب والنظام العام) وابزانم حریاتیش دەگرێتەوە، لێرە الحريات الخاصه وابزانم دیسان هەیە (التصريح او التلميح الثابت ما من شأنه ان يفيد الجهة المعادية) لێرە وتمان (زعزعة النظام الفيدرالي وامن مواطنيها) باوەر ناکەم هاوڵاتی دوژمنکار، یان لایەنی دوژمنکار ئامانجی ئەوە بێت ئەم سیستەمە شلۆق بکات و هێمنی هاوڵاتیانی ئێمە تێک بدات.

(تهديد المواطنين بأي وسيلة او اسلوب من اساليب الصحافة). (الاساءة الى سمعة المهنة او تهديد المواطنين)

وابزانم ماددەکان ئاساییـنە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە دەیدەین بە لیژنەی یاسا جەنابت ئەگەر هەستت کرد کەموکوڕتییەک هەیە ئێوە دەتوانن لەلانی داڕشتنەوە پێش و پاشی بکەن، ئەگینا هەموو خاڵەکان لێرە چاک کراون، پێشنیارێکی مامۆستا مەلا موحسین هەیە فەرموو بیخوێنەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

(عدم استغلال حرية الصحافة للطعن والتشهير بالمقدسات والشعائر الدينية والوطنية). بەڵام بەرای من وشەی (عدم) لاپچێت، چونکە لێرەدا لايجوز هەیە واتە بەو شێوەیە بێت: (استغلال حرية الصحافة للطعن والتشهير بالمقدسات والشعائر الدينية والوطنية).

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن:**

ئەمە پێشنیارێکە وابزانم گشتییە هەمووی دەگرێتەوە ئەگەر چ تێبینییەک نییە ئێستا دەیخەینە

دەنگدانەوە: کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە زیاد بکرێت؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟..
بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاس.
دوو پێشنیارمان لە بەڕێز د.ناسح بۆ هاتووە (الاساءة الى المقدسات الدينية) وابزانم ئەوەی گرتەوە (الاراء والنظام الفيدرالي) وابزانم لە بڕگە (٦) (زعزعة الثقة بالنظام الفيدرالي وامن مواطنيها) ئەویش ئەو بڕگەی جەنابتی گرتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەدیدەین بە لیژنەی یاسا، ئەگەر ویستییان تاوتوی بکەن پاشان بیکەن. ئەم ماددەیە پاش ئەو زیادەیەی کە کردمان دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا سوپاستان دەکەین. ئەوە ماددە (٢٠) بوو، ئێستا دێینە سەر مادە (٢١).

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

الفصل الخامس/ الاجراءات الادارية:

المادة ٢١:

اولاً- كل صحفي اخل بواجب من واجبات المهنة او تصرف تصرفاً يحط من قدرها او قام بعمل يمس كرامته او قدم مستنداً غير صحيح للنقابة او خالف حكماً من احكام هذا القانون يعاقب تأديبياً من قبل لجنة الأنضباط بموجب القواعد عليها في قانون الانضباط موظفي الدولة النافذ بالعقوبات التالية:

١- التنبيه: ويكون بكتاب يوجه للصحفي يلفت فيه نظره الى ما موقع منه ويطلب منه عدم تكراره مستقبلا.

٢- الانذار: في حالة تكرار الصحفي المخالفة المنصوص عليها في الفقرة (١) ينذر بعدم تكراره.

٣- المنع من مزاولة المهنة مدة لا تتجاوز سنة واحدة.

٤- الفصل المؤقت: ويكون بشطب اسمه في السجل العام ولا يجوز اعادة تسجيل اسمه الا بعد مرور سنتين.

ثانيا: لا تنفذ العقوبات اعلاه بحق الصحفي الا بعد مصادقة مجلس النقابة عليها.

ثالثا: للصحفي المعاقب حق الطعن في قرارات مجلس النقابة الخاصة بالمنع او الفصل لدى محكمة تمييز اقليم كوردستان العراق بصفتها التمييزية خلال خمسة عشر يوما من تاريخ التبلغ بالقرار ولا تنفذ العقوبة الا بعد اكتسابها الدرجة القطعية.

رابعاً: يشطب اسم العضو من النقابة اذا صدر عليه حكم نهائي بعقوبة مقيدة للحرية في جنحة او جناية غير سياسية.

خامسا: وفي حالة الحكم عليه في جناية او جنحة مخلة بالشرف يرقن قيده من السجل العام ولا يجوز اعادة تسجيله مرة اخرى.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک لەسەر مادده (٢١) هەیە؟ تکایە ناونووسیان بکەین. کاک شێخ جەعفەر، کاک عەبدولخالق، کاک ناسح، مامۆستا مەلا تاهیر، کاک سەعید، جەنابی وەزیر دەتەوێ لە سەرەتادا قسە بکەیت؟ فەرموو.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی/وەزیری رۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینییەکەم لەرووی زمانەوانییەوەیە، یەکەم جار کە نووسرا بوو (استئناف بصفته التمييزية) بەو پێیەی کە ئیستئناف سیفەتی تەمییزی دەبێت، ئەمجارە ئەبێ (الصفه التمييزيه) لاببرێت، چونکە دادگای تێهەڵچوونەوە خۆی سیفەی تەمییزی تێدایە واتە بەو شێوەیە بێت: (منع والفصل لدى محكمة التمييز خلال خمسة وعشرين يوما)، دەستەواژەی (بصفته التمييزية) زیادەیە، چونکە دادگای تێهەڵچوونەوە ئەو سیفەتەی هەر هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک فەلەکەدین. فەرموو کاک جەعفەر.

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە رای لیژنەی یاسا لە بڕگە (٤)دا هاتووە« کە بووە بە ثانيا» دەڵێ: (لا تنفذ العقوبات اعلاه بحق الصحفي الا بعد مصادقة اكثرية اعضاء مجلس النقابة عليها). من لەگەڵ ئەو رایەدام، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ثانيا لا تنفذ العقوبات اعلاه بحق الصحفي الا بعد مصادقة مجلس النقابة عليها.

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

اكثريه الاعضاء، رای لیژنەی یاسایە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ سوپاس ئێستا دێینەوە سەر لیژنەی یاسا.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی سەندیکا ئاساییە دەبێ بە زۆربەی دەنگ دەربچێت، بەڵام تەنها ئەوە بۆ روونکردنەوەیە، زیاتر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەماددەیەکی تردا وابزانم پێش ئێستاکە چەسپاوە. کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

برگەی (٤) الفصل المؤقت، بەرای من دوو ساڵ زۆرە بۆ رۆژنامەنووس خۆشی هەڵبژاردن بۆ دووساڵە، لەبەرئەوە من لەگەڵ ئەوەدام (ویکون بشطب اسمه في السجل العام ولا یجوز اعادة تسجیله الا بعد مرور سنة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جەنابت پێشنیار دەکەی بکرێت بە ساڵێک؟.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد زەنگەنە:**

بەڵێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە سوپاس. کاک د. ناسح فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یەکێک لە تێبینییەکانی من ئەوە بوو کە جەنابی وەزیری رۆشنبیری باسی کرد بەڵام جەخت بکرێتەوە (لدی محکمة التمییز لاقلیم کوردستان العراق) ئەوە زیاد بکرێت و، تێبینیەکی ترم هەیە ئەوەی کاک عەبدولخالق گوتی وا باشە بکرێت بە ساڵێک نەک دوو ساڵ، بەڵام شتەکی تر هەیە ئەگەر خوانەخواستە ئەو رۆژنامەنووسەی کە باری خۆی هەر راست نەکردەوە دەبێ چارسەریەکی لێ بکرێت، بۆیە دەبێ بەیەکجاری دەربکرێ، بەڵام لێرەدا باسی (طرد) نەکراوە ئەبێ حسابی ئەوەش بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من وەکو کاک جەعفەر گوتی بێگومان ئەنجوومەنی سەندیکا کاتێک کۆبوونەوەیەک بکات لەسەر بابەتێک بە زۆربەی ئەندامانی دەبێت بەڵام ئەگەر ئەمە بە روونی تیایدا بێت چاکترە.

لەسەر (ثالثا) تۆزێک تێبینم هەیە لەبارەی دارشتنەکەیەوە دەڵێ (للصحفي المعاقب حق الطعن في قرارات مجلس النقابە)، بریارەکانی ئەنجوومەنی سەندیکا هی ئەنجوومەن نییە بەڵکو بریار هی لیژنەیە، ئینجا ئەنجوومەن پەسەندی دەکات من پێموایە بکرێ بە (في القرارات الخاصة) تاکو بریاری لیژنەکەش بگرێتەوە پەسندکردنی ئەنجوومەنیش بگرێتەوە (في القرارات الخاصة) دیارە بریارە تایبەتییەکان هەر بە سزای رۆژنامەنووسەوەیە یانی زیاد نەکرێت بۆ لای ئەنجوومەنی سەندیکا (في القرارات الخاصة بالمنع او الفصل لدي محكمة ...)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە جارێکی تر دابڕێژرێتەوە. کاک سەعید یەعقوبی فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە دەڵێ دەبێ ڕۆژنامەنووس لە دەرەوە دابنیشی هەروەکو گفتوگۆمان کرد کاتی خۆی کە ڕۆژنامەنووس مەرج نییە نیشتەجێ (مقیم) بێت لێرەش دەڵێ ڕۆژنامەنووس حسابی لەگەڵ دەکرێ لە یاسای (انضباط موظفي الدولە) وەکو ئەوەی فەرمانبەرەو دەوامی کردووە، باشە ئەگەر ڕۆژنامەنووسەکە لە دەرەوە جێنشین بێت گریمان دوو ساڵ جارێک دەگەڕێتەوە بۆ لێرەدا ئەو حسابەی بۆ بکرێت، واتا وەکو فەرمانبەرێک مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە دووبارەی بکەوە باش تێنەگەیشتم.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکێک لە مەرجەکانی ڕۆژنامەنووس ئەوەیە لەکوردستاندا نیشتەجێ بێت ئەوەبوو ڕەت کرایە، گوتیان دەبێ لە کوردستان نیشتەجێ بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر جائیز نییە، ئەگەر لەدەرەوە بێت مافی هەیە بچێتە سەندیکای ئەو وڵاتەوە مافی نییە لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ئەندام بێت، ئەوە لە حاڵەتێکدا لە دەرەوە نیشتەجێ بێت بەپێی ئەم یاسایەی ئێمە ڕۆژنامەنووس ئەو ڕۆژنامەنووسەیە کە لە کوردستاندا نیشتەجێ بێت.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ هیچ گرفت نەما، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینییەکەی من هەر ئەوەی کاک عەبدولخالق بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. جەنابی سکرتێر ڕوونکردنەوەیەکی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەرای من لە بڕگە (ثالثا) (الدرجة القطعية) ببێتە (درجه البتات)، چونکە ئەو زاراوەیە لە یاسا کارپێکراوەکاندا نەماوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

درجه البتات، ئەوە برادەرانی دارشتن ئەمە زیاد بکەن. فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت ئەو پێشنیارەی کاک عەبدولخالق کاک فرەنسۆش پشتگیری کرد، ئێمەش وەکو لیژنەی یاسا هیچ لاریمان نییە ئەگەر ببێتە ساڵێک.

سەبارەت بە تێبینی د. ناسح کە باسی (طرد) دەکات لەو یاسایە (ترقین قید) هاتووە ترقین قید مانای (طرد)ە.

سەبارەت بە تێبینی مامۆستا مەلا تاهیریش هەموو سەندیکایەک لیژنەی (تأدیبی) هەیە کە لیژنەی (تأدیبی)، یاخود لیژنەی بەرزەفتی (انضباط) بڕیارەکە وەردەگرێ دەبێ ئەنجوومەنی سەندیکا پەسەندی بکات، ئەمە دەرئەنجامە.

تێبینییەکەی کاک سەعیدیش بەڕێزت وەڵامت دایەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە ئێستا تەنیا پێشنیارێکمان هەیە دەیخەینە دەنگدانەوە ئەویش لە دوو ساڵەوە بکرێ بە ساڵێک با دەقەکە بخوێنمەوە (الفصل المؤقت ويكون بشطب اسمه في سجل العام ولا يجوز اعادة تسجيل اسمه الا بعد مرور سنتين) بابزانین جەنابی وەزیر رای چییە؟، فەرموو.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی/وەزیری رۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی لە بڕگەی پێشووتر هاتووە کە (المنع من مزاولة المهنة مدة لا تتجاوز سنة واحدة) لە هەندێ سزاکاندا، بێگومان ئەوەش هەروەکو دەرکردنە، مزاولە نەکردن هەروەکو فەسڵە.

دووەم دەبێتە دوو ساڵ ئەگەر ئەوە نەبێ ئەو دەبێ، لەبەرئەوە من لەگەڵ ئەوەدام ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

واتا ئەگەر (تنبه) و (انذار) و (منع) سوودی نەبوو ناچار کرداری دەرکردنی کاتی بەکاردێن، یان سزاکە ئەوەندە زۆر بوو لەم سێیەی لادا ناچاردەبن بیکەن بە دەرکردنی کاتی، چونکە ماوە دراوە بەئەنجوومەنی سەندیکا، یاخود بەلیژنەی لێکۆڵینەوە، یان لیژنەی پەیوەندیدار کرداری تر بکات. کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فـــــــرەنســـــــۆ تـۆمـــــــا هـەریری:**

**بەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومــــــــەن.**

دوای ڕوونکردنەوەی جەنابی وەزیر من پێشنیاری خۆم دەکێشمەوە، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومــــــــەن:**

سوپاست دەکەین، وابزانم جەنابی وەزیر باسی کرد لەبەرئەوەی تەدەڕوجی تێدایە ئەوە بەرزترین رادەیە کە ئەو ڕۆژنامەنووسە هەر لادانێکی کرد ئەنجوومەنی سەندیکا ئەو مافەی هەبێت بۆ ئەو ماوەیە، چونکە سالێش هەیە و، ماوەی تریش هەیە. سوپاس کاک عەبدولخالقیش پێشنیارەکەی خۆی کێشایەوە مادام وایە پاش ئەوەی (درجة البتات) زیاد کرا هەندێ تێبینی تریش هەبوو لە داڕشتن. دەیخەینە دەنگدانەوە:

کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاستان دەکەین.

ئێستا دێینە سەر مادە (٢٢).

**بەڕێز حـــــــســـــــێن عـــــــەلی کـــــــەمـــــــال:**

الفصل السادس/ مالية النقابة:

المادة (٢٢):

اولا- تتألف مالية النقابة مما يأتي:

١- رسم الانتماء.

٢- بدل اشتراك السنوي.

٣- منح وزارة المالية.

٤- ريع الحفلات والاكتتابات العامة التي تقوم بها النقابة وفق القوانين المرعية.

٥- ارباح المشاريع التي تقوم بها النقابة.

٦- ارباح مطبوعات النقابة.

٧- التبرعات والهبات المقدمة من الاعضاء او غيرهم بشرط عدم التأثير على مسار النقابة واعلام الجهات المختصة بذلك.

ثانيا: تودع مالية النقابة بتوقيع النقيب والمحاسب واحد اعضاء المجلس في احد مصارف اربيل وتوقع اوامر الصرف من قبلهم ايضا وتخضع لاصول نظام المحاسبة العامة.

ثالثا: يحدد رسم الانتماء وبدل الاشتراك بموجب النظام الداخلي.

**بەڕێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومــــــــەن:**

مادده (٢٢) کێ تێبینی هەیە لەسەری؟ کاک ئیبراهیم، کاک د. رزگار، کاک ئەمین مەولود، کاک د. ناسح، کاک فرەنسۆ.

کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من تێبینیم لەسەر خاڵی (٣) هەیە (منح وزارة المالیـة). وەزارەتی ڕۆشنبیریش لە بودجەی ساڵانەی خۆی (منحەی) هەیە، ئەگەر ڕۆشبیری بیداتێ، بۆچی تەنیا وەزارەتی دارایی بێت؟، سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بوودجەی هەیە با ئەویش (منح)ی بدات، ئەی بۆ (منحی) حکومەتی هەرێم نەبێت؟ تەنها دیاری کراوە بە وەزارەتی دارایی؟ بەرای من کەمە و، ببێتە شتێکی گشتی حکومەتی هەرێم. ئەمە یەک.

دوو، لە (ثانیا) هاتووە کە پارەی مەرکەز بخرێتە یەکێک لە بانکەکانی هەولێر، باشە ئەگەر لقێکی دارایی هەبێت ئەویش دەیهێنێتە مەرکەز، یان لە هەر بانکێکی پارێزگادا پارەکەی دادەنێت، من پرسیار دەکەم بۆ دیاری بکرێت بە یەکێک لە بانکەکانی هەولێر؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک د. رزگار.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دوو بڕگە باسکرا کاک ئیبراهیم گوتی (منح وزارة المالیة) من پێشنیار دەکەم وەکو حکومەت بێت (منح الحکومة)

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە کراوە.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمە یەک. دوو ئەوەی خەرجی وەکو ئەو بوو.

سێ، بڕگەی سێ لاببرێ (رسم الانتماء وبدل الاشتراك بموجب النظام الداخلي)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بڕگە (٣) پێویست ناکات دووبارە بکرێتەوە، چونکە پێڕەوی ناوخۆیە. کاک د.ناسح فەرموو.

**بەڕێز ناسح غەفوور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تێبینییەکانی من کاک ئیبراهیم باسی کردن، ئەوەی د.رزگار من بەپێچەوانەوە دەبینم ئەم بڕگەیە بمێنێتەوە باشترە، گونجاو نییە نەبێ، چونکە دەبێ لە پێڕەو ئەو مەسەلەیە دیاری بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکەم ئەوەیە ئەم بڕگەیە زیاد بکرێت: (وتودع مالية الفروع في اقرب مصرف له وبتوقيع مسؤول الفرع في المحافظة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم یاسایە بۆ سەندیکایە بۆ لقەکانی سەندیکا نییە دەتوانن هی لقەکانی سەندیکا لە پێڕەوی ناوخۆ ڕێک بخەن.

ئەوەی کاک ئیبراهیم گوتی دەربارەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ئەوە سەندیکایە چ پەیوەندی بە وەزارەتی ڕۆشنبیریەوە نییە، تەنیا وەزارەتی دارایی پارە دەدات بە سەندیکاو ڕێکخراوەکان، بۆ وەزاراتی تر نییە کە ئەوە بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک فرەنسۆ. جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی/وەزیری ڕۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا دوو خاڵ هەنە، یەکێکیان منحی وەزارەتی دارایی وەکو باسکرا خۆی ئەمە لەسەر ئەو بنەمایە دانراوە کە هەندێک سەندیکاو ڕێکخراو پارەیان بۆ دابین دەکرێت لە حکومەتی هەرێمەوە و، ناچێتە سەر بوودجەی هیچ وەزارەتێک یەکسەر لە ئەنجوومەنی وەزیران ڕەزامەندی لەسەر دەکرێ یەکسەر دەچێ بۆ وەزارەتی دارایی و دەیدات، بەڵام وەزارەتی ڕۆشنبیری بەپێی سروشتی کارەکەی خۆی بێگومان (منح) دەدات بەڵام دیاریکراو نییە، بەڵام ئەوەی دارایی دیاری کراوە هەر ساڵەی ئەوەندە (منحە) وەردەگرێت، نەک هەموو جار بچن وەری بگرن، بەڵام وەزارەتی ڕۆشنبیری تا ئێستا منحی بە ڕێکخراوە ڕۆشبیرییەکان و کۆمەڵەکان داوە، ئەمە خاڵێک.

خاڵی تر باسی (تودیعی) دارایی سەندیکا کرا، خۆی وەکو باوە بۆ سێ کەس دەبێت (نقیب، محاسب، یەکێک لە ئەندامەکان) لە لقەکانیش پاشان دەتوانرێت هەر هەمان شت بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. لیژنەی یاسا فەرموون.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هەر لەسەرەتاوە دەقێکمان پێشنیار کردووە دەقەکەش بەو شێوەیە: (یراعی تطبیق اصول نظام المحاسبة العامة علی مالیة النقابة) ئەوە بەدرێژی بۆ هەموو سەندیکاکان چۆن هاتووە بەو شێوەیە دەکرێت..

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە زیاد دەکەن لە جیاتی ....؟.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە لەجیاتی مادده (٢)ە، گشتی دەیگرێتەوە ئینجا ئەو شێوازەی کە پێڕەو کراوە لە سەندیکاکانی تر هەر هەمان شێوازە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئینجا پێشنیارەکەمان بۆ بخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

(یراعی تطبیق اصول نظام المحاسبة العامة علی مالیة النقابة).

ئەمە یەک، دوو، سەبارەت بە (منح)ی حکومەتی هەرێم راستە هەموو سەندیکاو رێکخراوەکان لە حکومەتەوە (منح) وەردەگرن نەک لە وەزارەتەکی دیاریکراو، راستە وەزارەتی دارایی (منح)ی پێ دەدات (تەمویلی) دەکات بەڵام لە رێگای حکومەتی هەرێمەوە وەریدەگرن.

سەبارەت ئەوەی کاک د. ناسح ئاماژەی بۆ کرد (یحدد رسم الانتماء) ئەوە لاببرێ. لە راستیدا حەق نییە برگەی (٣) لابرێ، چونکە دەبێ لە پێڕەوی ناوخۆ درێژەپێدانێک بدرێتە (رسمی بەشداربوون و رسمی بوونە ئەندام (انتماء) چەندەو چەند نییە و، سالانی خزمەت رەچاو دەکرێ ئەم درێژەپێدانە هەمووی لە پێرەوی ناوخۆدا باس دەکرێت دەبێ لێرە ئاماژەی بۆ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. ئێستا یەک دوو پێشنیارمان هەیە.

پێشنیاری یەکەم ئەوەیە لە جیاتی وەزارەتی دارایی بکرێ بە (منح حکومة الاقلیم)، ئەوە پێشنیارێکە لە (ثالثا) دەڵێ (منح وزارة المالیة) لە جیاتی ئەوە بکرێ بە (منح حکومة الاقلیم) ئەو پێشنیارەی کاک ئیبراهیم بخەینە دەنگدانەوە؟، دەیخەینە دەنگدانەوە:

کێ لەگەڵ ئەوەدایە لەجیاتی (منح وزارة المالیة) ببێتە (منح حکومة الاقلیم)، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ ئەو پێشنیارە پەسەند کرا سوپاستان دەکەین..

پێشنیارێکی تر ئەوەیە کە لیژنەی یاسا لەجیاتی ثانیا پێشنیاری کردووە کە وەکو بەندێکی گشتی بۆ هەموو سەندیکاکانە کاک حسێن فەرموو بیخوێنەوە.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

يراعى تطبيق اصول المحاسبة العامةعلى مالية النقابة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە دەقێکی گشتییە مانای وایە لە پێڕەوی گشتی کە ئەبێ سەرۆک و جێگری سەرۆک و کێ و کێ ئیمزای بکەن، دەقێکی گشتییە لەجیاتی ثانیا ئەوەیە.

کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟.. تکایە دەست بەرز بکاتەوە.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

وەکو مادده دەیخەینە دەنگدانەوە: کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ ئەم ماددەیەش پەسەند کرا. سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

الفصل السابع/ احكام ختامية:

عناوين الصحفي.

مادة (٢٣): يقصد بالصحفي من يحمل احدى العناوين الآتية:

١ـ صاحب الامتياز.

٢ـ رئيس التحرير. ٣ـ نائب رئيس التحرير .٤ـ مدير التحرير. ٥ـ سكرتير التحرير. ٦ـ المحرر. ٧ـ مترجم صحفي. ٨ـ المراسل. ٩ـ المصور. ١٠ـ الرسام. ١١ـ المصمم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده (٢٣) چ تێبینییەک هەیە لەسەری؟. تەنها کاک د. رزگار د. ناسح.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە جیهانی ڕۆژنامەگەریی ئازاددا مەرج نییە خاوەنی ئیمتیاز، ڕۆژنامەوان بێ هەیە لە خێزانێکی دەوڵەمەندە خاوەنی ئیمتیازە هەروەک دەسگای (ڕۆیتەر) مەرج نییە هەر ڕۆژنامەنووس بێت، لەبەرئەوە وشەی (صاحب الامتياز) لێرەدا لە جێگای خۆی نییە، هەر ڕۆژنامەنووس بێت یان لەقەبی ڕۆژنامەنووسی هەبێت، یان پێناسەی ڕۆژنامەنووسی بۆ دابنرێ ئەوە خاوەنەکانە پێکیان هێناوە.

ئەمە یەک، دوو من پێشنیار دەکەم خاڵی (١٢) زیاد بکرێت (المشارک فی مهنه الصحافه)، چونکە ئەمە هەمووی گوتراوە (تحرير) و نەیگتووە صحافەو ممارەسه الصحافه، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز د. ناسح فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێموایە ئەم زنجیرەی کە هاتووە باشە بەڵام کەموکوڕی هەیە ئەبێ جێی ئەوە بکرێتەوە (المصحح)، یان (المدقق) ئەوەشی لەناو بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم پێی دەڵێن (المصحح) بەرەسمی.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە هەندێ شوێن هەڵەچن(مصححی) پێ دەڵێن لە هەندێ شوێنیش پێی دەڵێن (المدقق). بەرای من هەڵەچن (مصحح) باشترە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی/وەزیری رۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەڵەچن خۆی هەر بە (محرر) دادەنرێت، نووسین (تحریر) هەموو شتێک کە پەیوەندی بە زمان و نووسین و چاککردنەوە هەبێت هەمووی دەگرێتەوە، بەڵام لە هەندێ جێگا هەڵەچن (مصحح) بەکار دێنن بەڵام خۆی (محرر) بەسە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەوەی تر پێشنیاری د.رزگار ئەوەی یەک دوو دێڕ بنووسێ بەشدار بێت لە رۆژنامەگەریی، وابزانم پێناسەی رۆژنامەوانمان کردووە لەیەکەم جارەوە کە دەبی ئەندام بێت لە سەندیکا، جەنابی وەزیر پێش ئەوەی بێینە هۆڵی کۆبوونەوە و کورتە باسێکی بۆ کردین رۆژنامەنووس دەبێ کۆمەڵێک پاپەندی هەیە لە رووی پیشەییەوە لێی بێتە دی ئایا چەند بنووسی؟ چۆن بنووسێ؟ و لەرووی پلەدارییەکەشی، جا ئەگەر جەنابی وەزیر روونکردنەوەیەکمان بۆ بکات.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی/وەزیری رۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە بۆنەیەکی باش بوو بۆ ئەوەی هەندێ شتی تریش روون بکەمەوە دوێنێ باسکرا کە چۆن یەکێک انتما دەکات لە سەندیکادا، دوو کەس تزکیەی دەکەن، ئەو دوو کەسە کێن؟. ئایا هەردوو کەس بتوانن ئیمزا بکەن و یەکێک ببێتە رۆژنامەنووس؟ نەخێر ئەوەی تر تزکیە دەکەن پاش ئەوەی

ئەو نووسەرە دەیسەلمێنێ چەند وتاری نووسیوە (١٠ــ ١٢) وتار رۆژنامەکانیش بێنێت کە تیایدا بڵاوکراوەتەوە و، رۆژنامەش پشتگیری بکات کە ئەمە نووسیوەیەتی بە مەرجێکیش نەک (١٠) ساڵ جارێک یان (٥) ساڵ جارێک وتارێکی نووسی بێت ئەبێت بە شێوەیەک بێت بزانرێ هەفتەی جارێک یان دوو جار یان بەلایەنی کەمەوە دوو هەفتە جارێک بنووسێ ئەمانە هەل و مەرجی زۆرن، لەپاش ئەوەی ئەو دوو کەسە تزکیەی دەکەن کە ئەمانەی نووسیوە نەک تزکیەی دەکەن کە ئەوە رۆژنامەنووسە، ئەگینا زۆر ئاسانە دوو کەس دادەنیشن هەزاران کەس دەکەنە رۆژنامەنووس، پاشان کە تزکیەی دەکەن کە ئەم برادەرە ئەم شتانەی نووسیوە ، ئینجا دەچێت بۆ لیژنەی ئینزبات، لیژنەی ئیزباتیش گفتوگۆی دەکات رەنگە پەسەندی نەکەن، لەبەرئەوە ئەگەر رەت بکرێتەوە دادگای پێداچوونەوە تەماشای دەکات، ئەگەر سەیری بکەین ئاڵۆزی زۆری هەیە و، هەروا ئاسان نییە یەکێک ببێتە ئەندامی سەندیکا ئەوە لەلایەک.
پرسیارێکی تر کرا هەندێ پلە دانراوە (صنفی متدرج) دانراوە، صنفی رۆژنامەوانی ئەزموندار دانراوە بەشداریش دانراوە، بەشداریش ئەوەیە کە یەکێک زۆر بنووسێ، بەڵام نەتوانێ ببێتە ئەندامی سەندیکا بە بەشدار دادەنرێت، بەس نەک هەر یەکێک کە دوو وشەی نووسیوە، ئەگەرنا زۆر هاوڵاتی هەیە گرفتی تایبەتی خۆی دەنووسێ، ئەویش دەبێتە رۆژنامەنووس؟ نەخێر خۆ رۆژنامە هەموو شتێک بڵاو دەکاتەوە سکاڵایە داواکارییە.. هتد، لەبەر ئەوە رۆژنامەنووس ئەبێت ماوەیەکی زۆر بنووسێ، هەتا دانرا بۆ دوو ساڵەکە، خۆی بنەمای خزمەتگوزاری بەپێی یاسا (١٨) ساڵە، یەکێک (١٨) ساڵی تەواو کرد مافی هەیە دابمەزرێت لە فەرمانگەکاندا، بەڵام رۆژنامەنووس لە (٢٠) ساڵی مافی هەیە ئینتما بکات کە لە (٢٠) ساڵی ئینتمای کرد ئەو دوو ساڵەی تر بۆی بە خزمەت حساب دەکرێت کە مومارەسەی کردووە مانای ئەوەیە لە پاش ئەوەی لە (٢٠) ساڵی وەردەگیرێ دەبێ لەو دوو ساڵە شتی نووسیبێت، ئەگەر نووسیبێتی ئەو دوو ساڵە بۆی بە خزمەت حساب دەکرێت کەواتە بەپێی منطق ئەم لە (١٨) ساڵییەوە وەرگیرا.
مەسەلەیەکی تر، هەندێ رۆژنامەنووس هەنە ئەندامی سەندیکا نین نەک لەبەرئەوە هەندێ مەسەلەی یاسایی هەیە رەنگە فەرمانبەرێکی ترە رەنگە بۆی ناچێ رەنگە لەچەند سەندیکا بەشدارە هەندێ یاسا هەیە کە مافی نییە بێتە ناو سەندیکا، بەڵام دەنووسێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ ئەو روونکردنەوە، بەڵام هەڵەچن جەنابی وەزیر دەڵێ لە نێوان نووسەراندایە لەبەرئەوە پێویست ناکات بکرێ.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی/وەزیری رۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بنووسرێ هیچ گرفت نییە بەڵام ئەمە زیاتر جەخت کردنە کە مافی ئەو چینە ناسووتێ، ئەگەر بشکرێ خراپ نییە.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

وابزانم ئەوەی کە ویستمان لەسەر ئەو ماددەیە تەواو، بابیخەنە دەنگدانەوە، فوزیەخان فەرموو.

**بەڕێز فـــەوزیە عـــزەدین رەشـــیـــد:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

لێرە باسی تەلەفزیۆن نەهاتووە، واتە (الصحافة المرئية) هەیە کە جۆرەها کارمەندی بێژەرو پەخشکار و هونەرکاری هەیە، ئەی ئەوانە نازانم لە کوێ جێگایان دەبێتەوە؟، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

ئەوانە سەندیکای خۆیان هەیە، فەرموو کاک ئەحمەد.

**بەڕێز ئەحـــمـــەد ســـالار عـــەبدولـواحـــد:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئەوانە کـارەکـانیـان دەچێـتـە خـانەی هونەرە جـوانەکـانەوە پەیوەست دەبن بە سـەندیکای هونەرمەندانەوە، وەکو دەرهێنەرو مۆنتێرو وێنەگەری تەلەفزیۆنی و سینەمایی، ئەوانی تر کە لەم بوارەدا کار دەکەن، بەڵام لە هەمان کاتدا لەبواری رادیۆو تەلەفزیۆندا ئەم ناونیشانانە هەیە وەکو سەرنووسەرو نووسەر، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

بێژەریش هەیە، جەنابی وەزیر بێژەر لە چ خانەیەک حسابی بۆ بکەین...؟.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی/وەزیری رۆشنبیری:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بەڵێ بێژەر هەیە و زۆر شتی تریش هەیە، ئەوەی هەست رادەگرێ (أنصات) دەکا لە تەلەفزیۆن و رادیۆوە بەڕاستی دانرا کە ئەوانە لەخانەی رۆژنامەگەری، نین مـحرر هەیە، دەسـتـەی نووسـەران هەیە نەلە تەلەفزیۆن و رادیۆکان دەنگوباس یان تەعلیق دەنووسن ئەمە ئەوانە دەگرێتەوە.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

مادده(٢٣) پاش ئەو تێبینیانە ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاسـتـان دەکـەین، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا. سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز حـــســـێن عـــەلی کـــەمـــال:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

المادة(٢٤) لنقابة الصحفيين إصدار نظام خاص بها وفق أحكام هذا القانون.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

واتە پێڕەوی ناوخۆ، مادده(٢٤) چ تێبینیەک لەسەری هەیە؟ فەرموو کاک سەعید.

**بەڕێز محەممەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
منیش هەمان تێبینیم هەبوو لەبەر ئەوەی دەبێ هەموار بکرێ ببێتە پەیڕەوی ناوخۆ نەک پەیڕەوێکی تایبەت، زۆر سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
پێشنیارێک هەیە کە(إصدار نظام خاص) بکرێ بە(إصدار النظام الداخلي)، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟.. سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، مادده(٢٤) ئەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین.
**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
پێش ئەوەی بچینە سەر مادده(٢٥) تێبینیەکمان هەیە داوای زیاد کردنی ماددەیەک دەکەین ماددەکەش ئەوەیە(لایعمل بأي نص یتعارض وأحکام هذا القانون) لەبەر ئەوەی کە لەوانەیە هەندێک دەق هەبێ هاودژی بکا وەکو یاسای ڕۆژنامەنووسانی بەغدا لەوانەیە هەندێک بەش لێرە هەیە یان هەندێ یاسا هەبێ پەیوەندی بەم بابەتەوە هەبێ، بۆیە پێشنیار دەکەین ئەم ماددەیە بخرێتە گفتوگۆ ودەنگدانەوە، لەگەڵ ڕێزماندا.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
سوپاستان دەکەین، (لایعمل بأي نص یتعارض وأحکام هذا القانون) ئەوە پێشنیارێکە چ تێبینیەک لەسەری هەیە؟ نییە؟، ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟..بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاس.
**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
المادة(٢٦) علی مجلس الوزراء تنفیذ أحکام هذا القانون.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
مادده(٢٦) چ تێبینیەک لەسەری هەیە؟ فەرموو کاک سەعید.
**بەڕێز محەممەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
دەبێ( علی الوزراء تنفیذ أحکام هذا القانون) نەک(مجلس الوزراء)، زۆر سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
مادام وایە ئەبێ(المختصین) زیاد بکەین، چونکە وەزیری کشتوکاڵ چ پەیوەندییەکی هەیە بە یاسای ڕۆژنامەگەریەوە، زیاتر برایانی ڕۆشنبیری وبرایانی دارایی پەیوەندی دار بن.

پێشنیارێک هەیە ماددە(٢٦) وای لێ بێ(على الوزراء المختصين تنفيذ أحكام هذا القانون) کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا. ماددە(٢٦) ئەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاس. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا. دووجار دەنگدانمان لەسەر کرد بۆ ئەوەی جەختی لەسەر بکرێ.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة(٢٧) ينفذ هذا القانون من تاريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددە(٢٧) چ تێبینیەک لەسەری هەیە؟ ناونووسیان بکەین، کاک ئەحمەد، د.ناسح، شێخ یەحیا، مامۆستا مەلا تاهیر، فەرموو کاک ئەحمەد.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەوەی کە ڕۆژی(٢٢) بۆنەیەکی هەرە ئازیز ونازدار وگرنگ وگەورەیە لە مێژووی نەتەوەکەمان، رابردنی سەد ساڵە بەسەر دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردیە وە ئەو ڕۆژە جەژنێکی مەزنی ڕۆژنامەنووسانە، بۆیە پێشنیار دەکەین بەکاربوونی لە ڕۆژی(٢٢)وە کە ئەکەوێتە جەژنی سەد ساڵەی ڕۆژنامەنووسانەوە بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک ئەحمەد بۆ ئەو پێشنیارە، برادەرانی تر وابزانم د.ناسح هەمان پێشنیاری هەبوو کاکە(شێخ)یش هەمان پێشنیاری هەبوو کاک عەبدولخالقیش هەروا، فەرموو مامۆستا.

**مەلا محەمەد تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش رازیم وەکو ئەوان (ينفذ هذا القانون من تاريخ صدوره) ئەمە ئەسڵی خۆی(من تاريخ نشره) کوا قانون واتان دەرنەکردووە هەتا ئێستا هەر(من تاريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية)، بەڵام ئەگەر (تاريخ صدوره) بکەوێتە(٢٢)ی مانگ لەبەر یادەکە لەگەڵ ڕێزمدا منیش پشتگیریان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ پێشنیارەکەی ئەوم وەکو لیژنەی یاسا، بەڵام یەک تێبینیمان هەیە ئێمە کە

دەڵـێـین(أعتباراً من تاريخ صدوره) دەبێ(تعـارض) نەکـا لە(تاريخ صـدور) چونکە دەسـەڵاتی صدور دراوەتە سەرۆکی پەرلەمان ئەبێ(٢٢)ی مانگ صدورەکە بکرێت، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. ئەم ماددەیە ئەخەینە دەنگدان وەکو پێشنیار کرا کە مێژووی دەرچوونی (٢٢)ی چوار بێ بەبۆنەی یادی سەد ساڵەی ڕۆژنامەنووسی کوردییەوە، مەسەلەیەکی یاسایی هەیە وەکو ڕێنماییەک قبووڵی دەکەین بەڵام کە دەرمان هێنا ئێمە بە مێژووی (٢٢)ی مانگ دەریدەهێنێن چونکە وەکو دەقێکی یاسایی دەرهێنان(إصدار) جیایە لە پەخش(نشر) ئەوە رای برادەرانی یاسایە، ئێمە(٢٢)ی مانگ(إصدار)ی دەکەین بەڵێنتان پێ ئەدەین بە مێژووی(٢٢) دەرئەچێ. مادام وایە(ينفذ هذا القانون من تاريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية). ئەخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.(الأسباب الموجبة) بخوێنەوە پاشان ئەگەر هیچ هەموار کردنێک هەبوو ئەیخەینە سەری.

**بەڕێز حسێن علی کمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

الأسباب الموجبة

حيث أن الصحافة تعتبر لسان حال أي شعب من الشعوب وصمام الأمان له وبغية تمكينها من أداء دورها على الوجه الأمثل في دعم نضال شعب كوردستان من أجل تحقيق أهدافه القومية والدفاع عن الحريات الأساسية ومبادىء حقوق الأنسان.

وبما أن تلك المهام تعتبر وسائل خالدة لايمكن أداؤها إلا بخلق كادر صحفي كفوء ومن أجل ذلك فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە(الأسباب الموجبة) بوو، وابزانم کاک ئیبراهیم شتێکی بۆ ناردین ئەگەر بخوێندرێتەوە زەحمەت نەبێ پاشان برادەرانی تریش کاک عەبدولخالقیش تێبینی هەیە، کاک ئیبراهیم، کاک عەبدولخالق، شێخ جەعفەر، کاک شمائل، د.رزگار، مامۆستا مەلا تاهیر، کاک فرەنسۆ.

**بەڕێز حسێن علی کمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمە(الأسباب الموجبة)کەی کاک ئیبراهیم سەعیدە (حيث أن الصحافة تعتبر لسان حال أي شعب من الشعوب وظاهرة حضارية لها دورها المتميز في المجتمعات البشرية وصمام الأمان له بغية تمكينها من أداء دورها على الوجه الأمثل في دعم نضال شعب كوردستان من أجل تحقيق أهدافه القومية والدفاع عن الحريات الأساسية ومباديء حقوق الإنسان بما أن تلك المهام تعتبر وسائل خالدة لايمكن أداؤها إلا بخلق كادر صحفي كفوء وفي الوقت الذي نقف على عتبة الذكرى المئوية لميلاد الصحافة الكوردية فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک ئیبراهیم، ئەوە پێشنیاری کاک(ئیبراهیم)ە، فەرموو کاک شمائیل.

**بەڕێز شمائیل ننو بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(حیث) زیادەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک شمائل، فەرموو کاک شێخ جەعفەر.

**بەڕێز شێخ جەعفەر عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە کاتی شۆڕشدا ژمارەیەکی زۆر لەخەڵکی لەخۆ بردوو خەڵکێکی خەباتکەر ژیانێکی زۆری سەرف کردووە بەکاری رۆژنامەگەریە وە لە شاخەکانی کوردستان لەناو ئەشکەوتەکاندا لەژێر گوللەی تۆپ وتەیارەی دوژمندا ژیانێکی زۆر ناخۆشی پڕلە مەترسی ونەبوونی کاری رۆژنامەگەری کردووە لەبەر ئەوە ئەگەر جێگەیەک بۆ ئەوانیش بکرێتەوە سوپاسێکی ئەو ئەرکە بکرێ کە پێی هەڵساون شوێنی خۆیەتی، پێشنیارێکم هەیە بۆ بەڕێز وەزیری رۆشنبیری ئەگەر ئەو ناوانە کۆ بکەنەوە ولایان هەبێت شتێکی باشە چونکە بەڕاستی کارێکی زۆر پیرۆزیان کردووە لەکاتی شۆڕشدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک جەعفەر، ئاماژە کردن بەناوی شەهیدانی رۆژنامەنووسی کوردستان ئەگەر لە (الأسباب الموجبة) جێگایەکی بۆ بدۆزرێتەوە، پێشنیاری کاکە(شێخ)ە فەرموو مامۆستا مەلا تاهیر.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری بۆچوونەکەی کاک ئیبراهیم دەکەم، بەڵام لەهەمان کاتدا(من أجل تحقیق الأهداف القومیة المتمثلة في الوقت الحاضر بالفیدرالیة) ئەگەر ئەمەی لەگەڵ بێت پێم باشترە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس مامۆستا مەلا تاهیر، فەرموو کاک عەبدولخالق.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوو پێشنیارم هەیە یەکێکی ئەوەیە ئەڵێ(في دعم نضال شعب کوردستان من أجل تحقیق أهدافه القومیة) و وشەی(الوطنیة) زیاد بکرێت، دووەم: لەبەر ئەوەی ئەم یاسایە بەبۆنەی یادی سەد ساڵەی رۆژنامەگەری رادەگەیەنرێ وە بۆنەیەکی مێژووییە سەبارەت بە میللەتەکەمان، رام وایە

ئەبێ بنووســـــرێ، لە دوایی(بخلق كـادر صحفي كفـوء وبمناسبة الذكـرى المئوية للصحافة الكوردستانية المصادف ٢٢/٤/١٩٩٨ يشرع هذا القانون. ئەوە بۆ مێژوو گرنگیەكی زۆری هەیە، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆكی ئەنجـــــــومــــــەن:**

سوپاس بۆ بەڕێزان بۆ ئەو پێشنیارانەی كە كردیان، بەڕای من لیژنەی داڕشتن ولیژنەی یاسا وجەنابی سكرتێر ئەگەر جەنابی وەزیر كاك فەلەكەدینیش نیو سەعاتێك بەرلە كاتی خۆی پێمان بدا دوای دانیشتنەكە، كاك عەبدولخالق و كاك شمائل و ئەوانەی خاوەن پێشنیارەكەن بەنیو سەعاتێك ئەو(الأسباب الموجبة) بخەنە سەر كاغەز وەكو پێشنیار كراوە(الأسباب الموجبة) شتێكی گرنگە ئەوەی باستان كرد لە راستیدا هەموو لە جێگای خۆیەتی بۆ رۆژنامەنووسی كورد، مافێكی رەوای خۆیانە ئێمە ئەوەی باش بوو بۆیان ئەنجام بدەین، ئێستاش یاسای سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان ئەخەینە دەنگدانەوە وەكو یاسا، كێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەكەین، كێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێكڕای دەنگ پەسەند كرا، سوپاستان دەكەین، كاك فەلەكەدین كاكەیی وەزیری رۆشنبیری لەوانەیە قسەی هەبێ فەرموو.

**بەڕێز فەلەكەدین سابیر كاكەیی/وەزیری رۆشنبیری:**

**بەڕێز ســــــەرۆكی ئەنجـــــــومــــــەن.**

بەناوی ئەنجومەنی وەزیرانەوە زۆر سوپاسی سەرۆكایەتی پەرلەمان و یەكە یەكەی ئەندامانی پەرلەمان دەكەین كەوا ئەم كاتە زۆرەی خۆیان تەرخان كرد بۆ لێكۆڵینەوەی یاسایەكی زۆر گرنگ كە پەیوەندی هەیە بە توێژێكی زۆر گرنگی رۆشنبیری لە كوردستاندا وە بەتایبەتی ئەو بۆنەیان پەیوەند كرد بە سەد ساڵەی رۆژنامەنووسییەوە كە رووداوێكی گرنگی مێژووی كوردەوارییە، چ لەرووی سیاسیەوە چ لەرووی رۆشنبیرییەوە دەربارەی ئەو خاڵانەی كە برادەران دەریان بڕی من هیچ لاریم نییە لەوەی كاك شمائل و كاك عەبدولخالق ئەگەر لیژنەی یاسا رێكی بخەن ئامادەشم هاوكارییان بكەم بەڵام هیچ تێبینیەك نییە زیادیش بكرێ زۆر باشە، بەم بۆنەیەوە زۆر سوپاسی هەمووتان دەكەم ئەمە یەكەمین جارە لە سایەی حكومەتی هەرێمی كوردستان یاسا دەردەچێت بۆ رێكخستنی كاروباری رۆژنامەگەری، بێگومان ئەم یاسایە هەم كاروباری رۆژنامەكە رێك دەخات وە لەهەمان كاتدا رەنگە رۆژنامەنووسانیش بۆ خۆیان هەندێك شت لایان روون نەبێت بۆیان روون دەكاتەوە ئەو پابەندیانەی دانراون جێبەجێ بكرێن وە ئومێدەوارم رۆشنبیران وە مەبەستم لێرەدا زیاتر رۆژنامەنووسانە بە وردی كە ئەو پابەندیانە كە لەم یاسایەدا هاتووە پەیڕەوی بكەن وە بارو هەل ومەرج وئادابی گشتی وە پەیڕەوی گشتی كۆمەڵگای كوردەواری لە رووی نیشتمانیی، لە رووی ئایینی، لە رووی كۆمەڵایەتییەوە بپارێزن هەوڵ بدەن زیاتر كۆمەڵگای كوردەواری یەك بخەن وە هۆشیاریان بكەنەوە ئاگاداریان بكەنەوە لە پێشكەوتنەكان و رووداوەكان لە جیهاندا بە

شێوەیەک کەوا خزمەتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان بکات، جارێکی تر زۆر سوپاسیان دەکەم وە ئومێدەوارم کەوا هەمیشە سەرکەوتوو بن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیر، ئێمەش بەش بەحاڵی خۆمان لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بەناوی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانەوە پیرۆزبایی گەرم لە برایانی رۆژنامەنووسی کوردستان ئەکەین بەبۆنەی دەرچوونی ئەم یاسایە وپەسەند کردنی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پیرۆزبایی لە وەزارەتی رۆشنبیری ئەکەین بۆ ئەو توانایە کە سەرفی کرد لەم ماوەیە بۆ بەدیهێنانی ئەم پرۆژەیە، سوپاسی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەکەین کە پرۆژەیەکی وای داناوە لە رێگەی پسپۆڕەکانەوە چ لەو دەستە رۆژنامەنووسانەی کە هەڵسان بە ئەرکی سەرەکی وە چ بۆ برایانی یاسایی کە گەلاڵەی پرۆژەکەیان کرد، وەکو دەسکەوتێک لە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ گشت رۆژنامەنووسانی کورد بەتایبەتی کە پێوەند کرا بەسەد ساڵەی رۆژنامەنووسانی کوردەوە، خۆی لە خۆیدا ئەمە دیارییەکە، هیوادارین دەسکەوتەکان رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر بێ وە ئەم توێژە رۆشنبیرەیەی ئێمەشە بێ بەش نەبن وە ئەم یاسایە مافەکانیان زامن بکا چ بۆ چەسپاندنی وە چ بۆ بەرەو پێشەوە بردنی، چونکە ئەرکێکی مێژوویيان لە ئەستۆیە بەرامبەر بە میللەتی کورد، بەرامبەر بەم ئەزموونە، وە بەرامبەر بە داهاتی نەتەوەکەمان، جارێکی تریش بەناوی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانەوە پیرۆزباییتان لێ دەکەین، سوپاسی جەنابی وەزیریش ئەکەین کە ئەو دوو رۆژە لەگەڵمان ماندوو بوو، سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێزیش، دانیشتنەکەمان لێرە کۆتایی پێ دێ وە(٢٢)ی مانگ دەستەی باڵا لە وەزارەتی رۆشنبیری بۆ ساڵرۆژی ئەم سەد ساڵەی رۆژنامەنووسی، کەرنەڤاڵێکیان هەیە باش بوو ئەگەر جەنابی وەزیر روون کردنەوەیەک بدا بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان ئاگادار بن لە کەرنەڤاڵەکە، ئەگەر زەحمەت نەبێ تەنها ئەوەمان بۆ روون بکاتەوە.

**بەڕێز فەلەکەدین سابیر کاکەیی/وەزیری رۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو کەرنەڤاڵەی کە دانراوە کەژاوەیەکە کە سەد ئوتۆمۆمبیلە بەبۆنەی سەد ساڵەی رۆژنامەنووسی یاداشتی شەهیدانی رۆژنامەنووسی تێدایە وەکو کاک شێخ جەعفەر باسی کرد، وە هەروەها یادی شۆڕشەکان باس ئەکرێ وە ئەمە لە پێش وەزارەتەوە دێت بۆ ئەنجوومەنی وەزیران ودێت بۆ پەرلەمان بەناو مەیدانی پێش پەرلەمانەوە دەسوڕێتەوە بە نیو سەعاتێک رێ ورەسمەکە دەڕوات پاشان دەچێت بۆ پێش زانکۆ وهەندێ جێی تری بۆ دانراوە ئەمە رێزە بۆ بۆنەکە، ئەمە لە کاتژمێری(٩)دەست پێ دەکات لەوانەیە نۆ ونیو بگەنە ئێرە یان دە چارەگێک کەم بێت یان سەعات(١٠) لەو سنوورە و بەپێش پارێزگای هەولێریش تێدەپەڕێت رێ ورەسمی بنەڕەتیمان بۆ پارێزگا داناوە، وە هەندێ میوانی بێگانەش داوەت کراون رەنگە ئەوانەش ئامادە بن بێگومان

شتێکی تریش هەیە بۆ بۆنەکان لە کاتژمێر(٥)ی ئێوارە هەموو پەرلەمان داوەت کراون لەوێ ئاهەنگی تایبەتی دەگێردرێ، وەبەڕێز ئەحمەد سالار شانۆیەکی زۆر موعەبری ئامادە کردووە بۆ ئەم بۆنەیە، وە لەهەمان کاتدا وتاری پەرلەمان هەیە وتاری حکومەت و وتاری حزبە سیاسیەکان هەنە دامانناوە حزبە سیاسیەکان هەموویان ئامادە بن، وە ڕۆژەکانی تر سیمینار زۆرە لەکاتی خۆی بەیاری خوا ئاگادارتان دەکەین، وە بەشداربوونتان جێگەی خۆشحالیییە بەلام ئەم یاداشتەی کە داتان دەرکردنی یاسای ڕۆژنامەنووسان گەورەترین دیاری ئێوەیە بۆ ڕۆژنامەنووسان دەربارەی پێشنیارەکەی بەڕێز شێخ جەعفەر ئێمە دوو شتمان هەیە یەکێکیان ئەوەیە کە لە یاساکە بڕگەیەک هاتووە کە ئەنجوومەنی سەندیکا یاداشتی ئەو ڕۆژنامەنووسانە بکات کە مردوونە، یان ئێمە ئەتوانین بڵێین شەهیدیش بوونە، ئەوە مافی خۆیانە دەنووسرێن یاداشت، واتە وەک خانەنشین یاداشت دەکرێن، لەلایەنی تریش ئێمە بۆ هەندێک ڕۆژنامەنووس کە شەهید بوونە هەم پۆستەرمان کردووە، بەبێ جیاوازی حزبایەتی، بۆ نموونە شەهید یوسف دەرگەڵەیی، چەمیل ڕەنجبەر، عەلی هەژار ئەم جارەش سالح یوسفی، دارا توفیق ونافع یوسف، ئەوانەی تریش کە لە بواری ڕۆژنامەگەریە هەر یەکە شتێکیان بۆ کراوە یان لە پۆستەرە یان لە کەژاوە کە جێگەی بووە یان لە وتارەکان بێت هەوڵمان داوەکە کە ئەو یادی سەد ساڵەیە بەڕاستی ببێتە یادی سەد ساڵە، هەم پارچەکانی تری کوردستانیش ڕەچاوکراون وەکو ڕۆژنامەنووسی، ئومێدەوارین کەوا ئێمە لەم ئاهەنگانەدا ئەرکێک بەجێ بگەیەنین، زۆر سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس وداوای سەرکەوتنتان بۆ دەکەین دانیشتنەکەمان لێرەدا تەواو بوو، زۆر سوپاس.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# یاسای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانی عێراق

## فەسڵی یەکەم
## «دامەزراندن و ئامانجەکان»

**ماددەی یەکەم:**

ئەم وشانەی خوارەوە لەم یاسایەدا ئەم مانایانە دەبەخشن کە لەبەرامبەریانەوە داندراون:

أ - سەندیکا: سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانی عێراق.

ب- ئەنجوومەن: ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانی عێراق.

جـ- نەقیب: نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستانی عێراق.

د- رۆژنامەنووس: هەر ئەندامێک لەسەندیکا بێ و وەفادار بێ بەرامبەر بە پابەندییەکانی.

هـ- رۆژنامە: هەر چاپ کراوێک کە بەشێوەی دەوری یان نادەوری لە هەرێمی کوردستان دەردەچێ و بەرەسمی مۆڵەت دراوە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە.

و- تۆمار: ئەو تۆمارەی کە پێش وەخت ئامادە دەکرێ بۆ تۆمارکردنی ناوی رۆژنامەنووس و تێکڕای ئەو زانیاریانەی کە پەیوەندی بە پیشەکەیانەوە هەیە.

**ماددەی دووەم:**

بەپێی ئەم یاسایە سەندیکایەک بۆ رۆژنامەنووسان بەناوی (سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانی عێراق)، دادەمەزرێت، و بارەگاکەی هەولێری پایتەختی هەرێم دەبێ و دەتوانێ لقی تر لە ناوەندەکانی (مراکز)ی پارێزگاکانی تری هەرێم بکاتەوە.

**ماددەی سێ یەم:**

سەندیکا کەسایەتییەکی مەعنوی دەبێ.

**ماددەی چوارەم:**

سەندیکا هەوڵ دەدات بۆ وەدەست هێنانی ئەم ئامانجانەی خوارەوە:

١- بەرجەستە کردنی سیستەمی فیدرالیزم بۆ کوردستانی عێراق.
٢- بەشداری کردنی لە بنیادنانی دەوڵەتی دامەزراوەکان (دولة المؤسسات) و بەهێز کردنی (پرنسیپ)ی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان.
٣- بەرگری کردنی سەروەریی یاساو سەربەستی دادگەری.
٤- بەرگری کردن لە ئازادییە دیموکراتییە بنەڕەتییەکان و ئاشتی و بنەماکانی مافی مرۆڤ.
٥- پاراستن و پەرەپێدانی رۆشنبیری نەتەوایەتی و نیشتمانیی.
٦- پشتگیری کردنی خەباتی گەلی کوردستان لەپێناو وەدەست هێنانی مافەکانی نەتەوایەتی و بڵاوکردنەوەی بنەمای لێبووردەیی و نەرمی نواندن لە کۆمەڵگادا و پتەوکردنی برایەتی نەتەوایەتی و ئاینی و یەکسانی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا.
٧- رێزگرتن لەسەربەستی رۆژنامەنووسیی و بەرگری کردن لەمافەکانی رۆژنامەنووسان و زامنکردنی پارێزگاری کردنی پێویست بۆ ئەنجام دانی کارەکانیان.
٨- ئاسان کاری ئەرکی رۆژنامەنووسان بۆ وەدەست هێنانی هەواڵ و زانیارییەکان.
٩- وەرگرتنی سەندیکا لە یەکییەتییە رۆژنامەنووسییە جیهانییەکان و پێکەوەنانی پردی پەیوەندی لەگەڵیاندا.
١٠- پێگەیاندنی رۆژنامەنووسان بەهەموو رێگا گونجاوەکان.
١١- پشتگیری و پاڵپشتی ئەندامانی سەندیکا لەکاتی پێویستیدا.

## فەسڵی دووەم
## (پێکهاتەو ئەندامیەتی)

**ماددەی پێنجەم:**

سەندیکا لەسەر داواکارییێک پێکدێ کە پێشکەش بەلایەنی تایبەتمەند دەکرێ لەلایەن ئەوانەوە کە ئەم پیشەیە ئەنجام دەدەن کە نابێ لە پانزدە رۆژنامەنووس کەمتر بن.

**ماددەی شەشەم:**

کارمەندانی سەندیکا بەپێی تۆماری گشتی بۆ سێ جۆر پۆلین دەکرێن:

**یەکەم:** ڕۆژنامەنووسی (متدرج): ئەو کەسەیە کاری ڕۆژنامەنووسی بەهەر سێ کەناڵەکانییەوە دەکاتە پیشەی سەرەکی خۆی، نازناو، یان سیفەتی ڕۆژنامەنووسی خاوەن ئەزموونی پێ نادرێ تا دوو ساڵی بەردەوام بەسەر مومارەسەکردنیدا تێنەپەڕێ بەپشتگیری کردنی ئەو لایەنەی کە لەلای کار دەکا دوای تۆمارکردنی ناوی خۆی لەتۆماری گشتیدا، هیچ جۆرە ئیمتیازێکی ڕۆژنامەنووسی ئەزموونداری پێنابڕێ تا ناوی دەگوێزرێتەوە بۆ خشتەی ئەم جۆرە (صنف)ـە، دوای ئەوە ماوەی پلە بەپلە (تدرج) دەخرێتە سەر خزمەتگوزارییەکانی، ماوەی پلە بەپلە (التدرج) دەربارەی ئەوەی خاوەن بڕوانامەی بەکەلۆریۆسە لەڕۆژنامەنووسی و ڕاگەیاندندا یان هاوتای ئەو بڕوانامەیە، یەک ساڵە.

**دووەم:** ڕۆژنامەنووسی بە ئەزموون:
ئەو کەسەیە کە لەڕۆژنامەنووسیدا بەهەرسێ کەناڵەکەیەوە بەکردەوە کاری کردووە یان کاردەکا و کردویەتییە پیشەی سەرەکی بۆ خۆی و ئەو ماوەیە بەسەر کارەکەیدا ڕەت بووە کە لەبڕگەی ڕابردوودا دەرخراوە.

**سێ یەم:** ڕۆژنامەنووسی بەشدار:
ئەو کەسەیە کە کاری ڕۆژنامەنووسی ئەنجام داوە بەبێ ئەوەی بیکاتە پیشەی سەرەکی بۆ خۆی ئەمەش بە بەرزکردنەوەی عەقدی پێویست دەسەلمێنێ لەو لایەنانەوە کەمەبەستن (من الجهات المعنیە) وەمافی ئەوەی هەیە کە ناوی خۆی ڕاگوێزێتەوە بۆ خشتەی ڕۆژنامەنووسە بە ئەزموونەکان دوای تێپەڕبوونی ماوەیەک کە لە (٥) پێنج ساڵی بەردەوام کەمتر نەبێ و ڕۆژنامەنووسی بکاتە پیشەی خۆی.

**ماددەی حەوتەم:**

سەندیکا لەمانە پێک دێ:

١- دەستەی گشتی.

٢- ئەنجوومەنی سەندیکا.

٣- لیژنەی بەرزەفت کردن (الانضباط).

٤- لیژنەی چاودێری کردن.
٥- لقەکانی سەندیکا لەپارێزگاکانی کوردستانی عێراقدا.

**ماددەی هەشتەم:**

ئەمانەی خوارەوە ئەو مەرجانەن بۆ ئەو کەسەی کە دەبێتە ئەندام لەسەندیکادا:

١- دانیشتووی (مقیم)ی کوردستانی عێراق بێ.
٢- بیست ساڵی تەمەنی تەواو کردبێ.
٣- بەکووکە (جنحة) وتاوانی واحوکم نەدرا بێ کە شەرەفی لەکەدار بێ.
٤- ئەهلییەتی پیشەیی هەبێ.

**ماددەی نۆیەم:**

**بوونە ئەندامی سەندیکا بەم جۆرە دەبێ:**

١- داواکارییەکی بەنووسین بۆ دەستەی ئامادەکار لەگەڵ تەزکییەیەک لەلایەن دوو لە ڕۆژنامەنووسانی بەئەزموون، پێویستە لەسەر دەستە یان ئەنجوومەن لەماوەی سی ڕۆژدا لەمێژووی تۆمار کردنییەوە بنبڕ بکرێ، ئەگەر داواکارییەکەی بنبڕ نەکرا لەگەڵ ئەوەی ماوەی ناوبراویش لەبڕگە (١) کۆتایی پێهات سەربەخۆ بەقەبوڵکراو حسێب دەکرێ.
٢- لەحاڵەتی ڕەفزکردنی داواکارییەکە لەسەر ئەو لایەنەی کەمەبەستە (الجهة المعنیـــة) هۆیەکانی ئەو ڕەفز کردنە دەربخا وە پێشکەش کاری داواکارییەکە بۆی هەیە کەتانە لە بڕیاری ڕەفزەکە بدا لە دادگای پێداچوونەوە (تمییز)ی هەرێمی کوردستانی عێراق لەماوەی پانزدە ڕۆژدا لەمێژووی ئاگادارکردنەوە بە بڕیارەکە، بڕیاری ئەویش بن بڕە (باتا).

## فەسڵی سێیەم
## «دەستەی گشتی»

**ماددەی دەیەم:**

١- دەستەی گشتی باڵاترین دەسەڵاتە لەسەندیکادا هەموو ڕۆژنامەنووسە بەئەزموونەکان دەگرێتە خۆی ئەوانەی وەفایان بە هەموو پابەندییەکانی خۆیانەوە کردووە.

٢- لەسەرەتادا دەستەی گشتی هەردوو ساڵ لەسەر داواکاری دەستەی ئامادەکار، یان ئەنجوومەن کۆدەبێتەوە بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی سەندیکا و هەردوو لیژنەی بەرزەفتکردن (الانضباط) و چاودێری کردن بەدەنگدانی نهێنی، (نیصاب)یش بە ئامادەبوونی دوو سێ یەک لەئەندامانی دەستەی گشتی تەواو دەبێ وە لەحاڵەتی تەواونەبوونی (نیصاب) دوادەخرێ بۆ هەمان ڕۆژ لەحەوتووی داهاتودا (نیصاب) بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامان دەبێ.

## ئەرکەکانی دەستەی گشتی

**ماددە یازدەیەم:**

ساڵانە دەستەی گشتی کۆ دەبێتەوە بە ئامادەبوونی (دووسێ یەکی) ئەندامەکانی، بڕیارەکانی لەو مەسەلانەی خوارەوەدا بەزۆرینە دەدا.

١- گفتوگۆ کردن لەسەر پێڕەوی ناوخۆ و ڕاستاندنی (تصديق).

٢- گفتوگۆ کردنی ڕاپۆرتی ساڵانە و کاروباری سەندیکا و حسابکارییەکانی و پێشکەش کردنی ڕێنمایی لە بارەیەوە.

٣- ڕاستاندنی بودجە.

**ماددەی دوازدەیەم:**

١- مەرجە ئەندامانی ئەنجوومەنی سەندیکا بە نەقیب و بریکارو سکرتێر و ئەندامانی هەردوو لیژنەی بەرزەفتکردن وچاودێری کردنەوە، سێ ساڵ تێپەڕی کردبێ بەسەر گەیشتنیان بەپلەی بەئەزموونی (درجة التمرس).

**ماددەی سیازدەیەم:**

١- ئەنجوومەن بەنەقیب و بریکارو سکرتێرەوە لە نۆ ئەندام پێک دێت.

٢- ئەنجوومەنی سەندیکا تایبەتمەندە بە جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی دەستەی گشتی و هەرچ ئەرکێکی تری پێ بسپێردرێ.

**ماددەی چواردەیەم:**

لیژنەی چاودێری کردن لە سەرۆک و دوو ئەندام پێک دێ کاریان لێوردبوونەوەیە

لە راستی ئەندامێتی (صحة العضوية) و رادەی پیادە کردنی یاسا.

**ماددەی پازدەیەم:**

لیژنەی بەرزەفتی کردن(الانضباط) لەسەرۆک و دوو ئەندام پێک دێ کاریان تۆژینەوە ودەست بەکاربوونە لەو شکایەتانەی کە لە ئەنجوومەنەوە بۆیان دەچێ بەگوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**ماددەی شازدەیەم:**

**لقەکانی سەندیکا:**

١- لەناوەندی هەر پارێزگایەکدا لیژنەیەکی لق لە پێنج ئەندام پێک دێ، ئەندامانی لق لە رۆژنامەنووسە ئەزموونداره‌کان هەڵیان دەبژێرن کە پیشەی رۆژنامەنووسیی لەپارێزگادا ئەنجام دەدەن.

٢- کۆبوونەوەی لیژنەی لقەکان و هەڵبژاردنەکانیان، هەمان شێوەی تایبەت بە کۆبوونەوەکانی دەستەی گشتی دەبێ.

**ماددەی حەڤدەیەم:**

ئەگەر ئەندامی ئەنجومەن مەرجە پێویستیەکانی هەڵبژاردنی لەدەست داو لەسێ دانیشتنی یەک لەدوای یەکدا (غائب) بوو بەدەست لەکارکێشراوە (مستقیل) دادەندرێ و ئەندامی یەدەگ (احتیاط) کە زۆرینەی دەنگی بەدەست هێناوە جێگای دەگرێتەوە.

**ماددەی هەژدەیەم:**

نەقیب سەرۆکایەتی و نوێنەرایەتی ئەنجوومەنی سەندیکا دەکا لە لای سەرچاوە تایبەتمەندەکان و ئیمزاکردن لەسەر ئەمرو بڕیارو رێنمایی و نووسراوەکاریەکاندا دەکاو مافی ئەوەی هەیە کە هەندێ دەسەڵات بەغەیری خۆی لەئەندامانی ئەنجوومەنی سەندیکا بسپێرێ.

## «فەسڵی چوارەم»
## «ماف و پابەندییەکان»

**یەکەم: مافەکان.**

**ماددەی نۆزدەیەم:**

١- رۆژنامەنووس مامەڵەی کارمەندی لەگەڵدا دەکرێ لەلانی مۆڵەت پێدانی

ئاسایی و نەخۆشییەوە.
٢- لەکاتی دامەزرانی لە هەر فەرمانێک، ماوەی کارکردنی لە رۆژنامەنووسیدا بۆ سەر مووچە (علاوە) و بەرزکردنەوەو خانەنشینی دەخرێنە سەر ئیشەکەی.
٣- لەکاتی کارکردندا ئەگەر تووشی پێشهاتێک (اصابة)یەک بوو لەسەر ئەو لایەنەیە کە کاری بۆ دەکا هاریکاری پێویستی بکا ئەمەش پەیوەندی بە مافی خانەنشینی یەوە نییە.
٤- دەکرێ رۆژنامەنووسی خانەنشین بەپێی حوکمەکانی یاسای خانەنشینی رۆژنامەنووسان لەدام ودەزگاکاندا کار بکا.
٥- پێویستە خەبەری سەندیکا بدرێ لەکاتی شکایەت کردن کە لەدژی رۆژنامەنووس پێشکەش دەکرێ، وە لەکاتی تاوانی بیندراودا نەبێ نابێ رۆژنامەنووس پرسیارو وەلام و تۆژینەوەی لەگەڵ بکرێ بە تاوانێک کە دراوەتە پاڵی و پەیوەندیدارە بە ئەنجامدانی کارەکەیەوە دوای خەبەردانی سەندیکا نەبێ.
٦- ئەوەی دەست درێژی بکاتە سەر رۆژنامەنووس لەکاتی ئەنجامدان یان بەهۆی کارەکەیەوە ئەو سزایە دەدەرێ کە بۆ ئەو کەسە داندراوە کە دەست درێژی دەکاتە سەر کارمەندی گشتی لەکاتی ئەنجامدانی فەرمان یا بە هۆی فەرمانەوە.
٧- ئەو رۆژنامەنووسەی بەهۆی یان لەکاتی ئەنجامدانی کارەکەیەوە دەمرێ، نازناوی ئەندامی (شەرەف)ی لەسەندیکادا پێ دەدرێ بە بڕیارێک لە ئەنجوومەنەوە بەگوێرەی پێڕەوی ناوخۆ.

**دووەم: پابەندییەکان**

**ماددەی بیستەم:**

نابێ رۆژنامەنووس ئەم کارانە بکا:
١- ئەوەی دەسەڵاتەکانی تۆژینەوە، یان دادگاکان گرتوویانەتە ئەستۆ کە کار دەکاتە سەر رێڕەوی تۆژینەوە، یان دادگایی کردن.
٢- ئەنجامدانی ئەو پیشەیە بەبێ تازەکردنەوەی بەشداربوون لەسەندیکادا بەپێی ئەم یاسایە.

٣- بەکارهێنانی هەر هۆیەک یان ڕێگەیەک بەمەبەستی قازانجی ناڕەوا.
٤- وەرگرتنی پیتاک بەرەزامەندی ئەنجوومەن نەبێ.
٥- ناوبانگ زڕاندنی پیشەکەو ئاشکراکردنی نهێنییەکانی یان هەڕەشەکردن لە هاونیشتمانیان بەهەر ڕێگاو شێوەیەک بێ لە شێوازەکانی ڕۆژنامەنووسیی.
٦- شلۆق کردنی موتمانە بە ڕژێمی فیدرالی لە کوردستانی عێراقداو شێواندنی ئاسایشی هاوولاتییان بەرێگای ڕاستەوخۆ بێ یان ناڕاستەوخۆ، وەهەروەها وروژاندنی غەریزەکانی جەماوەر بەهەر ڕێگایەک بێ.
٧- قۆستنەوەی وشەی نووسراو یان نێردراو قۆستنەوەیەکی (تایبەتی) بۆ سوودی تایبەتی و زیان بەخش بێ بەخەڵکی تر، یان هەڵگرتنی سیفەتێک (انتحال صفة) یان فیکرەیەک و زەرەر گەیاندن بە ڕەوشت و نیزامی گشتی.
٨- بەهەڵە بردنی جەماوەر بە زانیاری نادروست و لێکدانەوەی ڕووداوەکان، لێکدانەوەیەکی دوور لەدەستپاکی یان بڵاوکردنەوەی ڕووداوەکان بێ دڵنیا بوون لێیان.
٩- وەرگرتن و هەڵێنجان (إقتباس) لەبەرهەمی کەسانی تر بەبێ ئاماژە کردن بۆ خاوەنەکەی یان سەرچاوەکەی.
١٠- قۆستنەوەی ڕۆژنامەنووسیی بۆ تانەلێدان و سووکایەتی کردن بە پیرۆزی و ڕێوڕەسم و ئاییني و نیشتمانییەکان.

## «فەسڵی پێنجەم»
## «ئیجراکارییەکانی بەڕێوەبردن»

**ماددەی بیست و یەکەم:**

**یەکەم:** هەر ڕۆژنامەنووسێک وازی لە ئەرکێک لەئەرکەکانی پیشەکەی هێنا، یان کارێکی وای کرد کە لەنرخی ئەو پیشەیەی دابەزاند، یان بەکارێک هەڵسا کەرامەتی ئەنگاوت یان بەڵگەنامەیەک (مستند)ێکی نادروستی پێشکەشی بەسەندیکا کرد یان سەرپێچی

یەکێک لەحوکمەکانی ئەم یاسایەی کرد سزای (تأدیب)ی دەدرێ لەلایەن لیژنەی بەرزەفتی (انضباط)ی بەپێی ئەو بنەمایانەی کە دەقی گرتووە لەیاسای بەرزەفتی کردنی کارمەندانی دەوڵەتی کارپێکراو، ئەم سزایانەی خوارە دەدرێن:

١- وریا کردنەوە (التنبیة): بەنووسراوێک دەبێ و ئاراستەی رۆژنامەنووس دەکرێ و سەرنجی رادەکێشرێ بۆ ئەوەی کە لێی رووداوە و داوای لێ دەکرێ کە لە داهاتوودا روونەداتەوە.

٢- ئینزار (الانذار): لە کاتی دووبارە کردنەوەی سەرپێچی دیاری کراو لە برگە (١) لەلایەن رۆژنامەنووسەوە ئینزاری پێدەدرێ کە جارێکی تر دووبارەی نەکاتەوە.

٣- بەرهەڵستی کردنی لە ئەنجامدانی پیشەکەی ماوەیەک کە لەیەک ساڵ تێنەپەرێ.

٤- دەرکردنی کاتی: ناوی لەتۆماری گشتی دەسرێتەوە، نابێ دووبارە ناوی تۆمار بکرێتەوە دوای تێپەربوونی دوو ساڵ نەبێ.

**دووەم:** سزاکانی سەرەوە جێبەجێ ناکرێن دەرهەق بەرۆژنامەنووس دوای راستاندنی (مصادقە)ی ئەنجوومەنی سەندیکا نەبێ.

**سێیەم:** بۆ رۆژنامەنووسی سزادراو هەیە کە تانە لەبریارەکانی ئەنجوومەنی سەندیکای تایبەت بە بەرهەڵستی (المنع) یان دەرکردن بدا لەلای دادگای پێداچوونەوە لەماوەی پانزدە رۆژ لەمێژووی ئاگادار کردنییەوە بە بریارەکە، سزاکە جێبەجێ ناکرێ تا پلەی بنبرِی (درجە البتات) وەرنەگرێ.

**چوارەم:** ناوی ئەندام لەسەندیکادا دەسرێتەوە ئەگەر حوکمی دوماهی بەسزای (بەندکردنی ئازادی) لە کووکە (جنحة) یان تاوانێکی نا سیاسی لەسەر دەرچوو.

**پێنجەم:** لەکاتی حوکم بەسەردادانیدا لەکووکە (جنحة)، یان تاوانێکی شەرەف بەردا، ناوی لە تۆماری گشتی لادەبردرێ ر نابێ جارێکی تر تۆمار بکرێتەوە.

## فەسڵی شەشەم
## «دارایی سەندیکا»

**ماددەی بیست و دووەم:**

**یەکەم: دارایی سەندیکا لەمانەی خوارەوە پێک دێ:**

١- رەسمی ئەندامییەتی.

٢- پارەی بەشداربوونی ساڵانە.

٣- پێ بەخشینەکانی حکومەتی هەرێم.

٤- دەسکەوتی ئاهەنگەکان وپیتاکی گشتی کە سەندیکا پێی هەڵدەستێ بەگوێرەی یاسای پێڕەوکراو.

٥- قازانجی ئەو پرۆژانەی سەندیکا پێیان هەڵدەستێ.

٦- قازانجی چاپەمەنییەکانی سەندیکا.

٧- بەخشش و لەقەبەرکردنەکانی کە لەلایەن ئەندامان و غەیری ئەوان پێشکەش دەکرێن بەمەرجێک کار لەرێڕەوی سەندیکا نەکاو ئاگاداری لایەنە تایبەتمەندەکان بەو کارە بکرێ.

**دووەم:** ئوسولی ژمێریاری گشتی بەسەر دارایی سەندیکادا پیادە دەکرێ.

**سێیەم:** رەسمی ئەندامییەتی پارەی بەشداری بوون بەگوێرەی پێڕەوی ناوخۆ دیاری دەکرێ.

## فەسڵی حەوتەم
## «حوکمەکانی دوماهی»

**«ناونیشانەکانی رۆژنامەنووس»**

**ماددەی بیست و سێیەم:**

مەبەست لە رۆژنامەنووس ئەوەیە کە یەکێک لەم ناونیشانانەی خوارەوەی پێوە بێ:

١- خاوەنی ئیمتیاز.

٢- سەرنووسەر.

٣- جێگری سەرنووسەر.

٤- بەڕێوەبەری نووسین.
٥- سکرتێری نووسین.
٦- نووسەر.
٧- وەرگێڕی ڕۆژنامەنووسیی.
٨- پەیامنێر.
٩- وێنەگر.
١٠- وێنەکێش.
١١- ڕەنگڕێژ (المصمم).
١٢- هەڵەچن.

**ماددەی بیست و چوارەم:**

سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بۆی هەیە پێڕەوی ناوخۆ دەربهێنێ بەگوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**ماددەی بیست و پێنجەم:**

کار بەهیچ دەقێک ناکرێ کە هاودژ بێ لەگەڵ ئەم یاسایەدا.

**ماددەی بیست و شەشەم:**

لەسەر وەزیرە تایبەتمەندەکانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**ماددەی بیست و حەوتەم:**

ئەم یاسایە لە مێژووی دەرهێنانییەوە جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بڵاودەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**

**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان**

«هۆکاری پێویست»

ڕۆژنامەنووسی بەزمان حاڵی هەر گەلێک لە گەلان حساب دەکرێ و دیاردەیەکی ژیارییەو ڕۆڵێکی بنیاتنەرانەی هەیە لەکۆمەڵگاکانی مرۆڤدا و پارێزگاری کاریەتی (وصمام الامان لە).

وەبۆ ئەوەی لەتوانادا بێ ڕۆڵی خۆی بەشێوەیەکی باشتر ببینێ بۆ پتەوکردنی خەباتی گەلی کوردستان لەپێناو هێنانەدی ئامانجە نەتەوایەتی و نیشتمانییەکانی و بەرگری کردن لە ئازادییە بنەڕەتییەکان و بنەمای مافی مرۆڤ، لەبەر ئەوەی ئەم ئەرکە بە پەیامێکی مێژوویی دادەنرێ ناتواندرێ ئەنجام بدرێ بەهێنانە کایەی کادیری ڕۆژنامەنووسیی لێهاتوو نەبێ.

لەو کاتەی کە لەسەر لێواری یادی سەد ساڵەی لەدایک بوونی ڕۆژنامەنووسیی کوردی دەوەستین کە دەکاتە ڕێکەوتی (٢٢)ی نیسانی ١٩٩٨ ئەم یاسایە دەرهێندرا.

# پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (١١)

## یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٤/٢٦

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١١)

## یەک شەممە رێكەوتی ٢٦/٤/١٩٩٨

***كاتژمێر(٧)ی سەرلە ئێوارەی رۆژی یەک شەممە رێكەوتی ١٩٩٨/٤/٢٦، ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان بە سەرۆكایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆكی ئەنجومەن، بە ئامادە بوونی سكرتێری ئەنجومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە(١١)ی خولی یەكەمی ئاسایی، ساڵی ١٩٩٨ی خۆی بەست.***

***سەرەتا رادەی یاسایی دانیشتنەكە لەلایەن دەستەی سەرۆكایەتیەوە چەسپێنرا و، ئەوجا بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن بە ناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان، دانیشتنەكەی بەناوی گەلی كوردستانەوە دەست پێكرد.***

***بەرنامەی كار:***

***١ــ گفتوگۆ كردن لەسەر پرۆژەی بەرز كردنەوەی ساڵی خانەنشین بوونی بەخورتی(إجباری) پزیشک و پزیشكەكانی ددان و دەرمانسازەكان لە (٦٣)ساڵەوە بۆ (٦٨)ساڵ.***

***٢ــ گفتوگۆ كردن لەسەر یاسای داواكاری گشتی(الادعاء العام).***

***٣ــ پرسیارەكانی ئەندامانی پەرلەمان بۆ وەزیرە بەڕێزەكان.***

***٤ــ گفتوگۆ كردن لەسەر هەموار كردنی یاسای ژمارە(١)ی ساڵی١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق.***

***٥ــ گفتوگۆ كردن لەسەر هەمواركردنی دووەمی پێڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق.***

***٦ــ خستنە رووی دەقی ئەو یادداشتنامەیەی كە پێشنیار كراوە پێشكەش بە ئەنجومەنی ئاسایشی گشتی نەتەوەیەكگرتووەكان بكرێ دەربارەی كردەوەكانی راگوێزان وبە عارەبكردن، كە بەردەوامە دەرهەق بە خەڵكی كوردستان لە باشووری هێڵی پانی(٣٦)دا.***

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەر لەوەی دەست بە بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان بكەین چەند بۆنەیەک هەیە پێویستە یادیان بكەینەوە. وەكو دەزانن سبەینێ رۆژی یەكی مانگی محورەمە، واتە ساڵی تازەی كۆچی دەست پێدەكات، بەم بۆنەیەوە بەناوی ئێوەی بەڕێزەوە پیرۆزبایی لە گەلی كورد و گەلانی جیهانی ئیسلامی دەكەین و، هیواداریت ساڵی ئایندەمان ساڵێكی پڕ لە خۆشی و سەربەستی وئازادی بێت بۆ هەموو موسڵمانان و ئەو خەڵكانەی كە لەسەر ئەم زەمینە دەژین.

هەروەها ئەمڕۆ یادی بۆمباباران‌كردنی شاری هەڵەبجەیە كە لە ١٩٧٤/٤/٢٦دا، فڕۆكەكانی رژێم

ئەو شارە جوانەیان دایە بەر بۆمب و، کۆمەڵێک لە منداڵ و گەنج ولاو و ئافرەت وپیاوی کوردی بەر کەوت و، پێش ئەوەش بە دوو ڕۆژ وەکو ئاگادارن لە ٢٤/٤/ شاری قەڵادزێی شەهید کەوتە بەر شاڵاوی دوژمن و، بە دەیان منداڵ وقوتابی شەهید کران، پێویستە یادی ئەو شەهیدە نەمرانە بکەینەوە و، هەزار سڵاو بۆ گیانی ئەو نەمرانە ڕەوانەکەین و، سەرخۆشی لەو بنەماڵانە دەکەین کە تووشی زیان و ناخۆشی و قوربانی دان بوون، هیوادارین میللەتەکەمان چی تر نەکەوێتە بەر ئەم جۆرە شاڵاوە دڕندانانە و، لەسەر زەوی باو باپیرانی خۆماندا بە ئاسوودەیی وخۆشی بژین وەکو هەموو گەلانی تری سەر ئەم زەمینە.

لە نێوان هەردوو دانیشتنەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستاندا کە لەم ماوەیەدا بەستران، وەکو دەزانن لە ڕۆژی٢٢/٤/١٩٩٨ لە هەرێمی کوردستان جەژنی ڕۆژنامەگەری کوردستانە، لە ٢٢/٤/١٨٩٨ یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە دەرەوەی وەڵات دەرچوو کە ئەویش ڕۆژنامەی (کوردستان)ە، لەلایەن یەکێک لە بنەماڵە تێکۆشەرەکانی کوردەوە، کە بنەماڵەی بەدرخانە، کە ئەویش تێکۆشەر و نەمر(مقداد مەدحەت بەدرخان)بوو، بە دەسپێکردنی ژیانی ڕۆژنامەنووسی وبە دەرکردنی ڕۆژنامەی(کوردستان)وشەی کوردی شان بەشانی چەکەکانی تری ئەم میللەتە و، ئامرازەکانی خەبات کەوتە گرو هاتە گۆڕەپانەوە بۆ بەرگری کردن لە کورد وکوردستان، هەر سەرکەوتوو بێت وشەی کوردی ڕەسەن و، هەر گەشاوە بێت ژیان وکاروباری ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان و، سەد هەزار سڵاو لە گیانی پاکی(مقداد مەدحەت بەدرخان) و هەموو ئەو خامە شەریفانەی کە لە هەر کوێ بێت بەرگری لە کورد وکوردستان و، لە مرۆڤایەتی دەکەن.

جێگای خۆش حاڵیمانە لەم یادە پیرۆزە ولەسەر بنەمای پرۆسەی ئاشتی و دانیشتنەکانی لیژنەی هەماهەنگی باڵای هەردوو مەکتەبی سیاسیی پارتی ویەکێتی نیشتمانیی کوردستان وبە ئیتیفاقی هەردوولا و وەفدی هەردوولا بەشداری ئاهەنگەکانی ئەم یادە وەریەیان کردەوە لە سلێمانی و هەولێر و دهۆک.

ئێمەیش لە پەرلەمانی کوردستان، ئەو پرۆژەیەی کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پێشکەش بە پەرلەمان کرابوو، پرۆژەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانمان گرد بە دیارییەک وپێشکەشی میللەتی کوردمان کرد وبەتایبەتی بەرۆژنامەنووسانی کوردستان، هیوادارین لە کوردستانی ئازادا هەمیشە ڕۆژنامە وڕۆژنامەگەری بەرەو پێشەوە بڕوات و، ئەو ئازادیەی کە بە میهرەبانی یەزدان و بە دەست وبازووی پێشمەرگە قارەمانەکان و بە هیممەتی ئەم میللەتە خۆڕاگرەمانەوە هاتووەتە دی، دەبێت پارێزگاری لێ بکەین و پێشی خەین و، حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر وزیاتر سەقامگیر و خزمەت گوزار تر بێت بۆ خزمەت کردنی ئەم میللەتە خۆڕاگرە.

دێینە سەر بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان کە ئەویش گفتوگۆ کردنە لەسەر پرۆژەی بەرز کردنەوەی ساڵی خانەنیشین بوونی بەزۆر(إجباری)پزیشک و پزیشکەکانی ددان و دەرمانسازەکان لە(٦٣)ساڵەوە بۆ (٦٨)ساڵ. پرۆژەکەش لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پێشکەش کراوە، ئێستاش

لیژنەی یاسا با بفەرموون پرۆژەکەمان بۆ بخوێننەوە، پاشان گوێ بیستی رای لیژنەکان دەبین و، لە دواییدا دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە بۆ گفتوگۆ کردنی ئەم خاڵە، فەرموو کاک حسێن.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**

**المجلس الوطني لكوردستان العراق**

**رقم القرار/**

**تاريخ القرار/**

**(القرار)**

إستناداً الى احكام الفقرة(١)من المادة/٥٦ من القانون رقم(١)لسنة/١٩٩٢ وبناءً على ما عرضه وزير الصحة و وافق عليه مجلس الوزراء قررالمجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / / ١٩٩٧ اصدار القرار الاتي:ـ

١ـ جعل سن التقاعد الاجباري بالنسبة الى الاطباء واطباء الاسنان والصيادلة(٦٨)سنة بدلاً من (٦٣) سنة.

٢ـ يجوز اعادة المذكورين من الفقرة الاولى من هذا القرار من اللذين احيلوا على التقاعد في اقليم كوردستان بسبب اكمالهم السن التقاعدي الى وظائفهم بناءً على طلبهم والاستمرار في الخدمة الى ان يبلغوا الثامنة وستين سنة.

٣ـ لا يعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القرار.

٤ـ على المجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القرار.

٥ـ ينفذ هذا القرار اعتباراً من تأريخ صدوره في الجريدة الرسمية.

ئەمە پرۆژەی حکومەت بوو و، رای لیژنەی یاساش بەرامبەر بەم پرۆژەیە ئەمەیە:

**الى/السيد رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق**

**م/ رأي لجنة**

هامشكم المسطر على كتاب المجلس الوزراء المرقم (٥٤٩٣) في١١/١١/١٩٩٧ يتلخص رأي لجنتنا بما يلي:

لا تؤيد لجنتنا المشروع الوارد من المجلس الوزراء و الخاص بجعل السن التقاعد الاجباري للاطباء والاطباء الاسنان و الصيادلة (٦٨) بدلاً من (٦٣)سنة. مع التقدير

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

با گوێبیستی قسەکانی لیژنەی یاسا بین، پاشان دێینە سەر گفتوگۆ کردنی ئەم خاڵە، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شـــێــــروان ناسح حــــەیدەری:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئێمە ئەو پرۆژەیەمان پەسەند نەکردووە، چونکە پێمان باشە کە پرۆژەیەکی گشتی ئامادە بکرێت بۆ چارەسەر کـردنی تەمـەنی خـانەنشـینی هەمـوو ئەو کـەسـانەی کـە سـەربە حکومـەتی هەرێمی کوردسـتانن، ئەگەر هاتوو بە جیا جیا بۆمان بێت، بە راستی ئێمە ناتوانین بۆ تویژێک بڕیاری لەسەر بدەین و، بۆ توێژێکی تری نا، جا بۆیە ئێمە ئەو پرۆژەیەمان بە پەسەند نەزانی و، ئەگەر پرۆژەیەکی گشتی هات ئەو کاتە رای خۆمانی لەسەر دەردەبڕین، سوپاس.

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

سوپاس، لیژنەی تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی فەرموون.

**بەڕێز شـەفــیق ئەمین مـحــمـــەد:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بۆچوونی ئێمەش هەر وەکو بۆچوونی لیژنەی یاسایە، جا با هەر وەکو خۆی بمێنێتەوە، بۆ نموونە ئێـمـە لە فـەرمـانگەی تـەندروسـتی پارێزگـاری کـەرکـووکـدا(٣٨٧)پزیشـک و پزیشـکی ددان و دەرمـانسـازمـان هەیە و، لەو هەمـووەدا تەنهـا(٤)کـەسـمـان ئەم بڕیارە دەیگرێتـەوە، جـا بۆ ئەو(٤)کەسە هیچ پێویست ناکات یاسایەک بگۆڕین، هەتاکو بۆ ئەوانەی تریش ، چونکە نابێت ئێمە بۆ هەر وەزارەتێک یاسایەک دەرکەین، هەر وەکو لیژنەی یاسا فەرموویان با بڕیارەکە گشتیی بێت و، هەمـوو وەزارەتەکـان بگرێتـەوە، لەگەڵ ئەوەشـدا ئێـمـە رامـان هەر لەگەڵ ئەوە نییـە کـە تەمەنەکە زیاد بکرێت بۆ(٦٨)ساڵ، سوپاس.

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

سوپاس، بەڕێز سکرتێری ئەنجوومەن بۆچوونێکی هەیە لەسەر خودی ئەم بۆچوونە، فـەرمـوو کـاک فەرسەت.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

با لیژنەکان ئەو لایەنە ڕەچاو بکەن، کەوا ئەگەر هەموار کردنێک، یاخود پاکانەیەکیان هەبێت ، لە راپۆرتەکـەدا بینووسن، تاوەکـو ئەندامـەکـانیش ئاگـادار بن، چونکە لەوانەیە ئەوانیش رایەکی پێچەوانەیان هەبێت و لە پڕ ئەو رایە دەربڕن جۆرە تێکچوونێک دروست بکات، سوپاس.

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە، ئەوانەی کە دەیانەوێت لەسەر ئەم بابەتە قسە بکەن( کاک عەدنان، کاک سەعید یەعـقوبی، کـاک د.رزگار، کـاک عـەبدولخـالق زەنگەنە، کـاک ئیبراهیم، کاک یۆنادم، کاک سەعید محەمەد، کاک د.ناسح، کاک مامەند، کاک شێخ موحسن، کاک حەمید میران، مامۆستا مەلا مەحمود، کاک ئازاد قەرەداغی، مامۆستا مەلا تاهیر، مامۆستا مەلا تەڵحە)، کاک عەدنان فەرموو.

**بەڕێز عــەدنان مــحــەمــەد نەقــشــبــەندیی:**

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

ڕای من هەر وەکو ڕای لیژنەکانە، سوپاس.

**بەڕێز مـحـەمـەد سـەعـیـد ئەحـمـەد یەعـقـوبی:**

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

من لەگەڵ گۆڕینی تەمەنی خانەنشینیدا نیم بۆ(٦٨)ساڵ، چونکە مرۆڤ کە دەگاتە ئەم تەمەنە ئەو توانایەی نامێنێت کەوا لە کاتژمێر(٨)ەوە تاوەکو(٢)ی پاش نیوەڕۆ بەو سەرما وگەرمایە دەوام بکات، زۆربەشیان نەخۆش وبێ توانان، باشە ئێمە بۆ ئەو چەند ژمارەیە بکەینە پێوانە و، بەسەر هەموو مووچە خۆرێکدا بڵاوی بکەینەوە کە ساڵی خانەنشینی بەزۆر بکەینە(٦٨)ساڵ، ڕاستە ئەو توێژە تەمـەنێکی دوور ودرێژیان بەسـەر بردووە لە ڕێگای خـزمـەت کـردنی هاووڵاتیـانـدا، بەڵام بمانەوێ، یا نە ئەوە سوننەتی ژیانە، کە مرۆڤ پیر بوو وپاش بە جێگەیاندنی ئەرکەکانی خۆیان لە ژیاندا مافی پشـوودان و حەسانەوەیان هەیە و، دەبێت ڕێگا بە گەنجەکان بدەن کە توانا و هێز و زانستەکانی خۆیان بۆ خزمەت کردنی ئەم میللەتە خەرج کەن، بەتایبەتی ساڵانە لە سێ کۆلێژەوە کـادری تازە لە پزیشک وپزیشکی ددان و دەرمـانسـاز دەردەچێت و دێنە نـاو ئیشـوکـارەوە و، پێموایە دەرچوانی تازەش مافی ئەوەیان هەبێت کە ئەو زانیارییە تازانەی کە فێری بوونە بتوانن لە ئیشوکاری ڕۆژانەی خۆیاندا جێبەجێی بکەن، چونکە زانست وتەکنیک ڕۆژانە لە پێشکەوتندانە، سەبارەت بەوانەی کە تەمەنی (٦٣)ساڵ تەواو دەکەن پێویستە خانەنشین بکرێن، چونکە عەیادەو دەرمانخانەی خۆیان هەیە، ئەویش هەر خزمەت کردنە بە میللەت، بەڵام بە شێوەیەکی تر، پێموایە کە پاش تەمەنی(٦٣)ساڵی، هیچ توانایەکیان نەماوە و هیچ سوودێکیان لێ ناکرێت و، تەنها توانای عـەیادە و دەرمـانخانەکـانی خـۆیان دەمێنێت، ئەگەر هەر پێـویسـتـییـەکی تریش هەبێ بە خزمەتەکانیان لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە ئەوە بەڕێگای(عـقـد والاتفـاق) دەتـوانن سوودیان لێ وەرگرن، سوپاس.

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

سوپاس، کاک د.ڕزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قـــاسم مـــحـــەمـــەد قـــاسم:**

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

لە هەمـوو جیهـاندا وا باوە کە بابەتی خانەنشینی گرێ دراوە بە ڕادەی تەمەنەوە، واتە ئەگەر بەرز بێت ئەویش بەرزە و، ئەگەر نزمیش بێت ئەوە ئەویش نزم دەبێت، بەڵام هەمـوو شیکردنەوەکان لە ئاسـیـادا دەری دەخـەن کـە تەمـەنی خـانەنشـینی نەگـەیشـتـووەتە(٦٠) سـاڵ، واتە هەمـوو لە شەستەکاندایە، کەواتە ئەم تەمەنی خانەنشینییەی کە دانراوە کە(٦٣)ساڵە، زۆر باشە و ڕەچاوی زۆر لایەنی کردووە، وەکو لایەنی فسیۆلۆجی و تەندروستی وتوانای ئەو کەسانەی کە کار دەکەن،

من پێشنیار دەکەم کەوا وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی بەسەرکردنەوە و لێتوێژینەوەیەک لەسەر بنەمایەکی زانستیانە بکات، تاوەکو بزانن رادەی تەمەنی پزیشکەکان لە کوردستاندا، ئایا گەیشتووەتە(٧٠)ساڵ؟، چونکە خانەنشینی وتەمەن بەیەکەوە گرێدراون و، پەیوەندییەکی راستەوخۆیان پێکەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ رای لیژنەی یاسا وتەندروستیم، ئەگەر بکرێت بڕیارەکە بۆ گشتیی بێت باشترە و، ئەگەر زۆر پێویستیش بوو ئەوە حکومەت دەتوانێت بە(عقد) بییان هێنێتەوە، بە رای من مرۆڤ لە تەمەنی (٦٨)ساڵیدا وەکو مرۆڤێکی تەمەن کەمتر نییە لە کارکردندا، چونکە پیشەی پزشکی پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە ژیانی مرۆڤەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با رای پێچەوانەش هەبێت، دیاری کردنی تەمەن بۆ خانەنشینی زۆر شتێکی ئاساییە، بەڵام باری کوردستان تایبەت مەندی خۆی هەیە، لە زۆر شت ئەو تایبەت مەندییەتییە هەیە، بەتایبەتی لە پیشەی پزیشکاندا، ئێمە لە کوردستاندا ولەم بارودۆخەدا زۆر پێویستیمان بەم توێژە هەیە، چونکە نالەباری گوزەرانی ژیانی خەڵکی کوردستان وای کردووە کە نەخۆشی و پەتا زۆر بڵاو بێتەوە، هەروەها برینی کارەبا لە شاری دهۆک و هەولێر بوەتە فاکتەرێکی کاریگەر بۆ بڵاو بوونەوەی نەخۆشی و، نەخۆشی(متوطنە)ش زۆر بووە، لەبەر ئەوە من وای بۆ دەچم کە پزشکی پسپۆر تەمەن درێژن(معمر)ن، جا وادیارە وەزارەتی تەندروستی ئیشی خۆی هەڵسەنگاندوە، بۆیە ئەم پرۆژەیەی بۆ پزیشکەکان داناوە، جامن پشتگری لە پرۆژەکەیان دەکەم و بە پەسەندی دەزانم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک یۆنادم فەرموو.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا/وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەم پێشنیارەی حکومەت دەبوایە وەزیری پەیوەندار لێرە بووایە و بەرگری لە پرۆژەکەی خۆیان بکردایە، ئێستا منیش هەروەکو ئەندامێکی حکومەت بەرگری لەم پرۆژەیە دەکەم، ئەم پرۆژەیە ناڵێت ئەوەی (٦٨)ساڵ بێت خانەنشین بکرێت، خانەنشینی بەزۆرمان هەیە کە لە

تەمەنی(٦٣)ساڵی خانەنشین دەکرێن، جا وەزیر ناچار دەبێت کە خانەنشینیان بکات، هەتاکو ئەگەر پێویستیشیان پێیان هەبێت، پاشان دەتوانین بە(عقد)بیان هێنینەوە، بەڵام لێرە دەڵێ خانەنشینی بەزۆر بکرێتە تەمەنی(٦٨)ساڵی، بەڵکو هەیە لە تەمەنی (٦٣)ساڵی ناتوانێ کار بکات داوای خانەنشینی دەکات و، خانەنشین دەکرێت، ئەوکاتە لەلایەن وەزارەتەوە هەڵدەسەنگێنرێت، ئایا پێویستیان بەو کەسە هەیە، یان نە؟، جا تەنها لێرەدا مەبەستیان لە تەمەنی خانەنشینی بەزۆرە و، هەر پزیشکێک تەمەنی کە گەیشتە (٦٣)ساڵی بە هەوەسی خۆیەتی خانەنشین دەبێت، یاخود نابێت. ئەمە یەک، دووەم، ئێستا هەموومان دەزانین کە پزیشکەکان منەتبارن کەوا لە تەمەنی( ٥٠)ساڵیدا خانەنشین بکرێن، بەتایبەتی پسپۆرەکان تاوەکو بچن عیادەی خۆیان بکەنەوە و، ئێمەش زۆر پێویستیمان بە پزیشکە پسپۆرەکان هەیە، لەبەر ئەوە داوا کراوە کەوا ئەم تەمەنە بگۆڕدرێت، جا تکام وایە کە جارێکی تر بە بابەتەکەدا بچنەوە، لەگەڵ ڕێزم بۆ لیژنەی یاسا، ئێمە لەهەموو توێژەکانی تردا زیادە (فائض)مان هەیە، چ ئەندازیارەکان بێت، چ فەرمانبەرانی تربن ولە هەموو توێژەکانی تریش، کاتی خۆی وەزیری پەروەردە لەبەر پێویستیان بە مامۆستا داوایان کرد و، ئێستا وەزارەتی تەندروستی داوای ئەم گۆڕینە دەکەن، ئەویش لەبەر پێویستیانە، بەڵام خۆتان خۆ ئاگادارن کە لە شوێنەکانی تری حکومەت چەند خەڵکی دامەزران بە بێ پێویستی ئەو شوێنانە، بەڵام ئێمە زۆر پێویستیمان بە پزیشکەکان هەیە، ڕاستە کە دەڵێن با بە(عقد)دامەزرێن، بەڵام بۆ ئەو پزیشکانە بە مووچەی خۆیان دەوام نەکەن؟، چونکە مووچەی (عقد) دووبەرامبەرە بە مووچەی ئاسایی دامەزراندیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک سەعید محەمەد فەرموو.

**بەڕێز سەعید محەمەد سدیق هەروری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ بۆچوونەکەی لیژنەی یاسادام، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د.ناسح فەرموو.

**بەڕێز د.ناسح غەفور ڕەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێموایە ئەو تەمەنەی کە لەم پرۆژەیەدا دیاری کراوە زۆر باشە، هەڵبەتە حیساب بۆ بارودۆخی ئێستای کوردستان کراوە، کەوا ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە، هەروەها پێویستی وەڵاتەکەمان و گەلەکەمان بەو توێژەی کە ئەنجوومەنی وەزیران هەستی پێ دەکەن کە پێویستە تەمەنی خانەنشینی زیاد بکرێت ، هەڵبەتە بە خۆڕایی نەهاتووە، وەکو کاک یۆنادەمیش باسی کرد کە دەڵێت(إجباری)مەبەستەکە ئەوە نییە کە بەزۆرە، بەڵکو مەبەستی ئەوەیە کە تەمەنی

گەیشتە(٦٨)ساڵی ئەو کاتە خانەنشینی بەزۆرە، بەڵام پاش ئەوەی تەمەنی خزمەتی خۆی تەواو کرد دەتوانێت داوای خانەنشینی بکات، لەبەر ئەوە من لەگەڵ پرۆژەکەدام، بەڵام تکا لە ئەنجوومەنی وەزیران دەکەم کە ئەم جۆرە پرۆژانە ئەگەر هەیە، با هەموویان کۆبکەنەوە وپێکەوە ئاراستەی پەرلەمانی کەن و، ئەگەر نییە ئەوە با ئەم پرۆژەیە بڕوات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک مامەند فەرموو.

**بەڕێز مامەند محەمەد ئەمین بابکر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش لەگەڵ ڕای لیژنەی یاسادام، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، مامۆستا موحسن فەرموو.

**بەڕێز موحسین خالید مستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش هەر پشتگیری لیژنەی یاسا دەکەم، لەبەر ئەوەی کە شتەکە تایبەتمەندە هەندێ کەسی دیاری کراوە و، دەتوانن بە(عقد العمل) و بە هەموو ڕێزێکەوە بیان گێڕنەوەو، ئەوەی کە پێویستیان پێیان هەیە دەتوانن ڕۆڵی خۆیان ببینن، بەڵام خۆزگا بیر لەوە کرابایەوە کە لە کوردستانی ئێمەدا و میللەتی ئێمە بەتەواوی گیری خواردووە بەدەستی گرانی بەهای عیادە و نرخی داودەرمانەوە، کە دەبوایە لە بوارێکدا باسی ئەو گران بەهایەش بکرابایە، چونکە ئەو خەرجییە گەورەیە ڕووبەڕووی خەڵکی هەژار وبێ دەرەتا دەبێت کە دووچاری عەیادەکان و تاقیگاکان و دەرمانخانەکان دەبن، هەروەها هەندێ لە تاقیگەکان هەنە کەوا لە ماوەی (٢)کاتژمێردا(٧٠)کەس بەڕێ دەکەن، نازانم چۆن دەتوانن ئەم هەموو تاقیکردنەوانە لەم ماوە کورتەدا تەواو بکەن؟، دەبوایە لیژنە پەیوەندارەکان باسی ئەو جۆرە شتانەشیان بکردایە، چونکە بەراستی ئەم جۆرە کارانە داخوازیەکانی میللەت جێبەجێ دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، ئەمە دەرچوونە لە ناوەڕۆکی باسەکە، ئەگەر پێشنیارێکتان هەیە، پاشان بخرێتە ڕوو، تەنها باسی تەمەنی خانەنشینی ئەم پرۆژەیە دەکەین. کاک حەمید میران فەرموو.

**بەڕێز حەمید سلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە هۆکارە پێویستەکاندا هاتووە کە ئەم کارە بۆ ئەوە داوا کراوە، کەوا خزمەتگوزاری پزیشکی بگەیەننە دێهات وشوێنە دوورەکان، ئەو پزیشکانەی کە دەگەنە ئەو تەمەنە ناتوانن خزمەت بگەیەنن بەو شوێنانە، لەبەر ئەوە منیش پشتگیری لە ڕای لیژنەی یاسا دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلا مەحمود فەرموو.

**بەڕێز مەلا مەحمود فندی دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەمەو پێش ئێمە چەند یاسایەکی لەم جۆرەمان بۆ چەند توێژێکی تر دەرکردووە، بۆچی ئەمەش وەکو ئەوانی تر نەڕوێنین؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک ئازاد قەرەداغی فەرموو.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مەسەلەی خانەنشینی پزیشکەکان، بەراستی لە(٦٣)ساڵەوە بکرێت بە (٦٨)ساڵ، منیش لەگەڵ رای لیژنەی یاسادام، بۆچی بۆ توێژێک، یاخود بۆ کۆمەڵێک یاسایەک دەرکەین؟،بۆ تەمەنێک دیاری نەکرێت بۆ گشت ئەوانەی کە لە کوردستاندا کاردەکەن ولەسەر ئەو تەمەنە خانەنشین بکرێن؟، بە رای من ئەمە لە هەمووی باشترە و، هەروەها لە زۆربەی وەڵاتاندا مەرج نییە تەمەن بگاتە(٦٨)ساڵ تاوەکو خانەنشین بکرێن، ئێستا بۆ نموونە لە سوید هەرکێ گەیشتە تەمەنی(٦٥)ساڵی خانەنشین دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لە وەڵاتی ئێمەشدا تەمەنی(٦٣)ساڵی دیاری کراوە بۆ خانەنشینی و لە زۆربەی هەرە زۆری وەڵاتانی تریش تەمەنی خانەنشینی(٦٣)ساڵە، سوپاس کاک ئازاد، مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لەگەڵ پرۆژەکەدام، لەگەڵ رێزم بۆ سەرۆکی لیژنەی تەندروستی، هەرچەندە ئێمە تاوتوێ و باسمان نەکردووە، بەڵام خۆ نموونەمان هەیە ئەویش بڕیارمان لەسەر پرۆژەی تەمەنی خانەنشینی مامۆستایانی ئاینی ومامۆستایان لەم پەرلەمانەدا داوە، ئێستا ئەگەر بکرێت وبڕیار لەسەر ئەم پرۆژەیە بدرێت کەوا بۆ توێژی پزیشکانە و، سەبارەت بەوە کە یاسایەکی گشتیش دەرکرێت بۆ هەموو کوردستان ئەوە دەتوانن نووسراوێکی رەسمی ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران بکەن، کەوا پرۆژەیەکی گشتی لەم بابەتەوە رەوانەی پەرلەمان کەن، ئێستاش من لەگەڵ ئەوەدام کە ئەم پرۆژەیە پەسەند بکرێت و بڕیاری لەسەر بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلا تەڵحە فەرموو.

**بەڕێز مەلا تەلحە سەعید قەرەنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەمان رای مامۆستا مەلاموحسین مان هەیە، وەکو خۆی بێنێتەوە... .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ببورن مامۆستا قسەکانت دەبڕین، بەڵام ئێستا بابەتەکەی ئێمە لەسەر ئەو شتانە نییە و، بەڕێزت دەتوانی لە دەرفەتێکی تردا پێشنیارەکەی خۆت پێشکەش بکەیت.

**بەڕێز مەلا تەلحە سەعید قەرەنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پشتگیری رای لیژنەی یاسا دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، ئەوانەی کە ویستیان لەسەر ئەم بابەتە قسە بکەن تەواو بوون، ئێستا پێشنیارێک هەیە کەوا ئەم پرۆژەیە رەفز بکرێتەوە، ئەو پێشنیارە دەخەینە دەنگدانەوە، ئەگەر رەفز نەکرا دێینەوە سەر پرۆژەکەو خاڵ بە خاڵ گفتوگۆی لەسەر دەکەین. ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە کەوا ئەم پرۆژەیە رەفز بکرێ؟..سوپاستان دەکەین..کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بەزۆربەی دەنگ پرۆژەکە رەفزکرا.

بەراستی سەبارەت بەم بابەتانە ئێمە وەکو وەسیەتێک ئەم بڕیارە رەوانەی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین کەوا لێتوێژینەوەی ئەم بابەتە بکەن و، ئەگەر پێویست بو بۆ توێژێکی تایبەتی بڕیارێکی وا بدرێت ئەوە دەتوانن بە رێگای تری چارەسەری ئەم جۆرە گرفتانە بکەن، بێ ئەوەی دەسکاری تەمەنی یاسای خانەنشینی بکرێت.

خاڵی دووەم گفتوگۆ کردنە لەسەر یاسای داواکاری گشتی (الادعاء العام). لیژنەی یاسا فەرموون.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني الكوردستاني ـ العراق

رقم القرار:

تأريخ القرار: / /

استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءً على ما عرضه وزير العدل ووافق عليه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ / / ١٩٩ اصدار ما يلي:

قانون رقم ( ) لسنة ( ١٩٩ )

## قانون الادعاء العام لاقليم كوردستان

## (الباب الاول)

## (مبادئ اساسية)

المادة الاولى: يهدف هذا القانون الى تنظيم جهاز الادعاء العام لتحقيق مايلي:-

اولاً: حماية نظام الاقليم وامنه ومؤسساته والدفاع عن مكاسب شعب كوردستان والمحافظة على الممتلكات العامة للاقليم.

ثانياً: دعم مؤسسات الاقليم في اطار مراقبة المشروعية واحترام تطبيق القانون.

ثالثاً: الاسهام مع القضاء والجهات المختصة في الكشف عن الجرائم والعمل على سرعة حسم القضايا.

رابعاً: مراقبة تنفيذ القرارات والاحكام والعقوبات وفق القانون.

خامساً: الاسهام في رصد ظاهرة الاجرام وتقديم المقترحات لمعالجتها.

سادساً: الاسهام في حماية الاسرة والطفولة.

## (الباب الثاني)

## (مهام الادعاء العام)

### الفصل الاول

### التحري وجمع الادلة والتحقيق

المادة الثانية:

للادعاء العام:

اولاً: اقامة الدعوى بالحق العام ما لم يتطلب تحريكها شكوى او اذناً من مرجع مختص.

ثانياً: التحري عن الجرائم وجمع الادلة التي تلزم للتحقيق فيها واتخاذ كل ما من شأنه التوصل الى كشف الجريمة.

المادة الثالثة:

لعضو الادعاء العام صلاحية حاكم التحقيق في محل الحادث عند غيابه وتزول تلك الصلاحية عند حضور حاكم التحقيق المختص الا اذا طلب اليه مواصلة التحقيق.

المادة الرابعة:

على الادعاء العام ان يبدي رأيه قبل صدور القرارات فيما يأتي:

اولاً: نقل الدعوى في دوري التحقيق والمحاكمة.

ثانياً: إجبار المتهم او المجني عليه في جناية او جنحة على التمكين من الكشف على جسمه او أخذ تصويره أو بصمة اصابعه او قليل من دمه او شعره او اظافره بما يفيد التحقيق.

ثالثاً: حجز اموال المتهم الهارب او التي تحت تصرفه.

رابعا: حجز اموال المتهم بارتكاب جناية وقعت على مال منقول او غير منقول.

المادة الخامسة:

للادعاء العام حق الاشراف على اعمال المحققين واعضاء الضبط القضائي بما يكفل مراعاة تنفيذ قرارات حاكم التحقيق وسرعة انجازها وللادعاء العام الاطلاع على الاوراق التحقيقية وتقديم الطلبات بشأنها وعلى حاكم التحقيق البت بهذه الطلبات خلال مدة لاتتجاوز ثلاثة ايام من تأريخ ورودها اليه.

المادة السادسة:

اولاً:- على عضو الادعاء العام الحضور عند اجراء التحقيق في جناية او جنحة وابداء ملاحظاته وطلباته القانونية.

ثانيا:- على حاكم التحقيق:-

أ- أن يدعو عضو الادعاء العام المعين أو المنسب امامه للحضور عند اتخاذ اي اجراء من اجراءات التحقيق.

ب- ان يطلع عضو الادعاء العام المعين أو المنسب امامه على القرارات التي يصدرها خلال ثلاثة ايام من تاريخ صدورها.

المادة السابعة:

على الادعاء العام القيام بما يلي:-

اولاً:- ارسال الشكاوي المقدمة اليه أو المحالة عليه الى المرجع القضائي المختص.

ثانياً:- تفتيش المواقف وقسمي اصلاح الكبار والاحداث وتقديم التقارير الشهرية عنها الى الجهات المعينة.

المادة الثامنة:

اولاً:- على الجهات القائمة بالتحقيق اخبار الادعاء العام بالجنايات أو الجنح فور العلم بها وعلى الدوائر والمؤسسات كافة اخباره في الحال بحدوث اية جناية أو حنجة تتعلق بالحق العام.

ثانياً:- على الجهات المختصة اعلام الادعاء العام بتشكيل اللجان والهيئات والمجالس التي تتولى التحقيق والمحاكمة وبالقضايا التي تنظرها قبل بدء المحاكمة فيها بمدة لاتقل عن ثمانية ايام وتزويده بنسخ القرارات التي تصدرها خلال خمسة عشر يوماً من تأريخ صدورها.

## (الفصل الثاني)
## (المحاكمة والطعن في الاحكام)

المادة التاسعة:

اولاً:- على الادعاء العام الحضور في جلسات المحاكم الجزائية - عدا محكمة التمييز، وله حق مناقشة الشهود وتوجيه الاسئلة وطلب ندب الخبراء والانتقال لمعاينة محل

الحادث واستجواب المتهم وتقديم طلباته بالادانة أو الافراج أو عدم المسؤولية و البراءة أو فرض التدابير.

ثانياً: لاتنعقد جلسات المحاكم الجزائية المذكورة في الفقرة (اولا) من هذه المادة الا بحضور عضو الادعاء العام المعين أو المنسب للترافع امامها.

ثالثاً: للادعاء العام الحضور امام اية محكمة جزائية عند انعقادها بصفة تمييزية، عدا محكمة التمييز لابداء رأيه في الاحكام والقرارات والتدابير في الدعوى المنظورة من قبلها.

المادة العاشرة:

للادعاء العام ما يلي:

اولاً: ابداء الرأي في سرية الجلسات قبل ان تقرر محكمة الموضوع ذلك.

ثانياً: تحريك الدعوى في الجرائم التي ترتكب في قاعة المحاكمة ولو توقفت اقامتها على شكوى.

ثالثاً: طلب الحكم على الشاهد اذا امتنع عن حلف اليمين أو عن اداء الشهادة في غير الاحوال التي يجيزها القانون.

المادة الحادية عشرة:

على المحاكم ان تطلع الادعاء العام على ما تتخذه من قرارات من غير محاكمة فيما يتعلق بالقبض والتوقيف واطلاق السراح بكفالة أو بدونها خلال مدة لا تزيد على ثلاثة ايام من تأريخ صدورها.

المادة الثانية عشرة:

اولاً: على الادعاء العام الحضور امام محاكم العمل ولجنة شؤون الحكام ولجنة شؤون الادعاء العام ومجلس الانضباط العام ولجان الانضباط والگمارك ولجان التدقيق في ضريبة الدخل واية هيئة او لجنة او مجلس ذي طابع جنائي.

ثانياً: تفقد الجلسات المشار اليها في الفقرة (اولاً) صحة انعقادها بغياب عضو الادعاء العام المعين او المنسب امامها بسبب عدم دعوته للحضور.

ثالثاً: على الجهات المبينة في الفقرة (اولاً) من هذه المادة ان تطلع الادعاء العام على ما تتخذه من القرارات خلال مدة لا تزيد عن ثلاثة ايام من تأريخ صدورها.

المادة الثالثة عشرة:

اولاً: على الادعاء العام الحضور امام محاكم الاحوال الشخصية والمحاكم المدنية في الدعاوي المتعلقة بالقاصرين والمحجور عليهم والغائبين والمفقودين ودعاوي الطلاق والتفريق وهجر الاسرة وتشريد الاطفال وتقديم مطالعته بصددها ومتابعة القرارات وسلوك طرق الطعن فيها.

ثانياً: للادعاء العام الحضور امام المحاكم في اية دعوى يرى ضرورة تدخله فيها لحماية الاسرة والطفولة.

المادة الرابعة عشرة:

يعفى الادعاء العام من دفع اية رسوم بسبب مداخلاته في الامور المنصوص عليها في هذا القانون.

المادة الخامسة عشرة:

يمارس الادعاء العام صلاحياته بتقديم الطلبات وابداء الرأي في قضايا التعهد بحفظ السلام وحسن السلوك واعادة المحاكمة والانابة القضائية وتسليم المجرمين والقضايا الاخرى وفق احكام القانون.

المادة السادسة عشرة:

اولاً: ترسل محكمة الجنايات الى رئاسة الادعاء العام مباشرة الدعاوي المحسومة من قبلها في الجرائم التي صدر فيها حكم (بالاعدام أو بالسجن المؤبد).

ثانياً: ترسل محكمة الاحداث الى رئاسة الادعاء العام دعاوي الجنايات التي تحسمها.

المادة السابعة عشرة:

اولاً: للادعاء العام حق الطعن في الاحكام والقرارات والتدابير الصادرة من المحاكم الجزائية واللجان والهيئات والمجالس المختصة.

ثانياً: تسري مدة الطعن بالنسبة الى الادعاء العام عند حضوره اعتباراً من اليوم التالي لتأريخ النطق بتلك الاحكام والقرارات والتدابير ومن اليوم التالي لتأريخ تبليغه بها عند صدورها في غيابه.

ثالثاً: تبدأ مدة طلب تصحيح القرار التمييزي بالنسبة لعضو الادعاء العام في اليوم التالي لتأريخ تبليغه بالقرار.

## (الفصل الثالث)
## (تنفيذ الاحكام)

المادة الثامنة عشرة:

اولاً: على المحكمة عند اصدار الحكم بعقوبة أو تدبير سالب للحرية ان تزود المدعي العام في دائرة الاصلاح الاجتماعي بنسخة من قرار الادانة والحكم مع مذكرة السجن أو الحجز بنسخة من أي قرار تصدره المحكمة بهذا الخصوص.

ثانياً: على الادعاء العام متابعة تنفيذ الاحكام والقرارات والتدابير المذكورة في الفقرة (اولاً) من هذه المادة.

ثالثاً: تخبر قسم اصلاح الكبار وقسم اصلاح الاحداث المدعي العام في دائرة الاصلاح الاجتماعي تحريراً بأنتهاء تنفيذ العقوبات والتدابير بحق المحكوم عليه.

المادة التاسعة عشرة:

اذا وجدت المحكوم عليها بالاعدام حاملاً فعلى قسم اصلاح الكبار عند ورود الامر بتنفيذ الحكم مفاتحة المدعي العام في دائرة الاصلاح الاجتماعي لذلك ليبدي مطالعته الى رئيس الادعاء العام وعلى رئيس الادعاء العام ان يقدمها الى وزير العدل مشفوعة برأي مسبب بتأجيل تنفيذ الحكم او تبديله وفق الاجراءات المنصوص عليها في القانون.

المادة العشرون:

تستطلع المحكمة المختصة رأي المدعي العام في دائرة الاصلاح الاجتماعي قبل البت في طلب صفح المجني عليه المقدم اليها.

المادة الحادية والعشرون:ـ

يجوز دفع الغرامة المحكوم بها أو الجزء النسبي منها الى المدعي العام في دائرة الاصلاح الاجتماعي وعندها يخلى سبيل المحكوم عليه حالاً.

المادة الثانية والعشرون:

يقوم المدعي العام في دائرة الاصلاح الاجتماعي:ـ

اولاً:ـ ابداء الرأي في طلبات الافراج الشرطي ومراقبة قيام المفرج عنه (شرطياً) بتنفيذ الشروط والالتزامات التى فرضتها عليه المحكمة واخبارها عن كل ما يرتكبه اخلالاً بتلك الشروط وله أن يستعين برأي المنظمات الاجتماعية لتحقيق ذلك.

ثانياً:ـ تزويد المحكمة بالمعلومات التي توجب اعادة النظر في قرارها بالافراج الشرطي كلاً أو جزءً أو تأجيل ما قررت تنفيذه أو تنفيذ ما قررت تأجيله من العقوبات الاصلية أو الفرعية.

المادة الثالثة والعشرون:

على المحكمة ان تستمع الى مطالعة الادعاء العام قبل ان تصدر قرارها بالغاء قرار الافراج الشرطي لمخالفة المفرج عنه لشروط الافراج أو لصدور حكم عليه بعقوبة سالبة للحرية.

المادة الرابعة والعشرون:

على نائب المدعي العام في قسم اصلاح الكبار الحضور عند تنفيذ حكم الاعدام بأعتباره عضواً في هيئة التنفيذ.

## (الباب الثالث)
## (جهاز الادعاء العام)

### (الفصل الاول)
### (اعضاء الادعاء العام)

المادة الخامسة والعشرون:

اولاً:ـ يتكون جهاز الادعاء العام من:ـ

أ- رئيس الادعاء العام.
ب - نائب رئيس الادعاء العام.
ج - مدعي عام في كل من:
١- محكمة الجنايات.
٢- دائرة الاصلاح الاجتماعي.
٣- رئاسة الادعاء العام.
د - نواب المدعي العام.

ثانياً: يكون مقر رئيس الادعاء العام في عاصمة الاقليم وتشمل اختصاصاته انحاء الاقليم.

المادة السادسة والعشرون:

يرتبط رئيس الادعاء العام بوزير العدل، الذي له حق المراقبة والاشراف على اعضاء الادعاء العام.

## «الفصل الثاني»
## (اختصاصات عضو الادعاء العام)

المادة السابعة والعشرون:

يتولى رئيس الادعاء العام الرقابة والاشراف الاداري المباشر على جهاز الادعاء العام وله في سبيل ذلك اصدار التعاميم والارشادات الخاصة بتنظيم العمل وحسن قيام الجهاز بأعماله.

المادة الثامنة والعشرون:

اولاً: يمارس رئيس الادعاء العام الاختصاصات التالية:
أ- الصلاحيات المخولة له بموجب احكام القوانين.
ب - ابداء الرأي في التشريعات الجزائية والتشريعات الاخرى ذات العلاقة وطبيعة اعمال الادعاء العام وتقيمها.
ج - تدقيق الدعاوي الواردة من محاكم الجنايات والاحداث وتقديم مطالعاته وطلباته الى محكمة التمييز خلال خمسة عشر يوماً من تأريخ ورودها اليه.

ثانياً: لرئيس الادعاء العام ان يؤلف هيئة برئاسته أو رئاسة نائبه وعضوين من الادعاء العام تتولى تقديم التوصيات والدراسات في المهام المناطة به بموجب الفقرة (اولاً) من هذه المادة.

المادة التاسعة والعشرون:

يقدم رئيس الادعاء العام:

اولاً: تقريراً سنويا عاما الى وزير العدل ومجلس القضاء حول سير العمل في جهاز الادعاء العام والصعوبات التي تعترضه مشفوعاً بمقترحاته وتوصياته لازالة العقبات

وتلافي الصعوبات بما يحقق اهداف القانون.
ثانياً:- تقارير سرية سنوية الى وزير العدل عن سلوك وكفاءة اعضاء الادعاء العام.
ثالثاً:- تقارير تخص ظاهرة الاجرام والمنازعات في ضوء المعلومات التي ترده من المدعي العام في دائرة الاصلاح الاجتماعي والجهات الاخرى ذات العلاقة مشفوعة بالملاحظات والاقتراحات العملية لتلافي وقوع الجريمة ومكافحتها.

المادة الثلاثون:
اولاً:- يقوم رئيس الادعاء العام في حدود ما تسمح به القوانين والانظمة والتعليمات بالتنبيه الى الخروقات والانتهاكات الحاصلة عند تطبيق الاحكام والنصوص الجزائية، وله ان يطلب او يتخذ من الاجراءات ما يكفل تلافي هذه الانتهاكات وتصحيحها وعدم تكرارها.
ثانياً(أ): اذا تبين لرئيس الادعاء العام حصول خرق للقانون في اي حكم أو قرار صادر من اية محكمة أو لجنة أو جهة مختصة من شأنه الاضرار بمصلحة الدولة أو اموالها أو مخالفته للنظام العام يتولى عندها الطعن في الحكم أو القرار لمصلحة القانون رغم فوات المدة القانونية ادا لم يكن احد من ذوي العلاقة قد طعن فيه.
ب - لا يجوز الطعن لمصلحة القانون طبقاً للفقرة (ثانياً - أ) من هذه المادة اذا كانت قد مضت مدة ثلاثة سنوات على اكتساب الحكم أو القرار درجة البتات.
جـ - يكون الطعن لمصلحة القانون امام محكمة التمييز في القرارات الصادرة من المحاكم وينظر من قبل هيئة خماسية برئاسة رئيس المحكمة أو احد نوابه. فاذا تأيد ان في الحكم أو القرار المطعون فيه خرقاً للقانون تقرر نقضه واعادة الدعوى الى محكمتها لاصدار حكم أو قرار جديد ترسله تلقائياً الى محكمة التمييز وينظر فيه من الهيئة المذكورة، ويكون قرارها واجب الاتباع ولا يقبل الطعن فيه بطريقة تصحيح القرار التمييزي. اما اذا كان القرار صادراً من لجنة أو جهة مختصة فيكون الطعن فيه لمصلحة القانون بصفتها التمييزية ويكون قرارها باتاً.

المادة الحادية والثلاثون:
يتولى نائب رئيس الادعاء العام الامور الاتية:-
اولاً:- رئاسة الادعاء العام عند غياب الرئيس.
ثانياً:- تفتيش دوائر الادعاء العام وتقديم التقارير بنتيجة التفتيش، الى رئيس الادعاء العام.
ثالثاً:- تمثيل الادعاء العام في التهم المنسوبة الى الحكام واعضاء الادعاء العام امام لجنة شؤون الحكام ولجنة شؤون الادعاء العام.
رابعاً:- القيام بالاعمال والمهام التي يندبه اليها رئيس الادعاء العام بموجب احكام هذا القانون.

المادة الثانية والثلاثون :

يتولى المدعي العام امام محكمة الجنايات الاختصاصات التالية يعاونه في ذلك عدد كافٍ من اعضاء الادعاء العام.

اولاً : الصلاحيات المنصوص عليها قانوناً لعضو الادعاء العام امام محكمة الجنايات وله ان ينيب عنه لهذا الغرض احد نوابه.

ثانياً : توزيع الاعمال والاشراف الاداري على نواب الادعاء العام التابعين له في منطقته.

ثالثاً : الاشراف على اعمال المحققين واعضاء الضبط القضائي عند توليهم التحقيق، وله طلب اتخاذ الاجراءات الانضباطية أو الجزائية ضد من يخالف واجباته القانونية منهم.

رابعاً : أ- عرض العفو على المتهم في مرحلة التحقيق بموافقة محكمة الجنايات لاسباب يدونها في المحضر وذلك في الجنايات الخطيرة التي تنعدم أو تتضائل فيها الادلة بقصد الحصول على شهادته ضد المساهمين الاخرين في الجريمة وبشرط ان يقدم المتهم البيانات الصحيحة والكاملة عن الجريمة ومرتكبيها.

ب - طلب الغاء العفو عن المتهم إذا لم يقدم البيانات المذكورة في الفقرة السابقة.

جـ - طلب وقف الاجراءات القانونية من محكمة الجنايات ضد المتهم نهائياً إذا كان قد ثبت بأن ما ادلى به صحيح وكامل.

خامساً : تقديم التقارير الفصلية الى رئيس الادعاء العام حول دائرته ونوابه واعضاء الضبط القضائي.

سادساً : الصلاحيات المخولة له بموجب احكام القانون امام حكام التحقيق والجنح واللجان والمجالس والهيئات الرسمية التي تنص القوانين على وجوب حضور الادعاء العام امامها.

المادة الثالثة والثلاثون :

يتولى نائب المدعي العام امام محكمة العمل ممارسة الصلاحيات المخولة لعضو الادعاء العام بمقتضى احكام القانون.

المادة الرابعة والثلاثون :

تنشأ دائرة للادعاء العام في دائرة الاصلاح الاجتماعي في وزارة الصحة والشؤون الاجتماعية في الاقليم، يرأسها مدعي عام يعاونه عدد كاف من نواب الادعاء العام ويتولى المهام التالية :

اولاً : اعداد التقارير الفصلية والدراسات الميدانية عن ظاهرة الاجرام وابداء ملاحظاته ومقترحاته العملية لتلافي وقوع الجريمة وتقليصها والحد من مشكلة جنوح الاحداث ومنع تفاقمها.

ثانياً :- ممارسة اختصاصات المدعي العام امام محكمة الجنايات المنصوص عليها في هذا القانون وذلك في الامور التي تخص دائرته.

المادة الخامسة والثلاثون :

يمارس نائب المدعي العام بأعتباره العنصر الأساسي في جهاز الأدعاء العام تحقيقاً للأهداف المنصوص عليها في هذا القانون، الأختصاصات التالية :-

أولاً : الإشراف على أعمال المحققين، وأعضاء الضبط القضائي عند توليهم التحقيق، وله طلب اتخاذ الاجراءات الانضباطية أو الجزائية ضد من يخالف واجباته القانونية منهم.

ثانياً - ممارسة الصلاحيات الممنوحة او المخولة للادعاء العام بموجب احكام هذا القانون والقوانين الاخرى، عدا ما انيط منها بنص خاص الى غيره من اعضاء الادعاء العام.

المادة السادسة والثلاثون :

اولاً : يرتبط نواب المدعي العام من الناحية الادارية برؤسائهم المباشرين من المدعين العامين الموجودين في مراكز المحافظات، ويرتبط المدعون العامون في مراكز المحافظات بالمدعي العام امام محكمة الجنايات.

ثانياً : يرتبط برئيس الادعاء العام مباشرة نائب الرئيس والمدعون العامون امام محكمة الجنايات ودائرة الاصلاح الاجتماعي.

المادة السابعة والثلاثون :

يلتزم عضو الادعاء العام بما يأتي :-

اولاً : المحافظة على كرامة وظيفته والابتعاد عن كل مايبعث على الريبة في استقامته.

ثانياً : العمل بحياد تام وعدم افساح المجال للتأثير او التدخل في سير العدالة.

ثالثاً : كتمان الامور والمعلومات والوثائق التي يطلع عليها بحكم وظيفته او خلالها اذا كانت سرية بطبيعتها او يخشى من افشائها لحوق ضرر بالاقليم او الاشخاص ويظل هذا الواجب قائماً حتى بعد انتهاء خدمته.

رابعاً : عدم مزاولة التجارة او اي عمل لا يتفق مع وظيفة الادعاء العام.

خامساً : ارتداء الكسوة الخاصة اثناء المحاكمة وفقاً للتعليمات التي يصدرها وزير العدل.

سادساً : الاقامة في مركز الوحدة الادارية التي فيها مقر عمله الا اذا اذن له وزير العدل بالاقامة في مكان آخر لظروف يقررها.

سابعاً : يحضر على عضو الادعاء العام الانتماء الى اية جهة سياسية.

المادة الثامنة والثلاثون :

لايجوز لعضو الادعاء العام ممارسة اختصاصاته امام حاكم تربطه به مصاهرة او قرابة لغاية الدرجة الرابعة.

# الباب الرابع
# الخدمة في الادعاء العام

## الفصل الاول

## التعيين

المادة التاسعة والثلاثون :

يشترط في من يعين في جهاز الادعاء العام ما يلي :

اولاً : ان يكون حاصلاً على شهادة بكالوريوس في القانون او مايعادلها .

ثانياً : ان يكون عراقي الجنسية ومن سكنة الاقليم ويجيد اللغة الكوردية .

ثالثاً : له خدمة قضائية مدة لاتقل عن عشر سنوات.

رابعاً : ان يكون متزوجاً.

خامساً : ان لايقل عمره عن خمس وثلاثين سنة ولا يزيد عن خمسين سنة .

سادساً : ان لايكون محكوماً عليه بجناية او جنحة مخلة بالاعتبار .

سابعاً : ان يكون محمود السيرة وحسن السمعة ومشهودا له بالنزاهة والحياد .

ثامناً : ان تتوفر فيه شروط اللياقة البدنية وسالماً من العاهات.

المادة الاربعون :

اولاً : يقدم الطلب بالتعيين نائباً للمدعي العام الى وزارة العدل مرفقاً بالشهادة الدراسية والوثائق الاخرى المطلوبة في شروط التعيين وللوزارة ان ترسل الى مجلس القضاء طلب من تراه مستكملاً الشروط القانونية.

ثانياً : يختار مجلس القضاء الارجح من بين طالبي التعيين ويرسل قرار التعيين الى الوزارة لاصدار مرسوم اقليمي بذلك.

المادة الحادية والاربعون :

اولاً : لا يمارس عضو الادعاء العام اعماله الا بعد اداءه اليمين التالية امام مجلس القضاء (اقسم بالله العظيم ان اقوم باعمال وظيفتي واطبق القوانين واراقب المشروعية بامانة واخلاص وحياد والله).

ثانياً : تحدد وزارة العدل الدائرة التي يباشر عضو الادعاء العام عمله فيها بعد صدور المرسوم بتعيينه واداءه اليمين.

المادة الثانية والاربعون :

اولاً : تكون درجات ورواتب اعضاء الادعاء العام وعلاواتهم السنوية ومدد ترفيعهم، كما يأتي :

| الدرجة | حدود الراتب | مقدار العلاوة | الترفيع |
|---|---|---|---|
| د | -/٢١٠ - -/٢٣٠ دينار | -/٥دينار | ٥ دينار |
| ج | -/٢٥٥ - -/٢٩٠ دينار | -/٧ دينار | ٥ دينار |
| ب | -/٣١٠ - -/٣٥٠ دينار | -/٨ دينار | ٥ دينار |
| أ | -/٣٧٠ - -/٤٤٥ دينار | -/٩ دينار | - |

ثانياً: يكون راتب رئيس الادعاء العام -/١٠٠٠ دينار شهرياً ويتقاضى نفس الراتب من ينتدب الى الوظيفة اعلاه.

ثالثاً: يتقاضى اعضاء الادعاء العام مخصصات غلاء المعيشة التي يتقاضاها الموظفون الخاضعون لقانون الخدمة المدنية.

رابعاً: أ: يتقاضى اعضاء الادعاء العام مخصصات قضائية على الوجه الاتي:

| الراتب | في الاقضية والنواحي | في مركز المحافظة عدا اربيل |
|---|---|---|
| ٢١٠ - ٢٩٠ | ٪١٠٠ | ٪٩٠ |
| ٣١٠ - ٣٥٠ | ٪٩٠ | ٪٨٠ |
| ٣٧٠ - ٤١٥ | ٪٨٠ | ٪٧٠ |

ب - يتقاضى أعضاء الأدعاء العام العاملون في مركز محافظة أربيل مخصصات قضائية بنسبة(٥٠٪) من رواتبهم الأسمية.

ج - يشترط في من يتقاضى المخصصات وفق النسب المذكورة في الفقرة(أ) السابقة (أن يكون مقيماً في مقر عمله) وبخلاف ذلك يتقاضى النسبة الأقل من هذه المخصصات بين محل إقامته ومقر عمله.

خامساً(أ): يمنح أعضاء الأدعاء العام مخصصات سكنية مقطوعة مقدارها ثلاثمائة دينار شهرياً.

(ب): عند إشغال عضو الأدعاء العام داراً تعود للدولة فعلى دائرته تسديد المبلغ المذكور في الفقرة(أ) من هذه المادة إلى الجهة التي تعود لها الدار كبدل أيجار.

(ج): يحرم من مخصصات السكن من يملك داراً في مركز عمله أو من لايقيم في مركز عمله.

سادساً (أ): يتقاضى أعضاء الأدعاء العام مخصصات صنف مقطوعة على الوجه الآتي:-

| | |
|---|---|
| أ- الصنف الأول | ١٠٠٠ دينار |
| ب - الصنف الثاني | ٨٠٠ دينار |
| ج - الصنف الثالث | ٦٠٠ دينار |
| د - الصنف الرابع | ٤٠٠ دينار |

ب - تستثنى المخصصات القضائية ومخصصات الصنف ومخصصات السكن التي تمنح بموجب هذه المادة من أحكام قانون مخصصات موظفي الدولة رقم(٩٣)لسنة(١٩٩٧) أو أي قانون يحل محله.

سابعاً: يمنح عضو الأدعاء العام علاوة تلقائية من الحد الأدنى إلى الحد الأقصى لكل درجة على الوجه المبين في الفقرة(أولاً) من هذه المادة وذلك عند إكماله سنة في الخدمة.

## (الفصل الثاني)
## «الترفيع»

المادة الثالثة والاربعون:

أولاً: يرفع عضو الأدعاء العام من درجة إلى درجة أعلى بقرار من مجلس القضاء بعد قضائه المدة المحددة في درجته المبينة في الفقرة(أولاً) من المادة(٤٢) من هذا القانون.

ثانياً: يراعي مجلس القضاء عند النظر في ترفيع عضو الأدعاء العام تقارير رؤسائه وهيئة التفتيش العدلي فيما يتعلق بكفاءته وحسن أدائه لواجباته ورأي وزارة العدل فيما يتعلق بسلوكه.

ثالثاً: يصدر مجلس القضاء قراره بترفيع عضو الأدعاء العام إذا تأيدت أهليته للترفيع وتصدر وزارة العدل أمراً بذلك أعتباراً من تاريخ أستحقاقه للترفيع.

رابعاً: لمجلس القضاء أن يؤجل بقرار مسبب ترفيع عضو الأدعاء العام مدة لاتقل عن(ثلاثة أشهر) ولاتزيد على(سنة) ولأكثر من مرة واحدة إذا وجد أنه غير أهل لذلك.

خامساً: يجوز إنهاء خدمة عضو الأدعاء العام أو نقله إلى وظيفة مدنية بمرسوم أقليمي بناءاً على قرار من مجلس القضاء وأقتراح من وزير العدل إذا أجل ترفيعه أكثر من مرتين متتاليتين في نفس الدرجة.

## (الفصل الثالث)
## «الترقية»

المادة الرابعة والاربعون:

أولاً: تكون أصناف الأدعاء العام وحدود الراتب لكل صنف كما يأتي:ـ

| الصنف | الراتب |
|---|---|
| الأول | ٣٧٠ـ ٤١٥ |
| الثاني | ٣١٠ـ ٣٥٠ |
| الثالث | ٢٥٥ـ ٢٩٠ |
| الرابع | ٢١٠ـ ٢٣٠ |

ثانياً: يرقى عضو الأدعاء العام من صنف إلى آخر بقرار من مجلس القضاء بناءاً على طلب يتقدم به عضو الأدعاء العام إلى وزارة العدل شريطة نيله راتب الحد الأدنى للصنف المراد ترقيته إليه.

المادة الخامسة والاربعون:

أولاً: على وزارة العدل عند تقديم الطلب بالترقية أستطلاع رأي كل من رئاسة الأدعاء العام ورئاسة هيئة الأشراف العدلي عن كفاءة عضو الأدعاء العام وأهليته للترقية.

ثانياً: تقدم وزارة العدل الطلب مع المطالعات المذكورة في الفقرة(أولاً)من هذه المادة مشفوعة برأيها إلى مجلس القضاء للنظر فيه.

ثالثاً: يستعين مجلس القضاء في تقدير أهلية عضو الأدعاء العام للترقية بالمطالعات المبينة في الفقرتين(أولاً) و(ثانياً) من هذه المادة وبالتقارير السنوية المرفوعة من رؤسائه وبتقارير المشرفين العدليين ويصدر المجلس قراره بترقيته إذا كان أهلاً لها وبخلافه تؤجل ترقيته لمدة لاتقل عن(ستة أشهر) بقرار مسبب يبلغ إليه.

المادة السادسة والاربعون:

أولاً: يعين رئيس الأدعاء العام ونائبه من بين المدعين العامين من الصنف الأول ويجوز أنتداب حاكم من الصنف الأول بموافقته التحريرية إلى منصب رئيس الأدعاء العام مع أحتفاظه بصفته القضائية وحقوقه فيها.

ثانيا: يعين المدعي العام من بين نواب الأدعاء العام من الصنف الأول أو الثاني.

## (الفصل الرابع)
## «النقل والأنتداب»

المادة السابعة ولاربعون:

أولاً: لايجوز نقل عضو الأدعاء العام إلى أية وظيفة أخرى خارج جهاز الأدعاء العام إلا بموافقته التحريرية.

ثانيا: يجوز أنتداب نائب رئيس الأدعاء العام بموافقته التحريرية وبأمر من وزير العدل إلى وظيفة مستشار قانوني في رئاسة مجلس وزراء الأقليم أو رئاسة دوائر مركز وزارة العدل أو التدريس في الجامعة على أن يحتفظ بصفته وجميع حقوقه المنصوص عليها في هذا القانون.

ثالثاً: يجوز أنتداب المدعي العام من الصنف الأول لمن يتمتع بالكفاءة القانونية والإدارية إلى وظيفة مشرف عدلي للإشراف على أجهزة وزارة العدل عدا المحاكم على أن يحتفظ بكافة حقوقه المنصوص عليها في هذا القانون ويتم أنتدابه بموافقته التحريرية بقرار من مجلس القضاء وبناءاً على أقتراح من وزير العدل.

رابعاً: لايجوز أن تزيد مدة الأنتداب المنصوص عليها في الفقرتين(ثانيا وثالثا) من هذه المادة على سنتين قابلة للتجديد مرة واحدة.

المادة الثامنة والاربعون:

يعين نائب المدعي العام من الصنف الرابع في الأقضية والنواحي ولايجوز نقله إلى مراكز المحافظات إلا بعد ترقيته إلى الصنف الثالث.

المادة التاسعة والاربعون:

يجري نقل أعضاء الأدعاء العام خلال شهر من كل سنة ويجوز عند أقتضاء المصلحة العامة إجراء النقل في غير الشهر المذكور ويتم النقل بموافقة مجلس القضاء وبناءاً على أقتراح من وزير العدل.-

## (الفصل الخامس)

## «الإجازات»

المادة الخمسون:

أولاً: يستحق عضو الأدعاء العام إجازة أعتيادية براتب تام بمعدل(يوم واحد) عن كل ثمانية أيام من خدمته.

ثانياً: على عضو الأدعاء العام أن يتمتع في كل سنة بما لايقل عن(ثلاثين يوماً) من إجازته السنوية المستحقة له وفي حالة عدم تمتعه بها فلا يدور له منها إلا الجزء الذي يزيد على(الثلاثين يوماً).

ثالثاً: يجوز تراكم الإجازات الأعتيادية التي تدور وفق الفقرة(ثانياً) من هذه المادة بما لايزيد على (١٨٠) يوماً.

رابعاً: تدور لعضو الأدعاء العام الإجازات التي أستحقها عن خدماته السابقة.

المادة الحادية والخمسون:

أولاً: لوزير العدل أن يمنح عضو الأدعاء العام الذي أمضى مدة(ثلاث سنوات) في وظائف الأدعاء العام إجازة دراسية خارج الأقليم أو داخله لمدة(سنتين) براتب تام للتخصص في موضوع له علاقة بالأختصاصات القضائية والعدلية والحصول على شهادة الماجستير أو الدكتوراه وله تمديد هذه الإجازة لمدة سنة أخرى.

ثانياً: يجوز منح إجازة دراسية ثانية لمن أنهى إجازته الدراسية الأولى وحصل على شهادة الماجستير لمدة(سنتين) لغرض الحصول على شهادة(الدكتوراه) في نفس المواضيع المذكورة في الفقرة(أولاً) من هذه المادة وذلك بعد مضي سنة من مباشرته بوظيفته ولوزير العدل تمديد هذه الإجازة سنة أخرى.

ثالثاً: لاتمنح الإجازة الدراسية لمن أتم(أربعين سنة من عمره) إذا كان يروم الحصول على شهادة(الماجستير) و(خمس وأربعين سنة) لمن يروم الحصول على شهادة الدكتوراه.

رابعاً: تعتبر الإجازة الدراسية خدمة لأغراض هذا القانون ويمنح قدماً لغرض الترفيع والعلاوة مدة(سنتين) لمن يحصل على شهادة الدكتوراه و(سنة واحدة) لمن يحصل على شهادة الماجستير.

### (الفصل السادس)

### «الحقوق التقاعدية»

المادة الثانية والخمسون:

أولاً: لايحال عضو الأدعاء العام على التقاعد إلا عند إكماله الثالثة والستين من عمره ويجوز إحالته على التقاعد قبل ذلك وفقاً لأحكام قوانين الخدمة والتقاعد.

ثانياً: يستحق عضو الأدعاء العام المحال على التقاعد عند إكماله الثالثة والستين كامل راتبه الذي كان يتقاضاه في الشهر الأخير.

ثالثا: يمنح عضو الأدعاء العام المحال على التقاعد رواتب الإجازات الأعتيادية التي يستحقها كاملة على أساس مجموع ما كان يتقاضاه شهرياً.

المادة الثالثة والخمسون:

أولاً: تقام الدعاوي بالحقوق الناشئة عن هذا القانون لدى لجنة شؤون الأدعاء العام التي يؤلفها مجلس القضاء من ثلاثة أعضاء في بداية كل سنة.

ثانياً: تكون قرارات اللجنة قابلة للطعن أمام الهيئة العامة في محكمة التمييز من قبل وزير العدل ومن قبل عضو الأدعاء العام الذي صدر القرار لغير صالحه خلال ثلاثين يوماً من تاريخ التبليغ به ويكون قرارها في هذا الشأن نهائياً.

المادة الرابعة والخمسون:

تسري أحكام قانون الخدمة المدنية وقانون التقاعد المدني في الأمور التي لم ينص عليها في هذا القانون وبما لايتعارض مع أحكامه.

## الباب الخامس
## الإشراف والأمور الأنضباطية

### (الفصل الأول)

### «الإشراف»

المادة الخامسة والخمسون:

أولاً: لوزير العدل حق الإشراف على جهاز الأدعاء العام ومراقبة حسن قيام أعضائه بأختصاصاتهم المنصوص عليها في هذا القانون وتصرفاتهم وسلوكهم الشخصي وأنتظامهم في أعمالهم ودوامهم ومراقبة التزام أعضاء الأدعاء العام بواجباتهم المنصوص عليها في المادة(٣٧).

ثانياً(أ): لوزير العدل تنفيذاً للإشراف والرقابة على الوجه المبين في الفقرة(أولاً) من هذه المادة أن يقوم بتفتيش جهاز الأدعاء العام بكافة تشكيلاته أو ينيب لهذا الغرض رئيس هيئة الإشراف العدلي أو أحد الحكام.

(ب): لايجوز تفتيش رئاسة الأدعاء العام إلا من قبل رئيس هيئة الإشراف العدلي.

المادة السادسة والخمسون:

أولاً: لوزير العدل أن ينبه عضو الأدعاء العام إلى كل ما يقع منه مخالفاً لواجبات ومقتضيات الوظيفة.

ثانياً: لرئيس الأدعاء العام أن ينبه عضو الأدعاء العام إلى ما يقع منه مخالفاً لواجبات وظيفته وللمدعي العام أمام محكمة الجنايات ذلك بالنسبة لأعضاء الأدعاء العام ضمن منطقته.

## (الفصل الثاني)
## «الأمور الأنضباطية»

المادة السابعة والخمسون:

تتولى لجنة شؤون الأدعاء العام محاكمة عضو الأدعاء العام المحال عليها عن التهم المنسوبة إليه.

ثانياً: تصدر لجنة شؤون الأدعاء العام في الدعاوي الأنضباطية المقامة على عضو الأدعاء العام إحدى العقوبات الأنضباطية الآتية:-

أ- الإنذار- ويترتب عليه تأخير العلاوة والترفيع لمدة ستة أشهر.

ب - تأخير الترفيع أو العلاوة أو كليهما مدة لاتقل عن سنة ولاتزيد على ثلاث سنوات من تاريخ القرار إذا كان قد أكمل المدة القانونية للترفيع وإلا من تاريخ إكمالها.

ج - إنهاء الخدمة- تفرض هذه العقوبة على عضو الأدعاء العام إذا صدر عليه حكم بات بعقوبة من محكمة مختصة عن فعل لايأتلف وشرف وظيفته أو إذا أثبت عن محاكمة تجريها اللجنة عدم أهلية عضو الأدعاء العام للأستمرار في الخدمة.

المادة الثامنة والخمسون:

أولاً: لمجلس القضاء إنهاء خدمة نائب المدعي العام من الصنف(الرابع)أو نقله إلى وظيفة مدنية بقرار مسبب بعدم أهليته للأستمرار بالخدمة في جهاز الأدعاء العام ويتم ذلك بمرسوم أقليمي.

ثانياً: لايعاد إلى الخدمة في الأدعاء العام من تنهى خدمته وفق أحكام هذا القانون على أن لايمنع ذلك من تعيينه في وظيفة مدنية.

المادة التاسعة والخمسون:

أولاً: تقام الدعاوي الأنضباطية على عضو الأدعاء العام بناءاً على قرار من وزير العدل

بإحالته على لجنة شؤون الأدعاء العام على أن يتضمن القرار بياناً للواقعة المسندة إليه والأدلة المؤيدة لها ويبلغ هذا القرار لكل من عضو الأدعاء العام ورئاسة الأدعاء العام.

ثانياً(أ): تحدد لجنة شؤون الأدعاء العام موعداً للنظر في الدعوى تبلغ به وزارة العدل ورئاسة الأدعاء العام وعضو الأدعاء العام المحال إليها.

ب ـ تكون المحاكمة سرية ويفهم القرار علناً.

ج ـ تجري المحاكمة بحضور ممثل وزير العدل ورئيس الأدعاء العام أو نائبه وعلى عضو الأدعاء العام الحضور بنفسه وله أن يحضر معه محامياً.

د ـ للجنة أن تجري بنفسها ماتراه لازماً من التحقيقات.

ه ـ تفصل اللجنة في الدعوى بعد إكمال التحقيق وسماع أقوال ممثل وزير العدل والأدعاء العام ودفاع عضو الأدعاء العام ويبلغ قرارها إلى وزير العدل ورئيس الأدعاء العام وعضو الأدعاء العام.

و ـ تتبع اللجنة في إجراءاتها القواعد المنصوص عليها في قانون أصول المحاكمات الجزائية.

المادة الستون:

أولاً: إذا وجدت لجنة شؤون الأدعاء العام أثناء النظر في الدعوى إن الفعل المنسوب إلى عضو الأدعاء العام بعد جناية أو جنحة فتقرر إحالته على المحكمة المختصة وترسل إليها الأوراق كافة بعد أن يسحب الوزير يد عضو الأدعاء العام وفقاً لما هو مقرر في قانون أنضباط موظفي الدولة.

ثانياً: إذا قررت المحكمة براءة عضو الأدعاء العام أو الإفراج عنه أو أصدرت أي قرار تنتهي به الدعوى الجزائية فعلى اللجنة الأستمرار في نظر الدعوى الأنضباطية وفقاً لأحكام هذا القانون.

ثالثاً: إذا قررت المحكمة إدانة عضو الأدعاء العام فعلى اللجنة أن تفرض عليه عقوبة أنضباطية تتناسب مع الفعل المسند إليه وفقاً لأحكام المادة(٥٧) من هذا القانون.

المادة الحادية والستون:

لوزير العدل ورئيس الأدعاء العام وعضو الأدعاء العام الذي صدر القرار ضده حق الطعن لدى الهيئة العامة في محكمة التمييز بقرار لجنة شؤون الأدعاء العام الصادر خلال ثلاثين يوماً من تاريخ التبليغ به وللهيئة العامة إذا أقتضى الحال أن تدعو ممثل وزير العدل وممثل رئيس الأدعاء العام وعضو الأدعاء العام للأستماع إلى أقوالهم ثم تصدر قرارها بتصديق قرار اللجنة أو إلغائه أو تعديله ويكون قرارها في هذا الشأن نهائياً.

## الباب السادس
## (أحكام ختامية)

المادة الثانية والستون :

أولاً : يرد عضو الأدعاء العام بما يرد به الحاكم ويقدم طلب الرد إلى رئيس الأدعاء العام للبت فيه.

ثانياً : على عضو الأدعاء العام إذا تحقق له سبب للرد أو أستشعر حرجاً أن يطلب من رئيس الأدعاء العام التنحي وعليه البت في الطلب.

ثالثاً : يعتبر القرار الصادر بشأن طلب الرد أو التنحي باتاً.

المادة الثالثة والستون :

لايجوز توقيف عضو الأدعاء العام أو أتخاذ الإجراءات الجزائية ضده في غير حالة أرتكابه جناية مشهودة إلا بعد أستحصال أذن من وزير العدل.

المادة الرابعة والستون :

يعتبر المدعون العامون ونوابهم الموجودون في الخدمة عند نفاذ هذا القانون معينين وفق أحكامه ويراعى في تحديد أصنافهم المدة التي أمضوها في ممارسة المحاماة أو إحدى الوظائف القضائية أو القانونية بعد التخرج من الكلية على أن يعتبر أساساً للتعيين لأول مرة في وظائف الأدعاء العام، راتب الحد الأدنى للصنف (الرابع) لغرض تحديد الصنف.

المادة الخامسة والستون :

لوزير العدل إصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون.

المادة السادسة والستون :

لايعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القانون.

المادة السابعة والستون :

ينفذ هذا القانون بعد مرور ستين يوماً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

جوهر نامق سالم

رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق

(الأسباب الموجبة)

حيث أن الأدعاء العام يتواجد في أغلب دول العالم لحماية المصالح العام وبما أن تطبيق القوانين ومراقبة مشروعية تطبيقها تعد من أولى مهامه، ولرسم ملامح هذا الجهاز والعمل على زيادة مساهمته مع القضاء والجهات المختصة في الكشف السريع عن الأفعال الجرمية، ومن أجل دعمه ورفع مستوى وكفاءة أجهزته وتأمين الضمانات اللازمة له بما يؤمن قيامه بالواجبات الملقاة على ذاتقه على الوجه الأمثل فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەمە ئەو پرۆژەیە بوو كە پێشكەش كراوە باگوێمان لە رای لیژنەی یاسا بێت پاشان دەرگای گفتوگۆ دەكەینەوە.

**بەڕێز حسێن علی كمال:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

السيد رئيس مجلس الوطني الكوردستاني المحترم

رأي اللجنة

هامشكم المؤرخ في ١٧/ ١٩٩٨/٣ على اصل كتاب رئاسة مجلس الوزراء المرقم (٢٠٥١) في ١٥/٣/ ١٩٩٨ يتلخص رأي لجتنا بما يلي:

لا تؤيد لجنتنا مناقشة مشروع قانون الادعاء العام الوارد الينا من مجلس الوزراء وذلك للاسباب التالية:

١ــ ان قانون الادعاء العام النافذ قانون متكامل من كافة الوجوه وان جهاز الادعاء العام يتمتع بسلطات واسعة لممارسة الرقابة على مشروعية تطبيق القوانين والقرارات والاحكام والتحري عن جرائم تحت ظل القانون المذكور.

٢ــ ان مبدأ سيادة القانون الذي هو من سمات نظم الديمقراطية وامل الجميع عندنا في اقليم كوردستان العراق والذي لا يمكن تحقيقه الا بأتخاذ خطوات اللازمة لتطوير هذا الجهاز وليس انتقاص من دوره في ممارسة الرقابة على القضاء، وحيث ان المشروع المقترح ما هو الا تقليص لدور هذا الجهاز وبالتالي انتقاص لمبدأ الرقابة على المشروعية خلافا لما ورد في اسبابه الموجبة ودون الاخذ بنظر الاعتبار رأي هذا الجهاز في المشروع المقترح عليه ترتأي لجتنا اعادة المشروع الى مرجعها لدراسته دراسة تفصيلية، وعدم الخوض لمناقشته في هذه الجلسة مع قبول جزيل شكرنا وتقديرنا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس. كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی دەست بە گفتوگۆ بكەین هەندێ روونكردنەوەم هەیە حەزدەكەم بۆ ئێوەی بەڕێزی روون بكەمەوە.

سەبارەت بە تێبینی یەكەممان دەبوایە لە پرۆژەكە برگەیەكی تێدا بێت كە داوای (تجمید)ی یاسای (ادعاء العام) بكات، كە یاساكە (تجميد) كرا، ئینجا پرۆژەكە بخرێتە گفتوگۆوە ئەوە پرۆژەكە لەم برگەیەدا بەتاڵ (خالی) بوو.

خاڵێ دووەم، لە دادگاكانی زۆربەی وڵاتان ئەم دەزگایە شان بەشانی دەزگای دادوەری (جهاز

القضاء)ی ئیشوکاری خۆی بەڕێوە دەبات، واتە هەندێ وڵاتان بەسیستمی(دەمەج) وەریان گرتووە لە نێوان دادوەری (القضاء) و داواکاری گشتی(الادعاء العام) و، هەندێ لە وڵاتانیش بەسیستمی لێک جیاکردنەوە (فصل) وەریانگرتووە لە نێوان لایەنی داواکاری گشتی (الادعاء العام) و لایەنی (القضاء). ئێمە لەو وڵاتانەین کە بە سیستمی لێک جیاکردنەوە(فصل) وەرمانگرتووەو یاساکەمان هەیە کە پێی دەڵێن یاسای دەسەڵاتی دادوەری، ئەوە ئیشوکاری (قضاء) ڕێک دەخات، یاسایەکی تریشمان هەیە کە پێی دەڵێن یاسای (الادعاء العام) ئەوەش ئیشوکاری دەزگای (الادعاء عام) ڕێک دەخات. یاسای (ادعاء العام) ئەوەی کە ئێستا کاری پێ دەکرێ یاسای ژمارە (١٥٩) ساڵی (١٩٧٩) بریتییە لە (٧٢) مادده ئەوەی دەستکاری کراوە لە پرۆژەکە تەنها (١٥ ٪)ی ماددەکانە واتە لەوانەیە (١٥) مادده دەستکاری کرابێ لەو (١٥) ماددەیەش لەوانەیە هەندێ مادده وشەی تیادا گۆڕاوە، واتە ڕێژەی گۆڕانکارییەکەش لەو (١٥ـ ٢٠) ماددەیە زۆر کەمە، کە بۆتە مایەی ئەوەی یاسا کارپێکراوەکە بشێوێنرێت. ئیشوکاری ئەم دەزگایە ئەوەیە چاودێری بڕیارەکان و حوکمەکان بکات ئەوەی کە لە هەندێ دادگا دەردەچێت بۆ ئەوەی بزانێ ئایا ئەو بڕیارانە بە پێچەوانەی یاسایە، یاخود دەقاو دەقی(مطابق)ی یاسایە؟، ئەگەر (مطابق)ی یاسا بوو ئەوە هیچ، ئەگەر زانی بە پێچەوانەی یاسایە بەرەنگاری ئەو بڕیارانە دەبێ و، دەستکاریان دەکات بۆ ئەوەی بنەمای ڕەوایی (مشروعیە) بچەسپێنێ لەم وڵاتەدا.

بەڕای ئێمە وەکو لیژنەی یاسا سەرەڕای ئەم ڕاپۆرتەی کە ئامادەمان کردبوو ئێمە پێمان وایە ئەم پرۆژەیە کەمکردنەوەیە لە دەسەڵاتی دەزگای داواکاری گشتی(جهاز الادعاء العام) نەوەک پێش خستنی ئەم دەزگایە.

خاڵێکی تر هەیە کە دەمەوێ ئاماژەی بۆ بکەم ئەویش ئەوەیە ئەو پرۆژەیەی کە ئامادە کراوە لەلایەن دیوانی تۆمار کردنی یاساییەوە (دیوان التدوین القانوني)، ئەو دیوانەش بریتییە لە پێنج دادوەر، گونجاویش نییە تەنها دادوەر ڕایان هەبێ لەم پرۆژەیە، چونکە چاودێرییەکە لەسەر دادوەرەکانە، بە خۆشیان یاساکەیان داناوە لێرە ئێمە کەلێنێکی تری تێدا دەبینین کە پێویست بوو پسپۆڕانی داواکاری گشتی(ادعاء العام) ڕایان وەربگیرێ گفتوگۆیان لەگەڵدا بکرێ هەرچەندە ئێمە لە لیژنەی یاسا داوەتمان کردن و هاتنە لامان و، گفتوگۆیەکی زۆرمان لەسەر کرد ئەوانیش (موعاناتی) خۆیان هەبوو کە گوتیان ڕای ئێمە ڕەچاو نەکراوە لەم پرۆژەیەدا. ئەو بەڵگانەی هەمانە کە دەڵێین کەمکردنەوەیە لە ڕۆڵەکەی، یەک دوو بەڵگەتان بۆ دەهێنینەوە خۆی بەڵگەکان زۆرن بەڵام ئێمە هەر یەک دووەک دەهێنینەوە بۆ کورتکردنەوە، بۆ نموونە داواکاری گشتی ڕۆڵێکی زۆر باڵای هەیە لە چاودێری کردنی بڕیارەکانی دادوەری لێکۆڵینەوە، ئێستا بە گوێرەی مادده (١٧) ئەو ڕۆڵە لە (ادعاء العام) وەرگیراوەتەوە.

خاڵی دووەم داواکاری گشتی ڕۆڵێکی زۆری هەیە بۆ ئەوەی بەشداری لە هەندێ بڕیاری (احوال شخصي) بکات ئێستا ئەم ڕۆڵە لە داواکاری گشتی وەرگیراوەتەوە، لەوانەیە داواکاری گشتی

دەستکاری هەندێ مەسەلەی کەسی (شخصي) بکات لەوانەیە نێوان ژن و مێرد بگەیەنەتە یەک، بەڵام ئێستا ئەوەی لێ وەرگیراوەتەوە بێجگە لەوە نەک هەر لێی وەرگیراوەتەوە بۆ نموونە یەک لە بڕگەکانی وەکو تۆژەوەری پۆلیسی (محقق شرطة) تەماشای (ادعاء عام) دەکات لە کاتێکدا دەزگای داواکاری گشتی بە پێی یاسای کارپێکراو مافی چاودێری هەیە لە دەزگاکانی پۆلیس، نەک بچێت ئیشوکاری پۆلیس بکات، بەڵگەکان زۆرن نامەوێ باسی هەمووی بکەم، ئێمە ئەو خاڵانەی کە دیاریمان کردن وا بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو پرۆژەیە ڕۆڵی داواکاری گشتی زۆر کەم دەکاتەوە، بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە ئەم پرۆژەیە بگەڕێندرێتەوە و، بە شێوەیەکی درێژ (تفصیلي) گفتوگۆ بکرێ و، ئەگەر هاتوو چەند خاڵێک هەبوو وەکو بڕیارێک دەتوانرێ بۆمان بنێرن بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس ئەوە رای لیژنەی یاسا بوو بە تێروتەسەلی باسکرا دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە، تەنها کاک شێخ عەدنان دەیەوێ قسە بکات.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیەکم هەیە لەسەر ئەوەی کاک حسێن خوێندیەوە (المجلس الوطني الكوردستاني) نییە بەڵکو (المجلس الوطني لكوردستان العراق). (کوردستانی) جیایە لەگەڵ (لكوردستان العراق). ئێمە لە کوتلەدا ئەم بابەتەمان گفتوگۆ کرد هیچ جیاوازی بیروڕا لەسەری نەبوو ئەو رایە هەموومان لەسەری کۆکین لەبەرئەو هۆیانەی کە کاک شێروان باسی کردن، بەڵام بە بڕوای من خاڵی بنەڕەتی لێرەدایە شتێک هەیە ئێمە لێرەدا هەر لەسەرەتای دانانی پەرلەمانەوە دووبارەی دەکەینەوە کە پێویستە هەموو یاسایەک لە ئەنجوومەنی وەزیران گفتوگۆ بکرێ بەداخەوە تا ئێستا هیچ یاسایەک لە ئەنجوومەنی وەزیران گفتوگۆ ناکرێ و، ئەگەر برای بەڕێزم وەزیری ئەشغال لێم زویر نەبێ کە لێرە دانیشتووە کە ئەندامێکی ئەنجوومەنی وەزیرانەو (تضامنيا) بەرپرسە لەگەڵ ئەوان و دووپاتی کردەوە کە وایە، چونکە چ داواکاری گشتی چ دادگاکان وەکو کاک شێروان ئاماژەی بۆ کردن ناکۆکیان هەیە لەسەر ئەم بابەتە. دەزگایەکە کە اداریا کەسێک سەرۆکایەتی دەکات ئەویش وەزیری دادە خۆ ئەگەر لە ئەنجوومەنی وەزیران گفتوگۆ بکرێت لەوانەیە زۆر مەسەلە لەوێ چارەسەر بکرێت هەم باری خۆشیان سوک دەکەن باری ئێمەش سوک دەکەن و، لە هەمان کاتیشدا بابەتەکە زیاتر دەوڵەمەند دەکرێتن ئەم هەموو بینەو بەرە ناکرێت، بە بڕوای من دووبارە دووپاتی دەکەمەوە کە بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی بە شێوەیەک داوا بکات کە ئەو پرۆژانەی کە لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دێن لەوێدا گفتوگۆ بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاستان دەکەین، مادام وایە تەنها پێشنیاری لیژنەی یاسا هەیە دەیخەینە دەنگدانەوە. لیژنەی

یاسا پێشنیاری کردووە ئەم پرۆژەیە بنێرینەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران بۆ ئەوەی دووبارە چاوی پێدا بخشێنرێتەوە و، ئەو ڕێنماییەی کە لیژنەی یاسا پێشانی دا لە برگەی کۆتاییدا (اعادة المشروع الى مرجعه لدراسته دراسة تفصيلية وعدم الخوض لمناقشته في هذه الجلسة).
بۆیە ئەم پێشنیارە دەخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاستان دەکەین ئەم ماددەیەش تەواو بوو.
خاڵێکی بچووکمان هەبوو ئەویش ئەو پرسیارانەیە کە لە ماوەی ئەم دوو دانیشتنەدا هاتووە بۆ سەرۆکایەتی و ناردراوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە. هەندێ پرسیار هاتوون لە ئەندامانی پەرلەمانەوە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ئێمە ئەو پرسیارانە ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین بەپێی پسپۆڕی هەریەک بۆ جێگای خۆی دەنێرێت، جا ئێستا جەنابی سکرتێر پرسیارەکان دەخوێنێتەوە بە گوێرەی ناوو ناوەڕۆکی پرسیارەکان و، بەپێی ئەو کاتەی بە گوێرەی یاسا دانراوە ئێمە دوایی دەیخەینە بەردەمتان جارێکی تر سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرسیاری ژمارە (١) لە ڕێزدار ئەحمەد سالار بۆ ڕێزدار وەزیری ناوخۆ لە ١٩٩٨/٣/٢٩. لەسەر چاودێریکردنی کتێبخانەی گشتییەکانە.
پرسیاری ژمارە (٢) لە ڕێزدار مەلا هادی خدر بۆ ڕێزدار وەزیری گواستنەوەو گەیاندن لە ١٩٩٨/٣/٢٩. بابەتەکە: أ- زیادکردنی کرێی تەلەفۆنکاری بە چ یاسایەک بووە؟.
ب - چ پرۆژەیەک بە دەستەوەیە بۆ چاککردنی هێڵەکانی تەلەفۆن؟.
پرسیاری ژمارە (٣) لە ڕێزدار مەلا هادی خدر بۆ ڕێزدار وەزیری پیشەسازی و وزە، بابەتی پرسیار: زیادکردنی کرێی محەویلاتی کارەبا بۆ (٢٥٠٠) دینار بە چ یاسایەک بووە؟.
پرسیاری ژمارە (٤) لە ڕێزدار مەلا هادی خدر بۆ ڕێزدار وەزیری شارەوانی بابەتی پرسیار: بە چ یاسایەک باخچەکان بەکرێ دراون؟.
پرسیاری ژمارە (٥) لە ڕێزدار سەعید محەمەد سەدیق هروری بۆ ڕێزدار وەزیری داد لە ١٩٩٨/٣/٢٩، بابەتی پرسیار: لەسەر جێبەجێ کردنی بڕیاری پەرلەمان ژمارە (٧) لە ١٩٩٢/٨/١ بابەت: (کڕین و فرۆشتنی موڵکەکانی لێپسراوانی ڕژێمی عێراقە).
پرسیاری ژمارە (٦) لە ڕێزدار سەعید محەمەد سەدیق هروری بۆ ڕێزدار وەزیری داد لە ١٩٩٨/٤/٦ بابەتی پرسیار: بە چ سەنەدێکی قانونی کار بە وەکالات ناکرێ ئەگەر لە بەشەکانی تری عێراق دروست کرابن؟. باشتر نەبوو ئەگەر یاساکارییەک (تشریع)ێک هەبێ ئەم بابەتە ڕێک بخات؟.

پرسیاری ژمارە (٧) لە ڕێزدار ئەکرەم عاشور بۆ ڕێزدار وەزیری پەروەردە لە ١٩٩٨/٤/١٢. خوێندنی زمانی کوردی ئەو قوتابخانانە دەگرێتەوە کە بە زمانی عەرەبی دەخوێنن؟، ئەگەر بێتو

بیانگرێتەوە ئەرێ ئەم قوتابخانانە زەرەرمەند نابن بۆ وەرگرتنیان لە زانکۆ؟.

پرسیاری ژمارە (٨) لە ڕێزدار د. رزگار بۆ ڕێزدار وەزیری شارەوانی لە ١٩٩٨/٤/١٢ دابەشکردنی (١٨٠٠) پارچە زەوی لە هەولێر بەدەر لە یاسا و ڕەنگرێژی بنەڕەتی چ کراوە بۆ هەڵگرتنی ئەم تێپەڕکارییە لەسەر یاساو ڕەنگرێژی بنەڕەتی؟.

پرسیاری ژمارە (٩) لە ڕێزدار جەعفەر شێخ عەلی بەرزنجی بۆ ڕێزدار وەزیری کشتوکاڵ. وەزارەت چ بەرنامەی هەیە بۆ وەرگرتنی گەنم و جۆی جوتیاران بە گوێرەی بەرنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان و بڕیاری (٩٨٦)؟.

هەموو پرسیارەکان لە ٢٣/ ١٩٩٨/٤ ئەنجوومەنی وەزیران بۆ وەزارەتە پەیوەندیدارەکانیان ناردووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پرسیارەکان ماوەی یاسایی خۆیان هەیە هەر کاتێک گەیشتە ماوەی یاسایی خۆیان و تەواو بوو، ئێمە ئاگاداری ئێوەی بەڕێزی دەکەینەوە لە یەکێک لەو دانیشتنانەی کە دێت.

ئێستا دێینە سەر خاڵی چوارەم گفتوگۆ کردن لەسەر هەموارکردنی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ ی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق. لیژنەی یاسا با بفەرمووێت، ئەو پرۆژەیەی کە پێشکەش کراوە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە داوا کراوە کە چەند ماددەیەک لە یاسای ژمارە (١) هەموار بکرێ لەسەر ئەو بنەمایەی کە پەیوەندی هەیە بە چەند ماددەیەکی ترەوە لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان کە ئەویش هەر لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆماندایە وا بە پەسەند زانرا کە پێش وەخت لە یاسای ژمارە (١) ئەو ماددانەی کە پەیوەندیدارن هەموار بکرێن پاشان دێینەوە سەر ئەو ماددانەی کە پێویستە لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دا هەموار بکرێن.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

قرار

استنادا لاحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من اعضاء المجلس الوطني، شرع المجلس الوطني لكوردستان العراق القانون الاتي:

**قانون التعديل الاول لقانون المجلس الوطني لكوردستان العراق رقم (١) لسنة ١٩٩٢.**

المادة الأولى:

تعدل المادة الرابعة وتقرأ كالآتي:

١ـ لا يجوز الجمع بين عضوية المجلس والوظائف العامة ويعتبر الموظف العام مستقيلا من

وظيفته اعتبارا من ادائه اليمين امام المجلس وعليه اشعار سكرتارية المجلس بموقفه الوظيفي.

٢ـ لا يجوز الجمع بين عضوية المجلس وعضوية احد المجالس المنتخبة المرتبطة بدوائر ومؤسسات حكومة الاقليم وعلى العضو ان يختار احد المجلسين خلال مدة (٨) ايام من تاريخ اعلان نتيجة انتخاب وان لم يفعل فيعتبر مختارا لعضوية هذا المجلس ويبلغ المجلس بذلك.

المادة الثانية:

تعدل الفقرة الاولى من المادة الخمسون وتقرأ كالآتي:

(لا يكون انعقاد مجلس قانونيا الا بحضور اغلبية اعضاءه ويتخذ المجلس قراراته بأغلبية الحاضرين وذلك في غير الحالات التي تتطلب اغلبية خاصة بموجب القانون وعند تساوي الاصوات فللرئيس صوت الترجيح).

المادة الثالثة:

تعدل المادة (٥١) وتقرأ كالآتي:

مدة المجلس اربعة سنوات تبدأ من اول جلسة له وتنتهي بأنتهاء آخر جلسة في السنة الرابعة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە بوون ئەم ماددانەی کە داوا کراوە هەموار بکرێن لە یاسای ژمارە (١) و، پەیوەندی هەیە بەو ماددانەی کە لەو پرۆژەیەدا هاتووە بۆ هەمـوارکردنی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجـوومەنی نیشـتمانیی کوردستان.

ئەمە پرۆژەیەکە لەلایەن ژمارەی یاساییەوە داوا کراوە و، لیژنەی یاسا ئامادەی کردووە ئێستاش کە پرۆژەکە خوێنرایەوەو ماددە ماددە دەیخەینە گفتوگۆوە، کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی ئەم پرۆژەیە نەدراوە بە ئێمە من خۆم نەمدیوە،لە زۆربەی برادەرانیشم پرسی گوتیان بڵاو نەکراوەتەوە، نامەیەکیشم ئاراستەی سکرتێری پەرلەمان کرد وەڵامیشی داوە گوتی هێشتا شتەکان ئامادە نەکراون، لەبەرئەوەی ئەمە پەیوەندی هەیە بە یاسای ژمارە (١) کە بنەڕەتی یاسایە لەکوردستاندا داوا دەکەم بۆ ئەم بابەتە پێش وەخت لێی ئاگادار بین ماددەکانی بخوێنینەوە من دژی ئەوە نیم پێشنیار بکرێت بۆ هەموارکردن، بەڵام بەرای من ئەو یاسایە بنەڕەتییە دەبێ نەختێک ماوەمان پێ بدرێ بۆ ئەوەی پیابچینەوە باشترە لەوەی کە گفتوگۆی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز شـــــمـــــــائيل ننو بنيــــــامين:**

**بەڕێز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

من پشتگیری مامۆستا عەبدولخالق دەكەم، بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆ، بەر لە (٤٨) سەعات پرۆژەی هەمواركردنی یاسا كەبەسەرماندا دابەش نەكراوە، لەبەر ئەوە مافی ئەوەمان هەیە كەرەفزی بكەین لە ئەنجوومەندا گفتوگۆی لەسەر بكرێ، سوپاس.

**بەڕێز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

بەڵێ، سوپاس، مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

لە مادده (٤٩) برگەی سێ ئەڵێ (لایجوز طرح ومناقشة اي موضوع لم یرد لە ذكر في جدول الاعمال)، سوپاس.

**بەڕێز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

جا ئەگەر مۆڵەت بدەن ئەم بابەتە ببڕێنینەوە، پاشان دێینە سەر گفتوگۆ كردنی یەكەیەكەی ماددەكان. مامۆستا مەلا محسن فەرموو.

**بەڕێز مـــــحـــــسن خـــــالیــــد مـــــفـــــتی:**

**بەڕێز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

ئەو بابەتەی كە لە یاسای ژمارە یەكدا هاتووە، بە دەستكارییەوە لە پەیڕەوی ناوخۆ دا دووبارە بووەتەوە و هاتووەتە بەر دەستمان، لەبەرئەوەی هیچ جیاوازیەكی نییە لەگەڵ ئەو گۆڕانكارییەی كە لەوێدا هاتووە، من رام وایەگفتوگۆی ئەوەی تریان بكەین پەسەندترە، سوپاس.

**بەڕێز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

بەڵێ سوپاس، لە راستیدا بۆچوونەكە هەر لە سەر ئەو بنەمایەیە، دوێنێ ئێوە گفتوگۆی پەیڕەوی ناوخۆتان كرد، ئێمەش لەسەرەتاوە وتمان ئەو ماددانە پەیوەندارن بە هەندێ ماددەوە كە لێرە هەموار كراوە، هەروەها هەمووتان ئەمڕۆ دانیشتوون و بەتێروتەسەلی گفتوگۆتان كردووە، بۆیە من هیچ جۆرە هاودژییەك نابینم، چوونكە واباوە كە ئێمە یەكەم جار دابەشیان بكەین، پاشان دێینە سەر پەیڕەوی ناوخۆ،واتە هەروەكو برادەرانی یاسا دەڵێن، دەرەنجامە«تحصیل حاصله». ئەو ماددەیە دوێنێ دابەش كراوە وباس كراوە وئەمڕۆش لەنێوان خۆتاندا دانیشتنێكی چڕی لەسەر كراوە، لەگەڵ ئەوەشدا ماددە بەماددە ئەخوێندرێتەوە و گفتوگۆی دەكەین، ئەگەر برادەران حەز بكەن پێشنیارەكەیان دەخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عـەبدولخالق مـحـەمـەد رەشـیـد زەنگەنە:**

**بەڕێز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

من مەبەستم ئەوە نییە ،كە لەگەڵ پرۆژەكەدا نیم، لەلایەنی یاساییەوە ئاساییە، بەڵام سەبارەت

بەخۆمان کەس دابەشی نەکردووە، پاشان ئەم پرۆژەیە لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە نەهاتووە، ئەندامانی پەرلەمانی خۆمان داوایان کردووە، ئەبوایە دەستەی سەرۆکایەتی پێش وەخت بەسەر ئێمەدا دابەشی بکردایە وپاشان گفتوگۆمان بکردایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەراستیدا دابەش کراوە، ئێمە دووپاتی ئەوە دەکەینەوە کە دابەش کراوە بە سەر ئەندامانی پەرلەمان دا، ناکرێ ئێمە هەموو ئەندامێک بەسەر بکەینەوە بۆ ئەوەی بزانین وەری گرتووە یاخوود نە، لێرە سندوقتان هەیە رۆژانە بابەتێک کە چاپ دەکرێت بڵاو دەکرێتەوە ئەو برادەرەی کە پرۆژەی خۆی بەدەستی ناگات ئەوە پەیوەندی بە خۆیەوە هەیە، ئێمە ئەمڕۆ دانیشتووینە لەسەر ئەم بابەتە قسەمان کردووە و کاک عەبدولخالق خۆیشی دانیشتووە، ئەم بابەتە و پەیڕەوی ناوخۆ ماددە بە ماددە خوێنراوەتەوە وباس کراوە، لەگەڵ ئەوەشدا پێشنیارێکە دەیخەینە دەنگدانەوە، هیچ گرفت نییە، فەرموو کاک عەدنان.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بابەتی دابەش کردن شتێکی ترە، بەڵام وابزانم هەر کەس سندوقی خۆی هەیە، ئێمە ئەمڕۆ دانیشتنیشمان کرد جەنابی کاک عەبدولخالق لەوێ بوو، ئەم بابەتە گفتوگۆی لەسەر کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاس، جا ئەو پێشنیارەی کاک عەبدولخالق دەخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پەیڕەوی ناوخۆ و هەمواری یاسای ژمارە یەک دوو بابەتی لەیەک جییان، من لەسندوقەکەی خۆم وەرم گرتووە، بەڵام ئەو بابەتە پێش ٤٨ سەعات نەخراوەتەڕوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک یونادم فەرموو.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/وەزیری ئاوەدان کردنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

جەنابت راست دەکەی سندوق هەیە، هەموو شتێک کە دێت دابەش دەکرێت، پێم وایە تەنها بۆ فراکسیۆنی پارتی دابەش کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ هەموویان دابەش دەکرێ، من برادەرانی لیستی مۆریشم بینی لە هۆڵەکە پەیڕەوەکەیان بەدەستەوە بوو دەیانخوێندەوە، تکایە ئەو بابەتە تەکنیکییانە لێرە باس نەکرێت،پێویست ناکات

برادەران خۆیان بەوە خەریک کەن کەئەگاتە دەستیان یاخوود ناگات،لێرە گفتوگۆ کراوە وبلاو کراوەتەوە، لەگەڵ ئەوەش دا ئەگەر برادەران حەز بکەن ئەیخەینە دەنگدانەوە، پێشنیارێک هەیە کە ئەمڕۆ گفتوگۆی ئەم بابەتە نەکەین، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆرینەی دەنگ ئەو پێشنیارە ڕەت کرایەوە. واتە ئێمە بەردەوام دەبین، وابزانم هیچ گرفتێک نابێ لەم ڕووەوە ئەمە باس کراوە، لەسەرەتاوە وتمان دوو سێ مادده هەیە پەیوەندی بە پەیڕەوی ناوخۆوە هەیە، پەیڕەوی ناوخۆش وەکو وتم بلاوکراوەتەوە لای برادەران وهەمووش لێی ئاگادارن.

ئەم پرۆژەیە هی ئەمڕۆ نییە، نزیکەی مانگێک زیاترە ئەم دەست وئەو دەست دەکات وگفتوگۆ دەکرێت لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە، ئەوەی حەزی لێیە گفتوگۆی بکات، ئەوەیشی حەز ناکات ئەوە بابەتێکی ترە، ناکرێت بەراستی ئەندامانی پەرلەمان لە هۆڵی پەرلەمان داوای شتمان لێ بکەن، ئەم پرۆژە هەیە وماوەیەکیشە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، فەرموو دەست بە ماددەیەک بکە.

**بەڕێز حسێن علی کمال:**

المادة « ١ » :

تعدل المادة « ٤ » وتقرأ كالآتي :

١- لايجوز الجمع بين عضوية المجلس والوظائف العامة ويعتبر الموظف العام مستقيلاً من وظيفته اعتباراً من ادائه اليمين امام المجلس و عليه اشعار سكرتارية المجلس بموقفه الوظيفي.

٢- لايجوز الجمع بين عضوية المجلس وعضوية احد المجالس المنتخبة المرتبطة بدوائر ومؤسسات حكومة الاقليم وعلى العضو ان يختار احد المجلسين خلال مدة ثمانية ايام من تاريخ اعلان نتيجة الانتخاب وان لم يفعل يعتبر مختاراً لعضوية هذا المجلس ويبلغ المجلس بذلك.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەبارەت بەم هەموارکردنە دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە، باناونووسیان بکەین (کاک د.رزگار، کاک ئیبراهیم سەعید، کاک رەجەب) کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینی من لەسەر بڕگەی دووەمە، دەڵێ: (لايجوز الجمع بين عضوية المجلس وعضوية المجالس المنتخبة الاخرى المرتبطة بدوائر الدولة)، بێگومان ئەو ئەندامەی خۆی پالاوتووە بۆ پەرلەمان ئەو پەیڕەوی ناوخۆیەی بینیوە، بۆیە ئەم مەرجە پێویست ناکات، چونکە کاتی خۆی کە ئەم ئەندامەی پالاوتووە بۆ پەرلەمان ئەم مەرجە هەبووە، پێویست ناکات مەرجێکی تر هەبێ، چونکە خۆی

دەزانی کـە پەیرەوی ناوخـۆ یان یاسـای هەڵبـژاردن بواری نادات لە هەردوو لا بێت، لەبەر ئەوە پێویست ناکات چونکە ئەوە دەرئەنجامە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم هەیە لە لیژنەی یاسا، باسی فەرمانبەری کردووە، ئەگەر ئیشێکی هەبێ، بۆ نموونە ئەندازیارە نووسینگەیەکی ئەندازیاری هەیە، یان پارێزەرە نووسینگەی پارێزەری هەیە، ئایا لەوکاتەدا دەتووانێ کارەکەی ئەنجام بدات؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ سوپاس، کاک رەجەب فەرموو.

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم هەیە سەبارەت بە برگە (٢) بۆ لیژنەی یاسا،(لایجوز الجمع بین عضویة المجلس وعضویة احد المجالس المنتخبة المرتبطة بدوائر و مؤسسات حکومة الاقلیم)، ئایا ئەوە یەکییەتیەکان دەگرێتەوە؟ وەکو یەکێتی مافپەروەران و یەکێتی مامۆستایانی کوردستان؟ چوونکە زۆرکەس لەو یەکێتیانە ئیش دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا ئەگەر روون کردنەوەیەکیان هەبێ.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاک ئیبراهیم سەعید دەڵێ، دەربارەی پارێزەرو ئەندازیار برگەیەکی تر دەیانگرێتەوە، پێویستەدەرفەتی خۆتەرخانکردن(تفرغ) هەبێ، بەراستی نابێ ئیش وکاری پارێزەری یان ئەندازیاری بکات.

هەروەها سەبارەت بەوەی کاک رەجەب، بەپێی ئەو هەموارە، ئەوەی لە یەکێتی و سەندیکاکان ئیش دەکات ئەوانە ناگرێتەوە، چونکە پەیوەندار نیە بە دام ودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک عەدنان.

**بەڕێز عــەدنان مــحــەمــەد نەقــشــبــەندیی:**

**بەڕێز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

تێبینییەكە هەر بۆ سەرۆكایەتی نییە، بۆ هەندێ برادەران، تكایان لێ دەكەم ئەو بابەتانەی كە لە كۆبوونەوەكانی پێشوو دا باسی لێوە دەكرێت، دووبارەی نەكەنەوە، چوونكە كاتمان دەگرێت، ئێمە بەیانی كۆبوونەوەمان كردووەو بەتایبەتی جەختمان لەسەری كردووە، لە سەعات (١٠)ەوە تا (٢)، هەروەها لەسەعات (٥)ی ئێوارەوە تا (٦/٥) ئەو بابەتە باس كراو چارەیەكی بۆ دۆزرایەوە وبەدوورو درێژی باس كرا، ئێستاش كات زۆر نییە سەعات (٩/٥)شەوە وهەمووشمان ماندووین، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــومــــــەن:**

زۆر سوپاس كاك شێخ عەدنان، هیچ گرفت نییە دانیشتنەكە هەر بەردەوام دەبێ، راستە هەموومان ماندووین، بەڵام كە دەرگای گفتوگۆ كرایەوە با برادەران هەرچی تێبینیان هەیە بیڵێن، گرفتەكەی ئێمە ئەوەیە، هەمواری ماددەیەك دەكەین بۆ ئەوەی باشتری بكەین، و ئەگەر دەقێكی تر جیاوازی هەبێ لەگەڵ ئەو دەقە با بخرێتە پێش چاو، چیتان لەنێو خۆتان باس كردووە ئەوە بۆ خۆتانە، لەم هۆڵە ئەندامانی پەرلەمان ئازادن لە دەربڕینی بیروبۆچوونیان فەرموو كاك شێروان.

**بەڕێز شــــێـــــروان نـاسح حـــــەیدەری:**

**بەڕێز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

تەنها ئەو تێبینیەمان هەیە، لەبڕگە (٤) نازانم لە چاپ پەڕیوە (لایجوز لعضو المجلس ان یتعاقد مع الدولة) ئێمە كردوومانە بە (مع حكومة الاقلیم).

**بەڕێز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــومــــــەن:**

تكایە ئەو گۆڕانكاریانەی كە كراون باشتروایە لەسەرەتادا باسی بكەن، بۆ ئەوەی برادەران لایان روون بێت، چونكە دەقەكەت خوێندەوە وا لێكدەدرێتەوە شتێكی زۆر كراوە، كاك د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قــــاسم مــــحــــمــــەد قــــاسم:**

**بەڕێز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

ببوورن برادەرانی یاسا وەڵامی پرسیارەكەی منیان نەدایەوە، من وتم ئەو پەیڕەوە روونە، ئەو ئەندامەی كە خۆی دەپاڵێوێ بۆ پەرلەمان لای روونە، دوای هەشت رۆژ ئاگادار بكرێتەوە، هەڵبژاردنی فەرمانبەر وئەوانی تر بەرای من زیادەیە، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــــومــــــەن:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەرج نییە، لەوانەیە هەندێ ئەندامی پەرلەمان خۆی دەپاڵێوێ، بەڵام دوایی یەک لە ئەنجومەنەکان هەڵدەبژێرێ، واتە مەبەست لەوە ئەنجومەنەکانی هەڵبژاردن سەر بە دام ودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، مافی هەیە خۆی بپاڵێوێ پاشی هەشت رۆژ پاش راگەیاندنی هەڵوێستی خۆی دیاری دەکات، یان لە ئەنجومەنی هەڵبژاردەی سەر بەحکومەت دەمێنێ یانیش ئەنجومەنی نیشتمانیی هەڵدەبژێرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببوورە ماددەکە ئاشکرایە ودیارە، ئەو برادەرەی کە خۆی دەپاڵێوێ بۆ ئەندامیەتی پەرلەمان، لەو بارەیەوە ئەو یاسایە روونە (لایجوز الجمع بين عضوية هذا المجلس وعضوية مجالس المنتخبة الاخرى) ئەمە روونە وەکو بەندێک ویاسایە وپابەندە پێی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەگەر پابەندی پێوە نەکرد ئێمە چی بکەین؟ تکایە با ئەوانەی کە دەیانەوێ قسە بکەن ناونووسیان بکەین، کاک د.ناسح فەرموو.

**بەڕێز د.ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەرج نییە، ئەگەر خۆی پاڵاوت بۆ پەرلەمان مانای وایە سەربەخۆ ئەبێتە ئەندامی پەرلەمان، ئەو لەناو لیستەکەیە ناوی لەناو لیستەکە دەمێنێتەوە، هەر کاتێک کە لیستەکەی خۆی یان ئەو لایەنەی کە ئەو پەیوەندی پێوە دەکات کردیان بە ئەندامی پەرلەمان ئەو کاتی ئەتوانی یەکێکیان هەڵبژێرێ، لەبەر ئەوە ئەو ماددەیە لێرە بمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک دکتۆر، ئەو برادەرانەی کە ویستیان لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکەن تەواو بوو، ئەو ماددەیە دەخەینە دەنگدانەوە.. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا. فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ماددە پێنج کە دەڵێ: (يكون جميع اعضاء المجلس متفرغين) ئەوە هەمواری بەسەرداهاتووە هەموارەکەش بەو شێوەیە (لايعتبر ممارسة المهام والعمل الحزبي او النقابي او

المنظمات الجماهيرية ممارسة للعمل الوظيفي او الحرفي أو المهني ولا يتعارض مع اغراض هذا القانون).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرە گرفتێک هەیە، بەراستی ئێمە زۆر جار بەر پرسیار دەبین لەهەندێ شت، واتا ڕووبەڕووی پرسیارێک دەبینەوە، «متفرغ»کێیە؟ هەرچەندە لەراستیدا ئیشی سەندیکا، یاخود ئیشی حزبی، یان هەندێ بابەتی تر بەشێکە لە ئیش وکاری سیاسەت.

ئەندامی پەرلەمان ئەندامێکی سیاسییە، وەکو برادەران جەختیان کرد، باشە ئەگەر کادیرێک لە حزبێکی دیاریکراو ئەندامی پەرلەمان بوو، نابێ حزبایەتی خۆی بکات؟ باشە ئەو حزبەی کە کادیرەکانی کاری سیاسی نەکەن ئەی کێ ئیش وکارو بەرنامەی ئەو حزبە لە پەرلەمان بکات؟ بۆیە دیارە جۆرە ئالۆزییەک لەسەر مەسەلەی «تفرغ» هەیە، لیژنەی یاسا ئەو داڕشتنەیان داناوە، بۆ ئەوەی هیچ ئالۆزییەک لە ئایندەدا نەمێنێ دەربارەی مەسەلەی (تفرغ) ئەگەر چ تێبینییەک لەسەر ئەوەی کە خوێندرایەوە نییە؟ دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة الثانية:

تعدل الفقرة الاولى من المادة الخمسون وتقرأ كالاتي:

لايكون انعقاد المجلس قانونياً الا بحضور اغلبية اعضائه، ويتخذ المجلس قراراته باغلبية الحاضرين وذلك في غير الحالات التي تتطلب اغلبية خاصة بموجب القانون وعند تساوى الاصوات فللرئيس صوت الترجيح. ئەوە هەمواری بڕگە یەکە لەماددە (٥٠).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جیاوازی نێوان هەموارەکەو نێوان یاسای ژمارە یەک، جیاوازیەکی زۆر کەمە، لەجیاتی (صحيحا) (قانونيا) نووسراوە و لەجیاتی (خمسون من الحاضرين) اغلبيە نووسراوە هیچ گۆڕانێکی وا نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د.ڕزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم (باغلبية اعضائه) وژمارە (٥٣) دابنێین لەگەڵ (اغلبية).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئینجا لەوانەیە لە دەورەیەکی ئایندەدا ببن بە ( ۲۰۰ ) کەس بۆ ئەم دەورە نییە.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

ببوورە لەوانەیە ئێمە ئەوە شەش حەوت ساڵە ئەندامی پەرلەمانین ئەو گفتوگۆیانە زۆر دەکرێ ئایا (اغلبیە) چەندە،(۵۳)یە یان (۵٤)ە؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەهیچ پەیڕەوێکی ناوخۆدا نانووسرێ ژمارەکە چەندە (اغلبیة الحاضرین) ئەوەیە کەدێت، ئێمە وەکو وتم پەیڕەو دانانێین بۆ ئەمڕۆ، تکایە ئەوانەی کە دەیانەوێ قسە بکەن ناونووسیان بکەین، کاک د.ناسح فەرموو.

**بەڕێز د.ناسح غەفوور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە قسەی ئەو برایەکە وتی (۵۳)ئەندام، خۆی (۵٤)ە، چونکە ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان (۱۰۵) ئەندامن، مانای وایە ئەبێ (۵۳)و نیو بێ، ئەوەش نابێ، بۆیە دەبێ (۵٤) ئەندام بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر دەتەوێ ئەنجوومەنێک بە ژمارەی فەردی بێت، بەم شێوەیە زۆرینەی ئامادەبووان حیساب دەکەین، لەو کۆمەڵە یەکی لێ کەم دەکەینەوە دوایی دابەشی دووی دەکەین، ئەو یەکە ئەخەینە سەر نیوەکە، دەبێتە زۆرینەکەی واتە لە کاتێکدا ئێمە (۱۰۵) کەم یەک دەکەینەوە دەبێتە (۱۰٤)، دابەشی دووی دەکەین دەبێتە (۵۲) و ئەو (۵۲)وە ویەکەکە کۆ دەکەینەوە دەبێتە (۵۳) لێرە پەنجاو سێ وپەنجا ودووت هەیە، وابزانم ئەوە باشترین ڕێگایە و لەهەموو ئەنجوومەنە فەردییەکان ئەم شێوەیە ڕەچاو کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەر چەندە برای بەڕێزم کاک ئیبراهیم سەعید روونی کردەوە، بەڵام دووبارە لەهەموو یاسا گشتییەکان و لە بواری بیرکاریشدا و(اغلبیە واکثریە) ئەوەندەیە، لەیانزە کەس (٦) «اغلبیە»یە و(۵) کەس «اقلیە»تە، و لە (۱۰۵) (۵۳) زۆرینەیە و(۵۲) کەمایەتییە یانی هیچی تری پێ

ناوێت لەیاسا هەیە و لە زانستی بیرکاری دا هەیە هیچی تر پێویست ناکات نە ژمارەی تێدا بنووسرێ و زۆرینەی ڕەها (غـالبـیـەی مطلق) دیارە (٥٠٪ + ١) ئەوە لە (١٠٥)ەکە ئەکاتە (٥٤) ئەمە هیچ نە پێویستی بە ڕوونکردنەوەیە نە بەنووسینە لە لیژنەی پەیوەنداریش زۆر باسمان کرد، بەدواداچوونی سەرچاوەکانیان کردووەو دەبێ برادەرانیش بڕوایان هەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر چ تێبینی نییە لیژنەی یاسا، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هیچ تێبینیمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەیخەینە دەنگدانەوە.. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة الثالثة:

تعدل المادة الحادية والخمسون وتقرأ كالاتي:

مدة المجلس اربعة سنوات تبدأ من اول جلسة له وتنتهي بأنتهاء آخر جلسة في السنة الرابعة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ماوەی ئەنجوومەن تا ئێستا هەر سێ ساڵ بووە، لەمێژە ئەو باسە دەکرێ کە ببێ بەچوار ساڵ، ماددەیەک هەیە لە پەیڕەوەی ناوخۆ پێشنیارێک کراوە لە ضمنی ئەو پێشنیارانەی کە لەو پرۆژەدا هاتووە بکرێ بەچوار ساڵ، جا ئەگەر ئەمە دەستکاری بکەین، وبیکەین بە چوار ساڵ ئەو ماددەیەش ئەبێ دەسکاری بکەین، بۆیە لەسەر ئەو بنەمایە پرۆژەکە پێشکەش کراوە، کێ ئەیەوێ لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات تەنها د.ڕزگار و کاک ئازاد، کاک د.ڕزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە بڕیارماندا کە تەمەنی پەرلەمان نوێ بکەینەوە تا هەڵبژاردنێکی تر تاکو دانیشتنێکی تازە بکرێ، بۆیە بەبڕوای من پێویست بەو هەمووارە نییە، چونکە ئەگەر هەڵبژاردنێک کراو پەرلەمانێکی نوێ هەڵبژێردرا، لەوانەیە ئەو کاتە کاری پێ بکرێ، بەڵام حاڵی حازر لەم دەورەی ئێستای پەرلەمان دا پێویست بەوە ناکات، چونکە تاکو هەڵبژاردنێکی تر و دانیشتنێکی تازە نوێ کرایەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەگەر ئێمە ڕێککەوتین لەسەرئەوەی کە هەڵبژاردن بکرێ، یان زەمینە خۆش کرا کە هەڵبژاردن بکرێ، بابەتەکە پەیوەندی بە پەیڕەوی ناوخۆ هەیە.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵام ئەگەر پەرلەمان نوێ بکرێتەوە لەوانەیە زۆر گۆڕانکاری تیا بکرێ، ولەوانەیە ئەو پەیڕەوەی ناوخۆی ئێمە بگۆڕدرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەی ئەم پەیڕەوە بۆ ئایندەیە، ئەوەی کە دێت لەسەر ئەوەی کە ئێستاکە هەمواری دەکەین لەسەر ئەوە دێت، کاک ئازاد فەرموو.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەر وەکو پرسیارێک حەز دەکەم بزانم بۆ لە سێ ساڵەوە ئەیکەن بە چوار ساڵ، جیاوازیەکە چییە؟ ئەگەر گۆڕینی ماوەکە پەیوەندی بەکاتەوە هەیە ئەوە شتێکی ترە، یان شتێکی یاساییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە تەماشای هەندێ یاسای وڵاتمان کرد زۆربەی هەرە زۆری وڵاتان چوار ساڵە، ئێمەش چوار ساڵمان بە شتێکی پەسەند دانا، بۆیە ئەو پێشنیارە کرا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پێشنیارە لەمێژەوە هەیە،کاتی خۆیشی لیژنەی یاسای ژمارە (١) ئەو یاساناسانەی کەدایان نا چوار ساڵ بوو، بەڵام لەراستیدا لەبەر ئەوەی ئەزموونی یەکەمە وهەندێ بابەت هەبوو روون نەبوو، کرا بە سێ ساڵ، بەڵام دوای ئەوە زۆر جار ئەندامانی پەرلەمان وخەڵکی تریش ئەو بۆچوونەیان خستە روو کە پەرلەمانەکانی زۆر لەوڵاتان لەچوار ساڵ کەمتر نییە، ئەگەر چ تێبینی تر نییە ئەیخەینە دەنگدانەوە؟ فەرموو کاک ئازاد.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هەرچی یاسایەک دائەنێین ئەبێ وەکو وڵاتانی تر بێت، واتە وەکو چاولێکەری لە یاسای

ولاتانی تر بکەین نابێ بەخۆمان شتێکمان هەبێ؟، کاک شێروان ئەڵێ سەیری یاسای ولاتانمان کردووە کە چوار ساڵە بۆیە ئێمەش ئەوەمان کرد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆربەی پەرلەمانەکانی ئەم دنیایە ماوەکەیان لەچوار ساڵ کەمتر نییە، دوایی تۆ لەبیر مەکە هەر سێ ساڵ جارێک هەڵبژاردن بکەی ئەرکێکی زۆری دەوێ، بۆیە ئەوەی چوار ساڵی داناوە لەسەر بنەمایەک دایناوە، ئەوانەی کە هەندێ مادەو هەندێ شتیان داناوە حسابی زۆر شتیان کردووە،.

چوار ساڵەکە دەخەینە دەنگدانەوە.. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، ئەو چەند ماددەیە بوو کە پەیوەندی هەیە وەکو گوتمان بەو ماددانەی کە ئێستاکە دێن لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان هەمواری دەکەین وەکو یاسا دەیخەینە دەنگدانەوە.. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟..بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، ئەو ماددەیەش تەواو بوو.

تاکو سەعات (١٠) کاتمان هەیە، خاڵی تریش هەیە دێینە سەری باسی دەکەین، بەڵام پێش ئەوەی کە دانیشتنەکە تەواو بکەین بۆ سبەی دوو پێشنیار هەبوو یەکیان وتیان سەعات (٩/٥) دابنیشین ئەوەی تریان وتیان سەعات (٩) چ کاتێکتان پێ باشە؟.

سەعات (١٠) باشە؟ خاڵی تر، خاڵی پێنج گفتوگۆ کردنە لەسەر هەموار کردنی دووەمی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ئەویش ژمارەیەکی یاسایی لەئەندامان (العدد القانوني) پرۆژەیەکیان پێشکەش کردووە بۆ هەموار کردنی چەند ماددەیەک لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، لیژنەی یاسا فەرموون ئەو پرۆژەیە ماددە بەماددە دەست پێبکەن.

ئەو پرۆژەیەی کە لەبەر دەستانایە لەڕاستیدا پێڕەوەکە هەموویەتی واتە ماددەکان هەموو جێگیر کراون بۆ ئەوەی زنجیرەی خۆی وەربگرێتەوە، ئەو ماددانەی کە پێویستە هەموار بکرێن لیژنەی یاسائەگەر ئاماژەی بۆ بکا یان ئەتانەوێ هەمووی بخوێندرێتەوە ئەوجا ئاماژەیان بۆ بکرێت؟ ئەو ماددانەی کە هەموار ئەکرێن کامیان لیژنەی یاسا هەڵیان دەبژێرن فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە ئاراستە کراوە ئەوەی دوایی، ئەو ماددانەی هەموار نەکراون ونەچوونەتە ناو ئەو پرۆژەیەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ تەنها پرۆژەی هەموارکراو ئەخوێنرێتەوە، فەرموو.

**بەرێز حسین علی کمال:**

بسم الله الرحمن الرحيم

بإسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

استناداً الى احكام المادة (٥٧) للنظام الداخلي للمجلس الوطني لكوردستان العراق رقم « ١ » لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناء على ما عرضه العدد القانوني من اعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة

بتاريخ / /١٩٩٨.

## مشروع التعديل الثاني للنظام الداخلي للمجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم (١) لسنة ١٩٩٢

## الفصل الاول

## التعاريف

المادة الاولى:

تعدل المادة « ١ » وتقرأ كالآتي:

يقصد بالتعابير التالية المعاني المبينة ازاءها لاغراض هذا النظام.

الاقليم: اقليم كوردستان العراق.

الرئيس: رئيس المجلس.

العضو: عضو المجلس.

الهيئة: هئية رئاسة المجلس.

القانون: قانون المجلس الوطني لاقليم كوردستان العراق.

النظام: النظام الداخلي للمجلس.

الجلسة: مجموع الاجتماعات التي تعقد خلال يوم واحد.

الدورة: مجموع الاجتماعات التي تنقعد خلال اربعة اشهر.

الدورة الانتخابية: مدة ولاية المجلس الوطني لكوردستان العراق.

الكتلة: مجموع اعضاء المجلس المنتمين الى احدى القوائم الانتخابية الفائزة بنسبة ٧٪ فأكثر في الانتخابات العامة.

## الفصل الثاني
## انعقاد المجلس

**المادة الثانية:**

تعدل المادة الثانية وتقرأ كالآتي:

ينعقد المجلس في العاصمة اربيل ويجوز عقده في اي مكان آخر عند الاقتضاء.

**المادة الثالثة:**

تعدل المادة الثالثة وتقرأ كالآتي:

يعقد المجلس جلسته الاولى في الساعة العاشرة من اليوم العاشر لاعلان نتائج الانتخابات العامة.

**المادة الرابعة:**

تعدل المادة الرابعة وتقرأ كالآتي:

لا يكون انعقاد المجلس قانونياً الا بحضور اغلبية اعضائه ويتخذ المجلس قراراته باغلبية الحاضرين وذلك في غير الحالات التي تتطلب اغلبية خاصة بموجب القانون وعند تساوي الاصوات فللرئيس صوت الترجيح.

**المادة الخامسة:**

تعدل المادة الثامنة وتقرأ كالآتي:

مدة المجلس اربع سنوات تبدأ من اول جلسة وتنتهي بانتهاء اخر جلسة في السنة الرابعة.

**المادة السادسة:**

تعدل المادة التاسعة وتقرأ كالآتي:

تكون جلسات المجلس علنية ويجوز ان تكون سرية بناءاً على طلب رئيس المجلس او ما لايقل عن ربع عدد اعضائه وموافقة المجلس باكثرية الحاضرين.

## الفصل الثالث
## هيئه الرئاسه

اولاً: انتخابات الهيئة

**المادة السابعة:**

تعدل المادة العاشرة وتقرأ كالآتي:

يرأس الجلسة الاولى المشار اليها في المادة الثالثة من هذا النظام اكبر الاعضاء سناً

**المادة الثامنة:**

تعدل المادة الحادية عشرة وتقرأ كالآتي:

يؤدي الرئيس المؤقت ويليه كل واحد من الاعضاء اليمين التالية امام المجلس.

**المادة التاسعة:**

تعدل المادة الثانية عشرة وتقرأ كالآتي:

يعتبر العضو المنتخب عضواً في المجلس ومباشراً فيه اعتباراً من ادائه اليمين القانونية ويتمتع بكافة حقوق العضوية تبعاً لذلك.

**المادة العاشرة:**

تعدل المادة الثالثة عشرة وتقرأ كالآتي:

١- يعلن الرئيس المؤقت بعد ادائه اليمين فتح باب الترشيح لمراكز الهيئة وهي رئيس المجلس ونائب الرئيس والسكرتير.

٢- بعد غلق باب الترشيح تجري عملية الانتخاب بطريقة الاقتراع السري ويفوز بالمراكز من حاز اغلبية اصوات الحاضرين.

**المادة الحادية عشرة:**

تعدل المادة الرابعة عشرة وتقرأ كالآتي:

١- يزود كل عضو حاضر في الجلسة بورقة مختومة بختم المجلس يدون عليها اسماء الاعضاء الذين يرغب في انتخابهم لاي من مراكز الهيئة.

٢- يودع العضو ورقته في الصندوق المعد لهذا الغرض ولايجوز الانابة او الوكالة في التصويت وتكون الورقة غير المختومة او الخالية من اي اشارة الى احد المرشحين باطلة.

٣- يقوم بفرز الاصوات اثنان من اصغر الاعضاء سناً من الحاضرين تحت اشراف الرئيس المؤقت.

٤- اذا تساوى عدد الاصوات المتنافسين لمركز واحد يعاد الانتخاب في جلسة اخرى للمركز (المراكز) التي تساوى فيها عدد الاصوات وفي حالة تكرار ذلك يصار الى اجراء القرعة بينهم.

## ثانياً: صلاحيات ومهام الرئيس

**المادة الثانية عشرة:**

تعدل المادة السابعة عشرة وتقرأ كالآتي:

يمارس الرئيس الصلاحيات والمهام التالية:

١- تطبيق القانون والنظام الداخلي للمجلس.

٢- افتتاح دورات وجلسات المجلس ورئاستها واختتامها وتأجيلها وتحديد مواعيدها.

٣- ادارة المناقشات والمحافظة على انتظامها.

٤- اتخاذ التدابير اللازمة لحفظ الامن والنظام داخل المجلس وله ان يحدد القوة النظامية المناسبة لهذا الغرض وتكون تحت امرته.

٥- توقيع محاضر الجلسات مع عضوي هيئة الرئاسة.
٦- القيام بكل ما يتعلق بالمجلس من التصرفات القانونية والاعمال الادارية والمالية وله تخويل غيره من اعضاء هيئة الرئاسة لهذا الغرض.
٧- توقيع كافة المخاطبات الرسمية مع السلطة التنفيذية وغيرها من الجهات داخل الاقليم وخارجه.
٨- توقيع كافة الرسائل والمخابرات التي تصدر عن المجلس او احدى لجانه بعد ختمها بختمه.
٩- التثبت من النصاب بمعاونة عضوي هيئة الرئاسة.
١٠- طرح الامور على المجلس للتصويت عند الاقتضاء.
١١- الاشراف على اعمال لجان المجلس.
١٢- اصدار القوانين والقرارات والانظمة التي وافق عليها المجلس.

## ثالثاً: صلاحيات ومهام نائب الرئيس

**المادة الثالثة عشرة:**

تعدل المادة الثامنة عشرة وتقرأ كالآتي:

يمارس نائب الرئيس الصلاحيات والمهام التالية:

١- ممارسة جميع صلاحيات الرئيس عند غيابه، كما يجوز ان يعهد الرئيس اليه مهام معينة.
٢- الاشتراك في اعمال هيئة الرئاسة ووظائفها بصفته عضواً فيها.
٣- متابعة اعمال اللجان وتقديم التقارير بشأنها الى الرئيس.

## رابعاً: صلاحيات ومهام السكرتير

**المادة الرابعة عشرة:**

تعدل المادة التاسعة عشرة وتقرأ كالآتي:

يمارس السكرتير الصلاحيات والمهام التالية:

١- الاشراف على تحرير محاضر الجلسات وجداول اعمال الجلسات وطبعها وتوزيعها على الاعضاء.
٢- تثبيت اسماء من يريد التكلم من الاعضاء حسب الترتيب الزمني للطلبات.
٣- الاشتراك في اعمال هيئة الرئاسة ووظائفها بصفته عضواً فيها.

## خامساً: الصلاحيات والمهام المشتركة

**المادة الخامسة عشرة:**

تعدل المادة العشرون وتقرأ كالآتي:

تقوم هيئة الرئاسة بما يلي:

١- تنظيم جدول الاعمال لكل جلسة من جلسات المجلس وتبليغه الى الاعضاء واعضاء مجلس الوزراء مع المشاريع والمقترحات والتقارير موضوع المناقشة قبل يومين على الاقل من انعقاد المجلس.

٢- البت في تنازع الاختصاص بين اللجان بالنسبة للقضايا المحالة اليها وحسمه.

٣- وضع القواعد الخاصة بتحرير المحاضر وتنظيمها.

٤- قراءة خلاصة محضر الجلسة الاخيرة للمجلس في الجلسة التالية له.

## الفصل الرابع

## العضوية في المجلس

### اولاً: صحة العضوية

المادة السادسة عشرة:

تعدل المادة الرابعة والعشرون وتقرأ كالآتي:

١- لكل عضو الطعن في عضوية اي عضو آخر ولكل مرشح من القوائم الانتخابية الفائزة الطعن في عضوية العضو الفائز من قائمته لدى المجلس.

٢- تشكل في الجلسة الثانية من اول اجتماع للمجلس وبطريقة الانتخاب لجنة مؤقتة تسمى (لجنة النظر في صحة العضوية) من عدد لا يقل عن خمسة من الاعضاء على ان لا يكون من بين اعضائها المطعون في صحة عضويته.

٣- تنظر اللجنة في طلب الطعن ولها الاطلاع على كافة المحاضر والوثائق المتعلقة بانتخاب العضو المطعون في عضويته وتقدم تقريرها خلال مدة اقصاها شهر من تأريخ احالة الطلب اليها.

٤- يختص المجلس بالفصل في صحة العضوية ويتخذ قراره باغلبية ثلثي الحاضرين.

٥- تقدم الطعون تحريراً الى الرئيس خلال الدورة الاولى من تأريخ اول جلسة يعقدها المجلس بعد انتخابه ويحيل الرئيس هذه الطعون الى (لجنة النظر في صحة العضوية).

٦- اذا ثبت صحة الطعن يقدم الرئيس نتائج ذلك الى الجهة صاحبة القائمة لتختار مرشحاً آخر من القائمة ذاتها وفق ما جاء في المادة «٤٤» من القانون.

٧- في حالة عدم جدية الطعن او انطوائها على معلومات غير صحيحة تقدم اللجنة تقريراً بذلك الى الرئيس الذي له ان يحيل الطلب الى محكمة التحقيق المختصة لاجراء التعقيبات القانونية بحق الطاعن اذا كان الطعن كيدياً اوكان بقصد الاساءة الى العضو المطعون في صحة عضويته.

### ثانياً: واجبات العضو وحقوقه

**المادة السابعة عشرة:**

تعدل المادة الخامسة والعشرون وتقرأ كالآتي:

١ـ يلتزم العضو بحضور اجتماعات المجلس ولجانه التي هو عضو فيها ولايجوز التغييب الا بعذر مشروع يقدره الرئيس او رئيس اللجنة المختصة بالنسبة لاجتماعات اللجان.
٢ـ عدم حضور العضو في جلسات المجلس بسبب تكليفه بمهام رسمية من قبل المجلس لايعتبر تغيباً.
٣ـ للرئيس ان يمنح العضو اجازة اعتيادية اذا اقتضت ظروفه ذلك لمدة لاتتجاوز « ١٥ » يوماً خلال كل دورة من دورات الانعقاد.
٤ـ للعضو التمتع بالاجازة المرضية له اصولياً خلال دورات الانعقاد.
٥ـ في حالة اضطرار العضو للتغيب بغير مهمة رسمية وبصورة مستمرة عن جلستين عليه ان يقدم طلباً الى رئيس المجلس يبين فيه اسباب التغيب.
٦ـ اذا استمر غياب العضو اكثر من شهر بدون اذن من رئيس المجلس فلا يتقاضى شيئاً من راتبه ومخصصاته مدة الغياب.
٧ـ في حالة تغيب العضو بدون عذر مشروع ثلاث مرات متفرقة عن اجتماعات المجلس او لجانه فللرئيس تنبيهه وقائمته حول ذلك.

## ثالثاً: الحصانة والمكافآت

المادة الثامنة عشرة:

تعدل الفقرة « ٥ » من المادة السابعة والعشرون من حيث الصياغة وتقرأ كالآتي:

(لاينظر المجلس في هذا الطلب من حيث توافر ادلة التهمة او عدم توافرها وانما ينظر في جدية الدعوى، لتحقيق العدالة او كيديتها بقصد الاساءة للعضو).

المادة التاسعة عشرة:

تعدل المادة الثامنة والعشرون وتقرأ كالآتي:

يتقاضى كل من الرئيس ونائبه والسكرتير والاعضاء راتباً ومخصصات شهرية.

## رابعاً: انتهاء العضوية وفقدانها

**المادة العشرون:**

تعدل المادة الثلاثون وتقرأ كالآتي:

أ ـ تنتهي العضوية في المجلس في الحالات التالية:

١ـ انتهاء مدة المجلس او حله.

٢ـ الوفاة.

ب ـ يفقد العضو عضويته في الحالات التالية:

١ـ استقالة العضو وقبولها.

٢ـ فقدان العضو لشرط من شروط الترشيح للعضوية ويقرر المجلس ذلك باغلبية ثلثي الحاضرين.

٣ـ غياب العضو ثلاث جلسات متتالية بدون عذر مشروع.

**المادة الواحد والعشرون:**

تعدل المادة الواحد والثلاثون وتقرأ كالآتي:

اذا خلا احد مقاعد المجلس يحل محله مرشح آخر من القائمة ذاتها.

## خامساً: عدم الجمع

**المادة الثانية والعشرون:**

تعدل المادة الثانية والثلاثون وتقرأ كالآتي:

١ـ لا يجوز الجمع بين عضوية المجلس والوظائف العامة ويعتبر الموظف العام مستقيلاً من وظيفته اعتباراً من ادائه اليمين امام المجلس وعليه اشعار سكرتارية المجلس بموقفه الوظيفي.

٢ـ لا يجوز الجمع بين عضوية المجلس وعضوية احد المجالس المنتخبة المرتبطة بدوائر ومؤسسات حكومة الاقليم وعلى العضو ان يختار احد المجلسين خلال مدة ثمانية ايام من تأريخ اعلان نتيجة الانتخاب وان لم يفعل يعتبر مختاراً لعضوية هذا المجلس ويبلغ المجلسان بذلك.

٣ـ لا يجوز للعضو ان يتعاقد مع حكومة الاقليم بنفسه او بواسطة غيره اثناء عضويته كما لا يجوز له استغلال عضويته لمصالحه الخاصة.

٤ـ يكون جميع اعضاء المجلس متفرغين.

## الفصل الخامس

## الاستقاله

**المادة الثالثة والعشرون:**

تضاف المواد التالية الى هذا الفصل من النظام الداخلي وتندرج تحت تسلسلات جديدة ويراعى فيما بعد تسلسل بقية المواد على ضوء ذلك.

**المادة الثالثة والثلاثون:**

يقدم العضو استقالته خطياً الى رئيس المجلس وتتلى في اول جلسة.

**المادة الرابعة والثلاثون:**

تعتبر الاستقالة نافذة بموافقة المجلس عليها باغلبية الحاضرين.

**المادة الخامسة والثلاثون:**

لعضو المستقيل ان يرجع عن استقالته بطلب تحريري يقدمه الى رئيس المجلس قبل احاطة المجلس علماً بها.

**المادة السادسة والثلاثون:**

لا يجوز اعادة العضو المستقيل الى مقاعد المجلس.

## الفصل السادس

### لجان المجلس

### اولاً: اللجان الدائمة للمجلس

**المادة الرابعة والعشرون:**

تعدل المادة الثالثة والثلاثون من النظام الداخلي وتصبح تسلسلها «٣٧» من المشروع ومطابق للنظام الداخلي.

**المادة الخامسة والعشرون:**

تعدل المادة الرابعة والثلاثون من النظام الداخلي وتصبح تسلسلها «٣٨» من المشروع وتقرأ كالآتي:

يتم تشكيل اللجان الدائمة على الوجه الآتي:

١- لجنة الشؤون القانونية: تنظر في المسائل ذات الطابع القانوني المحالة عليها، كما تختص بصياغة القوانين وسلامتها من الناحية القانونية واللغوية وتحيلها على المجلس لمناقشتها، على ان يكون اغلبية اعضائها ممن يحملون شهادة جامعية اولية في القانون.

٢- لجنة الشؤون المالية والاقتصادية: النظر في كل ما يتعلق بالميزانية العامة للاقليم والحسابات الختامية وميزانية المجلس وتقدم تقريرها للمجلس عن كل قسم من اقسام الميزانية وكل باب من ابوابها بما في ذلك ميزانية المجلس وما يوكل المجلس اليها من امور مالية واقتصادية وحسابية وتجارية.

٣- لجنة الشؤون الداخلية وشؤون البيشمركه: مهمتها النظر في شؤون وزارة الداخلية في الامور المتعلقة بالادارة العامة والمحلية والامن والشرطة والدفاع المدني وكذلك الامور المتعلقة بوزارة شؤون البيشمركه.

٤- لجنة الصناعة وشؤون الزراعة والري: مهمتها النظر في الامور المتعلقة بأعادة تشغيل المعامل وتطويرها واعادة بناء البنية التحتية لاقتصاد كوردستان العراق واستغلال الثروات الطبيعية فيها وامور الطاقة والحفاظ على البيئة في كوردستان العراق، وكذلك تنظر في شؤون الزراعة والاصلاح الزراعي والبستنة والغابات والبيطرة والتربة ومصادر المياه والري في كوردستان العراق ومتابعة تطويرها.

٥- لجنة العلاقات والثقافة والاوقاف: ومهمتها النظر في شؤون وزارة الثقافة والاعلام والنظر في الامور المتعلقة بعلاقات المجلس الداخلية والخارجية وكذلك النظر في شؤون الاوقاف والاهتمام بالشريعة والعلوم والمقدسات الاسلامية ومهام الجوامع والمساجد وابراز دورها التاريخي في تربية الشعب الكوردي المسلم، وكذلك النظر في الامور الثقافية والادبية والفنية والتراث والرياضة ونشر الوعي الوطني والتحرري مع مراعاة الخصوصية القومية للاقليات (الاشوريون، التركمان، العرب وغيرهم).

٦ـ التربية والتعليم العالي: تنظر في شؤون التربية والتعليم في كوردستان العراق وكذلك تنظر في شؤون التعليم العالي تبدي رأيها الى المجلس في كيفية سيرهما.
٧ـ لجنة الخدمات العامة والصحة والشؤون الاجتماعية والتخطيط واعمار كوردستان: تنظر في كل ما يتعلق بشؤون البلديات والمصايف والآثار وخدمات الماء والمجاري والتلفونات والنقل والمواصلات وكذلك النظر في الامور المتعلقة بالصحة العامة ومؤسساتها والضمان الاجتماعي والرعاية الاجتماعية ورعاية الامومة والطفولة وشؤون عوائل الشهداء والمعوقين والمفقودين للحركة التحررية الكوردستانية. وكذلك مهمتها وضع الخطط اللازمة للتنمية والاعمار والاسكان في كوردستان العراق.
٨ـ لجنة الشكاوي والعرائض: تنظر في شكاوى وعرائض المواطنين المقدمة الى المجلس حسب التفاصيل التالية:
أ ـ يحيل الرئيس الشكاوى والعرائض الواردة الى المجلس الى لجنة الشكاوى للنظر فيها بعد تسجيلها في سجل واردة المجلس.
ب ـ اذا كانت الشكوى محالةً على احدى لجان المجلس فتحال عليها لدراستها.
ج ـ تدقق اللجنة في الشكاوى المحالة اليها وتقدم تقريراً عما تراه ضرورياً منها الى المجلس مشفوعاً بوجهة نظرها بصدد الشكوى.
د ـ لا يجوز تقديم العرائض والشكاوى الى المجلس إلا بعد استنفاذ جميع طرق المراجعات الاصولية.
هـ ـ السلطة التنفيذية مكلفة بالاجابة على العرائض المحالة عليها في غضون شهر على الاكثر الا اذا وجد سبب مانع يستحيل معه الاجابة في غضون تلك المدة.
و ـ اذا شكل موضوع العريضة وجواب السلطة التنفيذية امراً تقتضي رأي المجلس طلبت اللجنة درجه في جدول الاعمال.
ز ـ يجب اعلام صاحب العريضة بنتيجة شكواه.
ح ـ على اللجنة تنظيم جدول شهري خاص تضمنه خلاصة الشكاوى المنظورة ونتيجتها.

**المادة الخامسة والعشرون:**

تعدل المادة الخامسة والثلاثون من النظام الداخلي وتصبح تسلسلها «٣٩» من المشروع وتقرأ كالآتي:
١ـ توزع هيئة الرئاسة الاعضاء بين اللجان على ان يراعى قدر الامكان اختصاص العضو ورغبته وحاجة اللجان ثم يعرض الامر على المجلس للموافقة عليه وفي حالة عدم موافقة المجلس على لجنة ما يصار الى انتخابها.
٢ـ لا يجوز الجمع بين عضوية اكثر من لجنتين دائميتين. كما لا يجوز الجمع بين عضوية مجلس الوزراء وعضوية اللجان الدائمة في المجلس.

٣ـ تشكل اللجان الدائمة من عدد لا يقل عن خمسة ولا يزيد عن احد عشر من الاعضاء وتنتخب كل لجنة من بينها رئيساً ونائباً ومقرراً لها.
٤ـ يكتمل النصاب في اجتماعات اللجان بحضور اكثرية اعضائها على ان يكون من بين الحضور الرئيس او نائبه وتتخذ قراراتها بالأغلبية.
٥ـ تجتمع اللجان بناءاً على طلب رئيسها وتتم دعوة الاعضاء عن طريق مقررها.
٦ـ يجوز عقد اجتماع مشترك بين لجنتين او اكثر للنظر في المواضيع التي تستوجب ذلك وعقدها يكون اكبر رؤساء اللجان واكبر نوابهم واكبر مقرر لهم سناً رئيساً ونائباً ومقرراً لها.
٧ـ لا يجوز ان يكون العضو رئيساً او نائبا للرئيس او مقرراً لأكثر من لجنة.

**المادة السادسة والعشرون:**

تعدل المادة السادسة والثلاثون من النظام الداخلي وتصبح تسلسلها « ٤٠ » وتقرأ كالآتي:
١ـ للجنة ان تستعين بأي عضو من اعضاء المجلس او اي خبير او مختص من غير اعضاء المجلس للاستماع الى رأيهم او الاستعانة بهم دون ان يكون لهم حق التصويت.
٢ـ لكل عضو من أعضاء المجلس ان يحضر اجتماعات أية لجنة من اللجان الدائمة بعد موافقة رئيسها وله عندئذ ابداء الرأي دون الاشتراك في التصويت.

**المادة السابعة والعشرون:**

تعدل المادة السابعة والثلاثون من النظام الداخلي وتصبح تسلسلها « ٤١ » وتقرأ كالآتي:
١ـ تتم دعوة اعضاء مجلس الوزراء من قبل رئيس المجلس عن طريق رئيس الوزراء وذلك لحضور اجتماعات اللجان خلال مدة اقصاها ثلاثة ايام من تأريخ توجيه الدعوة اليهم.
٢ـ تتم دعوة من هو بدرجة وزير من قبل رئيس المجلس وتتم دعوة غيرهم من الموظفين العامين من قبل السكرتير.

**المادة الثامنة والعشرون:**

تعدل المادة الثامنة والثلاثون من النظام الداخلي وتصبح تسلسلها « ٤٢ » وتقرأ كالآتي:
١ـ يحق للجان الدائمة ان تطلب عن طريق نائب رئيس المجلس، من الدوائر الرسمية والمنظمات الجماهيرية والمهنية، تزويدها بالمعلومات التي تحتاجها لدراسة المواضيع المعروضة عليها.
٢ـ اذا امتنعت الجهات المبينة في الفقرة اعلاه عن تزويد اللجان الدائمة بالمعلومات المطلوبة فعندئذ يتم اعلام رئيس مجلس الوزراء بذلك عن طريق رئيس المجلس وفي حالة عدم اجابة الطلب خلال خمسة عشرة يوماً يعرض الموضوع على المجلس للبت فيه.

**المادة التاسعة والعشرون:**

تعدل المادة التاسعة والثلاثون من النظام الداخلي وتصبح تسلسلها « ٤٣ » وتقرأ كالآتي:

يطبق على الحضور في جلسات اللجان الاحكام الخاصة بالحضور في جلسات المجلس الواردة في المادة الخامسة والعشرون من النظام الداخلي.

المادة الثلاثون:

تعدل المادة الاربعون من النظام الداخلي وتصبح تسلسلها «٤٤» وتقرأ كالآتي:

اذا شغرت عضوية احدى اللجان يتم ترشيح عضواً آخر وفق الطريقة المنصوص عليها في هذا النظام.

المادة الواحد والثلاثون:

تعدل المادة الواحد والاربعون من النظام الداخلي وتصبح تسلسلها «٤٥» وتقرأ كالآتي:

١ـ يحيل الرئيس المواضيع بكامل مستنداتها وملاحقها الى اللجان، ولاعضاء مجلس الوزراء حضور جلساتها دون ان يكون لهم حق التصويت.

٢ـ تنظم اللجنة محاضر جلساتها وتثبيت اسماء الحاضرين والغائبين من الاعضاء، ما يدور فيها من نقاش وتتخذ قراراتها بالاكثرية وعند تساوي الاصوات يرجح الجانب الذي فيه الرئيس.

المادة الثانية والثلاثون:

تضاف المادة التالية الى النظام الداخلي ويكون تسلسلها «٤٦» وتقرأ كالآتي:

اذا كان المشروع او الاقتراح يدخل في اختصاص اكثر من لجنة فلرئيس المجلس ان يدعو اللجان ذات العلاقة الى اجتماع مشترك بينهما برئاسته او برئاسة نائبه لدراسته ووضع تقرير واحد بشأنه اما اذا كانت كل لجنة قد درسته على حدة.ورأت الرئاسة تبايناً في النصوص المقترحة قد تؤدي الى تعقيد في المناقشة والتصويت في المجلس وجبْ اجتماع اللجان المختصة بلجنة واحدة مختصة برئاسة رئيس المجلس او نائبه لاعادة دراسته ووضع تقرير موحد عنه ولرئيس المجلس ان يعرض اي موضوع على اللجان المشتركة حسب قناعته او بناءاً على طلب خمسة نواب على الاقل. للجان وضع الاقتراحات او اصدار التوصيات اللازمة.

## ثانياً: اللجان المؤقتة ولجان التحقيق

**المادة الثالثة والثلاثون:**

تعدل المادة الثانية والاربعون من النظام الداخلي وتصبح تسلسلها «٤٧» وتقرأ كالآتي:

للمجلس تشكيل لجان مؤقتة ولجان تحقيق حسب مقتضيات المواضيع المعروضة عليها.

**المادة الرابعة والثلاثون:**

تعدل المادة الثالثة والاربعون من النظام الداخلي وتصبح تسلسلها «٤٨» وتقرأ كالآتي:

أ ـ يتم تشكيل اللجان المؤقتة ولجان التحقيق بموافقة اغلبية الحاضرين في المجلس بناءاً على اقتراح من هيئة الرئاسة.

ب ـ اثناء عطلة المجلس يتم تشكيل لجان التحقيق من قبل هيئة الرئاسة.

**المادة الخامسة والثلاثون:**

تعدل المادة الرابعة والاربعون من النظام الداخلي وتصبح تسلسلها «٤٩» وتقرأ كالآتي:

١ـ للجنة التحقيق صلاحية تقصي الحقائق في كل ما هو معروض عليها ولها في سبيل ذلك الاستعانة بالخبراء ودعوة اي شخص لسماع اقواله وفق ما هو وارد في هذا النظام. كما لها الاطلاع على كل ما له علاقة بالموضوع المعروض عليها بعد موافقة الجهات المعنية.

٢ـ على السلطة التنفيذية ان تسهل مهمة التحقيق وان تقدم للجنة الوثائق والبيانات المطلوبة.

٣ـ في حالة امتناع المطلوب حضوره بعد دعوته خطياً جاز للمحققين ان يطلبو من رئاسة المجلس تكليف السلطة القضائية بتحريك الدعوى العامة بحقه.

**المادة السادسة والثلاثون:**

تعدل المادة الخامسة والاربعون من النظام الداخلي وتصبح تسلسلها «٥٠» من المشروع ومطابق مع النظام الداخلي.

## الفصل السابع

## سير العمل فى المجلس

اولاً: التنظيم داخل المجلس

**المادة السابعة والثلاثون:**

تعدل المادة السادسة والاربعون من النظام الداخلي وتصبح تسلسلها «٥١» من المشروع ومطابق مع النظام الداخلي.

**المادة الثامنة والثلاثون:**

تعدل المادة السابعة والاربعون من النظام الداخلي وتصبح تسلسلها «٥٢» من المشروع والمادة الواردة في المشروع والنظام الداخلي متطابقان.

**المادة التاسعة والثلاثون:**

تعدل المادة الثامنة والاربعون من النظام الداخلي وتصبح تسلسلها «٥٣» من المشروع وتقرأ كالآتي:

١ـ لأعضاء مجلس الوزراء حضور جلسات المجلس والمشاركة في مناقشاته ولا يشترك في التصويت من لم يكن منهم عضواً فيه ولهم استصحاب كبار موظفي وزاراتهم للاستعانة بهم بإذن من الرئيس دون ان يكون لهم حق الكلام.

٢ـ يحق لكل مواطن وللعاملين في حقل الاعلام حضور جلسات المجلس بعلم هيئة الرئاسة وبإذن من الرئيس.

ثانياً: جدول اعمال المجلس

**المادة الاربعون:**

تعدل المادة التاسعة والاربعون من النظام الداخلي وتصبح تسلسلها «٥٤» من المشروع وتقرأ كالآتي:

١- لا تعقد اية جلسة دون جدول عمل مسبق.

٢- تنظم هيئة الرئاسة الجدول وتقوم السكرتارية باعلام الاعضاء مباشرة.

٣- لا يجوز طرح ومناقشة اي موضوع لم يرد له ذكر في جدول الاعمال.

٤- بعد ان تعلن الرئاسة افتتاح الجلسة تتلى أسماء الاعضاء الغائبين، فالغائبين بدون عذر، فملخص محضر الجلسة السابقة، ويصدق المحضر بعد اجراء التصحيح الذي تقره الرئاسة اما مباشرة او بناءاً على طلب احد الاعضاء.

٥- تناقش بنود جدول الاعمال بحسب تسلسلها الوارد في الجدول ولا يصار الى مناقشة بند جديد الا بعد الانتهاء كلياً من مناقشة البند السابق، ولكن اذا تعذر اتمام النقاش بصدد بند فيه لأي سبب كان فلهيئة الرئاسة تأجيل النظر فيه الى جلسة تالية ومناقشة ما تلته من البنود.

ثالثاً: نظام المناقشات في الجلسة

**المادة الواحد والاربعون:**

تعدل المادة الخمسون من النظام الداخلي وتصبح تسلسلها «٥٥» من المشروع وتقرأ كالآتي:

١- يتكلم العضو في الجلسة بإذن من الرئيس.

٢- تسجل طلبات الاذن في الكلام مع مراعاة تسلسل تقديمها وتراعى في اعطاء الإذن الاسبقية في الطلب.

**المادة الثانية والاربعون:**

تعدل المادة الواحدة والخمسون من النظام الداخلي وتصبح تسلسلها «٥٦» من المشروع وتقرأ كالآتي:

١- يوجه العضو كلامه الى الرئيس ويقف المتكلم في مكانه او يجلس الى المنصة المعدة لهذا الغرض ولا يجوز ان يكرر اقواله او اقوال غيره من الاعضاء الذين سبقوه في الكلام ولا يخرج عن الموضوع ولا يتكلم في موضوع واحد مرتين الا اذا طلب من الرئيس ذلك وعند الاخلال بذلك للرئيس ان يلفت نظره الى تطبيق احكام هذا النظام.

٢- لا يجوز العودة الى مناقشة المواضيع التي تم حسمها.

المادة الثالثة والاربعون :

تعدل المادة الثانية والخمسون من النظام الداخلي وتصبح تسلسلها «٥٧» من المشروع ومطابق للنظام الداخلي.

المادة الرابعة والاربعون :

تعدل المادة الثالثة والخمسون من النظام الداخلي وتصبح تسلسلها «٥٨» من المشروع وتقرأ كالآتي :

عند البدء بطرح اي بند من بنود جدول الاعمال للمناقشة يدعو الرئيس طالبي الكلام الى تسجيل اسمائهم ثم يبدأ المسجلون حسب اسبقية الطلب.

**رابعاً : الانضباط**

المادة الخامسة والاربعون :

تعدل المادة الرابعة والخمسون من النظام الداخلي وتصبح تسلسلها «٥٩» من المشروع ومطابق للنظام الداخلي.

المادة السادسة والاربعون :

تعدل المادة الخامسة والخمسون من النظام الداخلي وتصبح تسلسلها «٦٠» من المشروع ومطابق للنظام الداخلي.

## الفصل الثامن

### السؤال والاستجواب

المادة السابعة والاربعون :

تضاف المواد التالية الى هذا الفصل من النظام الداخلي وتندرج تحت تسلسلات جديدة ويراعى فيما بعد تسلسلات بقية المواد على ضوء ذلك.

المادة الواحد والستون :

السؤال هو مجرد استفهام العضو عن امر يجهله او رغبته في التحقق من حصول واقعة علم بها.

المادة الثانية والستون :

لكل عضو ان يوجه الاسئلة خطية كانت ام شفهية الى السلطة التنفيذية عن طريق رئيس المجلس.

المادة الثالثة والستون :

يجب ان يكون السؤال موجزاً منصباً على الوقائع المطلوب استيضاحها خالياً من التعليق وان لا يكون موضوع السؤال مطروحاً امام القضاء او ذكر اسماء بقصد المساس بشؤونهم الخاصة.

المادة الرابعة والستون :

١ـ يوجه السؤال الخطي الى الرئيس وهو يحيله الى الجهة المختصة بعد درج خلاصته في جدول اعمال الجلسة التي تلي تقديمه.

٢ـ لكل عضو توجيه السؤال الشفهي متى اراد وليس للرئيس ان يقبل اكثر من ثلاثة اسئلة يمكن توزيعها على الجلسة وليس لغير السائل ان يشترك في المناقشة وليس له ان يتكلم اكثر من عشر دقائق، وله عند عدم الاكتفاء ان يتقدم بسؤال خطي وللسلطة التنفيذية ان تجيب فوراً او ان ترجيء جوابه الى الجلسة التالية.

المادة الخامسة والستون :

لرئيس او عضو السلطة التنفيذية ان تجيب على السؤال الخطي فور تلاوته او ان تجيب عليها خطياً خلال خمسة عشرة يوماً من تأريخ ايداعها اليه.

المادة السادسة والستون :

يتلى جواب السلطة التنفيذية في اول جلسة تلي وروده فاذا اكتفى السائل بالجواب او كان خائباً ولم يتبين السؤال غيره اعتبر الموضوع منتهياً.

المادة السابعة والستون :

اذا لم تجب الحكومة ضمن المهلة القانونية على سؤال العضو جاز لهذا الاخير ان يحوله الى استجواب وتتبع في شأنه الاصول المتبعة في الاستجوابات.

المادة الثامنة والستون :

الاستجواب هو عبارة عن مطالبة السلطة التنفيذية ببيان اسباب تصرفها في امر ما او الغاية منه بدون ان ينطوي على رغبة التدخل في اعمال السلطة التنفيذية.

المادة التاسعة والستون :

١ـ على كل عضو اراد استجواب عضو السلطة التنفيذية ان يوجه استجوابه بصورة خطية.

٢ـ يبلغ رئيس المجلس الاستجواب الى السلطة التنفيذية بعد درجه في جدول اعمال اول جلسة تلي تبليغها اياه ويحدد موعد مناقشته بعد اسبوع الا اذا رأى المجلس الاستعجال ووافقه عضو السلطة التنفيذية.

المادة السبعون :

اذا انتهت المناقشة بالتصويت على الاستجواب واسفر التصويت عن رفض الاستجواب تعتبر المسألة منتهية وفي حالة تأييد المجلس للاستجواب بأغلبية ثلثي عدد الحاضرين فيعتبر هذا التأييد اعفاء للمستجوب من منصبه وفقاً للقانون.

**الفصل الثامن ـ سن القوانين**

**المادة الثامنة والاربعون:**

تعدل المادة الواحدة والستون من النظام الداخلي وتصبح تسلسلها «٧١» من المشروع وتقرأ كالآتي:

١ـ لمجلس الوزراء او ما لايقل عن عشرة من اعضاء المجلس اقتراح مشروعات القوانين والقرارات ولايناقش المجلس مشروع القانون او القرار قبل ان تنظر فيه اللجنة المختصة، وكل مشروع يرفضه المجلس لا يقدم اليه خلال دورة الانعقاد ذاتها.

٢ـ توزع مشروعات القوانين والقرارات التي ترد الى المجلس مع لائحة اسبابها الموجبة على الاعضاء وتتلى خلاصاتها في اول جلسة دون مناقشة فإذا اقره المجلس احيل الموضوع الى اللجنة المختصة.

٣ـ تقوم اللجنة المختصة بدراسة مشروع القانون وتبدي بشأنه توصياتها واقتراحاتها بالتنسيق مع لجنة الشؤون القانونية.

٤ـ يرفع تقرير مشترك من اللجنتين بعد صياغته من قبل لجنة الشؤون القانونية وذلك خلال عشرة ايام من تأريخ وروده الى اللجنتين ما لم يطلب اليهما النظر بصورة مستعجلة وعندئذ يقدم خلال خمسة ايام.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەهەر حاڵ ئەو زنجیرەیە(تسلسل)تۆزێ گومانی تێدایە، کێشە نییە، بەڵام گرینگ ئەوەیە کە ماددە (٦٢)ی پێڕەوی ناوخۆ لە ماددە (٤٩)ی هەموارەکە دا هاتووە، فەرموو کاک بورهان.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

گرفتی دروست کرد، کاک حسێن ماددەکان وەکو پرۆژەکە بە زنجیرە هاتووە، بەڵام ئەو گرفتانەی لەوە دروست کرد ئێمە کۆمەڵێک ماددەمان زیادکردبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەهەر حاڵ تازە وەکو خۆی خوێندرایەوە، بەڵام ئەبوایە ئێوە تەنها هەموارکردنەکەتان دەستنیشان کردبایە بەڵام ئێستا ماددەکان هەمووی کە ئاوا هاتوون گرفت نییە دوایی چاکیان ئەکەین، فەرموو کاک بورهان.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەبێ لە ماددە (٤٨) بگوترێ( تعدل المادة «٦١» من النظام الداخلی).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

راستە خۆی ئەوە ماددە (٤٨)ـە، فەرموو کاک بورهان.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

واتە خۆی (٧١) نییە؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر (٤٨)ـە ئێستا ئەبێ بە (٤٩)، فەرموو کاک حسێن.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**المادة التاسعة والاربعون :**

تعدل المادة الثانية والستون من النظام الداخلي وتصبح تسلسلها «٧٢» من المشروع ومطابق للنظام الداخلي.

**المادة الخمسون :**

تعدل المادة الثالثة والستون من النظام الداخلي وتصبح تسلسلها «٧٣» من المشروع ومطابق للنظام الداخلي.

**المادة الواحد والخمسون :**

تعدل المادة الرابعة والستون من النظام الداخلي وتصبح تسلسلها «٧٤» من المشروع ومطابق للنظام الداخلي.

**المادة الثانية والخمسون :**

تعدل المادة الخامسة والستون من النظام الداخلي وتصبح تسلسلها «٧٥» من المشروع ومطابق للنظام الداخلي.

**المادة الثالثة والخمسون :**

تعدل المادة السادسة والستون من النظام الداخلي وتصبح تسلسلها «٧٦» من المشروع ومطابق للنظام الداخلي.

**المادة الرابعة والخمسون :**

تعدل المادة السابعة والستون من النظام الداخلي وتصبح تسلسلها «٧٧» من المشروع ومطابق للنظام الداخلي.

**المادة الخامسة والخمسون :**

تعدل المادة الثامنة والستون من النظام الداخلي وتصبح تسلسلها «٧٨» من المشروع وتقرأ كالآتي :

تصدر القوانين والقرارات من قبل رئيس المجلس خلال عشرة ايام من تأريخ وصولها اليه،

وله ان يطلب خلال هذه المدة اعادة النظر في مشروع القانون او القرار او في بعض اجزاءه فاذا اصر المجلس على رأيه اعتبر القانون نهائياً واجب الاصدار.

## الفصل العاشر

**الموازنه**

**المادة السادسة والخمسون:**

تضاف المواد التالية الى هذا الفصل من النظام الداخلي وتندرج تحت تسلسلات جديدة ويراعى فيما بعد تسلسل بقية المواد على ضوء ذلك.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێوە زنجیرە (تسلسل)ـەکە بخوێننەوە وابزانم گرفتێکی تێدایە، دوایی چاکی کەن سبەی کە ئەیخوێننەوە تەنها ئاماژە بکرێ بەو ماددانەی کەوا یان زیاد کراون یان هەمووارکراون ئیتر پێویست ناکا، گرینگ دەقەکەیەتی، ژمارەکە گرفتێک نییە دوای چاکی کەن خۆتان ئامادەی بکەن بۆ سبەی بیخوێننەوە، زنجیرەکەی خوارەوە کە (٥٦)ـە ئێستاکە گرفت نییە ناوەڕۆکەکەی گرینگە.

**بەڕێز حسێن علی کمال:**

**المادة التاسعة والسبعون:**

١ـ تحال على اللجنة المالية والاقتصادية مشروعات قوانين الموازنة العامة والحساب الختامي لكل سنة حال وروده لتدقيقه ومناقشته.

٢ـ يوزع مشروع الموازنة والحساب الختامي على الاعضاء باعداد تكفي لاطلاعهم عليه.

**المادة الثمانون:**

تقدم اللجنة المالية والاقتصادية تقريرها حول مشروع قانون الموازنة العامة والحساب الختامي خلال مدة لاتتجاوز ثلاثة اسابيع من تأريخ احالة المشروع عليها.

**المادة الواحد والثمانون:**

لكل لجنة ابداء ملاحظاتها حول القسم المتعلق باختصاصها ضمن الموازنة العامة والحساب الختامي الى لجنة الشؤون المالية مباشرة.

**المادة الثانية والثمانون:**

١ـ يوزع تقرير اللجنة المالية والاقتصادية على الاعضاء ولايجوز البدء بمناقشة من قبل المجلس قبل اقتضاء يومين على توزيعه.

٢ـ يجب ان يشير تقرير اللجنة المالية والاقتصادية الى الملاحظات والاقتراحات التي قدمتها اللجان بشأن مشروع الموازنة والنتيجة التي آلت اليها.

**المادة الثالثة والثمانون :**

لايقبل اقتراح زيادة النفقات او احداث نفقات جديدة او تخفيف الواردات مالم يكن المقترح مشفوعاً ببيان وسائل تحقيق اقتراح.

**المادة الرابعة والثمانون :**

يسمح بالكلام على التقرير بوجه عام قبل الانتقال الى مناقشة ابواب الموازنة واقرار بنودها.

**المادة الخامسة والثمانون :**

بعد ختام المناقشة في التقرير بوجه عام يصوت المجلس على المشروع بمناقشة الموازنة.

**المادة السادسة والثمانون :**

متى شرع المجلس في مناقشة مشروع الموازنة بعد ورودها من اللجنة تعين عليه حصر مذكراته فيه.

**المادة السابعة والثمانون :**

يبدأ المجلس في مناقشة النفقات أولاً ثم ينتقل الى موازنة الواردات ثم يشرع في اقرار قانون الموازنة.

**المادة الثامنة والثمانون :**

تطرح اللجنة اقسام الموازنة لمناقشة ابوابها باباً باباً والاقتراح على بنودها بنداً بنداً.

**المادة السابعة والخمسون :**

تعدل المادة التاسعة والستون من النظام الداخلي وتصبح تسلسلها «٨٩» من المشروع ومطابق للنظام الداخلي.

**المادة الثامنة والخمسون :**

تعدل المادة السبعون من النظام الداخلي وتصبح تسلسلها «٩٠» من المشروع ومطابق للنظام الداخلي.

## الفصل الحادى عشر ـ احكام متفرقة

**المادة التاسعة والخمسون :**

تعدل المادة الواحد والسبعون من النظام الداخلي وتصبح تسلسلها «٩١» من المشروع وتقرأ كالآتي:

يتولى ادارة ديوان المجلس موظف بدرجة مدير عام ويمارس اختصاصاته وفقاً للقوانين المرعية والصلاحيات الممنوحة له من قبل الرئيس ويرتبط برئيس المجلس ويكون مسؤولاً امامه.

المادة الستون:

تعدل المادة الثانية والسبعون من النظام الداخلي وتصبح تسلسلها «٩٢» من المشروع وتقرأ كالآتي.

١- للمجلس حرس خاص يأتمر بأمر رئيس المجلس.

٢- يحدد الرئيس حجم القوة التي يراها كافية لصون النظام والحراسة في المجلس وعدد افرادها.

٣- يمنع ادخال الاسلحة النارية او الجارحة الى قاعة اجتماع المجلس.

٤- باستثناء حرس المجلس، لا يجوز لأي مسلح او قوة مسلحة الدخول الى بناية المجلس ولا الاقامة على مقربة من ابوابه الا بموافقة الرئيس.

المادة الواحدة والستون:

تعدل المادة الثالثة والسبعون من النظام الداخلي بعد دمج الفقرتين بفقرة واحدة وتصبح تسلسلها «٩٣» من المشروع تقرأ كالآتي:

للمجلس ارسال وفود من بين أعضائه الى خارج الاقليم ودعوة وفود لزيارته.

المادة الثانية والستون:

تعدل المادة الرابعة والسبعون من النظام الداخلي وتصبح تسلسلها «٩٤» من المشروع ومطابق للنظام الداخلي.

المادة الثالثة والستون:

تعدل المادة الخامسة والسبعون من النظام الداخلي وتصبح تسلسلها «٩٥» من المشروع ومطابق للنظام الداخلي.

المادة الرابعة والستون:

تعدل المادة السادسة والسبعون من النظام الداخلي وتصبح تسلسلها «٩٦» من المشروع وتقرأ كالآتي:

يعمل بهذا النظام من تأريخ اصداره وينشر في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەرکاک شێروان لەسەر ئەمە روونکردنەوەیەک پێشکەش بکەی لێرە رائەوەستێن، بەڵام یەک دوو روونکردنەوە هەیە لەراستیدا لەسەر مەسەلەی زنجیرەی برگەکان و زۆریش بوو، هەق نەبوو بەو شێوەیە بێت تەنها ئەو ماددانە کە هەموار ئەکرێن ئاماژەیان بۆ بکرایە لەگەڵ ئەو چەند ماددەیەی کە زیاد ئەکرێن پاش ئەو پێشنیارەی کە کراوە، لە راستیدا ئەبوایە وابوایە، بەڵام زنجیرەکەی تێکەڵ کراوە هەتا ئەو ماددانەی کە پێویست بەهەموارکردن ناکەن لێرە وەکو خۆیان جێگیر کراون لەوانەیە باش نەبێ، ئەبوایە لەهەمووی ئاماژەی بۆ بکرایە ئەمە وەکو خۆی ماوە، داوا ئەکەم لە

لیژنەی یاسا بۆ سبەی زنجیرەکان هەموار بکا ئەو ماددانەی کە پێویستی بە هەموارکردن نییە و وەکو خۆیەتی پێویست ناکا بلێ ی (تعدل المادە)ئەوە دوایی ئەتوانن بەبریارێک بە برگەیەک زنجیرەکان جێگیر بکەن و رێکی بخەن وبۆ ئەوەی سبەی تەنها کە گفتوگۆ ئەکەین گفتوگۆ لەسەر هەموارکردنەکان بکەین یان ئەو ماددەیەی کە زیاد کراوە زنجیرەکەی بەیەک برگە چارەسەر بکەن، هەم کاتەکەش کورت ئەبێتەوە و هەم ئەو شلەژانەش دروست نابێ، لەوانەیە دەربارەی ئەم ماددانە هی وا هەیە وا هەست بکا هەموو گۆراون، بەلام وانییە، دانیشتنەکەی ئەمرۆمان لێرە تەواو ئەبێت، سبەی سەعات (١٠) لێرە کۆئەبینەوە زۆر سوپاستان ئەکەین بۆ ئامادەبوونی ئەمرۆتان.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەل**

**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**ژمارەی بڕیار: ١٢**

**رۆژی بڕیار: ١٩٩٨/٤/٢٩**

## «بڕیار»

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی برگە (٣)ی مادده (٢) لە یاسای ژمارە (١٠)دەی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوەو لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە (١١)ی رۆژی ٢٦ / ٤ / ١٩٩٨دا یاسا کاری کردووە ئەم بڕیارەمان دەرهێنا :ـ

**یەکەم:** رەفزکردنی پرۆژەی بڕیاری بەرزکردنەوەی ساڵی خانەنشین کردنی بەخورتی (إجباری) پزیشک و پزیشکەکانی ددان وەدەرمانسازەکان لە «٦٣» ساڵەوە بۆ «٦٨» ساڵ.

**دووەم:** ئەم بڕیارە لەرۆژی دەرهێنانییەوە جێبەجێ دەکرێ ولە رۆژنامەی رەسمیدا بڵاودەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەل**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ١٣**
**ڕۆژی بڕیار: ١٩٩٨/٤/٢٩**

**«بڕیار»**

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی بڕگە(٣)ی ماددە(٢)لە یاسای ژمارە (١٠)دەی ساڵی ١٩٩٧دا پێمان دراوەو لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە (١١)ی ڕۆژی ١٩٩٨/٤/٢٦دا یاساکاری کردووە ئەم بڕیارەمان دەرهێنا:

**یاسای ژمارە(٥)ی ساڵی ١٩٩٨**
**(یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢)**

**ماددەی یەکەم:**

ماددەی چوارەم هەموار دەکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

١ـ ئەندامێتی ئەنجوومەن و فرمانە گشتییەکان پێکەوە کۆناکرێنەوە، فەرمانبەری گشتی بەدەست لە کار کێشراوە حسێب دەکرێ لەو ڕۆژەوە کە لە بەرامبەر ئەنجوومەن دا سوێند دەخواو، لەسەریەتی کە

سکرتاریەتی ئەنجوومەن لە هەڵوێستی فەرمانبەرایەتیەکەی ئاگادار بکاتەوە.

٢ـ نابێ ئەندامیێتی ئەنجوومەن و ئەندامیێتی لەیەکێک لەئەنجوومەنە هەڵبژێردراوە پەیوەندارەکان بە فەرمانگەو دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم کۆبکرێتەوە، ئەندام لەسەریەتی کە یەکێک لەو ئەنجوومەنانە هەڵبژێرێ لەماوەی هەشت ڕۆژ لە جاڕدانی ئەنجامی هەڵبژاردن، ئەگەر وای نەکرد بەهەڵبژاردەی ئەم ئەنجوومەنە حسێب دەکرێ و ئەنجوومەنیش بەمە ئاگادار دەکرێتەوە.

**ماددەی دووەم:**

بڕگەی یەکەم لە ماددەی پەنجا هەموار دەکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە

(بەستنی ئەنجوومەن یاسایی نابێت ئەگەر زۆرینەی ئەندامەکانی ئامادەنەبن، ئەنجوومەن بڕیارەکانی بەئامادەبوونی زۆرینە دەدا، لەو بارانەدا نەبێ کە زۆرینەی تایبەتی گەرەکە، بەگوێرەی یاسا، لەکاتی یەکسان بوونی دەنگەکانیش دا بەلای دەنگی سەرۆک دا دادەلەنگێ).

**ماددەی سێیەم:**

ماددەی پەنجا ویەک هەموار دەکرێ وبەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(ماوەی ئەنجوومەن چوار ساڵە، لەیەکەم دانیشتنەوە دەست پێدەکاو بەدواین دانیشتن لەساڵی چوارەم دا دوماهی پێدێ).

**ماددەی چوارەم:**

مـــاددەی پێنجـــەم هەمـــوار دەكـــرێ و بەم شـــێـــوەیەی خـــوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(هەمـوو ئەندامـانـی ئەنجـوومـەن بۆ كـاری ئەنجـوومـەن خـۆیان تەرخـان كردووە ئەنجامدانی ئیش وكاری حزبایەتی یان نیقابی یان ڕێكخراوە جەماوەرییەكان بەئەنجامدانی وەزیفە یان دەست ڕەنگینی یان پیشەیی حسێب ناكرێ ولەگەڵ مەبەستی ئەم یاسایە دا هاودژ نییە).

**ماددەی پێنجەم:**

ئەم یاسـایە لەمـێژووی دەرچوونیـیەوە جـێبـەجێ دەكرێ ولەڕۆژنامەی ڕەسمی دا پەخش دەكرێ.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆكی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**كوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٢)

دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٤/٢٧

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە(١٢)

## دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٤/٢٧

***سـەعـات (٩)ی سـەر لەبەیانی ڕۆژی دووشـەممە، ڕێکەوتی١٩٩٨/٤/٢٧، ئەنجـومـەنی نیشـتـمـانیی کـوردسـتـان بەسـەرۆکـایەتی بەڕێز جـوهر نـامق سـالم سـەرۆکی ئەنجـومـەن و، بەئامادەبوونی سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە (١٢)ی خولی یەکەمی ئاسایی ساڵی ١٩٩٨ی خۆی بەست.***

***سەرەتا ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١ـ گفتـوگـۆ کـردن لەسـەر هەمـوار کـردنی دووەمی پەیڕەوی نـاوخـۆی ئەنجـوومـەنی نیشـتـمـانیی کوردستان.***

***٢ـ خسـتنەرووی دەقی ئەو یادداشـتنامـەیەی کـە پێشنیـار کـراوە پێشکەش بە ئەنجـوومـەنی ئاسـایشی نەتەوەیەکگرتووەکـان بکرێ دەربارەی کـردەوەکـانی ڕاگـوێزان وبە عـارەبکـردن، کـە بەردەوامە دەرهەق بە خەڵکی کوردستان لە باشووری هێڵی پانی (٣٦)دا.***

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

بەرنامەی کارمان بەردەوام بوونە لەسەر بەرنامەی کاری دوێنێ، خاڵی یەکەمێ ئەمرۆمان بەردەوام بوونە لەسەر هەموارکردنی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان ئەو خاڵەی تریش ماوەتەوە خاڵی (٦)ی دوێنێ کە ئەکاتە خاڵی (٢)ی ئەمرۆ ئەو یاداشتەیە کە کاتی خۆی پێشنیار کرا دەربارەی ڕاگوێزان وبەعارەبکردن، ئەگەر برادەرانی لیژنەی یاسا تەشریف بێننە ئێرە، باش بوو ئەگەر پەیڕەویشتان لابێت ئەو ماددەی کە ئەیخوێنینەوە خراپ نییە هەر بۆ وەبیر هێنانەوە، دەقە کۆنەکەشتان لابێ ئەگەر پێویست بوو بخوێندرێتەوە بابزانین چ وشەیەک زیاد کراوە دەرئەکەوێ، لە ڕاستیدا زۆربەی زۆری شتێکی وەهانییە ئێمە دەستکارییەکی ئەوتۆی بکەین، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شـــــێـــــروان نـاسح حـــــەیدەری:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

سەرەرای ئەو ڕوونکردنەوەی کە بەڕێزتان کردتتان منیش دوو تێبینیم هەیە، یەکەم: ئەگەر دەرفەتمان پێبدەی پێش ئەوەی هەر ماددەیەک گفتوگۆ بکرێ و ڕوونی بکەینەوە لەوانەیە زۆر تێپەر

ئەبێن لە گفتوگۆ کەدا. دووەم: ئێمە کۆبونەوەیەکی فراکسیۆنمان کرد دوێنێ پاش ئەوەی کە ئاخر پرۆژە چاپ کرابوو هەندێ تێبینی و ڕای برادەران ئەندامانی پەرلەمان هاتە سەر پرۆژەکە ئەویش ئەگەر دەرفەتمان پێ بدەن مادده مادده کە دێینە سەری و ڕوونی دەکەینەوە و ڕای برادەرانیشی لێ وەربگرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک حسێن.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الفصل الاول

التعاريف

**المادة «١»:**

تعدل المادة «١» وتقرأ كالآتي:

يقصد بالتعاريف التالية المعاني المبينة ازاءها لاغراض هذا النظام.

الاقليم: اقليم كوردستان العراق.

الرئيس: رئيس المجلس.

العضو: عضو المجلس.

الهيئة: هئية رئاسة المجلس.

القانون: قانون المجلس الوطني لاقليم كوردستان العراق.

النظام: النظام الداخلي للمجلس.

الجلسة: مجموع الاجتماعات التي تعقد خلال يوم واحد.

الدورة: مجموع الاجتماعات التي تنقعد خلال اربعة اشهر.

الدورة الانتخابية: مدة ولاية المجلس الوطني لكوردستان العراق.

الكتلة: مجموع اعضاء المجلس المنتمين الى احدى القوائم الانتخابية الفائزة بنسبة ٧٪ فأكثر في الانتخابات العامة.

ئەمە مادده یەکی هەمووارکراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ماددەی یەک، فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو جیاوازیەی نێوان پرۆژەی پێشنیار کراو و پەیرەوی ناوخۆ سێ چوار جیاوازییە،

١ـ الدورة: زیاد کرابوو دوێنێ له ئەنجامی کۆبونەوەی فراکسیۆن بوو به دورة الانعقاد.
٢ـ الدورة: پێناسه کرابوو به هی (مجموع الاجتماعات التي تنعقد خلال أربعة أشهر) ئەوه بووه (مجموع الجلسات التي تنعقد خلال أربعة أشهر)، پاشان (المجلس) دوێنێ له ئەنجامی کۆبونەوەی فراکسیۆن زیادنەکرابوو، (المجلس)، (المجلس الوطني لكوردستان العراق). سەبارەت بە (دورة)، (الانعقاد) زیاد کرا. هەر وەکو ئاماژەم بۆ کرد بەڵام دەقێکیش هاتە پێشەوە له پێناسەی خول و له پێناسەی خولی هەڵبژاردن، که سەبارەت به پێناسەی خول دەڵێ:(مجموعة الجلسات التي تنعقد خلال أربعة أشهر اذا لم يتم تمديدها) ئەوەش له پەیرەوی ناوخۆی تورکی وەرمان گرتوه و خستمانه سەر ئەو پرۆژەیه لەسەرەتای ماددەکەش ( يقصد بالتعاريف) هاتبوو کردمان بە(يقصد بالتعابير التالية المعاني المبينة ازاءها) ئەم گۆرانکاریانه لەسەر ئەم ماددەیەکرا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێویست ناکات بنووسن ( تعريف المجلس) چونکه یاساکه یاسای ئەنجوومەنه، فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئاماژەم بۆی کرد و گوتم (مجلس) زیاد کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

واته کراوه سوپاس ئەوه ئەو تێبینیانه بوون لەسەر ئەم دەقه، ئەو برادەرانەی کە حەز ئەکەن قسەبکەن لەسەر ئەم بابەته با دەستیان بەرز بکەنەوه تاوەکو ناونووسیان بکەین، کاک عەبدولخالق، کاک ئەکرەم، کاک د. رزگار، مامۆستا مەلا تاهیر، تەنها ئەو چوار کەسەن، فەرموو کاک عەبدولخالق.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنه:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی ئەوه نزیکی (٦) ساڵە ئێمه لەو پەرلەمانەین، بێگومان له تاقیکردنەوه نەوانەیه هەندێ کەم و کوری رووبدات و هەموارکرنیشی مافێکی سروشتی پەرلەمانه، لەبەر ئەوەی خۆی دایناوه خۆشی هەمواری ئەکات، من لەگەڵ گشت ئەو هەموارکردنانەم کە پێشنیار کراوه بەڵام یەک تێبینیم هەیه دەربارەی دەستەواژەی (الكتله) پێناسەکە کە کراو ئەڵێ (مجموع أعضاء المجلس المنتمين الى احدى القوائم الأنتخابية الفائزة بنسبة٧٪ فأكثر في الانتخابات العامة) ئەمە نابێ جێگیر بکرێ لەبەر ئەوەی ئەو (٧٪ )ە بەراستی شتێکی هەڵه بوو له کاتی خۆی کە کردمان وابزانم لەئەنجامدا جارێکی تر چاومان پێدا خشاندەوه لەبەر ئەوەی بەرای من بۆ ئەوەی کە ئەمە نەبێتە بنچینەیەک بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو، هەروەها خاڵێکی زۆر گرنگ سەبارەت به منەوە کە برا

ئاشووریەکان لەگەڵ ئەو (٧٪) نین ئەوان کە میللەتێکن لەو ناوچەیە کوتلەی ئاشووری ئوانیەتی (٤٪/٥٪)ی دەنگی میللەتەکەی خۆی بێنێ، واتە ئەکاتە (٨٥٪) ئەگەر بڵێم لەسەدا (٩٠)ی میللەتەکەی، باشە ئەوە بە لیست حیسابی بۆ کراوە لەکاتێکدا مافێکی تەواوی کوتلەی هەیە، لەبەر ئەوە من داوا ئەکەم کە ئەو ووشەی کوتلە بەم شێوەیە دانرێ (مجموع أعضاء المجلس المنتمين الى احدى القوائم الفائزة في الانتخابات العامة) بێ ئەوەی کە (بنسبه٧٪ و فاکثر)ەکە دابنرێ تا ئەو (غبن) ەش لەسەر ئەو کوتلەیەی برادەرانی ئاشووری هەڵگرین و ئەو رێرەوە هەڵەیە جێگیر نەکرێ کە (٧٪) پابەندییە سەبارەت بە پارتەکانەوە، جا لەو خاڵەوە داوا دەکەم لە تاقیکردنەوەی خۆمانییش بۆ ئەوەی بتوانین زیاتر ئیش و کارەکان بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک ئەکرەم.

**بەڕێز ئەکرەم عاشوور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تێبینیەکانی من کاک عەبدولخالق کردنی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک یونادم.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/ وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

قسەکانی من بەڕێز کاک عەبدولخالق کردنی، بەڵام دەمەوێ ئاماژە بەشتێکی بچووک بدەم، ئەو وولاتانەی کە بەشێوەی دیموکراسی هەڵبژاردنی خۆیان دەکەن و تاقیکردنەوەکانی جیهان زۆرن وە زۆربەی لە نێوان (٣٪ و٤٪) زیاتر نییە ئەو رێژەیە پێم وایە هەر دیاری بکرێ بە (٣٪) زۆر رەوایە و باشە بەڵام لەوانەیە بە رەهایی ناکرێت و بەبێ رێژەش (٣٪)یەکە بێتە خوارێ تا (٤٪) دووا رێژەکەی بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک مامۆستا مەلا تاهیر.

**بەڕێز مەلا تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە ئەنجوومەن کە کراوە بە کوتلە کە گوایە (قانون الدور الانتخابية) پێویست ناکابڵێین (مدة ولاية المجلس الوطني لكوردستان العراق) چونکە (المجلس) وتراوە (المجلس الوطني لكوردستان العراق) لە بنەرەت و فەسڵی پێناسەکانیش جیا خۆی زاراوەکان دووبارە بێتەوە مانای وایە تایبەتەو ئەو پێناسەیە بۆچی بووە؟ واتە من رام وایە کە ئەڵێ (القانون قانون مجلس) و تەواو، (الدورة الانتخابية: مدة ولاية المجلس) و تەواو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادام پێناسە کراوە و دووبارەش نەبێتەوە لە پێناسەکان ئەوە باشە برادەران دارشتنی ئەوە بکەن و زۆر سوپاس، ئەوانەی ویستیان قسەبکەن تەواو تکا دەکەم ئەو برادەرانەی کە دەیانەوێ قسە بکەن دەستیان بەرز بکەنەوە تاوەکو بتوانین ناویان بنووسین. دوای من کە ناوەکان دەخوێنمەوە کەس قسە ناکات.

یەک تێبینیم هەیە لەسەر قسەکانی کاک عەبدولخالق و برادەرانی تر کە پشتگیریان لێ کرد منیش پشتگیری دەکەم، هەرچەند ئێمە لە سەرۆکایەتی نالێین پشتگیری دەکەین، بەڵام بۆ ئەم مەسەلەیە هەموومان کۆکین و زۆر باس کراوە کە ئەویش مەسەلەی (٧٪)ە، وابزانم هیچ ناکۆکییەکمان نییە لێرە لەسەر ئەم بابەتەو، لەوانەیە لەناو بزووتنەوەی سیاسیشدا کە بەشداری هەڵبژاردنیان کردووە کەس جیاوازی لەسەر ئەم بابەتە نییە، بەڵام ئەمە مەسەلەیەکی یاساییە، کاتی خۆی لە یاسادا چەسپاوە، لەوانەیە ئێمە بیکەین بە دوو، بیکەین بە پێنج، بیکەین بە چوار، ئەشێ رای تریش هەبێ، بۆیە ئێمە ئەوە بەباش دەزانین با جارێ ئەمە بمێنێت با زیاتر رای گشتی و پسپۆران و لایەنەکان وەربگرین پەلە نەکەین لەمە، چونکە ئێستا ئەمە کار ناکاتە سەر ئیشوکاری ئێمە و، نەبۆتە کۆسپێک و، ئەم خولەیە لەسەر بنەمای (٧٪)ە، با ئەم رێژەیە باش دەرس بکرێ بۆ ئەوەی بزانین ئەگەر هەمووشی نا با بزانین زۆربەی هەرە زۆری لایەنەکان و خەڵک کامی بە باش دەزانن، پێنجە، سێیە، دووە، یاخود هەر حەوتەکەیە، بۆیە ئەگەر لەم بڕگەیە پەلە نەکەین لەوەیە باشتر بێت، ئەمە وەکو پێشنیارێکە. کاک یۆنادم فەرموو.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا/وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە برگە (٣) لە مادده (٣٦) یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ دەڵێ: (كل قائمة لم تحصل على (٧٪) او اكثر من اصوات المقترعين لا تمثل في المجلس وتجري اعادة توزيع اصواتها على القوائم الفائزة بنسبة فوزها) واتە بوونی ئێمە لێرەدا پێچەوانەی یاسایە دەبێ یاساکە هەموار بکرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک یۆنادم ئێوە بە بریارێکی تایبەتی بەرەی کوردستانیی بوو، کاتی خۆی (٥) کورسی بۆ برا ئاشووریەکان لەم خولەدایە دەست نیشان کرا لەسەر ئەو بنەمایە ئێوە لێرەن و، هیچ پێچەوانەی ئەم ماددەیە نییە.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا/وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داوای لێبوردن دەکەم بریاری بەرەی کوردستانی تەنیا بۆ ئێمە نەبووە، بەڵکو هەمووی بە بریاری بەرە بووە، بەڵام لەم هۆڵەدا بریاری لەسەردراوە بۆتە بەشێک لە یاسا بەڵام بەداخەوە لە ناوەڕۆکی

یاساکەدا نییە وەکو پاشکۆ ماوەتەوە کەلێنەکە (خلل) لێرەیە ئەمە پێچەوانەی ئەوەیە، بەرای من ئەمەش چارەسەر بکرێت وەکو دەیان خاڵی تر کە چارەسەرکراون ئەمەش یەکێتی و پارتی کۆک بوون لەسەری، لەدوارۆژیش هیچ ناکۆکییەک لەسەری نابێت بە پێچەوانەوە برادەرانی لیستی پارتی بابەتی (٧٪)یان هێنا گۆڕێ، چونکە برادەران بە پێچەوانەی ڕێککەوتنی رابردوو چوون لە ئەوروپا رایانگەیاند ئەوەبوو کە بوە هۆی گرژبوون ئێمە لە ١٩٩٢/٤/٨چارەسەرمان کرد ...

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەسمان ناکۆک نین لەسەر بنەماکە، بەڵام لەسەر بابەتی (٧٪) ئێمە ئێستا پەیڕەو هەموار دەکەین بەپێی ئەو ماددانەی کە لە پرۆژەکە پێشکەش کراون، ئەم پرۆژەیەی کە ئێستا لەبەردەستت دایە ئێمە هەمواری دەکەین، (٧٪)کە لەوانەیە تەنیا ئەم بارە ناگرێتەوە کە ئێمە دەمانەوێ، بۆیە بەرای من ئەگەر لەسەر (٧٪)کە تۆزێک لەسەرخۆ بین دیراسەی بکەین لەوانەیە رای تریش هەبێ و، کارەکانمان لەسەر ئەوە رانەوەستاوە تازە ئێمە لەسەر(٧٪)کۆکین و ئەمەش نایەتە گۆڕین بۆ خولی ئایندە هێشتا ماوە ئێمە دەتوانین ڕێژەکە هەموار بکەین و، هەر پرۆژەیەکیش لەسەر ئەو مەسەلەیە بێت پێشکەش بکرێت ئێمە دەرسی دەکەین ودەیخەینە روو بۆ برادەران و بڕیاری لەسەر دەدەین با جارێ ئێمە بەو شێوەیە چارەسەری بکەین. کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەم بابەتە دوو لایەنی تێدایە ئێمە لە تاقیکردنەوەوە قسە دەکەین یانی بهاتبایە ئەم کێشەیە لەسەرەتاوە نەبووایە ئێستا لەوانەیە باری پەرلەمان باری سیاسیش شێوەیەکی تری وەرگرتبایە، لەبەرئەوەی کە ئەو مەسەلەیە (فەرز) بوو (استقطاب) و کێشەیەکی زۆری بۆمان نایەوە، لەبەرئەوە من لەگەڵ ئەوەدام ئێمە لە یاسای بنەڕەتی هەمانە کە لەکاتی خۆی چووینە ناو هەڵبژاردنەوە مەرجەکە وابوو ئەو لیستەی لە (٧٪) نەهێنێ نایەتە ناو پەرلەمانەوە، گریمان ئێمە سێ چوار کەسین لە لیستێکدا خۆمان دەکەینە کوتلەیەک ئەمە ئەگەر لەسەرەتاوە ببوایە یەکێک لەو گرفتانەی کە ئیستا من کێشەم لەگەڵیدا هەیە نەدەما.

دوو، بەراستی سەبارەت بە برادەرانی ئاشووری (غبن)ێکی تەواوە، ئەبێ ئێمە چارەسەری بکەین، لەبەرئەوەی مافێکی سروشتی خۆیانە ئەوان بە پێی یاسای تایبەتی مافیان هەیە هەڵبژاردنیان جیاواز بێت و، ئەگەر بە ڕێساو یاساش وەریبگرین ئەوان (٧٪) یان نەهێناوە بەڵکو لە (٩٠٪)یان هێناوە، لەبەرئەوەی مافی خۆیانە کوتلە بن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە کاک عەبدولخالق ئێمە ناکۆکیمان نییەو ئەڵێین بۆ (٧٪) ئەوە یاسای ژمارە یەکە دەبێ یاسا هەموار بکەین فەرموو پرۆژەیەک پێشکەش بکەن، ئێمە ئەو پرۆژەیە دەیخەینە بەردەستی ئەندامانی پەرلەمان و لیژنەکانەوە.

بۆ ئەوەی تریش پرۆژەیەک پێشکەش بکەن ئەو پرۆژەیە ئێمە دەیخەینەروو و هەمواری دەکەین هیچ گرفتێک لەوەدا نییە، پرۆژەیەک ئامادە بکرێ و پێشکەش بکرێ، پەرلەمان پەرلەمانی ئێوەیە و دانیشتن دانیشتنی ئێوەیە هەر برادەرێک چی دەوێت بەسەرچاو، بەلاّم (٧٪) پەیوەندی بە یاسای ژمارە یەکەوە هەیە دەبێ پرۆژەیەک هەبێ داوا بکات لە یاسای ژمارە (١) ئەم برگەیە بگۆڕێت.
ئەوەی ئێستا جەنابت باست کرد ئێمە کۆمەڵێک بکەین بە کوتلە بەرای من پرۆژەیەک پێشکەش بکرێت با باش دیراسەی بکەین هیچ گرفتێک لەوەدا نییە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر حەزدەکەی پێشنیارەکە دەخەینە دەنگدانەوە، بەلاّم من بەباشی دەزانم پرۆژەیەک پێشکەش بکرێت، دیواسەی بکەین، ئەوکاتە گفتوگۆی لەسەر بکرێت، کاک عەبدولخالق ئەگەر چ تێبینییەکت هەیە فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی بابەتەکە نەخراوەتەروو لەبەر ئەوە ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە هەمواردەکەین پێشنیاری گشتی کراوە لەلایەن دە کەسی پەرلەمانەوە پێڕەوی ناوخۆ بە گشتی هەموار بکرێ لە میانی ئەویش ئەم برگەیە....

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە پرۆژەکە ئەم ماددەیە نەهاتووە، ئەگەر شتێک هەیە بیخەنە روو بەسەرچاو دیراسە دەکرێت. وەکو لەسەرتاوە گوتمان ناکۆک نین بەلاّم پرۆژەیەک پێشکەش بکەن، مادە یەک دەخەینە دەنگدانەوە.
کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا سوپاستان دەکەین، فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ماددە (٢) و ماددە (٣) هیچ هەموارکردنێکی لەسەر نییە، چونکە هەروەکو بە ئێوەی بەڕێزمان ڕاگەیاند پێش ئەوەی بچینە ناوگفتوگۆوە ڕوونکردنەوەیەک بکەین ئەویش ئەوەیە ئەو دوو ماددەیە هیچ گفتوگۆی لەسەر نییە، بۆیە دەچینە سەر ماددە (٤).

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

ماددە (٤) لە پێڕەو دەخوێنینەوە پێش هەمواکردنی. دوای هەموارکردنیشی دەیخوێنینەوە بۆئەوەی لە شێوەیەکی تەواودا بێت.
المادة الرابعة:
لا يكون انعقاد المجلس صحيحاً الا بحضور اغلبية اعضاءه ويتخذ المجلس قراراته بالاغلبية المطلقة (١ + ٥٠٪) من الحاضرين وذلك في غير الحالات التي تتطلب اغلبية خاصة وعند تساوي الاصوات فللرئيس صوت الترجيح.

ئەمە مادده بنەڕتیەکەبوو، هەموارکردنەکەی بەو شێوەیە:
تعدل المادة (٤) وتقرأ كالآتي: ( لا يكون انعقاد المجلس قانونيا الا بحضور اغلبية اعضاءه ويتخذ المجلس قراراته باغلبية الحاضرين وذلك في غير الحالات التي تتطلب اغلبية خاصة بموجب القانون وعند تساوي الاصوات فللرئيس صوت الترجيح).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک هەیە لەسەر مادده (٤)؟. نییە دەیخەینە دەنگدانەوە.
کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاس، فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکانی (٥، ٦، ٧) وەکو خۆی ماوەتەوە دەچین بۆ سەر مادده (٨).

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة الثامنة:
مدة المجلس ثلاث سنوات تبدأ من اول جلسة له وتنتهي بانتهاء اخر جلسة في السنة الثالثة. ئەمە پێڕەوەکەیە، هەموارەکردنەکەشی بەم شێوەیە:
تعدل المادة (٨) وتقرأ كالآتي: مدة المجلس اربع سنوات تبدأ من اول جلسة وتنتهي بأنتهاء آخر جلسة في السنة الرابعة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە گوتمان ئەو بڕگەیەی پێویستە بیگۆڕین باپێڕەوی ناوخۆیەکەش بخوێنرێتەوە بۆئەوەی بزانین تا چ رادەیەک ئەو گۆڕانکارییە کراوە، ئەگەر پێتانیش باشە یەکسەر پێشنیارەکە دەخوێنینەوە ئەوە روونکردنەوەیە بۆ ئێوە، ئەگەر پێڕەوی ناوخۆتان لەبەردەستدایە خۆتان بەراوردتان کردووە ئەمەی ناوێت، چونکە گۆڕانکارییەکان زۆر ئاسانە بەشێکی زۆری دارشتنە. کێ دەیەوێ لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات تەنها کاک جەمیل. کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من سەد لەسەد لەگەڵ ماددەکەدام، بەڵام لەبەر حاڵەتەکانی بەلاوەنان وەکو درێژکردنەوە(تمديد) من پێشنیار دەکەم ئەم دەستەواژەیە لەسەری زیاد بکرێ (اذا لم تمدد)، یان (ما لم تمدد)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاک جەمیل. مەسەلەی درێژکردنەوەی خول، یان درێژکردنەوەی خودی خول کە ناوتان ناوە (ولاية) بەراستی ئەوە بەپێی یاسا دەکرێ، یاسایەکی تایبەتی خۆی هەیە بەو شێوەیەی پەیڕەودیاری کردووە پێویست ناکات ئێمە نە لە پێناسە باسی بکەین و نە لێرەشدا باسی بکەین،

ئەگەر پێویست کرا خولێک درێژەی پێبدرێ بۆ ماوەی مانگێک یان بۆ دوو هەفتە نازانم بەچەندێک ئەوە پێشنیار دەکرێ بەپێی ئەو پێرەوەی کە هەمانە. ئینجا ماددەکان زیاد لە پێویست بار گران مەکەن، ئێمە لەیەکەم دانیشتن ولایەتمان درێژکردەوە تا هەڵبژاردنی داهاتوو ئیتر تەواو، بۆ ئێمە پێناسەی بکەین؟

ئەم ماددە دەخەینە دەنگدانەوە: کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا سوپاس، فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکانی تر وەکو خۆیان ماونەتەوە تاوەکو ماددە (١١)، ئێستا دەست بە ماددە (١١) دەکەین.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة الثانية: تعدل المادة (١١) وتقرأ كالآتي:

(يؤدي الرئيس المؤقت ويليه كل واحد من الاعضاء اليمين التالي امام المجلس...

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەک تێبینیم هەیە تکایە ئەو زنجیرانەی ئێوە، لە پێشنیارەکان زنجیرەکان دەگۆڕێن ئەو ماددانەی کە هەموار دەکرێن تۆ ژمارەیەکت پێداوە لە راستیدا ئەو ماددانەش دەگۆڕێن، بۆیە بەرای من ئێمە لەسەر زنجیرەی ئێوە نەڕۆین ئەمە وەکو پێشنیار، دوایی داوا دەکەین لە لیژنەی یاسا زنجیرەکان رێک بخات وەکو خۆی، چونکە ئەوە نزیکەی پێنج شەش ماددەیە ئێمە گفتوگۆی ناکەین و ماددەکەش هەر بە حەوت ماوەتەوە، ئێمە بەسەر شەش بازمان دا ئەمە هەر بۆ زانیاری، فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

ماددەکە جارێکی تر دەخوێنمەوە.

(يؤدي الرئيس المؤقت ويليه كل واحد من الاعضاء اليمين التالي امام المجلس).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ تکایە دەستتان بەرز بکەنەوە. فەرموو کاک وریا.

**بەڕێز وریا ئەحمەد دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەکەدا دەڵێ (يؤدي الرئيس المؤقت ويلية كل واحد من الاعضاء اليمين التالي امام المجلس). لێرە سوێندەکە دیاری نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جـــــەمـــــیل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

منیش هەمان تێبینیم هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مـەلا مـحـەمـەد تاهیـر زین العـابدین:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

منیش هەمان تێبینیم هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

سوپاس. کاک ئەمین فەرموو.

**بەڕێز مـــحـــەمـــەد ئـەمین مـــەولـود:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

منیش هەمان تێبینیم هەبوو.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شـــێـــروان نـاسح حـــەیدەری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

سەبارەت بە سوێندەکە دەستکاری نەکراوە وەکو خۆی ماوەتەوە تەنها ئەوەی کاک حسێن خوێندیەوە لە داڕشتن جیاوازییەکی کەمی هەیە ئەویش ئەوەیە (ویلیه کل من الاعضاء) لە جیاتی (ثم کل واحد من الاعضاء) تەنها جیاوازییەکەی ئەوەندەیە.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

یەک وشەیە (ثم) هەڵگیراوە (ویلیه) دانراوە، لەبەرئەوەی لە ڕووی داڕشتنەوە ئەو جوانترە تەنها ئەوەیە، بۆیە (الیمین) وەکو خۆی ماوەتەوە تەواو دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حـــســـێـن عـــەلی کـــەمـــال:**

تعدل المادة (١٢) وتقرأ کالآتي:

یعتبر العضو المنتخب عضوا في المجلس ومباشراً فیه اعتبارا من ادائه الیمین القانونیة ویتمتع بکافة حقوق العضویة تبعاً لذلك.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

چ تێبینییەک هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟. کاک د. ناسح فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غەفوور ڕەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێموایە لێرە (قانونیاً) زیاد هاتووە، یانیش ئەگەر لێرە وشەی (قانونیاً)بچەسپێت ئەبێت لە ماددەی پێشووتریش (قانونیاً) دابنرێت، چونکە لەوێ نووسراوە (الیمین التالیة) ئەبێ بڵێین (الیمین القانونیة التالیة)، چونکە ئەم ماددەیە دوای ئەو دێت لەبەرئەوە دەبێ یان (قانونیاً) لێرە لابدرێ، یان دەبێت لە پێشووتر (قانونیاً)ەکە زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم بکرێت بە (مباشرا في اعمال المجلس)، کاری ئەنجوومەن ئەوە نییە ئیشوکاری خۆی بەڕێوە ببات؟. پێش شوێنەکەش لە ئەنجوومەنەکە دێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێمان وایە دەقەکە لە جێگای خۆیەتی و هیچ تێبینیشمان لەسەری نییە.

سەبارەت بە (الیمین القانونیة)، ڕاستە لەوانەیە لە دەقی ئەسڵی (الیمین التالي) هاتووە، بەڵام لێرە کە کردوومانە بە (الیمین القانونیة) هەرهەمان شێوە دەگرێتەوە، یانی شتێکی جەوهەری نییە، ئەگەر (یمین)ەکە بوو بە (القانوني) لە ماددەی سەرەوە لێرەش دەبێت ببێتە (قانوني)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. ئەگەر چ تێبینییەکی تر نییە دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

تعدل المادة (١٣) وتقرأ كالآتي:

١ـ يعلن الرئيس المؤقت بعد ادائه اليمين فتح باب الترشيح لمراكز الهيئة وهي رئيس المجلس ونائب الرئيس والسكرتير.

٢ـ بعد غلق باب الترشيح تجري عملية الانتخاب بطريقة الاقتراع السري ويفوز بالمراكز من حاز اغلبية اصوات الحاضرين.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادده (١٣) لە پێڕەو واهاتووە (يعلن الرئيس المؤقت بعد أداء اليمين فتح باب الترشيح لمركز رئيس المجلس ونائب الرئيس والسكرتير). لێرە لە جیاتی ئەوە تەنها نووسراوە (باب الترشيح

لمركز الهيئة)، تەنها (مركز) کراوە بە (مراكز) ئەوەی تر دەقەکە وەک و خۆیەتی واتە لە تاکەوە کراوە بە کۆ.کێ دەیەوێ قسە بکات لەسەر ئەو ماددەیە؟، تەنها کاک جەمیل و کاک ئیبراهیم. کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان یاخود جێگری سەرۆکی پەرلەمان یان بەڕێز سکرتێری پەرلەمان ئەوانە (مرکز) نین بەڵکو پلەو پایە(منصب)ن، لە رووی یاساییەوە (منصب) زۆر بەهێزترە لە وشەی (مرکز)، لەبەرئەوە من پێشنیار دەکەم لە هەر بڕگەیەک وشەی (مرکز) هاتووە ببێتە (منصب) و (مراكز الهيئة) ببێتە (مناصب الهيئة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک جەمیل، کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان قسەم هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو مامۆستا مەلا تاهیر.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەبێ وشەی (وهي) بکرێت بە (وهم رئيس المجلس ونائب رئيس المجلس والسكرتير)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسا ئەو تێبینییە لای خۆتان بنووسن. ئەو پێشنیارەی کاک جەمیل چ جیاوازییەک لە نێوان (منصب) و (مرکز) هەیە؟. بەراستی هەر دەقە کۆنەکەی هیچ خراپ نەبوو، مادام پێناسە کراوە (وهی الرئيس و المجلس والسكرتير...)، وشەی (هيئة)ش پێناسە کراوە لە پێناسەکان هەربنووسرێت (هيئة) بەسە ناوی کەسیش نەیەت تەواوە. ئەگەر کاک جەمیل سوورە لە سەر رایەکەی دەیخەینە دەنگدانەوە. کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک جەمیل لەگەڵ ئێمەدا لە لیژنەی ئامادەکردن بووە ئاگاداری هەموو ماددەکانە و بەرەزامەندی ئەو دانراوە ئێمە جیاوازییمان لەسەر هیچ بڕگەیەک نەبووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا کاک شێروان ڕا دەربڕین لەناو لیژنەکان تەنها بەس نییە، با برادەران لێرە رای خۆیان بڵێن من چەند جار ئاماژەم بۆ ئەوە کردووە لە دەرەوەی هۆڵ چ گفتوگۆ دەکرێ با بیکەن، بەڵام لێرە ئەندامانی پەرلەمان ئەو ماوەیان هەبێت، دوایی لەوانەیە دوێنێ من رایەکم هەبووە ئەمشەو بیری لێ دەکەمەوە رایەکی تر پەیدا دەکەم، ئێمە لەم هۆڵەدا ئامانجی هەموومان چاککردنی ئەو بڕگانەیە کە باس دەکرێن، با لەوە هیچ دڵتەنگ نەبین، با تۆزێک کراوە بین هەموو ئامانجەکەمان ئەوەیە گفتوگۆیەکە دەوڵەمەند بکەین بەباشترین شێوە، با نارەحەت نەبین ئەگەر رایەکی ترمان گوێ لێ بوو، سوپاستان دەکەین. مادام وایە پێشنیارەکەی کاک جەمیل دەخەینە دەنگدانەوە:

کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ ئەو پێشنیارەی کاک جەمیل پەسەند نەکرا. مادام وایە هەر (مراکز) دەمێنێتەوە. خۆزگە پێناسەی (هيئة الرئاسة) بەو شێوەیە کە پێویست نەکات لە هەر شوێنێک بێت دووبارەی نەکەینەوە.

ئێستا ماددەکە دەخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

تعدل المادة (١٤) وتقرأ كالآتي:

١- يزود كل عضو حاضر في الجلسة بورقة مختومة بختم المجلس يدون عليها اسماء الاعضاء الذين يرغب في انتخابهم لأي من مراكز الهيئة.

٢- يودع العضو ورقته في الصندوق المعد لهذا الغرض ولا يجوز الانابة او الوكالة في التصويت، وتكون الورقة غير المختومة او خالية من اي اشارة الى احد المرشحين باطلة.

٣- يقوم بفرز الاصوات اثنان من اصغر الاعضاء سناً من الحاضرين تحت اشراف الرئيس المؤقت.

٤- اذا تساوى عدد الاصوات المتنافسين لمركز واحد يعاد الانتخاب في جلسة اخرى للمركز (المراكز) التي تساوى فيها عدد الاصوات وفي حالة تكرار ذلك يصار الى اجراء القرعة بينهم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرە تەنها ناوەکان هەڵگیراوە لە جیاتی بنووسرێ مراكز فلان و فلان تەنها نووسراوە (مراكز الهيئة) لە بڕگە (١)، لە بڕگە دووش وابزانم وشەی (عضو) زیاد کراوە، ئەوی تریش تەنها وشەی (يلقي) کراوە بە (يودع) تەنها گۆڕانکارییەکی زمانەوانییە، خاڵی سێ دەقاو دەقە (مطابق)ـە لەگەڵ خاڵە کۆنەکە بۆ لێرە باس بکرێ؟. چ تێبینییەک هەیە لەسەر ئەم ماددانە؟. کاک ئەکبەر، کاک د. ناسح، کاک ئەمین مەولود، مامۆستا مەلا تاهیر. کاک ئەکبەر فەرموو.

**بەڕێز ئەکبەر حەیدەر موسا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من تەنها تێبینییەکی بچوکم هەیە ئەڵێ (مختومة بختم المجلس) جارێ سوێندیان نەخواردووە ئەم(ختم)ـە لە کوێ بوو؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاتی خۆی کە ئێمە هەڵبژاردنمان کرد (ختم)ی ئەنجوومەنە کۆنەکە هەبوو لێمان دا، ئێستا (ختم)ی خۆمان هەیە ئەو (ختم)ە هەر (ختم)ی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانە.

کاک ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من تێبینیم لەسەر برگە (٢) هەیە بەراستی (الورقة غير مختومة) أو (الورقة الخالية من أي اشارة الى احد المرشحين باطلة) جیاوازیان هەیە، ئەگەر وەرەقەکە (ختم)ی لەسەر نەبوو غەشێکی تیادا هەیە، بەڵام ئەگەر کاغەزەکە بەتاڵ بوو ئەوە رای ئەندامەکەیە کاغەزی سپی دەخاتە سندووقەوە، لەبەرئەوە بە پوچەڵ (باطل) دانانرێت، بەرای من حاڵەتی یەکەم (باطل)ـە بەڵام حاڵەتی دووەم وەرەقەکە یاساییە تەنها رای ئەندامەکە وایە کاغەزی سپی دادەنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. کاک د. ناسح فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

منیش یەکێک لە تێبینییەکانم ئەوەی کاک ئەمین بوو، بەڵام پێشنیار دەکەم هەر وشەی (خالية)ی تێدا نەمێنێت و، پێش ئەوەش تێبینییەکی ترم هەیە لە برگەی (١) لە دوای (بختم المجلس) (واو)ی عطف زیاد بکرێت وابزانم باشتر دەبێت (ويدون)، ئەوەکەی تریش (غير مختومة او الخالية) بەرای من (او الخالية) لابدرێت، چونکە راستە ئەوە شتێکی یاساییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مامۆستا مەلاتاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تێبینیەکم هەیەلە سەر برگە (٤)،لە هەموارکردنەکە ناوڕۆکی برگەکە نەگۆڕاوە بەڵام سەبارەت بە دارشتنەکەی گۆڕانێک هەیە دەڵێ: «المراكز التي تساوي فيها» من پێم وایە «المراكز»لابرێت،

یان وەک خۆی یان ئەوەی پیرەوی ناوخۆ «او» ی بۆ زیاد بکرێ پاشان ئەوەی «التی تساوی» راست دەردەچێ ئەگەر نا «للمركز التی تساوی فیه » لابرێت.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن**

خۆی «للمركز او المراكز» ئەو کەوانەیە بۆ ئەم دانراوە .

**بەرێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەبێ «او»ی لە گەڵ بێ کۆنەکە «او»ی لەگەڵە، ئەمەیان راستە. المراكز )بەبێ «او» ناراستە ئەگەر لابرێن چاک ترە «للمركز تساوی عدد الاصوات » ئەوە رای ئێوەیە.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بابزانین بەرێزانی لیژنەی یاسا ئەو «و »ە لە دارشتن دەنووسن یان هەر ئاوها دەبێ: «يفي بالغرض المطلوب » ؟، کاک شێروان ئەگەر چ تێبینیەکتان هەیە، فەرموو.

**بەرێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە لە کاتی دارشتنەوە لادەدەین.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، سەبارەت بە پێشنیارەکانی بەرێزان کاک امین مەولود و د.ناسیح ،

**بەرێز شێروان ناسیح حەیدەری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە دەرئەنجامە (تحصیل حاصل)ە.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوانیش هیچ تێبینیان نەما، بۆیە دەی خەینە دەنگ دانەوە،کێ لە گەڵە؟ سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا سوپاستان دەکەین .

**بەرێز حسێن عەلی کەمال:**

ثانيا : صلاحيات و مهام الرئيس

المادة الثانية عشرة:

تعدل المادة «١٧ »وتقرا كالاتي

يمارس الرئيس الصلاحيات و المهام التالية:

١ـ تطبيق القانون والنظام الداخلي للمجلس.

٢ـ افتتاح دورات و جلسات المجلس و رئاستها وأختتامها و تأجيلها و تحديد مواعيدها.

٣ـ ادارة المناقشات والمحافظة على انتظامها.

٤ـ اتخاذ التدابير اللازمة لحفظ الامن و النظام داخل المجلس و له ان يحددالقوة النظامية

المناسبة لهذا الغرض و تكون تحت امرته .

٥ـ توقيع محاضر الجلسات مع عضوي هيئة الرئاسة.

٦ـ القيام بكل ما يتعلق بالمجلس من التصرفات القانونية و الاعمال الادارية و المالية و له تخويل غيره من اعضاء هيئة الرئاسة لهذا الغرض .

٧ـ توقيع كافة المخاطبات الرسمية مع السلطة التنفيذية و غيرها من الجهات داخل الاقليم و خارجه.

٨ـ توقيع كافة الرسائل و المخابرات التي تصدر عن المجلس او احدى لجانه بعد ختمها بختمه .

٩ـ التثبيت من النصاب بمعاونة عضوي هيئة الرئاسة .

١٠ـ طرح الامور على المجلس للتصويت عند الاقضاء .

١١ـ الاشراف على اعمال لجان المجلس .

١٢ـ اصدار القوانين و القرارات و الانظمة التي وافق عليها المجلس .

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەم برگانە هەر هەمان برگەی پێشوون، تەنها یەک دوو شتی بچووک زیاد کراوە، یەک لەوانە ئەوەیە کە ئەوەی لە یاسای ژمارە (١٠)دا هەیە زیاد کراوە وکراوەتە برگەی کۆتایی،وا بزانم لە شوێنێکی تریش زیادەیەک هەیە .پێش گفتگۆ کردنی من تێبینیەکم هەیە، برگە «٤» کە دەڵی :«اتخاذ التدابیر اللازمە لحفظ الامن والنظام داخل المجلس و له ان یحدد القوة النظامیة المناسبة لهذا الغرض و تكون تحت امرته » ئەو «یحدد القوة النظامیة » لە یاسای ژمارە (١) ی ساڵی ١٩٩٢دا لە جێگایەکدا هاتووە، بەڵام ئەو بە یەک بەستنەوەی لەگەڵ برگە «٤» یان بیکەن بە برگەیەکی تایبەتی .یان لە بابەتە جیاجیاکان (متفرقە )ی دابنێین، جائەگەر پێتان باشە بیکەن بە برگەیەکی سەربەخۆ، «وله ان یحدد القوة النظامیة» چونکە لە گەڵ برگە«٤» تێکەڵ بووە،یان لە بابەتە جیاجیاکان هەروەکو جاران جێگیر بکرێ. دەرگای گفتوگۆ بۆ ئەم بابەتە ئەکەینەوە،ئەوانەی دەیانەوێ قسە بکەن، کاک مەلاتاهیر ،کاک امین مولود، کاک جوهر شاواز،کاک مەلاهادی .مامۆستا مەلاتاهیر فەرموو .

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە (الصلاحیات ومهام الرئیس) برگە «٥» پێڕەوی ناوخۆدا تەرک کراوە لە هەموار کردنەکە کە برگەیەکی ترلە ژمارە «٥» دانراوە دەڵی :«توقیع محاضر الجلسات مع عضوي هیئة الرئاسة » من پێم وایە برگە «٥»ی پێڕەوی کۆن کە دەڵێ :«تمثیل المجلس فی الاحتفالات الوطنیة و المناسبات الاخری و له تخویل غیره من الاعضاء لهذا الغرض » لابراوە ئایا لە کوێ دانراوە؟ ئەوە یەک.

دووەم، هەروەک گوتم لە برگە «٥»و لە برگە «٩» ش هاتووە دەڵێ: بمعاونة عضوي هیئة الرئاسة»

ئەگەر لە هەردوو بڕگەکە بگوترێ ..... بمعاونة باقي عضوي.... یـان «مع باقي عضوي هيئة الرئاسة» باشترە چونکە «باقي عضوي هيئة الرئاسة»، «عضوي» ش دەگرێتەوە و یەک عضویش دەگرێتەوە، سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

راستە ئەوەی بڕگە «٥» لە هەموارەکە باز دراوەو، «١٠» پێڕەوی ناوخۆ کراوە بە بڕگە «٥» لە هەموارەکە زۆر سوپاس. کاک امین مولود فەرموو .

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە لای منەوە، لە بڕگـە(٥) «وله تخويل غيره من اعضاء هيئة الرئاسة لهذا الغرض» مـن پێشنیـار دەکەم ئەو: «وله تخويل غيره من اعضاء هيئة الرئاسة ... بکرێ بە بڕگەیەکی سەربەخۆ لە کۆتایی دا بنرێ..... بە بڕگە «١٣» .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هەندێ شت هەیە من ناتوانم دەسەلاَت بە کەسێکی تر بدەم لە جێگای من بیکات، بۆ نموونە سەرۆکایەتی دانیشتن دەبێ سەرۆک بیکات، یان بۆ ئیمزای مەحزەرەکان ناتوانم کەسێکی تر دەست رۆ بکەم لە جێگای من ئیمزای بکات، یان رادەدەی یاسایی دانیشتن نابێ کە سێکی تر جێگیری بکات تا سەرۆک نەبێ یان خستنە رووی بابەتەکان بۆ دەنگ دان من ناتوانم دەسەلاَت بە کەسێکی تر بدەم.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر سەیری بڕگە «٨» بکەین، دەڵێ: «توقيع كافةالرسائل و المخابرات التي تصدر عن المجلس أو احدى لجانه بعد ختمها بختمه»، پەیوەندی لەم جۆرە هیچ پێویست ناکات سەرۆکی ئەنجوومەن ئیمزای بکات ئەگەر دەسەلاَت بە یەکێکی تر بدات بۆ ئەم کارە بەرای من باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بڕگە «٦» ئاماژەی بۆ کردووە و دەڵی: «القيام بكل مايتعلق بالمجلس من التصرفات القانونية و الاعمال الادارية و المالية..... ئیمزا کردنیش یەکێکە لەکارە ئیدارەیەکان زۆر سوپاس .کاک جوهر شاواز فەرموو.

**بەڕێز جوهر ئەحمەد شاواز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیارەکەی منیش هەمان پێشنیاری بەڕێز مەلاتاهیرە، ئەو بڕگەیە زیاد بکرێ «تمثيل المجلس في الاحتفالات الوطنية و المناسبات وله تخويل غيره من الاعضاء لهذا الغرض» سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ڕاستە ئەو بڕگەیە پەڕیوە .کاک شێروان ئەگەر ڕوونکردنەوەیەکتان هەبێ .

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە بڕگە «٥»ی پێڕەوی ناوخۆ ڕاستە، لەوانەیە لە چاپ لادرابێ یان لە بیر کراوە. سەبارەت بە بڕگە «٦» کە دەڵێ :(....... ولەتخویل .... )ئەوە ئەرکی سەرۆکی پەرلەمانە دەتوانێ یەکێ لە دەستەی سەرۆکایەتی دەست ڕۆ بکات بەڵام سەبارەت بە ئەندامان ئێمە هەڵمان گرتووە چونکە ئەندامان پەیوەندیان بەو ئیش و کارەوە نییە، سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بڕگە «٥» دەکەن بە چەند؟ زنجیرەکەی چۆن ئەبێ؟

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە دوایی لە دارشتندا ڕەچاوی زنجیرەکەی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەم بڕگەیە زیاد دەکرێ،کە لە چاپ پەڕیوە،ئەگەر هیچ تێبینیەکی تر نەبێ، ئەم ماددەیە دەخەینە دەنگدانەوە،کێ لە گەڵە؟ سوپاستان دەکەین .کێ لە گەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا .

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

ثالثا : صلاحيات و مهام نائب الرئيس.

المادة الثالثة عشرة

تعدل المادة «١٨» و تقراء كالاتي

تمارس نائب الرئيس الصلاحيات و المهام التالية :

١ـ ممارسة جميع صلاحيات الرئيس عند غيابه، كما يجوز ان يعهد الرئيس اليه مهام معينة.

٢ـ الاشتراك في اعمال هيئة الرئاسة و وظائفها بصفته عضوا فيها .

٣ـ متابعة اعمال اللجان و تقديم التقارير بشأنها الى الرئيس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک شێروان فەرموو .

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو ماددەیە هیچ گۆڕانکاریەکی تێدا نەکراوە، تەنها «الصلاحيات» و «المهام» پاش و پێش کراون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
بەڕێزان ئەوە تەنها لە بەر لایەنی یاساییەکەیە، پاش و پێشیان کردووە . کاک فرەنسۆ فەرموو .
**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئەوە هیچ هەموار کردنی تێدا نییە پێش تر کاک شێروان گوتی ئێمە ڕێکمان خستووە، ئەمەش هەر ڕێکخستنە هیچ هەموار کردنێکی تێدا نییە، تەنها پاش و پیش کراوە ناوەرۆکەکەی دەست کاری نەکراوە، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
نەخێر، دەست کاری ناوەڕۆکی نەکراوە لە ماددەیەکیش پێش ئەوە بەڕێزانی لیژنەی یاسا وای بەچاک دەبینن کە (الصلاحيات ) پێش (مهام ) بخرێ، لێرەش هەر هەمان حاڵەتە .ئەم ماددەیە ئەخەینە دەنگدانەوە، کێ لە گەڵە؟ سوپاستان دەکەین .کێ لە گەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا .
**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئەم ماددەیەش هەرتەنها (الصلاحيات ) پێش (مهام ) خراوە .
رابعا :صلاحيات و مهام السكرتير .
المادة الرابعة عشرة:
تعدل المادة «١٩» و تقراء كالاتي
يمارس السكرتير الصلاحيات و المهام التالية :
١ـ الاشراف على تحرير محاضر الجلسات و جداول اعمال الجلسات و طبعها و توزيعها على الاعضاء .
٢ـ تثبيت اسماء من يريد التكلم من الاعضاء حسب الترتيب الزمني للطلبات .
٣ـ الاشتراك في أعمال هيئة الرئاسة و وظائفها بصفته عضوا فيها .
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ئەم ماددەیەش هەر هەمان گۆڕانکاری تێدا کراوە ئەگەر هیچ تێبینی نییە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لە گەڵە؟ سوپاستان دەکەم .کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا .
خامسا :الصلاحيات و المهام المشتركة
المادة الخامسة عشرة:
تعدل المادة « ٢٠ » و تقراء كالاتي :
تقوم هيئة الرئاسة بما يلي :
١ـ تنظيم جدول الاعمال لكل جلسة من جلسات المجلس و تبليغه الى الاعضاء و اعضاء

مجلس الوزراء مع المشاريع و المقترحات والتقارير موضوع المناقشة قبل يومين على الاقل من انعقاد المجلس .

٢ـ البت في تنازع الاختصاص بين اللجان بالنسبة للقضايا المحالة اليها و حسمه .

٣ـ وضع القواعد الخاصة بتحرير المحاضر و تنظيمها .

٤ـ قراءة خلاصة محضر الجلسة الاخيرة للمجلس في الجلسة التالية له .

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە مادده « ٢٠ » ی پێڕەوی ناوخۆیە، داوا كراوە هەموار بكرێ، وابزانم هیچ گۆڕانكاری تێدا نەكراوە تەنها هەروەكو ئەوانی پێشوو (الصلاحيات و المهام )پاش و پێش كراوە، كاك شێروان چ تێبینی هەیە؟

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەر هەمان شتە تەنها بڕگە «٤» زیاد كراوە « قراءة خلاصة محضر ............ » .

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەلاَم وابزانم بڕگەیەكیشتان لە بیر چووە، كاك فرنسۆ فەرموو .

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەنها زیاد كردنی بڕگەی كۆتایی «٤» نییە، هەندێ هەموار كردنیشی تێدا كراوە ئەگەر تەماشای بكەین زیاد كردنی تێدا كراوە، سوپاس .

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڵێ گۆڕانكاری كراوە، لەو ماددەیە بڕگە چواری پێڕەوی ناوخۆ دانەنراوە نازانم كەوتووە یان پێویست نییە ئەگەر روونكردنەوەیەكمان بۆ بكەن .

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كە خوێندتەوە كورتەی محضری دانیشتنی كۆتایی دەكرێ، بڕگە «٤» سەبارەت بە سالآنە كاریگەری نامێنێ، سوپاس .

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، چ تێبینی لە سەر ئەم ماددەیە هەیە؟ كاك جەمیل و كاك عبدالخالق و كاك فرنسۆ و مامۆستا مەلاتاهیر .كاك جەمیل فەرموو .

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە بڕگە «٢» دا هاتووە دەڵێ :«البت في تنازع الاختصاص بين اللجان، بالنسبة للقضايا المحالة

الیها و حسمه» ، یەک تایبەتمەندی (اختصاص ) نییە کۆمەڵێ . (اختصاص ) تایبەتمەندی باشترە لە جێگای «اختصاص » بکرێ بە تایبەت مەندیەکانی(الاختصاصات ) ، سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تێبینی من لە سەر برگە«۱» تنظیم جدول الاعمال ..........لە بەر ئەوەی دانیشتنی تایبەت و دانیشتنی کتوپڕ لەوانەیە بە کات ژمێرێک یان دوو کات ژمێر بکرێ . ئەم برگەیە ئەگەر بەم شێوەیە بکرێ باشترە، واتە ووشەی (الاعتیادیە ) زیاد بکرێ و بگوترێ..... الجلسە الاعتیادیە من جلسات المجلس..... چونکە لەم بارەیەوە زۆر کێشەمان هەبوو ،کاتێ ئاگاداریان دەکەینەوە، بۆ سەرەک وەزیران، کاتەکەی بەس نییە ، لەوانەیە کۆبونەوەی هەبێ بۆیە دەبێ لەم لایەنەوە هەماهەنگی لە نێوان پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیراندا هەبێ، بۆیە پێشنیار دەکەم دوو ڕۆژەکە بکرێ بەسێ ڕۆژ.تاکو ئەنجوومەنی وەزیران ماوەیەکی باشتریان بدرێتێ.

تێبینیەکی ترم هەیە کە زۆر جار تیایدا خۆم کێشەم بۆ دروست دەبێت، باشە ئەگەر چارەسەری بکرێ کێ ئاگاداری ئەندامان دەکاتەوە بۆ دانیشتن؟ ، چونکە زۆر جار کارەبا نییە ،تەلەفۆن نییە ، بۆیە زۆرجار ئەندامی پەرلەمان نازانێ دانیشتن هەیە یا نا ، سەفەری شارێکی تر دەکات لە بەر ئەوە پێویستە کەسێکی دیاری کراو یان سکرتێر یان بەڕێوەبەری کارگێڕی ئاگاداری ئەندامانی پەرلەمان بکاتەوە تاکو مافی یاسایی خۆی نەسوتێ، ئەگەر ئەم شتە لە پێڕەوی ناوخۆ چارەسەر بکرێ زۆر باشە، سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک مەلاتاهیر فەرموو

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە برگە «۲»( تنازع الاختصاص ) هەروەک کاک جەمیل باسی کرد، تنازع الاختصاصات . برگە «٤»ی هەموارەکە لەگەڵ هەمان برگەی پێڕەوی ناوخۆدا هیچ جیاوازییەکی نییە تەنها لە جێگای «تصدیق» ، «قراءە» دانراوە ، ئەگەر هەردووکیان بێ قەیدی چی دەکات؟ با هەم (تصدیق) و هەم (قراءە) یش بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ راستە، بەڵام لە ماددەیەکی تردا (تصدیق) یەک لاکراوەتەوە ئەمە تەنها بابەتی کورتەی تێکرا بۆ ئێوەیە و واتا بۆ ئەنجوومەنە، پرۆتۆکۆلی دانیشتنەکان دوای کۆتایی تەواو بوونی ئێمە(سەرۆکایەتی )ئیمزای دەکەین ئەمە ئێمە لە سەری دەڕۆین و بەردەوامین هیچ گۆڕانکارییەک

لەسەری رووی نەداوە، بەڵام ئەو کورتەیەی لەم هەموارەی کە هاتووە لە هەر دانیشتنێک کورتەیەکی دانیشتنی پێشوو دەگوترێ ئەمڕۆ ئەمە بوو .وەک بە بیر هێنانەوەیەک چونکە لەوانەیە هەندێ لە بەڕێزان لە بیریان چوبێ یان لەوانەیە ئێمە هەندێ شتمان لەیاد چوبێ هەر بۆ ئەمەیە. کاک فرنسۆ فەرموو .

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی پێویست بوو و دەم ویست باسی بکەم گوترا چ بۆ من نەما تەنها لە سەر قسەی کاک عبدالخالق دەمەوێ بە دواداچونێک بکەم من لە گەڵ ئەوە نیم، پەسەند نییە کەسێ دابنرێ ئەندامان ئاگادار نەبن و دەبێ یەک یەک ئاگادار بکرێنەوە بۆ کاتی دانیشتن، پێویستە ئەندامانی پەرلەمان هەموو دەم ئەگەر خۆشیان نەتوانن بێن هەر یەک پاسەوانی خۆی هەیە، پاسەوانەکەی بنێرێ بۆ پەرلەمان تاکو لە کاتی دانیشتنەکە بپرسێ، ئەگەر هۆکار نەبێ ئەندامی پەرلەمان پەیوەندی بکات ،چۆن ئەو کەسەی دایدەنێ دەتوانێ پەیوەندی بەهەموو ئەندامانی پەرلەمان بکات؟، ئەوە کارێکی زەحمەتە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن :**

سوپاس کاک فرەنسۆ، بۆ ئاگادار کردنەوە، ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی دەی کەین، وەکو باوە هەر ئەندامێکی پەرلەمان سندوقێکی خۆی هەیە هەرچی پۆست و بەریدی هەبێ بۆی دەخرێتە ناو ئەو سندوقەوە، حەقە ئەندامی پەرلەمان ڕێگایەک بۆ خۆی دروست بکات بۆ ئەوەی ئەم شتانەی بۆ دەستەبەر بێ، ئەمە یەک، دووهەم، ئێمە هەموو دانیشتنێک پێش وەخت رادەگەیەنین،ئەگەر دانیشتنەکە رۆژانە بوو ئەوە لێرە رای دەگەیەنن دەڵێین کات ژمێر ئەوەندە دانیشتنە، لە بەر ئەوە وابزانم بۆ ئاگادار کردنەوە هیچ گرفتمان نییە، ئەمێنێتەوە دوو پێشنیاری کاک عبدالخالق، یەکەم پێشنیاری کرد لە جیاتی دوو رۆژ بکرێت بە سێ رۆژ پاش بڵاوکردنەوەی بە سەر ئەندامانی پەرلەمان دا، پێشنیارێکی تریشی هەیە کە وشەی (اعتیادی ) زیاد بکرێ، واتە بکرێتە (الجلسة الاعتیادیة من جلسات المجلس ) ئەگەر لیژنەی یاسا ئەمەمان بۆ روون بکاتەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دوو جۆرە دانیشتنمان هەیە دانیشتنی ئاساییمان هەیە و دانیشتنی نائاساییمان هەیە، دانیشتنی نائاسایی پێشتر هۆی بەستنی بڵاو دەکرێتەوە لێرەش کە دانیشتن هاتووە بە شێوەیەکی رەها هاتووە پێمان وایە دەقەکە لە جێگای خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەمەڕ پێشنیارەکەی کاک جەمیل «تنازع الاختصاصات » ئەگەر روون کردنەوەیەکی بۆ بکەی .

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

حەز دەکەم کاک جەمیل بزانێ کە ئەم شتە (تنازع الاختصاص) وەکو بنەما هاتۆتە ناو بڕگەکە نەک لە رووی زمانەوانییەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیارێکی تریش مابوو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەمەڕ پێشنیارەکەی تری کاک عبدالخالق کە دەڵێ دوو رۆژەکە ببێ بە سێ رۆژ ئەوە لە هەموارەکەش هەروەکو خۆی هاتووە ئەگەر بکرێ بەسێ رۆژ دەبێ بخرێتە دەنگ دانەوە .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بە پێی زانیاری ئێمە وابزانم لە هەموو پەرلەمانەکانی دنیا پێش ٤٨ سەعات ئاگادار کردنەوەی ئەندامان دەبێ ، دەشکرێ زووتریش بێ، بەڵام بەرزترین رادەی کە دانراوە ٤٨ سەعاتە ئەگەر کاک عبدالخالق بەدواداچونی نییە؟ دەیخەینە دەنگ دانەوە .

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێشنیار دەکەم دەربارەی ئەنجوومەنی وەزیران بوو چونکە کاتێ هەواڵەکەیان بۆ دەڕوات و ئاگاداری وەزیری تایبەتمەند دەکەنەوە کاتێکیان پێ دەوێ، من لەو روانگەیەوە پێشنیارم کرد دەنا بۆ ئەندامانی پەرلەمان هیچ گرفتێک نییە .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پاشان ئەوە بۆ خۆیان بە جێ ماوە پرۆگرامی خۆیان رێک بخەن، ئێمە پێش وەخت بە بەرنامەی کار ئاگاداریان دەکەینەوە خۆیان پرۆگرامی خۆیان دادەنێن وەکو گوتمان (٤٨) سەعاتەکە پرنسیپێکی باوە کەلە سەری رۆیشتووین، ماددەکە دەخەینە دەنگ دانەوە ،کێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین. کێ لە گەڵ نییە ؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا. مادده (٢١)،(٢٢)،(٢٣) لە پێڕەوی ناوخۆ وەکو خۆیەتی دێینە سەر هەمواری مادده (٢٤)،فەرموو کاک حوسێن عەلی کەمال .

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

## العضوية في المجلس

## اولاً : صحة العضوية

المادة السادسة عشرة :

تعدل المادة «٢٤» وتقرأ كالآتي :

١ـ لكل عضو الطعن في عضوية اي عضو آخر ولكل مرشح من القوائم الانتخابية الفائزة الطعن

في عضوية العضو الفائز من قائمته لدى المجلس.

٢- تشكل في الجلسة الثانية من اول اجتماع للمجلس وبطريقة الانتخاب لجنة مؤقتة تسمى (لجنة النظر في صحة العضوية) من عدد لا يقل عن خمسة من الاعضاء على ان لا يكون من بين اعضائها المطعون في صحة عضويته.

٣- تنظر اللجنة في طلب الطعن ولها الاطلاع على كافة المحاضر والوثائق المتعلقة بانتخاب العضو المطعون في عضويته وتقدم تقريرها خلال مدة اقصاها شهر من تأريخ احالة الطلب اليها.

٤- يختص المجلس بالفصل في صحة العضوية ويتخذ قراره باغلبية ثلثي الحاضرين.

٥- تقدم الطعون تحريراً الى الرئيس خلال الدورة الاولى من تأريخ اول جلسة يعقدها المجلس بعد انتخابه ويحيل الرئيس هذه الطعون الى (لجنة النظر في صحة العضوية).

٦- اذا ثبت صحة الطعن يقدم الرئيس نتائج ذلك الى الجهة صاحبة القائمة لتختار مرشحاً آخر من القائمة ذاتها وفق ما جاء في المادة « ٤٤ » من القانون خلال مدة (٦٠) يوماً على ان لا تقل المدة الباقية عن (٦) اشهر.

٧- في حالة عدم جدية الطعن او انطوائها على معلومات غير صحيحة تقدم اللجنة تقريراً بذلك الى الرئيس الذي له ان يحيل الطلب الى محكمة التحقيق المختصة لاجراء التعقيبات القانونية بحق الطاعن اذا كان الطعن كيدياً اوكان بقصد الاساءة الى العضو المطعون في صحة عضويته.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەناوەرۆكی ماددەی هەموارەكەدا هیچ جیاوازیەكی لەگەڵ ماددەی پێرەوی پێشوو نییە تەنها لە دارشتنەوە نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر تەماشای برگەكانی (٥،٤،٣،٢) بكەین، هیچ گۆڕانكاریان لەسەر نەكراوە، لە برگە (١)یش وابزانم لەجیاتی (عضو فی المجلس) نووسراوە ( عضو) بەو ئیعتبارەی لە پێناسەكان ئەندامی ئەنجوومەن پێناسە كراوە ( كیدیا او بقصد الاساءة) لیژنەی یاسا ئەگەر ئەوەمان بۆ روون بكاتەوە، برگەی (٧)ی كۆتایی.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

«كیدیا» بەمانای ئەوە دێ كە راستی نەبێ، بەپێچەوانەی راستی بێ، (اساءە)ش شێوەیەكی گشتی دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ دەیەوێ لەسەر ئەم ماددەیە قسە بکات؟ دەستتان بەرز بکەنەوە با ناونووسیان بکەین: کاک ئەمین مەولود، مامۆستا مەلا مەحمود، کاک سەعید یەعقوبی، فەموو مامۆستا.

**بەڕێز مەلا مەحمود دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

«کیدیا» مانای پیلانە (اساءة) ماناکەی دیارە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک سەعید یەعقوبی.

**بەڕێز سەعید محەمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە لە برگە (٢) خاڵێک هاتووە ئەو لیژنەیەی کە پێک دێت بۆ تەماشاکردنی راستی ئەندامیەتی لە پێنج کەس پێک دێت، لەناو ئەم (٥)کەسە نابێ تانە لێدراوەکە (مطعون)ی تێدابێ، بەبروای من نابێ تانە لێدەرەکەش (طاعن)ی تێدابێ، بۆ ئەوەی شتەکە بێلایەنی بێ لایەنگری هیچ لایەک نەگرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک فەرسەت روونکردنەوەیەکی هەیە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بنەمایەک لەیاسادا هەیە دەڵێ ( نابێ کەسێک دادوەر بێ و لایەنیش بێ) لەهەمان کاتدا هەر جێبەجێکردنی ئەو بنەمایە بەسە بۆ ئەمە، ئەوە دەرئەنجامە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک ئەمین.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە برگە (٥) (تقدم الطعون تحريرياً الى الرئيس... ) باشە ئەو ئەندامانەی کە لە ماوەی خولەکاندا دەگۆڕدرێن ئەبێ ئەمە چارەسەر بکەین، لەم حالەتەدا ئێمە ناتوانین لەیەکەم دانیشتن ئەمە بکەین، بۆیە من پێشنیار دەکەم بکرێ بە (بالنسبة للأعضاء الذين يتم ترشيحهم خلال الدورات البرلمانية ويقدم للرئيس في أول دورة يلي اداء يمين العضو) سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا ئەگەر هیچ روونکردنەوەیەکیان هەیە بابفەرموون.

**بەڕێز شـــــێـــــروان ناسح حـــــەیدەری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

(لجنة الصحة في العضوية) لەسەرەتای دەست پێکردنی هەر خولێکی ئەنجوومەن دادەندرێ ئەو کاتە ئەو تانە لێدانە(طعن)ە بەکاردێ، نەک لە ماوەی خولەکە، ئەو ئەندامەی تانە(طعن) لە ئەندامیەتی ئەندامێکی تر دەدات لەوانەیە بیەوێ خۆی بێتە جێی، وەک باوە لەسەرەتای خولدا دێت، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

روونە، ئەمە یەک جارە، واتە کراوە نیە تاکۆتایی خول، فەرموو کاک فرەنسۆ.

**بەڕێز فـــــــرەنـســـــــۆ تـۆمـــــــا هـەریـری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

لەسـەرەتاوە من وای بۆچووم ئەم خـالانە ئەم تانە لێـدانە لەسـەرەتا بۆ هەڵبـژاردنی «دائری» داندرابێ، پاشان دەستکاری کرابی دەڵێ خاوەن لیست، ئەگەر نا لیستەکە حزب ریکی خستووە مەرجەکانی هەموو خوێندوتەوە، حزب چۆن کەشێکی وا دەهێنێتە ناو لیستی خۆی کە هەموو مەرجەکانی تێدا نەبێ؟ لە سەرەتا بڕیار وابوو ئێمە بۆ سیستمی (دائری) شتێک دروست بکەین لەوانەیە هەر لەسەر ئەوە رۆیشتوون من نازانم، دووەم تێبینی ئەوەی کە دەڵێ: (وفق ماجاء في المادة « ٤٤ »)بۆ روون نەکراوەتەوە ماددەی (٤٤) چیبە؟ حەق وایە روونبکرێتەوە، ئەبوایە دەقەکە داخیل بکرێ، برادەران خۆشیان لەبیریان نیبە.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

بۆ؟ لە بیریانە.

**بەڕێز فـــــــرەنـســـــــۆ تـۆمـــــــا هـەریـری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

من دەڵێم برا یاساناسەکان لەبیریان نەماوە.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن:**

المادة الرابعة والاربعون:

للجنة التحقيق صلاحية تقصي الحقائق في كل ماهو معروض عليها ولها في سبيل ذلك الاستعانة بالخبراء ودعوة اي شخص لسماع اقواله وفق الطرق الاصولية كما لها الاطلاع على كل ماله علاقة بالموضوع المعروض عليها بعد موافقة الجهات المعنية، ئەمە لەماددە (٤٤) لە پەیڕەوی ناوخۆدا هاتووە.

**بەڕێز فـــــــرەنـســـــــۆ تـۆمـــــــا هـەریـری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــوومـــــــەن.**

ئەوەی شەش مانگ پێش هەڵبژاردن ماوە یان لاچووە؟

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماوە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئینجا ئەمە بە قەناعەتی من لەجێی خۆی نییە، چونکە ماوەی ئەنجومەن تەواو بووە و درێژەی پێ دراوەو، ئێستا درێژ کردنەوەکەشی (الی مالا نهایە)یە هەتا هەتایە، لەبەر ئەوە من پێم وایە ئەو بەر لەشەش مانگە هەڵبستێت ونەمێنێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام کاک فرەنسۆ پەیڕەوەکە بۆ پەرلەمانە، بۆ پەرلەمانی ئاییندەیە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئینجا هەمواری دەکەن، بەڵام دیسان ساڵێکی تر ئەوە هەموار دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ، بەراستی درێژکردنەوە هیچ زەرەری نییە، فەرموو کاک ئەمین.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قدمت الی الرئیس، مانای ئەوەیە ئەنجومەن هەڵبژێردراوە بۆ نموونە ئێستا سەبارەت بەهەڵبژاردنی (نسبی) ڕێژەیی ئێمە (٥٠) کەسەکەمان هەڵبژاردووە هاتۆتە هۆڵەکەوە تانە لەو کاتە ئەدرێ، تانە لە ئەندامی پاڵاوتوو نادرێ لە لیست، لەبەر ئەوە من لەسەر ڕای خۆمم کەوا ئەو ئەندامە تازانە لەدوای خولەوە، خولی یەکەم چارەسەری ئەوە ناکا، ئەبێ چارەسەری ئەوە بەو شێوەیە بکرێ کە ئەوانیش دیسان مافی ئەوەیان هەبێ تانەیان لێ بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە مافێکە دراوە بە ئەندامانی پەرلەمان ئەوەی کە ئەم ماددەیە دەیگرێتەوە، ئەگەر هاتوو چ بەدائری بێت یان ڕاستەوخۆ بێت، ئەگەر هاتوو یەکێک خەڵک دەنگی پێدا و هەڵەیەک هەبێ (سبحان من لایخطئ) وا دابنێین هەتا لە لیستەکە هەندێ مەرجی داناوە، بەڵام یەکێک زانیارییەکانی خۆی بزر ئەکات، دیار نییە، دەرباز دەبێت، زۆر شت هەیە بەراستی دوای ماوەیەک دوای هەڵبژاردن بۆت دەرئەکەوێت، چونکە زۆر کەس هەیەو دیار نییە، بەڵام کە بوو بە هەڵبژاردن ناوی چووە ناو لیستەکە وخەڵک بینی، لەوانەیە زۆر تێبینی هەبێت، ئەو کاتە ئەم مافە دراوە بۆ ئەوەی ئەگەر هاتوو هەڵەیەک هەبێ ئەو مافە بەکاربێ لەدانیشتنی یەکەمی ئەو ئەنجومەنە، ئەمە کاریگەری بەردەوامە (ساری المفعول)ە بەسەر هەموو ئەم خولانەی کە دێ بۆ پەرلەمان، واتە ئەمە

شتێکی سروشتییەو، باشە بۆ نموونە بەیانی یەکێک لە لیستەیەک دەنگی پێدرا یاخود راستەوخۆ دەنگی پێدراوەدەرچوو، باشە کۆمەڵێک شت هەیە بەسەریانا ناسەپێ؟!. مەرجەکانی ئەندامێتی یەک مادده یان دوو ماددەی تێدا نییە، ئێمە چۆن چارەسەری بکەین؟ یان ئەبێ ماددەکە بگۆڕین لەپەیرەو، یان ئەبێ ئەو کابرایە کە هاتووە بووە بە ئەندام و مەرجێک یان چەند مەرجێکی لێ نایەتە دی، چارەیەکی لێبکرێ، ئەم ماددەیە چارەسەری ئەم حاڵەتە ئەکا، ئەگەر هاتوو شتەکە دەرباز بێ.

**بەڕێز ئەمین مەولود ئەمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر ئێمە سەیری ماددەکە بکەین (الی الرئیس) واتە ئەنجوومەن دروست بووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ، ئەگەر ئەنجوومەن دروست نەبێ، ناکرێ، ئەوە بۆ ئەو حاڵەتەیە کە ئەنجوومەن دروست بێت، ئەنجوومەن دروست بووە، هاتین لێرە دابنیشین، بەڵام جەنابت ئەڵێی بابە ئەو برادەرە کە ئێوە دەنگتان پێداوە یان هاتۆتە ئێرە مەرجی ئەندامێتی نییە ئەمە یەک، دووەم ئەڵێین وەرە بیسەلمێنە بۆمان، باشە ئەگەر سەلماندت، ئێمە هەر بیهێڵینەوە بە ئەندام؟! ئەو کاتە ناچاری دەریدەکەین، ئەم ماددەیە بۆ ئەو حاڵەتانەیە.

**بەڕێز ئەمین مەولود ئەمین:**

**بەڕێزا سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من رایەکەم ئەوەیە ئێمە حالاتی وامان هەیە لە پاش خولی یەکەمەوە ئەندامێک دائەنرێ، ئەوە لەچ کاتێک تانەی لێ دەدرێت؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک فرەنسۆ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەوانەیە ئەگەر بەووردی تەماشای بکەین رەنگە بۆچوونەکەی کاک ئەمین مەولود راست بێ، لەوانەیە مەکتەبی سیاسی پارتی بڕیار دەدا فرەنسۆ دەگۆڕێ، دەوامی کردووە وئیشی کردووە، دوایی خولێک من دەگۆڕێ، لەوانەیە ئەوەی دەینێرێ تانەی لێدەدرێ، مەرج نییە لەیەکەم خولی بێ، لەوانەیە ئەوەی دێتە جێی من ئەو کاتە یەکێک لە پاڵێوراوەکان هەبێ تانەی دروستی ئەندامی لەوێ بێ ئەو مەبەستی ئەوەیە، ئەوە یەک، دووەم: من پێم وایە ئەوە من یەکەم جار لەسەرەتا وا بۆی دەچووم بۆ (دائری) دانراوە، بەڵام کە تەئکید دەکرێ داوا لە خاوەن لیست دەکا، واتە بۆ رێژەیی (نسبی) ئەوە دانراوە، چونکە لە(دائری) یەدەگ (احتیاط) نییە ئەوەی کە دەردەچێ، دەردەچێ کەس لەجێی نییە لە دائری کە تۆ داوا لەخاوەن لیستەکە بکەی هی دووەم بێنێ.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

بەڵێ سوپاس، فەرموو کاک یونادم.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/وەزیری ئەشـغـال:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

من هەندێ بەپارێز بووم (تحفظم) هەبوو نەمویست قسە بکەم، بەڵام دیارە بە بەرژەوەندی دەزانم قسە بکەم، زۆربەی ئەو قسانە کران، بەلای هیچ مرۆڤێک بەرپرس نییە، گریمان یەک لەئەندامان دوور لەئەندامان یەکیان لە ئادابی گشتی و ئەخلاقی گشتی دەرچوو، دوای ئەندامیەتی بەشەش مانگ، بەدوو ساڵ دەبێ (حق الطعن) هەریمێنێ..

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

مۆڵەت بدە کاک یونادم، من روونم کردەوە ئەم ماددەیە جیاوازی هەیە لەگەڵ ئادابی گشتی ئەوە ماددەیەکی تر ئەیگرێتەوە، باشە هەڵبژاردن کرا بابڵێین لیستی (أ) پەنجا پاڵاوتووی هەیە مرشحەکە راگەیەندراو بو بە هەڵبژاردن و ئەو لیستەیە پێنج شەش کەسی بەپێی ئەو رێژەیەی دانرا بوو هاتنە پەرلەمان، بابڵێین لە لیستی (أ) ئەندامێکی پەرلەمان هەڵدەستێ ئەڵێ من لەبابەتەکە وا تێ دەگەم مەرج نییە تەنها ئەندامی پەرلەمان بێت، یانی هی لیستەکەش دەگرێتەوە، چونکە ئەمە یەک جارە لەسەرەتاوە ئەبێ ئەمە ببڕێندرێتەوە (حسم) بکرێت و کاتێکی دیاری کراوی بۆ دانراوە، ناکرێ دوای شەش ساڵ لە دوا رۆژی خولەکە تەواو بێ یەکێک هەڵسێ بڵێ لەلیستی (ب) ناوێک هەیە نەبۆتە ئەندامی پەرلەمان، ئەو ناوە مەرجی ئەندامیەتی تێدا نییە ئێوە چۆن خستوتانەتە لیستی خۆتانەوە؟.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/وەزیری ئەشـغـال:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ببوورە وامان دانا ئەندامێکی پەرلەمان لێرە سوێندی خواردووە، لەسوێندی خۆی دەرچووە ئەوە ماددەیەکی تایبەتی هەیە بۆی یان هەر ئەمەیە؟، ئەوە یەک، دووەم ئەندامی پەرلەمان ئەندامی لیستێکە گریمان لە ئامانجی لیستی خۆی دەرچووە، چۆن موتمانەی لێ بکێشینەوە ؟، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

ئەگەر مۆڵەت بدەی کاک فەرسەت با روونکردنەوەیەکمان بۆ بکات، کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فـرەنسـۆ تۆمـا هـەریری:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

خاڵێکی تر هەیە، بۆ نموونە کاک ئیبراهیم دۆغرەمەچی لە لیستی پارتی پاڵێوراوە کاک ئیبراهیم دۆغرەمەچی لەگەڵ پەنجا کەسەکانی یەکەم نەهاتە ناو پەرلەمان، برادەرێک هەیە تێبینی لەسەر کاک ئیبراهیم هەیە، بەڵام چونکە نەهاتە ناو پەرلەمان گوتی شەری پێ نافرۆشم خۆ نەبۆتە ئەندامی پەرلەمان کە ئێستا من تانووتی لێبدەم، کە لەو دواییەی هات ئەو برادەرەی کە نیازی

هەبوو ئینجا (طعن)ەکە پێشکەش دەکات دەورە تەواو بووە تانەکە پێشکەش دەکات دەبێ ڕەچاوی بکەن ئەبێ چارەسەریەکی وا بدۆزرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک فەرسەت زەحمەت نەبێ ڕوونکردنەوەیەک پێشکەش بکە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو بابەتە لەهەموو پەرلەمانەکانی دنیادا هەیە، تانە (طعن)دان لەراستی ئەندامیەتی، هەر ئەندامێک و هەر پاڵێوراوێک هەیە تانە لەیەکێک بدات وا هەست بکات کە بەناحەق هاتۆتە ناو پەرلەمان یان کاری لە هەڵبژاردنی ئەو کردووە، یانی بەرژەوەندییەکی گشتی تێدایە و بەرژەوەندییەکی تایبەتیشی تێدایە، حالاتەکان هەمووی خراوەتە روو و ماقووڵن یان هۆیەکان، یەکێک لەمەرجەکانی ئەندامیەتی تێدا نەبێ وهاتۆتە ناو پەرلەمان یان دوور نییە هۆکارێکی تر هەبێت وئەگەر هاتوو شێوەی هەڵبژاردنەکە نسبی بێت یانیش دوور نییە بە هۆیەکی تر هاتبێت واتە شێوەی هەڵبژاردنەکە (نسبی) بێت یان (دائری) بێت یان شێوەی (اغلبیە) بێت ئێمە لەیاسا وای پێ دەڵێین، با نموونەیەک بێنین دوور نییە سبەی نووسراوێک دێتە پەرلەمان بەناوی مەکتەبی سیاسی وا دەردەچێت ئەو نووسراوە ساختە (مزور) بێت لەو حاڵەتە دەبێ یەکێک تانە لەئەندامیەتی بکات یان دەردەچێت کە ئەندامێکی پەرلەمان پێشینەی تاوانکاری (سوابقی جنائی) هەیە حوکم دراوە بە قەزیەیێکی شەرەف بەر (مخلە بالشرف) و حزبی معنی ئاگاداری ئەم بابەتە نەبووە یانیش دوور نییە تەمەنی کەم بێت و بە ناسنامەیەکی ساختە هاتبێتە ناو لیستی پاڵاوتووەکان وحزب ئاگادار نەبێت ئەو بابەتە لەهەموو پەرلەمانەکانی دنیادا هەیەو لەیاسای هەڵبژاردن ئەم مەسەلەیە هەیە، بەڵام حاڵەتێک هەیە ئەوەی کاک ئەمین مەولود وەکو (شخص) بە تێڕوانینێکی ئیجابی دەبینم بە نیسبەی ئێمە حاڵەتێک هەیە، پاش دانیشتنی دووەم لەماوەی خولی پەرلەمانی ئەندامێک دەست لەکار دەکێشێتەوە یەکێکی تازە دێت، دەبێ ئەو مافە بە نیسبەی ئەندامەکان پارێزراو بێت، مافی ئەوەیان هەبێت تانە لە ئەندامان بدەن ئەگەر تێڕوانینیان یاسایی بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پشتگیری رایەکەی کاک فرەنسۆ دەکەم ئەوەی لە پێشدا پێشنیاری کرد، من لەگەڵ ئەوەدام ئەو برگانەی کە هاتووە زیاتر لە بۆ هەڵبژاردنی (دائری) هاتووە، چونکە رکابەری لە هەڵبژاردنی (دائری) سنوورێکی هەیە، سێ کەس لەناوچەیەک خۆیان پاڵاوتووە، یەکەم دەرچوو، شەخسی

دووەم منافسێتی لێرەدا ئەو مافە لەبۆ ئەوە کە یەکەم کەس بەکاری بێنێ و بۆئەوەی بتوانێ کە نەمانی مەرجەکانی پێ بکات و بێتە جێگای، بەڵام لە(نسبی) (٥٠) کەس ئەوە شتێکی زۆر گرانە، بۆیە من وای بۆ دەچم ئەو دەقە کاتی خۆی لەبۆ هەڵبژاردنی (دائری) هاتووە، بەڵام لەو پەیڕەوە چەسپاوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک شێروان، کاک فەرسەت فەرموو.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من سوورم لەسەر رای خۆم، تانە لە دروستی ئەندامیەتی لە هەموو پەیڕەوەکانی پەرلەمان هەیە، یان شێوەی نسبی بێت یان شێوەی زۆرینە بێت، با من یەک نموونە بێنم یاسای ژمارە یەک بواری داوە مەکتەبی سیاسی ئەندامان بە زنجیرە (تسلسل) هەڵبژێرێ، باشە ئەگەر هاتوو مەکتەب سیاسی رەچاوی ئەوەی نەکرد، یان تووشی سەهوێک بوو، حەقی ئەندامی تر نییە ئەوەی موستەحق بێت بێتە ناو پەرلەمان تانە لەدروستی ئەندامیەتی برادەری خۆی بدات یان نا؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، مەبدەئی تانە لە ئەندامیەتی، وابزانم کاک فرەنسۆ ئێستا خۆیشی هەموارێکی خستە سەر قسەکەی خۆی، بەراستی ئەگەر لە پەرلەمانەکانی تریش نەبێ، ئەمە بابەتێکی شیاوی گفتوگۆیە، ئەمە ئینجا هەڵبژاردنی (نسبی) بێت یان بە زۆرینە بێت لە (دائری) ئێمە دەبێ بنەماکە قەبوولی بکەین، قەبوول بکەین ئەندامێکی پەرلەمانی ئێمە ئەگەر ئەندامێکی تر لە نێوان لیست بێت یان مرشح بێت کە ببێت بە ئەندامی پەرلەمان یان دوایی ببێت بە ئەندامی پەرلەمان بە گۆڕین، حەقمان هەیە ئەگەر هاتوو مەرجێک لە مەرجەکانی ئەندامیەتی تێدا نەبێت، حەقی تانەمان هەیە یان نییە؟ خۆی مەبدەئەکە وایە ئەگەر مەبدەئەکە قەبووڵ بکەین لەوانەیە دارشتنەکەی ئاسان تر بێت، باشە وەکو مەبدأ ئەگەر قەبوولی نەکەین چ بکەین؟، چونکە مەرجی ئەندامیەتی ئێمە راستاندومانە، بۆیە مەسەلەی (طعن بصحة عضوية) بەراستی من وادەزانم لەزۆر لە پەرلەمانەکان هەیە ئەگەر نیشە حەقە ئێمە هەمان بێت، چونکە مەبدەئێکی رەوایە چونکە زۆر شت هەیە تێپەڕ دەبێ لەسەر حزب، لەسەر شەخص، هەتا لەسەر جەماوەر، زۆر جار روویداوە زۆر بەباشی خۆی پیشان داوە، دوایی لەئەنجامدا دەبێتە بەڵایەک لەسەر هەموو دنیا، بۆیە مەبدەئەکە باشترە قەبووڵ بکرێت، کاک د.ناسح فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غەفوور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەر هەمان تێبینیەکەی کاک ئەمین مەولودم هەبوو، مەبەست لەوە ئەوە بوو کاک فەرسەت

زۆر بەباشی روونی کردەوە، گرنگ ئەوەیە شێوازێک بدۆزرێتەوە لەو ماوەی کەدێت نەک لە سەرەتا کە هەبووە نەک لەدەورەی یەکەم، لەدەورەی دووەم یان سێ یەمە یان چوارەمە یان بڵێی (خلال الدوره الانتخابیه) گرنگ ئەوەیە برگەیەک بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی چارەی بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە،سوپاس، کاک شێخ عەدنان فەرموو.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی کاک فرەنسۆ وتی وەکو دەڵێن (اصاب کبد الحقیقة) و ئەوەی کاک شێروانیش وتی راستەو بابەتەکەی کاک فرەنسۆ کاک فەرسەت شی کردەوە و کەس لاری نییە لەسەر ئەندامیەتی، تانە شتێکی زۆر ئاساییە دەبێ هەبێ، بەقەناعەتی من وەکو کاک فرەنسۆ ئاماژەی بۆ کرد وکاک شێروانیش راڤەی کرد ئەم دەقەی کەدانراوە لەگەڵ ئەو شێوە هەڵبژاردنەی کە کرا دانراوە، پێویستە لێرە دەقێک هەبێ چارەسەرەکەی زۆر ئاسانە وشتێک زیاد بکەین بۆ ئەوەی ئەم دوو شتە بگرێتەوە و کاک ئەمین سوپاسی دەکەین کە ئاماژەی بۆ کرد وکەس بۆی نەچووەو شتەکە زۆر لەجێی خۆیەتی، من ئێستا شەخصی خۆم لەوانەیە لەکاتێک هەموو مەرجی ئەندامیەتیم تێدا بێت، جاری دووەم هاتم خوانەخواستەیەکێک لە مەرجەکانی ئەندامیەتیم تێدا نەبێت، بۆ دەست بەسەر ئەو مافە دابگرین؟ حەق هەیە یەکێک تانە لە ئەندامیەتی من بکات ، لەبەر ئەوە ئەو دەقە بەو شێوەیە هاتووە، دەبێ لێرە چارە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئینجا ئێمە ئەگەر مەبدەئی تانەکە قەبووڵ بکەین، مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلامحەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لەگەڵ مەبدەئی تانەکەم، ئەوە شتێکی راستە کاتی خۆی بۆ پەیڕەوەکە، ئێستاش پشتگیری مەبدەئەکە دەکەم، بەڵام حەزم کرد ئاماژە بۆ برگە شەش لە مادده (٤٤)ی ە یاسای ژمارە یەک بکەم کەدەڵێ (اذا خلا احد مقاعد المجلس حل محل العضو السابق مرشح اخر من القائمة ذاتها یختاره من قبل الجهة صاحبة القائمة وفق ماجاء من بالفقرة (٢) من المادة (٣٧) من هذا القانون) ئەوە مادده(٤٤) ئەگەر ئەنجوومەن بیەوێ چارەیەک بکات بۆ هەردوو حاڵەت دەست بدات، بۆ ئەوەی لە برگەی یەکی ئەو ماددەیە هەموارێک بخەنە سەر (من قائمته) برگە شەشیش هەموارێکی بخەنە سەر بۆ ئەوەی کەوا بۆ هەردوو حاڵەت دەست بدات چ (دائری) بێت چ (نسبی) بێت زۆر رێک وپێکتر دەبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس مامۆستا، مادده (٤٤) بەڵێ وایە، کاک ئەمین خاوەن پێشنیارەکەیە، فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتە، من پێشنیار دەکەم برگە (٥) وای لێ بێت،(تقدم الطعون تحريرياً الى الرئيس خلال الدورة الاولى من تاريخ أول جلسة يعقدها المجلس بعد انتخابه ويحل الرئيس هذه الطعون الى لجنة النظر في صحة العضوية، اما بالنسبة الى الأعضاء الذين يتم ترشيحهم خلال الدورات البرلمانية فيقدم الطعون في اول جلسة يلي اداءه اليمين)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە مەبدەئەکە پەسەند دەکەین، پاشان لیژنەی داڕشتن لەگەڵ جەنابت وبرادەران ئەو برگەیەی بخەنە سەر، واتا بکرێ بە برگەیەکی تر کە ئەو پێشنیارە بگرێتەوە، ئەگەر رازین لەسەر ئەو پێشنیارە دەیخەینە دەنگدانەوە بۆ ئەوەی مەبدەئەکە جێگیر بکەین، ئەو پێشنیارەی کە کاک ئەمین کردی وەکو مەبدأ برگەیەک بخرێتە سەری، لیژنەی داڕشتن برگەکەمان بۆ جێگر بکات، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟..سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پێشنیارەکە پەسەند کرا، دوایی کاک ئەمین لەگەڵ کاک فەرسەت بەڵکو برگەیەکی تر زیاد بکەن کە ئەو ناوەڕۆکە بگرێتەوە. مادام وایە ماددەکە دەخەینە دەنگدانەوە.. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة السابعة عشرة:

تعدل المادة «٢٥» وتقرأ كالآتي:

١- يلتزم العضو بحضور اجتماعات المجلس ولجانه التي هو عضو فيها ولايجوز التغييب الا بعذر مشروع يقدره الرئيس او رئيس اللجنة المختصة بالنسبة لاجتماعات اللجان.

٢- عدم حضور العضو في جلسات المجلس بسبب تكليفه بمهام رسمية من قبل المجلس لايعتبر تغيباً.

٣- للرئيس ان يمنح العضو اجازة اعتيادية اذا اقتضت ظروفه ذلك لمدة لاتتجاوز «١٥» يوماً خلال كل دورة من دورات الانعقاد.

٤- للعضو التمتع بالاجازة المرضية له اصولياً خلال دورات الانعقاد.

٥- في حالة اضطرار العضو للتغيب بغير مهمة رسمية وبصورة مستمرة عن جلستين عليه ان يقدم طلباً الى رئيس المجلس يبين فيه اسباب التغيب.

٦- اذا استمر غياب العضو اكثر من شهر بدون اذن من رئيس المجلس فلا يتقاضى شيئاً من راتبه ومخصصاته مدة الغياب.

٧- في حالة تغيب العضو بدون عذر مشروع ثلاث مرات متفرقة عن اجتماعات المجلس او لجانه فللرئيس تنبيهه وقائمته حول ذلك.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم بڕگە یەکی ئەو ماددەیە هەر وەکو خۆی دابەزیوە وهەروەها بڕگە دووش، ئەوانەی لەسەر ئەو ماددەیە دەیانەوێ قسە بکەن با ناونووسیان بکەین ( کاک شێخ عەدنان، کاک ئیبراهیم سەعید، کاک سەفەر مامۆستا مەلاتاهیر، مامۆستا مەلاهادی، کاک فرەنسۆ) کاک عەدنان فەرموو.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنیا یەک تێبینیم هەیە ئەوەی کاک حسێن دەیخوێنێتەوە (تعدل) خۆی تەنها زنجیرەکەی گۆڕاوە برادەرانی ناو هۆڵەکە وا دەزانن کە هەموارێکی گەورە هاتۆتە سەر ماددەکە هەمان دەق دەخوێنرێتەوە، ئێمە کاتی خۆی دەنگمان لەسەر داوە لە ساڵی ١٩٩٢ کاتێکی زۆر بەفیڕۆ دەدەین، ئەوە یەک، دووەمیش دەنگمان لەسەر داوە ئەوەندە گۆڕینی لەسەر نییە، (تعدل) زنجیرەکەیەتی ئاگاداریەکە ئەوەیە کە ئەو ماددەیە هەر خۆیەتی کە دەنگمان لەسەر داوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بڕگە (یەک) وەکو خۆیەتی، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی بڕگە یەک تاکو بڕگە چوار راستە نەگۆڕاوە، بەڵام بڕگە (٥ ـ ٦)زیادە خراوەتە سەری دوا بڕگەش لەغو کراوە، ئەو گۆڕانکارییەی کە هاتووە دوو بڕگەی خراوەتە سەری (فی حالە اضطرار العضو) دووەمین (اذا استمر غیاب العضو) واتە (٥ ـ ٦) بڕگەی تازەن و مەبدەئی تازەن هاتوونەتە ناو پەیڕەوەکەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بڕگانەی کە وەکو خۆیان هاتوون پێویست ناکات ئێمە نە گفتوگۆیان بکەین ونە ئاماژەشیان بۆ بکەین، من جاری یەکەمیش وتم حەق نییەئاماژەی بۆ بکەن، یەکسەر بڕۆن بۆ ئەوانەی کەزیاد کراون ، یا هەموار کراون، ئیتر پێویست ناکات دووجار دەنگی لەسەر بدەین. کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیم لەسەر بڕگە (٧) هەیە تاکو زیاتر ورد بین، بێگومان باسی خولی هەڵبژاردن نییە سێ جار غائب بێت بە (متفرغ)ی و مەبەستی ساڵیش نییە، وابزانم مەبەستی دەوریە یانی چوار مانگە، لێرە دیاری نەکراوە، هەر (ثلاث مرات متفرغ عن اجتماعات المجلس) لام وایە ببێتە (خلال الدورة) باشترە وابزانم، مەبەست ئەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(یضاف کلمة خلال دورة الانعقاد) ئەوە بۆ لیژنەی دارشتن جێدەهێڵین، کاک سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیم لەبارەی برگە (٦ ـ ٧) (اذا استمر غیاب العضو اکثر من شهر بدون اذن من الرئیس المجلس فلا یتقاضی شیئا من راتبه ومخصصاته مده الغیاب) واته غیاب له سەر (جلسەی متفرقه) ئەندام پەیوەندی هەیە لەگەڵ (انتهاء عضویه العضو) ئەگەر بێینە سەر ئەو ماددەیەی دوای ئەم ماددەیە بڕگەی ب سێ یەم (غیاب العضو ثلاث جلسات متتالیه بدون عذر مشروع یعتبر من اسباب انتهاء عضویه المجلس) راستە هاوسەنگی تێدا نییە، ئێمە ئەو مەسەلانە تۆزێک چاودێری بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلاتاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە خۆی بەرێک وپێکی هاتووە له یەک ودوو سێ وچوارو حەوت ، تەنها پێنج وشەشی خراوەتە سەرێ، بەڵام پێنجی کۆن فرێ دراوە، یانی برگە پێنج لە ئەسڵی ماددەکە ئەوەی کە هەیە لە پەیرەوی پێشوو نەهاتووە کە دەڵێت (علی عضو احاطة السکرتیر بسفره خارج کوردستان و داخلها اثناء دورات الانتخاب) ئەو برگەیە نەهاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم گفتوگۆ لەسەر ئەوە کراوە، ئەو رۆژە لە لیژنەی یاساش گفتوگۆ کرا کە تێئاخنینی (اقحامە) پێویست ناکات، چونکە ئەم هەموو مۆڵەت ومۆڵەتکارییە، ئینجا بیبەستیتەوە و بیانووی پێ بدەی بلێیی بە سکرتێری نەگوتووە، وابزانم باس کراوە، مامۆستا مەلاهادی فەرموو.

**بەڕێز مەلاهادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو خاڵەی کە کاک شێخ عەدنان ئاماژەی بۆ کرد، ئەو ماددانەی کە کاتی خۆی دەنگی لەسەر دراوە گۆڕانیان بەسەردا هاتووە پێویست ناکات بخوێنرێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک شێخ عەدنان باسی کرد، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەوەی کاک ئیبراهیم کە دەڵێ (دوره الانعقاد) ئەوە لەجێگای خۆیەتی دەخرێتە پێش

چاو، بەنیسبەت ئەوەی کاک سەفەر دەڵێ کەوا هاوسەنگی(توازن) نییە، لە نێوان برگە (٧) ونێوان برگە (٣) ماددەی دوای ئەوە کە دەڵێ (غیاب العضو) ئەوەش رای ئەندامانی بەرێزە ئەوانی تریش وابزانم هەمووی رەچاو کراون، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوانەی کە تێبینیان هەبوو لەسەر ئەم برگەیە تەواو ئەگەر هیچ بەدواداچوونێک نییە دەیخەینە دەنگدانەوە.. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەرێز حسێن علی کەمال:**

ثالثاً: الحصانة والمكافآت

تعدل الفقرة «٥» من المادة «٢٧» من حيث الصياغة وتقرأ كالآتي:

(لاينظر المجلس في هذا الطلب من حيث توافر ادلة التهمة او عدم توافرها وانما ينظر في جدية الدعوى، لتحقيق العدالة او كيديتها بقصد الاساءة للعضو).

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

برگە (٥) ماددە (٢٧) چ تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟، با ناونووسی برادەران بکەین.

**بەرێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەستکاری ماددەکە نەکراوە تەنها لە داڕشتن مەسەلەی (کیدیتها) روون کراوەتەوە لەگەڵ رێزماندا.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ، مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەرێز مەلامحەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەموارەکە هیچی پێوە دیار نییە تەنها ( فيما اذا كانت الدعوى جديا ) ئەوە لێرەدا نووسراوە (في جدية الدعوى) هیچ جیاوازییەکی نییە هەروەکو خۆی ماوەتەوە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ، کاک شێروان فەرموو.

**بەرێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش دەڵێم وەکو خۆی ماوەتەوە چی وا دەستکاریمان نەکردووە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادام وەکو خۆی مایەوە بۆ داڕشتنەوە دەخوێنرێتەوە، (فيما اذا...)

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(فیما) ئەوە فت (شطب) کراوە (اذا کانت الدعوی جدیاً لتحقیق العدالة أو کیدیتها) لێرە نووسراوە (کیدیة).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(لاینظر المجلس في هذا الطلب من حیث توافر ادلة التهمة).

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

(أو عدم توافرها).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(أو عدم توافرها وانما ینظر فیما اذا کانت) لێرە هاتووە ( وانما ینظر في جدیة الدعوی).

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(کیدیتها) کراوە بە (کیدیة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتە لایەنی زمانەوانییە.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ، دارێژراوەتەوە، ئێمەش لێرە وتمان (من حیث الصیاغة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟... دەست بەرزکرایەوە.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

تعدل المادة «٢٨» وتقرأ کالأتي:

یتقاضی کل من الرئیس ونائبه والسکرتیر والاعضاء راتباً ومخصصات شهریة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتە لە جیاتی(مکافئة) نووسراوە(راتباً)، کەواتە هیچ شتێکی تیادا نییە و، گفتوگۆشی لەسەر کراوە، ئەگەر هیچ تێبینیەکتان نییە ئەوە دەیخەینە دەنگدانەوە، مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم ماددەیە کاتی خۆی دارێژراوەتەوە، برگەیەکی تری لەگەڵە، ئایا ئەو برگەیە هەڵگیراوە، یاخود لەگەڵی ماوەتەوە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ ڕاستە، ئەی بڕگە (٢)چی لێ هاتووە، هەڵگیراوە، یا ماوەتەوە؟.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئایا هەڵگیراوە، یا لە بیر چووە؟....

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاتی خۆی ئێمە هەموارمان کرد کە (في حالة تغيب عضو المجلس عن اية جلسه دون عذر مشروع...)، کەواتە ئەوەی کە لە بڕگە (٢)دایە داڕێژراوەتەوەو، وەکو خۆی دەمێنێتەوە، کەواتە ئەوی تر دەبێتە بڕگە یەک لە مادده (٢٨)دا، ئێستاش دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ داڕشتنەوەی بڕگە (١)ی مادده(٢٨)دایە؟... دەست بەرزکرایەوە... کێ لەگەڵی نییە؟... بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین.

تکاتان لێ دەکەم ڕەچاوی ڕاددەی یاسایی دانیشتنەکە بکەن، چونکە ئەمە گفتوگۆکردنی پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانە و، دەبێت ڕاددەکەمان تەواو بێت تاوەکو بتوانین دەنگدانەکانمان بەتەواوی بکەین و، هەر ئەندامێکیش دەیەوێت پشوویەک بدات، دەتوانێت چەند دەقەیەک پشوو بدات و بێتەوە، نەوەکو کە چوونە دەرەوە نایەنەوە ژوورەوە کاک حسێن فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەل کەمال:**

(انتهاء العضوية وفقدانها).

أـ تنتهي العضوية في المجلس في الحالات التالية:

١ـ انتهاء مدة المجلس او حله.

٢ـ الوفاة.

ب ـ يفقد العضو عضويته في الحالات التالية:

١ـ استاقالة العضو و قبولها.

٢ـ فقدان العضو لشرط من شروط الترشيح للعضوية ويقرر المجلس ذلك باغلبية ثلثي الحاضرين.

٣ـ غياب العضو ثلاث جلسات بدون عذر مشروع..

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمەش هەر مادده کۆنەکەیە، تەنها تۆزێک دەسکاری کراوە کێ تێبینی لەسەر ئەم ماددەیە هەیە با دەستی بەرزکاتەوە تاوەکو ناوەکان بنووسین، (کاک د.ناسح، کاک محەمەد سەعید، کاک سەعید هەروری، کاک شێخ جەعفەر، د.ڕزگار، کاک ئیبراهیم، کاک عەبدولخالق، کاک جەمیل سندی، کاک فرەنسۆ، کاک سەفەر، کاک د.ڕزگار فەرموو.

**بەڕێز قـــاسم مـــحـــــمــــەد قـــاسم:**

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

من تێبینیم لەسەر برگە (٣) هەیە كە دەڵێت: (غیاب العضو ثلاث جلسات بدون عذر مشروع)، پێش ئەوەی بچمە ناو بابەتەكەوە، لە برگە (٧)ی مادده (٢٥)دا كە دەنگدانمان لەسەری دا و پەسەندمان كرد، دەڵێت: (في حالة تغیب العضو بدون عذر مشروع ثلاث مرات متفرقة عن اجتماعات المجلس او لجانه فللرئیس تنبیهه و قائمته حول ذلك). لێـــرەش دا مەرجێكی داناوە كە ئەندامەتی لەدەست دەدات، ئەگەر بیكەنە ڕێژەی سەدی سێ دانیشتن دەكاتە ڕێژەی (١٪)، جا بۆیە من زۆر بەكەمی دەزانم كەوا ئەندامێكی پەرلەمان كە نوێنەرایەتی (٣٠) هەزار كەس دەكات، لەسەر ئەوەی كە لە سێ دانیشتنی پەرلەماندا ئامادە نەبووە ئەندامەتی خۆی لەدەست بدات، كەواتە ڕێژەی (١٪) زۆر ڕێژەیەكی كەمەو، من پێشنیار دەكەم كەوا ڕێژەكە لە (١٪)وە بكرێتە (١٠٪)، بە تایبەتیش برگە(٧) دەگرێتەوە، چونكە برگە (٧) لەگەڵ برگە (٣)دا دژایەتی دروست دەكات، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

ئەم ماددانە دەسكاری ناكرێن، تەنها دەسكاری ڕێكخستنەكەی دەكەین، كاك عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عـەبدولخـالق مـحـمـەد ڕەشـید زەنگەنە:**

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

منیش هەمان ڕای بەڕێز د.ڕزگارم هەیە، بەڕاستی ئەم برگەیە عەمەلی نییە، چونكە ئێمە لەم ماوانەدا زۆر بەبێ هۆ نەهاتووینەتە دانیشتنەكانی پەرلەمانەوە، كەواتە دەبێت زۆربەی هەرەزۆرمان ئەندامەتیمان لێ وەرگرنەوە، كاتی خۆی ئێمە ڕێگە چارەیەكمان بۆ ئەم حاڵەتە دۆزییەوە، ئەویش ئەوە بوو كە هەر ئەندامێك نەهاتە دانیشتنەوە( ٢٥٠) دیناری لێ ببڕن، ئەوە غوبنێكی تیادایە كە لە (٣) دانیشتندا ئامادە نەبێت مەرجی ئەندامەتی لێ بسێندرێتەوە، ئەندام هەیە زروفێكی تایبەتی دێتە پێش و ناتوانێ ئامادە بێت، چونكە (٣)دانیشتن، واتە (٣)ڕۆژ، بەڕاستی ئەوە غوبنە بەرامبەر بە ئەندامێكی پەرلەمان، دەبێت نزمترین ڕاددە بۆ ئامادە نەبوونی ئەندامانی پەرلەمانیش دابنرێت، لەو حاڵەتەش كە ئەندامێك لە ڕاددەی خۆی تێپەڕی ئەوە دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان ئاگاداری دەكەنەوە كەوا لە ڕاددەی خۆی تێپەڕیوە و، ماددەی (٣٠) بەسەردا جێبەجێ دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــوومـــــەن:**

سوپاس، كاك د.ناسح فەرموو.

**بەڕێز د.نـاسح غـــــفـــوور ڕەمـــــزان:**

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــوومـــــەن.**

من بەش بەحاڵی خۆم هەندێك تێبینیم هەیە لەسەر ئەوەی كە دووبارە بوونەوە لە وشەكاندا هەیە،

سەبارەت بە بڕگە (ب) کە دەڵێ:(یفقد العضو عضویته في الحالات التالیة):
١ـ أستقالة العضو وقبولها.

پێشنیار دەکەم کە ئەم بڕگەیە بەم شێوەیەی لێ بکرێت:(قبول استقالته من قبل المجلس)، چونکە ئەمەیان دووبارە بوونەوەی تێدا نابێتەوەو، لە شوێن (فقدان العضو) (فقدانه) بنووسرێت، تاوەکو وشەی (العضو) دووبارە نەبێتەوە. سەبارەت بە بڕگە(٣)، پێم وایە ئەم مەرجەی کە لێرە دانراوە لەنیزامی حزبیدا پێڕەو دەکرێت، بە رای من رادەی نەهاتنی ئەندامی پەرلەمان و بەشدار نەبوونی لە دانیشتنەکاندا لەو ڕێژەیە زیاتر بکرێت، من پێشنیار دەکەم کەوا رادەکە زیاد بکرێت بۆ (٦) دانیشتن، هەروەها بڕگەیەکی تریشی بخرێتە سەر، کە ئەویش ئەگەر هەر ئەندامێکی پەرلەمان پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان و یاسا بنەرەتیەکانی پەرلەمانی پەیڕەو نەکرد، پێویستە ئیجرائاتی بەرامبەر وەربگیرێت، (في حالة عدم التزامه بالقانون الاساسي للمجلس ونظامه الداخلي)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک سەعید هەروری فەرموو.

**بەڕێز سەعید سدیق هەروری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیەکەم لەسەر بڕگە(٧)ی مادە (٢٥)هەیە، کەوا هاودژە لەگەڵ بڕگە(٣)ی مادە (٢٠)، چونکە لە بڕگە (٧)ی مادە(٢٥)دا هاتووە و دەڵێت:(ثلاث مرات متفرقة)، جا بەرای من ئەویش بکرێت بە (ثلاث مرات متفرقة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە دوو بڕگەیە، دوو شتی لەیەک جیاوازن، ئەوەی کە بۆ (متفرقات)دانراوە، چونکە هەیە دانیشتنێک دێت و دوو دانیشتن ئامادە نابێت، ئەم حاڵەتانە زۆر هەیە، کاک شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جەعفەر عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم کەوا خاڵی (٣)یەم وای لێ بکرێت، (غیاب العضو غالبیة جلسات دورة الأنعقاد بدون عذر مشروع)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وا دیارە هەموومان لەسەر هەمان بابەت قسە دەکەین، کەوا ئامادە نەبوون لە (٣)دانیشتنی یەک

بەدوای یەکدا (متتالي) ، هەرچەندە لە زۆربەی حزبەکان و سەندیکا و پەرلەمانەکانی جیهاندا بەو شێوەیەیە، بەڵام بە بۆچوونی من ئەمە شتێکی عەمەلیی نییە، بەڵکو یەک لە یەکتریان وەرگوتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم کە ئەم تێبینییەی منیش بخرێتە سەر ماددەکە، (یقرر المجلس ذلك باغلبية ثلثي الحاضرين)، یاخود بکرێتە برگەی (٢) دووەم، یاخود پێشنیارەکەی کاک شێخ جەعفەر دانرێت (غياب العضو غالبية جلسات دورة أنعقاد)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

أـ تنتهي العضوية في المجلس في الحالات التالية:ـ

١ـ انتهاء مدة المجلس أو حله.

٢ـ الوفاة

ئەگەر پێشی (الوفاة) ئەندامێک تووشی کارەساتێک بوو ، نەیتوانی ئیش و کارەکانی ئەنجوومەن بکات، ئایا بۆ ئەو حاڵەتە نابێت شتێکی وا هەبێت کە ئەندامیەتی کۆتایی پێ بێت؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

حاڵەتی وا ناو دەنرێت (أجازة مرضية)، حاڵەتی واشمان هەبوو کە ئەندام هەبوو دوو مانگ و سێ مانگ دەوامی نەکردووە و، ماددەیەکی تر هەیە کە ئەو حاڵەتە چارەسەر دەکات، کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێم وایە خاڵی (٣)یەم زۆر بە ڕەهایی هاتووەو، دژایەتی لەگەڵ خاڵی (٦)ی ماددە (١٧)دا دەکات، چونکە خاڵی (٦)ی ماددە (١٧) دەڵێت: (ئەگەر هەر ئەندامێک لە مانگێک زیاتر غایب بوو مووچەکەی دەبڕدرێت)، جا لە نێوان ئەم دوو خاڵەدا دژایەتی هەیە، دەبێت ئەم شتە چارەسەر بکرێت بۆئەوەی بە ڕەهایی نەمێنێتەوە، چونکە من بۆم هەبێت مانگێک نەیەم و تەنها

مووچەکەم لێ دەبڕدرێت، بەڵام ئەگەر لە (٣) دانیشتندا ئامادە نەبم مەرجەکانی ئەندامیەتیم لێ بسێننەوە، هەروەها خاوەن لیستەکان بە نووسراوێک ئەندامێتی لە ئەندامێک دەسێننەوە و دەیدەن بە یەکێکی تر، کەواتە ئەمەش بکرێت بە خاڵێک وبخرێتە ناو پێڕەوەکەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ، لە پێڕەوی ناوخۆدا ماددەیەک هەیە باسی ئەوە دەکات کە خاوەن لیست بۆی هەیە ئەندام بگۆڕێت.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ، بەڵام من تاوەکو ئێستا شتێکی وام لە پێڕەودا نەبینیوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاتێک کە لیست نووسراوە، بنێرێت و داوای گۆڕینی ئەندام بکات، ئەو کاتە دەبێت ئەندامەکەی پێشوو دەست لەکار بکێشێتەوە، پاشان ئەو ئەندامەی کە لیستەکەی خۆی دەسنیشانی کردووە لە جێگای ئەوی پێشوو دادەنرێت.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵام هەندێ ئەندام هەنە کە پێیان خۆش نییە دەست لەکار بکێشنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە شتێکی ئاساییە کەوا ئەندامەکان پێیان خۆش نییە، بەڵام ئەوە بریاری لیستەکەیەتی و، ئەگەر دەستی لە کاریش نەکێشایەوە ئەوە دەبێت بە شێوەیەکی تر چارەسەر بکرێت، ئێستاش لیژنەی یاسا هەندێ روونکردنەوەیان هەیە با بفەرموون.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە برگەکانی ماددەی پێڕەوی ناوخۆ، ئێمە هیچ گۆڕانکارییەکمان تیایدا نەکردووە، ئەوەی کە کراوە جیاوازی کراوە لە نێوان (انتهاء العضوية)و (فقدان العضوية)، بۆ (انتهاء العضوية) دوو حاڵەتمان بۆ داناوە:

١- انتهاء مدة المجلس او حله.

٢- الوفاة.

وە بۆ (فقدان العضوية):

١- استقالة العضو.

٢- فقدان العضو لشرط من شروط التشريح للعضوية ويقرر المجلس ذلك باغلبية ثلثي العضو.

٣- غياب العضو ثلاث جلسات متتالية بدون عذر مشروع.

ئێمە هیچ دەسکاریەکی ماددەکەمان نەکردووە. سەبارەت بەوەش کە دەڵێین لە (٣)دانیشتنەوە بکرێت بە (٦) دانیشتن، ئەوە دەبێتە سەرپێچییەکی ئاشکرا لەگەڵ یاساکەدا، پێویست بوو پێشتر لە کاتی هەموارکردنی یاساکەدا ئەوە بخرایەتە روو. ئەوەی کە بەڕێز کاک فرەنسۆ باسی دەکات کە گوایە (اذا استمر غیاب العضو اکثر من شهر بدون اذن من رئیس المجلس فلا یتقاضی شیئاً من راتبه و مخصصاته)، لەگەڵ برگە (٣)دا دژە کە دەڵێت:(غیاب العضو عن ثلاث جلسات)، ئێمە وەکو لیژنەی یاسا پێمان وایە کە بابەتی مووچەو دەرماڵە دەگرێتەوە، نەک بابەتی (فقدان العضویة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕاستی دەبێت ئەم بابەتە هەندێک روون بکرێتەوە، چونکە بابەتێکی گرنگە، پێش هەموو شتێک حەز دەکەم ئەوە بزانن کە ئەندامی پەرلەمان فەرمانبەر نییە، بەڵکو کەسایەتییەکی سیاسییە و، نوێنەرایەتی خەڵک دەکات، بۆ بەرپرسیارێتی لە فەرمانبەرێک وکەسێکی ئاسایی زیاترە، ئەم مەرجەش کە دانراوە چەند هۆیەکی هەیە، چونکە لەوانەیە ئەندامێک لەبەر هەڵوێستێک، زیاتر لە(٣)دانیشتن نایەت، دەبێت پابەندێک دانرێت بۆ ئەوەی ئەندامە بەڕێزەکان ئامادەی دانیشتنەکانی پەرلەمان بن، هەرچەندە حاڵەتی تایبەتیش هەیە بۆ نموونە لایەنی سیاسی دەبێت لێک بدرێتەوە، یاخود ئێستا ئێمە تووشی حاڵەتێکی تایبەتی بووینە، هەندێ لە ئەندامەکان دەپرسن کەوا ئەندام هەیە چەند مانگێکە دەوام ناکەن و سیفەتی ئەندامەتیشیان لێ نەسێنراوەتەوە، بەڵێ، سیفەتی ئەندامەتی لێ ناسێنرێتەوە، چونکە زروفێکی سیاسی تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵام ئەندامێک لێرە دەوامی خۆی بکات و، پاشان بەبێ هۆ نەیەتە دانیشتنەکانی پەرلەمانەوە، بەڕاستی دەبێت لەسەر ئەوە تۆزێک راوەستین، لەگەڵ ئەوەشدا برگە(ب)ی ئەم ماددەیە بەستراوەتەوە بە(عذر مشروع)وە،ئێمەش لە دەستەی سەرۆکایەتییەوە ئەو(عذر مشروع)انە تەقدیر دەکەین، پاشان ئەم بابەتە دەبوایە مەرجێکی زۆر روونی لەگەڵدا بایە، چونکە ئەندامێک(٣)جار لەسەر یەکە بەبێ هیچ عوزرێکی مەشروع نەیەت بۆ دانیشتن، ئەوە سیفەتی ئەندامەتی لە دەست دەدات و، لەوانەیە ئەمە دەرگایەکی ترمان لێ بکاتەوە، من زۆر رێزم بۆ هەمووتان هەیەو، سوپاس بۆ یەزدان ئێوە هەمووتان زۆر پابەندن، بەڵام ئەم حاڵەتە دانراوە بۆ ئەو کەسانەی کە تەقدیری ئەو رەوشە ناکەن و، ئەو ماددەیە بەشێوەیەکی وا هەڵدەقۆزنەوە کە سوود لەو بۆشایانەی نێوان دانیشتنەکان وەرگرن و، پەرلەمانیش هیچ ئیجرائاتێکیان بەرامبەر وەرناگرێت، جا بۆیە ماددەکە هیچ دەسکارییەک ناکەین، کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دیسان لەگەڵ ئەوەدام کەوا هاودژی لەگەڵ خاڵی(٦)ی ماددە(١٧)دا هەیە، ئەگەر لە مانگێک زیاتر غایب بوو تەنها مووچەکەی لێ دەبڕدرێت، بەڵام ئەگەر دوێنێ دانیشتن هەبووە وئەمڕۆش

دانیشتنێکی ترمان هەیەو، ئێوارەش دانیشتن هەیە، کەواتە لەنێوان(٢)ڕۆژدا(٣)دانیشتن بەستراوە وئەو ئەندامە ئامادەی ئەو دانیشتنانە نەبووەو، بەپێی ئەم بڕگەیە سیفەتی ئەندامەتی لێ دەسێنرێتەوە، جا ئەمە زۆر دژایەتی تیادایە، بۆیە من پێم باشە کە جارێکی تر چاوێکی پیادا بخشێنرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی کە جەنابت باسی دەکەی دەرماڵەیە و پەیوەندیی بە ئەندامەتییەوە نییە، ئەوە کێشەی مافەکانی ئەو ئەندامەیە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر، من وەکو ئەندامی پەرلەمان وای وەرناگرم ئەوەی کە بەڕێزت دەیڵێیت هەر بۆ مووچەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام ئەوە نووسراوە(إذا أستمر غياب العضو أكثر من شهر بدون أذن من رئيس المجلس فلا يتقاضى شيئاً من راتبه ومخصصاته مدة الغياب)، ناڵێ بەو ماددەیە سیفەتی ئەندامەتی لە دەست دەدات، ئەمە بۆ نەهاتنی ئەندامە لە(٣) دانیشتنی لەدوای یەکدا.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ دەزانم کە ئەویش وایە، خۆ لە مانگێکدا زیاتر لە(٣)دانیشتنی یەک لەدوای یەک دەکرێت، ئەگەر مانگێک ئامادە نەبوو واتە چەند دانیشتنێک ئامادە نەبووە، پاشان مووچەی نەدرێتێ،لەگەڵ ڕێزمدا بۆ لیژنەی یاسا کە دایانناوە، ئەوە تەنها بۆ مووچە نییە، چونکە کە نەهاتە دانیشتنەکانەوە مووچەکەی دەبڕدرێت، واتە ئەگەر لە مانگێکدا غایب بوو لەوانەیە مووچەی(٣، ٤)مانگێک قەرزار بێ، چونکە ئێمە بڕیارێکمان هەیە کە ئەگەر ئەندامێک لەهەر دانیشتنێکدا ئامادە نەبوو(٢٥٠)دیناری لە مووچەکەی ببڕدرێت و، ئەگەر لە(٣٠)بدەین، لە مووچەکەی زیاتر دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئێمە بەو شێوەیە بۆی دەچین، چونکە بۆ هەر دانیشتنێک(٢٥٠)دینار دانراوە، لەکاتێکدا ئەوە بۆ مانگێک دانراوە کە هیچ پارە لەماوەی ئەو مانگەدا وەرناگرێت، جا چ مووچە بێت، چ دەرماڵە بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کە دەوام نەکات نە لە لیژنە ونە لە دانیشتنەکاندا، ئەوە مەسەلەی مافە، بەڵام ئەوەی تر ئەگەر لە(٣)دانیشتنی لەدوای یەکدا ئامادە نەبێت دەردەکرێت و، ئێمە ئەم کێشەیەمان هەیە، چونکە هەندێک لە ئەندامەکان ئەم ماددەیە هەڵدەقۆزنەوەو، دانیشتنێک دەهاتن ودانیشتنێک نەدەهاتن، بۆ ئەوەی ئەم ماددەیە نەیگرێتەوە، ئەمە جۆرە بەرگرییەکە لەمافی ئەو خەڵکەی کە دەنگی بەو ئەندامە داوە، بەڵام وەکو ئەوەی کە پێشنیار کرا کەوا بکرێتە(لەزۆربەی خولەکە ئامادە نەبوو)، لەوانەیە لە چوار مانگەکەدا دوو مانگ ونیوی نەیەت و، لەو دوو مانگ ونیوە چەند دانیشتن دەکرێت، چونکە دانیشتنەکانی ئێمە وەکو دەوامی رەسمی نییەو ماوەکانی دیاری نییە، جا بۆیە ئەگەر ئەندامێک(٣) دانیشتنی لەدوای یەک بەبێ هۆ ئامادە نەبێت ئەوە سیفەتی ئەندامەتی لێ دەسێنرێتەوە، ئەم ماددەیە جۆرە سووربوونێکی تیادایە، بەڵام ئەگەر عوزری هەبوو ئەوە ماددەکەی بەسەردا جێبەجێ ناکرێت، کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش لەگەڵ بۆچوونەکەی کاک فەرەنسۆ دام، چونکە ئەم ماددەیە دژایەتی بڕگە(٦)ی ماددەی رابردوو دەکات، کە دەڵێت دوای مانگێک ئەگەر ئامادە نەبوو مووچەی دەبڕین، دووەم بڕگەیەکی ترمان هەیە هەمواریش کراوە لەسەر پێڕەوی ناوخۆی کۆن، ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر هاتوو ئەندامی پەرلەمان بەبێ عوزرێکی مەشروع نەهاتە دانیشتنیکەوە(٢٥٠) دیناری لێ دەبڕدرێت، بەڵام ئەمەی بڕگە(٣) سزایەکی زۆر قورس بەسەر ئەندامی پەرلەمانەوە دەسەپێنێت، من پێشنیار دەکەم کەوا بڕگە(٣) بەم شێوەیەی لێ بکرێت(غياب العضو أكثر من نصف جلسات الدورة بدون عذر مشروع) لەجیاتی(٣)دانیشتنی لەدوای یەک، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە من چۆن بزانم کە ئەو ئەندامە دانیشتنێک دێت ودانیشتنێکی تر بەبێ عوزر نایەت کەوا لە خولێکدا چەند دانیشتن ئامادە نەبووە، من دیسانەوە جەختی لەسەر دەکەم کەوا ئەم حاڵەتە رووی داوەو روو دەدات، ئێمە ئەگەر ئەو بوارە بدەینە ئەندامەکان لەوانەیە بەهەڵە سوودی لێ بکەن، هەرچەندە من رێزم بۆ هەمووتان هەیە، کاک فەرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیار دەکەم ئەم خاڵە دوا بخرێت و، لیژنەی یاسا جارێکی تر پیایدا بچنەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەرماڵەو یارمەتی و حقوقی ماددی هەیە و دووشتی لەیەک جیاوازن، ئەوەی کە جەنابت باسی دەکەی پەیوەندی بە حقوق و پەیوەندی بە ئەندامییەتییەوە هەیە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ڕێزم بۆ رای ئەندامانی لیژنەی یاسایی تەنیا کێشەی مووچە نییە، بۆ مووچە بڕینی مووچە (قطع الراتب) مان هەیە خاڵی تر هەیە رەنگە رەچاویان نەکردبێ، کاتی ئەو بڕیارەیان داوە تەحدید نەکراوە بە مانگێک، دەڵێ لە مانگێک زیاتر غایب بێت، ئینجا مووچە وەرنەگریت، واتە بۆ (٥٩)رۆژ دەچێ، بەڵام نەبێتە دوو مانگ، (٥٩)رۆژ بێت (غائب)بێ مووچە وەرناگرێت، چونکە لە مانگێک زیاترە لە (٣٠-٥٩)، تا نەبێتە (٦٠)رۆژ نابێتە (٢)مانگ، واتە ئەو خاڵە وادەگەیەنێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە رامان وەکو لیژنەی یاسا خستۆتە روو بۆ گفتوگۆ، ناڵێین هەردەبێ رای ئێمە بێ بابەتەکە گفتوگۆیە، بەڵام من یەک خاڵ هەیە دەمەوێت روونی بکەمەوە ئەندامێ (غائب) بوو لە (٣)دانیشتنی بە دوای یەکدا ئەگەر گومان هەبوو ئایا عوزرێکی رەوای هەیە یان نا؟ وە غائیبی بەردەوامی کەوتە سەرێ مانگێ داوای مووچەی کرد، بۆ بەڕێزتان ئاشکرایە لیستی (غائب) بوون دەچێتە بەشی ژمێریاری و لەوێش مووچەکەی نادەنێ، پێی دەڵێن: چونکە ئەتۆ یەک مانگ زیاتر بەبێ عوزر غائیب بووی، جارێ ساغیش نەبوویتەوە ئایا (غائب) بوونەکەت بە عوزری رەوایە یان نا؟ جا ئەو ماددەیە بە بۆچوونی من بۆ ئەو حاڵەتە دانراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ زیاتر روونکردنەوەی ئەوەی کاک فرەنسۆ گوتی: لە ماددەی (٢٨)کە کاتی خۆی هەموارمان کرد لە پێڕەوی پەرلەماندا ئەو (٢٠٠)ەی کە برادەرانی پەرلەمان باسی دەکەن بۆ هەر دانیشتنێ دیاری کراوە (بشرط أن لاتتجاوز الأستقطاعات المكافئة الشهرية له) بەمەرجێ ئەمەی تر بەردەوامبوونی ئامادە نەبوونی بەبێ عوزری (مشروع)ە. ئەگەر هەر بەردەوام بوو هەر غائب بوو هەر غائب بوو... هەر نەیەت، ئەمە بەردەوام بوونی ئەو ئامادە نەبوونەیە تۆ لەهەر دانیشتنێ (٢٠٠)ی لێ دەبڕی لەوانەیە لە مانگێکا ئەوەندە دانیشتن بکەین مکافەئەکەی هەمووی بڕوات تۆ ناتوانی قەرزارباری کەیتەوە، ئەگەر هەر بەردەوام بوو نەهات عوزری رەوا(مشروع)یشی نەبوو ئێ خۆ تۆ بە خۆڕایی پارەی پێ نادەی؟ ئەم پارەیە بەرامبەری شتێ دیاری کراوە، واتا ئەو

مەسەلەی لێ برین (أستقطاعات) بە رای من جیا بکەنەوە لە مەسەلەی (غیاب في المرات المتتالیة) ئەوە گفتوگۆی لەسەر بکەن وەکو خۆی ئەندامی پەرلەمان بۆی هەیە بە ئارەزووی خۆی بەبێ عوزرێکی رەوا (غائب) بێت، چ بەرزەفتییەک (ضوابط)ێک دابنێین بۆ ئەوەی ئێمە نەهێڵین ئەندامانی پەرلەمان ئەوەی کە لە بابەتەکە سوودمەند دەبێت بە بەردەوامی نەیە دەوام بکات و ئیشی خۆی نەبینێ لە کاتێکدا خەڵکی تر شەوو رۆژ ئیش و کاری خۆی دەکات؟ ئەمەش ئەبێ حەق و حقوقی بدەینێ ئەندامی پەرلەمان نوێنەرایەتی خەڵک ئەکات ئەیەوێ دابنیشێ و گفتوگۆ بکات ئەگەر عوزرێکی رەوای نییە کە ئەوە بکات، دوو: دیسان دووپاتی دەکەینەوە ئەندامی پەرلەمان ئەرکێکی سیاسی•هەیە ئەبێ هەڵوێستێکی سیاسی هەبێ، ئەتوانێ پیشانی بدات، مانای ئەوە نییە دەوام نەکات و بە ئارەزووی خۆی بکات. سێیەمیش: ئەوەیە خۆ ئەبێ بەرزەفتی (ضوابط) هەبێ بۆ ئەوەی پێرەوی بکەین، دەبێ جیاوازی لە نێوان ئەو خەڵکە بکەین کە هەمیشە دەوام دەکات وە خەڵکێکیش بە ئارەزووی خۆی ناوە ناوە دەوام ئەکات ئەمەش مافێکی سروشتی ئەندامانی پەرلەمانە بە گشتیی ئەو پرسیارە بکەن باشە من هەمیشە لە دانیشتنەکان ئامادەم و دەوام ئەکەم و موتابەعە دەکەم، برادەرێکی تریش هەمان مافەکانی منی هەیە و هەمان شوێنی منی هەیە، بەڵام دەوام ناکات یان دێت وەکو میوان سەلامێک دەکاو خۆی لە (غائب)بوون دەرباز دەکا، ئەم مەسەلەیە بۆ ئەوە دانراوە، حەز دەکەم ئاشکرا بێت، جا ئەگەر لەم روانگەیەوە گفتوگۆی لەسەر بکەین، ئێمە چ پەیوەندیەک بۆ ئەندامانی پەرلەمان دانانێین، بە ئارەزووی خۆیان بێن یان نەیەن بەسەر چاو با کاک فەرسەتیش روونی بکاتەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا هاودژیەکی تر بەدیارکەوت، چونکە برگە (٢) لە مادده (٢٨) ئەڵێت (في حالة تغيب عضو المجلس عن أية جلسة دون عذر مشروع يستقطع منه مبلغاً قدره « ٢٠٠ » مائتا ديناراً عن كل جلسة من المكافأة الوارد ذكرها في الفقرة« ١ »أعلاه على ان لايتجاوز مجموع الاستقطاعات المكافأة الشهرية له) کەچی لێرە ئەڵێت هیچ وەرناگرێت، لەوێش لەهەمواری ١٩٩٣دا ئەڵێ لێ برین (أستقطاعات) نابێت هەموو مووچەکەی لەدەست بدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فەرسەت مەبەستی ئەوەیە کە لێرە روونە، کاتی خۆی گفتوگۆمان لەسەر کردووە پێشنیاری ئەوەش لەم ئەنجومەنە پێش چەند ساڵێک کرا، ئێمە ئەوەمان کردووە، ئەوە دانراوە، بۆ نموونە بابڵێین ئەوەندە دانیشتنمان کرد، ئێمە ئەگەر (٢٠٠)دینارمان لە هەر دانیشتنێ لێ بری کە هەموو دەرماڵەکەی تەواو بوو دوو دانیشتنی تریشمان ماوە واتە ئەم برادەرە ئەگەر لە مانگی ئایندەدا دەوامی خۆی کرد دەرماڵەی دوو دانیشتنەکەش قەرزار ئەبێت لە مووچەی ئایندەدا دەبێ

لێی ببڕین فکرەکە ئەوەیە، واتە لەماوەی مانگێک ئەگەر ئەوەندە دانیشتنمان کرد ئەو ئەندامە پەرلەمانتارانە ئامادە نەبوون، نابێ لێ بڕین(أستقطاعات) بگاتە ئەو ڕادەیەی کە قەرزار بێت ئەبێ مانگی دووەمیش بداتەوە ئەو ماددەیە روونە (على أن لايتجاوز مخصصات الشهرية) فەرەزەن لە مانگێکا (٢٠) دانیشتنمان کرد ئەوە (احتمالات)ـە. وە لێ بڕین (أستقطاعات) ئەوەندە زۆر بوو هەموو (مكافئة) ی ئەو مانگەی سووتا، ئەوە ئەبێ لەمانگی داهاتوودا بیداتەوە، نەخێر لە نێوان ئەو مانگە مادەم ئامادە نەبووە (أستقطاع)ـەکە ئەکەیەوە وە ئەگەر بەردەوام بوو مانگی تریش هەر دەوامی نەکرد بەڵێ ئەوکاتە یارمەتیەکەی بەپێی بڕگە (٦)ی ئەم هەموارکردنە ئەبڕین، جا حەز ئەکەن ئەوانەی قسەیان هەیە ناونووسیان کەین ماددەیەکی گرنگە ئەو بڕگەیە ئاشکرایە کاک فەرسەت وابزانم هاودژی (تناقض) نییە لەگەڵ بڕگە (٦)دا کاک شێخ جەعفەرو کاک ناسیح و کاک شێخ یەحیا و کاک مامەند ئاغا و کاک رزگار و کاک سەعید و مامۆستا مەلا موحسن و مامۆستا مەلا مەحمود و مامۆستا مەلا تاهیر و کاک شمائیل، بۆ ئەوەی مەبدەئەکە گفتوگۆ بکرێت ئێمە بەرەڵای کەین واتا دەوام کردن بە ئارەزووی خۆی بێ یان سنووری هەبێ لەم سنوورە بە (٣) دانیشتنی یەک لەدوای یەک دانراوە، گفتوگۆی ئەم مەبدەئە بکرێت کاک شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز شێخ جەعفەر عەبدولعەزیز بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەندامێکی پەرلەمان ئەگەر دەوام نەکات ئەوە لە بڕگەی (٦،٧) بۆی دیاری کردووە وەکو جاری یەکەم لە لیستەکە داوا ئەکرێت کە دیاری بکات یاخود ئیجرائاتێکی لەگەڵ بکرێت، ئەگەر بەردەوامی ئامادە نەبوونی کرد ئەوە دەرماڵەو مووچەکەی ئەبڕێت، لەبەر ئەوە ئەم بڕگەی خاڵی (٣) (غياب عضو عن ثلاث جلسات) ئەوە لەگەڵ ئەوە جیاوازیەکی زۆری دەبێت ئەگەر غایب بێت و دەوام نەکات ئەوە چارەسەری کراوە لەبەر ئەوە من ئەگەڕێمەوە سەر ئەو پێشنیارەی خۆم کە(غياب العضو عن غالبية الجلسات) مەرج نییە (غالبية الجلسات) ئەو دەورەیە (٣٠) دانیشتنە بووبێ لەوانەیە ئەو دەورەیە (١٠) دانیشتن کرابێ ئەگەر ئەو لەو(١٠)دانیشتنەدا زۆرینەی واتە (٦) دانیشتن ئامادە نەبووبێت ئەوە مافی دەرکردنی هەیە غەیری ئەو ئیجرائاتانەی کە بەپێی بڕگەی (٦،٧) لەگەڵی کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا ئیجرای ئەوە وریا کردنەوەیە (تنبيە)یە ئیجرائی یەک و ئەو دوانەی کە باسی دەکەن مەسەلەیەکی داراییە مەسەلەی مافە، مەبەستم مەسەلە داراییەکەیە تۆ لەوەی جیای بکەرەوە ئەوە لەبەر ئەوە نایەت کە تۆ مافی پێ نادەی، بەڵام ئەمە مەرجی ئەندامییەتییە دووشتی زۆر لێک تر جیاوازن با لەگەڵ یەکتر تێکەڵیان نەکەین.

**بەڕێز شێخ جەعفەر عبدولعەزیز بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاستە وایە، جا من بۆیە عەرزم کردی، ئەگەر ئەو ئەندامە دەوام نەکات ئەوە سزای خۆی بۆ ئەوە وەردەگرێت ئیجرائاتی لەگەڵ کراوە ئەمێنێتەوە مەسەلەی دەرکردنەکەی بە هۆی سێ دانیشتن زۆر کەمە ئەگەر بەشێوەیەکی تربێ لەوانەیە باشتر بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د.ناسح فەرموو.

**بەڕێز د.ناسح غەفور ڕەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی منیش لەگەڵ ئەو بۆچوونەی جەنابتم کە ئەڵێ ئەوە لەگەڵ خاڵی (٦) هەندێ لێک جیاوازن، ڕاستە سەبارەت بە خاڵی (٦)ەوە ئەڵێت ئەو کەسەی کە ئامادە نابێت زیاتر لە مانگێک ئەو کەسە دیار نییە عوزرەکەی ڕەوایە یان ڕەوا نییە، وە دوایی ئەبێ (بدون اذن من رئيس المجلس) واتە تۆ مۆڵەتی مانگێکت پێ داوە لە مانگێکی تر زیاد ئامادە نابێ، بەڵام نازانی ئەمە بۆچی نەهاتووە؟ ئەو کاتە کە هاتەوە ئەتوانی تۆژینەوەی لەگەڵدا بکەی بەپێی ئەو بڕگەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بڕگە (٣) ناگرێتەوە.

**بەڕێز د.ناسح غەفور ڕەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵام من دیسان وە تکام وایە لە برادەران وەختێ ئێمە پێشنیار دەکەین پێشنیارەکانی ئێمە لەبیر نەکەن پێشنیاری من بۆ ئەو بڕگەیە بەتایبەتی ئەوەیە سێ دانیشتن کەمە، ئەوسێ دانیشتنە ئێمە وەک باوە(٦)دانیشتنی لەسەر یەکتری زیاتر ناتوانین بکەین، بەڵام ئەگەر سێ دانیشتنەکە بکرێ بە (٦) دانیشتنی بەدوای یەکدا ئەوە هەفتەیەک ئەگرێتەوە یان لەماوەی دوو هەفتە ئەگرێتەوە (٣)دانیشتنەکە بکرێت بە (٦) دانیشتن باشترە لەوەی کەوا سێ دانیشتن بێت، ئەمە یەک، دوو: من پێشنیاری خاڵی چوارەمیشم کرد، بەڵام کاک شێروان ئاماژەی بۆ نەکرد، من ئێستا بەنووسینیش بۆیان ئەنێرم خاڵی چوارەم(في حالة عدم الالتزام بالقانون الاساسي للمجلس ونظامه الداخلي) واتە لەو پەیرەوەی کە ئەو خۆی بڕیاری لەسەر داوە دەردەچێت پێڕەوی ناکات هەقی وایە ئیجرائاتی بەرامبەر وەربگیرێت، واتە شتێکی (ڕۆتینە) نەک ئەم ڕۆتینە ئەبێ لێرە هەبێ، هەروەها دەربارەی بڕگەی یەکەم خستنەسەرم هەبوو، واتە گۆڕینی بڕگەکە بەو شێوەیە (قبول الأستقالة من قبل المجلس).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

(أخر تعديل تنتهي في المجلس) لەسەرەوە (أ) (تنتهي العضوية من المجلس في حالات التالية):-

انتهاء مدة المجلس، الوفاة

ويفقد العضوية في الحالات التالية:-

استقالة العضو وقبولها.

**بەڕێز د.ناسح غەفوور ڕەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئاخر (و قبولها من قبل من)؟ گرفتەکە ئەلێرەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

(المجلس).

**بەڕێز د.ناسح غەفوور ڕەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئاخر ئەبێ لێرە نادیار (مبهم) نەمێنێ، چونکە لەدوای ئەمە باسی (مجلس) ئەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەسەرەوە (مجلس) پێناسە کراوە ئەگەر بیخەینە سەر چ گرفتێک نابێت.

**بەڕێز د.ناسح غەفوور ڕەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دوایی دووبارەی ئەندام پێویست نییە ئەگەر ئەوهاش بمێنێتەوە ئەندامەکان زیادن (أستقالة و قبولها من قبل المجلس).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو دوو تێبینیانە بنووسە سوپاس، کاک شێخ یەحیا فەرموو.

**بەڕێز شێخ یەحیا عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕاستی ئەو دوو حاڵەتە من بە دوو حاڵەتی جیای تێدەگەم، واتە (حقوق و واجبات) جیاوازیان هەیە لەگەڵ بزرکردنی یان ونکردنی مافی ئەندام، بۆ نموونە ئەوەی کە جەنابی کاک فرەنسۆ ئاماژەی بۆکرد ماددە (٢٥) لەخاڵی (٦)ەم نموونەمان هەیە ئێمە خەڵکێکی زۆرمان هەیە کە ماوەیەکی زۆرە دەوام ناکەن و ڕەنگە نەمانتوانی بێ مافی ئەندامییەتیان لێ بکەینەوە، بەڵام ئەگەر هاتەوە داوای مووچەکەی کرد ئایا یارمەتیەکەی بۆ سەرف دەکەین؟ ئەوە بەڕاستی پرسارێکە ئەو لە دەستدانی ئەندامیەتیەکەشی (فقدان العضوية) بۆ سێ دانیشتن، ئەوەش حاڵەتی تایبەتی خۆی هەیە بۆ بەرزەفتکردنی (ضبط)ی دانیشتنی پەرلەمانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ سوپاس، مامەند ئاغا فەرموو.

**بەڕێز مامەند محەمەد ئەمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئەو دوو حاڵەتە(٣,٦) دوو حاڵەتی لێک جیاوازن حاڵەتی خاڵی سێیەم (٣) (غیاب العضو عن ثلاث جلسات متتالية بدون عذر مشروع) زۆر لەجێی خۆیەتی، چونکە ئێمە هەموومان لەگەڵ ڕێزو احترامم بۆ ئەندامانی پەرلەمان کە وتی ئەندامی پەرلەمان دەبێ پابەند بوونی تایبەتی خۆی هەبێ، لە حاڵەتی ڕۆیشتنی دا لە حاڵەتی نەخۆشی دا لە هەموو حاڵەتێکدا پێویستە پەرلەمان یان سەرۆکایەتی پەرلەمان ئاگادار بکات کە ئەو عوزرە مەشروعەی هەیە ئەگەر بەبێ عوزری ڕەوا (مشروع) ڕۆیشت لە حاڵەتی مانگەکەشدا کە (٣) دانیشتن بوو مانای خاڵی (٣)ی لەسەر جێبەجێ دەکرێت کە مادەم بە هیچ لایەن و هیچ کەسێکی نەوتووە و عوزرێکیشی نییە، کە واتە خاڵی سێ زیاتر گرنگی هەیە لە (٦)، بۆیە ئەندامی پەرلەمانیش زیاتر حساب بۆ سێ یەکە دەکات نەک بۆ مەرجەکەی، لەگەڵ ڕێزو سوپاسم دا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سەعید یەعقوبی فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لە کاتێکدا پشتگیری کاک فرەنسۆ دەکەم کە دەڵێ لەبەر ئەوەی کۆسپ زۆرن لەسێ چوار مادده چوونە ناویەک (تداخلات) هەیە بۆ ئەوەی بگەینە شێوازێکی ڕێک و پێک واتە چ لاری بوونێک نییە، پێم وایە ئەگەر ئەو بڕگەیە دوا بخرێ باشترە، چونکە من تێبینیم کردووە لەیاسای لوبنانی، لەیاسای سوری، لەیاسای تورکی، خۆینەماکەشمان یاسای ئەنجوومەنی (تشریعي) کەونە ئێمە لەسەری ڕۆیشتوین واتا کارێکی بەرزەفتیکردنە (انضباط)یە لەوانەیە کابرا تووشی هەڵوێستێک بووە، تووشی ئیشێکی وا بووە کە ناگاتە ئێرە کە بڵێ من عوزرەکەم ڕەوایە یان ڕەوا نییە، ئەمە بۆ قەڵەمێکی پێوەنێین و بڵێین تۆ هەقت نەما؟ ئەوجا من پتشگیری پێشنیارەکەی کاک فرەنسۆ دەکەم، لیژنەی یاساش دەڵێ ئەوە مەشروعە مەشروعێکی وایە شایانی گفتوگۆ کردنە بەڵکو دەگەینە مەسەلەیەکی ساغ ئەگەر بیرێکی لێ بکەینەوە لەوانەیە دەگەینە پێکهاتنێک، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلا موحسن فەرموو.

**بەڕێز شێخ موحسن خالید موستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕای من جیاوازی هەیە لەنێوان ئەو دوو ماددەیە جیاوازیەکەش لەوە ئەبینم کە ئەگەر سزایەک دابنێین وەک جۆرە وریا کردنەوەیەک بێ (تنبیە)ێک بۆ شتێ کە حەق وایە قورستر بێت، سوکتر دانراوە، ئەوەی کە هەق وایە سوکتر بێت قورستر دانراوە. من وای ئەبینم ئەگەر یەکێ ئەندامی پەرلەمان لە ڕۆژی یەکەم ودووەم وسێهەمی سەرەتای مانگەکە غائیب بێ ئایا سەری مانگ بۆی هەیە داوای مافەکانی خۆی بکات؟ ئایا بەو سێ ڕۆژە، کە لە دەستدانی ئەندامییەتی(فقدانی عضویەتی) هەبێ وهیچ عوزرێکی نەبێت هەقی ئەوەی ئەمێنێتەوە کە هیچ موچەیەکی بۆ دیاری بکرێت؟ دیارە هەقی نامێنێ بەڵام لە ماددەی یەکەمیشا دەستنیشانی ئەوەی کردووە کە هەموو مانگەکە سەرانسەری غایب بێ ئینجا بۆی هەیە ئەو ئیشە بکات.

بۆ نموونە ئەگەر یەکێ قسەیەکی هەڵە بکات لەسەر قسە هەڵەکە سجن بکرێت بەڵام ئەگەر شەڕی بنێتەوە لەسەر شەڕەکە غەرامە بکرێت ئەمە من وای ئەبینم یەعنی سزاکە زیاترە، لەبەر ئەوە داوا ئەکەم بۆ ئەوەی ئەو جیاوازییە نەمێنێ لە تێکڕای خولەکانی ئەو دەورە پەرلەمانیەی کە هەیە لەماوەی ئەو سێ مانگە هەرچی دانیشتن هەیە ئەوانەی کە غائیبن بەپێی بڕیارێکی پەرلەمانی لە پرۆتۆکۆلە ئامادە بووەکان تۆمار دەکرێت جەنابت فەرمووت چۆن ئێمە بزانین چەن دانیشتن تۆمار کراوەو غیابی بووە؟ بۆ ئەوەی بەرزەفتی(ضبط)ی ئەو بارودۆخە بکرێت جەنابت بەپێی یاسا تۆماریان دەکەی چەن کەس وە چەن دانیشتن ئامادە نەبوون ئەگەر پەڕاگەندەش(موتەفەرقەش) ئامادە نەبوو بێ مادەم لەنیوەی زیاتری دانیشتنی خولێکی پەرلەمانی ئامادە نەبوو مانای وایە کە بەڕێزەوە تەماشای دانیشتنی پەرلەمان ناکات لەبەر ئەوە تۆ ئەتوانی لەم حاڵەتە ئیجرائاتێکی تایبەتی لەسەر وەربگری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، مامۆستا مەلا مەحمود فەرموو.

**بەڕێز مەلا مەحمود دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئێمە تەماشای بکەین تداخولێکی تێدا هەبێ باشترە، ئەگەر سزای نزمی وبەرزی دیسان ئەوەی پێدەوێت، من وای دەبینم هەروەک گوترا، سزای لە مانگێک زیاتر، دژوار ترە لە سێ دواکەوتنی دانیشتن، بۆیە پێشنیار دەکەم، ئەگەر لە سێ دانیشتن دواکەوت ئاگادار بکرێتەوە، ئەگەر بووە مانگێک ئەو سزایەی کۆتایی کە لە مەرجەکانی ئەندامیەتی هاتووە لەسەری جێبەجێ بکرێ لەبارەی لایەنی دارایی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلا تەڵحە فەرموو.

**بەڕێز مـــەلا تـەلحــە مـــحـــەمـــەد قـــەرەنی:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

منیش لەگەڵ ڕایەکەی مامۆستا مەلا موحسن بووم ئەوەی کە ئەو بەیانی کرد من ئەو ڕایەم هەبوو، سوپاس.

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

بەڵێ سوپاس، کاک شمائیل فەرموو.

**بەڕێــز شـــــمـــــائیـل نـنـو بـنـیـــــامین:**

**الســـــــيـــــــد رئـيـس المجـلـس.**

أنا أؤيد بقوة ماطرحه كاك فرنسو والأخ عبدالخالق، و الحقيقة المشكلة أنه هناك أضافة فقرة كاملة بمفهوم جديد إلى النظام الداخلي وهذه تخلق مشكلة مع نص موجود قد يجوز إننا لم نتعامل مع هذا النص، يعني لحد الآن لم نطبق النظام أو لم يدعي أحد بتطبيق هذه الفقرة ولم تطبق هذه الفقرة ولكن الآن يوجد تناقض واضح بما جاء في المادة التي قبلها والمادة التي جاءت في الفقرة(ب) من المادة(٣) مفهوم غياب الشهر ماذا يعني؟ اذا أكو جلسات فهذا يعني أكو غياب وإذا لم يوجد جلسات يعني لايوجد غياب.

الغياب يتم على أساس عقد الجلسات أكثر من شهر حيث أنه يوجد جلسات فإذا كانت الجلسات تعقد والعضو يغيب عنها لهدا السبب فقدان شروط العضوية في عدم حضور ثلاث جلسات متتالية وهنا أني أعتقد وأؤيد ما طرحه كاك فرنسو مرة أخرى إنه نرجع مرة أخرى ويعاد النظر مرة أخرى بهذه الفقرات بصراحة هناك تناقض واضح ونحن لانقبل على أنفسنا أن يصدر النظام بهذا الشكل وشكرا.

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

لە ڕاسـتـیـدا هیچ جیـاوازییـەک نـیـیـە من جـاری سـێـیـەمـیش باسم کـرد لە نێـوان مـەرجـەکـانی ئەندامییەتی لە برگەی(٣) کە جێگیر کراوە لە حاڵەتی ئامادە نەبوونی سێ دانیشتن بە دوای لە یەکەوە لە مـابەینی ئامـادە نەبوونی بەردەوام، جەنابت مۆڵەت وەرئەگری ئاسـایی لەدەورەیەکـدا (١٥) ڕۆژ مـافت هەیە یا ئەڕۆیت بەڵام مـانگێ نایەتەوە دوو مـانگ نایەتەوە بێ عوزری مەشروع لەسەر چ بنەمایەک تۆ مافت هەبێ یارمەتی ودەرماڵەی خۆت وەربگری؟....

بۆیە ئەڵێین ئەبێ مـاددەیەک هەبێ کە بەشداری بکات بۆ فەسڵ کردنی تۆ، یان برادەرێ مۆڵەتی نەخۆشی وەرگرتبێ بۆ سێ مانگ(٤)مانگ بەڵام نایەتەوە چاک بۆتەوە چ عوزرێکی مەشروعیشی نییە بۆ حقوقی پێ بدرێ؟ خۆ ئەمە مەسەلەیەکی (حقوق و واجبات)ی ئێمەیە ئەمە مەسەلەی دەرماڵە پەیوەندی بە ئامادە نەبوونی یەک بەدوای یەکەوە نییە، ئەوە مافێکە تۆ هەتە دەوام ئەکەی وەری ئەگری دەوام ناکەی وەری ناگری. ئەمە مەسەلەیەکی ترە ئەوەی تری برگە(٣) پەیوەندی بە

ئاماده ـەبوونی بەدوای یەكدا هەیە، تۆ نایەی بۆ دانیشتنەكان ئەمە وەكو بلێین بەربەستێكە، وریا كـردنەوەیەكـە بۆ ئەندامی پەرلەمـان بۆ ئەوەی بێ دانیـشـتنی خـۆی بكات، ئەگـەر عـوزرێكی مەشروعی هەبوو ئەوە قسەی لەسەر نییە، كە تۆ سێ دانیشتن نەیەیت بۆ پەرلەمان فەسڵی ناكەی، ئەبێ لێی بپرسی كاكە تۆ بۆ نەهاتووی هۆی چییە؟ ئەگەر ئاگاداری تۆی نەكردووە لە ماوەی ئەو سێ دانیشتنە عـوزرێكی نەبوو هەر بواری پێ بدەی پرسیـارەكـەی من ئەوەیە ئەتانەوێت ئەندامی ـەرلەمـان ئازاد بێت بە كـەیفی خـۆی بێت یان نەیەت؟ مـەسـەلەی یارمـەتی تێكەڵ مـەكـەن كـە یارمەتی موحەددەدە بەهۆی خۆیەوە، تۆ پانزە رۆژ مۆڵەت وەرنەگری كردوتە بە(٢٥ رۆژ(٣٠)، رۆژ ئەگەر عوزرێكی رەوات نەبێت خۆ لەجێی خۆیەتی ئەگەر نەو دەرماڵەی وەری ئەگریت حسابت بۆ بكرێ لەسـەر ئەم بابەتە ئەمـە پەیوەندی بە مـەرجی ئەندامیـەتی تۆوە هەیە ئەتانەوێ ئەندامی پەرلەمـان هیچ قـەیدێكی لەسـەر نەبێت یان دیاریكراو بێت یان بەسێ دانیـشتن بە(١٠)دانیـشتن بە(٢٠) دانیـشتن بە هەمـوو (دەورە)؟ بەڕای من ئەو بیـرە گـفـتـوگـۆ بكرێت باشـتـرە لەوەی كـە بیبەستنەوە بە(٢) ماددەی تر كە ئەوە مەسەلەیەكی (حقوقییە) ئەو جیاوازیە لەبەر ئەوەی كە تۆ وەكـو ئەندامـێكی پەرلەمان دێی دەوام دەكـەی یارمـەتی خـۆت وەردەگری بەلام تۆ لە مـاڵی خـۆت دانیـشی دەوام ناكـەی ئەتەوێ مـووچەش وەربگری ئەمـە لە راستیـدا دوو شـتی جیـاوازن، كـاك شمائیل فەرموو.

**بەڕێز شـــمـــائیـل نـنـو بـنیـــامین:**

**الســـیـــد رئـیـس المجـلـس.**

والله مفهوم القصد من الفقرة(٦) التي تدفع إلى الألتزام و للتفريق بين العضو الملتزم، وغير الملتزم، أنا لست ضد هذا المبدأ ولكن من تنظيم هذه الفقرة يحصل تناقض مع فقرة (٣) فيجب أن نغير فقرة (٣)يعني هناك مشكلة القصد أنه إذا أعيد النظر بها وبهدوء مثلما قال كاك فرنسو ممكن أن ترجد صيغة تحقق مايشير إلى جنابك وكذلك مصير تناقض في الفقرة(٣) هناك عدة أقتراحات للأخوان، أقترحوا مثلاً أن تكون نصف الجلسات الدورة أو ماشاكل فأعتقد أن هناك بعض الإشكالات من أجل أن يكون شيئاً متكاملاً أنا أقترح مرة ثانية أن يعاد النظر فيها ويتم التفكير بروية بها وشكراً.

**بەڕێـز ســـەرۆكی ئـەنجـــوومـــەن:**

مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێـز ســـەرۆكی ئـەنجـــوومـــەن.**

مـرۆڤ وا ئەزانێ لە نێـوان ئەم دوو برگـەیە هاودژی هەیە بەلام هاودژی نیـیـە غـیـابی ئەندام لە برگـە(٦)ی مـاددە(١٧) بە مـانای غـیـابە بەبێ ئیـزنی سـەرۆكی پەرلەمـان لە خـولی گـرێداندا

(أنعقاد) بەبێ دانیشتن بۆ انتظام یا عوزری رەواشی هەبێ ئەگەر عوزری رەوای هەبوو هەقیەتی کەوا لێبڕینەکانی مکافەئەی نەدرێتێ بەڵام لە سێ دانیشتن زیاتر غایبە، لە هەمان کاتدا سێ دانیشتن حەق نییە لە ئەندامیەت بکەوێ غیابی بڕگە(٣) مادە(٢٠) غیابیەتی لەسێ دانیشتن هەر بڕگەیەی بەستراوەتەوە بە قەیدی خۆی، لەڕاستیدا خۆی غیاب گشتیە بەڵام لەهەر دوو بڕگەکە لە هەر سێ بڕگەکە کە هاتووە هەر یەکە بەستراوەتەوە بە قەیدی خۆی ئەوەی کە (ئیستقطاعی) لێ ئەکەی هەر دانیشتنێ حاڵەتی تایبەتی خۆی هەیە ئەم دووانە مرۆڤ بەڕووکەش تەماشای ئەکات لەڕاستیدا وا ئەزانێ هاودژی هەیە چونکە بۆ لە سێ دانیشتن لە ئەندامیەتی بکەوێ وبۆ مانگێک غایب بێ تەنها مکافەئەی لێ ببڕێت؟. بەڕووکەش وا دیارە بەڵام ئەگەر لێی ورد ببێتەوە هیچ هاودژییەکی لە نێوانیاندا نییە هەر بڕگەیە چارەسەری حاڵەتێ ئەکات لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم کە دوو پێشنیاری بەکردەوە (عملي) هەیە بۆ ئەم بابەتە دوای ئەم گفتوگۆیە یەکێکیان ئەوە پێشنیارەکەی کاک فەرنسۆ کە تەئکید بکرێت دووهەم پێشنیارەکەی منە کە داوام کردووە (غیاب عضو ربطا) بۆ ئەوەی هاودژی نەبێ لەگەڵ بڕگەی شەشا کە من کۆک نیم لەگەڵ ئەو برادەرانەی کە ئەڵێن هاودژی نییە. هاودژی جیددی هەیە لەگەڵ بڕگەو لەگەڵ ئەو هەموارەی کۆن کردمان کە(٢٠٠)دینارە (٢٥٠)دینار لە ئەندام وەرئەگیرێ لەبەر ئەوە من پێشنیارەکەی خۆم بە هەست پێکراوی (ملموس)ی داواکردووە، (غیاب عضو أكثر من نصف جلسات الدورة) بۆ لەوە پێش لە(٣) ئەڵێ(إذا أستمر غياب العضو أكثر من شهر) لەبەر ئەوە داوا ئەکەم بدرێتە دەنگدان لەو حاڵەتە هەر دووکی ئەگەر تەئجیلیان بکەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با بێینە سەر ئەو پێشنیارە، بەڵام مرۆڤ ئەبێ بیرەکان، مەبدەئەکان لەیەک جودا بکاتەوە، من وتم لەسەرەتاوە هەندێ شت هەیە لەوانەیە تۆ باش ئاگادار نیت، بەڵام ئێمە لەسەرۆکایەتی ئاگادارین، بۆ نموونە سبەی برادەرێک ئەندامی پەرلەمانە لێرە نامێنێ ئەڕوات بۆ تورکیا، ئەڕوات بۆ ئەوروپا مانگێک دوو مانگ ئەمێنێتەوە بێ ئەوەی ئاگاداری ئێمە بکاتەوە، دانیشتن هەبێ ئەوە بابەتێکی ترە وادادەنێین لەو ماوەیەدا دانیشتن بوو، یان دانیشتن نەبوو وەکو گوتیشم داوای مۆڵەت دەکات لە ماوەی دەورە (١٥) ڕۆژی خۆی وەرئەگرێ بەڵام ئەچێ(٢٠)ڕۆژ(٢٥)ڕۆژ مانگێ نایەتەوە وە هیچ عوزرێکی رەوای نییە، ئەوە دیسان مەسەلەی لێبڕینی مووچە مەسەلەیەکی تەواو ئیدارییە، بەڵام ئەمەی بڕگە(٣) وەکو من وتم شیاوی گفتوگۆیە پەیوەندی بەو دوو بڕگەیەی داراییەوە نییە،

له راستیدا ئەمەی تر پەیوەندی بە مەبدەئەکەوە هەیە ئینجا ئەیکەن بە سێ دانیشتنی بەدوای یەکدا، بەچوار، بەنیوەیێ دەورە، ئەوە شیاوی گفتوگۆیە لەوێ هیچ جیاوازییەک نییە، لەڕاستیدا من تەنها بۆ برادەران ئەمەوێ روونی بکەمەوە کە شتی دیکەدا زۆر ئەندام هەیە لەوانەیە پێویستی بە مووچە و دەرماڵە نەبێ دەوامیش ناکات و ئەگەڕێتەوە ئەڵێ من پارەم ناوێ چیە مانگی(٢٠٠٠)دینارە(٣٠٠٠)دینارە من نامەوێ ئەگەر بیخەینە ئەو قالبەوە، بەڵام ئەم ماددەیە دانراوە وەکو وتم بۆ پاراستنی مافەکانی خەڵک کە لەسەر ئێمەیە، چونکە نوێنەری خەڵکین و مافی ئەندامانی پەرلەمانە کە لە دانیشتنەکاندا ئامادە بن ئەوە جێ هێڵدراوە بۆ ئێوە، لەگەڵ ئەوەشدا دانیشتنەکە دوا دەخەین بۆ سبەی سەعات(١٠) ئەگەر چ (بیرۆکەیەکی) تر هەبێ با برادەرانی یاسایی لەو برگەیە بکۆڵنەوە بۆ ئەوەی روونکردنەوەیەکی باشتر بکرێ و لە نێوان خۆتانا گفتوگۆیەکی تری بکەن، زۆر سوپاس بۆ ئامادەبوونی ئەمڕۆتان.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٣)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٨/٤/١٩٩٨

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١٣)

## كۆبوونەوەی یەكەم/ سێ شەممە رێكەوتی ١٩٩٨/٤/٢٨

***سەعات (١٠)ی سەر لەبەیانی رۆژی سێ شەممە، رێكەوتی١٩٩٨/٤/٢٨، ئەنجوومەنی نیشتمانی كوردستان بەسەرۆكایەتی بەرێز جوهر نامق سالم سەرۆكی ئەنجوومەن و، بەئامادەبوونی سكرتێری ئەنجوومەن بەرێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا، دانیشتنی ژمارە (١٣)ی خولی یەكەمی ئاسایی ساڵی ١٩٩٨خۆی بەست.***

***سەرەتا رادەی یاسایی دانیشتنەكە لەلایەن دەستەی سەرۆكایەتیەوە چەسپێنراو، ئەوجا بەرێز سەرۆكی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان، دانیشتنەكەی بەناوی گەلی كوردستانەوە دەست پێكرد.***

***بەرنامەی كار:***

***بەپێی حوكمەكانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێرەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمواركراودا، دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجوومەن بریاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە(١٣)ی ئاسایی خۆی لە كاتژمێر(١٠)ی سەر لە بەیانی رۆژی سێ شەممەی رێكەوتی ١٩٩٨/٤/٢٨ دا بەم شێوەیە بێت:***

***١ـ گفتوگۆ كردن لەسەر هەموار كردنی دووەمی پەیرەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق.***

***٢ـ خستنەرووی دەقی ئەو یادداشتنامەیەی كە پێشنیار كراوە پێشكەش بە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیەكگرتووەكان بكرێ دەربارەی كردەوەكانی راگوێزان وبە عارەبكردن، كە بەردەوامە دەرهەق بە خەڵكی كوردستان لە باشووری هێڵی پانی (٣٦)دا.***

**بەرێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

بەرنامەی كارمان بەردەوام بوونە لەسەر ئەو خاڵانەی كە تادوێنێ لێی راوەستاوین.

١ـ گفتوگۆ كردن لەسەر هەموار كردنی دووەمی پێرەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق تەواو ئەكەین و بەردەوامین لەسەری.

٢ـ ئەو یاداشتنامەیەی كە پێشنیار كراوە.

جا ئەگەر برادەرانی یاسا بفەرموون بێنە پێشەوە مادده (٢٠)ی پرۆژەكە كە مادده(٣٠)پێرەوە، كەدوێنێ گەیشتینە ئەوێ وكاتەكەمان تەواو بوو، هەندێ پێشنیاریش هەبوو دەربارەی ئەم بابەتە وابزانم ئەم بابەتە دوێنێ باش باس كرا جا حەز دەكەن ئەو ماددەیەی كە لێی راوەستاین بیخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

رابعاً: انتهاء العضوية وفقدانها.

تعدل المادة (٣٠) وتقرأ كالأتي:

أ. تنتهي العضوية في المجلس في الحالات التالية:

١. انتهاء مدة المجلس او حله.

٢. الوفاة.

ب - يفقد العضو عضويته في الحالات التالية:

١. استقالة العضو وقبولها.

٢. فقدان العضو لشرط من شروط الترشيح للعضوية ويقرر المجلس ذلك باغلبية ثلثي الحاضرين.

٣. غياب العضو ثلاث جلسات متتالية بدون عذر مشروع.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا وابزانم دوێنێ ئەم بابەتە زۆر باس کرا زۆر پێشنیار هەبوو، ئەم ماددەیە بەراستی زۆر باش دەوڵەمەند کرا، ئینجا نازانم ئەوانەی ئەیانەوێ قسەی لەسەر بکەن با ناونووسیان بکەین، ئەگەر زەحمەت نەبێ ئەوانەی کە ناونووس کراون ناوەکان ئەخوێنمەوە کاک فرەنسۆ، کاک ئەحمەد سالار، کاک ئازاد قەرەداغی، کاک شێخ رقیب، کاک ئیبراهیم دۆغرەمەچی، مامۆستا مەلا هادی، کاک شێخ عەدنان، کاک د. ناسح ومامۆستا مەلا تاهیر کەسمان لەبیر چووە؟ کاک یوسف میران، کەسی تر هەیە؟، باشە کاک شێروان روونکردنەوەی هەیە پێش ئەوەی برادەران قسە بکەن، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوێنێ کۆبوونەوەکە دواخرا لەسەر مادده (٣٠) وەستاین ئەوە بوو برادەرانی لیژنەی یاسایی وبرادەرانی دەرەوەی لیژنەی یاسایی لە یاساناسەکان داوایان لێکرا کە کۆبوونەوەیەک ئەنجام بدەن، ئەوە بوو ئەو بەیانییە کۆبوونەوەکمان ئەنجام دا وبرای بەڕێزم کاک فەرسەت سکرتێری پەرلەمان بەشداری کردین لەو کۆبوونەوەیە هاتینە ئەو بڕوایە کە برگە (٣) لە مادده (٣٠) هاودژییێکی وای نییە لەگەڵ ئەو ماددەی کە دوێنێ ئاماژەی پێدرا سەبارەت بە (استمرار العضو)، ئەوە خاڵی یەکەم بوو، خاڵی دووەمیش ئێمە هەمووما لەسەر ئەوە رازی بووین(غياب العضو ثلاث جلسات متتالية بدون عذر مشروع) وەکو خۆی بمێنێتەوە، چونکە لەگەڵ بارودۆخی پەرلەمانی ئێمە باشتر دەگونجێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک فرنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فــــــرەنســـــۆ تۆمـــــا هـەریری:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

من دوێنێ زۆر قسەم کردو پێم داگرت، بەڵام پاشان سەیری یاسای ژمارە (١) یاسای هەڵبژاردنم کرد ئەم خاڵە لەوێش هاتووە ناکرێ لێرە شتێک بنووسین لە پێرەوی ناوخۆ کە لەگەڵ یاسا بنەڕەتیەکە نەگونجێ.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

بەڵێ بنەڕەتیە.

**بەڕێز فــــــرەنســـــۆ تۆمـــــا هـەریری:**

بەڵێ خاڵی چواری بەندی (٤٧) لە یاسای هەڵبژاردن لەدەقەکە وەکو ئەوە هاتووە بۆیە من لەگەڵم ئێستا ناتوانم هاودژبم لەگەڵ یاسای هەڵبژاردن.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

سوپاس کاک فرنسۆ، کاک ئەحمەد سالار.

**بەڕێز ئەحـــمـــەد ســـالار عـــەبدولواحـــید:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

لەبرگە سێ ی مادده (٣٠) دا هاتووە ئەگەر ئەندامێک لەسێ دانیشتنی یەک بەدوای یەکدا ئامادە نەبێ، ئەوە لە ئەندامێتی ئەنجـومـەن دەکـەوێ، بەلای منەوە لە جێگای خـۆیدایە و رەنگە زۆریشبێ، چونکە پەرلەمانتار نوێنەری گەلەو ئەو دواکەوتنەش لە خانەی کەمتەرخەمیدا دادەنرێ و نابێ ئەو کەمتەرخەمی کردنەش لە ئەندام رووبدات، بۆیە پێویست بە زیاتر ناکات، سوپاس.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

سوپاس، کاک شێخ عەدنان.

**بەڕێز عـــەدنان مـــحـــمـــەد نەقـــشـــبـــەندیی:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

هەرهەمان قسەم هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

هەمان قسەی هەیە سوپاس، کاک ئازاد قەرەداغی.

**بەڕێز ئـازاد عـــــەبدولقـــــادر قـــــەرەداغـی:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ماددەی (٣٠) برگـە (٣) دوێنێ زۆر باسی ئەوە کرا بەبۆچوونی من ئەوە لە جێگای خۆی هاتووە شتێکی باشە منیش پشتگیری ئەکەم وزیاتر ئەگەر بمانەوێ سوور بین لەسەر ئیش وکار، بابەت ئەوە نییە بۆ نموونە بۆ ئەندامی پەرلەمان ئایا بڵێین بەچاوێکی وەک ئێوە تەماشای ئەکەن یان وەکو

تەعبیئەیان شتی تر؟، بەلاّم ئەوە زیاتر بۆ سوور بوون هاتووە من لەگەڵ ئەوەم کە هەر وەک خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بۆ برادەران من یەک روونکردنەوەی بچووک بکەم دوێنێ گرفتێک پەیدا بوو خۆی وابزانم لەسەرەتاوە باسمان کرد ئەو ماددانەی لێرە هاتوون زۆری وەکو یەکە وپێویست نەبوو لە پرۆژەکەدا هەبن، بەلاّم برادەران لە لیژنە لەوانەیە بۆ ئەوەی شتەکە بە تەواوی بێتە خوارەوە لەبەر ئەوە تێبینی ئەوەیان کرد.

دوو: ئەو ماددەیەی یان ئەو برگەی کە پێویست ناکات دەستکاری بکەین ئەبوایە لەپرۆژەکە باس نەکرایە وئەوەی پێویست بکا دەستکاری بکرایە، لە یاسای ژمارە (١) هاتووە ئەبوایە لە یاسای ژمارە (١) پێشەکی دەستکاریمان بکردبایە ئەمە لایەک، لەم بابەتە لەوانەیە تۆزێک کێشەکان لەوە دروست بێ، من دیسان حەز ئەکەم گفتوگۆ زۆر لە سەر ئەم بابەتە نەکەین ویاخود ئەو برادەرانەی کە تۆزێک دوودڵن ئەگەر تەماشای بکەن تۆزێک هەموار کراوە ئەندامی پەرلەمان لە هەر خولێک مافی هەیە (١٥) رۆژ ئیجازەی ئاسایی پێبدرێت (٤٥) رۆژ مۆڵەتی نەخۆشی هەیە ئێمە رێژەی نیوەی دانیشتنەکانمان بەپێی ئەو سەرژمێریەی لامان هەیە لە سنووری مانگی دوو دانیشتنە، لەوانەیە جار هەیە ئەیکەین بە (٣) ،ئەیکەین بە چوار، بە پێنجیش، بەلاّم مانگ هەیە دانیشتن ناکەین جا بەراستی ئەگەر مرۆڤ تەماشا بکا ئەندامێک (١٥) رۆژ مۆڵەتی ئاسایی هەبێت و(٤٥) رۆژ مۆڵەتی نەخۆشی هەبێت ومانگی زۆر زۆر دوو دانیشتن یا (٣) دانیشتنیش ئەبێ، واتە دوو مانگیش نەیەت دوو مانگیش بەو شێوە واتا خولەکە چووە سەرو زۆر بە ئاسایی دەوامیش ناکاتن و هەر چەندە ئەمە هەمیشە یاسا ئەبێ لایەنی خراپترینیان دابنێ و لەوانەیە تۆ وای دائەنێی مەرج نییە واش بێ، ئەندامانی پەرلەمان وا دەوامی خۆیان ئەکەن بەرێک و پێکی، بەلاّم ئەمە داندراوە بۆ ئەو بارە. حاڵەتێکی وا بێتە بێشەوە وچی گرفتێک دروست نەبێ لای برادەران وەکو ووتم ماددەکە وەکو خۆی ماوەتەوە، کاک شێخ رەقیب فەرموو.

**بەڕێز شێخ رەقیب حسێن مەلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی لە پرۆژەکە هاتووە راستە وهاودژ نییە نێوان برگە (٦) لە مادده (١٧) وبرگە (٣) لە مادده (٢٠)لقی(ب). چونکە مادده (١٧) بابەتی موچە نەدانە ئەگەر هاتوو غائب بوو بابەتی مادده (٢٠) لەدەست دانی ئەندامەتییە ئەگەر هاتوو لە کۆبونەوەکانی ئەنجوومەن ئامادە نەبوو هەروەکو دیاری کراوە، بەلاّم پێشنیار ئەکەم کە دەستەواژەی (بقرار من المجلس) زیادبکرێتە سەر دووای برگە (٣) لە مادده (٢٠) لقی (ب)، واتا ببێ بە (غياب العضو ثلاث جلسات متتالية بدون عذر مشروع وبقرار من المجلس وباكثرية ثلثي الحاضرين)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک ئیبراهیم، مامۆستا مەلا هادی.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(غیاب العضو ثلاث جلسات متتالیة بدون عذر مشروع) ئەمە لە یاسای ژمارە (١) بەئاشکرا هاتووە لێرە شتێکی لەگەڵ ماددەکەی تر هاودژ نییە، بەڵکو هەر ماددەیەک چارەسەری بارێکی تایبەتی کردوە بۆیە ئەوە زۆر بە پێویستی ئەزانین وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د. ناسح.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم هەبوو جگە لە خاڵی سێیەم تێبینیم هەبوو لەسەر خاڵەکانی تر، بەڵام کاک شێراون دیسان کە قسەی کرد هیچ باسی خاڵەکانی تری نەکرد ئینجا ئەگەر زەحمەت نەبێ سەبارەت بە خاڵی سێیەم من هیچ تێبینیەکی ترم نییە من لەگەڵ رای زۆرینەم وابزانم هیچ پێویست ناکا، بەڵام خاڵەکانی تر من تێبینیم هەبوو بۆ کاک شێروان هیچی نەووت ئەگەر زەحمەت نەبێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە بەسەر چاو، مامۆستا مەلا تاهیر.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من جەخت لەسەر ئەو بۆچوونە ئەکەمەوە کە ئەمە جێگای خۆیەتی ئەم برگە (٣). هەر ئەوها بمێنێتەوە، دەڵێ (غیاب العضو ثلاث جلسات متتالیة بدون عذر مشروع) ئەمە لەگەڵ یاسا رێک دەکەوێت ئەمە دەستکاری ناکرێ لێرە وهیچ هاودژێکی لەگەڵ برگەکانی پێشەوەدا نابێت، بەڵام شتێک بیر ئەخەمەوە کە لایەنی ئسولی یە بەتەنها بۆ مامۆستایەکان، ئەڵێ (غیاب العضو ثلاث جلسات متتالیة بدون عذر مشروع) ئەمە قەیدە مەسەلەکە ئەبەستێتەوە (فأذا غاب العضو اکثر من ثلاث جلسات بعذر مشروع لا یفقد العضو عضویته) واتە مەبەستی لێرە ئەوەیە، جا مەجالی غیابەکە ئەداتەوە لە مانگێ زیاتر یان مانگێک هەق وایە مکافەئەکەی لی ببرێ شتێکی مشروعە و نارێک نییە، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک یوسف، وابزانم ئەو برادەرانەی لەسەر ئەم بابەتە قسەیان کرد تەنها تێبینیەکەی کاک شێخ رەقیب روونکردنەوەی دەوێ لەبەر ئەوە ئەو مەسەلە پەیوەستە بە یاسای ژمارە یەک ئەبێ هەموارەکە لەوێ بکەن نەک گۆڕین بخەینە سەر ئەو بابەتە جا ئەگەر لە دوا رۆژ پێشنیارەکە هەیە

پێشکەشی کە بۆ لیژنەی یاسا باژمارە یەک یەکەم جار بگۆڕی ئینجا بێین ئەو دەستکاریە بکەین زۆر سوپاس. کاک شێروان ئەگەر ئەوەی کاک د. ناسح بخەیتە بەرچاو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک د. ناسح کۆمەڵێک پێشنیاری ناردووە (١، ٢، ٣) پەیوەندی بە دارشتن هەیە، ئێمە لەبەر چاوی دەگرین سەبارەت بە چوارەم دەڵێ برگەیەک زیاد بکرێ (في حالة عدم التزامه بالقانون الاساسي للمجلس ونظامه الداخلي) ئەمەش لە یاسای ژمارە (١) نەهاتووە ئەگەر زیاد بکرێ ئەبێ پرۆژەی پێ پێشکەش بکرێ. خاڵی دوو (عدم التزام العضو بالنظام الداخلي) ئیجرائاتی ئینزباتی دەیگرێتەوە کە لە مادده (٥٤) لە پێرەوی ناوخۆدا هاتووە لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەکە ئەخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟... بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەڵێ لە پرۆژەکە هاتووە (تعدل المادة «٣١» وتقرأ كالآتي:.)

بەڵام ئەم ماددەیە هەر وەکو خۆی ماوەتەوە لە چاپ هەندێ شتی لێ پەریوە لەبەر ئەوە پێویست ناکا بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە وەکو خۆی ئەمێنێتەوە، چونکە ئەمیش ماددەیەکی یاسای ژمارە (١)ە، تکایە با وەکو خۆی بمێنێتەوە بێ هیچ دەستکاریەک.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خامساً: عدم الجمع

المادة الثانية والعشرون:

تعدل المادة «٣٢» وتقرأ كالآتي:

١- لا يجوز الجمع بين عضوية المجلس والوظائف العامة ويعتبر الموظف العام مستقيلاً من وظيفته اعتباراً من ادائه اليمين امام المجلس وعليه اشعار سكرتارية المجلس بموقفه الوظيفي.

٢- لا يجوز الجمع بين عضوية المجلس وعضوية احد المجالس المنتخبة المرتبطة بدوائر ومؤسسات حكومة الاقليم وعلى العضو ان يختار احد المجلسين خلال مدة ثمانية ايام من تأريخ اعلان نتيجة الانتخاب وان لم يفعل يعتبر مختاراً لعضوية هذا المجلس ويبلغ المجلسان بذلك.

٣ـ لا يجوز للعضو ان يتعاقد مع حكومة الاقليم بنفسه او بواسطة غيره اثناء عضويته كما لايجوز له استغلال عضويته لمصالحه الخاصة.

٤ـ يكون جميع اعضاء المجلس متفرغين.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

ئەم ماددەیەش تەنیا جۆرە چاك سازیەك كراوە وابزانم لە (یەك ودوو) شتی حكومەت لە بڕگە (٣) (الدولە) بووە بە (حكومە الاقلیم)، چونكە ئەم یاسایە، یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستانە، هەرێمی (اقلیمی) كوردستانە ئەوە كراوە لە جێگایەكی تریش ئەو ماددەی كە لە یاسای ژمارە (١) بڕیارتان لەسەر داو جێگرمان كردئەو هەمووارەش لێرە ئەبێ ئەو ماددەجێگیر بكرێ، دەرگای گفتوگۆ ئەكەینەوە فەرموون كاك د. رزگار، كاك یۆنادم، كاك ئەكرم، مامۆستا مەلا تاهیر، كاك فرنسۆش دوایین كەس قسە دەكات هەر ئەوانەنە سوپاس. كاك د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

من پرسیارێكم لەسەر (الوظائف العامە) هەیە ئایا پلە تایبەتەكان دەیگرێتەوە یان نا؟، ئەگەر (مشمول) بێت بە پلەی تایبەت من لەگەڵ نیم و حەز دەكەم بەلاوە بنرێت وپێشنیار دەكەم كە بۆ ئەندامانی پەرلەمان پلە تایبەتەكان بەدەر بكرێت.

دووەمیش:( وعلیە اشعار سكرتاریة المجلس بموقفە الوضیفي). پێویست ناكات چونكە لێرە جەختی لەسەر دەكا ( لایجوز الجمع)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

سوپاس، كاك یۆنادم فەرموو.

**بەڕێز یۆنادم یوسف كنا/ وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

قسەی من زیاتر بۆ سۆراغ كردنە كە ئەڵێ (المجالس المنتخبە) گریمان ئەنجوومەنی شارەوانی شوێنێك یان لە شوێنەك هەڵبژێردراوە، بەڵام فەرمانبەر نییە، ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانیە ئەمەش پیشە نییە ئایا ئەویش دەیگرێتەوە یان نا؟.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

ئەوە ناگرێتەوە.

**بەڕێز یۆنادم یوسف كنا/ وەزیری ئەشغال:**

بەڵێ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

كاك ئەكرم، فەرموو.

**بەڕێز ئەکـــرەم عـــاشـــور عـــودیش:**

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

برگە(٢) (الجمع بين عضوية المجلس وعضوية احد المجالس المنتخبة المرتبطة بدوائر ومؤسسات الحكومة) ئێمە ئێستا ئەندامی پەرلەمانمان هەیە و وەزیریشە ئەمە دەگرێتەوە یان نا؟.

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

ئەم ئەنجوومەنە، وەزیر ئەنجوومەن نییە وەزیر ئێوە لێرە بڕوای پێ ئەدەن ئەنجوومەنی هەڵبژێردراوی تر وەکو ئەنجـوومـەنی شـارەوانی، (ئیـدارەی مـحلی)، لەوانەیە لە دوا ڕۆژ شـتی ترمـان هەبێ ئەنجوومەنی وەزیران وەزیر دەسەڵاتێکی هەیە کە باوەڕ لە ئێوە وەرئەگری، لە هەموو پێڕەوی دنیاش بۆی هەیە ئەندامی پەرلەمان بێ وئەندامی پەرلەمانیش نەبێ وابزانم زۆر گفتوگۆی ئەوەمان کردووە ماموستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مـەلا مـحـمـەد تاهیـر زین العـابدین:**

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

تەنهـا من لە برگە دوو لەلایەنی داڕشتنەوە ڕوونکردنەوەم هەیە ئەوەی (أو بدوائر أو مؤسـسـات حكومة) نەک (واو).

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

ئەوە با برادەران لە کاتی داڕشتن ئاگاداربن. کاک فرنسۆ با بفەرمێ.

**بەڕێـز فـــرنســـۆ تـۆمـــا هـەریری:**

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

من تەنهـا لە ماددەی چوارەم خـاڵی چوارەم تێـبینیم هەیە، چونکە کە لە شوێنێکی تر هەیە دەڵێ (ينبثق مجلس الوزراء من پرلمان من خارج الپرلمان) واتە بۆ ئەندامی پەرلەمان هەیە وەزیریش بێ ئەندامی پەرلەمـان بی وسەرۆک وەزیرانیش بێ و لەبەر ئەوە (يكون جـمـيع اعضـاء المجلس متـفـرغين) ڕەنگە ئەوە زیاد بی، چونکە سەرۆک وەزیران ئێسـتـا سەرۆکی وەزیرانە بەپێی یاسا، واتە ئەوە کرایە کە ئەبێ لێرەش ئینبثاق بکرێ.

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

ئەوە بە یاسا بەدەرکراوە.

**بەڕێـز فـــرنســـۆ تـۆمـــا هـەریری:**

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

بەڵێ.

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

بە یاسـا بەدەرکراوە ئەوە پێویست ناکا، ئەنجـوومـەنی وەزیران بە یاسا بەدەرکراون. چونکە ئەڵێ (من داخل المجلس أو من خارجه) ئەوە جێگیرکراوە لەسەر ئەوە هیچ کێشەیەک نییە ئەنجوومەنی

وزەیران (بما فیە الرئیس ونائبە) وئەنجوومەن هەمووی هەڵاویردراون بەپێی یاساکە ئەم برگەیە نایانگرێتەوە سوپاس. کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەموو وەڵام درایەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئی د. رزگاریش؟.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

بەڵێ بەڵام د. رزگار (بالوظائف العامە) دەڵێ (بدرجات خاصە) ئایا وەزیفە گشتیەکان یان بەرای ئێمە پلە تایبەتەکان بە وەزیفەی گشتی دادەنرێ؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

د. رزگار بەدوواداچونی هەیە تکایە.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێشنیار دەکەم بەلاوەبنرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمیش ئەبێ یاسای ژمارە (١)ی بۆ بگۆڕین، ئەمە لە یاسای ژمارە (١) هاتووە، کاک شێخ عەدنان فەرموو.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەر چەندە برادەران روونیان کردەوە سەبارەت بە فەرمانە گشتیەکان ئەوەیە کە پەیوەندی وخەرجی لە بودجەی گشتی دەولەت دێ فەرمانی تایبەت جیاوازە بۆ نمونە بەڕێوەبەریەتییە خۆ جێ یەتیەکان یان ئەنجوومەنی شارەوانییەکان شتێکی ترە (الوظائف العامة من یکلف بالخدمة العامة) دوای ئەوە گۆتەیەکی باوە واتە باوەڕناکەم لێرە ئیجاب بکا بلێین پلەی تایبەت(درجات خاصة) یان شتی تر زۆر روونە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە لە یاسای ژمارە (١) سەبارەت بە (تەفەروغە)کە ئەوە بەدەرمان کرد وەلە یاسای ژمارە (١) دەنگی لەسەر درا، ئێستاش هەر هەمان برگەیە لێرە ئەیکەین بە برگە (٢) (یجب ان یکون جمیع

اعضاء المجلس متفرغين) ئەو بڕگەیە لە یاسای ژمارە (١) هەموار کراوە دەیکەینە بڕگە (٢) سەبارەت بەو ماددەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە واتە بڕگە (٤)ی ماددە (٢٢)؟.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

بەڵێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەوە وابزانم لەنێوان دەنگدان ئەبێت لەگەڵ ئەو زیادەی کە کاک شێروان باسی کرد وپێشنیاری کاک فرەنسۆ ئەیخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان ئەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

الفصل الخامس

الاستقالة

المادة الثالثة والعشرون:

تضاف المواد التالية الي هذا الفصل من النظام الداخلي وتندرج تحت تسلسلات جديدة ويراعي فيما بعد تسلسل بقية المواد على ضوء ذلك المادة (٣٣) يقدم العضو استقالته خطياً الى رئيس المجلس وتتلى في اول جلسة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددە (٣٣) کەس تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددە با ناونووسیان بکەین: کاک فرەنسۆ، کاک یۆنادم، کاک رەجەب، کاک یۆنادم، کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرنسو تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەر (فی اول جلسە) تێبینیم هەیە ئەگەر نەختەک دەرفەت بدەن، بەڵکو ئەوەی دەستی لەکار کێشاوەتەوە پەشێمان دەبێتەوە دێ ئیستیقالەکەی خۆی ئەکێشێتەوە واتە لە یەکەم دانیشتن(اول جلسە) دوایی ئیستیقالەی پێشکەش بە پەرلەمان بکرێ رەنگە زۆر زووبی نەختەک ئەگەر شتێکی تیا بکرێ دووا بخرێتن بۆ ئەوەی بواری بیر کردنەوەی بمینێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەگوێرەی ماددە (٣٥) ئەتوانێت ئیستیقالەی خۆی بکێشتەوە یان دووبارە چاوی پیادابخشێنێتەوە پاش ئەوە ئاگادارمان بکاتەوە، کاک رەجەب فەرموو.

**بەڕێز ڕەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم (اول جلسه) لەوانەیە گرفتێکی تێدا هەبێتن ببێتە نزیکترین دانیشتن بەڵێ ئەوە پێشنیارە ئەگەر لیژنەی یاسا بیکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بابزانین کێی تر لەوانەی ناونووسمان کردن قسەیان ماوە، کاک فرەنسۆ فەرمووو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ڕەنگە پێ داگرم لەسەر ئەمە چونکە دەڵێ (للعضو المستقيل) دەڵێ بۆی هەیە ئیستیقالەی خۆی بکێشێتەوە کە پێش ئەوەی پەرلەمان پێی بزانێ، واتە ماوە زۆر نەماوە خالی (٣٥) ئەگەر تەماشا بکەین بۆنموونە ئەورۆ من ئیستیقالەی خۆم پێشکەش کرد بەیانی دانیشتنی هەیە جەنابت لە دانیشتن پێشکەشت کرد من بۆم نییە بیکێشمەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەکرێ ئیستیقالە بدەی، چۆن حەز دەکەن ئێوە وا ئەکەین، بەڵام خۆی ڕاستی (اول جلسه واخر جلسه) لەوانەیە زۆر ڕوون نەبێت، بەڵام خۆی مەسەلەی بنەماکەیەتی کە ئێستا ئەیکەین ئێستا بەکردەوە وایە ئەوەی ئیستیقالە بکا بەو شێوەیەیە، بەڵام بنەماکەی کە قەبووڵ بکرێ وەختەکە لەوانەیە گرفتێکی زۆر نەبێت لەو بابەتە بەمەرجێک بۆ وەرەقەیەک نەچێ لە ماڵی خۆی دانیشێ ئەبێ دەوام بکات، ئەویش هەیە، تۆ حیسابی ئەوە بکە ئیستیقالە بکاو بڕوا بۆ خۆی لە ماڵی خۆی دانیشێ کۆبونەوەیەک نەهات، دوو نەهات، سێ نەهات، چوار نەهات، بە حوجەی ئەوەی ئیستیقالەی کردووە بەڵام عەرزی ئەنجومەن نەکراوە، ئەمیش ئەبێ، واتە ماوەیەکی دیاریکراو هەبێ تاکەی پێشکەش ئەکرێت؟ خۆی ئەوەی جەنابت ئەڵێی ئاشکرایە، واتە ئێمەش لەسەرۆکایەتی دەبێ ڕەچاوی بکەین بۆ ئەوەی کە بزانین هۆیەکانی چییە؟ تۆزێ دوای خەین تۆزێ پێشی خەین وابزانم لەم شەش ساڵە زۆر کارەساتی (حوادث)ی واش بووە قەیناکا پێشنیارێکمان لەم بابەتە بۆ بکەن بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکەین خراب نییە تکایە دەستتان بەرز بکەنەوە با بتان بینین و ناوەکانتان بنووسین (کاک د. ناسح، مامۆستا مەلا مەحمود، مامۆستا مەلا محسن، کاک سەعید یەعقوبی، مامۆستا مەلا طلحە، مامۆستا مەلا تاهیر، کاک حەمید ، د. ڕزگار، کاک جەمیل). کاک د.ناسح فەرموو.

**بەڕێز د.ناسح غەفور ڕەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕای من ئەوەی لێرە هاتووە زۆر لەجێی خۆیەتی، هەروەکو کاک ڕەجەب فەرمووی ئەمە مانای نزیکترین دانیشتن دەگەیەنێ، کە دەڵێ (تتلى في اول جلسة) مەرج نییە یەکسەر بڕیاری لەسەر

بدرێت، ئەو کاتە لەناو دانیشتنەکە دەتوانرێت دووبارە چاوی پیابخشێنرێتەوە یان ئاگادار بکرێتەوە، واتە مەرج نییە بڕیارەکە وەربگیرێ، لەوێ ئەتوانرێ ئەو مەسەلەیە باس بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلا مەحمود فەرموو.

**بەڕێز مەلا مەحمود فندی دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وای دەبینم ئەگەر رستەیەکی بۆ زیاد بکرێت باشترە، بەم شێوەیە: (بعد الاستفسار عن المستقيل).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا بۆ نموونە کە یەکێک دەست لە کارکێشانەوەکەی پێشکەش دەکات لەیەکەم دانیشتن دا و هەفتەیەک دوای ئەوە پێی گوتین، جارێ رابوەستن پێشکەشی مەکەن. (تتلى) مەرج نییە دەنگی لەسەر بدرێ، برادەرانیش لە گەڵ ئەو رایەن، دەتوانین دوای بخەین بۆ دانیشتنێکی ئاینده، بەڵام کاتێکی دیاری کراو زۆر گرنگە بۆ ئەوەی کە کرا، بییانویەک نەبێ، برادەرێک وتی من دەست لە کار کێشانەوەم نووسیوە، تەنها مەسەلەکە ئەوەیە. مامۆستا مەلامحسن فەرموو.

**بەڕێز مەلامحسین خالید موفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوەدام کە بوارەکە بدرێ باشترە، چونکە سەرۆکی پەرلەمانیش بۆی نییە ،کەیەکێک ئەگەر دەست لە کارکێشانەوەی بە نووسین پێشکەش کرد نابێ رەتی بکاتەوە بەپێی ئەو ماددە یاساییانەی؛ لەدانیشتن دا هاتوون، کەواتە بوار بۆ ئەو ئەندامە نابێ دواییش پەشیمان بێتەوە وپێشنیارەکەی خۆی بکێشێتەوە، بەپێی ئەوەش وەکو سەرەتای دانیشتن بواری ئەوەی پێ نادرێ وەکو جەنابت فەرمووت، مرۆڤ رۆژێک بمێنێتەوە یان چەند حالەتێک بێتە پێشەوە کە نەکرێت پێشکەشی پەرلەمان بکرێت، مادام وەکو پێویست کرا لەسەرەتای دانیشتن پێشکەشی پەرلەمان بکرێ، مانای وایە دەبێ بڕیاری لەسەر بدرێ، یان رەت دەکرێتەوە یان شتێکی تر، لەبەر ئەوە واباشترە لەیەکەمین دەورە بێت، واتە بوارێکی پێ بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەک پرسیارلە ئێوە دەکەم، برادەرێک دەست لە کارکێشانەوەکەی دەنووسێ لەیەکەم دانیشتن ونایەتیش، دەڵێ من دەستم لە کار کێشاوەتەوە، باشە ئێمە هەر هەڵیبگرین وکورسیەکەشی بەتاڵ بێت، ئەمە ناکرێ، من دیسان جەخت لە سەر ئەوە دەکەمەوە ئەوە بۆ خراپترین ئەگەر داینێین، باشترە، بەڵام دەبێ (اسوأ احتمال) دابنرێ، لەوانەیە قسە لەگەڵیدا بکرێ و هۆیەکەی بزانی چییە. دوایی «تتلى» لەوانەیە تۆ دوای دەخەی وداوا دەکەی ئەم دانیشتنە با رای وەربگیرێ

بەڵکو رازیی بکەین وبگەڕێتەوە، ناڵێی (یبت)، (تتلی) یانی فلان کەس بەداخەوەدەستی لە کار کێشاوەتەوە، کاک سەعید یەعقوبی فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم دوو هەفتە بواری بدرێتێ بەمەرجێک لەماوەی ئەم دوو هەفتەیەدا لیژنەیەکی سێ کەسی پێک بێت پەیوەندی پێ بکات، بەڵکو دەس لە کارکێشانەوەکەی لەسەر بابەتێکی هەق ویاساییە هەروەها وەکو بوارێکیشە پێی دەدرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا مەلا تەڵحە فەرموو.

**بەڕێز مەلاتەڵحە سەعید قەرەنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(یقدم العضو استقالته خطياً الى السيد رئيس المجلس وتتلى في أول الجلسة بعد مشاورة رئيس المجلس مع الاعضاء) ئەوجا (تتلی).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەراستی هەندێ شت ئەکەنە گرێ کوێرە، بەڕێزان من ئەندامی پەرلەمانم دەس لە کار دەکێشمەوە، ئەندامی پەرلەمان نوێنەری خەڵکی کوردستانە، پەیڕەوی ناوخۆی لەپێشە ئەبێ هەست بە لێپرسراوەتی خۆی بکات، کە گەیشتە ئەو بڕوایەی کەئەبێ دەس لە کار بکێشێتەوە، بێگومان هۆیەک هەیە، پەسەند نییە بڵێین کاکە خوا حافیزت بێ ودەست لە کار بکێشەوە، ئەبێ ئێمەش وەکو ئەندامانی پەرلەمان تێبگەین ئەم برادەرە بۆ دەستی لە کارکێشایەوە؟، واتا دەبێ قسەی لەگەڵ بکرێ. (تتلی فی الجلسة) دوایی لیژنەیەک دروست دەکرێ وسەرۆکایەتی رادەسپێردرێ، ودەبێ هەوڵی لەگەڵ بدرێ، ئەگەر هەر سوور بوو، بادەست لە کاربکێشێتەوە. پەسەند نییە کە بابەتەکە ئاڵۆز بکەین،ئەوە ئارەزووی خۆیەتی دەس لەکاردەکێشێتەوە،باش نییە ئێمە بابەتەکە گەورە بکەین. مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو بۆچوونەی کاک فرەنسۆ رەوایە کە بوار بدرێ بە «مستقیل» کە وا بێت بتوانێ پەشیمان بێتەوە، لەبەر ئەوە (وتتلی فی الجلسه .....) دەستەیەکی تر هەڵی دەبژێرێ دانیشتنی یەکەم ودووەم، وئارەزووی خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک حەمید میران فەرموو.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی من جەنابی د.ناسح کردنی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆچوونەکەی کاک فرەنسۆ زۆر پەسەندە، ئامانجی ئێمە ئەوەیە زیاتر بوار بدرێت بەو برادەرە کە بەتەمایە دەست لە کار بکێشێتەوە بۆ ئەوەی دەرفەتی پێداچوونەوەیەک هەبێت،کاتێکی دیاری کراو باشە هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەک بەڕێزان وتیان ماوەیەک ئەبێت، پێشنیار دەکەم لەسەر مادده (٣٣) ئەم بڕگەیە زیاد بکرێت، (وتتلى في اول جلسة بعد مرور عشرة ايام من تاريخ تقديم الاستقالة) ئەو دەرۆژە کاتێکی دیاری کراوە وبەسە و لە مادده (٣٥)دا (للعضو المستقيل ان يرجع عن استقالته بطلب تحريري يقدمه الى رئيس المجلس قبل اقرار المجلس به) واتە پێش ئەوەی ئەنجومەن بڕیاری لەسەر بدات مافی هەبێ کە دەست لە کارکێشانەوەکەی خۆی پێشکەش بکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام ماددەیەکی تر هەیە ئەتوانێ پاش ئەوەی کە پێشکەش بکرێ بیکێشێتەوە، ماددەی (٣٥) روونە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە (قبل احاطة المجلس) مادام ئەو کاتە بچێتە ناو خشتەکە ئیتر مانای وایە ناتوانێ بیکێشێتەوە، لەبەر ئەوە لەجێگای (احاطه) (اقرار المجلس) بێت، بۆ بواری هەبێت دەست لە کارکێشانەوەکەی بکێشێتەو؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێزان ئێمە هەموو جار دەڵێین ماددەی یاسایی رۆژنامە نییە، گرنگ بنەماکەیەتی، واتە دەست لە کارکێشانەوە وەکوپرنسیپێک پەسەند بکرێ یاخوود نە؟ ئەوە مافێکی رەوایە، ئەندامی پەرلەمان وەکو هەموو مرۆڤێک مافی هەیە دەست لە کار بکێشێتەوە لە ئەندامیەتی بۆ رێگەی لێ

بگرین؟ ئەمە مافی خۆیەتی. مافی ئێمەشە وەکو سەرۆکایەتی بیخەینەبەردەم ئەنجوومەن، مافی ئێوەشە بڕیاری لەسەر بدەن یان پەسەندی بکەن یان دوای بخەن. ئەوەی ئێستا ئەتانەوێ، کە دانیشتنەکە دێتە پێشەوە ئەم رایانە پێشکەش بکەن، پاشان دەیخەینە دەنگدانەوە، یان راتان وەردەگرین. بەراستی حەق نییە هەموو شتێک تەنها لەماددەیەک بە دووردرێژی باس بکرێت، کاک شێخ عەدنان فەرموو.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من رێزم هەیە بۆ بۆچوونی برادەران، پێم سەیرە بابەتەکە وا چارەسەر بکرێت، دەقەکە زۆر لەجێی خۆیەتی، ئەندامی پەرلەمان کە دەست لەکار دەکێشێتەوە پێویستە رەچاوی ئەو ئەرکە گەورەیە بکات کە لەسەر شانیەتی.دەست لەکارکێشانەوەی ئەندامێکی پەرلەمان کە هەڵبژاردەی سی هەزار یان چل هەزار کەس یان پەنجا هەزار کەسە ئەبێ ئەو توانایەی هەبێ کە باش و خراپ لێک جیا بکاتەوە،کەواتە دەست لەکارکێشانەوە دەبێ بە لێکدانەوەیەکی دروست و وورد بێت،ئەندامی پەرلەمان بەرپرسە لە چارەنووس وبەرژەوەندی ئەو خەڵکە، ئەمەخاڵی یەکەم .

خاڵی دووەم، دەربارەی ئەو داوایەی کە پێشکەش دەکرێت دەستەی سەرۆکایەتی یان سەرۆکی پەرلەمان جێی بڕوای ئەو خەڵکەیە کە ئێمە بڕوامان داوەتێ مەرج نییە لەدانیشتن گفتوگۆبکرێت و بڕیار دەدرێت کە دەست لەکار کێشانەوەکەی پەسەند بکرێت یان نەکرێت، واتا ئەم هەموو «حصانەتانە» دراوە بۆ ئەوەی رێز لەو مرۆڤە بگرین، پێویست بەوە دەکات کە ئێمە بزانین بۆ دەست لە کاردەکێشێتەوە وناکرێ سەربەخۆ بەو کارە هەڵسێت، دوا قسەم ئەوەیە کە ئێرە جێگای دیموکراتیەتەو جێگای بیروبۆچوونە ،بەڵکو ئەندامێک ئارەزووی وایە کە دەست لە کاربکێشێتەوە، پەسەند نییە ناچاری بکەین کە نەیکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەست لە کارکێشانەوە جۆری هەیە ،جاری واهەیە مرۆڤ لەکاتی ئاسایی دەست لەکار دەکێشێتەوە لەبەر هەڵوێستێکی سیاسی یا بۆ بابەتێکی دیاری کراوە، لێرە دا ئەو کەسە خۆی بەرپرسە بەرامبەری. بەڵام جاری وا هەیە ئەندامی پەرلەمان لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی ناکۆکیان هەیە یاخوود لە گەڵ ئەندامێک کێشەی هەیە، گرفتێک روودەدا توڕە بووە وداوای دەست لە کارکێشانەوە دەکات، جاری وا هەیە دەستەی سەرۆکایەتی لەبەر ئەوەی گرفتەکەی نێوان ئەو و ئەندامەکەیە یەکسەر لەیەکەم دانیشتن پێشکەشی دەکات بۆ ئەوەی بواری نەبێت. لەبەر ئەوە من پشتگیری قسەکانی کاک سەعید دەکەم (يقدم العضو استقالته الخطية الى رئيس المجلس و تتلي

بعد اسبوعين في اول جلسة) جەختیش لە سەری کراوە (بعد اسبوعين في اول جلسة) ئەوە بۆ کاتی نائاساییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابت هیچت نەدۆزیەوە لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی گرفتی هەبێت، لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی تا ئێستا کەس گرفتی نەبووە، چونکە دەستەی سەرۆکایەتی گرفتی لەگەڵ هیچ ئەندامێک نییە، ئەوە شەش حەوت ساڵە ئێمە لێرە ئیش دەکەین وکێشەمان نییە، حەقیش نییە ئەوها شت لێی بکۆڵدرێتەوە ئەوە شتێکی باش نییە بەراستی پاساو هێنانەوە ئاوها ناهێنرێتەوە، حەوت ساڵە ئێمە لەم هۆڵەین دەستەی سەرۆکایەتی لەگەڵ هیچ ئەندامێک گرفتی نەبووە و من ڕووبەڕوو قسەتان لەگەڵ دەکەم و ئەوەش پاکانە نییە. من دیسان دەگەڕێمەوە بۆ ئەو خاڵە ئەندامێکی پەرلەمان وەکو کاک شێخ باسی کرد و لە پەیڕەوەکەش هاتووە نوێنەرایەتی سی هەزار کەس یاخوود زیاتردەکات، ئەگەر ڕەچاوی بەرپرسیەتی خۆی نەکات کە نوێنەری خەڵکی کوردستانەو تووڕە بێت لە ئێمە وداوای دەست لەکارکێشانەوە بکات وەکو ئەندامی پەرلەمان، من نازانم ئێمە بۆچی قەدەغەی بکەین، ئەوە مەسەلەیەکە بۆ خۆیان بەجێ هێشتووە، ئەوە حەقی خۆیەتی، بەڵام بەراستی ئێوە ئەوە شەش حەوت ساڵە لێرە ئیش دەکەن وئەزانن شوکر بۆ خوا ئەو دووربینی و ئەو توانایەمان هەیە کە لە ڕووداوێکی وا بکۆڵینەوە وبتوانین چارەسەری بکەین، بەڵام ماددەکە بەکورتی وتێروتەسەلی هاتووە و لەجێگای خۆیەتی نابێ ئەو مافە قەدەغە بکەین لە ئەندامێکی پەرلەمان و بیبەستینەوە بەمەرج، ئەگەر باش بیر بکەنەوە «تتلى» دەخوێنرێتەوە لێرە نەمان وتوە «تبت فى الاستقاله» (تتلى) لێرە دانیشتووە، با کاک عەبدولخالق بڵێ فلان کەس عاجز بووە، تووڕە بووە داوا لە دەستەی سەرۆکایەتی دەکەین کە قسەی لەگەڵدا بکات، داوا لە چوار برادەر دەکەین کە قسەی لەگەڵدا بکەن، با لیژنەیەک قسەی لەگەڵ بکات ،کەواتە هۆکار زۆرن، ئەو کاتە دوا دەخرێ بۆ دانیشتنێکی تر، بەڵام نابێ ئاوها بەکراوەیی بمێنێ، جا لەبەر ئەوە ئەگەر هیچ شتێکی تر نییە ئەو بابەتە دەخەینە دەنگدانەوە، کاک فرەنسۆ خاوەنی پێشنیارەکە بوو، کاک فرەنسۆ پێشنیارەکەی خۆی کێشایەوە، کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە.. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین .

**بەڕێز حسین علی کمال:**

المادة الرابعة والثلاثون:

تعتبر الاستقالة نافذة بموافقة المجلس عليها باغلبية الحاضرين.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(تعتبر الاستقالة نافذة بموافقة المجلس عليها باغلبية الحاضرين) ئەو برادەرانەی کەزۆر سوورن کەس دەست لە کار نەکێشێتەوە، ئەوە ماددەیەکی تر لێرە هاتووە کە دووپاتی ئەو خاڵە دەکاتەوە، چ تێبینی لەسەر ئەو ماددەیە هەیە،؟ تەنها کاک شێخ یەحیا، فەرموو.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تەنها (تقديم وتأخير)ێک دەبینم لە (٣٤ ـ ٣٥) لەو دوو ماددەیە ئەگەر (٣٥) پێش بخرێ بە باشتری دەزانم ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە بالیژنەی دارشتن ئەو بڕیارە بدات، کاک شێروان راتان چییە؟.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هیچ کاریگەری نییە ،تەنها دەسەلاتمان بدەنێ کە دەسکاری ماددەکان بکەین لە زنجیرکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادام وایە ماددەکەی تر بخوێنەوە. ماددە ٣٥ پێشبخرێ.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة ٣٤ : للعضو المستقيل ان يرجع عن استقالته بطلب تحريري يقدمه الى رئيس المجلس قبل احاطة المجلس علما بها. ئەمە بوو بەماددە (٣٤).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە (٣٥) لەپێشنیارەکە هاتووە ببێ بە (٣٤) لەگەڵ ماددەکە ئەگەر هیچ تێبینییەک هەیە هەم لەسەر پێشنیارەکەی شێخ یەحیا و هەم لەسەرخودی ماددەکە، ئەیخەینە دەنگدانەوە ئەبێتە (٣٤) ئەم ماددەیە دەقەکەشی وەکو خۆی دەمێنێتەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة « ٣٥ » : تعتبر الاستقالة نافذة بموافقة المجلس عليها باغلبية الحاضرين.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەم ماددەیە دەبێتە ماددە (٣٥) چ تێبینی هەیە لەسەر (٣٥)، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ ئەویش پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة « ٣٦ » : لا يجوز اعادة العضو المستقيل الى مقاعد المجلس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ماددە (٣٦) چ تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە با برادەران ناونووس بکەین؟ (کاک فرەنسۆ، کاک د.ناسح، کاک سیروان، مەلا هادی، کاک ئەمین مەولود، د.رزگار). کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فـــــــرەنســـــــۆ تۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

من لەگەڵ ئەو ماددەیە نیم، لەگەڵ ئەوەدام کە ئەو ماددەیە لابرێ، چونکە ئێمە بەکردەوە کردومانە برادەران دەستیان لەکارکێشاوەتەوە وکاری تریان کردووە و پاشان خاوەن لیستەکە ناوی ناردووە، یەکێک دەستی لەکارکێشاوەتەوە ئەوەی تر هاتۆتە شوێنەکەی، بۆیە من لەگەڵ ئەو ماددەیە نیم، ولەیاسای هەڵبژاردن ئەو ماددەیە نییە، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

د.ناسح فەرموو.

**بەڕێز د.ناسح غـــــەفـــــور رەمـــــەزان:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

من پێم وایە ئەو ماددەیەی کەوا هاتووە زیاتر لەگەڵ هەڵبژاردنی «دائری» ئەگونجێ نەک لەگەڵ «نسبی» ، ئێمە ئێستا لەسەر بنەمای «نسبی» هاتووینەتە ئێرە، بۆیە من پێشنیار دەکەم کە ئەو ماددەیە هەر نەمێنێ ، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

بەڵێ سوپاس، کاک سیروان فەرموو.

**بەڕێز ســـــەرتیپ مـــحـــەمـــەد حـــســـێن:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

رایەکەی منیش هەر ئەو رایە بوو کە کاک فرەنسۆ و د.ناسح گوتیان، من ئەومافە بەمافی خاوەن لیستە دەزانم سەبارەت بە کارکێشانەوەکە، کە ئەندامێک دەستی لەکار کێشاوەتەوە بیهێنێتەوە یان نەیهێنێتەوە، چونکە لەمادده (٤٤) هاتووە کە لەبنەمادا مادده (٤٤)ی یاسای ژمارە (١) دارێژراوە لەسەر بنەمای مادده (٣٧) کە ئەوە مافی خاوەن لیستە کە ئەندامی خۆی بگۆڕێ، پاشان من لەبرادەرانی یاسا پرسیارم کردووە ئەم برگەیەی ئێستا ئەگەر پەسەند بکرێ کاریگەری پاشەکی «اثری رەجعی» نییە، واتە ئەم برادەرانەی کە پێش ئەم بابەتە سوودیان وەرگرتووە لەو حاڵەتە چەند جارێک رۆیشتوون وهاتوون لەو وەزعەی پێش ئەمە، چونکە «اثری رجعی» نییە، ئەمە کاردەکاتە سەر ئەو خەڵکەی تر کە لە لیستەکەدا هەیە و لەخاوەن لیستەکەش.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

سوودی چیان وەرگرتووە ؟

**بەڕێز ســـــەرتیپ مـــحـــەمـــەد حـــســـێن:**

مەبەستم ئەوەیە دووجارو سێ جار رۆیشتوون وهاتوونەتەوە «اثري رەجعي» نییە لەسەر ئەوانە، بەڵام لەسەر ئەوەی ئەمەی بەم دواییە دەست لەکار بکێشێتەوە ئیتر ناگەڕێتەوە، بۆیە من ئەبینم ئەوە مافی خاوەن لیستە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود ئەمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەر لەگەڵ هەمان را دام، هەندێ حالات هەیە وەکو نەخۆشیەکی وا کە وای لێ دەکات، دەست لە کار بکێشێتەوە بۆ ماوەیەکی دیاری کراو، لەبەر ئەوە ئەمە مافی خاوەن لیستە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکەی من زۆر نییە، بەڵام ئەمە پەیڕەوی ناوخۆیە و پەیڕەوی ناوخۆش شەرعی ویاساییە، ئەگەر هەمواری یاسا بکرێ ئەوە هەر لەپەیڕەوی ناوخۆ دەکرێ ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا، چ ڕوونکردنەوەیەکتان هەیە؟

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئەوەی کاک فرەنسۆ دەڵێ کە ئەوە لە یاسای ژمارە یەک نییە، بەڵێ لە یاسای ژمارە یەک ئەو ماددانەی کە ئێستا خستمانە ڕوو نییە. دەست لە کارکێشانەوە بەرەهایی هاتووە، بەڵام لەبەر ئەوەی هەندێ خاڵ بەکردەوە کراوە لێرە، ئێمە بەپێویستمان زانی ئەو خاڵانە بکەینە ماددەیەک، چونکە چ سەرپێچییەکی تێدا نییە ئەگەر ئێمە بڵێین ئەندام دەست لە کاردەکێشێتەوە بە نووسین، یاخود «نافذە» بە زۆرینەی ئامادە بووان، ئەوانە هیچ سەرپێچییەکی تێدا نییە.

بەڵام یاسای ژمارە یەکیش لەو بابەتە بێ دەنگە بۆیە ئێمە هێنامانە ئێرە، دەربارەی ئەو برادەرانەی تریش هەر هەمان شتە، بەڵام من دەمەوێ لێرە شتێک ڕوون بکەمەوە ئێمە وەکو لیژنەی یاسا لە یەکەم ڕۆژەوە بەرامبەر ئەو ماددەیە بەرهەڵستیمان نیشان داوە وئێستاش هەر هەمان رامان هەیە.

رایەکەی کاک سیروان تەواوە ئەوە «اثری رەجعی» نییە.سەبارەت بەو حاڵەتانەی کەپێشی ئێستا ڕوویداوە ئەوە ئەوان ناگرێتەوە، چونکە «اثری رجعی» خۆی پرنسیپەکە زۆر پەسەند نییە، بۆیە ئەگەر ئەوە پەسەند بکرێ لە جێ بەجێ کردنی بەکاردێ و لەمێژووی دەرچوونی بەکار دێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس ئەوە گۆشەنیگای هەردوو لایە، وابزانم لەمێژەوەیە بابەتی دەست لە کارکێشانەوە بۆتە

گرفتێک لامان،پێویست بەم هەموو تاوتۆکردنە ناکات، باوەڕ ناکەم لەدنیادا هەبوبێ مرۆڤ سێ وچوار جار دەست لە کار بکێشێتەوە وبگەڕێتەوە ناو پەرلەمان، ئەگەر کراوە لە کاتی خۆی لە سەر هەندێک بەڵێن و «ضوابط»بووە، ئەمە کەلێنێکە لەپەیڕەوی پەرلەمانی ئێمە، وابزانم لیژنەی یاسا لەرۆژی یەکەمەوە هەموو جار دێنە لامان و ئەڵێن کە ئەمە ناگونجێ لەگەڵ پەرلەمان و ئەوەی ئێستا کاک شێروان ئاماژەی بۆ کرد، زۆر جار لێرە دژایەتی هەبووە لەسەر ئەو مەسەلەیە، جا ئەوە بەجێ هێڵراوە بۆ ئێوە کە بەردەوام بن لەسەری. خاوەن لیستێک راستە خۆی ئەتوانێ خەڵکی بپاڵێوێ بۆ ئەم مەسەلەیە، بەڵام چۆن ئەبێ ئەندامێکی خۆی ناچار بکات کە دەست لەکاربکێشێتەوە، ئەگەرناچاری کرد بائەندامێکی تر لە جییاتی دابنێت، کەواتە هیچ لەدەسەلاتی خاوەن لیست کەم ناکاتەوە، جگە لەوەی کەبابەتی دەست لەکارکێشانەوە بەراستی گرفتێکی گەورەیە ،دەست لە کار بکێشێتەوە و پاشان پاشگەز بێتەوە و بیگۆڕێ. رەخنەمان هەیە لەسەری، لێتان ناشارینەوە خۆتان زۆر جار هاتونە رەخنەتان گرتووە، جا ئەگەر پێشنیارەکەی کاک فرەنسۆ هەڵی بگرین یان شتێکی بخرێتە سەر، چۆن باشە؟

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

رایەکەم وایە ئەو خاڵە هەڵبگیرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە، پێشنیارێک هەیە داوا دەکرێ ئەم خاڵە هەڵبگیرێ، مامۆستا مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلاهادی خضر کویخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەپەسندی دەزانم کە بمێنێ، لەبەر ئەوەی هەر ئەندامێک کەوا ناوی لە لیست دەرچووە هەڵبژاردەی ئەو خاوەن لیستەیە، (٥٠) کەس یان (١٠٠) کەسە کۆمەڵە خەڵکێک دێت بۆ بچێ دیسان بگەڕێتەوە، خەڵکێکی تر با بێتە جێگای، بەڵام یەک شت هەیە ئەگەرلە لایەنی یاساییەکەی بواری هەبێ چونکە لە یاسای ژمارە یەک باس نەکراوە، بەرای من بمێنێ زۆر لەجێگای خۆیەتی، شەرعیەتی تێدا هەیە چونکە چ شەرعیەتی تێدا نابینم هەموو رۆژێ بڕوا واستقالە بکات وبێتەوە وبڕوا ئەوە هیچ شەرعیەتی تێدا نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان باسی کرد لەرووی یاساییەوە کە هاودژنییە لەگەڵ یاسای ژمارە یەک، فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئاماژەم بۆ کرد کە یاسای ژمارە (١) بێ دەنگە، کە بێ دەنگیش بوو مانای وایە ئەگەر هاتە خوارێ ئەوە سەرپێچی ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارەکەی کاک فرەنسۆ دەخەینە دەنگدانەوە، مامۆستا مەلامحمود فەرموو.

**بەڕێز مەلامحمود فندی دیرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم باشە جیاوازیەکی تێدا بکرێت لەنێوان ئەو کەسەی کە وا بە ئارزووی خۆی دەست لە کار دەکێشێتەوە کەئەمە شتێکی رەوایەو دروستە و ئەوکەسەی کە وا خاوەن لیست ناچاری دەکات کە دەست لەکار بکێشێتەوە کە لێرەدا بۆی هەیە بەرهەڵستییەک پیشان بدات، سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوانەی دەیانەوێ لەسەر ئەم بابەتە قسە بکەن با ناونووسیان بکەین، بۆئەوەی دەوڵەمەندی بکەین، (کاک سەفەر، کاک سیروان، کاک د.رزگار، کاک فرەنسۆ، کاک رەجەب، کاک ئەمین، کاک ئیبراهیم،کاک شێخ یەحیا ، مامۆستا مەلاتاهیر، مامۆستا مەلاهادی). کاک ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز ئەمین مەولود ئەمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەکرێ ئەو بڕگەیە هەموار بکەین، واتە بەزیاد کردن، جاری وا هەیە بییانویەکی تایبەتییە یان لەبەر نەخۆشیەکە، لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین (لایجوز اعادة عضو المستقيل الى مقاعد المجلس الا بعد زوال اسباب استقالته)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د.ناسح فەرموو.

**بەڕێز د.ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بابەتی دەست لەکارکێشانەوە نییە، برادەران باسی ماوەیان کرد، بۆ نموونە من لەکۆتایی دانیشتنی خولی یەکەم دەست لەکاردەکێشمەوە، لێرەدا بوار نییە، دوو مانگی بەسەردا دەچێ ماوەی پێویست نییە. سەبارەت بەدەست لەکار کێشانەوە بەراستی من لەگەڵ ئەو بڕگەیە نیم، باوەڕ ناکەم ئەمە بە پێچەوانەی یاساوە بێت،ئێمە دەڵێین دەست لەکارکێشانەوەکە پەسەند بکەین یاخوود نە؟ پێویست ناکات مەرجی بۆ دانێین و بیبەستین بە باروودۆخی شوێنەکانی تری دوونیاوە،ئێمە لە کورستان دۆخێکی تایبەتیمان هەیەو ناکرێ ئێمە ئاماژە بە شوێنێکی تر بدەین، لەگەڵ رێزم بۆ هەردوو فراکسیۆنی زەردو سەوز لەوانەیە کێشەیان نەبێت بەڵام بۆ نموونە سەبارەت بە لیستی مۆر، لەوانەیە کێشەیان هەبێت چونکە ئەوان خۆیان ژمارەیان کەمە، لەبەر ئەوە من بەش بەحاڵی خۆم ئەوە بەشتێکی باشی نازانم، چونکە خاوەن لیست مافی هەیە ئەو بڕیارە بدات، بۆیە ئەوە نەمێنێ باشترە، لەوانەیە ئەوان دووبارە چاوی پیادەخشێننەوە، ئەگەر پێویست نەبێ ناینێرنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک سیروان فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەڵێم ئەم بابەتە هاودژە لەگەڵ بنەمای هەڵبژاردنی ڕێژەیی بۆ نموونە لە هەڵبژاردنی بازنەیی (دائری)، ئەگەر ئەندامێکی پەرلەمان دەستی لەکارکێشاوە بە ویستی خۆی ئیستقالەکەی دەنووسێ، چونکە ئەو لەلایەن خەڵکەوە ڕاستەوخۆ هەڵبژێردراوە لە دائرە انتخابیەکەی هەڵبژاردنێکی تر دەکرێت ئەندامێکی تر دێتە جێگای، بەڵام لە لیستدا، لایەنی خاوەن لیستەکە خۆی خاوەنیەتی لەوانەیە ئیشێکی پێیە دەینێرێ بۆ جێگایەکی تر داوای لێ دەکات دەڵێ برۆ دەست لە کاربکێشەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە بۆی هەیە بگەڕێتەوە، چونکە هەڵبژاردنی تر ناکرێت بۆ ئەوەی یەکێکی تر بێتە جێگاکەی، بەڵکو هەر لە میانی لیستەکە دێتە جێگای، بەڵام مەسەلەی ئەوەی خەڵکێک هەر دێتەوە ناو پەرلەمان دوای دەست لەکارکێشانەوە، ئەوە با خاوەن لیست خۆی هەڵسوکەوت بکات بۆ نموونە نەیهێنێتەوە ئێرە یاخود ئیشێکی تری بداتێ. خاڵێکی تریش هەیە گریمان ئێمە تووشی حاڵەتێک بووین ئەو خەڵکەی کەوا دەستیان لەکارکێشاوەتەوە زۆر بوون لەبەر هەر هۆیەک بێت، تووشی حاڵەتێک هاتین پێویستیمان بەوە هەبوو خەڵک بێنینەوە بۆ پڕ کردنەوەی جێگاکان، یانی ئەو کاتە ئەو خاڵە دەستمان دەبەستێتەوە ناتوانین ئەو کورسیانە پڕ بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. مامۆستا مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەرئەوەندەم هەبوو کە کاک سیروان گوتی لەگەڵ ئەوەدام ئەوە بمێنێ، بەڵام بە زۆری (اجباری)، یاخود داوا لێکردن (تکلیف) نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاک سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە دەڵێ (لا یجوز الرجوع عن الاستقالە)، بەرای من استقالە هەمیشە بەخوایشتە (اختیاریە). ئەمە یەک. دوو، زۆر جار ئێمە وتومانە ئەندام پەرلەمان نوێنەری خەڵکی کوردستانە ڕاستە ئێمە بە لیستی پارتی بووین بە ئەندام، بەڵام کە ئەندام پاڵێورا بۆ ئەندامێتی پەرلەمان بەکردەوە دەبێتە نوێنەری خەڵکی کوردستان.

سێیەم، ئەو بڕگەیە بەراستی ڕوونکردنەوەیە بۆ مادده (٣٧)ی یاسای ژمارە (١) زۆر گونجاوە،
سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوەدام کە ئەمە ئەگەر نەشمێنی بەڵام کاریگەری ئەم ماددەیە لە یاساکە و پێڕەودا هەر دەمێنێت، چونکە لە تەواوبوونی ئەندامێتیدا (استقاله) باس کراوە، چونکە دەست لەکارکێشانەوە هەر تەواوبوونی ئەندامێتییە، بەڵام لێرەدا دابەشکراوە وکراوە بە دوو شت (انتهاء و فقدان)، بەڵام ماددەی (٤٤) دەڵێ (اذا خلا احد مقاعد المجلس حل محله مرشح اخر)، کەواتە (مرشح اخر) نابێ ئەو (مرشحه) بێت کەوا لە جاری پێشوو دانیشتووە لەسەر کورسی ئەبێ پاڵێوراوێکی تر بێت لە لیستەکەی نەک ئەو پاڵێوراوەی کە دەستی لەکارکێشاوەتەوە، یاخود ئامادەنەبووە، یاخود لەبەر هەر هۆیەکی تر ئەندامێتی لەدەست چووە، یانی ئەگەر ئەم ماددەیە کاریگەری لە یاساشدا نەمینێ لە پێڕەودا هەر ئەمێنێ، جا ئەگەر چارەی دەکەن ئەمە شتێکی ترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاک شێخ یەحیا فەرموو.

**بەڕێز یەحیا عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی من هەر ئەوەی مامۆستا مەلا تاهیر بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم بۆ پاراستنی پلەو پایەی پەرلەمان ئەم دەست لەکارکێشانەوە و گەڕانەوەو ڕۆیشتن جارێکی تر وابزانم کەمێک لە ئاستی پەرلەمان دێنێتە خوارێ، هەرچەند مافی خاوەن لیستە کەوا بکات، بەڵام هەندێ جار گلەییمان هەبوو پێشتر کە هەندێ برادەران کاری تریان پێ ڕاسپێردراوە دوایی لەوێ سەرنەکەوتوون، یان بەدڵیان نەبووینە جارێکی تر گەڕاندوویانەتەوە پەرلەمان هەتا وایان دەگوت کە شوێنی خانەنیشنانە، ئینجا بۆ پاراستنی پلەو پایە بمێنێ باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم لەسەر قسەکانی کاک شێروان هەیە گوتی لە یاسای ژمارە (١)دا نییە مانای وایە دەتوانرێ لە پێڕەوی ناوخۆدا بکرێ و، ئێمە دەزانین پێڕەوی ناوخۆ راڤەیە بۆ یاسای ژمارە (١) کە یاسای پەرلەمانە، نازانم لێرەدا ماوە هەیە ئەگەر لەیاسای ژمارە (١)دا نەبێت لە پێڕەوی ناوخۆدا باس بکرێ؟ من بەباشی دەزانم یەکەم جار یاسا هەموار بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. فەرموو کاک یۆنادم.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کەنا/ وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی کاتی دارشتنی یاسای هەڵبژاردن لە سیستمی بازنەیی بوو بە سیستمی رێژەیی، یەک دوو جار لەوێ ئەو شپرزەییە هاتە پێش، ئەو یاساناسانەی کە بەشداریان کردبوو زیاتر رایان لەسەر بازنەیی بوو. ئەم خاڵە لە سیستمی بازنەیی دەبێ هەبێ، چونکە لەوانەیە پاڵێوراوی ژمارە (١) لەم لیستەیە بێ دووەم دوای ئەو لە لیستەیەکی تر بێت، بۆیە ئەگەر ژمارە (١) دەستی لەکارکێشاوە ژمارە (٢) هاتە شوێنی تەبەعاتی سیاسی تەبەعاتی گۆڕان لە پەرلەماندا دەبێ، ناکرێ دیسان پاشگەز بێتەوە لە استقالەکەی خۆی، بەڵام لە سیستمی خۆمان کە رێژەییە هیچ رەنگ ناگۆڕدرێت هەر لە هەمان لیست دێتەوە ئەوە لەلایەک. منیش لەگەڵ بۆچوونەکانی کاک ئیبراهیمم راستە ئەمە لە پلەو پایەی پەرلەمان کەم دەکاتەوە. منیش پشتگیری کاک فرەنسۆ دەکەم کە نەمێنێ باشترە بە کردەوە کاری پێکراوە لەوانەیە تا هەڵبژاردنی داهاتوو بمێنێ باشترە پاشان هەموار بکرێ، ئەگەر بوو بە بازنەیی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دیسان پێ لەسەر ئەوە دادەگرم کە ئەم خاڵە نەمێنێ من بەرگری لە دوو سەنگەر دەکەم من نوێنەری پارتیم لە پەرلەمان و، نوێنەرایەتی لیستی پارتی دەکەم زۆربەی زۆری برادەرانی ئێمە کە لێرە بووینە بەخۆشی خۆیان دەستیان لەکار نەکێشاوەتەوە، بەڵکو دەستمان پێ لە کارکێشاونەتەوە گوتوومانە تۆ دەست لەکار بکێشەوە ئەو ئیشەمان پێتە، کە ئیشەکە تەواو دەبێ بە برادەرێکی تر دەگوترێت تۆ دەست لەکاربکێشەوە ئەو دەگەڕێتەوە شوێنی خۆی، من بۆ رێزگرتن لە هەیبەتی حزبی

خۆم، بۆ ریزگرتن له هەیبەتی پەرلەمانیش چونکه پێشتریش گوتیان دژی ئەوە بووم کە نەکرێ، بەڵام هەر کراوە شتێک کە دەکرێ من بە پێویستی نازانم ئەم خاڵە و ئەم یاسایە هەبێ و پاشان دەکرێ من دڵ نیاشم لەگەڵ یەکێتی ڕێکیش کەوین هەر دەکرێ ڕێکیش نەکەوین هەر دەکرێ، کەواتە بۆ ئەو شتە بۆ خۆمان دروست بکەین. دوایی لە یاسای هەڵبژاردن چونکە مەکتەبی سیاسی و خاوەن لیستەکە خۆی بەرپرسە لە دانان و ناردنی خەڵک، (١٠٠) کەس پاڵێوراون لە لیستی پارتی لەم (١٠٠) کەسە مەکتەبی سیاسی ئێمەی هەڵبژاردووە ودەتوانی ئێمە هەڵنەبژێرێ کە ئەو ئێمەی هەڵبژارد بۆ دەسەڵاتی نەبێ من بگۆڕێ یەکێکی تر بهێنێتە جێگام؟ من بە بڕوای خۆم ئەگەر بەوردی بۆی بچین لە بەرژەوەندی پەرلەمانیشە کە ئەمەی تێدا نەبێ، بەرژەوەندی خاوەن لیستەکەشە ئەوەی تێدا نەبێ، ئەمریش بەدەست پەرلەمانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ڕوونکردنەوەی خاوەن پێشنیار بوو کە کاک فرەنسۆیە، ئەگەر چ تێبینییەک نەبێ ئێمە پێشنیارەکە دەخەینە دەنگدانەوە. کاک شەمائیل فەرموو.

**بەڕێز شەمائیل نەنۆ بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وا دەبینم ئەوەی ڕوویداوە تاکو ئێستا ڕۆیی (فات)، ئێمە ئێستا شتێکی نوێ دەکەین، لە پێناو هەیبەتی پەرلەمان هەر لیستێک مافی ئازادی هەڵبژاردنی هەیە، لەبەرئەوە دەبێ بە هێمنی بکرێ و هەر کەسێکی هەڵبژێرێ هەڵیبژێرێ، هەر کەسێکی بیەوێ بێکێشێتەوە. بەڵام ئەو مەسەلەی ئەندامێک لە پەرلەمان دەربچێت و دوایی بگەڕێتەوە بەراستی ئەم ئەزموونە لە هیچ شوێنێکی تردا نەکراوە بەپێی زانیاری من، لەبەرئەوە با ئێمە شتێکی نوێ بچەسپێنین، ئەگەر نا ئەو بڕگەیەمان لابرد ئەوانی تر هیچ پێویست نین، تەنیا ئەندام دەست لەکارکێشانەوەکەی بە نووسراوێ پێشکەش بکات کاتێک لیستەکەی داوای ئەوەی لێ بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە ماوەمان دا لەسەر ئەم بابەتە هەموو ئەوانەی دەیان ویست قسە بکەن و کردیان، چونکە سەرۆکایەتی لە میانی ئەو پێنج شەش ساڵە زۆر جار بە کۆمەڵ بە لیژنە بە زەماڵەت ئەو بابەتە باس کراوەو، چەسپاوە، ئەوە ماوە بۆ ئێوە بڕیارێکی لێ بدەن، کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێ برادەر قسە دەکەن لەوانەیە موتالەعەیان نەکردبێ من پرسیارێک لە کاک فەرسەت دەکەم ئایا لە هیچ وڵاتێکی تر نەبووە ئەندامی پەرلەمان دەربچێ و جارێکی تر بگەڕێتەوە، چونکە کاک شەمائیل گوتی لە هیچ وڵاتێکی تردا نییە؟، من بیستوومە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک فرەنسۆ، کاک فەرسەت فەرموو.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەپێی زانیاری خۆم من ئاگاداری ئەزموونی سویدم لە سێ حاڵەت ئەندام دەگۆڕن، ئەگەر هاتوو لە مانگێک زیاتر مۆڵەتی وەرگرت ئەوا ئەندامی یەدەگ دێتە جێگای، هەروەها ئەگەر هاتوو بوو بە وەزیر ئەوا ئەندامی یەدەگ دێتە جێگای، لەوێ سیستەمێکی تریش هەیە ئەگەر هەڵبژاردن بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان کرا دیسان ئەندامی یەدەگ دێتە جێگای، ئەو سێ حاڵەتەم لە یاسای سویدی دیووە بەراستی لە سیستەمی تر ئاگادار نیم، واتە بەرێگەی (استبداله)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەزیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێموایە ئەوەی کە کاک فەرسەت دەیڵێ بازنەییە، یەدەگ لەسیستەمی بازنەیی دەبێ، لەوانەیە لە سیستەمی رێژەیی یەدەگ نەبێت، یەدەگ یانی چی؟، دوایی ئێمە پەیوەندییمان بەدەرەوە چییە ئەگەر کرابێ، یان نەکرابێ؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ماوە بدەن من تۆزێک روونی بکەمەوە، پێش ئەوە کاک د. ناسح ئاماژەی کرد گوتی راستە مرۆڤ سوود دەبینێ لە تاقیکردنەوەی خەڵکی تر، بەڵام لە ژیانی پەرلەمانی بنەمایەکی ناتوانم بڵێم (شبه اجماع)هەیە، بەڵام لێکچوونێک لە زۆر لەبنەماکان هەیە، ئەوەی کە لە سوید باسکرا سیستەمی گۆڕینەوەیە و، بە لیستیشە و رێژەییشە بازنەیی نییە، ئەمە دوو.

سێ لەوێ مامەڵە لەگەڵ یەدەگ بە شێوەیەکی تر دەکرێت، یەدەگ بۆ مانگێکیش دێت بۆخۆی دادەنیشێ، بەڵام ئەو یەدەگە لەگەڵ ژیانی پەرلەمانییە یان لە نووسینگەیەکی ئەوێ ئیش دەکات، یان لە نزیکی ئەو بارەیەو ئاگاداری ئیشوکارەکانە کە دێتە ژوورەوە شتێکی غەریب نییە و، کە دەریش دەچێ شتێکی غەریب نییە، لەوانەیە لە هەموو ئەو لیستە کۆمەڵێک خەڵکی وا هەبن بۆ ئەم بابەتانە، لەوێش ئەمە بە دەست لەکارکێشانەوە نییە بە گۆڕینەوەیە (استبدال) کە جیاوازە لەمەی لای ئێمە. ئێمە دووپاتی دەکەینەوە کەوا ئەزموونێک کۆپی ناکەین، چونکە سوید ئەوە (٢٠٠ـ ٣٠٠) ساڵە حکومەتە تەنیا تەمەنی پەرلەمانیان سەدو هەندێکە، ئێمە پەرلەمانی کوردستان یەکەم دەورەیە هەندێ رێسامان بۆ خۆمان داناوە لەسەری دەڕۆین.

ئێستا پێشنیارێک هاتووە بەرامبەر بە پێشنیاری ئێمە، پێشنیارەکە دەخەینە دەنگدانەوە بۆ ئەوەی بابەتەکە تەواو بکەین. کاک فرەنسۆ پێشنیارێکی هەیە داوا دەکات ئەم برگەیە نەمێنێ

برادەرانی تریش پشتگیریان کرد.
کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟.. سوپاستـان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییـە؟.. زۆربەی دەنگ لەگەڵ پێشنیارەکە نییە. کەواتە برگەکە دەبێت بمێنێتەوە.
ماددەکە دەخەینە دەنگدانەوە: کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز حسێن عەلی کمال:**

## الفصل السادس

## لجان المجلس

### اولاً: اللجان الدائمة للمجلس

تعدل المادة «٣٣» من النظام الداخلي وتصبح تسلسلها «٣٧» من المشروع ومطابق للنظام الداخلي.

تعدل المادة «٣٤» من النظام الداخلي وتصبح تسلسلها «٣٨» من المشروع وتقرأ كالآتي:

يتم تشكيل اللجان الدائمة على الوجه الآتي:

١- لجنة الشؤون القانونية: تنظر في المسائل ذات الطابع القانوني المحالة عليها، كما تختص بصياغة القوانين وسلامتها من الناحية القانونية واللغوية وتحيلها على المجلس لمناقشتها، على ان يكون اغلبية اعضائها ممن يحملون شهادة جامعية اولية في القانون.

٢- لجنة الشؤون المالية والاقتصادية: النظر في كل ما يتعلق بالميزانية العامة للاقليم والحسابات الختامية وميزانية المجلس وتقدم تقريرها للمجلس عن كل قسم من اقسام الميزانية وكل باب من ابوابها بما في ذلك ميزانية المجلس وما يوكل المجلس اليها من امور مالية واقتصادية وحسابية وتجارية.

٣- لجنة الشؤون الداخلية وشؤون البيشمركه: مهمتها النظر في شؤون وزارة الداخلية في الامور المتعلقة بالادارة العامة والمحلية والامن والشرطة والدفاع المدني وكذلك الامور المتعلقة بوزارة شؤون البيشمركه.

٤- لجنة الصناعة وشؤون الزراعة والري: مهمتها النظر في الامور المتعلقة بأعادة تشغيل المعامل وتطويرها واعادة بناء البنية التحتية لاقتصاد كوردستان العراق واستغلال الثروات الطبيعية بما فيها امور الطاقة والحفاظ على البيئة في كوردستان العراق، وكذلك تنظر في شؤون الزراعة والاصلاح الزراعي والبستنة والغابات والبيطرة والتربة ومصادر المياه والري في كوردستان العراق ومتابعة تطويرها.

٥- لجنة العلاقات والثقافة والاوقاف: ومهمتها النظر في شؤون وزارة الثقافة والاعلام والنظر في الامور المتعلقة بعلاقات المجلس الداخلية والخارجية وكذلك النظر في شؤون الاوقاف والاهتمام بالشريعة والعلوم والمقدسات الاسلامية ومهام الجوامع والمساجد وابراز دورها

التـاريخي في تربيـة الشعب الكوردي المسلم، وكـذلك النظر في الامـور الثقـافيـة والادبيـة والفنية والتراث والرياضة ونشر الوعي الوطني والتحرري مع مراعاة الخصوصية القومية للاقليات (الاشوريون، التركمان، العرب وغيزهم).

٦- التربية والتعليم العالي: تنظر في شؤون التربية والتعليم في كوردستان العراق وكذلك تنظر في شؤون التعليم العالي تبدي رأيها الى المجلس في كيفية سيرهما.

٧- لجنة الخدمات العامة والصحة والشؤون الاجتماعية والتخطيط واعمار كوردستان: تنظر في كل ما يتعلق بشؤون البلديات والمصايف والآثار وخدمات الماء والمجاري والتلفونات والنقل والمواصلات وكذلك النظر في الامور المتعلقة بالصحة العامة ومؤسساتها والضمان الاجتماعي والرعاية الاجتماعية ورعاية الامومة والطفولة وشؤون عوائل الشهداء والمعوقين والمفقودين للحركة التحررية الكوردستانية. وكذلك مهمتها وضع الخطط اللازمة للتنمية والاعمار والاسكان في كوردستان العراق.

٨- لجنة الشكاوي والعرائض: تنظر في شكاوى وعرائض المواطنين المقدمة الى المجلس حسب التفاصيل التالية:

أ - يحيل الرئيس الشكاوى والعرائض الواردة الى المجلس الى لجنة الشكاوى للنظر فيها بعد تسجيلها في سجل واردة المجلس.

ب - اذا كانت الشكوى محالةً على اخدى لجان المجلس فتحال عليها لدراستها.

ج - تدقق اللجنة في الشكاوى المحالة اليها وتقدم تقريراً عما تراه ضرورياً منها الى المجلس مشفوعاً بوجهة نظرها بصدد الشكوى.

د - لا يجوز تقديم العرائض والشكاوى الى المجلس إلا بعد استنفاذ جميع طرق المراجعات الاصولية.

هـ - السلطة التنفيذية مكلفة بالاجابة على العرائض المحالة عليها في غضون شهر على الاكثر الا اذا وجد سبب مانع يستحيل معه الاجابة في غضون تلك المدة.

و - اذا شكل موضوع العريضة وجواب السلطة التنفيذية امراً تقتضي رأي المجلس طلبت اللجنة درجه في جدول الاعمال.

ز - يجب اعلام صاحب العريضة بنتيجة شكواه.

ح - على اللجنة تنظيم جدول شهري خاص تضمنه خلاصة الشكاوى المنظورة ونتيجتها. ئەمە هەمواركردنی مادده (٣٤) بوو لە پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئەمە یەک دوو تێبینی هەیە لەسەری لەوانەیە لای برادەران روون نەبێت، ئەگەر هەر لەسەر ناوەڕۆکەکەیە ئەوا بۆ زانیاریتان شەرحی لیژنەکان تێک هەڵکێشراوە. کێ دەیەوێ قسە بکات

لەسەر ئەو ماددەیە با ناونووسیان بکەین تکایە. تەنیا یەک تکاشم هەیە لێتان کە قسەکان دووبارە نەکرێنەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوانەی دەیانەوێ قسە بکەن: بەڕێزان کاک ئازاد قەرەداغی، کاک یۆنادم، کاک د. ناسح، کاک ئەحمەد سالار، کاک ئەمین مەولود، کاک مەلا موحسین، کاک مەلا محەمەد تاهیر، کاک مەلا تەلحە، کاک مەلا تەها، کاک رەجەب شەعبان، کاک سەعید یەعقوبی، کاک مامەند ئاغا، کاک شیخ جەعفەر، کاک شێخ عەفان، کاک یوسف میران، کاک سیروان، کاک مەلا هادی، کاک جەمیل عەبدی، کاک حەمید میران، کاک شەفیق، کاک کانەبی ئاغا، کاک ئەکرەم، شێخ یەحیا، کاک عەبدولخالق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشەکی بۆ ئەوەی برادەران پێشنیارەکەیان لا روون بێت، کاتی خۆی کە لیژنەکان بەو شێوەیە دروست کرابوون لە کاتێک بوو کە تا رادەیەک سەنگەربەندی بوو وەزیر وەزیر بوو وەکیل وەزیر وەزیر بوو، ئەو بارەی کە بووە مایەی ئەو گرفتەیەی کە هەمانە، بۆیە لە سنووری (١٤ـ ١٥) لیژنە لە پەرلەماندا هەبوو، ئێستا بەپێی تاقیکردنەوەی چەند ساڵ بۆمان دەرکەوت ئەو کاتەش ئەو بیروبۆچوونە هەبوو لەناو ئەندامانی پەرلەمان کە لیژنەکان زۆرن لەگەڵ باری پەرلەمانی ئێمەو ژمارەی ئێمە ناگونجێ، زۆر جار برادەران، یان خەڵکی تر بە ئێمەیان دەگوت لە هیچ پەرلەمانی دونیا دا شتی وا نییە ئەوان (٤٠٠ـ ٥٠٠) کەسن بەڵام لیژنەیان نییە، بەهەر حاڵ لە جێبەجێکردنیشدا بۆمان دەرکەوت ئەم چەند ساڵە لیژنەکان زۆریان ئیشیان نزیکی یەکە. دووەم، بە جێبەجێ کردن و ئیشیش دەرکەوت کە لە میانی ئەو شەش حەوت ساڵە ئەوە فایلەکەو ئەوە بەرهەمەکە، ئەوە حاڵی لیژنەکانی ئێمەیە، یانی وای لێهاتبوو هەندێ جار بەیەک کەس راپۆرتی لیژنەیەک بەرزدەکرایەوە، بەسێ کەس لیژنە دادەنیشێ، بە حوکمی ئەو بارەی کە ئێستا هەمانە با بڵێین کۆمەڵێک لە برادەرانی کەرکوک و سلێمانی و هەولێر لێرەن برادەرانی دهۆک لەوێندەرێن گوایە لیژنەکان ناتوانن کۆبوونەوەی خۆیان بکەن ئەگەر بشیکەن تەنیا لەو رۆژانەیە کە دانیشتنی پەرلەمان هەیە زۆربەی زۆری کۆبوونەوەکان وای لێهاتووە رۆژانی دانیشتنی پەرلەمان سەعاتێک یان دوو سەعاتێک ئەوە دەکەن، ئێوەش دەزانن و کۆکین کە گیانی پەرلەمان لیژنەکانە، لیژنەکان چەند چالاک بن، چەند بە هەڵمەت بن، چەند بە توانا بن ئیشوکارەکە رێکوپێک تر دەبێت و، باشتر دەڕوات، ئەو کۆمەڵە خەڵکەی کە ئێمە هەمانە بەو فراوانییە دابەش بکرێ بەسەر ئەو لیژنانە یەکێک لە هۆیەکانی ئەوەیە کە لیژنەکان بەو شێوەیە و، ئەو کۆمەڵە کادرانەی کە پسپۆڕن لە هەندێ بواردا وا بڵاوبۆتەوە کاری کردووە لەسەر کاری لیژنەکانی ئێمە، پێشنیارەکە لەو روانگەوە هاتووە چیتر نا، لیژنەکان رێکوپێکتر بکەین، کە ئەندامەکانیش زیاد بوون، ماوەی

ئامادەبوون و گفتوگۆو هەڵمەتی بەگژداچوونی گیروگرفت زیاتر دەبێت، بەڵام ئەگەر بابەتەکە بەم شێوەیە بمێنێتەوە دوو سێ کەس، یان چوار کەس ئەندامی لیژنەیەک بن یەک یان دوویان نەیەن لیژنەکە رادەوەستێت تەنیا سەرۆک و جێگری سەرۆک و کارگێری لیژنەکە دەمێننەوە، زۆربەی ئەو راپۆرتانە یان ئەو ئیشانەی کە بۆ ئێمە دێ وایە، حەز دەکەم ئەگەر پێشتان خۆش بێت رۆژێ لە رۆژان هەموو راپۆرتی لیژنەکان دەخەینەروو، هەر لیژنەیەک کە بەرهەڵستی هەبێ لە هەندێ بابەت. بەڵێ هەندێ لیژنە بە پێی ئیشکردن بە پێی باری خۆی ئێمە ناتوانین بڵێین لیژنەی یاسا ئەوە دەکات، چونکە هەمیشە کاری هەیە، لیژنەی دارایی ئیشوکارەکەی دیاریکراوە، هەندێ لیژنەمان ئیشوکارەکەیان دیاریکراوە، بۆیە هەوڵ درا ئەو لیژنانەی کە نزیک یەکن، کە ئیشوکاری یەکتر ئاسان دەکەن، لەگەڵ باری ئێمە دەگونجێ ئەو تێهەڵکێشەی تیادا کراوە لەمە زیاتر چ گرفتێکی تر نابینم لە بابەتەکەدا.

برادەران (٢٠ـ ٣٠) ناویان نووسیوە دەزانم بابەتێکی گرنگیشە، ئەگەر گفتوگۆ دەکرێ لەم چوارچێوەیە بکرێ، چۆن ئێمە بتوانین ئەندامانی لیژنەکانی خۆمان زیاد بکەین و چۆن بتوانین ئەو لیژنانە بخەینە گڕ بە شێوەیەکی وا کە بتوانێ لەگەڵ ئەو بارودۆخەی کە ئێستا هەمانە بگونجێ؟ چونکە ئێوەش وابزانم کۆکن لەگەڵ ئێمە ئەگەر مرۆڤ ئیشوکاری لیژنەکان هەڵبسەنگێنێ بە شێوەیەکی گشتی ئەوەیە کە ئێستا من باسم کرد، ئێستاش دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە، کاک فرەنسۆ ئەگەر جەنابت قسەیەکت هەیە فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

دێری کۆتایی لە خاڵی (٥)م دەڵێت: (مع مراعاة الخصوصیة القومیة للاشوریین والترکمان والعرب وغیرهم) واتە وشەی کەمەنەتەوایەتییەکانی پێویست نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لای خۆتان تۆماری کەن بۆ ئەوەی دایڕێژنەوە، ئێستا دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە، کاک ئازاد فەرموو.

**بەڕێز ئازاد عەبدولقادر قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە خاڵی تێکەڵاو بوونی لیژنەکان، من لەگەڵ ئەوەدا نیم کە لیژنەی پێشمەرگە ولیژنەی ناوخۆ ببێت بە یەک لیژنە، چونکە پێشمەرگە تاجی سەری هەموومانە و، ئەم پەرلەمان وئەم حکومەتە لە خەباتی ئەوان وخەباتی میللەتەکەماندا هاتووەتە کایەوە، ئەگەر تێکەڵ بوونەکە بەهۆی ئەوەیە کە چالاکیان نەبووە، وابزانم کۆبوونەوەکانی خۆی بە رێکوپێکی کردووە و، سەردانەکانی خۆی بەناو سوپا ولیواکاندا کردووە و، سەردانی وەزارەتی پێشمەرگەشمان کردووە و، ئەو خاڵانەی پەرلەمانیش کە لەلایەن وەزارەتەوە جێبەجێ نەکراوە دەسنیشانمان کردووە و، پشکەش سەرۆکایەتی پەرلەمانمان کردووە، هەروەها تێبینیەکی تریشم هەیە کە زۆربەی زۆری

ئەندامانی لیژنەی پێشمەرگە دانیشتووی هەولێرن وتەنها یەک ئەندامیان نەبێت دانیشتووی دهۆکە، پاشان ئیشوکاری لیژنەی ناوخۆ زۆر جیاوازە لە ئیشوکارەکانی لیژنەی پێشمەرگە، بە رای من هەر بۆ پیرۆزی ناوی پێشمەرگە ناوی لیژنەی پێشمەرگە بهێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک یۆنادم فەرموو.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا / وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بڕگە(٤)ی لیژنەی پیشەسازی و کاروباری کشتوکاڵی وئاودێریدا، وادیارە کە تەنها گرنگی بە کشتوکاڵی دراوە و سامانی ئاژەڵییان پەراندووە، کە گرنگترین سامانە لە کوردستاندا، جا چ ئاژەڵ بێت، چ پەلەوەر بێت، چونکە سامانی ئاژەڵ بنەمایەکە لە بنەماکانی ئابووری کوردستان، دووەم، منیش پشتگیری لە پێشنیارەکەی کاک فرەنسۆ دەکەم، سەبارەت بە لیژنەکانیش (توزع الرئاسە بین لجان)نم پێ باشە، کەواتە هەر وەکو خۆی بهێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئەحمەد سالار فەرموو.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو کارەی دەربارەی یەکانگیر کردنی لیژنەکان رووی پەسەند وچاک وباشی تیادایە لە کۆکردنەوەی تواناکان و راپەراندنی بەرەو باشتری تیایە، لە کاتێکدا کە زیاتر هەوڵی ئەوە بدرێ ئەوانە یەکانگیر بکرێن کە خاوەن رەگەزن، هاوکارن و هاومەبەستن، واتە هاوبیروبۆچوونن، ئێمە وەکو لیژنەی رۆشنبیری ولەگەڵ پەیوەندییەکاندا بە لیژنەی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامیش کە ئەو لیژنەیە لەبەر ئەوەی ئەرکێکی زۆر تایبەتی هەیە، بۆیە تکامان وایە ئەگەر بە سەربەخۆی بهێنێتەوە، بەڵام بۆ یەکانگیری پەیوەندییەکان لەگەڵ رۆشنبیریدا کارێکی گونجا و ولەبارە، چونکە هاوئەرک وهاومەبەستن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەڵێین ئێمە نکوڵی لەوە ناکەین لیژنەی کاروباری ئەوقاف یەکێ لە ئەرکەکانی ئەرکە رۆشنبیریەکان بریتیە لەلایەنی ئەو کەلەپورە گران بەها مەزنەی کە ئایینی پیرۆزی ئیسلام کە گەنجینەیەکی ١٤١٩ساڵەی کۆبۆتەوە، چەشنەها و هەمەجۆرە زانستی ئایینی ئیسلامی پیرۆزی تیایە، ئەتوانم بڵێم لایەنێکی هەرەگەورەی رۆشنبیریە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەرکەکەیان زۆرە، بۆیە پێویستە بەسەر بەخۆیی خۆیان ئەکات و، وەکو لیژنەیەک بهێننەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئەمین مەولوود فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود ئەمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پشتگیری لە پێشنیارەکەی کاک ئەحمەد سالار دەکەم بۆ تێکەڵاو کردنی لیژنەکان، بەراستی شتێکی بەجێیە، سەبارەت بە لیژنەکانی ترەوە، ئەگەر تەماشا کەین دەبینین هەر یەکێک لەوانە راڤەیەکی زۆری بەدواوەدا هاتووە، پێموایە بەشێکی زۆر لەو لیژنانە پێویست بەو راڤەیە ناکەن، کە وتمان لیژنەی (شۆونی قانوونی) ئەوە لیژنەیەکی یاسایی دەگرێتەوە، چونکە لەوانەیە دیاری کردنی ئەو شتانە لە دوا رۆژدا ببێتە هۆی ئەوەی کە کێشە دروست بکات، ئەمە لە ئەرکەکانی ئەوها نەهاتووە، یاخود شتێکی وا بەرای من لە هەندێ شوێندا کە زۆر روونە پێویست ناکات ئەو راڤانە باس بکرێن، تەنها لە لیژنەی سکالا نەبێت، چونکە لیژنەیەکی تازەیە و، گرنگییەکەشی دیاری بکرێت، سەبارەت بە برگە(٨)لیژنەی سکالا کە دەڵێت:(یحیل الرئیس الشکاوي والعرائض الواردة الی المجلس الی لجنة الشکاوي للنظر فیها بعد تسجیلها في سجل المجلس)، بە رای من دەستەواژەی(بعد تسجیلها ) زیادە، کە وتمان (الواردة الی المجلس)واتە شتێکی رۆتینییە، کەواتە لە هەمان برگە(٨)دا تۆمار بکرێت، ئەگەر تەماشای(ج)بکەین ئەڵێت:(علی اللجنة تنظیم جدول شهري خاص تضمن خلاصة الشکاوي المنظورة ونتیجتها)، ئەمەش لە رووی زمانەوە ئەگەر دەسکاری بکرێت(علی اللجنة تنظیم جدول شهري خاص یتضمن خلاصة الشکاوي المنظورة ونتائجها)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلا موحسن فەرموو.

**بەڕێز مەلا موحسین خالید موستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

باسی هەموو لیژنەکان کرا، هەندێک لە لیژنەکان تایبەت مەندێتی خۆیان هەیە و، هەندێکیشیان ئێمە بەلامانەوە پەسندە کە تێکەڵ بکرێت و، سوودی لێ وەرنەگیرێت، بەڵام کارێ نەکرێت کە تایبەتمەندێتی خۆیان لە دەست بدەن، سەبارەت بەو کەموکوریانەی کە سەرۆکی ئەنجومەن باسی کرد، ئێمە وامان پێ باش بوو کە کەموکورتی لیژنەکان دەسنیشان بکرابایە و، رێنماییان بکات بۆ ئەوەی بتوانن زیاتر پابەندی ئیشوکارەکانی خۆیان بکەن، ئەگەر هەڵەیەکیش هەبێت،یاخود کەموکورتییەکیش هەبێت بە کەم وکوریەکانی خۆیاندا بچنەوە و، لە پەرلەماندا بنەمایەک هەیە لیژنەی زۆر ئیشەکەی کەم دەبێت، واتە لیژنەیەک کە ئەندامی زۆر بێت، وەکو پێویست ناتوانێت ئیشوکارەکانی بەرێوە بەرێت، بەڵام ئەندامی کەم سەرکەووتو تر دەبێت، لیژنەی ئێمەش وەکو لیژنەی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی نەدەبوو لە(٥)ئەندام کەمتر بێت، زۆر سوپاسی راو بۆچوونی کاک ئەحمەد سالار دەکەین، دەربارەی پەیوەندییەکی تایبەتی لە نێواني کلتور و رۆشنبیری ئیسلامیدا لەگەڵ لیژنەی رۆشنبیریدا، چونکە شتێکی بەردەوامە، کاتێ خۆی ئێمە یەکێک لە

ئەندامانی لیژنەکەمان هەڵبژارد بۆ ئەوەی ببێت بە ئەندام لە لیژنەی ڕۆشنبیریدا، بۆ زیاتر هاوکاری و هەماهەنگی لە نێوان هەردوو لیژنەکەدا، بەڵام زۆربەی ئیشەکانمان وا داوا دەکەن کەوا لیژنەی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی بەسەر بەخۆیی بمێننەوە، هەروەها بە پەسەندی دەزانین کەوا لیژنەی پێشمەرگەش بە سەربەخۆیی بمێنێتەوە، چونکە ئەو لیژنەیەش تایبەتمەندێتی خۆی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە تێکەڵ کردنی لیژنەکان دەکەم، بەڵام بە مەرجێک کارەکانیان لە یەکتر دوور نەبن، سەبارەت بە لیژنەی پێشمەرگە وئەوقافیش پێمان باشە کە بە سەربەخۆیی بمێننەوە، چونکە ئەو دوو لیژنەیە تایبەتمەندێتی خۆیان هەیە، زۆربەی ئەندامانیش ئەوەیان پێ باشە کە ئەم دوو لیژنەیە وەکو خۆیان بمێننەوە. چەند تێبینیەکی تریشم هەیە، سەبارەت بە برگە(٢) (سهوا تنظر بعد نظر) هاتووە دەستەواژەکە زۆر ناڕێکە ولە برگە(٧.٤.٢)دا هەندێک کوردستانی عێراق ئەڵێت و، هەندێکیش ئەقلیم، خۆی بە یەک نهج بڕیارەکە دابڕێژرێ باشە ئەوە لە پێشا پێناسەی (اقلیم)مان کردووە، ئەگەر ئەو دەستەواژانە ڕێکخرێن باشترە. لە برگە(هـ، و)دا(السلطە التنفیذیە)هاتووە کە ڕەنگە(١٥)جار لە پێڕەوەکەدا هاتبێت، بۆ چی(السلطە التنفیذیە)ناوبنرێت و، نەکرێتە ئەنجوومەنی وەزیران؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلا تەڵحە فەرموو.

**بەڕێز مەلا تەڵحە سەعید قەرەنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با لیژنەکانی تر هەموو تێکەڵ بکرێن، بەڵام لیژنەی ئەوقاف و لیژنەی پێشمەرگە با بەسەربەخۆیی بمێننەوە، چونکە ئەو دوو لیژنەیە تایبەتمەندێتی خۆیان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلا تەها فەرموو.

**بەڕێز مەلاتەها محەمەد تەها:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لە قسەکانی بەڕێز مەلا موحسین دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ڕەجەب فەرموو.

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەکانی پەرلەمان وەکو دەڵێن (داینەمۆ)ی پەرلەمانن، چەند ئیش بکەن ئەوەندە پەرلەمانی پێی بە ئیش دەکەوێت و، چەند ژمارەی لیژنەکان زۆر بێت ئەوەندە زیاتر خزمەت بە میللەتی ئێمە دەگەیەنێت و، دەتوانین زیاتر چاودێری دەزگای راپەڕاندن بکەین، منیش پشتگیری تێکەڵ کردنی لیژنەکان دەکەم، چەند ئەم لیژنانە تێکەڵ بکرێن پتر خزمەت بە میللەتی ئێمە دەگەیەنن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک سەعید فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوەدام کە لیژنەکان تێکەڵ بکرێن، من نموونەیەک دەخەمە پێش چاوی ئێوەی بەڕێزەوە، پەرلەمانی لوبنانی پێکهاتووە لە(١٢٨)ئەندام بەرامبەر بە(١٣)لیژنە، جا ئەم (١٢٨)ئەندامە دابەشی ئەو (١٣)لیژنەیە بکەن، کۆی ئەندامانی هەر لیژنەیەک دەکاتە(٧)ئەندام ونیو، پەرلەمانی تورکی لە(٥٥٠) ئەندام پێکهاتووە، بەرامبەر بە (١٦)لیژنە و، ئەو(٥٥٠)ئەندامە دابەشی ئەو(١٦)لیژنەیە بکەین، هەر لیژنەیەک(٣١)ئەندامی بەردەکەوێت، پەرلەمانی سووری لە(٢٥٠)ئەندام پێکهاتووە بەرامبەر بە(٨)لیژنە، هەر لیژنەیەک (٣٠)ئەندامی بەر دەکەوێت، پەرلەمانی کوردستانی عێراقیش لە(١٠٥)ئەندام پێکهاتووە بەرامبەر بە(١٤)لیژنە، کە هەر لیژنەیەک(٧) ئەندام ونیوی بەردەکەوێت، بەڵام ئێستاکە کە(٦٠)ئەندامین، هەر لیژنەیەک (٤)ئەندام و نیوی بەر دەکەوێت، ئێستاش پێشنیاری دانانی لیژنەی سکاڵا و مافی مرۆڤ کراوە، واتە هەر لیژنەیەک(٣)ئەندام ونیوی بەر دەکەوێت، بۆیە من بە پێویستی دەزانم کەوا ژمارەی لیژنەکان کەم بکرێتەوە، ئەمەش لە دەسەڵاتی پەرلەماندایە، وەکو دەبینین کەوا زۆربەی زۆری ئەندامان لەگەڵ ئەوەدان کەوا لیژنەکان تێکەڵ بکرێن، تەنها ئەوانەی کە سەرۆک لیژنەن، یاخود ئەندامی لیژنەکانن پێیان خۆش نییە کەوا لیژنەکان تێکەڵ بکرێن، من پێشنیارێکم هەیە ئەویش ئەوەیە پاش ئەوەی کە ئەو دوو لیژنەیەشی دەخەینە سەر کۆیی لیژنەکان دەکاتە(١٦)لیژنە و پاش تێکەڵ کردنی ئەو لیژنانەش کۆی لیژنەکان دەکاتە(٨)لیژنە، لەو لیژنانە(١٦)کەس هەڵبژێردرێن وماوەی نیو سەعاتێکیان پێبدرێت و،(٨)لیژنەکەشیان لە بەرامبەر دابنرێت و، پاشان دانیشن و پێک بێن، رای کۆتایش رای پەرلەمانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئەکرەم فەرموو.

**بەڕێز ئەکرەم عیزەت نجیب:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینییەکم سەبارەت بەو لیژنانەوە هەیە، بەتایبەتی لیژنەی کشتوکاڵ و پیشەسازی، ئێمە وای بە باش دەزانین کە ئەو دوو لیژنەیە لە یەک جیا بکرێنەوە، چونکە لیژنەی کشتوکاڵی ئیشی تایبەتی خۆی هەیە، بەرای من ئەم لیژنەیە بە سەربەخۆیی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێخ یەحیا فەرموو.

**بەڕێز یەحیا عەبدولکەریم بەرزنجی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە شێوەیەکی گشتی قسەکان کران دەربارەی تێکەڵ بوونی لیژنەکان، منیش هەر وەکو هێژایان تێکەڵ کردنی هەندێ لەو لیژنانە بە باش دەزانم، بەڵام نەک بەو شێوەیەی کە هاتووە، جا تێبینیەکم هەیە لەسەر لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان، کە تێکەڵ کراوە لەگەڵ لیژنەی خزمەتگوزاری گشتی و تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی، بەراستی ئیشی ئەو دوو لیژنەیە ئەوەندە لەیەکەوە نزیک نین، جا بەرای من لەگەڵ لیژنەی پیشەسازی تێکەڵ بکرێن باشترە، چونکە ئەو دوو لیژنەیە ئیشەکانیان لەیەکەوە نزیکن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک مامند ئاغا فەرموو.

**بەڕێز مامەند محەمەد ئەمین:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

منیش پشتیوانی لە تێکەڵ کردنی لیژنەکان دەکەم، چونکە ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان زیاتر بوون و جۆری ئیشوکار جۆرێکی تر بوو، بەڵام ئێستا ژمارەی ئەندامان کەمترە و، هەر ئەندامێک لە دوو لیژنەدا ئیش دەکات، بێ ئەوەی کە لە لیژنەی دەرکراوەکانیش ئیش دەکات، کەواتە لە(٣)لیژنەدا ئەندامە،وای لێهاتووە ئەو ئەندامە ماوەی نابێت بۆ ئیشوکارە تایبەتیەکانی خۆی، بۆیە پشتگیری لە تێکەڵ کردنی لیژنەکان دەکەین، بەڵام تایبەتمەندێتی هەندێ لە لیژنەکان با رەچاو بکرێت، ئەویش وەکو لیژنەی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی، چونکە ئەو زانستە ئاینیانەی کە ئەوان شارەزاییان لێی هەیە، لە مامۆستا ئاینیەکان زیاتر کەم کەس هەیە زانیاری لەو بارەوە هەبێت، جا بۆیە دەبێت هەر ئەوان خۆیان بە ئیشوکاری ئەو لیژنەیە هەستن، سەبارەت بە لیژنەی یاساش هەر هەمان شتیشە، لیژنەی پێشمەرگەش تایبەتمەندێتی خۆی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێخ جەعفەر فەرموو:

**بەڕێز جـــەعـــفـــەر عـــەلی بەرزنجی:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومــــەن.**

تێبینیەکەی منیش هەر لە سەر تێکەڵ کردنی لیژنەی پێشمەرگە وناوخۆیە، کەوا ئەو دوو لیژنەیە تێکەڵ نەکرێن، چونکە لیژنەی پێشمەرگە لەبەر ناوی پێشمەرگە دەبێت تایبەتمەندێتییەکی پێ بدرێت، ئێمە(٧)ئەندامین لە لیژنەی پێشمەرگە و، (٦)ئەندامان لە هەولێر نیشتەجێین، سەبارەت بە لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری، لیژنەیەکی زۆر بەرفراوانە هەر لەبەرهەمی کشتووکاڵیەوە تا دارستـــان و بەرووبومی ئاژەڵی و ئاودێری دگـرێتـەوە، جـا لەوانەشـە زۆر پەیوەندیشیـان بە پیشەسازییەوە نەبێت، ئەگەر مەبەستیشتان پیشەسازی خواردەمەنییە(الصناعات الغذائیە)بێت، بەڵام ئەوە بەشێکی جیاوازە، سوپاس.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــــومــــەن:**

سوپاس، حەز دەکەم ئەوەتان لەلا روون بێت کە تێکەڵ کردنی لیژنەکان مانای ئەوە نییە کەوا رۆڵی ئەو لیژنەیە نامێنێت، لە هەر لیژنەیەک چەند ئەندامێکی پسپۆری تیادا دەبێت، بۆ نموونە لیژنەی کشتوکاڵ وپیشەسازی، چەند ئەندامێکی پسپۆڕن لەبواری کشتوکاڵ و ئەوانی تر پسپۆڕ دەبن لەبواری پیشەسازی، هەروەها سەبارەت بە لیژنەکانی تر، کەواتە هیچ لە ناوەڕۆکی بابەتەکە ناگۆڕدرێت، ناوەکانیشیان ماوەتەوە، سەبارەت بە لیژنەی پێشمەرگە وناوخۆش، ناوی پێشمەرگە هەر ماوە، بەڵام تەنها ناوی لیژنەی ناوخۆی خراوەتە سەر، دەتوانن هەر وەکو پێشان خزمەت بە پێشمەرگە بگەیەنن و، هیچ لە بەهای ناوی پێشمەرگە کەم ناکاتەوە، تەنها ئەوەی ئەندامانی ئەو دوو لیژنەیە لەمەو پاش بەیەکەوە ئیش دەکەن، تەنها دەبێت ئێمە ئەو بارەی کە ئێستا تیایداین رەچاوی بکەین، کاک شێخ عەفان فەرموو.

**بەڕێز عـــەفـــان عـــوســـمـــان نەقـشـبـەندیی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــەن.**

ئێمە لەسەرەتای دامەزراندنی پەرلەمـاندا تیکەڵ بوونی لیژنەکانمان پێشنیار کرد، بەڵام لەبەر ئەوەی هەندێ لە ئەندامە بەڕێزەکان لەگەڵ ئەوە نەبوون کەوا لیژنەکان تێکەڵ بکرێن پێشنیارەکە پەسەند نەکرا، ئەویش بە هۆی ئەوەی کە ئیشی ئەو دوو لیژنەیەی کە تێکەڵ دەکرێن لە یەک دوورن و، کـۆمـەڵێک هۆیان دروست کـرد، ئەویش لەبەر ئەوەی لیـژنەی پەروەردە تێکەڵی ئیشوکارەکانی لیژنەی خوێندنی باڵا نەبێت، هەروەها لیژنەی خوێندنی باڵاش تێکەڵ نەبێت بە ئیشوکارەکانی لیژنەی پەروەردە، جا من پشتگیری لەو تێکەڵ بوونە دەکەم، بەڵام تێبینییەکم هەیە ئەویش ئەوەیە کە لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا پێویستی بە راڤەیەکی زیاتر هەیە، هەروەها لیژنەی سکاڵا زۆر لە ئەرکەکانی لیژنەی پەروەردە کەم دەکاتەوە، چونکە لەم ماوەیەدا تاوەکو ئێستا(٢٦٠)سکاڵا بە لیژنەکەمان گەشتووە و، (٢٠٠)سکاڵایان وەڵام دراونەتەوە، ئێمە ئەو تێکەڵ بوونەمان پێ باشە، بەڵام تەنها پێشنیارێکم هەیە ئەویش ئەوەیە کە خەڵکانێکی لێهاتوو

بۆ ئەو لیژنانە دەسنیشان بکرێت، چونکە ئەرکی لیژنەکان زیاتر دەبێت و، بەتایبەتیش لیژنەی پەروەردە، چونکە پەروەردە لە کوردستاندا کێشەی زۆرە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک سیروان فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە قسەکانی بەڕێز کاک ئازاد دەکەم سەبارەت بە لیژنەی پێشمەرگە، هەروەها پشتگیری لە قسەکانی شێخ عەفانیش دەکەم سەبارەت بە لیژنەی پەروەردە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ تێکەڵ کردنی لیژنەکاندام، بەڵام تێبینیەکم هەیە لەسەر تێکەڵ کردنی لیژنەی خزمەت گوزاری گشتی و تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی لەگەڵ لیژنەی ئاوەدانکردنەوە، خۆی ئەو لیژنەیە لە بنەرەتەوە دوو لیژنەیە تێکەڵ بە یەک کراون،(تنظر في ما يتعلق بشؤون البلديات والمصايف والأثار وخدمات الماء والمجاري والتلفونات والنقل والمواصلات وكذلك مؤسسات الصحة والضمان الاجتماعي ورعاية الامومة والطفولة)، من پێشنیار دەکەم کەوا لیژنەیەکی تایبەتی هەبێت بە ناوی لیژنەی شەهید ، چونکە دەزگای شەهید، دەزگایەکە ودەبێت لیژنەیەکی تایبەتی خۆی هەبێت، یاخود لەگەڵ لیژنەی پێشمەرگەدا تێکەڵی کەن، نەوەک لەگەڵ لیژنەی خزمەتگوزاری، یا خێزانی شەهیدەکان و تەندروستی تێکەڵ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، مامۆستا پاشان چاکیان دەکەینەوە، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ تێکەڵ کردنی لیژنەکاندام و بەشتێکی زۆر باشی دادەنێم، ئەگەر تەماشای (مجلس وطني)عێراق بکەین دەبینین تەنها (٩)لیژنەی هەیە، کە لیژنەیەکی بۆ دارایی وئابوورییە ولیژنەیەکیشی بۆ یاسایە، ئەو لیژنەکانی تر بۆ هەموو وەزارەتەکانە، پەرلەمانی سووری(٨)لیژنەی هەیە، لیژنەیەکی بۆ یاسایە ولیژنەیەکی بۆ ئابووری و بازرگانییە، ئەو لیژنەکانی تریشی بۆ وەزارەتەکانی ترە، سەبارەت بە لیژنەی پێشمەرگە و ناوخۆ بەراستی ئەو دوو لیژنەیە کاروباریان زۆر لە یەکەوە نزیکە و، یەک مەبستیان هەیە و، هەردووکیان ئەرکی ئەوەیان لەسەر شانە کە ئەم میللەتە بپارێزن و، زۆربەی ئەوانەی کە ئێستا ئاسایشن کە ئێستا دەزگایەکە سەر بە وەزارەتی

ناوخۆییە پێشمەرگە بوونە و، کەسیش ناتوانێ حاشا لەو شتە بکات، من پێشنیارر دەکەم کە تێکەڵ بوونی ئەم دوو لیژنەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە، هەروەها پێشنیار دەکەم کەوا لیژنەی مافی مرۆڤ تێکەڵ بە لیژنەی پەیوەندییەکان بکرێت، چونکە لیژنەی پەیوەندییەکان بەرامبەر بە وەزارەتی مرۆڤایەتییە و، کاری وەزارەتی مرۆڤایەتیش پەیوەندیی بە مافی مرۆڤەوە هەیە، جا با لیژنەی مافی مرۆڤ تێکەڵ بەو لیژنەیە بکرێت و، ئەگەر لیژنەی مافی مرۆڤەکە تەنها بۆ ناوەوەی کوردستانە ئەوە با لەگەڵ لیژنەی ساکالا تێکەڵ بکرێت، بەڵام بە رای من با بە مافی مرۆڤی دەرەوە پەیوەندی هەبێت، بۆ ئەوەی زیاتر مافمان لە دەرەوە بچەسپێت.

ئەگەر لیژنەی پیشەسازی و ئاوەدان کردنەوە بکرێتە یەک لیژنەو پێکەوە بن بەشتێکی باشی دەبینم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک حەمید سەلیم میران فەرموو.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

........ وە لەوەی دوایی کە (٢٥)ی مانگ وەرمانگرتووە لیژنەی پیشەسازی لەگەڵ لیژنەی کشتوکاڵ کراوە بەیەک و ئاوەدانکردنەوەش لەگەڵ لیژنەی تەندروستی کراوە بەیەک، بەرای من ئەوەی پێشو باشترە، واتە لیژنەی پیشەسازی لەگەڵ ئاوەدانکردنەوە بکرێ بەیەک، رای کۆتاییش رای بەڕێزتانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کانەبی ئاغا فەرموو.

**بەڕێز کانەبی عەزیز دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی ناوخۆ رای خۆمان بە نووسین داوە بە سەرۆکایەتی، وابزانم لای کاک ئەحمەد سالار بوو، ئێمە پشتگیری تێکەڵ کردنی لیژنەی ناوخۆو لیژنەی کاروباری پێشمەرگە ناکەین، چونکە ئیشوکاریان بەتەواوی لێک جیاوازە، پێشنیار دەکەم گفتوگۆکردنی ئەم بابەتە دوا بخرێ و، لیژنەیەکی تر لە سەرۆکی لیژنەکان پێک بهێنرێت بۆ ئەوەی دەرسی پێکهاتەی هەموو لیژنەکان بکەن تاکو پرۆژەیەکی رێکوپێکتر ئامادە بکرێ و لە دانیشتنەکانی ئایندەدا بخرێتەروو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاک شەفیق فەرموو.

**بەڕێز شەفیق ئەمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبارەی لیژنەی خزمەتگوزاری بەراستی زۆر دوورە لەگەڵ کاروباری تەندروستی و کۆمەڵایەتی،

خزمەتگوزاری گشتی پێنج شەش وەزارەتە، هەر خۆی وەزارەتی تەندروستی کەرتێکی زۆر گەورەیە، بۆیە رای من ئەوەیە هەر یەکەو بۆ خۆی جیا بکرێتەوە وەکو یەکەم جاری لێبێتەوە، ئەوە یەک.

دوو، دەربارەی لیژنەی سکالاّ(الشکاوي) ئەوە هەر لە بنەڕەتەوە زیادە، چونکە هەر لیژنەیەک لە پەرلەمان لە رێگای فەرمانگەکانەوە پەیوەندیی هەیە بە خەڵکەوە، با دەسەڵات بە لیژنەکان بدرێن تاکو سکالاّی هاولاتیان وەربگرن، دوای گفتوگۆ لەسەر کردنی لە لیژنەی پەیوەندیدار بەرز بکرێتەوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ تێکەڵ کردنی لیژنەکانم، هەرچەندە لیژنەکان چڕ بکرێنەوە بۆ پەرلەمان زەرەری نییە، بۆئەوەی لیژنەکان چالاک تر بن و ئیشوکارەکانیان باشتر بن بۆ ئەوەش پێشنیار دەکەم کە ئەوانەی دەبنە کارگێڕ (مقرر) لەناو هەولێر بن و، یان سەرۆک یان جێگرەکەی یەکێکیان لە هەولێر بن بۆئەوەی ئەگەر سەرۆکیش لە دهۆک بێ جێگرەکەی بەکاروباری ئەو هەڵسێ لەکاتی ئامادەنەبوونی، ئەو بابەتە دەبێ چارە بکرێ.

ئەوەی پەیوەستە بە لیژنەی پەیوەندییەکان و رۆشنبیری و ئەوقاف، سەبارەت بە لیژنەی ئەوقاف بەرای من دەبێ سەربەخۆ بمێنێت، چونکە ئەرک و کارێکی تایبەتە و دەبێ لە کۆمەڵگای ئێمەدا گرنگیەکی تایبەت بە ئاینی ئیسلامی پیرۆز بدرێ.

پشتگیری پێشنیاری بەڕێز سەعید یەعقوبی دەکەم کە ئەبێ لیژنەیەک بۆ مافی مرۆڤ لە پەرلەمان هەبێ، وابزانم ئەوەش بە پرۆژە پێشکەش کراوە بە تایبەتی بە بۆنەی یادی (٥٠) ساڵەی جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ و وتەکەی بەڕێز کاک مەسعود بارزانی کە لە دانیشتنی رۆژی (٣/٩) پێشکەشی کرد، لەبەر ئەم تایبەتمەندیەتیەی، یان لەگەڵ لیژنەی پەیوەندییەکان و رۆشنبیری یەک بخرێ هەر وەک لە پێشنیارەکەی کاک جەمیل هاتووە، من پشتگیری دەکەم، یان لەگەڵ لیژنەی سکالاّ(الشکاوي) یەک بخرێ پێی بگوترێ (لیژنەی سکالاّو مافی مرۆڤ) ئەویش لەیەکەوە نزیکن.

من لەگەڵ پێشنیارەکەی کاک فرەنسۆم کە وشەی (اقلیات) بەکارنەهێنین بۆ ئەوەی رەچاوی هەستی نەتەوەکانی تر بکەین، چونکە ئێمە زۆر گرفتمان لەم ناونانە هەبووە، حەق نییە بەکاری بهێنین، ئەوانە پێشنیارەکانم بوون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. سەبارەت بە پرۆژەی پێکهێنانی لیژنەی مافی مرۆڤ، بەراستی پێشنیارەکە لە جێگای

خۆیەتی، ئەو رۆژەش لێرە خوێندرایەوە کە لەلایەن هەندێ برادەرەوە پێشنیار کراوەو کە ناوەکانیان دەخوێندرێتەوە، ئێمە بە باشی دەزانین لیژنەی مافی مرۆڤ جێگیر بکرێ، ئەوە یەک.

دوو، لەگەڵ نزیکترین لیژنە بەپێی سروشتی کارەکەیان یەک بخرێن، کە یەکێش دەخرێ لەبەر هیچ شتێک نییە تەنها لەبەرئەوەیە کە باری ئێمە بەرگەی ئەو هەموو لیژنەیە ناگرێت، من دیسان دووپاتی دەکەمەوە یەک کردنی هەر لیژنەیەک هیچ لە ئەرکی لیژنەکە ناگۆڕێ، تەنها بوار فراوانتر دەبێ بۆ ئەوەی ئەندامەکان زیاتر کۆببنەوە لەگەڵ یەکدا و، هەریەک ئیشی خۆی دەبینێ، لەوە زیاتر هیچ شتێکی تر ناگۆڕێ لە بابەتەکە، هەریەک بەناوی خۆی دەمێنێتەوەو، ئەندامانی دەمێنن هەرکەس ئیشوکاری خۆی دەکات، تەنها ئەوەیە باشە ئەگەر یەکێ بچێتە لیژنەیەک ببینێ دە، دووانزە ئەندام کۆبوونەتەوە، یان پێنج شەش ئەندام کۆبوونەتەوە کامیان باشترە؟. لە راستیدا جیاوازییەکی زۆری هەیە، هەر بۆ هەیبەتی لیژنەکە کاتێ خەڵک دەیبینێ، بەڵام تۆ دەچی بە چوار پێنج کەس دادەنیشی دووشی ئامادەنەبووە ئەمە کەی بە لیژنە دادەنرێ؟، بارودۆخی ئێمە ئێستا وایە، لەوانەیە لە داهاتوو جارێکی تر چاوی پێبخشێنینەوە بەپێی ژمارەی ئەندامان زیادی بکەینەوە، زیاتر ئەمانەوێ لیژنەکانی پەرلەمان چالاک تر بکەین، دیسان دووپاتی دەکەمەوە لیژنەیەک (١٢ــ ١٠) کەس بێ جیاوازی هەیە لەگەڵ لیژنەیەک کە (٣، ٥) کەس بێ جیاوازییەکی وەک ئاسمان و زەوی هەیە، ئەگەر ئەمە لەبەرچاو بگیرێ و، تایبەتمەندی هەندێ لیژنەش لەبەرچاو بگیرێ ئەوە بابەتێکە جێگای گفتوگۆیە، کاک یوسف میران فەرموو.

**بەڕێز یوسف جەمیل میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لەگەڵ ئەو تێکەڵکردنەم بە مەرجێ گونجاو بێ، برادەران زۆر باسی لیژنەکەی ئێمەیان کرد، تەنها لێرە دوو سێ خاڵ هەبوو کە قسەی لەسەر بکەم، لیژنەی ئێمە لەگەڵ لیژنەی خزمەتگوزاری و لیژنەی تەندروستی تێکەڵ کراوە کە سێ چوار وەزارەت دەگرێتە خۆی، ژمارەمان نزیکەی دەگاتە (١٧ــ ١٨) کەس، کاری زۆر دەبێ زەحمەتە بەو (١٧، ١٨) کەسە بڕوا بەڕێوە، هەروەکو برادەران پێشنیاریان کرد من بەباشی دەزانم لیژنەی ئاوەدانکردنەوە لەگەڵ لیژنەی پیشەسازی یەک بخرێ، چونکە لەگەڵ یەکتردا دەگونجێن، سوپاس.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێش ئەوەی قسە بکەم من بەش بە حاڵی خۆم لەگەڵ ئەوەم کە تێکەڵکردنی لیژنەکان بکرێ، بەڵام لەسەر تێکەڵ کردنەکان من هەندێ تێبینیم هەیە.

سەبارەت بە لیژنەی پێشمەرگەوە من پێموایە ئێمە وەکو گەلی کوردستان، وەکو پەرلەمان وەکو حکومەتی هەرێم هێشتا پێویستیمان بەو پێشمەرگە نەبەزانە هەیە کە گیانی خۆیان دەکەن بە قوربانی بۆیە من بەباشی دەزانم ئەو لیژنەیە هەر بمێنێتەوە و بەتەنها بێ، لەگەڵ رێزم بۆ کاک

جەمیل باسی تەنها یەک وەزیری کرد کە گوایە ئەو تەنها پێشمەرگە بووە لە کابینەی یەکەم و دووەم جگە لە سەرۆکی پەرلەمان کە ئەویش پێشمەرگە بووە سەرۆکی لیستی پارتی لە ئەنجوومەنی وەزیران کاک د.رۆژ کە ئەو کات جێگری سەرۆک وەزیران بووە من خۆم یەکێ بووم لەوانە هەروەها مامۆستا مەلا محەمەد کە وەزیری ئەوقاف بوو، کاک قادر جەباری کە وەزیری داد بو،و هەروەها کۆمەڵێ لە ئەندامانی تری کابینە وەک کەمال کەرکوکی، بارزان مەلا خالد، ئەحمەد بریفکانی و ، سەلاح دەلۆ، شێخەلا ئەوانە هەر هەمووی پێشمەرگە بوون لە کابینەی یەکەم و دووەم.

سەبارەت بە لیژنەکانی تر من پێم باشە لیژنەی پیشەسازی و ئاوەدانکردنەوە یەک لیژنە بێ پێی بگوترێ لیژنەی پیشەسازی و نەخشەدانان و ئاوەدانکردنەوە، لیژنەی پەیوەندییەکان و رۆشنبیری یەک لیژنە بێ، لیژنەی پەرەوەردە و خوێندنی بالا ناوەکەی راست بکرێتەوە، چونکە لێرە نووسراوە لیژنەی پەرەوەردە و خوێندن، بکرێ بە لیژنەی پەروەردەو خوێندنی بالا، ئەگەر ئەزیەت نەبێ سەیری بکەن، دارشتنەوەکەی بەم شێوەیە دەبێ: (تنظر شؤون التربية والتعليم العالي في كوردستان العراق) دوایی هاتووە (كذلك تنظر في شؤون التعليم العالي) ئەوە لابرێ، چونکە ئەوە زیاد دەبێ، واتە دابرێژرێتەوە، بە دیدی من لیژنەی سکالا (الشكاوي) نەمێنێ، دابەش بکرێتە سەر لیژنەکانی تر، بەلام لەبەرئەوەی کە بەرێزتان ئەو پرۆژەی کە کۆمەڵێ لە ئێمە ئیمزامان کردووە سەبارەت بە لیژنەی مافی مرۆڤ من وای بۆ دەچم کە لیژنەی مافی مرۆڤ هەر خۆشی لیژنەی سکالاشە لیژنەی (عرائض)یشە ئەگەر ئەوە لەگەڵ لیژنەی مافی مرۆڤ یەک بخرێ، چونکە کێ گلەیی دەکات؟. ئەو کەسەی کە غەدری لێ دەکرێ، لەبەرئەوە سکالا لەو لیژنەیە بێ باشترە (لیژنەی مافی مرۆڤ)، ئینجا سکالا زیاد بکرێ یان نەکرێ ئەگەر زیادیش نەکرێ باشترە خۆی (شکاوی و عرائض) لەناو لیژنەی مافی مرۆڤ بێ و، لیژنەی کاروباری کۆمەلایەتی و لیژنەی خزمەتگوزاری یەک بخری و تەندروستی لێ دەربکرێ، بگوترێ لیژنەی کاروباری کۆمەلایەتی و خزمەتگوزاری ئەوە کاتی تر من پێم باشە وەکو خۆیان بمێننەوە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئەم پێشنیارەتمان بۆ بنووسی سوپاست دەکەین. د. رزگار فەرموو.

**بەرێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ دامەزراندنی هەر لیژنەیەک کۆمەڵێک مەرج و خاسیەت هەنە دەبێ لەبەرچاو بگیرێن، وەک تواناو پسپۆری و بروانامەو چالاکی و ئەمانە هەموو پێویستە بۆ پێک هاتنی هەر لیژنەیەک، کاتێ دایدەمەزرێنن دەبێ لەگەڵیدا بێ.

سەبارەت بە تێکەڵ کردنی لیژنەکان من بەشتێکی پیرۆز و باشی دەزانم لەوانەیە زیادەیەکی باشە کە لیژنەکانی ئێمە زیاتر چالاک بن، بەلام چەند تێبینییەکم هەیە حەز دەکەم بیخەمە بەرچاوی

بەڕێزتان، سەبارەت بە تێکەڵ کردنی لیژنەی ناوخۆ وپێشمەرگە، من پێشنیار دەکەم لیژنەی (پ. م) وەکو ڕەمزێک وەکو خۆی سەربەخۆ بمێنێ، چونکە نیشانەو مانای تایبەتی خۆی هەیە، وەکو ڕێزێک بۆ پێشمەرگە حەز دەکەین سەربەخۆ بمێنێ، لە لیژنەی (شکاوی و عرائض )من پێشنیار دەکەم وشەی (عرائض) بکرێتە (مراجعات) و لەگەڵ لیژنەی ناوخۆ یەک بخرێ لەوانەیە ئیشوکاریان زیاتر نزیکتر بێت، دووەم سەبارەت بە لیژنەی پەیوەندییەکان و ئەوقاف و ڕۆشنبیری برادەران رایان زۆر بە ڕوونی و ئاشکرایی دەربڕی بەرامبەر لیژنەی ئەوقاف و ئایینی ئیسلام کە ئێمە هەموومان موسڵمانین، حەز دەکەین ئەویش وەکو ڕەمزێک سەربەخۆ بمێنێ لەبەرئەوەی نوێنەرایەتی ئایینی ئیسلام دەکات، سەبارەت بە لیژنەی پەیوەندییەکان و لیژنەی ڕۆشنبیری، من زیاتر پەیوەندیی نێوان لیژنەی مافی مرۆڤ و لیژنەی پەیوەندییەکان دەبینم، من زۆر جەختم لەسەر ئەم بابەتە کرد، چونکە لە بارودۆخی نێودەوڵەتی نوێ پەیوەندیی هەیە لە نێوان مافی مرۆڤ تەوژمێک هەیە کە زیاتر ڕێزی بگیرێ، بۆیە لەگەڵ لیژنەی پەیوەندی ئەمە یەک بخرێ لەوانەیە کارێکی باش بکرێ، هەروەها سەبارەت بە برگەی نەتەوەکان (ئاشوری، ترکمان، عەرەب) نەتەوەکانی تر، من پێشنیار دەکەم کە وشەی (الارمن) زیاد بکرێ، چونکە ئەوانیش هاولاتی ئێمەن و نەتەوەیەکی سەربەخۆنە و ئەمڕۆ لە کوردستاندا دەژین هەرچەندە (وغیرهم) لەوانەیە بیانگرێتەوە، بەڵام مادەم داندراوە من حەزدەکەم دابندرێ ئەوە یەک. دووەم لە پەیڕەوی پارتی هەردەم وشەی ئەرمەن هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئەکرەم عاشور فەرموو.

**بەڕێز ئەکرەم عاشور عودیش:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ساڵە ساڵی مافی نەتەوەکانە دەبێ منیش بەرگری لە نەتەوەی خۆم بکەم، منیش هەر لە برگە (٥) پشتگیری کاک فرەنسۆ و کاک عەبدولخالق دەکەم بۆ لابردنی وشەی (اقلیات)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ئەو برادەرانەی کە ویستیان لەسەر ئەم بابەتە قسە بکەن تەواو، بەتیروتەسەلی باسکرا ئێمە ئێستا برگەکان برگە برگە دەخوێنینەوە، دەیخەینە دەنگدانەوە، ئەو لیژنانەی کە پەسەند دەکرێن جارێکی تر بە جوانی دایدەڕێژینەوە ئەو لیژنانەی تریش دەمێننەوە.

وابزانم لیژنەی یاسایی کەس تێبینی لەسەر نەبوو وەکو خۆی ئەمێنێتەوە هەروەها لیژنەی دارایش کەس تێبینی لەسەر نەبوو وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

وا دیارە ئەم بابەتە زۆر دەکێشێ بۆیە پێشنیار دەکەم چەند برادەرێک دەستنیشان بکرێن لەگەڵ لیژنەی یاسا کۆببنەوە بەم مادەیە دا بچنەوە، ئەو لیژنانەی کە پەسند دەکرێن هیچ، بەڵام سەبارەت بە لیژنەکانی تر دوو شتیان بۆ بکەن یەک تێکەڵ کردنە، کە چۆن بێ؟، پێشنیارێکیان

بۆ گەلاڵە بکەن، هەروەها لەسەر ناوەکەش رای خۆیان بدەن، چونکە بەراستی هەندێ ناو زۆر درێژن لەوانەیە یەک دێڕ بن بۆیە لەسەر ناوەکەشی شتێکمان بۆ رێک بخەن، دوای ئەوە ناچار دەبین پێتان بڵێین ئەمشەو ئەگەر لاریتان نەبێ سەعات (٨) کۆدەبینەوە، بەڵکو تەنها ئەم خاڵە بمێنێتەوە، سەعات (٨) کۆدەبینەوە، بەڵکو ئەم بابەتە یەک لا بکەینەوە ئەوەش تەواو بێ بۆ ئەوەی ئازاد بن، یان ئەگەر ئەتانەوێ بەیانی دادەنیشین، چونکە یەک دوو بۆنە هەیە لەوانەیە نەتوانین کۆبوونەوە بکەین، هەروەها کۆمەڵێک پابەندی ترمان دەبێ، چونکە ئێمە وامان دانابوو کە ئەمرۆ تەواوی دەکەین و، وا دیارە ئەم خاڵە زۆری دەوێ ئەگەر بشیخەینە دەنگدانەوە لەوانەیە پێشنیار لە دوای پێشنیار دێت، بەڵام بۆ ئەوەیە بە شێوەیەکی رێکوپێک یەکلای کەینەوە، بەڵام من سەعات سێ هەندێ پابەندییم لەسەرە، ئەگەر حەز دەکەن بەتەمەنترین ئەندام دەسترۆ دەکەین لە جێگای من بێ، ئەگەریش حەز بکەن سەعات (٨) کۆ دەبینەوە، چونکە ئەم برگەیە ئیشی دەوێ، یان بیکەینە سەعات حەفت ونیو( ٧،٣٠) بەڵام با ناوەکان دەستنیشان بکەین، با سەرۆکی لیژنەکان بن، کاک شەمائیل تێبینی هەیە فەرموو.

**بەڕێز شەمائیل نەنۆ بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەم بابەتە پێشنیار دەکەم کە سەرۆکی لیژنەکان لەگەڵ لیژنەی یاسایی کۆببنەوە، هەروەها هەندێ خاڵ هەیە با ئێمە ئێستا یەک لای بکەینەوە تاوەکو یارمەتی لیژنەکەی پێ بکەین، چونکە هەندێ ناکۆکی هەیە بۆ نموونە تێکەڵ کردنی لیژنەی ناوخۆو لیژنەی پێشمەرگە هەروەها تێکەڵ کردنی لیژنەی یاسا و پەروەردەو خوێندنی باڵا، هەروەها پێشنیار دەکەین کە کاتەکانیان یەک بێ تاکو کاری ئەم لیژنەیە ئاسانتر بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە سوپاس، ئێستا بە ماددەکان دا دەچینەوە برگە برگە یەک لای دەکەینەوە. لیژنەی یاسا تێبینی لەسەر نییە وەکو خۆی سەربەخۆ دەمێنێتەوە، سوپاس، هەروەها لیژنەی داراییش هیچ تێبینی لەسەر نییە ئەویش هەروەکو خۆی سەربەخۆ دەمێنێتەوە.

لەمەڕ لیژنەی ناوخۆو پێشمەرگە هەرچەندە من پێم باشە بگوترێ لیژنەی پێشمەرگە و ناوخۆ، دوو پێشنیار هەیە، پێشنیارێک هەیە دەڵێ تێکەڵ بکرێن و، پێشنیارێکی تر هەیە دەڵێ تێکەڵ نەکرێن و هەریەک سەربەخۆ بمێنێتەوە، کاک شێروان کامیان بخەینە دەنگدانەوە؟.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم پێشنیارە دەخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیاری یەکەم دەخەینە دەنگدانەوە کە پێشنیار کراوە تێکەڵ بکرێن، واتە لیژنەی پێشمەرگە و

ناوخۆ تێکەڵ بکرێن، ئەمە پێشنیاری یەکەمە پێشنیاری دووەمیش هەیە کە دەڵێ ئەو دوو لیژنەیە تێکەڵ نەکرێت هەر یەکەو سەربەخۆ بمێنێتەوە ئێمە ئێستا پێشنیاری یەکەم دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە تێکەڵ بکرێ؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆرینەی دەنگ پەسەند نەکرا، واتە تێکەڵ ناکرێ وەکو خۆی دەمێنێتەوە، سوپاس.

پێشنیارێک هەیە کە لیژنەی پیشەسازی و لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری تێکەڵ بکرێن پێشنیارێکی تریش هەیە کە لیژنەی پیشەسازی و لیژنەی ئاوەدانکردنەوە تێکەڵ بکرێن.

پێشنیاری یەکەم دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە لیژنەی پیشەسازی و لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری بکرێ بەیەک؟... سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟... بەزۆرینەی دەنگ ئەم پێشنیارە پەسەند کرا واتە ئەو دوو لیژنەیە دەکرێن بەیەک لیژنە.

لیژنەی پەیوەندییەکان و رۆشنبیری و ئەوقاف پێشنیارێک هەیە کە ئەم لیژنانە ببن بەیەک، پێشنیارێکی تر هەیە کە لیژنەی ئەوقاف سەربەخۆ بمێنێتەوە، بەلام لیژنەی پەیوەندیەکان لەگەڵ لیژنەی مافی مرۆڤ کە پێک دێت تێکەڵ بکرێت.

پێشنیاری یەکەم تێکەڵ کردنی لیژنەی پەیوەندیەکان ولیژنەی رۆشنبیری و لیژنەی ئەوقاف دەخەینە دەنگ دانەوە، داوا کراوە ئەم سێ لیژنەیە بکرێت بە یەک، کێ لەگەڵە؟... سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟... بە زۆرینەی دەنگ کەس لەگەڵ ئەم پێشنیارە نییە. پێشنیارێکی تر هەیە کە لیژنەی ئەوقاف سەربەخۆ بمێنێتەوە کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە؟... سوپاستان دەکەین کێ لەگەڵ نییە؟... بەتێکرای دەنگ پەسەند کرا.

پێشنیارێک هەیە بە نووسراو هاتووە کە لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمان پێک بێت ئەگەر کاک ئەحمەد سالار بۆمان بخوێنێتەوە.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

سلاوی گەرم

ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان کە لە خوارەوە ئیمزامان کردووە، بەبۆنەی تێپەڕبوونی (٥٠) ساڵ بەسەر بانگەشەی مافی مرۆڤ لە جیهاندا کە لە ساڵی ١٩٣٨دا لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان پەسەند کراو لەسەر رۆشنایی وتە بەنرخەکەی سەرۆک مەسعوود بارزانی لە رۆژی ١٩٩٨/٣/٩ لە یەکەم دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان خولی یەکەمی ساڵی حەفتەمدا کە جەختی کرد لەسەر پێڕەو کردنی بەڵگەنامەی مافی مرۆڤ، بەم بۆنەیەوە پێشنیار دەکەین لیژنەیەکی مافی مرۆڤ لە پەرلەمان پێک بهێنرێ لەبەر ئەوەی پێویستیەکی گرنگە بەتایبەتی بەبۆنەی یوبیلی زێرینی ئەو جاڕەوە، دەنگێکی بالای دەبێ بۆ سومعەی پەرلەمان وگەلی کورد لە جیهاندا لەگەڵ ڕێزماندا.

ناوەکان:

١ـ بەڕێز عەبدولخالق زەنگەنە
٢ـ بەڕێز سەعید یەعقوبی
٣ـ بەڕێز حسێن عەلی کەمال
٤ـ بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود
٥ـ بەڕێز یار ئەحمەد ئەفراسیاب.
٦ـ بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوڵڵا.
٧ـ بەڕێز سەلام کەریم خان.
٨ ـ بەڕێز یوسف جەمیل میران.
٩ـ بەڕێز بورهان جاف.
١٠ـ بەڕێز نیهاد نورەدین.
١١ـ بەڕێز وریا ئەحمەد دزەیی.
١٢ـ بەڕێز د. سەلیم مەلۆ.
١٣ـ بەڕێز زاهیر محەمەد کۆیی.
١٤ـ بەڕێز کانەبی دزەیی.
١٥ـ بەڕێز مەلا مەحمود دێرشەوی.
١٦ـ بەڕێز فەرحان شەرەفانی.
١٧ـ بەڕێز ئەکبەر حەیدەر موسا.
١٨ـ بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن.
١٩ـ بەڕێز بطرس سخریا هرمز.
٢٠ـ بەڕێز سەعید عەلی خان.
٢١ـ بەڕێز د. ئیدریس هادی ساڵح.
٢٢ـ بەڕێز زەهرە حاجی.
٢٣ـ بەڕێز ئەکرەم عزەت.
٢٤ـ بەڕێز سەعید محەمەد سەدیق هروری.
٢٥ـ بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود.
٢٦ـ بەڕێز رەجەب شەعبان.
٢٧ـ بەڕێز شەفیق ئەمین.
٢٨ـ بەڕێز ئەکرەم عاشور.
٢٩ـ بەڕێز یەحیا محەمەد بەرزنجی.
٣٠ـ بەڕێز فوزیە عیزەدین رەشید.
٣١ـ بەڕێز د. قاسم محەمەد.

٣٢ـ بەڕێز ئیبراهیم دۆغرەمەچی.
٣٣ـ بەڕێز شەمائیل نەنۆ بنیامین.
٣٤ـ بەڕێز شێخ موحسین موفتی.
٣٥ـ بەڕێز سەرکیس ئاغاجان.
٣٦ـ بەڕێز رەقیب حسێن مەلا .
٣٧ـ بەڕێز جوهر ئەحمەد شاواز.
٤٨ـ بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر زین العابدین.
٤٩ـ بەڕێز مەلا تەڵحە سەعید قەرەنی.
٥٠ـ بەڕێز حەمید سەلیم میران.
٥١ـ بەڕێز مەلا تەها محەمەد تەها .
٥٢ـ بەڕێز عەفان نەقشبەندیی.
٥٣ـ بەڕێز مامەند محەمەد ئەمین پشدەری.
٥٤ـ بەڕێز مەلا هادی خضر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەم بەڕێزانە داوایان کردووە کە لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمان پێک بێ هەرچەندە ئێمە کۆک بووین لەسەر ئەوەی هەموو ئەندامانی پەرلەمان وەکو لیژنەیەک بن بۆ بەرگری لە مافی مرۆڤ، ئەم پێشنیارە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا کە لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمان دابمەزرێ.

ئێستا پێشنیارێک هەیە کە لیژنەی پەیوەندییەکان ولیژنەی رۆشنبیری ولیژنەی ئەوقاف جیا کرایەوە، لەگەڵ لیژنەی مافی مرۆڤ بکرێ بە یەک لیژنە.

ئێستا پێشنیارێک هەیە، تکایە گوێمان لێ بگرن بۆ ئەوەی تۆزێک زوو تەواوی بکەین کە لیژنەی پەیوەندیەکان و رۆشنبیری و مافی مرۆڤ بێن بە یەک لیژنە ئەمە یەک، پێشنیارێکی تریش هەیە مافی مرۆڤ وسکاڵا(شکاوي) ببنە یەک، ئەمە دووەم پێشنیارە، بۆیە ئێمە یەک بە یەک ئەیخەینە دەنگدانەوە هی یەکەم مافی مرۆڤ و پەیوەندیەکان و رۆشنبیری ببێ بەیەک لیژنە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ ئەم پێشنیارە پەسەند کرا، سوپاستان ئەکەین. پەروەردەو خوێندنی باڵا پێشنیار کراوە یەک بخرێن وەکو لە پێشنیارەکەدا هاتووە، هیچ پێشنیارێکی هاودژمان لە بەرامبەریدا نەبینی، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

لیژنەی کارگوزارییە گشتییەکان و تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی ونەخشەدانان و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان ئەوە چی لێهاتەوە؟ لە ڕاستیدا نەخشە دانان و ئاوەدانکردنەوە زیاتر پەیوەندی بە پیشەسازییەوە هەیە، ئەو بەشە بگوێزرێتەوە بۆ ئەوێ لەگەڵ ئەو هەڵبژاردنەی کە ئەو

لیژنەمان کرد هی پیشەسازی و کشتوکاڵ یەکێک لە ئامانجەکانی کێشەی ئاوەدانکردنەوەو نەخشە دانان بێت لەگەڵ ئەو لیژنەیە، بۆیە لێرە زیادە بۆ لیژنەی کارگوزاری و تەندروستی پێشنیارێک هەیە یەک بخرێن، خاڵی حەوت ئەخەینە دەنگدانەوە جارێ بابزانین چونکە پێشنیارێکی تریش هەیە نەخشە دانان و ئاوەدانکردنەوە لێرە نەمێنێ، تەندروستی و کارگوزاری ببێ بەیەک و، کێشەی ئاوەدانکردنەوە بگوێزرێتەوە بۆ لای پیشەسازی، خاڵی حەوتەم ئەبێ بیخەینە دەنگدانەوە، چونکە دوو پێشنیار هەیە، پێشنیارێک هەیە ئێستاکە کارگوزاری و تەندروستی و ئاوەدانکردنەوە ببێ بەیەک لیژنە، پێشنیارێکی تری هەیە تەنها کارگوزاری و تەندروستی ببێ بەیەک لیژنە، ئاوەدانکردنەوە ببرێ بۆ پیشەسازی، جا لەبەر ئەوە ناچارین جارێک پێشنیاری یەکەم وەکو خۆی هاتووە ئەوە ئەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆرینەی دەنگ پەسەند نەکرا. مادام وایە پێشنیاری دووەم ئەخەینە دەنگدانەوە، کارگوزاری و تەندروستی ببن بەیەک لیژنە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، واتە نەخشە دانان و ئاوەدانکردنەوە بچێتە گەڵ پیشەسازی، پێشنیارێک هەیە نەخشە دانان و ئاوەدانکردنەوە بچێتە گەڵ پیشەسازی، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، ئەوە دوایی لە دارشتن لەنێوان(ضمنی) ئیش وکاری ئاوەدانکردنەوە و نەخشە دانانیشی تیایدا هەبێ، لیژنەی سکاڵاکان(شکاوي) پێشنیار کراوە کە دروست بێت، پێشنیارێک کراوە کە لیژنەیەک هەبێت بەناوی لیژنەی سکاڵا(شکاوي)، واتە گوێ بگرێ لە گلەیی و گازندەی خەڵکی تر، و ئەرکەکانیشی دیاری کراوە، چ تێبینیەک هەیە لەسەر ئەوە؟ من یەک پێشنیارم هەیە جارێ با بنەماکەی لیژنەی سکاڵا(شکاوي) وەکو بنەما پەسەندە یان پەسەند نییە؟ ئەبێ یان نەبێ؟ ئەگەر پەسەندە ئێمە وەکو بنەما ئەو کاتە پەسەندی دەکەین ئەوکاتە یەک ئەگرێ لەگەڵ لیژنەیەکی تر، فەرموو کاک شێخ عەدنان.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاتی خۆی باسم کرد بەڕاستی ئەندامی پەرلەمان ئەرکەکەی خۆی ئەوەیە پەیوەندی بەخەڵکەوە هەبێ تا بتوانێ کێشەی خەڵک بزانێ، بە بڕوای من ئێمە شتێکی وا بکەین کە جێ بگرێ، بۆچوونی من وایە، بەیاری خوا ئەگەر بە بۆچوونەکەی من کرا لیژنەکە دروست نابێ، چونکە شتێکی (عەمەلی) نییە، چونکە پەرلەمان ئەبێ بەفەرمانگەی شکات وشکایەتکاری لە بنەڕەتدا ئەرکی ئەندامی پەرلەمانەکە بزانێ کێشەی خەڵک چییە؟ واتە ئەندامی پەرلەمان خۆی لیژنەی سکاڵا(شکاوي) یە ئەوە ڕای خۆمە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو د.رزگار.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارم کرد لەگەڵ لیژنەی ناوخۆ بێ، چونکە ئیشی هەردووکیان بەیەکەوە گرێ دراون، وشەی (العرائض) لە شوێنی ئەو(مراجعات) دابنێین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس د.رزگار، فەرموو د.ناسح.

**بەڕێز د.ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەرەتادا وتم پێشنیارێکم هەبوو من پێشەکی وام ئەزانی وەکو جەنابی کاک شێخ عەدنان باسی کرد من لەگەڵ ئەوە نەبووم کە لیژنەی سکالا(شکاوي) هەبێت، بەڕاستی ئێستاش ئەگەر بەم شێوەیە بێت بەتەنها بێ من لەگەڵ ئەوە نیم ئەو لیژنەیە هەبێت، چونکە بە پەسەندی نازانم، هەر لیژنەیەک ئەو کاتە ئەرکەکەی نامێنێ، بەڵام ئەگەر هەر جەخت بکرێت کە ئەو لیژنەیە هەبێت باشتر وایە تکاتان لێ دەکەم دووبارە چاو بخشێنرێتەوە بەو بڕیارە کە ئێستاکە پەسەندمان کرد هی رۆشنبیری و مافی مرۆڤمان تێکەڵاو کرد، با مافی مرۆڤ و (شکاوي) تێکەڵ بکرێ، چونکە لەبنەڕەتدا ئەمە پەیوەندی بە مافی مرۆڤەوە هەیە، نەک بە بەشێکی ترەوە، واتە ئەگەر هەر سووربوون لەسەر ئەوەی کە بکرێ، با لیژنەی مافی مرۆڤ بێ کە پەیوەندی بە(شکاوي) و بە (عرائض) و بە کێشەی ترەوە هەیە، ئەگەر نا من بەش بەحاڵی خۆم لەگەڵ ئەوە نیم، چونکە ئەمە لەگرنگێتی پەرلەمان کەم دەکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئێمە ئێستاخەریکی مادده یەکین، ئەو مادده بۆمان هەیە کە دەنگدان لەسەر هەندێ شتی بکرێ، دوای دەنگدان زیاد بکرێ لەسەر ماددەیەکی تردا، ئێمە هێشتا تەواومان نەکردووە، لەبەر ئەوە چ کێشەیەک نییە، فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وەڵامێکم هەبوو بۆ قسەکانی د.ناسح، بەڵام دوایی لێرەدا هاتووە کە لیژنەی سکالا(شکاوي) هەروەکو لە سوریاو تورکیادا هەیە سەیری زۆربەی وڵاتان بکەن، ئەرزو حاڵ وسکالا بە لیژنەی ناوخۆوە پەیوەند دەکرێ هەروەکو چۆن د.رزگاریش ئاماژەی پێکرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک ئازاد.

**بەڕێز ئازاد عـــەبدولقـــادر قــەرەداغی:**

**بەڕێز ســـەرۆكی ئـەنجــــومـــەن.**

لە راستیدا ئەگەر ئەو لیژنەیە هەبێ من هەندێ تێبینیم هەیە لەسەری، یەكەم ناوەكەی بكەین بە (لیژنەی سكالا) چونكە(شكاوي) جیاوازە ناوەكەی تۆزێ قورسترە، (شكاوي) ش هەر كوردیە، چونكە لە شكایەت هاتووە، بەلام بە بۆچوونی من ئەو ناوە بۆ ئەو لیژنەیە تۆزێك گرانە، واتە بۆ پەرلەمـان، لە ناو پەرلەمـاندا شتـێكی وابكەین كە ئەنجامـێكی باشی هەبێ، جارێ بۆ هەمـوو وەزارەتەكان لیـژنەی تایبـەتمەند هەیە رەنـگە هەندێ شتـیش هەبێ پێـمان نەكراوە، بەڕاستی بە بۆچوونی من رەنگە سەلبیاتی زۆرتر هەبێ، بەتایبەتی ئەو كەسانەی رۆژێك لە رۆژان كەوا دژی پەرلەمـان و حكومـەتی هەرێمی كـوردسـتـان جـولاونەوتەوە، زۆری تیـابێ لەم بابەتە، ئەبێ لەوە حسابێ بكەین كە رێگەی ئەو جولانەوەیەش بگرین واتە كێشـەیەكی گەورەمان بۆ دروست دەكەن، دووسێ بابەت هەبووە بۆ نموونە، هەتا لەوانەیە لە تەلەفـزیۆنەكـان لە رۆژنامـەكـان واتە پێـویست نەبووە بەو شێـوەیە گەورە بكرێ، بەلام خەلكێكی تر لەلایـەكی ترەوە بۆی هاتووە، و یستـوویەتی گەورە بكرێ بۆ ئەوەی تانە(طعن) لە پەرلەمان و حكومەتی كوردستان بدرێ، جا لەبەر ئەوە بوو سەبارەت بەو لیژنەیە بە بۆچوونی من ئەبێ زۆر لەسەری وشیار بین، ئەوە بكەین كە پێمان بكرێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز ســـەرۆكی ئـەنجــــومـــەن:**

سوپاس كاك ئازاد،(ونحن لأعداء البرلمان والحكومة بالمرصاد)گوێ مەدە ئەمە، ئیشی ئێمەیەكە بە رەنگاری دوژمنانی ئەم ئەزموونە بكەین، فەرمانی بنەڕەتی ئێمەی پەرلەمان، بەرگری كردنە لەم قەوارەیە، بەرگری كردنە لە حكومەتی هەرێمی كوردستان، لەم ئەزموونە، دوژمنانی ئێمە بێگومان گەر بۆیان بكرێ نایەلن ئەم تاقیكردنەوەیە بەسەر بكەوێ، یەكێ لە فەرمانی بنەڕەتی ئێمەیە كە بەرگری لەم قەوارەیە بكەین، وە دروشمی ئەم قەوارەیەش لە راستیدا ئەم پەرلەمانەیە و ئەوەی كە جێبەجێی یاساكانی پەرلەمـان ئەكـاو، رووكەش وناوەرۆكی ئیشی ئێمـەیە وئیشی حكومـەتی هەرێمی كـوردستـانە، ئەبێ بەهەمـوو توانایەكمان پشتگیری لێ بكەین، بەرگری لێ بكەین، بە دواداچوون وچاودێری كردنی ئیشی حكومەت فەرمانی ئێمەیە، بەلام بەرگری كردن لەم قەوارەیە بەرگری كردنە لە حكومەتی هەرێمی كوردستان وئەو دوژمنانەی كە هێرش ئەبەنە سەر حكومەتی كوردستان یەكەم كەس ئەبێ ئێمە دژی ئەو دوژمنانە بین، و ئەوەی كە تێبینی هەیە لە كاروباری حكومەت و رەخنەیەكی بنیاتنەرانەی هەیە ئێمە پشتگیری دەكەین ولەگەلێن، بەلام ئەوەی ئەیەوێ تانە لە حكومـەتی هەرێمی كـوردسـتـان بدا تانە لە پەرلەمـان بدات، لەم قـەوارەیە بدات ئەبێ هەمـوومـان بەیەك دەست بەمسـتـێكی پۆلایین لە دەمـیان بدەین، چونـكە ئەم قـەوارەیە، كورتەی خەباتی نەتەوەیەكە، سونبولی خەباتی نەتەوەیەكە، ئێمە نابێ هیچ كاتێك لەوە دوو دل بین، ئەگر هەیشە ئەوا وەكو وتم (نحن لهم بالمرصاد)، فەرموو كاك یوسف.

**بەڕێز یوسف جـــــەمـــیل مـــیــــران:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

من لەگەڵ دانانی ئەو لیژنەیە نیم چونکە ئەندامانی پەرلەمان هەموویان دەرکەیان کراوەتەوە، هەر کەسێک ئەتوانێ بچێتە لایان ومن لەو بڕوایە دام ئەگەر دابنرێ لیژنەکە سەلبیاتی زۆرتر دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

سوپاس، پێشنیار هەیە کە ئەم لیژنەیە نەبێ، وپێشنیار هەیە کە هەبێ، هەردووکیان ئەخەینە دەنگدانەوە، ئەو پێشنیارەی کە هەیە داوا ئەکات کە ئەم لیژنە هەبێت، لیژنەی(شکاوي) جارێ با بزانین هەبێ یان نەبێ؟ ئەیخەینە دەنگدانەوە، دوایی بڕیار ئەدەین لەگەڵ چ لیژنەیەک بێ یان ئەگەر سەربەخۆ بێ، پێشەکی من حەز ئەکەم پێش ئەوەی دەنگدان بکەین، با شێوەکە تۆزێ روون بکەینەوە، لە زۆربەی هەرەزۆری پەرلەمانەکانی جیهاندا ئەم لیژنەیە هەیە بەڕاستی، لیژنەی سکاڵا(شکاوي) لەوانەیە ناوی تر وەربگرێ، بەڵام بێگومان سکاڵای خەڵک ولایەنەکان، بەو مەرجەی کە لێرە دانراوە، ئەمەش بەڕاستی(باب)ی ئەوە نییە، نە کار ئەکا لەسەر ئیش وکاری ئەندامانی پەرلەمان ولیژنەکانی تر ونە دەرگاش ئەکاتەوە بۆ دوژمنان کە رێگەمان لێ بگرن، و ئەوەی کاک ئازاد وتی بە کردەوە هەیە و ئەبێ خۆمانی بۆ ئامادە بکەین، بەڵام ئەم جۆرە سکاڵایانە دیاری کراون، یەک، دوو، سێ، بۆت دیاریکراوە کەی ئەو لیژنە بۆی هەیە (تەبەنی) یان تەماشای ئەو شکایەتانە بکا؟، بۆی دیاریکراوە، بۆیە شتەکە کراوە نییە، وە رێگەش ناگرێ لە ئەندامانی پەرلەمان دەوری خۆیان ببینن، ئەندامی پەرلەمان فەرمانی خۆی هەیە ئەتوانێ وەکو پێویست بە ئیش وکاری خۆی هەڵسێ بۆیە ئێمە بەڕاستی پێشەکی دروست بوونی ئەم لیژنە، پێویست بوونی ئەم لیژنە ئەیخەینە دەنگدانەوە وەکو هاتووە،(لجنة الشكاوي والعرائض) یان وەکو برادەران باسیان کرد بە کوردیەکەی خۆشترە وەکو کاک ئازاد وتی لیژنەی (سکاڵا)، ئەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان ئەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا کە لیژنەیەک هەبێت بەناوی لیژنەی سکاڵا لە پەرلەمانی کوردستان، ئینجا ئێستا کە ئەم لیژنەیە لەکوێ سەقامگیر بێت؟ لەگەڵ ناوخۆ بێت یان لەگەڵ لیژنەی مافی مرۆڤ بێت؟ بەڕاستی یەک، دوو پێشنیار هەیە، پێشنیارێک هەیە کە لەگەڵ لیژنەی ناوخۆ بێت بە(أعتبار) زیاتر پەیوەندارە بەم بابەتەوە، پێشنیارێکی تر هەیە لەگەڵ لیژنەی پەیوەندییەکان ومافی مرۆڤ بێ، یان بەتەنها بێت؟ کاک عەبدولخالق قسەیەکی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز عـەبدولخـالق مـحـەمـەد رەشـیـد زەنگەنە:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

من وای بۆ دەچم پەیوەندییەک هەیە بۆ ئەوەی کە ئێمە لیژنەی مافی مرۆڤ شتێکی تازەیە بکرێتە(لجنة حقوق الإنسان والشكاوي) بۆ ئەوەی ئەو لیژنەیە باش دەرخەین بەو بۆنە مێژووییەوە

ڕێزێکی تایبەتی دەبێت، ئەگەر ئەکرێ وا بێ بەیەک بەستنەوەش هەیە لەنێوان ئیشی هەردووکیاندا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی مافی مرۆڤ لەگەڵ هیچ لیژنەیەکی تر نەبەستراوەتەوە، پێشنیارێک هەیە (لیژنەی مافی مرۆڤ وسکالا) بێ، بەڵێ بریار دراوە لیژنەی مافی مرۆڤ لەگەڵ پەیوەندییەکان بێت، ئەگەر حەز ئەکەن زیادی ئەکەین، ئێستا نیو سەعات نابێ دەنگدانمان لەسەر کرد، فەرموو کاک د.ناسح.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوەی بەنووسینیش نووسیوومە، من پێم باشە تکاش لە برایانی ئەندامانی پەرلەمان دەکەم وابزانم ئەگەر شتێک باشتر بێت هیچ عەیبی تێدا نییە ئێمە دووبارە چوی پیابخشێنینەوە، پێم باشە لیژنەی مافی مرۆڤ کە ئێمە بایەخێکی تایبەتی پێی ئەدەین، خۆی بابەتی مافی مرۆڤ کە دێت دەدرێتە لیژنەی (شکاوي) ئینجا ناوی لەگەڵ بێ یان لەگەڵ نەبێ بەڵام لیژنەی (شکاوي) بەتایبەتی لەگەڵ لیژنەی مافی مرۆڤ بێت باشترە من پشتگیری پێشنیارەکەی کاک عەبدولخالق دەکەم وە برادەرانیش بیری لێ بکەنەوە بەڕاستی ئەگەر نەبوو ئەوە شتێکی ترە بەڵام من وام پێ باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کۆمەڵێک پێشنیار هەیە، باسیان ئەکەین دوایی ماددەکە هێشتاکە نەهاتووە، بەڵام بۆ ئەوەی یەک لای بکەینەوە لە گفتوگۆکەدا، پاشان ئەیخەینە دەنگدانەوە، مادام وایە پێشنیارەکە بنەمای (شکاوي) بریاری لەسەر درا، ئێستا لەگەڵ لیژنەی ناوخۆ یان لەگەڵ مافی مرۆڤ ببەسترێتەوە؟ پێشنیارێک هەیە کە لیژنەی مافی مرۆڤ لەگەڵ (شکاوي) بەیەکەوە بێت، ئەمە پێشنیارێکی تازەیە وەکو ئەڵێین. لیژنەی یاسا بیخەینە دەنگدانەوە؟.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لاریمان نییە بخرێتە دەنگدانەوە، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە، ئەم پێشنیارەی کە دەڵێ لیژنەی مافی مرۆڤ ولیژنەی سکالا بەیەکەوە بن، ببن بەیەک لیژنە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین، ئەبن بە لیژنەیەک.

پێشنیارێک هەیە، با کۆتایی بەم کێشەیە بهێنین، لەناو ئیش وکاری ماددە(٥) لە پرۆژەکەدا کە گۆڕا بابڵێین بوو بە لیژنەی پەیوەندییەکان ورۆشنبیری، ئەڵێ: ئەرکی فلان و فلان هەتا دێتە دێری ..... تکایە بیخوێننەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجوومەن:**

(للجنة النظر في الأمور الثقافية والأدبية والفنية والتراث والرياضة ونشر الوعي الوطني والتحرري مع مراعاة الخصوصية للقوميات).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیارێکی وا هەیە، خاوەن پێشنیار قبووڵی کردووە، ئێمە لەگەڵ ئەوەی کاک شمائیل وای بە پەسەند ئەزانین، (القوميات) کاک ئەکرەم وئەوان ئەم پێشنیارەیان کرد، کاک فرەنسۆش لێرە نییە هی ئەویش هەر دەربارەی ئەوە بوو ئەو(أقليات)ە هەڵبگرن، چونکە کۆمەڵێک پێشنیاری ترمان لەبەر دەستە، (القوميات) تەواو ئێمە ئەوە نەکەین، فەرموو کاک ئەکرەم.

**بەڕێز ئەکرەم عاشور عودیش:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەکو کاک فرەنسۆ وتی تەنیا(اقليات) رەش بکرێتەوە ئەوەی تر وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کۆمەڵێک پێشنیاری ترمان هەیە لەوانەیە خانەکە گەورە بێتەوە حەز ناکەم بەڕاستی ئەم قەوسە گەورە بکەینەوە، فەرموو کاک شمائیل.

**بەڕێز شمائیل ننو بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هیچم نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

فەرموو ماموستا مەلا تاهیر

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر زين العابدين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو پێشنیارەی کاک فرەنسۆ تەنیا ئەوە بوو کە(للاقليات) لابچێ (مع مراعاة خصوصية القومية) ونێوان کەوانەکان ئەمێنێتەوە (للاشوريين و التوركمان والعرب وغيرهم) ئەوە تەنیا(للاقليات) لابچێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیارێکی تریش هەیە ئەو کەوانە گەورە بکرێتەوە، کۆمەڵێکی تریشی ئەبێ تێبخرێت، ئەوە ئەبێ چارەی بکەین یان ئەبێ بنووسین(فقط القوميات) ناو و ئەوانە دەگرێتەوە، یان ئەگەر ناو نووسرا، ئێستا ئێمە شەش حەوت شتمان لایە ئەوە هەمووی بنووسین، با برادەران خۆیان لەنێوان خۆیان بڕیارێکی لەسەر بدەن. کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێشنیار دەکەم (القوميات الموجودة) ونوقتە دابندرێ، ئەوە هەموو شتێک دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ماقووڵە نەتەوەیەک (قومیەتێک) لەئاسمانەوە بێت؟

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ببوورە (القوميات الموجودة في كوردستان) مەبەستم ئەوەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ، فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بە بۆچوونی من (مع مراعات الخصوصية للقوميات) پڕ بەپێستی خۆیەتی و هەموو لایەک دەگرێتەوە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمەش وای بە پەسەند دەبینین و تەنها کەوانەکە گەورە بکرێت، وابزانم پەیڕەوێکی ناوخۆی پەرلەمان بوو، ئیشی لیژنەیەک باسی بەو درێژییە نابێت، تکاتان لێ دەکەین (خصوصیەی قومیات) وەردەگرین و تەواو، بەڕاستی ئەگەر بابەتی ترە ئەوە لەیاسای ژمارە یەک لەبنەماکانی پەرلەمانی ئێمەدا هەیە لە پەیڕەوی ناوخۆ (ما نقحم النظام الداخلي) کە هەندێ کەمەنەتەوایەتی تر کە لەوانەیە هەستیان بریندار بکەین و ئێمە نامانەوێ لەپەرلەمان خەڵکی بریندار بکەین یان ببێتە مەسەلەی (اخذ وطعن) یاخود مزايدات وئەوانە باش نییە، وابزانم برادەران تێ دەگەن من چی دەڵێم یانی بنووسرێ(مع مراعات خصوصية القوميات) وابزانم ئەمە پڕ بەپێستی خۆیەتی، کاک ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕاستی من پێشنیارێکم کرد لەسەرەتاوە وتم..

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ وتت، ئەوەمان تەواو کرد کاک ئەمین، ئەو برگەیە دەدەین بە برادەرانی داڕشتن تۆزێک ئەو دەقە ڕێک بخەن، منیش لەگەڵتم، ئەیخەینە دەنگدانەوە کاک شێروان جارێکی تر بیخوێنەوە.

بەڕێز شــــێـنــــروان نــاسح حـــــەیدەری:

بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــوومــــــەن.

(ونشر الوعي الوطني والتحرري مع مراعات الخصوصيات للقوميات في اقليم كوردستان).

بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــوومــــــەن:

ئێمەش نازانین کاتی خۆی چۆن دەرباز بووە (ياما عانينا منها نحن الاكراد) وەکو دەڵێ ئینجا حەقە ڕەچاوی ئەو نەتەوانە بکەین کە لەگەڵ ئێمەدا دەژین، ئێمە لەگەڵ ئەوەین، وا هەست دەکەم هەموو پێی ڕازینە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین. وەکو مادده تەواو بوو، فەرموو کاک شێروان.

بەڕێز شــــێــــروان نــاسح حـــــەیدەری:

بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــوومــــــەن.

لیژنەی سکاڵا(شکاوي) لیژنەیەکی تازە بوو دروستمان کردو ئەوەی مافی مرۆڤیش ئەوەش تازە بوو دروستمان کرد، تێکەڵیشمان کرد، بەڵام لیژنەی مافی مرۆڤ پێناسەی نەهاتووە هێشتا نەمان کردووە، چونکە نەمانزانی دروست دەبێ یان نا، سوپاس.

بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــوومــــــەن:

با ماددەکە جێگیر بکەین دەنگی لەسەر بدەین، ئێستا ئەو ماددەیە ئەو گفتوگۆ وئەو پێشنیارانەی کە کران، بەڕای من با بیخەینە دەنگدانەوە، لیژنەی یاسا.

بەڕێز شــــێــــروان نــاسح حـــــەیدەری:

بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــوومــــــەن.

وتم پێش دەنگدانەکە ڕوونکردنەوەکە بکەم، بێگومان کە پێک هێنرا ئێمە لیژنەی مافی مرۆڤمان پێناسە نەکردووە، ئەبێ لیژنەی مافی مرۆڤ لەگەڵ(شکاوي) بێ، ئینجا ئەگەر دەسەڵاتمان بدەنێ لیژنەی(شکاوي) و مافی مرۆڤ دوایی بیکەینە برگە (أ) مافی مرۆڤ پێناس بکەین برگەی (ب) لیژنەی(شکاوي) ئەو برگانەی دانراوە لیژنەی (شکاوي) دەگرێتەوە، بۆ ئەوەی تەرتیبی بەرێک وپێکی دەکرێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــوومــــــەن:

ئێستا ئێمە لیژنەی یاسا بوارتان پێ دەدەین لەگەڵ هەندێ برادەران دابنیشن تا داڕشتنەکەش تۆزێ چاک بکەن، چونکە هەندێ جێگای دووبارە بوونەوەی تیایە، ئەو داڕشتنەشمان بەشێوەیەکی کۆتایی بۆ بکەن، و کاک فەرسەتیش لەگەڵتان دەبێت وەکو سکرتێری پەرلەمان، فەرموو کاک سیروان.

بەڕێز ســــەرتیپ مـــحـــەمـــەد حـــســێن:

بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــوومــــــەن.

پێم وایە ئەوەی مافی مرۆڤ دووجار دەنگمان لەسەر دا، جارێکی دەنگمان لەسەر دا لەگەڵ لیژنەی پەیوەندییەکان ورۆشنبیری و جارێکی تر لەگەڵ سکاڵا(شکاوي)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەوێ لابرا، بڕگە بڕگەیە ئێمە تاکو ماددەکە تەواو نەکەین مافمان هەیە، ئێستا ماددەکە گرنگە ، ئەمە دەنگ لەسەردانی کۆتاییە لەسەر ماددەکە، پێشنیارەکانی کە هەبوو بۆ ئەوەی گەڵاڵەی بکەین وجێگیری بکەین، ئێستا دێینەوە سەر ئەوەی خۆمان ئەو ماددەیە دەخەینە دەنگدانەوە، پاش ئەو هەموار کردنانەی کە پەسەند کران هەروەها هەقیش بدەین بە لیژنەی یاسا و سکرتێر کە چەند برادەرێک دەست نیشان بکەن بۆ داڕشتنی ئەو درێژەپێدانانە و هەندێکی بەڕاستی شیکردنەوەیەکی زۆرە پێویست ناکات دووبارەی تێدا هەیە، یان هەندێ ناوەکەیشی درێژە، یانی یەک دێڕە ئەوەمان بۆ جێگیر بکەن، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟..

ماددەکەو پێشنیارەکە بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

ئێستا کۆبوونەوەی یەکەمی دانیشتنەکەمان کۆتایی پێدێنین و هەر ئەمڕۆ سەعات (٧/٥)ی ئێوارە دادەنیشین بۆ تەواو کردنی، دانیشتنەکەمان.

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٣)

## کۆبوونەوەی دووەم/ سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٨/٤/١٩٩٨

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستاش دەست دەکەینەوە بە کۆبوونەوەی دووەم، لە ڕاستیدا بابەتێکی تریش هەبوو حەزمان کرد باسی بکەین پێش ماوەیەک وەکو ئاگادارن یاسایەکمان لەمەڕ بەکرێ دان و بەموڵک کردن دەرکرد لە ئەنجامدا دیارە هەندێ گلەیی وگازندە لەسەر ئەم بابەتە هەیە لەوانەشە هەندێ لایەن گەورەیان کردبێ، یان ڕاگەیاندنەکان باش باسیان نەکردبێ ماوەشیان نەدا تا لەسەرەتاوە باش لێی بتوژرێتەوە وا دیارە بەپەلە ئامادە کراوە، پرۆژەیەک هاتووە کە چاوێک بەم یاسایەدا بخشێنین(یاسای بەکرێدان وئیستملاک)، بەڵام کە مرۆڤ تەماشای دەکات دەبینێ ئەو پرۆژەیە بەپێچەوانەوەیە هەروەک برادەرانی لیژنەی یاسا بینیان جۆرە گۆڕانکارییەکی سەیری تێدایە دەتوانین بڵێین تارادەیەک پەکخستنی یاساکەیە، گلەیی لە خوارەوە چ لەلای کرێچی وچ لەلای موڵکدارەوە هەیە، لەسەرۆکایەتی گفتوگۆیەکمان کرد بەباشمان زانی نوێنەری لیژنەی یاساو دارایی لەگەڵ یەک دوو بەڕێزی تریش پێش ئەوەی دەست بەکارکردن لەسەر ئەم پرۆژەیە بکەین، چ بە قەبووڵ کردن وچ بە هەموار کردنی، ئیشی لەسەر بکەن، با وەکو جارەکەی ترمان لێ نەیەت، کۆمەڵێک ئیش وکار وجۆرە لێکۆڵینەوەیەک بکەن بۆ ئاشنا بوون بە هەندێ ڕاستی، خەڵک ببینن، لایەنی ڕەسمی ببینن جەنابی سکرتێر لەگەڵ جەنابی کاک شێخ عەدنان لەگەڵ نوێنەری هەردوو لیژنە هەوڵ بدەن ئەو مەسەلەیەمانە بۆ چارەسەر بکەن، واتە بە تەواوی خاڵەکە چییە بۆمانی دیاریکەن، چونکە هەر لایەک کۆمەڵێک شتی لایە باس دەکات وپاساوخەڵکیش لەوانەیە گەورەی بکەنەوە، هەروەکو وتم هەندێ لایەن هەنە لێتان ناشارینەوە لەوانەیە بیقۆزێتەوە، پرۆژەکەش پرۆژەی حکومەت بوو، کاتی خۆی بە پێچەوانەوە ئێمە لە پەرلەمان چاکمان کردەوە، بەڵام بەداخەوە لەوانەیە لای خەڵکیش وێنەکەی بەخراپی گەڕاوەتەوە، ئەڵێن یاسایە، ڕاستە پەرلەمان یاسا دەردەکات، بەڵام بەپێچەوانەی ئەو گوتنانە ئەگەر ئەو پرۆژەیەی حکومەت بەو جۆرەی کە هاتبوو پەسەند بکرایە ئەوا کێشەیەکی زۆری دروست دەکرد، ئێمە لایەنگیری خەڵکمان گرت بۆیە بۆ ئەوەی تووشی خنکانێکی تر نەبین بە دیدی من لە لیژنەی یاسا یەک دووانێک و لە لیژنەی داراییش یەک دوو یەک و کاکە شێخیش لەگەڵیان لێتوژینەوەیەکی ئەو بارودۆخەمان بۆ بکەن، جا نازانم ئەو لایەنە، (عقارە، ضریبەیە، کرێ گرتەیە) ماوەیەک خەریک بن تا بزانین چییە؟ ئێوە دەزانن ئامانجی ئێمە ئەوەیە کە یاسایەک بکەین کە ئەبێ لە بەرژەوەندی میللەتدا بێت، لە بەرژەوەندی ئەو خەڵکە بێت، ڕاستە ناتوانین هەموو کەس ڕازی بکەین، بەڵام هەر چۆنێ

بێ دەبێ شتێکی وا بکەین کە زۆرینە یاخود ئەو خەڵکە لێی رازی بن مافی کەسیش نەخورێ لەجیاتی کەسێکی تر، لە راستیدا ناکرێ لەسەر حسابی خاوەن موڵک کرێچی سودمەندی یەکەم بێت یان لەسەر حسابی کرێچی خاوەن موڵک سودمەندی یەکەم بێت، ئەمانە دوو توێژن مافێکی سروشتی خۆیانە، بەڵام هەموو شتێ دەبێ لە چوارچێوەی بارودۆخی خۆیی وباری ئێمەو ئەو بارودۆخەی کە هەیە چارەسەر بکرێت، جا هیوادارین لەم رۆژانەی دادێ ئەگەر کاک فەرسەتیش لەگەڵ برادەرانی تر دەستنیشانی ئەو برادەرانە بکەن، بەڵکو شێخیش هیمەتێ بکەن لەگەڵیاندا. بەڵام بە هێمنی و لەسەرەخۆ، هەر کاتێکیش هاتینە سەر ئەو پرۆژە یە با وێنەیەکمان لا روون بێت، ئەندامانی پەرلەمان تووشی شپرزەیی نەبن، ئەو پرۆژەیە بە شێوەیەکی وا دەربکەین کە لە بەرژەوەندی هەموو لایەک بێت وە زەرەرمەند ئەگەر هەشبێت زۆر کەم بێت، ئێستا ئەگەر لیژنەی یاسا کەرەم کەن.

**بەڕێز حسـین عـەلی کـەمـال:**

المادة الخامسة والعشرون:
تعدل المادة(٣٥) من النظام الداخلي ويصبح تسلسلها(٩) من المشروع وتقرأ كالآتي:
١ـ توزع هيئة رئاسة الأعضاء بين اللجان على أن يراعى قدر الإمكان أختصاص العضو ورغبته وحاجة اللجان ثم يعرض الأمر على المجلس للموافقة عليه وفي حالة عدم موافقة المجلس على لجنة ما يصار إلى أنتخابها.
٢ـ لايجوز الجمع بين عضوية أكثر من لجنتين دائميتين. كما لايجوز الجمع بين عضوية مجلس الوزراء وعضوية اللجان الدائمة في المجلس.
٣ـ تشكل اللجان الدائمة من عدد لايقل عن خمسة ولايزيد عن أحد عشر من الأعضاء وتنتخب كل لجنة من بينها رئيساً ونائباً ومقرراً لها.
٤ـ يكتمل النصاب في أجتماعات اللجان بحضور أكثرية أعضائها على أن يكون من بين الحضور الرئيس أو نائبه وتتخذ قراراتها بالأغلبية.
٥ـ تجتمع اللجان بناءاً على طلب رئيسها وتتم دعوة الأعضاء عن طريق مقررها.
٦ـ يجوز عقد أجتماع مشترك بين لجنتين أو أكثر للنظر في المواضيع التي تستوجب ذلك وعقدها يكون أكبر رؤساء اللجان وأكبر نوابهم وأكبر مقرر لهم سناً رئيساً ونائباً ومقرراً لها.
٧ـ لايجوز أن يكون العضو رئيساً أو نائباً للرئيس أو مقرراً لأكثر من لجنة.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شـــێـــروان ناسح حـــەیدەری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

دەمـەوێ ئەوە روون بکەمــەوە چەن بنەمـایەکی یاسـایی تازە هاتۆتە ناو ئەو مـاددەیە، یەک لەو بنەمـایانە دابەشکردنی ئەندامـانی لیـژنەکـان لەلایەن دەسـتـەی سـەرۆکـایەتیـەوە، بەمـەرجێ تایبـەتمەندیەتی و ئارەزوو رەچاو بکرێت، دوو(٩)ئەندام لەهەر لیـژنەیەک کە پێشـانیش بەرزترین رێژە بوو، ئێستا بووەتە(١١)ئەندام وەکو بنامەیەکی تازە، سێهەم(لایجوز أن یکون العضو رئیساً أو نائباً للرئیس أو مقرراً لأکثر من لجنة) ئەوەش بنەمایەکی تازەیە.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

بەکردەوەش هەروایە.

**بەڕێز شـــێـــروان ناسح حـــەیدەری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بەڵێ ئەگـەر هاتوو دوو لیـژنە کـۆبوونەوەی کـرد سـەرۆک یان جـێگری سـەرۆک یان مـقـرر بەتەمەنترینیان دەستەی بەڕێوەبردنی ئەو لیژنەیە جێبەجێ دەکات هەر ئەوەیە ئەو بنەمایە تازانە هاتۆتە ناو ئەو ماددەیەو لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

سوپاس، یەک پێشنیارم هەیە(٥ إلی ١١) بکرێت بە(٧ إلی ١١) خۆی (٥)کەمە، پێشنیارێکی وا هەیە ئەویش لای خـۆتان وەکـو پێـشـنیـارێک دەسـتنیـشـانی بکەن، چونکە (٥)بەڕاسـتی لە بارودۆخی ئێمە ئێستا کەمە، (٧) نزمترین راددەیە (ولایقل عن احد عشر) ئەمە ماقوڵەو ئەوە پێشنیارێکە، جا وابزانم چ گۆڕانکارییەکی تر نەبووە جگە لەوەی کە کاک شێروان ئاماژەی بۆ کرد (اکبـر الأعـضـاء سناً) ئەویش لە پەیڕەوەکەدا هاتووە لەوێ لە یاساکە، جا ئەگەر هەر کەسێک تێبینیەکی هەیە با ناونووسیان بکەین. مـامۆستا مەلا تاهیر، کـاک ئەکرەم ،کاک ئەمین مەولوود، کاک د.ناسح، کاک جەمیلیش، مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین.**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

کە لە بڕگە (٣)گەر (٩) بوویێتە (١١) هەقە (٥)یش ببێتە (٧)، ئەوە یەکیان دووەمیان لە بڕگە (٥) ئەڵێ(تجتمع اللجان بناءً علی طلب رئیسها)، (تجتمع اللجنة) نـەک (تجتمع اللجان) ئـەوە سێـهەم لە بڕگـە (٦) ئەڵێ (وعـقـدها) (عند اذن) زیاد بکرێ لەوکاتەی کـەواتە کـۆبوونەوەکـە هاوبەش بێ لەم کـاتە ئینجـا تـەواو کـردنی بڕگـەکـە، پێـشـنیـارێکی تریشم هەیە ئەگـەر جـەنابتـان قبوولی بکەن و لیـژنەی یاسا پێی باش بێت لەبەر ئەوە کە لیـژنەکان بەو شێوەیەن و، پێکهاتەیان بەو جۆرەیە کـە جـەنابتـان بڕیـارتان لەسـەری داوەو ئەنجـوومـەن بڕیاری داوە، پێم وایە ئـەگـەر هەر لیـژنەیەک نووسـەرێکی تایبـەتی خۆی ببێ بۆ ئەوەی کـەوا ئەو ئەرکـانە بەڕێوە ببـا و بەئەرکەکـانی

هەڵسێ ئەوەی کە کەم و کورتی ببێ لە لیژنەکان من دیدم وایە بۆ ڕێکخستنی مەحزەرەکان پاک نووسیان و پاک نووسی (مراسلات) و ئەو جۆرە شتانە دەکرێتەوە، ئەگەر وەکو بڕگەیەک زیاد بکرێت بۆ سەر ئەو ماددەیە شتێکی ئیدارییە ئەگەر جەنابتان بڕیاری لەسەر بدەن ئومێد دەکەم لیژنەکان باشتر بکەونە جموجۆڵەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس مامۆستا، کاک ئەکرەم فەرموو.

**بەڕێز ئەکرەم عاشور عودیش:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بڕگەی دووەم من پێم باشە هەر ئەندامێ لە یەک لیژنە زیاتر نەبێت لەبەر ئەم دوو هۆیە، یەکەم زۆربەی لیژنەکان لێک دراون. دووەم بەداخەوە لەکاتی کۆبوونەوەی لیژنەکان هەموو لیژنەیان لەیەک کات کۆ دەبنەوە بەبێ لەبەر چاوگرتنی ئەوەی کە هەندێ ئەندام لە دوو لیژنەن لەو کاتە ئەندامی پەرلەمان نازانێ لەگەڵ کام لیژنە دانیشێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لەو گفتوگۆیەی کە بەیانی کردمان یەکێ لە ئەندامە بەڕێزەکان بەدواداچوونێکی بۆ ناردین زۆر لە جێگەی خۆیدا بوو، گوتی باشە ئەوە برادەران ئەوەندە سەرنج دەدەن باشە بۆ کەس دەستی خۆی بەرز ناکاتەوە بڵێ نابێ ئەندامێ لە دوو لیژنە بێ؟ یەک خستنی دوو لیژنە کێشەیە. بەڵام ئەندامێک لە دوو لیژنەبێ گرفت نییە؟ خۆزگە کاک ئەکرەم ئەوە بوایە زۆر باش بوو، بەڵام وابزانم لەم بارودۆخە بەش ناکات، مەسەلەکە کەمی کادیری تایبەتمەندە لەم بوارەدا، لەوانەیە تۆزێ گرفت دروست کات، دەنا ئەگەر تا بکرێ ئەوە باشە، کە نەکرێ ناچارین ئەم یەک خستنە بکەین ئەوەی کە جەنابت وتت لەبەر چاو دەگیرێ لەکاتی دەستنیشان کردنی ژمارەکان بکرێ، بەڵام زۆر زەحمەتە هەموو لیژنەکان هەر یەکی یەک نەفەرین، بابزانین چۆن ئەبێت ئەوە بەیاری خوا دەرس ئەکرێت شتێکی باشە، کاک ئەمین فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگە چوار کۆتاییەکەی (وتتخذ قراراتها بالأغلبية) ئەی لە حاڵەتی یەکسان بوونی دەنگەکان؟ لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم وە (عند تساوي الأصوات للرئيس صوت...)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(يكون للرئيس) وابزانم بڕیارە، د.ناسح فەرموو.

**بەڕێز د.ناسح غەفوور ڕەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم لەسەر خاڵی یەک هەیە لە کۆتاییەکەی (وفي حالة عدم موافقة المجلس على لجنة ما

يصار الى انتخابها) له دواى(ما)يەكە بە ديدى من فاريزەيەک هەبىّ بۆ ئەوەى لەگەڵ (يصار)ـەكە جيابكرێتەوە، ئەمە يەک، دوو بۆ ئەوەى روونتر بێت (يصار إلى أنتخابها من بين أعضائها) چونكە لێرە روون نييە، لەكوێ ئەو هەڵبژاردنە دەكرێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

ئێمە ليژنە لە ئێوەوە هەڵ دەبژێرين خۆ لە دەرەوە هەڵيئابژێرين.

**بەڕێز د.ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

هەڵبژارنەكە لەكوێ ئەكرێ ديار نييە. وابزانم ئەوە ناديار ئەمێنێ، ئەگەر ئەو ناديارييە نەمێنێ باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

كێ هەڵيئەبژێرێ؟ ئێستاكە ئێمە بڵێين(١٠)(١١)كەس ئەكەين بە ليژنەيەک، رێككەوتن ناكرێ لەسەر ئەو(١١)ـەيە، ئەوكاتە ئەنجوومەن هەڵيان دەبژێرى كەسى تر نييە؟... ئەو تێبينيەى كاک دكتۆر بۆ دارشتن لاى خۆتان بينووسن، كاک جەميل فەرموو.

**بەڕێز جەميل عەبدى سندى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

لە دانيشتنى سەر لەبەيانى زۆر ليژنە تێكەڵ كران، لەبەر ژمارە كەمى ئەندامان، كە ئەندامانى پەرلەمان گەلەک كەم ماون لەبەر ئەوە ليژنەكان تێكەڵ كران تاكو نەرمييەكى تێدا بێ هيچ گرفت نەيەتە رێگاى هيچ ليژنەيەک سەرۆكايەتى پەرلەمان من واى دەبينم برگە(٥) هەر وەكو خۆى بمێنێت هەر(٥) بۆ(١١)چونكە پرۆژەى داهاتووە، ئەوكاتە دەستەى سەرۆكايەتى، بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان ئەتوانێت كاتێک ئەندامان هەبن باسى هەر ليژنەيەک لە جێگەى(٧)كەس(٨ و٩)ش بێت بەلاّم لە پێڕەوەكە هەر چۆن هاتووە وەكو خۆى بمێنێ چاكترە بوارەكەى فراوانترە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

سوپاس، كاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

بەراستى من تێبينيەكى تەكنيكيم هەيە لەسەر دوو خاڵ، لەبارەى خاڵى(٣) كە دەڵێت(وتنتخب كل لجنة من بينها رئيسا ونائباً ومقرراً لها). من رام وايە كە لە تاقيكردنەوەى خۆماندا ئەبێت ئەوە رەچاو بكرێ بەلايەنى كەمەوە ئەگەر سەرۆک لێرە نەبوو جێگرەكەى لێرە بێت، برياردەريش پێويستە لێرە بێت چونكە ئيشى رۆژانەى لەلايە ئەمە ئەگەر نازانم، وەكو بنەماى ياسايى ئەوە بكرێ شتێكى پێويستە، ئەوە تێبينى يەكەم، تێبينى دووەم(تجتمع اللجان بناءاً على طلب الرئيس) باشە ئەگەر سەرۆک سەفەرى كرد واتە ئەبێ لەو حاڵەتە جێگر شوێنى سەرۆک بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڵێ چونكە ئەوە سەربەخۆ ئەبێ.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەو كاتە سەرۆك لە دهۆك بوو ئەتوانێ جێگری سەرۆك بەو كارە هەڵبستێ ئەوە تەنها لەلایەنی تەكنیكییەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس كاك عەبدولخالق، فەرموو كاك حەمید.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بڕگەی(٦)هەر مەبەستم داڕشتنەكەیەتی(یجوز عقد أجتماع مشترك بين لجنتين أو أكثر للنظر في المواضيع التي تستوجب ذلك عقدها ويكون أكبر رؤساء اللجان وأكبر نوابهم وأكبر مقرر لهم سناً) ئەو(واو)ە بخرێتە پاش عقدها یان هەر عقدها هەڵبگرین؟

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من لای خۆم راستم كردۆتەوە (عندها) یان (عند اذن يكون اكبر)مامۆستا مەلا تاهیر پێشنیاری (عند اذن)ي كردوە، فەرموو.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر ببووری ئەگەر (عندها) ش بێت ئەو واوە نابێت لەوێدا بێت ئەبێت بخرێتە پێش (يكون) ەكە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە ئەوە لە داڕشتندا رەچاوی بكەن، ئەوانەی كە ناو نووس كرابوون تەواو، ئەیخەینە دەنگدانەوە پاش ئەو تێبینیانەی كە وەرگیرا تەنها پێشنیارێک هەیە كە ئەو (٥)ەببێت بە (٧) وە (٧) بۆ (١١). ئەوە پێشنیاری یەكەمە ئەیخەینە دەنگدانەوە، (٧) بۆ (١١) بخەینە دەنگدانەوە كێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەكەین. كێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆرینەی دەنگ پەسەند كرا. وەكو ماددە ئەیخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەكەین كێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆرینەی دەنگ پەسەند كرا. ئەو پێشنیارەی كە لە لایەن مامۆستا كرا بۆ بابەتی داڕشتنەوە ئەگەر شتێكیش هەبوو دوایی جەنابت لەگەڵیان رێكی بخەن هیچ كێشە نییە، مامۆستا فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر زين العابدين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشنیارم كرد كە بڕگەیەكی تر زیاد بكەن بۆسەر ماددەكە بكرێ بە بڕگە(٨) نازانم جەنابت و

لیژنەی یاسا وەلامتان نەبوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مامۆستا مەلا تاهیر پێشنیاری ئەوە دەکات کە هەر لیژنەیەک نووسەرێکی هەبێت لە بۆ بەڕێوەبردنی ئیش و کارەکانیان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە مەسەلەیەکی ئیدارییە پەیوەندی بە میلاکەوە هەیەو پەیوەندی بەو خەڵکەو هەیە، بیگوێزنەوە بەسەر چاو ئەوە لەبیرمە کاتی خۆشی ئێمە هەوڵماندا ئێستا بەشێکی کۆمپیووتەر بۆ لیژنەکان کراوەتەوە، کۆمپیوتەر هەیە نووسەرییشی لەگەڵایە هەوڵ ئەدەین ئەوەی لە تواناداین دڕێغی نەکەین، بەڵام وەکو وتم ئەوە مەسەلەی میلاک و ئیدارەیە بەسەر چاو، چەن کاری ئێوە ئاسان بکات ئێمە هەوڵی بۆ دەدەین فەرموو بۆ ماوەیەکی تر.

**بەڕێز حسین علی کەمال:**

(تعدل المادة «٣٦»من النظام الداخلي ويصبح تسلسلها «٤٠» وتقرأ كالآتي):

١- للجنة ان تستعين بأي عضو من اعضاء المجلس او أي خبير او مختص من غير أعضاء المجلس للاستماع الى رأيهم او الاستعانة بهم دون ان يكون لهم حق التصويت.

٢- لكل عضو من أعضاء المجلس ان يحضر اجتماعات أية لجنة من اللجان الدائمية بعد موافقة رئيسها و له عندئذ ابداء الرأي دون الاشتراك في التصويت.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی ئێمە بچینە ناو گفتوگۆی ئەم ماددەیە، بەڕێز سکرتێری پەرلەمان چەند برگەیەکی پێشنیار کردووە، ئەو برگەیە لەدوای ماددە (٣٥) لەجێگای خۆیەتی، ئەگەر بوارمان بدەنێ ئەو برگەیە بۆ ئەندامان بخوێنینەوە، بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکرێت، وەکو ماددەیەک چوار برگەیە:

١- لكل لجنة حق بحث ظاهرة او حالة عامة وتنظم دراسة عنها وتطلب من هيئة الرئاسة عرضها على المجلس لمناقشتها بحضور مجلس الوزراء او الوزير المختص.

٢- لكل عشرة اعضاء طلب درج مناقشة موضوع عام في برنامج المجلس بحضور رئيس الوزراء او الوزير المختص.

٣- في حالة عدم موافقة هيئة رئاسة على عرض الموضوع على المجلس وعدم تنازل اللجنة او الأعضاء عن طلبهم فيعرض الطلب عل المجلس للبت فيه.

٤- يكون لكل عضو الحق ان يطلب من هيئة الرئاسة طرح فكرة لتبنيها من قبل الحكومة.

ئەو چوار برگەیە پێشنیاری سکرتێری پەرلەمانە، کە جێگای بکرێتەوە وەکو مادده (٣٦)، سوپاس، و دەقی ئەم ماددەیەش بەهەر چوار برگەوە لە یاسای میسری وەرگیراوە، برگە سێ لابراوە لەبەر ئەوەی پێمان نەکراوە ئەوە پیادە بکەین وئەوە پێشنیارە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئینجا ئێستا دەنگدان لەسەر کامیان بکەین، کامیان پێش دەخەین؟، ئەم ماددەیە ئەم چوار برگەیە ئەبێتە مادده (٣٦) کە جەنابی سکرتێر پێشنیاری کردووە وبۆتان خوێنرایەوە، هیچ تێبینی لەسەر هەیە؟ باناونووسیان بکەین، کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی ئەمە شتێکی پیرۆزە و شتێکی زۆر باشە، لەوانەیە لە بەرژەوەندی پەرلەمان دابێت ئەم برگانەی بەڕێز سکرتێری پەرلەمان کە پێشنیاری کردبوو. تەنیا تێبینی من لەسەر ئەوەی کە لەکاتی شەڕ کەئەنجوومەنی وەزیران یان وەزیری پسپۆر ئامادە بێت، بەقەناعەتی من کە وەکو تاقی کردنەوەیەکی چەند سالەمان هەیە بۆ نموونە ئەو رۆژە باسی بابەتی ئەنفالمان کرد لە ١٤/٤ لە هۆلی پەرلەمان وەکو مەیدانێک بوو کە هەموو چینێکی خەلکی تیایە و کە ئەنجوومەنی وەزیران ئامادە نەبوو و هەروەها وەزیری پسپۆریش ئامادە نەبوو و گفتوگۆمان دەکرد، بۆیە من وادەبینم وەکو (قید)ێکی گران بێت لەوانەیە کۆسپێک بێ بۆ گفتوگۆ کردن، پێشنیار دەکەم ئەم مەرجە نەمێنێ و شتێکی زۆر باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جائەگەر ئێمە فکرەیەکی باشمان هەبێ و وەزیری پسپۆڕ وسەرۆکی وەزیران نەیێ بۆ ئێرە بۆ باسی بکەین؟، فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

شتێکی زۆر باشە بەلام ئەگەر نەهاتن؟،.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر نەهاتن ماددەی تر هەیە، لە پەیڕەوی ناوخۆ ناچارین لێی دەکۆلینەوە، من حەز ناکەم ئەندامی پەرلەمان بەو شێوەیە بلێ وەزیر نایەت، ئەوە شتێکی رەسمییە، چونکە داوای بەرنامە هەیە، واتە داوای رەسمی هەیە ئەو کاتە پەرلەمان داوا لە وەزیرێکی پسپۆڕی دەکات بێت بۆ بابەتێک، ئەگەر ئامادە نەبێت جارێک دوو جار، ناچارە پەرلەمان هەلوێست وەربگرێ تا رادەی کێشانەوەی متمانەکە پەیڕەوی ناوخۆ دیاری کردووە، بەرای من لەو بابەتە نابێ هیچ ئەندامێکی پەرلەمان دوودڵ بێت، ئەو وەزیرەی کە هەیبەتی پەرلەمان و رێزی پەرلەمان نەگرێت زۆر ئاساییە پەرلەمان هەلوێستی لێ وەربگرێ، جا ئارەزووی خۆیەتی بۆ نایەت، ئێوە بەرەسمی داوای

وەزیرێکتـان نەکردووە نەهاتبێت ، بەڵام لەوانەیە پێویست نەبێت، ئەگەر ئێمە سوور نەبین ئەوا وەزیریش نایەت، بەڵام ئەگەر برادەرێک پرسیارێکی هەیە لە وەزیرێک ئەوا بەپێی یاسای پرسیارەکە خۆی رێرەوی خۆی وەردەگرێ، ئەگەر نا ئەوە ئیجرائاتی تر هەیە لە پەیرەوی ناوخۆ داوا بکات، بەڵام کـە ئەندام داوا نەکـات و چاوپۆشی لە مـافی خـۆی بکات، سـەرۆکـایەتی چی بکات؟، لیـژنە بابەتێکی خۆی هەیە، داوا دەکات لە وەزیرێکی دیاریکراو کە ئامادە بێ لە کاتژمێر ئەوەندە ورۆژی ئەوەندە بۆ لیژنەکە، باشە ئەگەر وەزیر نەهات کە تۆ دەنگ نەکەی ئەو چی بکات؟، بەپێچەوانەوە جاری وا هەیە لیژنەیەک داوای وەزیرێک دەکات دوو وەزیر دێن، من وابزانم خۆم چەند جار لەگەڵیان دانیشتووم لەجیاتی وەزیرێک دوو وەزیر هاتوون، ئەو بابەتە پەیوەندی بەئێوەوە هەیە ، ئێوە چەند جدی بن لەخستنەرووی ئەو بیرۆکەیە وچەند سوورن بۆ گفتوگۆ کردنی ئەم بابەتە، داوا دەکەین ئەگەر نەهات ئیـجرائاتی تر هەیە، باس دەکرێ، لێرە بەڵکو عـوزرێکی رەوای هەبوو، ئەگەر یەکێک لەو بابەتانەی کە باستـان کرد وەزیری ناوخۆ بوو پەیوەندی بەئێـمە کرد وتی ئیشێکی گرنگ هاتووتە پێشەوە من سەفەر دەکەم، ئەگەر دەتوانن دوای بخەن بۆ کاتێکی تر من ئامادەم، لێرە خستمانەروو وتمان جەنابی وەزیر نایەت و باسمان کرد، با خاوەن پرسیارەکە بیوتایە نەخێر ئێمە دوای دەخەین تاکو دێت، دوامـان دەخست ئەو کاتە وەزیر کە بهاتایەوە بمانزانیبـایە پەیوەندیمان پێوە دەکرد، بەڵام ئەگەر هەر بڵێ نایەم ئەوە ئەو کـاتە جێـهێشتـراوە بۆ ئێـوە و پەیرەوی ناوخۆ، زۆر بەراشکاوی ئەو بابەتـەی داناوە (لانحمل مالاطاقة لنا لغیرنا) تۆ ئیجرائاتی خۆت بکە ئەو کاتە دەمێنێتەوە سەر ئەوەی تر، بەڵام ئەگەر خۆت نەیکەیت ئەوە ئارەزووی خۆتە، لەوانەیە هەندێ بابەت هەبێ مەرج نییە تەنها وەزیر بێتەوە باسی بکەین لێرە و بریارێکی پێ وەربگرین، بەڵام تۆ وەکو خاوەن بیرۆکەکە حەز بکەی وەزیر بێ داوای دەکـەیت ئەو کـاتە بێت، بەرەسـمی ، بەڵام ئەگـەر تۆ داوەتی وەزیرێکی تایبەتمەند دەکەی ئەوە جیاوازی هەیە، بۆ نموونە تۆ پرسیارێک دەکەی دەینێری بۆ وەزیری تایبەتمەند وەزیری تایبـەتمەند دەتوانێ بە نووسین وەڵامت بداتەوە، تۆ خـۆت نـووسیـوتە بە نووسین یان بە زار وەڵامت بداتەوە، ئەگەر حەزیش دەکەی بە زار وەڵامت بداتەوەو بێت بۆ ئێرە خۆ ئەویش لاری نییە، یاسا هەیە لەمـاوەی حەوت رۆژ دانیشـتن کـرا ئەبێ پرسیـار بگات بە وەزیری تایبەتمەند و لایەنی پسـپۆر، ئەگـەر نەهات ئەوە لەسـەر تۆ وەسـتاوە کە بەدوایدا بچی، بەڵام ئەگەر وەکو ئەندامێکی پەرلەمـان بەدوای پرسـیـاری خـۆت نەکـەوی، بەدوای داخوازی خـۆت نەکـەوی وەزیر چی بکات؟!. وەزیریش لەخوای دەوێت کە تۆ بەدوایدا نەچی، بەڵام کە تۆ دووپاتی بکەیتـەوە لەسـەر ئەوەی کە بڵێی حەز دەکەم بێی ئەم بابەتەمان بۆ باس بکەی، ئەگەر نەهات تۆ بگەرێوە بۆ ئیجرائاتی خۆت، پەیرەوی ناوخۆ مافی پێداوی، ئینجا ئەوە بابەتێکە پەیوەندیی بەخۆتانەوە هەیە، واز لەو مافە دێنن و جێبەجێی ناکەن، ئەوە سەر بەئێوەیە، وەزیریش باوەڕ ناکەم لەو بابەتە بێ کە نەیەت، بەقەد ئەوەی کە مافی لەسەر ئێمەیە بەقەد ئەوە ئێمەش مافمان هەیە لەسەری، باوەڕ ناکەم ئەگەر ئێمە وەزیرێک داوا بکەین بڵێ نایەم، ئەو کاتی نەهات ئەبێتە جێگای لێ پرسینەوە، ئەو لێپرسینەوەیەش سەر بە

خاوەن پرسیارەکەو خاوەن کێشەکەیە، ئەگەر خۆی مومارەسەی ئەو مافە نەکات، ئەو کاتە گلەیی لەسەر وەزیر نامێنێت، کاک عەبدولخالق فەرمووو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پشتگیری ئەو ماددەیە دەکەم، بەگشت برگەکانییەوە وبە شتێکی باشی دەزانم و لەبەرژەوەندی پەرلەمانە و ئەو پەیوەندییەی نێوان پەرلەمان و ئەنجوومەن بەهێز دەکات زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلامحسن فەرمووو.

**بەڕێز مەلا موحسن خالید مفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من هەر پشتگیری دەکەم، بەڵام خاڵی سێیەمیان کە باسی ئەوە دەکات کە ئەگەر دەستەی سەرۆکایەتی بابەتەکەی نەخستەڕووی ئەنجوومەنی وەزیران، مافی ئەوەی هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بابیخوێنمەوە ( ٣- في حالة عدم موافقة هيئة الرئاسة على عرض الموضوع على المجلس وعدم تنازل اللجنة او الاعضاء عن طلبهم فيعرض الطلب على المجلس للبت فيه).

**بەڕێز مەلا موحسن خالید مفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەر ئەوە نەبوو ئەگەر لیژنەیەک بڕیاڕێ بدات یان دە ئەندام، باوەڕ ناکەم دەستەی سەرۆکایەتی لاری لەسەر ئەوە بێت کە بیخاتەڕوو، بۆیە وتم لەوانەیە پێویست نەکات، بەیانیش قسەیەکی وا روویدا کاک عەبدولخالق قسەیەکی وای کرد جەنابت بەهەمان شێوە وەڵامت دایەوە، وائەزانم پێویست بەوە ناکات چونکە ئەگەر دە ئەندام یان لیژنەیەک داوای ئەوە بکەن لێکۆڵینەوە لە بابەتێک بکرێ پێویستی بەوە نەدەکرد ئەوە وەکو رایەک، بابەتی دووەمی هەر ماددەیەک کە لائەبرێ وەکو چۆن بۆ گۆڕینی زنجیرەیێک هەموار پێویستی بە ماددەیەک هەیە بڵێین ئەوە گۆڕا، حەق وایە لیژنەی یاسا ئەگەر ماددەیەک لادەبات، ئێمە لەبەر دەستمان دا نییە، حەق وایە ئەو ماددەیە بە یاسا لابرێ بڵێ پێویست ناکات وەکو رایەک، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە لەو باوەڕەدا نین ئەگەر دە ئەندام ئیمزای کرد ئێمە نەیخەینە ڕوو، عەرزی ئەکەین ئەو کاتە ئەنجوومەن بڕیاری لەسەر دەدات، ئەگەر نەمێنێت نابێتە هیچ گرفتێک، بۆیە دەستەی سەرۆکایەتی بۆ مەنعی راپۆرتی لیژنەیەک دەکا کە داوای شتێک بکات ئێمە چۆن دەبێ نەیخەینە ڕوو؟، بۆ

دەستەی سەرۆکایەتی رەتی کاتەوە؟ بالێرە رەت بکرێتەوە ئەگەر هاتوو بیرۆکەکە (فکرەکە) باش بێت یان خراپ بێت، ئەوە پێشنیارێکە دەیخەینە دەنگدانەوە، مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو برگانە بێگومان نەگەیشتۆتە دەستی برادەران پێم وایە تازەیە، ئەو برگە سێ ئەگەر لانەچوو بێت نارێکی یەکی تیایە ئەوەی کۆن لەگەڵ هەمووارەکە بکرێ یان نەکرێ، ئەوەی کۆن دەڵێ (یحضر رئیس الوزراء او اي وزیر یرتأي احضاره جلسة للمجلس مرة واحدة کل خمسة عشرة یوما) برگەکە نارێکی تیایە، خۆی حەقە بگوترێت (یحضر رئیس الوزراء او اي وزیر یرتئي المجلس حضوره جلسة للمجلس مرة واحدة کل خمسة عشرة یوما) ئەگەر وای لێ بکرێت نارێکی لەبرگەکەدا نامێنێت، لەبرگە یەکی ئەم ماددەیە دەڵێ (للجنة ان تستعین باي عضو من اعضاء المجلس او اي خبیر او مختص من غیر اعضاء المجلس) خۆی لە عەرەبیدا ضمائر بۆ خاتری کورتکردنەوەیە، پێویست ناکا (اعضاء المجلس) دووبارە بکرێتەوە (من غیرهم للاستماع الی ارائهم) نەک (الی رئیهم) چونکە کۆمەڵە زۆرن (اعضای مجلس، خبیر، مختص) لەبەر ئەوە دەبێ (الی ارائهم) بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە من یەک پرسیار لەبەڕێزان دەکەم بۆچی (یرتئي رئیس الوزراء)؟ کە سەرۆک وەزیران خۆی بابەتێکی گرنگی لا نەبێت کە ئەندامی پەرلەمانە و سەرۆکی وەزیرانە، هەر خۆی (٥ ) جارێک یان لە دانیشتنەکاندا نەیێ لێرە سیاسەتی حکومەتی خۆی باس بکات ئێمە بەرنامەکەمان پەسند کردووە لێرە لەسەر ئەندامانی پەرلەمان و لیژنەکانە چاودێری و بەدواداچوونی بەرنامەیەی حکومەت بکەن. وەزیرێک هەر ئەندامێکی پەرلەمان مافی ئەوەی هەیە پرسیارێک لەوەزیر بکات و ئەویش بێ لێرە وەڵام بداتەوە بەراستی ئەو (یرتئي حضوره) زیادە.

**بەڕێز مەلا محسن خالید مفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مەبەستی من (یرتأی المجلس) واتە ئەنجوومەنی نیشتمانیی ، ئەگەر ئەنجوومەنی نیشتمانی پێی باش بێت ئامادەی دانیشتنەکە بێت ئامادە دەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ خۆ ئێمە دەتوانین، ئێستا ئەو برگانە (لکل لجنة) و دە ئەندام داوا بکات سەرۆکی وەزیران بێتە ئێرە قسە بکات، دە ئەندام یان لیژنە دەتوانی داوا بکات کە وەزیری پسپۆڕ بێتە ئێرە لەسەر بابەتێک قسە بکات، ئەم ماددەیە چارەی ئەوەی کردووە، بەڵام ئەوەی تر (یحضر رئیس الوزراء او اي وزیر یرتئي احضاره) ئەمە لێرە دە کەس، ئایا لیژنەیەک داوا بکەن، بەڵام ئەنجوومەن کێیە؟ ئێمەین، یانی ئەبێت هەر (١٠٥) ئەندامی پەرلەمان بیانەوێ، یان زۆرینەیان بڵێن توخوا با بەیانی سەرۆکی وەزیران بێت بۆ ئێرە، منیش لەگەڵ ئەو پێشنیارەم کە کراوە، ئەم سێ چوار

ماددەیە قەرەبووی ئەو ماددەیە دەکاتەوە کە پێشنیار کراوە هەڵبگیرێ لە پەیڕەوی ناوخۆ، لەگەڵ ئەوەشدا گفتوگۆی دەکەین، مامەند ئاغا فەرموو.

**بەڕێز مامەند محەمەد ئەمین بابەکر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانم کران زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا پێشنیارێک هەبوو (في حالة عدم موافقة هيئة الرئاسة على عرض الموضوع على المجلس) ئەوە نەمێنێ، یانی ئەگەر دە ئەندام یان لیژنەیەک داوای دوو سێ خاڵیان کرد، و دەستەی سەرۆکایەتی نەیخستە بەردەمی ئەندامانی پەرلەمان، حەقی لیژنەکەو دە ئەندام هەیە ئەو بابەتە بخەنە بەردەمی ئەنجومەن، خۆی وەکو بنەما دە ئەندام یان لیژنەیەک داوای شێتک بکەن ئەبێ سەربەخۆ بیخەینەڕوو، نازانم ئەو ماددەیە گرنگە هەبێت واتە هانی سەرۆکایەتی دەدەن شت نەخاتە روو، لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە وەکو خۆی پێم وایە هیچ زەرەری نییە، شتێکی ئاساییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە، پێشنیارەکەی مامۆستا دەخەینە دەنگدانەوە، مامۆستا مەلا محسن داوا دەکات بڕگە سێ ی ئەو ماددەیەی کە پێشنیار کراوە (في حالة عدم موافقة هيئة الرئاسة على عرض الموضوع على المجلس وعدم تنازل اللجنة او الاعضاء عن طلبهم فيعرض الطلب على المجلس للبت فيه) کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟..بە زۆرینەی دەنگ پەسەند نەکرا، وەکو ماددە دەیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ماددەیە دوایی خۆمان زنجیرەی بۆ دادەنێین، بۆ ئەوەی زنجیرەکەمان تێک نەچێ لەکاتی گفتوگۆ کردندا، ئێستا گفتوگۆی ماددە (٣٦) دەکەین

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**المادة السادسة والعشرون:**

تعدل المادة «٣٦» من النظام الداخلي وتصبح تسلسلها «٤٠» وتقرأ كالآتي:

١ـ للجنة ان تستعين بأي عضو من اعضاء المجلس او اي خبير او مختص من غير اعضاء المجلس للاستماع الى رأيهم او الاستعانة بهم دون ان يكون لهم حق التصويت.

٢ـ لكل عضو من أعضاء المجلس ان يحضر اجتماعات أية لجنة من اللجان الدائمة بعد موافقة رئيسها وله عندئذ ابداء الرأي دون الاشتراك في التصويت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ئێستا ئەو تێبینییەی جەنابت بڕگە سێ لێرە جێگاکەیەتی لەوێ جێگای نەبوو، مادده (٣٦) ئەوە دوو بڕگەیە بڕگەی سێیی لێ فت کراوە با ناونووسیان بکەین( مامۆستا مەلا هادی، کاک بورهان جاف، مامۆستا مەلا تاهیر )مەلاهادی فەرموو.

**بەڕێز مەلاهادی خضر کویخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگە یەک دەڵێ (للجنة ان تستعين بأي عضو من اعضاء المجلس او اي خبير) هەر دووکیان دەڵێ (أو المختصين) (أو) زیادە (أو خبير مختص) پێشنیار دەکەم بڕگەیەکی تر زیاد بکرێت ( ولە تشكيل اللجنة خارج البرلمان لذوي الاختصاصات حسب الحاجة لغرض الاستفادة من خبرات وكفائة دون الاشتراك في التصويت) لیژنەی (ضل) هەبێ لە دەرەوەی پەرلەمان، ئەو لیژنانە سوود لە شارەزاییان بکرێت لەو شوێنانەی کە خاوەن شارەزایین لە وەزارەتەکان یاخود بڕگەی تر زیاد بکرێت (و له الاستفادة من رأي الخبراء خارج البرلمان وذلك بطلب احضاره في اللجان وذلك لاستماع الي رأيه حسب الاختصاص دون الاشتراك في التصويت)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوانەی کە جەنابت باست کردن هەمووی تێدا هەیە، ئێوە لیژنەن ئەتوانن بانگی خەڵک بکەن و بانگی شارەزایان بکەن، جیاوازی نێوان (خبراء و مختص) زۆرە هەموو خەبیرێک ئیختصاصی نییە وهەموو پسپۆڕێک خەبیر نییە، ئێوە خۆتان کێ بە خەبیر دەزانن دەتوانن بچن قسەیان لەگەڵ بکەن و ئەگەر شتێکی تری رەسمیاتتان دەوێ، بەرەسمی ئەتوانن بەنووسین ئاراستەی سەرۆکایەتی بکەن، وسەرۆکایەتی ئەگەر لەجێگایەک بێت روو لەو جێگایە دەنێ بەرەسمی ئەڵێ فلان کوڕی فلان لە فلان مێژوو تکایە بۆ فلن لیژنەی بنێرن ئەو بابەتە هەیە، ماددەی تر هەیە، مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگە سێ لەو ماددەیە کە لابراوە، لە ئەسڵەکە نارێکی یەکی تێدایە، ئەگەر لیژنەی یاسا مۆڵەتم بدات (يحضر رئيس الوزراء او اى وزير يرتأى المجلس حضوره) یان (مجلس)ەکە بگۆڕی (حضوره جلسه للمجلس مره واحده كل خمسه عشره يوما) وشەی (احضار) بکرێ بە (حضور) دوای (يرتأى) شتێک دابنێین (المجلس) یان (اللجنه) دادەنێی چیتان پێ باشە یاسایی ترە ئەبێ دوای يرتئيى شتێک بێت پێ رەوا بێت کە ئەو وەزیرە ئامادە بێت، دووەم لەبارەی داڕشتنەکەی لە بڕگە یەک وەکو عەرزم کردن (للجنه ان تستعين باى عضو ...)تا دەگاتە خوارەوە (او مختص من غيرهم) نەک (اعضاء المجلس) چونکە لەپێشدا وتراوە ئیتر (من غيرهم )(هم) بەسە،

(للاستماع الى ارائهم) (او الاستعانة بهم دون ان يكون لهم حق التصويت) (ترتئي هيئة الرئاسة) ئەنجوومەن باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بڕگە سێ لە پرۆژەکە لابراوە، بڕگە سێ مافێکی ئەنجوومەنە کە داوا بکات لە سەرۆکی وەزیران یان هەر وەزیرێکی پسپۆڕ لەکاتی پێویست لەماوەی (١٥) ڕۆژ جارێک بێت قسە بکات، ومەرج نییە داوای بکات، بەڵام مافێکە لێرە لابراوە، منیش رام لەگەڵ رایەکەی مامۆستایە، ئەو مافە مافی ئەنجوومەنە بۆ لاببرێت؟، بۆ ئەنجوومەن نەتوانێت داوا لە سەرۆک وەزیران بکات بەلایەنی کەمەوە پانزە ڕۆژ جارێک بێتە ئێرە ئەگەر پێویست بوو؟، یان داوا لە وەزیرێکی تایبەتمەند بکات ئەگەر پێویست بوو (ترتأيه المجلس) بۆ ئەمە لابرێت؟ پەرلەمان ئەو مافەشی نەبێت داوا بکات لە وەزیرێک یان سەرۆک وەزیران پانزە ڕۆژ جارێک ئەگەر پێویست بوو بڵێ بابەتێکی گرنگمان هەیە حەز دەکەین بۆمان باس بکەیت؟، ئەمە شتێکی تێدا هەیە؟، ئەمە هاودژی ناکات لەگەڵ ئەو ماددەی کە پەسندمان کرد، ئەوە جیاوازی هەیە ئەمە دیاردەیەکی دیاریکراوە، لیژنەیەک یان دە ئەندام پێویستی بە شەرحێک هەیە، بەڵام ئەمە ڕووداوێکی دیاری کراوە بارێکی دیاری کراوە دوو شتی لەیەک جیاوازن، ئەمە شتێکی گشتییە، ئەوەی تر لەوانەیە تایبەتمەندێتی هەبێ، ئەوەی مامۆستا خستیەڕوو ئەوە لەجێگای خۆیەتی، هیچ باش نییە بڕگە سێ لاببەین، دیسان دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە ئەگەر چ رایەک هەیە باسی ئەم بابەتە بکەین باناونووسیان بکەین (کاک عەبدولخالق، مامۆستا مەلامحسن، مامۆستا مەلاهادی،) مامۆستا مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلاهادی خضر کویخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لەگەڵ ئەو رایە دام کە ئەو شتە ببێت، زۆر گرنگە لەو حالەتانەی کە جەنابت باست کرد ئەوە بۆ حالەتێکی دیارکراوە، بەڵام ئەو شتەی کە داوا بکرێت شتەکە پێویستە، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەگەڵ ئەوەدام ئەو بڕگەیە بمێنێتەوە، سوودیشی هەیە، مافێکی سروشتی پەرلەمانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڕاستی هەماهەنگییەکە، مامۆستا مەلامحسن فەرموو.

**بەڕێز مەلامحسن خالید مفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لەگەڵ ئەوەدام نەک (مجلس) بڕگەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەڵام نەک ئەنجوومەن داوا بکات دەستەی سەرۆکایەتی دەسەڵاتی ئەوەی هەبێ، چونکە جاری وا هەیە ئەگەر لیژنە داوا نەکات یان دە کەس داوا نەکات دەستەی سەرۆکایەتی بەلایەوە گرنگە، چ پێویست دەکات ئەو بابەتە بخاتە

روو، بڕیارێکی پەرلەمانی لەسەر وەربگیرێت، لەجیاتی ئەنجوومەن داوا بکات هەر دەستەی سەرۆکایەتی خۆی داوا بکات ئەو وشەیە بگۆڕێت بەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو سێ رایە هەبوو، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دیارە زۆربەی هەرە زۆری برادەران لەگەڵ ئەودان کە ئەو برگەیە بمێنێ، ئێمەش وەکو لیژنەی یاسا دەربارەی ئەم بڕگەیە رای خۆمان دەکێشینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵام ئەو تێبینیەی ماموستا لەلایەنی زمانەوە ئەگەر مامۆستا دوایی هاوکاریان بکات، جا ئێمە ئەو بڕگەیە بخەینە دەنگدانەوە، فەرموو مامۆستا.

**بەڕێز مەلا محسن خالید مفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی ئەوە ئەنجوومەن دەسەلاتی هەیە، ئەیزانین ئەگەر لیژنە داوا بکات یان دە کەس داوا بکات هەر ئەتوانن، بەڵام ئایا سەرۆکی پەرلەمان یان دەستەی سەرۆکایەتی بۆیان نییە کە داوای ئەوە بکەن هەر پانزە رۆژێک بێت؟، بۆیە من پێشنیار دەکەم با سەرۆک دەسەلاتی ئەوەی هەبێت لەجیاتی ئەنجوومەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

خۆی گرفتمان لە دەقەکەیە کە وشەیەک پەڕیوە، کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەرای من لە بڕگەکەی دوای ئەوە (تتم دعوة اعضاء مجلس الوزراء من قبل رئيس المجلس عن طريق رئيس الوزراء وذلك بحضور اجتماعات اللجان خلال مدة اقصاه ثلاثة ايام). بەرای من پێویستی نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە هی لیژنەکانە، ئێستا ئێمە گرفتمان لەسەر (اسقاطى) وشەیەک هەیە (يرتأى)یە (يرتأى المجلس)؟ مامۆستا دەقەکە بخوێنەوە.

**بەڕێز مەلا محسن خالید مفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لایەنی زمان (يرتأى) فاعلەکەی دیار نییە، جا ئەگەر لێرە بکەرەکە بکەین بە (المجلس) خراپ نییە، چونکە ئەنجوومەن ئەو مافەی هەبێ هەر پانزە رۆژێک، هەر پانزە رۆژێک مافی هەیە کەوا داوا بکات

کە هەر وەزیرێک ئامادە بێت، جا مافەکەی هەیە داوا بکات یان داوا نەکات ئەوە شتێکی ترە من پێم وایە (یرتأي) بکەرەکەی ئینجا بەچی دائەنێن (المجلس) دائەنێن ئەوە یاساییەکان دەزانن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با لیژنەی یاسا روونکردنەوەیەکمان بۆ بکات.

کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەدایە؟..دەست بەرزکرایەوە..کێی لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

تعدل المادة«٣٧»من النظام الداخلي وتصبح تسلسلها «٤١»وتقرأ كالآتي:

١ـ تتم دعوة اعضاء مجلس الوزراء من قبل رئيس المجلس عن طريق رئيس الوزراء وذلك لحضور اجتماعات اللجان خلال مدة اقصاها ثلاثة ايام من تأريخ توجه الدعوة اليهم.

٢ـ تتم دعوة من هو بدرجة وزير من قبل رئيس المجلس وتتم دعوة غيرهم من الموظفين العامين من قبل السكرتير.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم بڕگە(١)ە هەر وەکو خۆیەتی وهیچی لێ نەگۆڕاوە، بڕگە(٢)بخوێنەرەوە.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

٢ـ تتم دعوه من هو بدرجه وزير من قبل رئيس المجلس وتتم دعوه غيرهم من الموظفين العامين من قبل السكرتير.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەجیاتی ئەوەی(وتكون دعوة الموظفين) کراوەتە (تتم دعوة غيرهم من الموظفين)، واتە تەنها بڕگە دوو داڕێژراوەتەوە، مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی دارشتنەوەکەی یەکەمی بەهێز ترە لەوەی ئێستا، من هەر لەگەڵ دەقە بنەڕەتیەکەدام، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەقە بنەڕەتیەکە دەڵێت:(تتم دعوة من هو بدرجة الوزير من قبل رئيس المجلس).

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پاشانیش دەڵێت:(تتم دعوة الموظف من قبل السكرتير)، کە وترا (الموظف)هەموو فەرمانبەرێک دەگرێتەوە، بەڵام کە وترا(الموظفين العامين)ئەوە تەنها فەرمانبەرە گشتییەکان دەگرێتەوە و، فەرمانبەرە تایبەتیەکان ناگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە ئەم ماددەیە وەکو دەقە بنەڕەتیەکەی خۆی لێ بکرێتەوە، کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برگە(١)ی ماددە(٣٢)ی (موظف العام)ی خستوەتە سەر، کەواتە دەبێت لێرەش (موظفین العامین)ی بخرێتە سەر، چونکە ئێمە دەنگدانمان لەسەر ماددەی(٣٢) کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک سەعید فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێردا دەڵێت:(من هم بدرجة الوزیر)، باشە لە وەزیر زیاتر کێی تر هەیە کە ئەو پلەیەی هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ هەیە بە پلەی وەزیرە، ئێستا پێشنیارێک هەیە کەوا وشەی(العامین) بخرێتە سەر برگەی(٢) و، هەر دەقە بنەڕەتیەکەی خۆی دانرێت، کاک شێخ عدنان فەرموو.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وشەی(موظف) هەر وا نەهاتووە، بەڵکو لە یاسای خزمەتدا پێناسە کراوە کە(موظف) کێیە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەتوانین وشەی(العامین)ەکەی لێ هەڵگرین، ئەگەر شتەکە هەڵەیە ئەوە هەڵیدەگرین، ئێمە ماددەکە دادەڕێژینەوە و، بوارمان بە لیژنەی یاسا داوە کەوا دەسکاری ماددەکان بکەن بەگوێرەی ئەوەی کە رێک دەکەوێت، کەواتە وشەی(العامین)لە هەر کوێدا هاتووە هەڵیگرن، کەواتە برگە(٣)ی ماددەی (٣٧)یش وەکو خۆی دەمێنێتەوە، بەراستی گومانێک لە ماددەکەدا هەیە و، جارێکی تر پیایدا دەچینەوە پێش ئەوەی دەنگدانی لەسەر بکەین، کاک عدنان فەرموو.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەندە دەنگدانیشی لەسەر کرا، بەڵام خۆی ماددەکە دەڵێت:( یحضر رئیس الوزراء او ای وزیر یرتأي)، جا لەبەر ئەوە دەنگدانەکەمان بە هەڵە کردووە، جا بۆیە داوا دەکەین کە پیایدا بچینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

راستە دەڵێت:(یرتأي رئیس الوزراء)کەواتە سەرۆک وەزیران هەر وەزیرێک لەگەڵ خۆی دێنێ

ئەوە بە هەوەسی خۆیەتی، جا لێرەدا ئێمە هەڵەیەکمان کردووە و(الاعتراف بالخطأ فضيلة)، ئێستا ماددەی(٣٧)دەخەینە دەنگدانەوە، کێی لەگەڵە؟..دەست بەرزکرایەوە..کێی لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین، کەواتە وشەی (العاملين)لە بڕگە(٢)دا هەڵدەگیرێت و، ماددەکە وەکو خۆی دادەنرێت، کاک حسێن فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

تعدل المادة«٣٨»من النظام الداخلي وتصبح تسلسلها«٤٢» وتقرأ كالاتي:

١ـ يحق للجان الدائمة ان تطلب عن طريق نائب رئيس المجلس، من الدوائر الرسمية والمنظمات الجماهيرية والمهنية، تزويدها بالمعلومات التي تحتاجها لدراسة المواضيع المعروضة عليها.

٢ـ اذا امتنعت الجهات المبينة في الفقرة اعلاه عن تزويد اللجان الدائمة بالمعلومات المطلوبة فعندئذ يتم اعلام رئيس مجلس الوزراء بذلك عن طريق رئيس المجلس وفي حالة عدم اجابة الطلب خلال خمسة عشرة يوما يعرض الموضوع على المجلس للبت فيه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

چ تێبینییەک لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟، ئەو بەڕێزانەی کە دەیانەوێت قسە بکەن ئەمانەن: (کاک د.ناسح، کاک ئەکرەم، کاک جمیل، د.رزگار، مامۆستا مەلا موحسین، مامۆستا مەلا هادی)، کاک د.ناسح فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غەفوور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەر لە خاڵی یەکەمی ئەم ماددەیەدا، لەبەر ئەوەی ئێستا کەس جێگری سەرۆک نییە و ئەرکێکی گەورە کەوتووەتە سەر شانی سەرۆکی پەرلەمان، من پێم باشە کە بڕگەیەکی تر بخرێتە سەر ئەم ماددەیە، کە ئەویش(فی حاله غیاب نائب الرئيس تطلب عن طريق السكرتير)کەواتە ئەو ئەرکە سکرتێر پێی هەستێت، لە حاڵەتی ئامادە نەبوونی جێگری سەرۆکدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، راستە، چونکە ئیشەکەش نزیکی ئیشی سکرتێرە، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

زۆرجار جێگری سەرۆک لە شوێنی سەرۆک دادەنیشێت، هەرچەندەش ئەوە ئیشی سەرۆکە، جا من پێشنیار دەکەم کە (نائب الرئيس )لابرێت و سکرتێری لە شوێن دانرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک ئەکرەم فەرموو.

**بەڕێز ئەکرەم عیزەت نەجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان رایەکەی کاک جەمیلم هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د.رزگار لێرە نییە کەواتە مافی نەما قسە بکات، مامۆستا مەلا موحسن فەرموو.

**بەڕێز موحسن خالید موستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەر لەگەڵ ئەو رایەدام کە سکرتێر ئەو رۆڵە ببینێت، دووەم، لیژنەکانیش مافی ئەوەیان هەبێت کە لە رێگای سکرتێرەوە داوا لە رێکخراوە بیانییەکان بکەن بۆ هەندێ زانیاری، پێشنیاریش دەکەم کەوا دەسەڵاتی ئەوەیان هەبێت لە هەرێمی کوردستاندا کە بتوانن داوای هەندێ زانیاری لە رێکخراوە بیانیەکان و حزبەکان بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەبارەت بە رێکخراوە حزبییەکانەوە ئەوە دەتوانن لە رێگای نوێنەرانی حزبەکانەوە لە ناو پەرلەماندا داوایان لێ بکەن و، سەبارەت بە رێکخراوە بیانییەکانیش ئەوە لە رێگای لیژنەی پەیوەندییەکانەوە دەتوانن پەیوەندیی بەو رێکخراوە بیانیانەوە بکەن، هیوادارم کەوا لیژنەی پەیوەندییەکان رۆڵێکی باش ببینێت بۆ سەردانی حزبەکان و رێکخراوە بیانییەکان، بەڵام بەداخەوە تاوەکو ئێستا لیژنەی پەیوەندییەکان لەو رووەوە زۆر لاواز بووە، مامۆستا مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان رام هەیە، بەڵام نەنووسرێت:(عن طريق نائب الرئيس او السكرتير)بەڵکو بنووسرێت :(عن طريق السكرتير)،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەمەوێت ئەوە روون بکەمەوە، کە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ماددە(٨) لە (مهام وصلاحيات)ی جێگری سەرۆک،(متابعة اعمال اللجان وتقديم التقارير بشأنها الى الرئيس)، واتە سەرپەرشتی کردنی ئیشوکاری لیژنەکان لە ئەرکەکانی جێگری سەرۆکە، ئێمە ئەگەر هاتوو ئەوەمان گۆڕی دەبێت دەسکاری (مهام وصلاحيات)ی جێگری سەرۆکیش بکەین، بۆیە بە رای ئێمە ئەو برگەیە لە جێگای خۆیدایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، باشە ئەو کاتە ئایا من دەتوانم سکرتێری پێ ڕاسپێرم؟.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ دەتوانی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتا با وەکو خۆی بمێنێتەوە، ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، کێی لەگەڵە؟..دەست بەرزکرایەوە..کێی لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

کاک حسێن فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

تعدل المادة«٣٩»من النظام الداخلي وتصبح تسلسلها«٤٣» وتقرأ كالاتي:

يطبق على الحضور في جلسات اللجان الاحكام الخاصة بالحضور في جلسات المجلس الواردة في المادة«٢٥»من النظام الداخلي.

کەواتە ماددەکە وەکو خۆی ماوەتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر وەکو خۆی ماوەتەوە پێویستی بە دەنگدان ناکات، فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

تعدل المادة«٤٠» من النظام الداخلي وتصبح تسلسلها«٤٤»وتقرأ كالاتي:

اذا شغرت عضوية احدى اللجان يتم ترشيح عضوا آخر وفق الطريقة المنصوص عليها في هذا النظام.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم ماددەیە تەنها داڕێژراوەتەوە و، هەندێ شتی لێ لابراوە و، هەر وەکو خۆی ماوەتەوە، کاک شێخ عەدنان فەرموو.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاتێ کە ماددەکە دەخوێنرێتەوە پێویست ناکات هەموو جارێک (تعدل المادە« ») بخوێنێتەوە، پاشان بە رای من دەستەواژەی(اذا شغرت)هەندێک نارێکە و، دەقەکەی پێشانی باشترە کە دەڵێت: (عند شغور)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە هەر وەکو خۆی بمێنێتەوە باشترە، رای لیژنەی یاسا چییە؟.

**بەڕێز شــــــێـــــروان نـاسح حــــــەیدەری:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

ئێمە هیچ لاریمان نییە لەوەی کەوا ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەڵام ئەوەی تازە هاتووەتە ناو ماددەکە ، ئێمە وتمان دەستەی سەرۆکایەتی دەسنیشانی ئەندامانی لیژنە دەکات و، هەڵبژاردنەکە لێرە هەڵگیراوە، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن:**

کەواتە دەبێت پێشنیارەکە دابڕێژرێتەوە پاشان(شغور)بکرێت، مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مـەلا مـحـەمـەد تاهیـر زین العـابدین:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

سەبارەت بە هەڵبژاردن، هەڵبژاردن بۆ کاتێکە ئەگەر نیزامەکەی کۆن بێت، بەڵام ئەگەر(توزیع الهیـئـه)بیکات،(یتم ترشیح عـضـوا وفق آخر الطریقه المنصـوص علیـهـا)، بە رای من وشـەی (ترشـیح)ەکـە بگۆڕدرێت، چونکە لەم مـاددە تازەیەدا کـە هاتووە هەڵبـژاردن نیـیــە، بەڵکو بە(توزیع)دەستەی سەرۆکایەتی دەیکات، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن:**

ئێـمـە چۆن هاتووە وا دەیکەین، (عند شغور عضویة احدی اللجان یتم ترشیح عضواً آخر وفق الطریقة المنصوص علیها في هذا النظام)، کەواتە هەڵبژاردن نییە، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شــــــێـــــروان نـاسح حــــــەیدەری:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

لێرە ئێمە دەڵێین دەستەی سەرۆکایەتی دەسنیشانی ئەندامانی لیژنە دەکات، بە مەرجێک پسپۆری و ویستی لیژنەکان ڕەچاو بکرێت، کەواتە بنەمای هەڵبژاردن نەماوە، لێرەش بە هەمان شێوە بنەمای هەڵبژادرنمان لابردووە و، هەڵبژاردنەکە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە دەبێت، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن:**

ئەگەر لە دەستەی سەرۆکایەتیەوە لەسەر هەڵبژێردراوێک ڕێک نەکەوتن، ئەوکاتە بە هەڵبژاردن ئەندامێک لە لیژنەکەدا دادەنرێت، ماددەکە لە کاتی خۆیدا چارەسەری ئەم حاڵەتەی کردووە و، لیژنەی یاساش بە ڕێکوپێکی بۆ مەسەلەکە ڕۆیشتووە، ئێستا ماددەکە دەخەینە دەنگدانەوە، کێی لەگەڵە؟.. دەست بەرز کرایەوە..کێ لەگەڵ نییە؟، کەواتە بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا. تێبینیەکەی مامۆستا مەلا تاهیریش ڕەچاو بکەن، کاک حسێن فەرموو.

**بەڕێز حـــــســــێـن عـــەلی کـــــەمــــــال:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

هیچ گـۆڕانێک بەسـەر مـاددە(٤١)دا نەهاتووە، بەڵام ئەم مـاددەیەی کـە بۆتانی دەخـوێنینەوە ماددەیەکی تازەیە.

تضاف المادة التالية الى النظام الداخلي ويكون تسلسلها« ٤٦ »وتقرأ كالاتي :ـ
اذا كان المشروع او الاقتراح يدخل في اختصاص اكثر من لجنة فلرئيس المجلس ان يدعو اللجان ذات العلاقة الى اجتماع مشترك بينهما برئاسته او برئاسة نائبه لدراسته ووضع تقرير واحد بشأنه اما اذا كانت كل لجنة قد درسته على حدة ورأت الرئاسة تبايناً في النصوص المقترحة قد تؤدي الى تعقيد في المناقشة والتصويت في المجلس وجب اجتماع اللجان المختصة بلجنة واحدة مختصة برئاسة رئيس المجلس او نائبه لاعادة دراسته ووضع تقرير موحد عنه ولرئيس المجلس ان يعرض اي موضوع على اللجان المشتركة حسب قناعته او بناءاً على طلب خمسة نواب على الاقل. للجان وضع الاقتراحات او اصدار التوصيات اللازمة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ تێبینی لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟ با دەستی بەرزکاتەوە ئەمە ناوی ئەو بەڕێزانەیە کە دەیانەوێت لەسەر ئەم ماددەیە قسە بکەن: (شێخ عدنان، د.ناسح ،کاک ئیبراهیم سەعید، کاک حەمید میران، کاک رەجەب، مامۆستا مەلا تاهیر، مامۆستا مەلا هادی، کاک سەعید یەعقوبی)، کاک شێخ عەدنان فەرموو.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بەوەی کە سەرۆک، یا جێگری سەرۆک سەرۆکایەتی دانیشتنەکان بکات، بە رای من ئەو دەقە زیادە، چونکە جێگری سەرۆک دەسەلاتی ئیشکردنی لە سەرۆکەوە وەردەگرێت وپاشان مافی ئەوەی دەبێت کە لێکۆڵینەوە و بەدواداچونی ئیشوکاری لیژنەکان بکات، ئەمە پێویستی بە دەقی یاسایی نییە، چونکە بابەتەکە هەیە و، سەرۆکی ئەنجوومەن هەموو کاتێک مافی ئەوەی هەیە کە لیژنەکان کۆبکاتەوە وسەرۆکایەتی دانیشتنەکە بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵام ئەمە جیاوازە، چونکە ئەمە بەدواداچوونی لیژنەکانە، دوو، یا سێ لیژنەی پسپۆری تێکەڵ بەیەک کردووە، کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من وا تێبینی دەکەم کەوا ئەم برگەیە دەمانگێرێتەوە بۆ سەردەمی پاشایەتی، ناوی ئێمەیان ناوە(نواب)، لەماددەکەدا دەڵێت:(بناءً على طلب خمسة نواب)، بە رای من بکرێتە(خمسة اعضاء) ئەمە یەکەم جارە کە ناوی (نواب) بهێنرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک د.ناسح فەرموو.

**بەڕێز د.ناسح غەفوور رمەزان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

ماددەكە هەندێك لە رووی زمانەوە نارێكە، دەڵێت:(قد تؤدي الى تعقيد في المناقشة والتصويت في المجلس)كە لە ناوەراستی ماددەكەدا هاتووە، وابزانم پێویستی بەو ئاڵۆزییە(تعقيد)ە ناكات، هەر یەكسەر لە(ورأت الرئاسة تباينا في النصوص المقترحة)بۆ (وجب اجتماع اللجان) و، ئەو ئاڵۆزییەی لێ هەڵگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

وا دیارە هەڵەیان لێ كردووە.

**بەڕێز د.ناسح غەفوور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

بەڵام لە رووی زمانەوە نارێكە ولەوانەیە(قد تؤدي الى تعقيدات)باشتر بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

سوپاس، كاك حەمید میران فەرموو.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

لێرەدا وشەی(بينهما )هاتووە، خۆی دەبێت(بينهم)بێت، واتە بكرێتە(فلرئيس المجلس ان يدعو اللجان ذات العلاقة الى اجتماع مشترك بينهم)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

پاش تەواو كردنی گفتوگۆی پێرەوەكە، لیژنەی یاسا وكاك فەرسەت و، چەند پسپۆرێكی زمان دادەنیشن و جارێكی تر دایدەرێژنەوە، كاك رەجەب فەرموو.

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

منیش لەسەر(خمسە نواب)تێبینیم هەبوو، كەوا بكرێت بە(خمسە اعضاء)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر كوێخا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

منیش هەمان تێبینیەكەی كاك حەمیدم هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

جگە لەوەی کە ئەندامان باسی(خمسة نواب)و(بینهم) یان کرد، من تێبینیەکی ترم لەسەر(وجب اجتماع اللجان المختصة بلجنة واحدة) بکرێت بە(وجب اجتماع اللجان کلجنة واحدة مختصة)، ئەگەر ئەوەش تێبینی بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک سەعید فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بەوەی کە دەڵێت: (ئەگەر هەر دوو لیژنەکە تێکەڵ کران وبوون بە لیژنەیەک، سەرۆکی ئەنجوومەن، یا جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن، سەرۆکایەتی دەکەن) بەرای من لەبەر ئەوەی سەرۆکی ئەنجوومەن سەرقاڵی زۆر ئیشە ئەم برگەیەشی بخرێتە سەر،(او من یختاره الرئیس من بین اعضاء اللجنتین) سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەی بۆ نەکرێتە(من بین هیئة الرئاسة).

**بەڕێز محەمەد سەعید یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەش دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو ماددەیە لە رووی کارپێکردنەوە ئێمە جێبەجێمان کردووە، زۆر جار بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن(٣) لیژنەی کۆکردووەتەوە و، وەزیرەکانیش ئامادە بوونە و، گفتوگۆی بابەتەکانیش کراوە و، ئەو (٣)لیژنەیە بەیەک ڕا دەرچوونە، بۆ نموونە یەکێک لەو پرۆژانە پرۆژەی(افراز) بوو کە بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن خۆی سەرپەرشتی کرد، ئەمە تەنها بۆ چەسپاندنی بارەکەیە، ئەوانی تر هەمووی پەیوندی بە دارشتنەوە هەیە و، لە دارشتنیشدا ئێمە رەچاوی ئەو تێبینییانە دەکەین و، لەگەڵ دەقە بنەڕەتیەکەدا بەراوردی دەکەین، پاشان دەقەکە دادەبەزێنین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تێبینیەکەی کاک سەعید زۆر بەجێیە، ماددەیەک هەیە کەوا سەرۆک دەسەلاتی پێدراوە کە

دەسنیشانی ئەندامێک بکات بۆ کارێکی تایبەتی، ئەو کاتە سەرۆکی پەرلەمان دەتوانی بە پێی ئەو ماددەیە کار بکات. پاش ئەوەی گفتوگۆی ماددەکە کرا ولە رووی دارشتنەوە ئەو تێبینییانە رەچاو دەکرێت، ئێستاش ماددەکە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددەکەیە؟..دەست بەرزکرایەوە..کێ لە گەڵ نییە؟، کەواتە بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا. کاک حسێن فەرموو.

**بەڕێز حسێن علی کمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی(٤٢ و٤٣)هیچ دەسکارییەک نەکراوە و، هەر وەکو خۆی ماوەتەوە، دێینە سەر ماددەی(٤٤)زنجیرەکەی دەبێتە(٤٩) وبەم جۆرە دیخوێنینەوە.

١ـ للجنة التحقيق صلاحية تقصي الحقائق في كل ما هو معروض عليها ولها في سبيل ذلك الاستعانة بالخبراء ودعوة أي شخص لسماع اقواله وفق ما هو وارد في هذا النظام. كما لها الاطلاع على كل ما له علاقة بالموضوع المعروض عليها بعد موافقة الجهات المعنية.

٢ـ على السلطة التنفيذية أن تسهل مهمة التحقيق وان تقدم للجنة الوثائق والبيانات المطلوبة.

٣ـ في حالة امتناع المطلوب حضوره بعد دعوته خطيا جاز للمحققين ان يطلبو من رئاسة المجلس تكليف السلطة القضائية بتحريك الدعوى العامة بحقه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بڕگە(١)هیچ گۆڕانکارییەکی تیادا نەکراوە، تەنها(وفق ما هو وارد في هذا النظام)هاتووە لە شوێنی(وفق الطرق الاصولية) و، هیچی تری لێ نەگۆڕاوە و، بڕگە(٣،٢)ی خراوەتە سەر، کە لە پێشاندا لە پێڕەوەکەدا نەبووە، جا بۆ ئەوەی لای ئێوەی بەڕێز روون بێت، کە ئەو دوو بڕگە تازەیەش کە خراوەتە سەر ماددەکە زۆر شتێکی باشە و بۆشایەکی زۆری پڕ کردووەتەوە، ئێستاش کێ تێبینی لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟، تەنها کاک سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(ان يطلبوا من رئاسة المجلس تكليف السلطة القضائية بتحريك الدعوى)، لە رووی یاسایەوە ئەگەر بکرێتە(تكليف رئاسة الادعاء العام) باشترە، چونکە(الادعاء العام) جێگایەکی تایبەتە بۆ (تحريك الدعوى العام)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(ادعاء العام) سەر بە دەسەڵاتی دادوەری نییە؟.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر، سەر بە وەزارەتە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک سەعید فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید یەعقوبی:**

(للاطلاع على كل ما له علاقة بالموضوع المعروض عليها بعد موافقة الجهات المعنية) باشە ئەگەر (جهات معنيه) رەزامەندی نەکرد نازانین چ دەبێت؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(على السلطة التنفيذية ان تسهل مهمة التحقيق وان تقدم اللجنة الوثائق والبيانات المطلوبة)، دەبێ ئەمە روون بکەنەوە ئایا هاودژی هەیە، یان نییە؟.

**بەڕێز محەمەد سەعید یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو تا رادەیەک تەواو دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە، مامۆستا تێبینییەکی هەیە.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیەکەم تەنها لەسەر بڕگە دووە، (في حالة امتناع المطلوب حضوره بعد دعوته خطيا جاز للجنة ان تطلب) نەک (للمحققين) چونکە لیژنەکە راسپێردراوە بەوەی داوا بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە زۆر گفتوگۆی ئەم بابەتەمان کردووە بەرای من هەر سێ بڕگە، یەک تەواوکەری ئەوی ترە و هەمووی لە جێگای خۆیەتی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام ئەوەی کاک سەعید گوتی (كما لها الاطلاع على كل ما له العلاقة بالموضوع المعروض عليها بعد موافقة الجهات المعنية) باشە گەر ئەو رازی نەبوو؟.

لە بڕگە (٢) دەڵێ لیژنە دەبێ بەڵگەنامە بدات بە ئەو، باشە ئەگەر گوتی من نایدەم چونکە لە بڕگەیەکدا هاتووە ئەگەر بە رەزامەندی لیژنە بێ، ئەمە چۆن چارەسەر دەکەن؟.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دەسەلاتی پرسیار و وەلامدانەوە(سؤال واستجواب) و زۆر دەسەلاتی ترمان هەیە دەتوانین ئێمە لەوێ ئەم بابەتانە بخەینەروو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سەعید فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەبڕوای من ئەو بڕگەیە لابدرێ دوا بڕگەی کە دەڵێ (بعد موافقه الجهات المعنیه) مادام ئێمە لە بڕگە (٢) دەڵێین (على السلطة التنفيذية ان تسهل مهمة التحقيق وان تقدم الوثائق والبيانات المطلوبة) ئەو بڕگەیە دەڵێ ( بعد موافقة الجهات المعنية) ئەمە لابرێ بۆئەوەی بڕگەکان هاودژ (تناقض)ی یەکتر نەبن، چونکە لێرە فەرمان بە دەسەلاتی جێبەجێ کردن دەدات کە دەبێ کارەکە ئاسان بکات و ڕەزامەندی دەوێت ئەمە هەندێک دژایەتی تێدایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ئەوەی دوا ڕستە بکرێت بە (في هذا النظام.)

للجنة التحقيق صلاحية تقصي الحقائق في كل ماهو معروض عليها ولها في سبيل ذلك الاستعانة بالخبراء ودعوة اي شخص للاستماع الى اقواله وفق ما هو وارد في هذا النظام.).

دوو: (على السلطة التنفيذية ان تسهل مهمة التحقيق وان تقدم الوثائق.....) وابزانم ئەوە باشترە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لاریمان نییە.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە هاتووە بە قەناعەتی من وەکو برادەران گوتیان دەقەکە ڕێکوپێکە کە دەڵێ دەسەلات ئەرکی جیبەجێکردن ئاسان بکات ئەوا دەقەکە بە گشتی هاتووە ئەو حاڵەتانە بۆ بە ڕەزامەندی بێت؟، چونکە هەندێ جار هەندێ بابەت هەیە پەیوەندی بە ئاسایشی وڵاتەوە هەیە مەرج نییە هەموو بابەتێک ئێمە ئاگاداری بین، ئەمە کە هاتووە یاسادانەر (مشرع)لەگۆترە دای نەناوە، لەوانەیە دەزگایەکی سیخوری (جهاز مخابرات) هەیە دەبێت دەسەلاتی جێبەجێکردن لەگەڵ ڕابەر (گریمان هەیە)، یان سەرۆک پەرلەمان مەرج نییە هەموو نهێنییەکانی دەوڵەت بزانێ ئەو پێوەندە (قید)ە بۆ ئەوە دانراوە، تکا دەکەم بابەتەکان بەوردی تەماشا بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک بورهان فەرموو.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وابزانم لە برگە (٣)دا هاتووە (في حالة امتناع المطلوب حضوره بعد دعوته خطيا جاز للمحققين ان يطلبوا من رئاسة المجلس تكليف السلطة القضائية بتحريك الدعوى العامة بحقه)، واتە ئامادەنەبوونی ئەو کەسەی کە داوا کراوە ئامادەبێ ، یان لایەنی پەیوەندیدار، ئەوا ئەنجوومەنی دادوەری دەتوانێ (دعوى عامة)ی دەرحەق ئەنجام بدا بەرامبەری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. کاک سیروان فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من داوای ڕوونکردنەوە دەکەم لە لیژنەی یاسایی دەربارەی برگە (٢) و برگە (٣) ئەمە لە یاسادا نەهاتووە ئەمە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانە ئایا دەسەڵاتی جێبەجێ کردن پابەندە بە پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمانەوە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە یاسایەو هەموو یاسایەک ئەنجوومەنی وەزیران پابەندە بە جیبەجێ کردنی، ئەمە پێڕەوی ئەنجوومەنە، پێڕەوی ئەنجوومەن وەکو یاسایە ئەگەر ئەو پابەند نەبێ، ئەی کێ پابەند بێت؟.

فەرموو کاک سیروان.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من خۆم لە پێڕەو نازانم حەزدەکەم ڕوونکردنەوەیەکم پێ بدەن، ئەوەی من لێی تێدەگەم بۆ ڕێکخستنی کاروباری ئەنجوومەنە بۆ خۆی، بەڵام دەبوایە ئاماژەیەک هەبێ لە یاسای ژمارە (١) بۆ ئەم بابەتە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لە یاسای ژمارە (١) دامادەدەیەک هەیە کە پەرلەمان مافی هەیە لیژنەی لێکۆڵینەوە دروست بکات، لیژنەی لێکۆڵینەوەش ئەگەر تەماشای ئەوراقەکان نەکا لە کوێ دەتوانێ لێکۆڵینەوە بکات؟، ئەگەر ڕاستییەکان نەبینێ و نەیەتە پێشی کێ ئەو ڕاستییانە دەخاتە پێشی؟ جگە لە دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن هیچ دەسەڵاتی ترمان هەیە؟.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

زۆر سوپاس، من مەبەستم ئەوەیە ئەو دوو بڕگەیەی کە زیاد کراوە لە یاسای ژمارە (١)دا نییە، بەڵام ئەگەر لە جێگای تر روونکراوەتەوە ئەوە بەسە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە یاسای ژمارە (١) چەند ماددەیە و پێڕەوی ناوخۆ چەند ماددەیە؟. دوو ئەوەندەی ئەوە، مەرج نییە هەموو دەقێک هەر هەبێ. وەکو کاک فەرسەت دەڵێ بنەماکە لەوێ دێت و تۆش تەفسیلی دەکەی، بەڵام بەمەرجێ لەدەسەڵاتی دەرنەچێ.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر وەکو بنەما هاتووە ئەوە تەواوەو کۆتاییە سەبارەت بە ئێمە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو ماددەیە دەخەینە دەنگدانەوە: کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاستان دەکەین.

کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

برای بەڕێزم کاک حسێن سەبارەت بە ماددە (٤٣) گوتی وەکو خۆیەتی، بەڵام من وای دەبینم وەکو خۆی نییە دوایی حەزدەکەم ئەو ماددەیە بخەینە گفتوگۆوە ئێستا روونکردنەوەشی لەسەردەدەم.

پێکهێنانی لیژنەی کاتی و لیژنەی لێکۆڵینەوە بە رەزامەندی زۆربەی ئامادەبووان دەبێت، ئەمە سەبارەت بە بڕگە (١)ی ماددە (٤٣)، بەڵام لەناو پشوودانی ئەنجوومەندا لێرە جیاکراوەتەوە لە دەسەڵاتی دەستەی سەرۆکایەتی دەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەوێدا، لە ماددە ژمارە (١)نییە؟.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نەخێر نییە تەنها جیاوازییەکەی ئەوەندەیە. مەبەستم ئەوەیە بۆتە دوو بڕگە (أ ، ب)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

راستە ئەوەی کاک شێروان دەیڵێ حەقە، جیاکراوەتەوە مادام کراوە (١و ٢) دەبێ دەنگدانی لەسەر بکەین. دەیخەینە دەنگدانەوە: کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا، چونکە تەنیا جیاکردنەوەیە.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

ماددەکانی (٤٥)، (٤٦)، (٤٧) وەکو خۆیان ماونەتەوە.

تعدل المادة «٤٨» من النظام الداخلي وتصبح تسلسلها «٥٣» من المشروع وتقرأ كالآتي:

١- لأعضاء مجلس الوزراء حضور جلسات المجلس والمشاركة في مناقشاته ولا يشترك في التصويت من لم يكن منهم عضواً فيه ولهم استصحاب كبار موظفي وزاراتهم للاستعانة بهم بإذن من الرئيس دون ان يكون لهم حق الكلام.

٢- يحق لكل مواطن وللعاملين في حقل الاعلام حضور جلسات المجلس بعلم هيئة الرئاسة وبإذن من الرئيس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەم ماددەیە بڕگە (٢) وەکو خۆی ماوەتەوە لە بڕگە یەک تەنها یەک زیادە کراوە کە ئێمەش بە کردەوە جێبەجێمان کردووەو، ئێستا کاری پێ دەکرێ( لا یحق لغیر الوزراء الکلام)، فەرمانبەر مافیان نییە، وەزیر مافی هەیە راوێژکاری گەورە لەگەڵ خۆیدا بهێنێ، بەڵام لەناو هۆڵی پەرلەماندا تەنها وەزیر مافی ئەوەی هەیە کە قسە بکات، کاک عەدنان فەرموو.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من ئەگەر وابێ نەیەت، چونکە ئەگەر بێت و نەتوانێ قسە بکات لەوێ وەزیرەکە زانیارییەکانی لێ وەربگرێ و، بێ لێرەدا قسەکانی خۆی بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە هەموو پەرلەمانەکان وا دەبێ کە وەزیرێک یان لێپرسراوێک مافی خۆیەتی جێگایەکی هەبێ، بەڵام ئێمە جێگاکەمان تەسکە ئەگینا جێگای حکومەت جیاوازە سەرۆک وەزیران یان وەزیرێک دێت دوو سێ راوێژکاری خۆی لەگەڵ خۆی داناوە، کە جەنابت پرسیارێک دەکەی لەوانەیە وەزیر زانیاری تەواوی نەبێت راوێژکارەکەی کە لەگەڵیدایە یەکسەر تێبینی لەسەر بابەتەکە بۆ دەنووسێ وئەو باسی دەکات.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من رایەکم هەیە لەجیاتی ئەوەی کە دێت با ئێمە شتێکی وا دابنێین کە وەزیر زانیاری تەواو لەگەڵ خۆیدا بێنێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە ناتوانین زۆری لێ بکەین کە زانیاری تەواو بێنێت، خۆی دەبێ وەزیر زانیاری تەواوی هەبێ، بەڵام ئەمە جۆرە یارمەتییەکی وەزیر یان لێپرسراوی پەیوەندیدارە، ئێمە یەک دوو جار ئەمەمان کردووە تەنها وابزانم جارێک ماوەمان دا ئەویش بارەکە زۆر ناسک بوو لەوانەیە لێکدانەوەیەکی

هەڵە بکرابایە، لە پرۆتۆکلیش چەسپا کە وتمان تەنها ئەمجارە، مرۆڤیش لەو ساتەدا ناتوانێ هەموو شتی بەبیر بێنێتەوە، یەکسەر راوێژکارەکان تێبینییەکی لەسەر کاغەز بۆ دەنووسن ئەو خۆی تێ دەگات و کاری خۆی دەکات، بۆیە وابزانم ماددەکە لە جێگای خۆیەتی.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(استعانە بهم )خۆ مەرج نییە هەر بۆی بنووسن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر (استعانە بهم) ئەگەر مەبەست ئەوە بێت لێرە قسە بکات ئەو کاتە پارێزەرێک بۆ خۆی دەگرێت و دەینرێ بۆ ئێرە ئێمەش دەبێ گوێ لە پارێزەرەکە رابگرین یان لێپرسراوەکە، یان فەرمانبەرێکی پلە چوار بە کەیفی خۆی قسە بکات هەرچەند رێزم بۆیان هەیە، بەڵام لەناو هۆڵی پەرلەمان جگە لە وەزیر لە دەسەڵاتی راپەڕاندن کەسی تر مافی نییە قسە بکات. ئەگەر نا ئەوا هەر وەزیرێک بەرێوەبەرێکی گشتی دەنێرێت پرسیارەکان وەڵام بداتەوە ئەمە رەچاو کراوە لە هەموو پەرلەمانەکانی دنیا فەرمانبەر مافی نییە بێت قسە بکات، وەکو گوتیشم ئەمە جێگای تایبەتی خۆی هەیە ئەو کاتە کورسی بەتاڵ هەیە وەزیر سێ چوار راوێژکار بۆ خۆی دەهێنێ، چونکە تۆ بابەتێک دەخەیتەڕوو ئەو ئەگەر هەندێ شت نەزانێ ئەوا پرس بە راوێژ کارەکەی دەکات، پێویستیشە کە وەزیرێک دێت بۆ باسکردنی بابەتێک راوێژکاری خۆی هێنابێ، هەرچەند ئەوەی بەڕێزیشت دەیڵێی دەبێ وابێ وەزیر کە دێت بۆ ئێرە دەبێ زانیاری تەواوی لا بێت، بەڵام ئەمە تەنها یارمەتی دانێکە. مادام وایە کەس قسەی لەسەر ئەم بابەتە نەبێ دەیخەینە دەنگدانەوە.
کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

ثانياً: جدول اعمال المجلس

المادة الاربعون:

تعدل المادة «٤٩» من النظام الداخلي وتصبح تسلسلها «٥٤» من المشروع وتقرأ كالآتي:

١- لا تعقد اية جلسة دون جدول عمل مسبق.

٢- تنظم هيئة الرئاسة الجدول وتقوم السكرتارية بأعلام الاعضاء مباشرة.

٣- لا يجوز طرح ومناقشة اي موضوع لم يرد له ذكر في جدول الاعمال.

٤- بعد ان تعلن الرئاسة افتتاح الجلسة تتلى أسماء الاعضاء الغائبين، فالغائبين بدون عذر،
- فملخص محضر الجلسة السابقة، ويصدق المحضر بعد اجراء التصحيح الذي تقره الرئاسة اما مباشرة او بناءاً على طلب احد الاعضاء.

٥- تناقش بنود جدول الاعمال بحسب تسلسلها الوارد في الجدول ولا يصار الى مناقشة بند

جديد الا بعد الانتهاء كلياً من مناقشة البند السابق، ولكن اذا تعذر اتمام النقاش بصدد بند فيه لأي سبب كان فلهيئة الرئاسة تأجيل النظر فيه الى جلسة تالية ومناقشة ما تلاه من البنود.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەمە وەكو خۆیەتی تەنیا بڕگە (٤) نەبێت، چ تێبینییەک هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟. مامۆستا مەلا مەحمود، د. ناسح، مەلا موحسین، مەلا تاهیر.

**مەلا مەحمود فندی دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من وای دەبینم وشەی سكرتارییەت هەر تەنها لێرەدا هاتووە لە هیچ شوێنێكی تر نەهاتووە لە پێڕەوی پەرلەماندا نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وایە منیش ئەو پرسیارەم كرد، سوپاس. مامۆستا مەلا موحسین فەرموو.

**بەڕێز مەلا موحسین خالید موستەفا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بەندەكانی گفتوگۆوە زۆر جار ڕێكەوتووە خاڵێك پێشخراوە ئەو دەسەڵاتە نامێنێ، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وابزانم بەدەنگدان دەتوانین بیگۆڕین،پێم وایە جارانیش وابوو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڵێ وابوو.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستا وا نامێنێ؟، ئینجا ئەوە باش نییە. ئەسڵەكە وەكو خۆی ماوەتەوە ئەمە تەنیا زیادكرنە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر بڕگە (٣) بخوێنیتەوە هەمان ماددەیە ئێمە هاتووینە خوارێ (لا يجوز طرح ومناقشة أي موضوع لم يرد له ذكر في جدول الاعمال).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڵێ، بەڵام ئێمە زۆر جار ئاڵوگۆڕ دەكەین.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەكو پێشنیارێک دێتە پێشەوە بە ڕەزامەندی ئەنجومەن دەخرێتە بەرنامەی كارەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پشت بە چ ماددەیەک ببەستین لەمە؟. کاک عەدنان فەرموو.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەنجوومەنێک دەسەلاتی هەیە یاسا بۆ خەلک دابنێت ناتوانێ پاش و پێشی پێرەوەکەی خۆی بکات بە بڕیاری خۆی. مەرج نییە دەق هەبێ.

داوا دەکەم بڕگە (٤) بخوێننەوە چونکە من ئاگاداری نەبووم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

٤- بعد ان تعلن الرئاسة افتتاح الجلسة تتلى أسماء الأعضاء الغائبين، فالغائبين بدون عذر، فملخص محضر الجلسة السابقة، ويصدق المحضر بعد اجراء التصحيح الذي تقره الرئاسة اما مباشرة او بناءاً على طلب اجد الاعضاء .

ئەمە زیاد کراوە. کاک د. ناسح فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غەفوور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش تێبینیم لەسەر خالی (٤) هەیە کە دەلێ (تتلى أسماء الأعضاء الغائبين فالغائبين بدون عذر)، کە غائبین خوێنرایەوە (غائبين بدون عذر) بۆچییە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوانەی کە ئامادە نەبوون بە مۆلەت دەبێت بلێین فلان کەس مۆلەتی وەرگرتووە یان، فلان کەس بەبێ هۆ نەهاتووە، چونکە هەندێک هەیە بە مۆلەت ئامادە نابن و، هەندێک بەبێ مۆلەت ئامادە نابن. ئەوەی مۆلەتیشی وەرگرتووە هەر ئامادەنەبووە، بەلام بەهۆ.

**بەڕێز مەلا موحسین خالد موفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تازە بابەتیش باسی نەکراوە رەنگە ئەگەر بیری لێ بکەینەوە تازە بابەتێک هەبێ هیچ حەقی ئەوەتان نامێنێ داوای تازە بابەت بکەن. دووەمیش لە ماددەکە کە ئەمە باس ناکات هەر بابەتێک باس نەکرابێ و، ئاماژەی بۆ نەکرابێ سەرۆک پەرلەمان چۆن بۆی هەیە ئەوە بکات؟، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمان تێبینیم هەیە کە مامۆستا مەلا موحسین گوتی، لەبەرئەوە بەرای من (لايجوز طرح ومناقشه اي موضوع) بەو شێوە رەهاییە باش نییە، لەبەرئەوەی زۆر جار بابەتێک دێت بەرای من بەو شێوەیە بێت: (لم يرد له ذكر في الجدول الا بموافقة اكثرية اعضاء المجلس)، لەبەرئەوەی زۆرجار

حاڵەتێک دەبێت دەبێ گفتوگۆی بکەین، لەبەرئەوە تازە بابەتیش لەگشت پەرلەمانەکانیش هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عەبدولخالق یەک شت هەیە تازە بابەت بەو شێوەی ئێمە دەمانکرد لە هیچ پەرلەمانێکدا نییە برادەرێک راست دێتە ژوورەوە دەستی خۆی بەرز دەکاتەوە و، لەبیرتانە لەکاتی دوو سەنگەرییەکە بوو بە پێشبڕکێ ئەگەر باسی دکتۆرێک کرابا لە سلێمانی دەبوایە ئەوی تر باسی دکتۆرێکی کرادبایە لە دهۆک، ئەگەر باسی حاڵەتێک بکرابایە لە هەولێر ئەوی تر دەبوایە باسی حاڵەتێک بکات لە سلێمانی واتە ئەوە تازە بابەت نەبوو ئەوە شەڕە کەڵەشێر بوو، لە ئسولی تازە بابەت لە دنیا دەبێت پێش وەخت ئاگاداری دەستەی سەرۆکایەتی بکەن بۆ ئەوەی بیخاتە ناو بەرنامەی کارەوە، بەلای کەمەوە پێش دانیشتن بڵێین بابەتێکی وامان هەیە، چونکە زۆر جار بابەت خراوەتە روو کەس ئاگادار نەبووە تەنها ئەو کەسە ئاگاداری بووە کە خستوویەتیە روو باشە کێ دەڵێ وایە؟ تۆ هەموو خەڵکی پێ خەریک دەکەی دانیشتن، تەلەفزیۆن، راگەیاندن، لەوانەشە بابەتەکە شیاویی ئەوەندە نەبێ، بۆیە بەبڕوای من بۆ ئەم حاڵەتانە پێش وەخت کاتی خۆی من لەگەڵ لیژنەی پرۆژەش قسەم کرد بۆ ئەم حاڵەتانە با بمێنێ، بەڵام ماوەیەکی دیاریکراو پێش وەخت دابنێین بۆ ئەوەی ئاگاداری دەستەی سەرۆکایەتی بکەنەوە بۆ ئەوەی بیخاتە ناو بەرنامەی کار و، بڵێ تازە بابەتە نوێیە پێشی ئەخەین، بەڵام لەناو هۆڵەکەدا تۆ لە پڕێکا بابەتێک بخەیتەڕوو ئەمە تۆزێک لە ئیشی رێکوپێکی پەرلەمانیدا نابێت وباش نییە. کاک سەعید یەعقوبی فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوەدا نیم کە تازە بابەت هەبێ، چونکە ئێمە زۆری لە دەستەی سەرۆکایەتی دەکەین دەڵێین پرۆگرام دەبێ (٤٨) سەعات پێشتر پێشکەش بکرێ هەتا ئەندامانی پەرلەمان زانییاریان هەبێ باسی چ بابەتێک دەکرێت، چونکە تازە بابەت وەکو بۆمبێکە لەناو پەرلەماندا دەتەقێتەوە کەس ئاگای لێ نییە بابەت چییە خۆی ئامادە بکات زانیاری کۆبکاتەوە هەتا بتوانێ قسە لەسەر تازە بابەت بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ مەسەلەی تازە بابەت بەو شێوە کۆنە منیش لەگەڵ رای جەنابتم، بەڵام بەم رەهاییە نەبێت باشە (لا يجوز طرح ومناقشة أي موضوع لم يرد له ذكر في جدول الاعمال) بۆ ئەوەی کە پەرلەمان دەسەڵاتی تەواوی هەیە (الا بموافقه اکثریه اعضاء المجلس).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەمە بە کێ دەڵێیت؟ لەناو هۆڵدا دەیتەقێنیتەوە دەڵێی ئەم بابەتە باس بکەن و بیخەیتە دەنگدانەوە دەبێ ئالیەتێک بدۆزینەوە بۆ ئەم بابەتە، ئەی نابێ پێش وەخت ئاگادارمان بکەن؟.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئالیەتەکە دەستەی سەرۆکایەتییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە کارێکی وا بکەن پێش وەخت ئاگادارمان بکەن بۆ ئەوەی ئێمە یان بیخەینە ناو بەرنامەی کار، ئەگەر بەرنامەش چاپ کرابوو بەلای کەمەوە پێش ڕۆژێک پێمان بڵێن، ماوەیەکی دیارکراو دابنێین بۆ ئەوەی ئێمە بیری لێ بکەینەوەو بیخەینە ناو بەرنامەوە، ئەگەر بەرنامەش چاپ کرابوو بڵاوبووەوە لەکاتی دێینە ناو هۆڵەکە بڵێین کاکە بابەتێکی وا هەیە و وانییە، شتێکمان بۆ بکەن خۆ من لەگەڵ ئەوە نیم بە ڕەهایی بێت، بەڵام بەرنامەی کار کە دادەنرێت بۆ ئەوە دادەنرێت کە هەر ئەوە باس بکرێت. کاک عەدنان فەرموو.

**بەڕێزعەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوە نیم، چونکە کاتێک کە تازە بابەت بەو شێوەیە دەخرایەڕوو ئێمە گرفتمان زۆر بوو بۆ نموونە هەمان ڕۆژ دێین، هەروەها شتێکی شەرمەزاری نییە، چونکە مرۆڤ لە میانی ژیانی فێر دەبێت چی باشە لە ژیانی کارکردندا، بەڵام بە بڕوای من شێوازێک دابنرێ بۆ ئەوە، لاریمان نییە با هەفتەیەک پێشتر بێت بە گوێرەی گرنگی بابەتەکە دەوڵەمەنتریش دەکرێت، بەڵام بەشێوەیەکی دیارکراو بێت، گریمان ئێمە وەکو جاران دوو کوتلەین، لە کوتلەیەکی پەرلەمانی بابەتێکی دیاریکراو هەیە بتوانی لە ڕێگای دەستەی سەرۆکایەتییەوە پێشکەشی بکات بەهەر شێوەیەک بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

بەرای من ئەو چوار بڕگەیەی کاک فەرسەت خستیەڕوو ڕەنگە ئەو بابەتە چارەسەر بکات کە دەڵێت: (لكل عشرة اعضاء طلب درج مناقشة موضوع عام في برنامج المجلس لحضور رئيس الوزراء او الوزير المختص)، بەرای من ئەوە جێگای ئەو دەگرێتەوە، نازانم رای بەڕێزانیش چییە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. فەرموو مامۆستا مەلا موحسین.

**بەڕێز مەلا موحسین خالید موفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر لە دانیشتنی پێشوودا سێ بابەت خرایە بەردەم جەنابت یەکیان پەیوەندی بە کۆچ کردنەوە (هجرە) هەبوو ، یەکێکیان پەیوەندی بە ٢٨/٤/وە هەبوو، بابەتێکی تریش هەبوو کە لە پێشتردا لە دانیشتن بڕیاری لەسەر نەدرا جەنابیشت بە پەسەندت زانی بابەتەکەت خستەروو و باست لەسەر کرد، مەبەستم ئەوەیە هەندێ حاڵەتی پێویست دێتە پێشەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەرمیی هەبێ باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە، بەڵام ئالیەتەکەمان بۆ بدۆزنەوە.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ نموونە ئێستا لەناو بەرنامەی کارماندا نەبوو جەنابت باسی ئەو بارە سیاسییەمان بۆ بکەی لەگەڵ ئەوەشدا بووە بەشێک لە بەرنامەکە، لەبەرئەوە نەرمیی پێویستە من لەگەڵ ئەوەشدا نیم، تازەبابەتەکەی کە جەنابت باست کرد منیش لەگەڵ ئەو رایەم، بەڵام داوا دەکەم هەندێ نەرمیی هەبێ لەو رەهاییە چونکە رەهاییەکە بە شێوەیەکی تەواو هاتووە دەڵێ (ای موضوع) جار جار حاڵەتێک دێت بۆ نموونە هێرشێکی گشتی بوو لەکاتێکدا تۆ لەناو دانیشتنداى، لەبەرئەوە بەرای من ئەو رەهاییە باش نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. د. ناسح فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پێم باشە ئەگەر زیادە بکرێ لەسەر ئەوە ( لا يجوز طرح ومناقشة اي موضوع اذا لم يرد له ذكر في جدول الاعمال الا في الحالات الطارئة والضرورية وبموافقة اكثرية اعضاء المجلس)، ئەگەر ئەو دوو وشەی (الطارئه والضروريه) زیاد بکرێت باشترە دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاتی خۆی تەنیا سەرۆک کوتلە بوو ئێمە کردمانە قەڵەباڵغی ئێستاکە پێشبینی ئەوە بکە هەر ئەندامێک پێشنیارێکی هەبێ رۆژێ دەبێتە (١٠٥) پێشنیار، ئێستا من دووپاتی دەکەمەوە

هەمیشە ئێوە خراپترین ئەگەر (اسوأ الاحتمال) وەربگرن، یانی ئێوە ماف دەدەن بە (١٠٥) ئەندامی پەرلەمان بەپێی ئەم دەورەی ئێمە هەمانە (١٠٥) پێشنیار بکەن لە دانیشتنێکی دیاریکراودا ئەو کاتە دەبێ دەستەی سەرۆکایەتی (١٠٠) جار داواتان لێ بکات، تەنها تازە بابەت باس بکرێت، وادەزانم ئەو برگە (١) ی مادده (٣٦) کە زیادمان کرد ئامانجەکە دەگەیەنێتە جێ، بەڵام بەلای کەمی (٢٤) سەعات، یان (١٢) سەعات پێش دانیشتن ئاگاداری دەستەی سەرۆکایەتی بکرێتەوە و، کتوپڕ نەبێ بۆ ئەندامانی پەرلەمان، دوایی ئەو بابەتە لە بەرنامەی کاردا نییە ئێمە دییخەینە پێش ئەندامانی پەرلەمان ئەگەر زۆربە قەبوڵیان کرد لەوانەیە پێویستی بە پێداچوونەیەک، بە ئامادەکردنێک بێت. کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ئەنجومەنی گشتی بەریتانی ماوەیەک دیاری کراوە بۆ ئەم جۆرە بابەتانە کە پێی دەڵێن رووداوی سات (احداث الساعه)، بەڵام بێگومان لە بەرنامەیەکی پێشتردا هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەموو دانیشتنێکیش بەرنامەی خۆی هەیە ئەندامان دەیدەن بە دەستەی سەرۆکایەتی، دەستەی سەرۆکایەتیش بەرنامەیەک دادەنێت دەڵێت (٢٠) بابەتە (١٠٠) بابەتە، بەڵام لە دانیشتنەکە (١٠) بابەتی دەخاتە روو، ئەگەر پەسەندیان کرد ئەوجا دەچێتە ناو بەرنامەی کارەوە کەی نۆرەی دێت ئەوە شتێکی ترە، بەڵام ئەندامانی ئێمە دەیانەوێ یەکسەر بێنە ناو هۆڵی پەرلەمان بڵێن فلان بابەتمان هەیە بخرێتە دەنگدانەوە، ئەمە شتێکی باشە بەڵام دەبێ ئێمە ئالیەتێکمان هەبێ پێش وەخت بکرێت، وەکو وتم (١٠٥) بیروبۆچون ئەو رۆژە هەیەو دەبێ هەر هەمووی باس بکرێت هەریەکە (٢ ـ ٥) دەقیقە باسی پرۆژەکەی خۆی بکات ئەوا دەگاتە نزیکەی (٣٠٠) دەقیقە، فەرموو کاک عەدنان.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من داوای روونکردنەوە دەکەم لە دەستەی سەرۆکایەتی، گریمان کوتلەی (س) چوار پێنج رۆژ پێشتر بابەتێک باس دەکات شێوە یاساییەکەی چۆنە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەباشی دەزانین پێش دانیشتن ئاگادار بکرێینەوە، چونکە لەوانەیە وەزیری دیاریکراوی بوێ، روونکردنەوەی بوویت، ئەندامان خۆیان ئامادە بکەن.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوە نیم، بەڵام مادام لێرە بابەتەکە باسکراوە، من پرسیار دەکەم شێوە یاساییەکەی

چۆنە ؟ ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تەنها پێش دانیشتنەکە بێت، ئینجا شێوە یاساییەکەی چۆن دەکەن بیکەن.

برادەران ئەیانەوێ هەمان ڕۆژ باسی ئەو بابەتە بکەن، بۆیە ماددەیێک بدۆزنەوە هەر بابەتێکی تازە هەبێت پێش دانیشتن بەلایەنی کەم بە ڕۆژێک ئاگاداری دەستەی سەرۆکایەتی بکرێتەوە، چونکە پێش دوو ڕۆژ بەرنامەی کار چاپ ئەکرێت، جا پێش ڕۆژێک ئاگاداری دەستەی سەرۆکایەتی بکرێت وئێمەش ئەیخەینە ڕوو، بۆنموونە فلان برادەر ئەم پێشنیارەی هەیە ئەیخەینە دەنگدانەوە ئەگەر دەنگی لەسەر درا ئەیخەینە بەرنامەی کارەوە و ئەگەر ڕەزامەندی لەسەر نەدرا ئەوا پێشنیارەکەی گفتوگۆی لەسەر ناکرێ، جا ئەگەر بەو شێوەیە بێت زۆر باشە، فەرموو مامۆستا.

**بەڕێز محسن خالد مفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە مەبەستمان ئەوە نیە دەستی ئێمە کراوە بێت،ئەگەر نوسراوێک بنوسرێ بۆ ئێوە وئارەزووتان لێی بوو ئەوا ئەیخەنە بەرنامەی کارەوە، وەلەهەر کاتێکدا بێت، نوسراوێک ئەنوسرێ و پێشنیارێک ئەخرێتە بەردەستی دەستەی سەرۆکایەتی و ئەگەر دەستەی سەرۆکایەتی زانی گرنگە ئەوا با دەستی ئێوە کراوە بێت، نەوەک دەستی ئێمە، وئەگەر گرنگ نەبوو مەیخەنە بەردەست، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

نەخێر مامۆستا، لەکاتی دانیشتن نا، پێش دانیشتن باشە، وناکۆکیەکە لەسەر ئەوەیە، وەجەنابت ئەڵێی لەکاتی دانیشتن بێت، چۆن لەهەر کاتێکدا ئەوە ئەبێت؟

تۆ لەجێگای خۆت دانیشتووی و وەرەقەیەک ئەنووسی ئەو بابەتە باس کەن، بەراستی ئەوە کاری پەرلەمان نیە، وهەر لەبەر ئەوەیە بەرنامەی کار دانراوە تاوەکو خەڵک خۆی بۆ ئامادە بکات بەبەڵگەوە گفتوگۆ بکات ئەوە بەرپرسێتی میللەتێکی تیادایە، لەوانەیە لەژێر سۆزی جەنابت ئێمە بڕیارێکی هەڵە بدەین، یاخود کۆمەڵێک برادەر پشتگیری لێبکەن وبڕیارێکی هەڵە دەرکەین، یاخود بڕیارێکی باش وەرگرین، چونکە ئەوەیش هەیە، بۆیە باشتر وایە ئێمە پێشتر ئەو پێشنیارانەی کە دەنووسرێن بدرێن بە دەستەی سەرۆکایەتی و ئەویش بیخاتە بەرنامەی کارەوە، وئەگەر بەرنامەی کار کاتی بەسەر چووبوو بەلایەنی کەمی ڕۆژێک پێش دانیشتن بێ تاوەکو دەستەی سەرۆکایەتی ئامادەبێت، بەڵام ئەگەر پەرلەمانتارێک بێتە ناو هۆڵەکەوە ودەستی خۆی بەرزبکاتەوە وبڵێ من پێشنیارێکم هەیە، یاخود برادەرێکی تر پێشنیارێکی هاودژی هەیە بەراستی ئەوها بەم جۆرە کارەکەمان لێ تێک ئەچێ، کاتی خۆی کە دووکەس هەریەکیان لەکوتلەیەک هەڵدەستان گرفتێک بوو، فەرموو مامۆستا.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من پێشنیارێکم هەیە ئەگەر پێناسەی تازە بابەت بکرێت وئەو بۆنانەی کە کاک محسن باسی کردن کە دەڵێ جەنابت پێش چەند ڕۆژێک باسی چەند بۆنەیەکت کرد لەپەرلەمان بەراستی ئەوانە تازە بابەت نەبوون بەڵکو بۆنەو یاد بوون و لەوانەیە برادەران بیریان لەوە نەکردۆتەوە یاخود بۆنەیەک هاتە پێش یاخود یادوەرییێکە، ئەوانە تازە بابەت نین، بەڵکو تازە بابەت ئەبێ پێناسەی هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمانە تازە بابەت نین، تازە بابەت ئەبێ بابەتێکی گرنگ بێت، بەلام یادوەرییێک یان بۆنەیەک هەیە ئەمە کەی تازە بابەتە؟، فەرموو مامۆستا.

**بەڕێز مەلامحەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لەسەر برگە (٥) قسەم هەیە، پێش ئێستا لە کۆبونەوەکانی پەرلەماندا بێگومان بەندەکانی بەرنامەمان پاش وپێش کردووە، بەلام ئەم برگە(٥)ـە هیچ ڕێگە نادات کە بەندەکان پێش وپاش خەین هەرچەندە ئێمە پێشتر کردوومانە، ئەڵێ( تناقش بنود جدول الاعمال بحسب تسلسلها الوارد في الجدول) ئەمە یەک، ودووپاتی ئەکاتەوە وئەڵێ( ولا يصار الى مناقشة بند جديد الا بعد الانتها كلياً من مناقشة البند السابق) ( مناقشة البند الجديد) مەبەستی لێرە ( البند التالي)یە واتە ( ولا يصار الى مناقشة البند التالي الا بعد الانتهاء كلياً من مناقشة البند السابق) من پێم وایە لێرە شتێک بکرێت بۆ ئەوەی دەرفەتی پێش خستن و پاش خستن هەبێت، دووەمیش لەکۆتایەکەی کە ئەڵێ (ولكن) (لكن)ی ناوێ (واذا تعذر اتمام النقاش بصدد بند فيه لاي سبب كان فلهيئة الرئاسة تأجيل النظر فيه الى الجلسة تالية و مناقشة ما تلته من بنود) بۆیە ئەگەر شتێک بکرێت تاوەکو دەرفەتی پێش خستن و پاش خستن هەبێت، چونکە برگە (٥) هیچ دەرفەتی ئەنجوومەن نادات بۆ ئەوەی پاش وپێش لەبەندەکاندا بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە کاتی خۆی کە ئەمان کرد، کە بەندەکانمان ئاڵوگۆڕ ئەکرد پشتمان بە هیچ بەندێک ئەبەست؟، کەبەندەکانمان ئاڵوگۆڕ ئەکرد؟ وە ئەگەر ئارەزوتان هەیە برگەیەک زیاد بکەن، بەلام برادەرانی لیژنەی یاسا ئەڵێن پێویست ناکات چونکە ئەتوانین ئێمە لێرە بەندەکان ئاڵوگۆڕ بکەین، وە لە مادە (٤٩)ی کۆنیش هەر هەمان دەق هەیە، بەلام ئەمان کرد، فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە هەق وانییە دوای شەش ساڵ هەر لەسەر ئەمە بڕۆین، چونکە ئێمە پەیرەو هەموارئەکەین بۆیە

هەقە هەمواربکرێت تاوەکو دەرفەتی پێش وپاش خستن هەبێت، بالیژنەی یاسا بیکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە بەڵام لەسەر چ بنەمایێک بیکات وچۆن بیکات وچۆن بێت؟، فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشتر کردوومانە لەهەموو شتێکدا لەشەرع و یاسا پێش وپاش خستن دروستە وپاش ئەوەی کە کردوومانە ولەسەری ڕۆیشتوین با لێرە شتێک بکرێت بۆ ئەوەی ماوەی پێش وپاش خستن هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناسح حیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئێستا بە(٢٨) ئەندام یاسا دەردەکەین، ئایا ئێمە ناتوانین برگەیەک لە برگەکانی بەرنامەی کار دەستکاری بکەین؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

راستە کاک شێروان، بەڵام لەسەر چ بنەمایێک بیکەین؟، ئەمە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانە کەنەمان کرد ، دەستەی سەرۆکایەتی نایخەینە روو، یان ئێمە خستمانە روو بۆیە پێویستیمان بە شتێک هەیە بمان خاتە سەر ئەو رێڕەوە کە ئەو مافە چۆن بخرێتە روو؟، (ولا یجوز تقدیم اي بند الا بموافقة اکثریة اعضاء البرلمان) شتێکی وا هەبێت بۆمونە، دەرفەت بدەن تکایە بۆ ئەوەی ئەم گرفتە چارەسەر بکەین، فەرموو کاک فەرسەت.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(تناقش بنود جدول الاعمال بحسب تسلسلها الوارد في الجدول ولا یصار الی مناقشة بند جدید الا بعد الانتهاء کلیاً من مناقشة البند السابق کما لا یجوز تقدیم وتأخیر بنود مواد البرنامج الا بموافقة أکثریة الحاضرین).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رازین لەسەر ئەم دەقە؟، زۆر باشە کاک شێروان بیخەنە سەری، مادام وایە تەواو، ئەمێنیتەوە دوو شت ئەوەی سکرتاریەت مامۆستا مەلا محسن پێشنیاری کرد( تقوم السکرتاریة باعلام النظام مباشرةً) راستە تەنها لێرە سکرتاریەت هاتووە، جا بیکەینە سکرتێر؟، سکرتێر جوانترە لەجیاتی سکرتاریەت بکرێ بە سکرتێر، فەرموو فەوزیە خان.

**بەڕێز فـــەوزیەعـــــیـــــزەدین رەشـــیـــــد:**

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجــــومـــــەن.**

لێرە( جدول عمل الجلسة) هاتووە بەڵام لە پرۆژەکە هاتووە (جدول اعمال المجلس) هەر ئەوەندە ئەڵێم جیاوازی لەنێوانیاندا هەیە؟، سوپاس.

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجــــومـــــەن:**

سوپاس، فەرموو لیژنەی یاسا.

**بەڕێز شـــێـــــروان نـاسح حــــەیدەری:**

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجــــومـــــەن.**

هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆی تیادانییە، خۆی لە ناو ڕێکخستنی کاروباری دانیشتنە، سوپاس.

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجــــومـــــەن:**

سوپاس، کاک فـەرسەتیش وای بۆ ئەچێ کە بنووسرێ ( جـدول اعمـال الجلسـة)، مـادام وایە مـاددەکـە ئەخـەینە دەنگدانەوە، کێ لەگـەڵە ........ سوپـاس، کێ لەگـەڵ نیـیـە.... سـوپاس، بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا، سوپاستان ئەکەین، ئەمێنێتەوە برگە(١)ی تازە بابەت وچارەسەرتان نەکرد بەراستی، ئەگـەر واهەست ئەکەن ئەو سێ چوار برگـەیەی کە زیاد کـراون ئەوە بەس نیـیـە، ئەگەر حەز ئەکەن ماددەیەک دانێن بۆ تازە بابەت، باشە ئەگەر پێشنیـارێک بکرێ لە (٥) ئەندام ئەگـەر هاتوو بابەتێک گشـتی بوو وبەپەلە بوو وچەند روخسـارێکی تری لەسـەرە وپێش دانیـشتن بەرۆژێک بخرێتە بەردەم دەستەی سەرۆکایەتی و( علی هیئة الرئاسة عرضها علی المجلس واذا وافق علیـها اکـثریـة المجلس) ئەوا ئەخرێتە بەرنامەی کارەوە، جا ئێستا پێشنیـارێک ئامادە ئەکرێت بۆ تازە بابەت، بەڵام ئێمـە لەسـەری بەردەوام ئەبین دوایی ئەگـەڕێینەوە سـەری، فـەرمـوو کاک حسێن.

**بەڕێز حـــــســـــێـن عـــەلی کـــــەمـــــاڵ:**

تعدل المادة « ٥٠ » من النظام الداخلي وتصبح تسلسلها « ٥٥ » من المشروع وتقرأ كالآتي:

١- يتكلم العضو في الجلسة بإذن من الرئيس.

٢- تسجل طلبات الاذن في الكلام مع مراعاة تسلسل تقديمها وتراعى في اعطاء الإذن الاسبقية في الطلب.

لە ماددە بنەرەتیەکە هاتووە ئەڵێ ( يتكلم العضو في الجلسة بأذن من الرئيس).

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجــــومـــــەن:**

مـادام وایە ئەیخـەینە دەنگدانەوە، کێ لەگـەڵە ..... سـوپاس، کێ لەگـەڵ نیـیـە... سـوپاس، بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا سوپاستان ئەکەین، فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

مادده (٥١) ئەبێتە (٥٦) لە پڕۆژەکەو بەوجۆرە ئەخوێنرێتەوە:

تعدل المادة «٥١» من النظام الداخلي وتصبح تسلسلها «٥٦» من المشروع وتقرأ كالآتي:

١- يوجه العضو كلامه الى الرئيس ويقف المتكلم في مكانه او يجلس الى المنصة المعدة لهذا الغرض ولا يجوز ان يكرر اقواله او اقوال غيره من الاعضاء الذين سبقوه في الكلام ولا يخرج عن الموضوع ولا يتكلم في موضوع واحد مرتين الا اذا طلب من الرئيس ذلك وعند الاخلال بذلك للرئيس ان يلفت نظره الى تطبيق احكام هذا النظام.

٢- لا يجوز العودة الى مناقشة المواضيع التي تم حسمها.

ئەمە گۆرانکاریەکی بچوکی تیادا کراوە وتەنیا دارشتنە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تەنیا داڕشتنە، ئەو ماددەیە ئەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە.... سوپاس، کێ لەگەڵ نییە... سوپاس، بەتێکڕای دەنگ پەسندکرا، سوپاستان ئەکەین، فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

مادده(٥٢) لەگەڵ مادده (٥٧)ی پڕۆژەکە تەواو دەستکاری نەکراوە، مادده(٥٣) ئەبێتە مادده (٥٨)ی پڕۆژەکە

تعدل المادة «٥٣» من النظام الداخلي وتصبح تسلسلها «٥٨» من المشروع وتقرأ كالآتي:

عند البدء بطرح اي بند من بنود جدول الاعمال للمناقشة يدعو الرئيس طالبي الكلام الى تسجيل اسمائهم ثم يبدأ المسجلون حسب اسبقية الطلب.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تەنها (بالكلام)ەکە لێرە هەڵگیراوە، ئەمە باوەکو خۆی بمێنێتەوە ئەگەر لاری نییە؟ باشە وەکو خۆی مایەوە بڕۆ بۆ سەر ماددەکەی تر.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

مادده (٥٤) لەپێرەوی ناوخۆ وەکو خۆی ئەمێنێتەوە مادده (٥٥)هەر وەکو خۆی ئەمێنێتەوە تەنیا زنجیرەکانیان گۆڕاوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دەرفەت بدەن لێرە ماددەیەک ماوە با زیادی بکەین، کاک فەرسەت بیخوێنەوە ئەگەر زەحمەت نەبێ.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

(يحق لرئيس الكتلة البرلمانية طلب ادراج موضوع مستجد في برنامج الجلسة على ان يكون الموضوع عاماً ومستعجلاً وطارئاً ويتم قبوله باغلبية الحاضرين قبل اربعة وعشرون ساعة من موعد عقد الجلسة).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک عەبدولخالق.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر سەرۆکی کوتلە نەتوانێ لەناو دانیشتن داوا بکات بابەتێک بخرێتەروو؟ من چاوەڕێم ئەکرد نەک سەرۆکی کوتلە بەڵکو ئەندام بتوانێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا کاک عەبدولخالق ئەوە پرۆژە بوو کاتی خۆی پێشکەش ئەکرا بۆ گفتوگۆ کردن؟.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵام سەرۆکی کوتلە ئەبێ ئەم دەسەڵاتەی هەبێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

راستە دەسەڵاتی هەیە بەڵام نابێ،پێش ئەوەی بیهێنە ناو هۆڵەکە بێت بڵێ ئەم بابەتەم هەیە وباسی بکات؟ لێرە سەرۆکی کوتلە بڵێ من بابەتێکم هەیە وباسی بکات وئەندامان ئاگایان لێی نییە، ومن لە هەموو دنیادا نەم بینیوە کەیەکسەر بێتە ناو هۆڵەکەو بڵێ ئەم بابەتە باس بکەن، باوەڕ ناکەم لە هەموو دنیادا ئەم بابەتە ئەوها بەوشێوەیە بێت، باشە چی بکات کێ ئاگادارە؟ لەوانەیە ئەو بابەتە پێویستی بە وەزیری تایبەتمەند هەبێ، یان بابەتێکی گرنگ بێت کە لەوانەیە باس کردنی ببێتە گرفتێک، ئەبێ بەلانی کەمەوە پێش ئەوەی بێینە ناو ئەم هۆڵە بزانین بابەتەکە چییە؟، فەرموو کاک عەدنان.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوە دانیم بەوشێوەیە بخرێتەروو، بەڵام گرنگە دارشتنێکی بۆ بدۆزرێتەوە، بەڵام بۆ نمونە ئەو لەگەڵ کوتلەی خۆی باسی کردبێت، بێت لێرە بیخاتە روو سەرۆکایەتی پابەند نییە لەهەمان کاتدا باسی بکات بەڵام ئەگەر لەناو ئەنجوومەندا رەزامەندی لەسەر کرا لەناو ئەنجوومەن ئەوسا بەگوێرەی گرنگی بخرێتە پەیرەو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عەدنان بەپێی تاقیکردنەوە بەراستی باس کردنی بابەت لەناکاو، لەهیچ دنیادا شتی وانییە دوو، ئەمە شلەژانە بۆ کاری ئێمە وزۆربەی هەرە زۆری ئەم بابەتانەمان بەلایەنی خراپە بۆ گەڕاوەتەوە نەک بەچاکە، بۆیە بەرای ئێمە دەبێ تازەبابەت پێشتر لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی باس بکرێت و ئەوکات بخرێتەروو، بەراستی نابێ برادەرێ بێ لەناکاو لەناو هۆڵەکە بڵێ ئەم

بابەتەم بۆ بخەنەروو ودەنگدانی لەسەر بکەن، لەهەموو سیستمەکانی جیهان بگەرێین شتی وا نییە و، ئەمە کاری ئێمە نییە، فەرموو کاک د. ناسح.

**بەرێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی کە جەنابی سکرتێر کردی وابزانم چاکە بەڵام ئەگەر دەرفەت هەبێ هەمواریکی بچووکی لەسەر بکەین ئەویش ئەو ٢٤کاتژمێرە لاببرێت و ببێتە پێش دانیشتن ولەناو دانیشتن نەبێت.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەی پێش دانیشتن؟، بەڵکو من لە رێگاوە دێم ئەڵێ فلان بابەت هەیە؟بەڵکو ئەم بابەتە پێویستی بە تەلەفۆن هەیە بۆ وەزیری تایبەتمەند یان پێویستی بە تەلەفۆن هەیە بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، لێرە تۆ شتێ باس ئەکەی، ئێوە بابەتەکە بەو شێوەیە وەرگرن، تەلەفزیۆنە ودەزگای راگەیاندنە وخەڵکە دانیشتوە، تۆ یەکسەر بابەتێک دێنیتە کایەوە ونازانی ئەنجامەکەی چییە، فەرموو کاک د.ناسح.

**بەرێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە باسی(طاریء) ئەکەین بێ گومان پێش (٢٤)کاتژمێر ئەمە نابێتە (طارئ)، یان لەناو ئەو دەقەی کە هاتووە برگەیەک بزرە یان لەبیر کراوە وەکو لێرە چەند خاڵێک باس نەکرا جا ئەگەر شتێکی ئاوا بە ئێوە بگوترێ پێش دانیشتن وابزانم شتێکی خراپ نییە، بالەناو دانیشتنەکە نەبێت بەڵکو پێش دانیشتنەکە بێت، سوپاس

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە جیاوازی هەیە ئەمە رووی داوە، بابەتێکی گرنگە نائاساییە باس ئەکرێت، کە ئێمە لێرە باسی لەناکاو بکەین و کەسی لێ ئاگادار نەبێت، کاک ئەکبەرفەرموو.

**بەرێز ئەکبەر حەیدەر موسا:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە کە دێین لێرە دائەنیشین بەرنامەی کار دابەش کراوە، وە ئەگەر ئەمە بکرێت ئەوا ئەبێ چاو بە دەسەڵاتی سەرۆک وجێگر وسکرتێرەکەی بخشێنینەوە، چونکە دەسەڵات بەوان دراوە ئەوان دانیشتن دیاری ئەکەن، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک شیروان.

**بەرێز شیروان ناسح حەیدەری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەبۆچونی من ئەو ٢٤کاتژمێرەی کە برای بەڕیز کاک فەرسەت ئاماژەی پێدا هاودژەبێت لەگەڵ

ئەو ماوەی کە بۆ بەرنامەی کار دانراوە، بەرنامەی کار ٤٨کاتژمێرە، باشە ئەگەر بەرنامەی کار دەرچوو وپاش ٢٤کاتژمێر ئەو بابەتە خرایەڕوو؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تازە بابەتەکە لەسەر ئەو بنەمایەیە، لەبەر ئەوەی بەرنامەی کار دابەش کراوەو شتێکی گرنگ دێت، ناچارین ئەو کات بیخەینە پێش چاو، ئەگەر رازی بوون لەسەری ئەوا ئەیخەینە بەرنامەی کارەوە، ئەمە لەسەر ئەو بنەمایەیە، فەرموو کاک عەبدولخالق.

**بەڕیز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆنمونە سەرۆکی کوتلە بابەتێکی هاتە پێش ئەبێ بە ڕەزامەندی دەستەی سەرۆکایەتی بێت، بەبێ ڕەزامەندی دەستەی سەرۆکایەتی بابەت ناخرێتە روو، واتە ئەگەر سەرۆکی کوتلە بیروبۆچونێکی بۆ هات یان تەلەفۆنێکی بۆ هات، شتێکی بۆ جەنابت نارد، وەدەستەی سەرۆکایەتی ڕەزامەندی لەسەر هەبوو بۆ گفتوگۆی لەسەر نەکرێ؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عەبدولخالق جەنابت ئەزانی تازە بابەت دوو، سێ مەرجی هەیە، یەک: ئەبێ پاش کردنەوەی دانیشتن بێت و کەتۆ دانیشتنەکەت کردەوە بەرنامەی کار ئەخوێنیتەوە. دوو: من دووپاتی ئەکەمەوە کەس ناکۆکی نییە لەسەر ئەوەی تازە بابەت بێتە پێشەوە، بەڵام ناکۆکییەکە تەنها لەسەر کاتی کارەکەیە، لەناو هۆڵ نابێ بابەتێک لەناکاو بخرێتەروو، وەکو وتم لەوانەیە کاردانەوەیەکی خراپی هەبێ لەسەر ڕۆیشتنی دانیشتنەکە وگفتوگۆکردنەکە، وەهەتا باس کردنیشی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن، بۆیە پێش وەخت باشترە ئەو برادەرە پێش دانیشتن بە ١٢کاتژمێر یان بە ٢٤ کاتژمێر بابەتەکەی پێش چاو بخات لەوانەیە لەو ماوەیە بتوانین بە خەڵکێکی کاربەدەست وبەرپرسی رابگەیەنین، بێت بۆ ئەوەی ئەو بابەتە لەگەڵ ئێمە باس بکات، مەبەستم پێش ئەوەی بێینە ناو هۆڵەکە ئەبێ بزانین چی هەیە، وچی باس ئەکرێ لەم هۆڵە، چونکە ئایا ڕاستە تۆ بێیی بۆ ناوهۆڵەکەو نەزانی لەلای برادەران چی هەیە؟!، فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چاوەرێ دەکەم، ئەم بابەتە ڕۆژێک لە ڕۆژان جەختی لەسەر ئەکەمەوە، ئەگەر جیاوازی لەسەر هەبوو؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر هاتوو هەبوو ئەو کات مرۆڤ ئەتوانێت چارەسەری بکات، بەڵام بابەتی لەناکاو نەبووە لەهیچ شوێنێک تۆ بێیە ناو هۆڵی پەرلەمان و برادەرێک بە ئارەزوی خۆی بابەتێک بخاتەروو، با ئێمە حساباتی تر بکەین، بەڵکو ئەو برادەرە زێدەبایی ئەکات لەسەر کوتلەیەکی تر، بۆ نمونە

ئەندامێکی پەرلەمان ئەیەوێت بابەتێکی دیاریکراو باس بکات کە پەیوەستە بە کۆمەڵێکی دیاریکراوەوە لەناو کۆمەڵدا وکۆمەڵی تر بریندار بکات وتۆش دەنگی بۆ ئەدەیت، دەرئەنجامەکەی لەوانەیە کاردانەوەی خراپی هەبێت، ئێمە وەکو ئەندام پەرلەمان ئەبێ قازانجی گشتیمان لەبەر چاو بێت، یان ئەندامێکی پەرلەمان ئەیەوێت بۆخۆی راگەیاندن بکات، وبابەتێک بەناوی تازە بابەت ئەخاتە روو وسۆزی من وتۆش رائەکێشێ و دەنگی بۆ ئەدەین، بۆیە بەراستی دەبێ پێش وەخت بێت، ئێمە لەسەرۆکایەتی لەگەڵێن راستە، بەڵام تەنها تێبینیمان لەسەر ئەوەیە کە ئەگەر بکرێت هەوڵ بدەن پێش ئەوەی بچنە ناو دانیشتن ماوەیەکی دیاری کراو دەست نیشان بکەن بۆ ئەوەی خۆمانی بۆئامادە بکەین بەلانی کەمەوە خۆئامادەکرنێکی دەروونی، جاحەز ئەکەن ١٢کاتژمێر بێت یان ٢٤کاتژمێر بێت گرفت نییە، فەرموو کاک ئەحمەد.

**بەڕێز ئەحمەد عەلی عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو دەقەی کە کاک فەرسەت داینابوو تەواوە بەڵام نەختێک درێژە منیش دەقێکم داناوە، (لرئيس الكتلة تقديم ما يستجد من موضوعات الى هيئة الرئاسة وقبل انعقاد الجلسة بيوم واحد).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کام رووداو وبابەت، سیفەتێکی پێبدەن(مستعجل، طارىء، عام، مهم)؟.

**بەڕێز ئەحمەد عەلی عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(ما يستجد من موضوعات طارئة الى هيئة الرئاسة وقبل انعقاد الجلسة بيوم واحد).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەیخوێنینەوە پاشان بۆ دارشتن بیهێنن، بەڵام لەسەر بنەماکە رازین، یەک ئەم بابەتانە هەبێتن و دوو، پێش وەخت بدرێ بە دەستەی سەرۆکایەتی، سێ، ماوەیەکی دیاری کراوی بۆ دابنرێت و بزاندرێ کەی ئەدرێ بە دەستەی سەرۆکایەتی، وپێشنیار کراوە ٢٤کاتژمێر بێت وچوار لایەنی تیادابێت جا ئەگەر رازین لەسەری با دایرێژن، یەک هەبێت، دوو پێش وەخت بێ، سێ لەناکاو ونائاسایی وگشتی بێت(طارىء ومستعجل وعام)بێت، لەسەر ئەم بنەمایە کۆکین، بابخوێنرێتەوە، فەرموو کاک فەرسەت.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عبدوللا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(يحق لرئيس الكتلة البرلمانية طلب ادراج موضوع مستجد في برنامج الجلسة على ان يكون الموضوع عاماً ومستعجلاً وطارئاً ويقدم الى رئاسة المجلس قبل اربعة وعشرون ساعة من موعد انعقاد الجلسة ويتم قبوله بأغلبية الحاضرين).

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

ئەم پێشنیارە ئەگەر لەدارِشتن چ گرفتێک هەبێت ئەوا برادەرانی دارِشتن ڕێکی خەن، وەکو بنەماکە وابزانم (ئەرکان)ەکانی تیاداهەیە، جا ئەو ماددەیە ئەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە.... سوپاس، کێ لەگەڵ نییە.... سوپاس، بەتێکرِای دەنگ پەسند کرا، سوپاستان ئەکەین، فەرموو.

**بەڕێز حـــــســـــێن عـــــەلی کــــــەمـــــال:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

مادده (٥٤)و(٥٥)وەکو خۆی ئەمێنێتەوە تەنیا زنجیرەی پێ ئەدرێ،

## الفصل الثامن

## السؤال والاستجواب

**المادة «٤٧» :**

تضاف المواد التالية الى هذا الفصل من النظام الداخلي وتندرج تحت تسلسلات جديدة ويراعى فيما بعد تسلسلات بقية المواد على ضوء ذلك.

**المادة «٦١» :**

السؤال هو مجرد استفهام العضو عن امر يجهله او رغبته في التحقق من حصول واقعة علم بها.

**المادة «٦٢» :**

لكل عضو ان يوجه الاسئلة خطية كانت ام شفهية الى السلطة التنفيذية عن طريق رئيس المجلس.

**المادة «٦٣» :**

يجب ان يكون السؤال موجزاً منصباً على الوقائع المطلوب استيضاحها خالياً من التعليق وان لا يكون موضوع السؤال مطروحاً امام القضاء او ذكر اسماء بقصد المساس بشؤونهم الخاصة.

**المادة «٦٤» :**

١ـ يوجه السؤال الخطي الى الرئيس وهو يحيله الى الجهة المختصة بعد درج خلاصته في جدول اعمال الجلسة التي تلي تقديمه.

٢ـ لكل عضو توجيه السؤال الشفهي متى اراد وليس للرئيس ان يقبل اكثر من ثلاثة اسئلة يمكن توزيعها على الجلسة وليس لغير السائل ان يشترك في المناقشة وليس له ان يتكلم اكثر من عشر دقائق، وله عند عدم الاكتفاء ان يتقدم بسؤال خطي وللسلطة التنفيذية ان تجيب فوراً او ان ترجيء جوابه الى الجلسة التالية.

**المادة «٦٥» :**

لرئيس او عضو السلطة التنفيذية ان تجيب على السؤال الخطي **فور تلاوته او ان تجيب**

عليها خطياً خلال خمسة عشرة يوماً من تأريخ ايداعها اليه.

**المادة «٦٦»:**

يتلى جواب السلطة التنفيذية في اول جلسة تلي وروده فاذا اكتفى السائل بالجواب او كان خائباً ولم يتبين السؤال غيره اعتبر الموضوع منتهياً.

**المادة «٦٧»:**

اذا لم تجب الحكومة ضمن المهلة القانونية على سؤال العضو جاز لهذا الاخير ان يحوله الى استجواب وتتبع في شأنه الاصول المتبعة في الاستجوابات.

**المادة «٦٨»:**

الاستجواب هو عبارة عن مطالبة السلطة التنفيذية ببيان اسباب تصرفها في امر ما او الغاية منه بدون ان ينطوي على رغبة التدخل في اعمال السلطة التنفيذية.

**المادة «٦٩»:**

١- على كل عضو اراد استجواب عضو السلطة التنفيذية ان يوجه استجوابه بصورة خطية.

٢- يبلغ رئيس المجلس الاستجواب الى السلطة التنفيذية بعد درجه في جدول اعمال اول جلسة تلي تبليغها اياه ويحدد موعد مناقشته بعد اسبوع الا اذا رأى المجلس الاستعجال ووافقه عضو السلطة التنفيذية.

**المادة «٧٠»:**

اذا انتهت المناقشة بالتصويت على الاستجواب واسفر التصويت عن رفض الاستجواب تعتبر المسألة منتهية وفي حالة تأييد المجلس للاستجواب بأغلبية ثلثي عدد الحاضرين فيعتبر هذا التأييد اعفاء للمستجوب من منصبه وفقاً للقانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم ماددانەی کە خراونەتە سەری زۆربەیان لە دەقەکەدا هەنە، بەڵام هەندێکی جیا کراوەتەوە و خراوەتە سەری و فراوان کراوە، ئەمە بەکردەوە دەکرێت، بۆ نموونە ئێمە پرسیار دەنووسینەوە وئەنکێتی بۆ دەکەین وکورتەکەی دەنووسین واتە ئەم تاقی کردنەوەیەی کە کردوومانە پۆلێن کراوە وجیا کراوەتەوە بەو شێوەیەی کە هەیە. پێناسەی پرسیار وەڵام دانەوە کراوە بۆ ئەوەی تێکەڵ نەبێت، واتە مومارەسەی مەسەلەکەمان کردووە، ئەمە شێوازێکی باوە (متبعە) لەزۆربەی وڵاتاندا، مەرج نییە دەقاودەق وەکو ئەمە بێت، بەڵام زۆربەی زۆری ناوەڕۆک و بنەماکەی بەم شێوەیەیە لەهەموو وڵاتان، بۆیە وای بۆ دەچم سەرکەوتوو بوون لەروونکردنەوەی ئەم بابەتە. ئەگەر چ پێویست بە گفتوگۆ ناکات ئەیخەینە دەنگدانەوە. کاک شێخ عەدنان فەرموو.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەر مادده (٧٠) تێبینیم هەیە،ئایا ئەوە هاودژیەک دروست ناکات کە ئەو (مستجوب)ە لە

پایەی لاببرێ، چونکە ئێمە لە زۆر جێگای تر (٣/٢)مان داناوە بۆ موتمانە کێشانەوە، ئەگەر (مستجوب) لە پایەی خۆی ببەخشرێت (اعفاء) هەمان شت دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لە بنەماکەیشی هەر واهاتووە، بەڵێ موتمانە کێشانەوە هەر (٣/٢)یە واتە دوو سێ یەک (ثلثي حاضرین) ئەمە هاودژی نییە، لێرەش زۆرینەیْ سێ یەکی ئامادەبووانە، ئاساییە. کاک ئەکبەر فەرموو.

**بەڕێز ئەکبەر حەیدەر موسا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من تەنها تێبینیەکم هەیە لەسەر مادده (٦٨) (الاستجواب)شی کراوەتەوەو پێناس کراوە، ئەگەر بکرێت وبە پەسەندی دەزانن لیژنەی یاسا با ئەوە بخەینە پێشەوە، لەبەر ئەوەی (استجواب) زۆر لەماددەکانی تر لەپێش ئەمە هاتوون، ئەم پێناسە بخرێتە پێشەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە پرسیار تەواو دەبێت، دوای ئەوە (استجواب)و (شروطی استجواب) چییە؟ یەک لەدوای یەکە؟، زنجیرەکەی باش هاتووە، کاک رجەب فەرموو.

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادده (٦٥) هەندێ چەوتی زمانەوانی تێدا هەیە، لێرە دەڵێ :(للرئيس او العضو السلطة التنفيذية ان تجيب)، خۆی (يجيب عليه خطيا) چونکە (سؤال) «مذكرە»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

فەرموو مامۆستا مەلا تاهیر.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لێرە (السلطة التنفيذية) زۆر دووبارە بۆتەوە لەم ماددانە، ئێمە کاتێ ئەوەمان پێ دەگوت کەوا ناوی ئەنجوومەنی وەزیران نەنرا بوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

گوێمان بگۆڕێت بکرێت بە ئەنجوومەنی وەزیران یان بکرێت بە حکومەتی هەرێم .

**بەڕێز مەلامحەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

هەر لەم ماددانە زۆربەیان (سلطەی تنفیذی) تیادا زۆر دووبارە نەبۆتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ، تکایە ئەوە جێگیر بکرێت یان ئەنجوومەنی وەزیران یان حکومەتی هەرێم. کاک سەعید فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد قەرەنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادده (٥٩) له پەیڕەوی خۆمان ئێستاکه دەڵێ (تسقط الاسئلة والاستجوابات بإنهاء دورة الانعقاد الاعتيادية ويجوز تجديدها في الدورة التالية كما تسقط في حالة الاستقالة او اقالة مجلس الوزراء) ئەوە نازانم بۆ لەبیر کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو بمێنێتەوە ئەمە دەسکاری نەکراوە، هیچ گرفتێک لەوەدا نییە، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی (٥٩) دەخرێتە سەر ئەوانە و وەکو خۆی دەمێنێتەوە، ئێمەش لەگەڵ رای کاک سەعیدین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە وەکو خۆی بمێنێتەوە، مادام وایە ئەیخەینە دەنگدانەوە، تەنها ئەو مەسەلەی (سلطة التنفيذية) وئەوانە وتمان مامۆستا لەگەڵ کاک فەرسەت ولیژنەی یاسا دابنیشن، ئەیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

مادام وایە مادده (٥٧، ٥٨، ٥٩، ٦٠) وەکو خۆی ماوەتەوە.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

## الفصل الثامن ـ سن القوانين

المادة «٤٨»:

تعدل المادة «٦١» من النظام الداخلي وتصبح تسلسلها «٧١» من المشروع وتقرأ كالآتي:

١ـ لمجلس الوزراء او ما لايقل عن عشرة من اعضاء المجلس اقتراح مشروعات القوانين والقرارات ولايناقش المجلس مشروع القانون او القرار قبل ان تنظر فيه اللجنة المختصة، وكل مشروع يرفضه المجلس لا يقدم اليه خلال دورة الانعقاد ذاتها.

٢ـ توزع مشروعات القوانين والقرارات التي ترد الى المجلس مع لائحة اسبابها الموجبة على الاعضاء وتتلى خلاصاتها في اول جلسة دون مناقشة فإذا اقره المجلس احيل الموضوع الى اللجنة المختصة.

٣ـ تقوم اللجنة المختصة بدراسة مشروع القانون وتبدي بشأنه توصياتها واقتراحاتها بالتنسيق مع لجنة الشؤون القانونية.

٤ـ يرفع تقرير مشترك من اللجنتين بعد صياغته من قبل لجنة الشؤون القانونية وذلك

خلال عشرة ايام من تأريخ وروده الى اللجنتين ما لم يطلب اليهما النظر بصورة مستعجلة وعندئذ يقدم خلال خمسة ايام.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵام وانییە ئەوەی باستان کرد (٥٧ و٥٨و ٥٩) تەنها (٥٩) نەبێت(تسقط الاسئلة ...) بەڵام (٥٧ و٥٨) چارەسەر کراوە لەپرسیارو لێپرسینەوەدا (سؤال واستجواب) وانییە؟.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

چارەسەر کراوە، تەنها لێرە (٥٩) دێنینە خوارێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵام بینووسن کە (٥٧ و٥٨) چی بەسەرهاتووە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

لەنێوان ئەوانە چارەسەر کراوە، واتە بنەماکان (مبادیء) بەتێروتەسەلی هاتوونەتە خوارێ ،(٥٩) وەکو خۆی دائەبەزێ.سەبارەت بەو ماددەیە برگەی یەکەمی وەکو ئەوەی ترە تەنها وشەی «القرارات» خراوەتە سەری، لەبەر ئەوەی لەهەندێ جێگا هاتووەو لەهەندێ جێگا نەهاتووە، ئەوە یەک.

دووهەم، پرنسیپێکی تازە هاتووە ئەویش پاش دابەش کردنی پرۆژەی بریارو یاساکان، خوێندنەوەی یەکەم هەیە (قراءە الاولی) کەهات یەکسەر دێتە ئەنجوومەن، لە ئەنجوومەن کە دەخوێنرێتەوە، پاشان بریار دەدات بنێردرێتە لیژنە پسپۆریەکان و برگەکانی تر وەکو خۆی ماونەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەویش ئەوەیە کە کاک شێروان باسی کرد، بەراستی بەپێی تاقی کردنەوە زۆر جار پرۆژە دەچێ بۆ لیژنەکان چاپ دەکرێ وگفتوگۆی لەسەر دەکرێ کە دێتە ئێرە یەکسەر دەڵێن دوای بخەن. ئێمە پێش ئەوەی ئەم هەموو گرفتە دروست بکەین لێرە دابەشی دەکەین بەسەر ئەندامانداا. لەیەکەم دانیشتن ئەگەر بە پەسەندتان زانی دەینێرینەوە لیژنە وئەگەر بە پەسەندتان نەزانی هەر لەسەرەتاوە چارەی دەکەین وتووشی سەرئێشەش نابین، تەنها ئەوەیە وئەوەکەی تر هەموو وەکو خۆیەتی ئەگەر چ تێبینی نییە دەیخەینە دەنگدانەوە؟ کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکرای دەنگ پەسەند کرا. ئەگەر لە دارشتنەکەی تێبینیتان هەبوو، لەگەڵ برادەران چارەسەری بکەن، فەرموو کاک ئیبراهیم.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وتم ئەگەر خاوەن پرۆژە پێشنیاری لیژنەی بەدڵ نەبوو ناگەرێینەوە بۆ حکومەت، پێشنیارەکانی

لیژنەی یاسا یان ئەو لیژنە پسپۆریە سوودی لێ وەردەگیرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر، ئێمە (القراءة الاولى) تەنها بۆ ئەوەیە بڕوا بۆ لیژنەکان، جا لە لیژنەکان کە گفتوگۆ کرا قاڵبی خۆی وەردەگرێ، (قراءة) ئەوەیە ئاگادارتان بکەینەوە کە ئەم پرۆژەیەمان بۆ هاتووە بینێرین یان نەینێرین، دەبێ پێش وەخت ئاگاداری یەکتر بین و لەسەری ڕێک کەوین، ئەمە ڕێک وپێکترە. لەهەموو پەرلەمانەکانا سێ خوێندنەوە هەیە، (الاولى والثانية والثالثة)، (ثالثة) دەنگدانە.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکان لە (٦٢ تاکو ٦٧) وەکو خۆی هاتووە ونەگۆڕاوە. هیچ گۆڕانکاریەکی تێدا نییە، دێینە سەر ماددە (٦٨) لە پەیڕەوی ناوخۆ زنجیرەی (٧٨)ی دراوەتێ بەو شێوەیە ئەیخوێنینەوە.

تصدر القوانين والقرارات من قبل رئيس المجلس خلال عشرة ايام من تأريخ وصولها اليه، وله ان يطلب خلال هذه المدة اعادة النظر في مشروع القانون او القرار او في بعض اجزاءه فاذا اصر المجلس على رأيه اعتبر القانون نهائياً واجب الاصدار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان، وابزانم ئەمەش یاسای ژمارە (١٠)یە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ ئەوە لە یاسای ژمارە (١٠) هاتبوو، لە یاساو بڕیارەکان کە بووە دەسەڵاتی سەرۆکی پەرلەمان، لێرەشدا ئاماژەمان بۆ کرد، پاشماوەی ماددەکە وەکو خۆی هاتۆتە خوارێ وەکو لە پەیڕەوی ناوخۆی پێشودا هاتبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟ تەنها کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە پێشدا فەسڵی یاساکان بەتەنیا بوو، فەسڵی تر لەسەر بوودجەی ئەنجوومەن بوو، مادام فەسڵی دەیەم لەسەر بودجەیە بەشێوەیەکی گشتی، ماددەیەک لێرە لەپێشدا (ضمن سن قوانين) یان (میزانیە) هاتبوو. «مادة (٥٠) تغدل مادة (٦٣)» ئەو ماددەیەش هەر پەیوەندارە بە بودجە ماددە (٦٣) (ينظر المجلس في مشروعات والقرارات الخاصة بالميزانية و الاعتمادات الاضافية والحساب الختامي على وجه الإستعجال وله ان يقرر اعتبار اى موضوع اخر مستعجل) ئەمەش دەبێ بگۆزرێتەوە بۆ بودجە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ گرفت نییە، کە هاتینە سەری ئەو پێشنیارە بکە، ئەیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی ئەو بەشە (موازنە)یە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە سەرۆکی لیژنەی دارایی و لیژنەی داراییەوە هەیەو داوا لەبەڕێزتان دەکەین ڕەزامەندی بفەرموو بۆ ئەوەی کاک جەمیل بێتە ئێرە، بۆ ئەوەی لەو گفتوگۆکردنەدا بەشداریمان بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەمیل فەرموو، ئێستا پێشنیارێک هەیە، ماددەی (٦٣) جێگای بۆ بکرێتەوە لەو فەسڵەدا، ئەگەر ئەو ماددەیە تەواو بوو وابزانم زۆر شتمان نامێنێتەوە، ئەمەش زۆربەی هەرە زۆری ئەو ماددانەی کە جێگیر کراون ئێمە بەکردەوە ئەیکەین و تەنها لێرە بەش بەش «تبویب» کراوە وجیاکراوەتەوە ناوەڕۆکەکەی هەمووی لەوانەیە یەک دوو تێبینی لەسەر بێت، ئەویش لیژنەی دارایی هەیەتی ئەیخەینە سەری.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

## الفصل العاشر
## الموازنة

**المادة «٥٦»:**

تضاف المواد التالية الى هذا الفصل من النظام الداخلي وتندرج تحت تسلسلات جديدة ويراعى فيما بعد تسلسل بقية المواد على ضوء ذلك.

**المادة «٧٩»:**

١- تحال على اللجنة المالية والاقتصادية مشروعات قوانين الموازنة العامة والحساب الختامي لكل سنة حال وروده لتدقيقه ومناقشته.

٢- يوزع مشروع الموازنة والحساب الختامي على الاعضاء باعداد تكفي لاطلاعهم عليه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێک هەیە دەڵێ: (ينظر المجلس في مشروعات والقرارات الخاصة بالميزانية والاعتمادات الاضافية والحساب الختامي على وجه الاستعجال وله ان يقرر اعتبار اي موضوع اخر مستعجلاً) لیژنەی یاسا ئەم ماددەیە واتا ماددەی (٦٣) لەپەیڕەوی ناوخۆدا چی لێ دەکەن؟.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم ماددەیە دەبێ ڕەوانەی ئەو فەسڵە بکەین، فەسڵی موازنە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر باشە، ئەگەڕێینەوە مادده (٧٩) کە خوێندرایەوە چ تێبینی لەسەر ئەوە هەیە؟، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادده (٧٩) لە یاسای ژمارە یەک، هەر ژمارە یەک بەسە (تحال عن لجنة المالية والاقتصادية) یانیش ئەمەی ماددەی (٦٣) ماددەی پێش ئێستا لێرە ببێتە ژمارە یەک لەمادده (٧٩) ئەم یەکە ببێتە دوو (تحال عن لجنة المالية والاقتصادية مشروعات قوانين الموازنة العامة والحساب الختامي لكل سنة حال وروده لتدقيقه ومناقشته) بەڵام دووەمی زیادە کە لێرەدا هاتووە، بەخۆی لەمادده (٦٢) هاتووە (يوزع مشروع قانون من اللجنة المختصة من قبل السكرتير) پێش ئێستاکە ئەو ماددەیە هەیە، واتە پێویست ناکات هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده (٧٩) ئەوە پێشنیارێکە ئەوەی دوو پێشنیاری ئێوەیە کاک شیروان.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پشتگیری رایەکەی کاک جەمیل دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئایا هیچ تێبینییەک هەیە؟ کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەممەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە تاقی کردنەوەکانی خۆماندا بۆ مەسەلەی بودجە گرفتمان هەیە لە مەسەلەی (تقديم)، لەبەر ئەوە من بەباشی دەزانم بمێنێت و پابەندیش بێت، چونکە من خۆم تا دوا بودجە تاکو ئێستاش خشتەکەم لەبیرە، لەبەر ئەوە بە پێویستی دەزانم کە بمێنێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عەبدولخالق بوودجەکە چەند فەسڵ بوو؟ ئەم جارە چەند کتێب بووە؟ بودجەی ئەمساڵ چەند کتێب بوو؟

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(٢٢) کتێب بوو بێجگە لە کورتەکەی (خلاصە).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە (٢٢) دابەشی (١٠٥)ی بکەین چەند دەکات ؟

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من نالێم لە هۆڵێکدا (١٠٥) دابنێن، ئەوەی (معنی)یە با بڕوات بیبینێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە، ئەوە ئیشی لیژنەی داراییە، پێویست ناکات لەوێندەرێ دەربکرێ، کاتی خۆیشی ئێمە لەگەڵ ئەو ڕایەدا بووین. مادام وایە ئەوەی کاک عەبدولخالق دەڵێ وەکو بنەما (مبداء) ئێمە پابەندین پێوەی. کەواتە گواستنەوەی مادده (٦٣) بۆ فەسڵی دەیەم (الموازنة). دووەم مادده (٧٩) ئەوە تەنها گواستنەوەیە. کێ لەگەڵ ئەوەیە مادده (٦٣) لە پەیڕەو بگوازینەوە بۆ (موازنة)؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، مادده (٧٩) بڕگە دوو نامێنێت «تحصیل حاصل»ە تەنها بڕگە یەک دەمێنێت (٦٣) دەبێت بە بڕگە (٢)، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، بەڵام یەک پێشنیار هەیە کاتێکی دیاری کراو دانەنراوە کەی بودجە بگاتە پەرلەمان؟ ئەوەشمان لەجێگایەک بۆ چارە بکەن زۆر باشە، وابزانم کاک جەمیل پێشنیاری وای هەیە دوایی دێینە سەری. فەرموو کاک حسێن.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة «٨٠»:

تقدم اللجنة المالية والاقتصادية تقريرها حول مشروع قانون الموازنة العامة والحساب الختامي خلال مدة لاتتجاوز ثلاثة اسابيع من تأريخ احالة المشروع عليها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هیچ تێبینییەک هەیە لەسەر مادده (٨٠)؟ کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ڕاستە لەخوودی ماددەکە وەرگیراوە، لەوێ (٤٠) ڕۆژ هاتووە، ئەمە بڕگەی یەکەمە، بڕگەی دووەم دەڵێ ئەگەر (٤٠) ڕۆژەکە تەواو بوو ولیژنەکە ئیشەکەی خۆی تەواو نەکرد حەقی هەیە لە بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن داوا بکات ماوەیەکی بداتێ (٢٠) ڕۆژی تریش، ئەگەر بەو ماوەیەش تەواوی نەکرد ئەتوانێ کە چۆن هاتووە پێشکەشی ئەنجوومەنی بکات، ئەمە لەپەیڕەوی ناوخۆ گواستراوەتەوە، ڕاستە ئێستا بەڕێز وەزیری دارایی وئابووری ئیشەکەی زۆر پەسەندە و بەرێک وپێکی بۆ ئێمەی دەنێرێ، ئەگەر بەو شێوەیە بێت ئێمە بە سێ هەفتە تەواوی دەکەین، بەڵام دوور نییە دۆخەکە بگۆڕێ، پێشنیار دەکەین (٣٠) ڕۆژ بێت ئەوە بڕگە یەک.

بڕگەی دووهەم ئەگەر تەواو نەبوو ئەوەش دەخوێنمەوە ،(اذا انقضت المدة ولم تفرغ اللجنة من

انجاز تقريرها وجب عليها ان تتقدم بطلب مهلة جديدة من السيد رئيس المجلس مشفوعا بالاسباب الموجبة فاذا وجد طلب اللجنة جديرا بالقبول، قرر تمديد المهلة لمدة (١٥) يوما على الاكثر)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەوە گرفت نییە، کاک شێروان ئەو تێبینیە لای خۆت بنووسە، باوەڕ ناکەم لیژنەی یاسا لاری هەبێ، زۆر باشە، ئەویش جێگیر کرا سێ هەفتە دەبێ بەیەک مانگ ئەگەر تەواوی نەکرد حەقی هەیە (١٥) رۆژ داوا بکات. دەیخەینە دەنگدانەوە.. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**المادة «٨١»:**

لكل لجنة ابداء ملاحظاتها حول القسم المتعلق باختصاصها ضمن الموازنة العامة والحساب الختامي الى لجنة الشؤون المالية مباشرة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ لاریمان لەسەری نییە. بەلام باشتر وایە لەرێگای سەرۆکی پەرلەمان بێت نەک راستەوخۆ بێت، من بەو شێوەیەی دەبینم باشترە، و دەتوانی هەر لەناو کۆبوونەوەش بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە جێگیری بکەین، وەک باوە بەگوێرەی پەیڕەو لەرێگای سەرۆکایەتییەوە دەبێت، ئەگەر ئەو (مباشر)ە هەڵبگیرێ هیچ تێبینی نییە لەسەری پاش ئەو تێبینییەی کە (مباشر) هەڵبگیرێ.. دەیخەینە دەنگدانەوە.. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**المادة «٨٢»:**

١- يوزع تقرير اللجنة المالية والاقتصادية على الاعضاء ولايجوز البدء بمناقشته من قبل المجلس قبل اقتضاء يومين على توزيعه.

٢- يجب ان يشير تقرير اللجنة المالية والاقتصادية الى الملاحظات والاقتراحات التي قدمتها اللجان بشأن مشروع الموازنة والنتيجة التي آلت اليها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جـــــەمـــــیل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــەن.**

من وای دەبینم کە مادده (٨٢) هەر یەک بڕگە بێت بەسە، چونکە ئەمە ڕاپۆرتی لیژنەی داراییە پێویست ناکات دەڵێ (یجب ان یشیر تقریر اللجنة المالیة والاقتصادیة الی الملاحظات والاقتراحات التي قدمتها اللجان بشأن مشروع الموازنة والنتیجة التي الت الیها) چونکە ئەم ڕاپۆرتە ڕاپۆرتی لیژنەی داراییە هەر لیژنەیەک مافی هەیە وهەر ئەندامێکیش مافی هەیە لەناو کۆبوونەوە بۆچوونەکانی خۆی پیشان بداتن بۆ جێ بەجێ نەبوو یان بۆ فلان شت گۆڕاوە؟ ئەمە ڕاپۆرتی لیژنەی داراییە، ئەوەی ئێمە پێشکەشی دەکەین نەک ڕاپۆرتی هەموو لیژنەکانە، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــەن:**

باشە باشتر نییە هەر لیژنەیەک لەنێوان بەرپرسییەتییەکانی خۆی ڕاپۆرتێک لەسەر ئەو بابەتە پێشکەش بکات؟، یانی بۆ تەنها بیخەینە سەر ئەستۆی لیژنەی دارایی، هەر لیژنەیەک بێگومان بەشێک لەو بودجەیە دەیگرێتەوە، با هەر لیژنەیەک ڕاپۆرتی خۆی بێنێ و لێرە بیخوێنێتەوە، بەراستی بودجە کارێکی یەکجار گرنگە، کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عـەبدولخـالق مـحـمـەد ڕەشـیـد زەنگەنە:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــەن.**

تێبینی من لەسەر بڕگە (١)ە دەڵێ (ولایجوز البدء بمناقشته من قبل المجلس قبل اقتضاء یومین علی توزیعـــە.) وبۆ (یومین) بێت بۆ بودجە؟ زۆر کەمە ولە تاقی کردنەوەی دوا بودجەمان موعاناتێکی زۆرمان هەبوو لەبەر ئەوە داوا دەکەم بەلای کەمی هەفتەیەک بێت، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــەن:**

ئێوە وەک خراپترین ئەگەر(اسوأ احتمال) دابنێین مانگێک لای ئەو بێت، (١٥) ڕۆژیش بخە سەری ئەوە مانگ ونیوێک وهەفتەیەکیش ئەوە نزیکەی دوومانگ دەکێشێ، بەم حاڵەتە بەلایەنی کەمی ئەبێت لەمانگی (٩) بودجەکە لێرە بێت ، بۆیە من وتم زۆر گرنگە کاتێکی دیاری کراو دابنرێت کەی بودجەکە بگاتە ئێرە، بەو پۆلینەی کەکردمان ئێمە ئێستا، خۆ جارانیش هەر وا بوو (٤٥) ڕۆژ حەقی لیژنەی دارایی بوو کە وردکاری (تدقیق) بکات، ئێستا ئێمە ڕاستاندمان و وتمان مانگێک گەر تەواوی نەکرد (١٥) ڕۆژ ئەخەینە سەری ئینجا هەفتەیەکیش ئەوە نزیکەی ئەبێ بە دوو مانگ، کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عـەبدولخـالق مـحـمـەد ڕەشـیـد زەنگەنە:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــەن.**

لەبەر ئەوەی بودجەکە زۆر گرنگە، لەبەر ئەوەی ئەندام ناتوانێ(٢٤) یان سی دەفتەر بەیەکجار بە دوو ڕۆژ بەتەواوی بەسەریدا بچێتەوە، بە هەفتەیەک ئینجا دەتوانێ .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببوورە، یەکەم هەموو ئەندامانی پەرلەمان ئەندامن لە لیژنە، هەر لیژنەیەک بەش بەحاڵی خۆی ئەبێ نەزرەیەیەکی گشتی لە بودجەکە وەربگرێ، بەلانی کەمەوە لەرووی پسپۆڕیەتی خۆی ئەبێ راپۆرتی هەبێ، ئەوە جارێ گرفتێک، ئەویش (٥) ڕۆژی بەدەستەوەیە وەکو لیژنەی دارایی یانی بە (٤٥) ڕۆژ ئەندامێکی پەرلەمان کە هەمووتان ئەندامن لە لیژنەکان ئەوەندە بواری نەبێت کە (اطلاع) بکا لەسەر بودجەیەک کە (٤٥) ڕۆژ لێرە بێت، بەراستی بەو دوو ڕۆژە بەو سێ ڕۆژە هیچیان پێ ناکرێ، یانی تۆ دەبێ تقدیری کاتەکە بکەیت، چونکە دوو مانگ زۆرە یانی ئەبێ لەمانگی (٩) بودجەکە بگاتە ئێرە، ئێمە مەمنونین ئەگەر مانگی (١٠)ش بگاتە ئێرە، بەپێی تاقی کردنەوە هەتا ئێستاکە مانگی (١٠)ش نەگەیشتۆتە ئێرە، بۆیە پێویستە ماددەیەک جێگیر بکرێت کەی ئەبێ بودجە بگاتە پەرلەمان، مادام وایە ئەو تێبینیەی لیژنەی ئابووری بە ڕەچاو دەکرێ، شێخ یەحیا فەرموو.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برگە دوو کاک جەمیل ئاماژەی بۆ کرد کە بە پێویستی نازانێ بمێنێ بەراستی مانی پێویستە (یجب ان یكون تقرير اللجنة المالية والاقتصادية الى الملاحضات والاقتراحات التي قدمتها اللجان بشان مشروع الموازنة).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەراستی خۆ خراپ نییە، باوەڕ بکە بۆ لیژنەی دارایی بەهێزتر دەبێ، ئەو کاتە ئەڵێ ئەوە ڕای من وایە، بەلام ڕای فلان لیژنە و فلان لیژنە ئەمەیەو، ئەمەیە، ئەو کاتە یەک گرفتمان بۆ چارە دەکات، لەوانەیە گفتوگۆمان لێ کەم بکاتەوەو لەوانەیە ئاسانکاری بێت لیژنەی دارایی دەتوانێ ئەو خاڵانەی کە هاوبەشن لێی دەربکات تەنها ئەو خاڵانەی باس کرد کە پێچەوانەن، بۆ نموونە لیژنەی تەندروستی ڕای لە فلان بابەت وایە، وا هەست دەکەم بەهێزتری دەکات یانی ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی دەوڵەمەند تر دەکات و هەماهەنگێکی باشیش پەیدا دەبێت لەنێوان لیژنەی دارایی ولیژنەکانی تر، بۆئەوەی ڕایەکی یەکگرتوو هەبێت، ئەگەر خاڵێکی پێچەوانە هەبوو ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی ئاماژەی بۆ دەکات کە فلان لیژنە فلان ڕای هەیە، بۆ لیژنەی دارایی هێزێکە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە بەرچاو روونییەکی ڕەهایە (ایجابیەکی مطلقە) بەپێی پێشنیاری جەنابت لاریمان نییە وشەی (یجب ان)ی تیا نەمێنێ، دوو (یشیر تقرير اللجنة المالية والاقتصادية الى الملاحضات والاقتراحات التي قدمتها اللجان بشان مشروع الموازنة) لێرە تەواو دەبێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک جەمیل یاسا جیاوازی نییە ئەوەش هەر (یجب)ە هیچ گرفت نییە (یجب) تەئکیدە. (علی مجلس وزراء ) ئەگەر وابێت ئەویش قەبووڵ ناکات بەمنیش دەڵێن (علی هیئة رئاسة) وابکات منیش دەڵێم قەبووڵ ناکەم یان بەئێوە دەڵێین (علی الاعضاء) ئێوەش دەڵێن قەبووڵ ناکەین، دەیخەینە دەنگدانەوە.. فەرموو مامۆستا.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو مەودایەی (سەقفە زەمەنیەی) کاک عەبدولخالق باسی کرد، بەڵام سەبارەت بە (اقتضا)وە (قبل اقتضاء) نییە (قبل انقضاء)ە یان (قبل مضیّ)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە مەسەلەی داڕشتنە پەیوەندی بە جەنابتەوە هەیە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة (٨٣): لا يقبل اقتراح زيادة النفقات او احداث نفقات جديدة او تخفيف الواردات ما لم يكن المقترح مشفوعا ببيان وسائل تحقيق الاقتراح.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادده (٨٣) کەس تێبینی لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟ کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەم ماددەیە لە پێڕەوی ولاتێکی تر وەرگیراوە، بەڵام دوو بڕگەی تریش هەبوو پێویست بوو ئەوانیش وەربگیرابان هەروەک ئەم ماددەیە وەرگیراوە، ئەو دوو بڕگەش ئەمانەن:-

٢- يجوز للمجلس إلغاء أو تخفيض الاعتمادات في مشروع الموازنة، كما يجوز له نقل هذه الاعتمادات من بند الى بند أو من فصل الى فصل أو من قسم الى قسم أو من باب الى باب.

٣- للمجلس بعد الانتهاء مناقشة واقرار مشروع الموازنة ان يقرر مشروع قانون احداث نفقات جديدة. لەوانەیە هەندێ جار شتێکی کتوپڕ بێتە پێش، لەکاتێکدا یاساکە دەرچووە لەبەر ئەوە ئەم بڕگانە هەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە دەرئەنجام (تحصیل حاصل) نییە؟ ئەگەر پێویست بێ حکومەت پڕۆژەیەکی تر پێشکەش دەکات ئێمەش وەکو یاسا وەری دەگرین.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەرئەنجامە (تحصيل حاصل)ـە، بەڵام بوونیان بۆ دەولەمەند کردنە، چونکە ئەو ماددانەی کە هەشن پێش تر کارمان پێی کردووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێخ یەحیا فەرموو.

**بەڕێز یەحیا عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی (لايقبل اقتراح زيادة النفقات) ئەو ماددەیە من بەدەست بەستێکی تەواوی لیژنەی دارایی و پەرلەمانیشی دەزانم، بۆیە ئەو بڕگانەی کاک جەمیل باسی کردن لەوانەیە بارەکە دگۆڕێ، بەڵام بەوشێوەی کە هاتووە کەمە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بڕاوە (مبتور)ـە ئەگەر (ياء)ـە کە نەبوایە، سوپاس، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پشتگیری لە پێشنیارەکەی کاک جەمیل دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادام وایە ئەو ماددەیە بەو دوو بڕگەی کاک جەمیل خوێندیەوە لیژنەی داڕشتن جێگیری بکەن. ماددەی(٨٣) دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟..بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة (٨٤): يسمح بالكلام على التقرير بوجه عام قبل الانتقال الى مناقشة ابواب الموازنة واقرار بنودها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەمیل ئەو تێبینیانەی خۆت بنوسە. فەرموو

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لیژنەی یاسا دەکەم، بەڵ[illegible]ی کاک حسێن خوێندیەوە با بێتە بڕگەی دووەم، بڕگەی یەکەم بڵێ:-

**(يصل الموازنة الى البرلمان في بداية شهر تشرين الاو**[illegible]ة المالية)

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کام مادده؟

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

ماددەی (٨٤)، ئەوەی ئێستا خوێندیەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(یسمح بالکلام....) نازانم تۆزێ نارێکە، لە شێوەی ئیمزا نییە، بۆیە ئەگەر شتێکی تر بۆ دارشتنەکە بدۆزنەوە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە وەرگیراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەرگیراوە شتێکی باشە، نەمان زانیوە ناچار بوونە لە خەڵکی تر وەری گرین شتێکی باشە، بەڵام با بە شێوازێکی تر بێ لە جێگای (یسمح بالکلام)، (تناقش) شتێکی لەم جۆرە بێ، بگوترێ (تناقش التقریر بوجه عام قبل الانتقال الی مناقشة ابواب الموازنة واقرار بنودها).

کاک جەمیل جەنابتان پێشنیاری چی دەکەن؟ فەرموو .

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی جەنابتان خوێندتانەوە لە جێگای خۆیەتی باشە (ب) بێت، (أ) یش (تصل الموازنه...)بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەرای من بیکەنە ماددەیەکی سەربەخۆ، بگوترێ مادده ( ) (تصل الموازنة في...) واتا وەکو ماددەیەکی سەربەخۆ زیادی کەن.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەر لەبەر زنجیرەی ماددەکان گوتم ببێ بە برگە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

قەیدی چی یە لە کۆتایی ماددەکان زیادی کەن، یان لەسەرەتای ماددەکان دایبنێن ئێمە گوتومانە زنجیرەی ماددەکان لە دەستی (صیاغە)یە، پێشی خەن یان پاشی خەن گرفتێک نییە. بۆیە ئەم ماددەیە (٨٤) تەنها (صیاغە)کەی نەبێ، ئەوەی تر وەکو خۆی ماوەتەوە. کێ لەگەڵ مادده (٨٤)ە؟ سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

ماددەی چەند پێشنیار کراوە کاک جەمیل؟

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(تصل الموازنة الى البرلمان أو الى المجلس في بداية شهر تشرين الاول قبل السنة المالية).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گرنگ ئەوەیە لە تشرینی یەکەم بگاتە پەرلەمان واتە مانگی (١٠)، کێ لەسەر کاتەکەی تێبینی هەیە؟ ئەوە پێشنیاری لیژنەی داراییە، پێشنیار دەکەن کە بودجەکە لە تشرین بگاتە ئێرە، کاک د. ناسح فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادەم هەر بودجە باس دەکرێ من پێم وایە یەکەم ماددەی بودجە ئەمە بێت، ئەو شێوازە تۆزێک روون نەبوو بۆیە من (صیغە)یەکی ترم نووسیوە (تقدم رئاسة مجلس الوزراء مشروع قانون الموازنة العامة والحساب الختامي لكل سنة الى المجلس قبل انتهاء الاسبوع الثاني من الشهر العاشر).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حسابی کۆتایی لەگەڵ بوودجەدا جیاوازە، دەبێ حسابی کۆتاییش کاتی بۆ دیاری بکرێ.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەو ماددەیەم بۆ هەر دووکیان داناوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم (صیغە)یە بنێرە بۆ برادەرانی داڕشتنەوە، گرنگ ئێمە کۆکین لەسەر ناوەڕۆکەکە لە مانگی (١٠) بێت بۆ پەرلەمان، کاک جەمیل فەرموو

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو بەڕێزتان فەرمووتان حسابی کۆتایی جیاوازی هەیە. حسابات لە مانگی نیسانە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حەز دەکەن بەیەک ماددە بێ (على ان تصل فی كذا...) وحساباتی کۆتایی لە نیسان بێ.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێ سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە مانگی نیسان داوای حسابکاری کۆتایی دەکەین، ئەوە هیچ پەیوەندی بە ئەوەی ئێرەوە نییە، لە هەموو پرۆژەیەکی تریش باسی ئەوەی نەکردووە، دەیگۆڕێت (بەدلیٙ) دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ

پەسەند کرا، بۆ بە مانگی (١٠) دیاری کرا. ئەوەش زنجیرەیەکی لە ناو بوودجە بۆ بدۆزنەوە چی تر ماوە لەو ماددەیە؟

**بەڕێز حسێن علی کمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(بعد ... بوجه عام یصوت المجلس علی الشروع بمناقشة الموازنة).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەمیل فەرموو

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پشتگیری دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە (صیاغە)کەی هەندێ لاوازە،(بالمناقشة) نا ،دەبێ (بمناقشە) بێ، (المنا...) دەو جار هاتووە.. دوایی لە داڕشتن چاکی کەن، فەرموو مامۆستا مەلا تاهیر.

**بەڕێز مەلا تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(یصوت المجلس علی مناقشة مشروع قانون الموازنة).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم تێبینیە لای خۆت جێگیرکە ولەگەڵ بەڕێزانی داڕشتنەوە چارەی بکەن، کاک سیروان فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راپۆرتەکە کە لێرەدا هاتووە بەلای منەوە تۆزێک روون نییە، چونکە دوو راپۆرت هەیە، راپۆرتی لیژنەی دارایی هەیەو راپۆرتی وەزیری دارایی هەیە، ئەوە لە بەر چاو بگیرێ شتەکە روون نییە ئایە راپۆرتی لیژنەی داراییە یان راپۆرتی وەزیری داراییە؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم مەبەستی راپۆرتی لیژنەی داراییە، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر لەسەرەتاوە بەڕێز وەزیری دارایی راپۆرتی خۆی دەخوێنێتەوە، دوای ئەوە راپۆرتی لیژنەی دارایی دەخوێندرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرە مەبەست لە ڕاپۆرتی لیژنەی داراییە؟

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

بەڵێ لێرە مەبەست ڕاپۆرتی لیژنەی داراییە، هەر وەکو گوتم ڕاپۆرتی وەزیری دارایی دەخوێندرێتەوە ئینجا ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەزیری دارایی خۆی خودان پرۆژەکەیە ئەوە دەرئەنجام(تحصیل حاصل)ـە وبەشێکە لە پرۆژەکە، ڕاپۆرتەکە مەبەستی ڕاپۆرتی لیژنەیە، ئەگەر حەزیش دەکەی شتێ بنووسەوە بیدە بە لیژنەی داڕشتنەوە، ئاماژەش بکە بە ماددەکە ئەم تێبینیەی بەڕێزت لەبەر چاو دەگیرێ، ماددە (٨٥) دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة (٨٦)

(متى شرع المجلس في مناقشة مشروع الموازنة بعد ورودها من اللجنة تعين عليه حصر مذكراته فيه).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من ئەو ماددەیە بە پێویست نابینم، زیادە (لا محل لها من الاعراب)، با ئێمە بیرۆکەکەی گفتوگۆ بکەین، ڕاپۆرتی بوودجە کە دەگاتە پەرلەمان لیژنەکان گفتوگۆی دەکەن، ڕاپۆرت ئامادە دەکەن و دەیدەن بە لیژنەی دارایی، لیژنەی دارایی ڕاپۆرتی خۆی هەیە، وەزیری دارایی دێ لێرە ڕاپۆرتی خۆی دەخوێنێتەوە، دواتر لیژنەی دارایی ڕاپۆرتی خۆی دەخاتە ڕوو، بەڕای من ئەم شتانەی لەم ماددەیە هاتوون زیادەنە، ئەگەر ڕاتان لەسەر نییە لایان دەبەین، ئایا لیژنەی یاساو لیژنەی دارایی هیچ تێبینیتان هەیە؟.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لاریمان نییە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش لاریمان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟ ـ سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ ماددە (٨٦) کێشرایەوە.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادە (٨٧):

یبدأ المجلس في مناقشة النفقات اولا ثم ینتقل الي موازنة الواردات ثم یشرع اقرار قانون الموازنة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟ کاک جەمیل فەرموو

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی رابردودا هەر(تطبق) بوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام با جێگیری کەین.. ئەم ماددەیە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟... سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة (٨٨)

تطرح اللجنة اقسام الموازنة لمناقشة ابوابها باباً باباً والاقتراح علی بنودها بنداً بنداً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ئێمە تاکو ئێستا لەسەری ڕۆیشتووین هیچ گرفتێک نییە، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێڕەوی ئێمە لەگەڵ پێڕەوی لبنانی یان سوری جیاوازی هەیە، لای ئێمە ئەوها دەبێ (تطرح اللجنة ابواب الموازنة لمناقشة اقسامها قسماً قسماً) واتە بەش بەش دێتە جیگای (باب باب) بە پێچەوانەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە بۆ لیژنەی داڕشتن دەمێنێتەوە، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟ .. سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا ولەگەڵ لەبەر چاو گرتنی داڕشتن.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددە (٦٩)،(٧٠) رێکە لەگەڵ پێڕەوی ناوخۆدا، تەنها زنجیرەکەیان بەم جۆرە دەگۆڕێ (٦٩) دەبێتە (٨٩) و (٧٠) دەبێتە (٩٠). دەچینە سەر فەسلی یازدەیەم. الفصل الحادي عشر - احکام متفرقة المادة (٥٩): تعدل المادة «٧١» من النظام الداخلي وتصبح تسلسلها «٩١» وتقرأ کالأتي: یتولی ادارة دیوان المجلس موظف بدرجة مدیر عام ویمارس اختصاصاته وفقا للقوانین المرعیة

والصلاحيات الممنوحة له من قبل الرئيس ويرتبط برئيس المجلس ويكون مسؤولا امامه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددە (٥٩)، کێ تێبینی لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟ کاک شێخ فەرموو.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەو رایەم هەم دەقی داڕشتن بدرێ بە لیژنەی یاسایی سەرقالیان ئەکەین، بەڵام وابزانم لێرە (الممنوحة له من قبل الرئيس، ويرتبط برئيس المجلس) زيادة، الممنوحة له من قبل الرئيس ويرتبط به) روونە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چونکە سەرۆکمان لە پێناسەکاندا پێناسە کراوە، دوایی لەگەڵ لیژنەی داڕشتنەوە چاکی بکەن، سوپاس، کاک دکتۆر رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە بەڕێوەبەری گشتییە، پلەیەکی تایبەتە، دەبێ بڕوانامەی زانکۆیی سەرەتایی هەبێ. هەر کەسێ بێ و بە بەڕێوەبەر دابمەزرێ، بەرای من زۆر پێویستە بڕگەیەک زیاد بکرێ بگوترێ (حاصلا على شهادة جامعية اولية).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە پەیوەندی بە میلاکەوە هەیە.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە بەڕێوەبەری گشتییە، واتە پلەی تایبەتە، بە تایبەتی لە پەرلەمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

برادەران، بەڕێوەبەری گشتی پلەی تایبەتی نییە، شێخ عەدنان فەرموو.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو جەنابت گوتت ئەوە گفتوگۆی پێڕەوی ناوخۆیە باسی ئیشی بەڕێوەبەری گشتی دەکات خۆی ئەوە یاسای خزمەت نییە تاکو باسی بکات بڵێ بڕوانامەی هەبێ یان نا، ئەوە لە یاسای وزارەتەکان هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو کاک شێروان گوتی تایبەتە بە وەزارەتەکان، ئەگەر هیچ تێبینیەکی تر نییە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة (٦٠)

تعدل المادة (٧٢) من النظام الداخلي وتصبح تسلسلها (٩٢) من المشروع وتقرأ كالأتي:

١- للمجلس حرس خاص يأتمر بأمر رئيس المجلس.

٢- يحدد الرئيس حجم القوة التي يرآها كافية لصون النظام والحراسة في المجلس وعدد افرادها.

٣- يمنع ادخال الاسلحة النارية أو الجارحة الى قاعة اجتماع المجلس.

٤- باستثناء حرس المجلس، لايجوز لأي مسلح أو قوة مسلحة الدخول الى بناية المجلس ولا الاقامة على مقربة من ابوابه الا بموافقة الرئيس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو ماددەیە بڕگە (١)و (٢) زیاد کراوە وبڕگە (٣)و (٤) وەکو خۆی ماوە بۆیە بڕگە (١)و (٢). چونکە ئێمە کاتی باسی (صلاحيات ومهامي الرئيس)مان کرد لە بڕگە (٤) گوتمان (اتخاذ التدابير اللازمة لحفظ الامن والنظام داخل المجلس...) لێرە راوەستاین (وله ان يحدد القوة النظامية المناسبة لهذا الغرض وتكون تحت إمرته) وا بڕیار درا کە پێویست ناکات، بۆیە لێرە لەو ماددەیە بڕگەی تایبەتمان بۆ دانا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێخ عەدنان.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم من ئەو رۆژەش لە ژووری سەرۆک گوتم وشەی (حرس) تۆزێک بچوک ترە لە (قوة) چونکە وشەی (قوة) لەوەیە هێزێکی گەورە بێ، بەڵام (حرس) لەوانەیە هەر (٥ تا ١٠) کەس بێ. جا نازانم ئەگەر وشەیێکی تر لە جێگای (حرس) هەبێ زۆر باشترە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

برادەران دەڵێن پاسەوانی تایبەت، بە زۆر شێواز هاتووە، لەسەر ئەو بنەمایەی کە پەرلەمان پاسەوانی تایبەتی خۆی هەیە. کاک عەبدولخالق فەرموو

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بڕگە (٣) من دەڵێم بگوترێ (يمنع ادخال الاسلحة النارية أو الجارحة الى داخل البرلمان وقاعة الاجتماع) لە ناو پەرلەمان ئێستاش بەکردەوەش وایە، هەر ئەندامێک دێتە ژوورەوە چەکی لێ-

دادەماڵدرێ، چونکە ئەویش دەبێتە جۆرە هۆکارێکی تۆقاندن (ارهاب) و گوشارێک ئەگەر چەکدار لە چاردەورەی هۆڵەکە هەبێ، لەبەر ئەوە (حصانەی) ئەوەیە کە چەکدار لە تەلاری پەرلەمانیش نەبێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتە (يمنع ادخال الاسلحة النارية والجارحة الى بناية المجلس) واتە گشتگیر بێ؟، باشە من خۆم لە ژوورەوە بووم وەک سەرۆکی ئەنجوومەن پێرەوم کردووە لیژنەی یاسا چ لاریتان هەیە؟

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ لاریمان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاساش لەگەڵ پێشنیاری کاک عەبدولخالقن کە جێگیر بکرێ، ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ ئەم ماددەیە پەسەند کرا دوایی پێشنیارەکەی کاک عەبدولخالق تیایدا جێگیر دەکرێ.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة (٦١) تعدل المادة (٧٢) من النظام الداخلي بعد دمج الفقرتين بفقرة واحدة وتصبح تسلسلها (٩٣) من المشروع وتقرأ كالاتي:

للمجلس ارسال وفود من بين اعضائه الى خارج الاقليم ودعوة وفود لزيارته.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

ماددەکانی تر هەموو وەکو خۆیانن تەنها زنجیرەکانمان بەم شێوەیە دەگۆڕێن.

لەمادده (٦٢) مادده (٧٤) دەبێتە مادده (٩٤) مادده (٦٣) مادده (٧٥) دەبێتە (٩٥)، دێینە سەر مادده (٦٤) هیچ نەگۆڕاوە.

المادة (٦٤):

تعدل المادة (٧٦) من النظام الداخلي وتصبح (٩٦) من المشروع وتقرأ كالأتي:

يعمل بهذا النظام من تأريخ اصداره وينشر في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی کۆتایی (٦٤) دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

وەکو یاسا پێڕەوی ناوخۆ ئەو هەموو تێبینیانەی خرایە سەری دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ

لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.
تکادەکەم لە بەڕێزانی لیژنەی یاساو کاک فەرسەت وبەتایبەتی مامۆستا مەلا تاهیر کە زۆربەی تێبینیەکانی ڕێزمانی لای ئەوە، کاک جەمیلیش وەکو لیژنەی دارایی و کێیێ تریش بە چاک دەزانن لەگەڵیان بن وکۆببنەوە و ئەوانەمان بۆ لێک بکەنەوە، تکاشیان لێ دەکەین زۆر ورد بن لەسەرخۆ هیچ پەلە نەکەن، چونکە ئەوە پێڕەوی ناوخۆی خۆمانە حەز ناکەین هیچ هەڵەی تێدابێ بە ئومێدی خوا ئەو پێڕەوە هەموو هەڵەو کەم و کووڕی پێڕەوەکەی تر ناهێڵێ وچارەسەری دەکات، لەراستیدا ئەمە شتێکی باشە، چونکە ماددەیەکی باشمان لە بەر دەستە بۆ پێڕەوکردنی ، ئەگەر لە جێبەجێ کردنیشییان دیتمان ماددە یەک بڕگەیەکی چاکتر هەیە، یاخود ڕێمان لێ دەگرێ، بتوانین تاکو کۆتایی ئەم خولە شتێکی ڕێک و پێک ئامادە بکەین بۆ ئەوەی ئەم خولەی دوای ئەمە کە دێ پێڕەوێکی باش و زەخیرەیەکی باشی لە بەردەست دابێ، ئەوانیش کە هاتن ئازادن چۆن ئەم پێڕەوە دەگۆڕن یا نا ، ئەوەی لەسەر ئێمەیە گەنجینەیەکی باشیان بۆ جێ بهێڵین، زۆر سوپاس، هەندێ ماندوبوون، بەڵام شتێکی باشتان بەدەست هێنا داوای سەرکەوتنتان بۆ ئەکەین.
لەبەرنامەی کارمان تەنها یەک خاڵ ماوە ئەویش ئەو یاداشتەیە کە بۆ (un) بەرزکــــراوەتوە سەبارەت بە ڕاگواستن وبەعەرب کردنی ناوچەکانی کوردستان لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە. حەز دەکەن سکرتێر دەیخوێنێتەوە، ئەگەر بە پەسەندتان زانی لە ڕێگای لیژنەی پەیوەندییەکانەوە دەینێرین، کاک فەرسەت فەرموو.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجــــومــــەن.**

مذكرة من المجلس الوطني لكوردستان العراق
الى/ الامين العام للامم المتحدة.
بعد التحية والاحترام،
من المعلوم ان المعاناة الانسانية، افرادا او جماعات، من الاضطهاد والحرمان والمعاملة الوحشية كانت السبب في اصرار المجتمع الدولي على ضرورة تحريم انتهاك حقوق الانسان الاساسية وضمان مستوى من الاحترام لتلك الحقوق في جميع المجتمعات البشرية، وقد تكللت جهود المجتمع الدولي بقيام الجمعية العامة للامم المتحدة باصدار الاعلان العالمي لحقوق الانسان في ١٠/ كانون الاول/ ١٩٤٨ . ذلك الاعلان الهام الذي انضمت اليه اغلب دول العالم ومنها الدولة العراقية، وبذلك اصبحت ملزمة بالتقيد ببنوده وعدم الخروج عليها سواء في قوانينها الداخلية ام في قراراتها واجراءاتها . ولكن الحكومات العراقية المتعاقبة خرقت بوضوح واصرار ذلك الالتزام الدولي وخاصة في سلوكها تجاه الكورد كأفراد او كجماعة اثنية متميزة، والمجتمع الدولي على علم بالكثير من تلك الخروقات السابقة، لذلك فإننا نستطرق هنا الى احدث خرق ارتكبته السلطات العراقية، بحق المواطنين الكورد في المناطق الكوردية، غير المشمولة،

بالحماية الدولية الموفرة في اعقاب حرب الخليج عام ١٩٩١ لجزء كبير من كوردستان العراق (جنوب خط العرض « ٣٦ »)، والتي تتعرض منذ عشرات السنين لحملات التهجير لسكانها من الكورد خاصة، بهدف تغيير وضعها الديموغرافي، تلك الحملات التي شملت احياناً التركمان والآشوريين ايضاً.

لقد استأنفت الحكومة العراقية في الآونة الاخيرة محاولات تعريب المناطق الكوردية الواقعة تحت سيطرتها، واجبرت قطاعاً كبيراً من السكان الكورد على تغيير هويتهم القومية الى القومية العربية، وتهجير من يرفض منهم تغيير قوميته، الى جنوب العراق او طردهم الى المنطقة المحمية من كوردستان العراق. وفي هذا السياق فهي مستمرة وبشكل منظم وتدريجي بحملة تهجير جديدة شملت لحد الان المئات من العوائل الكوردية من مناطق خانقين وجلولاء وكركوك وشيخان .... الخ. واخيراً تم مصادرة جميع الاراضي الزراعية ضمن قضاء مخمور التابعة لمحافظة اربيل والبالغة مساحتها (...ر ١٧٠ر١) مليون ومائة وسبعون الف دونم زراعي بعد منع جميع الفلاحين الكورد من حقوقهم التصرفية واحلال عشائر عربية محلهم. وتصل يومياً العشرات من تلك العوائل الى المناطق المشمولة بالحماية الدولية من كوردستان العراق وخاصة الى مدينة اربيل (عاصمة الاقليم)، بعد ان استولت على مساكنهم وبيوتهم، وجردتهم من اموالهم وممتلكاتهم، ولم تسمح لهم بحمل شيء يذكر من امتعتهم الشخصية، وهناك الالوف من العوائل الكوردية الاخرى تنتظر نفس المصير. وتشهد على ذلك منظمات الـ (U.N) والمنظمات الانسانية في المنطقة.

ان هذه الاجراءات تشكل خرقا واضحاً لروح ونصوص البنود التالية من الاعلان العالمي لحقوق الانسان:

١ـ البند السابع منه القاضي بحق الناس « من التمتع بحماية متكافئة امام القانون « دون اية تفرقة » وحقهم في حماية متساوية ضد اي تمييز يخل بهذا الاعلان ».
٢ـ البند الثاني عشر منه الذي يحرم اي تدخل تعسفي في حياة (الفرد) الخاصة او اسرته او بسكنه....
٣ـ البند الثالث عشر- فقرة(أ) منه التي تضمن « لكل فرد حرية التنقل واختيار محل اقامته داخل حدود كل دولة »
٤ـ البند السابع عشر الفقرة(٢) منه التي تحرم « تجريد احد من ملكه تعسفاً ».
٥ـ البند الثلاثين منه الذي ينص على انه « ليس في هذا الاعلان نص يجوز تأويله على انه يخول لدولة او جماعة او فرد اي حق في القيام بنشاط او تأدية عمل يهدف الى هدر الحقوق والحريات الواردة فيه ».

هذا وان قيام الحكومة العراقية بتهجير تلك العوائل يشكل اخلالاً بمنطوق القرار (٦٨٨) لمجلس الامن الدولي الصادر في ٦/نيسان/ ١٩٩١ والذي ينص (على وجوب الايقاف الفوري لقمع

السكان المدنيين وخاصة الكورد منهم، من قبل الحكومة العراقية ويعرقل عملية تنفيذ القرار رقم ٩٨٦ الصادرة في / /١٩٩٦).
لما تقدم فان پرلمان اقليم كوردستان العراق يناشدكم التدخل الفوري للضغط على الحكومة العراقية من اجل:
١- الايقاف الفوري لحملة تهجير السكان من مدينة خانقين وجلولاء وكركوك ومخمور وشيخان ومن اية منطقة اخرى.
٢- السماح بعودة المهجرين الى اماكنهم وإعادة ممتلكاتهم ومساكنهم واراضيهم وبإشراف ممثلي الـ (UN) في العراق.
٣- تعويض هؤلاء عن الاضرار التي لحقت بهم جراء هذه الاجراءات القسرية.
ولحين تحقيق ذلك فاننا نرجوكم الايعاز الي منظمات الامم المتحدة ووكالاتها وكذلك المنظمات الخيرية وغير الحكومية المتواجدة في العراق، لتقديم المعونة العاجلة لهؤلاء المدنيين، كالطعام والمأوى والدواء والمعالجة الضرورية لتجنب حدوث هجرة واسعة الى دول الجوار والعالم وتكرار كارثة انسانية اخرى.
مع خالص تقديرنا واحترامنا

**جوهر نامق سالم**
**رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق**
**اربيل ١٩٩٧/١٢/٢٩**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**
ئەم یاداشتە لەسەر راو بۆ چوونەكانی ئێوە نووسراوە، لێرە گفتوگۆی تێروتەسەلی لەسەر كراو دواتر داڕێژراوەتەوە، وا رێک كەوتین لەسەری، لەراستیدا ئەوە دارشتنی كۆتایی كراوە بە ئینگلیزی وابزانم پێویستی بە گفتوگۆ كردنی ناكات.
لەراستیدا ئەم یاداشتە هەر هەموو لایەنەكانی بابەتەكەی لە خۆ گرتووە، لەگەڵ ئەوەشدا باگوێمان لە تێبینیەكان بێ.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**
**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**
(احیانا شملت عوائل من التركمان والاشوريين ايضا وشەی(احیانا)لاوازی دەكات، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**
(احیانا) كوا لەكوێیە ؟

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەناوەراستەکەیە چونکە (الحملات التي شملت احيانا)(احيانا) پێویست نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشه چی بنووسین؟

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

عوائل من التركمان والاشووريين.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشه، فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خاڵی دووەم تەنیا لەلایەنی زنجیرە (تسلسل) من (مناطق) لەبەر ئەوەی کەرکوک زۆرترین بەشی هەیە بۆیە بکرێت(من مناطق كركوك وخانقين وجلولاء وشيخان ومدن اخرى) لەبەر ئەوەی دووسێ ڕۆژە (حملە) لە ناوچەی (ديالى) و(تكريت) دەستی پێکردووە تاگەیشتووەتە (صلاح الدين) وهەندێ شوێنی تریش.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە وا پیا هاتووینە، لە خانەقینەوە بۆ جەلەولا و بۆ کەرکوک وبۆهەولێر وبۆ شێخان زمارو مەخمور و تەلەعفەرو سنجار ڕۆیشتووین.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تەنیا ئەو تێبینییە هونەرییە بوو بەڵام بابنوسرێت (مدن اخرى) ئەگەر نا هیچ گرنگیەک نییە کەرکوک بخرێتە پێشی ئەو شارانە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا خۆت دەزانی، بەڵام لەبیر مەکە هی مەخمووریش بەخوا سووتاون، هی کەرکوک قسەی کرد، جارێ با کاک سەعیدی هەولێریش قسە بکا فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەبروای من ئاماژە بۆ بریارێکی ئەنجوومەنی ئاسایش بکەن بریاری (٦٨٨) زۆر گرنگە، چونکە ئێمە هەموو لەبیرمان چووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(هذا وان قيام الحكومة العراقية بتهجير تلك العوائل يشكل اخلالاً بمنطوق القرار رقم ٦٨٨ لمجلس الامن الدولي الصادر في ٦/نيسان/ ١٩٩١ والذي ينص على وجوب الايقاف الفوري لقمع السكان المدنيين وخاصة الكورد منهم من قبل الحكومة العراقية ويعرقل عملية تنفيذ القرار رقم ٩٨٦).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زیادی ئەکەین و فاکس هەیە وهەروەها کاک د.رزگاریش کێشەی نییە بۆ (خانەقین) فەرموو کاک ئەکبەر.

**بەڕێز ئەکبەر حەیدەر موسا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من زۆر شتم نووسی بوو ئەوەی کە من نووسیمە ئەگەر مۆڵەتم بدەن بیخوێنمەوە سوپاستان ئەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

قەیناکا، بەڵام ئایا ئەم یاداشتنامەیە دەرمانی ئەم دەردە ئەکا؟.

**بەڕێز ئەکبەر حەیدەر موسا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ دەرمانی دەکا بەڵام بەداخەوە (٤٠٠٠٠)هەزار فەیلی گواسراوەتەوە باستان کردووە، تاکە وشەیەکی لەسەر فەیلی تیادانییە، ئەوە خاڵێک.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەیلی ئێستا ڕانەگویزراونەتەوە ئێمە باسی ئەم ڕاگوێزان وبەعەرەب کردنەی ئێستادەکەین.

**بەڕێز ئەکبەر حەیدەر موسا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەی فەیلییەکان لەچوارچێوەی ئەم بەعەرەب کردنانەدایە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاری لەم جۆرە ئێستا ئەنجام دراوە، ڕاگوێزان ئێستا ئەنجام دراوە، دەنووسین (والاخوان الفيليين) یان (الاكراد الفيليين)هیچ کێشە نییە.

**بەڕێز ئەکبەر حەیدەر موسا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵام من پێشنیارێکی تریشم هەیە داوابکرێت کە قەرەبووی ئەمانە بکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەیە، کاک ئەکبەر.

**بەڕێز ئەکبەر حەیدەر موسا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر ئەوانە نین کاکە جەوهەر ئەنفالکراوەکان و(٨٠٠٠)هەزار برا بارزانیەکان و شەهیدەکانی هەڵەبجە و بالیسان وئەوانە هەمووی بخرێتە ناوی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە یاداشتنامەیەکی ترمان دا بۆ ئەنفالکراوەکان کە داوای قەرەبوو(تعویض) دەکا، ئێمە لێرە خوێندمانەوە کاک ئەکبەر، ئەوە کاک رزگار بردی تەسلیمی کرد، باسی ئەنفالەکانمان کردووە داوامان کردووە بۆ بارزانییەکان، بۆ فەیلییەکان، بۆ ڕاگوێزراوەکان بۆ ئەوانەی بەشێک لەو بڕیارەی (٩٨٦) بۆ ئەوان بێ، ئەوە یاداشننامەیەکی تر بوو دامان ورۆیشت کاک ناسح فەرموو.

**بەڕێزناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادام ناوی جەلەولا وخانەقین هات وناوی توزخورماتوش بێ، چونکە توزخورماتوو ئێستا سەر بە (صلاح الدین)ە لەبەر ئەوە ئەو ناوە هەبێ باشە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە (سنجار)یش هەمووی باشە فەرموو کاک سیروان.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێ ناوچە هەیە لێرە ئێمە ئاماژەمان بۆی کردوە (جنوب خط العرض٣٦)،بەڵام هەندێ ناوچە هەیە ئێستاکە حکومەت تێپەڕکاری ودەستدرێژی دەکاتە سەری.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو؟.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەچوارچێوەی هێلی (٣٦) وەکو ئیستاکە لە ناوچەی مەخمور، بەتایبەتی دوو گوند هەیە برادەران باشتر شارەزان(گەعیتل ومەتراد) ئەم ساڵ نەیان هێشتووە تۆو بکەن، دەست بەسەر زەویەکانیانیاندا گیراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەناو هێلی(٣٦)؟.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ لەناو هێلی (٣٦) وخاڵێکی تریش لێرە (یشکل اخلالا بمنطوق القرار رقم ٦٨٨) بریاری

(٦٨٨) دیباجەیەکی هەیە لەگەڵ کۆمەڵێک برگە ئەوەی کە من لێی تێ ئەگەم تەنها دیباجەکەیەتی بەڵام لەبرگەکانیش هەیە واتا (اخلالا بالمنطوق والفقرات).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

برگەکانیشمان گواستۆنەتەوە (وجوب الایقاف الفوري لقمع السكان المدنيين وخاصة الكورد منهم).

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لە دەقەکەی بریاری (٦٨٨)ئاگادارم ئەوە دیباجەکە هاتووە بەڵام لەبەندەکانی برگەکانیش زۆر شت هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتا زیادی دەکەین ئەوەی کە پەیوەندی بەم بابەتەوە بێ زیادی دەکەین.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

چونکە هەندێک لەوانەی کە ئێمە داوامان کردووە (امین عام) کە جەخت بکاو ئەو ئیجرائاتانە بکات لە چوارچێوەی دەسەڵاتی خۆیەتی لەوێ هاتووە لەبریاری (٦٨٨).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زیادی ئەکەین.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبرگەکانی چوار وپێنج دەستەڵاتی سکرتێرە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بیدە کاک فەرسەت، یاساکەش لات هەیە.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(امین عام) زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە بەسەر چاو کاک شێخ یەحیا فەرموو.

**بەڕێز شێخ یەحیا عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەکو بەبیر خستنەوەیەک بەراستی گرفت وکێشەکانمان زۆرن، بەڵام ئەوەی کە من تا ئێستا نایەتە خەیاڵم کە باس کرابێ، ئەوە یەکە لەکاتی ڕاپەرینی ١٩٩١دا نزیکەی (١٠٠٠٠) کەس لە خەڵکی کەرکوک گیراوو بێ سەرو شوێن کراون وتائێستاش باس نەکراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە لەئەنفال یاداشتننامەیەکی ترمان داوە ودابەش بوو بەسەریاندا.

**بەڕێز شێخ یەحیا عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە ئەنفالکراوەکان بەڵام هی ۱۹۹۱ باس نەکراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(۱۹۹۱) ئەویش یاداشتننامەیەک ئامادە بکەن بۆ ئەوانیش، فەرموو کاک شمائیل.

**بەڕێز شمائیل ننو بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من زۆر کەم رام لەگەڵ رایەکانی عەبدولخالق جیاوازی هەیە، بەڵام زیادکردنی ووشەی (العوائل) من لەگەڵی نیم، تەنها (احیانا) لاببرێ خۆی بابەتەکە دەرئەبرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو فەوزیە خان.

**بەڕێز فەوزیە عیزەدین رەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە تەنیا قسە لەسەر یاداشتنامەکەیە کە رۆیشتووە ئەگەر بمانەوێ باسی کۆچ پێکردن و ئەنفال بکەین هەقە دانیشتنێکی تر بکەین زۆر شتمان هەیە وئێمە خۆشمان بۆ ئامادە کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەسەر ئەنفال دانیشتنێکی دوور درێژمان کرد.

**بەڕێز فەوزیە عیزەدین رەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ، بەڵام دەبێ لەسەر تەرحیلیش دووبارە دانیشتنێکی تر بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە بەسەر چاو کاتێک دیاری دەکەین.

**بەڕێز فەوزیە عیزەدین رەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هەفتەیەکە خۆمان ئامادە کردووە، بەڵام دیارە بۆ یاداشتننامەکە هیچ ناووترێ چونکە یاداشتننامەکە رۆیشتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە بەسەر چاو قەیناکارۆیشتووە، بەڵام خۆ مانای ئەوە نییە کە نەتوانین جارێکی تر بیکەین ئێمە ئەتوانین(۱۰) جار فاکس بکەین هەقی خۆمانە بەڵێ زیادەی ئەکەین و فاکسی ئەکەین

وداواکاری ئێمەیە و میللەتی ئێمە ئەچەوسێنرێتەوە هەر هەفتەی جارێ فاکسمان هەیە بە فاکس ئەینرین تاوەکو.بە بەردەوامی لەبەر چاویان بێ، تاوەکو خوای گەورە هەقمان وەرئەگرێ.

**بەڕێز فەوزیە عەزەدین رەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە ئەیکەینە بنەمایەک شتی تری ئەخەینە سەر دانیشتنێکی دیکەی بۆ بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

نەک تەنیا یەک دانیشتن بەڵکو (١٠)دانیشتنی بۆ ئەکەین هیچ گرفتێک نییە کاتیک کە دانیشتنەکانمان دەستی پێکردەوە پێشنیار بکەن بەسەر چاو دانیشتنێک دەست نیشان ئەکەین، فەرموو کاک د. رزگار.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەروەکو تێبینیەک بۆ بەڕێزان، جەنابتان فەرمووتان، ئێمە ئەو یاداشتنامەمان دایە(فاکس) و بۆ ئێمەشت روونکردەوە بەڵێنیشی دا کە بیگەیێنێت، هەر بۆ زانیاری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وابزانم تەواو شتەکە بەڕێک وپێکی کراوە بۆ ئەوەی لەدڵتان نەمێنێ دانیشتنەکەمان تەواو، زۆر سوپاس بۆ ئامادەبوونی ئەمڕۆتان، بۆ دانیشتنی داهاتوو ئاگادارتان ئەکەینەوە، سوپاستان ئەکەین.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەل**

**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**ژمارەی بڕیار: ١٤**

**ڕۆژی بڕیار: ١٩٩٨/٤/٢٩**

**«بڕیار»**

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی بڕگە (٣)ی مادده (٢)لەیاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی ١٩٩٧پێمان دراوە ولەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لەڕۆژی ١٩٩٨/٤/٢٨دا یاساکاری کردووە ئەم بڕیارەمان دەرهێنا.

**هەموارکردنی دووەمی ساڵی ١٩٩٨ی پێڕەوی ناوخۆی**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو**

**فەسڵی یەکەم**
**پێناسەکان**

**ماددەی «١»:**

ماددەی «١» هەمواردەکرێ وبەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:

ئەم وشانەی خوارەوە لەم پێڕەوەدا، ئەو مانایانەیان هەیە کە لەتەنیشتیانەوە ڕوونکراونەتەوە:

هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.

ئەنجوومەن: ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق.

سەرۆک: سەرۆکی ئەنجوومەن.

ئەندام: ئەندامی ئەنجوومەن.
دەستە: دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەن.
یاسا: یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانیی هەرێمی کوردستانی عێراق.
پەیڕەو: پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەن.
دانیشتن: تێکڕای ئەو کۆبوونەوانەی کە لە ڕۆژێکدا دەبەسترێن.
خولی گرێدان(دورة الانعقاد): تێکڕای ئەو دانیشتنانەی کە لەماوەی چوار مانگدا دەبەسترێن.
خولی هەڵبژاردن ماوەی جڵەوگیری(ولایە)ی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق.
گروپ: تیکڕای ئەو ئەندامانەی ئەنجوومەن کە سەر بەیەکێ لەو لیستە سەرکەوتوانەن لەهەڵبژاردنی گشتییدا ڕێژەی ٧٪، یان زیاتری دەنگیان لەهەڵبژاردندا هێناوە.

## فەسڵی دووەم
## کۆبوونەوەی ئەنجوومەن:

**ماددەی «٢»:**

ماددەی (٤) هەموار دەکرێ وبەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:
کۆبوونەوەی ئەنجوومەن بەئامادەبوونی زۆربەی ئەندامانی نەبێ یاسایی نابێ، ئەنجوومەن بەئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامانی بڕیارەکانی دەدا جگە لەو حاڵەتانەی کە بەپێی یاسا پێویستی بەزۆرینەی تایبەتی (الأغلبیە الخاصە) هەیە، ئەگەر دەنگەکانیش وەک یەک بوون بەو لایەدا دادەلەنگێ کە دەنگی سەرۆکی لەگەڵدایە.

**ماددەی «٣»:**

ماددەی «٨» هەمواردەکرێ وبەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:
ماوەی ئەنجوومەن چوار ساڵە، لەیەکەم دانیشتنەوە دەست پێدەکا وبەدانیشتنی کۆتایی لەساڵی چوارەمدا دوماهی پێدێ.

## فەسڵی سێیەم
## دەستەی سەرۆکایەتی
## یەکەم/ هەڵبژاردنی دەستە

**ماددەی «٤»:**

ماددەی «١١» هەموار دەکرێ وبەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

سەرۆکی کاتی و دوابەدوای ئەو هەریەک لەئەندامان ئەم سوێندە یاساییەی خوارەوە لەبەردەم ئەنجوومەندا دەخۆن:

«سوێند بەیەزدانی مەزن پارێزگاری لەیەکێتی گەل وخاکی کوردستانی عێراق وبەرژەوەندییە باڵاکانی دەکەم»

**ماددەی «٥»:**

ماددەی «١٢» هەمواردەکرێ وبەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

ئەندامی هەڵبژێردراو لەو کاتەوە کە سوێندی یاسایی دەخوا، بە ئەندامی ئەنجوومەن ودەست بەکار دادەندرێ و بەم گوێرەیە هەموو مافێکی ئەندامێتی هەیە.

**ماددەی«٦»:**

ماددەی «١٣»هەمواردەکرێ وبەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

١ـ سەرۆکی کاتی دوای سوێند خواردن جاری دەرگاکردنەوەی پاڵاوتن بۆ فرمانەکانی دەستە دەدا کە سەرۆکی ئەنجوومەن و جیگری سەرۆک وسکرتێرن.

٢ـ دوای دەرگا داخستن لەسەر پاڵاوتن، کرداری هەڵبژاردن بەرێگای دەنگدانی نهێنی ئەنجام دەدرێ، ئەوەی زۆرینەی دەنگی ئامادەبوان بێنێ ئەو پایەی پێ دەبرێ.

**ماددەی «٧»:**

ماددەی «١٤» هەمواردەکرێ وبەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

١ـ هەر ئەندامێکی ئامادەبوو لەدانیشتنەکەدا کاغەزێکی مۆرکراو بەمۆری ئەنجوومەنی پێدەدرێ ناوی ئەو ئەندامانەی لەسەر دەنووسێ کە ئارەزوودەکا بۆ هەر کام لە پایەکانی دەستە هەڵیان بژێرێ.

٢ـ ئەندام کاغەزێکی خۆی دەخاتە ناو ئەو سەندوقەوە کە بۆ ئەو مەبەستە

ئامادەکراوە، لەجیاتی وبەبریکاری دەنگدان نابێ، هەر کاغەزێک مۆری پێوەنەبێ یان ئاماژە بەیەکێ لەپاڵێوراوەکان نەکا بەپووچەڵ دادەنرێ.

٣ـ دوو ئەندامی لەهەموان بچوکتر بەتەمەن لە ئامادەبوان لەژێر سەرپەرشتی سەرۆکی کاتی هەڵدەستن بەجیاکردنەوەی ناوەکان.

٤ـ ئەگەر ژمارەی دەنگی ڕکابەرەکان لەسەر یەکێک لەو پلەو پایانە وەک یەک بوون، لە دانیشتنێکی تردا هەڵبژاردن دووبارە دەکرێتەوە بۆ پایەکان، یان ئەو پایانەی کە وەک یەک دەنگیان بۆ دراوە، گەر ئەم حاڵەتەش دووبارە بۆوە ئەمجارەیان تیروپشک(قورعە) لەنێوانیاندا دەکرێ.

## دووەم/ ئەرک ودەسەڵاتەکانی سەرۆک

### ماددەی «٨»:

ماددەی «١٧» هەمواردەکرێ وبەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

سەرۆک ئەم ئەرک ودەسەڵاتانەی خوارەوە ئەنجام دەدا:

١ـ پیادەکردنی یاسا وپەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەن.

٢ـ کردنەوەی خول ودانیشتنەکانی ئەنجوومەن وسەرکردایەتی کردنیان وکۆتایی پێ هێنان ودواخستنیان ودیاریکردنی کاتەکانیان.

٣ـ هەڵسوڕاندنی گفتوگۆکان وپاراستنی ڕێک وپێکی ئەو هەڵسووراندنە.

٤ـ خۆ ئامادەکردنی پێویست بۆ پارێزگاری کردنی هێمنی وڕێک وپێکی لەناو ئەنجوومەندا وبۆی هەیە دەست نیشانی هێزی نیزامی پێویست بۆ ئەو مەبەستە بکاو لەژێر ڕکێفی دابێ.

٥ـ ئیمزاکردنی مەحزەری دانیشتنەکان لەگەڵ دووئەندامی دەستەی سەرۆکایەتیدا.

٦ـ ئەنجامدانی هەموو کردارێکی یاسایی و بەڕێوەبردن ودارایی کە پەیوەندیان بە ئەنجوومەنەوە هەبێ و بۆی هەیە دەسەڵات بەکەسانی تریدا لەئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی بۆ ئەو مەبەستە.

٧ـ ئیمزاکردنی هەموو نوسراوە ڕەسمییەکان لەگەڵ دەسەڵاتی جێبەجێکردن ولایەنەکانی تر لەناو هەرێم ودەرەوەیدا.

٨ـ ئیمزاکردنی هەموو ئەو نوسراو وموخابەرانەی کە لەئەنجوومەنەوە یان لەیەکێ لەلیژنەکانیەوە دەردەچێ دوای مۆرکردنی بە مۆری خۆی.

٩ـ دڵنیا بوون لەتەواوبوونی (النصاب) بەیارمەتی دوو ئەندامەکەی تری دەستەی سەرۆکایەتی.
١٠ـ ئیش وکارەکان لەئەنجوومەندا بخرێنە ڕوو بۆ دەنگ لەسەر دانیان لەکاتی پێویستدا.
١١ـ سەرپەرشتی کردنی کاری لیژنەکانی ئەنجوومەن.
١٢ـ نوێنەرایەتی کردنی ئەنجوومەن لەبۆنەو ئاهەنگەنیشتمانیەکان وبۆنەکانی تردا، وەدەتوانێ بۆ ئەو مەبەستە دەسەڵات بە ئەندامانی تر بدات.
١٣ـ دەرهێنانی ئەو یاساو بڕیار وپەیڕەووانەی کە ئەنجوومەن لەسەریان پێک هاتووە.

## سێیەم: ئەرک ودەسەڵاتەکانی جێگری سەرۆک

**ماددەی «٩»:**

ماددەی «١٨» هەمواردەکرێ وبەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:
جێگری سەرۆک ئەم ئەرک ودەسەڵاتانەی خوارەوە ئەنجام دەدا:
١ـ لەکاتی ئامادەنەبوونی سەرۆکدا تێکڕای دەسەڵاتەکانی ئەو بەجێ دێنێ، هەروەها سەرۆک دەتوانێ هەندێ ئەرکی دیاریکراوی پێ بسپێرێ.
٢ـ بەشداریی کردن لەکارەکانی دەستەی سەرۆکایەتی ووەزیفەکانی بەو سیفەتەی ئەندامێکە لەو دەستەیەدا.
٣ـ بەدوا داچوونی کاروباری لیژنەکان وراپۆرت پێشکەش کردن لەبارەیانەوە بۆ سەرۆک.

## چوارەم/ئەرک و دەسەڵاتەکانی سکرتێر

سکرتێر ئەم ئەرک ودەسەڵاتانە بەجێ دێنێ:
١ـ سەرپرشتی کردنی نووسینی مەحزەری کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەن وبەرنامەی کاری دانیشتنەکان وچاپکردن ودابەش کردنیان بەسەر ئەنداماندا.
٢ـ جێگیرکردنی ناوی ئەو ئەندامانەی دەیانەوێ قسەبکەن.
٣ـ بەشداربوون لەکاروبار وفەرمانەکانی دەستەی سەرۆکایەتیدا بەو سیفەتەی کە ئەندامێکە لەو دەستەیەدا.

## پێنجەم: ئەرک ودەسەڵاتە هاوبەشەکان

**ماددەی «١٠»:**

ماددەی «٢٠» هەمواردەکرێ وبەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

دەستەی سەرۆکایەتی بەم ئەرکانە هەڵدەستێ:

١ـ دانانی بەرنامەی کاری هەریەکێ لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەن کە دەبێ لەگەڵ ئەو پرۆژە وپێشنیاز وراپۆرتانەی گفتوگۆیان لەسەر دەکرێ، بەلانی کەمەوە پێش دوو ڕۆژ لەبەستنی ئەنجوومەن بەئەندامانی پەرلەمان وئەندمانی ئەنجوومەنی وەزیران رابگەیەندرێ.

٢ـ یەک لاکردنەوەی ململانێی پسپۆڕایەتی (تنازع الأختصاص) لەنێوان لیژنەکاندا سەبارەت بەو قەزیانەی کە بۆیان چووە وبن بڕکردنیان.

٣ـ دانانی بنەمایێکی تایبەتی بۆ ڕێکخستن ونووسینی مەحزەرەکان.

٤ـ خوێندنەوەی پوختەی مەحزەری دوا دانیشتنی ئەنجوومەن لەدانیشتنی داهاتوودا.

## فەسڵی چوارەم
## ئەندامەتی لە ئەنجوومەندا
## یەکەم/ دروستی ئەندامەتی

**ماددەی «١٢»:**

ماددەی «٢٤»هەمواردەکرێ وبەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە.

١ـ هەر ئەندامێکی ئەنجوومەن بۆی هەیە تانووت لەئەندامێتی هەر ئەندامێکی تر بدا، هەر پاڵێوراوێکی لیستە سەرکەوتووەکانیش بۆی هەیە تانووت لە ئەندامیەتی ئەندامی سەرکەوتوی لیستەکەی خۆی بدا لەلای ئەنجوومەن.

٢ـ لەدووەم دانیشتنی ئەنجوومەندا وبەهەڵبژاردن لیژنەیەکی کاتی بەناوی (لیژنەی چاوگێڕان بەدروستی ئەندامەتی) لەژمارەیەک پێکدەهێنرێ کە لە پێنج ئەندام کەمتر نەبن بەمەرجێ لەنێوانیاندا ئەندامێک نەبێ کە تانووت لەدروستی ئەندامییەتی درابێ.

٣ـ لیژنە سەیری داواکاری تانووت دەکا وبۆی هەیە سەیری هەموو ئەو مەحزەر

وبەڵگە نامانەبکا کە پەیوەندیدارن بە هەڵبژاردنی ئەندامی تانووت لێدراوەوە، ڕاپۆرتی خۆی لەماوەی ئەو پەڕی مانگێک لەمێژووی هەواڵەکردنی داواکارییەکەوە بۆی، پێشکەش دەکات.

٤ـ یەک لاکردنەوەی دروستی ئەندامەتی تایبەتە بەئەنجوومەنەوە، بڕیاری خۆی بەزۆرینەی دووسێیەکی (ثلثی) ئامادەبووان دەدا.

٥ـ تانووتەکان بەنووسراوەیی دەخرێتە بەردەم سەرۆک لەماوەی خولی یەکەمدا لەمێژووی یەکەم دانیشتندا کە ئەنجوومەن دوای هەڵبژاردنی دەیبەستێ، سەرۆکیش ئەم تانووتانە هەواڵەی(لیژنەی چاوگێران بەدروستی ئەندامەتی) دەکاوهەمان کردار دەکا بەرامبەر ئەو ئەندامانەی دوای ئەوە دەدەنەپاڵ ئەنجوومەن.

٦ـ ئەگەر ڕاستی تانووت سەلمێندرا سەرۆک ئەنجامەکانی ئەوە پێشکەش بە لایەنی خاوەن لیست دەکا بۆ ئەوەی پاڵێوراوێکی تر لەماوەی شەست ڕۆژدا لەهەمان لیستدا هەڵبژێرن بەگوێرەی ئەوەی کە لەمادده(٤٤)ی یاسادا هاتووە بەمەرجێک ئەو ماوەیەی کە بۆ ئەنجوومەن ماوە لەشەش مانگ کەمتر نەبێ.

٧ـ ئەگەر تانووتەکەش لەدڵەوە نەبوو یان زانیاری نادروستی تێکەوتبوو، لیژنە ڕاپۆرتێک لەسەر ئەوە دەدا بەسەرۆک کە ئەویش بۆی هەیە داواکارییە کە بداتە دادگای لێتوژینەوەی تایبەتمەند بۆ ئەوەی بەکرداری بەدواداچوونی یاسایی هەڵبستێ دژی تانووت لێدەر، ئەگەر تانووتەکە داونانەوە بێ (کیدیاً) یان بەمەبەستی خراپەکاری بێ دەرحەق بەوئەندامەی کە تانووت لەڕاستی ئەندامەتی دراوە.

## دووەم/ ئەرک ومافەکانی ئەندام

مادده«٢٥» هەمواردەکرێ وبەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

١ـ ئەندام پابەند دەبێ بە ئامادەبوونی کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەن وئەو لیژنانەی کە ئەندامەتیایاندا، بەعوزرێکی ڕەوا نەبێ نابێ غایب ببێ کە سەرۆک یان سەرۆکی لیژنەی تایبەتمەند سەبارەت بەکۆبوونەوەی لیژنەکان دیاری دەکەن.

٢ـ ئامادەنەبوونی ئەندام لەدانیشتنەکانی ئەنجوومەندا بەهۆی داوالێکردنی بە ئەنجامدانی کارێکی رەسمی بەغائیب بوون دادەندرێ.
٣ـ سەرۆک بۆی هەیە مۆڵەتی ئاسایی بەئەندام بدات ئەگەر بارودۆخەکەی پێویستی بەوەکرد ئەویش لە(١٥) پانزدە رۆژ تێپەرناکا لەنێوان هەر خولێک لەخولەکانی گرێداندا.
٤ـ ئەندام بۆی هەیە مۆڵەتی نەخۆشی بەشێوەیەکی ئوسولی لەنێوان خولەکانی گرێداندا وەربگرێ.
٥ـ لەکاتی ناچاربوونی ئەندام کە غایب بێ بەبێ ئەوەی بەئەرکێکی رەسمی هەڵبستێ بەشێوەیەکی بەردەوام لەدوو دانیشتندا پێویستە لەسەری داواکارییەک پێشکەش بەسەرۆکی ئەنجوومەن بکا وهۆیەکانی ئەم ئامادەنەبوونەی تێدا دیاری بکا.
٦ـ ئەگەر ئامادەنەبوونی ئەندام زیاتر لەدوومانگ بەردەوام بوو بەبێ مۆڵەت خواستن لەسەرۆکی ئەنجوومەن هیچ شتێک لەمووچەودەرماڵەکانی لەماوەی غایب بوونەکەی وەرناگرێ.
٧ـ ئەگەر ئەندام بەبێ عوزرێکی رەوا سێ جاری لێک جیا لەکۆبوونەوەکانی ئەنجوومەن یان لیژنەکانی لەماوەی خولی گرێداندا ئامادەنەبوو، سەرۆک بۆی هەیە خۆی وئەولایەنەی دایمەزراندووە بەم کارە ئاگاداربکاتەوە.

## سێیەم/«حصانة» وخەڵاتەکان

**ماددەی «١٤»:**

برگە (٥) لەماددەی (٢٧) لەلانی دارشتنەوە هەمواردەکرێ وبەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:
(ئەنجوومەن لەلانی بوون ونەبوونی بەڵگەکانی تۆمەتەوە ناروانێتە ئەم داواکارییە، بەڵکو دەروانێتە راستەقینەیی داواکە، ئایا بۆ بەرقەرارکردنی دادوەریی یان داونانەوەیە (کیدتها) بەمەبەستی خراپەکاری دەرهەق بەئەندامەکە؟).

**ماددەی «١٥»:**

ماددەی «٢٨» هەمواردەکرێ وبەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:
هەریەک لەسەرۆک وجێگری سەرۆک وسکرتێر وئەندامەکان مووچە وخەڵاتی مانگانە وەردەگرن.

## چوارەم/کۆتایی هاتنی ئەندامییەتی ولەدەستدانی

**ماددەی «١٦»:**

ماددەی «٣٠» هەموار دەکرێ وبەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:
أـ ئەندامییەتی لەئەنجوومەن لەوحالەتانەدا کۆتایی پێدێ:
١ـ تەواوبوونی ماوەی ئەنجوومەن یان هەڵوەشاندنەوەی.
٢ـ مردنی ئەندام.
ب ـ ئەندام لەم حاڵەتانەدا ئەندامییەتی خۆی لەدەست دەدا:
١ـ دەست لەکارکێشانەوەی ئەندام ولێ قبوڵکردنی.
٢ـ لەدەست دانی ئەندام مەرجێک لە مەرجەکانی پاڵاوتن بۆ ئەندامییەتی ئەنجوومەن بەزۆرینەی دووسێ یەکی ئەندامان بریار لەسەر ئەمە دەدات.
٣ـ ئامادەنەبوونی ئەندام بۆ سێ دانیشتنی یەک لەدوای یەک بەبێ عوزرێکی رەوا.

**ماددەی «١٧»:**

ماددەی «٣١»هەمواردەکرێ وبەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:
ئەگەر یەکێک لەکورسییەکانی ئەنجوومەن چۆڵ بوو پاڵێوراوێکی تر لەهەمان لیستدا شوێنی دەگرێتەوە.

## پێنجەم: کۆنەکردنەوە

**ماددەی«١٨»:**

ماددەی «٣٢» هەمواردەکرێ وبەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:
١ـ ئەندام بوون لەئەنجوومەن ووەزیفەکانی گشتی هاوکات پێکەوە ئەنجام نادرێن،

فەرمانبەری گشتی بەدەست لەکارکێشاوە دادەندرێ لەفرمانەکەی خۆی لەکاتی سوێند خواردنیەوە لەبەردەم ئەنجوومەندا وپێویستە لەسەری سکرتاریەتی ئەنجوومەن لەهەڵوێستی وەزیفی خۆی ئاگاداربکاتەوە.

٢ـ نابێ ئەندامی ئەنجوومەن لەهەمان کاتدا ئەندامی ئەنجوومەنێکی هەڵبژێردراوی پەیوەست بە فەرمانگەو دەزگاکانی حکومەتی هەرێم بێت، پێویستە لەسەر ئەندام یەکێک لەو دووئەنجوومەنانە هەڵبژێرێ، لەماوەی هەشت ڕۆژدا لەمێژووی جاڕدانی هەڵبژاردنەوە، ئەگەر وای نەکرد حساب دەکرێ کە ئەندامییەتی ئەو ئەنجوومەنەی هەڵبژاردووە وهەردوو ئەنجوومەنەکەش بەم کارە ئاگادار دەکرێنەوە.

٣ـ ئەندام بۆی نییە بۆ خۆی یان بەهۆی ئی ترەوە لەکاتی ئەندامییەتیدا گرێ بەند (عقد) لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا بکا، هەروەها بۆی نییە ئەندامییەتیەکەی بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی بەکار بهێنێ.

٤ـ هەموو ئەندامانی ئەنجوومەن بۆ کاری ئەنجوومەن تەرخان دەبن.

٥ـ ئەنجامدانی ئەرکی حیزبایەتی وساندیکا، یان ڕێکخراوەجەماوەرییەکان بەئەنجامدانی کاری وەزیفە یان کاری دەست ڕەنگینی یان پیشەیی داناندرێ لەگەڵ مەبەستەکانی یاسایی هەڵبژاردنی ئەنجوومەندا هاودژ نییە.

## شەشەم/دەست لەکارکێشانەوە

**ماددەی «١٩»:**

ئەو ماددانەی خوارەوە دەخرێنە سەر ئەم فەسڵە لەپەیڕەوی ناوخۆدا وزنجیرەی تازەیان پێدەدرێ دواتریش زنجیرەی ماددەکانی تر لەسەر ڕۆشنایی ئەمە لەبەرچاو دەگیرێ.

ماددەی «٣٣»

ئەندام دەست لەکارکێشانەوەکەی خۆی بەنووسین دەداتەسەرۆکی ئەنجوومەن

ولەیەکەم دانیشتندا دەخوێندرێتەوە.

ماددەی «٣٤»

ئەندامی دەست لەکارکێشاوە بۆی هەیە لەدەست لەکارکێشانەوەکەی خۆی پاشگەز بێتەوە ئەویش بە پێشکەش کردنی داواکارییەکی نووسراوە پێشکەشی سەرۆکی ئەنجوومەنی دەکا بەرلەوەی ئەنجوومەن پێی بزانێ.

ماددەی «٣٥»

بەرەزامەندی لەسەرکردنی زۆربەی ئەندامانی ئەنجوومەن دەست لەکارکێشانەوەکە کاریگەر دەبێ.

ماددەی «٣٦»

نابێ کارکەنار(مستقیل) بگەرێتەوە ئەنجوومەن وتێهەڵچێتەوە.

## فەسڵی پێنجەم
## لیژنەکانی ئەنجوومەن
## یەکەم/لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجوومەن

**ماددەی«٢٠»:**

زنجیرەی ماددەی«٣٣» لەپەیڕەوی ناوخۆدا هەمواردەکرێ وزنجیرەکەی دەبێتە«٣٧».

**ماددەی «٢١»:**

زنجیرەی ماددەی «٣٤»لەپەیڕەوی ناوخۆدا هەمواردەکرێ وزنجیرەکەی دەبێتە«٣٨» وبەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:

لیژنە هەمیشەییەکان بەم شێوەیە پێک دێن:

١ـ لیژنەی کاروباری یاسا: ئەو مەسەلانە دەبینێ کە بۆی دەچن ومۆرکی یاساییان پێوەیە، هەروەها تایبەتمەندە بەدارشتنی یاساکان وسەلامەتیان لەرووی یاسایی وزمانەوانییەوە وهەواڵەی ئەنجوومەنیان دەکا تا گفتوگۆیان لەسەر بکرێ، زۆربەی ئەندامەکانی لەوانەن کە بروانامەی سەرەتایی زانکۆیان لەیاسادا هەیە.

٢ـ لیژنەی کاروباری دارایی و ئابووری: هەموو ئەو کارانە دەبینێ کە پەیوەندی

دارن بەبودجەی گشتی هەرێم و حسابکارییەکانی دوماهی وبودجەی ئەنجوومەنەوە، راپۆرتی خۆی پێشکەش بەئەنجوومەن دەکا دەربارەی هەربەشێک لەبەشەکانی بودجە وهەر بابێک لە بابەکانی، بەبودجەی ئەنجوومەنیشەوە، وئەوەی ئەنجوومەن پێی رادەسپێرێ لە کاروباری دارایی وئابووری وحسابکارییەکانی دوماهی.

٣ـ لیژنەی کاروباری ناوخۆ: ئیشی چاوگێرانە بەکاروباری وەزارەتی ناوخۆدا لەو کارانەی پەیوەندارن بەبەڕێوەبردنی گشتی خۆجێیەتی وئاسایش وپۆلیس وبەرگری مەدەنی.

٤ـ لیژنەی پیشەسازی وکاروباری کشتوکاڵ وئاودێری ونەخشەکێشان وپەرەپێدان وئاوەدانکاری: ئیشی چاوگێرانە بەوکارانەی پەیوەندارن بەدووبارە بەگەڕخستنەوەی کارگەکان وپەرەپێدانیان ونۆژەنکردنەوەی ژێرخانی ئابووری کوردستانی عێراق وبەرهەم هێنانی سامانە سروشتییەکانی ومەسەلەی وزە وپارێزگاری کردنی ژینگە لەکوردستانی عێراقدا، هەروەها سەیری کاروباری کشتوکاڵ وچاککردنی کشتوکاڵ وباغداری ودارستانەکان وبەیتاری وخاک وسەرچاوە ئاوییەکان وئاودێری دەکا لەکوردستانی عێراقدا هەروەها بەدوا داچوونی پەرەسەندنی ودەرسکردنی پلانی پێویست بۆ گەشەپێدان وئاوەدانکاری وئاکنجی بوون لەکوردستاندا.

٥ـ لیژنەی رەوشەنبیری وپەیوەندیەکان: ئەرکی ئەوەیە چاوبەکاروباری وەزارەتی رۆشنبیری وراگەیاندندا بگیرێ، هەروەها بەوکارانەی کە پەیوەندارن بەپەیوەندییەکانی ناوخۆ ودەرەوەی ئەنجوومەن، هەروەها چاوگێران بەکاروباری رۆشنبیری وئەدەبی وهونەری وکەلتووری ووەرزش وبلاوکردنەوەی هۆشیاریی نیشتمانی وئازادیخوازی لەگەڵ رەچاوکردنی تایبەتمەندی نەتەوەیی نەتەوەکان لەهەرێمی کوردستاندا.

٦ـ لیژنەی پەروەردە وفێرکردنی بالا: کاروباری پەروەردەو فێرکردن و فێرکردنی بالا لەکوردستانی عێراقدا دەبینێ، لەبارەی بەڕێوەچوونیان رای خۆی بۆ ئەنجوومەن دەردەبڕێ.

٧ـ لیژەنەی خزمەتگوزاری گشتی وتەندروستی وکاروباری کۆمەلایەتی:

چاودەگـیـرێ بەهەرچی پەیوەنداره بەکـاروباری شـارەوانی وهاوینه هەوارەکـان وئاسـەوار وخزمـەتگوزارییـەکـانی ئاو وئاوەڕۆکـان وتەلەفـۆنکاری وگـواسـتنەوە وگـەیاندن، هەروەها ئەو کـارانه دەبـینێ کـه پەیوەندارن بەتەندروسـتی گشـتی ودەزگاکـانی و زامنکردن وچاودێری کۆمەلاَیەتی وچاودێری کردنی دایکایەتی و منالّکاری و کاروباری خێزانی شەهیدەکان وکەم ئەندام وونبووەکانی بزاڤی ئازادی خوازی کوردستان.

٨ـ لیژنەی مافـەکانی مرۆڤ وسکالاَکان: سکالاَو داواکـارییەکانی هاونیشتمانیان دەبینێ کـه پێشکەش بـه ئەنجـوومـەنیـان کـردووە، بەگـوێرەی ئەو درێژە پێدانەی خوارەو:

أـ سـەرۆک ئەو داواکـاری وسکـالاَیانەی کـه بـۆ ئەنجـوومـەن هاتوون، بۆ لیـژنەی سکـالاَکــانیــان دەنێــرێ تـاتێــیــان بڕوانـێ دوای ئەوەی لەتۆمــاری هاوردە(وارده)ی ئەنجوومەن تۆمار دەکرێت.

ب ـ ئەگـەر سکالاَ بۆ یەک لە لیـژنەکـانی ئەنجـوومـەن ناردرابوو، بـۆی دەنێـرێ تادەرسی بکا.

ج ـ لیژنه لەو سکالاَیانه ورد دەبێتەوە کە بۆی ناردراون وڕاپۆرتێک پێشکەش بەئەنجـوومـەن دەکـا دەربارەی ئەوەی کـه دەبینـێ پێـویسـتـه، دیدو بـۆچوونی خۆشی لەبارەی سکالاَکەوە دەردەخا.

د ـ تاهەمــوو رێگای سـەردانه ئوسـولییـەکـان تەواو نەبن نابێ داواکـاری وسکالاَ پێشکەش بە ئەنجوومەن بکرێ.

هـ ـ دەسـەلاَتی جـێبـەجێ کـردن لەسـەریەتی لەمـاوەی یەک مـانگدا بـەلانی زۆریەوە، وەرامی ئەو داواکـارییـانه بداتەوە کـه بۆی هەوالّە کـراون تەنیـا لەوبارەدانەبێ ئەگەر هۆیەکی بەرهەلّست بەدی کرا کە هەرگیز ناتواندرێ لەو ماوەیەدا وەرام بدرێتەوە.

وـ ئەگەر بابەتی داواکارییەکە ووەرامی دەسەلاَتی جێبەجێکردن کارێکی وای دروسـتکرد کـه پێـویسـتی بەڕای ئەنجـوومـەن هەبوو، لیـژنه داوا دەکـا کـه بخرێتە بەرنامەی کارەوە.

زـ پێویستە خاوەنی داواکارییەکە لە ئەنجامی سکالاَکەی ئاگەدار بکرێتەوە.

ح ـ لیژنه لەسەریەتی کە خشتەیەکی مانگانەی تایبەت ڕێک بخا وپوختەی ئەو سکاڵایانەی کە تەماشاکراون وئەنجامەکانیانی تێدا بنووسێ.

ط ـ هەوڵدان بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ وبەرگری لێکردنی هەوڵدان لە پێناو لەبەرچاوگرتنی بەندەکانی پەیمان وبەڵێننامە دەوڵەتییەکان کە لەم بارەیەوە دەرچوون، هەروەها جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ.

## ماددەی «٢٢»:

ماددەی «٣٥» لەپەیڕەوی ناوخۆدا هەموار دەکرێ و زنجیرەکەی دەبێتە«٣٩»و بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:

١ـ دەستەی سەرۆکایەتی، ئەندامەکان لەنێوان لیژنەکاندا دابەش دەکا، بەشێوەیەک کە بەگوێرەی توانا تایبەتمەندی ئەندام وئارەزووی پێویستی لیژنەکان ڕەچاوبکرێ، ئەوجا مەسەلەکە دەخرێتە بەردەمی ئەنجوومەن بۆ ڕەزامەندی لەسەرکردنی، لەکاتێکدا گەر ئەنجوومەن ڕەزامەندی لەسەر لیژنەیەک نەکرد، هەڵبژاردنی بۆ دەکرێ.

٢ـ نابێ ئەندام لەیەک کاتدا ئەندام بێ لەدوو لیژنەی هەمیشەییدا، هەروەها نابێ ئەندام بێ لەئەنجوومەنی وەزیران ولەهەمان کاتیشدا ئەندام بێ لە لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجوومەندا.

٣ـ لیژنە هەمیشەییەکان لەژمارەیەک پێک دێت کە لە حەوت ئەندام کەمتر نەبن و لە یانزدەش زیاتر نەبن، هەر لیژنەیەکیش لەنێوان خۆیدا سەرۆک وجێگر و بڕیاردەرێک بۆخۆی هەڵدەبژێرێ.

٤ـ لەکۆبوونەوەی لیژنەکاندا (نصاب) بەئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامەکانی تەواو دەبێ، بەمەرجێک سەرۆک وجێگرەکەی لەنێوان ئامادەبووەکاندا بن، بڕیارەکانیشی بەزۆرینە دەدا.

٥ـ لیژنەلەسەر داواکاری سەرۆکەکەی کۆدەبێتەوە، ئەندامەکانیشی لەڕێگای بڕیاردەرەکەیەوە بانگهێشت دەکرێن.

٦ـ دەکرێ کۆبوونەوەی هاوبەش لەنێوان دوو لیژنە یان زیاتر ئەنجام بدرێ بۆ چاوگێڕان بەو بابەتانەی کە پێویست بەوکارە دەکەن ئەو کاتەش بەتەمەنترین سەرۆکی لیژنەکان وبەتەمەنترین جێگر یان وبەتەمەنترین بڕیاردەریان دەبنە

سەرۆک وجێگرو بڕیاردەر بۆ ئەو کۆبوونەوە هاوبەشە.

٧ـ نابێ ئەندام، سەرۆک یان جێگری سەرۆک یان بڕیاردەری پتر لە لیژنەیەک بێت.

## ماددەی «٢٣»:

ئەمەی خوارەوە دەخرێتە سەر فەسڵی شەشەم ودەبێتە ماددەی «٤٩» (دووەم):

١ـ هەر لیژنەیەک مافی ئەوەی هەیە لەدیاردەیەک یا بارێکی گشتی بکۆڵێتەوە ودەرسی بکا وداوا لەدەستەی سەرۆکایەتی بکا کە لەئەنجوومەندا بیخاتە ڕوو بۆ گفتوگۆ لەسەرکردنی بەئامادەبوونی سەرۆک وەزیران یان وەزیری تایبەتمەند.

٢ـ هەر (دە) ئەندامی ئەنجوومەن بۆیان هەیە داوای گفتوگۆکردنی بابەتێکی گشتی بکەن بخرێتە بەرنامەی ئەنجوومەنەوە بەئامادەیی سەرۆکی وەزیران یان وەزیری تایبەتمەند.

٣ـ لەکاتێکدا دەستەی سەرۆکایەتی ڕازی نەبوو بابەتەکە لەئەنجوومەن بخرێتە ڕوو، لیژنە یان ئەندامەکانیش دەستیان لەداواکارییەکەیان هەڵنەگرت، داواکارییەکە دەخرێتە بەردەم ئەنجوومەن تا یەک لای بکاتەوە.

٤ـ هەر ئەندامێک مافی هەیە داوا لە دەستەی سەرۆکایەتی بکا کە بیرۆکەیەک بخاتە ڕوو تا لەلایەن حکومەتەوە بەخودان بکرێ.

## ماددەی«٢٤»:

مادده «٣٦» لەپەیڕەوی ناوخۆدا هەموار دەکرێ وزنجیرەکەی دەبێتە «٤٠» و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

١ـ لیژنە بۆی هەیەکە پەنا بباتە بەر هەر ئەندامێک لە ئەندامانی ئەنجوومەن یان هەر شارەزایەک یان پسپۆڕێک لە غەیری ئەندامانی ئەنجوومەن بۆ ئەوەی گوێ لە ڕایەکانیان بگیرێ یان پەنایان بۆ ببرێ بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێ.

٢ـ بۆ هەر ئەندامێک لە ئەندامانی ئەنجوومەن هەیە کە ئامادەی کۆبونەوەکانی هەر لیژنەیەک ببێ لە لیژنە هەمیشەییەکان دوای ئەوەی ڕەزامەندی سەرۆکەکەی وەردەگرێ، ئەوکاتەش دەتوانێ ڕای خۆی دەربڕێ بێ ئەوەی بەشداری دەنگدان بکا.

**ماددەی«٢٥»:**

مـاددە «٣٧» لەپەیرەوی ناوخۆدا هەمواردەکرێ و زنجیرەکەی دەبێتە «٤١» وبەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

١ـ ئەندامـانی ئەنجـوومـەنی وەزیران لەلایەن سـەرۆکی پەرلەمـان و لەرێگەی سـەرۆکی ئەنجـوومـەنی وەزیرانەوە بانگهـێـشت دەکـرێن بۆ ئامـادەبوون لەکۆبوونەوەی لیژنەکان ئەو پەڕی لەماوەی سێ ڕۆژدا لەمێژووی ناردنی بانگ هێشتنەکەوە بۆیان.

٢ـ ئەوانەی پلەی وەزیریان هەیە لەلایەن سەرۆکی ئەنجـوومـەنەوە بانگ هێـشت دەکرێن بەڵام کارمەندە گشتی یەکان لەلایەن سکرتێرەوە بانگ هێشت دەکرێن.

٣ـ سـەرۆکی وەزیران یان هەر وەزیرێـک کـە ئەو دەیەوێ هەر پانزدە ڕۆژ جـارێـک لەکۆبوونەوەی ئەنجوومەندا ئامادە دەبێ.

**ماددەی «٢٦»:**

مـاددە «٣٨» لەپەیرەوی ناوخۆدا هەمـواردەکرێ وزنجیـرەکەی دەبێـتە «٤٢» وبەم شێوەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

١ـ لیـژنە هەمـیـشـەییـەکـان مـافی ئەوەیان هەیە کـە لەرێگەی جێگری سەرۆکی ئەنجـوومەنەوە لەفەرمانگە ڕەسمییەکـان ورێکخراوە جەماوەری وپیشەییەکان داوابکەن کە زانیاری پێویستیـان پێ بدەن بۆ دەرس کردنی ئەو بابەتانەی کە خراونەتە بەردەمیانەوە.

٢ـ ئەگەر ئەو لایەنانەی کە لەبڕگـە ی سەرەوەدا ناویان براوە بەرهەڵستیـان کـرد لەزانیـاری دانی پێـویست بەلیـژنە هەمـیـشـەییـەکـان، ئەو کـاتە سـەرۆکی ئەنجـوومـەنی وەزیران لەرێگەی سـەرۆکی ئەنجـوومـەنەوە بەم کـارە ئاگـادار دەکرێتەوە.

لەکـاتی وەڵام نەدانەوەی داواکـارییـەکـە لەمـاوەی پانزەدە ڕۆژدا بابەتەکـە لەئەنجوومەن دەخرێتە ڕو بۆ یەک لاکردنەوەی.

**ماددەی«٢٧»:**

مـاددە «٣٩» لەپەیرەوەی ناوخۆ هەمـواردەکـرێ وزنجـیـرەکـەی دەبێـتە«٤٣» وبەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

ئەگەر شوێنی ئەندامێکی یەک لەلیژنەکان چۆڵ بوو بەگوێرەی ئەو رێگا دیاری کراوەی کەلەم پێڕەوەدا هاتووە ئەندامێکی تر دەپاڵێورێ.

**ماددەی«٢٨»:**

مادده«٤٠»لە پەیڕەوی ناوخۆ هەموار دەکرێ و زنجیرەکەی دەبێتە«٤٤»و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە: لەکاتی چۆڵبوونی شوێنی ئەندامێک لەهەر لیژنەیەکدا، ئەوا بەگوێرەی ئەو شێوازەی لەم پەیڕەوەدا هاتووە ئەندامێکی دیکەی بۆ دیاری دەکرێت.

**ماددەی«٢٩»:**

مادده«٤١» لەپەیرەوی ناوخۆ هەموار دەکرێ وزنجیرەکەی دەبێتە«٤٥» وبەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

١ـ سەرۆک بابەتەکان بەتێکرای بەڵگەنامە وپاشکۆکانییەوە هەواڵەی لیژنەکان دەکات، بۆئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران هەیە ئامادەی دانیشتنەکانی بن بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێ.

٢ـ لیژنە مەحزەری دانیشتنەکانی خۆی رێک دەخاو ناوی ئەندامانی ئامادەبوو وئامادەنەبوو وئەوگفتوگۆیانەی کە تێیدا دەکرێن جێگیر دەکا، بڕیارەکانیشی بەزۆرینە دەدا، لەکاتی یەکسانی دەنگەکاندا بەولایە دادەلەنگێ کە سەرۆکی تێدایە.

**ماددەی«٣٠»:**

ئەو ماددەیەی خوارەوە دەخرێتە سەر پەیڕەوی ناوخۆ وزنجیرەکەی دەبێتە «٤٦» وبەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

ئەگەر پرۆژە یان پێشنیار لەتایبەتمەندیی زیاتر لەلیژنەیەک بوو سەرۆکی ئەنجوومەن بۆی هەیە لیژنە پیوەندارەکان بۆ کۆبونەوەیەکی هاوبەش لەنێوانیاندا بانگ هێشت بکات بەسەرۆکایەتی خۆی یان جێگرەکەی بۆ دەرس کردنی ودانانی یەک راپۆرت دەربارەی، بەڵام گەر هەر لیژنەیەک بەتەنیا دەرسیان کردبوو سەرکردایەتی جیاوازیی لەدەقە پێشنیار کراوەکاندا بینی کە دەبێتە هۆی ئاڵۆزی لەگفتوگۆ ودەنگدان لە ئەنجوومەندا، پێویستە کۆبوونەوەی لیژنە تایبەتمەندەکان بەیەک

لیژنەی تایبەتمەند بکرێ بەسەرۆکایەتی سەرۆکی ئەنجوومەن یان جێگرەکەی بۆ دووبارە دەرس کردنی ودانانی راپۆرتێکی یەکگرتوو لەبارەیەوە.
بۆ سەرۆکی ئەنجوومەن هەیە کە بەقەناعەتی خۆی یان لەسەرداوای بەلانی کەمەوە پانزدە ئەندام هەر بابەتێک بخاتە رووی لیژنە هاوبەشەکانەوە، بۆ لیژنەکان هەیە پێشنار، یان رێنمایی پێویست دەربهێنن.

## دووەم/ لیژنە کاتییەکان ولیژنەکانی تۆژینەوە

**ماددەی «٣١»:**

ماددە «٤٢»لەپەیرەوی ناوخۆدا هەمواردەکرێ وزنجیرەکەی دەبێتە«٤٧».

**ماددەی«٣٢»:**

ماددەی «٤٣» لەپەیرەوی ناوخۆدا هەموار دەکرێ وزنجیرەکەی دەبێتە «٤٨»و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:
أ- بەرەزامەندی زۆرینەی ئامادەبوان لەئەنجوومەندا لیژنە تایبەتییەکان ولیژنەکانی تۆژینەوە پێک دەهێنرێن، لەسەر پێشنیاری دەستەی سەرۆکایەتی.
ب ـ لەکاتی پشووی ئەنجوومەندا لیژنەکانی تۆژینەوە لەلایەن دەستەی سەۆکایەتییەوە پێک دەهێنرێن.

**ماددەی «٣٣»:**

ماددەی «٤٤» لەپەیرەوی ناوخۆ هەمواردەکرێ وزنجیرەکەی دەبێتە «٤٩» وبەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنریتەوە:
١ـ لیژنەی تۆژینەوە، دەسەلاتی گەڕان بەدوای ڕاستییەکانیدا هەیە لەهەموو ئەوانەی کە خراونەتە بەردەمی، بۆ ئەو مەبەستەش بۆی هەیە کە پەنا بباتە بەر شارەزاکانی و بانگی هەر کەسێک بکا تاگوێ لەقسەکانی بگرێ بەگوێرەی ئەوەی کە لەم پەیڕەوەدا هاتووە، هەروەها بۆی هەیە ئاگاداری هەر شتێک بێ کە پەیوەندارە بەو بابەتەی کە خراوەتە بەردەستی دوای رەزامەندی لایەنە پەیوەندارەکان.

٣ـ لەبارێکدا ئەو کەسەی داواکراوە کە ئامادەبێ ونەهات دوای ئەوەی کە بەنووسین بانگ هێشت کرا، لێتۆژەرەوەکان بۆیان هەیە داوا لەسەرکردایەتی ئەنجوومەن بکەن کە داوا لەدەسەلاتی دادوەری بکا داوای گشتی (الدعوی العامة)ی لە دژی بخەنە کار.

**ماددەی «٣٤»:**

زنجیرەی ماددەی «٤٥» لەپەیرەوی ناوخۆ هەمواردەکرێ وزنجیرەکەی دەبێتە «٥٠».

## فەسلی شەشەم
## کاربەڕێوەچوون لەئەنجوومەندا
## یەکەم/ ڕێکخستن لەناو ئەنجوومەندا

**ماددەی «٣٥»:**

زنجیرەی ماددە«٤٦» لەپەیرەوی ناوخۆدا هەموار دەکرێ وزنجیرەکەی دەبێتە «٥١».

**ماددەی «٣٦»:**

زنجیرەی ماددە «٤٧» لەپەیرەوی ناوخۆ دا هەمواردەکرێ وزنجیرەکەی دەبێتە «٥٢».

**ماددەی«٣٧»:**

ماددە «٤٨» لەپەیرەوی ناوخۆدا هەمواردەکرێ وزنجیرەکەی دەبێتە«٥٣»و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

١ـ بۆ ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران هەیە کە ئامادەی دانیشتنەکانی ئەنجوومەن بن وبەشداری لە گفتوگۆکانیدا بکەن، هەرکام لەوانە لەئەنجوومەندا ئەندام نەبێ بەشداری لەدەنگداندا ناکاو بۆیان هەیە گەورە کارمەندانی وەزارەتەکانیان لەگەڵ خۆیاندا بهێنن بۆ ئەوەی بەمۆڵەتی سەرۆک پەنایان بۆ بەرن بەبێ ئەوەی مافی قسەکردنیان هەبێ.

٢ـ هەر هاونیشتمانییەک وئەوانەی کە لە بواری راگەیاندندا کاردەکەن مافی

ئەوەیان هەیە ئامادەی دانیشتنەکانی ئەنجوومەن بن بە ئاگاداری دەستەی سەرۆکایەتی وبەمۆڵەت دان لەلایەن سەرۆکەوە.

## دووەم/ نەخشەی کاری ئەنجوومەن

زنجیرەی مادده«٤٩» لەپەیڕەوی ناوخۆ هەمواردەکرێ وزنجیرەکەی دەبێتە «٥٤» وبەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

١ـ هیچ دانیشتنێک بەبێ بەرنامەی کاری پێش وەخت نابەسترێ.

٢ـ دەستەی سەرۆکایەتی بەرنامەکە ڕێک دەخەن وسکرتارییەت ڕاستەوخۆ ئەندامەکانی ئاگاداردەکات.

٣ـ نابێ هیچ بابەتێک بخرێتە ڕوو وگفتوگۆ بکرێ کەلە بەرنامەی کارداناوی نەهاتبێ.

٤ـ پاش ئەوەی سەرۆکایەتی کردنەوەی دانیشتنەکە ڕادەگەیەنێ ناوی ئەندامە ئامادەنەبووەکان دەخوێندرێتەوە، هەروەها ناوی ئەوانەی بەبێ عوزرێکی ڕەوا ئامادە نەبوون، ئەوجا پوختەیەکی مەحزەری دانیشتنی رابردوو دەخوێندرێتەوەو مەحزەرەکە دوای ئەو راست کردنەوەی کە سەرۆکایەتی بڕیاری لەسەر دەدا راستەوخۆ یان لەسەرداوای یەکێک لەئەندامان دەسەلمێندرێ.

٥ـ بەندەکانی بەرنامەی کار بەگوێرەی ئەو زنجیرەیەی کە لەبەرنامەدا هاتووە گفتوگۆیان لەسەر دەکرێ، بەندێکی تازە گفتوگۆی لەسەر ناکرێ تابەتەواوی لەگفتوگۆی بەندی رابردوو نەبنەوە، نابێ بەندەکانی بەرنامەپاش وپێش بکرێت بەرەزامەندی زۆرینەی ئامادەبووان نەبێ.

ئەگەر نەتواندرا گفتوگۆ دەربارەی بەندێک تیایدا تەواوبکرێ بەهەر هۆیەکەوە بێ دەستەی سەرۆکایەتی بۆی هەیە سەیرکردنی ئەو بەندە دوابخا بۆ دانیشتنی داهاتوو وگفتوگۆ لەسەر بەندەکانی دوای ئەوبکا.

٦ـ سەرۆکی فراکسیۆنی پەرلەمان بۆی هەیە داوا بکا بابەتێکی تازە بەرلە(٢٤) سەعات لەکاتی گرێدانی دانیشتندا بخرێتە بەرنامەی کارەوە، بەمەرجێک بابەتەکە گشتی وکت وپرو بەپەلەبێ.

## سێیەم / سیستەمی گفتوگۆکردن لە دانیشتندا

### ماددەی«٣٩»:

مادده «٥٠» لەپەیرەوی ناوخۆ هەمواردەکرێ وزنجیرەکەی دەبێتە «٥٥» وبەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

١- ئەندام بەمۆڵەتی سەرۆک لەدانیشتندا قسەدەکات.

٢- داواکارییەکان بۆ قسەکردن تۆماردەکرێن لەگەڵ چاودێری کردنی پێشکەش کردنیان بەزنجیرە وبۆ مۆڵەت پێدان چاودێری ئەوکەسانە دەکرێ کە پێشتر داوای قسەکردنیان کردووە.

### ماددەی «٤٠»:

مادده «٥١» لەپیرەوی ناوخۆ هەمواردەکرێ وزنجیرەکەی دەبێتە«٥٦» وبەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:

١- ئەندام قسەکانی رووبەرووی سەرۆک دەکاو، وتەبێژ لەشوێنی خۆیدا رادەوەستێ، یان لەسەر ئەو سەکۆیە دادەنیشێ کە بۆ ئەو مەبەستە ئامادەکراوە، نابێ قسەکانی خۆی یان هی ئەندامانی خۆی دووبارەبکاتەوە کە پێش ئەو قسەیان کردووە، نابێ لەبابەتەکە دەرچێ ودووجار لەسەر یەک بابەت قسەبکا مەگەر داوا لەسەرۆک بکا، گەر وای نەکرد سەرۆک بۆی هەیە وریای کاتەوە بۆ پیادەکردنی حوکمەکانی ئەو پەیرەوە.

٢- نابێ بگەرێتەوە بۆ گفتوگۆ کردنی ئەو بابەتانەی کەیەک لاکراونەتەوە.

### ماددەی«٤١»:

زنجیرەی مادده «٥٢» لەپیرەوی ناوخۆدا هەموار دەکرێ وزنجیرەکەی دەبێتە«٥٧».

### ماددەی «٤٢»:

مادده «٥٣» لەپەیرەوی ناوخۆدا هەمواردەکرێ وزنجیرەکەی دەبێتە«٥٨».

## چوارەم/بەرزەفتی کردن (الانضباط)

**ماددەی«٤٣»:**

زنجیرەی ماددە«٥٤» لەپەیڕەوی ناوخۆدا هەمواردەکرێ وزنجیرەکەی دەبێتە «٥٩».

**ماددەی«٤٤»:**

زنجیرەی ماددە «٥٥» لەپەیڕەوی ناوخۆدا هەمواردەکرێ وزنجیرەکەی دەبێتە«٦٠».

## فەسڵی حەوتەم
## پرسیارو پرسینەوە

**ماددەی«٤٥»:**

ئەو ماددانەی خوارەوە دەخرێنە سەر ئەم فەسڵەی پەیرەوی ناوخۆ ودەچێتە ژێر زنجیرەی تازەوە، دواتریش زنجیرەی ماددەکانی تر لەسەر ڕۆشنایی ئەوە چاودێری دەکرێن.

ماددە«٦١»

پرسیار تەنیا بۆ تێگەیشتنی ئەندامە لەکارێک کە نایزانێ یان ئارەزوی هەیە لە بوونی ڕووداوێک بتۆژێتەوە کە زانیویەتی.

ماددە«٦٢»

هەر ئەندامێک بۆی هەیە پرسیارەکان بەنووسین یان بەزار لەڕێگەی سەرۆکی ئەنجوومەنەوە ڕووبەڕووی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بکات.

ماددە«٦٣»

أ- پێویستە پرسیار کورت بێ وتیشک بخاتە سەر ئەو ڕووداوانەی کە پێویستە ڕوونبکرێنەوە، تەعلیق لیدانی تێدانەبێ وبابەتی پرسیارەکە نەخرابێتە بەردەمی دادگا ، وناوی خەڵکی تێدانەهاتبێ بەمەبەستی دەست تێوەردان لەکاروباری تایبەتیاندا.

ب - پرسیاروپرسینەوەکان بەکۆتایی خولی گرێدانی ئاسایی لەکاردەکەون ودەکرێ لەخولی داهاتوودا تازە بکرێنەوە، هەروەها لەکاتی دەست لەکارکێشانەوە ودەست پێ لەکارکێشانەوەی ئەنجوومەنی وەزیراندا لەکاردەکەون.

ماددە«٦٤»

١- پرسیاری نوسراوە رووبەرووی سەرۆک دەکرێ ئەویش هەواڵەی لایەنی تایبەتمەندی دەکا دوای ئەوەی پوختەکەی دەخاتە ناو بەرنامەی کاری ئەو دانیشتنەی کە دوای پێشکەش کردنی پرسیارەکە دەبەسترێ.

٢- هەر ئەندامێک بۆی هەیە کەی ویستی پرسیاری زارەکی (شفهی)بکا، بۆ سەرۆک نییە کە لەسێ پرسیار زیاتر وەرگرێ تا بتواندرێ بەسەر دانیشتنەکەدا دابەش بکرێ، لەو کەسەی کە پرسیاری کردووە بترازێ کەسی تر نابێ بەشداری گفتوگۆ کردن بکا وبۆی نییە لەدە دەقیقە زیاتر قسەبکا. ئەگەر ئەوەندە کاتە بەشی نەکرد دەتوانێ پرسیاری نووسراو پێشکەش بکا، دەسەڵاتی جێ بەجێکردن بۆی هەیە دەستبەجێ وەڵام بداتەوە یان وەڵامەکە بۆ دانیشتنی داهاتوو دوابخات.

ماددە«٦٥»

سەرۆک یان ئەندامی ئەنجوومەنی وەزیران بۆیان هەیە دەست بەجێ دوای خوێندنەوەی وەرامی پرسیاری نوسراوە بدەنەوە یان بەنوسین لەماوەی پانزدە ڕۆژدا لەمێژووی بەدەست گەیشتنیانەوە وەرام بدەنەوە.

ماددە«٦٦»

وەرامی دەسەڵاتی جێ بەجێکردن دوای گەیشتنی لەیەکەم دانیشتندا دەخوێندرێتەوە، ئەگەر ئەوەی پرسیاری کردووە بەوەرامەکە قایل بوو، یان ئامادەنەبوو، غەیری ئەویش پرسیارەکەیان خودان نەکرد، بابەتەکە وادادندرێ کە کۆتایی پێ هاتووە.

ماددە«٦٧»

ئەگەر حکومەت لەدەرفەتی یاساییدا(المهلة القانونیة) وەرامی پرسیاری ئەندامەکەی نەدایەوە بۆ ئەمەی دوایی ڕەوایە هەواڵەی پرسینەوەی بکا وچ پەیڕەوکراوە لە پرسینەوەکاندا ئەویش ئەو ئوسولە پەیرەو بکات.

ماددە«٦٨»
پرسینەوە پێک هاتووە لەداواکردن لەدەسەڵاتی جێ بەجێ کردن کە هۆیەکانی هەڵس وکەوتی خۆی یان مەبەستی لەکارێکدا روون بکاتەوە بەبێ ئەوەی ئارەزووی خۆتێکەڵ کردن بەکاروباری دەسەڵاتی جێ بەجێکردنی تێدابێ.
ماددەی «٦٩»
١ـ هەر ئەندامێک ویستی پرسینەوە لەئەندامێکی دەسەڵاتی جێ بەجێکردن بکا دەبێ پرسینەوەکەی بەشێوەی نووسین بێ.
٢ـ سەرۆکی ئەنجوومەن پرسینەوەکە بەدەسەڵاتی جێبەجێکردن رادەگەیەنێ دوای ئەوەی دەیخاتە نەخشەی کاری یەکەم دانیشتنەوە کە لەدوای پێ راگەیاندکەدا دەبەسترێت، وەکاتی گفتوگۆکردنەکەش دوای هەفتەیەک دیاری دەکرێت، لەو بارە دانەبێ گەر ئەنجوومەن پەلەی بێ و ئەندامی دەسەڵاتی جێ بەجێ کردنیش رەزامەندی بۆ کردبێ.
ماددە «٧٠»
گەر گفتوگۆ کردن لەسەر پرسینەوە بەدەنگدان کۆتایی پێ هات دەنگدانەکەش بووە هۆی رەفزکردنی پرسینەوەکە وادادەندرێ مەسەلەکە کۆتایی پێ هاتووە لەکاتێکیشدا گەر ئەنجوومەن بەدووسێیەکی ژمارەی ئامادەبوان پشتگیری پرسینەوەکەی کرد ئەم پشتگیرییە بەبەخشین دادەندرێ لەپلەوپایەکانی ئەو کەسەی کەلێی دەپرسرێتەوە بەگوێرەی یاسا.

## فەسڵی هەشتەم
## یاسادانان

**ماددەی«٤٦»:**
زنجیرەی ماددە «٦١» لەپەیرەوی ناوخۆ هەموار دەکرێ وزنجیرەکەی دەبێتە «٧١» وبەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:
١ـ ئەنجوومەنی وەزیران یان ژمارەیەک لەئەندامانی ئەنجوومەن کە لەدە کەس کەمتر نەبن بۆیان هەیە پێشنیاری پرۆژەی یاسا وبریارەکان بکەن، ئەنجوومەن گفتوگۆ لەسەر پرۆژەی یاساوبریاران ناکا تالیژنەی تایبەتمەند نەیان بینێ، هەر پرۆژەیەک ئەنجوومەن رەفزی بکات لەماوەی هەمان خولی گرێداندا پێشکەش

ناکرێتەوە.

٢ـ پڕۆژەکانی یاسا وبریارەکان کە بۆ ئەنجوومەن دێن لەگەڵ (لائحـە)ی هۆکـارە پێویستەکاندا بەسەر ئەندامان دابەش دەکرێن وپوختەکانیان لەیەکەم دانیشتندا دەخوێندرێتەوە بەبێ گفتوگۆ کردن، ئەگەر ئەنجوومەن بریاری لەسەردا ئەوا بابەتەکە هەواڵەی لیژنەی تایبەتمەند دەکرێ.

٣ـ لیژنەی تایبەتمەند بەدەرس کردنی پڕۆژەی یاسا هەڵدەستێ، پێشنیار ورێنماییەکانی خۆی دەربارەی نیشان دەدا بەهاوئا هەنگی لەگەڵ لیژنەی کاروباری یاسادا.

٤ـ راپۆرتێکی هاوبەش لەهەردوو لیژنەکەوە بەرزدەکرێتەوە دوای دارشتنی لەلایەن لیژنەی یاساوە ئەویش دوای دەرۆژ لەمێژووی هاتنی بۆ هەردوو لیژنەکە، ئەگەر داوایان لێنەکرێ کە بەشێوەیەکی بەپەلە سەیری بکەن، لەوکاتەشدا لەماوەی پێنج رۆژدا پێشکەش دەکرێ.

**ماددەی «٤٧»:**

ماددە «٦٣» لەپەیرەوی ناوخۆدا هەمواردەکرێ وزنجیرەکەی دەبێتە«٧٣».

**ماددەی«٤٨»:**

ماددە «٦٤»لەپەیرەوی ناوخۆدا هەمواردەکرێ وزنجیرەکەی دەبێتە«٧٤».

**ماددەی «٤٩»:**

ماددە «٦٥» لەپەیرەوی ناوخۆدا هەمواردەکرێ وزنجیرەکەی دەبێتە«٧٥».

**ماددەی«٥٠»:**

ماددە «٦٦» لەپەیرەوی ناوخۆدا هەمواردەکرێ وزنجیرەکەی دەبێتە«٧٦».

**ماددەی «٥١»:**

ماددە «٦٧» لەپەیرەوی ناوخۆدا هەمواردەکرێ وزنجیرەکەی دەبێتە«٧٧».

**ماددەی «٥٢»:**

ماددە «٦٨» لەپەیرەوی ناوخۆدا هەمواردەکرێ وزنجیرەکەی دەبێتە«٧٨»و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

یاساو بڕیارەکان لەلایەن سەرۆکی ئەنجوومەنەوە لەماوەی دەرۆژ لەمێژووی بەدەست گەیشتنیەوە دەردەهێندرێ، بۆی هەیە لەنێوان ئەو ماوەیەدا داوابکا کە چاو

بەپرۆژەی یاسا یان بریارەکە یان هەندێ لەبەشەکانیدا بگێردرێتەوە، ئەگەر ئەنجوومەن لەسەر رایەکەی خۆی پێی داگرت وادادەنرێ کەیاساکە کۆتایی پێ هاتووە ودەبێ دەربهێنرێ.

## فەسلی نۆیەم
## بودجە

ئەم ماددانەی خوارەوە دەخرێنە سەر ئەم فەسلە لە پەیرەوی ناوخۆدا.

**ماددەی«٥٣» :**

بودجە لەسەرەتای تشرینی یەکەم پێش سالی دارایی دەگاتە ئەنجوومەن.

**ماددەی«٥٤» :**

ماددە«٧٩»

١ـ پرۆژەکانی یاسای بودجەی گشتی وحسابکاری دوماهی هەر سالێک کە گەیشت هەوالەی لیژنەی دارایی وئابووری دەکرێ بۆ لێ وردبوونەوەیان وگفتوگۆکردنیان.

٢ـ ئەنجوومەن بەپەلە سەیری پرۆژە وبریارەکانی تایبەت بەبودجە وپشت پێ بەستە زیادەکان (الأعتمادات الأضافیە) وحسابکاریەکانی دووماهی دەکا، وەبۆی هەیە بریاربدا کە هەر بابەتێکی تر بەپەلە ئیعتوبار بکا.

ماددە «٨٠»

لیژنەی دارایی وئابووری راپۆرتی خۆی دەربارەی پرۆژەی یاسای بودجەی گشتی وحسابکاری دوماهی لەماوەیەکدا پێشکەش دەکا کە لە(٣٠) سی رۆژ تێپەرناکا، لەمێژووی هەوالەکردنی پرۆژەکەوە بۆی.

ماددە«٨١»

هەر لیژنەیەک بۆی هەیە تێبینیەکانی خۆی بۆ لیژنەی دارایی لەرێگای سەرۆکەوە دەربرێ دەربارەی ئەو بەشەی کە بەتایبەتمەندی ئەوەوە پەیوەنداره لەنێوان بودجەی گشتی وحسابکاری دوماهیدا.

ماددە«٨٢»

١- ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی وئابووری بەسەر ئەندامانـدا دابەش دەکرێ، نابێ تادووڕۆژ بەسەر دابەشکردنیدا ڕەتنەبێ لایەن ئەنجوومەنەوە دەست بەگفتوگۆ لەسەر کردنی بکرێ.
٢- ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی وئابووری ئاماژە دەکا بۆ ئەو تێبینی وپێشنیارانەی کە لیژنەکان دەربارەی پرۆژەی بودجە پێشکەشیان کردووە وئەوئاکامەی کەپێی گەیشتوون.

ماددە «٨٣»

١- پێشنیاری زیادکردنی خەرجی یان هێنانەکایەی خەرجی نوێ یان دابەزاندنی داهات قەبووڵ ناکرێ، ئەگەر پێشنیارکراوەکە ڕێگای ئەنجامدانی پێشنیارەکە ڕوون نەکاتەوە.
٢- دەکرێ ئەنجوومەن پشت پێ بەستەکان (الأعتمادات) لەپرۆژەی بودجەدا دابەزێنێ یان هەڵوەشێنێتەوە، هەروەها بۆی هەیە ئەو پشت پێ بەستانە لەماددەیەکەوە بۆ ماددەیەکی تر یان لەفەسڵێکەوە بۆ فەسڵێکی تر یان لە بەشێکەوە بۆ بەشێکی تر یان لەبابێکەوە بۆ بابێکی تر ڕاگوێزێ.
٣- دوای کۆتایی هاتن بەگفتوگۆکردن وبڕیاردان لەسەر پرۆژەی بودجە ئەنجوومەن بۆی هەیە بڕیار لەسەر پرۆژەی یاسای هێنانەکایەی خەرجی نوێ بدا.

ماددەی «٨٤»

ڕاپۆرتەکە بەشێوەیەکی گشتی گفتوگۆی لەسەر دەکرێ پێش چوونە سەر گفتوگۆ کردنی بابەتەکانی تری بودجە وبڕیاردان لەسەر بەندەکانی.

ماددە «٨٥»

پاش گفتوگۆ کردن لەسەر ڕاپۆرتەکە بەشێوەیەکی گشتی ئەنجوومەن دەنگ لەسەر دەست پێکردنی گفتوگۆی بودجە دەدا.

ماددە«٨٦»

یەکەم جار ئەنجوومەن دەست دەکا بەگفتوگۆکردن لەسەر خەرجییەکان، دوایی دەچێتە سەر بودجەی داهاتەکان، ئەوجا دەست دەکا بەبڕیاردان لەسەر یاسای بودجە.

مادده«٨٧»
لیژنە بەشەکانی بودجە دەخاتە ڕوو بۆ گفتوگۆکردنی بەش بەشی بەشەکانی وپێشنیارکردنی بەند بەبەندی بەندەکانی.

**ماددەی«٥٥»:**

زنجیرەی مادده «٦٩» لەپەیڕەوی ناوخۆدا هەمواردەکرێ وزنجیرەکەی دەبێتە «٨٨».

**ماددەی«٥٦»:**

زنجیرەی مادده«٧٠» لەپەیڕەوی ناوخۆدا هەموار دەکرێ وزنجیرەکەی دەبێتە«٨٩».

## فەسلی دەیەم
## حوکمە پەراگەندەکان (متفرقة)

**ماددەی«٥٧»:**

مادده «٧١» لەپەیرەوی ناوخۆدا هەمواردەکرێ وزنجیرەکەی دەبێتە«٩٠» وبەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

دیوانی ئەنجوومەن کارمەندێک بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەی دەباو تایبەتمەندییەکانی خۆی بەگوێرەی یاسا ڕەچاوکراوەکان وئەو دەسەڵاتانەی کەلەلایەن سەرۆکەوە پێی دراون ئەنجام دەدا وپەیوەستە بەسەرۆکی ئەنجوومەنەوە ولەبەردەمیدا بەرپرسیارە.

**ماددەی«٥٨»:**

مادده«٧٢» لەپەیرەوی ناوخۆدا هەمواردەکرێ وزنجیرەکەی دەبێتە«٩١» وبەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

١ـ ئەنجومەن پاسەوانی تایبەتی دەبێ فەرمانی سەرۆک بەڕێوەدەبا.
٢ـ سەرۆک قەبارەی ئەو هێزە وژمارەی ئەندامانی دەستنیشان دەکا بۆ پاراستنی نیزام وئێشک گرتن لەئەنجوومەن.
٣ـ چەکی ئاگردار وبریندارکەر قەدەغەیە بهێندرێتە ناو بینای ئەنجوومەنەوە.

٤ـ ئێشک گری ئەنجوومەن نەبێ، بۆ هیچ چەکدارو هێزێکی چەکداری تر نییە بێتە ناو بینای ئەنجوومەنەوە یان لەنزیک دەرگاکانییەوە جێگیر ببێ.

**ماددەی«٥٩»:**

زنجیرەی ماددە«٧٣»لەپەیرەوی ناوخۆ هەمواردەکرێ دوای ئەوەی دووبڕگە دەکرێتەوەیەک برگە وزنجیرەکەی دەبێتە«٩٢» وبەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

ئەنجوومەن بۆی هەیە لەنێوان ئەندامەکانیدا شاندەکان(وفود) بنێرێتە دەرەوەی هەرێم و شاندەکانی تر بانگ هێشت بکا بۆ سەردانی ئەنجوومەن.

**ماددەی«٦٠»:**

ماددە«٧٤» لەپەیڕەوی ناوخۆدا هەموادەکرێ وزنجیرەکەی دەبێتە«٩٣».

**ماددەی «٦١»:**

ماددە«٧٥» لەپەیڕەوی ناوخۆدا هەمواردەکرێ وزنجیرەکەی دەبێتە«٩٤».

**ماددەی«٦٢»:**

ماددە«٧٦» لەپەیڕەوی ناوخۆدا دەگۆڕێ و دەبێتە«٩٥» وبەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

لەمێژووی دەرچوونیەوە کاربەم پەیرەوە دەکرێ ولەرۆژنامەی رەسمیدا بڵاودەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**